ئەم پەڕتووکە دیاریی وەرگێڕە بۆ هەموو کوردستانییەک و بۆ فرۆشتن و لەچاپدان نییە.
www.nawa.net

# ئۆلیس و ڕاڤەکانی

نووسینی
جەیمز جۆیس
ڕاڤەی: دان گیفرد، ڕۆبێرت سایدمان، ڤیڤیەن ئیگۆ، نەوا موکرجی.

وەرگێڕانی
نەوا موکرجی

بەرگی دووەم

www.nawa.net

www.nawa.net

# ئولیس و ڕاڤەکانی

نووسینی

## جەیمز جۆیس

ڕاڤەی: دان گیفرد، ڕۆبێرت سایدمان، ڤیڤیەن ئیگۆ، نەوا موکرجی.

وەرگێڕانی

## نەوا موکرجی

## بەرگی دووەم

لە پێنج بەرگ

# بەرگەکان

*ئولیس*، واتە ڕۆمانەکە، ئەوەی کە جەیمز جۆیس نووسیویەتی، لە سێ بەش پێکهاتووە، هەر بەشێک لە چەند ئەڵقەیەک پێکهاتووە کە بە هەموویان هەژدە ئەڵقەن، بەشی یەکەم سێ ئەڵقەیە، بەشی دووەم دوازدە ئەڵقەیە، بەشی سێیەم سێ ئەڵقەیە. ئەڵقەکان لە ڕووی ژمارەی وشە و دوور و درێژییانەوە یەکسان نین. وەها ڕەنگڕێژیی بەرگەکانم کردووە کە بەم شێوەیە پێکهاتوون:

- بەرگی یەکەم: بەرایی و لە ئەڵقەی یەکەمەوە تا کۆتایی ئەڵقەی شەشەم.
- **بەرگی دووەم (ئەم بەرگە): لە ئەڵقەی حەوتەمەوە تا کۆتایی ئەڵقەی نۆیەم.**
- بەرگی سێیەم: لە ئەڵقەی دەیەمەوە تا کۆتایی ئەڵقەی دوازدەیەم.
- بەرگی چوارەم: لە ئەڵقەی سێزدەیەمەوە تا کۆتایی ئەڵقەی پازدەیەم.
- بەرگی پێنجەم: لە ئەڵقەی شازدەیەمەوە تا کۆتایی ئەڵقەی هەژدەیەم.

بەرگی یەکەم و دووەمم بە ڕاڤەوە تەواو کردووە. لە ئەڵقەی دەیەمەوە تا کەمێکی سەرەتای ئەڵقەی پازدەیەمم بێ ڕاڤە و بێ پێداچوونەوە وەرگێڕاوە، بەڵام هەڵە و خراپیان زۆر تێدایە و پێویستیان بە پێداچوونەوە و چاککاریی زۆر ورد هەیە، دەبێت سەرلەنوێ دوای وەرگێڕانی ڕاڤەکانیش دەقی ئەو بەشە بڵاونەکراوەیەی ڕۆمانەکە لەگەڵ ڕاڤە کوردییەکاندا بگونجێنم. ئەگەر لەمپەڕ و مەرگ ڕێم لێ نەگرن، ئەوا ڕەنگە ساڵانی ئایندە بەرگەکانی تر تەواو بکەم، ئەگەر تەمەنیش نەیهێشت، ئەوا ﻫﻴﻮادارم و یەکێکی شایستە پێنووسەکە بگرێتە دەست و تەواوی بکات.

**مافی ئەم پەڕتووکە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە. بێ ڕێپێدانی نووسراو و واژۆکراوی وەرگێڕ کەس مافی لەبەرگرتنەوە و لەچاپدانەوە و دووبارە بڵاوکردنەوەی نییە.**

جەیمز جۆیس، دان گیفرد، ڕۆبێرت سایدمان، ڤیڤیەن ئیگۆ، نەوا موکرجی. *ئولیس و ڕاڤەکانی*. بەرگی دووەم. وەرگێڕان و هەندێک ڕاڤە: نەوا موکرجی. سلێمانی: وەرگێڕ لە ماڵپەڕی خۆی بڵاوی کردووەتەوە www.nawa.net، دەرکردەی ١ی نەورۆزی ٢٧٢٥ (٢١ی ئاداری ٢٠٢٥) (دەرکردەی ژیناکان: واتە دەرکردەی ژینای پەرەپێدراو).

ئەم پەڕتووکە کۆکراوەی سێ پەڕتووکی جیاوازە، کە ئەمانەن:

- جەیمز جۆیس. *ئولیس* (چاپەکەی گابڵەر). نیو یۆرک: ڕاندۆم هاوس، ١٩٨٦.
- دان گیفرد، ڕۆبێرت سایدمان. *ئولیسی ڕاڤەکراو، تێبینی بۆ ئولیسی جەیمز جۆیس*. لۆس ئەنجلس: چاپخانەی زانکۆی کالیفۆڕنیا، چاپی دووەمی دەستکاریی دووەم ٢٠٠٨.

ڤیڤیەن ئیگۆ. *کەسێتییە ڕاستینەکانی ئولیسی جۆیس، ڕێبەرێکی ژینامەیی*. دەبلن: چاپخانەی زانکۆی کۆلێجی دەبلن، ٢٠١٦.

ئاماژەی ڕاڤەکانی بەرگی یەکەم لەم بەرگەدا بۆ دەرکردەی چوارەمی بەرگی یەکەمە (نەورۆزی ٢٧٢٥، ٢١ی ئاداری ٢٠٢٥)

# ناوەرۆک


ناوەرۆک.......... I
ئەڵقەی حەوتەم: ئیۆلۆس.......... 1
لە ناو دڵی دایکەشارە هیبێرنییەکەدا.......... 1
هەڵگری تاج.......... 1
ڕۆژنامەگەران.......... 1
کاک ویلیەم برەیدنی ئۆکلندس، ساندیماونت.......... 2
داروەکازەکە و پێنووسەکە.......... 3
بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دواکۆچی شارنشینێکی هەرەبەرێزی دەبلن ڕادەگەیەنین.......... 3
چۆن زمانحاڵێکی گەورەی ڕۆژانە دەردەچێت.......... 4
ڕیکلامسازەکە لە کار دەبینین.......... 5
ماڵی ک(لیل)یز.......... 6
ڕاستنووسی.......... 7
ئەندامێکی دیاری کڵێسا کە جارجار بابەت دەنێرێت.......... 7
ڕۆژقاڵێک.......... 8
جەژنی لێڕەتبوونیش بوو.......... 8
دیسان سابوونەکەیە.......... 9
ئێرین، نقێمی سەوزی دەریای زیوین.......... 9
کورت بەڵام مەبەستپێک.......... 10
درێغا.......... 11
دۆرییە ڕەسەنەکەی.......... 13
ئەوەی وێذەرەپ وتی.......... 13
جەنگگەلی ناودار یاد کرانەوە.......... 14
ئەی هارپی ئیۆلی!.......... 15
براوەکە هەڵبهێنە.......... 15
پێکدادانێک لە دوای دێت.......... 16
بلووم دەردەچێت.......... 17
کۆتەڵێکی شەقام.......... 18
سەبیلەی ئاشتی.......... 19
هەروەها بۆ لای شکۆی ڕۆمی کۆن.......... 19
؟؟؟.......... 20
بەزم لە چێشتخانەیەکی بەناوبانگدا.......... 21
دۆزە دۆڕێنراوەکان ناوی مەرکیزێکی خانەدان هێنرا.......... 22
کیریێ ئیلێیسۆن!.......... 22
لیمریکەکەی لێنێهەن.......... 23
چێشتی مجێور.......... 24
«دەتوانیت بیکەیت!».......... 24
گالەهێری مەزن.......... 25

دەنگێکی دوور.......................................................................26
زیرەکانەیە، زۆر.....................................................................27
سەروا و هۆکان.......................................................................28
بەسە بۆ هەر ڕۆژێک...................................................................29
هاوبەندی ڕۆژانی سالانی بەسەرچوو.....................................................29
ئیتالیا، ماجیسترا ئارتوم.............................................................30
دەربڕینێکی پرشنگدار.................................................................30
پیاوێکی ورەبەرز.....................................................................31
بەربوورە............................................................................32
لە بابەکانەوە........................................................................33
شووم – بۆ ئەو!......................................................................34
با هیوا بخوازین.....................................................................35
دەبلنی پیسی بەوەج...................................................................36
ژیانی ڕووت..........................................................................37
گەڕانەوەی بلووم......................................................................38
دیمانە لەگەڵ سەرنووسەردا.............................................................38
ق. م. ب..............................................................................38
ق. پ. ئ. م. ب........................................................................39
بارمتەکردنی قەرز.....................................................................39
پەکوو لەو ستوونە! - ئەمە ئەوە بوو کە خلەخلڕۆی یەکەم وتی..............................39
ئەو مێیانەی کەمێک چەتوونن............................................................40
بڕوا وایە، دوو خانم چەوەکشاوی خێراحەبی تیژڕەو.......................................40
بە دانیشتووانی دەبلن دەبەخشن.........................................................40
سۆفیستێک ڕێک دەماڵێت بە لمۆزی هێلێنی لووتبەرزدا. سپارتاییەکان کاکیلەکانیان جیڕ دەکەنەوە.
.....................................................................................40
ئیتاکییەکان سوێند دەخۆن پین پاڵەوانە.................................................40
ئەلو سلاو، ناوەند!...................................................................41
چی؟ - هەروەها – لە کوێ؟..............................................................41
مامۆستا دەڵێت وێرگیلیوسی.............................................................41
قوتابیش هەڵوژە بۆ موسای پیرەمێرد.....................................................41
هۆرەیشۆ نماگری ئەم ڕۆژە خۆشەی حوزەیرانە..............................................41
دەردەکەوێت پەنجەی کەمبوو بۆ قۆڕیتانی بزێو زۆر ئالۆشکەرن. ئان گێژ دەبێت، فلۆ دەلەرزێت.
بەڵام داخۆ دەتوانن سەرزەنشتیان بکەن؟.................................................42
ڕاڤەکانی ئەڵقەی حەوتەم...............................................................43
ئەڵقەی هەشتەم: لێستریگۆنییەکان.......................................................196
ڕاڤەکانی ئەڵقەی هەشتەم...............................................................239
ئەڵقەی نۆیەم: سکیلا و کاریڤدیس.......................................................366
ڕاڤەکانی ئەڵقەی نۆیەم................................................................411

# ئەڵقەی حەوتەم: ئیۆلۆس[1]

## لە ناو دڵی دایکەشارە هیبێرنییەکەدا[2]

ترامەکان لە بەردەم کۆڵەکەکەی نێڵسندا[3] خاویان کردەوە، هێڵیان گۆڕی، واگۆنەکانیان گۆڕی، کەوتنە ڕێ بۆ بلاکرۆک، کینگستاون و دالکی[4]، کلەنسکیا، ڕاثگار و تێرنیور، پارکی پاڵمەرستن و ڕاثماینسی سەروو[5]، ساندیماونت گرین، ڕاثماینس، ڕینگسێند و قەڵاکەی ساندیماونت[6]، هارۆڵدس کرۆس[7]. کاتراگرە دەنگنووساوەکەی بەشگە یەکگرتووەکانی هێڵی ترامەکانی دەبلن[8] هاواری دەرچوونی لێیان کرد:

- ڕاثگار و تێرنیور!

- دەی، ساندیماونت گرین!

ترامێکی دووقات و یەکێکی یەکقات بە تەریبی بە لای ڕاست و چەپدا بە شەقەشەق و زەنگلێدانەوە لەسەر هێڵە ئاسنەکانیان جووڵان، لایاندایە سەر هێڵەکەی خوارەوە، خزانی هاوتەریب.

- دەرچۆ، پارکی پاڵمەرستن[9]!

## هەڵگری تاج[10]

لە ژێر دالانی پۆستەخانەی گشتیدا[11] بۆیاخچییانی پێڵاو بانگیان دەکرد و مشتومالیان دەکرد. عەرەبانە سوورە ئالەکانی پۆستەی جەنابی خاوەنشکۆ لە شەقامی پرنسی باکوور ڕاوەستابوون، سەرەپیتی ناوی پاشایان لەسەر لاکانیان هەڵگرتبوو، ئ. ش.[12]، بە دەنگی بەرز توورەکەی توورڕدراوی نامە و پۆستکارت و کارتی نامە و پریاسکەگەلی بارمتەکراو و کراویان وەردەگرت، تا بۆ ناوخۆ و دەرەوەی پایتەخت و بەریتانیا و ئەوبەر دەریاکانیان بگەیەنن.

## ڕۆژنامەگەران

هەندێک عەرەبانەچیی پووتقەبە بەرمیلی شەقەشەقزلیان لە کۆگاکانی پرنسەوە[13] تل دەکردەوە و سەریان دەخستنە سەر واگۆنێکی باری[14] کولێنگەکە. لەسەر واگۆنی بارەکەی کولێنگەکە بەرمیلی شەقەشەقزل سەردەخران کە عەرەبانەچییە پووتقەبەکان لە کۆگاکانی پرنسەوە تلیان کردبوونەوە[15].

موررەیە سوور[16] وتی:

- ئەوەتا. ئەلێکساندەر کیز[17].

میستەر بلووم وتی:

- بە ئەرک نابێت تۆ هەر بیبڕیت؟ من خۆم دەیبەم بۆ نووسینگەی *تەلەگراف*[18].

دەرگای نووسینگەکەی ڕەتلێیدج[19] دیسان جیرەی هات. دەیڤی ستیفنس[20]، بچکۆلێکی ناو کەواپاڵتۆیەکی گەورە، شەبقەیەکی لباد سەر ئەگریجەکانی گرتبوو، بە گورۆزێک پەڕەوە لە ژێر کەواکەیدا دەرپەڕی، نامەبەری شا.
مقەستە درێژەکەی موررەیە سوور بە چوار بڕینی ڕێک ڕیکلامەکەی لە ڕۆژنامەکە لێکردەوە. مقەست و لکاندنەوە[21].
میستەر بلووم، چوارگۆشە بڕاوەکەی هەڵگرت و وتی:
- خۆم سەرپەرشتیی چاپکارییەکەی دەکەم.
موررەیە سوور کە پێنووسێک لە پشت گوێیەوە بوو، بە گورەوە وتی:
- بێگومان، ئەگەر پەرەگرافێکی بوێت ئێمە دەتوانین بۆی دابنێین.
میستەر بلووم بە سەرلەقانێکەوە وتی:
- وایە، شتێکی لێ دەکەم.
ئێمە.

## کاک ویلیەم برەیدنی ئۆکلندس، ساندیماونت[22]

موررەیە سوور بە مقەستەکەوە دەستی لە باڵی میستەر بلووم دا و چرپاندی:
- برەیدن.
میستەر بلووم ئاوڕی دایەوە و دەرگاوانە یەکپۆشلەبەرەکەی دی کە کڵاوە سەرەپیتکراوەکەی هەڵبڕی کاتێک بیچمێکی شکۆمەند لە نێوان تەختەی هەواڵنامەکانی *ویکلی فریمان ئاند ناشناڵ پرێس* و *فریمانس جۆرنەڵ ئاند ناشناڵ پرێس*ەوە هاتە ژوورەوە. بەرمیلی شەقەشەقزلی گینیس. دەموچاوێکی سەنگینی بەڕیشچوارچێوەدراو شکۆمەندانەتر بەسەر پلیکانەکاندا تێپەڕی، چەترێک لێی خوری[23]. پشتە چۆغەپۆشەکەی پلیکانە پلیکانە سەردەکەوت: پشت. سایمن دێدالۆس دەڵێت: هەموو مێشکی لە بۆقەتەی ملیدایە[24]. لۆچی پێست لە پشتیەوە. قەدی ئەستووری مل، ئەستوور، مل، ئەستوور، مل[25].
موررەیە سوور چرپاندی:
- تۆش پێت وا نییە کە دەموچاوی لە هی ڕزگارکەرەکەمان دەچێت؟
دەرگای نووسینگەکەی ڕەتلێیدج چرپاندی: ئی: کریی. هەمیشە دەرگایەک بەرانبەر دەرگایەکی تر دروست دەکەن بۆ ئەوەی با. ڕێی ژوورەوە. ڕێی دەرەوە.
ڕزگارکەرەکەمان: دەموچاوێکی هێلکەیی بەڕیشچوارچێوەدراو: لە بوولێڵدا دەدوێت. مریەم، مەرسا[26]. بە چەترە شمشێرێک ڕانرایە بەر چراکانی بەر سەکۆکە: ماریۆی تینۆر[27].

میستەر بلووم وتی:

- یان لە هی ماریۆ دەچێت.

مورڕەیە سوور پەسەندی کرد:

- بەڵێ. بەڵام دەوترا کە ماریۆ ڕێک هاوشێوەی ڕزگارکەرەکەمان بووە.

عیساماریۆ بە کوڵمی ئاڵەوە، بە دۆبلێت و لاقی وەک تەشییەوە[28]. دەست لەسەر دڵی[29]. لە *مەرسا*دا[30].

*وەرە ئە-ەی لەدەستچووەکەم،*

*وەرە تۆ-ۆ ئەی بەوەجەکەم!*[31]

## داروەکازەکە و پێنووسەکە[32]

مورڕەیە سوور سەنگینانە وتی:

- خاوەنشکۆیان ئەم بەیانییە دوو جار تەلەفۆنیان کردووە[33].

تەماشای ئەژنۆ، لاق، پووتەکانیان کرد دیار نەمان[34]. مل[35].

کوڕێکی بروسکەنێر بە گورجی خۆی کرد بە ژووردا، زەرفێکی نامەی هاویشتە سەر بەرمێزەکە و زۆر بەپەلە بە وتنی وشەیەکەوە دەرچووەوە:

- *فریمان!*

میستەر بلووم بە خاوی وتی:

- دە ئەویش هەر یەکێکە لە ڕزگارکەرەکانمان.

بزەیەکی نیان یاوەریی کرد کاتێک کە زمانەی دەرگای بەرمێزەکەی هەڵبڕی و بە لادەرگایەکدا و بە لای پلیکانە درێژ و زۆر تاریک و ڕاڕەوەکەدا تێپەڕی و ئینجا ئێستاش بە لای تەختە دەنگدەرەوەکانەوە. بەڵام ئایا بڵاوکردنەوەکە ڕزگار دەکات[36]؟ شەقشەق. شەقشەق.

پاڵی نا بە دەرگا شووشە خولاوەکەوە و هاتە ژوورەوە، بەسەر پەڕەی پێچانەوەی پەرشوبڵاوبووەوەدا هەنگاوی هەڵهێنایەوە. بەرەو ژوورۆچکەی خوێندنەوەکەی نانێتتی[37] بەناو باریکەڕێیەکی ناو ڕۆڵەی شەقەشەقکەردا[38] ڕێی خۆی کردەوە.

جۆ هاینسیش لێرەیە: ڕەنگە بە هۆی پرسەکەوە بێت. شەقشەق. شەقشەق.

## بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دواکۆچی شارنشینێکی هەرەبەڕێزی دەبلن ڕادەگەیەنین

ئەم بەیانییە تەرمی میستەر پاتریک دیگنەمی کۆچکردوو. مەکینەکان. بەس مرۆڤ بگرن هەلاهەلای دەکەن و دەیکەن بە گەردیلە. ئەمڕۆ فەرمانڕەوایەتیی جیهان

بکە. مەکینەکانیشی سەرومڕ کار دەکەن. وەک ئەمانە، لە دەست دەرچوون: دەترشێن. کۆڵ نادەن، خۆیان دەڕەتێنن. ئەو جرجە بۆرە پیرەش کۆشش دەکات بچێتە ناوەوە.

## چۆن زمانحاڵێکی[39] گەورەی ڕۆژانە دەردەچێت

میستەر بلووم لە پشت لەشە ڕەقەڵەکەی سەرووەستاکەوە ڕاوەستا، سەرسامی تاجێکی بریقەدار دەبوو[40].

سەیرە کە هەرگیز وڵاتە ڕاستینەکەی خۆی نەدی. ئایرلاند وڵاتی من[41]. ئەندامی کۆلێج گرینە[42]. تا ئەوەندەی پێی کرا ئەو باسی کارمەندی ئاسایی ڕۆژانەیەی[43] بە کار هێنا. ڕیکلامەکان و لاستوونەکانە کە حەفتەنامە دەفرۆشن، نەک هەواڵە بەسەرچووەکانی گەزەتەی فەرمی[44]. شا ئان مرد[45]. هەواڵەکە بە فەرمی بڵاو کرایەوە لە ساڵی هەزار و. موڵکێک لە شارۆچکەی ڕۆزێنالیس، لە بارۆننشینی تینێهینچ[46]. بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەو خشتەیەوە کە بە گوێرەی ڕێسا ژمارەی گەڕاوەی ئەو هێستر و ماکەرانە دەخاتە ڕوو کە لە بالیناوە هەناردە کراون[47]. ئاگادارییە سرووشتییەکان[48]. کارتۆنەکان[49]. چیرۆکی حەفتانەی پات و بوڵی فیل بلەیک[50]. لاپەڕەکەی مامە تۆبی بۆ منداڵە گچکۆکەکان[51]. پرسیارەکانی لادێییە گەوجەکان[52]. بەڕێز جەنابی سەرنووسەر، چارەی باش بۆ باوبژە چییە؟ حەزم لەو بەشەیە. لە فێرکردنی خەڵکانی ترەوە زۆر فێر دەبیت. تێبینییە خودییەکان. ت. ب. خ.[53] تایبەت بە وێنە. مەلەوانی لەشجوان لەسەر کەناری زێڕین. گەورەترین باڵۆنی جیهان. زەماوەندی جووتهاوسەرگیریی دوو خوشک ساز درا. دوو بووکوزاوا لە ناخی دڵەوە بە یەک پێدەکەنن. کوپرانیی چاپسازیش هەروەها[54]. ئایرتر لە ئایر[55].

مەکینەکان بە ڕەزمی سێچوار شەقەشەقیان کرد. شەقق، شەق، شەق[56]. دە ئێستا ئەگەر ئەو ئیفلیجیی گرت و کەس پێی نەزانی چۆن بوەستێنرێن خۆ بەردەوام و بەردەوام هەر ئاوها شەقەیان دێت، دووبارە و دووبارە بۆ سەرەوە و دواوە چاپی دەکەنەوە. مەیموونقلیوبلیی هەموو شتەکە دەکەن. سەرێکی هێوری پێویستە.

جۆ هاینس وتی:

- دە باشە، بیخە چاپی ئێوارەوە، جەنابی ئەندامی ئەنجوومەن.

بەم زووانە بە گەورەم جەنابی سەرۆکی شارەوانی بانگی دەکات[57]. دەڵێن لۆنگ جۆن[58] پشتی دەگرێت.

سەرووەستاکە، بێ وەڵامدانەوە، لە سووچێکی لاپەڕەکەدا لامسەرلایانە نووسی بۆ چاپ و ئاماژەیەکی بۆ تیپچنێک کرد. لاپەڕەکەی بە بێدەنگی بەسەر بەربەستە شووشە پیسەکەدا ڕادەست کرد.

جۆ هاینس بە دەم ڕۆیشتنەوە وتی:

- ئێ: سوپاس.

میستەر بلووم لەسەر ڕێکەی وەستا. کەڵەموستی بۆ دواوە ئاراستە کرد و وتی:

- ئەگەر دەتەوێت پارە ڕابکێشیت، ژمێریارەکە تۆزێکی تر دەچێت بۆ فراقین[59].

جۆ هاینس پرسیی:

- تۆ وەرگرت؟

میستەر بلووم وتی:

- ئم. ئەگەر خێرا بکەیت دەیگریت.

جۆ هاینس وتی:

- سوپاس مامە گیان، منیش دەستی خۆمی پێ دەگەیەنم.

بە پەرۆشەوە بەرەو نووسینگەی *فریمانس جۆرنەڵ* پەلەی کرد.

لە میاگەر سێ شڵنگم بە قەرز پێی دا. سێ حەفتە. سێیەم پلار[60].

## ڕیکلامسازەکە لە کار دەبینین

میستەر بلووم براوەکەی لەسەر مێزەکەی میستەر نانێتتی دانا. وتی:

- ئەمبوورە جەنابی ئەندامی ئەنجوومەن. ئەم ڕیکلامە، کە دەبینیت. کیز، لە بیرتە؟

میستەر نانێتتی بۆ کەمێک براوەکەی ڕەچاو کرد و سەری لەقاند.

میستەر بلووم وتی:

- بۆ تەمموز دەیەوێت.

سەروەستاکە پێنووسەکەی ڕووەو براوەکە جووڵاند.

میستەر بلووم وتی:

- بەڵام بوەستە. دەیەوێت بگۆڕێت. کیز، دەبینیت. لە سەریەوە دوو کلیلی دەوێت.

فەرتەنەیەکە چ ناویانەتەوە[61]. گوێی لێ نییە. نانان[62]. پەیی ئاسنین[63]. ڕەنگە تێبگات لەوەی کە من[64].

سەروەستاکە ئاوڕی دایەوە تا بە ئارامی ببیستێت و، کە ئانیشکێکی هەڵبڕی، بە خاوی کەوتە خوراندنی ناو باخەڵی چاکەتە ئالپاکەکەی[65].

میستەر بلووم لە سەرەوە دۆشاومژەکانی پێکەوە یەکتربڕ کرد. وتی:

- ئاوها.

با جارێ ئەوە تێبگات.

میستەر بلووم لەو خاچەوە کە دروستی کرد بە لادا هەڵڕوانی، دەموچاوە ڕەنگپەڕیوەکەی سەروەستاکەی بینی، وا بزانم کەمێک زەردوویی هەیە[66]، لەپشتیشەوە بەکرە ملکەچەکان لوولەی زەبەلاحی پەڕەیان ڕادەکێشا. شراق شەق. شراق شەق. چەندین میل لێی بە بەکرەکانەوە هەڵنەکراون. دوایی چی لێ بە سەر دێت؟ ئەها، گۆشت و پریاسکەی پێ دەپێچرێتەوە: بەکارهێنانی جیاجیا، هەزار و یەک شت.

کارامانە وشەکانی دەخزاندە نێو وچانی شەقەشەقەکانەوە و بە خێرایی لەسەر تەختە برینداڕەکان وێنەی کێشا.

## ماڵی ک(لیل)یز[67]

- ئا ئاوها، ببینە. دوو کلیلی یەکتربڕ[68] لێرەدا. بازنەیەک. ئینجا لێرەشدا ناوەکە. ئەلێکساندەر کیز، بازرگانی چا و شەراب و مەی. ئاوها.

باشتر وایە پیشەکەی خۆیی فێر نەکەم.

- جەنابی ئەندامی ئەنجوومەن خۆ خۆت چاک دەزانیت کە ڕێک چی دەوێت. پاشان بە دەوری سەرەوەیدا و پیتەکان دوور بن لە یەک: ماڵی کلیلان. دەبینیت؟ بیرۆکەیەکی باشە بە لاتەوە؟

سەروەستاکە دەستە خورێنەرەکەی بۆ پەراسووی خوارەوەی جووڵاند و ئەوێشی بە بێدەنگی خوراند.

میستەر بلووم وتی:

- بیرۆکەکە ماڵی کلیلانە. دەزانیت، جەنابی ئەندامی ئەنجومەن، پەرلەمانەکەی دوورگەی مان. توانجێک لە حوکمی سەربەخۆیی. گەشتیاران، خۆت دەزانیت، لە دوورگەی مانەوە. سەرنج ڕادەکێشێت، دەبینیت. دەتوانیت ئەوە بکەیت؟

ڕەنگە بتوانم لێی بپرسم چۆن ئەو *ڤۆلیۆیە*[69] دەخوێنرێتەوە. بەڵام ئەگەر نەیزانی لەوانەیە ناخۆش بێت بۆی. باشترە نەیکەم.

سەروەستاکە وتی:

- دەتوانین بیکەین. نەخشەکەت لایە؟

میستەر بلووم وتی:

- دەتوانم پەیدای بکەم. لە ڕۆژنامەیەکی کیلکەنیدا[70] بوو. لەوێش ماڵێکی هەیە. هەر ئێستا ڕادەکەم بۆ لای و لێی دەپرسم. باشە، کەواتە دەتوانیت ئەوە بکەیت و تەنها پەرەگرافێکی بچکۆلەش بۆ سەرنجڕاکێشان. خۆت دەزانیت، هەر وەک هەمیشە. شوێنێکی مۆڵەتپێدراوی نایاب. ئەوەی دەمێکە تامەزرۆین. ئیتر ئاوها.

سەروەستاکە بۆ ساتێک بیری کردەوە. وتی:

- دەتوانین بیکەین. با بۆ سێ مانگ لەگەڵماندا نوێی بکاتەوە.

تیپچنێک پەڕەیەکی تەنکی ڕەشنووسی بۆی هێنا. بە بێدەنگی کەوتە پێداچوونەوەی. میستەر بلووم لایەوە وەستا، گرمەگرمە دەنگبەرزەکانی هەندلەکانی دەبیست، تەماشای تیپچنە بێدەنگەکانی کرد لای قتووەکانیانەوە.

## ڕاستنووسی

دەیەوێت لە ڕێنووسەکەی دڵنیا بێت. پەتای هەڵەبڕی. مارتن کەنینگهەم ئەم بەیانییە لە بیری چوو مەتەڵی ڕێنووسزانییەکەیمان پێ بڵێت. ڕوانین بە ڕ نەک ر لە بە سەربەخۆ شەرمەزاریی بە دوو ی بێهاوتای پێکەوە نەک نیومەودا چەرچییەکی بە دوو ی هەراسانکراو دیسان پێکەوە وێنەیەکی بە یەک و پێکەنیناوییە بە دوو ی کە لە ژێر کە و لە ژێر بە جیا دیواری گۆڕستانێکدا هاوڕێکیی بە دوو ی هەرمێیەکی پاککراو بپێوێت بێ تی کۆتاییش دەبێت[71]. گەوجانەیە، وانا؟ بێگومان گۆڕستان لەبەر هاوڕێکی هێنراوە[72].

دەبووایە ئەو کاتەی شەبقەکەی نایەوە سەر سەری وام بوتایە. سوپاس. دەبووایە شتێکم لە بارەی شەبقەیەکی دێرین یان شتێکی وەهاوە بوتایە. نا. دەمتوانی بڵێم. ئێستا وەک تازە باش دیارە. پاشان سەروسەکوتی ببینە.

سللت. نزمترین قاتی یەکەم مەکینە بۆردەکەی[73] بە سللت بۆ پێشەوە ڕاتەکاند بە یەکەم گورزەی چوارپەڕەنوشتاوەکانەوە. سللت. بە نزیکی وەک مرۆڤ وایە کە سللت سەرنجت ڕادەکێشێت[74]. ئەوپەڕی توانای بە گەڕ دەخات تا بدوێت[75]. ئەو دەرگایەش هەروەها سللت جیڕە دەکات، داوا دەکات دابخرێت. هەموو شتێک بە شێوەی خۆی دەدوێت. سللت.

## ئەندامێکی دیاری کڵێسا کە جارجار بابەت دەنێرێت

سەروەستاکە لەناکاو پەڕەی ڕەشنووسەکەی ڕادەست کردەوە، وتی:

- بوەستە. کوا نامەکەی ئوسقوفی مەتڕان[76]؟ دەبێت لە *تەلەگراف*یشدا دووبارە چاپ بکرێتەوە. کوا ئەوە ناوی چی بوو؟

بە دەوری خۆی و دەوری مەکینە دەنگزلە بێوەڵامەکانیدا ڕوانی.

دەنگێک لای قتوویتیپەکانەوە[77] پرسیی:

- مەنکس[78]، قوربان؟

- ئا. کوا مەنکس؟

- مەنکس!

میستەر بلووم بڕاوەکەی هەڵگرت. کاتی دەرچوونە. وتی:

- کەواتە نەخشەکە دەهێنم، میستەر نانێتی. دەزانم کە تۆش شوێنێکی گونجاوی دەدەیتێ.

- مەنکس!

- بەڵێ، قوربان.

سێ مانگ نوێکردنەوە. جارێ دەمەوێت کەمێک با لە سنگم دەربپەڕێنم[79]. هەرچۆنێک بێت تاقی بکەوە. لەسەر مانگی ئاب داکۆکی بکە: بیرۆکەیەکی باشە: مانگی نمایشی ئەسپان. بۆلسبریدج[80]. بۆ نمایشەکە گەشتیارانی لێ دەبێت.

## ڕۆژقاڵێک[81]

بە ناو ژووری قتووەکاندا ڕۆیشت و بە لای پیرەمێردێکی چەماوە و چاویلکەلەچاو و بەروانکەلەبەردا تێپەڕی. مەنکسی پیر. ڕۆژقاڵەکە. داخۆ بە درێژایی ژیانی چەند شتی سەیروسەمەرە بە بەر دەستیدا تێپەڕین: ئاگاداریی مەرگنامەکان، ڕیکلامی مەیخانەکان، وتار، داوانامەی تەڵاق، دۆزینەوەی نوقمبوو[82]. ئێستا خەریکە لە پەلوپۆ دەکەوێت. پیاوێکی سەنگین و هۆشمەند[83] و دڵنیام پارەی چاکی لە بانکی پاشەکەوتدا هەیە. ژنەکەی ئاشپەز و جلشۆرێکی باشە. کچەکەی لە ژووری دانیشتنەکەدا لەسەر مەکینەکە کار دەکات[84]. باجی قلقل[85]، بێ گاڵتە.

## جەژنی لێرەتبوونیش بوو[86]

لە ڕۆیشتن وەستا تا تەماشای تیپچنێک بکات کە بە ڕێکوپێکی تیپەکانی دابەش دەکرد. یەکەم جار بە ئاوەژوو دەیخوێنێتەوە. خێرا دەیکات. دەبێت ئەوە هەندێک مەشقی پێویست بێت. مەنگید کیرتاپ[87]. بابەی بەستەزمان و پەڕتووکی هەگاداکەی[88]، بە دوای پەنجەیدا بە ئاوەژوو بۆمی دەخوێندەوە[89]. پەسخە[90]. ساڵی داهاتوو لە ئۆرشەلیم[91]. هاوار، ئەی هاوار! ئەو هەموو گێرەوکێشە دوورودرێژە لە بارەی ئەوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە بۆ ناو خاکی کۆیلایەتی هێنا[92] *هەلیلویا*[93]. *شێما عێلئیسرائێل ئادۆنای ئێلۆهێنو*[94]. نا، ئەوە ئەوەی تریانە[95]. ئینجا دوازدە براکە، کوڕەکانی یاقوب[96]. ئینجا کاریلەکە و پشیلەکە و سەگەکە و شووڵەکە و ئاوەکە و سەربڕەکە. ئینجا فریشتەی مەرگ سەربڕەکە دەکوژێت و ئەویش گاکە دەکوژێت و سەگەکەش پشیلەکە دەکوژێت[97]. کەمێک منداڵانە دێتە پێش چاو تا باشتر لێی ورد دەبیتەوە[98]. دادپەروەریی مەبەستە بەڵام هەر یەکێک ئەوی تر دەخوات. دواجار دونیا ئاوهایە. چەند بە خێرایی ئەو کارە دەکات. تەکووزی بە مەشق دێت. لەوە دەچێت بە پەنجەکانی ببینێت.

میستەر بلووم بە ڕاڕەوەکەدا تێپەڕی بۆ سەر پلیکانەکان و لە هەرای شەقەشەقەکە دەرچوو. جا ئێستا ئەو هەموو ڕێیە بترامێنم و لەوانەشە کە دەگەم دەرچووبێت[99]. باشترە پێشتر تەلەفۆنی بۆ بکەم. ژمارەکەی؟ بەڵێ. هەر وەک هی ماڵەکەی سیترۆنە[100]. بیستوهەشت. بیستوهەشت چوار چوار.

## دیسان سابوونەکەیە

بەسەر پلیکانەکانی باڵەخانەکەدا داگەڕا. چ شەیتانێک بە شقارتە قلیوبلیی لەسەر هەموو ئەم دیوارانە نووسیوە؟ لەوە دەچێت وەک بڵێیت بۆ گرەو وایان کردبێت. هەمیشە بۆنی قورسی چەور لەو شوێنکارانە دێت. کەتیرەی شلەتێن لە دراوسێکەی تۆمەوە[101] ئەو کاتەی لەوێ بووم[102].

دەستسڕەکەی دەرهێنا بۆ ئەوەی لووتی بسڕێت. ترنجلیمۆ[103]؟

ژنەکەت چ جۆرە بۆنێک بە کار دەهێنێت؟ هێشتاش دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە: ترام: شتێکم لە بیر چووە. تەنها تا ببینم: پێش ئەوە: جلپۆشین. نا. ئێرە. نا[104].

شریخەیەکی لەناکاوی پێکەنین لە نووسینگەکەی *ئیڤنینگ تەلەگراف*ەوە هات. دەزانم کێیە. چ باسە؟ خولەکێک بۆ تەلەفۆن خۆتی پێدا بکە. نێد لەمبێرتە.

بە هێواشی چووە ژوورەوە.

## ئێرین، نقێمی سەوزی دەریای زیوین[105]

پرۆفیسۆر ماکهیو[106] ڕووەو جامەپەنجەرە خۆڵاوییەکە پرپسکیتانە بە هێواشی ورنگاندی[107]:

- سەهویرەکە دێت و دەچێت[108].

میستەر دێدالۆس لای کوورە بۆشەکەوە تەماشای دەموچاوە تەشقەڵەچییەکەی نێد لەمبێرتی دەکرد، ڕووترشانە لێوەی پرسیی:

- عیسای سوێچەشتوو، ئەوە دڵەکزێت لە قنگتدا بۆ دروست ناکات[109]؟

نێد لەمبێرتی دانیشتووی سەر مێزەکە لە خوێندنەوە بەردەوام بوو:

*- یان دیسان، سەرنج بدە لە پێچاوپێچەکانی هەندێک جۆگەلەی بەخوڕ چۆن بە ڕێکەیدا خوڕەی دێت، ئەگەرچی لەگەڵ بەربەستە بەردینەکانی بەر ئاوی هەڵئەنگووتووی قەڵەمڕەوە شینەکەی نێپتوندا[110] بە یەکدا دێت، بە نێو ڕۆخی قەوزاویدا، سازگارترین شنەبا باوەشێنی دەکات، خۆرەتاوی شکۆمەند دنەی دەدات یان ژێر ئەو سێبەرانەی[111] کە لکوپۆی گشتگری زەبەلاحەکانی دارستان لەسەر سینەی ماتی[112] ئەو ڕایانخستوون[113].*

بەسەر لێواری ڕۆژنامەکەیدا پرسیی:

- تۆ دەڵێیت چی سایمن؟ ئەم باڵایەتییەت پێ چۆنە؟

میستەر دێدالۆس وتی:

- خواردنەوەکەی دەگۆڕێت[114].

نێد لەمبێرت بە پێکەنینەوە ڕۆژنامەکەی بە ئەژنۆیدا ماڵی، ئەمەی دووبارە کردەوە:

- *سینەی ماتی و لکوپۆی قنگری*. ئەی هاوار! ئەی هاوار!

میستەر دێدالۆس دووبارە تەماشای کوورەکەی کردەوە، پاشان تەماشای پەنجەرەکەی کرد و وتی:

- کسینۆفۆنیش لە ماراتۆنی ڕوانی، ماراتۆنیش لە سەر دەریاکەی ڕوانی[115].

پرۆفیسۆر ماکهیو لای پەنجەرەکەوە نەڕاندی:

- بەسە تەواو. نامەوێت یەک شتی تری ببیستم.

مانگیلەی ئەو پسکیتە ئاوییەی[116] خوارد کە قەپی لێ گرتبوو و، کە بێزووی کردەوە، خۆی ئامادە کرد بۆ قەپگرتن لە پسکیتەکەی تر کە بە دەستەکەی تریەوە بوو.

شتی ترزلانە. فشوهوڕ. دەبینم نێد لەمبێرت ڕۆژێک پشوو وەردەگرێت. پرسە ئاوایە، ڕۆژێکی مرۆڤ ناخۆش دەکات. دەڵێن دەستی دەڕوات. پیرە چاتەرتنی[117] جێگری ڕاوێژکار، مامەگەورەیەتی، یان مامەهەرەگەورەیەتی. دەڵێن تەمەنی خۆی لە نەوەد ساڵ دەدات. ژێروتاری مردنەکەی[118] ڕەنگە زۆر دەمێک بێت نووسرابێت. بۆ پەستکردنیان دەژی. ڕەنگە خۆی زووتر بمرێت. جۆنی جێی مامت بکەوە[119]. خاوەنشکۆی ڕێزدار هێدجس ئایەر چاتەرتن. دەتوانم بڵێم لە ڕۆژانی کرێداندا[120] چەکێک یان دووانی نیوەناچڵی نابەدڵی بۆ دەنووسێت. ئەگەر بمرێت نانی دەکەوێتە ڕۆنەوە[121]. هەلیلوویا.

نێد لەمبێرت وتی:

- دیسان کۆڵنجێکی تر.

میستەر بلووم پرسیی:

- چییە؟

پرۆفیسۆر ماکهیو بە تۆنێکی کەشوفشانەوە وەڵامی دایەوە:

- پارچەیەکی تازەدۆزراوەی چیچێرۆ[122]. *خاکە خۆشەویستەکەمان*[123].

## کورت بەڵام مەبەستپێک

میستەر بلووم بە سادەیی وتی:

- خاکی کێ؟

پرۆفیسۆرەکە لە نێو جوینەکانیەوە وتی:

- پرسیارێکی زۆر بەجێیە. «کێ»کە هێزی لەسەرە.

میستەر دێدالۆس وتی:

- خاکەکەی دان داوسن[124].

میستەر بلووم پرسیی:

- وتارەکەی شەوی ڕابردوویەتی؟

نێد لەمبێرت سەری بۆ لەقاند. وتی:

- بەڵام تۆ گوێ لەمە بگرە.

کە پاڵ بە دەرگاکەوە نرا دەسکی دەرگاکە بەر بەشە بچووکەکەی پشتی میستەر بلووم کەوت.

جەی جەی ئۆمۆڵۆی[125] بە دەم هاتنەژوورەوەوە وتی:

- ببەخشە.

میستەر بلووم بە وریاییەوە بەرەو لا جووڵا. وتی:

- ئێوە ببەخشن.

- ڕۆژباش، جاک.

- فەرموو وەرە ژوورەوە. وەرە ژوورەوە.

- ڕۆژباش.

- چۆنی، دێدالۆس؟

- باشم، خۆت چۆنی؟

جەی جەی ئۆمۆڵۆی سەری لەرزاند.

## درێغا

جاران زیرەکترین کوڕی ناو پارێزەرە لاوەکان بوو. لێی قەوما، کوڕێکی داماوە. ئەو دیقە کوڵمەسوورێیە[126] مردنی پیاو مسۆگەر دەکات. بارەکەی هات و نەهاتە. داخۆ چ لە هەوا و گۆڕێ بێت. کێشەی پارە.

- *یان دیسان ئەگەر تەنها بە لوتکەی شاخە زنجیرەییەکاندا هەڵبگەڕێین.*

- زۆر باش دیاریت.

جەی جەی ئۆمۆڵۆی تەماشای دەرگاکەی ناوەوەی کرد و پرسیی:

- دەکرێت سەرنووسەر ببینرێت؟

پرۆفیسۆر ماکهیو وتی:

- هەر زۆریش. دەبینرێت و دەشبیسترێت. لە پیرۆزگاکەی خۆیەتی لەگەڵ لێنێهەندا[127].

جەی جەی ئۆمۆڵۆی بەرەو مێزە لێژەکە ڕۆیشت و کەوتە هەڵدانەوەی پەڕە پەمەییەکانی فایلەکە[128].

کاری ڕوو لە بێبرەوییە. لەوانەیەک[129]. بەردانی ورە. قومار. قەرزی ئابڕوو[130]. گەردەلوول دەدورنەوە[131]. جاران مووچەی چاکی لە دی و تی فیتزجێرەڵد[132] وەردەگرت. باڕۆکەکانیان بۆ نمایشی بۆرەمادەکانیان[133]. مێشکیان لەسەر دەستیانە وەک پەیکەرەکەی گلاسنێڤن[134]. وا بزانم لەگەڵ گابرییێل کۆنرۆیدا[135] هەندێک کاری وێژەوانی بۆ *ئێکسپرێس*[136] دەکات. خوێنەرێکی باشە. مایەڵز کراوفۆرد[137] لە *ئیندیپێندێنت*ەوە[138] دەستی بە کار کرد. سەیرە کە هەر کاتێک هەلێکی نوێ دێتە پێشەوە ئەو ڕۆژنامەنووسانە ڕێباز دەگۆڕن. کەڵەشێری بانما[139]. لە هەمان هەناسەدا هەم ساردن و هەم گەرمیشن[140]. نازانیت بڕوا بە کامیان بکەیت. گێڕانەوەیەک هەر ئەوەندە باشە تا گێڕانەوەیەکی تر دەبیستیت. کەچەڵبووانە[141] لە ڕۆژنامەکاندا دەکەونە یەکتر و هەمووشی هەر وا تەواو دەبێت. ساتی دواتریش دەبنەوە بە برای باوکی یەک.

نێد لەمبێرت تکای کرد:

- ئاخ، لە ڕێی خودا گوێ لەمە بگرن. *یان دیسان ئەگەر تەنها بە لوتکەی شاخە زنجیرەییەکاندا هەڵبگەڕێین...*

پرۆفیسۆرەکە ڕووگرژانە ناوبڕی کرد:

- فشەفش! با ئەو چەنەبازە فشەکەرە ببڕێتەوە!

نێد لەمبێرت بەردەوام بوو:

*- لوتکەکان، بە بەرزی بەسەر بەرزییەکاندا بڵند بوونەتەوە، بۆ شوشتنی گیانەکانمان، هەر وەک ئەوانەی...*

میستەر دێدالۆس وتی:

- دەک خودای هەمیشەیی و پیرۆز لێوەکانی بشواتەوە! باش؟ ئەرێ لەسەر ئەوە هیچ وەردەگرێت؟

*- هەر وەک ئەوانەی ناو چاوەندازە بێهاوتاکەی هونەرنامەکەی ئایرلاندا*[142] *هەن، بێهاوشێوەن، سەرەڕای هاوشێوە باشپەسنکراوەکانیان لە دەڤەرە دڵفرێنە*

*زێدەپێداهەڵگوتراوەکانی تردا، بۆ هەموو جوانییەک، بۆ ڕەزی دەوەناوی و دەشتی چاڵوچۆڵ و لەوەڕگای دڵبزوێنی سەوزایی بەهاری، لە ناو ورشەی ڕۆشن و بڵندی کازیوەی ڕازاوی و فێنکی ئایریماندا نوقم بوون...*

پرۆفیسۆر ماکهیو وتی:

- مانگ. هاملێتی لە بیر چوو[143].

## دۆرییە ڕەسەنەکەی[144]

- *کە سەرتاپای دید*[145] *داگیر دەکەن و چاوەڕێن تا گۆی مانگی درەوشاوە تریفەی پەخش دەکات تا پرشنگە زیوینەکەی ڕۆشن بکاتەوە...*

میستەر دێدالۆس ناڵەیەکی بێئومێدیی دەربڕی و نەڕاندی:

- ئۆف! پیاز و گوو! بەسە، نێد. ژیان زۆر کورتە.

شەبقە ئاوریشمەکەی داکەند و، کە بێئارامانە هەناسەی بە سمێڵە بژەکەیدا دایەوە، بە شەنی پەنجەکانی شانەیەکی وێڵزیی قژی کرد[146].

نێد لەمبێرت ڕۆژنامەکەی توورِ دایە لاوە، بە خۆشییەوە دەخەنی. ساتێک دواتر قروسکەیەکی قرخنانەی پێکەنین لەسەر دەموچاوە تەراشنەکراوە چاویلکەڕەشلەچاوەکەی پرۆفیسۆر ماکهیو پرمەی هات. نەڕاندی:

- داوی داوی[147]!

## ئەوەی وێدەرەپ[148] وتی

هێشتا کە لە ژێر چاپی بێگیاندایە کێشە نابێت گەر پێی ڕابوێریت، بەڵام وەکو کێکی گەرم و تازە پرفرۆش دەبێت[149]. لە بواری هەویرکاریشدا کاری دەکرد، وا نەبوو؟ بۆیە پێی دەڵێن داوی داوی. بەهەرحاڵ چاک جێی خۆی خۆش کردووە. کچەکەی دەسگیرانی ئەو کوڕەیە کە ماشێنەکەی[150] هەیە و لە نووسینگەی باجی دەرامەتی ناوخۆیی[151] کار دەکات. چاکی پێوە گیر کردووە. ڕابواردن. بوفێی کراوە. زەماوەندی گەورە. وێدەرەپ هەمیشە وای دەوت. لە ڕێی ورگیانەوە دابینیان بکە.

دەرگاکەی ناوەوە توند کرایەوە و دەموچاوێکی ئاڵی دەنووکدار، بە قژێکی پەرِئاسا پۆپنە درابوو، خۆی کرد بە ژووردا. چاوە شینە زەقەکان لەوانی ڕوانی و دەنگە ناسازەکە پرسیی:

- چییە؟

پرۆفیسۆر ماکهیو بە شکۆوە وتی:

- ئەوەش ئاغا ساختەکە[152] خۆی هات!

سەرنووسەرەکە لە بەرسڤدا وتی:

- دە وەل بە هەی وشکەمامۆستای پیری نەفرەتی!

میستەر دێدالۆس کە شەبقەکەی لە سەر کرد، وتی:

- وەرە، نێد. دەبێت دوای ئەوە خواردنەوەیەک بخۆمەوە.

سەرنووسەرەکە نەڕاندی:

- خواردنەوە! هیچ خواردنەوەیەک پێش ماس پێشکەش ناکرێت.

میستەر دێدالۆس بە دەم دەرچوونەوە وتی:

- زۆر وایە. دەی وەرە، نێد.

نێد لەمبێرت لای مێزەکەوە بە پێدزکێ ڕۆیشت[153]. چاوە شینەکانی سەرنووسەرەکە بەرەو ڕوخساری میستەر بلووم گەڕا، بزەیەک لە دووی کەوتبوو[154].

نێد لەمبێرت پرسیی:

- لەگەڵماندا دێیت، مایەڵز؟

جەنگگەلی ناودار یاد کرانەوە

سەرنووسەرەکە بەرەو سەرکوورەکە[155] شەقاوی نا و نەڕاندی:

- میلیشیای کۆڕکی باکوور! هەموو جارێک بردوومانەتەوە! کۆڕکی باکوور و ئەفسەرە ئیسپانییەکان[156]!

نێد لەمبێرت بە تەماشایەکی داڵغاوییەوە لە پەنجەپارێزی پێڵاوەکانیەوە پرسیی:

- ئەوە لە کوێ بوو، مایەڵز؟

سەرنووسەرەکە هاواری کرد:

- لە ئۆهایۆ!

نێد لەمبێرت پەسەندی کرد و وتی:

- ئەرێ، وا بوو.

بە دەم دەرچوونەوە بۆ جەی جەی ئۆمۆڵۆیی چرپاند:

- هەڵبەزودابەزی تازەسەرهەڵدراو[157]. دۆخێکی خەمناکە.

سەرنووسەرەکە لە دەموچاوە ئاڵە بەرزکراوەکەیەوە بە تۆنی تیژی بەرز قووقاندی:

- ئۆهایۆ! ئۆهایۆی من[158]!

پرۆفیسۆرەکە وتی:

- پێیەکی کرێتیی تەواو[159]! درێژ، کورت ئینجا درێژ.

## ئەی هاڕپی ئیۆلی![160]

بەکرەیەکی پەتی ددانی لە گیرفانی یەلەگەکەیدا دەرهێنا و، کە پارچەیەکی لێ پچڕاند، لە نێو دوو دووی ددانە نەشۆراوە دەنگدەرەوەکانیدا چابوکانە دنگاندیەوە[161].

- بینگبانگ، بانگبانگ.

میستەر بلووم کە بینی کەس ئاگای لێی نییە، بەرەو دەرگاکەی ناوەوە چوو. وتی:

- تکایە چرکەیەکم بدەیە، میستەر کراوفۆرد، دەمەوێت بۆ سۆراخی ڕیکلامێک تەلەفۆنێک بکەم.

چووە ژوورەوە.

پڕۆفیسۆر ماکهیو بۆ لای سەرنووسەرەکە دەهات و دەستێکی پتەوی خستە سەر شانی، پرسیی:

- دەنگوباسی ئەو سەروتارەی ئەم ئێوارەیە چییە؟

مایەڵز کراوفۆرد هێمنترانە وتی:

- کێشەی نابێت. مەراقی بۆ مەخۆ. سڵاو، جاک. زۆر چاکە[162].

جەی جەی ئۆمۆڵۆی لێگەڕا ئەو پەڕانەی هەڵیگرتبوون بە سستی بۆ سەر فایلەکە بخلیسکێنەوە. وتی:

- ڕۆژباش، مایەڵز. ئەو دادگایی تەڵەکەبازییەی کەنەدا ئەمڕۆ دەردەچێت[163]؟

تەلەفۆنەکە لە ژوورەوە ڤرەڤرِی کرد.

- بیست و هەشت. نەخێر. بیست. چوار چوار، بەڵێ.

## براوەکە هەڵبهێنە

لێنێهەن لە نووسینگەکەی ناوەوە بە پەڕە تەنکەکانی سپۆرتەوە[164] هاتە دەر. پرسیی:

- کێ ئەسپێکی مسۆگەربراوەی جامە زێڕینەکەی دەوێت؟ ئۆمادن[165] سێپتەر دەئاژووێت.

پەڕە تەنکەکانی بۆ سەر مێزەکە توورِ دا.

قیژەی مندالە ڕۆژنامەفرۆشە پێپەتییەکان لە ڕاڕەوەکەدا بەرەو نزیک هوروژمی هێنا و دەرگاکە توند کرایەوە.

لێنێهەن وتی:

- وس، گوێم لە پەنگی دێیە[166].

پرۆفیسۆر ماکهیو بە ژوورەکەدا شەقاوی نا و چەقاوەسووە ملشۆڕەکەی بە یەخەکەی دەستگیر کرد لە کاتێکدا ئەوانی تر بۆ دەرەوەی ڕاڕەوەکە تێیان تەقاند و بە پلیکانەکاندا داگەڕان. پەڕە تەنکەکان لە هەوادا خشەخشیان هات، نووسینە شقڵیوپقڵییە شینەکان لە هەوادا بە نەرمی سوارڤا بوون و لە ژێر مێزەکەوە بە زەویدا کەوتن.

- من نەبووم، گەورەم. ئەو کوڕە زلە بوو پاڵی پێمەوە نا، گەورەم[167].

سەرنووسەرەکە وتی:

- هەڵیبدە دەرەوە و دەرگاکە دابخە. گەردەلوولێک هەڵیکردووە[168].

لێنێهەن لە زەوییەکەوە کەوتە چنگدان لە پەڕە تەنکەکان، کە چەمایەوە دوو جار مرخاندی.

کوڕە ڕۆژنامەفرۆشەکە وتی:

- چاوەڕێی پاشکۆی تایبەت بە پێشبڕکێکە بووم، گەورەم. پات فارێل[169] بوو پاڵی پێمەوە نا، گەورەم.

دەستی بۆ دوو دەموچاو ڕاکێشا کە لە باڵشمەکەوە تەماشای ژوورەوەیان دەکرد.

- ئەو، گەورەم.

پرۆفیسۆر ماکهیو تووڕەوترۆیانە وتی:

- دەی بۆ دەرەوە.

کوڕەکەی هاویشت و شاق دەرگاکەشی داخست.

جەی جەی ئۆمۆڵۆی بەگورجی فایلەکانی هەڵدایەوە، دەیورنگاند، دەگەڕا:

- درێژە لە لاپەڕە شەشدا، ستوونی چوارەم.

میستەر بلووم لە نووسینگەکەی ناوەوە تەلەفۆنی کرد:

- بەڵێ، لە *ئیڤنینگ تەلەگراف*ەوە دەدوێم. داخۆ بەڕێوەبەرەکەتان لەوێ...؟ بەڵێ، *تەلەگراف*... بۆ کوێ؟ ئەها! کام مەزاتخانە[170]؟... ئەها! بەڵێ. باشە. دەیدۆزمەوە.

پێکدادانێک لە دوای دێت

کە دایخستەوە دیسان زەنگەکە ڤڕەی کرد. خێرا هات و خۆی بە لێنێهەندا دا کە بە پەڕە تەنکەکەی دووەمەوە هەوڵی دەدا هەڵبستێتەوە.

لێنێهەن بۆ ساتێک پری پێدا کرد و خۆی مۆن کرد و وتی:

- *پاغدۆن مسیۆ*[171].

میستەر بلووم چنگی ئەوی گرت و وتی:

- هەڵەی من بوو، ئازارت پێ گەیشت؟ پەلەمە.

لێنیهەن وتی:

- ئەژنۆم.

دەموچاوێکی جەفەنگییانەی پیشان دا و نووزەنووزی کرد، ئەژنۆی دەشێلا:

- کەڵەکەبووی *ئانۆ دۆمینی*[172].

میستەر بلووم وتی:

- بمبەخشە.

بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و، کە لەسەر درزێک کردنەوە ڕایگرت، وەستا. جەی جەی ئۆمۆڵۆی پەڕە قورسەکانی بە خێواندن هەڵگەڕاندەوە. هەرای دوو دەنگی تیژبڕ، هارمۆنیکایەک، لە ڕاڕەوە چۆڵەکەدا دەنگی دایەوە کە لە کوڕە ڕۆژنامەفرۆشەکانەوە هاتن کە لەسەر پلیکانەکانی بەردەرگا هەڵتروشکابوون[173]:

*کوڕەکانی وێکسفردین*

*کە بە دڵ و بە دەست جەنگاین*[174].

بلووم دەردەچێت

میستەر بلووم وتی:

- تا لای باچلەرس وۆک[175] دەڕۆم بۆ ئەم ڕیکلامەی کیز. دەمەوێت ڕێکی بخەم. پێیان وتم لە دیلنە[176] لەو ناوە.

بۆ ساتێک دڕدۆنگانە تەماشای دەموچاویانی کرد. سەرنووسەرەکە، کە بە سەرکوورەکەدا پاڵی دابووەوە، سەری لەسەر دەستی داپەساردبوو، لەناکاو قۆڵێکی بە فراوانی درێژ کرد. وتی:

- بڕۆ! جیهان لەبەردەمتدایە[177].

میستەر بلووم بەرەو دەرەوە پەلەی دەکرد، وتی:

- هاکا زانیت هاتمەوە.

جەی جەی ئۆمۆڵۆی پەڕە تەنکەکانی لە لێنیهەن وەرگرت و خوێندنیەوە، بە ئەسپایی بە فوو لە یەکتری جیا کردنەوە، بە بێ لێدوان.

پرۆفیسۆرەکە لە چاویلکە چێوەڕەشەکەیەوە بەسەر بنکرکرەکەدا[178] دەیڕوانی. وتی:

- ئەو ڕیکلامەی دەستگیر دەبێت. تۆ بڕوانە ئەو سەربەگۆبەنانەی دوایەوە.

لێنیهەن ڕایکردە لای پەنجەرەکە و نەڕاندی:

- ئادەی. کوا؟

## کۆتەلێکی[179] شەقام

هەردووکیان بەسەر بنکرکرەکەوە بزەیان بە ڕیزی کورە ڕۆژنامەفرۆشە تەراتێنچییەکانی دوای میستەر بلووم هات، دواهەمینیان کۆلارەیەکی گاڵتەجاڕانەی سپیی سەر سروەی زیگزاگ پێ دەکرد، کلکێکی گرێی قوڵفەیی سپی.

لێنێهەن وتی:

- تۆ تەماشای ئەو کۆلانکوتە[180] گەنجەی پشتی و قاووقیژەکەی، هەر دەقرتێیت. ئای پەراسووم، چ پێکەنیناوییە! لاسایی پاقوڵاخە پانەکانی و ڕەوتەکەی دەکەنەوە. نۆی بچووک[181]. کل لە چاو دەفرێنن[182].

لەسەر پێی خزاو کاریکاتێرانە و خێرا بەسەر زەوییەکەدا کەوتە مازورکا[183] تا ئەودیو کوورەکە بۆ لای جەی جەی ئۆمۆلۆیەوە کە پەڕە تەنکەکانی خستە ناو دەستە وەرگرەکانیەوە.

مایەڵز کراوفۆرد ڕاچڵەکاوانە وتی:

- ئەوە چییە؟ دووانەکەی تر بۆ کوێ چوون؟

پرۆفیسۆرەکە لای کردەوە و وتی:

- کێ؟ چوون بۆ ئۆڤەل[184] پێکێک بخۆنەوە. پادی هووپەر[185] و جاک هۆڵ[186] لەوێن. دوێشەو هاتوون.

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- دە کەواتە با ئێمەش برۆین. کوا شەبقەکەم؟

بە تەکانتەکان بۆ نووسینگەکەی دواوە ڕۆیشت، گیرفانی چاکەتەکەی جیا کردەوە، کلیلەکانی لە گیرفانی دواوەیدا دەزرنگاندەوە. پاشان لە هەوادا و کە بەر تەختەکەش کەوتن کە چەکمەجەی مێزەکەی کلیل دا هەر زرنگانەوە.

پرۆفیسۆر ماکهیو بە دەنگێکی نزم وتی:

- سەری لێ داوە[187].

جەی جەی ئۆمۆلۆی قتووەجگەرەیەکی دەرهێنا و بە ورنگەیەکی ڕاماوانەوە وتی:

- لەوە دەچێت، بەڵام هەمیشەش وا نییە کە دەردەکەوێت. کێ زۆرترین شقارتەی پێیە؟

## سەبیلەی ئاشتی[188]

جگەرەیەکی پێشکەشی پرۆفیسۆرەکە کرد و خۆیشی دانەیەکی دەرهێنا. لێنێهەن یەکسەر شقارتەیەکی بۆیان پێکرد و بە نۆرە جگەرەکانی بۆیان داگیرساند. جەی جەی ئۆمۆڵۆی دیسان قتووەکەی کردەوە و پێشکەشی کرد.

لێنێهەن جگەرەیەکی بۆ خۆی دەرهێنا و وتی:

- سوپاسی *ڤوو*[189].

سەرنووسەرەکە، شەبقەیەکی پووش بە لاری لەسەر تەوێڵی، لە نووسینگەکەی ناوەوە هات. مکوڕانە دەستی بۆ پرۆفیسۆر ماکهیو ڕاکێشا، بە گۆرانی ڕایگەیاند:

- *پلە و ناوبانگ بوو تۆیان فریواند،*
*ئیمپراتۆرێتی دڵتی هەڵخڵەتاند*[190].

پرۆفیسۆرەکە بزەی کرد، لێوە درێژەکانی شەتەک دا.

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- ئێ؟ ئیمپراتۆرێتییە ڕۆمییە پیرە حیزەکەت؟

جگەرەیەکی لە قتووە کراوەکەوە دەرهێنا. لێنێهەن کە بە کارجوانییەکی خێراوە بۆی داگیرساند، وتی:

- بێدەنگ بن بۆ مەتەڵە نفتونۆکەم!

جەی جەی ئۆمۆڵۆی بەئارامی وتی:

- *ئیمپێریوم ڕۆمانوم*[191]. گرەگرانەتر لە هی بەریتانی یان بریکستن[192] دەردەکەوێت. وشەکە تا ڕادەیەک چەوریی ناو ئاگر بە یادی خەڵکدا دەهێنێتەوە[193].

مایەڵز کراوفۆرد یەکەم مژی توندوتیژانە بەرەو بنمیچەکە دایەوە. وتی:

- خۆیەتی. ئێمە چەورییەکەین. من و تۆ چەوریی ناو ئاگرەکەین. بە تۆپەڵەبەفرێکی ناو دۆزەخیش نابین.

## هەروەها بۆ لای شکۆی ڕۆمی کۆن[194]

پرۆفیسۆر ماکهیو دوو چرنووکی بێدەنگی هەڵبڕی و وتی:

بوەستن، ئێمە نابێت بە وشە تەفرە بدرێین، بە دەنگی وشەکان. بە زۆردار و بەزەبر و زۆرلێکەر[195] بیر لە ڕۆم دەکەینەوە.

لە سەرقۆڵی پەڵاویی و هەڵوەشاوەوە باڵی وتاربێژییانەی درێژ کردەوە، وەستا:

- ژیاریان چی بوو؟ بەربڵاو بوون، ددان بەمەدا دەنێم[196]: بەڵام قێزەون بوون[197]. *ئاوەڕۆکان*، زێرابەکان. جووەکان لە دەشتودەر و سەر لوتکەچیاکان وتیان: *شیاوە لێرە بین.*

*با قوربانگایەک بۆ یەهوێ بونیاد بنێین*[198]. ڕۆمییەکەش وەک ئینگلییەکە، کە بە شوێنپێیکانی ئەودا دەڕوات، تەنها کەڵکەڵە ئاوەڕۆییەکانی[199] خۆی بۆ هەر ڕۆخێکی نوێ کە پێی لەسەری دانابێت (کە هەرگیز لەسەر ڕۆخی ئێمە داینەناوە[200]) هێناوە. بە تۆگەکەیەوە[201] تەماشایەکی چواردەوری کرد و وتی: *شیاوە لێرە بین. با تەوالێتێک دروست بکەین*[202].

لێنیهەن وتی:

- کە لە ڕاستیشدا دروستیان دەکرد. بنەچە کۆن و دێرینەکانمان[203]، هەروەک کە لە یەکەم بەشی گینیسدا[204] خوێندمانەوە، لایەنگری جۆگەی ڕۆیشتوو بوون.

جەی جەی ئۆمۆڵۆی ورنگاندی:

- گرەگری سرووشت بوون. بەڵام یاسای ڕۆمیشمان[205] هەیە.

پرۆفیسۆر ماکهیو وەڵامی دایەوە:

- پیلاتۆسی پۆنتیش پێغەمبەرەکەیەتی[206].

جەی جەی ئۆمۆڵۆی پرسیی:

- ئەو چیرۆکەی سەرۆکبارۆن پالێس[207] دەزانن؟ لە شێوی زانکۆی پاشاییدا[208] بوو. هەموو شت زۆر باش دەڕۆیشت...

لێنیهەن وتی:

- جارێ مەتەڵەکەم. ئامادەن؟

میستەر ئۆمادن بورکی[209] باڵابەرز، بە چاکەتێکی خوریی بۆری دۆنیگۆلییەوە[210]، لە ڕاڕەوەکەوە هاتە ژوورەوە. ستیفن دێدالۆس لە پشتیەوە، کە هاتە ژوورەوە شەبقەکەی داکەند.

لێنیهەن هاواری کرد:

- *ئۆنتغێ مێزۆنفۆن!*[211]

میستەر ئۆمادن بورک خۆشئاوازانە وتی:

- هاوشانیی تکاکارێک دەکەم. گەنجێتی بە پێشڕەویی ئەزموون سەردانی ناوزڕان دەکات[212].

سەرنووسەرەکە دەستێکی درێژ ڕاگرت و وتی:

- ئەم کاتەت باش. فەرموو وەرە ژوورەوە. کەمێک بەر لە ئێستا تاتەت ڕۆیشت.

**???**

لێنیهەن بە هەمووانی وت:

- بێدەنگ! چ ئۆپێرایەک لە تەنێک هاوسەر دەچێت؟ بیر بکەوە، ورد ببەوە، بکۆڵەوە، وەڵام بدەوە.

ستیفن پەڕە چاپکراوەکانی ڕادەست کرد، ئاماژەی بە سەرباس و واژۆکە دا.

سەرنووسەرەکە پرسیی:

- کێ؟

کەمێکی دڕابوو. ستیفن وتی:

- میستەر گارێت دیسی.

سەرنووسەرەکە وتی:

- ئەو گزگلە پیرە، کێ دڕاندوویەتی؟ تەنگاو بووە؟

*لەسەر بایەوانی خێرا*
*بە گڕەوە، لە زریان و باشوورەوە*
*خوێنمژی ڕەنگپەڕیو دێت و*
*دەمی دەخاتە دەممەوە*[213].

پڕۆفیسۆرەکە دەهات تا لەسەر شانیانەوە تەماشا بکات، وتی:

- ڕۆژباش ستیفن، تەبەق؟ تۆش بوویت بە...؟

هەڵبەستوانی یەختەگابەهاوڕێگر.

## بەزم لە چێشتخانەیەکی بەناوبانگدا

ستیفن بە شەرمەوە وەڵامی دایەوە:

- ڕۆژباش، قوربان. نامەکە هی من نییە. میستەر گارێت دیسی داوای لێم کرد کە...

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- ئا، دەیناسم. ژنەکەشیم دەناسی. سەگبابترین پیرە پەتیارە[214] بوو خوا دروستی کردبێت. بە عیسا، وێ نەخۆشیی تەبەقی هەبوو و دڵنیا بە! ئای ئەو شەوەی لە ستار ئاند گارتەر[215] شۆرباکەی بە دەموچاوی شاگردەکەدا هاویشت. هۆیها! [216]

ژنێک گوناهی هێنایە جیهانەوە. لەبەر هێلێن، ژنە هەڵهاتووەکەی مێنێلاوس، گریکییەکان دە ساڵ. ئۆڕورک، شازادەی برێفنی[217].

ستیفن پرسیی:

- بێوەمێردە؟

مایەڵز کراوفۆرد چاوی لەسەر چاپکراوەکە دادەگێڕا. وتی:

- ئای، پێکەوە ناژین[218]. ئەسپەکانی ئیمپراتۆر[219]. هابسبۆرگ[220]. پیاوێکی ئایر لەسەر شوورەکانی ڤیەننا ژیانی ڕزگار کرد. لە یادی نەکەیت! ماکسیمیلیان کارل ئۆدانەڵ، گراف ڤۆن تیرکۆنێل لە ئایرلاند[221]. لەم چەند ڕۆژەدا میراتگرەکەی خۆی نارد تا پاشا بکات بە سوپاسالاری یەکەم[222]. ڕۆژێک لەوێ کێشە سەر هەڵدەدات. قازە کێوییەکان[223]. ئای، بەڵێ، هەموو جارێک. ئەوە لە یاد نەکەیت!

جەی جەی ئۆمۆڵۆی پەڕەگرێکی ناڵشێوەی بادەدا، بە بێدەنگی وتی:

- پرسی مژارەکە ئەوەیە ئایا لە یادی کرد. ڕزگارکردنی شازادەکان کارێکی سوپاسهێنە[224].

پڕۆفیسۆر ماکهیو ئاوڕی بۆ دایەوە. وتی:

- ئەی ئەگەر نا؟

مایەڵز کراوفۆرد دەستی پێ کرد:

- پێت دەڵێم چۆن بوو. هەنگارییەک بوو ڕۆژێک[225]...

دۆزە دۆڕێنراوەکان

ناوی مەرکیزێکی خانەدان هێنرا

پڕۆفیسۆرەکە وتی:

- ئێمە هەمیشە بۆ دۆزە دۆڕێنراوەکان دڵسۆز بووین[226]. سەرکەوتن لای ئێمە مەرگی ئاوەز و وێناکردنە. ئێمە هەرگیز دڵسۆزی سەرکەوتووان نەبووین. خزمەتیان دەکەین. من زمانی لاتینیی زلوزەق[227] دەڵێمەوە. من بە زمانی نەژادێک دەدوێم کە تافی هۆشیان ئەو پەندەیە کە دەڵێت: کات پارەیە[228]. دەسەڵاتی ماددی. دۆمینێ! گەورە[229]! کوا گیانەکێتی[230]؟ عیسای گەورە؟ سۆلیسبۆریی گەورە[231]؟ قەنەفەیەک لە یانەیەکی وێستئێند[232]. بەڵام گریکی!

کیریێ ئیلێیسۆن[233]!

خەندەیەکی ڕووناکی چاوە چێوەتۆخەکانی گەش کردەوە، لێوە درێژەکانی کشاند. دیسان وتی:

- گریکی! *کیریێس!* [234] وشەیەکی پرشنگدار! ئەو ڤاوڵانەی سامی و ساکسۆنییەکان نایانزانن[235]. *کیری!* بریسکەی هۆش. دەبێت وانەی گریکی بڵێمەوە، زمانی مێشک. *کیریێ ئیلێیسۆن!* ئاودەستچی و ئاوەڕۆچییەکە هەرگیز نابن بە سەروەری گیانمان. ئێمە مسکێنی دڵسۆزی سوارچاکیی کاسۆلیکی ئەورووپاین کە لە تەڕەفولغاردا تێکشکان[236] و هی ئیمپراتۆرێتیی گیانین، نەک هی *ئیمپێریومێک* [237] کە لەگەڵ گەلەکەشتیی ئەسینایدا لە ئیگۆسپۆتامیدا ژێرکەوت[238]. بەڵێ، بەڵێ. ژێرکەوتن. ئۆراکلێک پیرۆسی بە هەڵەدا برد، دواهەوڵی خۆی بۆ گەڕاندنەوەی چارەنووسی گریک[239] دا. دڵسۆز بۆ دۆزێکی دۆڕێنراو.

بەرەو لای پەنجەرەکە و دوور لەوان شەقاوی نا.

میستەر ئۆمادن بورک بە ماتی وتی:

- دەچوون بۆ جەنگ، بەڵام هەمیشە دەدۆڕان[240].

لێنیهەن بە کەمێک هەراوە گریا.

- بووهووو![241] بە هۆی خشتێکەوە کە لە نیوەی دووەمی *نمایشی* ڕۆژدا بەریکەوت. داماو، داماو، داماو، پیرۆس![242]

پاشان نزیکی گوێی ستیفن چرپاندی:

لیمریکەکەی[243] لێنیهەن

*ماکهیویەک هەیە شازانایەکی لەشبەدۆشاوە*
*چاوپارێزێکی ڕەنگئەبەنووسیی هەردەم لە چاوە.*
*زۆربەی زۆری شت زۆربەی زۆری کات بە دووان دەبینێت*
*ئیتر لەبەر چی خۆی ماندوو دەکات لە چاوی دەنێت؟*
*مەلا مەشهوورەکە نادۆزمەوە لە کوێ دانراوە؟*[244]

مەڵیگن دەڵێت: لە شێوەنی سالوستدا[245]. کە دایکی تۆپیوە[246].

مایەڵز کراوفۆرد پەڕەکانی ئاخنییە لاگیرفانێکەوە. وتی:

- دەی باشە، دواتر ئەوی ماوە دەیخوێنمەوە. قەیناکە.

لێنیهەن دەستەکانی لە بەرهەڵستیدا درێژ کردەوە. وتی:

- دە مەتەڵەکەم! چ ئۆپێرایەک تەنێک هاوسەرت بە بیر دەخاتەوە؟[247]

دەموچاوە سفینکسەکەی میستەر ئۆمادن بورک مەتەڵێنرایەوە.

- ئۆپێرا؟

لێنیهەن بە دڵخۆشییەوە ڕایگەیاند:

- *تەنهاوسەر*[248]. شۆخییەکە تێدەگەن؟ تەن هاوسەر. خخخ!

بە هێواشی دەستی بۆ ناو سپڵی میستەر ئۆمادن بورک ئاژنی. میستەر ئۆمادن بورک بەسەر چەترەکەیدا بە مەندی پاڵیدایەوە، هەناسەبڕکێیەکی نمایش کرد. ئاهاندی:

- فریام بکەون! هەست بە لاوازییەکی بەهێز دەکەم[249].

لێنیهەن هەڵستایە سەر نووکی پێ، بە پەڕە تەنکە خشەخشکەرەکان دەموچاوی خێرا باوەشێن کرد. پرۆفیسۆرەکە لای فایلەکانەوە گەڕایەوە، دەستی بەسەر بۆینباخە شلەکانی ستیفن و میستەر ئۆمادن بورکدا هێنا، وتی:

- پاریس، لە ڕابردوو و ئێستادا. لە کۆمیونارەکان[250] دەچن.

جەی جەی ئۆمۆڵۆی بە گاڵتەکردنێکی هێمنانەوە وتی:

- وەک ئەوانەی باستیلیان[251] تەقاندەوە. یان ئەوە ئێوە بوون کە لە ناو خۆتاندا لۆردی جێداری فینلاندتان کوشت[252]؟ لەوە دەچێت بەو کارە هەڵستابن. سوپاسالاری یەکەم بۆبریکۆف[253].

ستیفن وتی:

- تەنها بیرمان لێی کردەوە.

## چێشتی مجێور[254]

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- هەموو بەهرەمەندەکان. یاسا، کلاسیک[255]...

لێنێهەن ئەمەشی تێ خست:

- غارغارێن.

- وێژە، ڕۆژنامەوانی.

پرۆفیسۆرەکە وتی:

- ئەگەر بلووم لێرە دەبوو. هونەری بەرزی ڕیکلام.

میستەر ئۆمادن بورک ئەمەی زیاد کرد:

- مەدام بلوومیش. مووسی دەنگ[256]. خۆشترین دڵخوازی دەبلن[257].

لێنێهەن کۆکەیەکی دەنگزلی دەرکرد. زۆر بە نەرمی وتی:

- ئحم! ئای، بۆ هەوایەک هەناسەی پاک![258] لە پاڕکەکە سەرمام بوو. دەروازەکە کرابووەوە[259].

## «دەتوانیت بیکەیت!»

سەرنووسەرەکە دەستێکی پەشۆکاوی خستە سەر شانی ستیفن. وتی:

- دەمەوێت شتێکم بۆ بنووسیت، شتێک بێت بگەزێت. دەتوانیت بیکەیت. لە دەموچاوتدا دەیبینم. *لە فەرهەنگی گەنجێتیدا*[260]...

دەیبینێت لە دەموچاو. دەیبینێت لە چاو[261]. پیلانگێڕی تەممەڵی تەوەزەلی بچکۆلە[262].

سەرنووسەرەکە بە بەدگۆییەکی بێزێزانەوە نەڕاندی:

- نەخۆشیی تەبەق! کۆبوونەوەیەکی گەورەی ناسیۆنالیستی لە بۆریس-ئین-ئۆزۆری[263]. قسەی قۆڕ! تۆقاندنی خەڵک! شتێکیان بدەیە گازێکی تێدابێت. هەموومانی تێ بکە و لە قنی بەرە. باوک، کوڕ و گیانی پیرۆز و گووگا مەکاڕتی[264].

میستەر ئۆمادن بورک وتی:

- هەموومان دەتوانین خۆرشی مێشکت پێ بدەین.

ستیفن چاوی بۆ نیگا بێباکە زەقەکە هەڵبڕی. جەی جەی ئۆمۆڵۆی وتی:

- دەیەوێت بتخاتە ناو تاقمی ڕۆژنامەوانەکانەوە.

## گالەهێری[265] مەزن

مایەڵز کراوفۆرد بۆ دووپاتکردنەوە دەستی نووقاند و دووبارەی کردەوە:

- دەتوانیت بیکەیت. خولەکێک بوەستە. ئەوروپا ئیفلیج دەکەین وەک چۆن ئیگناتیوس گالەهێر کە لانەوازی ڕووی تێ دەکرد و لە کلارنس[266] بلیاردبازیی دەکرد وای دەوت. گالەهێر، ئەوە ڕۆژنامەچی بوو. ئەوە پێنووس بوو[267]. دەزانیت چۆن جێپەنجەی خۆی دەرخست؟ با پێت بڵێم. ئەوە زیرەکانەترین کاری ڕۆژنامەگەری بوو کە هەرگیز بیسترابێت[268]. لە شەشی ئایاری هەشتا و یەکدا بوو، سەردەمی نەبەزەکان، کوشتن لە پاڕکی فینیکس[269]، پێم وا بێت پێش ئەوەی تۆ لە دایک ببیت[270]. پیشانت دەدەم.

بەرەو فایلەکانی پشتیان گوژمی دا. ئاوڕی دایەوە و وتی:

- سەیری ئێرە بکە، *نیو یۆرک وێڵد*[271] بروسکەیەکی بۆ ستوونێکی تایبەت لێدا. ئەو کاتەتان بە بیر دێتەوە؟

پرۆفیسۆر ماکهیو سەری لەقاند.

سەرنووسەرەکە شەبقە پووشەکەی بە جۆشوخرۆشەوە ڕاکێشایە دواوە. وتی:

- *نیو یۆرک وێڵد*. لەوێ کە ڕووی دا. تیم کێلی، یان مەبەستم کاڤەنا. جۆ برەیدی و ئەوانی تر[272]. بزنکەوڵکەرەکە لەوێ عەرەبانەکەی دەئاژووت[273]. هەموو ڕێکە، دەبینن؟

میستەر ئۆمادن بورک وتی:

- بزنکەوڵکەرەکە. فیتزهاریس. دەڵێن ئەو کووخی تریشقەگێڕانەی[274] هەبووە، ئا لەوێ لای پردی بەت[275]، هۆلۆهان پێی وتم. هۆلۆهان دەناسیت؟

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- کابرا شەل و گێڕەکە؟ خۆیەتی؟

- گەملەیی[276] داماویش هەر لەوێیە، وای پێ وتم، پاسەوانی بەردەکانی شارەوانییە. نۆبەچیی شەوانە.

ستیفن لە شەبەیخووندا ئاوڕی دایەوە. وتی:

- گەملەی؟ وا نەڵێیت؟ هاوڕێیەکی باوکمە، وا نییە؟

مایەڵز کراوفۆرد بە تووڕەییەوە نەڕاندی:

- تۆ واز لە گەملەی بهێنە. با گەملەی پاسەوانی بەردەکان بێت، نەکا ڕابکەن. سەیری ئێرە بکە. ئیگناتیوس گالەهێر چی کرد؟[277] پێت دەڵێم. سرووشی بلیمەتی. ڕاستەوخۆ بروسکەی لێدا. *ویکلی فریمان*ی ١٧ی ئادارتان[278] هەیە؟ ئێ. ئەوەتان بینی؟

چەند پەڕەیەکی فایلەکانی بە تووڕەیی هەڵدایەوە و پەنجەی لەسەر خاڵێک گیر کرد[279].

- لاپەڕەی چوارەم هەڵبگرە، ڕیکلامی قاوەی برانسەم[280]، با بڵێین. دۆزیتەوە؟ ئێ.

تەلەفۆنەکە قڕەقڕی کرد.

## دەنگێکی دوور

پرۆفیسۆرەکە بە دەم ڕۆیشتنەوە وتی:

- من وەڵامی دەدەمەوە.

- بی پارکگەیتە[281]. ئێ.

پەنجەی خاڵ دوای خاڵ هەڵدەقونا دەیکێشا پێیاندا، دەلەرزی.

- تی کۆشکی جێنشینی پاشایە[282]. سی ئەو شوێنەی کوشتنەکە تێیدا ڕووی دا. کەی دەروازەی نۆکماروونە[283].

گۆشتە شلەکەی ملی وەک بەرچێڵەی کەڵەشێر لەرییەوە[284]. بەروانکەیەکی خراپڕەقکراو دەرپۆقی و بە جووڵەیەکی توند تووڕی دایەوە بۆ ناو یەلەگەکەی.

- ئەلو؟ ئێرە *ئیڤنینگ تەلەگراف*ە. سڵاو؟... بەڕێزت کێیت؟... بەڵێ... بەڵێ... بەڵێ.

- ئێف تا پی ئەو ڕێیەیە کە بزنکەوڵکەرەکە بۆ بەڵگەنامەی لەوێنەبوون عەرەبانەکەی پیایدا ئاژووت، ئینچیکۆر، ڕاوندتاون، ویندی ئاربەر، پارکی پاڵمەرستن، ڕانەلاخ[285]. ئێف ئەی بی پی. تێگەیشتیت؟ ئێکس مەیخانەکەی دەیڤییە لە شەقامی لیسنی سەروو[286].

پرۆفیسۆرەکە هاتە لای دەرگاکەی ناوەوە. وتی:

- بلووم لەسەر تەلەفۆنەکەیە.

سەرنووسەرەکە یەکسەر وتی:

- پێی بڵێ با وەل بێت. ئێکس مەیخانەکەی دەیقییە، دەبینیت؟

زیرەکانەیە، زۆر[287]

لێنیهەن وتی:

- زیرەکانەیە، زۆر.

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- هەموو مێژووە خوێناوییەکەیانی وەک گوێزی پاککراو پێیان دا[288].

مۆتەکەکەی کە هەرگیز لێی ڕانابیت[289].

سەرنووسەرەکە شانازانە وتی:

- من بینیم. لەوێ بووم. خۆم و دیک ئادەمس[290] کە دڵباشترین کۆڕکیی نەفرەتییە خودا هەناسەی ژیانی پێ بەخشیبێت[291].

لێنیهەن بۆ شێوەیەکی هەوا چەمییەوە، ڕایگەیاند:

- مادەم منم، مەدام. بابەکەم، بابە کەباب[292].

مایەڵز کراوفۆرد هاواری کرد:

- بۆ مێژوو! پیرەژنەکەی شەقامی پرنس[293] یەکەم کەس لەوێ بوو. گریان و ددانجیڕکردنەوە[294] بوو بەسەریدا. لە ڕیکلامێکدا. گریگۆر گرەی[295] دیزاینەکەی کرد. ئەوەش سەریخست. پاشان پادی هووپەر لای تی پی[296] کاری بۆ کرد کە ئەویش بردی و لە *ستار*[297] دایمەزراند[298]. ئێستا لای بلوومنفیلد[299] کار دەکات. ئەوە ڕۆژنامەوانییە. ئەوە بەهرەیە. پیات[300]! باوکی هەر هەموویان بوو!

لێنیهەن پشتڕاستی کردەوە:

- باوکی ڕۆژنامەوانیی ترسێنەر[301] و زاوای کریس کالینەن[302].

- ئەلو؟... لەسەر هێڵ ماویت؟... بەڵێ، هێشتا ماوە. خۆت وەرەوە.

سەرنووسەرەکە نەڕاندی:

- دەی ئێستانان لە کوێ ڕۆژنامەچییەکی تری ئاوها دەدۆزیتەوە، ها؟

پەڕەکانی بە توندی دانایەوە.

لێنیهەن بە میستەر ئۆمادن بورکی وت:

- زیرەگار ئێجکانەیە![303]

میستەر ئۆمادن بورک وتی:

- زۆر بلیمەتانەیە.

پرۆفیسۆر ماکهیو لە نووسینگەکەی پشتەوەوە هات. وتی:

- هەر لەسەر باسی نەبەزەکان، ئێوە بینیتان کە چەند چەرچییەک هێنرابوونە بەردەم دادوەری تۆمار[304]...

جەی جەی ئۆمۆلۆی بە پەرۆشەوە وتی:

- ئەی، بەڵێ. خانمی دەدلی[305] بەناو پاڕکەکەدا بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەو درەختانە ببینێت کە بە گەردەلوولەکەی ساڵی پار[306] هەڵکەنرابوون و بیری لەوە دەکردەوە وێنەیەکی دەبلن بکرێت. کەچی پۆستکارتێکی یادگاریی جۆ برەیدیی بۆ دەرچوو یان کەسی یەکەم[307] یان بزنکەوڵکەرەکە. ڕێک لە دەرەوەی کۆشکی جێنشینی پاشا، تۆ وێنای بکە!

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- ئەوان تەنها لە بەشی قولاپ و گیرەن[308]. پشش! ڕۆژنامەگەری و پارێزەری! دەی ئێستا لە کوێ پیاوی پارێزەری وەکو ئەو کەسانە دەدۆزیتەوە، وەک وایتساید[309]، وەک ئیسحاق بەت[310]، وەک ئۆهەیگنی زمانزیوین[311]. ها؟ ئاه، قسەی قۆڕ. پشش! هەمووان پلە دوون.

دەمی بە هەڵقورتاندنی تووڕانەی قێزلێهاتنەوەوە لە پرتەپرتکردنی بێ ئاخاوتن بەردەوام بوو.

ئایا هیچ ژنێک دەخوازێت ئەو دەمە ماچ بکات؟ چۆن دەزانیت؟ کەواتە بۆچی نووسیت؟

## سەروا و هۆکان

دەم، تەم[312]. ئایا بە شێوەیەک لە شێوەکان دەم تەمە؟ یان تەم دەمە؟ دەبێت کەمێک. دەم، تەم، شەم، کەم، ژەم. هاوسەروان[313]: دوو پیاو وەک یەک خۆیان پۆشیوە، وەک یەک وان[314]، دوو بە دوو.

*......................................لا توا پاچێ*

*..........................کێ پارلار تی پیاچێ*

*مێنتریَ کێ ' یل ڤێنتۆ، کۆمێ فا، سی تاچێ*[315].

سێ بە سێ بینینی، کچانی نزیکبووەوە، جلی ڕەنگ سەوز، پەمەیی، خەنەیی. لە یەکەوە ئالاو، *پێر لایێر پێرسۆ*[316]، خامەکی، ئەرخەوانی[317]، *کوێللا پاچیفیکا ئۆریافیامما*[318]، زێڕی بەیداخی زێڕی، *دی ڕیمیرار فێ پیو ئاردێنتی*[319]. منیش پیرەمێرد، پاشگەز، پێقورس، لەتاریکژێری شەودا[320]: دەم تەم[321]: منداڵدان گۆڕستان.

میستەر ئۆمادن بورک وتی:

- باسی خۆت بکە[322].

## بەسە بۆ هەر ڕۆژێک[323]...

جەی جەی ئۆمۆڵۆی بە دەم بزەیەکی کزەوە بەرەنگاربوونەوەکەی پەسەند کرد. جگەرەکەی توورِ دایە لاوە، وتی:

- مایەڵزی بەوەجم، وتەکانمت بە هەڵە لێکدایەوە. وەک ئێستا دەردەکەوێت، من بەرگری لە پیشەی سێیەم[324] ناکەم وەکو پیشە بەڵام[325] قاچە کۆرکییەکانت[326] لەگەڵ خۆیاندا دەتبەن[327]. بۆچی هێنری گرەتان[328] و فلەد[329] و دیمۆستینیس[330] و ئێدموند بورک[331] باس ناکەیت؟ هەمووومان ئیگناتیوس گالەهێر و سەرکارە چاپێلیزۆدییەکەی دەناسین، هارمسوۆرثی[332] ڕۆژنامە فاردینگباییەکان[333]، ئامۆزا ئەمەریکاییەکەشی ئەوەی چڵپاونامەکەی باوەری[334] و *پادی کێلیس بەجت*یشمان[335] لە بیر نەچێت، *پیووس ئۆکیورێنس*[336] و هاوڕێ وریاکەمان *ذە سکیبەرین ئیگڵ*[337]. بۆچی مامۆستایەکی زمانرِەوانیی دادگەریی وەک وایتساید[338] باس بکەین؟ هەر ڕۆژێک ڕۆژنامەی خۆی بەسە[339].

## هاوبەندی ڕۆژانی ساڵانی بەسەرچوو

سەرنووسەرەکە بە ڕوویدا نەڕاندی:

- گرەتان و فلەد[340] بۆ ئا ئەم ڕۆژنامەیەی خۆمانیان نووسیوە. ئایرە خۆبەخشەکان[341]. ئێوە ئێستا لە کوێن؟ ١٧٦٣ دامەزراوە. دکتۆر لوکاس[342]. ئێستا کێتان وەک جۆن فیلپۆت کیوران[343] دەست دەکەوێت؟ پشش!

جەی جەی ئۆمۆڵۆی وتی:

- دەی بۆ نموونە بوش ڕ. پ.[344]

سەرنووسەرەکە وتی:

- بوش؟ دەی، باش: بوش، بەڵێ. ڕەگێکی ئەوەی لە خوێندایە. کیندەل بوش[345] یان مەبەستم سەیمۆر بوش بوو.

پرۆفیسۆرەکە وتی:

- دەبوو زۆر دەمێک لەمەوبەر دادپرس بووایە[346]. بەڵام بە هۆی... دەی قەیناکە[347].

جەی جەی ئۆمۆڵۆی ڕووی کردە ستیفن و بە خاوی و هێمنی وتی:

- یەکێک لە پرشنگدارترین دەربڕینەکان کە هەرگیز لە ژیانمدا بیستبێتم لە لێوەکانی سەیمۆر بوشەوە دەرچووە. لە داوای براکوژییەکەدا بوو، داوای کوشتنەکەی چایەڵدس[348]. بوش پارێزەری داوالێکراو بوو.

*ڕژانده ناو داڵانی گوێکانمەوه*[349].

ئەرێ بە ڕاست چۆن ئەوەی زانی؟ لە نووستندا مرد. یان چیرۆکەکەی تر، دڕندە دوو پشتەکە[350]؟

پرۆفیسۆرەکە پرسیی:

- ئەوە چی بوو؟

## ئیتالیا، ماجیسترا ئارتوم[351]

جەی جەی ئۆمۆڵۆی وتی:

- دەربارەی یاسای بەڵگەی دادپەروەریی ڕۆمی دووا بە بەراورد لەگەڵ یاسا موساییەکانی پێشووتر، *لێکس تالیۆنیس*ەکە[352]. جا ئاماژەی بە پەیکەری موساکەی میکێلانجیلۆی ڤاتیکان دا[353].

- ها.

لێنیهەن پێشەکیی پێ دا:

- بڕێک وشەی باشبژارکراو. بێدەنگ!

وچان. جەی جەی ئۆمۆڵۆی قتووەجگەرەکەی دەرهێنا.

هەڵوەستەیەکی چەوت. شتێکی زۆر ئاسایی.

پەیامبەر[354] قتووەشقارتەکەی بە مەندی دەرهێنا و سیگارێکی[355] داگیرساند.

لەو کاتەوە زۆر جار بیرم کردووەتەوە لە ئاوڕدانەوە لەو کاتە سەیرە ئەو کردە بچکۆلەیە بوو، گەرچی خۆی لە خۆیدا بێبایەخە، ئەو پێکردنی ئەو شقارتەیە بوو کە تەواوی دواهاتی ژیانمانی دیاری کرد[356].

## دەربڕینێکی پرشنگدار

جەی جەی ئۆمۆڵۆی دەستی پێ کردەوە، وشەکانی دادەڕشت:

- لەو بارەیەوە وتی: *ئەو پەیکەرە بەردینەی وێنەی خودایی مرۆڤی*[357] *ناو موزیکی بەستوو*[358]*، کە قۆچدار و ترسناکە، ئەو هێما هەمیشەییەی دانایی و پەیامبەرێتی کە، تا هەر چەندێکیش وێناکردن یان دەستی پەیکەرتاشەکە لە مەرمەڕی گیانگۆڕاو و گیانگۆڕ*[359] *دابتاشیبێت شایستەی ژیانە، شایستەی ژیانە*[360].

دەستە باریکەکەی دەنگدانەوە و نزمبوونەوەکەی بە شەکانەوەیەک شکۆدار کرد.

مایەڵز کراوفۆرد یەکسەر وتی:

- جوانە!

میستەر ئۆمادن بورک وتی:

- سرووشی خودایی!

جەی جەی ئۆمۆڵۆی لە ستیفنی پرسیی:

- بە دڵتە؟

ستیفن، کە ڕندیی زمان و دەستجووڵان خوێنیان ساز کرد[361]، سوور هەڵگەڕا. جگەرەکەی لە قتووەکە دەرهێنا. جەی جەی ئۆمۆڵۆی قتووەکەی پێشکەشی مایەڵز کراوفۆرد کرد. لێنێهەن وەک پێشتر جگەرەکانیانی داگیرساند و پاداشتەکەی خۆی هەڵگرت و وتی:

- زۆریبوس سوپاسیبوس.

## پیاوێکی ورەبەرز

جەی جەی ئۆمۆڵۆی بە ستیفنی وت:

پرۆفیسۆر ماگێنیس[362] لە بارەی تۆوە بۆم دەدووا. بە ڕاست ڕات چییە لەسەر ئەو کۆمەڵە ئێرمیسییە[363]، هۆنەرە وسە ئۆپالییەکان[364]: ئەی ئیی گەورەڕازگر؟ ئەو بلاڤاتسکی[365] خانە دەستی پێ کرد. پیرە هەمانەیەکی پڕ لە فێڵوتەڵەکە بوو. ئەی ئی بە دیمانەسازێکی یانکیی وتووە[366] کە تۆ شەوسووێک هاتوویت بۆ لای تا لە بارەی پلەکانی هۆشەوە[367] پرسیاری لێ بکەیت. ماگێنیس پێی وایە کە تۆ بە ئەی ئیت ڕابواردووە. پیاوێکە ورەیەکی هەرە بەرزی هەیە، ماگێنیس[368].

لە بارەی منەوە دوواوە. چی وتووە؟ چی وتووە؟ چی لە بارەی منەوە وتووە؟ مەپرسە.

پرۆفیسۆر ماکهیو قتووەجگەرەکەی بە لادا ڕاوەشاند. وتی:

- نا، سوپاس. چرکەیەک بوەستن. با شتێک بڵێم. باشترین نواندنی وتاربێژی کە هەرگیز بیستبێتم وتارێک بوو جۆن ئێف تەیلەر[369] لە کۆمەڵەی مێژوویی کۆلێج[370] خوێندیەوە. جەنابی دادوەر فیتزگیبن[371]، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ئێستا[372]، دووا و بابەتی گەنگەشەکەش پەخشانێک بوو (بۆ ئەو کاتە نوێ بوو)، پشتگیریی بووژاندنەوەی زمانی ئایریی[373] دەکرد.

ڕووی کردە مایەڵز کراوفۆرد و وتی:

- خۆت جیراڵد فیتزگیبن دەناسیت. ئینجا دەتوانیت وێنای شێوازی وێژمانەکەی بکەیت.

جەی جەی ئۆمۆڵۆی وتی:

- بەندوباو دەڵێن لەگەڵ تیم هیلیدا[374] لە کۆمیسیۆنی سامانی کۆلێجی ترینیتی[375] دادەنیشن.

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- ئەی لەم شتە جوانکیلەیەی کەوای ساوای لە بەردایە و لەگەڵیدا دادەنیشێت[376]. بەردەوام بە. ئێ؟

پرۆفیسۆرەکە وتی:

- سەرنج بدەن، ئەوە وتاری وتاربێژێکی تەواو بوو، پڕ بوو لە تڕزلیی تۆرەیی و وشەسازیی پاڵێوراوی تێ ڕۆ دەکرد و جامی تووڕەییەکەی[377] ناڵێم بەڵکو سووکایەتیی پیاوی فیزنەکەی[378] بەسەر بزووتنەوە نوێکەدا ڕۆ دەکرد. ئەو کاتە بزووتنەوەیەکی نوێ بوو[379]. ئێمە لاواز بووین[380]، بۆیە بێنرخ بووین.

لێوە درێژە باریکەکەی بۆ ساتێک داخست، بەڵام بۆ بەردەوامبوون پەرۆش بوو، دەستێکی تەواو درێژکراوی بۆ چاویلکەکەی هەڵبڕی و، کە بە کەڵەموستی لەرزۆک و براتووتە بە هێواشی دەستی لە چوارچێوە ڕەشەکەوە دا، لەسەر تیشکۆیەکی نوێ ڕاگیری کردن.

## بەربوورە[381]

بە تۆنێکی کێوییانە[382] بۆ جەی جەی ئۆمۆڵۆی دووا:

- دەبێت بزانیت، تەیلەر لە جێگای نەخۆشییەکەیەوە هاتبوو بۆ ئەوێ. ئەوەی وتارەکەی ئامادە کردبێت بڕوا ناکەم چونکە تەنها یەک کورتەنووسیش لە هۆڵەکەدا نەبوو. دەموچاوە تۆخە بنێسەکەی بە ڕیشێکی تیسکنی گەشەکردوو دەورە درابوو. بەندکێکی شلی ئاوریشمی سپیی لە مل کردبوو و بە تەواوەتی لە پیاوێک دەچوو (گەرچی واش نەبوو) کە لە ئاویلکەدا بێت[383].

دەستبەجێ بەڵام بە خاوی نیگای لە ڕوخساری جەی جەی ئۆمۆڵۆیەوە گواستەوە بۆ هی ستیفن و یەکسەر بۆ زەوییەکە نوشتایەوە، دەگەڕا. یەخە کەتانە بێبریقەکەی لە پشت سەرە نوشتاوەکەیەوە دەرکەوت، بە قژە پووکاوەکەی پیس ببوو. هێشتا دەگەڕا، وتی:

- کاتێک وتارەکەی فیتزگیبن تەواو بوو جۆن ئێف تەیلەر بۆ وەڵامدانەوە هەڵستایە سەر پێ. بە کورتی، ئەوەندەی بتوانم بیانهێنمەوە بیری خۆم، وای وت[384].

سەری قیت هەڵبڕی. چاوەکانی دیسان لە خۆیان ڕامان. لەپکەماسیی گەوج لە ناو هاوێنە ئەستوورەکانی چاویلکەکەیەوە بە مەلە دەهاتن و دەچوون، بە دوای دەریچەیەکدا دەگەڕان.

دەستی پێ کرد:

- *جەنابی سەرۆک، خوشک و برایان: مەزن بوو بەدڵبوونەکەم لە گوێگرتن لەو لێدووانەی هاوڕێ تێگەیشتووەکەم کەمێک لەمەوبەر ئاراستەی گەنجانی ئایرلاندی کرد*[385]*. وا هاتە پێش چاوم کە گواستراومەتەوە بۆ وڵاتێکی تری دوور لەم وڵاتە، بۆ ناو سەردەمێکی زۆر دوور لەم سەردەمە، وەک ئەوەی لە میسری دێریندا وەستاوم و گوێ لە وتاری سەرۆککاهینێکی ئەو وڵاتە دەگرم کە ئاراستەی موسای گەنجی*[386] *دەکات.*

گوێگرەکانی جگەرەکانیان سەقامگیرانە ڕاگرتبوو تا ببیستن، دووکەڵەکانیان وەک لاسکی لاواز بەرز دەبوونەوە کە لەگەڵ وتەکانی ئەودا گوڵیان دەردەکرد. *با دووکەڵی پێچاوپێچمان*[387]. وشەگەلێکی خانەدانانە لە پێشن. ئاگادار بە. ئایا دەتوانیت خۆت هەمان شت تاقی بکەیتەوە؟

- *جا وا هاتە پێش چاوم کە گوێم لە دەنگی سەرۆککاهینە میسرییەکەیە کە بە تۆنێکی وەک فیزنی و وەک شانازی بەرز دەبووەوە. وشەکانیم بیست و واتاکانیان بۆم ئاشکرا بوون.*

## لە بابەکانەوە[388]

بۆم ئاشکرا بوو[389] کە ئەو شتانەش باشن کە خراپ بوون کە ئەگەر باشی باڵا بن یان ئەگەر باش نەبن ناتوانرێت خراپ بن[390]. ئای بە نەفرەت بیت[391]! ئەوە سانت ئاوگوستینە.

- *ئێوەی جوو بۆچی چاند و دین و زمانی ئێمە پەسەند ناکەن؟ ئێوە خێڵێکی شوان و کۆچەرین: ئێمە گەلی مەزنین. ئێوە نە شارتان هەیە و نە سامان: شارەکانی ئێمە پوورەی مرۆڤایەتین و گەمییە سێسەوڵ و چوارسەوڵەکانمان*[392] *هەموو جۆرە بارێکی فرۆتەنییان لێ نراوە و ئاوی هەموو جیهانی زانراو دێراو دەکەن*[393]*. ئێوە هەر لە باری بەراییەوە پەیدا بوون*[394]*: ئێمە وێژە، کاهینی، مێژوویەکی دێرین و قەوارەی وارگێڕیشمان هەیە.*

نیل.

منداڵ، پیاو، پەیکەر[395].

بەبەمریەمەکان[396] لای کەناری نیلەوە کڕنۆش دەبەن، بێشکەی کەڕەپوو[397]: پیاوێکی جیرِ لە جەنگدا[398]: قۆچبەرد[399]، ڕیشبەرد، دڵبەرد.

*- ئێوە بۆ بتێکی خۆماڵی و نادیار[400] نوێژ دەکەن: پەرستگاکانی ئێمەش شکۆمەند و ڕازاویین، نشینگەی ئیزیس و ئۆزیریسن[401]، هەروەها هی هۆروس[402] و ئاموون ڕان[403]. بەشتان بەندایەتی و سام و سەرکزییە: هی ئێمەش هەورەتریشقە و دەریاکانە. ئیسرائیل لاوازە و وەچەی کەمە: میسر بێشومارە و لەشکرەکانی تۆقێنەرن. بە ئێوە دەوترێت دەرۆزەکەر و کرێکاری ڕۆژانە: بەڵام جیهان لە بەردەم ناوی ئێمەدا هەڵدەلەرزێت.*

قرقێنەیەکی کپی برسێتی وتەکەی تلێش کرد. ئازایانە دەنگی بەسەریدا هەڵبڕی:

*- بەڵام، خانمان و گرەگران، ئەگەر موسای گەنج گوێی گرتبا و ئەو تێڕوانینەی ژیانی پەسەند کردبا، ئەگەر سەری خۆی کەچ کردبا و ویستی خۆی کەچ کردبا و ورەی خۆی لە بەردەم ئەو ئامۆژگارییە لووتبەرزانەیەدا کەچ کردبا[404] ئەوا هەرگیز گەلە هەڵبژێرراوەکەی لە ماڵی کۆیلایەتییەکەیانەوە دەرنەدەهێنا[405]، بە ڕۆژیش دوای ستوونی هەور نەدەکەوت[406]. هەرگیز لە نێو هەورەتریشقەی سەر لوتکەشاخی سینادا لەگەڵ یەزداندا نەدەدووا و هەرگیزیش بە ڕووناکیی سرووشی درەوشاوەی سەر ڕوخساریەوە دانەدەبەزی[407] و لە دەستیدا تەختەی یاساکانی هەڵنەدەگرت[408]، کە بە زمانی یاسابەزێنەکە هەڵکۆڵرابوون.*

براندیەوە و تەماشای کردن، چێژی لە بێدەنگییەکە دەبینی.

شووم – بۆ ئەو!

جەی جەی ئۆمۆڵۆی بە داخێکەوە وتی:

- کەچی بێ ئەوەی پێ بخاتە ناو خاکی بەڵێندراوەوە مرد[409].

لێنێهەن ئەمەی زیاد کرد:

- مەرگێکی-ناکاو-و-هەرئێستایی-گەرچی-لە-ئەنجامی-نەخۆشییەکی-درێژخایەنەوەیە-کە-زۆرجار-پێشتر-بەڵغەمدروستکەرە[410]. لەگەڵ ئایندەیەکی گەشیش لە دوای خۆی.

تیپی پێپەتییان بیستران بەناو ڕاڕەوەکەدا پەلەیان دەکرد و گرمەگرمیان لە پلیکانەکان هەڵستاند.

پرۆفیسۆرەکە بێ ئەوەی بەرپەرچ بدرێتەوە وتی:

- ئەوە وتاربێژییە.

بە با چوون[411]. ئاپۆرەکانی مولەگمیست و تارای پاشاکان. میلانێک لە داڵان و گوێ. وتەکانی ڕێبەر، بە چوار باکەدا[412] پەرش بوون. گەلێک لە ناو دەنگی ئەودا پەنایان گرت[413]. هەرای مردوو. تۆمارە ئەکاشەییەکانی[414] هەموو ئەوەی هەرگیز لە هەرجێ و هەرکاتدا بووبن. خۆشت بوێت و ستایشی بکە[415]: من ئیتر نا.

من پارەم هەیە.

ستیفن وتی:

- بەڕێزان، وەک مژاری دواتری سەر لاپەڕەی کارنامەکە دەتوانم پێشنیار بکەم ئێستا کۆڕەکە وچان وەربگرێت؟

میستەر ئۆمادن بورک پرسیی:

- هەناسەم لێ دەبڕیت. ئەوە داخۆ ستایشێکی فەڕەنسییانەیە[416]؟ ئەو عانەیە، لێم مەعلووم بێ، کە گۆزەشەرابەکە بە شێوەی میتافۆڕی دەڵێم، لە مەیخانە قەدیمەکەتاندا گەلێک ڤەناخوانە[417].

لێنیهەن ڕایگەیاند:

- با وا بێت و ئیتر با تەواو یەکلایی ببێتەوە[418]. هەموو ئەوانەی هاوڕان بڵێن بەڵێ. ناهاوڕاکان بڵێن نا. ڕایدەگەیەنم کە پەسەند کرا. بۆ چ قوزەڵقورتخانەیەکی دیاریکراو...[419]؟ دەنگی من بۆ: موونییە[420]!

پێشیان کەوت، ئامۆژگاریی کردن:

- نۆشینی خواردنەوەی قورس بە توندی ڕەت دەکەینەوە، وا ناکەین؟ بەڵێ ناکەین وا. بە هەر شێوە و کلۆجێک[421].

میستەر ئۆمادن بورک کە لە نزیکەوە دوای کەوتبوو، لەگەڵ وەشانێکی هاوپەیمانانەی چەترەکەیدا وتی:

- هێرش ببە، مەکدەف[422]!

سەرنووسەرەکە چەپڵەی لە شانی ستیفن هەڵستاند و نەڕاندی:

- ئەی ئەوەی لە مشک بووە و جەواڵ دەدڕێت! با بڕۆین. کوا ئەو کلیلە حیزانە؟

دەستی بە ناو گیرفانیدا گێڕا و پەڕە چاپکراوە چرچبووەوەکانی دەرکێشا.

- تەبەق. دەزانم. کێشە نابێت. بڵاو دەکرێتەوە. کوان؟ قەیناکە.

پەڕەکانی ئاخنیەوە جێی خۆیان و چووە نووسینگەکەی ناوەوە.

## با هیوا بخوازین

جەی جەی ئۆمۆڵۆی کە خەریک بوو دوای بکەوێت، بە هێواشی بە ستیفنی وت:

- هیوادارم فریا بکەویت ئەوەندە بژییت کە بە بڵاوکراوەیی ببینیت[423]. مایەڵز، چرکەیەک بوەستە.

چووە نووسینگەکەی ناوەوە، دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست.

پرۆفیسۆرەکە وتی:

- وەرە ستیفن. زۆر باشە، ها؟ لێڕوانینێکی پێشگۆییانەی هەیە. *فویت ئیلوم*[424]! لەناوبردنی ترۆیای باگر[425]. شانشینانی ئەم جیهانە[426]. سەروەرەکانی دەریای ناوەڕاست ئەمڕۆ فەللاحینن[427].

یەکەم کوڕە ڕۆژنامەفرۆش لە پشتیانەوە هات گرمەگرمی لە پلیکانەکان هەڵستاند و بۆ ناو شەقامەکە دەرچوو، هاواری کرد:

- پاشکۆی تایبەت بە پێشبڕکێکە!

دەبلن. زۆر زۆرم ماوە فێر ببم[428].

بۆ لای چەپ لایانکردەوە بە شەقامی ئابەیدا[429].

ستیفن وتی:

- منیش لێڕوانینێکم هەیە.

پرۆفیسۆرەکە بۆ پێگەیشتنەوە شەقاوێکی نا، وتی:

- بە ڕاست؟ کراوفۆرد دواتر دێت.

کوڕە ڕۆژنامەفرۆشێکی تر بە لایاندا پەڕی، بە ڕاکردنەوە هاواری کرد:

- پاشکۆی تایبەت بە پێشبڕکێکە!

## دەبلنی پیسی بەووەج[430]

دەبلنییەکان.

ستیفن وتی:

- دوو ڤێستایی دەبلن[431]، پیر و لەخواترس، پەنجا بە پەنجا و سێ ساڵ ژیاون لە شەقامی فومبالی.

پرۆفیسۆرەکە پرسیی:

- کوێیە ئەوێ؟

- نزیک بلاکپیتس[432].

شەوێکی شێدار بۆگەنی هەویری برسی. بە دیوارەکەوە. لە ژێر چارۆکە فاسۆنەکەیدا دەموچاوی پیویی دەبریقێتەوە. دڵانی تاساو. تۆمارە ئەکاشەییەکان. خێراتر دارلینت[433]!

دەی ئێستا. ورە بتگرێت. با ژیان ببێت[434].

- دەیانەوێت لە لوتکەی کۆڵەکەکەی نێڵسنەوە[435] دیمەنەکانی دەبلن ببینن. لە قتووەنامە قاسەیەکی سووری تەنەکەدا سێ شلْنگ و دە پنس کۆ دەکەنەوە. خوردە سێپنس و شەشپنسەکان بە شڵەقاندن دەردەهێنن و پنسەکانیش بە تیغی چەقۆیەک بە پشیپشی دەردەهێنن. دوو شلْنگ و سێ پنس زیو و شلْنگێک و حەوت پنس مس. نایابترین جل و بۆنێتەکانیان دەپۆشن و لە ترسی ئەوەی نەکا باران دابکات چەترەکانیان هەڵدەگرن.

پرۆفیسۆر ماکهیو وتی:

- دوو پاکیزەی دانان[436].

## ژیانی ڕووت

- لە چێشتخانەکانی نۆرث سیتیی شەقامی مارلبۆرۆ بایی شلْنگێک و چوار پنس براون[437] و چوار قاش سەمونی تۆست لە خاتوو کەیت کۆلینز دەکڕن، کە خاوەنشوێنەکەیە[438]. بۆ شکاندنی تینوێتیی براونەکەش چوار و بیست هەڵوژەی گەییو لە کچێکی لای دامێنی کۆڵەکەکەی نێڵسن دەکڕن. دوو خوردەی سێپنسی بە پیاوی بەر دەرگا سووڕاوەکە دەدەن و بە پلیکانە پێچاوپێچەکەدا بە خاوی دەکەونە خلەخل هەڵگەڕان، دەمرخێنن، یەکتر هان دەدەن، لە تاریکی دەترسن، هەناسەبڕکێیان پێ دەکەوێت، یەکێکیان لەوی تریان دەپرسێت براونەکەت هێنا، ستایشی خوا و پاکیزە پیرۆزەکە دەکەن، هەڕەشەی هاتنەخوارەوە دەکەن، لە کونەهەواکانەوە تەماشا دەکەن. شکۆمەندی بۆ خودا بێت. وێنایان نەکردبوو ئەوەندە بڵند بێت[439].

ناویان ئان کییەرنس و فلۆرەنس ماککابە[440]. ئان کییەرنس برکی[441] هەیە کە دەبێت ئاوی لوورد[442] لە دامێنی پشتی بسوێت، ژنێک پێی داوە کە ئەویش قەشەیەکی ئازاریست[443] بوتڵێکی پێی داوە. فلۆرەنس ماککاب هەموو شێوی شەممەیەک پاچەی بەراز و بوتڵێکی دەبڵ ئێکس[444] دەخوات و دەخواتەوە.

پرۆفیسۆرەکە دوو جار سەری لەرزاند و وتی:

- دژوازی. پاکیزەی ڤێستایی. دەتوانم بیانبینم. ئەو برادەرەمان بۆ هەر نەهات؟

ئاوڕی دایەوە.

پۆلێک کوڕی ڕۆژنامەفرۆشی هەڵتیزاو بە پلیکانەکەدا بۆ خوارەوە پەلەیان کرد، بە گشت لایەکدا پەرش بوون، هاواریان دەکرد، ڕۆژنامە سپییەکانیان باڵەفڕەی دەکرد. مایەڵز کراوفۆرد یەکسەر بە دوایاندا لەسەر پلیکانەکان دەرکەوت، شەبقەکەی خەرمانەی بە دەموچاوە ئاڵەکەی دابوو، لەگەڵ جەی جەی ئۆمۆڵۆیدا دەدووا.

پرۆفیسۆرەکە باڵی ڕاوەشاند و هاواری کرد:

- دە وەرن.

دیسان کەوتەوە جووڵە تا بە تەنیشت ستیفنەوە بڕوات. وتی:

- بەڵێ دەیانبینم.

## گەڕانەوەی بلووم[445]

میستەر بلووم، هەناسەلێبڕاو، کە نزیک نووسینگەکانی *ئایرش کاثلیک و دەبلن پێنی جۆرنەڵ*دا[446] کەوتە ناو گێژاوی کوڕە ڕۆژنامەفرۆشە هارەکانەوە، بانگی کرد:

- میستەر کراوفۆردا! یەک چرکە!

- *تەلەگراف!* پاشکۆی تایبەت بە پێشبڕکێکە!

مایەڵز کراوفۆرد هەنگاوێک پاش کەوت، وتی:

- چییە؟

کوڕێکی ڕۆژنامەفرۆش بە ڕووی میستەر بلوومدا قیژاندی:

- کارەساتێکی سامناک لە ڕاثماینس! منداڵێک کەوتووەتە بەر مووشەدەمە[447]!

## دیمانە لەگەڵ سەرنووسەردا

میستەر بلووم، بەرەو پلیکانەکان خۆی پەستاوتەوە، هەناسەی دەدایەوە، بڕاوەکەشی لە گیرفانی دەرهێنا، وتی:

- هەر ئەم ڕیکلامەیە، هەر ئێستا لەگەڵ میستەر کیزدا دووام. دەڵێت کە نوێکردنەوەیەکمان بۆ دوو مانگ دەداتێ. دوای ئەوەش دەیەوێت بزانێت چۆن دەبێت. بەڵام لە *تەلەگراف*یشدا پەرەگرافێکی دەوێت سەرنجڕاکێش بێت، ژمارە پەمەییەکانی شەممان. دەشیەوێت ئەگەر زۆر درەنگ نەبێت لەگەڵ جەنابی ڕاوێژکار نانێتتیشدا دووام کە لە *کیلکەنی پیپلەوە*[448] لە بەری بگرینەوە. دەتوانم لە پەڕتووکخانەی نیشتمانی دەستم بکەوێت. ماڵی ک(لیل)یز[449]، نابینیت؟ ناوی کیزە. یاریکردنێکە بە ناوەکە. بەڵام هەر وا بەڵێنی دا کە نوێکردنەوەکەمان بداتێ. بەڵام هەر فووێکی کەمی دەوێت. میستەر کراوفۆرد، چی پێ بڵێم؟

## ق. م. ب.[450]

مایەڵز کراوفۆرد بۆ جەختکردنەوە باڵی دەرهاویشت و وتی:

- دەتوانیت پێی بڵێیت قنم ماچ بکات[451]؟ هەر ڕێک بێ پێچوپەنا وای پێ بڵێ.

کەمێک قوشقییە. وریای گەردەلوول بە[452]. هەموو دەچن بۆ خواردنەوە. قۆڵ لە قۆڵدا. لەولاوە کڵاوی یەختئاژووتنەکەی لێنێهەن سواڵ دەکات. وەک هەمیشە ڕووپامایی. داخۆ ئەو دێدالۆسە گەنجە ورەجووڵێنەرەکە بێت. ئەمڕۆ جووتێک پێڵاوی چاکی لە پێدایە.

دوایین جار کە بینیم پاژنەی بە دەرەوە بوو. لە شوێنێک بەناو لیتاودا ڕۆیشتبوو. کوڕێکی بێباکە. لە ئایرشتاون[453] چیی دەکرد؟

میستەر بلووم کە چاوی گەڕایەوە، وتی:

- دەی، ئەگەر بتوانم دیزاینەکە پەیدا بکەم پێم وا بێت پەرەگرافێکی کورت دەهێنێت. پێم وا بێت ڕیکلامەکەمان دەداتێ. پێی دەڵێم...

## ق. پ. ئ. م. ب.[454]

مایەڵز کراوفۆرد بەسەر شانیدا بە دەنگی بەرز نەڕاندی:

- با قنە پاشاییە ئایرییەکەم ماچ بکات[455]. هەر کاتێک خۆی ویستی، پێی بڵێ.

کاتێک میستەر بلووم وەستابوو و مەبەستەکەی شەنوکەو دەکرد و خەریک بوو بزە بکات تەکانتەکان کەوتەوە شەقاونان.

## بارمتەکردنی قەرز[456]

دەستی بۆ چەناگەی بەرز کردەوە و وتی:

- *نوللا بۆنا*[457]، جاک. تا ئێرەم هاتووە. خۆم تێم گیرابوو. هەر حەفتەی ڕابردوو بوو بە دوای کەسێکدا دەگەڕام دەستەبەرییەکم[458] بۆ بکات. ببوورە، جاک. دەبێت بڕوا بە نیازم بکەیت بۆ یارمەتیدانت. ئەگەر بتوانیایە قەرزێک بارمتە بکەم ئەوە هەر چۆنێک بووە بە سەر دڵ و بەسەر چاو[459].

جەی جەی ئۆمۆڵۆی ڕوخساری خەمگین هەڵگەڕاند و بە بێدەنگی کەوتنەوە ڕۆیشتن. بە ئەوانی تر گەیشتنەوە و هاوشانی یەکتر ڕۆیشتن.

- کە براونەکە و سەمونەکەیان خوارد و هەر بیست پەنجەکانیان بەو پەڕەیە سڕی کە نانەکەی پێ پێچرابوو لە نەردەکە نزیکتر دەبنەوە.

پڕۆفیسۆرەکە بۆ مایەڵز کراوفۆردی ڕوون کردەوە:

- شتێکە بۆ تۆ. دوو پیرەژنی دەبلنی لەسەر لوتکەی کۆڵەکەکەی نێڵسن.

## پەکوو لەو ستوونە! - ئەمە ئەوە بوو کە خلەخلڕۆی یەکەم وتی

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- ئەوە نوێیە. بابەتی بڵاوکردنەوەیە. دەچن بۆ دارگلی پینەچییەکان[460]. دوو پیرە تەڵەکەباز، ئێ؟

ستیفن بەردەوام بوو:

- بەڵام دەترسن کۆڵەکەکە بڕووخێت. سەربانەکان دەبینن و مشتومڕ لە بارەی ئەوەوە دەکەن کە کڵێسا جیاجیاکان لە کوێن: گوومەزە شینەکەی ڕاثماینس[461]، ئەوەی ئادەم ئاند

ئیڤ[462]، ئەوەی سانت لۆرەنس ئۆتوولس[463]. بەڵام تەماشاکردن گێژیان دەکات بۆیە تەنوورەکانیان هەڵدەکەن...

ئەو مێیانەی کەمێک چەتوونن

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- هێواش. سەربەستیی هۆنراوەیی ڕێپێدراو نییە. ئێمە لێرە لە مەترِاننشینداین[464].

- ئینجا لەسەر ژێرکراسە میلمیلەکانیان دەنیشنەوە، بۆ پەیکەری داوێنپیسە تاکدەسکەکە[465] هەڵدەڕوانن.

پرۆفیسۆرەکە نەڕاندی:

- داوێنپیسە تاکدەسکەکە! بە دڵمە. بیرۆکەکە تێدەگەم. تێدەگەم مەبەستت چییە.

بڕوا وایە، دوو خانم چەوەکشاوی خێراحەبی تیژڕەو[466]
بە دانیشتووانی دەبلن دەبەخشن[467]

ستیفن وتی:

- ئەوە ملیان تووشی ڕەقیتە دەکات، ئەوانیش زۆر لەوە ماندووترن کە هەڵبڕوانن یان دابڕوانن یان بدوێن. کیسەی هەڵوژەکان دەخەنە نێوان خۆیانەوە و هەڵوژەکانی لێوە دەخۆن، دانە دوای دانە، ئاوهەڵوژەکەی لە دەمیانەوە دادەتنۆکێت بە دەستسڕەکانیان دەسڕن و ناوکەهەڵوژەکانیش لە نێوان نەردەکەوە بە خاوی دەردەتفێننەوە.

پێکەنینێکی ناکاوی دەنگبەرزی گەنجانەی وەک کۆتاییهێنان دەرکرد. لێنێهەن و میستەر ئۆمادن بورک کە بیستیان ئاوڕیان دایەوە، سەرەلەرزەیەکیان کرد و بەرەو لای موونی پێشڕەوییان کرد. مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- تەواو؟ مادەم خراپتریان نەکردووە.

سۆفیستێک[468] ڕێک دەماڵێت بە لمۆزی هێلێنی لووتبەرزدا. سپارتاییەکان کاکیلەکانیان جیڕ دەکەنەوە.
ئیتاکییەکان سوێند دەخۆن پین[469] پاڵەوانە.

پرۆفیسۆرەکە وتی:

- تۆ ئەنتیستێنیسم[470] بیر دەخەیتەوە، مریدێکی گۆرگیاس[471]، سۆفیستەکە. لە بارەیەوە دەوترێت کە کەس نازانێت ئایا لەگەڵ خەڵکدا بەقینتر بووە یان لەگەڵ خۆیدا. کوڕی خانەدان و کەنیزەکێک بووە. پەڕتووکێکیشی نووسیوە کە تێیدا خەڵاتی جوانی لە هێلێنی ئارگۆسی[472] سەندووەتەوە و داویەتی بە پینێلۆپیای هەژار.

پینێلۆپیای هەژار. پینێلۆپیا ڕیچ[473].

خۆیان ئامادە کرد لە شەقامی ئۆکانەڵ بپەڕنەوە.

ئەلو سڵاو، ناوەند[474]!

ترام و واگۆنی بێجووڵە بە درێژایی هەشت هێڵەکە لە جێی جیاجیادا لەسەر هێڵەکانیان وەستابوون، دەڕۆیشتن یان هاتبوونەوە لە ڕاثماینس، ڕاثفارنهام، بلاکڕۆک، کینگستاون و دالکی، ساندیماونت گرین، ڕینگسێند و قەڵاکەی ساندیماونت، دانیبرووک، پاڕکی پاڵمەرستن و ڕاثماینسی سەروو[475]، هەموو وەستاو، لەبەر کارەباپڕان دامرکابوونەوە[476]. عەرەبانەی داخراو، تریشقەی کرێ، واگۆنی گەیاندن، عەرەبانەی نامە، پایلێی تایبەت[477]، ئاوی کانزایی گازتێکراو لەگەڵ سندوقی هارەهارکەری بوتڵدا سوارڤا دەبوون، هارەهارپیان هات، تل بوونەوە، بە ئەسپ ڕاکێشران، بە خێرایی.

چی؟ - هەرووەها – لە کوێ؟

مایەڵز کراوفۆرد پرسیی:

- بەڵام ناوی دەنێیت چی؟ هەڵوژەکانیان لە کوێ بوو؟

ماموستا دەڵێت وێرگیلیوسی.
قوتابیش هەڵوژە بۆ موسای پیرەمێرد[478].

پرۆفیسۆرەکە بۆ بیرکردنەوە لێوە درێژەکانی فراوان کردەوە، وتی:

- ناوی بنێ، بوەستە. ناوی بنێ، ئا با بزانم[479]. ناوی بنێ: *دێوس نۆبیس هایک ئۆتیا فێچیت*[480].

ستیفن وتی:

- نەخێر. ناوی دەنێم *دیمەنێکی پسگەی فەڵەستین*[481] یان *نموونەی هەڵوژەکان*[482].

پرۆفیسۆرەکە وتی:

- تێدەگەم!

تێر پێکەنی. بە چێژێکی نوێوە دووبارە وتیەوە:

- تێدەگەم.

ئەمەیشی بە جەی جەی ئۆمۆڵۆی وت:

- موسا و خاکی بەڵێندراو[483]. ئێمە ئەو بیرۆکەیەمان پێی دا[484].

هۆرەیشۆ نماگری[485] ئەم ڕۆژە خۆشەی حوزەیرانە

جەی جەی ئۆمۆڵۆی نیگایەکی لاتیری ماندووانەی بەرەو پەیکەرەکە نارد و بێدەنگ مایەوە.

پرۆفیسۆرەکە وتی:

- تێدەگەم.

لەسەر شۆستەی فلکەی سێر جۆن گرەی[486] ڕاوەستا و بە ناو تۆڕی بزە بەگاڵتەوەرگرەکەیدا بۆ نێڵسن هەڵڕوانی.

دەردەکەوێت پەنجەی کەمبوو بۆ قۆڕیتانی بزێو زۆر ئاڵۆشکەرن. ئان گێژ دەبێت، فلۆ دەلەرزێت[487]. بەڵام داخۆ دەتوانن سەرزەنشتیان بکەن؟

بە گرژی بزەی کرد، وتی:

- دەبێت بڵێم داوێنپیسە تاکدەسکەکە ختووکەم دەدات.

مایەڵز کراوفۆرد وتی:

- ختووکەی دوو پیرەکەشی داوە، ئەگەر ڕاستیی خودای مەزن بزانرێت.

## ڕاڤەکانی ئەڵقەی حەوتەم

[1] **ئەڵقەی حەوتەم: ئیۆلۆس**: پوختەی گرێچنەی ئەم ئەڵقەیە بەم جۆرەیە:
**شوێن**: نووسینگەکانی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* و *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف*، بە ناونیشانی ٤-٨ی شەقامی پرنسی باکوور لە بەری باکووری خۆرهەڵاتی شاری دەبلن.
**کات**: ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ.
**کەسێتییە سەرەکییەکان**: بلووم، موررەیە سوور، نانێتتی، جۆ هاینس، پرۆفیسۆر ماکهیو، سایمن دێدالۆس، نێد لەمبێرت، جەی جەی ئۆمۆلۆی، مایەڵز کراوفۆرد، لێنێهەن، ئۆمادن بورک، ستیفن دێدالۆس.
لەبەر ئەوەی شوێنی ئەم ئەڵقەیە نێو نووسینگەی دوو ڕۆژنامەی گەورەی دەبلنە، بۆیە گێڕانەوەکەش لەوەدا لاسایی ڕۆژنامە دەکاتەوە کە مانشێتی هەیە و بە کۆی هەموویان ٦٣ مانشێتن، کە ئەمانەی خوارەوەن و بە «؛» جیا کراونەتەوە:
لە ناو دڵی دایکەشارە هیبێرنییەکەدا؛ هەڵگری تاج؛ ڕۆژنامەگەران؛ کاک ویلیەم برەیدنی ئۆکلندس، ساندیماونت؛ داروەکازەکە و پێنووسەکە؛ بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دواکۆچی شارنشینێکی هەرەبەڕێزی دەبلن ڕادەگەیەنین؛ چۆن زمانحاڵێکی گەورەی ڕۆژانە دەردەچێت؛ ڕیکلامسازەکە لە کار دەبینین؛ ماڵی ک(لیل)یز؛ ڕاستنووسی؛ ئەندامێکی دیاری کڵێسا کە جارجار بابەت دەنێرێت؛ ڕۆژقاڵێک؛ جەژنی لێرەتبوونیش بوو؛ دیسان سابوونەکەیە؛ ئێرین، نقێمی سەوزی دەریای زیوین؛ کورت بەڵام مەبەستپێک؛ درێغا؛ دۆرییە ڕەسەنەکەی؛ ئەوەی وێذەرەپ وتی؛ جەنگگەلی ناودار یاد کرانەوە؛ ئەی هارپی ئیۆلی!؛ براوەکە هەڵبهێنە؛ پێکدادانێک لە دوای دێت؛ بلووم دەردەچێت؛ کۆتەڵێکی شەقام؛ سەبیلەی ئاشتی؛ هەروەها بۆ لای شکۆی ڕۆمی کۆن؛ ؟؟؟؛ بەزم لە چێشتخانەیەکی بەناوبانگدا؛ دۆزە دۆڕێنراوەکان، ناوی مەرکیزێکی خانەدان هێنرا؛ کیریێ ئیلێیسۆن!؛ لیمریکەکەی لێنێهەن؛ چێشتی مجێور؛ «دەتوانیت بیکەیت!»؛ گالەهێری مەزن؛ دەنگێکی دوور؛ زیرەکانەیە، زۆر؛ سەروا و هۆکان؛ بەسە بۆ هەر ڕۆژێک...؛ هاوبەندی ڕۆژانی ساڵانی بەسەرچوو؛ ئیتالیا، ماجیسترا ئارتوم؛ دەربڕینێکی پرشنگدار؛ پیاوێکی ورەبەرز؛ بەربووره؛ لە بابەکانەوە؛ شووم – بۆ ئەوا!؛ با هیوا بخوازین؛ دەبلنی پیسی بەوەج؛ ژیانی

ڕووت؛ گەڕانەوەی بلووم؛ دیمانە لەگەڵ سەرنووسەردا؛ ق. م. ب.؛ ق. پ. ئ. م. ب.؛ بارمتەکردنی قەرز؛ پەکوو لەو ستوونە! - ئەمە ئەوە بوو کە خلەخلڕۆی یەکەم وتی؛ ئەو مێیانەی کەمێک چەتوونن؛ بڕوا وایە، دوو خانم چەوەکشاوی خێراحەبی تیژڕەو بە دانیشتووانی دەبلن دەبەخشن؛ سۆفیستێک ڕێک دەماڵێت بە مۆزی هێلێنی لووتبەرزدا. سپارتاییەکان کاکیلەکانیان جیڕ دەکەنەوە. ئیتاکییەکان سوێند دەخۆن پین پاڵەوانە.؛ ئەلو سڵاو، ناوەند!؛ چی؟ - هەروەها – لە کوێ؟؛ مامۆستا دەڵێت وێرگیلیوسی. قوتابیش هەڵوژە بۆ موسای پیرەمێرد.؛ هۆرەیشۆ نماگری ئەم ڕۆژە خۆشەی حوزەیرانە؛ دەردەکەوێت پەنجەی کەمبوو بۆ قۆڕیتانی بزێو زۆر ئاڵۆشکەرن. ئان گێژ دەبێت، فلۆ دەلەرزێت. بەڵام داخۆ دەتوانن سەرزەنشتیان بکەن؟

ئەڵقەکە وەک فیلمێکی سینەما بە پیشاندانی چەند دیمەنێکی ناوجەرگەی شاری دەبلن دەست پێ دەکات. ترامەکانی ناوشار دێن و دەچن. هاوار دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی سەرنشین و ناونیشانی ئەو جێیانەی بۆیان دەچن. لە جێیەکی تر چەند کرێکارێکی پیشەوەر کار دەکەن و بەرمیل تل دەکەنەوە و باریان دەکەن.

ئینجا دێینە نێو نووسینگەی ڕۆژنامەکانەوە. بلووم لە شوێنی کارەکەیەتی و تازە مووچەی وەرگرتووە. داوا لە هاوکارێکی دەکات نەخشی ڕیکلامی کڕیارێک ببڕێت و هاوکارەکەش دەیبڕێت. ئەم کڕیارە ناوی ئەلێکساندەر کیز-ە. پاشان بلووم هاوکارەکەی بە جێ دەهێڵێت و دەچێتە ژووری هاوکارێکی تر. ئەمیان چاپسازە و ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی دەبلنیشە، ناوی نانێتی-یە. دەنگی ئامێرەکانی چاپ ژوورەکەیان تەنیوە. نانێتی لەگەڵ کەسێکی تردا بە ناوی جۆ هاینس دەدوێت. ئەو کەسە بوو کە لە ئەڵقەی شەشەمدا ناوی ئامادەبووانی پرسەکەی تۆمار دەکرد و قەرزاری بلوومە، لە ئەڵقەی دوازدەیەمیشدا دێتەوە. بلووم چاوەڕێ دەکات نانێتی بەردەست بێت و ئەو ماوەیە بیر دەکاتەوە. بە جۆ هاینس دەڵێت بچێت پارە وەربگرێت، چون ژمێریارەکەی لێیە. بلووم خوازیارە بەم وتەیە تێبیگەیەنێت قەرزەکەی بداتەوە.

بلووم بە زارەکی باسی شێوە و نەخشی ڕیکلامەکەی کیز بۆ نانێتی دەکات. نانێتی داوای نەخشەی ڕیکلامەکە دەکات، بلوومیش دەڵێت دواتر بۆی دەهێنێت. هەر وایشە، دواتر لە ئەڵقەی نۆیەمدا دەچێت بۆ پەڕتووکخانەی نیشتمانی و لە ئەرشیفی ڕۆژنامەیەکدا نەخشێکی هاوشێوە دەهێنێت بۆ ئەوەی نەخشی ڕیکلامەکەی کیزی لەسەر

دروست بکەنەوە. ئینجا بلووم لە ڕاستنووسی ڕادەمێنێت کە چۆن تیپچنەکانی ڕۆژنامە کاری تیپچنی دەکەن. کە گفتوگۆکەی بلووم و نانێتی تەواو دەبێت بلووم دەڕوات و بە دەم ڕێوە لە تیپچنێک ورد دەبێتەوە کە چۆن کارەکەی دەکات. بلووم لە شێوازی خوێندنەوەی ئاوەژووی تیپچنانەوە بیری شێوازی خوێندنەوەی باوکی دەکەوێتەوە. لەوێشەوە دەکەوێتە بیری دەردیسەرییەکانی جووەکان بە درێژایی مێژوو.

بلووم پێی باشە سەرێک لە میستەر کیزی خاوەنی ڕیکلامەکە بدات و تاووتوێی نەخشی ڕیکلامەکە و ماوەی دابەزینی ڕیکلامەکە لە ڕۆژنامەکەدا بکەن. بەڵام پێی باشترە پێشوەخت تەلەفۆنێکی بۆ بکات. بۆ چرکەیەک بیر لەوە دەکاتەوە بە بیانووی لەبیرچوونی شتێکەوە بچێتەوە بۆماڵەوە و ژنەکەی شەبەیخوون بکات، بەڵام پەشیمان دەبێتەوە. دەچێتە ژوورێک بۆ تەلەفۆن و لەوێ سایمن دێدالۆس و پرۆفیسۆر ماکهیو و نێد لەمبێرت دانیشتوون. نێد لەمبێرت وتارێک دەخوێنێتەوە و دێدالۆسیش گاڵتەی پێ دەکات و پێدەکەنن. پاش کەمێک یەکێکی تریش بە ناوی جەی جەی ئۆمۆلۆی دێت بۆ لایان و چاکوچۆنی دەکەن. ئەم پیاوە کاتی خۆی پارێزەر بووە و گوزەرانی باش بووە، بەڵام ئێستانان بەختی ڕوو لە هەڵدێرە و لە کۆتایی ئەڵقەکەدا دەردەکەوێت بۆ چی هاتووە. نێد لەمبێرت درێژە بە خوێندنەوە و گاڵتەجاڕییەکەی دەدات. بلووم پێی وایە گەرچی ئەمان بەو وتارە ڕادەبوێرن، بەڵام نووسەرەکەی یەکێکە لە پڕخوێنەرترین نووسەرەکان، کە ناوی دان داوسن-ە.

مایەڵز کراوفۆرد خۆی دەکات بە ژووردا. ئەم پیاوە سەرنووسەری ڕۆژنامەی *دە ئیڤنینگ تەلەگراف*ە. سایمن دێدالۆس و نێد لەمبێرت دەچن بۆ مەیخواردنەوە. کراوفۆرد سەربوردەیەکی کورت دەگێڕێتەوە. بلووم تەلەفۆنەکەی دەکات. کەسێکی تریش بە ناوی لێنێهەن دێتە لایان، کە پێشتر لە نووسینگەکەی ناوەوە لەگەڵ سەرنووسەرەکەدا بوون.

کۆمەڵێک منداڵی ڕۆژنامەفرۆش بە قاووقیژەوە بە ڕاڕەوەکەدا هوروژم دەبەن و دەرگاکە دەکرێتەوە و ڕەشەبایەک دێتە ژوورەوە و پەڕەکانی ڕۆژنامەکە بە هەوادا بڵاو دەبنەوە. ماکهیو منداڵێکیان دەگرێت و لێی تووڕە دەبێت و دەریدەکات و دەرگاکە دادەخاتەوە. بلووم لە تەلەفۆنەکەیدا سۆراخی شوێنی کیز دەکات و دەزانێت بچێت بۆ کوێ بۆ لای. کە بلووم بە هەڵەداوان دێتەوە دەرەوە، خۆی دەدات بە لێنێهەندا و لێنێهەن دەکەوێت. پاشان ڕوخسەت لە سەرنووسەرەکە دەخوازێت بچێت کاری ڕیکلامەکە ڕێک بخات، سەرنووسەریش ڕێی پێ دەدات و دەڕوات.

یەکسەر پیاوەکانی ژوورەوە دەکەونە زەمی بلووم و لە پەنجەرەکەوە و گاڵتە بە شێوازی ڕۆیشتنی دەکەن. کۆمەڵێک لە منداڵە ڕۆژنامەفرۆشەکانیش بۆ گاڵتەپێکردن دوای بلووم دەکەون و پێدەکەنن. پیاوانی ژوورەوە جگەرە دەکێشن و لە بارەی جیاوازیی ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمی و بەریتانی گفتوگۆیەکی کورت دەکەن.

دوو کەسی تر دێن بۆ نووسینگەکە، یەکێکیان ستیفن دێدالۆسە، کە نامەکەی میستەر دیسیی (ئەڵقەی دووەم) هێناوە و دەیداتە دەست سەرنووسەرەکە. لێنێهەن مەتەڵێک لە هەمووان دەپرسێت. سەرنووسەرەکە دەکەوێتە زەمی میستەر دیسی و ژنەکەی و سەرپێیی نامەکە دەخوێنێتەوە.

ماکهیو وتەیەکی گرنگ دەڵێت، کە ئەویش ئەمەیە: «ئێمە هەمیشە بۆ دۆزە دۆڕێنراوەکان دڵسۆز بووین. سەرکەوتن لای ئێمە مەرگی ئاوەز و وێناکردنە. ئێمە هەرگیز دڵسۆزی سەرکەوتووان نەبووین». ئینجا بە کورتی بەراوردی گریکی و لاتینی دەکات. لێنێهەن لە بارەی ماکهیووەوە هۆنراوەیەک بۆ ستیفن دەخوێنێت. لێنێهەن وەڵامی مەتەڵەکەی بە هەمووان دەڵێت. مژارەکەیان تا ڕادەیەک بێسەرەوبەرە و قەرەباڵغە، هەر یەکەی باسی شتێک دەکات.

سەرنووسەرەکە داوای بابەتێک لە ستیفن دەکات بینووسێت و نموونەیەکیشی پێ دەڵێت کە چۆن بێت. نموونەکە لە ڕۆژنامەیەکی ساڵی ١٨٨٢ەوە (ساڵی لەدایکبوونی ستیفن خۆی) دەهێنێت. نموونەکە ڕاپۆرتێکە و بە شێوەیەکی پەرلەیی نووسراوە و یەکسەر بابەتەکە بە دەستەوە نادات، بۆیە زۆر سەرسامە پێی و بۆ سیفنی ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەویش شتێکی وا بنووسێت. لەمەوە باسی بابەتی ڕاپۆرتەکەش دێتە گۆڕێ، کە ڕاپۆرتی کوشتنی کۆمەڵێک کەسە لە پارکی فینیکس لە دەبلن. ئینجا باسی ڕۆژنامەوانی باش و بلیمەت دێتە گۆڕێ و هەندێک ناو و سەربوردە هەڵدەدرێن. بلووم تەلەفۆن دەکات و دەیەوێت لەگەڵ سەرنووسەرەکەدا بدوێت، بەڵام سەرنووسەر سەرقاڵی ڕوونکردنەوەیە و لەگەڵی نادوێت.

ستیفن قەیرێک خەیاڵی دەڕوات بە لای سەرەوای هۆنراوە و دانتێدا. مشتومڕێکی کورت لە نێوان کراوفۆرد و ئۆمۆڵۆیدا دروست دەبێت و ناوی هەندێک کەسێتیی ڕاستینە دەبرێت. بەراوردێکی کورتی یاسای موسایی و یاسای ڕۆمییەکان دەکرێت. ئۆمۆڵۆی لەگەڵ ستیفن دەدوێت و ڕای ئەو لە بارەی هەندێک کەسەوە دەپرسێت، بەڵام ئەوانی تر قسەی

بەسەردا دەهێنن و باسی وتاری کەسێک دەکەن بە ناوی جۆن ئێف تەیلەر و بڕێکیشی بە یاد دەهێننەوە.

ستیفن داوا دەکات وچان وەربگرن و بڕۆن، ئەوانیش هاوڕا دەبن. بڕیار دەدەن بچن بۆ مەیخانەی پیاوێک بە ناوی موونی. وردەوردە دەردەچن. ئۆمۆڵۆی بە ستیفن دەڵێت کە ئەو مایەڵز کراوفۆرد بناسێت ئەو وتارەی دیسی بڵاو ناکاتەوە. پاشان ئۆمۆڵۆی دەچێت بۆ لای کراوفۆرد و بە دزییەوە داوای قەرزی لێ دەکات. ستیفن و ماکهیو و بورک پێکەوە دەڕۆن. ستیفن سەربوردەی دوو پیرەژنی دەبلنییان بۆ دەگێڕێتەوە.

کۆمەڵێک ڕۆژنامەفرۆش بە لایاندا دەڕۆن. بلووم بە هەناسەبڕکێوە دەگەڕێتەوە و باسی مەرجەکانی کیز بۆ کراوفۆرد دەکات سەبارەت بە ڕیکلامەکە. کراوفۆرد بێڕێزانە مەرجەکانی کیز ڕەت دەکاتەوە. پاشان داوای لێبوردن لە ئۆمۆڵۆی دەکات کە پارەی نییە و خۆی قەرزارە. ئۆمۆڵۆی خەمبارانە دەکەوێتەوە ڕێ لەگەڵیاندا. کە دەگەنەوە بە ستیفن و ماکهیو و بورک، ماکهیو سەربوردەکەی ستیفن بۆ کراوفۆرد دەگێڕێتەوە، ستیفنیش درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات.

دەگەنەوە ناوجەرگەی دەبلن.

چۆن ئەڵقەکە لە ناوجەرگەی شارەکەوە دەستی پێ کرد، ئاوهاش لەوێ تەواو دەبێت. دیمەنی ناوجەرگەی شار دێتەوە و ستیفن و ماکهیو و کراوفۆرد و ئۆمۆڵۆیش بە دەم باسی پیرەژنەکانەوە دەڕۆن. **~ن.م.**

لە پەڕتووکی دەیەمی *ئۆدیسە*دا، دوای ڕووبەڕووبوونەوە ناخۆشەکەی ئۆدیسێفس و کیکلۆپسەکە {یان سیکلۆپسەکە} (بڕوانە ١٢: ١)، ئۆدیسێفس دەگاتە ئیۆلیا، کە ئیۆلۆس بە ڕێوەی دەبات و زێوس ئیۆلۆسی کردووە بە «پاسەوانی با». ئیۆلۆس پێشوازی لە ئۆدیسێفس دەکات و هەوڵ دەدات یارمەتیی بدات بەوەی کە هەموو با خراپەکان لە توورەکەیەکدا دەستگیر دەکات و ئۆدیسێفس لە کەشتییەکەیدا هەڵیدەگرێت. هەر کە ئیتاکییان لێ دەردەکەوێت، ئۆدیسێفس لەسەر سوکانی کەشتییەکە وەنەوز دەدات، هاوەڵەکانی گومانی ئەوەی لێ دەکەن کە گەوهەرێکی زۆر بە نرخی لە توورەکەکەیدا شاردبێتەوە، بۆیە دەیکەنەوە و با بەرهەڵدا دەبێت و کەشتییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئیۆلیا، لەوێش ئیۆلۆس ئیتر یارمەتیی ئۆدیسێفس نادات و دووری دەخاتەوە، بەو پاساوەی کە ئۆدیسێفس «پیاوێکە، خودا پیرۆزەکان ڕقیان لێیەتی».

کاتی ئەم ئەڵقەیە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆیە. دیمەن: نووسینگەکانی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* و *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف*، بە ناونیشانی ٤-٨ی شەقامی پرنسی باکوور لە بەری باکووری خۆرهەڵاتی شاری دەبلن نزیک نووسینگەی پۆستەخانەی گشتی و کۆڵەکەکەی نێڵسن {بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو}. ئامراز: سی. هونەر: ڕەوانبێژی {بڕوانە کۆتایی ئەم ڕاڤەیە}. ڕەنگ: سوور. هێما: سەرنووسەر {ئەوەی لە ڕۆژنامەیەکدا بەرپرسی کۆی دەستکاریکردنەکانی نووسینەکانە}. تەکنیک: ئینثیمیمی [*ئینثیمیم* سیلۆگیزمێکە کە یەکێک لە پێشەکییەکان {پرێمیس} شارراوەتەوە، یان ناڕاستەوخۆیە، یان پشت بە گریمانە دەبەستێت، لە بری ئەوەی پشت بە ڕاستی، یان ڕاستیی هەمیشەیی ببەستێت. ئاوهاش *ئینثیمیم* وەک سیلۆگیزم وایە، بەڵام زیاتر ڕەوانبێژییانەترە وەک لەوەی لۆژیکییانە بێت]. هاوتەرییەکان: ئیۆلۆس: مایەڵز کراوفۆرد. ئینسێست: {**ئینسێست**: بە ئینگلی ***incest***، واتە جووتبوون لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا، وەک برا و خوشك و دایک و باوک. وشەکەم خواستووە} [بەو پێیەی ئیۆلۆس شەش کچەکەی خۆی داوە بە شەش کوڕەکەی] ڕۆژنامەگەری. دوورگە سواراوەکە [هۆمیرۆس دوورگەی ئیۆلیا وەها پەسن دەکات: «دوورگەیەکی سواراو {یان سەراوکەوتە} بوو، بە هەموو لاپاڵەکانیدا بە شوورەی مس دەورە درابوو» {مامۆستا حەمەکەریم عارف بە «دووڕگەیەکە لە ناوەندی ئاودا. شورەیەکی بەرزی برونزی بە چواردەورا کێشراوە، هێندە مکوم و قایمە لە ڕوخان نایەت» وەریگێڕاوە – *ئۆدیسە*، لا. ٢٠٩}] ڕۆژنامە {واتە ڕۆژنامە لە *ئولیس*دا دوورگە سواراوەکەی *ئۆدیسە*یە}.

هێڵکارییەکەی لیناتی چەند کەسێتییەک لیست دەکات: «ئیۆلۆس، کوڕەکانی، تیلێماخۆس، مێنۆر، ئولیس (٢)» و ئاماژە بەوە دەدات کە چەمکی ئەڵقەکە «گاڵتەکردنە بە سەرکەوتن». **~گ.س.**

گیفرد دوو جار ئەڵقەی حەوتەمی ڕاڤە کردووە، جارێکیان وەک چۆن هەمیشە دەیکات و لە ئەڵقەکانی پێشوودا پێی ئاشنا بووین، کە ڕاڤەی ئالۆزییەکان و ئاماژە و تیلنیشان و سەرچاوەکان دەکات؛ لە جاری دووەمدا پێکارە ڕەوانبێژییەکانی ئەڵقەکەی ڕاڤە کردووە و ئەم بەشەی لە پاشەکیی پەڕتووکەکەیدا داناوە، پێشەکییەکی بۆی نووسیوە، کە لە پەرەگرافەکانی داهاتوودا دەیخوێنیتەوە، لە شوێنە دیاریکراوەکانیشدا ڕاڤەی پێکارە ڕەوانبێژییەکانی کردووە، من ئەم ڕاڤانەم پێکەوە داناوەتەوە، بەڵام بە پەرەگرافی جیا، لە پەرەگرافێکدا ڕاڤە ئاساییەکەیە، لە پەرەگرافێکی تردا ڕاڤەی پێکارە ڕەوانبێژییەکەیە و هێمای: «ڕ.پ.ڕ.»م بۆی داناوە کە سەرەپیتی *ڕاڤەی پێکاری ڕەوانبێژی*یە و پاشان ڕاڤەی

پێکارەکەم وەرگێڕاوە. ئەوەی لە خوارەوەیە پێشەکیی ڕاڤەی پێکاری ڕەوانبێژیی گیفردە. **~ن.م.**

هونەری ئەڵقەی *ئیۆلۆس* ڕەوانبێژییە، ئەو شێوەیەی بەکارهێنانی زمانناسییە کە جۆیس پێی وا بووە لە دڵی ڕۆژنامەی چالاکەوە هەرە نزیکترینە. *ئیۆلۆس* لەم تیشکۆکردنەیدا بۆ ئەم شێوەی ڕێکخستنی زمانە، کە بە ئاگاییەوە کراوە، دەبێتە دەستپێکێک بۆ شێوازی لاساییکردنەوە و دەمەلاسکێ ئاڵۆزترەکانی ئەڵقەی دوازدەیەم چواردەیەم. دەستنووسەکانی پێشووتری *ئیۆلۆس* لە *ذە لیتڵ ڕیڤیو*دا ئەوەمان پیشان دەدات کە جۆیس لە کاتی پێداچوونەوەکانیدا زۆر پێکاری ڕەوانبێژیی زیاد کردووە، تا بۆی کراوە بە ئەنقەست ئەڵقەکەی سیخناخ کردووە لە گەلێک پێکاری ڕەوانبێژی. ئەوەی بەردەوام بە سەرنجڕاکێشی دەمێنێتەوە تەنها دانانی هەموو پێکارێکی ڕەوانبێژی نییە کە کوینتیلیان {بڕوانە کۆتایی ڕاڤەکە} و ڕەوانبێژە کلاسیکییەکان دەستنیشانیان کردوون، بەڵکو ئەو شێوازەیە کە چۆن ئەم ئامرازانە لە ناو ئەڵقەکەدا گونجێنراون. ڕەگەزدۆزییەکانی لێنێهەن، کەشوفشەکانی پرۆفیسۆر ماکهیو، وتە حەلەقومەلەقە سەرخۆشانەکانی مایەڵز کراوفۆرد، زۆر سەنگینییە وێژەوانییەکەی ستیفن، ئیدیۆمە ناوازەکەی بلووم، هەموویان دەبنە ئینسایکلۆپیدیایەکی پێکارە ڕەوانبێژییەکان. هەروەها وتارەکانی دان داوسن و سەیمۆر بوش و جۆن ئێف تەیلەر لە خۆوە نەهاتوون، {بۆ *دان داوسن* (بڕوانە ٦: ٥١)؛ بۆ *سەیمۆر بوش* (بڕوانە ٦: ١٨٠) بۆ *جۆن تەیلەر* (بڕوانە ٧: ٣٦٩)} بەڵکو نموونەی سێ جۆری هونەری وتاردانن کە ئەریستۆتێلیس لە پەڕتووکی *ڕەوانبێژی*دا دەستنیشانی کردوون، ئەوانیش: *ئێپیدایکتیک* (نمایشکردنی نەریتییانەی وتاردان)، وتاردانی دادگەرییانە، وتاری ڕاوێژکارییانە (وارگێڕی)ن.

من بە هیچ شێوەیەک لیستێکی تەواوم بۆ هەموو ئەو پێکارە ڕەوانبێژییانە دانەناوە کە لە *ئیۆلۆس*دا بە کار هاتوون، بەڵکو تەنها مەودا و گوڕی جۆیسم خستووەتە ڕوو لە پەسن و یادکردنەوە (و ڕووخاندنی؟) هونەری ڕەوانبێژیدا لەم ئەڵقەیە و هەموو *ئولیس*دا.

لەبەرئەوەی پێناسەکانی ئەم شێوانە لە چەندین نموونەی نووسراوەکانی زمانی گریکی و لاتینییەوە پەرەیان پێ دراوە، ئەویش دوای ڕوودانیان، تەنانەت لە ناو ڕەوانبێژە شارەزاکانیشدا نادڵنیایی زۆر هەیە و لەسەر زۆر وردەکاری مشتومڕ هەیە. ئەگەر هەندێک لە پێناسەکان {لە ڕاڤەکانی پێکارە ڕەوانبێژییەکاندا} بە ناپێویست هاتنە بەرچاو، یان

لەگەڵ هەندێک پێناسەی نووسەری تردا ناکۆک بوون، ئەوا زۆر لەبەرئەوە نییە کە دەمەوێت درێژە بە مشتومڕەکان بدەم.
**کوینتیلیان:** مارکۆس فابیوس کوینتیلیان (٣٥-٩٥)، کارە مەزنەکەی ئەو دەربارەی ڕەوانبێژی، کە ناوی *ئینستیتوتیۆ ئۆراتۆریا*یە، کراوە بە میتۆد و ڕێبەری فێرکردنی هونەری وتاردان. **~گ.س.**
[2] **لە ناو... هیبێرنییەکەدا:** هەریەک لە «*بلاکرۆک، کینگستاون (دون لییریی ئێستا) و دالکی، کلەنسکیا، ڕاثگار و تێرنیور، پارکی پاڵمەرستن و ڕاثماینسی سەروو، ساندیماونت گرین، ڕاثماینس، ڕینگسێند و قەڵاکەی ساندیماونت، هارۆڵدس کرۆس، پارکی پاڵمەرستن.*» ناوی هەندێک لەو هێڵی ترامانە بوون کە لای کۆڵەکەکەی نێڵسنەوە دەردەچوون. زۆرێک لە دواوێستگەکانیان نزیک یەک بوون، بۆ نموونە «ساندیماونت گرین و قەڵاکەی ساندیماونت»، بەڵام ترامەکان بە ڕێی جیاوازدا دەڕۆیشتن و بە سیستمێک دەڕۆیشتن کە ساڵی ١٩٠٤ بە سیستمێکی زۆر کارا و چاک و نوێباوی ئەورووپا دادەنرا. **~گ.س.**
جۆیس لە سەرباسی ئەم بەشەدا وشەی *مێترۆپۆلیس metropolis* و *هیبەرنیەنی Hibernian* بە کار هێناوە، *مێترۆپۆلیس* وشەیەکی لێکدراوی گریکییە، بە واتای: *دایکەشار* دێت، ئاوهاش واتە شاری سەرەکی، یان پایتەخت، یان *گەورەشار*؛ *هیبەرنیەن* ئاوەڵناوی ڕێژەییە و لەسەر وشەی *هیبێرنیا Hibernia* ڕۆ نراوە، وشەیەکە لە لاتینییەوە هاتووە، بە لاتینی بە ئایرلاند وتراوە: *هیبێرنیا*، ئاوهاش *هیبێرنیەن* بە کوردی دەبێتە *هیبێرنی*، یان *هیبێرنیایی*؛ کەواتە وەرگێڕانێکی تری ئەم سەرباسە بەم شێوەیە دەبێت: **لە ناو دڵی پایتەختی ئایرلانددا. ~ن.م.**
[3] **کۆڵەکەکەی نێڵسن:** (بڕوانە ٦: ١٠٥). ناوچەی دەوری کۆڵەکەکەی نێڵسن، کە پێی دەوترا *شەقامی ساکڤیل* و ئێستا پێی دەوترێت *شەقامی ئۆکانەڵ*، چەقی دواوێستگە و شوێنی دەرچوونی هەموو ترامەکانی شاری دەبلن بوو، ساڵی ١٩٠٤ گشتیان کارەبایی بوون؛ دواهەمین هێڵی هاتوچۆی ترامەکان لە تەمموزی ساڵی ١٩٤٩ لە کار خرا. **~گ.س.**
[4] **بلاکرۆک، کینگستاون و دالکی:** کۆمەڵگای دەوروبەری شاری دەبلنن لای کەنداوی دەبلنەوە کە کەوتووەتە باشووری خۆرهەڵاتی شاری دەبلن، بلاکرۆک پێنج میل و کینگستاون (*دون لییری*ی ئێستا) شەش میل و دالکی هەشت میل لە ناوەڕاستی دەبلنەوە دوورن. **~گ.س.**

[5] **کلەنسکیا... ڕاثماینسی سەروو:** هەموو ئەم ناوچانە لە ناو شاری دەبلندان و لە بەری باشووری ناوەڕاستی دەبلنن، (دوو تا دوو میل و نیو لە کۆڵەکەکەی نێڵسنەوە دوورن). **~گ.س.**

[6] **ساندیماونت... ساندیماونت:** ڕینگسێند لە باشووری دەمی ڕووباری لیفیدایە، ساندیماونت گرین {باخی ساندیماونت} بە کەمتر لە میلێک لە باشوورییەوە دوورە، قەڵاکەش {کە قەڵای مارتێللۆیە و ئەڵقەی یەکەم لەوێ ڕووی دا} نیو میل لە باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی ساندیماونت گرینەوە دوورە. **~گ.س.**

[7] **هارۆڵدس کرۆس:** لە بەری ئەوپەڕی باشووری گەورەشاری دەبلندایە. **~گ.س.**

[8] **بەشگە... دەبلن:** ناوێکی باو بوو بۆ سێ بەشگە کە لە هەمان نووسینگەدا کاریان دەکرد و لە ژێر دەستەیەکی بەڕێوەبەران و یەک بەڕێوەبەری گشتیدا یەکیان گرتبوو. سێ بەشگەکە ئەمانە بوون: ١. بەشگەی هێڵی ترامە یەکگرتووەکانی دەبلن. سنووردار؛ ٢. بەشگەی هێڵی ترامە یەکگرتووە دەبلنییەکان؛ ٣. بەشگەی هێڵی ترامەکانی ناوچەی باشووری دەبلن. **~گ.س.**

[9] **دەرچۆ، پارکی پاڵمەرستن! - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێکفۆنێسیس* *ecphonesis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *هاوارێکی هۆشداری* دێت، یان بۆ بانگکردن}. **هاواری هۆشداری:** وشەیەک، یان دەستەواژەیەکی هۆشداری یان بانگکردنە. **~گ.س.**

[10] **هەڵگری تاج:** جۆیس ئەم سەرباسەی بە THE WEARER OF THE CROWN داناوە، واتە *ئەوەی تاجەکەی پۆشیوە*، یان *تاجپۆشەکە*؛ لەبەر واتا کردم بە *هەڵگری تاج*. **~ن.م.**

**هەڵگری تاج - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *مێتۆنیمی* *metonymy*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ناوگۆڕکێ* یان *واژەگۆڕکێ* دێت}. **واژەگۆڕکێ:** گۆڕینی نیشانە یان پەیوەندیی شتێکە بە خودی شتەکە خۆی؛ وەک گۆڕینی نامە و نووسراوەکانی شا بە خودی تاجی شا؛ واتە لە بری ئەوەی بوترێت «هەڵگری نامەکانی شا»، دەوترێت «هەڵگری تاج». یان کە لە کوردیدا دەوترێت: «هەولێر لەگەڵ بەغداد کۆ بووەوە» کە لە ڕاستیدا مەبەست لەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا کۆ بووەوە، بەڵام حکومەتەکان بە خودی شوێنەکان گۆڕاون. **~ن.م./گ.س.**

[11] **پۆستەخانەی گشتی**: نووسینگەی پۆستەخانەی گشتی ڕووی لەسەر شەقامی ساکڤیل بوو (شەقامی ئۆکانەڵی ئێستا) لە نێوان شەقامی هێنری و شەقامی پرنسی باکوورە، هەر کەمێک لە باشووری خۆرئاوای کۆڵەکەکەی نێلسنەوە دوور بوو، کە لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا بوو. **~گ.س.**

[12] **ئ. ش.**: سەرەپیتی *ئێدوارد شا* بوو، واتە ئێدواردی حەوتەمی ئینگلتەرا. **~گ.س.**

[13] **کۆگاکانی پرنس**: کۆگایەک بوو بە ناونیشانی ١٣ی شەقامی پرنسی باکوور، لە نیوەی ڕێی نووسینگەی پۆستەخانەی گشتی و نووسینگەی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* و *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف*دا بوو. **~گ.س.**

[14] **واگۆنێکی بار**: **واگۆنی بار**: واگۆنێکە سەرەوەی تەخت و نزمە و بۆ گواستنەوەی شتی قورس بە کار دەهێنرێت. **~گ.س.**

[15] **لەسەر واگۆنی... تلیان کردبوونەوە - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *کیاسموس* *chiasmus*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ڕیزگۆڕکێ* دێت}. **ڕیزگۆڕکێ**: هەڵگەڕاندنەوەی ڕیزبەندیی وشەکانە لە کۆپلەی بەرانبەردا. **~گ.س.**

[16] **موررەیە سوور**: خاڵی جۆیس بووە و ناساوی *جۆن موررەی*ی هەبووە، بڕوانە ئێلمان، لاپەڕە ١٩. **~گ.س.**

جۆن ڤالەنتاین موررەی، پێی وتراوە «ڕێد موررەی» {بە واتای *موررەیە سوور*}، چونکە قژی سوور بووە. ساڵی ١٨٥٦ لە ئیگڵ هاوس لە ڕاوندتاون (تێرنیوری ئێستا) لە دەبلن لە دایک بووە. کوڕی جۆن موررەی و مارگەرێت موررەی (پێش شوو: *فلین*) بووە، لە بنەچەدا خەڵکی کاونتیی لیتریم بوون. جۆن موررەیی باوکی لە ئیگڵ هاوس لە ڕاوندتاون بازرگانی چا و شەراب بووە (ئێستا ئیگڵ هاوس پێی دەوترێت: «ئیگڵ هاوسی ڤۆگن» بە ناونیشانی ١٠٧ی شەقامی تێرنیوری باکوور). موررەی دوو برای هەبووە، ئەوانیش ویلیەم (بڕوانە ٣: ٦٧) و جۆزێف {بڕوانە سەرنجی من لە دامێنی ئەم ڕاڤەیە} بوون، یەک خوشکیشی هەبووە کە ناوی ماری جەین بووە و دایکی جەیمز جۆیس بووە (بڕوانە ١: ٤١). ڕێد موررەی لە بەشی ژمێریاریی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* کاری کردووە. ساڵی ١٨٩١ کچێکی خواستووە ناوی ئەلیزابێث هاریس (١٨٧٤-١٩٣١) بووە، کچی بازرگانێکی گەڕۆک بووە. ساڵی ١٨٩٧ لە شەقامی ڕەیمند ژیاون، لەوسەری شەقامی نیمچەبازنەیی باشوور. ساڵی ١٨٩٤ لە ناونیشانی ٣٧ی شەقامی دارگل لە درەمکۆندرا ژیاون، لەوێ «جۆن موررەیی پیر»ی باوکی مردووە. ساڵی ١٩٠١ لە ناونیشانی ٣٩ی شەقامی درەمکۆندرا ژیاون

که لەو کاتەدا سێ منداڵیان هەبووە: ئەلیزابێث: نۆ ساڵان بووە، ئیزابێلا: حەوت ساڵان بووە و ڤالەنتاین جۆن: تەنها یەک ساڵ بووە. ساڵی ١٩٠٤ گواستوویانەتەوە بۆ ناونیشانی ٥٥ی شەقامی سانت بریجیدی باشوور و ئەو ناوە. ڕێی تێدەچێت کچەکانی ڕێد موررەی نموونەی «کچەکانی موررەی» بن کە هاوڕێی میلین {مۆڵی لە ئەڵقەی هەژدەیەمدا ناویان دەهێنێت}. موررەی تا مردنیش هەر لە بەشی ژمێریاریی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* کاری کردووە، لە ٣٠ی ئایاری ١٩١٠دا لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی سانت بریجیدی باشوور کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

**سەرنج:** پێم وا بێت ڤیڤیەن ئیگۆ کەوتووەتە هەڵەوە: ئێلْمان (لا. ١٩) دەڵێت «ماری جەین موررەی دوو برای هەبووە: ویلیەم و جۆن»؛ ویلیەم لە *ئولیس*دا ڕیچی گولدینگ-ە و خاڵۆژنە سارا ژنیەتی (بڕوانە ٣: ٥٦)، بەڵام کەسێتیی ڕاستینەی سارا ناوی جۆزێفین-ە؛ جۆن-یش لە *ئولیس*دا ناوی «موررەیە سوور»ە؛ بەڵام ئیگۆ دەڵێت: «موررەی دوو برای هەبووە، ئەوانیش ویلیەم و جۆزێف بوون، یەک خوشکیشی هەبووە کە ناوی ماری جەین بووە و دایکی جەیمز جۆیس بووە». پێم وا بێت ئیگۆ هەڵەیە، ئەم جۆزێفەم لە هیچ کوێیەکی تردا نەدیوە، ئەمە جگە لەوەی ئێلْمان زیاتر متمانەی لەسەرە بۆ ناسینی خێزانی جەیمس جۆیس. ڕەنگە جۆزێف-ی لەگەڵ جۆزێفیندا لێ تێکەڵ بووبێت. **~ن.م.**

[17] **ئەلێکساندەر کیز**: لە بەشی «میوەفرۆش و هاوبەشەکانیان» و «لیستی بازرگانەکانی دەبلن و دەوروبەری»دا لە *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*دا ناوی ئەلێکساندەر کیزێک هاتووە بە ناونیشانی ٥-٦ی بۆلسبریدج (لا. ٢٠٦٦). بەڵام کیز لە لیستی «خانەدانان و گەوران و بازرگانان و کارداران و خاوەنی نووسینگە گشتییەکان و هاوبەشەکان»دا ناوی نەهاتووە. هەروەها لە «ڕێبەرینامەی کاونتیی دەبلن»دا (لا. ١٦٣٥) لە بەرانبەر ناونیشانی ٥-٦ی بۆلسبریدج ناوی کیز نەهاتووە، بەڵکو ناوی «برایانی فەیگن، میوەفرۆش و بازرگانی شەراب و مەی» هاتووە. لە «لیستی خانەدانان»دا (لا. ١٨٦٦) «برایانی فەیگن» وەک میوەفرۆش دەستنیشان کراون کە شوێنکارەکانیان لە ناونیشانەکانی ١٠٣-١٠٤ و ٢١٢ی شەقامی گرەیت بریتنن؛ لە «ڕێبەری شەقامەکانی دەبلن»دا (لا. ١٤٣٣) لە بەرانبەر ناونیشانی ١٠٣-١٠٤ی شەقامی گرەیت بریتندا نووسراوە: «برایانی فەیگن، بازرگانی خێزانی و بازرگانی شەراب، "شێرە شینەکە"... بێرنارد پی فەیگن» و لە لاپەڕە ١٤٣٤دا لە ناونیشانی ٢٠٢ی شەقامی گرەیت بریتندا نووسراوە: «برایانی فەیگن، میوەفرۆش و بازرگانی شەراب و مەی؛ جەیمز جەی فەیگن». ئەمانە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە کەسێتیی

کیزە ڕاستینەکە بەڕێوەبەری لقی برایانی فەیگنی بۆلسبریدج بووە؛ وێژەی خەیاڵکرد وای کردووە ئەلێکساندەر کیز ببێت بە خاوەنی بەشگەکە، هەروەها بە خاوەنی «ماڵەکەی کیلکەنی»ی بەشگەکەش، کە دواتر بلووم هەر لەم ئەڵقەیەدا ناوی دەهێنێت. ئادامس لە لاپەڕە ١٧٤ی پەڕتووکەکەی خۆیدا، (*ڕووکەش و هێما*، دانانی ڕۆبێرت ئێم ئادامس، نیو یۆرک ١٩٦٢) تێبینیی ئەوە دەدات کە «کیز یەکێک بووە لە ئەندامانی سوێندخۆرەکانی دادگاییەکەی چایەڵدس» (بڕوانە ٦: ١٧٩)، بەڵام جۆیس لە *ئولیس*دا ئەم زانیارییە بە کار ناهێنێت. ~**گ.س.**

ئەلێکساندەر کیز ساڵی ١٨٥٣ لە کاونتیی دەبلن لە دایک بووە، وا تۆمار کراوە کە ساڵی ١٨٩٤ فرۆشیاری میوە و مەی بووە و شوێنکارەکەی لە ناونیشانی ١٢٨ی شەقامی کەیپڵ بووە. لەو کاتەدا ماڵی لە خانووی ژمارە ١٢٨ی شەقامی درەمکۆندرای باشوور بووە. جەیمز کاسیدی بووەتە خاوەنی نوێی شوێنی کارەکەی و لێگەڕاوە ئەلێکساندەر کیز لە شەقامی وێربورگ لەگەڵ تۆم کونیام کار بکات. لە ٢ی ئەیلوولی ١٨٩٩دا تۆماس چایەڵدس، دانیشتووی ٥ی ڕیزەماڵەکانی بەنگال کوژرا، ساموئێل چایەڵدسی برای دەستگیر کرا و بە تۆمەتی کوشتنی براکەی دادگایی کرا، ئەلێکساندەر کیز لە لیژنەی سوێندخۆرەکاندا بوو. جەیمز جۆیس لە بالکۆنەکەی دادگادا دانیشتبوو و هەندێک تێبینیی نووسیبووەوە و دواجار هەندێکیانی لە *ئولیس*دا بە کار هێنا، بەڵام ئاماژە بەو ڕاستییە نادات کە ئەلێکساندەر کیز لە لیژنەی سوێندخۆرەکاندا بووە. پاشان کیز لە بۆلسبریدج باڕ و چێشتخانەیەکی کردەوە و وا تۆمار کراوە کە بازرگانی شەراب و مەی بووە بە ناونیشانی ٥-٦ی بۆلسبریدج. ساڵی ١٩١١ وا تۆمار کراوە کە بازرگانی گەڕۆک بووە، ئەو کاتە لەگەڵ ماری جۆزێفینی ژنی و ئانیی کچی و ئەلێکساندەری کوڕی (کە کۆکەرەوەی کرێ و دەڵاڵی خانووبەرە بووە) لە خانووی ژمارە ٣٦ی شەقامی بێلگرەیڤ لە ڕاثماینس ژیاون. لە ١٥ی ئاداری ١٩٣١دا لە خانووی ژمارە ٦ی شەقامی ڕەگبی لە ڕانێلا لە دەبلن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. ~**ڤ.یێ.**

**سەرنج:** (بڕوانە ٦: ١٧٩)، لەو ڕاڤەیەدا گیفرد دەڵێت کە تۆماس چایەڵدس لە ٢ی ئەیلوولی ١٨٩٨دا کوژراوە و براکەی ساڵی ١٨٩٩ دادگایی کراوە. بەڵام ڤیڤیەن ئیگۆ، لەوانەیە بە هەڵە بێت، دەڵێت کە لە ٢ی ئەیلوولی ١٨٩٩دا کوژراوە. ~**ن.م.**

[18] **نووسینگەی تەلەگراف**: نووسینگەی ڕۆژنامەی *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف* (ڕۆژانەی ئێواران) لەگەڵ نووسینگەی *فریمانس جۆرنەڵ ئاند ناشناڵ پرێس*دا (ڕۆژانەی بەیانیان) لە یەک

باڵەخانەی گەورە و فراواندا بوون، هەردووکیان هەمان خاوەنیان هەبوو، کە بەشگەی (فریمانس جۆرنەڵ. سنووردار) بوو، هەروەها حەفتەنامەی *فریمان ئاند ناشناڵ پرێس* و *سپۆرت نیوز* و *سپۆرت*یشیان بڵاو دەکردەوە. **~گ.س.**

[19] **ڕەتلێئێدج**: ئێلمان (لا. ٢٨٩) دەڵێت کە ڕەتلێئێدج «پارەوانی ڕۆژنامەکە بووە»؛ ئادامس (لا. ٢١٦) دەڵێت کە «بەڕێوەبەری بەشی ڕیکلام بووە». بە لێکدانی هەردووکیان دەکرێت بەڕێوەبەری بەشی کاری بەشگەی فریمانس جۆرنەڵی سنووردار بووبێت. **~گ.س.**

ویڵسن ئۆرمسبی ڕەتلێئێدج (١٨٥٣-١٩١٨) لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٨٥٣ لە کاونتیی مەیۆ لە دایک بووە. کوڕە گەورەی ویلیەم ڕەتلێئێدجی بالیهۆولیی کلێرمۆریس بووە، دایکی ناوی ئەلیزابێث (پێش شوو: *گرەی*) بووە، خوشکی جۆن گرەیی دامەزرێنەری *فریمانس جۆرنەڵ* بووە. هەر دوو خێزانی گرەی و ڕەتلێئێدج دوو خێزانی ناوداری خاوەنزەوی بوون. ڕەتلێئێدج دینی خۆی گۆڕیوە بۆ کاسۆلیک و ئانی ئێم جەی ماڕتنی خواستووە، کە کچە گەورەی جۆن مارتنی «هیومڤیل»ی ڕاثماینس بووە، پێشتر لە ئێنیسکۆرثی بوون لە کاونتیی وێکسفرد. زەماوەندەکەیان لە ٨ی ئابی ١٨٨٥ لە کڵێسای خانمی پەناگامان لە ڕاثماینس ساز داوە و قەشە ئێم ئەی کانن فریکەر جێبەجێی کردووە. نۆ ساڵ پێکەوە هاوسەر بوون و سێ کوڕ و شەش کچیان بووە. لە چەند ناونیشانێکی جیاوازی ناوچەی ڕاثگار و ڕاثماینسدا ژیاون، لەوانە: ٢٩ی شەقامی لەینستەری خۆرئاوا (١٨٨٩-٩)، ١٨ی شەقامی ستامەر (١٨٩٠-١٨٩١)، ٢٥ی شاڕێی گارڤیل (١٨٩٣-١٨٩٥). ئەمە ئەو خانووە بووە کە لە ئەیلوولی ١٨٩٤دا ئان ڕەتلێئێدج تیایدا کۆچی دوایی کردووە. خێزانی ڕەتلێئێدج ساڵی ١٨٩٣ ناونیشانێکی تریشیان هەبووە کە ١ی کۆستەی مارتێللۆ بووە لە برەی، کە ماڵی جۆیس لە (١٨٨٧-١٨٩١) لەوێ ژیاون. دواتر ماڵی ڕەتلێئێدج گواستوویانەتەوە بۆ ٦٥ی شەقامی مۆین لە ڕانەلاخ و دواتریش بۆ ١٢ی ڕاثماینس، کە ئێستا شەقامی ڕاثماینسی سەرووە. ڕەتلێئێدج وەک «پارەوانی ڕۆژنامە» و «بەڕێوەبەری ڕیکلامکردن» باس کراوە و بە هۆی پەیوەندییەکەیەوە لەگەڵ خێزانی گرەیدا پێگەیەکی بەرزی لە *فریمانس جۆرنەڵ*دا هەبووە. ویڵسن ڕەتلێئێدج لە ٢٣ی ئاداری ١٩١٨ مردووە. ناونیشانەکەی لە ڕۆژی مردنەکەیدا بە «هایفیلد»، باساله، نیو پۆرت، کاونتیی مەیۆ تۆمار کراوە. لە گۆڕستانی گلاسنێڤن لە شەقامی فینگلەس لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[20] **دەیڤی ستیفنس**: کەسێتییەکی بەناوبانگی شاری دەبلن بووە و خۆی وەک «پاشای ڕۆژنامەفرۆشەکان» ناساندووە و بە «سێر دەیڤی ستیفنس» بانگ کراوە. لە کینگستاون

(*دون لییری*ی ئێستا) کووخێکی ڕۆژنامەفرۆشتنی هەبووە و ببوو بە فرۆشیاری خۆسەپێنی ڕۆژنامە بە گەشتیارانی بەلەم و کەشتییەکان. کەسێکی خۆشدوو و قسەلەڕوو بووە و چەند سەربردەیەک لە بارەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خۆشی ئەو و شا ئێدواردی حەوتەمی ئینگلتەرا بڵاو ببوونەوە، کە گوایە ئەو کاتە ڕوویان داوە کە ساڵی ١٩٠٣ شا ئێدوارد سەردانی ئایرلاندی کردبوو، ئەم سەربردەیە وای کردبوو ستیفنس ناسناوی «نامەبەری شا» پەیدا بکات. **~گ.س.**

دەیڤی ستیفنس (١٨٤٥-١٩٢٥)، یان *سێر دەیڤی*، کە وەها ناسراوە، کەسێتییەکی دەبلنی سەردەمی خۆی بووە. بە «شازادەی ڕۆژنامەفرۆشان» بەناوبانگ بووە، لە تەمەنی شەش ساڵانەوە کاری کردووە و بۆ یارمەتیدانی دایکە بێوەژنەکەی ڕۆژنامەی *ساوندەرس نیوسلەتەری* فرۆشتووە. شەست ساڵ لای پلیکانەکانی وێستگەی شەمەندەفەری کینگستاونەوە (*دون لیێری*ی ئێستا) کاری کردووە، بە تەنگ کەشتییەکانەوە چووە و ڕۆژنامەی بە گەشتیارەکانی کەشتیی نامەکان فرۆشتووە، لەوانە: شا و کەسوکاری و جێنشینی شا و سەرۆکوەزیرەکانیشی تێدا بوون. دەیڤی ستیفنس ساڵی ١٩١١ لە ناونیشانی ٣٣ی شەقامی جۆرجی سەروو ژیاوە لە کینگستاون، کە لەوێ شوێنکارێکی پەڕاوگەی بە ڕێوە بردووە. لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٢٥دا لە ناونیشانی ٥ی باڵەخانەکانی ئەنگلێسیا لە دون لیێری مردووە و لە گۆڕستانی دینسگرەینج لە دینسگرەینج لە کاونتیی دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[21] **مقەست و لکاندنەوە**: {یان دەشێت بە «بڕین و پێوەنانەوە»ش وەربگێڕڕێت} ئەم دەستەواژە کلێشەییە، کە دەستکاری دەردەخات، تیلنیشانێکە بە ڕۆژنامەیەک بە هەمان ناونیشان کە ئارثەر گریفیثی نیشتمانخواز دەریدەکرد (بڕوانە ٣: ١٨٠). ڕۆژنامەکە لە پارچەی بڕاوی ڕۆژنامەی جیاجیا پێکهاتبوو و بە تەوسەوە لەسەر هەواڵەکان دەدووان، لە هەمان کاتدا خۆیان لە سانسۆریش بە دوور دەگرت. بە شێوەی خۆی و بە هەمان هەناسە، جۆیس بە هەمان شێوە بەردەوام دەبێت. **~ژ.ئ.**

[22] **ویلیەم... ساندیماونت**: ویلیەم هێنری برەیدن (١٨٦٥-١٩٣٣) پارێزەرێکی ئایر بوو، ساڵی ١٨٩٢ تا ١٩١٦ سەرنووسەری ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* بوو. ماڵیان لە ئۆکلندس بوو لەسەر شاڕێی سێرپنتین لە ساندیماونت. **~گ.س.**

ویلیەم هێنری برەیدن کوڕی ویلیەم ئێچ برەیدن بووە و دایکی ناوی ئەلیزابێث (پێش شوو: *ویندرەم*) بووە. لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٨٦٥ لە کاونتیی ئارما لە دایک بووە، لە قوتابخانەی

پاشایی ئاڕما و زانکۆی کۆلێجی دەبلن خوێندوویەتی. ساڵی ١٨٨٥ تا ١٨٨٧ لە ئەنجوومەنی نوێنەران ڕاپۆرتسازی پەرلەمانی بوو. ساڵانی ١٨٩٠-١٨٩٢ سەرنووسەری *ناشناڵ پرێس*ی دەبلن بوو، کە دواتر بوو بە *فریمانس جۆرنەڵ* و برەیدن هەر لەو کاتەوە تا ساڵی ١٩١٦ لە پلەی سەرنووسەری ڕۆژنامەکەدا مایەوە، ئەو کاتە ڕۆژنامەکەی بە جێ هێشت کە باڵەخانەی *فریمانس جۆرنەڵ* لە مایسی ١٩١٦دا تەواو ڕووخێنرا. بە ڕۆژنامەنووسێکی لێهاتوو و بلیمەت ناسرابوو. ساڵی ١٩١٦ لە هەنبەر خزمەتەکانیدا لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا، خەڵاتی OBE (نیشانی فەرمیی ئیمپراتۆرێتیی بەریتانی)ی پێ بەخشرا. پەیامنێری دەبلنی ئەسۆشیەتد پرێسی ئەمەریکا و *شیکاگۆ دەیلی نیوز* بوو. لە خانووی ژمارە ٥٧ی ئۆکلند لە شاڕێی سێرپنتین لە ساندیماونت ژیاوە، دواتر چووەتە ٨ی کۆستەی دەنکارین لە برەی، لە کاونتیی ویکلۆ. ئەم پەڕتووکانەی نووسیوە: *دادگا کۆمارییەکانی ئایرلاند* (١٩٢٠)؛ *وڵاتی ئازادی ئایرلاند: ئامارێکی دەزگا تازە بونیادنراوەکانی خەڵکی ئایری خۆبەڕێوەبەر، لەگەڵ ڕاپۆرتێکی ئۆڵستەر* (١٩٢٥)؛ *گەشت بۆ تەندروستی و خۆشی بە هێڵی شەمەندەفەری گرەیت ساوثێرن* (١٩٣٥). لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٣ لە ماڵی خۆی لە برەی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی سانت پەترۆس لە لیتڵ برەی لە کاونتیی ویکلۆ نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[23] **دەموچاوێکی... لێی خوڕی - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت **واژەگۆڕکێ**: گۆڕینی نیشانە یان پەیوەندیی شتێکە بە خودی شتەکە خۆی، لێرەدا: دەموچاوە بەڕیشچوارچێوەدراوەکە ویلیەم برەیدنە. هەروەها هۆ و بەرهۆکەش ئاڵوگۆڕ کراون، لە بری ئەوەی بڵێت: «ویلیەم برەیدن چەترەکەی لێخوڕی»، دەڵێت چەترەکە لێی خوڕی» واتە چەترەکە ویلیەم برەیدنی لێخوڕی (بڕوانە بەشی ڕاڤەی پێکارە وێژەییەکەی ٧: ١٠). **~س.ت.م.١**

[24] **هەموو... ملیدایە - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *دیاسیرم diasyrm*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *بێڕێزی* دێت}. **بێڕێزی**: گاڵتەکردن یان ناشیرین-پیشاندانی شت یان کەسێکە. **~گ.س.**

[25] **قەدی... مل - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێپیمۆنی epimone*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *کۆڵنەدان* دێت}. **کۆڵنەدان**: پێداگرییە لە چەندبارەکردنەوەی هەمان وشە، یان دەستەواژە. **~گ.س.**

[26] **ڕزگارکەرەکەمان... مەرسا**: «ڕزگارکەرەکەمان» عیسایە (بڕوانە ٥: ١٢٨). **~گ.س.**

[27] **ماریۆی تینۆر:** بۆ *تینۆر* (بڕوانە ٣: ٩٢). جۆڤانی ماتتییۆ ماریۆ، کاڤالییڕێ دی کاندیا (١٨١٠-١٨٨٣) گۆرانیبێژێکی چینی تینۆری ئیتالی بوو، ساڵی ١٨٧١ بۆ دواهەمین جار لەسەر سەکۆی شانۆ دەرکەوت، (ئەو کاتە بلووم پێنج ساڵ بووە). **~گ.س.**

[28] **بە دۆبلێت... تەشییەوە:** *دۆبلێت* چاکەتێکی پیاوانەی کۆن بووە (بڕوانە ٣: ٢٥٤). جۆیس وا دیارە وشەی *سپیندڵ spindle* بە واتای *تەشی*ی بۆ پەسنی قاچ بە کار هێناوە و لێرەدا پەسنی *عیسامارێۆ*ی پێ دەکات، کە تیلنیشانە بە ویلیەم برەیدنی قەڵەو. جۆیس جارێکی تریش ئەم وشەیەی بە کار هێناوە، ئەویش لە دەربڕینی *spindle side*دا، کە لە ئەڵقەی دووەمدا میستەر دیسی بە ستیفن دەڵێت: «منیش خوێنی یاخیبوونم تێدایە. لە دایکمەوە»؛ ئەو دەستەواژەیەی بە «لە دایکمەوە» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا دەستەواژەی ناوبردە بوو، بە واتای ڕاستەوخۆ بێت، واتە «لە بەری تەشییەوە»، دکتۆر هەنت دەڵێت بۆیە *تەشی* لە بری *ژن/دایک* بە کار هاتووە، چونکە لە کۆنەوە ڕستنی تەشی بە کاری ژن دانراوە، بۆیە کە دەڵێیت: «لە بەری تەشییەوە» واتە *لە بەری دایکمەوە*. دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا بەم شێوەیە وەریگێڕاوە: «بە کراسێکی تەسک و قاچی باریکەوە» کە ئەگەر بە گوێرەی ئەم لێکدانەوەیە بێت، پێم وایە نەیپێکاوە. **~ن.م.**

[29] **دەست لەسەر دڵی - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێلیپسیس ellipsis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لابردن* دێت}. **واژەسڕینەوە:** لابردنی ئەنقەستی وشە یان چەند وشەیەکە، کە بەستێنەکە دەتوانێت پڕی بکاتەوە. لێرەدا دەبوو بڵێت: «دەست[ی] لەسەر دڵی» بەڵام ئەو جێناوە لابراوە. **~ن.م./گ.س.**

[30] **لە مەرسادا** : **مەرسا:** ئۆپێرایەکە لە پێنج پەردەدا، فرایدریش ڤۆن فلۆتۆڤ (١٨١٢-١٨٨٣)، کە موزیکدانەرێکی ئەڵمانییە، موزیکەکەی داناوە و ساڵی ١٨٤٧ بڵاو کراوەتەوە. گرێچنەکەی بەم شێوەیەیە: پەردەی یەکەم: خاتوو هاریەت دورهام، کە بەربووکی شا ئانی ئینگلتەرایە، خۆی دەگۆڕێت و خۆی دەکات بە *مەرسا*، کە کچێکی خزمەتکارە، لەگەڵ خزمەتکارەکەی خۆیدا، کە ناوی *نانسی*یە و ئەویش هەر شێوەی خۆی گۆڕیوە، دەچن بۆ بازاڕی ڕیچمند بۆ ئەوەی بۆ چەند ساتێک لە ژیانی ماندووکەری کۆشک دوور بکەونەوە. پەردەی دووەم: مەرسا و نانسی لە بازاڕ لیۆنێل و پلەنکێت دەناسن، دوو جووتیاری خواپێداون و هاتوون بۆ بازاڕ تا دوو خزمەتکاریان دەست بکەوێت و لای خۆیان بۆ کار دایانبمەزرێنن. مەرسا و نانسی نەزانانە خۆیان وەک خزمەتکاریان دەخەنە ژێر باری گرێبەستێکی پابەندکەرەوە. پەردەی سێیەم: لە ماڵی جووتیارەکان لە نێوان خۆشەویستی

و کاردا سەریان لێ شێواوە، پلەنکێت و نانسی گەرموگوڕن، بەڵام پەیوەندییەکەی لیۆنێل و مەرسا جێی بەزەییە و سرووشتی پەیوەندییەکەیان لە گۆرانیی *ئەوە دواهەمین گوڵی هاوینە - 'Tis the last rose of summer*دا دەردەکەوێت، کە مەرسا دەیبێژێت. پاشان کچەکان هەڵدێنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ کۆشک. پەردەی چوارەم: لیۆنێل بە تەواوی شێوەن دەگێڕێت و گۆرانیی *ماپاری – M'appari* دەبێژێت (بڕوانە گۆرانییەکەی سایمن دێدالۆس لە ئەڵقەی یازدەدا) بە ڕێکەوت لیۆنێل و پلەنکێت خاتوو هاریەت و نانسی دەبینن لە بەرگی کەشخەیی ئەربابییاندا. کچەکان دیسان هەڵدێن. پەردەی پێنجەم: لیۆنێل لە داخدا ئاوەزی لە دەست داوە و تەنانەت کە دەشکرێت بە (!) ئێرلی دێربی و خاتوو هاریەتیش سەردانی دەکات هەر کاردانەوەی نابێت. نانسی و پلەنکێت نەخشەی گەڕانەوەیەکی نوێ بۆ بازاڕی ڕیچمند دادەنێن و دیسان خۆیان دەگۆڕنەوە و دەچنەوە بۆ بازاڕ، لەوێ لیۆنێل مەرساکەی خۆی دەبینێتەوە و ئاوەزی بۆ دەگەڕێتەوە و دواتریش هاوسەرگیری دەکەن و کۆتاییەکی خۆشیان دەبێت. **~گ.س.**

**سەرنج:** ئەو نیشانەی سەرسووڕمانەی خراوەتە نێوان دوو کەوانەوە، لە دەقەکەی گیفردیشدا هەر وایە و نازانم بۆچی وا کراوە، بۆیە وەک خۆی دامناوەتەوە. **~ن.م.**

[31] **وەرە... بەوەجەکەم!:** لە شیوەنەکەی لیۆنێلەوە هێنراوە کە لە پەردەی چوارەمی *مەرسا*دا دەیگێڕێت {بڕوانە ڕاڤەی پێشوو}، لە سەدەی نۆزدەدا ئازادانە {بۆ ئینگلی} وەرگێڕرابوو و ببوو بە گۆرانییەکی باو. {کە دەڵێت: «ئازادانە وەرگێڕرابوو» واتە دەقە وەرگێڕراوە ئینگلییەکە وابەستی دەقە ماکەکە نەببوو و لە ئینگلییەکەدا دەقێکی نوێ لەسەر ئاوازی گۆرانییەکە داڕێژرابووەوە. دەقی وەرگێڕراوە کوردییەکەی وەرگێڕراوە ئازادە ئینگلییەکە} بەم شێوەیەیە:

بۆ تاتایە لە دەستم چوو، خۆشم دەوێی!
وەکو خەونێکی خۆش وا بوو،
چەند خێرا هات، هێند خێراش ڕۆیشت.
هەر بۆ تۆیە بە تاسوخم!
وەرە ئەی لەدەستچووەکەم،
وەرە تۆ ئەی بەوەجەکەم،
ئەو دڵخۆشییە بێنەوە کە منت پێی ئاشنا کرد؛
وەرە ئەی لەدەستچووەکەم،

وەرە تۆ ئەی بەوەجەکەم،
دەبێ تاتایە هی من بی. **~گ.س.**

**وەرە ئە-ەی... تۆ-ۆ - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *دیایرێسیس diaeresis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *دابەشکردن* دێت}. **دابەشکردن:** ١. بەشکردنی یەک بڕگەیە و کردنیەتی بە دوو بڕگە، وەک «ئەی» بە «ئە-ەی»، «تۆ» بە «تۆ-ۆ»؛ ٢. لە دێڕی هۆنراوەدا ئەو دابەشکردنەیە کە دەخرێتە ڕیز، یان کۆپلەیەکەوە کە کۆتایی پێ و کۆتایی وشەکە هاوکات دەبن؛ ٣. ئەو هێمایەیە کە دابەشکردنی بڕگەیەک بۆ دوو بڕگە دەستنیشان دەکات، دەخرێتە پێش دووەم ڤاوڵەوە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە دەبێت بە جیا دەرببڕێن. **~گ.س.**

[32] **داروەکازەکە و پێنووسەکە: داروەکاز:** (بڕوانە ١: ١٩٦). **~ن.م.**

**داروەکازەکە و پێنووسەکە - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *مێتۆنیمی metonymy*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ناوگۆڕکێ* یان *واژەگۆڕکێ* دێت}. **واژەگۆڕکێ:** گۆڕینی نیشانە یان پەیوەندیی شتێکە بە خودی شتەکە خۆی، یان لێرەدا بە خودی کەسەکە: *داروەکازەکە* ئوسقوفی مەتڕان و کڵێسایە؛ *پێنووسەکە*ش سەرنووسەر و ڕۆژنامەگەرییە (بڕوانە بەشی ڕاڤەی پێکارە وێژەییەکەی ٧: ١٠). **~ن.م./گ.س.**

[33] **خاوەنشکۆیان... تەلەفۆنیان کردووە:** جەنابی بەڕێز ویلیەم جەی واڵش (١٨٤١-١٩٢١)، ئوسقوفی مەتڕانی دەبلن (ئەگەرنا، دەشێت «جەنابی خاوەنشکۆیان» لە زمانی ناوخۆی فەرمانبەرەکاندا مەبەست لە سەرنووسەر بێت، یان بڵاوکارەکە بێت کە تۆماس سێکستن بووە). ئێلمان (لا. ٢٨٨) دەڵێت کە سێکستن، پارنێلییەکی سەرسەخت بووە و کە ئوسقوفی مەتڕانی دەبلن لە کاتی هەرای تەڵاقەکەی خاتوو ئۆشێدا سەرکۆنەی پارنێلی کرد، سێکستن لەگەڵ واڵشدا درێژەی بە دوژمنایەتییەکی بەردەوام داوە. ڕۆژنامەکانی سێکستن (*فریمانس جۆرنەڵ* و *دە ئیڤنینگ تەلەگراف*) چالاکییەکانی واڵشی ئوسقوفی مەتڕانی دەبلنیان کەم دەنرخاند و چالاکییەکانی مایکڵ کاردیناڵ لۆگ (١٨٤٠-١٩٢٤)یان بەرز دەنرخاند، کە ئوسقوفی مەتڕانی ئارما بوو (بڕوانە ١: ١٤٥). **~گ.س.**

[34] **تەماشای... دیار نەمان – (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەسیندێتۆن asyndeton*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *نەبەستنەوە* دێت}. **نەبەستنەوە:** لابردنی ئەنقەستی ئامرازی پەیوەندییە؛ لە بری ئەوەی بڵێت: «تەماشای ئەژنۆ و لاق و پووتەکانیان کرد کە دیار نەمان» دەڵێت: «تەماشای ئەژنۆ، لاق، پووتەکانیان کرد دیار نەمان». **~ن.م./گ.س.**

[35] **مل – (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *سینێکدوکی synecdoche*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پێکەوەگرتن* یان *لەبردانان* دێت}. **لەبردانان**: بەکارهێنانی زاراوەیەکی فراوانترە لە بری زاراوەیەکی کەمفراوان، یان بە پێچەوانەوە – وەک دانانی گشت لە بری بەش، یان بەش لە بری گشت. لێرەدا ملەکە لە بری تەواوی پیاوەکە دانراوە، ئەویش بە هۆی پلارەکەی سایمن دێدالۆسەوە. **~گ.س.**

[36] **بەڵام... ڕزگار دەکات**: ڕوخساری ویلیەم برەیدن لە ڕوخساری عیسای مەسیح دەچێت، کە «ڕزگارکەر»ی شوێنکەوتووەکانیەتی. لێرەدا بلووم مەبەستی لە ویلیەم برەیدنە کە ئایا بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە ڕزگار دەکات؟ **~ن.م.**

[37] **نانێتتی**: جۆزێف پاتریک نانێتتی (١٨٥١-١٩١٥)، وارگێڕ و وەستایەکی چاپسازی ئایری-ئیتالی بوو، ساڵی ١٩٠٠-١٩٠٦ ئەندامی کۆمەڵەی کۆلێجەکانی دەبلن بوو، ئاوهاش «ئەندامی ناوچەی کۆلێج گرین» بووە، هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی دەبلن بووە و ساڵی ١٩٠٦-١٩٠٧ سەرۆکی شارەوانیی دەبلن بووە. بە گوێرەی *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف*، لە کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا نانێتتی لە پەرلەماندا لە بارەی قەدەغەکردنی یاریی ئایریی ناو پارکی فینیکسەوە پرسیاری کردووە. جۆیس ئەم ڕووداوە دەگوێزێتەوە بۆ ڕۆژی دواتر. **~گ.س.**

جۆزێف پاتریک نانێتتی (١٨٥١-١٩١٥) لە شەقامی گرەیت برونسویک (پییەرسی ئێستا) لە دەبلن لە دایک بووە. باوکی ناوی جۆزێف نانێتتی بووە، پەیکەرتاش و کۆڵینکەر بووە و لە شەقامی چەرچ شوێنکاری هەبووە، ساڵی ١٨٤٣ گواستوویانەتەوە بۆ ناونیشانی ٦ی شەقامی گرەیت برونسویک. خێزانی نانێتتییەکان لە بنەچەدا خەڵکی ناپۆلی بوون لە ئیتالیا، لە ١٨٣٠یەکانەوە تۆماری نیشتەجێبوونیان لە دەبلن هەیە. نانێتتی لە قوتابخانەی ڕەبەنگای شەقامی باگۆت و لە قوتابخانەی برایانی مەسیحیی ئۆکانەڵ لە شەقامی ڕیچمندی سەروو خوێندوویەتی. لە لیڤەرپووڵ وەک شاگرد دەستی بە کاری چاپکردن کردووە، یەکێک بووە لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی ڕێکخراوی حوکمی سەربەخۆیی لەو شارە. کە گەڕاوەتەوە لە *فریمانس جۆرنەڵ* بووە بە سەروەستای چاپساز. نانێتتی ساڵی ١٨٩٨ وەک نوێنەری ڕۆتوندا وارد بە ئەندامی ئەنجوومەنی شاری دەبلن هەڵبژێرراوە. ساڵی ١٩٠٠ وەک نوێنەری کۆلێج گرینی دەبلن بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێرراوە، نوێنەرایەتیی پارتی پەرلەمانیی ئایری کردووە. تا مردنیشی لە ساڵی ١٩١٥ ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی بووە. یەکێک بووە لە چالاکەکانی بواری

یەکخستنی بازرگانی و دواتریش بووە بە سکرتێر و دواتریش بووە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی بازرگانیی دەبلن. دوو خول، واتە لە ١٩٠٦-١٩٠٧ و ١٩٠٧-١٩٠٨ سەرۆکی شارەوانیی دەبلن بووە. ساڵی ١٩٠٨ کراوە بە دادگەری ئاسایش و کراوە بە ئەندامی کۆمیتەی گۆڕستانەکانی گلاسنێڤن. ژنەکەی ناوی ماری (پێش شوو: *ئیگن*) بووە و پێکەوە لە ١٨٨٦-١٨٩٣ لە ٢٤ی شەقامی میدڵ گاردنەر ژیاون؛ لە ١٨٩٤-١٩٠٤ لە ١٨-١٩ی شەقامی هاردویک ژیاون؛ لە ١٩٠٥-١٩٠٨ لە ١ی کۆستەی یوڤێرنا لە فینگلەس ژیاون؛ لە ١٩٠٩-١٩١٣ لە ٢ی ڤیلاکانی سانت ئان لە دۆلیماونت ژیاون. دوا ناونیشانیان ٤٧ی شەقامی وایتوۆرث بووە لە درەمکۆندرا، لە ٢٦ی نیسانی ١٩١٥دا لەوێ کۆچی دوایی کردووە. لە گۆڕستانی گلاسنێڤن لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

**دادگەری ئاسایش**: بە ئینگلی *Justice of the Peace*: لە بەریتانیا کەسێکە کە خۆی پارێزەر نییە، بەڵام دەتوانێت لە دادگای تاوانی ناوچەییدا وەک دادوەر کار بکات. **~ن.م.**

[38] **ڕۆڵەی شەقەشەقکەر**: دەنگە دەرکراوەکان دەنگی «خوانی پاشایی» و «بای بلوێرژەنی دەوری حەوش»ی ڕۆژانەی کۆشکی ئیۆلۆسی ناو *ئۆدیسە*مان بیر دەخاتەوە:

ئیۆلۆس لە ماڵی خۆیدا دوازدە منداڵی خۆی هەبوو،
شەش کچ و شەش کوڕی بەگوڕ،
کچەکانی وەکو هاوسەر دابوو بە کوڕەکانی خۆی؛
ئەو شازادە سەروەرانەش لەگەڵ دایک و بابی خۆیان
هەموو ڕۆژێک لەسەر خوانێکی پاشایی ڕایاندەبوارد،
لەگەڵ دووکەڵی قوربانی و
بای بلوێرژەنی دەوری حەوش، حەوشی هوڵۆڵ؛
هەموو شەویش لەسەر پێخەفی ڕازاوە لە پەنا بووکی خۆیاندا لێی دەنووستن.

(ئۆدیسە ١٠: ٦-١٣ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}) **~گ.س.**

[39] **زمانحاڵ**: لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت *ئۆرگان organ*، مەبەست لە ڕۆژنامەیەکی زمانحاڵە؛ بە سوپاسەوە، دوای ڕاوێژ بە دکتۆر بەختیار سەجادی، کردم بە *زمانحاڵ*. **~ن.م.**

[40] **سەرسامی... دەبوو**: وا دیارە سەری نانێتتییە، چونکە بە گوێرەی وێنەکانی بێت پیاوێکی نیمچە کەچەڵە. **~ن.م.**

[41] **ئایرلاند وڵاتی من**: یەکێک لەو پرسانەی زووزوو لە ستوونەکانی ڕۆژنامەکەی ئارثەر گریفیثدا تاووتوێ دەکرا، کە ڕۆژنامەی *یونایتد ئایرشمان* بوو و ساڵی ١٩٠١ دامەزرابوو،

پرسی ئەوە بوو کە دەبێت بە کێ بوترێت «ئایر»؟ پاکخوازەکان دەیانوت کە «تەنها گیلییەکان ئایری ڕاستینەن»؛ بەڵام لیبراڵەکان دەستەواژەکەی تۆماس ئۆزبۆرن دەیڤسیان دووپات دەکردەوە کە «هەر لەدایکبووێکی ئایرلاند» ئایرە و دەبێت وەک ئایر تەماشا بکرێت. سەیرە کە زۆرێک لە پاکخوازەکان ئایربوونی زۆر کەسی ناوداریان ڕەت دەکردەوە کە لە ئایرلاند لە دایک ببوون، لەوانە یۆناتان سویفت (١٦٦٧-١٧٤٥)، جۆزێف تۆماس شێریدن لو فانو (١٨١٤-١٨٧٣)، ڕیچارد ئۆسولیڤان بورک (١٨٣٨-١٩٢٢)، هێنری گرەتان (١٧٤٦-١٨٢٠) و ئەندامەکانی پەرلەمانەکەی، تیۆباڵد وەلف تەون (١٧٦٣-١٧٩٨) و زۆربەی ئایرە یەکگرتووەکان (یونایتد ئایرشمانەکان)، پارنێڵ (١٨٤٦-١٨٩١)، یەیتس (١٨٦٥-١٩٣٩)، جۆن میلینگتن سینگ (١٨٧١-١٩٠٩)، نانێتتی (١٨٥١-١٩١٥) کە بە بنەچە ئیتالی بوو و لە ئایرلاند لە دایک ببوو، هەروەها بێگومان میستەر بلوومی ئەم ڕۆمانەش، کە لە ئایرلاند لە دایک بووە. یەکێک لە دۆسێ هەرە دیارەکانی مشتومڕی ئەم پاکخوازانە «*سینگ و وێژەی ئینگلی-ئایری*»یە کە ساڵی ١٩٣١ لە دەبلن بڵاو کراوەتەوە و دانیەڵ کۆڕکەری نووسیویەتی و ئەم مشتومڕە تا ئەمڕۆشمان درێژەی کێشاوە {ساڵی ١٩٨٥}. زۆرێک لە ئایرەکان دەپرسن: «بۆچی ئێوەی ئەمەریکایی ئەوەندە ڕێز لە یەیتس دەگرن کە یەکێک نییە لە ئێمە؟» **~گ.س.**

[42] **ئەندامی کۆلێج گرینە**: ناوە ڕاستینە و فەرمییەکەی ئەو ناوچەیەی شاری دەبلن کە نوێنەری پەرلەمانی هەبووە «ناوچەی کۆلێج گرین»ە، تەنها «کۆلێج گرین» شێوەیەکی هەڵەی ناوە فەرمییەکەیەتی. **~س.ت.م.١**

[43] **کارمەندی ئاسایی ڕۆژانە**: نانێتتی دەیوت کە ئەو وارگێڕێکی پیشەگەر نییە، بەڵکو پیاوێکی کاسبە و کارمەندی ڕۆژانەیە و لە لاوە خولیای کاری وارگێڕیشی هەیە. **~گ.س.**

[44] **گەزەتەی فەرمی**: *ذە دەبلن گەزێت* {گەزەتەی دەبلن} هەموو سێشەممە و هەینییەک لە ژێر چاودێریی نووسینگەی پەڕاوگەی پاشایی خاوەنشکۆ شای بەریتانیادا چاپ دەکرا و بڵاو دەکرایەوە. ئاگاداریی یاسایی و شتی وەهای بڵاو دەکردەوە، هەروەها هەندێک شتی تر کە بلووم پێیان دەڵێت: «هەواڵە بەسەرچووەکان». **~گ.س.**

[45] **شا ئان مرد**: شا ئان (١٦٦٥-١٧١٤) ساڵی ١٧٠٢-١٧١٤ شای بەریتانیا بوو. جۆزێف ئەدیسۆن لە ڕۆژنامەی *ذە سپێکتەیتە*ردا ئەم هەواڵەی زۆر دوای ئەوە بڵاو کردەوە کە لە ناو خەڵکدا زانرابوو، بۆیە ئەم ڕستەیە {شا ئان مرد} ببوو بە پەند و ڕستەیەکی باو بۆ دەربڕین لە هەواڵێکی کۆن و بەسەرچوو. **~گ.س.**

[46] **مولْکێک... تینێهینچ**: {بۆ *بارۆننشین* (بڕوانە ٢: ٩٤)} کۆشکی تینێهینچ لەسەر دراگڵ لە قەشەنشینی *ڕۆزێنالیس*ە لە کاونتیی لیش (کە پێشتر پێی دەوترا کاونتیی کوینس {کاونتیی شا خانم})(بڕوانە ١: ١٤٥)؛ بۆ *قەشەنشین* (بڕوانە ١: ٩٦)، دوازدە میل لە باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی دەبلنەوە دوورە. پەرلەمانی ئایرلاند ساڵی ١٧٩٧ ئەم کۆشکەی بە دیاری دا بە هێنری گرەتان (١٧٤٦-١٨٢٠) کە وتاربێژ و وارگێڕێکی ئایر بوو، «لە بەرانبەر ڕێزگرتن لە کۆششە مەزنەکانی لە بری سەربەخۆیی ئایرەکان و بۆ ئەوەی بە ئاشتی کۆتایی بە ژیانێکی پڕ لە ڕەنجکێشان بهێنێت». گرەتان یەکێک بوو لە سەرکردەکانی هەڵمەتە سەرکەوتووەکەی ساڵی ١٧٨٢ بۆ فراوانکردنی ئازادیی یاسایی ئایرلاند. ساڵی ١٧٩٧ خۆی خانەنشین کرد، بەڵام ساڵانی ١٧٩٩-١٨٠٠ بۆ بەرهەڵستیکردنی بەندی یەکێتییەکە (بڕوانە ٢: ٧٩) هاتەوە مەیدانی کار و بۆ ئەوەی لە کاتێکدا کە تێپەڕاندنی بەندی یەکێتییەکە هێزی وارگێڕیی ئایرلاندی گواستەوە بۆ لەندەن، ئەو وەک ئەندامی پەرلەمان خزمەت بکات.
ئەو دەستەواژەیەی بلووم بیری لێ دەکاتەوە یەکێکە لە ئاگادارییە گشتییەکانی *دەبلن گەزێت* کە بە فەرمی «هەواڵی بەسەرچوو»ە. **~گ.س.**
ئەو وشەیەی بە «شارۆچکە» وەرمگێڕاوە: «شارۆچکەی ڕۆزێنالیس» لە دەقە ماکەکەدا وشەی *townland*ە، پێوانەیەکی زەویوزاری زۆر کۆنی ئایرییە، بۆیە گیفرد و بلووم دەڵێن هەواڵی بەسەرچووە. ئەم جۆرە شارۆچکانە زۆر جار سەر بە قەشەنشینێکن، لە ڕووی ڕووبەرەوە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. بۆ *قەشەنشین* (بڕوانە ١: ٩٦). **~ن.م.**
[47] **بۆ لایەنی... هەنارده کراون**: *ویکلی فریمان* (فریمانی حەفتانە) ستوونێکی تێدا بوو بە ناوی *هەواڵەکانی بازاڕ*ەوە و بە زمانێکی ئاسایی لەو جۆرە هەواڵانەی بڵاو دەکردەوە کە بلووم بیریان لێ دەکاتەوە: فرۆشتنی ڕەشەوڵاغ لە دەبلن و دەوروبەری. *بالینا* ناوچەیەکی بازاڕ و بەندەرێکی دەریاییە، کە ئێجگار ئەوەندە گرنگ نییە و کەوتووەتە کەناری خۆرئاوای ئایرلاندەوە لە کاونتیی مەیۆ (بڕوانە ١: ١٤٥). **~گ.س.**
[48] **ئاگادارییە سرووشتییەکان**: *ویکلی فریمان* لاپەڕەیەکی هەبوو کە تەرخان کرابوو بە «ئاگادارییە سرووشتییەکان» کە ئامۆژگاریی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی تێدا بوو. **~گ.س.**
[49] **کارتۆنەکان**: *ویکلی فریمان* بەشێکی تێدا بوو بە ناوی «کارتۆنەکانمان»، کاریکاتێر نەبوو، بەڵام دێڕی هۆنراوەیی کورت بوو و زۆربەی کات وارگێڕی و توانج بوو. **~گ.س.**

[50] **چیرۆکی... فیل بلەیک**: لە زمانی ئینگلیدا *بوڵ* بە واتای *گا* دێت، واتە *نێرەی مانگا*؛ بەڵام بە واتای *وتەی دژبەیەک*یش دێت، کە گیفرد لە پەرەگرافەکەی خوارەوەدا ڕاڤەی دەکات؛ هەروەها بە واتای *فەرمانی پاپای کاسۆلیک*یش دێت. بۆیە دەبینیت کە گا و وتەی دژبەیەک و دواتریش لە ئەڵقەکانی بەرگەکانی دواتری ئەم ڕۆمانەدا لەگەڵ واتای فەرمانی پاپاییشدا تێکەڵ کراوە. پاشان بە واتای چوارەمیش دێت کە ناوی کەسێتییەکە و لە پەرەگرافەکەی خوارووتردا سام سلەوت ڕاڤەی دەکات. **~ن.م.**
لە *پات* و *مایک*ەوە هێنراوە کە دوو کەسێتیی جەفەنگیی ئایری-ئەمەریکایی بوون، هەروەها «کەڵەشێر و گاکە» (بوڵ)، یان وتەی دژبەیەکی ئایری – کە لێکدانی دوو بیرۆکەی نەگونجاو و دژبەیەکە و هەستێک دەبەخشێت، بەڵام هیچ واتا و پەیوەندییەکیان نییە، بۆ ناسینی نموونەیەک (بڕوانە ٣: ٦٨). **~گ.س.**
فیل بلەیک (١٨٦٩-١٩١٨) لە ١٨٩٨ەوە تا ١٩٠٥ کارتۆنی توانجی وارگێڕیی بۆ ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* دەکێشا. «پات و بوڵ» ناونیشانی هیچ کامێک لە کارتۆنەکانی نین، بەڵام لە ناو کارەکانیدا هاتوون: پات (یان پادی)، پیاوێکی ئایری کلێشەیی بوو {ستریۆتایپ}، لە بەرانبەر جۆن بوڵ، کە پیاوێکی ئینگلی کلێشەیی بوو. هەروەها ئەمە تیلنیشانێک بە «کەڵەشێر و گاکە»ش دەدات، کە دەستەواژەیەکە و لە کۆتایی چیرۆکی *ژیان و ڕاکانی تریسترام شاندیی خانەدان*ی لۆرێنس ستێرن (١٧١٣-١٧٦٨: ڕۆماننووسێکی *ئینگلی*-ئایری بووە)دایە. فیل بلەیک لە ٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠١دا لە هۆڵی ئەینشنت گۆرانیی *ڕزگارم مەکە*ی بیژاوە و لە هەمان بۆنەی ئەو شەوەدا جەیمز جۆیس ڕۆڵی بەدکارەکەی شانۆنامەی *ڕازپیستەکەی کیوپید* *Cupid's Confidante*ی ماری شیهیی دیوە. **~س.ت.م.١**
[51] **لاپەڕەکەی... گچکۆکەکان**: ساڵی ١٩٠٤ لە *ویکلی فریمان*دا بەشێک هەبوو بە ناونیشانی «ئامۆژگارییەکانی مامە ڕێموس بۆ برازا و خوشکەزاکانی»، مەتەڵ و یاری و پێشبڕکێی وتاری بۆ منداڵان تێدا بوو. **~گ.س.**
[52] **پرسیارەکانی لادێییە گەوجەکان**: لە *ویکلی فریمان*دا بەشێک هەبوو بە ناونیشانی «سندوقی نامەکانمان» و وەڵامی پرسیاری لەو جۆرەی لە خۆ گرتبوو کە بلووم بیری لێ دەکاتەوە. **~گ.س.**
[53] **ت. ب. خ.**: سەرەپیتی *تایبەت بە خەڵک*ە، حەفتەنامەیەکی پنسبایی بوو، هەموو چوارشەممانێک دەردەچوو، تۆماس پاوەر ئۆکانەر سەرنووسەرەکەی بوو (بڕوانە ٧: ٢٩٦). حەفتەنامەکە بەم شێوەیە ڕیکلامیان بۆ خۆیان دەکرد: «باشترین و سەرکەوتووترین و

نایابترین حەفتەنامەیە لە ناو هەموو حەفتەنامە کۆمەڵایەتییەکاندا... بێ *ت.ب.خ.* ڕۆژنامەکەی دەستت – چییە؟ لە ڕاستیدا تەنها زنجیرەیەک ناوە و هیچی تر. بەڵام لەگەڵ *ت.ب.خ.*دا دەبێت بە چاوەندازێکی سەرنجڕاکێشی چەندین کەسایەتیی دیار کە *ت.ب.خ.* ئەوەندە نزیکت دەخاتەوە لێیان هەر وەک بڵێیت دراوسێکەی تەنیشتت بن – یان لەوانەشە کەمێک لەوەش زیاتر بن». ئەوەی بلووم بیری لێ دەکاتەوە «تایبەت بە وێنە» ئاماژە نییە بە حەفتەنامەکەی ئۆکانەر، بەڵکو ئاماژەیە بە پاشکۆیەکی بە-وێنە-ڕازاوە، کە لە ناو ڕۆژنامەکانی یەکشەممماندا، لە دەیەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا {سەدەی بیستەم} هەر وەک *ویکلی فریمان ئاند ناشناڵ پرێس* زۆر باو بوو. **~گ.س.**

[54] **زەماوەندی... چاپسازیش هەروەها:** پیاوێک هەبوو بە ناوی مینۆتتی ڤنسنت (تۆنی) کاپرانی (نەک کوپرانی) (بە نزیکی ساڵی ١٨٦٩ لە دایک بووە و ساڵی ١٩٣٢ کۆچی دوایی کردووە) پیاوێکی بە ڕەچەڵەک ئیتالی بوو، بەڵام خۆی لە دەبلن لە دایک ببوو و دەبلنی بوو، لە سەرەتای ١٩٠٠کاندا ئەندامی دەزگای چاپی (یەکێتیی چاپسازەکان) *فریمانس جۆرنەڵ* بووە. بە گوێرەی وتارێکی ڤنسنت کاپرانی، کە نەوەیەکی ئەم پیاوەیە، بە ناونیشانی *جەیمز جۆیس و باپیرم*، [دەبلن، کانوونی دووەم-شوباتی ١٩٨٢]، باپیری و برایەکی دوو خوشکی ئۆکانەریان خواستووە و ئاهەنگەکەیان پێکەوە بووە و ئەو جووت-هاوسەرگیرییەیە کە بلووم بیری لێ دەکاتەوە (ڤنسنت دین بۆی پێشنیار کردم). **~گ.س.**

[55] **ئایرتر لە ئایر:** بە لاتینییەکی هەڵە: *هیبێرنیسیس ئیپسیس هیبێرنیۆر*، دەستەواژەیەک بوو زۆر جار بەو کەسانە دەوترا کە وتەی دژیەکی ئایرییان دەکرد (بڕوانە ٧: ٥٠). **~گ.س.**
**ئایرتر لە ئایر (ڕ.پ.ڕ):** لە دەقە ماکەکەدا ڕوونتر دەردەکەوێت کە دەڵێت *more **Irish** than the **Irish***: کە دوو جار وشەی *ئایرش Irish*ی بە کار هێناوەتەوە و هەردووکیان وەک یەکن، لە کوردییەکەدا یەکێکیان -*تری* چووەتە سەر و ئەوی تر -*ی*ی چووەتە سەر و ڕووت نین. ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەنتەنەکلەسیس antanaclasis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *بەدژبەستن* دێت}. **بەدژبەستن:** دووبارەکردنەوەی وشەیەکە لە واتای جیاوازدا (پێشی دەوترێت *ئەنتیستاسیس antistasis*). هاوکات «ئایرتر لە ئایر» نموونەی پێکاری *پلۆکی ploce*یە، کە ئەم وشەیەش بە بنەچە گریکییە و بە واتای *ئاڵۆزکردن* دێت، ئەم پێکارە دووبارەکردنەوەی وشەیەکە بە واتای جیاواز، یان لە واتای بەتوێکڵدا، یان هەر لەبەر جەختکردنەوە. **~گ.س.**

[56] **بە ڕەزمی... شەق**: سێچوار ڕەزمێکی موزیکییە، واتە هەر بارێکی موزیکەکە (یان خانەیەک) لە سێ ترپەی چارەکترپە پێکهاتووە (سێ ترپەی نوار) و ئاوها دووبارە دەبنەوە، بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: **یەک** *دوو سێ*، **یەک** *دوو سێ*؛ یان **دم** *تەک تەک*، **دم** *تەک تەک*؛ یەکەم ترپە ترپە بەهێزەکەیە و دوو ترپەکەی تر لاوازترن. ئەم ڕەزمی سێچوارە لە جۆری سەمای *ڤاڵس*دا زۆر بەناوبانگە، وەک ڤاڵسەکانی شۆپان و شتراوس. بۆ *ڤاڵس* (بڕوانە ٦: ٢٧). هێمای ڕەزم/کاتی موزیک لە سەرەتای موزیکدا دەنووسرێتەوە، دوو ژمارەن لە سەر یەک دەنووسرێن، سەرەوە هێمای دانەیە، خوارەوە هێمای جۆری ترپەکەیە؛ ئاوهاش کە دەڵێیت: *سێچوار* یان *سێ/چوار*، یان هەندێک کەس دەڵێن: «سێ لەسەر چوار» کە من هاوڕایان نیم، چونکە ئەو ژمارەیە هێمایە، نەک کەرت بێت، واتە: *سێ ترپە لە جۆری ترپەی چواری*؛ لە موزیکدا نوار بە ژمارە (٤) هێما دەکرێت، ئاوهاش «سێ ترپە لە جۆری چواری»، واتە *سێ ترپەی نوار لە بارێکدا جێی دەبێتەوە*. *نوار* بە فەڕەنسی واتە *ڕەش*، ئەو هێمایەی نۆتەیە کە گۆیەکی ناوڕەشە و دارئاڵایەکی پێوەیە. جۆیس لە دەقە ماکەکەدا کە سێ «شەق»ەکەی داناوە، یەکەمیانی بە پیتی گەورە نووسیوە و دووانەکەی تر بە پیتی بچووک، ئاوهاش ئاماژەیە بەوەی یەکەم «شەق»ەکە بەهێزترە لە دوو «شەق»ەکەی تر، بۆیە من ئەویانم بە دوو *ق* داناوە. **~ن.م.**

[57] **بەم زووانە... بانگی دەکات**: نانێتتی ساڵی ١٩٠٦ بوو بە سەرۆکی شارەوانیی دەبلن. **~گ.س.**

[58] **لۆنگ جۆن**: لۆنگ جۆن فانینگ کەسێتییەکی خەیاڵکردە، جێگری دارۆغەی دەبلن بووە، لە چیرۆکی *بەخشینی دەبلنییەکان*دا بەم شێوەیە باسی دەکات: «فەرمانبەری تۆمارەوان و دروستکەری سەرۆکی شارەوانیی شارەکە بوو». **~گ.س.**

ڤیڤیەن ئیگۆ دەستنیشانی نەکردووە کێیە. **~ن.م.**

[59] **ئەگەر دەتەوێت... فراڤین – (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئینثیمیم enthymeme*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لەمێشکدابوون* دێت}. **لەمێشکدابوون**: ئارگومێنتێکە کە لەسەر گوزارەی ئەگەری دانراوە، کە لە خستنەڕوو جیا دەکرێتەوە (بڕوانە ٧: ١). **~گ.س.**

[60] **لە میاگەر... پلار**: میاگەر مەیخانەیەکە بە ناونیشانی ٤ی شەقامی ئێرلی باکوور لە ناوەڕاستی دەبلن، ڕێک بە بەری سەرەوەی ڕووباری لیفیدا. **~گ.س.**

«پلار» لێرەدا بە واتای *پێوتنی شتێک دێت کە ئامانج شتێکی تر بێت*، بلووم بۆیە باسی پارەوەرگرتن دەکات تا جۆ هاینس قەرزەکەی بداتەوە. **~ن.م.**

[61] **فەرتەنەیەکە چ ناویانەتەوە – (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *هایپەرباتۆن hyperbaton*، (یان *ئەناسترۆفی anastrophy*) {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *هەنگاو هەڵهێنانەوە* دێت}. **هایپەرباتۆن**: هەڵگەڕانەوەی ڕیزی سرووشتیی وشەکانی دەستەواژە یان ڕستەیەکە، بە تایبەتی بە مەبەستی جەختکردنەوە. لێرەدا دەبوو بڵێت: «چ فەرتەنەیەکە ناویانەتەوە». **~گ.س.**

[62] **نانان – (ڕ.پ.ڕ.)**: (مەبەست لە نانێتییە) ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەپۆکۆپی apocope*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لێبڕین* دێت}. **لێبڕین**: لێبڕینی دواهەمین پیت یان بڕگەی وشەیە. **~گ.س.**

[63] **پەیی ئاسنین**: **پەی**: بە ئینگلی *nerve* لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «وردە دەماری جەستە کە بە ئەندامدا بڵاو بوونەتەوە و جەمسەریان بە مێشکەوەیە». هەر خۆم هەندێک جار بە «هەستەدەمار» وەرمگێڕاوە. **~ن.م.**

[64] **ڕەنگە تێبگات... من – (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەناکۆلوثیا anacoluthia*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای پچڕپچڕ دێت}. **پچڕپچڕ**: نەبوونی ڕیزبەندییەکی ڕێزمانییە؛ واتە بونیادێک بە جێ دەهێڵێت بۆ بونیادێکی تر بێ ئەوەی بونیادی پێشووتر تەواو بکات. **~گ.س.**

[65] **ئالپاکە**: بە ئینگلی *alpaca*: جۆرە خورییەکی نەرمە؛ هەروەها ناوی ئەو ئاژەڵەشە کە خورییەکەی لێ دروست دەکرێت کە هەر ناوی *ئالپاکە*یە، ئالپاکە وەک مەڕ وایە، بەڵام نەختێک گەورەترە. **~ن.م.**

[66] **وا بزانم... زەردوویی هەیە**: ئەم ڕستەیە، لە دەقە ماکەکەدا بەم شێوەیە: *think he has a touch of jaundice* و بە ڕستەسازییەکەیدا دیارە کە شەپۆلی هۆشە، نەک بەشێک بێت لە گێڕانەوەکانی تەنیشتی، چونکە ئەگەر گێڕانەوە بووایە دەبوو پیتی *ئێس*ی کەسی سێیەمی تاک بچووایەتە سەر *think*، کە بگەڕێتەوە بۆ بلووم و بەو واتایە بێت کە: «بلووم وای زانی کە ئەو (نانێتی) کەمێک زەردوویی هەیە» و پێش ئەوەش *he* بچووایەتە پێش ڕستەکەوە، بەڵام هیچیان نەکراون و وەک ڕستەیەکی شەپۆلی هۆش دەردەکەوێت؛ بۆیە بە ڕای من یەکێکە لە نموونە سەیرەکانی تێکەڵکردنی شەپۆلی هۆشەکان لە ناو گێڕانەوەدا. زۆربەی کات لە ڕۆمانەکەدا هەرچەند جۆیس شەپۆلی هۆشی هێنابێت، پێش و پاشەکەی

به خاڵ سنووردار کردووە، بۆ ئاسانترین نموونە «کریسۆستۆمۆس» (بڕوانە ١: ٢٠) کە یەکەم شەپۆلی هۆشی ڕۆمانەکەیە و هی ستیفنە. کەچی لێرەدا سنووری شەپۆلە هۆشەکە بە بۆر (وێرگوڵ/فاریزە) دانراوە و ئەملا و ئەولاکەشی گێڕانەوەیە. لە چاپە سێ بەرگییە شیکارییەکەی گابڵەریشدا هیچ هێمای گۆڕانکارییەک پیشان نادات کە هیچ هەوڵێک بۆ ڕاستکردنەوەی ئەمە درابێت. من خۆم لام سەیرە و گومانی ئەوە دەکەم هەڵە بێت، بەڵام هەر وەک خۆیشی دامنایەوە. **~ن.م.**

[67] **ماڵی ک(لیل)یز**: تێکەڵەی دوو ناوە: ماڵی کلیل، کە لە پەرەگرافی داهاتوودا لە ڕاڤەکەی گیفرددا دەیخوێنیتەوە؛ ئەوی تریان *ماڵی کیزە*، مەبەست لە شوێنی کارەی ئەلێکساندەر کیزە (بڕوانە ٦: ٢٦٠). کیز کڕیارێکی بلوومە، بلووم دەیەوێت ئارمی دوکانەکەی ئەو لەسەر نەخشی ئارمەکەی ماڵی کلیلی دوورگەی مان دابڕێژێت. دواتریش بلووم لە ئەڵقەی نۆیەمدا دەچێت نموونەی نەخشەکە دەهێنێت. **~ن.م.**

ماڵی کلیل، یان بە ئینگلی *House of Keys* ناوی ئەنجوومەنی خوارووی پەرلەمانی دوورگەی مانە {(بڕوانە ٦: ١٠٢) و بڕوانە *نەخشەی ئایرلاند* لە لاپەڕە XXIVی بەرگی یەکەمدا – دەرکردەی چوارەم: نەورۆزی ٢٧٢٥}. دوورگەی مان لە ڕێی یان ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانی پاشا، یان ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی شا خانم و ئەنجوومەنی پارێزگاری و ماڵی کلیلەوە بە ڕێوە دەبرا؛ بە دەربڕینێکی تر، واتە دوورگەی مان حوکمی سەربەخۆییان هەبوو، کە ئایرلاند نەیبوو. ماڵی کلیل لە بنەچەدا ئۆلیگارکی بوو {**ئۆلیگارکی**: بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن کەسانێکەوە کە بە ژمارە کەم بن}، بەڵام لە دوای ساڵی ١٨٦٦ەوە ئەندامەکانی بە دەنگی خەڵکان هەڵدەبژێرران. هەوەها «کلیل» ئاماژە بە «هێزی کلیل» دەدات کە هێزی گەورەی کڵێسایە کە دراوە بە پاپا وەک جێگرەوەی سانت پەترۆس، بڕوانە (مەتا ١٦: ١٩). **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[17]عیساش وەڵامی دایەوە: «شیمۆنی کوڕی یۆنا، خۆزگەت پێ دەخوازرێت، چونکە گۆشت و خوێن ئەمەیان بۆت ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ئەو باوکەم کە لە ئاسمانە. [18]منیش پێت دەڵێم، تۆ پەترۆسی و لەسەر ئەم بەردە کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم کە دەروازەکانی دۆزەخ پێی ناوێرێت. [19]کلیلەکانی شانشینی ئاسمانت دەدەمێ، ئەوەی تۆ لەسەر زەوی گرێی بدەیت، لە ئاسماندا گرێدراو

دەبێت، ئەوەی تۆ لەسەر زەوی بیکەیتەوە، لە ئاسماندا کراوە دەبێت.»[٢٠] ئینجا فەرمانی دایە قوتابییەکان بە کەس نەڵێن کە ئەو مەسیحە. (مەتا ١٦: ١٧-٢٠)

[68] **دوو کلیلی یەکتربڕ**: ئاڕمی ماڵی کلیل. **~گ.س.**

[69] **ڤۆلیۆ**: (بڕوانە ٤: ١٢٢ و ٦: ٩٠). **~گ.س.**

[70] **کیلکەنی**: کاونتی و شارێکە کە کاتیدرایی تێدایە، حەفتا و چوار میل لە باشوور و باشووری خۆرئاوای دەبلنەوە دوورە. **~گ.س.**

[71] **ڕوانین بە ڕ... دەبێت**: وەک وەرگێڕ، لە وەرگێڕانی ئەم ڕستە نامۆ و سەیر و درێژەدا زۆرترین ئازادیم بە خۆم داوە. ئەم ڕستەیە، بە شێوە دروستەکەی، وەرگێڕراوی ڕستەیەکی ئینگلییە کە مەتەڵێکی ڕاستنووسییانەیە، هاراڵد بێک دەڵێت کە بەشی زۆری ڕستە مەتەڵاوییەکە: «ساڵی ١٩٠٤ تەمەنی چل ساڵ بووە»، واتە دەمێک لەوەوبەر ڕستەکە هەبووە و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە و خەڵات بۆ ئەو کەسە دانراوە کە دەتوانێت بە ڕاستی بینووسێت، ئەو ڕستەیە لە ئینگلییەکەدا لە کۆمەڵە وشەیەک پێکهاتووە کە هەر یەکێکیان زۆرترین هەڵەی ڕێنووسیان تێدا دەکرێت، تەنانەت ڕۆژنامەکان وتوویانە کە «پیاوانێکی خاوەن مێشکی زۆر مەزن» نەیانتوانیوە بە ڕاستی بینووسن؛ ئەمە ڕستە ئینگلییەکەیە:

*It's amusing to view the unparalleled embarrassment of a harassed pedlar while gauging the symmetry of a peeled pear under a cemetery wall.*

واتای ڕاستەوخۆی ڕستەکە بەم شێوەیەیە: «بینینی شەرمەزاریی بێهاوتای چەرچییەکی هەراسانکراو پێکەنیناوییە کە لە ژێر دیواری گۆڕستانێکدا هاوڕێکیی هەرمێیەکی پاککراو بپێوێت»؛ من بە مەبەستی خستنەڕووی هەندێک هەڵەی ڕێنووسی کوردی، بەم شێوەیە دەستکاریی وەرگێڕانەکەم کردووە، ئەگەر ناوبڕی تێبینییە ڕاستنووسییەکانی لێ لابدەیت بەم شێوەیە دەردەچێت: «ڕوانین لە شەرمەزاریی بێهاوتای چەرچییەکی هەراسانکراو وێنەیەکی پێکەنیناوییە کە لە ژێر دیواری گۆڕستانێکدا هاوڕێکیی هەرمێیەکی پاککراو بپێوێت» لە خوارەوە ڕستەکە دادەنێمەوە، وشەکانی ڕستە سەرەکییەکە زەقن، بە تەنیشتیانەوە تێبینییە ڕاستنووسییەکەی دەقەکەن و بە تەنیشتیشیانەوە پاساوی تێبینییەکانن:

**ڕوانین:** بە ڕ نەک ر؛ چونکە ڕ و ر جیان و نابێت لە بری یەک بێن بۆیە لە سەرەتاشدا بێت هەر دەبێت چەڵەمەکەی (یان حەوتەکەی) بۆ دابنێیت. **لە:** بە سەربەخۆ؛ هەمیشە دەبێت

وشەیەکی سەربەخۆ بێت و بە پێش خۆی و دوای خۆیەوە نەنووسێت. **شەرمەزاریی:** بە دوو ی؛ یەکێک لە یەکان هی وشەکە خۆیەتی و ئەوی تر ئامرازی پەیوەندییە (یان ئامرازی خستنەپاڵە). **بێهاوتای:** پێکەوە نەک نیوممودا؛ واتە *بێ* و *هاوتای* پێکەوە بنووسرێن، *نیوممودا* زاراوەیەکە لە خۆرهەڵات بە کار دەهێنرێت بۆ وشەیەکی لێکدراو کە پارچەکانی بۆشاییان لە نێواندا نییە، بەڵام بە تەواویش پێکەوە نەنووساون، وەک: «بێ‌هاوتا» لە بری «بێهاوتا»، یان «ڕەش‌وسپی» لە بری «ڕەشوسپی». **چەرچییەکی:** بە دوو ی؛ یەکێک لە یەکان هی وشەی *چەرچی* خۆیەتی و ئەوی تر ناوبەندە. **هەراسانکراو:** دیسان پێکەوە؛ واتە نیوممودا نەبێت و بۆشاییش لە نێوانیاندا نەبێت، وەک «هەراسان کراو». **وێنەیەکی:** بە یەک و؛ لە زمانی کوردیدا هەمیشە وی سەرەتا بە یەک دانە دەنووسرێت، *ووشە* هەڵەیە و *وشە* ڕاستە، *ووریا* هەڵەیە و *وریا* ڕاستە. **پێکەنیناوییە:** بە دوو ی؛ هەر وەک وشەی *چەرچییەکی*. **کە لە ژێر:** کە و لە ژێر بە جیا؛ *کە*ش هەر وەک *لە* وشەیەکی سەربەخۆیە و دەبێت نە بە پێش خۆیەوە بنووسرێت، نەک بە پاشیەوە. **دیواری گۆڕستانێکدا هاوڕێکیی:** بە دوو ی؛ واتە کۆتایی وشەی *هاوڕێکی* دەبێت ییەکی تریشی پێوە بێت، یەکەمیان هی وشەکە خۆیەتی و ئەوی تریان ئامرازی پەیوەندی/خستنەپاڵە. **هەرمێیەکی پاککراو بپێوێت:** بێ تەی کۆتاییش دەبێت؛ واتە دەشێت «بپێوێ» بێت و دەشێت «بپێوێت»یش بێت. **~ن.م.**

[72] **گۆڕستان... هێنراوە:** بە ئینگلی بە *گۆڕستان* دەوترێت *سێمتری* *cemetry* و بە *هاوڕێکی* دەوترێت *سیمتری*، لە کوردییەکەدا وەها دەرناچنەوە و پەیوەندیی بە ڕستەکەی پێشووەوە هەیە، بڕوانە ڕاڤەی پێشوو. **~ن.م.**

[73] **بۆرد:** ئەو بۆردەیە، یان ئەو بنکە سافەیە کە ئامێری چاپکردنەکە لاپەڕە چاپکراوەکانی لەسەر دادەنێت. **~گ.س.**

[74] **سللت... سەرنجت ڕادەکێشێت – (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئۆنۆماتۆپۆییا* *onomatopoeia*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ناودروستکردن* دێت}. **ناودروستکردن:** دانانی ناو یان وشەیەکە بە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگەی بە شتەکەوە وابەستە، یان ئەو کارەی دەیکات. **~گ.س.**

[75] **ئەوپەڕی... تا بدوێت – (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پرۆسۆپۆپۆییا* *prosopopoeia*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *بەکەسکردن* دێت}. **بەکەسکردن:** شتێکی وێناکراو یان لەوێنەبوو وەک کەسێکی وتەبێژ و نمایشکەر دەردەخرێت؛ پیشاندانی

وتەبێژێکی خۆنوێنە؛ هەروەها پێدانی ئەدگاری مرۆییە بە شتی بێگیان، وەک لێرەدا. **~گ.س.**

[76] **نامەکەی ئوسقوفی مەترِان**: لەم وێژە خەیاڵکردەدا هەیە، بەڵام لە چاپە ڕاستینەکەی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* و *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف*ی ئەو ڕۆژەدا نییە. **~گ.س.**

[77] **قتوویتیپەکان**: هەندێک قتوون، تیپە ئاسنە ئامادەکانیان تێدایە تا ڕیز بکرێن. **~گ.س.**

جاران لە چاپخانەکاندا دوو ڕەفە قتوو دادەنران کە تیپە ئاسنەکانیان تێدا بوو، تیپەکان دارِشتەی تیپەکانی ئەلفوبێ بوون. کەسێک، کە پێی دەوترا *تیپچن*، ئەم تیپانەی بە تەنیشت یەکەوە ڕیز دەکرد تا ئامادەیان بکات بۆ ئەوەی مەرەکەبیان بە سەردا بکرێت و بخرێنە ژێر فشارەوە تا نووسینەکە لەسەر پەڕەی چاپەکە دەربچێت؛ تیپەکان بە پێچەوانەوە بوون، واتە لە بری R نووسرابوو Я، چونکە کە دەخرایە ژێر فشارەوە، نووسینی سەر پەڕەکە هەڵدەگەڕایەوە و بە ڕاستی دەردەچوو، فشارەکە پێی دەوترا: *پرێس*. بەم قتووانە دەوترا: *کەیس* کە بە ئینگلی هەر واتە *قتوو*، وەک نەریتێکی باو، ڕەفەکەی سەرەوە تیپە گەورەکانی تێ دەکرا، وەک A B C D E... تد. و ڕەفەی خوارەوە تیپە بچووکەکانی تێ دەکرا، وەک a b c d e...تد. بۆیە بە تیپی گەورە دەوترێت: *ئەپەرکەیس uppercase* کە بە واتای ڕاستەوخۆ بێت، واتە *قتووی سەرەوە* و بە تیپی بچووکیش دەوترێت: *لەوەرکەیس lowercase* بە واتای *قتووی خوارتر* دێت. جۆیس لە دەقە بنەڕەتەکەدا ئەم وشەیەی کردووە بە *کاستینگبۆکس castingbox* کە وشەیەکی لێکدراوی خۆیەتی، بە واتای *قتووی دارِشتەکان* دێت، لای جۆیس ئەو تیپانە قاڵبن، یان دارِشتەن، کە لە ڕاستیشدا وایە و ئەو تیپانە دارِێژراون. خۆی بۆشایی نەخستووەتە نێوان دوو وشەکەیەوە، بۆیە لە کوردییەکەدا وام لێی کرد. **~ن.م.**

[78] **مەنکس**: جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، شوناس و گرنگییەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

ئێدوارد مەنکس لە تەمموزی ١٨٥٠دا لە دەبلن لە دایک بووە، لە نووسینگەی چاپی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* تیپچن و «ڕۆژقاڵ» بووە. لە گەلێک لە دەزگای چاپەکانی دەبلندا کاری کردووە، لەوانە لای داڵەردەکان. ئامادەبووی کۆبوونەوەی تایبەتی ٢٠ی ئابی ١٩٢٢ی شارەوانیی دەبلن بووە، کە لەو کۆبوونەوەیەدا بریارێکی بەرهەڵستی لە دژی سزادان و بەندکردنی ئەندامانی ئایرە خۆبەخشەکان تێپەڕێنرا، داوا کرا کە «دەبێت هەمان تایبەتماف بەو ئایرانەش بدرێت کە ئێستا دژی حکومەتی بەریتانین، هەر وەک چۆن بە

لۆرد نۆرثکلیف و ڕۆژنامەوانیی ئینگلی دراون». مەنکس چەندین ساڵ خەزنەداری کۆمەڵەی مشوورخۆرانی تیپسازانی دەبلن بووە و لە ٢٨ی ئابی ١٩٢٢دا لە گۆڕستانی گلاسنێڤن لە بری ئەو دەزگایە ستایشی مایکڵ کۆلینزی کرد. مەنکس و ژنەکەی و ئێدواردی کوڕی و کاترینی کچی لە ١٣ی مارگەرێت پلەیس لە ماونتجۆی لە دەبلن ژیاون. مارگەرێت پلەیس ڕیزێک خانووی دە ماڵی بووە لە «شەقامی بازنەیی» کە ئێستا هێنراوەتە سەر شەقامی نیمچەبازنەیی باکوور لەسەر یەکتربڕی شەقامی ڕەسڵ و شەقامی فیتزگیبن و لە بەری باکووری شەقامەکەدایە. دواتر خێزانەکەیان گواستیانەوە بۆ ١٠٨ی شەقامی هۆم فارم لە درەمکۆندرا. لە ٣١ی حوزەیرانی ١٩٤١ لە هۆم فارم مرد، ئەو کاتە بێوەمێرد بووە. لە گۆڕستانی گلاسنێڤن لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[79] **جارێ دەمەوێت... دەربپەڕێنم**: ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا ناڕوونە، شەپۆلی هۆشی بلوومە و لە ڕووی ڕستەسازییەوە ڕستەیەکی تەواو نییە و واتاکەشی ڕوون نییە. لە چاپە شیکارییەکەی گابلەردا ئاماژە بە هیچ دەستکارییەک نادات کە تیایدا کرابێت. دەقە ماکەکە دەڵێت: *Want to get some wind off my chest first*. بە واتای ڕستەکە بێت واتە: «دەمەوێت کەمێک با لە سنگم دەربکەم». دەشێت ئەوە ڕێک مەبەستەکە بێت، بەڵام گومانیشی تێدایە، چونکە لە ئیدیۆم دەچێت و دڵنیا نیم ئیدیۆم بێت. کاک کاوە نەمر لە وەرگێڕانو کوردمانجییەکەدا دەڵێت: «پێشی دڤێ پیچەکی بێهنا من بێ بەر من» واتە: «سەرەتا پێویستە هەناسەیەک بدەمەوە بەر خۆم»؛ لە وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەدا دەڵێت: «{با} یەکەم شت ئەوە دەربکەم کە لە خەیاڵمدایە، هەموو ئەم بایە»؛ دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا دەڵێت: «ئەمە داوای ئەوەم لێ دەکات کە سەرەتا کەمێک کۆشش بکەم». ستیڤن مۆریسن لە بارەی ئەم ڕستەیەوە دەڵێت: «ڕەنگە ساڵی ١٩٠٤ وتەیەکی ناسراو بووبێت، بەڵام هیچ کامێک لە ئێمە ئاشنای نەبووین. جگە لە شیاویی ئاماژەکەی بە با لە *ئیۆلۆس*دا، وا لێی تێگەیشتووین کە واتای تری نییە جگە لەوەی هەناسەدانەوەیەکی درێژە بە مەبەستی ئارامبوونەوە و دۆزینەوەی پێگەی خۆی، چونکە بلووم ئێستا ڕاستەوخۆ دەچێت تەلەفۆن بۆ کیز دەکات.» پەیامم بۆ دکتۆر سام سلەوت نارد و لێیم پرسی بە واتای چی دێت، بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە: «واتە دەربڕینی هەست» بلووم بە گوێرەی ئەم ڕاڤەیەی سام سلەوت دەڵێت: «دەمەوێت کەمێک لە هەستی خۆم دەرببڕم». **~ن.م.**
بۆ بینینی سەرنجەکەی ستیڤن مۆریسن بڕوانە ئەم بەستەرە، کە من لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢دا سەردانیم کردووە: https://clic.krd/jPCUU

[80] **لەسەر مانگی... بۆلسبریدج**: بۆلسبریدج لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی شاری دەبلنە. *ڕێبەری فەرمیی دەبلن* (١٩٥٨) باس لە «نمایشە مەزنەکەی ئەسپان»ی مانگی ئاب دەکات و دەڵێت: «بەناوبانگترین بۆنەی نێو ساڵنامەی کۆمەڵایەتی و وەرزشیی دەبلن بوو». نمایشەکە لە کێڵگە کشتوکاڵییەکانی کۆمەڵەی پاشایی دەبلن لە بۆلسبریدج دەگێڕرا و «هەموو وەرزشوانان و ئەویندارانی ئەسپ لە هەموو لایەکی جیهانەوە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت». کۆمەڵەکە ساڵی ١٧٣١ بە مەبەستی «بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ و لقی تری پیشەسازی و پێشخستنی هونەر و زانست» دامەزرا و نمایشەکەش لەو ساڵەدا کەوتە ٢٣-٢٦ی ئابی ١٩٠٤. **~گ.س.**

[81] **ڕۆژقاڵێک**: مەبەست لە مەنکسە (بڕوانە ٧: ٧٨). وشە کوردییەکە لە وشەکانی *ڕۆژ* و *قاڵ* پێکهاتووە، ڕۆژەکە ئاشکرایە کە هی ڕۆژە، نەک شەو. *قاڵ* بە یەکێک لە واتاکانی لە *فەرهەنگی خاڵ*دا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «شتی پوختبوو»؛ لە *هەنبانەبۆرینە*دا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «لەکاردەرهاتگ، ڕاهاتوو لە کار». پێم وایە هەر ئەم وشەیەیە لە وشەی لێکدراوی *سەرقاڵ*دا هەیە، خۆم گەلێک جار لە خاڵمم بیستووە کە دەیوت: «فڵان کەس قاڵ و شارەزایە» کە باسی کەسێکی دەکرد دەمێک بێت خەریکی کارێک بێت و لە کارەکەیدا لێزان بێت. ئەگەر پێت وایە وشە کوردییەکە سەیر و نامۆیە، ئەوا وشە ئینگلییەکەی جۆیس سەیرتر و نامۆترە، ئەو وشەی *dayfather*ی داڕشتووە کە لە دوو وشەی *باوک: father* و *ڕۆژ: day* پێکهاتووە، واتە *باوکی ڕۆژ*. لێکۆڵینەوە لەم وشەیەدا کراوە، بەڵام هێشتا ئەنجامی یەکلاکەرەوە دەستنیشان نەکراوە. لە خوارەوە لە ڕاڤەکەی گیفرددا دەیخوێنیتەوە کە مەبەست لە چی و کێیە. بەڵام گریمانەی ئەوە هەیە کە لەبەرئەوەی بە *یەکێتیی ڕۆژنامەگەران* وتراوە: *چاپڵ chapel*، کە واتا باوەکەی وشەکە: *نوێژگەی کڵێسا*یە و قەشەش کڵێسا بە ڕێوە دەبات، بە قەشە دەوترێت: *بابە/باوکە* (بڕوانە ١: ٩٦)، کەواتە *بابەی ڕۆژ*، یان *باوکی ڕۆژ* چاودێری تاقی (شەفت) کاری ڕۆژی یەکێتیی ڕۆژنامەگەرانە، چاودێرەکەش کەسێکە کە دەمێک بێت لەو جێیە بێت و ئەزموونی زۆر بێت و قاڵ بێت؛ واتە ئەم کەسە قەشە نییە. بەڵام جۆیس کە دوو وشەکەی بە کار هێناوە، بۆشایی نەخستووەتە ناویانەوە و بەسەریەکەوە نووسیونی. کەواتە دەتوانین بڵێین *ڕۆژقاڵ*: کارمەندێکی بەئەزموونی جێیەکە، کە بەڕێوەبەری تاقی ڕۆژی کاری ئەو جێیە بێت. ئاوهاش من وشەی *ڕۆژقاڵ*م داڕشت. **~ن.م.**

وا دیارە چاودێری شەفتی ڕۆژی یەکێتیی ڕۆژنامەگەران بێت، نوێنەری یەکێتییەکە بێت لە نووسینگەی ڕۆژنامەکەدا؛ یەکێتیی ڕۆژنامەگەران کۆمەڵەی کرێکارانی نووسینگەی ڕۆژنامەکان بوو کە کاریان ئەوە بوو تاووتوێی ئەو پرسانە بکەن کە پەیوەندیی بە بەرژەوەندییەکانیانەوە هەبوو. **~گ.س.**

[82] **دۆزینەوەی نوقمبوو**: (بڕوانە ۳: ۳٥٤). **~گ.س.**

[83] **هۆشمەند**: بەرانبەر *sober*ی ئینگلییە، واتە *کەسێک سەرخۆش نەبێت؛ ژیر بێت، سەنگین بێت*. دکتۆر فەرهاد پیرباڵ لە ڕۆمانی *منداڵباز*دا لە بەرانبەر ئەم وشەیەدا وشەی ئایغ-ی بە کار هێناوە، کە وشەیەکی تورکییە *ayık*، هەربە واتای بەهۆش دێت. **~ن.م.**

[84] **کچەکەی... کار دەکات**: مەکینەکە مەکینەی درومانە. بەو واتەیە دێت کە کچەکە بە پێی کارەکەی پارە وەردەگرێت {نەک مووچەی هەبێت} و خۆی سەربەخۆ کاری بەرگدوری دەکات. **~گ.س.**

[85] **باجی قلقل**: لە دەقەکەدا دەڵێت: «جەینی ساکار/هەژار»، گیفرد دەڵێت: «ناوێکی باوە بۆ کچێک کە ڕەفتار و پۆشاکی ئەوەندە ساکار و هەژارانە بێت کە بگاتە پلەی بێتامی». هیچ بەڵگەیەک نییە کە کچەکەی ڕۆژقاڵەکە ناوی جەین بێت، بۆیە لە کوردیدا *باجی قلقل*م بۆی دانا کە بە خانمێک دەوترێت کە زۆر بە سادەیی و سەرنجڕانەکێشانە خۆی بگۆڕێت. **~ن.م.**

[86] **جەژنی لێڕەتبوونیش بوو**: خۆم وشەی *لێڕەتبوون*م داڕشتووە، ناوی جەژنێکی جوو و مەسیحییەکانە، لە بەشی ١٢ی پەڕتووکی *دەرچوونی کتێبی پیرۆز*دا هاتووە، لە کوردییەکەدا بە *لێخۆشبوون*یش وەرگێڕراوە، من ئەو واتایەیان بە پڕاوپڕ نازانم: چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە: ئەمە یەکێکە لە دە کارەساتەکەی گوایە خوداکەی موسا بەسەر میسردا هێناونی، خودا فەرمان بە موسا دەدات کە ئەوانەی بڕوایان پێی هەیە، قوربانیی بۆ بکەن و خوێنی بەرخی قوربانییەکە وەک نیشانە لە دەوری دەرگای ماڵەکانیان بسوون، شەو خودا دێتە شارەکە و هەر ماڵێک ئەو هێمایەی لە خۆی نەدابێت نۆبەرەکەیان دەکوژێت. ئاوهاش نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل ڕزگاریان دەبێت و نۆبەرە میسرییەکان دەکوژرێن، ئەو ماڵەی نیشانەکەی پێوەیە ڕەت دەدرێت. «من ئەمشەو بە خاکی میسردا تێدەپەڕم و هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسر دەکوژم، لە مرۆڤەوە هەتا ئاژەڵ، حوکمیش بەسەر هەموو خوداوەندەکانی میسردا دەدەم، من یەزدانم. خوێنەکەش بۆتان دەبێتە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تێیدان، کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتاندا تێدەپەڕم. ئیتر

کارەساتی لەناوچوون ئێوە ناگرێتەوە کاتێک خاکی میسر تووش دەکەم.» (دەرچوون ١٢: ١٢-١٣). وشە ئینگلییەکەش *Passover* دەقاودەق ئەو واتایە دەدات کە ئەو ماڵە ڕەت دەدرێت، بۆیە بە «لێپەڕینەوە» وەرمگێڕاوە (بڕوانە ٢: ١١٩). **~ن.م.**

ئەمە لە کتێبی پیرۆزەوە هاتووە (بڕوانە یۆحەنا ٢: ١٣ و ٦: ٤ و ١١: ٥٥). **~گ.س.**

**دەقی سەرچاوەی یەکەم:**

«کە جەژنی پەسخەی جولەکەکان نزیک بووەوە، عیسا چوو بۆ ئۆرشەلیم.» (یۆحەنا ٢: ١٣)

**دەقی سەرچاوەی دووەم:**

«جەژنی پەسخەی جولەکەش نزیک بوو» (یۆحەنا ٦: ٤)

**دەقی سەرچاوەی سێیەم:**

«لەو کاتەدا جەژنی پەسخەی جولەکەکان نزیک بوو، زۆر کەس لە گوندەکانەوە پێش جەژن بۆ ئۆرشەلیم هاتبوون تاکو خۆیان پاک بکەنەوە» (یۆحەنا ١١: ٥٥)

[87] **مەنگید کیرتاپ – (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *مێتاثێسیس* ***metathesis***، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *جێگۆڕکێ* دێت}. **جێگۆڕکێ**: گۆڕینی جێی وشەیە، یان دەنگەکانی ناو وشەیەکە {لێرەدا ئاوەژووکردنەوەی *پاتریک دیگنەم*ە}. **~گ.س.**

[88] **پەڕتووکی هەگاداکەی**: *هەگادا* وشەیەکی عیبرییە، بە واتای *گێڕانەوە* دێت. لەو فەرمانەی خوداوە هاتووە کە دەڵێت: «لەو ڕۆژەدا بە کوڕەکەت ڕادەگەیەنیت و دەڵێیت: "ئەمە لەبەر ئەوەیە، لەبەر ئەو کارەی کە یەزدان بۆ منی کرد کاتێک لە میسر هاتمە دەرەوە."» (دەرچوون ١٣: ٨). لە سەدەری یەکەمی {**سەدەر** عیبرییە، واتە فەرمان} ئێوارەی یەکەم ڕۆژی جەژنی لێپەڕینەوەدا چیرۆکی دەرچوونی نەوەکانی ئیسرائیل لە میسرەوە بۆ «ئەم بارەی ئێستا» دەگێڕرێتەوە و لە سرووتێکدا لەگەڵ هەندێک جووڵەدا لە ماڵەوە نمایش دەکرێت. **~گ.س.**

[89] **بە دوای... دەخوێندەوە**: بلووم هەڵەیە. وا وێنا دەکات کە تیپچنەکان بە ئاوەژوو (ڕاست بۆ چەپ) هەڵەبڕی دەکەن و ئەمەش باوکی بە بیر دەهێنێتەوە کە عیبریی خوێندووەتەوە. لە ڕاستیدا تیپچنەکان {هی ئەو زمانانەی لە چەپ بۆ ڕاست دەنووسرێن} لە چەپ بۆ ڕاست دەخوێننەوە، بەڵام پیتەکان بە ئاوەژوویی دەخەنە ناو ڕیزی دارشتەکەوە. ئاوهاش وا دەردەکەوێت کە هەموو وشەیەک لە ڕاست بۆ چەپ نووسراوە، بەڵام هەموو پیتەکان پێچەوانەن. **~س.ت.م.١**

[90] **پەسخە:** لێڕەتبوون (بڕوانە ۲: ۱۱۹). **~گ.س.**

[91] **ساڵی داهاتوو لە ئۆرشەلیم:** دواهەمین دەستەواژەی نزای هەگادایە کە لە ئێوارەی یەکەمی جەژنی لێڕەتبووندا لەماڵەوە دەخوێنرێت، نزاکە بەوە کۆتایی دێت کە داوا لە خودا دەکرێت پەرستگای ئۆرشەلیم دروست بکاتەوە. **~گ.س.**

نزاکە دوور و درێژە و چەند دەقێکی کەمێک جیاوازیشی هەیە، ئەم پەرەگرافەم دۆزییەوە و وەرمگێڕا:

> شکۆمەندی هەر بۆ تۆیە ئەی هاشێم، خودای ئێمە، بۆ درەخت و بەرەکانیان، بۆ بەری کێڵگەکان و ئەو خاکە فراوان و باش و خۆشەویستەی تۆ هەڵتبژاردووە و بە باوانمانت بەخشیوە تا لە بەرەکەی بخۆین و لە باشییەکەی تێر ببین؛ بەزەییت پێماندا بێتەوە، ئەی هاشێم، ئەی خودامان، بەزەییت بە ئیسرائیلدا بێتەوە، نەوە هەڵبژێرراوەکەی خۆت، هەروەها بە ئۆرشەلیمدا، کە شارەکەی خۆتە، هەروەها بە سیۆندا، کە نشینگەی شکۆمەندیی خۆتە، هەروەها بە قوربانگا و پەرستگا پیرۆزەکەی خۆتدا؛ ئۆرشەلیمی شاری پیرۆزیش بە خێرایی و هەر لە ماوەی ژیانی ئێمەدا بونیاد بنێوە و ئێمەش بخە ناوەڕاستەکەیەوە، بە دووبارە دروستکردنەوەکەی ئەم شارە پیرۆزە دڵمان خۆش بکە؛ با ئێمەش لە بەری خاکەکەی بخۆین و لە باشییەکەی تێر ببین و بەسەر هەموو زەوییەکەیدا بەوپەڕی پیرۆزی و پاکییەوە تۆ شکۆمەند و پیرۆز بکەین. چونکە تۆ ئەی هاشێم، خودایەکی باش و بەخشندەیت بۆ هەمووان، بۆیە سوپاست دەکەین بۆ خاکەکە و بەرەکەی؛ ئەی هاشێم، تۆ شکۆمەند و پیرۆزیت بەسەر خاکەکە و بەرەکەیدا... ساڵی داهاتوو لە ئۆرشەلیم.

**هاشێم** عیبرییە، واتە *ناوەکە*، مەبەست ناوی خودایە، چونکە بە گوێرەی فەرمانی خودا لە *تەورات*دا، نابێت نەوەکانی ئیسرائیل هەر وا ناوی خودا لەخۆڕا بە کار بهێنن، بۆیە لە بری ئەوە زۆر جار دەوترێت: *هاشێم*. **~ن.م.**

[92] **ئەو هەموو... کۆیلایەتی هێنا:** لە *هەگادا*دا ئەم تەوەرە سەرەکییە سێ جار دێتەوە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و نزیکی کۆتاییدا: «یەزدانی خودامان بە دەستێکی بەهێز ئێمەی لە میسر، لە خاکی کۆیلایەتی دەرکرد... چونکە تۆ ئەی یەزدان، خودای ئێمە، ئێمەت لە خاکی میسرەوە هێنا، ئێمەت لە کۆیلایەتی ڕزگار کرد... تۆ ئەی یەزدان، خودای ئێمە، ئێمەت لە میسر ڕزگار کرد و لە خاکی کۆیلایەتی دەرتهێناین» (بڕوانە دەرچوون ۱۳). **~گ.س.**

بلووم دەڵێت: «لە خاکی میسرەوە بۆ ناو خاکی کۆیلایەتی» کە بە گوێرەی گێڕانەوەی *تەورات* میسرِ خۆی خاکی کۆیلایەتییە، واتە دەبوو بڵێت: «لە خاکی میسرەوە کە خاکی کۆیلایەتییە بۆ خاکی بەڵێندراو». لە پڕۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی، وتی: «بلووم بە هەڵە بیری کەوتووەتەوە؛ لە *کتێبی پیرۆزدا* دەڵێت: ʺمن یەزدانی پەروەردگارتانم کە لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان، لە خاکی کۆیلایەتییەوەʺ (دەرچوون ٢٠: ٢). دواتر هەر لەم ئەڵقەیەدا لە وتارەکەی تەیلەردا گێڕانەوە ڕاستەکە دەخرێتە ڕوو» (بڕوانە ٧: ٤٠٥). **~ن.م.**

[93] **هەلیلویا**: لە بنەچەدا عیبرییە، بە واتای: *شکۆمەندی بۆ تۆ ئەی خودا*. **~گ.س.**

[94] **شێما... ئێلۆهێنو**: عیبرییە و دوو وشەی ماوە، واتە: «ئەی ئیسرائیل گوێ بگرن، یەزدانی پەروەردگارمان» وشەکانی *ئادۆنای ئێحاد* {خودامان تاکە} هەموو دێڕەکە تەواو دەکات و بەم واتایە دێت: «ئەی ئیسرائیل گوێ بگرن، یەزدانی پەروەردگارمان یەک یەزدانە» (دواوتار ٦: ٤) **~گ.س.**

ناوی خودا لای ئیسرائیلییەکان ئەوەندە پیرۆزە کە نابێت و قەدەغەیە ناوی بهێنرێت، بۆیە بە شێوەی جیا ئاماژە بە هەمان خودا دەدرێت. بۆیە ئەم دێڕە بە هەردوو ئەم دەربڕینە هەیە: «شێما عێلئیسرائێل یەهوێ ئێلۆهێنو یەهوێ ئێحاد»؛ «شێما عێلئیسرائێل ئادۆنای ئێلۆهێنو ئادۆنای ئێحاد». **~ن.م.**

[95] **ئەوەی تریانە**: واتە شێمایە: شێما بەشێکە لە پەرستشی بەیانی و ئێوارەی هەموو ڕۆژێکی کەنیشت {پەرستگای جوو}. بلووم شێما بە سرووتەکانی سەدەری دووەمەوە پەیوەست دەکات، ئەگەرچی لە ڕاستیدا لە هیچ کامێک لە دوو سەدەرەکەدا نییە. لە هەردوو سەدەرەکەدا ناوی دەهێنرێت، لە چیرۆکێکی کورتدا باسی هەندێک مالووم دەکرێت کە ئەوەندە ڕۆچوونەتە ناو گێڕانەوەی چیرۆکی دەرچوونی جووەکانەوە لە میسر کە خوێندکارەکانیان ناچار بوون بیریان بخەنەوە و بڵێن: «مامۆستا، کاتی خوێندنی شێمای بەیانی هات!» **~گ.س.**

[96] **ئینجا... کوڕەکانی یاقوب**: بلووم دوازدە کوڕەکەی یاقوب (پەیدابوون ٣٥: ٢٢-٢٧) بە دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیلەوە پەیوەست دەکات. لە سەدەری دووەمدا سروودێک دەخوێنرێت کە ناوی «کێ دەزانێت یەک چییە؟»یە و سروودێکی کەڵەکەکەرە و دەڵێت: «کێ دەزانێت سێزدە چییە؟» وەڵامەکەی: «من دەزانم، سێزدە ئەدگارە خوداییەکانن؛ دوازدە هۆزەکانی ئیسرائیلن؛ یازدە ئەستێرەکانی خەونەکەی یوسفن؛ دە ڕاسپاردەکانی خودان؛ نۆ مانگەکانی دووگیانین؛ هەشت ڕۆژی خەتەنەیە؛ حەوت ڕۆژی شەممەیە؛ شەش

فەرمانەکانی میشنەن؛ پێنج پەڕتووکەکانی *تەورات*ن؛ چوار دایکەکانن؛ سێ باوکەکانن؛ دوو تەختەی فەرمانەکانن؛ یەکیش خوداکەمانە لە ئاسمانەکان و زەوی». **~گ.س.**

[97] **ئینجا کاریلەکە... دەکوژێت**: لە سروودی *خاد گەدیا*وە هاتووە بە واتای *کاریلەیەک* کە سەدەری دووەمی پێ تەواو دەکرێت. ئەمیش هەر گۆرانییەکی کەڵەکەکەرە، کۆپلەی کۆتایی دەڵێت: «یەزدانی پیرۆزیش هات، شکۆدار بێت، فریشتەکەی مەرگی کوشت کە سەربڕەکەی کوشت کە ئەو گایەی کوشت کە ئەو ئاوەی خواردەوە کە ئەو ئاگرەی کوژاندەوە کە ئەو شووڵەی سووتاند کە کێشای بەو سەگەی کە ئەو پشیلەیەی گەست کە کاریلەکەی باوکمی خوارد». **~گ.س.**

**ئەمە دەقی هەموو گۆرانییەکەیە:**

باوکم بۆ دوو زووزیی کڕی
*خاد گەدیا*، *خاد گەدیا*،
باوکم بۆ دوو زووزیی کڕی
کاریلەیەک، کاریلە؛

پاشان پشیلەیەک هات
کاریلە سپییەکەی خوارد،
ئینجا دوای ئەو سەگێک هات
ئەو پشیلەیەی گەست کە
کاریلەکەی باوکمی خوارد؛

جا شووڵێک کێشای بەو سەگەی
ئەو پشیلەیەی گەست کە
کاریلەکەی باوکمی خوارد؛

جا ئاگرێک شووڵەکەی سووتاند
کە کێشای بەو سەگەی کە
ئەو پشیلەیەی گەست کە
کاریلەکەی باوکمی خوارد؛

دوای ئەویش ئاوێک هات و

ئەو ئاگرەی کوژاندەوە
کە ئەو شووڵەی سووتاند
کە کێشای بەو سەگەی کە
ئەو پشیلەیەی گەست کە
کاریلەکەی باوکمی خوارد؛

ئینجا دوای ئەو گایەک هات
ئەو ئاوەی خواردەوە کە
ئەو ئاگرەی کوژاندەوە
کە ئەو شووڵەی سووتاند
کە کێشای بەو سەگەی کە
ئەو پشیلەیەی گەست کە
کاریلەکەی باوکمی خوارد؛

ئینجا سەربڕێک هات و
ئەو گایەی کوشت کە
ئەو ئاوەی خواردەوە کە
ئەو ئاگرەی کوژاندەوە
کە ئەو شووڵەی سووتاند
کە کێشای بەو سەگەی کە
ئەو پشیلەیەی گەست کە
کاریلەکەی باوکمی خوارد؛

جا فریشتەی مەرگ هات
سەربڕەکەی کوشت کە
ئەو گایەی کوشت کە
ئەو ئاوەی خواردەوە کە
ئەو ئاگرەی کوژاندەوە
کە ئەو شووڵەی سووتاند
کە کێشای بەو سەگەی کە

ئەو پشیلەیەی گەست کە
کاریلەکەی باوکمی خوارد؛

یەزدانی پیرۆزیش هات، شکۆدار بێت،
فریشتەکەی مەرگی کوشت
کە سەربڕەکەی کوشت کە
ئەو گایەی کوشت کە
ئەو ئاوەی خواردەوە کە
ئەو ئاگرەی کوژاندەوە
کە ئەو شووڵەی سووتاند
کە کێشای بەو سەگەی کە
ئەو پشیلەیەی گەست کە
کاریلەکەی باوکمی خوارد؛

باوکم بۆ دوو زووزییەکەی کڕی
کاریلەیەک، کاریلە؛
باوکم بۆ دوو زووزییەکەی کڕی
خاد گەدیا، خاد گەدیا.

**زووزی**: خەڵکانێکن لە *تەورات*دا ناویان هاتووە، بۆ نموونە (پەیدابوون ١٤: ٥): «لە ساڵی چواردەمین، کدارلاعۆمەر خۆی و ئەو پاشایانەی کە لەگەڵی بوون هات، ڕفائییەکانیان بەزاند لە عەشترۆت قەرنەیم، هەروەها زوزییەکان لە هام و ئێمییەکانیش لە شاڤێ قیریاتەیم».

ئەم دەقە، ئەگەرچی لە زۆربەی شێوە جیاکانیدا هەمان زنجیرەی هەیە، واتە: کاریلەکە، پشیلەکە، سەگەکە...تد. بەڵام ئاوازی جۆراوجۆری هەیە، لە پەیژەی گەورەدا هەیەتی، ئەوەی پێی دەڵێن: *مەقامی عەجەم* و لە پەیژەی بچووکیشدا هەیەتی، ئەوەی پێی دەڵێن: *نهاوەند*، ئەمەی لەسەر پەیژەکەی گۆرانییەکە دەیڵێم تەواو ڕای ئێستای خۆمە و کەسی ترم نەدیوە باسی ئەمەی کردبێت، دەشێت هیچ پەیوەندیشی نەبێت، بەڵکو تەنها سەرنجێکە و پێشتر لەگەڵ کەسدا باسم نەکردووە، چونکە زیاتر موزیککار لەمە تێدەگات: ئەگەری زۆرە کە ئەو ئاوازەی *خاد گەدیا* کە بلووم لە خەیاڵیدایە ئەوەیان بێت کە لەسەر

پەیژەی بچووکە (نهاوەند)، هۆی ئەم پێوابوونەشم ئەوەیە کە پەیژەی نهاوەند، لەگەڵ ئەوەی خۆی پەیژەیەکە و بە ناوی یەکەم تۆنی پەیژەکەوە ناو دەنرێت، بۆ نموونە: *نهاوەندی لا*، واتە پەیژەیەکی نهاوەند کە یەکەم تۆنی *لا* بێت: (لا، سی، دۆ، ڕێ، می، فا، سۆل)، بەڵام ئەم نهاوەندی لایە لە هەمان کاتدا موودی جیاوازی پەیژەی دۆی ئیۆلییە، چونکە لا شەشەمین تۆنی پەیژەی دۆیە، (١. دۆ، ٢. ڕێ، ٣. می، ٤. فا، ٥. سۆل، ٦. لا، ٧. سی)، پەیژەی ئیۆلی لە تۆنی شەشەمی پەیژەوە دەژەنرێت، ئاوهاش *نهاوەند/بچووک* لە هەمان کاتدا پەیژەیەکی *ئیۆلی*یە، واتە *نهاوەندی لا* هاوتەریبی *دۆی ئیۆلی*یە، کە لەگەڵ هاوتەریبیی ئەڵقەکەدا (ئیۆلۆس) دەگونجێت. ئەگەرچی ڕاڤەکەی گیفرد ڕوونە، بەڵام من حەزم کرد هەموو سروودەکە وەربگێڕم و بینووسمەوە و دایبنێمەوە، وەها دەقە کوردییەکەم وەرگێڕا کە بتوانرێت بخرێتە سەر یەکێک (یان زیاتر لە یەکێک) لە ئاوازە عیبرییەکان، خۆیشم لەگەڵ پیانۆکەمدا کەمێک پرۆڤەم لە یەکێک لە ئاوازەکانیدا کرد (نهاوەندەکە/ئیۆلییەکەیان) و نەستژەنییەکم لێی تۆمار کرد، کە نەستژەنیی ٥٢٧ و لە کەناڵی خۆم لە یوتیوب بڵاوم کردووەتەوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ویستم وەک نموونەی «گۆرانیی کەڵەکەکەر» یان «سرووودی کەڵەکەکەر» بە زمانی کوردی تۆماری بکەم، چونکە لە گۆرانی و سروودی کوردیدا هەرگیز لەم جۆرەم بەر چاو نەکەوتووە و پێم وا بوو ئەم دەقە نموونەیەکی باشی دەقی «کەڵەکەکەر»ە؛ بەڵام لە چیرۆک و پەندی پێشیناندا پەندی «شیر بۆ داپیر»مان هەیە، کە دەکرێت ناوی لێ بنرێت چیرۆکێکی کەڵەکەکەر. چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە کە لە (لا. ٩٨) پەڕتووکی *پەندی پێشینان*ی شێخ موحەمەدی خاڵدا تۆمار کراوە (کەمێک ڕێنووسەکەیم چاک کردووەتەوە):

> دەگێڕنەوە پیرەژنێک بزنێکی دەبێت، بە شیرەکەی دەژییێت. ڕۆژێک دەبینێت شیرەکەی خوراوە، سبەی خۆی مات دەدات و دەبینێت وا پشیلەیەک دێتە سەری و شیرەکە دەخوات. پیرەژنەش قیمەکێشێک دەماڵێت بە کلکیدا و دەیقرتێنێت و پشیلەکە ڕادەکات و دەڕوات. سبەی پشیلەکە دێتەوە سەر پیرەژنەکە و دەڵێت: «داپیرە، کلکەقوڵێم بدەوە»، داپیرەش دەڵێت: «تۆ شیری بزنەکەمت خواردووە. بچۆ لای درەخت و پێی بڵێ گەڵام بۆ بگرێت تا بیدەم بە بزنەکەم بۆ ئەوەی شیری زۆر بێت، ئەو کاتە کلکەقوڵێت دەدەمەوە». ئینجا پشیلەکە دەچێت بۆ لای درەخت و پێی دەڵێت: «دار، گەڵا بکە بۆ بزن، بزن شیر بۆ داپیر، داپیر کلکەقوڵێم دەداتەوە»، درەختیش دەڵێت: «بڕۆ ئاو بێنە لە کانی بۆ ژێرم تا

گەڵا دەردەم». ئینجا پشیلەکە دەچێتە سەر کانی و دەڵێت: «کانی، ئاو دە بۆ دار، دار گەڵا بۆ بزن، بزن شیر بۆ داپیر، داپیر کلکەقوڵێم دەداتەوە»، کانی دەڵێت: «برۆ کچ بێنە لەسەرم هەڵبپەڕن تا ئاوەکەم بتەقێت». ئینجا پشیلەکە دەچێت بۆ لای کچان و دەڵێت: «کچینە، لەسەر کانی چۆپی بکەن، کانی ئاو بۆ دار، دار گەڵا بۆ بزن، بزن شیر بۆ داپیر، داپیر کلکەقوڵێم دەداتەوە»، کچان پێی دەڵێن: «بچۆ بۆ لای وەستا کەوشمان بۆ بکات تا هەڵبپەڕین». ئینجا پشیلەکە دەچێت بۆ لای وەستا و دەڵێت: «وەستا، کەوش بکە بۆ کچان، کچان چۆپی بۆ کانی، کانی ئاو بۆ دار، دار گەڵا بۆ بزن، بزن شیر بۆ داپیر، داپیر کلکەقوڵێم دەداتەوە». ئینجا وەستا کەوش دروست دەکات بۆ کچان؛ کچان دەچنە سەر کانی و چۆپی دەکەن؛ کانی دەتەقێت؛ دار و درەخت ئاو دەدات؛ هەموو گەڵا دەکەن تا بزن تێر دەخوات و شیری زۆر دەبێت؛ ئینجا داپیرە کلکەقوڵێی پشیلەکە دەداتەوە. **~ن.م.**

**ئینجا کاریلەکە... دەکوژێت – (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پۆلیسیندێتۆن* *polysyndeton*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *فرەبەستنەوە* دێت}. **فرەبەستنەوە**: بەکارهێنانی چەند ئامرازێکی بەستنەوەیە، یان چەندبارەکردنەوەی هەمان ئامرازی پەیوەندی، وەک (لەگەڵ، و، یان). هاوکات لێرەدا پێکارێکی تر بە کار هاتووە، کە *کلایماکس* *climax*ە، وشەکە لە بنەچەدا لاتینییە، بە واتای پەیژە دێت. دەشێت لە کوردیدا پێی بوترێت **سەرکەوتن**: ڕێکخستنی وشە و دەستەواژە و ڕستەیە لە پێناو زیادکردنی گرنگی. **~گ.س.**

[98] **کەمێک... ورد دەبیتەوە:** «*خاد گەدیا* لە دیوی دەرەوەیدا لە گۆرانییەکی منداڵانە دەچێت، بەڵام وەک مێژووی ئیمپراتۆرێتییە یەک-لەدوای-یەکەکان لێکدراوەتەوە کە یەک لە ناو دەبەن (میسر، ئاشوور، بابل، فارس... تد.) کاریلەکە، کە لە ژێری ژێرەوەی هەموویاندایە و زۆرترین ئازاری پێ گەیشتووە، بێگومان، خەڵکی ئیسرائیلن. مردنی فریشتەی مەرگ ئەو ڕۆژەیە کە شانشینەکەی خودای بەتوانا لەسەر زەوی دادەمەزرێت؛ ئەو کاتەش دیسان ئیسرائیل لە خاکی بەڵێندراودا بە زیندووکراوەیی و بە بێگەردی دەژی» (*هەگادای لێرەتبوون، وەرگێڕانێکی دڵسۆزانە بۆ ئینگلی*، نووسینی: ئەبراهام ڕێجڵسن، [نیو یۆرک، ١٩٤٤]، لا. ٦٣). **~گ.س.**

[99] **جا... بترامێنم... دەرچووبێت – (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەنتیمێریا* *anthimeria*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای دژپۆل دێت}. **دژپۆل:** گۆڕینی پۆلێکە لە وتە بە پۆلێکی تر، وەک گۆڕینی *ترام*، کە ناوە، لای بلووم دەبێتە کار. **~گ.س.**

[100] **ماڵەکەی سیترۆن:** (بڕوانە ٤: ٨٢) *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* تەنها ٢٥ خانووی لە سانت کێڤن پارەیدا لیست کردووە و سیترۆن لە خانووی ژمارە ١٧دایە. **~گ.س.**

[101] **تۆم:** ئەلێکساندەر تۆم و هاوبەشەکانی، سنووردار، چاپساز و بڵاوکاری *ذە دەبلن گەزێت*، کە هەموو سێشەممە و هەینییەک لە ژێر چاودێریی نووسینگەی پەڕاوگەی پاشایی خاوەنشکۆ شای بەریتانیادا چاپ دەکرا و بڵاو دەکرایەوە؛ یاسا و دۆسێکانی پەرلەمانیان دەفرۆشت؛ نووسینگەی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم* بوو؛ دەزگای چاپکردنی پەڕتووکی حکومی و بەرگتێگرتنی پەڕتووک بوو. نووسینگەکەیان لە ٨٧-٨٩ی شەقامی ئابەیی ناوەڕاست بوو، دوو نووسینگە ئەولا نووسینگەی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*. **~گ.س.**

لەوە دەچێت بلووم ساڵی ١٨٨٦ ماوەیەک لەوێ کاری کردبێت. **~س.ت.م.١**

[102] **کەتیرەی شلەتێن... لەوێ بووم:** لەبەرئەوەی لە مێشکی بلوومدایە، ڕستەسازییەکی خراپی هەیە، مەبەست لەوەیە کە ئەو کاتەی بلووم لای تۆم کاری کردووە بۆنی کەتیرەی شلەتێن لە دوکانەکەی دراوسێیەوە هاتووە. **~ن.م.**

[103] **ترنجلیمۆ – (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئیدیۆتیزم* *idiotism*، {وشەکە لە بنەچەدا فەڕەنسییە، بە واتای *ئیدیۆمکردن* دێت}. **ئیدیۆمکردن:** ١. ئیدیۆمە؛ ٢. تایبەتمەندێتی یان توانای تایبەتی زمانێکە؛ ٣. تایبەتێتیی کردە یان شێوە، یان نەریتە. بۆ نموونە بەهرەی بلووم لە لێکدانی وشەدا؛ لێرەدا ناوی دراوسێ کۆنەکەی {سیترۆن/ترنج} لەگەڵ ترنج/ئەترۆگ (بڕوانە ٤: ٨٧)، هەروەها لەگەڵ بۆنی سابوونەکەی گیرفانیدا تێکەڵ دەکات. **~گ.س.**

[104] **هێشتاش دەتوانم... ئێرە. نا – (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەناکۆلوثیا* *anacoluthia*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای پچڕپچڕ دێت}. **پچڕپچڕ:** نەبوونی ڕیزبەندییەکی ڕێزمانییە؛ واتە بونیادێک بە جێ دەهێڵێت بۆ بونیادێکی تر، بێ ئەوەی بونیادی پێشووتر تەواو بکات. ئەم دەقەی ئێرە پێشنیاری *ئێلیپسیس*یش دەکات (بڕوانە ٧: ٢٩). **~گ.س.**

[105] **ئێرین... دەریای زیوین**: (بڕوانە ٣: ٢٤٦) ئینجا بەراوردی ئەو هۆنراوەیە بکە لەگەڵ یەکەم کۆپلەی هۆنراوەی *کویشلە مو کری* (واتە *ترپەی دڵ*)ی جۆن فیلپۆت کیوران (١٧٥٠-١٨١٧):

ئێرینی بەوەج، سینە سەوزەکەت چەند جوان و بەسۆز بەرز دەبێتەوە!
نقێمی زەمرووت، خراویتە سەر موستیلەکەی ئاو!
دڵم تامەزرۆی گشت تاڵەکانی گیای مێرگەکانتە،
هۆ ئێرینەکەم، شۆخی خۆرئاوا!
ئەی *کویشلە مو کری*ی هەر هەموو جیهان.

لەوانەیە ئەم سەرباسە تیلنیشانێکیش بێت بۆ پەسنەکەی جۆنی گۆنت لە شانۆنامەی *ڕیچاردی دووەم*ی شێکسپیردا، کە دەڵێت:

ئەم بەردە بەنرخەی خراوەتە نێو دەریا زیوینەکەوە

(ڕیچاردی دووەم ٢: ١، ٤٦). **~گ.س.**

[106] **پرۆفیسۆر ماکهیو**: بەشێکی ئەم کەسێتییە لەسەر نموونەی هیو ماکنیل بونیاد نراوە، ئێڵمان (لا. ٢٨٩) وەها پەسنی دەکات: «شارەزایەکی بواری زمانە کلاسیکییە مۆدێرنەکان بووە، پیاوێکی زیرەک و داوەشاو بووە». بە واتایەکی تر «پرۆفیسۆر» نەبووە. **~گ.س.**
کەسێتیی پرۆفیسۆر هیو ماکهیو لەسەر نموونەی هیو ماکنیل (١٨٦٦-١٩٣٥) بونیاد نراوە. ماکنیل لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٨٦٦دا لە گلێنارم لە کاونتیی ئانتریم لە دایک بووە. یەکێک بووە لە پێنج منداڵی ئارچیباڵد ماکنیل، کە بازرگان بووە و دایکی ناوی ڕۆزیتا (پێش شوو: *مەکئاولی*) بووە. لە خێزانێکی بەناوبانگی کاربەدەست و زانیارانەوە هاتووە؛ برای پرۆفیسۆر ئۆوین ماکنیل و جەیمز ماکنیل بووە، کە ئەم برایەی دووەم باڵیۆزی بەریتانیا بووە لە دەوڵەتی ئایرلاندی ئازاددا، هەروەها برای چارلز ماکنیل بووە، کە ئەنتیکەناس بووە. ماکنیل لە کۆلێجی بێلڤێدێرێ لە دەبلن خوێندوویەتی و ساڵی ١٨٨٤ کە لە خوێندن وەرگیراوە لە خانووی ژمارە ٨٦ی سانت ستیفنس گرین ژیاوە. ساڵی ١٨٨٨یش کە لە زانکۆی کۆلێجی دەبلن دەرچووە لە ٩ی شەقامی فیتزگیبن ژیاوە، پلەی بەکالۆریۆسی لە زمانی لاتینی و گریکیدا بە دەست هێناوە. پاشان ماوەیەک لە زانکۆی کۆلێج کاری کردووە. لە سەرەتای ساڵی یەکەمی خوێندنی ١٨٨٩-١٨٩٠دا مامۆستای ئامادەیی بووە و لە بەهاری هەمان ساڵی خوێندندا مامۆستای لاتینی و فەڕەنسیی ئامادەیی بووە. تا نزیکەی ساڵی ١٩١٣ش هەر وەک کارمەندی کۆلێج کاری کردووە. لەگەڵ

ئەم مووچەی مامۆستایەتییەیدا تاقیکردنەوەی بۆ زانکۆی پاشایی و لیژنەی تاقیکردنەوەکانی ناوەندی ڕێکخستووە. ساڵانی ١٨٨٠کان لە کۆمەڵەی وێژە و مێژوودا پلەیەکی هەبووە کە ساڵی ١٨٩٧ سەرلەنوێ دوای شازدە ساڵ بووژێنرایەوە، لەم کۆمەڵەیەدا بابە دیلەینی و بابە دارلینگتنی لەگەڵدا بووە. هاوڕێیەک لەم سەردەمەدا لە بارەی ماکنیلەوە نووسیویەتی: «زۆر گرنگ نەبوو لای لە جیهاندا سەربکەوێت؛ بێگومان، کەمتەرخەمییە خەیاڵپلاوانەکەی مایەی دڵساردیی هاوڕێکانی بوو؛ وای پیشان دەدا کە لە کرۆکی بڕوایەوە دژی خولیاکانی خۆیەتی. کەسانی وا زۆر دەگمەنن و بۆیەش سەرنجڕاکێشترن». ماکنیل لە ٣ی ئابی ١٨٩٦ لە کڵێسای کاتیدراڵیی خاتوو ماری ئەبیگایل مورفیی خواستووە، لەو کاتەدا لە خانووی ژمارە ١٨ی شارلمۆنت پلەیس دەژیا. خێزانەکە ساڵی ١٩٠٠ گواستوویانەتەوە بۆ کۆشکێک بە ناوی «ئابەردێلجی» لە شەقامی هاربەر لە هاوث، دواتر گواستوویانەتەوە بۆ بەری باشوور و لە ساڵی ١٩١١ەوە لە چەند ناونیشانێکی جیاوازی ناوچەی ڕانەلاخ ژیاون، لەوانە ٦ی ساندفۆرد پارەید لەسەر شەقامی ساندفۆرد، ئاناڤیل هاوس لە ئاناڤیلی سەروو و ١٣ی شارلمۆنت پلەیس. سێ کوڕ و دوو کچیان هەبووە. ماکنیل یەکبینە سەردانی نووسینگەی *فریمانس جۆرنەڵ* و *ئیڤنینگ تەلەگراف*ی دەکرد لە شەقامی پرنسی باکوور، زوو دەگەیشت و هەموو ڕۆژەکە لەوێ دەمایەوە و ڕۆژنامەکانی دەخوێندەوە و سەرکۆنەی کارمەندەکانشی دەکرد ئەگەر دوا بکەوتنایە. ناسناوی شۆخییانەی «پرۆفیسۆر»یان پێی دابوو. لە ١٩٣٠یەکاندا ئەندامێکی هەمیشەیی ژووری هەواڵەکانی *ئایرش تایمز* بووە، ئەگەرچی هەرگیز کاری بۆ ڕۆژنامەکە نەکردووە. وەک کەسێتییەکی *ئایرش تایمز* ناسراوە، لەسەر ئەو چا و سەموونانە ژیاوە کە کارمەندەکانی ئەوێ لە قاوەخانەی بیولیس ئۆریەنتاڵی شەقامی وێستمۆرلاند بۆ ئەویان کڕیوە، کە لەوانەوە نزیک بووە. لە جلپۆشیندا بێباک بووە و ڕیشێکی سووری شۆڕی هەبووە. لە نووسینگەکانی *ئایرش تایمز* یان لە کۆشکی تەلەفۆنی لای کۆلێج گریندا نووستووە. لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥دا لە کۆگای سەندیکای باشووری دەبلن لە شەقامی جەیمز مردووە. ~**ڤ.یئ.**

[107] **پرپسکیتانه... ورنگاندی – (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەنثیمێریا* ***anthimeria***، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای دژپۆل دێت}. **دژپۆل**: گۆڕینی پۆلێکە لە وتە بە پۆلێکی تر، وەک گۆڕینی *ترام* کە لای بلووم دەبێتە کار. ~**گ.س.**

[108] **سەهویرەکە دێت و دەچێت**: دەربڕینێکی ناوخۆیی شانۆیی و ڕۆژنامەگەرییانەیە بە واتای مووچە *دەدرێت* دێت. «ڕەتڵێدج (بڕوانە ٧: ١٩) لە ڕۆژانی مووچەوەرگرتندا قتووێکی پارەی بە دەستیەوە دەگرت و نووسینگە بە نووسینگەی باڵەخانە کۆنەکە دەگەڕا و پارەی لەم قتووە دەردەکرد و دەیدا بە هەمووان؛ ئینجا کە دەهات دەیانوت: "سەهویرەکە هات"» (ئێلمان، لا. ٢٨٩). هەروەها بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت، بلووم ڕۆڵی سەهویرەکەی هاملێت دەبینێت (بڕوانە ٨: ٥١). **~گ.س.**

**سەهویرەکە دێت و دەچێت - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *هیپۆتیپۆسیس hypotyposis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ژێردارِشتن* دێت}. **ژێردارِشتن**: بە گوێرەی پێناسەی گیلبێرت: «وێناکردنی دیدەیی شتانە کە لە پێش چاودا ئامادە نین»، وێناکردنەکەی ستیفنیش دەهێنێتەوە بۆ سێ سەرواکەی دانتێ: «سێ بە سێ بینینی، کچانی نزیکبووەوە» (بڕوانە ٧: ٣١٦). **~گ.س.**

[109] **عیسای... دروست ناکات - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *کاتاخرێسیس catachresis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *هەڵەبەکارهێنان* دێت}. **هەڵەبەکارهێنان**: گیلبێرت وەهای پێ دەڵێت: «میتافۆڕێکە، ئەوەندە بوێرانەیە کە دەگاتە پلەی ناپەسەندی»، بەڵام کوینتیلیان بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «خواستنی وشەیەکە کە لە واتاوە نزیکترینە» یان «بەکارهێنانی ناپەسەندی وشەیە؛ بەکارهێنانی زاراوەیەکە بۆ شتێک کە بە پەسەندی ئاماژەی پێ نادات؛ چەوتبەکارهێنان یان شێواندنی خوازە یان میتافۆڕە». هەروەها ئەم دەستەواژەیە نموونەیەکی *ئەپۆسترۆف apostrophe*ە {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە بە واتای *لادان* دێت}، **لادان**: پچڕانی لەناکاوی وێژمانێکە کە بە دوایدا ڕوو لە کەسێک یان شتێک دەکەیت، یان لەوێیە، یان لەوێ نییە؛ بانگکردنێکی سەرسووڕماناوییە. **~گ.س.**

[110] **نێپتون**: (یان: نیپتۆن، نیپتۆنوس، نێپتونوس، نیپتونوس) بە ئینگلی *Neptune*. نێپتون گەورەی خودا دەریاییەکانی ڕۆمییەکان بووە. لەبەر ئەوەی ڕۆمییە بەراییەکان، واتە ئەوانەی سەرەتا دەوڵەتی ڕۆمیان دامەزراندووە، خەڵکانێکی دەریایی نەبوون، بۆیە زۆر ناوی خودای دەریایی نەهاتووە، ئێمەش زۆر کەم دڵنیاین کە چ ڕۆژێکی ساڵ بە جەژنی نێپتون دانراوە، گەرچی وا دیارە ٢٣ی تەمووز بووبێت. پەرستگاکەی لە کامپوس ماریتوس بووە، کە لە *سێپتا*وە دوور نییە. هەر ئەوەندە دەزانین کە خەڵکان لە جەژنی نێپتوندا چادریان لە لقی درەخت دروست کردووە و لە ناویدا ئاهەنگیان گێڕاوە و

خواردوویانەتەوە. کە فەرماندەیەکی ڕۆمی ویستوویە لەگەڵ سوپای کەشتیگەلیدا بە ڕێ بکەوێت، سەرەتا قوربانییەکی پێشکەشی نێپتون کردووە، کە قوربانییەکە فڕێ دراوەتە نێو دەریاکەوە. نێپتون لە هۆنراوە ڕۆمییەکاندا تەواو هەر وەک پۆسیدۆنی گریکی دەستنیشان کراوە، ئاوهاش هەموو ئەدگارەکانی پۆسیدۆن بۆ نێپتون گوازراوەتەوە. (*فەرهەنگێکی نوێی ژینامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٥٤٤). **~ن.م.**

[111] **ژێر ئەو سێبەرانەی - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەفایرێسیس aphaeresis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *سڕینەوە* دێت}. **سڕینەوە:** پەڕاندن یان سڕینەوەی پیت یان بڕگەیەکە لە سەرەتای وشەدا {لێرەدا وشە ڕاستەکە *لە* ژێرە، بەڵام *لە*کە سڕاوەتەوە}. **~گ.س.**

[112] **لکوپۆی گشتگری... سینەی ماتی - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پارادیاستۆل paradiastole*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پاڵجیایی* دێت}. **پاڵجیایی:** پەسنێکی باش دەدرێت بە شتێکی خراپ لە ڕێی دەربڕینێکەوە کە تەنها بەشێک لە ڕاستی پیشان دەدات (یان بە پێچەوانەوە؟).

**سینەی مات - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *سۆلێسیزم solecism*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *هەڵەبێژی* دێت}. **هەڵەبێژی:** پێشێلکردنی یاسایەکی ڕێزمان یان ڕستەسازییە، یان ڕێکخستنێکی چەوتە. **~گ.س.**

[113] **یان دیسان... ئەو ڕایانخستوون:** ئەگەر ئەم نووسینە لە دەرەوەی زمانی وێژەی خەیاڵکرددا هەبێت، ئەوا سەرچاوەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

[114] **خواردنەوەکەی دەگۆڕێت:** لە ناو خەڵکدا وا دانراوە کە گۆڕینی جۆری مەی ڕێیەکی خێرایە کە بێگومان سەرخۆشت بکات. **~گ.س.**

[115] **کسینۆفۆنیش... دەریاکەی ڕوانی:** لە چەند دێڕێکی لۆرد بایرۆنەوە هێنراوە کە دەڵێت: «شاخەکان لە ماراتۆن دەڕوانن، ماراتۆنیش لە دەریا دەڕوانێت؛» لە هۆنراوەیەکدایە کە خراوەتە ناو *دۆن خوان*یشەوە «سروودی سێیەم» (١٨٢١) لە نێوان کۆپلەکانی ٨٦ و ٨٧دایە. کسینۆفۆن (بە نزیکی ٤٣٤پ.ز. – ٣٥٤پ.ز.) کە مێژوونووسێکی گریکی بووە، یەکێک بووە لە سەرکردەکانی دە هەزار هێلێنییەکە (بڕوانە ١: ٣٧) هەروەها مێژوونووسە سەرەکییەکەی هێرشەکەش بووە؛ ئاوهاش لە دەریاکەی ڕوانیوە و لەگەڵ هاواری سەرکەوتنەکەدا ئەویش هاواری کردووە: «ثالەتا! ثالەتا!» ماراتۆن کە شاخێکە لەسەر

کەناری خۆرهەڵاتی ئاتیکایە، بیست و دوو میل لە ئەسیناوە دوورە، ساڵی ٤٩٠ی پێش زاین شوێنی جەنگێکی یەکلاکەرەوەی نێوان گریک و فارسەکان بووە، لەو جەنگەدا ئەسینایییەکان فارسەکانیان بەزاند. لە ڕاستیدا ماراتۆن بە ڕاستی دەڕوانێتە سەر دەریاکە. بەڵام ئەگەر کسینۆفۆن ڕوانیبێتیە سەر ماراتۆن، تەنها وەک مێژوونووس ئاوڕی لێی داوەتەوە بۆ ڕابردوو، هەروەها وەک سەرکردەیەکی گریکیی تر، کە لە جەنگێکی دژ بە فارسەکاندا دا بەشداریی کردووە. **~گ.س.**

[116] **ئەو پسکیتە ئاوییەی**: **پسکیتی ئاوی**: بە ئینگلی ***water biscuit***: پسکیتێکی تەنکە، زۆر جار لەگەڵ کەرە و پەنیردا دەخورێت؛ دەوترێت گوایە بۆیە ناو نراوە *پسکیتی ئاوی* چونکە ئەگەرچی پسکیتەکە خۆی لە ئارد و ئاو پێکهاتووە، بەڵام وا بانگەشەی بۆ کراوە کە لە گەشتی درێژی ڕێی ئاویدا هیچی لێ نایەت. **~ن.م.**

[117] **پیرە چاتەرتن**: هێدجس ئایەر چاتەرتن (١٨٢٠-١٩١٠) ڕاوێژکاری شا خانم (١٨٥٨)، پارێزەری گشتی (١٨٦٦)، ئاوقاتی گشتی (١٨٦٧)، هەروەها ئەندامی پەرلەمان بوو بۆ زانکۆی دەبلن و جێنشینی لۆردی ڕاوێژکاری ئایرلاند بوو، دادوەرێک بوو کە وەک بریکار یان یاریدەری ڕاوێژکاری گشتیی ئایرلاند دانرابوو. **~گ.س.**

ئەبراهام چاتەرتن (١٨٦٢-١٩٤٩) برازای دادوەر هێدجس ئایەر چاتەرتن (١٨١٩-١٩١٠) بووە، لە قوتابخانەی ئامادەیی ئیراسموس لە شەقامی هارکۆرت لە دەبلن هاوڕێی قوتابخانەی بلووم بووە. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چووەتە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن و ساڵی ١٨٩٥ دەلاڵی خانووبەرە بووە و نووسینگەیەکیشی لە ٢٦ی وێستلاند ڕۆو هەبووە. چاتەرتن لە ٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٠دا کراوە بە تۆمارکەر و ژمێریاری قوتابخانەی ئامادەیی ئیراسموس. لەگەڵ ئەلیزابێث ئیڤای ژنی و کچەکەیدا لە ١٦ی شەقامی پێمبرۆک لە بۆلسبریدج ژیاون. ساڵی ١٩٠٣ گواستوویانەتەوە بۆ ئێنیسکێری لە کاونتیی ویکلۆ. نووسینگەکەی لە وێستلاند ڕۆو هەر هێشتووەتەوە و هەر لە ئامادەیی ئیراسموس کاری کردووە. دواتر بووە بە دەلاڵی خانووبەرەی لۆردی پاوەرسکۆرت، بەرپرسی ئەو جێیە بووە کە ئێستا پێی دەوترێت *نەمامگەی چاتەرتن* لە پاوەرسکۆرت، ئێنیسکێری، لە کاونتیی ویکلۆ. لە ٤ی ئابی ١٩٤٩دا لە دێلگەنی لە کاونتیی ویکلۆ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی کڵێسای سانت پاتریک لە ئێنیسکێری نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

**سەرنج:** ساڵی لەدایکبوونی چاتەرتن لای گیفرد و ئیگۆ ساڵێک جیاوازییان هەیە. **~ن.م.**

[118] **ژێروتاری مردنەکەی:** لە کاری ڕۆژنامەوانیدا چیرۆکی ژیان و دەسکەوتەکانی کەسی بەناوبانگ لە دۆسیێیەکدا هەڵدەگیرێت. لە مەرگنامەکەیدا، لەو پەرەگرافەدا کە باس لە کات و شوێن و هۆی (ئەگەر پێویست بوو) مردنەکەی دەکات، دەستکاری دەکرێت و نویێ دەکرێتەوە و دەخرێتە «سەروتار»ەکەوە. **~گ.س.**

**ژێروتار:** بە ئینگلیییەکەی جۆیس *Subleader*، وشەیەکە، وا دیارە جۆیس خۆی لەسەر «سەروتار» داپڕشتبێت، لە کوردییەکەشدا لەسەر هەمان داڕشتە دامڕشت. **~ن.م.**

[119] **جۆنی جێی مامت بکەوە:** {یان «تۆنی، جێی مامت بکەوە»} وتەیەکی باوی کۆتایی سەدەی نۆزدە بوو، بە کوڕی گەنج و هەرە گەنجی ناو کۆمەڵێک دەوترا. وتەکە لە گۆرانییەکی بەناوبانگەوە هاتبوو کە پیاوێکی کڵاودور بە ناوی *فرێد جۆنزەوە*، کە خەڵکی مەیدانی لەیستەر بووە، گلەیی لە «کوڕێکی نازکێشراو»ی بێوەژنێک هەیە کە بۆی بووەتە ئاستەنگ، چونکە ئەم حەزی لە دایکە بێوەژنەکەی کردووە. دایکەکە جۆنز وەک «مامت» بە کوڕەکەی {کە ناوی تۆمییە} دەناسێنێت. کۆڕی گۆرانییەکە دەڵێت:

تۆمی، جێی مامت بکەوە،

دەی بەقوربان،

تۆمی، جێی مامت بکەوە،

دەمەوێت لێرە دانیشێت. **~گ.س.**

[120] **ڕۆژانی کرێدان:** لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت *gale days* لە هەمان کاتدا بە واتای ڕۆژانی تەنگانەش دێت. **~ن.م.**

[121] **ئەگەر بمرێت... ڕۆنەوە:** لە دەقە ماکەکەدا، بە وەرگێڕانی وشە دەڵێت: «ئەگەر [ئەو] بمرێت بڕێکی مفتی دەست دەکەوێت»، واتە ئەگەر چاتەرتن بمرێت، ئەوا بڕە پارەیەکی زۆری مفت و خۆڕایی بەر نێد لەمبێرت (؟) دەکەوێت. **~ن.م.**

[122] **پارچەیەکی تازەدۆزراوەی چیچێرۆ:** مارکوس تولیوس چیچێرۆ (یان هەندێک جار بە *سیسرۆ* یان *شیشرۆ* دەنووسرێت) (١٠٦-٤٣پ.ز.) وتاربێژ و وارگێڕێکی ڕۆمی بوو. تەوسەکە دەچێتە سەر ناوبانگی چیچێرۆ وەک ڕەوانبێژێکی زۆر بەتوانا کە هەوڵی دەدا نێوەندێک بدۆزێتەوە لە نێوان سانایی لێکۆڵراوەی دەربڕین، کە ئەم شێوازە پەیوەست کراوە بە دیمۆستێنیس (٣٨٤؟-٣٢٢پ.ز.)، کە وتاربێژێکی گریکی بووە، هەروەها شێوازی ڕازانەوەی «ئاسیایی»ی وتاربێژان، کە ئەو سەردەمە لە ڕۆم باو بوو. **~گ.س.**

[123] **پارچەیەکی... خۆشەویستەکەمان - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئایرۆنی* *irony*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *وتە* دێت؛ لە کوردیدا بە *تەوس* دانراوە}. **تەوس:** واتای مەبەست پێچەوانەی ئەوەیە کە وشەکان و وتەکە گوزارشتی لێ دەکەن. **~گ.س.**

[124] **دان داوسن**: (بڕوانە ٦: ٥١). **~گ.س.**

[125] **جەی جەی ئۆمۆڵۆی**: پارێزەرێکە کە بەختی ڕوو لە هەڵدێرە، وا دیارە کەسێتییەکی خەیاڵکرد بێت، ئەگەرچی ستانیسلاوس جۆیس لە لاپەڕە ١٨٨ی پەڕتووکی *پارێزەرەکەی براکەم*دا چیرۆکی گفتوگۆیەکی نێوان جۆیس و ڕاگری بەشی خوێندنی کۆلێجی بێلڤێدێرێ دەگێڕێتەوە، کە ئەم گفتوگۆیە کەمێک بووەتە پێکهێنەری بەشی سەرەتای پاری پێنجەمی ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*. ستانیسلاوس دەڵێت کە میستەر موونەنی «سەرکەوتوو»، کە لە ڕۆمانی ناوبراودا وەک نموونەیەک بۆ ستیفنی دەهێنێتەوە، «لە ئەڵقەی *ئیۆلۆسی ئولیس*دا ناوی هاتووە». کەواتە ئەگەر وا بێت، لەوانەیە میستەر موونەن و جەی جەی ئۆمۆڵۆی هەردووکیان بەشێک بن لە هەمان کەسێتییە نەزانراوەکە. **~گ.س.**

جۆرج ئەلۆیسیوس موونەن (١٨٧٢-١٩٤٥) کوڕی ڕیچارد موونەن و ماری ئان (پێش شوو: *تییەرنەن*) بووە، لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٨٧٢ لە درۆگیدا لە کاونتیی لاوث لە دایک بووە. لە خزمەتی شارستانیدا کاری کردووە و هاوکات چووەتە کۆلێجیش. ساڵی ١٩٠٥ چووەتە زانکۆی کۆلێجی دەبلن و پلەی بەکالۆریۆسی بە دەست هێناوە. ساڵی ١٩١١ بووە بە پارێزەر و ساڵی ١٩٣٠ بووە بە ڕاوێژکاری شا و لە هەمان ساڵدا کراوە بە دادوەر. دواتر بووە بە دادوەری دادگاکانی کاونتییەکانی دۆنیگۆل و سلایگۆ. ساڵی ١٩٠١ خاتوو ماری ئێڤەلین مەککارثیی خواستووە، کە گۆرانیبێژێکی چینی کۆنترالتۆ بووە و لە ٢٩ی شاڕێی گارڤیل لە ڕاثگار ژیاون. لە ١٨٩٣وە ئەندامی کۆمەڵەی گیلییەکان بووە و لە ساڵی ١٨٩٩وە بوو بە سکرتێری شانازیی ئەوێ. ساڵی ١٩٠٦ کۆلێجی لەینستەری ئایریی بۆ بووژاندنەوەی زمانی ئایری دامەزراندووە و ساڵی ١٩١٣ بووە بە سکرتێری شانازییەکەی، پاشان بەڕێوەبەری شانازی و دواتریش سەرۆکی ئەوێ کە لە ٢٥ی مەیدانی ڕووتلاند بوو (پارنێڵی ئێستا). لە ١٩٠٧ تا ١٩١٠ لەگەڵ ئۆلیری کورتیس و هۆراس پلەنکێت و ئۆدانەهیوی گلێنس ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاوێژی کۆمەڵەی وێژەی نیشتمانی بووە. پەڕتووکی *مێژووێکی کورتی خەڵکی ئایرلاند* (١٩٢١)ی (لەگەڵ ماری هایدن-دا) نووسیوە. لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا لە ماڵی خۆی لە «ئەیلی میارا» لە فۆکسرۆک لە کاونتیی دەبلن کۆچی

دوایی کردووە و لە گۆڕستانی دینسگرەینج لە دینسگرەینج لە کاونتیی دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[126] **دیقە کوڵمەسووریّ**: بە ئینگلی *hectic flush* لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*ەوە: «سوورهەڵگەڕانی کوڵمەکان لە کاتی تووشبوونی سیلدا». ناوەکەم لە فەرهەنگی ناوبراوەوە هێناوە. **~ن.م.**

[127] **لێنێهەن**: کەسێتییەکە لە چیرۆکی *دوو جوامێری دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. **~گ.س.** لێنێهەن کەسێتییەکی ئاوێتەیە. ناوەکەی لە *ماثیو لێنێهەن*ەوە هێنراوە کە ڕاپۆرتسازێکی *ئایرش تایمز* بووە؛ کەسێتییەکەشی لە مایکڵ هارتەوە هێنراوە کە ڕۆژنامەنووسێکی وەرزشیی بەناوبانگ بووە و هاوڕێی جۆن ستانیسلاوس جۆیس بووە. هارت لە *ئولیس*دا بە ناوی خۆیەوە دەردەکەوێت. لێنێهەنەکان سێ برا بوون، ماثیو، جۆن و ڤنسنت و هەر سێکیان ڕۆژنامەنووس بوون. **~ڤ.ئ.**

[128] **پەڕە پەمەییەکانی فایلەکە**: ڕۆژنامەی *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف* لەسەر پەڕەی پەمەیی چاپ دەکرا. **~گ.س.**

[129] **لەوانەیەک**: واتە کەسێک کە کەسێکی گرنگی لێ دەردەچوو، ئەگەر هەندێک ڕووداو و ئاستەنگ ڕێیان لێ نەگرتایە. لێرەدا مەبەست لە جەی جەی ئۆمۆڵۆیە. **~ن.م.**

[130] **قەرزی ئابڕوو**: ئەو قەرزانەن کە بە گوێرەی یاسا ناگەڕێنرێنەوە، وەک قەرزی قومار، یان پابەندی بە خزم و هاوڕێوە...تد. **~گ.س.**

[131] **گەردەلوول دەدورنەوە**: پێغەمبەر هۆشەع بە تۆمەتی بتپەرستی و خوانەناسی هەڕەشەی وێرانبوون لە ئیسرائیل دەکات. «ئەوان با دەچێنن و گەردەلوول دەدورنەوە. چێنراوێک کە بەروبوومی نییە و ئاردی لێ دروستناکرێت و ئەگەر دروستیش کرا بێگانەکان هەڵیدەلووشن» (هۆشەع ٨: ٧). **~گ.س.**

[132] **دی و تی فیتزجێرەڵد**: پارێزەر بوون، بە ناونیشانی ٢٠ی شەقامی ئەندراوس لە باکووری ناوەڕاستی دەبلن. هاوبەشە بەتەمەنترەکەیان ناوی تۆماس فیتزجێرەڵد بوو، دادوەرێکی کاونتیی لیمریک بوو، پارێزەری پاشایی کاونتی دۆنیگۆل و شاری لەندەندێری بوو، هەروەها بریکاری یاسایی کۆمەڵەی منارەکانی ئایرلاند بوو. **~گ.س.**

[133] **بۆرەمادەکانیان: بۆرەمادە**: یان مادەی بۆر (یان *مادەی خۆڵەمێشی/مادەی دێز*)، شانە بۆرەکانی مێشک و دڕکەپەتکە. بەڵام لە ئینگلیدا بە واتای *زیرەکی*ش دێت، ئەگەرچی باشتر

بوو بە «بارۆکەکانیان بۆ نمایشی زیرەکییان»م وەربگێڕایە، بەڵام لێرەدا لەبەر هێشتنەوەی لێکچوواندنە ڕەوانبێژییەکە لە نێوان بۆرەمادە و بارۆکەدا، بۆرەمادەکەم هێشتەوە. **~ن.م.**

[134] **بارۆکەکانیان بۆ... پەیکەرەکەی گلاسنێڤن**: پارێزەران وەک هێمایەک بۆ زیرەکییەکەیان بارۆکە لە سەر دەکەن، هەر وەک چۆن بلووم لە ئەڵقەی شەشەمدا لە گۆڕستانەکە پەیکەرێکی دی وەک هێمای بڕوا دڵی پێوە کرابوو. **~گ.س.**

[135] **گابرییێل کۆنرۆی**: کەسێتیی سەرەکیی چیرۆکی *مردووەکە*ی *دەبلنییەکان*ە، لە وێژەی خەیاڵکرددا جارجار وتاری هەڵسەنگاندنی پەڕتووک بۆ ڕۆژنامەی *ذە دەیلی ئێکسپرێس* دەنووسێت، هەر وەک چۆن جۆیس بە ڕاستی وەهای کردووە. **~گ.س.**

[136] **ئێکسپرێس**: *ذە دەیلی ئێکسپرێس* ڕۆژنامەیەکی ئایری بوو (١٨٥١-١٩٢١)، لە ناوەرۆکدا کۆنەپارێز بوون و دژی خواستە ئایرییەکان بوون؛ دروشمە ڕیکلامبۆکراوەکەیان «پەرەپێدانی سەرچاوە پیشەسازییەکان» و گونجانی «ماف و بزاوتە نەتەوەییە ئایرییەکان لەگەڵ داواکاری و پەیمانبەستیی دەسەڵاتی ئیمپریالیدا» بوو. **~گ.س.**

[137] **مایەڵز کراوفۆرد**: مایەڵز کراوفۆرد سەرنووسەری ڕۆژنامەی *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف*ە، بەشێک لەم کەسێتییە لەسەر نموونەی ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگ بونیاد نراوە کە ناوی پاتریک میەید بوو. میەید لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٥٨ لە دیر پارک لە شارۆچکەی لیسمۆر لە کاونتیی واتەرفرد لە دایک بووە. باوکی ناوی جۆن میەید بووە، دایکی ناوی ئۆنۆرا (پێش شوو: *کۆربێت*) بووە، لەسەر شارێی سەرەکی لە لیسمۆر مەیخانە و دوکانێکی میوەفرۆشییان هەبووە. میەید هەر لە تەمەنێکی زووەوە لە کۆتاییەکانی ١٨٧٠کان و سەرەتای ١٨٨٠کاندا بووە بە کارمەندی ڕۆژنامەی *کۆرک هێرەڵد* و ڕاپۆرتی لەسەر زۆر بۆنەی گرنگ نووسیوە. ئەو سەردەمەی زووزوو دەرپەڕاندن ڕووی دەدا، هەواڵی لەسەر کاونتییەکانی کۆرک و کێری دەنووسی. نزیکەی ساڵی ١٨٨٨ چووە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* و لە ڕۆژە پڕ لە ڕووداوەکانی سەردەمی گفتوگۆی حوکمی سەربەخۆیی و چاکسازیی زەویوزاری ئایرلاند لە بەشی ڕۆژنامەنووسانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانیادا نوێنەرایەتیی ڕۆژنامەکەی کردووە. دواتر بووە بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف*ی دەبلن. وا باس دەکرێت کە پیاوێکی میهرەبان بووە و کەتە و قژسوور و سوورفل بووە و زوو تووڕە بووە و جلی ئاڵوواڵای پۆشیوە و گوڵێکی لە گیرفانی سەر چاکەتەکەی گیر کردووە. لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٠ تا ١٨٩٥ ماڵی لە ١٦ی شەقامی ستامەر بووە لە دەبلن. میەید ساڵی ١٩٠١ بێوەمێرد بووە و دوو کوڕی هەبووە،

هەرسێکیان لە خانووی ژمارە ١٠٥ی شەقامی نیمچەبازنەیی باشوور لە پۆرتۆبێللۆ لەگەڵ براژنەکەیدا ژیاون. دواتر گواستویەتیەوە بۆ خانووی ژمارە ٤٩ی شەقامی شێرەردی باکوور لە دەبلن و خۆی و کوڕەکانی لەگەڵ خێزانی کۆنوەیدا لە ژووری جیای هەمانماڵدا ژیاون. لە ٣ی ئابی ١٩٢٨دا لە ماڵی مارگەریتی خوشکی لە شاڕێی سەرەکیی لیسمۆر لە کاونتیی واتەرفرد کۆچی دوایی کردووە و لە بەشی خێزانی خۆیان لە گۆڕستانی لیسمۆر نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[138] **ئیندیپێندێنت**: *ذە ئایرش دەیلی ئیندیپێندێنت*، ڕۆژنامەیەکی دەبلن بوو، پارنێڵ دوای دارمانەکەی خۆی دایمەزراندبوو، بەڵام دوو مانگ دوای مردنی خۆی و لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٨٩١دا ڕۆژنامەکە دەرچوو و بڵاو کرایەوە. بە خێرایی کەوتە دەست دژەپارنێڵییەکان و ویلیەم مارتن مورفی ساڵی ١٩٠٠ کڕییەوە (بڕوانە ١٢: # **مارتن مورفی... گەندەڵەکەی بانتری**). ئاوهاش ڕۆژنامەکە لە ڕۆژنامەیەکی سەرسەختی پارنێڵدۆستەوە بوو بە ڕۆژنامەیەکی کۆنەپارێز و تەنانەت هەندێک جار لە کاردانەوەدا هەڵوێستی دژەپارنێڵییان وەردەگرت. **~گ.س.**

[139] **کەڵەشێری بانما**: بانما «شتێکە ئەندازەی با و گەرمی و ساردی پیشان دەدات» وەک بەنێک کە بە دارێکەوە دەکرێت تا ئاراستەی با دیاری بکات. لە هەندێک شوێن ئەم بانمایە لە شێوەی کەڵەشێردا دروست دەکرێت. **~ن.م.**

**کەڵەشێری بانما - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *مێتافۆر metaphor*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *زیادەهەڵگرتن* دێت}. لای بلووم ڕۆژنامەنووسان وەک کەڵەشێری بانما وان. **~گ.س.**

[140] **لە هەمان... هەم گەرمیشن**: لە چیرۆکی *پیاو و ساتیرەکەی* ئیسۆپۆسدا (سەدەی شەشی پێش زاین) ساتیرێک پیاوێک ڕزگار دەکات کە شەوێکی ساردی زستان ون بووە. پیاوەکە فوو لە دەستی دەکات، کە ساتیرەکە لێی دەپرسێت بۆ وا دەکات، دەڵێت: «تا گەرمی ببێتەوە» کە دەگەنە ماڵی ساتیرەکە، ساتیرەکە قاپێک هەریسەی گەرم دەدات بە پیاوەکە، پیاوەکە فووی لێ دەکات و کە ساتیرەکە لێی دەپرسێت بۆ وا دەکات دەڵێت: «تا سارد ببێتەوە»، ساتیرەکە پیاوەکە لە ماڵەکەی خۆی دەردەکات و پێی دەڵێت: «نامەوێت کەسێک بناسم کە فووی سارد و گەرم بە هەمان دەم و هەمان هەناسە دەردەکات». **~گ.س.**

**ساتیر**: بە ئینگلی *Satyr*، لە ئوستوورەی کۆندا بوونەوەرێکە نیوەی مرۆڤ و نیوەی بزن بووە. ئەمە وەرگێڕراوی خۆمە بۆ دەقی چیرۆکەکە:

**پیاو و ساتیرەکە**

ڕۆژێک لە ڕۆژان، کە ڕۆژێکی باراناوی و سارد بوو، پیاوێک و ساتیرێک یەکیان ناسی، پاشان پێکەوە دانیشتن تا نان بخۆن، پیاوەکە پەنجەکان و دەستی لە دەمی نزیک کردەوە و فووی پێیاندا دەکرد، ساتیرەکە پرسی: «بۆچی وا دەکەیت؟» پیاوەکە وەڵامی دایەوە و وتی: «دەستەکانم زۆر سەرمایانە، وا دەکەم تا گەرمیان بێتەوە». کەمێک دواتر کە قاپی هەریسە گەرمەکە خرایە بەردەمیان، پیاوەکە قاپەکەی هەڵبڕی و دیسان فووی لێی کرد، ساتیرەکە پرسی: «ئەی ئەمەیان چییە؟ ئێستا بۆ وا دەکەیت؟» پیاوەکە وەڵامی دایەوە و وتی: «هەریسەکەم زۆر گەرمە، وا دەکەم تا سارد ببێتەوە». ساتیرەکە وتی: «دە کەواتە مادەم وایە، من هاوڕێیەتیت ناکەم، چونکە نامەوێت هاوڕێی کەسێک بم کە بە هەمان هەناسە و هەمان دەم فووی گەرم و فووی سارد بکات». (*چیرۆکەکانی ئیسۆپۆس: گێڕانەوەیەکی نوێ، زۆربەی لەسەر سەرچاوە سەرەکییەکە داڕێژراوەتەوە*. وەرگێڕان و داڕشتنەوەی قەشە تۆماس جەیمز [سترینگفیلد، ئۆهایۆ، ١٨٨١]).

وەک دەبینرێت، لەم گێڕانەوەیەدا هەندێک وردەکاریی تێدا نییە کە لەوەی گیفرددا هەیە. **~ن.م.**

[141] **کەچەڵبوو**: ئەمە دەربڕینێکی خۆمانەیی ئایریییە، واتە بە شپرزەیی، یان بە کامی دڵ؛ ئەو کاتانەی پیاوان باڕۆکەیان لە سەر کردووە، هەندێک جار کە چوونەتە گفتوگۆ و مشتومڕێکی گەرمەوە ئاگایان لە باڕۆکەکانیان نەماوە {و باڕۆکەیان لەسەر نەماوە و کەچەڵییەکەیان دەرکەوتووە – ئاوهاش *کەچەڵبوو* واتە ئەوەی باڕۆکەی لە سەر کەوتووە و لە گەرمەی مشتومڕدایە}. **~گ.س.**

[142] **چاوەندازە... ئایرلانددا**: **چاوەنداز**: بە ئینگلی *panorama* لە کوردیدا زۆر جار هەر وشە ئینگلیزییەکەش دەخوازرێت و دەوترێت *پانۆراما*، واتە *دیمەنێکی فراوانی سرووشت بە ئەندازەی بینایی چاو*، زاراوەیەکی شێوەکاری و فۆتۆگرافییە. **هونەرنامە**: بە ئینگلی *portfolio*، لە کوردیدا زۆر جار وشە ئینگلییەکە دەخوازرێت، واتە *دەستەیەک وێنە و تابلۆی شێوەکارێک، کە دەکرێت پەڕتووکێک بێت*. لە کوردیدا وشەی *هونەرنامە*م بۆی داڕشتووە. لێرەدا و لەم بەستێنەی *ئولیس*دا ئایرلاند بە هونەرمەندێکی شێوەکار چووێنراوە،

که هونەرنامەیەکی بێهاوتای هەیە و پڕە لە وێنەی چاوەندازی دیمەنی سرووشتی جوان و دڵفرێن. **~ن.م.**

[143] **مانگ. هاملێتی لە بیر چوو:** مەبەست لەوەیە کە وتارەکەی دان داوسن ئەوەندە کڵێشەییە کە چاوەڕێ دەکرێت ئاماژەی شێکسپیرییانە بە مانگەشەو بهێنێت. لە ڕاستیشدا دێڕەکەی دواتری داوسن کە دەڵێت: «کە سەرتاپای دید داگیر دەکەن و چاوەڕێن تا گۆی مانگی درەوشاوە تریفەی پەخش دەکات تا پرشنگە زیوینەکەی ڕۆشن بکاتەوە»، لە دێڕی ١٦٦-١٦٧ی دیمەنی یەکەمی پەردەی یەکەمی *هاملێت*ەوە هێنراوە. **~س.ت.م.١**

مەبەست لەوەیە کە «لۆژیک»ی وتارەکە بە مسۆگەری داوسن دەبات بەرەو ڕازاندنەوەیەکی ڕەوانبێژییانە بۆ باسی مانگەشەوی ئایرلاند (وەک لە وتارەکەدا وایە)، بەڵام داوسن «لە بیری چوو»ە تا بەرەبەیانی ئایرلاند درێژە بە وتارەکەی بدات، وەک هۆرەیشۆ لە *هاملێت*دا دەڵێت:

بەڵام بڕوانە، بەرەبەیان وا بە کەوایەکی ئاڵەوە

بەسەر شەونمەکانی ئەو گردە بەرزەی ڕووەو ڕۆژهەڵاتدا دەڕوات

(هاملێت ١: ١، ١٦٦-١٦٧ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

**پرۆفیسۆر ماکهیو وتی... لە بیر چوو - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پرۆلێپسیس* *prolepsis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پێشبینی* دێت}. **پێشبینی:** پێشبینیکردنی ئایندەیە وەک ئەوەی کە ڕوو دەدات یان هەیە. ١. پێشبینیی بەکارهێنانی خستنەپاڵێکە؛ ٢. پێشبینیکردن و وەڵامدانەوەی ڕەتدانەوەیەکی بەرانبەرە. دان داوسن لە وتەکانی دواتریدا مانگ دەهێنێتەوە، کە ماکهیو پێشبینیی دەکات. **~گ.س.**

[144] **دۆرییە ڕەسەنەکەی**: **دۆری:** بە ئینگلی *Doric* ناوی شێوەزاری سکۆتییە، لە بەرانبەر شێوەزاری ئینگلیدا. **~گ.س.**

[145] **سەرتاپای دید - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *سینۆنیمی* *synonymy*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *هاوناو* دێت}. **هاوناو:** بەکارهێنانی هاوناوێکە لە پێناو گەورەکردندا {*دید* لە بری *دیمەن*}. **~گ.س.**

[146] **بە شەنی... قژی کرد:** «شانەی وێڵزی» واتە کەڵەموست و چوار پەنجەی دەست (چونکە وا باو بووە کە گوایە وێڵزییەکان خەڵکانێکی کێوی و ڕامنەکراو بوون) {ئاوهاش بە پەنجە شەنئاساکانی دەستیان قژیان دادەهێنن}. **~گ.س.**

[147] **داوی داوی**: *داوی* یەکەم *دان داوسنـ*ە (بڕوانە ٦: ٥١). *داوی‌ی* دووەم وەرنەگێڕراوی ئینگلییەکەیەتی کە *داوی doughy*یە، بە واتا باوەکەی بێت واتە *هەویراوی*، بەڵام بە دەربڕینێکی بازاڕییانە بە واتای *پارە* دێت، واتە *داوی* لێرەدا دوو واتای هەیە: «دان داوسنی پاراوی/هەویراوی»، کە وتەبێژ مەبەستی هەردووکیانە. لە لایەک لەبەر هێشتنەوەی ڕەگەزدۆزییەکە وەرمنەگێڕا، لە لایەکی تر لەبەر ئەوەی ئەگەر بە هەویراویش دامبنایەتەوە هێشتا هەر واتایەکی وشەکەی نەدەدا. **~ن.م.**

**داوی داوی – (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *هیپۆکۆریزم hypocorism*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لەودیومنداڵ* دێت}. **لەودیومنداڵ**: لێنانی ناوی ئاژەڵێکی ماڵییە (پێت) {وەک پشەکە}. **~گ.س.**

[148] **وێدەرەپ**: وا دیارە دەبلیو وێدەرەپ بووبێت، بە ناونیشانی ٣٧ی شەقامی گلۆستەری باکوور، کە ماوەیەک لەگەڵ جۆن ستانیسلاوس جۆیسی باوکی جەیمز جۆیسدا لە فەرمانگەی باجی گشتیی دەبلندا کاری کردووە. **~گ.س.**

ویلیەم وێدەرەپ (١٨٣٢-١٨٩٥) کوڕی جەیمز وێدەرەپ بووە، ساڵی ١٨٣٢ لە بالیکاری لە کاونتیی ئانتریم لە دایک بووە. چەند پێگەیەکی هەبووە کە یەکێک لەوانە لە ٣٤ی مەیدانی مەریۆن و دواتریش لە ٣٠ی مەیدانی مەریۆنی سەروو «خزمەتکار» بووە. پاشان پێش ئەوەی لە کانوونی دووەمی ١٨٦٨دا بچێتە نووسینگەی باجگریی گشتی، کە لەوێ لەگەڵ جۆن ستانیسلاوس جۆیسدا کاری کردووە، لە بلاکڕۆک بووە بە میوەفرۆش. ساڵی ١٨٧٥ لە ٣٧ی شەقامی گلەستەری باکوور ژیاوە. وێدەرەپ دوازدە منداڵی هەبووە، ژنەکەی ناوی ئان بووە و لە ٣ی ئابی ١٨٨٥دا مردووە و لە گۆڕستانی کڵێسای کاریکبرێنەن لە مەنکستاون لە کاونتیی دەبلن نێژراوە. وێدەرەپ لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٥دا لە ماڵی خۆی لە ٣ی کۆستەی سانت پاتریک لە شەقامی ڕەسڵ لە دەبلن کۆچی دوایی کردووە و لە کاتی مردنەکەیدا لە لیستی خانەنشینەکانی نووسینگەی باجگریی گشتیدا بووە، لە گۆڕستانی کڵێسای کاریکبرێنەن لە مەنکستاون لە کاونتیی دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[149] **بەڵام وەکو... پڕفرۆش دەبێت**: ئەگەر شتێک وەک کێکی گەرم بفرۆشرێت، واتە فرۆشی ئێجگار زۆر باشە. **~گ.س.**

[150] **ماشێنەکە**: پێش ساڵی ١٩٠٣ لە ئایرلاند ئۆتومبێل ئەوەندە زۆر نەبووە کە پێویستیان بە تۆمارکردن و مۆڵەت هەبێت، ساڵی ١٩٠٤ دەرکەوتنی ئۆتومبێل لەسەر شەقامەکانی دەبلندا وەک ڕووداو تەماشا کراوە. **~گ.س.**

[151] **نووسینگەی باجی دەرامەتی ناوخۆیی**: بەشێک بوو لە فەرمانگەی خانەی باجی دەبلن. ئەم نووسینگەیە بەرپرس بووە لە کۆکردنەوەی «باج» (باجی شمەک، داهات، باجی پوول و باجی میرات) لە ئایرلانددا. **~گ.س.**

[152] **ئاغا ساختەکە**: بە فرانسیس هیگینس (١٧٤٦-١٨٠٢) وتراوە «ئاغا ساختەکە»، چونکە ئەگەرچی پارێزەرێکی بریکار بوو لە دەبلن، بەوەی کە خۆی وەک خانەدانێکی دەرەوەی شار دەنواند خانمێکی بەرێزی خواست، ئینجا بوو بە خاوەنی قومارخانە و دواتریش بوو بە خاوەنی *فریمانس جۆرنەڵ*، کە ئە ڕۆژنامەیەی بۆ ناوزڕاندنی هێنری گرەتان و هەندێک ئایری نیشتمانپەروەری تر بە کار دەهێنا. هەروەها سیخوڕیش بوو و ساڵی ١٧٩٨ لە بەرانبەر ئاشکراکردنی حەشارگەی لۆرد ئێدوارد فیتزجێرەڵددا بۆ پێشڕەو هێنری چارلز سیرِ بەرتیلێکی بە بڕی ١٠٠٠ (هەزار) پاوەن وەرگرتبوو (بڕوانە ١٠: # **لۆرد ئێدوارد... ڕایکرد**). **~گ.س.**

[153] **نێد... پێدزکێ ڕۆیشت**: ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا بەم شێوەیەیە: *Ned Lambert sidled down from the table*؛ سەرنج بدە لە وشەی *سایدڵ sidle* کە بە واتای *پێدزکە* دێت، یان *ڕۆیشتن بە وریایی و بێدەنگییەوە تا سەرنجی کەس نەورووژێنێت*. چ دکتۆر تەها و چ وەرگێڕانە فەرەنسییەکەش بە *خۆخزاندن* وەریانگێڕاوە کە ئەو وشەیە بە ئینگلی *سلاید slide*ە؛ لە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەدا بووە بە: «نێد لەمبێرت بە مێزەکەدا خۆی خزاند» و لای دکتۆر تەها بووە بە «نێد لەمبێرت لەسەر مێزەکە خزا». سەرنجی چاپە شیکارییەکەی گابڵەریشم دا، ئەم وشەیە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، بۆیە پێم وایە بەڕێزیان هەڵە بن. **~ن.م.**

[154] **بزەیەک لە دووی کەوتبوو**: ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا بەم شێوەیەیە: *shadowed by a smile*؛ وشەی *شادۆو shadow* بە واتا گشتییەکەی بێت بە واتای *سێبەر* دێت، واتە دەشێت بوترێت «بزەیەک سێبەری دابوو» کە چ دکتۆر تەها و چ وەرگێڕانە فەرەنسییەکەش بەم شێوەیە وەریانگێڕاوە. بەڵام لە ئینگلیدا وشەی ناوبراو بە واتای *لەدووکەوتن*یش دێت، واتە کاتێک چاوە شینەکانی سەرنووسەرەکە بەرەو ڕوخساری میستەر بلووم دەگەڕێت و دەڕوات، بە دوایدا بزەیەکیش دێت، وەک بڵێیت بزەکە کلکێکە و شوێن چاوە شینەکان کەوتووە. لای من بەم واتایەیان دروستترە، بۆیە وەها وەرمگێڕا. **~ن.م.**

[155] **سەرکوورە**: بە ئینگلی *mantlepiece*: ڕەفەیەکی تەختە یان بەردینە کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کوورەوە. **~ن.م.**

[156] **میلیشیای... ئیسپانییەکان**: جێی گومانە کە ئایا هەرگیز دەتوانرێت ئەم پارچە شێواوەی مێژوو ڕێک بخرێتەوە یان نا. میلیشیای کۆڕکی باکوور (لە شۆڕشی ١٧٩٨دا لایەنگری پاشا بوون) ناوبانگێکی گوماناوییان هەبوو کە گوایە لە هەر یەکێک لەو هەڵمەتانەی کاتی ڕاپەڕینەکەدا بەشدار بووبێتن تیایدا ڕسوا بوون و شکستی ئابڕووبەریان تووش هاتووە. وا دیارە وەبیرهێنانەوەی سەرنووسەرەکە بۆ ئەم میلیشیا «بەناوبانگ»ە بە هۆی ناوهێنانی «ئاغا ساختەکە»ی پرۆفیسۆرەکەوە بووبێت، کە ئەویش هەر پیاوێکی ئایری دژەئایر بوو و ڕەفتارەکانی لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا ناشیرین بوون. پەیوەندیی نێوان ئەو میلیشیایە و ئۆهایۆ زۆر ناڕوون و گوماناوییە، تا ساڵی ١٨٢٧یش خزمەتی سەربازی ئەو میلیشیا ناوچەییانەی نەدەگرتەوە کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان ژیاون، پاشان ئەوە تەنها لە دوورگە بەریتانییەکاندا هەبوو {نەک ئەمەریکا}. بەڵام پێشڕەو ئێدوارد برادۆک (١٦٩٥-١٧٥٥) کە پێشڕەوێکی ئینگلی-ئایری بوو و لە حوزەیرانی ١٧٥٥دا هەوڵێکی شکستخواردووی بۆ داگیرکردنی دۆڵی ئۆهایۆ {لە ئەمەریکا} دا، وەک بڕبڕەی پشتی داگیرکارییەکەی، دوو لەشکری بەریتانیی لەگەڵدا بوو، کە ئەوانیش لەشکرەکانی ٤٤ و ٤٨ بوون، کە پێشتر لە کۆڕک جێگیر کرابوون و ڕێیان پێ درابوو لە میلیشیای کۆڕک و میلیشیای کۆڕکی باکووردا خۆیان ناونووس بکەن پێش ئەوەی لە کانوونی دووەمی ١٧٥٥دا بنێررێن بۆ ئەمەریکا. بیریشمان نەچێت، ئەو لەشکرانە «هەموو جارێک» نەیانبردووەتەوە. بابەتی «ئەفسەرە ئیسپانییەکان» پڕکێشەتر و ئاڵۆزتریشە: فەرماندەرەکانی لەشکری ٤٤ و ٤٨ دوو پیاو بوون ناویان هۆڵکێت و دەنبار بوو، بەڵام فەرماندەرەکانی میلیشیای کۆڕکی باکوور ساڵی ١٧٩٨ پیاوانێک بوون ناویان: فووت، جەیکەب، بۆید، لی هەنت بوو. ڕێی تێ دەچێت کە سەرنووسەرەکە خەیاڵی ڕۆیشتبێت بۆ جەنگەکانی ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم، کە پەیوەندییەکی خەیاڵی لە نێوان میلیشیای کۆڕکی باکوور و تیپە ئایرییەکەدا هەبووبێت (*تیپە ئایرییەکە The Irish Brigade* کۆمەڵێک نیشتمانپەوەری دێرین بوون و لە جەنگەکانی ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا خزمەتیان کردووە). تیپە ئایرییەکە لە جەنگەکاندا ئازایی خۆیان سەلماندبوو، هەروەها نەریتێکیشیان هەبووە، کە تا ڕادەیەک جێی گومانە، ئەویش ئەوە بووە کە گوایە فەرماندەرەکانیان بە ڕەچەڵەک ئیسپانی بوون. **~گ.س.**

[157] **هەڵبەزودابەزی تازەسەرهەڵدراو:** {**هەڵبەزودابەز:** بە ئینگلی *jigs*} بە واتای *هەڵبەزینەوە و بازدان* {کە جۆرە سەمایەکیشە}. مەبەست لە پرۆسەی ناجێگیری مێشکە لە دوای ئالوودەبوونی زۆر بە کحولەوە. **~گ.س.**

[158] **ئۆهایۆ! ئۆهایۆی من:** سەرچاوەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

[159] **پێیەکی کرێتیی تەواو:** «پێ» واتە *پێی هۆنراوە*، ئەوەی بە عەرەبی پێی دەڵێن *تەفعیلە*. **~ن.م.**

پێی کرێتی پێیەکی هۆنراوەیە کە لە سێ بڕگە پێکدێت: درێژێک، کورتێک، درێژێک. {دیارە مەبەست لە وشەی «ئۆهایۆ»یە کە سێ بڕگەکەیە: ئۆ-ها-یۆ}. **~گ.س.**

[160] **ئەی هاڕپی ئیۆلی!:** بۆ *هاڕپ* (بڕوانە ١: ٨٦). بە گوێرەی خوێندنەوەی ئینگلی دەبوو *ئەیۆلی* بووایە، بەڵام لەبەر پێکارە ڕەوانبێژییەکە بووە بە *ئیۆلی*؛ بڕوانە دامێنی ئەم ڕاڤەیە. وشە گریکییەکە بە بزوێنێکی کورتە، بۆیە بە ڕێنووسی کوردی هەم بە *ئیۆلی* و هەم بە *ئەیۆلی*-ش دەنووسرێت، من ئیۆلی-م هەڵبژاردووە (بڕوانە ١:١ و یەکەم ڕاڤەی ئەم ئەڵقەیە). **~ن.م.**

*هاڕپی ئیۆلی* ئامێرێکی موزیکیی ژێدارە کە بۆ ئەوە دروست کراوە با (ئیۆلۆس) بیژەنێت، نەک پەنجەی مرۆڤ. هاڕپ ئامێری شایەرە کەڵتییەکان بووە و هێمای نەتەوەیی ئایرلاندە. هەروەها *هاڕپ* وشەیەکی بازاڕییە واتە *ئایرێکی کاسۆلیک*. **~گ.س.**

**ئەی هاڕپی ئیۆلی - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *سینایرێسیس* – *synaeresis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پێکەوەڕاکێشان* دێت}. **پێکەوەڕاکێشان:** چوونەوەیەکە، بە تایبەتی هی دوو ڤاوڵ (دوو ڤاوڵی گریکیی *ا* و *ی*) کە لێکدەدرێن، یان دەکرێن بە یەک ڤاوڵ. **~گ.س.**

[161] **دنگاندیەوە:** **دنگان:** بە ئینگلی *twang* واتە لەراندنەوەی ژێیەک، یان پەتێک بەوەی وای لێ بکەیت دنگەی بێت. چاوگەکەم لەسەر بنەمای *دنگ* دروست کردووە و وەک کار بە کارم هێناوە، پێشتر وەها هەبووە: «دنگ دنگ عودم بۆ لێدە» **~ن.م.**

[162] **کێشەی نابێت... زۆر چاکە - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێکسێرگاسیا* – *exergasia*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *دەرکار* دێت}. **دەرکار:** ستیوارت گیڵبێرت بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «بەکارهێنانی دەستەواژەی جیاوازە کە هەمان بیرۆکە دەردەبڕن» کوینتیلیان بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «خستنەڕووێکە کە لە یەک

جێدا دایدەنێین، کەچی وا دەردەکەوێت کە لە شتی جیاواز دەدوێت، زۆر جار هەمان ڕستە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە وشە و ڕستە و گوژمی جیاواز». **~گ.س.**

[163] **ئەو دادگایی... دەردەچێت**: پیاوێک بە ناوی سافیرۆ، یان سپاڕکس، یان جەیمز وۆت، دەستگیر کرا و دادگایی کرا و بە تۆمەتی تەڵەکەبازی تاوانبار کرا، یەکێک لەوانەی هەڵیخڵەتاندبوو زارێتسکی ناوێک بوو کە پێی وتبوو بە ٢٠ شڵنگ دەتپەڕێنمەوە بۆ کەنەدا، لە کاتێکدا ساڵی ١٩٠٤ نزمترین نرخی پەڕینەوەی ڕیکلامبۆکراو ٢ پاوەن بوو. دادگاییەکە لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا دانیشتنەوە و سافیرۆش لە ١١ی تەممووزدا تاوانبار کرا. **~گ.س.**

جەیمز وۆت پیاوێکی خەڵکی دەبلن بوو، زۆر ناوی تری لە خۆی نابوو، بەوە تاوانبار کرابوو کە بلیتی بێسوودی چوون بۆ کەنەدای فرۆشتووە. ئەم بابەتە لە ژمارەی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤ی ڕۆژنامەی *ذە ئیڤنینگ تەلەگراف*دا بڵاو کراوەتەوە. **~س.ت.م.ا**

[164] **پەڕە تەنکەکانی سپۆرت**: پەڕە تەنکەکان هەندێک فۆڕم بوون دەربارەی غارغارێن، بەشی *سپۆرت* ئامادەیان دەکرد، *سپۆرت* خۆی حەفتەنامەیەکی پنسبایی بوو، بەشگەی فریمانس جۆرنەڵی سنووردار هەموو شەممەیەک دەریدەکرد، بەم شێوەیە ڕیکلامیان بۆ خۆیان دەکرد: «هەموو هەواڵە وەرزشییەکانی حەفتەکە لە خۆ دەگرێت». **~گ.س.**

*سپۆرت* حەفتەنامەیەکی پنسبایی بوو، بەشگەی فریمانس جۆرنەڵ هەموو شەممانێک دەریدەکرد و دەیفرۆشت. لەگەڵ حەفتەنامەکەدا پەڕە تەنکە گرانبەهاکانیشیان تەنها بە ئەندامە بەشداربووەکانیان دەفرۆشت. ئەم پەڕە تەنکانە زانیاریی نوێیان لە بارەی دواهەمین گرەوەکانی سەر غارغارێن تێدا بوو کە لە هەواڵگرەکانی ناو گۆڕەپانی غارغارێنەکان و تەویلەکانەوە کۆ کرابوونەوە. پێی دەوترا «پەڕەی تەنک» چونکە لەسەر پەڕەی تەنک چاپ دەکران. **~س.ت.م.ا**

[165] **ئۆمادن**: سوارەکەی سێپتەری ئەو ڕۆژە بوو، بە پێچەوانەی بانگەوازەکەی ئەو بەیانییەی *فریمانس جۆرنەڵ*ەوە کە گوایە ئەی تەیلەر دەیئاژووێت (بڕوانە ٥: ٢٥٢). **~گ.س.**

[166] **گوێم لە پەنگی دێیە - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئاناگرام* – *anagram*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پیتگۆڕکێ* دێت}. **پیتگۆڕکێ**: ئاڵوگۆڕکردنی پیتەکانی وشە، ناو، یان دەستەواژەیەکە کە بە هۆیەوە وشە، ناو، یان دەستەواژەی نوێ دروست دەبێت {دەنگی پێ: پەنگی دێ}. **~گ.س.**

[167] **من نەبووم... گەورەم - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێپانافۆرا* – *epanaphora*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *سەرھەڵگرتنەوە* دێت}. ستیوارت گیڵبێرت دەڵێت کە *سەرھەڵگرتنەوە* بەکارھێنانی ئاوێتەیی *ئانافۆرا* و *ئێپیسترۆف*ە؛ *ئانافۆرا* – *anaphora*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ھەڵگرتنەوە* دێت} دووبارەکردنەوەی ھەمان وشە یان دەستەواژەیە لە چەند ڕستەیەکی دوای یەکدا. *ئێپیسترۆف* – *epistrophe*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *سەربادان* دێت} دووبارەکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێشی ھەمان وشە یان دەستەواژەیە لە کۆتایی چەند ڕستەیەکی دوای یەکدا. **~گ.س.**

[168] **گەردەلوولێک ھەڵیکردووە**: کە پیاوەکانی ئۆدیسێفس ئەو توورەکەیە دەکەنەوە کە ئیۆلۆس با خراپەکانی تێدا دەستگیر کردووە، زریانەکە گەشتی گەڕانەوەکەیان بۆ زێدی خۆیان لێ تێکدەدات و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ دوورگەکەی ئیۆلۆس.

«چاوچنۆکی ھاوەڵەکانمی فریو دا و
توورەکەکەیان کردەوە.
ئینجا ھەرچی بایەک ھەبوو
کەوتنە گڤە و ھەر لەویا بوونە گەردەلوول»

(ئۆدیسە ١٠: ٥٠-٥٢ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[169] **پات فارێل**: جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، شوناس و گرنگییەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

ڤیڤیەن ئیگۆش دەستنیشانی نەکردووە کێیە. **~ن.م.**

[170] **مەزاتخانە**: جۆ دیلن، مەزاتچی، بە ناونیشانی ٢٥ی شەقامی باچلەر، بەشێکی لەنگەرگای باکووری ڕووباری لیفییە، ڕێک لای خۆرئاوای ناوەڕاستی دەبلن. **~گ.س.**

[171] **پاغدۆن مسیۆ**: بە فەڕەنسی *pardon monsieur* واتە *ببوورە قوربان*. **~ن.م.**

[172] **ئانۆ دۆمینی**: بە لاتینی *anno Domini* واتە *ساڵی خودامان*؛ ئاوھاش واتە *ساڵان*. **~گ.س.**

لە ڕاڤەی عیسادا (بڕوانە ١: ١٨٨) باسی ئەوەمان کرد کە مەسیحییەکان پێیان وایە عیسا خودایە، بۆیە بە ساڵی زاینی دەوترێت: «ساڵی خودا»، کە سەرەپیتەکانی بە ئینگلی .A.Dیە. ئەم دەربڕینە، کە لە موزیکی *ژووریش*دا بە شێوەی «ساڵیش کەڵەکە دەکات» ھاتووە، کە بەم شێوانەش دەبێت: «ساڵ کۆ دەکاتەوە»، یان «کەڵەکەبووی ساڵان»، وا دیارە دەربڕینێکی کۆنی ئینگلی بێت، بە واتای *تێپەڕینی ساڵ* دێت. لێرەدا ساڵ چووێنراوە

به جووتیار و تەمەن چووێنراوە بە بەری ئەو جووتیارە، تا زیاتر تێبپەڕێت بەر زیاتر کۆ دەکاتەوە، لە ئەنجامی ئەمەش پیر دەبێت. **~ن.م.**

**کەڵەکەبووی ئانۆ دۆمینی - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *مێتالێپسیس* - *metalepsis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ئەودیوخواستن* دێت}. **ئەودیوخواستن:** ئاڵوگۆڕی وشەیەکە بە وشەیەکی تر کە ئەو وشەیە خۆی مەجازە. **~گ.س.**

[173] **هەرای دوو... هەڵتروشکابوون:** دەقە ماکەکە زۆر ڕوون پێمان ناڵێت کە داخۆ دوو دەنگە تیژبڕەکان هی هارمۆنیکاکەن، یان هی کوڕە ڕۆژنامەفرۆشەکانن لەگەڵ هارمۆنیکایەکدا، یان هی کوڕێکە لەگەڵ هارمۆنیکاکەدا. **~ن.م.**

[174] **کوڕەکانی... جەنگاین:** لە سروودێکی ئایریی ڕاپەڕینی ساڵی ١٧٩٨ەوە هێنراوە بە ناوی *کوڕەکانی وێکسفرد*. کوڕەکانی وێکسفرد بەشێکی ناوبانگی خۆیان لە سەرکەوتنەکانیانەوە بەدەست هێنا بەسەر میلیشیاکانی کۆڕکی باکووردا.

کچی سەرهەنگ هاتە لامان
سەرهەنگەکەی میلیشیاکە،
پێی دەوتین: «ئەی ئایرە یەکگرتووە دلێرەکان،
قەت نابینەوە بە دوژمن،
هەزار پاوەنتان دەدەمێ و
لەگەڵتاندا دەچمە ماڵێ.
پۆشاکی پیاو لە بەر دەکەم
جا بۆ ئازادی دەجەنگم»
[کۆڕەکە]
کوڕەکانی وێکسفردین
کە بە دڵ و بە دەست جەنگاین،
تا زنجیری بەستنەوەمان بپچڕێنین
خاکی باوانمان ڕزگار کەین.

سروودەکە درێژە دەکێشێت و باسی تەواوی بەزاندنەکانی میلیشیاکانی کۆڕکی باکوور دەکات بە دەستی کوڕەکانی وێکسفرد لە ئولارت، دواتریش چیرۆکی دارمانی کوڕەکان دەگێڕێتەوە، کە بە هۆی زیادەڕەوی لە مەیخواردنەوەوە ڕووی داوە. **~گ.س.**

**کوڕەکانی... جەنگاین - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *زیوگما zeugma*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *نیلەکردن* دێت}. **نیلەکردن**: بەکارهێنانی یەک وشەیە بۆ گۆڕین یان ڕامکردنی دوو وشە یان زیاتر، بە تایبەتی کە لەسەر یەکێک لە واتاکانی جێبەجێ دەکرێت، یان بە واتای جیاواز لەسەریان جێبەجێ دەبێت. **~گ.س.**

پێم وایە ڕەنگە لە وەرگێڕاندا پێکارەکە کاڵ ببێتەوە، نیلەکە «کوڕەکانی وێکسفردین»ە، بۆ باشتر دەرخستنی پێکارەکە بەم شێوەیە لێی بڕوانە:

**ئێمە ئەو کوڕانەین** کە خەڵکی وێکسفردین

**ئێمە ئەو کوڕانەین** کە بە دڵ و بە دەست جەنگاین. **~ن.م.**

[175] **باچلەرس وۆک**: یەکەم لەنگەرگایە لە بەری خۆرئاوای پردی ئۆکانەڵەوە لە بەری باکووری ڕووباری لیفی. **~س.ت.م.١**

[176] **دیلن**: (بڕوانە ٧: ١٧٦). **~ن.م.**

[177] **بڕۆ! جیهان لەبەردەمتدایە**: لە *بەهەشتی لەدەستچووی* میڵتندا، کە ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەردەکرێن، بەم شێوەیە باس کراون:

جیهان لە بەردەمیاندا بوو، هەر کوێیەک بۆ حەوانەوەیان

هەڵبژێرن، ویستی خوداش ڕێبەریان بوو

(بەهەشتی لەدەستچوو ١٢: ٦٤٦-٦٤٧).

هەروەها مایەڵز کراوفۆرد ڕۆڵی ئیۆلۆس دەبینێت کە لە سەرەتای پەڕتووکی دەیەمی ئۆدیسەدا ئۆدیسێفس بە وتەی شیرینەوە بە ڕێ دەکات. **~گ.س.**

[178] **بنکرکڕە**: بە ئینگلی *crossblind*: بۆ *کرکڕە* (بڕوانە ٤: ٤٤)، پەردەیەکی پەنجەرەیە کە لە ڕۆڵەیەکەوە دەردەهێنرێت و لە دامێنی پەنجەرەدا دادەنرێت. **~گ.س.**

جۆیس پێنج جار لە *ئولیس*دا ئەم وشەیەی بە کار هێناوە، دوو جاریان لە ئەڵقەی حەوتەمدا، جارێک لە ئەڵقەی دەیەمدا، جارێک لە ئەڵقەی یازدەیەمدا، جارێکیش لە ئەڵقەی پازدەیەمدا، هەروەها جارێکیش لە پاری چوارەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*دا. وشەکە لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیدا تۆمار نەکراوە. بە گوێرەی بەکارهێنانەکانی بێت، شتێکە نزیک لە بنی پەنجەرەوە دەبەسترێت و تەواو ڕێی ڕووناکی نابڕێت، وا دەکات کەس لە دەرەوە بە ڕوونی ژوورەوە نەبینێت. بەڵام سەروو ئەم بنکرکڕەیە پەنجەرەی ڕوونە و دەکرێت بە تەواوی دەرەوەی لێوە ببینرێت. دکتۆر ئازاد حەمەشەریف لە چاپی یەکەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* وشەکەی بە «چاوە» وەرگێڕاوە، هەموو

ڕستەکە دەڵێت: «بەڕێوەبەر لەبەر پەنجەرەکە وەستابوو و پشتی کردبووە ڕۆشناییەکە و ئەنیشکی دابۆوە سەر چاوەیەکی قاوەیی پەنجەرەکە» ل١٥٩؛ لە چاپی دووەمی وەرگێڕانەکەیدا وشەکەی گۆڕیوە و کردوویە بە «پەردە» و هەموو ڕستەکە دەڵێت: «بەڕێوەبەر لەبەر پەنجەرەکە وەستا بوو و پشتی کردبووە ڕۆشناییەکە و ئەنیشکی دابۆوە سەر پەردە قاوەیی یەکەی پەنجەرەکە» ل١٩٢. وا دیارە ئەم پەردەیە بە دارێکی ئەوەندە بەهێزەوە بەند بکرێت کە بتوانرێت ئانیشکی لەسەر دابنرێت و نەشکێت، بۆیە وەرگێڕانی وشەکە بە تەنها «پەردە» بە دروست نازانم. ئەگەرچی ئەوەی بە دارەکەوە هەڵواسراوە پەردەیە. ئەمە جگە لەوەی وشەی *پەردە* بە تەنیا خۆی لە شوێنانی تری ڕۆمانەکەدا بە کار هاتووە، بۆیە دەبێت ئەم وشەیە لەوی تریان جیا بکرێتەوە، هەر وەک چۆن نووسەرەکەی وەهای کردووە. دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا وشەی «شُرّاعة»ی بە کار هێناوە، بە گوێرەی *فەرهەنگی ئەلمەعانی* دەڵێت: «پەنجەرەیەکی بچووکە لە سەروو دەرگا یان پەنجەرەوەیە بۆ ڕووناکی یان هەواگۆڕکێ» کە بە گوێرەی بەکارهێنانەکانی وشەکە بێت لە هەردوو ڕۆمانەکەدا ئەم واتایە ڕاست نییە، چونکە ئەگەر وا بێت دەبێت لە باڵای مرۆڤ بەرزتر بێت، بەڵام لێرە و لە ئەڵقەی دە و یازدە و پازدەشدا هەندێک لە کەسێتییەکان لە سەرووی ئەم بنکرکڕەیەوە تەماشا دەکەن، یان سەریان دیارە. بەهەرحاڵ، خۆم ئەم وشەیەم بۆی داڕشت. **~ن.م.**

[179] **کۆتەڵ**: بە ئینگلی *cortège*: دەستوپێوەندی دوای تەرمی مردووێک کە بۆ ناشتنی دەبەن. **~ن.م.**

[180] **کۆڵانکوت**: لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «بریتییە لە مەردوومی گەڕۆک». جۆیس لە سەرەتادا وشەی: «عەرەب»ی داناوە، وەک هاوناوێک بۆ *پێپەتی*، دواتر لایبردووە و کردوویە بە *guttersnipe* کە بە «کۆڵانکوت» وەرمگێڕاوە. بڕوانە لاپەڕە ٢٦٨ی بەرگی یەکەمی چاپە شیکارییەکەی گابڵەر. **~ن.م.**

[181] **پاقوڵاخە... نۆی بچووک**: ئەو وشەیەی لە بری «پاقولاخ» وەرمگێڕاوە، وشەی *spaugs*ە، کە ئینگلی نییە و ئایرییە، بە واتای *سم*، یان *پاقولاخ*، یان چنگ یان *پێی گیاندار* دێت و وشەیەکی ناشیرینە بۆ مرۆڤ بە کار بهێنرێت. گیفرد دەڵێت: واتە «قاچی زل و تەپلۆس» کە دەشێت تەپلۆس و و خاووخلیچک بێت، بەڵام بۆ «زل»ەکە زۆر دڵنیا نیم، ئەویش لەبەر واتای ئەو دەستەواژەیەی من بە «نۆی بچووک» وەرمگێڕاوە، ئەو دەستەواژەیە لە دەقە ماکەکەدا *small nines*ە، وشەی یەکەمیان واتە بچووک و دووەمیان واتە نۆ، بەڵام

بە کۆ. لە ڕاستیدا زۆر ڕوون نییە کە ئایا مەبەستی ژمارەی پێی بلوومە یان نا، هەندێک لە ڕاڤەکاران، وەک ئیان مەکئارڤەر، دەڵێت: «ئەمانە ژمارەی پێڵاون و لە ئەڵقەی پازدەیەمیشدا دووپاتی دەکاتەوە». ئەوەی لە ئەڵقەی پازدەیەمدا دووپاتی دەکاتەوە دەربارەی بلووم نییە و دەربارەی خاتوو دیگنەمە، ژنەکەی پاتریک دیگنەمی کۆچکردوو پێڵاوەکانی مێردەکەی لە پێدایە، کە ژمارەکەیان «هەشتی گەورە»یە. وا دیارە لەو سەردەمەدا ژمارەی پێڵاو بە «بچووک» و «گەورە» هەبووە وەک: شەشی بچووک، شەشی گەورە، حەوتی بچووک، حەوتی گەورە...تد. ئەگەر وا بێت، ئەوا «نۆی بچووک» دەبێت ژمارەی پێی بلووم بێت، کە بە پێی لێکدانەوەی C&E دەکاتە ٤٢-٤٣ی پێوانەی ئەورووپی، کە لە بازاڕەکانی کوردستان باوە و دەکاتە ٢٦.٧ سانتیمەتر. بەڵام گیفرد ڕایەکی تری هەیە کە تەواو جیاوازە و دەڵێت: نۆی بچووک واتە «ئامادەی هەموو تەڵەکەیەکن، هەموو فێڵێک (واتە کوڕە ڕۆژنامەفرۆشەکان)» و ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەکیش نادات کە ئەمەی لە کوێوە هێناوە. وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە بە «چل و دووی کچانە» وەریانگێڕاوە، کە «چل و دوو»ەکە ئاماژەیە بە ژمارەی پێڵاوەکە، ئەمەش و شکانەوەکەی C&Eیە کە وای کردووە زۆر دڵنیا نەبم لە ڕاڤەکەی گیفرد کە دەڵێت «قاچی زل»، چونکە ٤٢ ئێجگار ئەوەندە زل نییە کە ببێتە جێی سەرنج. دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا بە «پێوانەی چل و نۆی بچووک» وەریگێڕاوە، لێرەدا ئەگەر ٤٩ هەمان ئەو ٤٩یە بێت کە لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەیە، ئەوا ڕاڤەکەی گیفرد بۆ وشەکەی پێشوو تەواوە، چونکە ٤٩ پێیەکی زلە. لە پرۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی، وتی: «گیفرد لێرەدا هەڵەیە. لە ڕاستیدا نۆ ژمارەی قەبارەی پێڵاوە، کە دەکاتە (٤٣/٤٢)، کە بێگومان بچووک نییە، بۆیە کە پێی دەڵێت بچووک تەوسە». بۆ ڕاڤەکەی مەکئارڤەر کە باسم کرد بڕوانە *هەندێ تێبینی لەسەر ئولیس*، نووسینی ئیان مەکئارڤەر، *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*، بەرگی ٤١، ژمارە ٣، ٢٠٠٤، لاپەڕە ٥٢٣-٥٣٥. **~ن.م.**

[182] **کل لە چاو دەفڕێنن:** ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا گەلێک ناڕوونە، ڕاڤەکارانیش لەسەری کۆک نین و یارمەتیدەر نین، بۆیە منیش زۆر لە وەرگێڕانەکەی دڵنیا نیم، بۆیە ڕوونی دەکەمەوە کە چۆن گەیشتم بەم دەرئەنجامە: با جارێ وشەکانی دەقە ماکەکە بپشکنین:

لە ئینگلیییەکەدا *Steal upon larks*ە، وشەی *steal* بە کار، واتە: *دزی، بردن، فڕاندن، لێبردن، هەڵکوتانە سەر*؛ وشەی *upon* واتە *لەسەر، لە دوای، بەسەر، خەریکە*؛ وشەی *lark*

ناوی باڵندەیەکی بچووکە، لە *فەرهەنگی باڵندە*وە: «ئەم باڵندانە خۆشئاوازن. پەڕوباڵیان قاوەیی ڕێ یە. زیاتر هەر لەسەر عەرزن و پێڕۆن. قامکی پشتەوەی لاقیان درێژ و ڕاست و نینۆکتیژە. زیاتر بە گەل دەژین. کەم وا هەیە نێرە و مێیەیان وێک نەچن. لەسەر عەرز هێلانە سازدەکەن. دانەوێڵە، جرِوجانەوەر و کرم و... دەخۆن.»، هەروەها وشەکە بەم واتایانەی تریش دێت: *یاری، خۆشی، شۆخی، گاڵتە*، بە گوێرەی *فەرهەنگی پاتریدج* بەم واتایانە دێت: *فێڵ، بەلەم، گاڵتەپێکردن، لێخوڕین بە شێوەیەکی هەڵبەز و دابەز و خۆشییەوە، باز، لێخوڕینی ئەسپ*. ئیتر خوێنەری بەڕێز دەتوانێت لە لەیەکنانی ئەو وشانەدا دەیان واتا ساز بدات، وەک: «دزی لە چوڕە دەکات/دەکەن»، «هەڵدەکوتنە سەر چوڕە»، «فێڵ لە چوڕە دەکەن».

بە ڕای هاراڵد بێک، ئەم ڕستەیە زیاتر باس لە چۆنێتیی ڕەوتەکەی بلووم دەکات، نەک منداڵەکان، ئەو کاتە: «دزی لە چوڕە دەکات» ڕاستتر دەبێت، یان «دەڵێیت [ڕەوتەکەی] لە چوڕە فڕاندووە»، «هەڵدەکوتێتە سەر چوڕە»، «پەلاماری چوڕە دەدات»، یان ئەگەر ڕاکەی هاراڵد بێک پشتگوێ بخەین و وا دابنێین مەبەست منداڵەکانە، ئەوا: «[ڕەوتەکەیان] دەڵێیت لە چوڕەیان فڕاندووە»، «هەڵدەکوتنە سەر چوڕە»، «پەلاماری چوڕە دەدەن». ڕۆبێرت ویلیەم دێنت دەڵێت: «*lark* واتە *تیزپێوەکردن* بە کار، ئاوهاش واتاکە دەبێت بە: گاڵتەکردن بە یەکێک لە پشت خۆیەوە». پرۆفیسۆر سام سلەوت ڕای پەدرایک کۆلوم (١٨٨١-١٩٧٢) دەکات بە سەرچاوە و دەڵێت: «بە ڕای پەدرایک کۆلوم واتە *کەسێتییەکی خاو و وریا*». دواتریش بە تایبەتی لە پرۆفیسۆر سام سلەوت خۆیم پرسی، وتی: «پێم وایە هاراڵد بێک لێرەدا ڕاستە، چونکە ئەمە شێوەیەکی ترە کە بڵێت بلووم حۆلە».

بەڵام لە ئینگلیدا ئیدیۆمێک هەیە کە لەمەوە نزیکە، دەڵێت: *steal the march upon (someone/something)* کە وا دیارە ئەم ئیدیۆمەیە لێنێهەن و هێناویەتی و دەستکاریی کردووە و *the march*ی لابردووە. ئەم ئیدیۆمە بە واتای: *پێشکەوتن، بەدەستهێنانی پێشترێتی، پێشدانەوە* دێت، لێرەدا واتە: بلووم «پێش چوڕە دەداتەوە» (ئەگەر بلووم بێت)، یان منداڵەکان «پێش چوڕە دەدەنەوە» (ئەگەر منداڵەکان بن)، یان «بۆڕ بە چوڕە دەدەن». یان دەشێت بە واتای: *دان بۆ چوڕە ڕۆ دەکەن* بێت. وەرگێڕانە فەرەنسییەکە بە: «بۆ شەبەیخوونکردنی چوڕە» وەریانگێڕاوە، دکتۆر تەها بە «زەفەر بە چوڕە دەبەن» یان «فێڵ لە چوڕە دەکەن» وەریگێڕاوە، ڕێک دەقە عەرەبییەکە: «يباغتون الذعرة»یە. گیفرد

دەڵێت: «مەبەست ئەوەیە منداڵەکان ئەوەندە زیرەکن کە زەفەر بە چورەش دەبەن و دەیگرن» بەو واتایەی کە زۆر ئەستەمە بتوانیت نزیکی چورە بکەویتەوە و هەڵنەفڕێت، لێرەدا لە کوردیدا «کل لە چاو دەفڕێنن»مان هەیە، کە ئەگەر ئەمە ئیدیۆم بێت، ئەوا بە ڕای من ئەم ئیدیۆمە باشترین وەرگێڕانە. بەڵام ئەو کاتە وەرگێڕانەکەی من بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕاکەی هاراڵد بێکدا ناگونجێت، کە پێی وایە ئەو ڕستەیە باس لە ڕەوتەکەی بلووم دەکات. من پێم وایە «کل لە چاو دەفڕێنن»ەکە باشترین هەڵبژاردە بێت، چونکە ئەگەر باس لە ڕەوتی بلووم بکات، لەگەڵ کۆی ڕستەکەدا نایەتەوە: بلووم هەم قاچی زل بوو، هەم پان بوو، هەم خاووخلیچک بوو، هەم لە چورە چوو کە زۆر بچووکە؟ بۆیە من بەوە وەرمگێڕا، بەڵام ئیتر ڕێژەی دڵنیاییەکەشم زۆر نییە و لە هەڵە و کەموکورتم ببوورن.

بۆ ڕاڤەکەی هاراڵد بێک، کە من لە ١٢ی ئاداری ٢٠٢٢دا سەردانم کردووە، بڕوانە ئەم ماڵپەڕە: https://clic.krd/JPZPy

بۆ ڕاڤەکەی ڕۆبێرت ویلیەم دێنت بڕوانە پەڕتووکی: *زمانی خۆمانەیی لە ئولیسدا*، نووسینی ڕۆبێرت ویلیەم دێنت، ١٩٩٥، دەزگای چاپی زانکۆی دیلاوێر، لا. ٦٨. **~ن.م.**

**کل لە چاو دەفڕێنن - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *سیمیلی* - *simile*، {وشەکە لە بنەچەدا لاتینییە، بە واتای *لێکچوواندن* دێت}. **لێکچوواندن**: بەراوردکردنی شتێکە بە شتێکی تر، بە تایبەتی وەک ڕازاندنەوەیەک لە هۆنراوە یان ڕەوانبێژیدا. **~گ.س.**

[183] **مازورکا**: بە ئینگلی *mazurka*، سەمایەکی فۆلکلۆریی پۆڵۆنییە، بە خێراییەکی مامناوەندی و ڕەزمێکی سیانینەیە. موزیکدانەری بەناوبانگی پۆڵۆنی فرێدریک شۆپان (١٨١٠-١٨٤٩) کۆمەڵێک مازورکای بەناوبانگ و نایابی داناوە. **~ن.م.**

[184] **ئۆڤەل**: مەیخانەیەکە بە ناونیشانی ٧٨ی شەقامی ئابەیی ناوەڕاست، هەر ڕێک لە بەری باشووری نووسینگەی *فریمانس جۆرنەڵ*؛ خاوەنی جۆن جەی ئیگن، بازرگانی شەراب و مەی. **~گ.س.**

[185] **پادی هووپەر**: پاتریک هووپەر، ڕۆژنامەوانێکی دەبلنی بوو و هەواڵنێری ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* بوو و دواتریش بوو بە دواهەمین سەرنووسەری ڕۆژنامەکە. کوڕی جۆن هووپەری ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی کاونتیی کۆرک بوو (بڕوانە ٦: ٣٣٣). **~گ.س.**
پاتریک (پادی) هووپەر لە ١ی حوزەیرانی ١٨٧٣ لە دایک بووە و کوڕی جۆن هووپەری ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی بووە. وەک ڕاپۆرتساز کاری بۆ *فریمانس جۆرنەڵ* کردووە

و دواتر له ١٨٩٠کاندا گوازراوەتەوە بۆ نووسینگەکەی لەندەن، نزیکەی ٢٠ ساڵ لەوێ خزمەتی کردووە، دواجار بووە بە پەیامنێری لەندەن. یاسای خوێندووە و بووە بە ئەندامی پارێزەرە ئینگلەکان. ساڵی ١٩١٦ گەڕاوەتەوە بۆ دەبلن و بووە بە سەرنووسەری *فریمانس جۆرنەڵ* و تا ١٩٢٤ کە ڕۆژنامەکە لە بڵاوکردنەوە وەستا، هەر لەو پێگەیەدا مایەوە. دوای داخستنی ڕۆژنامەکەش هەر لە ڕۆژنامەوانی بەردەوام بووە. هەواڵنێری ئایرلاندی کۆمەڵێک لە بڵاوکارە ئەمەریکاییەکان بووە و هەواڵی بۆ چەندین ڕۆژنامەی ئایریش ناردووە. لە کاتی «کێشە»کاندا بەرهەڵستیی ڕقەبەرایەتیی دەسەڵاتدارە ئینگلەکانی کردووە و ماوەیەک لە بەندیخانەی ماونتجۆی گیراوە. ساڵی ١٩٢٧ بە سیناتۆری دەوڵەتی ئایرلاند هەڵبژێرراوە و بووە بە جێگری سەرۆکی *شانەد ئێرین* (سیناتی ئایرلاند: پیرانی ئایرلاند). بە خزمەتی خۆنەویستانەی خەڵک بەناوبانگ بووە و وا باس کراوە کە «برای زۆر کەس» بووە. سیناتۆر هووپەر لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣١ لە ماڵی خۆی لە ١٠٢ی شەقامی مۆرهامپتن لە دانیبرووک لە دەبلن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

186 **جاک هۆڵ**: جاک بی هۆڵ، ڕۆژنامەنووسێکی دەبلنی بوو و وەک چیرۆکبێژ ناوبانگێکی بەرچاوی هەبوو. **~گ.س.**

جاک بی هۆڵ (١٨٥١-١٩٣١) لە دەبلن لە دایک بووە، لە کۆلێجی بێلڤێدێریی نزیک ماڵی خۆی لە شەقامی ئێکلس خوێندوویەتی. باوکی وەک ئەندامی دەستەی بازاڕیی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ* کاری کردووە. هۆڵ وەک ڕاپۆرتساز پەیوەندیی بە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*ەوە کردووە و تا داخستنی ڕۆژنامەکە لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ لەوێ ماوەتەوە. لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانیا ڕاپۆرتسازی *ئیڤنینگ تەلەگراف* بووە، لە گەنگەشە مێژووییەکەی ئەنجوومەنی نوێنەراندا لە بارەی حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاندەوە لەوێ ئامادە بووە. بە بۆنەی کارەکەیەوە سەردانی نزیکەی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئایرلاندی کردووە. ساڵی ١٨٨٢ بۆ بینینی نمایشی ئۆپێرای *ماریتانا*، کە بەشگەی ئۆپێرای کارلا ڕۆسا پێشکەشیان کردووە، لە شانۆگای گەیەتی بووە و مایکڵ گەنی خاوەنەکەی کوشتنەکانی پارکی فینیکسی پێ ڕاگەیاندووە، هۆڵ هەواڵەکەی خستووەتە دەرکردەی شەوی *ئیڤنینگ تەلەگراف*ەوە، کە ئەمە یەکەم ڕاپۆرتی بڵاوکراوەی کوشتنەکانی پارکی فینیکس بووە، کە لە ٦ی ئاداری ١٨٨٢ ڕووی داوە. هەروەها ڕاپۆرتی دواهەمین سزای کوشتنی بەرچاوی ئایرلاندی گواستووەتەوە، کە ئەویش هەڵواسینی مرۆڤێکی بێتاوان بووە

له گرتووخانەی گۆلوەی، هۆڵ لەوێ بووە و لەگەڵ کەوتنی لاشەکەدا ئەویش بووراوەتەوە. هۆڵ نووسەر و ڕەخنەگرێکی بەتوانا بووە، بۆ نموونە دەربارەی ماری ئەندێرسن (١٨٥٩-١٩٤٠)ی نووسیوە، ئەو ئەکتەرە ئەمەریکاییەی لە حوزەیرانی ١٩٠٤دا لە هۆڵی ئۆڵستەری بێلفاست نمایشی کردووە. هەروەها هونەرمەند بووە و لە ئەکادیمیای هیبێرنی پیشانگای نمایش کردووە. پەڕتووکی *ڕاپۆرتی جۆراوجۆری ڕاپۆرتسازێک* (١٩٢٨)ی نووسیوە کە هۆن تی پی ئۆکانەری ئەندام پەرلەمان (تی پی)، کە هاوڕێ و هاوپیشەی خۆی بووە، پێشەکیی بۆی نووسیوە. خۆیشی وێنەی قەڵەمکێشەکانی پەڕتووکەکەی کێشاوە. ساڵی ١٩١١ لەگەڵ خێزانەکەی و باوکیدا لە ٢١ی شەقامی ڕاتگار ژیاوە، باوکیشی هەر ناوی جاک هۆڵ بووە و ئەو کاتە ٨٦ ساڵ بووە و ڕیکلامسازێکی خانەنشین بووە. کە هۆڵ چووەتە هەشتاکانی تەمەنیەوە و هێشتا هەر وەک ڕۆژنامەنووس کاری کردووە، دەزگای تایبەتی سندوقی پێشکەشکردنی جەی بی هۆڵ لە تشرینی دووەمی ١٩٣٠دا ڕێکخرا بە نیازی کڕینی برینەوەیەکی ساڵانە بۆی. هۆڵ یەکێک بووە لە کەسێتییە ڕۆژنامەنووسە هەرە دیارەکانی سەردەمی خۆی، لە ٢٧ی تەمموزی ١٩٣١ لە ماڵی خۆی لە ڕاتگار کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.یۆ.**

187 **سەری لێ داوە**: دەربڕینێکی بازاڕییە بە واتای ١. شێتبوون؛ ٢. دیاریدانی سەرخۆشی لە کەسێک. وشەکەی دەقە ماکەکە دەڵێت: *pretty well on* کە ئەگەر بە واتای ڕاستەوخۆ بێت دەبێت بە *حاڵی زۆر باشە*، بەڵام سام سلەوت *فەرهەنگی پاتریدج* بە سەرچاوە وەردەگرێت کە بە گوێرەی فەرهەنگی ناوبراو واتە: *سەرخۆشە*. **~ن.م.**

188 **سەبیلەی ئاشتی**: سەبیلەکە بە ئینگلی پێی دەوترێت *کاڵیومەت calumet*: جۆرە سەبیلەیەکی درێژی زۆر ڕازاوەی ئەمەریکاییە ڕەسەنەکانە، لە بۆنەی تایبەتدا بە کار دەهێنرێت. وشەکە لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ گریکی و بە واتاکانی *پێنووس* و *زەل* دێت. **~ن.م.**

189 **سوپاسی ڤوو**: ڤوو بە فەڕەنسی *vous* واتە *ئێوە*، کەواتە: سوپاستان دەکەم. **~ن.م.**

190 **پلە... دڵتی هەڵخڵەتاند**: دوو دێڕی هەوایەکی پەردەی سێیەمی ئۆپێرای *گوڵەکەی کاستیل*ە (١٨٥٧)، موزیکدانەری ئینگلی-ئایری مایکڵ ویلیەم باڵف (١٨٠٨-١٨٧٠) موزیکی ئۆپێراکەی داناوە. کەسێتیی مانوێل ئەم هەوایە دەبێژێت، کە پاشای کاستیلە و شێوە و بەرگی خۆی گۆڕیوە بە قاترچییەک و هەواکە بۆ ئێلڤیرا دەبێژێت، کە «گوڵەکەی کاستیل»ە:

پلە و ناوبانگ بوو تۆیان فریواند،
ئیمپراتۆریتی دڵتی هەڵخڵەتاند؛
بەڵام لە لای من ئەوین سامان بوو، هەموو جیهان بوو،
سا دەی ئەی ساختە با جیا بینەوە.
ئەی ئەو خەڵاتەی کە وام دەزانی تەنها هی خۆمی،
لێ لەوانەیە هی کەسی تر بی؛
ئاخ! لەگەڵ ئەوین چێژی ژین فڕی،
خەمی بە جێ هێشت هاوسەری من بێ،
هەر خەم بە تەنیا بۆ من جێدێڵێ.
سا ئەی نارِەسەن، ئەی وەچەی ناپاک،
هیچ دڵێک هێندەی دڵم بەرز نەبوو
کە خۆشت نەویست، سەربەرزیم قێزی لەوە دێتەوە
تاجێک لە سەر کەم کە هی تۆ بووبێ.
لە دوای هیچ جۆرە ئیمپراتۆریتییەک نەدەگەڕام من جگە لەو دڵە،
کە دڵم هەرگیز وەکو ئەو نابێ؛
بەڵێ، ئەی ساختە، وەها باشترە جیا ببینەوە،
کە خۆشەویستی لە تۆدا نییە. **~گ.س.**

**پلە... دڵتی هەڵخڵەتاند - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *سینیسیۆسیس* *synoeciosis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *هاویەکی* دێت}. **هاویەکی:** شتی دژ یەک، یان ناچوونیەک پێکەوە گرێ دەدرێت، وەک جۆرایەتیی جیاواز دەدرێتە پاڵ هەمان بابەت. لەوە دەچێت کە جیاوازیی نێوان «ئیمپراتۆریتی» و «پلە و ناوبانگ» لە سەرەتای سەدەی بیستەمی ئایرلانددا گیڵبێرتی وا لێ کردبێت کە پێی وا بێت ئەم پێکارە لێرەدا جێبەجێ دەبێت. گاڵتە تەوساوییەکەی کراوفۆرد لەسەر ماکهیو بەشی خۆی جەفەنگییە. **~گ.س.**

[191] **ئیمپێریوم ڕۆمانوم:** بە لاتینی *Imperium romanum* واتە *ئیمپراتۆریتیی ڕۆمی*. **~گ.س.**

[192] **بریکستن:** ناوچەیەکی پاڵشاری لەندەنە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا وەک نموونەی شوێنی ژیانی بەمەکینەدروستکراوی وەڕسکەری جیهان دانراوە. جۆرج موور (بڕوانە ٩:

١٨٤)، لەسەر ئینگلتەرا و زمانەکەی دەڵێت: «وا دیارە دەورەدانی جیهان بە بریکستن دواهەمین وێستگەی جیهان بێت. ئێمەش کە لەسەر دواهەمین لێوار دانیشتووین، تەماشای ئەو پاڵشاری جیهانە دەکەین، پیاوێکی ڕەقەڵە، چاویلکەکەی لەسەر لووتیەتی و جانتایەکی ڕەشی بە دەستەوەیە و هەمیشە بە دوای پاسەکەیدا ڕادەکات» (ئەم وتەیە لە پەڕتووکی *ئێدوارد مارتن و بووژانەوەی ئایری*دا هاتووە، دانانی ئێدوارد گوین، [لەندەن، ١٩٣٠]، لا. ٢٤٢-٢٤٣). **~گ.س.**

[193] **چەوریی... دەهێنێتەوە**: لە ئینگلیدا دەربڕینێکی ئیدیۆمی هەیە دەڵێت: «چەورییەکە لە ناو ئاگرەکەدایە» کاتێک دەوترێت کە کارێک کرابێت گەڕانەوەی بۆ نەبێت و ئەنجامی ناپەسەندی لێ بکەوێتەوە. ڕەنگە کەمێک بەرانبەر پەندی «کار لە کار ترازا»ی کوردی بوەستێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر لە دێڕەکانی دواتردا بونیادی جیاوازی لەسەر دەنێت، بۆیە نەمتوانی ئەم پەندە بە پەندی کوردی وەربگێڕم. لە پرۆفیسۆر سام سلەوتیشم پرسی تا دڵنیا ببم، وتی: «*چەورییەکە لە ناو ئاگرەکەدایە* دەربڕینێکی خۆمانەییە واتە شتێک شکستی هێنا؛ بۆیە وشەی *ئیمپراتۆرێتی* شکست بە بیر دەهێنێتەوە». **~ن.م.**

[194] **هەروەها... ڕۆمی کۆن**: دێڕێکی هۆنراوەی بۆ *هێلێن*ە (١٨٣١، ١٨٤٥) لە نووسینی ئێدگار ئالان پۆ (١٨٠٩-١٨٤٩). **~گ.س.**

ئێدگار ئالان پۆ ساڵی ١٨٣١ ئەم هۆنراوەیەی نووسیوە، دواتر ساڵی ١٨٤٥ جارێکی تر دەستکاریی کردووەتەوە، ئەو دێڕەی جۆیس هێناویەتی لە دەستکارییەکەی ١٨٤٥ەوە هێناویەتی. من هەموو هۆنراوەکە، هەم ئەوەی ١٨٣١، هەم ئەوەی ١٨٤٥م وەرگێڕاوە و لە کۆتاییدا ڕاڤەی وشە نامۆکانی ناویم کردووە.

**وەرگێڕاوی دەقی بۆ *هێلێن*، ئەوەی ١٨٣١:**

هێلێن، جوانییەکەت بە لای منەوە
وەک ئەو کەشتییە نایسیاییانەی سەردەمی زووە،
کە بەسەر دەریای بۆنخۆشدا هێمن
ڕێبواری ڕێگەی دوور و ڕەتاویان
دەگواستەوە بۆ ڕۆخی زێدی خۆی.

بەسەر ئەو دەریا پڕ مەترسییانە، فێرن دوور بڕۆن
سمڵەکەی قژت، ڕووی خانەدانت،
هەوای نایادیت، هێنامیانەوە بۆ ماڵەکەی خۆم،

بۆ لای جوانییەکەی گریکی بێگەرد،
بۆ لای شکۆکەی ڕۆمی پێشینان.

بڕوانە لە ناو ئەو تاقە گچکەی پەنجەرەیەدا
چۆن پەیکەرئاسا من تۆ دەبینم کە ڕاوەستاوی
پەڕتووکی لوولبووی ناو دەستەکانت -
وەک پسیخییەک وای لە ئەو ناوچانەی
خاکی پیرۆزن!

**وەرگێڕراوی دەقی *بۆ هێلێن*، ئەوەی ١٨٤٥:**

هێلێن، جوانییەکەت بە لای منەوە
وەک ئەو کەشتییە نایسیاییانەی سەردەمی زووە
کە بەسەر دەریای بۆنخۆشدا هێمن
ڕێبواری ڕێگەی دوور و ڕەتاویان
دەگواستەوە بۆ ڕۆخی زێدی خۆی.

بەسەر ئەو دەریا پڕ مەترسییانە، فێرن دوور بڕۆن
سمڵەکەی قژت، ڕووی خانەدانت،
هەوای نایادیت، هێنامیانەوە بۆ ماڵەکەی خۆم،
بۆ لای سەربەرزیی گریکی جاران،
هەروەها بۆ لای شکۆی ڕۆمی کۆن.

بڕوانە لە ئەو تاقی پەنجەرە پرشنگدارەی تۆ
چۆن پەیکەرئاسا من تۆ دەبینم کە ڕاوەستاوی
چرای ئاقیقی نێو دەستەکانت،
هاوار! ئەی پسیخیی ئەو هەرێمانەی
خاکی پیرۆزن!

**نایسیایی**: ئاماژەیە بە نایسیا، شارێکی بچووکە و ئێستا لە سنووری وڵاتی تورکیادایە و ناوی *ئیزنیک*ە، بە کۆبوونەوەی نایسیای ساڵی ٣٢٥ بەناوبانگە (بڕوانە ١: ١٨٩؛ ١: ٢٠١؛ ١: ٢١١؛ ٣: ٤٥).

**سمڵ**: بە ئینگلی *Hyacinth*: جۆرە دەوەن و گوڵێکی بۆندارە، گوڵی مۆرباو و یاقووتی دەگرێت، دەوترێت گوایە بۆ خواردن ژەهراوییە، بەڵام بۆنی لێ دروست دەکرێت. بە گشتی لە خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، لە کوردستان و تورکیا و بەرەو ئیسرائیل دەڕوێت. بە هەندێک زمان پێی دەوترێت: *گوڵەیاقووت*. ئەم گوڵە لە وێژەی کوردیدا بە ناوە فارسییەکەی بەناوبانگە کە *سونبول*ە. بۆ نموونە ئەحمەد موختار جاف دەڵێت: «لابدەن کەم باسی سونبول یا لقی لاولاو بکەن، ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن»، یان خانی دەڵێت: «نە دلدار و نە من دل مان، نە ئالئال و نە سۆرگول مان، نە رەیحان و نە سونبول مان، د دل دا من خەلی خارەک». ناوە کوردییەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە، بە گوێرەی هەمان فەرهەنگ هەر لە زمانی کوردیدا بە ناوەکانی «گوڵەسۆتکە، هەلال، سەرەشە، ڕەبناوگ»یش بەناوبانگە.

**پسیخی**: (یان: پسیخە، پسیشی، پسیشە) بە ئینگلی *Psyche*، واتە *گیان/ڕۆح*، یان *هەناسە*، لە دواییەکانی سەردەمی دێریندا وەک کەسێنراوی گیانی مرۆڤ بینراوە. پسیخی منداڵترینی سێ کچی پاشایەک بووە، ئەفرۆدیتی ئیرەیی بە جوانییەکەی بردووە و لە ڕقدا فەرمانی بە ئیرۆس داوە پسیخی بخاتە هەوای ئەوینی قێزەونترین مرۆڤەوە، بەڵام ئیرۆس خۆی پەرێشانی جوانییەکەی پسیخی بووە و کەوتووەتە ئەوینیەوە و بردوویەتیە جێیەکی جادوویی نەبینراو و نەزانراو و هەموو شەوێک چووە بۆ لای، هەر کە ڕۆژیش بووەتەوە بە جێی هێشتووە. پسیخی لەبەر تاریکیی شەو نەیزانیوە لەگەڵ کێ دەنوێت، ئیرۆسی خۆشەویستیشی ئامۆژگاریی کردووە پرسیار لە ناسنامەی وی نەکات، بەڵام خوشکە ئیرەبەرەکانی گومانی ئەوەیان لا دروست کردووە کە هەموو شەوێک لە باوەشی دڕندەیەکی بێبەزەییدا ڕۆژ دەکاتەوە، بۆیە شەوێک کە ئیرۆس نووستووە، پسیخی بە چرایەکەوە لێی چووەتە پێش، بەڵام بینیویە کە ئیرۆس قۆزترین و دڵفڕێنترینی خوداکانە، بۆیە سەرسام بووە و لە جۆشوخرۆشی سەرسامی و ترسدا دڵۆپێک لە ڕۆنە داخەکەی چراکەی ڕژاوەتە سەر شانی ئیرۆس و لە خەو ڕاپەڕیوە و هەڵهاتووە. بە ڕۆیشتنی ئیرۆس سەردەمی دڵخۆشیی پسیخی کۆتایی هاتووە، هەوڵی داوە خۆی لە ڕووبارێکدا بخنکێنێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، پاشان پەرستگا بە پەرستگا بە دوای ئیرۆسی خۆشەویستیدا گەڕاوە، تا دواجار چووەتە کۆشکەکەی ئەفرۆدیتییەوە، لەوێ نەهاتییەکانی زیاتر بووە، چونکە ئەفرۆدیتی بەستوویەتیەوە و وەک کەنیزەک مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و قورسترین و شکۆشکێنترین کاری بەسەردا سەپاندووە و لە ژێر ئەو بارە گرانەیدا خەریک بووە

بڕەتێت و بمرێت ئەگەر ئیرۆس بە هانایەوە نەهاتایە. ئیرۆس هێشتا بە نهێنی پسیخیی خۆش دەویست و بە نادیاری یارمەتیی وێی دەدا لە کارەکانیدا. دواجار ئیرۆس وا دەکات ئەفرۆدیتی ڕق و ئیرەییەکەی لە پسیخی نەمێنێت، پاشان پسیخی نەمر کراوە و لەگەڵ ئیرۆسدا بە یەک گەیشتوون و بۆ تاتایە بوون بە یەک. وەک لەم چیرۆکەوە دەردەکەوێت: پسیخی گیانی مرۆڤە و بە خولیا و خۆزگە و نەهاتی پاک کراوەتەوە، ئامادە کراوە بۆ چێژبینین لە دڵخۆشیی ڕاستینە و پاک. پسیخی لە شێوەکاریدا کچێکە و باڵی پەپوولەی هەیە و لەگەڵ ئیرۆسدایە و بە گوێرەی گێڕانەوەی کاتی چیرۆکەکانیان لە باری جیاجیادان. (*فەرهەنگێکی نوێی ژیننامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٧١٥-٧١٦).
بۆ *نیمف* و *نایاد* (بڕوانە ٤: ١٣٨). **~ن.م.**
[195] **بە زۆردار... زۆرلێکەر**: لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: *ئیمپیریەڵ، ئیمپیریەس، ئیمپێرەتیڤ* *imperial, imperious, imperative* بە واتای ڕاستەوخۆ بێت دەبێت بە: *ئیمپریالی، بەزەبر، بەزاکوون*؛ کەمێک دەستکاریی واتام کرد بۆ هێنانەوەی بڕێک لە پێکارە ڕەوانبێژییەکە. ئەوەی تر لە ڕاڤەی ڕەوانبێژییەکەی گیفرددا بخوێنەوە. **~ن.م.**
**بە زۆردار... زۆرلێکەر - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پاریگمێنۆن* *paregmenon*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *تەکخستن* دێت}. **تەکخستن:** تەکخستنی چەند وشەیەکە کە لە یەکترەوە هاتبن، وەک {بەنج و بەنگ}. **~گ.س.**
[196] **بەربڵاو بوون... دەنێم - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پرۆلێپسیس* *prolepsis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پێشبینی* دێت}. پێشبینیکردن و وەڵامدانەوەی ڕەتدانەوەیەکی بەرانبەرە. **~گ.س.**
[197] **بەربڵاو بوون... قێزەون بوون - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *سینکۆرێسیس* *synchoresis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پێککشانەوە* دێت}. **پێککشانەوە:** پەسەندکردنە، پێکارێکی ڕەوانبێژییە بۆ پیشاندانی هاوسۆزی پێش دابارین. **~گ.س.**
[198] **با قوربانگایەک... بونیاد بنێین**: ئەمە زۆر لە دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ ناچێت، بەڵکو لە گشتاندنێکی بڕوای جووە دێرینەکان دەچێت کە وەک بەڵگە و گەواهییەک بۆ داگیرکردنی خاکی نوێ، یان ئازادبوون لە کۆیلەیەتی، دەبێت قوربانگایەک دروست بکرێت. لە (مەتا ١٧: ٤)دا دوای ئەوەی پەترۆس و دووانی تر لە مریدەکان عیسا دەبینن «شێوەی گۆڕاوە»

پەترۆس دەڵێت: «گەورەم، پێمان باشە لێرە بین. ئەگەر حەز بکەیت لێرە سێ کەپر دروستدەکەم، یەکێک بۆ تۆ و یەکێک بۆ موسا و یەکێکیش بۆ ئەلیاس». **~گ.س.**
[199] **کەڵکەڵە ئاوەڕۆییەکانی**: **کەڵکەڵەی ئاوەڕۆیی**: وەک ثۆرنتن لە لاپەڕە ١١٤دا ئاماژەی بەمە داوە، ئەم دەستەواژەیە لە هێربێرت جۆرج وێڵس (١٨٦٦-١٩٤٦)ەوە خوازراوە، هەڵسەنگاندنەکەی ئەو بۆ ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* تا ڕادەیەک زبر بوو، (*جەیمز جۆیس*، گۆڤاری *نیو ڕیپەبلیک* ١٠، [١٠ی ئاداری ١٩١٧]، لا. ١٥٩) «میستەر جەیمز جۆیس، هەر وەک سویفت و نووسەرێکی تری ئایر، کەڵکەڵەی زێرابیی هەیە. حەزی لەوەیە شتانێک بهێنێتەوە ناو چوارچێوەی ژیانی گشتی کە ئاوەڕۆ و ڕەوشتی مۆدێرن لە پەیوەندیی ئاسایی و گفتوگۆی ڕۆژانەدا دەریانهاویشتوون». **~گ.س.**
[200] **کە هەرگیز... داینەناوە**: بەڵگەی بەرچاو هەن کە خەڵکانی ڕۆخی دەریای ناوەڕاست زانیویانە ئایرلاند هەیە و هەندێک بازرگانییان لەگەڵ ئایرەکان کردووە (بڕوانە ١٢: # ,١٢: #). بەڵام ڕۆمییەکان تەنها بە پەیوەندیی بازرگانی دابین بوون و هەوڵیان نەداوە ئایرلاند داگیر بکەن. مێژوونووسە ئایرەکان گەنگەشەیان لەسەر ئەم خاڵە کردووە، هەندێکیان دەڵێن کە ئەوە وارگێڕیی ڕۆمییەکان نەبووە، بەڵکو ئازایەتی و دلێریی ئایرەکان بووە کە ڕۆمییەکانی لە دوور خۆی ڕاگرتووە. بەڵام پشوودرێژیی ڕۆمییەکان لەگەڵ وارگێڕییە ئیمپریالییەکەیاندا گونجاو بووە، ڕۆمییەکان زیاتر پەیوەندیی ڕاستەوخۆی زەمینییان لەگەڵ ناوچە داگیرکراوەکانی خۆیاندا دەویست. جگە لەوەش، لە دیدگای ڕۆمییەکانەوە داگیرکردنی ئایرلاند واتە بڵاوکردنەوەی زیاتری هێزی سەربازی، کە ئەو سەربازانە زیاتر لە بەریتانیا و ناوچەکانی تری ژێر دەستی دەوڵەتەکەیاندا پێویستتر بوون، پەرشوبڵاوکردنەوەی ئەم سەربازانە تێچووێک بوو بۆیان کە بە دەستکەوتی تر هاوسەنگ نەدەکرا. **~گ.س.**

**(کە هەرگیز... داینەناوە) - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پەرێنثیسیس* *parenthesis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *خستنەناو* دێت، یان بە کوردی: *لەکەوانان*}. **لەکەوانان**: وشە، دەستەواژە یان ڕستەی ڕوونکردنەوەییە کە دەخرێتە ناو کۆپلەیەکەوە، مەرج نییە هیچ پەیوەندییەکی ڕێزمانیی لەگەڵ دەوری خۆی هەبێت، زۆربەی جارانیش دەخرێتە نێوان دوو کەوانی کەوانەیی، یان لاکێشەیی، یان دوو وێرگوڵەوە. **~گ.س.**
[201] **تۆگە**: بە ئینگلی *toga*، عەبایەکی شلی سەرجلە، ڕۆمییە دێرینەکان پۆشیویانە. **~ن.م.**

[202] **ژیاریان چی... دروست بکەین - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێپیفۆنیما* - *epiphonema*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *سەردەنگ یان بانگکردن* دێت}. **سەردەنگ:** ڕستەیەکی سەرسووڕمانە یان بەگژداهاتنێکی بەرچاوە کە وێژمانێک یان لێدووانێک پوختە دەکات و کۆتایی پێ دەهێنێت. **~گ.س.**
**شیاوە... دروست بکەین - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *تاپینۆسیس* - *tapinosis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *نزمکردنەوە* دێت}. **نزمکردنەوە:** فیزشکاندنە، واتە شکۆ و ئابڕووی شتی بەرز بە وشەی نزم دەشکێنرێت؛ وەک ئەوەی بە *زەریا* بڵێیت *کانی*، یان {بە دیجلە بڵێیت جۆگەلە} (جەی سمیث، پەنهانەکانی ڕەوانبێژی، ١٦٥٧). **~گ.س.**
[203] **بنەچە کۆن و دێرینەکانمان - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *تووتۆلۆگی* - *tautology*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *هەمانباس* دێت}. **هەمانباس:** دووبارەکردنەوەی وشە، دەستەواژە، بیرۆکە، یان لێدووانێکە، زۆربەی کات وەک نەنگی یان زیادە {*کۆن و دێرین*}. **~گ.س.**
[204] **گینیس:** یەکەم پەڕتووکی *تەورات* بە کوردی ناوی *پەیدابوون*ە، بە ئینگلی ناوی *جێنێسیس*ە، کە لەگەڵ وشەی *گینیس*، یان *گینیسیس*، واتە *ئەوەی گینیس/ لای گینیس*دا دەبنە *ڕەگەزدۆزیی هاوتۆم*، کە بە عەرەبی *جیناسی موزاریع*ە. لە کوردییەکەدا بۆم دەرنەچووەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر *ڕەگەزدۆزیی هاوتۆم* بڕوانە پەڕتووکی *خۆشخوانی*ی مامۆستا عەلائەدین سەجادی. **~ن.م.**
ئەم ڕەگەزدۆزییەی لێنێهەن لە ناو دەبلندا باو بووە، وشەی *پەیدابوون* لەگەڵ *گینیس*دا تێکەڵ دەکات، کە گەورەترین کارگەی دروستکردنی بیرەی دەبلنە. لەبەرئەوەی بەشی یەکەمی *پەیدابوون* باس لە چیرۆکی ئافراندن دەکات، بۆیە ڕەگەزدۆزییەکەش ئەو سیانینەیە پێکدەهێنێت کە: پەیوەندیی جووەکان و قوربانگاکانیان چۆن بوو، پەیوەندیی ڕۆمی و تەوالێتەکانیان چۆن بوو، پەیوەندیی ئایرەکان و مەی ئاوهایە. **~گ.س.**
[205] **یاسای ڕۆمی:** تێکەڵەی یاسای نەریتی و ئەو یاسایانەیە کە هاووڵاتییانی دەوڵەتی ڕۆمیان پێ بە ڕێوە دەبرا. لە بەکارهێنانی هاوچەرخی ئینگلیدا دەوترێت: «یاسای شارستانی/مەدەنی» کە هەموو ئەو سیستمانەی یاسای تایبەتی دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای یاسای ڕۆمی بونیاد نراون. **~گ.س.**
[206] **پیلاتۆسی پۆنتیش پێغەمبەرەکەیەتی:** چۆن عیسا ئەو پێغەمبەرەیە کە شانشینەکەی هی ئەم جیهانە نییە «پاشایەتی من لەم جیهانە نییە. ئەگەر پاشایەتی من لەم جیهانە

بووایە، خزمەتکارانم دەجەنگان تاکو نەدرێمە دەست ڕابەرانی جولەکە. بەڵام پاشایەتی من لێرە نییە» (یۆحەنا ١٨: ٣٦) ئاوهاش پیلاتۆسی پۆنتی ئەو پێغەمبەرەیە کە شانشینەکەی لەم جیهانەیە. کە داوا لە پیلاتۆس کرا سزای عیسا بدات، وتی: «هیچ خراپەیەکی تێدا نابینم» (یۆحەنا ١٨: ٣٨). کەچی سەرەڕای ئەم بڕیارە یاساییەش، پیلاتۆس هەر عیسای لە خاچ دا، بۆ ئەوەی ڕێ لەوە بگرێت کە پێی وا بوو مەترسیی ڕاپەڕین لە ئۆرشەلیم هەیە. تێبینییەکەی ماکهیو ددانپێدانانی بڕوای موسوڵمانەکانمان بیر دەخاتەوە کە دەڵێن: «هیچ خودایەک نییە جگە لە ئەڵڵا، موحەمەدیش پێغەمبەرەکەیەتی». **~گ.س.**

[207] **سەرۆکبارۆن پالێس**: {بۆ *بارۆن* (بڕوانە ٢: ٩٤)} کریستۆفەر پالێس (١٨٣١-١٩٢٠) پارێزەرێکی ئایر بوو، هەروەها بارۆنی هەرەگەورەی خەزێنە بوو، واتە دادوەری هەرەباڵای دادگای خەزێنە، کە بەشێکی دادگای باڵای ئایرلاند بوو. **~گ.س.**

کریستۆفەر پالێس لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٨٣١ لە ٥ی شەقامی گاردنەری خواروو لە دەبلن لە دایک بووە، دووەم کوڕی ئەندرو پالێس و ژنەکەی بووە کە ناوی ئیلیۆنۆر (پێش شوو: *پلەنکێت*) بووە. باوانی کریستۆفەر هەر نزیکەی کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم موڵکێکی فراوانیان بە ناوی «شاخی پالێس»ەوە هەبووە نزیک شاخی نەجنت لە کاونتیی کاڤەن. پالێس لە ساڵی ١٨٣٧ەوە تا ١٨٤٧ چووەتە کلەنگەوز کۆلێج لە سالینس لە کاونتیی کیلدێر، لەم کاتەدا خێزانەکەی گواستوویانەتەوە بۆ ٢٥ی مەیدانی ماونتجۆی و دواتریش بۆ ٢٦ی شەقامی تێمپڵ. ساڵی ١٨٤٧ چووەتە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن و ساڵی ١٨٥٣ بووە بە ئەندامی پارێزەرە ئینگلەکان. لە ٥ی ئابی ساڵی ١٨٦٢دا خاتوو ئێلێن دۆیلی خواستووە کە لە ١٧ی مەیدانی ماونتجۆی ژیاون. ساڵی ١٨٧٢ چووەتە کێبڕکێوە بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمانی شاری دێری، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. لە ساڵی ١٨٧٢ەوە تا ١٨٧٤ جێگری داواکاری گشتی و دواتریش داواکاری گشتی بووە. لە شوباتی ١٨٧٤دا کراوە بە سەرۆکی دادگای باج. ساڵی ١٨٧٩ ماڵی گواستووەتەوە بۆ ٢٨ی فیتزویلیەم پلەیس و خانووێکی پاڵشاری نزیک دوندرەم کڕیوە بە ناوی کۆشکی ماونتڤیل (دواتر ناو نرا «نۆکرابۆ» و ئێستا ڕووخاوە). پالێس بە ترام لە وێستگەکەی دوندرەمەوە دەڕۆیشت و ئینجا بە ترامێکی تر دەچوو بۆ شوێنی کارەکەی لە چوار دادگاکە. لە زستاندا لە ماڵی ناوشارەکەی دەژیا بە ناونیشانی ٢٨ی فیتزگیبن پلەیس. ساڵی ١٨٩٢ وەک ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانی ئینگلتەرا دامەزرێنرا، کە ئەمە بۆ دادوەرێکی ئایر کە هەرگیز نەبووبێت بە ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردەکان پێگەیەکی بێپێشینە بووە. لە ٥ی تەمووزی ١٩١٦دا وەک

سەرۆکی دادگای باج دەستی لە کار کێشایەوە. لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا بەشی زۆری ڕەشنووسی دەستووری زانکۆی نیشتمانیی ئایرلاندی نووسییەوە. لە ١٤ی شوباتی ١٩٢٠دا لە کۆشکی ماونتقیل کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژرا. **~ڤ.ئ.**

[208] **زانکۆی پاشایی**: لقێکی سەرۆکایەتیی زانکۆکان نەبوو، بەڵام دەزگایەک بوو بۆ تاقیکردنەوە و پێدانی پلە لە دەبلندا. بە گوێرەی یاسای پەروەردەی زانکۆیی ساڵی ١٨٧٩ دامەزرا و ساڵی ١٨٨٠ بۆ ئەوە ڕێکخرا تا خوێندنی زانکۆیی ئایرلاند لەگەڵ سیستمی چەسپاوی ئەکادیمیی ئینگلتەرادا ڕێک بخات. **~گ.س.**

[209] **ئۆمادن بورک**: کەسێتییەکە لە چیرۆکی *دایکێک*ی *دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. **~گ.س.**

کەسێتیی ئۆمادن بورک لەسەر نموونەی ویلیەم ئۆلیری کیورتیس (١٨٦٣-١٩٢٣) داڕێژراوە کە ڕۆژنامەنووس بووە و ساڵی ١٨٨٧ لە زانکۆی کۆلێجی دەبلن وەک خوێندکار وەرگیراوە. نیشتمانپەروەر و زانیار بووە. ساڵی ١٩٠٢ لە هۆڵی بلوومسبوری لە شەقامی هارت لە مانچستەر وتەبێژێکی سەرەکیی یادی گەشمەرگانی مانچستەر بووە. ساڵی ١٩٠٤ جۆیس و ستانیسلاوسی ناسیوە و لە هۆنراوەی داشۆرینی *گازی تەباخ*ی جۆیس (١٩١٢)دا ناوی هاتووە. ماوەیەک لە *ویکلی ئیندیپێندێنت* کاری کردووە و وەک کەسێکی فرەخوێنەر باس کراوە و شێوازی ئاخاوتنێکی لووتبەرزانە و زماندرێژانەی هەبووە و لە هیچ پێگەیەکی ڕۆژنامەوانیدا خۆی نەگرتووە. باڵابەرز و لاواز بووە و «چاکەتی خوریی بۆری دۆنیگۆلیی» پۆشیوە کە لەگەڵ مەزاجە خەمبارەکەیدا گونجاوە. ئۆمادن بورک لە *ئولیس*دا ستیفن بە کۆمەڵێک خەڵکی ناو نووسینگەی ڕۆژنامەکە دەناسێنێت و دەڵێت: «گەنجێتی بە پێشڕەویی ئەزموون سەردانی ناوزڕان دەکات». ئۆلیری کیورتیس ساڵی ١٩٠٣ لە ئەلفا هاوس ژیاوە لە شەقامی شێرەردی سەروو لە دەبلن و ساڵی ١٩١١ گواستوویانەتەوە بۆ ٣٤ی شەقامی جۆرجی مەزنی باکوور. لە ٢٢ی شوباتی ١٩٢٣دا لە شەقامی جۆرجی مەزن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی سانت مەیلروەین لە تالاخت نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[210] **خوریی بۆری دۆنیگۆلی**: دۆنیگۆل یەکێکە لە کاونتییەکانی ئایرلاند و لە سەری سەرەوەی باکووری خۆرئاوای دوورگەکەیە (بڕوانە ١: ١٤٥)، دۆنیگۆل ئەوسا و ئێستاش بەرهەمهێنەری سەرەکیی خوری و چنینە. خورییە باشڕەنگکراوەکانی ساڵی ١٩٠٤ لە تانوپۆیاندا لە خوریی ئێستانان سەختتر و قورستریش بوون، چونکە بە تەشیی دەستی دەڕێسران، نەک وەک ئێستانان بە تەشیی میکانیکی بڕێسرێن. **~گ.س.**

[211] **ئۆنتغێ مێزۆنفۆن!**: بە فەڕەنسی *Entrez, mes enfants* واتە *وەرنە ژوورەوە، منداڵەکانم*. **~گ.س.**

[212] **گەنجێتی... ناوزڕان دەکات**: ئەوەی لەم ڕستەیە تێدەگەم ئەوەیە کە ستیفن بووە بە نوێنەری «گەنجێتی»، واتە *گەنجێتی* کەسێنراوە (کراوە بە کەس) ؛ میستەر ئۆمادن بورک بووە بە نوێنەری «ئەزموون»، لەبەر ئەوەی هەم لە ستیفن گەورەترە، هەم ئێستا لە پێش ستیفنەوەیە و بووەتە پێشڕەوی وی، هەم ئەزموونیشی لەگەڵ لایەنی سێیەمدا زۆرترە، کە نووسینگەی ڕۆژنامەکان و ئەو کەسانەیە کە لەوێ دانیشتوون: وەک لێنێهەن و ئەوان کە بوون بە نوێنەری «ناوزڕان». دەشگونجێت خودی ڕۆژنامە بووبێت بە نوێنەری «ناوزڕان». واتە: ستیفن بە پێشڕەویی ئۆمادن بورک سەردانی ڕۆژنامە دەکات. کەواتە لەم ڕستەیەدا چەند پێکارێکی تری ڕەوانبێژیی کەڵەکە کراون، گرنگترینیان *کەساندن*ە *personification*، **کەساندن**: واتە کردەی بەکەسکردنی شتێک، بیرۆکەیەک، شوێنێک، کاتێکە. بۆ نموونە کە مەحوی دەڵێت: «ئەجەل دەورم دەدا»، *ئەجەل* کاتە، بەڵام بووە بە کەس و دەوری مەحویی داوە؛ کە شێرکۆ بێکەس دەڵێت: «هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا»، *هەڵەبجە* شوێنە، بەڵام بووە بە کەس و دەچێت بۆ بەغدا. لێرەشدا «گەنجێتی» و «ئەزموون» و «ناوزڕان» بیرۆکەن، بەڵام بوون بە کەس. دەشێت ئەم ڕستەیە واش لێک بدرێتەوە کە ستیفن وەک نوێنەری گەنجێتی ئەزموونی هەیە و بە پێشڕەویی ئەم ئەزموونەی خۆی هەیەتی سەردانی ناوزڕان و ڕۆژنامە دەکات، بەڵام کەمتر ڕێی تێ دەچێت. **~ن.م.**

**گەنجێتی... ناوزڕان دەکات - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەلێگۆری* – *allegory*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە و لێکدراوە، بە واتای *گێڕانەوەی ئاماژەیی* دێت؛ دەکرێت لە کوردیدا بە *لاچیرۆک* دابنرێت}. **لاچیرۆک**: ڕوونکردنەوەی بابەتێکە لە ژێر ڕووکەشی بابەتی تردا یان بە لێکچوواندنی دووری واگەیەنەردا؛ دەکرێت بڵێین *میتافۆڕ*ێکی درێژە. **~گ.س.**

[213] **لەسەر بایەوانی... دەممەوە**: ئەمە دەستکارییەکەی ستیفنە بۆ هۆنراوەکەی دۆگلاس هاید تۆماری کردووە (بڕوانە ٣: ٣١٠). **~گ.س.**

[214] **پەتیارە**: لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «مەردوومی شێتۆکەی بەرەڵا»یە. جۆیس وشەی *تەرتەر*ی *tartar* بە کار هێناوە، بە گوێرەی *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* بێت *کەسێکی دڕندە و توندوتیژە کە دابین ناکرێت*؛ فەرهەنگی ناوبراو ڕیشەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ تەرتەرەکانی سەردەمی مەنگۆل و جەنگیز خان. لێرەدا مەبەست لە ژنەکەی میستەر دیسییە، چونکە لە ڕستەی داهاتوودا کە دەڵێت «نەخۆشیی تەبەقی هەبوو» بە *وێ* هاتووە. **~ن.م.**

[215] **ستار ئاند گارتەر**: میوانخانەیەکە بە ناونیشانی ١٦ی شەقامی دۆلیەر لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن نزیکی ڕووباری لیفی. **~گ.س.**

[216] **بە عیسا... هۆیها - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پاراتاکسیس* – *parataxis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لەتەکدانان* دێت}. **لەتەکدانان**: دانانی ئامرازی پەیوەندی یان کۆپلەیە بە دوای یەکدا بێ دانانی وشەی پەیوەندی (یان گونجاندن یان بەستنەوە) و پەیوەندیی نێوانیان. **~گ.س.**

[217] **ژنێک گوناهی... برێفنی**: (بڕوانە ٢: ١٢٧؛ ١٢٨؛ ١٢٩). **~گ.س.**

[218] **پێکەوە ناژین**: واتە تەنها لە ژنەکەی جیا بووەتەوە، {بێ تەڵاق و مردن}. ئەم پەسنەی ژنە جیابووەکەی میستەر دیسی جیاوازییەکی تەوسئامێز دەخاتە ڕوو لەگەڵ ڕۆڵەکەیدا، کە نێستۆرە، کە مینێلاوس لە بارەی نێستۆرەوە دەڵێت:

«چەند ئاسانە ناسینەوەی باوکی پیاوێک

کە دڵخۆشیی ڕاستینەی تووش هاتبێ و هاوسەرگیریی کردبێت و بەردار بووبێت»

(ئۆدیسە ٤: ٢١٨-٢١٩ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[219] **ئەسپەکانی ئیمپراتۆر**: (بڕوانە ٢: ١٠٩). **~گ.س.**

[220] **هابسبۆرگ**: ناوی بنەماڵەی ئیمپراتۆری نەمسا و هەنگاریایە، کە لەو کاتەدا فڕانسیس جۆزێف (١٨٣٠-١٩١٦) بوو و لە (١٨٤٨-١٩١٦) ئیمپراتۆر بوو. **~گ.س.**

[221] **پیاوێکی ئایر... لە ئایرلاند**: ماکسیمیلیان کارل لامۆرال گراف [ئێرل یان کاونت] ئۆدانەڵ ڤۆن تیرکۆنێل (١٨١٢ لە دایک بووە)، کوڕی پیاوێکی ئایری دوورەوڵات بوو، لە نەمسا لە دایک ببوو، ئەفسەری یاریدەری ئیمپراتۆر فڕانسیس جۆزێف بوو. لە ١٨ی شوباتی ١٨٥٣دا نزیک شوورەکانی دەوری ڤییەننای جاران لەگەڵ ئیمپراتۆردا پیاسەی ڕۆژانەی دەکرد، بەرگدورێکی چەقۆوەشێنی هەنگاری هێرشی کردە سەر ئیمپراتۆر و برینداری کرد، ئۆدانەڵ هێرشکەرەکەی دا بە زەویدا و ڕێگریی لێ کرد کە هێرشی تر بکات. دواتر ئیمپراتۆر پێی وا بوو کە ئۆدانەڵ ژیانی ڕزگار کردووە. **~گ.س.**

[222] **لەم چەند... سوپاسالاری یەکەم**: ئێدواردی حەوتەم چەند هەوڵێکی دا تا هاوڕێیەتیی خۆی لەگەڵ فڕانسیس جۆزێف بە کار بهێنێت بە هیوای ئەوەی هاوپەیمانیی نەمسا و ئەڵمانیا تەنک ببێتەوە. ئێدواردی حەوتەم ساڵی ١٩٠٣ لە سەردانێکدا بۆ ڤیەننا بانگەوازی ئەوەی کرد کە ئیمپراتۆر فڕانسیس جۆزێف لەمەودوا سەروەری سوپای بەریتانییە. میراتگری تەختی فڕانسیس جۆزێف، گەورەدوک فڕانسیس فێردیناند لە ٩ی حوزەیرانی

١٩٠٤دا لە سەردانێکیدا بۆ بەریتانیا داردەستی سەروەری سوپای نەمسایی «بێ هیچ بۆنەگێڕانێک» بە ئێدواردی حەوتەم دا. **~گ.س.**

**سەروەر:** بە ئینگلی *field marshal*، پلەیەکی سەربازییە، ئەفسەرێکی سوپایە کە بەرزترین پلەی سەربازیی هەیە. بە گوێرەی *فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان* بەرانبەر «مُهیب»ی عەرەبییە. لە ئەڵقەکانی پێشتردا وشەی «سەروەر»م بە کار هێناوە، بەڵام هیچیان بە واتای ئەم پلە سەربازییە نەبوون. **~ن.م.**

[223] **قازە کێوییەکان:** خێزانی ئۆدانەڵەکان لە ئیسپانیا و نەمسا یەکێک بوون لە خێزانە هەرە بەناوبانگەکانی قازە کێوییەکان (بڕوانە ٣: ١٢٩). **~گ.س.**

[224] **ڕزگارکردنی... سوپاسهێنە:** واتە ئەرکێکی ناخۆشە کە خەڵاتێکی کەمبەهای هەیە، وەک تەنها «سوپاس»ێک. **~س.ت.م.١**

[225] **هەنگارییەک بوو ڕۆژێک:** (بڕوانە ٧: ٢٢٠ و ٧: ٢٢١). **~گ.س.**

[226] **ئێمە... دڵسۆز بووین:** (بڕوانە ٦: ٣٣٩). **~گ.س.**

[227] **زلوزەق:** بە ئینگلی *blatant*، ئێدموند سپێنسەر (ن.١٥٥٢-١٥٩٩) وشە ئینگلییەکەی دروست کردووە کە ئاوەڵناوە و بۆ پەسنی دەعبایەکی هەزارزمان بە کاری هێناوە؛ بەڵام دواتر واتای تری وەرگرتووە، هەر لە مەبەستەکەی سپێنسەرەوە واتای *وتەی ناخۆش و بێڕێزی و فڵتەفڵتئاسای* کەسانی وەرگرتووە؛ هەروەها *دەنگێک کە بە زۆر خۆی بکات بە گوێی بیسەردا*. بەڵام *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* واتایەکی تریشی بۆی دەستنیشان کردووە کە لە سەردەمی جۆیسدا بەو واتایە بە کار هاتووە، ئەویش ئەمەیە: *شتێک کە لە دیمەنیشدا زل و زەق و مەند بێت*. من وشەی *زلوزەق*م بۆی لێکدا بە واتای *شتێکی کەمشایستە کە خۆی زل و زەق پیشان بدات و دەنگ و ڕەنگیشی لەسەر بیستن و بینین قورس بن*. **~ن.م.**

[228] **کات پارەیە:** وا دیارە ثیۆفراستوس (٣٧٢-٢٨٧پ.ز.)، کە فەیلەسووفێکی گریکی بووە و قوتابییە هەرە دڵخوازەکەی ئەریستۆتێلیس بووە، ئەم پەندەی داناوە. بینجامین فڕانکلین لە پەڕتووکی *ئامۆژگاری بۆ بازرگانە گەنجەکان* (١٧٤٨)دا ثیۆفراستوسی بەناوبانگ کرد. ڤیکتۆر هیوگۆ لە چاپتەری چوارەمی پەڕتووکی چوارەمی *بێنەوایان Les Miserables*دا دەڵێت: «ئەگەر "کات پارەیە" لە ئینگلەکان بسەنیتەوە چییان بۆ دەمێنێتەوە؟». **~گ.س.**

[229] **دەسەڵاتی... دۆمینێ! گەورە:** *گەورە*-کە بە واتای خود*ا*ش دێت و بە واتای *گەورەی* مرۆییش دێت، بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو. کە پێشتر دەڵێت: «دەسەڵاتی ماددی»، وشەی

*دەسەڵات* و وشەی *دۆمینەیشن* *domination*ە، بە دوایدا کە *دۆمینێ*ی لاتینی دێت دەبێتە ڕەگەزدۆزی، بەڵام لە وەرگێڕاندا ون بووە. **~ن.م.**

بە لاتینی *Domine*، واتە «مامۆستا، گەورە، پرۆفیسۆر، فەرمانڕەوا، سەرگەورە، خاوەن، بەڕێوەبەر». **~گ.س.**

**من زمانی... دۆمینێ! گەورە - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پارالۆگیزم* *paralogism*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پاڵباس، تەکباس، ئەودیوباس* دێت}. **پاڵباس:** بەڵگەهێنانەوەیەکی هەڵەیە – سیلۆگیزمێکی هەڵە یان هەڵەی لۆژیکییە – بە تایبەتی (بە پێچەوانەی سۆفیزمەوە {سەفسەتە}) کە خودی بەڵگەهێنەوەکە خۆی ئاگادار نەبێت. **~گ.س.**

**دۆمینێ! گەورە! - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *مێتافرەیز* *metaphrase*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *تەکواژە* دێت}. **تەکواژە:** وەرگێڕانە؛ دواتر وەرگێڕانی وشە بە وشەیە، وەک جیاکەرەوە لە لێکدانەوە. **~گ.س.**

[230] **گیانەکێتی:** بە ئینگلی *spirituality*: بار و دۆخی گیانەکیبوون؛ **گیانەکی:** بە ئینگلی *spiritual*، واتە هەر شتێک پەیوەندیی بە گیانەوە هەبێت (سوپاس بۆ کاک ڕێبوار قارەمانی کە وشەکانی داڕشتووە). **~ن.م.**

[231] **عیسای... گەورە؟:** پەیوەندییەکە لەوەوەیە کە گەورەی دینی و گەورەی نادینی هەردووکیان هەمان ناونیشانیان هەیە «گەورە/مامۆستا». ڕۆبێرت ئارثەر تۆڵبت گاسکۆین سێسیل، مەرکیزی سێیەمی سۆلیسبۆری (١٨٣٠-١٩٠٣) سەرۆکی پارتی کۆنەپارێزەکانی ئینگلتەرا بوو، واتە دژی گلادستۆن بوو، ئاوهاش دژی مافپێدان بوو بە ئایرەکان. لە ١٨٨٥-١٨٨٦، ١٨٨٦-١٨٩٢، ١٨٩٥-١٩٠٢ سەرۆکی وەزیرانی ئینگلتەرا بوو. **~گ.س.**

لە زمانی ئینگلیدا، هەر وەک لاتینی، *Lord* {یان *دۆمینێ*ی لاتینی، کە لە کوردیشدا «گەورە» هەمان شتە} دەکرێت هەم ئاسمانی بێت، هەم زەمینی. **~س.ت.م.١**

[232] **قەنەفەیەک... وێستئێند:** لۆرد سۆلیسبۆری «گەورەیی» خۆی لە گۆشەگیرییەکی خۆش و ئاسوودەی یانەیەکی لەسەر-مۆدە-ڕۆیشتوو و ئەریستۆکراتیی لەندەنەوە دووپات دەکردەوە. **~گ.س.**

**وێست ئێند:** بە ئینگلی *West End*، ناوچەیەکی شاری لەندەنە، بەڵام سەیرە کە جۆیس بە پیتی بچووک نووسیویە *west end* کە دەبوو بنووسێت *West End*. سەیرترە کە کەس ئەم ڕستەیەی بە ڕوونی ڕاڤە نەکردووە. بە دانانی «عیسای گەورە» یان *عیسای خاوەنشکۆ*

لە تەنیشت «سۆلیسبۆریی گەورە» یان *سۆلیسبۆریی خاوەنشکۆ*، وا دەردەکەوێت کە ئەم ڕستەیەش بەراوردی تەختی فەرمانڕەوایی دوو خاوەنشکۆکە بێت، وەک لە دووەم کۆرنسۆسدا دەڵێت:

[9]بۆیە ئامانجی بەرزمان دادەنێین، ئەگەر لە لەشدا نیشتەجێ بین یان دوور بین، ئەو لێمان ڕازی بێت، [10]چونکە دەبێت هەموومان لەبەردەم تەختی دادگایی مەسیح دەربکەوین، تاکو هەریەکە بۆ ئەو شتانەی بەهۆی جەستەوە کردوویەتی شایستەیی خۆی وەربگرێت، ئەگەر باشە یاخود خراپە. [11]لەبەر ئەوەی ترسی مەسیحی خاوەن شکۆ لە دڵمانە، هەر بۆیە هەوڵ دەدەین خەڵکی قایل بکەین. بۆ خوداش دەرکەوتین، هیوادارم بۆ ویژدانی ئێوەش بە تەواوی دەربکەوین. (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٩-١١)

کە دوای عیسا تەختەکەی دەبێتە هی پەترۆس و کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمی دەبێتە جێنشینی تەختی عیسا. ئێستا لە بری تەختی جێنشنی عیسا «قەنەفە»یەکە لە یانەیەکی مۆدەی لەندەن، کە ئەویش هی وێستئێندە، تەنانەت جێی ئەم تەختە بە پیتی بچووکیش دەنووسرێت. **~ن.م.**

233 **کیریێ ئیلێیسۆن**: واتە «خودایە بەزەییت پێماندا بێت» بەشێکی باوی ماسە (بڕوانە ٥: ٢٠٣). **~گ.س.**

234 **کیریۆس**: گریکییە، واتە *گەورە* یان *پارێزەر* {بە واتای *پارێزگاریلێکردن*}. **~گ.س.**

235 **ئەو ڤاوڵانەی... نایانزانن**: واتە بیستەم پیتی ئەلفوبێ گریکی، کە پێی دەوترێت: *ئیپسیلۆن* (بڕوانە ٣: ٣١٥)، نە لە عیبری و نە لە ئینگلیدا بەرانبەری نییە. لە ئینگلیدا زۆر جار یان بە *y* دەنووسرێت، {وەک *کیریۆس Kyrios*} یان بە *u* دەنووسرێت، کە هیچیان ڕێک وەک گریکییەکە نین. ماکهیو ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بە بابەتی مشتومڕاویی نەریتی گۆکردنی پیتە گریکییەکان دەدات کە ساڵانی ١٨٨٠ لە ئەڵمانیا لە ژێر هێرشدا بوو و لە ١٩٠٥-١٩٠٦دا لە ئۆکسفۆرد بە پشێوییەکی سەرسووڕمێنەر بەرگریی لێ کرا. **~گ.س.**

گریکی حەوت ڤاوڵی هەیە، دوو ڤاوڵ لە ئینگلی و عیبری زیاتر (ئەگەرچی لە عیبریدا ڤاوڵەکان بە هێمای بزوێنەر دەستنیشان دەکرێن، نەک پیت {وەک فەتحە و کەسرە و زەممەی عەرەبی، بەڵام لە عیبریدا بە خاڵ دیاری دەکرێن و پێی دەڵێن *نیقووت*}). بە تایبەتی مەبەستی لە ڤاوڵی *ئیپسیلۆن*ە لە وشەی *کیریۆس*دا، کە نە لە ئینگلی و نە لە عیبریشدا بەرانبەرێکی ڕاستەوخۆی نییە. **~س.ت.م.١**

[236] **ئێمە مسکێنی... تێکشکان**: هەوڵەکانی ناپۆلیۆن بۆ بەدەستهێنانی سەروەریی دەریایی شکستی هێنا، (کە پێکەوە پێگەی سەروەریی ئیمپراتۆرێتییەکەی ئەوروپای بەهێزتر دەبوو)، کەشتیگەلی بەریتانی لە ژێر فەرمانی هۆرەیشۆ نێڵسندا، کە لۆردی سوپاسالاری یەکەمی دەریایی بەریتانی بوو، لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٨٠٥دا نزیک لوتکەی تەڕەفولغار، کە بیست و نۆ میل لە باکووری خۆرئاوای دەروازەی خۆرئاوای تەنگەی جەبەل تاریقەوە دووره، هەردوو کەشتیگەلی ئیسپانی و فەڕەنسیی تێکشکاند، ئاوهاش بەریتانییەکان ئیمراتۆرێتیی بازرگانیی کیشوەرییان لە ناپۆلیۆن بێبەری کرد و دارِمانەکەییان خێراتر کرد. کاتێک دەستەواژەی «سوارچاکیی کاسۆلیک» {لە ئینگلیییەکەدا هەمووی بە پیتی بچووک} دەدرێتە پاڵ هەوڵە یەکسانخوازەکەی شۆڕشی فەڕەنسی و «ئەریستۆکراسیی نوێ» ئەوا دەبێتە جۆرە تەوسێک لەو ئاکامە ناپۆلیۆنییانەی کە دوای شۆڕشەکە ڕوویان دا. بەڵام ئەگەر دەستەواژەکە بە هەڵە بە «سوارچاکیی کاسۆلیک» بخوێنرێتەوە {لە ئینگلیییەکەدا وشەی کاسۆلیکەکە بە پیتی گەورە دەست پێ دەکات}، ئەو کات ئەو تێنەگەیشتنەی داکۆکیکردنی ئایرەکان دەخاتە ڕوو کە پێیان وا بوو ناپۆلیۆن لە ژێر بێخوداییە ڕواڵەتییەکەیدا هێشتا لە دڵەوە هەر کەسێکی کاسۆلیک بووە، ئاوها تەوسەکە مەبەستپێکترە. **~گ.س.**

**ئێمە مسکێنی... تێکشکان - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئینثیمیم* – *enthymeme*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لەمێشکدابوون* دێت}. **لەمێشکدابوون**: ئارگومێنتێکە کە لەسەر گوزارەی ئەگەری دانراوە، کە لە خستنەڕوو جیا دەکرێتەوە. لێرەدا بەم شێوەیەیە: ئەگەر کەشتیگەلە هاوپەیمانەکانی فەڕەنسا و ئیسپانیا لە تەڕەفولغار تێکنەشکانایە، ئەوا ناپۆلیۆن ئینگلتەرای داگیر دەکرد و تێکی دەشکاندن (بڕوانە ٧: ١). **~گ.س.**

[237] **ئیمپێریوم**: بە لاتینی *Imperium* واتە «دەسەڵات، قەڵەمڕەو، ئیمپراتۆرێتی». **~گ.س.**

[238] **لەگەڵ گەلەکەشتیی... ژێرکەوت**: سپارتاییەکان ساڵی ٤٠٥ی پێش زاین لە ئیگۆسپۆتامی {**ئیگۆسپۆتامۆس** گریکییە، واتە ڕووباری بزن، یان کانی بزنان} لە تراکیا، لە ژێر فەرمانڕەوایی لیساندرۆس (ساڵی ٣٩٥پ.ز. مردووە)دا هێرشی لەناکاویان کردە سەر کەشتییە نەپارێزراوەکانی ئەسینایییەکان و کەشتییەکانیان لە ناو برد و سێ هەزاریان لێ کوشتن. ئەم کارەساتە کۆتایی بە جەنگی پیلۆپۆنیس هێنا و شکستی ئەسینایییەکانی مسۆگەر کرد. **~گ.س.**

[239] **ئۆراکلێک پیرۆسی... گریک**: پیرۆس لە کۆتایی کارەکانیدا و دوای شکستەکانی لە ئیتالیا و سیسیلیا، هەڵمەتێکی کردە سەر سپارتا، کە وا دەردەکەوت ئامانجی لە هەڵمەتەکە گرتنی هەموو پیلۆپۆنیس بێت. ئەو ئۆراکلەی گوایە سەری لە پیرۆس شێواندووە {بۆ *ئۆراکل* (بڕوانە ١: ٧١)} خەونێک بووە کە وا لێکی داوەتەوە بەڵێنی سەرکەوتنی بە پیرۆس داوە لە بێهێزکردنی لاکیدامون (سپارتا)، کە پایتەختی لاکۆنیا بووە. پیرۆس دەیتوانی بە قازانجێکی بەرچاوەوە شارەکە ڕەت بدات، بەڵام هەوڵە زۆرەکانی بۆ بێهێزکردنی شارەکە هێزەکانی خۆی ماندوو و شەکەت کرد و کاتی دا بە سپارتاییەکان هێزی پشتیوان بهێنن، ئەمەش بووە هۆی بەزاندنی پیرۆس. **~گ.س.**

[240] **دەچوون... دەدۆڕان**: ناونیشانی هۆنراوەیەکی ویلیەم بەتلەر یەیتس بوو لە دیوانی *گوڵەکە* (١٨٩٣)دا. دواتر ئەم هۆنراوەیەی دەستکاری کرد و ناونیشانەکەی گۆڕی و کردی بە «گوڵی جەنگ» و ئێستا لە کۆی هۆنراوەکانیدا هەیە. یەیتس ئەم ناونیشانەی لە سەرنووسراوی پەڕتووکی *لە بارەی لێکۆڵینەوە لە وێژەی کەڵتییەوەی* ماثیو ئارنۆڵدەوە هێنابوو کە ساڵی ١٨٦٧ لە لەندەن بڵاو کراوەتەوە. **~گ.س.**

پێشنووسراوەکەی ئارنۆڵدیش لە وتەیەکی *ئۆشین*ەوە هێنراوە. **~س.ت.م.١**

بۆ *ماثیو ئارنۆڵد* (بڕوانە ١: ٦٨)؛ بۆ *یەیتس* (بڕوانە ١: ٨٤). **~ن.م.**

[241] **لێنێهەن... گریا. بووهووا! - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *میمێسیس* – *mimesis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لاسایی* دێت}. **لاسایی**: لاسایی وتە و کرداری ئەوانی ترە. لێنێهەن لاسایی شیوەنی شوێنکەوتووەکانی پیرۆس دەکاتەوە. **~گ.س.**

[242] **بە هۆی خشتێکەوە... پیرۆس!**: (بڕوانە ٢: ٩). **~گ.س.**

[243] **لیمریک**: بە ئینگلی *limerick*، جۆرە هۆنراوەیەکی سانای وێژەی ئینگلییە. زۆربەی کات لە پێنج دێڕ پێک دێت کە سەرواکانیان بە شێوەی *aabba*یە، دێڕی یەکەم و دووەم و پێنجەم هاوسەروان، دێڕی سێیەم و چوارەم هاوسەروان – وەک لە نموونەکەی لێنێهەن خۆیدا دەردەکەوێت کە لە کوردییەکەشدا وەهایە. ڕیشەی زاراوەکە نادیارە. گوایە لە ناوی کاونتیی لیمریکی ئایرلاندەوە هاتووە کە گۆرانییەکی باو لە ئاهەنگی خواردنەوەی شەواندا بێژراوە، دێڕی یەکەمی بەم شێوەیە دەستی پێ کردووە: «دێیت بۆ لیمریک؟» کە گۆرانیی بێواتای لەو چەشنە باو بووە. بەڵام دەشێت ڕیشەکەی لەوە کۆنتریش بێت. (*فەرهەنگی زاراوە و ڕێبازە وێژەییەکانی ئۆکسفۆرد*، چاپی پێنجەم، دەزگای پەنگوین [ئینگلتەرا، ٢٠١٤] لا. ٣٩٧ – پوختەکەیم وەرگێڕاوە). گەرچی هەندێک جار لە کوردیدا بە *پێنجخشتەکی*

وەردەگێڕرێت، بەڵام من وشەکە خۆیم خواست تا لە پێنجخشتەکیی وێژەی کلاسیکی کوردی جیا ببێتەوە. **~ن.م.**

[244] **مەلا مەشهوورەکە... دانراوە؟**: لە دەقەکەدا ناوی *مەلا مەشهوورە* نەهاتووە، بەڵکو دەڵێت: «جۆ میلەرەکە نادۆزمەوە لە کوێ دانراوە؟» کە ڕاڤەکەی گیفرد دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت بۆچی مەلا مەشهوورەم داناوە. **~ن.م.**

**جۆ میلەر**: زمانی بازاڕییانەیە، واتە *نوکتە*، جۆ میلەر ئەکتەرێکی جەفەنگی بوو و لە سەردەمی حوکمی جۆرجی یەکەمی ئینگلتەرادا بەناوبانگ ببوو؛ نوکتەکانی لە پەڕتووکێکدا بڵاو کرابووەوە و بەردەوام چاپی نوێی لێ دەردەچوو و نوکتەی تری بۆ زیاد دەکرا و دەستکاری دەکرا، لە سەدەی نۆزدەیەمدا نوکتەکان گەیشتبوون بە پلەیەک کە کۆن و بێتام ببوون. **~گ.س.**

**مەلا مەشهوورەکە... دانراوە - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەنتۆنۆماسیا* - *antonomasia*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *جیاناو* دێت}. **جیاناو**: گۆڕینی شتێکە بە ناوێکی شایستە؛ بە دیاریکراوتر، گۆڕینی وشە یان دەستەواژەیەکی ڕوونکردنەوەییە بە بە ناوێکی شیاوتر یان گۆڕینی ناوێکی شیاو بە جۆرایەتییەک کە بەو ناوەوە پەیوەستە {بە نموونە خاوەنشکۆیان}. **~گ.س.**

[245] **لە شێوەنی سالوستدا**: پلاری مەڵیگنە لە ماکهیو. گایوس سالوستیوس کریسپوس (٨٦-٣٤پ.ز.) مێژوونووسێکی ڕۆمی بوو و لایەنگرێکی سەرسەختی قەیسەر بوو. مەبەست لە پلارەکەی مەڵیگن ئەوەیە کە: ئەگەرچی سالوست دوای خانەنشینبوونی لە ژیان و ئەرکە گشتییەکانی ببووە مێژوونووسێکی ناسراو، بەڵام بێهەڵە و ورد نەبوو، هەر لەو ماوەیەدا سامانێکی زۆری بە دەست هێنابوو و وا دیار بوو کە بە گەندەڵی بە دەستی هێنابوون و دەیەویست ئەوانە بچەوسێنێتەوە کە لە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی ئەودا بوون. **~گ.س.**

[246] **کە دایکی تۆپیوە**: یان: «ئەوەی دایکی ئاژەڵانە تۆپیوە» (بڕوانە ١: ٧٤). **~ن.م.**

[247] **چ ئۆپێرایەک... بیر دەخاتەوە؟**: لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: «چ ئۆپێرایەک وەک هێڵی شەمەندەفەر وایە» و بۆ وەڵامەکە بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو؛ چەند جارێک ناوی ئەم ئۆپێرایە لە ڕۆمانەکەدا دووبارە دەبێتەوە، لە ئینگلیدا ناوی ئۆپێراکە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: *ڕۆوز ئۆف کاستیل* *Rose of Castile*؛ هێڵی شەمەندەفەرەکە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: *ڕۆوس ئۆف کاست ستیل* *Rows of cas steel*. لە ئەڵقەی چواردەیەمدا دەڵێت: «ئۆپێرایەک حەزی لێی بێت؟ گوڵەکەی کاستیل. ڕیزی دارِشتە». ئەم ڕەگەزدۆزییە لە

وەرگێڕاندا ون دەبێت، لە وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەدا تەواو ناوی ئۆپێراکەیان گۆڕیوە بۆ ئەوەی ڕەگەزدۆزییەکە لە فەڕەنسییەکەدا بهێڵنەوە، دەڵێت: «چ ئۆپێرایەک دەتخاتە بیری بڕینەوەی مەڕەوە؟» و دواتریش ناوی ئۆپێرایەکی تر دەهێنێت، کە ئەویش «ڕفاندنی هێلێن»ە و لە فەڕەنسییەکەدا بە نزیکی هەمان ڕەگەزدۆزی دەوەستێتەوە. ئینجا لە ڕستەکەی تەنیشت ناوی ئۆپێراکەدا، کە لێرە و لەم کوردییەدا بووە بە: «ڕیزی ستیلی دارِشتە»، ئەو ڕەگەزدۆزییە فەڕەنسییەکە شی دەکاتەوە، کە تەواو شتێکی ترە. ناوی ئۆپێراکەوە لە کوردییەکەدا دەکرێت بیگۆڕین بەوەی بپرسێت: «چ ئۆپیرایەک تەنێک هاوسەرت بیر دەخاتەوە؟» وەڵام: «تەنهاوسەر» کە ئۆپێرایەکی ڕیچارد ڤاگنەرە. با ئێستا ئەم تێبینییە هەبێت، ئەگەر هەموو پەڕتووکەکەم تەواو کرد و زانیم کە ئەگەر بیگۆڕم کێشە دروست ناکات، ئەوا دەقەکە دەگۆڕم بە ئەمەی ڤاگنەر. **~ن.م.**

[248] **تەنهاوسەر: تەنهاوسەر:** (یان تانهاوسەر، تانهاوزەر، تەنهاوزەر)، بە ئەڵمانی Tannhäuser، ئۆپێرایەکە ساڵی ١٨٤٥ بڵاو کراوەتەوە. ڕیچارد ڤاگنەر (١٨١٣-١٨٨٣) موزیکەکەی داناوە. گرێچنەکەی بەم جۆرەیە:

کات و شوێنی چیرۆکەکە ئەڵمانیای سەدەکانی ناوەڕاستە. کەسێتییە سەرەکییەکە سترانبێژێکە بە ناوی تەنهاوسەر. ساڵێکە تەنهاوسەر لە ژێرزەویی جادوویی ڤینوسی خواژنی ئەویندا دەژی. ئەم جێیە ناوی ڤینوسبورگ-ە. ڤینوسبورگ واتە شاری ڤینوس، یان ڤینوسوار، ڤینوسستان. پڕیەتی لە نیمف و ناياد و سیرین و بەزم و خۆشی. تەنهاوسەر دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناو جیهانی مرۆڤ. لە سترانێکدا ستایشی ڤینوس دەکات، بەڵام لە کۆتایی سترانەکەیدا داوای لێ دەکات ڕێی بدات بڕوات. ئەمە ڤینوس دەهەژێنێت و وای لێ دەکات بەڵێنی چێژی زیاتری پێ بدات. بەڵام تەنهاوسەر پێداگری دەکات و داواکەی دووبارە دەکاتەوە. ڤینوسیش بە تووڕەییەوە دەریدەکات و نەفرەتێک لە ئارەزووی ڕزگاربوونی ئەو دەکات. تەنهاوسەر هانا بۆ مریەمی پاکیزە دەبات تا بێت بە دەنگیەوە. ئەمە نەفرەتەکەی ڤینوس دەشکێنێت. لە ناکاو تەنهاوسەر خۆی دەبینێتەوە کە گوازراوەتەوە بۆ دۆڵێکی نزیک قەڵای ڤارتبورگ لە ئایزناخ. چیتر ڤینوس و ڤینوسبورگ نامێنن. دواجار بە ئازادیی خۆی دەگات و دەکەوێتە جێیەکی خۆش. شوێنەکە لەوەڕگایەکی دڵفڕێنە، مانگی ئایارە. شوانێک لەولاوە بلوێر دەژەنێت و گۆرانی بۆ هۆلدا دەبێژێت. هۆلدا خودایەکی پاگانییەکانە. دواتر لە دوورەوە دەنگی گۆرانییەک دێت کە بۆ عیسای مەسیح دەبێژرێت. کە دەنگی گۆرانییەکە نزیکتر دەبێتەوە، دەبینرێت کاروانێکی

زیارەتکەرانن و بەرەو ڕۆما زیارەت دەکەن. شوانەکە لە ژەندن و بێژان دەوەستێت. کاروانەکە بە لای تەنهاوسەردا دەڕۆن. تەنهاوسەر سەرەتا بێجووڵە واقی وڕ ماوە، پاشان ستایشی کارە سەرسامکەرەکانی خودا دەکات. شەیپووری گەیشتنی ئاهەنگێکی ڕاو لێدەدرێت و دەبیسترێت و نزیکتر دەبێتەوە. دەستەی ئاهەنگگێڕانی ڕاوچییانی هێرمان-ن. هێرمان ئاغای ناوچەکەیە و لەگەڵ سوارەکانیدایە. سترانبێژەکانی هاوەڵی ئاغا تەنهاوسەر دەناسنەوە. تەنهاوسەر هێشتا ستایشی خودا دەکات. لەبەر ئەوەی هاوڕێی لەمێژینەیان بووە، پرسیاری جێ و ڕێی ڕابردووی لێ دەکەن، بەڵام تەنهاوسەر وەڵامی ناڕوونیان دەداتەوە. ئاغا و سوارەکانی داوای لێ دەکەن بگەڕێتەوە بۆ لایان. بەڵام تەنهاوسەر ئارەزووی لێ نییە. ڤۆلفرام یەکێکە لە سوارە سترانبێژەکان، ناوی ئەلیسابات دەهێنێت. ئەلیسابات کچی برای ئاغایە. جاران توانا جادووییەکانی گۆرانییەکانی تەنهاوسەر ئەلیساباتی پێبەند کردووە و خستوویەتیە ئەوینی تەنهاوسەرەوە. بەڵام لەوەتەی تەنهاوسەر لەوێ نییە ئەلیساباتیش خەمبارە و ئارەزووی موزیکی نەماوە. کە تەنهاوسەر ناوی ئەلیسابات دەبیستێت، بڕیار دەدات لەگەڵیاندا بڕوات.

ئەلیسابات لە دیوەخانی قەڵاکەدا بە دڵخۆشی و گەشبینییەوە گۆرانی دەبێژێت. ڤۆلفرام و تەنهاوسەر دێنە دیوەخان. تەنهاوسەر خۆی دەهاوێتە بەر پێیەکانی ئەلیسابات. ئەویش پرسیاری جێ و ڕێی ڕابردووی لێ دەکات، بەڵام تەنهاوسەر بە ناڕوونی لە کورتی دەیبڕێتەوە و دەڵێت کە پەرجوو ئەوی گەڕاندووەتەوە. ئەلیساباتیش لە سەری ناڕوات و بە دڵخۆشییەوە پێشوازیی لێ دەکاتەوە. دەکەوێتە باسی هەستی خۆی لە ڕابردوو و ئێستا. دواتریش ستایشی خودا و ئەم پەرجووە دەکات. پێکەوە ستران دەبێژن و دواتر تەنهاوسەر دەڕوات. ئاغا دێت و برازا دڵخۆشەکەی لە ئامێز دەگرێت، ئەویش دڵخۆش دەبێت. پێشنیار دەکات کێبڕکێیەکی سترانبێژی ئەنجام بدرێت. پێشبڕکێی سترانبێژییەکە ساز دەکرێت. ئاغا ئەلیسابات سەرپشک دەکات لە پێدانی خەڵات بە براوەی کێبڕکێکە. ڤۆلفرام گۆرانیی خۆی دەبێژێت، بەڵام تەنهاوسەر گۆرانییەکەی ئەوی بە دڵ نییە و پێی وایە کە ڤۆلفرام لە خۆشەویستی تێنەگەیشتووە، بەڵام سوارە و سترانبێژەکانی تر لە وتەکانی تەنهاوسەر تووڕە دەبن و بە کفرکردن تۆمەتباری دەکەن. تەنهاوسەر تووڕەتریان دەکات، بەڵام ئاغا داوایان لێ دەکات هێور ببنەوە. تەنهاوسەر گۆرانییەکەی خۆی دەبێژێت، بەڵام دەبینن بۆ خودای خۆشەویستیی دەبێژێت و ستایشی ڤینوسبورگ دەکات. هەمووان تووڕە دەبن، چونکە پێیان وایە ئەوە کفرە. بۆیان دەردەکەوێت کە تەنهاوسەر پێشتر لە

ڤینوسبورگ بووە. دەیانەوێت بیکوژن، بەڵام ئەلیسابات ناهێڵێت و دەیپارێزێت. هەمووان سەرکۆنەی ئەلیسابات دەکەن، بەڵام ئەو پێی وایە کە دەبێت ڕێ بە تەنهاوسەر بدرێت پاشگەز ببێتەوە و داوای لێخۆشبوون بکات. هەمووان ستایشی ئەم میهرەبانییەی ئەلیسابات دەکەن و دەڵێن کە ئەو فریشتەیە. ئاغا بڕیار دەدات تەنهاوسەر دەربکات و پێشنیار دەکات لەگەڵ زیارەتکارەکاندا بچێت بۆ ڕۆما بۆ پاشگەزبوونەوە، بەشکو لەوێ داوای لێخۆشبوون لە پاپا بکات و ئەو بیبەخشێت. ئەلیساباتیش پشتگیری لەم پێشنیارە دەکات. بە تەنهاوسەر دەڵێن کە ئەگەر پاپا تەنهاوسەری بەخشی، ئەوا دەتوانێت بگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەر نەیبەخشی، ئەوا نابێت بگەڕێتەوە. تەنهاوسەر خۆیشی بەمە دادەکەفێت و بەرەو ڕۆما دەچن.
پایز دێت. ئەلیسابات نوێژ دەکات و چاوەڕێی گەڕانەوەی تەنهاوسەرە لەگەڵ بەخشراوەکاندا. بەڵام کە زیارەتکاران دەگەڕێنەوە تەنهاوسەریان لەگەڵدا نییە. ئەلیسابات مات و خەمگینە و لە مریەمی پاکیزە دەپاڕێتەوە، دواتر بە تەنیا دەڕوات. ڤۆلفرام بە هاڕپەکەیەوە گۆرانییەکی گەلێک خەمناک دەبێژێت. تەنهاوسەر بە تەنیا دەگەڕێتەوە و گۆرانییەکەی ڤۆلفرام دەبیستێت. دەکەونە گفتوگۆ. تەنهاوسەر چیتر نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڤارتبورگ، بەڵکو دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڤینوسبورگ. ڤۆلفرام لێی دەپرسێت کە ئایا ئەو چووە بۆ ڕۆما یان نا؟ سەرەتا تەنهاوسەر نایەوێت باسی ڕۆما بکات، بەڵام دواجار بە درێژی باسی زیارەتەکەی دەکات کە زۆر بە دڵ و بە کوڵ و بە گیان چووە بۆ ئەوەی پاشگەز ببێتەوە. لە ڕۆما و لە خزمەتی پاپادا هەزاران زیارەتکار بەخشراون، کەچی پاپا ئەوی بە نەفرەت کردووە و نەیبەخشیوە. ئەویش ئاوها بە دڵشکاوی گەڕاوەتەوە. ئێستاش داوا لە ڤینوس دەکات وەریبگرێتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای وێ. دواجار ڤینوس و نیمفەکانی لە نێو گەردەلوولێکدا دێن. ڤۆلفرام دەترسێت و داوا دەکات تەنهاوسەر نەگەڕێتەوە بۆ لای. سەرەتا ڤینوس سەرزەنشتی تەنهاوسەر دەکات بەوەی کە کاتێک هەمووان خۆیان لێی بێبەری کرد و لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەرکرا ئینجا دەگەڕێتەوە لای، بەڵام دواتر بانگی دەکات بگەڕێتەوە بۆ لای و بۆ هەمیشە ببێت بە هی ئەو. بەڵام ڤۆلفرام هەر بەرهەڵستی دەکات و داوا دەکات تەنهاوسەر نەچێت، چونکە فریشتەیەک لەم سەر زەوییە نزای بۆ ئەو کردووە. لەولاوەش ڤینوس پەیتاپەیتا بە دەنگە تاودەرەکەی تەنهاوسەر بانگ دەکات. دواجار ڤۆلفرام ناوی ئەلیسابات دەهێنێت و تەنهاوسەر دەوەستێنێت. خەڵکانێک دێن و دەڵێن کە ئەلیسابات بە مەرگی خۆی بەخشینی بۆ

تەنهاوسەر هێنا. بەڵام تەنهاوسەر دەڵێت کە ئێستا لە دەست ئەو چووە. ڤینوس دیار نامێنێت. پاشان پرسەی ئەلیسابات دەگێڕن. کە تەرمی ئەلیسابات دەهێنن، تەنهاوسەر دەچێت و کڕنۆشی بۆ دەبات و داوای لێ دەکات نزای لێخۆشبوونی بۆ بکات. پاشان خۆیشی لە خزمەتیدا دەمرێت. گاڵۆکە وشکەکەی دەستی قەشەکەی دەوری تەرمەکان گەڵا دەگرێت. هەمووان ئەم پەرجووەی خودا دەبینن و بە دەوری تەرمی هەردوو تەنهاوسەر و ئەلیساباتەوە ستایشی پەرجووی لێخۆشبوونی خودا دەکەن و دەزانن کە خودا تەنهاوسەری بەخشی.

لە ڕاستیدا لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: «**گوڵەکەی کاستیل**» و لە ڕاڤەکەی گیفرددا بیخوێنەوە. ~**ن.م.**

**تەنهاوسەر - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پارۆنۆماسیا* – *paronomasia*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *تەکوشە* دێت، دەکرێت لە کوردیدا پێی بڵێین *وشەبازی* یان *ڕەگەزدۆزی*}. وشەبازی: یاریکردنێکە بەو وشانەی دەنگیان وەک یەک وایە، واتە ڕەگەزدۆزی. ~**گ.س.**

**گوڵەکەی کاستیل**: ئۆپێرایەکە ساڵی ١٨٥٧ بڵاو کراوەتەوە، مایکڵ ویلیەم باڵف موزیکەکەی داناوە. گرێچنەکەی بەم شێوەیەیە: ئێلڤیرا کە ژنەشای لیۆنە، شوو بە دۆن سێباستیان دەکات، کە برای شای کاستیلە. ئێلڤیرا بە هەڵە پێی وایە کە سێباستیان شێوەی خۆی گۆڕیوە بە پیاوێک کە ناوی مانوێل-ە و قاترچییە، بۆیە ئێلڤیراش شێوەی خۆی دەگۆڕێت بە کچێکی لادێیی بۆ ئەوەی مانوێل لە چینی خۆیدا بناسێت. کۆمەڵێک پیلانگێڕی کارنەزان بە ڕابەرایەتی دۆن فلۆریۆ پیلانی ئەوە دەگێڕن کە تەختی شای کاستیل بە دەست بهێنن، بۆ بەجێهێنانی پیلانەکەشیان شێوەی ئێلڤیرا، کە ئێستا خۆی کردووە بە کچێکی لادێیی، دەگۆڕنەوە و دەیکەن بە ژنەشا. مانوێل کە ئەم گۆڕانە دەبینێت ئینجا هەوای «پلە و ناوبانگ بوو تۆیان فریواند» دەبێژێت (بڕوانە ٧: ١٩٠). گاڵتەجاڕیی پیلانگێڕییەکە شکست دەهێنێت، ئێلڤیرا و مانوێل وەک کچێکی لادێیی و قاترچییەک دەگەڕێنەوە لای یەک، بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە مانوێل سێباستیانە و شێوەی خۆی گۆڕیوە. ~**گ.س.**

[249] **هەست... بەهێز دەکەم - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئۆکسیمۆرۆن* – *oxymoron*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای تیژگێژ دێت، دەکرێت لە کوردیدا بیکەین بە *دژبەستن*}. **دژبەستن:** پێکەوە بەستنی دوو وشەی دژیەکن بۆ پێدانی مەبەست بە وتە یان دەربڕین. ~**گ.س.**

[250] **کۆمیونار**: ئەندامەکانی کۆمەڵی هێزی ڕاپەڕیوی باڵی چەپی کۆمیونی پاریس بوون {**کۆمیون** بە ئینگلی واتە کۆمەڵ، کۆمیونار: یەکێک لە کۆمەڵەکە}، لە ئاداری ١٨٧١ەوە کە سوپای داگیرکەری ئەڵمانی دەرچوون، پاریسیان بە ڕێوە دەبرد، تا ئایاری ١٨٧١، کە ڕاپەڕینەکە بە دەستی حکومەتی کۆمارخوازی فەرەنسا دامرکێنرایەوە. **~گ.س.**

[251] **باستیل**: باستیل سانت ئەنتوان، قەڵایەکی بەندیخانە بوو لە پاریس، ڕاپەڕیوەکان لە ١٤ی تەمموزی ١٧٨٩دا هێرشیان کردە سەری و وێرانیان کرد. ئەو ڕۆژە بە یەکەم ڕۆژی شۆڕشی فەرەنسی دادەنرێت. **~گ.س.**

[252] **یان ئەوە... فینلاندتان کوشت - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئیرۆتێسیس* – *erotesis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پرسیار* دێت}. **پرسیار**: بانگەشەیەکی بوێرانەیە لە شێوەی پرسیاردا کە مەبەست لە پێچەوانەی پرسیارەکەیە، وەک کە دەڵێت: «داخۆ دەترسم کە شێتێک تەماشا دەکات؟». **~گ.س.**

[253] **بۆبریکۆف**: نیکۆلای ئیڤانۆڤیتچ بۆبریکۆف (١٨٥٧-١٩٠٤) سوپاسالار و سوپاسالاری دادوەر و لە ١٨٩٨ تا ١٩٠٤ فەرماندەری گشتیی هێزی ناوچەی فینلاند بوو. دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پێ درابوو و ئەویش زۆر بێبەزەییانە ئەو دەسەڵاتەی بۆ سەرکوتکردنی ئازادیی دەستوریی فینییەکان و درێژەدان بە بەڕوسیکردنی فینلاند بە کار دەهێنا. *ذە نیو یۆرک تایمز*، لە ١٧ی تەمموزی ١٩٠٤دا دەڵێت: «زۆردارێکی ڕووسیی نموونەیی بوو». یوجین شاومان لە کاتژمێر ١١ی چێشتەنگاوی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا بە کاتی هلسنکی کوشتی، کە دەکاتە ٨:٣٥ی بەیانی بە کاتی دەبلن، هەواڵەکە لە کاتی بەیانیدا بە دەبلن گەیشتووە. (بڕوانە ٨: ٦٦). **~گ.س.**

[254] **چێشتی مجێور**: لە کوردیدا خواردنێکە بۆ مجێوری مزگەوت براوە و تێکەڵەی ئەوەندە خواردن بووە کە ماڵانی دێ توانیویانە ببەخشن. ئێستاش بە شتی تێکەڵە دەوترێت: چێشتی مجێور، کە مەرج نییە ئەوەی باسی لێوە دەکرێت *چێشت* بێت. ئەم سەرباسە لە دەقە ماکەکەدا دەستەواژەیەکی ساختەی لاتینییە، کە *Omnium Gatherum*ە و واتای ئەوە لە ڕاڤەکەی گیفرددا بخوێنەوە. **~ن.م.**

*ئۆمنیوم گاذێروم* *Omnium Gatherum* دەستەواژەیەکی ساختەی لاتینییە، {واتە لاتینیی ڕاستینە نییە، بەڵکو لە لاتینی دەچێت}، واتە کۆبوونەوەیەکی تێکەڵی هەمەجۆر و خەڵک و شتی ناڕێکوپێک. **~گ.س.**

[255] **یاسا، کلاسیک:** لە پرۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی بزانم واتای ئەمە چییە، وتی: «کلاسیک: واتە وێژە و مێژووی گریک و رۆم. یاسا و کلاسیک و پزیشکی سیان بوون لە وانە بنچینەییەکان بۆ خوێندنی زانکۆ». واتە «کلاسیک» ناوی وانەیەکە، کە ستیفن لە ئەڵقەی دووەمدا دەیڵێتەوە. **~ن.م.**

[256] **یاسا، کلاسیک... مووسی دەنگ - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *سیناثرۆیێسموس* – *synathroesmus*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *خڕکردنەوە* دێت}. **خڕکردنەوە:** {خڕکردنەوە و کۆمەڵەکردنی کۆمەڵێک زاراوە، یان ئاوەڵناوە} گیلبێرت پێی دەڵێت: «کەڵەکەکردنە بە بژاردن». **~گ.س.**

«مووسی دەنگ» لێرەدا واتە خودای دەنگ؛ بەڵام مووس ئاماژەیە بۆ مووسەکانی گریک کە کچی یاد (منیمۆسینی) بوون، مووس بە تاک و مووسەکان بە کۆ، بە گوێرەی نووسەرە پێشینەکان، خواژنی سرووشبەخشی گۆرانی بوون، بە گوێرەی تێگەیشتنی دواتریش، چەند بوونەوەرێکی خودایی بوون، سەرپەرشتیی هەندێک جۆری جیاوازی هۆنراوە و هونەر و زانست و پیشەیان دەکرد. لە بنەچەدا وەک نیمفی سرووشبەخش سەیر کراون و بە گوێرەی ئەو شوێنە جیاوازانەی لێی پەرستراون ناوی جیایان هەبووە، بەڵام دوای ئەوەی تراکیا و ڤیۆتیا دەستیان کرد بە پەرستنی مووسەکان، ئەوان نۆ مووسیان دیاری کرد کە لە ڤیۆتیاوە بە هەموو گریکدا بڵاو بوونەتەوە و لە کۆتاییدا ئەمە ئاوها چەسپا، ئەمانە بوون:

١. ئێراتۆ (یان ئیراتۆ) مووسی هۆنراوەی هەستبزوێن و لاسایی و هەندێک جاریش ئامێری لیرا (چەنگ) بووە.

٢. پۆلیمنیا (یان پۆلی-ئیمنیا: بە واتای فرەسروود، فرەچامە) مووسی ستایش و پیاهەڵدانی مەزن بووە، زۆربەی جار لە کارە شێوەکارییەکاندا هیچی نەدراوەتە پاڵ و پێ نییە، لە کەشێکی ڕاماناوی و بیرکردنەوەدایە.

٣. ثالیا (یان تالیا): مووسی کۆمیدیا و هۆنراوەی خۆش و شادی بووە، لە کارە شێوەکارییەکاندا دەمامکێکی کۆمیدیی پێیە و گاڵۆکی شوانێک و گوڵبەندێکی لاولاوی بە سەرەوەیە.

٤. تێرپسیخۆری: مووسی سەما و گۆرانیی کۆڕ بووە، لە کاری شێوەکاریدا لیرا (چەنگ) و پێژەنێکی پێیە.

٥. کالیۆپی: مووسی هۆنراوەی بەیت و لاوک بووە، لە کاری شێوەکاریدا تەتەڵە و خامەیەکی پێیە، هەندێک جار پەڕەی لوولکراویشی پێیە.

٦. کلیۆ: مووسی مێژوو بووە، لە کاری شێوەکارییدا دانیشتووە و لوولەپەڕێکی کراوەی پێیە، یان سنوقێک پەڕتووکی پێیە.
٧. مێلپۆمێنی: مووسی تراژیدیا بووە، دەمامکێکی تراژیدیی پێیە و تێڵاکەی ئیراکلیسی بە دەستەوەیە، یان شمشێرێکی پێیە، گەڵامێو بە دەوری سەریەوەن و کۆثۆرنۆسی لە پێدایە (کۆثۆرنۆس جۆرە پێڵاو یان سۆلێک بووە تا سەر پووز هاتووە، لە تراژیدیاکاندا لە پێ کراوە).
٨. ئێفتێرپی (یان یوتێرپی) مووسی هۆنراوەی لیریکی بووە، واتە هۆنراوەی گۆرانی، فلووتێکی پێیە.
٩. ئورانیا (یان یورانیا): مووسی فەلەکناسی بووە، داردەستێکی پێیە کە نووکەکەی ئاماژە بۆ گۆیەک دەکات. لە هەندێک لە وێنە و پەیکەرەکاندا دەبینین کە مووسەکان پەڕ بە سەریانەوەن، کە تیلنیشانە بە ڕکابەرییان لەگەڵ سیرینەکاندا. (*فەرهەنگێکی نوێی ژینامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٥٢٩-٥٣٠).
لە کوردیدا وشەی *مۆزەخانە* و موزیک و *مۆزایک*مان لە مووسەکانەوە وەرگرتووە. **~ن.م.**

[257] **خۆشترین دڵخوازی دەبلن - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پلیۆنازم* – *pleonasm*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *زیادە* دێت}. **زیادە:** بەکارهێنانی وشەی زیاد لە پێویستە بۆ دەربڕینی واتا لە ڕستەیەکدا.
هاوکات لێرەدا پێکاری **پاڵجیایی**ش بە کار هاتووە (بڕوانە ٧: ١١٢). «خۆشترین» کە وشە زیادەکەیە، ڕەگەزدۆزییەکی بەتوێکڵیشە. **~گ.س.**
ئەو وشەیەی بە «خۆشترین» وەرمگێڕاوە، لە ڕاستیدا دەبوو یان «نایاب» یان «سەرتۆپ» بێت، بەڵام لەبەر پێکارە ڕەوانبێژییەکە، کە وشەی بەکارهاتوو لە دەقە ماکەکەدا لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکی ئاڵۆشییانەش هەڵدەگرێت، بۆیە لە کوردیدا کردم بە «خۆشترین»، کە لێرەدا وتەبێژ مەبەستی لە هەردوو واتاکەیە. **~ن.م.**

[258] **هەوایەک هەناسەی پاک! - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئاناگرام* – *anagram*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پیتگۆڕکێ* دێت}. **پیتگۆڕکێ:** ئاڵوگۆڕکردنی پیتەکانی

وشە، ناو، دەستەواژەیەکە کە بە هۆیەوە وشە، ناو، دەستەواژەی نوێ دروست دەبێت {هەوایەک هەناسەی پاک: هەناسەیەک هەوای پاک}. **~گ.س.**

[259] **لە پارکەکە... کرابووەوە - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەوکسێسیس* – *auxesis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *زلکردن* دێت}. **زلکردن:** فراوانکردن یان گەورەکردنە.

هاوکات لێرەدا پێکاری *هایپەربۆل* – *hyperbole* بە کار هاتووە، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ژێرهەڵدان* دێت، دەکرێت بڵێین *زیادەڕەوی*یە}. **زیادەڕەوی:** پێوەنان و زیادەڕەوییە لە دەربڕیندا بۆ دەربڕینی هەستی بەهێز یان دروستکردنی هەستێکی گەورە، بەو نیازە نییە کە بە واتای وشە وەربگیرێت. **~گ.س.**

[260] **لە فەرهەنگی گەنجێتیدا:** لە شانۆنامەی *ڕیشێلیو*وە (١٨٣٨) هێنراوە کە ئێدوارد بیولەر-لیتن نووسیویەتی، کە خۆی شانۆنووس و ڕۆماننووس و وارگێڕ بووە. لە دیمەنی یەکەمی پەردەی سێیەمدا ڕیشێلیو فڕانسوای خزمەتکاری خۆی بۆ کارێکی پڕ مەترسی دەنێرێت، فڕانسوا دەپرسێت: «ئەی ئەگەر شکستم هێنا؟» ڕیشێلیو وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: «شکست؟ شکست؟ لە فەرهەنگی گەنجێتیدا، کە چارەنووس بۆ پیاوەتییەکی مەردانەی هەڵدەگرێت، هیچ وشەیەک نییە بە ناوی "شکست"ەوە». **~گ.س.**

[261] **دەیبینێت... لە چاو - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئانافۆرا* – *anaphora*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *هەڵگرتنەوە* دێت} **هەڵگرتنەوە:** دووبارەکردنەوەی هەمان وشە یان دەستەواژەیە لە چەند ڕستەیەکی دوای یەکدا. **~گ.س.**

تێبینی: بە ئەنقەست دەربڕینەکان تەواو ناکات و ناڵێت «دەیبینێت لە دەموچاوتدا. دەیبینێت لە چاوتدا». **~ن.م.**

[262] **لە دەموچاو... تەوەزەلی بچکۆلە:** ستیفن لە بەشی Dی پاری یەکەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* لە قوتابخانەی کڵەنگەوز چاویلکەکەی دەشکێت و ناتوانێت وانەکانی بنووسێتەوە. بابە دۆلان، کە چاودێری خوێندنی قوتابخانەکەیە، بە ناڕەوایی سزای دەدات و لێی دەدات و دەڵێت: «وەرە دەرەوە بۆ بەردەمم، دێدالۆس، هەی پیلانگێڕی تەممەڵی بچکۆلە، لە دەموچاوتدا پیلانگێڕی دەبینم... هەی خوێڕیی تەممەڵی تەوەزەل!... چاویلکەکەم شکاوە! ئەو فێڵانەی خوێندکاران کۆن بوون! وەرە دەرەوە و دەستت بکەوە دەی». **~گ.س.**

[263] **کۆبوونەوەیەکی... بۆریس-ئین-ئۆزۆری**: بۆریس-ئین-ئۆزۆری شارۆچکەیەکە بە دووریی شەست و شەش میل کەوتووەتە باشووری بەری باشووری خۆرئاوای دەبلنەوە. ناوەکەی لە سەردەمی ئایرلاندی کاسۆلیکیی پێش حوکمی ئینگلەکانەوە هاتووە لەگەڵ دەوڵەمەندیی ئەو مێژووە چاندییەدا. دانیەڵ ئۆکانەڵ ساڵی ١٨٤٣ بۆ پووچەڵکردنەوەی بەندی دەستووریی یەکێتییەکە، یەکێکی لە «کۆبوونەوە زەبەلاح»ەکانی خۆی لەوێ ساز داوە، چونکە شارۆچکەکە لەگەڵ ئایرلاندێکی *ئازاد* و دێریندا وابەست کراوە. ناسیۆنالیستەکان ساڵی ١٩٠٤ کەمێک بیرۆکەی لاساییکردنەوەی هەوڵەکانی ئۆکانەڵیان تاووتوێ کرد. ساڵی ١٨٩٠ دوای دەرکردنی پارنێڵ ناسیۆنالیستەکانی پارت (ی پەرلەمانی یان حوکمی سەربەخۆیی) لە ژێر ڕابەرایەتیی هەربەناوی جۆن ڕێدمند (١٨٥٦-١٩١٨) لە دژی خۆیان جیا بوونەوە، تیمۆثی هیلی، ویلیەم ئۆبرایەن و جۆن دیلن، کە یاریدەری ڕێدمند بوون، بە هێندەی یاریدەرییەکەیان نەیار و ڕکابەریش بوون. تا ساڵی ١٩٠٠ی خایاند کە ڕێدمند توانی یەکێتییەکی ڕوواڵەتییانە بهێنێتەوە ناو پارتەکە، بەڵام ئەو کاتەش هێشتا هەر نەیتوانی گوڕ و کاریگەرییەکەی بخاتەوە گەڕ. **~گ.س.**

[264] **گووگا مەکارثی**: {گووگا: ئاودەست} *مەکارثی* پیاوێکی پرێسچیی چاپ بوو لە *فریمانس جۆرنەڵ*. **~گ.س.**

**باوک... گووگا مەکارثی - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەنتیکلایماکس* - *anticlimax*، {وشەکە لە بنەچەدا لاتینییە، بە واتای *دژسەرکەوتن* دێت}. **دژسەرکەوتن**: پێچەوانەی سەرکەوتنە (بڕوانە ٧: ٩٧) ڕستەیەکە کە دواهەمین بەشی لە شتێکی نزمتر دەردەبڕێت وەک لە بەشەکانی یەکەمی. زیادکردنی شتێکە کە لە بری ئەوەی ئەو کاریگەرییە بەرزتر بکاتەوە کە بونیاد نراوە، لەپڕ دایدەگرێت و وای لێ دەکات جەفەنگی بێت. **~گ.س.**

[265] **گالەهێر**: (بڕوانە ٦: ٢٦). **~گ.س.**

[266] **کلارنس**: میوانخانەی بازرگانیی کلارنس، بە ناونیشانی ٦-٧ی لەنگەرگای وێڵینگتن، لەسەر کەناری باشووری ڕووباری لیفی، کەمێک لە خۆرئاوای ناوەڕاستی دەبلنەوە دوورە. **~گ.س.**

[267] **ئەوە پێنووس بوو - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت زاراوەی *پیشەزمانی* - *professional jargon*. **زاراوەی پیشەزمانی**: زاراوەی زانست یان هونەر یان زمانی تایبەتی چین و توێژ و پیشە و بازرگانییەکە.

هاوکات لێرەدا پێکاری واژەگۆڕکێ (*مێتۆنیمی*) بە کار هاتووە: (بڕوانە ٧: ١٠) **واژەگۆڕکێ**: گۆڕینی نیشانە یان پەیوەندیی شتێکە بە خودی شتەکە خۆی؛ لێرەدا لە بری ئەوەی بوترێت «نووسەر»، دەوترێت «پێنووس». **~گ.س.**

[268] **زیرەکانەترین... بیسترابێت**: ئەو چیرۆکەی کراوفۆرد دەیگێڕێتەوە پرسیارێک لە بارەی یاساییبوونی ڕەفتارەکانی گالەهێرەوە دەوروژێنێت. چونکە یاسای ئینگلی سەرسەختانە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانە سنووردار دەکات کە لەسەر تاوانێک، یان کەسێتییەکی تۆمەتبارکراو بڵاو دەکرێنەوە پێش ئەوەی دادگایی بکرێن؛ بۆیە ئەو هەوڵەی گالەهێر کە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی گۆڕیوە و کردوویەتی بە نەخشەیەکی داو و ڕێی هەڵهاتنی تاوانباران، لەوانەیە سەرپێچیی یاسا بێت. بەڵام ڕوون نییە کە ئایا چیرۆکەکەی کراوفۆرد لە کاتی ڕوودانی تاوانەکاندایە، یان لە کاتی دادگاییەکاندایە (بڕوانە ٧: ٢٧٨). **~گ.س.**

[269] **شەشی ئایاری... فینیکس**: (بڕوانە ٥: ١٧٩ و ٥: ١٨٠) کراوفۆرد لە ساڵەکەدا هەڵەیە، ١٨٨١ نەبوو، بەڵکو ١٨٨٢ بوو. هەروەها ناسنامەی نەبەزەکان تا ئەو کاتەش ئاشکرا نەبوو کە پیتەر کاری، کە ئەندامێکی کۆمەڵەکە بوو، لە ١٠ی شوباتی ١٨٨٣دا گەواهیی لەسەر هاوەڵەکانی دا و ددانی بە تاوانەکانیاندا نا. **~گ.س.**

[270] **پێش... لە دایک ببیت**: ڕەنگە ستیفن هەر وەک جۆیس (کە لە ٢ی شوباتی ١٨٨٢دا لە دایک بووە) ساڵی ١٨٨٢ لە دایک بووبێت. **~گ.س.**

[271] **نیو یۆرک وێڵد**: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی نیو یۆرک بوو، جەی گولد، کە خۆی شارەزای بواری دارایی بوو، ساڵی ١٨٧٦-١٨٨٣ خاوەنی بوو. گولد ڕۆژنامەکەی بۆ دەستکاریکردن و کۆنترۆڵکردنی نرخی پشکەکان بە کار دەهێنا، گرنگییەکی ئەوتۆی بە بەشی هەواڵەکانی ڕۆژنامەکە نەدەدا، بۆیە ئەوەندە بێتام بوون کە لە ناو خەڵکدا پێی دەوترا «لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە لە خۆشی و گوڕیدا دەڵێی *لاوانەوەیەک کە لە ناو گۆڕستانی کڵێسایەکی لادێدا نووسراوەی* تۆماس گرەیە». بەڵام ڕۆژنامەکە لە ٧ و ٨ی ئایاری ١٨٨٢دا بۆشاییەکی شیاوی دابوو بە کوشتنەکانی پارکی فینیکس. دواتر کە ساڵی ١٨٨٣ جۆزێف پولیتزەر ڕۆژنامەکەی کڕی، ڕۆژنامەکە بە خێرایی ناوبانگێکی جیهانیی بە دەست هێنا بەوەی کە ڕاپۆرتەکانی کاریگەر و سەخت و وردن، هەروەها ناوبانگی ڕۆژنامەگەریی هێرشکەر و دەمبەهاواریشی بە دەست هێنا. وا دیارە ئەم ناوبانگەی دواتری ڕۆژنامەکەیە کە لەم پەرەگرافەدا پەیوەستە بە باسەکەی *ئولیس*ەوە. **~گ.س.**

**لاوانەوەیەک کە لە ناو گۆڕستانی کڵێسایەکی لادێدا نووسراوە**: بە ئینگلی *Elegy Written in a Country Churchyard*، هۆنراوەیەکی لاواندنەوەیە، تۆماس گرەی (١٧١٦-١٧٧١) نووسیویە. **~ن.م.**

[272] **تیم کێڵی... ئەوانی تر**: هەرسێکیان ئەندامی نەبەزەکان بوون. جۆ برەیدی ئەگەر بە ڕاست بێ یان بە هەڵە، ناسناوی ئەوەی وەرگرتبوو کە بکوژی سەرەکیی کۆمەڵەکەیە. بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی لە دادگاییەکەدا خرانە ڕوو، قوربانییەکانی بە چەقۆ بریندار کردووە و داونی بە زەویدا، «تیمی گەنج: تیم کێڵی»ش ملیانی بڕیوە. برەیدی ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئامانجە سەرەکییەکەی نەخشەکەیان بورک بووە (بە پێی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی ئەو لە وارگێڕیی زۆرەملێی ئینگلەکاندا هەیبوو). مایکڵ کاڤەنا ئەسپی بەردەرگاکەی دەئاژووت، لە بەردەم مێزی گەواهیداندا وەستابوو و گەواهیی دەدا، بەڵام کاری ددانی بە تاوانەکانیاندا نا و گەواهیی لەسەر دان، گەواهییەکەی کاڤەنا پووچەڵ کرایەوە. **~گ.س.**

[273] **بزنکەوڵکەرەکە... دەئاژووت**: «بزنکەوڵکەرەکە» ناسناوی جەیمز فیتزهاریس بوو، بەڵام ئەو عەرەبانەکەی نەدەئاژووت، کاڤەنا بوو کە دەیئاژووت و بەو ڕێ پێچاوپێچەدا دەیبرد کە کراوفۆرد باسی دەکات. فیتزهاریس عەرەبانەیەکی وەک داوی هەڵخڵەتێنەری بە ڕێی ڕاستەوخۆی نێوان پارکی فینیکس و ناوشاری دەبلندا دەئاژووت. فەرمانی دەستگیرکردنی بە درێژایی ژیانی بە سەردا سەپێنرا، بەڵام ساڵی ١٩٠٢ لێخۆشبوونی بۆ دەرکرا و ئازاد کرا. ناسناوی *بزنکەوڵکەرەکە*ی بەسەردا دابڕابوو چونکە دەوترا گوایە بزنەکەی خۆی کەوڵ کردووە و کەوڵەکەی فرۆشتووەتەوە تا پارەی قەرزەکانی بداتەوە کە بۆ مەیخواردنەوە قەرزی کردبوون. بزنکەوڵکەرەکە خاوەنی کووخی تریشقەگێڕان نەبوو، کە بلووم و ستیفن لە ئەڵقەی شازدەدا سەردانی دەکەن، بەڵکو کارەکەی گەملەیی هەبوو، کە ئەویش چاودێریکردنی دانانی بەردی شۆستە بوو بۆ شارەوانیی دەبلن (بڕوانە ٧: ٢٧٦). **~گ.س.**

[274] **کووخی تریشقەگێڕان**: (بڕوانە ١٦: ١). **~گ.س.**

هەروەها (بڕوانە ٥: ١٠٣ و ٦: ٥٧). **~ن.م.**

[275] **پردی بەت**: ساڵی ١٩٠٤ پردی ئەوپەڕی خۆرهەڵاتی دەبلن بووە بەسەر ڕووباری لیفیدا. **~گ.س.**

[276] **گەملەی**: ئەگەر کەسێتییەکی خەیاڵکرد بێت یان ڕاستینە، یەکێکی ترە لە خەڵکانی چینی ناوەندیی ئایرلاند، کە ژیانی ڕووەو هەڵدێر دەڕوات. **~گ.س.**

[277] **سەیری ئێرە... چی کرد؟ - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئاناکوێنۆسیس* – *anacoenosis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پەیوەندیکردن* دێت}. **پەیوەندیکردن**: {دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان وتەبێژ و بیسەردا}، وتەبێژ ڕای بیسەرەکانی لە بارەی پرسێکەوە دەپرسێت. **~گ.س.**
[278] **١٧ی ئادار**: ڕۆژی سانت پاتریکە، کە ڕۆژێکی دیاری ئایرییە، بەڵام ئەم ڕێکەوتە ڕازاندنەوەیەکی بەلاڕێدابەرە. حەفتەنامەی *ویکلی فریمان* یەکشەممان دەردەچوو، بەڵام ساڵی ١٨٨٢ ڕۆژی سانت پاتریک بەر هەینی دەکەوت، بۆیە ڕوون نییە کە ئایا ئەو چیرۆکەی کراوفۆرد دەیگێڕێتەوە لە کاتی کوشتنەکانی ئایاری ١٨٨٢دا ڕووی داوە یان لە شوباتی ١٨٨٣دا و لە کاتی دادگاییەکەدا ڕووی داوە، کە ئەو کاتە تەواوی چیرۆکی ڕەوتی دوو عەرەبانە ئاشکرا بوو. **~گ.س.**
[279] **چەند پەڕەیەکی... گیر کرد**: چونکە لە ڕۆژەکەدا هەڵەیە. ڕۆژی ١٧ی ئادار ڕۆژی سانت پاتریکە و هی ساڵی ١٨٨٢ کەوتووەتە ڕۆژی هەینییەوە، *ویکلی فریمان*یش یەکشەممان دەردەچوو. ڕاپۆرتەکەی گالەهێر ڕوون نییە، بەڵام بە لەسەریەکدانانی دوو دۆسێ ڕوون دەبێتەوە، یەکێکیان نەخشەیەکی دەبلنە، ئەوی تر ڕیکلامێکی ناو ڕۆژنامەیە. **~ژ.یێ.**
[280] **قاوەی برانسەم**: قاوەیەک بوو و لە زۆر شوێن ڕیکلامی بۆ دەکرا، برانسەم و هاوبەشەکانی لە لەندەن دابەشیان دەکرد. **~گ.س.**
[281] **پاڕکگەیت**: دەروازەی باشووری خۆرهەڵاتی پاڕکی فینیکسە، ئەو دەروازەیەیانە کە لە ناوەڕاستی دەبلنەوە نزیکە. **~گ.س.**
[282] **کۆشکی جێنشینی پاشا**: ماڵی جێنشینی پاشا بوو، لە بەری باکووری خۆرئاوای پاڕکەکە بوو. **~گ.س.**
[283] **دەروازەی نۆکماروون**: لەوپەڕی خۆرئاوای پاڕکی فینیکسە. **~گ.س.**
[284] **گۆشتە شلەکەی... لەرییەوە - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت **لێکچوواندن**: بەراوردکردنی شتێکە بە شتێکی تر، بە تایبەتی وەک ڕازاندنەوەیەک لە هۆنراوە یان ڕەوانبێژیدا. **~گ.س.**
**بەرچێڵە**: بە ئینگلی wattles، گۆشتی ژێر چەنە، وەک هی ژێر دەنووکی کەڵەشێر. **~ن.م.**
[285] **ئینچیکۆر... ڕانەلاخ**: ئەم زنجیرە شوێنە ئەو ڕێ ڕێکە نییە کە بزنکەوڵکەرەکە گرتبوویە بەر، بەڵکو ئەو ڕێی سووڕانەوەیەیە کە بکوژەکان گرتبوویانە بەر، کە لای باشووری پاڕکەکەوە پێچیان کردووەتەوە و ئینجا بەرەو خۆرهەڵات و پاشان بەرەو باکوور بۆ

ناوەڕاستی دەبلن ڕۆیشتوون. ئینچیکۆر لە بەری باشووری ڕووباری لیفییە، لە بەری خۆرئاوای دەبلندایە؛ ئاوهاش دەکاتە باشووری پاڕکی فینیکس. ڕاوندتاون لە تێرنیورە، دێیەکە لە بەری باشووری دەبلن و خۆرئاوای ناوەڕاستی شارەکە؛ ویندی ئاڕبەر لە خۆرهەڵاتە و کەمێک لە باشووری تێرنیورەوەیە. هەڵهاتووەکان لە ویندی ئاڕبەرەوە بەرەو باکوور پێچیان کردووەتەوە و بەرەو پاڕکی پاڵمەرستن و ڕانەلاخ ڕۆیشتوون، کە دەکەونە بەری کەناری باشووری خۆرهەڵاتی گەورەشاری دەبلن. **~گ.س.**

[286] **مەیخانەکەی... لیسنی سەروو:** نەبەزەکان بۆ خواردنەوەیەک لە مەیخانەکەی جەی و تی دەیڤی لایانداوە، بە ناونیشانی ١١٠ئەی-١١١ی شەقامی لیسنی باکوور، کە کەوتووەتە کەناری شاری دەبلن، هەر ڕێک بە بەری باکووری خۆرهەڵاتی ڕانەلاخ. **~گ.س.**

[287] **زیرەکانەیە، زۆر - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *هیستێرۆن پرۆتێرۆن* - *hysteron proteron*، {دەستەواژەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پاشوپێش خستن* دێت}. **پاشوپێش:** هەڵگەڕانەوەی جێی سرووشتیی کاتییە {لێرەدا دەبوو بڵێت: «زۆر زیرەکانەیە»}. **~گ.س.**

[288] **هەموو مێژووە... پێیان دا - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *سیلێپسیس* - *syllepsis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پێکگرتن* دێت}. **پێکگرتن:** وشەیەک یان شێوەیەکی دیاریکراو یان دۆخگۆڕاوی وشەیەکە لە هەمان ڕستەدا وای لێ دەکرێت ئاماژە بە دوو وشە یان زیاتر بدات، لە کاتێکدا کە تەنها لەسەر یەکێکیان بە گونجاوی جێبەجێ دەبێت یان دەگونجێت (وەک ئاوەڵناوێکی نێر بدرێتە پاڵ دوو وشە، کە یەکێکیان نێر بێت و ئەوی تر مێ {بۆ نموونە: ژن و پیاوێکی قۆز}) یان کە بە واتای جیاواز لەسەریان تاقی جێبەجێ ببێت (وەک کە لێرەدا جارێک بە واتای وشە جێبەجێ دەبێت و جارەکەی تر میتافۆڕییانە جێبەجێ دەبێت). **~گ.س.**

[289] **مۆتەکەکەی... ڕانابیت:** (بڕوانە ٢: ١٢١). **~گ.س.**

[290] **دیک ئادەمس:** ڕیچارد ئادەمس (ساڵی ١٨٤٦ لە دایک بووە)، ڕۆژنامەنووس بووە و سەرەتا لە ڕۆژنامەی *کۆرک ئێگزامینەر* کاری دەکرد و دواتریش لە *فریمانس جۆرنەڵ* کاری دەکرد. ساڵی ١٨٧٣ بوو بە ئەندامی پارێزەرە ئایرەکان و بە بەرگریکردنی یاسایی کەسانێک ناوبانگی پەیدا کرد، لەوانە: جەیمز فیتزهاریس، کە بە بەشداربوون لە تاوانی کوشتنەکانی پاڕکی فینیکسدا تۆمەتبار کرابوو. ساڵی ١٨٩٤ بوو بە دادوەری دادگاکانی کاونتیی لیمریک و داون (بڕوانە ١: ١٤٥). کەسێکی بلیمەت و خۆشدووی ناودار بوو. **~گ.س.**

ڕیچارد ئادەمس لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٨٤٣ لە کاونتیی کۆرک لە دایک بووە. کوڕە گەورەی برایەن ئادەمس و فرانسز (پێش شوو: *دانەڤان*) بوو. لە ڕۆژنامەی *کۆرک ئێگزامینە*ردا وەک ڕۆژنامەنووس دەستی بە کار کرد، دوای ماوەیەک لە لەندەن لە *مۆرنینگ ستار* کاری دەکرد، دواتریش چووە *فریمانس جۆرنەڵ* لە دەبلن. ساڵی ١٨٧٣ بوو بە ئەندامی پارێزەرە ئایرەکان. یەکەم کاری لە چوار دادگاکەی دەبلن پەیوەست بوو بە دادگاییەکانی ساڵی ١٨٨١ی پارنێڵ و هەندێک کەسی ترەوە کە بە تۆمەتی پیلانگێڕی گیرابوون. بە بەرگریکردن لە جەیمز فیتزهاریس ناوبانگی دەرکرد، کە بە تۆمەتی هاوبەشی لە کوشتنەکانی پارکی فینیکسدا تۆمەتبار کرابوو. دواتر بوو بە داواکاری پاشایی کۆرک. لە ٩ی مارسی ١٨٩٤دا بوو بە دادوەری کاونتیی کۆرک و لیمەریک و تا مردنیشی هەر لەم پێگەیەدا بوو. بە شۆخی و زیرەکییەکەی ناسرابوو. لە ٤ی نیسانی ١٩٠٨دا لە لەندەن مرد و لە گۆڕستانی سانت ماری لە کێنسڵ گرین نێژرا. **~ڤ.ئ.**

[291] **خودا... پێ بەخشییێت**: «جا یەزدانی پەروەردگار پیاوی لە خۆڵی زەوی پێکهێنا و هەناسەی ژیانی فووکردە کونە لووتی. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو» (پەیدابوون ٢: ٧). **~گ.س.**

[292] **مادەم... کەباب**: ئەم دێڕە لە دەقە ماکەکەدا بەم شێوەیەیە: *Madam, I'm Adam. And Able was I ere I saw Elba* بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: «*مادەم، ئایام ئادەم. ئاند ئەیبڵ واز ئای ئێر ئای سۆ ئێلبا*». ئەگەر بە واتایی وەربگێڕرێت دەبێت بە: «خانم، من ئادەمم. جا پێشتر توانیم ئەلبا ببینم»، بەڵام وەک دەبینرێت من وەها وەرمنەگێڕاوە. لە دەقە ماکەکەدا دوو جار تەکنیکێکی ڕەوانبێژیی تێدا بە کار هێنراوە کە بە ئینگلی بە تەکنیکەکە دەوترێت: *پالیندرۆم* - *palindrome*، کە پاش ڕاوێژکردن بە دکتۆر بەختیار سەجادی، دەشێت بە کوردی پێی بڵێین *ئاوەژووخوێنی*. **ئاوەژووخوێنی**: وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەکە کە لە ڕاست بۆ چەپ و لە چەپ بۆ ڕاست بە هەمان شێوە بخوێنرێتەوە، وەک: *نان*، *کاک*، کە بە ئاوەژووش هەر وەک ڕێکەکە دەخوێنرێتەوە. مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە پەرتووکی *خۆشخوانی*دا پێی دەڵێت: «ڕەگەزدۆزیی هەڵەوگەڕاوەی باڵدار» کە لە بەرانبەر «الجناس المقلوب المجنح»ی عەرەبیدا دایناوە، بەڵام پێم وا بێت «باڵدار»ەکە بە دیاریکراوی ئەوەیە کە یەکێکیان بکەوێتە سەرەتای دێڕەوە و ئەوی تریان بکەوێتە کۆتاییەکەیەوە، پێم وا بێت بە گشتی *ئاوەژووخوێنی* بە عەرەبی دەبێتە «الجناس القلب الكلي». لەم دەقەی *ئولیس*دا، لە ئاوەژووخوێنییەکەی یەکەمدا

سەرەتا خۆم «مادام، منم ئادام»م دانا، کە ئەگەر *ئێی ئادام* نەخوێنیتەوە تەواو دەردەچێت، دوای ڕاوێژ بە کاک شێخە ڕەسووڵی هاوڕێم، ئەو پێشنیاری «مادەم منم، مەدام»ی بۆم کرد، کە ئەگەرچی واتاکە دەگۆڕێت، بەڵام بۆ تەکنیکەکە تەواوترە، بۆیە بە سوپاسەوە ئەوەی ئەوم هەڵبژارد. هیچی ئاوەژووخوێنییەکەی دووەم وەک دەقە ماکەکە نییە، جگە لە تەکنیکەکەی، ئەویش دوای زیاتر لە مانگێک بیرکردنەوە، دواجار توانیم ئەم ڕستەیە دابڕێژم: «بابەکەم، بابمە کەباب» کە ئەگەر ئەو ڕستەیە هەمووی بە ئاوەژوو بخوێنیتەوە هەمان شت دەردەچێت.
بۆ *ئێلبا*، کە لە وەرگێڕانەکەی مندا تەواو بوونی نەماوە، بەڵکو تەنها لەم ڕاڤەیەدا هەیە، لە خوارەوە ڕاڤەکەی گیفرد بخوێنەوە. بە کورتی: ئەم ڕستەیە ئەوەندەی بۆ مەبەستە ڕەوانبێژییەکە دانراوە، ئەوەندە بۆ واتا دانەنراوە. **~ن.م.**
دوو پالیندرۆمی باون، *ئێلبا* ئەو دوورگەیەی ناو دەریای ناوەڕاستە کە لە ئایاری ١٨١٤ تا شوباتی ١٨١٥ ناپۆلیۆن دوای یەکەم شکستهێنانی لە دەسەڵات لەوێ بەند کرا. **~گ.س.**
**مادەم... کەباب - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پالیندرۆم* – ***palindrome***، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ڕاکردنەوە* دێت؛ ئێمە کردمان بە *ئاوەژووخوێنی*}. **ئاوەژووخوێنی**: وشە یان دەستەواژە یان ڕستەیەکە کە بە ئاوەژوو و ڕێکیش هەر وەک یەک دەخوێنرێتەوە. **~گ.س.**
[293] **پیرەژنەکەی شەقامی پرنس**: ناسناوی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*ە. کە بە ڕۆژنامەکە وتراوە «پیرەژنەکە»، لەگەڵ ئەوەی «پیرەژنەکە» ناسناوی ئایرلاندە (بڕوانە ١: ١٣٦)، لە هەمان کاتدا ئاماژەش بە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەکە دەدات کە تا ڕادەیەک وریایانە و پرتەوبۆڵاوییانە بوون و پشتیوانییان لە حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاند دەکرد. **~گ.س.**
[294] **گریان و ددانجیڕکردنەوە**: گریان و جیڕەی ددان دووانن لەوانەی کە عیسا بۆ ئەوانەی پێشبینی کردوون کە لە شانشینی ئاسمان دەردەکرێن. «بەڵام ڕۆڵەکانی شانشین فڕێدەدرێنە تاریکی دەرەوە، جا لەوێ دەگریێن و جیڕەی ددانیان دێت.» (مەتا ٨: ١٢). **~گ.س.**
[295] **گریگۆر گرەی**: لە *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*دا ناوی گریگۆر گرەی و جۆرج گرەی هاتووە و دەڵێت کە گریگۆر هونەرمەندی هەڵکۆڵەر بووە بە ناونیشانی ١ی شەقامی شێرەردی باکوور لە دەبلن. **~گ.س.**

[296] **تی پی**: سەرەپیتی ناوی تۆماس پاوەر ئۆکانەرە (ساڵی ١٨٤٨دا لە دایک بووە). ڕۆژنامەنووس و وارگێڕێکی ئایر بووە و چەند ڕۆژنامە و حەفتەنامەیەکی لە لەندەن دامەزراندووە، لەوانە: *ستار، ذە سەن*، هەروەها حەفتەنامەی *ویکلی سەن، ئێم ئەی پی*، هەروەها *تی پی ئێس ویکلی*. **~گ.س.**

[297] **ستار**: تۆماس پاوەر ئۆکانەر ساڵی ١٨٨٨ دایمەزراندووە و خۆیشی تا دوو ساڵ سەرنووسەرەکەی بووە. **~گ.س.**

[298] **پاشان پادی... دایمەزراند**: پادی هووپەر وای لە تی پی کردووە گریگۆر گرەی دابمەزرێنێت، تی پی‌ش گریگۆر گرەیی لە *ستار* دامەزراندووە. جۆیس سێ جار ئەم ڕستەیەی دەستکاری کردووە، یەکەم جار بەم شێوەیە بووە: «پاشان تی پی بردی لە ستار دایمەزراند» دووەم جار کردوویە بە: «پاشان پادی هووپەر تی پی بردی لە ستار دایمەزراند»؛ سێیەم جاریش بەو شێوەیەیە کە لە دەقەکەدا وەرمگێڕاوە. وەک دیارە، دووەم جاریان هەڵەیە. بڕوانە لاپەڕە ٢٨٦ی چاپە شیکارییەکەی گابڵەر. **~ن.م.**

[299] **بلوومنفیلد**: ڕالف دی بلوومنفیلد (١٨٦٤-١٩٤٨) ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەرێکی ئەمەریکایی بوو، ساڵی ١٩٠٤ بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی *دەیلی ئێکسپرێس* لە لەندەن، کە خۆی خەڵکی بەریتانیا نەبوو. **~گ.س.**

[300] **پیات**: فێلیکس پیات (١٨١٠-١٨٨٩) شۆڕشگێڕێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەنووسێکی فەڕەنسی بوو، پیشەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕە ئەوروپاییەکانی بەلجیکا و ئینگلتەرادا هەبوو؛ پێش ئەوەی هەڵبێت بۆ لەندەن لە کۆمیونی پاریسی ساڵی ١٨٧١دا بەشدار بوو (بڕوانە ٧: ٢٥٠). لە زۆر ڕۆژنامەدا نووسینی بڵاو کردووەتەوە و سەرنووسەری زۆر ڕۆژنامەی شۆڕشگێڕانەش بووە. **~گ.س.**

[301] **باوکی ڕۆژنامەوانیی ترسێنەر**: مەبەست لە پیات-ە، بڕوانە ڕاڤەی پێشوو. زیادەڕەویکردنە لە دەربڕین و زۆر سادەکردنەوەیە. **~گ.س.**

[302] **زاوای کریس کالینەن**: مەبەست لە گالەهێرە (بڕوانە ٦: ٢٦). ئادامس لە لاپەڕە ٢١٦ی پەڕتووکەکەیدا دەڵێت: «کریس کالینەن ڕۆژنامەنووسێکی دەبلنی بوو، بە هەڵە زەق و چەواشەکانی و وتە دژبەیەکەکانی بەناوبانگ بوو». **~گ.س.**

**باوکی... کریس کالینەن - (ڕ.پ.ڕ.)**: گەرچی گیڵبێرت ئەم پێکارەی بە *نیلەکردن* داناوە (بڕوانە ٧: ١٧٤)، بەڵام لای من پڕ بە بەری پێناسەی نیلەکردن ناوەستێتەوە، کە بەم شێوەیەیە: بەکارهێنانی یەک وشەیە بۆ گۆڕین یان ڕامکردنی دوو وشە یان زیاتر، بە

تایبەتی کە لەسەر یەکێک لە واتاکانی جێبەجێ دەکرێت، یان بە واتای جیاواز لەسەریان جێبەجێ دەبێت. پێشووتر بەکارهێنانی هەمان پرێدیکاتی بە فراوانتر لەگەڵ دوو کارا یان زیاتر و بێ دووبارەکردنەوە دەگرتەوە؛ هەندێک جار لەسەر دۆخی بونیادی شاز جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا یەک وشە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لەگەڵ تەنها یەکێک لە وشەکانی تردا دەگونجێت کە ئاماژەی بۆ دەکات (کە لێرەدا شایستەترە پێی بوترێت *سیلێپسیس* (بڕوانە ٧: ٢٨٨). **~گ.س.**

303 **زیرەگار ئێجکانەیە! - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت **جێگۆڕکێ**: گۆڕینی جێی وشەیە، یان دەنگەکانی ناو وشەیەکە {لێرەدا ئاوەژووکردنەوەی *ئێجگار زیرەکانەیە*یە}. **~گ.س.**

304 **چەند چەرچییەک... تۆمار**: «دادوەری تۆمار» سەرۆکی ئەفسەری دادوەریی دەبلن بوو، کە ساڵی ١٩٠٤ جەنابی سێر فرێدریک ڕیچارد فالکینەر (١٨٣١-١٩٠٨) بوو، لە (١٨٧٦-١٩٠٥) دادوەری تۆماری دەبلن بوو. ئەو چەرچییانەی بەشدار بوون نەهێنرانە خزمەتی کەسێکی پلەباڵای وەک دادوەری تۆمار، بەڵکو لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا هێنرابوونە دادگای پۆلیس. لەبەر ئەوە دەستگیر کرابوون کە پۆستکارت و یادگاریی کوشتنەکانی پارکی فینیکسیان فرۆشتبوو. لە لاپەڕە ٢ی ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*ی ٩ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا دەڵێت کە سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی چەند جارەی پۆلیس، بەڵام چەرچییەکان هەر دەستبەرداری ئەو کارە نەبوون. خاتمی دەدلی و دادوەری تۆمارەکە ڕازانەوەی خەیاڵکردن، نەک ڕاستی. بڕوانە لاپەڕە ٢٣٠ی پەرتووکەکەی ئادامس. **~گ.س.**

**دادگای تۆمار:** بە ئینگلی *court of record*، دادگایەکە کە هەموو تۆمارەکانی دانیشتنەکانی تێدایە. لە *فەرهەنگی دادپەروەر*دا بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «دادگای مسۆگەر و هەمیشەیی. دادگای فەرمی. دادگایەک کە تەواوەتی داپەڕەکان و ڕەوتی پێڕاگەیشتنی دادوەری بە شێوەی هەمیشەیی دەپارێزێ». **~ن.م.**

305 **خاتمی دەدلی**: ناوی لەدایکبوونی ڕەیچڵ گیورنی بوو، ژنی ویلیەم هەمبڵ وارد بوو، کە ئێرلی دەدلی بوو (١٨٦٦-١٩٣٢) {بۆ *ئێرل* (بڕوانە ٢: ٩٤)}، لە ١٩٠٢-١٩٠٦ لۆردی جێنشینی پاشای ئایرلاند بوو. **~گ.س.**

306 **گەردەلوولەکەی ساڵی پار**: لە ٢٦-٢٧ی شوباتی ١٩٠٣دا ڕەشەبایەکی زۆر بەهێز لە مێژووی دەبلندا ڕووی دا (لە کاتی خۆیدا بە ڕەشەبا بەهێزەکەی ساڵی ١٨٣٩ بەراورد

دەکرا (بڕوانە ١: ١٣٠). ڕەشەباکە زیانێکی زۆری بە ماڵ و موڵکی خەڵک گەیاند، هەروەها زیانێکی ئێجگار زۆری بە درەختەکانی پاڕکی فینیکس گەیاند. **~گ.س.**

307 **کەسی یەکەم**: مەبەست لە پێشەوای ئایرە نەبەزە نەتەوەییەکانە (نەبەزەکان)، کە شوناسی نەناسراوە (بڕوانە ٥: ١٧٩). **~گ.س.**

308 **بەشی قولاپ و گیرە**: واتە ئەوان کاری ناگرنگ دەکەن. **~گ.س.**

309 **وایتساید**: جەیمز وایتساید (١٨٠٤-١٨٧٦) پارێزەرێکی ئایر بوو، بە ڕەوانبێژییەکی دادوەرییانە ناوبانگی پەیدا کردبوو، هەروەها بە بەرگریکردنەکانی لە دانیەڵ ئۆکانەڵ ساڵی ١٨٤٤ (بڕوانە ٢: ٧٥)، هەروەها لە سمیث ئۆبڕایەن ساڵی ١٨٤٨ (بڕوانە ٤: ١٧٩). ساڵی ١٨٦٦ بوو بە لۆردی سەرۆکی دادی ئایرلاند. **~گ.س.**

310 **ئیسحاق بەت**: (١٨١٣-١٨٧٩) وارگێڕ و پارێزەرێکی ئایر بوو، وا ناوبانگی دەرکردبوو کە وتاربێژێکی مەزن و پیاوێکی دڵنەرم بووە. بە «باوکی حوکمی سەربەخۆیی» ناسراوە. بە بەشدارییەکەی لە بەرگریکردن لە سمیث ئۆبڕایەندا ساڵی ١٨٤٨ ناوبانگی پەیدا کردبوو، هەروەها بە بەرگریکردنی لە پیلانگێڕە فینییەنەکان (١٨٦٥-١٨٦٨) (بڕوانە ٢: ٨٠). ڕابەرایەتییەکەی بۆ حوکمی سەربەخۆیی هاوسەنگ و میانڕەوانە بوو، بەڵام زۆر «پارێزکارانە» نەبوو، چون ئەو کاتەی پارنێڵ دەریکرد و لە مێژووی ئەویان دەڕوانی وا دەردەکەوت. **~گ.س.**

311 **ئۆهەیگنی زمانزیوین**: تۆماس ئۆهەیگن (١٨١٢-١٨٨٥) پارێزەر و یاساناس بوو. ساڵی ١٨٤٠ەکان لەو داوایەدا کە لەسەر یاسای نەتەوەیی ئایرلاند بوو لەگەڵ پارێزەرە بەرگریکارەکانی ئۆکانەڵدا هاوکار بوو، بەڵام ناوبانگی ئۆهەیگن لە ئایرلانددا تێکەڵەیەکی باش و خراپ بوو، چونکە پێشتر بەرگریی لە یەکگرتنی پەرلەمانی ئایرلاند و ئینگلتەرا کردبوو و وا دەردەکەوت کە بەرژەوەندیی هەیە لەو هەڵوێستەی ئەو کاتە پێی دەوترا لایەنگریی ئینگلتەرا. ئۆهەیگن یەکەم کاسۆلیک بوو کە بوو بە لۆردی سەرۆکی دادوەرانی ئایرلاند {وەزیری داد} (١٨٦٨-١٨٧٤؛ ١٨٨٠-١٨٨١). ساڵی ١٨٧٠ بەرز کرایەوە بۆ ئەنجوومەنی لۆردەکان. بە ڕەوانبێژی و لایەنگرێتییەکەی بۆ چەسپاندنی یاسای چاکسازیی زەویوزاری ئایرلاندی ساڵی ١٨٨١ بەناوبانگ بوو. **~گ.س.**

312 **دەم، تەم - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت هۆمۆیۆتێلیوتۆن – *homoeoteleuton*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *هاوکۆتایی* دێت، کە لە کوردیدا پێی دەڵێین *سەروا*}.
**سەروا**: کۆمەڵە وشەیەکە کە کۆتاییەکانیان وەک یەکن، یان لە یەک دەچن. **~گ.س.**

[313] **دەم... هاوسەروان**: ئەمەندەی دەقەکە وەک ماکەکە نییە، ئەویش لەبەرئەوەی لە ماکەکەدا چەند وشەیەک ڕیز دەکات کە لە ئینگلیدا لەسەر کێشی یەکترن و لەگەڵ یەکدا سەرواى هاوبەش پێکدەهێنن، بەڵام لە کوردیدا ئەو وشانە وا نایەنەوە، گەر بە گوێرەی دەقە ماکەکە وەربگێڕرێت ئاوها دەبێت: «دەم، باشوور. ئایا بە شێوەیەک لە شێوەکان دەم باشوورە؟ یان باشوور دەمە؟ دەبێت کەمێک. باشوور، ڕووگرژی، دەرەوە، هاوار، تینوێتی. هاوسەروان.» هۆنراوەکەی دۆگلاس هاید وا دەکات بیر لە *دەم* و *باشوور* بکاتەوە (بڕوانە ٣: ٣١٠). **~ن.م.**

[314] **دوو پیاو... وەک یەک وان**: بە گوێرەی ئەو گرێدانە سەرپێییانەیەی دێڕەکانی داهاتوو بە دانتێوە {بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو}، وا دیارە ئەم دەستەواژانە ئاماژە بن بە دێڕەکانی کۆتایی دانتێ لە باسی بینینی ئاهەنگە خوداییەکە:

دوو پیرەمێردم بینی جلیان جیا بوو

بەڵام لە سیما و ڕووەتی خاکی و سەنگیندا وەکو یەک بوون.

(بەرزەک ٢٩: ١٣٤-١٣٥ {وەرگێڕانی عەزیز گەردی، لا ٤١٥}). **~گ.س.**

لە ڕاڤەکەی «دوو پیرەمێرد»ەکەی *بەرزەک*دا، کە لە پەڕتووکەکەی مامۆستا عەزیز گەردیدا کەوتووەتە لاپەڕە ٤١٩ەوە، ئەمە دەڵێت: «دوو پیرەمێرد مەبەست لۆقا و پۆڵسە کە دوو یاوەری عیسا بوون. لۆقا کردەوەی شاندەکانی نووسیوە و پۆڵس نامەکانی داناوە. لەوانەیشە دوو پیرەمێردەکە ڕەمز بێ بۆ دوو بەرهەمەکە: کردەوەی شاندەکان و نامەکان» لۆقا، ئەوەیە کە *مزگێنی بە پێی نووسینی لۆقا*ی نووسیوە، کە یەکێکە لە چوار موژدە پەسەندکراوەکە (کانۆنیکەڵ)ی *پەیمانی نوێ*؛ بەڵام ئەوەی مامۆستا گەردی پێی دەڵێت «کردەوەی شاندەکان» لە *کتێبی پیرۆز*دا بە «کرداری نێردراوان» وەرگێڕراوە، کە ناونیشانی یەکێکە لە ٢٧ پەڕتووکەکەی *پەیمانی نوێ*. لە ڕاڤەی ڕانێردا (بڕوانە ١: ٢٠٠) ئاماژەم بەوە دا کە من «نێردراو»م بە «ڕانێر» وەرگێڕاوە، کەواتە بە گوێرەی وەرگێڕانی من لۆقا نووسەری یەکێکە لە چوار موژدەکە و پەڕتووکی «کرداری ڕانێران». پۆڵسیش یەکێکە لە گرنگترین کەسێتییەکانی دینی مەسیحی، پێش ئەوەی ببێت بە شوێنکەوتەی عیسا ناوی «شاول» بووە و دواتر ناوی گۆڕیوە بە *پۆڵس*، خۆی مرید نەبووە، بەڵام ڕانێر بووە؛ سێزدە دانە لە پەڕتووکەکانی *پەیمانی نوێ* نامەکانی پۆڵسن، ئەگەرچی هەندێک لێکۆڵەری وەک بارت ئێهرمان پێیان وایە کە ئەگەرچی هەندێک لەو پەڕتووکانە بێگومان لە نووسینی پۆڵسن، بەڵام هەندێکیان بە ناوی ئەوەوە نووسراون. نە لۆقا، نە پۆڵس، هیچیان «یاوەر»ی

عیسا نەبوون، لۆقا گوایە پزیشکێکی گریکی بووە کە بە نزیکی سی و پێنج ساڵ دوای لەخاچدانی عیسا موژدەکەی نووسیوەتەوە، ئەویش بە زمانی گریکی، نەک ئارامی، کە زمانی عیسا بووە، بۆیە دەتوانیت بڵێیت ڕانێری عیسا بووە، بڵاوکەرەوەی پەیامی عیسا بووە، نووسەری پەیامی عیسا بووە، بەڵام «یاوەر»ی نەبووە؛ هیچ بەڵگەیەک نییە لۆقا هەر عیساشی دیبێت، ئەگەرچی پۆڵس خۆی دەڵێت کە عیسای دیوە «کاتێک [پۆڵس/شاول] گەیشتە ئۆرشەلیم، هەوڵی دا بچێتە پاڵ قوتابییەکان، بەڵام هەمووان لێی ترسان و بڕوایان نەدەکرد کە قوتابییە. بەڵام بەرناباس بردی و هێنایە لای نێردراوان، بۆی گێڕانەوە چۆن لە ڕێگادا عیسای خاوەنشکۆی بینیوە و قسەی لەگەڵدا کردووە، هەروەها چۆن لە دیمەشق ئازایانە بە ناوی عیساوە مزگێنیی ڕاگەیاندووە» (کردار ٩: ٢٦-٢٨). **~ن.م.**

[315] **لا توا پاچێ... سی تاچێ**: دواهەمین وشەکانی دێڕی ٩٢، ٩٤ و هەموو دێڕی ٩٦ی سروودی پێنجەمی *دۆزەخ*ی دانتێیە. فرانچێسکا دا ڕیمینی، کە یەکێکە لەوانەی گوناهی سەرجێیی کردووە، بۆ دانتێ دەدوێت (ئەو دێڕانەی ستیفن بە بیری دێتەوە لار کراونەتەوە):

ئەگەر پاشای گەردوون خۆشی بویستینایە
لێی دەپاڕاینەوە *بەختەوەرت بکات*،
چونکە تۆ بەزەییت بۆ گوناهی گەندەڵمان بزووتووە.
*تا (با) ئاوها، کش و ئارام بێ*،
هەرچی *بتەوێ* دەرهەق *بە هەرچی بێژی* و بژنەوی
گوێ دەگرین و قسەت بۆ دەکەین.

(دۆزەخ ٥: ٩٢-٩٦ {وەرگێڕانی عەزیز گەردی، لا ٨٨}). **~گ.س.**

وا دیارە لەبەر جیاوازیی ڕێزمانی ئیتالیی سەردەمی دانتێ و کوردیی ئەمڕۆ بێت، یان لەبەر چێژی دارشتن، یان هەر هۆیەکی تر بێت، مامۆستا گەردی پاشوپێشی بە هەندێک لە دێڕەکان کردووە، بۆ نموونە ئەو دێڕەی کە لە کوردییەکەی مامۆستا گەردیدا دەڵێت: «تا (با) ئاوها، کش و ئارام بێ»، لە ئیتالییەکەی دانتێدا، کە لە خوارەوە دامناوەتەوە، دێڕەکەی ژێرەوەیە کە دەڵێت: *مێنترێ کێ‌ ێل ڤێنتۆ، کۆمێ فا، چی تاچێ*. ئەمەی خوارەوە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی دێڕ بەرانبەر دێڕی خۆمە، بە هەمان شێوە ئەو شوێنانەی ستیفن بیری لێ دەکاتەوە لارم کردوونەتەوە، ئەگەرچی نە من و نە مامۆستا گەردی سەرواکانمان بۆ نەهاتووەتەوە، بەڵام هیچ نەبێت لەوەی مندا شوێنی سەرواکان لە شوێنی خۆیاندان:

گەر پاشای گەردوون هاوڕێمان بووایە
لێی دەپاڕاینەوە تا *ئاشتیت بداتێ،*
چونکە بەزەییت بە بەدڕەفتاریی پیسماندا هاتەوە.
هەرچیت *پێ خۆش بێ بیبیستیت و بیڵێیت*،
بۆ ئێمەش خۆشە کە لەگەڵ تۆدا بیبیستین، بیڵێین،
*کە وا با بۆمان کش و بێدەنگە.*

ئەمەی خوارەوە هەر شەش دێڕەکەی دانتێیە بە ڕێنووسی کوردی، تا خوێنەر هەموو دێڕەکان ببینێت کە ستیفن بیر لە بەشێکیان دەکاتەوە:

سێ فۆسسێ ئامیکۆ ئیل ڕێ دی لونیڤێرسۆ،
نۆی پرێگێرێمۆ لوی دی لا توا پاچێ،
پۆی کای پیێتا دێل نۆسترۆ مال پێرڤێرسۆ.
دی کوێل کێ ئودیرێ ئێ کێ پارلار ڤی پیاچێ،
نۆی ئودیرێمۆ ئێ پارلێرێمۆ ئا ڤۆی،
مێنترێ کێ'یل ڤێنتۆ، کۆمێ فا، چی تاچێ.

سەرنج بدە لە جیاوازیی بیرهاتنەوەکەی ستیفن و ئەوەی دانتێ، ستیفن یەکەمیان: «لا توا پاچێ» وەک خۆی دەڵێت؛ دووەمیان جیاوازە: ستیفن دەڵێت: «کێ پارلار تی پیاچێ»، دانتێ دەڵێت: «ڤی پیاچێ»، ئەوەی دانتێ واتە «بە ئێوە»، ئەوەی ستیفن واتە «بە تۆ»؛ واتە دانتێ دەڵێت: «هەرچیتان پێ خۆش بێ بیبیستن، بیڵێین»، من ئەم جیاوازییەم لا سەیرە، چونکە لە دێڕی یەکەمدا دەڵێت: «لا توا»، کە ئەوەیان بۆ «تۆ»یە، نەک «ئێوە»؛ لە دێڕی شەشەمدا ستیفن دەڵێت: «سی تاچێ»، دانتێ دەڵێت: «چی تاچێ»، کە پێم وا بێت دیسان جیاوازیی ڕاناوە. بەهەرحاڵ، جیاوازییەکی بچکۆلە هەیە لە نێوان ئەوەی دانتێ و ئەوەی ستیفندا، کە بایی ئەوەندە زەقە کە من سەرنجی بدەم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیتالیزانینی من زۆر سنووردارە، هەروەها دانتێناسیشم زۆر کزە، بۆیە بۆ شارەزایانی ئیتالی و دانتێناسەکانی هەڵدەگرم ئەمە ڕاڤە بکەن و وەڵامی بدەنەوە، لە لایەکی ترەوە گومانی ئەوە دەکەم کە دەقەکەی دانتێ بە چەند شێوەیەکی نووسین هەبێت. بەڵام دەشبێت ئەوە بزانین کە جۆیس سوێندی بە دانتێ خواردووە، ڕیچارد ئێڵمان لە ژیننامەکەی جۆیسدا باسی ئەوە دەکات و دەڵێت:

سەرەتا فرانچینی زۆر سەرسام ببوو بە شێوازە ئیتالییەکەی جۆیس، کە بۆ نموونە وشە کۆنەکەی «سیرۆکیا»ی لە بری وشە نوێ ئیتالییەکەی «سۆرێللا»ی بە کار دەهێنا بە واتای *خوشک*. کە فرانچینی بۆی ڕاست کردبووەوە، جۆیس خێرا پێی وتووە: «من ئیتالییەکەم لە دانتێ و دینۆ [کۆمپانی]یەوە فێر بووم». جۆیس بە زمانێکی ئیتالی دەدووا، کە وەک فرانچینی دەیوت: «زمانێکی مردووە کە هاتووەتەوە بۆ ناو ژیان تا بچێتە ناو ژاوەژاوی ئەو زمانە زیندووانەوە کە لەم سووچ و پەنایانەی شارۆچکەی پولادا قسەیان پێ دەکرێت». (*ژیننامەی جەیمز جۆیس*، نووسینی ڕیچارد ئێلمان، لا. ١٨٧)

هەروەها دەڵێت:

«وێژەی ئیتالی لە دانتێوە دەست پێ دەکات و بە دانتێش تەواو دەبێت. ئەوە زۆر لە تۆزێک زیاترە. هەموو گیانی ڕێنیسانس لە دانتێدا کۆ بووەتەوە. دانتێم بە نزیکی بە هێندەی *کتێبی پیرۆز* خۆش دەوێت. دانتێ بۆ من خواردنی گیانە، ئەوانی تر زیخ و چەون. من حەزم لە وێژەی ئیتالی نییە چونکە مێشک و بیرکردنەوەی نووسەرە ئیتالییە داوەشاوەکان هەر یەکپارچە بەم چوار بابەتە تەنراون: هەتیوی سواڵکەر و خەڵکی برسی (ئەرێ ئەم ئیتالییانە هەرگیز دەست لەم برسێتییەیان هەڵدەگرن؟) جەنگ، مەڕ و مانگا، لەگەڵ نیشتمانپەروەری.» (*ژیننامەی جەیمز جۆیس*، نووسینی ڕیچارد ئێلمان، لا. ٢١٨). **~ن.م.**

[316] **پێر لایێر پێرسۆ**: ئیتالییە، واتە «بە ناو هەوای ڕەش/خراپدا» {لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا عەزیز گەردیدا: «بەناو هەوای شوومدا»} (دۆزەخ ٥: ٨٩). ئەو کاتەیە کە فرانچێسکا دا ڕیمینی کە لە دانتێ نزیک دەبێتەوە و بۆ یەکەم جار بۆی دەردەکەوێت کە دانتێ بوونەوەرێکی زیندووە. **~گ.س.**

لە دەقەکەی دانتێدا دەڵێت: «پێر لایێرێ پێرسۆ»، لای جۆیس دەڵێت: «پێر لایێر پێرسۆ». ئەمەش بە جێ دەهێڵم بۆ شارەزایانی ئیتالی و دانتێناسەکان ڕاڤەی بکەن. **~ن.م.**

[317] **سێ بە سێ... ئەرخەوانی**: ئەم ڕاگواستنەی وێنە نموونەییەکەی فرانچێسکا دا ڕیمینیی گوناهکار (لە *دۆزەخ*دا) بۆ وێنە نموونەییەکەی مریەمی پاکیزە (لە *بەهەشت*دا) لە ڕێی چەند دێڕێکی بینینەکەی دانتێوە (لە ئاهەنگە خوداییەکەی سروودی ٢٩ی *بەرزەک*دا) هاتووە. ئەم کچانە «سێ بە سێ» بە ئەڵقە نزیک دەبنەوە، «یەکێ ئەوەندە سوور بوو بە ئاستەم لە ناو ئاگردا دیار بوو» (دێڕی ١٢٢-١٢٣)؛ «دووەم دەتگوت ئێسک و گۆشت و

پێستەی لە زەمڕووت دروستکراوە» (دێڕی ١٢٤-١٢٥)؛ «چوار خانمی تر لە لای دەستەچەپ بە بەرگی ئەرخەوانی سەمایان دەکرد» {وەرگێڕانەکان لەوەی مامۆستا عەزیز گەردییەوە هێنراون} (دێڕی ١٣٠-١٣١). **~گ.س.**

[318] **کوێللا پاچیفیکا ئۆریافیاما:** ئیتالییە، واتە «بەیداخی بڵێسە زێڕینی ئاشتی» {و. عەزیز گەردی} (بەهەشت ٣١: ١٢٧). لە بینینەکەی دانتێدا بەیداخەکە لە ناوەڕاستدا گەشتر دەبریقێتەوە، پاشان لە ناوەڕاستدا «هەزار فریشتەی ئاهەنگگێڕ» دەبینێت؛ پاشان لە ناوەڕاستی هەموویاندا مریەمی پاکیزە دەبینێت «بزەی بۆ شادی و سروودخوانییان دەکرد». **~گ.س.**

[319] **دی... ئاردێنتی:** ئیتالییە، {دواهەمین دێڕی سروودی ٣١ی *بەهەشت*ی دانتێیە} واتە «گڕی شەوقی زیاتر کردم بۆ سەیرکردنی» (بەهەشت ٣١: ١٤٢). سانت بێرنارد، کە چاوساغی کۆتایی گەشتەکەی دانتێیە، تەماشای دانتێ دەکات کە سەرسامە و گوزارشتی پێ ناکرێت کە مریەمی پاکیزە دەبینێت؛ کە بێرنارد «دیتی بە وریایی چاوم بڕیوەتە بڵێسەی کڵپەداری، بە شەیدایی چاوی بڕییە چاوم، گڕی شەوقی زیاتر کردم بۆ سەیرکردنی.» (بەهەشت ٣١: ١٣٩-١٤٢) {و. عەزیز گەردی}. **~گ.س.**

[320] **منیش... لەتاریکژێری شەودا:** لە کۆتایی ئاهەنگە خوداییەکەی سروودی ٢٩ی *بەرزەک*دا، دانتێ ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پاشگەزبوونەوە پێشمەرجی ناچارییانەی ئاهەنگگێڕانی مەسیحییانە:

ئینجا چوار پیاوم بینی سیمای خاکییان پێوە دیار بوو
لە دوای هەموویانەوە، پیرەمێردێکی تەنیام بینی
خەواڵوو بوو، بەڵام ڕووێکی ترشی هەبوو.

(بەرزەک ٢٩: ١٤٢-١٤٤ {و. عەزیز گەردی}). **~گ.س.**

**لەتاریکژێری - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەناستۆمۆسیس* - *anastomosis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *دەمکردنەوە* دێت، دەکرێت ناوی بنێین *نێوەندخن*}. **نێوەندخن**: ئاخنینی وشەیەکی شیاوە بۆ نێوەندی دوو بەشی وشەیەکی تر {دوو وشەکە *لە ژێر* و *تاریک*ن، *تاریک* چووەتە نێوانی *لە ژێر*ەوە، وەک بڵێیت وشەی «لە ژێر» دەمی کردووەتەوە و وشەی «تاریک» چووەتە نێوی.}. **~گ.س.**

[321] **دەم تەم**: لە ئینگلیبیەکەدا *ماوث* و *ساوث*ن، واتە *دەم باشوور*، کە لەسەر کێشی یەکن، بەڵام سەرواکە لە کوردیدا دەرناچێتەوە. ستیفن لێرەدا بیر لە سەروا لاوازەکەی دۆگلاس هاید دەکاتەوە کە لە هۆنراوەکەیدا دەڵێت:

دڵدارەکەم لە دوامەوە
لە لای باشوورەوە هات و
سنگی خستە باوەشمەوە و
دەمیشی خستە دەممەوە.

(بڕوانە ٣: ٣١٠). **~ن.م.**

[322] **باسی خۆت بکە**: ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: «speak up for yourself» کە دەشێت بە واتای «لە بری خۆت بدوێ» بێت. لە پرۆفیسۆر سام سلەوتم پرسی: «ئایا میستەر ئۆمادن بورک لەگەڵ کێیەتی و بۆچی ئەمە دەڵێت؟» وتی: «ئەمە ڕێک بە دوای بیرکردنەوەیەکی درێژی ستیفندا دێت (لە بارەی هۆنراوەکەی خۆی و دانتێ و ئەوانەوە)، بۆیە زۆر سەختە کە ئۆمادن بورک وەڵامی کراوفۆرد بداتەوە کە دەڵێت: "ئەوان تەنها لە بەشی قولاپ و گیرەن... هەمووان پلە دوون"». **~ن.م.**

[323] **بەسە بۆ هەر ڕۆژێک**: عیسا لە وتاری سەر چیادا دەڵێت: «لەبەر ئەوە خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە بەیانی خەمی خۆی دەخوات. هەر ڕۆژێک خراپی خۆی بەسە.» (مەتا ٦ : ٣٤). **~گ.س.**

[324] **پیشەی سێیەم**: مەبەست لە یاسا-یە کە بە پیشەی سێیەم دانراوە؛ دوو پیشەکەی تر: یەزدانناسی و پزیشکین. **~گ.س.**

[325] **من بەرگری... پیشە بەڵام - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێپیترۆپی* – ***epitrope***، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ناوبژی* دێت}. **ناوبژی**: ڕێ دەدرێت بە بەرانبەر، یان بە مکوڕی، یان بە تەوسەوە، کە ئەوە بکات کە پێشنیار دەکات کە دەیکات. گیڵبێرت پێی دەڵێت: «ڕێپێدان – شێوەیەکی پێدانە.»

هەروەها لێرەدا پێکاری *مێتابەیسیس* – ***metabasis*** بە کار هاتووە، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *گواستنەوە* دێت}. **گواستنەوە**: گواستنەوەی باسە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر. «شێوەیەکە کە مەبەستەکانی وتاردانێک... بە یەکەوە گرێ دەدرێن: ئەوەشە کە بە کورتی بیرمان دەخاتەوە چی وتراوە و چی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی باس بکرێت»

(جەی سمیث، *پەنهانەکانی ڕەوانبێژی*، ١٦٥٧). «تێپەڕینە لە ئاماژەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، لە چارەیەکەوە بۆ چارەیەکی تر» (*فەرهەنگی فیزیکیی بلانکارد*، ١٦٩٨) **~گ.س.**

[326] **قاچە کۆڕکییەکانت**: ڕەگەزدۆزییەکە دوو شت پێکەوە گرێ دەدات، لە لایەک ئەوەی کە مایەڵز کراوفۆرد خەڵکی کۆرکە، لە لایەکی تر ئاماژەیە بە *هۆنراوە ئۆڵستەرییەکە*، ئەو هۆنراوەیە چیرۆکی بازرگانێکی هۆڵاندی دەگێڕێتەوە کە «وەک هێلکە ئاوساوە»، هەوڵ دەدات شەق لە خزمێکی هەژاری بدات کە بۆ دەرۆزە هاتووە بۆ لای؛ بازرگانەکە شەق لە بەرمیلێک هەڵدەدات، کەچی لە بری خزمە هەژارەکەی، خۆی قاچی دەشکێت و بۆی دەبڕنەوە و قاچێکی تری بۆ دادەنێن کە قاچێکی کۆڕکییە، بەڵام ئەم قاچە بەردەوام ڕادەکات و ناوەستێت {و یەکبینە بازرگانەکە ڕادەکێشێت}؛ کۆپلەی کۆتایی هۆنراوەکە دەڵێت:

بۆیە ڕەنگە هەندێ جار لە ژێر تیشکێکی کزدا
بازرگانێک ببینی کە توند پێوەی بەستراوە قاچێکی کۆڕکیی ڕاکەر؛
لەمەشەوە فێر ببە کە بێڕێزی هەڵەیە،
ئاوا لە بەر چاوان شەق مەدە لە خزمی هەژار. **~گ.س.**

[327] **قاچە... دەتبەن - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *هیبێرنیسیزم* – *hibernicism*، {وشەکە لە *هیبێرنیا*وە دروست کراوە، کە بە لاتینی وەها بە ئایرلاند وتراوە، بۆیە لە کوردیدا دەشێت بوترێت: *هیبێرناندن*، وەک *کورداندن*، یان ئەگەر تەواو بیکوردێنین، دەبێت بە *ئایراندن* (بە ئایر کردن)}. **ئایراندن**: ئیدیۆم یان دەربڕینێکی تایبەت بە زمانی ئایرییە. **~گ.س.**

[328] **هێنری گرەتان**: (١٧٤٦-١٨٢٠)، وتاربێژ و وارگێڕێکی ئایر بوو، یەکێک بوو لە پێشەوایانی کۆششەکانی ئایرەکان بۆ زیادکردنی سەربەخۆیی یاسایی ساڵی ١٧٨٢، پێشەوای بەری دژی بەندی دەستووریی یەکێتییەکەش بوو (بڕوانە ٢: ٧٩). هەوڵی دا بزووتنەوەیەکی وارگێڕی ڕێک بخات بۆ ڕزگاربوونی کاسۆلیکەکان کە تا نۆ ساڵ دوای مردنی خۆی نەهاتە دی (بڕوانە ٧: ٣٤١). **~گ.س.**

[329] **فلەد**: هێنری فلەد (١٧٣٢-١٧٩١) وتاربێژ و وارگێڕێکی ئایر بوو، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە دژایەتیکردنی زاڵێتیی ئینگلەکان بەسەر وارگێڕیی ئایرلاندا. فلەد تا ماوەیەک پشتیوانی گرەتان بوو، بەڵام لە دواتردا بووە قرەقرِی لەگەڵیدا. **~گ.س.**

[330] **دیمۆسثینیس**: (بە نزیکی ٣٨٤-٣٢٢پ.ز.)، بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کە مەزنترینی وتاربێژەکانی گریکە. هەروەها نیشتمانپەروەر بووە و پێشەوای ئۆپۆزسیۆنەکانی وارگێڕییە چاوچنۆکانە و فراوانکارییەکانی فیلیپی دووەمی مەکەدۆنیا بووە. **~گ.س.**

[331] **ئێدموند بورک**: (١٧٢٩-١٧٩٧) پەرلەمانتارێکی ئینگل بوو کە لە ئایرلاند لە دایک بووە، وتاربێژ و وتارنووس بوو. داکۆکیی لە وارگێڕیی ئاشتەوایی بۆ ئایرلاند و ئەمەریکای پێش شۆڕش دەکرد. تەنها بە زمانپاراوی و ڕەوانبێژییەکەی بەناوبانگ نەبوو، بەڵکو بە توێژینەوە وردەکانی و لۆژیکە ڕێکوپێکەکەیشی بەناوبانگ بوو. لە وارگێڕیدا کەسێکی میانڕەو و پاکخواز بوو، بەڵام لە نزیکەی کۆتایی ژیانیدا، کە دژی شۆڕشی فەڕەنسی بوو، وا دەردەکەوت کە ڕەفتارەکانی پێچەوانەی داکۆکیکردنەکەی بوو لە ئاشتەوایی و ناوبانگی ئەوەی پەیدا کردبوو کە کەسێکی کۆنەپارێزە. **~گ.س.**

[332] **سەرکارە... هارمسوۆرث**: ئالفرێد سی هارمسووۆرث، بارۆنی نۆرثکلیف (١٨٦٥-١٩٢٢) بڵاوکار و سەرنووسەرێکی ئینگل بوو، لە چاپێلیزۆد لە دایک ببوو، کە کەوتووەتە خۆرئاوای دەبلنەوە. ساڵی ١٨٨٨ حەفتەنامەیەکی دامەزراند بە ناوی *ئانسەرس*؛ ساڵی ١٨٩٤ توانی ڕۆژنامەی *لەندەن ئیڤنینگ نیوز* ڕکێف بکات و ساڵی ١٨٩٦ ڕۆژنامەی *لەندەن دەیلی مەیڵ*ی دامەزراند. هەروەها لە ساڵی ١٨٩٨ەوە گۆڤاری *هارمسوۆرثس ماگەزین* و زۆر گۆڤاری تری ناوداری بۆ منداڵان بڵاو دەکردەوە. خۆی بە پاڵەوانی هەموو «ڕۆژنامەکانی ئایندە» دادەنا. **~گ.س.**

[333] **ڕۆژنامە فارذینگبابیەکان**: {بۆ *فارذینگ* بڕوانە ١: ٢٧)، بچووکترین یەکەی دراوی ئینگلی بووە؛ ئاوهاش ڕۆژنامەی فارذینگبایی} واتە ڕۆژنامەی هەرزانبەها و هەستبزوێن. **~گ.س.**

[334] **ئامۆزا... باوەری**: مەبەست لە هاوڕێکەی هارمسووۆرث-ە، کە جۆزێف پولیتزەر بوو (١٨٤٧-١٩١١) (بڕوانە ٧: ٢٧١ و ٧: ٣٣٧). نووسینگەکانی ڕۆژنامەی *نیو یۆرک وێڵدی* پولیتزەر لە پاڕک ڕۆو بوو، نەک لە باوەری؛ بەڵام کە پولیتزەر ساڵی ١٨٨٣ بوو بە خاوەنی ڕۆژنامەکە بە فەرمانبەرە بەڕێزەکانی وتبوو: «گۆڕانکارییەک لە ڕۆژنامەکەدا ڕووی داوە، پێش ئێستا هەمووتان لە ژووری دانیشتنەکە دادەنیشتن و خۆتان دەشوشت. بەڵام هیوادارم تێبگەن کە لە ئایندەدا هەمووتان بە باوەریدا بڵاو دەبنەوە». پولیتزەر و هارمسووۆرث ئەوەندە لە یەکتر نزیک بوون کە پولیتزەر لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٠٠دا هارمسووۆرثی کردبوو بە سەرنووسەری چاپێکی تایبەتی ڕۆژنامەکەی؛ بەڵام ساڵی ١٩٠٧ لە یەکتر دوور کەوتنەوە، هارمسووۆرث سەرەڕای ئەوەی کە ڕێککەوتنی هێرشنەکردنی لەگەڵ

پولیتزەردا بەستبوو، بەڵام یەکێکی لە شاگردەکانی پولیتزەر دامەزراندبوو. *ئامۆزا ئەمەریکاییەکەمان* (١٨٥٨)، شانۆنامەیەکی جەفەنگییە لە نووسینی تۆم تەیلەر (١٨١٧-١٨٨٠)، ئەو شانۆنامەیە بوو کە ئەبراهام لینکن تەماشای دەکرد کاتێک کوشتیان. **~گ.س.**

[335] **پادی کێڵیس بەجت**: (تشرینی دووەمی ١٨٣٢ - کانوونی دووەمی ١٨٣٤) حەفتەنامەیەکی جەفەنگی بوو لە دەبلن بڵاو دەکرایەوە. جەفەنگییەکەی ڕۆژەڤی بوو، {واتە لەگەڵ ڕووداو و بابەتی ڕۆژدا دەڕۆیشت} هەندێک لە خوێنەرەکانی دەبلن بە حەفتەنامەیەکی ڕەشۆکییان دادەنا. **~گ.س.**

[336] **پیووس ئۆکیورێنس**: یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دەبلن بوو، ساڵی ١٧٠٠ دامەزرا و نیو سەدە بڵاو دەکرایەوە. **~گ.س.**

[337] **ذە سکیبەرین ئیگڵ**: حەفتەنامەیەکی گشتی بوو، بە نزیکی لە ١٨٤٠ تا ١٩٣٠ لە سکیبەرین بڵاو دەکرایەوە، کە لە کاونتیی کۆرکە. سەرەتا ناوی *ذە سکیبەرین ئیگڵ* بوو، بەڵام لە دوای ساڵی ١٨٦٠کانەوە ناوی گۆڕا بە *مەنستەر ئیگڵ*. بەڵام ساڵی ١٩٠٤ ناوی گۆڕایەوە و کرا بە *کۆرک کاونتی ئیگڵ*. ئەو ڕۆژنامەیەی دوای ١٩٣٠یەکان شوێنی *ئیگڵ*ی گرتەوە ناوی *ساوثێرن ستار* بوو. گۆڕانی ناوی ڕۆژنامەکە لە بنەچەدا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە «سکیبەرین ئیگڵ» ببوو بە دەستەواژەیەکی مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی بۆ ڕۆژنامەیەکی بچووکی ناوچەیی و نەناسراو کە لە فشوهوڕ و پۆزی ناو وارگێڕیدا قەپی زلی گرتبێت، وەک ڕۆژنامەی *ئیگڵ* کە جارێک بە پۆزەوە بە سەرۆکوەزیرانی ئینگلتەرا و ئیمپراتۆری ڕوسیایان وتبوو: «چاومان لێتانە و ئاگامان لێتانە». **~گ.س.**

[338] **وایتساید**: (بڕوانە ٧: ٣٠٩). **~گ.س.**

[339] **هەر ڕۆژێک... بەسە**: (بڕوانە ٧: ٣٢٣). **~گ.س.**

**هەر ڕۆژێک ڕۆژنامەی خۆی بەسە - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێپیگرام* – *epigram*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *سەرنووسین* دێت}. **سەرنووسین**: هۆنراوەیەکی کورتە کە بە گۆڕینێکی گاڵتەئامێز یان داهێنەرانەی بیر کۆتایی بە بابەت دەهێنێت؛ وتەیەکی پێکنەگونجاو یان بەتوێکڵە. لێرەدا سەرنووسینەکە وتەکەی عیسا دەگۆڕێت کە دەڵێت: «هەر ڕۆژێک خراپی خۆی بەسە» (مەتا ٦: ٣٤). **~گ.س.**

[340] **گرەتان و فلەد**: (بڕوانە ٧: ٣٢٨ و ٧: ٣٢٩)، هەردووکیان وتاریان بۆ *فریمانس جۆرنەڵ* ناردووە، کە ساڵی ١٧٦٣ دامەزراوە. **~گ.س.**

[341] **ئایرە خۆبەخشەکان**: کۆمەڵێک بوون سەرەتا ساڵی ١٧٧٨ دوای ئەوەی کە هەندێک لە سەربازان لە ئەمەریکا لە خزمەت دەرکران، لە ناوخۆدا یەکیان گرت بۆ بەرگریکردن لە ئایرلاند لە ئەگەری داگیرکاریی فەڕەنسا. خۆبەخشەکان لە ماوەی ساڵێکدا بوون بە هێزێکی نیشتمانیی پرۆتستانتی (ئەگەرچی دواجار کاسۆلیکیشیان وەردەگرت) و دڵسۆزی پاشای ئینگلتەرا بوون، ئەگەرچی ئەم سوپایە داکۆکییان لەو پێشنیارە دەکرد کە دەبێت پەرلەمانی ئایرلاند لە ژێر دەسەڵاتی پاشای ئینگلتەرا دەسەڵاتی تەواوی یاسایی خۆی هەبێت. ئەم خۆبەخشە زمانپاراو و باش-چەکپێدراوانە ساڵی ١٧٨٢ هاوکار بوون لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئینگلەکان بە پێدانی دەسەڵاتێکی سەربەخۆیی وارگێڕی بە ئایرەکان، ئەویش لە سەرکەوتنێکی وارگێڕیدا کە بە «پەرلەمانەکەی گرەتان» ناسرا. بەڵام ئەم سەرکەوتنە زۆر جار زیاد لە قەبارەی خۆی زل کرابوو و پیایدا هەڵدەگوترا: سرووشتی نوێنەکراوەی هەردوو پەرلەمانی ئینگلتەرا و ئایرلاندی ئەو سەردەمە، سنووردارێی دەسەڵاتی نوێنەرانی هەردوو وڵاتەکە، هەروەها ئەو ڕاستییەی کە ئەفسەرە کارگێڕەکانی هەموو پلەکانی ئایرلاند ڕاپۆرتیان بە پەرلەمانی ئایرلاند نەدەدا، بەڵکو بە پاشای ئینگلتەرایان دەدا، وایان کردبوو کە سەربەخۆیی یاسایی ئایرلاند تەنها بە ناو سەربەخۆ بێت. **~گ.س.**

[342] **دکتۆر لوکاس**: چارلز لوکاس (١٧١٣-١٧٧١) پزیشک و نیشتمانپەروەرێکی ئایر بوو، گرەتان لە بارەیەوە وتبووی: «ئەو ڕەنگرێژیی بۆ ئازادیی ئایرلاند کردووە». زووزوو لە ژێر ناسناوی «سیڤیس» {لاتینییە، واتە «هاووڵاتی»}، یان «هاووڵاتییەک»دا نووسینی بۆ *فریمانس جۆرنەڵ* دەنارد. **~گ.س.**

[343] **جۆن فیلپۆت کیوران**: (١٧٥٠-١٨١٧) پارێزەر و وتاربێژ و نیشتمانپەروەرێکی ئایر بوو، بەوە ناوبانگی پەیدا کردبوو کە لە هەر گەنگەشەیەکدا بەشدار بووایە گەنگەشەکەی دەهێنایە جۆش و خرۆش. مژاری ئەو ئازادیی گەردوونی بوو، هەروەها بەوەش بەناوبانگ بوو کە بەرگریی لە زیندانی و بەندییەکانی ١٧٩٨ و «خائین»ی تر دەکرد. **~گ.س.**

[344] **بوش ڕ. پ.**: سەیمۆر بوش (١٨٥٣-١٩٢٢)، ڕاوێژکاری پاشا (بڕوانە ٦: ١٨٠). بوش پارێزەرێکی ئایر بوو کە پێش ئەوەی ساڵی ١٩٠٤ بچێت بۆ ئینگلتەرا و ببێت بە ڕاوێژکاری پاشا، ساڵی ١٩٠١ ماوەیەک ڕاوێژکاری گەورەی پاشا بوو بۆ کاونتی و شاری دەبلن. **~گ.س.**

[345] **کیندەل بوش:** چارلز کیندەل بوش (١٧٦٧-١٨٤٣) وتاربێژ و یاساناسێکی ئایر بوو، هاوپەیمانی گرەتان بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەندی دەستووریی یەکێتییەکە. ناوبانگی زمانپاراوترین و ڕەوانبێژترین وتاربێژی سەردەمی خۆیی هەبوو. **~گ.س.**

[346] **دەبوو... دادپرس بووایە:** ژیانی پیشەیی سەیمۆر بوش لە «گرفتی هاوسەرگیری»یەوە تێوە گلابوو، کە دواجار وای کرد بە خێرایی ئایرلاند بە جێ بهێڵێت. میستەر کۆڵوم گاڤەن دەفی، کە پەڕتووکخانەچیی کۆمەڵەی یاساپەروەرە ڕێپێدراوەکانی ئایرلاند بوو، لە نامەیەکدا کە لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠دا نووسیویەتی، دەڵێت: «وا دیارە کە کێشە کەوتووەتە نێوان سێر ــــ برووک ناوێک و ژنەکەیەوە، جارێک مێردەکە دوای ژنەکەی کەوتووە بۆ دەبلن. دواجار ژنەکەی لە ژوورەکەی میستەر بوشدا بینیوە و هەڕەشەی ئەوەی لێ کردووە کە دادگای لێ دەگرێت. لەبەرئەوەی کە لە ئایرلانددا تەڵاق نەبووە، ئەم دادگالێگرتنە بە واتای تۆمەتبارکردن بە "گفتوگۆی تاوانکارییانە" دەهات، کە مێردەکە داوا لەسەر کەسی بەرانبەر تۆمار دەکات و بە تاوانی پەیوەندیی سەرجێیی تۆمەتباری دەکات. پێم وا بێت لەبەر ئەمە بووە کە میستەر بوش ئایرلاندی بە جێ هێشتووە... هەروەها [بوش] زۆر مەیی دەخواردەوە». **~گ.س.**

[347] **دەبوو... دەی قەیناکە - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەپۆسیۆپیسیس* - *aposiopesis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *بێدەنگبوون* دێت}. **بێدەنگبوون:** بڕینەوەی باسە وەک بڵێیت وتەبێژ ناتوانێت، یان نایەوێت بەردەوام بێت. **~گ.س.**

[348] **داوای کوشتنەکەی چایەڵدس:** (بڕوانە ٦: ١٧٩). **~گ.س.**

[349] **ڕژاندە ناو داڵانی گوێکانمەوە:** ئەمە وتەی سەهویرەکەی باوکی هاملێتە ئەو کاتەی شێوەی کوشتنەکەی بە دەستی کلاودیۆسی برای بۆ هاملێتی کوڕی دەگێڕێتەوە:

با کورتی بکەمەوە. لە باخەکەمدا نووستبووم،
وەک خووی هەمیشەیی پاشنیوەڕۆیانم،
مامت بە دەفرێک شلەی هیبنۆنی نەفرەتییەوە
زەفەری بە کاژێری ئەرخەیانم برد و
دڵۆپاوە گولاوییەکەی
ڕژاندە ناو داڵانی گوێکانمەوە.

(هاملێت ١: ٥، ٥٩-٦٣ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}) **~گ.س.**

350 **ئەرێ... دوو پشتەکە:** پرسیارەکە ئەو گریمانەیە لە خۆ دەگرێت کە سەهویرەکە ناتوانێت شێوازی کوشتنەکەی خۆی بزانێت تا دوای مردنی خۆی پێی نەوترابێت. چیرۆکەکەی تر: ئەوەیە کە سەهویرەکە بە هاملێت دەڵێت کلاودیۆس «ئەو ئاژەڵە داوێنپیسە» و شاژن «بە ڕواڵەت داوێنپاکترین شاژن»ە (هاملێت ١: ٥، ٤٢-٤٦). ستیفن وەها ئەمە لێکدەداتەوە کە کلاودیۆس و گێرتروود پێش مەرگی پاشا هاملێت سەرجێییان کردووە، بە وتەی یاگۆ: «دڕندە دوو پشتەکە»یان کردووە (ئۆتێللۆ ١: ١، ١١٧-١١٨). بەڵام پرسیارەکە هێشتا هەر ماوە: چۆن پاشا هاملێت ئەم دوو شتەی بۆ دەرکەوتووە؟ **~گ.س.** «دڕندە دوو پشتەکە» وتەیەکی یاگۆیە لە شانۆنامەی *ئۆتێللۆ*دا، یاگۆ لە بری ئەوەی بڵێت: «گان دەکەن»، دەڵێت: «قوربان، من کەسێکم هاتووم پێت بڵێم کچەکەت و مەغریبییەکە دڕندە دوو پشتەکە دەکەن». **~ن.م.**

351 **ئیتالیا، ماجیسترا ئارتوم:** لاتینییە، واتە: «ئیتالیا، خانمە مامۆستای هونەر». **~گ.س.**

352 **دەربارەی... تالیۆنیسەکە:** لە ڕاستیدا سەیمۆر بوش لە دادگاییەکەدا لە بارەی یاسای بەڵگەوە دوواوە، بەڵام بۆ بەراوردکردنی یاساکە بوو لەگەڵ یاسای بەڵگەی ئایریدا، ئەویش چون یاساکە ڕێی لە خاتوو چایەڵدس دەگرت کە بۆ بەرگریکردن لە مێردەکەی گەواهی بدات و وتەی لێ وەربگیرێت، بەڵام بە گوێرەی یاسای ئینگلی ڕێی پێ دەدرا گەواهی بدات. یاسا موساییەکان، وەک لە *پەیمانی کۆن*دا ئاماژەیان پێ دەدات، (دەرچوون ٢١: ٢٣-٢٥) یاسای تۆڵەسەندنەوەیە: «بەڵام ئەگەر زیانی کوشندەی هەبێت، ئەوا گیان لە جێی گیان دەبێت، چاو بە چاو، ددان بە ددان، دەست بە دەست، پێ بە پێ، سووتان لە جێی سووتان، برین لە جێی برین و لێدان لە جێی لێدان». *لێکس تالیۆنیس* دەستەواژەیەکی لاتینییە بە واتای *یاسای تۆڵە*، «یاسای تۆڵە کە بەرانبەر جۆری هێرشەکە نزیکە، یان هاوشێوەیە». یاسای دادی ڕۆمی وردەوردە خۆیان لە *لێکس تالیۆنیس* بە دوور گرت، لە بری سزای تۆڵەئامێز لە بەرانبەر تاواندا، یاسای سزای گشتگیریان دانا. بوش باسی ئەم بەراوردەی نەکردووە (بڕوانە ٧: ٢٠٥). **~گ.س.**

353 **جا ئاماژەی... ڤاتیکان دا:** میگێلانجیلۆ {یان مایکڵ ئەنجیلۆ} (١٤٧٥-١٥٦٤) پەیکەرێکی موسای داتاشیوە (١٥١٣-١٥١٦)، کە بووە بە بەشێک لە گڵکۆی پاپا جولیۆسی دووەم. گڵکۆکە ئەو کاتە و تا ئێستاش هەر ماوە، بەڵام لە ڤاتیکان نییە، بەڵکو لە سان پیەترۆ ئین ڤینکۆلی-یە (سانت پیتەر بە زنجیرەوە) لە ڕۆما. لە ناوەڕاستی چوار دادگاکەی دەبلنیشدا، کە دادگا باڵاکانی ئایرلاندن، (لە ناوەڕاستی دەبلن، لە بەری کەناری باکووری ڕووباری

لیفی) پەیکەرێکی موسا هەیە، کە دوو شێوەی دادپەروەری و لێبوردەیی لە ئەملا و ئەولایەوەن. **~گ.س.**

354 **پەیامبەر**: جەی جەی ئۆمۆڵۆی خەریکە پەیامێک ڕابگەیەنێت؛ بە واتایەکی بەرزتریش، موسا «پەیامبەری خودا» بووە، کە تەختەی پەیمان و یاساکانی لەسەر شاخی سینا وەرگرتووە و ڕاسپێرراوە بەوەی کە ئەم یاسایانە بە نەوەکانی ئیسرائیل ڕابگەیەنێت. **~گ.س.**

355 **سیگار**: ئەگەرچی لە دێڕی سەرووتردا دەڵێت: «قتووەجگەرە»، کەچی لێرەدا دەڵێت سیگاری داگیرساند. **~ن.م.**

356 **لەو کاتەوە... دیاری کرد**: ئەم خۆپێداکردنە شێوازگەراییە لە هی شێوازی *دەیڤد کۆپەرفیلد* (١٨٤٩-١٨٥٠) و *ئاواتە زۆرەکان* (١٨٦١)ی چارلز دیکنس دەچێت؛ بۆ نموونە دەیڤد لە بارەی هاوسەرگیرییەکەی پێگەتی و باڕکیسەوە دەڵێت: «زۆر جار بیرم لەوە کردووەتەوە، کە داخۆ دەبێت ئەو هاوسەرگیرییە چەند سەیر و سادە و دوورەپەرێزانە بووبێت! هەر ڕێک دوای ئەوەی تاریک داهات دیسان چووینەوە ناو عەرەبانەکە و خۆشی-خۆشی گەڕاینەوە و تەماشای ئەستێرەکانمان دەکرد و باسیانمان دەکرد.» (چاپتەری ١٠). **~گ.س.**

357 **وێنەی خودایی مرۆڤ**: لە هۆنراوەی *وێنە خوداییەکەی* ویلیەم بلەیکدا دوو جار: جارێک لە کۆپلەی سێیەم و جارێک لە کۆپلەی چوارەمدا، ئەم دەستەواژەیە دووبارە دەبێتەوە؛ بلەیک ئەم هۆنراوەیەی لە دیوانی *گۆرانییەکانی بێتاوانی و ئەزموون*دا بڵاو کردووەتەوە:

لەبەر ئەوەی لێبووردەیی دڵی مرۆڤێکی هەیە؛
بەزەییش ڕوخساری مرۆڤ؛
ئەوینیش ئەو مرۆڤەیە کە لە خوداوە هاتووە،
ئاشتیش بەرگ و پۆشاکی مرۆڤی هەیە.

بۆیە مرۆڤ لە هەر جێ کە
لە پەژارەدا نوێژ بکا،
بۆ ئەو مرۆڤانە دەیکا کە لە لای خوداوە هاتوون،
کە ئەوانیش: لێبوردەیی و بەزەیی و ئاشتی و ئەوینن. **~گ.س.**

[358] **موزیکی بەستوو**: فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدریک ڤۆن شێلینگ (١٧٧٥-١٨٥٤) لە پەڕتووکی *فەلسەفەی هونەر*دا لە بارەی تەلارسازییەوە دەڵێت: «موزیکێکە لە بۆشاییدا، وەک بڵێیت موزیکێکی بەستووە». **~گ.س.**
[359] **گیانگۆڕاو و گیانگۆڕ - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پۆلیپتۆتۆن* – *polyptoton*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *فرەبار* دێت}. **فرەبار**: دووبارەکردنەوەی وشە یان بنجێکە لە هەمان ڕستەدا، بەڵام لە باری جیاوازی دۆخگۆڕاندا. **~گ.س.**
[360] **شایستەی ژیانە، شایستەی ژیانە - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت **هەڵگرتنەوە**: دووبارەکردنەوەی هەمان وشە یان دەستەواژەیە لە چەند ڕستەیەکی دوای یەکدا. **~گ.س.**
[361] **ساز کرد**: **ساز**، یان **سازکردن**: بە ئینگلی *woo*، واتە هەوڵدان بۆ داکەفاندنی (قایل کردنی) کەسێک تا ببێتە هاوسەرت. لە خوازبێنی جیاوازە، هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی کەسێک بەوەی ئەو کەسەش حەزی لێ بکات. ئەم وشەیە لە وێژەی کۆنی ئینگلیدا زۆر بە کار دەبرێت. ئێمەش لە کوردیدا «سازکردن» بە کار دەبەین، بۆ نموونە: مەم هەوڵی سازکردنی زینی دەدا. **~ن.م.**
[362] **پرۆفیسۆر ماگێنیس**: ویلیەم ماگێنیس پرۆفیسۆرێکی زانکۆی کۆلێجی دەبلن بووە. لە ناوەندی وێژەی ئایریی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا تا ڕادەیەک ناوبژیوان بووە و وا دیارە درکی بە تایبەتێتیی جۆیس کردبێت و ئەو کاتەی جۆیس لە کۆلێجەکە قوتابی بووە مامەڵەیەکی دۆستانەی لەگەڵیدا کردووە. ڕیچارد ئێم کەینس پێی وایە کە ماگێنیس «بایی ئەوەندە جۆیسی ناسیوە کە پێی وا بووە کە لەوانەیە دوواندنی ڕەسڵ لە لایەن جۆیسەوە زیاتر بۆ هەڵفریواندن بووبێت». **~گ.س.**
ویلیەم ماگێنیس لە ١٨ی ئایاری ١٨٦٩ لە بێلفاست لە کاونتیی داون لە دایک بووە، لە قوتابخانەی برایانی مەسیحیی بێلفاست و کۆلێجی بێلڤێدێرێ و زانکۆی کۆلێجی دەبلن خوێندوویەتی،ساڵی ١٨٨٨ بە پلەی بەکالۆریۆس دەرچووە، ساڵی داهاتوو بڕانامەی ماستەری پێ بەخشراوە. لەم کاتانەدا بووە بە سەرنووسەری *نیو ئایرلاند ڕیڤیو* و لە ١٨٨٧-١٨٩٤ لە *دە لایسیوم* یاریدەر بووە، کە گۆڤارێکی مانگانە بووە و دوو برا دایانمەزراندووە، ئەوانیش قەشە تۆم و قەشە پیتەر فینلەی بوون. لە بۆنەیەکدا کە بابە فینلەی سەرۆک بووە و جێرارد مانلی هۆپکینس یەکێک بووە لە ئەندامانی گوێگرەکان، نووسراوێکی بۆ کۆمەڵەی وێژە و مێژوو خوێندووەتەوە بە ناونیشانی *دیموکراسیی ئایری*. ساڵانی ١٨٨٨ تا ١٨٨٩ وردبینی دارایی کۆمەڵەی وێژە و مێژوو بووە و مەدالیای زێڕی وەرگرتووە و

ماوەیەکی درێژ وەک قوتابی و پرۆفیسۆر لەم کۆمەڵەیەدا بەشدار بووە. کە جۆیس لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٠٠دا نووسینەکەی خۆی بە ناونیشانی *دراما و ژیان خوێندووەتەوە*، ماگێنیس سەرۆکی لیژنەکە بووە و لە ١٥ی شوباتی ١٩٠٢شدا سەرۆکی لیژنە بووە کە جۆیس وتاری *جەیمز کلارنس مانگن*ی خوێندووەتەوە. ماگێنیس ساڵی ١٨٩٣ بووە بە ئەندامی پارێزەرە ئینگلەکان. ساڵانی ١٨٨٩-١٩٠٩ لە زانکۆی کۆلێج پرۆفیسۆری فەلسەفە بووە. پاشان بووە بە پرۆفیسۆری مێتافیزیک، کە تا ساڵی ١٩٤١ لەو پێگەیەدا ماوەتەوە. ساڵانی ١٩٢٢-١٩٢٧ لە دۆیل ئێرین (ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئایرلاند) نوێنەری زانکۆی نیشتمانیی ئایرلاند بووە. لە ساڵی ١٩٣٤ەوە ئەندامی بەڕێوەبەرانی دەزگای سانسۆر بووە و لە ١٩٣٨ەوە تا مردنی سیناتۆر بووە. ساڵی ١٩٤١ خەڵاتی دکتۆرا لە وێژەی پێ بەخشرا. لە خانووی ژمارە ٣ی شەقامی هێربێرت ژیاوە لە دەبلن، دواتر گواستوویەتیەوە بۆ گرینپارک لەسەر شەقامی ستیلۆرگن. ماگێنیس یەکەم نەوەی پرۆفیسۆرەکانی زانکۆی کۆلێجی دەبلن بووە. لە ٣٠ی ئاداری ١٩٤٦ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[363] **ئەو کۆمەڵە ئێرمیسییە**: جۆیس لە دەقەکەیدا وشەی *hermetic*ی بە کار هێناوە، بەڵام بە پیتی بچووک، لەو کاتەدا بە واتای *نهێنی، پەنهانی، دوورەپەرێز...تد*. دێت، واتە وەرگێڕانە ڕاستەکە دەبێت بە «بەو کۆمەڵە پەنهانییە»؛ بەڵام وەک لە ڕاڤەکەی گیفرددا دەیخوێنیتەوە، ڕەسڵ (ئەی ئی) (بڕوانە ٢: ٦٨) پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ئێرمیسییەکانەوە هەبووە، تەنانەت لە چاپە شیکارییەکەی گابڵەریشدا هیچ ئاماژەیەک بەوە نادات کە پێشتر ئەم وشەیە دەستکاری کرابێت، بۆیە دەشێت جۆیس هەردوو واتاکەی مەبەست بێت. *ئێرمیسی* بەو واتایە دێت کە *سەر بە ئێرمیسن* (بڕوانە ١: ١٥٩ و ٣: ١٨٢)؛ «موسڵمانان هەر زوو ئاشنا بە ناوی ئێرمیس بوون و ئەویان بە جوانی ناسیوە و لەوە ئاگادار بوون کە لە ڕووی گرنگییەوە ئێرمیس دەشێت ڕیشەی لەنێو پێغەمبەرایەتیدا داکوتابێت، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە گووتوویانە کە ئەو هەمان ئیدریس پێغەمبەرە و وەک دەڵێن ئەو بونیاتنەری دینی صابیئی یان حەنیفییە» (*هێرمێتیکا*، نووسینی تیموتی فرێک و پیتر گێندی؛ وەرگێڕانی موحەمەد حەسەن، ماڵی سوهرەوەردی، چاپی یەکەم ٢٠١٩). **~ن.م.**
کۆمەڵەی وێژەیی ئاڤانت-گاردی سەرەتای سەدەی بیستەم بە چاندی ئێرمیسی و تیۆسۆفی سەرسام بوون. ئەی ئی (جۆرج ویلیەم ڕەسڵ) ئەندامی دووەم مەکۆی دەبلن بوو، کە ساڵی ١٩٠٤ لە ڕێی کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانی خاتوو بلاڤاتسکییەوە ڕێک دەخرا و بە ڕێوە

دەبرا. ساڵی ١٩٠٩ ئەم مەکۆیە خۆی وەک کۆمەڵەی ئێرمیسییە سەربەخۆکان ناساند. **~گ.س.**

[364] **هۆنەرە وسە ئۆپالییەکان**: **ئۆپال**: بە ئینگلی *opal*، هەندێک جار بە «یاقووتی زەعفەرانی» یان «ئاقیقی سلێمانی»ش وەردەگێڕرێت. من هەر *ئۆپال*ەکەم هێناوەتەوە، *فەرهەنگی کۆلینز* بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «ئۆپال بەردێکی بەنرخە، بێڕەنگن، یان سپین، بەڵام ڕەنگی تر لەسەریان ڕەنگ دەداتەوە؛ وشەکە لە *ئۆپالوس*ی لاتینییەوە هاتووە، لاتینیش لە *ئۆپالیۆس*ی گریکیی خواستووە، گریکیش لە *ئوپالا*ی سانسکریتیی خواستووە و لە بنەچەدا بە واتای بەردی بەنرخ دێت»؛ *وس* بە ئینگلی *hush*، بە واتای *وس! بێدەنگ!* ئەوەیان لە ڕاڤەکەی گیفرددا بخوێنەوە. **~ن.م.**

«ئۆپال» و «وس» دووان بوون لە وشە دڵخوازە هۆنراوەییەکانی ڕەسڵ و هەندێک لە هۆنەرە گەنجەکان کە ڕەسڵ لە پەڕتووکی *گۆرانییە نوێکان: هەڵبژاردەیەکی هۆنراوەیی بە دەستی ئەی ئی* (دەبلن، ١٩٠٤)دا هانیانی دەدا. وا دیارە پەتاکە ئەوانیشی گرتبووەوە؛ بۆ نموونە ئێلا یۆنگ لە هۆنراوەی *ماڵی ئەوین*دا (لاپەڕە ١٢) دەڵێت:

ماڵی خەونێکم بۆ دروست کردووی
هەر وەکو تیشکی مرواریئاسای بەربەیان جوانە:
ستوونەکانی ورشەی ئۆپالییان وەرگرتووە
لەو ئاسمانانەی کە هێشتا شەویان لێوە نەزاوە. **~گ.س.**

[365] **بلاڤاتسکی**: هێلێنا پێترۆڤنا بلاڤاتسکی (١٨٣١-١٨٩١) گەشتیار و تیۆسۆفیستێکی ڕوسی بوو کە لە ڕێی هەندێک لێکۆڵینەوەی بۆچوونییانەی فێرکارییە نیهانییەکانی هیندستان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کاباڵای سەدەکانی ناوەڕاسی هەردوو دینی مەسیحی و جووەوە خولیا گیانگەرایی و ڕازگەراییەکانی بونیاد نابوو و فراوانی کردبوون. ساڵی ١٨٧٥ کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانی دامەزراند و ساڵی ١٨٧٦ «ڕێبەرینامە»یەکی بۆ شوێنکەوتەکانی خۆی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی *پەردەلادان لەسەر ئیزیس، کلیلێکی سەرەکی بۆ گەیشتن بە ڕازەکانی زانست و فەلسەفەی دێرین و مۆدێرن*. کەسێتییەکی مشتومڕوروژێن بوو، زووزوو لێی دەکۆڵرایەوە و بە درۆ دەخرایەوە، چون هەندێک شتی سەیروسەمەرەی لەسەر زانیارییە هیندییەکانی خۆی دەوت (هیچ سانسکریتیی نەدەزانی)، هەروەها شتی سەیروسەمەرەی لە بارەی توانای پەرجووکاریی خۆیشییەوە دەوت، بۆ نموونە ئەوەی کە دەتوانێت دوای مردنی خۆی دووبارە لە لەشدا دەربکەوێتەوە. **~گ.س.**

**بۆچوونییانە**: بە ئینگلی *impressionistic*، بەرهەمێکە کە زیاتر دەرخەر و پیشاندەری هەست و بۆچوونی بەرهەمهێنەکەی بێت، وەک لەوەی دەرخەری وردەکاریی ڕاستینەی بەرهەمەکە بێت. بە قوتابخانەکەی دەوترێت: *ئیمپرێشیۆنیزم* ***impressionism*** یان دەتوانین بڵێین: «بۆچوونگەرایی». **نیهانی:** بە ئینگلی *esoteric*، شتێکە کە خەڵکانێکی کەم لێی تێبگەن و بیزانن و ڕێزی بگرن. **گیانگەرایی:** بە ئینگلی *spiritualism*، یان زۆر جار وشە ئینگلییەکە خۆیشی بە کار دەهێنرێت کە *سپیریچواڵیزم*ە؛ مەبەست لە گیانگەرایی ئەو بڕوایەیە کە گوایە مرۆڤ و شتان «گیان»یان هەیە و ئەم گیانانە دەتوانن پەیوەندی بکەن. **ڕازگەرایی:** بە ئینگلی *occult*، واتە لێکۆڵینەوە لە شت و هێزی بانسرووشت و جادوویی. **کابالا:** بە ئینگلی *kabbalah*، نەریتێکی دێرینی پەنهانییانەی جووەکانە کە لەسەر بنەمای لێکدانەوەی نیهانییانەی *پەیمانی کۆن* دامەزراوە. **~ن.م.**

366 **ئەی ئی... وتووە**: **یانکی**: بە ئینگلی *yankee*، واتە ١. کەسێک کە خەڵکی وڵاتەکانی باکوور یان خۆرهەڵاتی باکووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت. ٢. هەندێک لە بەریتانییەکان بە هەر کەسێکی ئەمەریکایی دەڵێن «یانکی»، دەشێت ئەم وشەیە بە بێڕێزی لە قەڵەم بدرێت. **~ن.م.**

وەک ڕیچارد ئێم کەین ئاماژەی پێ دا، پڕۆفیسۆر کۆرنیلیوس وەیگاندتی زانکۆی پەنسلڤانیا دیمانەسازەکە بووە، لە هاوینی ساڵی ١٩٠٢دا سەردانی ڕەسڵی کردووە و بابەتی گفتوگۆکەیانی لە لاپەڕە ١٢١-١٢٢ی پەڕتووکی *شانۆنووس و شانۆنامە ئایرییەکان* (بۆستن، ١٩١٣)دا بڵاو کردووەتەوە. ناوی جۆیس نەهاتووە، بەڵام دەتوانرێت بناسرێتەوە کە دەڵێت: «کوڕێک... هێشتا نەبووە بە بیست و یەک ساڵ» لەسەر شەقام دەوەستێت و ڕەسڵ بە گیر دەهێنێت، نەک بۆ ئەوەی دەربارەی ڕازگری («میستیسیزم»، یان «ئابووری») پرسیاری لێ بکات، بەڵکو لە بارەی «هونەری وێژەیی»یەوە پرسیاری لێ دەکات. ڕەسڵ بەوە دەزانێت کە «کوڕەکە کوڕێکی بێهاوتایە و پێی وا بووە کە بزاوتە وێژەییەکان بوون بە بابەتی ڕەشۆکی»؛ هەروەها ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە کوڕەکە «تووش بووە بە ڕێژەیێتیی پاتەر... دواجار کوڕەکە بووە بە پرسیارکەر و بۆی دەرکەوتووە کە ئەی ئی بە دوای ڕەهادا دەگەڕێت. کە ئەمەی بۆ دەرکەوتووە، بە داخەوە هەناسەیەکی داوەتەوە و بێ دوودڵی وتوویەتی: "ئەی ئی مەسیحی من نییە"». بۆ *ڕێژەیێتی بابەتیی {واڵتەر هۆرەیشۆ} پاتەر* (بڕوانە ٩: ٢٥٦). **~گ.س.**

[367] **پلەکانی هۆش**: فێرکارییەکی تیۆسۆفییە کە دیاردەی ژیانی بە کاری حەوت پلەی هۆش (یان ئاگایی/کۆنشەسنێس) لێکداوەتەوە: (.١) هۆشی توخمی، یان ئەتۆمی: هۆشێکی سادەی توخمەکانی مادەن؛ (.٢) هۆشی کانی {یان کانزایی} یان گەردی: لێکدانی توخمەکانە و پێکهێنانی شێوەیەکە بە گوێرەی بنەمایەکی دیاریکراوی نەخشاندن {دیزاین}؛ (.٣) هۆشی خانەیی یان ڕووەکی: هاوبەندکردنەوەیەکی مادەیە لە ڕێی گەشە و فراوانبوونەوە بە گوێرەی بنەمای ژیان؛ (.٤) هۆشی بوونەوەری یان ئەندامی، ئاراستەکردنی ژیان و مادەیە بە گوێرەی بنەمای ئارەزوو؛ (.٥) مرۆڤ، «من-م» ئەو هۆشەی کە خۆی خۆی پێناسە دەکات؛ (.٦) هۆشی گەردوونی، «من-م-ئێمە-تۆ-و-ئێوە-ئەو-ئەوان»: گرێدانی هەموو توخم و گیانەکانە بە یەکەوە، ئاوهاش هەستی جودایی لادەبات؛ (.٧) هۆشی خودایی: ئەوەی کە هیچ جوداییەک نابینێت و هەمووان وەک یەک پارچە یەک دەخات. **~گ.س.**

[368] **ماگێنیس... ماگێنیس - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێپانالێپسیس* – *epanalepsis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لەسەردانان* دێت}. **لەسەردانان**: دووبارەکردنەوەی وشە یان ڕستەیەکە لە دوای شتێکی نێوانیاندا. **~گ.س.**

[369] **جۆن ئێف تەیلەر**: (بە نزیکی ١٨٥٠-١٩٠٢)، پارێزەر و وتاربێژ و ڕۆژنامەنووسێکی ئایر بووە. پەیامنێری دەبلنی ڕۆژنامەی *مانچێستەر گاردیان* بووە، هەروەها «بە ڕای هەندێک دادوەری باش، باشترین وتاربێژی ئایری سەردەمی خۆی بووە». لە ڕاستیدا تەیلەر لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٠١دا ئەو وتارەی بێژاوە کە ماکهیو هەوڵ دەدات بە بیری بێتەوە (بڕوانە ٧: ٣٨٤). **~گ.س.**

[370] **کۆمەڵەی مێژوویی کۆلێج**: کۆمەڵەی مێژوویی کۆلێجی ترینیتی، ساڵی ١٧٧٠ دامەزراوە، بەم شێوەیە لە خۆیان دوواون: «کۆنترین کۆمەڵەی گەنگەشەی زانکۆین لە ئایرلاند و بەریتانیای گەورەدا». هەندێک لەو وتاربێژ و نیشتمانپەروەرە هەرە بەناوبانگانەی مایەڵز کراوفۆرد ئاماژەی پێیان دا ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوون. ئەو کۆبوونەوەیەی باسی دەکات لە ئێوارەی پێنجشەممەی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٠١دا ڕووی دا. **~گ.س.**

[371] **جەنابی دادوەر فیتزگیبن**: جیراڵد فیتزگیبن (١٨٣٧-١٩٠٩) خۆی ئایر بوو، بەڵام ماسۆنییەکی خۆتەرخانکەر و کۆنەپارێزێکی سەرسەخت بوو (بۆیە دژی حوکمی سەربەخۆیی بوو). ساڵی ١٨٧٨ کرا بە لۆردی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە؛ هەروەها

وەک نوێنەری پەروەردەی نیشتمانی، وا دەبینرا کە یەکێکە لەو کەسانەی کە دەیانەوێت ئایرلاند بئینگلێنن {بە-ئینگلی-کردن}. **~گ.س.**

372 **جەنابی... ئێستا - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەپۆزیشن* – *apposition*، {وشەکە لە بنەچەدا لاتینییە، بە واتای *دانان* دێت}. **دانان**: دانانی دوو ڕەگەزی هاوپلەن پێکەوە، دووەمیان وەک ڕوونکردنەوە و زێدەخستنەسەری یەکەمە. **~گ.س.**

373 **بووژاندنەوەی زمانی ئایری**: بەشێک بوو لە بزاوتێک کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گۆڕێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. ئامانجیان ئەوە بوو، وەک دۆگلاس هاید دەیوت: «ئینگلاندنی ئایرلاند هەڵبوەشێنێتەوە» {واتە ئایرلاند لە بە-ئینگلی-کردن ڕزگار بکات} و دووبارە ئایرلاندێکی ئایری دروست بکاتەوە. ئەگەرچی بە ڕووکەش لە بزاوتێکی چاندی دەچوو، بەڵام لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی و وارگێڕی بوو (بڕوانە ٩: ٢٣٤). **~گ.س.**

374 **تیم هیلی**: تیمۆثی مایکڵ هیلی (١٨٥٥-١٩٣١) نیشتمانپەروەر و وارگێڕێکی ئایر بوو، سەرەتا وەک «جێدار»ی پارنێڵ ناسرا {*جێدار* لە *فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان*ەوە، لە بری «مولازم» دانراوە}، بەڵام دواتر بوو بە یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەوانەی پارنێڵیان لە پێشەوایی دەرکرد، ئاوهاش بە «خیانەتکار لە پارنێڵ» ناسرا. بەڵام سەرەڕای ئەوە بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئایرلاند تێدەکۆشا. **~گ.س.**

375 **کۆمیسیۆنی... ترینیتی**: جێنشینی پاشا لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا کۆمیسیۆنەکەی پێکهێنا. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانیان (دەبلن، ١٩٠٥) ئامانجیان ئەمانە بوو: (.١) بەدواداچوون و نووسینی ڕاپۆرت لەسەر پەیوەندیی نێوان پێبەخشراو و کرێنشین و کرێچییە دانیشتووەکان، هەر لە ڕۆژی دەرچوونی بەندی یاسای بەکرێدان و ماوەی ساڵی ١٨٥١ەوە؛ (.٢) بەدواداچوون و نووسینی ڕاپۆرت لەسەر شێواز و چۆنێتیی کڕینی موڵکەکانی کۆلێج لە لایەن کرێنشینێکی دانیشتووی موڵکەکەوە، تا بتوانرێت بە گوێرەی بەندی دەستووریی کڕینی زەویوزار، بێ کەمکردنەوەی تێکڕایی کرێی نوێ کە کۆلێجی ترینیتی وەک خاوەنموڵکی سەرەکی دایڕشتووە، ڕێوشوێنی بۆ دابین بکرێت. بە دەربڕینێکی تر: مامەڵەکردن بە موڵکەکانی کۆلێجی ترینیتییەوە بە گوێرەی داڕشتنی خاوەنەکانی؛ کۆمیسیۆنەکە ئەرکی ئەوەی پێ سپێررابوو کە زانکۆ لە هەمان کاتدا پابەندی یاسای زەویوزاری ئایری بێت و داهاتیشی مسۆگەر بێت. **~گ.س.**

[376] **ئەی لەم... دادەنیشێت:** پلارەکە لەسەر هیلییە، دوای ئەوەی بابەتی تەڵاقەکەی خاتوو ئۆشێ لە ناو خەڵکدا بڵاو بووەوە، هیلی جارێ «بێڕەوشتی»ی پارنێڵی دەدا. کراوفۆرد ئاماژە بەوە دەدات کە شەرمەزارکردنەکە ئەوەندە ساویلکانە (و بەدکارانە) بوو کە دەکرێت وەک ڕەوشتی دزێو دابنرێت. لە سەدەی نۆزدەدا کوڕی ساوا تا تەمەنی سێ و چوار ساڵانیش کەوا و بەروانکەیان پێ لەبەر دەکرا. **~گ.س.**

[377] **جامی تووڕەییەکەی:** «ئینجا لە پەرستگاکەوە گوێم لە دەنگێکی بەرز بوو بە حەوت فریشتەکەی دەفەرموو: ʺبڕۆن حەوت جامەکەی تووڕەیی خودا بەسەر زەویدا بڕێژن.ʺ» (ئاشکراکردن ١٦: ١). **~گ.س.**

[378] **بەڵکو... فیزنەکەی:** هاملێت لە درێژەی خۆدوواندنی *هەبوون یان نەبوون*دا دەپرسێت:

کێ بەرگەی قامچییەکان و سووکایەتییەکانی کات دەگرێت،
[یان] خراپەی ستەمکار، سووکایەتیی پیاوی فیزن،
ژانەکانی ئەوینی بێبەهاکراو، خاوەخاوی یاسا،
بێڕێزیی کاربەدەستان، ئەو شەقانەی
دانبەخۆداگری مەرد لە نامەردی قبوڵ دەکات،
لە کاتێکدا دەتوانێت بە تاقە خەنجەرێک
خۆی دەرباز بکات؟

(هاملێت ٣: ١، ٧٠-٧٦ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}) {بۆ تەواوی خۆدوواندنەکە (بڕوانە ٩: ٤)}. **~گ.س.**

[379] **ئەوە وتاری... نوێ بوو - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پاراڵێپسیس* - *paralepsis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *وەلانان* دێت}. **وەلانان:** جەختکردنەوەیە بە کارتێکردن بۆ وەلانانی مەبەستی ویستراو بێ سەرنجپێدان، بە گشتی لە ڕێی دەستەواژەی «ئەمە جگە لەوەی» و «ئەوە هیچ... لەولاوە بوەستێت»ەوە. **~گ.س.**

[380] **ئەو کاتە... لاواز بووین:** ئەمە تا ڕادەیەک پەیڤێکی هەڵەیە. کۆمەڵەی گیلییەکان، کە ساڵی ١٨٩٣ دامەزرابوون، هەوڵ و تەقەللاکانیان ساڵی ١٩٠١ پێشکەوتنی بەرچاوی بە دەست هێنابوو، بەڵام بێگومان، لە ناو کۆنەپارێزە ئینگلی-ئایرییەکانی لە چەشنی فیتزگیبندا زۆر بەبرەو نەبوون. **~گ.س.**

[381] **بەربوورە:** بە ئینگلی *impromptu*، وتەیەک یان کارێکە کە کەسێک بێ ئامادەکاری و نەخشەسازی و بیرکردنەوە دەریدەبڕێت، یان جێبەجێی دەکات. **~ن.م.**

[382] **به تۆنێکی کێوییانە:** ئەو وشەیەی بە «کێوی» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *فیریەڵ ferial*ە؛ ڕاڤەی جیاجیای لەسەرە، خودی وشەکە چەند واتایەکی هەیەکە ئەمانەن: ١. ئاوەڵناوی دانەپاڵیی وشەی *feria*یە کە زاراوەیەکی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمییە، بە واتای: *حەفتەیەک کە بۆنە و جەژنی تێ نەکەوێت*؛ کەواتە وشەکە دەبێتە «بێبۆنەیی» و لە ڕستەکەدا دەبێت بە: *بە تۆنێکی بێبۆنەیی*، پێم وایە ئەم وەرگێڕانە هەڵەیە. ٢. زۆر بە دەگمەن واتای *پشوویی* دەگەیەنێت، ئەویش پشووی حەفتە؛ ئەو کاتە دەقەکە دەبێت بە: *بە تۆنێکی پشوویی*؛ کە پێم وایەئەم وەرگێڕانەش هەڵەیە. سام سلەوت ڕاڤەیەکی هارالد بێک-ی بە سەرچاوە داناوە کە دەڵێت:

> *تۆنوس فێریالیس* tonus ferialis «بە تۆنێکی *فێریال*» یەکێکە لە تۆنەکانی نوێژکردن *toni orationum*، ئەم شێوە دەنگدەرکردنی تۆنە لە بەشی جیاجیای خزمەت و وتاری پیرۆزی دینیدا بە کار دەهێنرێت. تاکتۆنییەکی {مۆنۆتۆنی} دانەبڕاوە کە بۆ نوێژخوێندنی ئاسایی حەفتانە جێبەجێ دەکرێت.

لە وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەدا وشەی *férial*یان داناوە، بە واتای *گراوی* دێت، کە پێم وایە هەڵبژاردنەکەیان دروستە. دکتۆر تەها وشەی «مستأنية»ی داناوە کە خۆم واتاکەیم نەزانی و فەرهەنگیشی بۆ گەڕام و هەر نەمدۆزییەوە، پاش سۆراخ پێم وترا کە لە دروستکراوی خۆی دەچێت، ئەگەر «متأنية» بووایە ئەوە بە واتای *هێمنی* یان *ڕوونی* دەهات. لە *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد*دا وێڕای ئەو واتایانە، دەڵێت کە شێوەیەکی جیاوازی نووسینی وشەی *فێرەڵ feral*ە، بە واتای *نامالی، کێوی، ڕامنەکراو، دابیننەکراو* کە یەکێکن لە واتاکانی وشەکە؛ من ئەمیانم لە هەموویان بە ڕاستتر زانی. **~ن.م.**

[383] **لە پیاوێک... ئاویلکەدا بێت - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێپانۆرثۆسیس – epanorthosis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *سەرراستکردنەوە* دێت}. **سەرڕاستکردنەوە:** وشە یان دەستەواژەیەکە دەخرێتە ڕستەوە بۆ خۆپاراستن یان ڕاستکردنەوەی ئەگەری تێنەگەیشتن. **~گ.س.**

[384] **بە کورتی... وای وت:** وتارەکەی تەیلەر هەرگیز نە نووسراوەتەوە و نە تۆمار کراوە. گێڕانەوەکەی ماکهیو بۆ وتارەکەی تەیلەر تەنها گێڕانەوەیە و هیچی تر، هەروەک چۆن گێڕانەوەکەی یەیتیسیش، کە لە لاپەڕە ٦٤-٦٥ی پەڕتووکی *ژیننامەی ویلیەم بەتڵەر یەیتس بە قەڵەمی خۆی* (نیو یۆرک، ١٩٥٨)دا نووسیویەتیەوە هەر گێڕانەوەیە، هەروەها ئەو

گێڕانەوە «کاڵوکرچ»ەش کە لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٠١دا لە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*دا بڵاو کراوەتەوە (لە لاپەڕە ٩١nی ئێلماندا نووسراوەتەوە). **~گ.س.**

[385] **مەزن بوو... ئایرلاندی کرد - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئینانتیۆسیس* – *enantiosis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *دژدان* دێت}. **دژدان**: دژ یان پێچەوانەی ئەوە مەبەستەکەیە کە دەوترێت؛ جۆرێکە لە تەوس (بڕوانە ٧: ١٢٣). **~گ.س.**

[386] **موسای گەنج**: موسا ئەو کاتە لە دایک بووە کە ئیسرائیلییەکان لە میسر کۆیلە بوون، بۆیە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی فەرمانی کوشتنی بە سەردا درابوو «ئینجا فیرعەون فەرمانی بە هەموو گەلەکەی دا و گوتی: ”هەر کوڕێکی عیبرانی کە لە دایک دەبێت، فڕێیبدەنە ناو ڕووباری نیل، بەڵام با هەموو کچەکان بژین.“» (دەرچوون ١: ٢٢) دایکی بۆ قوتاربوون لەم فەرمانە، موسای لە «سەبەتەیەکی لە زەل دروستکراو»دا... «لە کەناری نیل لە ناو قامیشەڵان»دا شاردەوە. (دەرچوون ٢: ٣) و لەوێ کچەکەی فیرعەون دۆزییەوە و «بوو بە کوڕی ئەو» (دەرچوون ٢: ١٠). ئاوها موسا، ئەگەرچی ئیسرائیلی بوو، بەڵام وەک میسرییەک بە خێو کرا؛ دواتریش بوو بە سەرکردەی ئیسرائیلییەکان لە تێکۆشانەکانیاندا بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی لە میسر. **~گ.س.**

[387] **با دووکەڵی پێچاوپێچمان**: لە کۆتایی شانۆنامەی *سیمبێلین*ی شێکسپیردا، کە ئاشتی و تەبایی دەگەڕێتەوە، سیمبێلین دەڵێت:

ستایشی خواکان دەکەین؛
با دووکەڵی پێچاوپێچمان تا کونەلووتیان سەرکەوێ
لە قوربانگا پیرۆزەکانی ئێمەوە.
ئەم ئاشتییە
بەسەر هەموو خەڵکانی ناو قەڵەمڕەومان پەخش بکەین.

(سیمبێلین ٥: ٥، ٤٧٦-٤٧٩). **~گ.س.**

[388] **لە بابەکانەوە**: مەبەست لە بابەکانی کڵێسایە، ئەمە ناسناوێکی شانازییە و دراوەتە پاڵ نووسەر و پێشەواکانی سەرەتای بڵاوبوونەوەی دینی مەسیحی، لێرەدا مەبەست لە سانت ئاوگوستینە. **~گ.س.**

[389] **بۆم ئاشکرا بوون... بۆم ئاشکرا بوو - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەنادیپلۆسیس* – *anadiplosis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *دووبارەکردنەوە* دێت}.

**دووبارەکردنەوە**: دووبارەکردنەوەی بەشێکی دیاری ڕستە، دێڕ یان کۆپلەیەکە، کە زۆر جار بەشی کۆتاییە و دووبارەکردنەوەیەتی لە سەرەتای کۆپلەی داهاتوو. **~گ.س.**

[390] **بۆم ئاشکرا بوو... خراپ بن**: لە بەشی حەوتەمی پەڕتووکی د*انپێدانانەکان* (۳۹۷)ی سانت ئاوگوستین-ەوە هێنراوە، دەگاتە ئەوەی کە دەڵێت: «کەواتە ئەگەر لە هەموو باشەیەک بێبەری بووبن، ئیتر بە هیچ شێوەیەک نابن: بۆیە تا هەبن، باشن. کەواتە هەر شتێک هەبێت، باشە». **~گ.س.**

**دەقی وەرگێڕراوی سەرچاوەکە**

بۆم ئاشکرا بوو کە ئەو شتانەش باشن کە خراپ بوون، ئەگەر باشی باڵا بن یان ئەگەر باش نەبن ناتوانرێت خراپ بن؛ چون ئەگەر باشی باڵا بن، ئەوا خراپ نابن، ئەگەر باشیش نەبن، هیچیان تێدا نابێت کە خراپ ببێت. گەرچی خراپبوون زیانمەندە، بەڵام ئەگەر باشی کەم نەکاتەوە، زیان ناگەیەنێت. کەواتە یان خراپە زیان ناگەیەنێت، کە ناکرێت وا بێت، یان ئەوەی زۆر جێی بڕوایە، هەموو ئەوانەی خراپ بوون لە باشە بێبەری بوون. بەڵام ئەگەر لە هەموو باشەیەک بێبەری بووبن، ئەوا بە هیچ شێوەیەک بوونیان نابێت. چون ئەگەر بوونیان هەبێت و ئیتر نەتوانرێت خراپ بن، کەواتە باشتر بوون، چونکە بە خراپنەبوویی دەمێننەوە. ئێ چیش لەوە قێزەونترە کە بوترێت شتان بە لەدەستدانی هەموو شتێکی باش باشتر بوون؟ کەواتە ئەگەر لە هەموو باشەیەک بێبەری بووبن، ئیتر بە هیچ شێوەیەک نابن: بۆیە تا هەبن، باشن. کەواتە هەر شتێک هەبێت، باشە، ئەو خراپەیەشی بۆی دەگەڕام کە لە کوێوە هاتووە ماکەیەکی نییە، چون ئەگەر ماکەیەک بووایە، باش دەبوو. چون یان دەبوو ماکەیەک بێت کە لە خراپبوون نەیەت، کە بێگومان دەبووە باشێکی مەزن، یان دەبوو بە ماکەیەک کە دەکرا خراپ ببێت، کە تا باشیش نەبێت ناکرێت خراپ ببێت. کەواتە وام دی و وا بۆم دەرکەوت کە تۆ هەموو شتێکی باشت دروست کردووە و بە ڕەهاییش هیچ ماکەیەک نییە تۆ دروستت نەکردبێت. ئینجا لەبەر ئەوەشی تۆ هەموو شتێکت بە یەکسانی دروست نەکردووە، کەواتە هەموو شتێک، لەبەر ئەوەی هەر یەکێکیان باشن، هاوکات هەموو شتێک زۆر باشن، چون خوداکەمان هەموو شتێکی ئێجگار باش دروست کردووە. (*دانپێدانانەکان*، سانت ئاوگوستین، پەڕتووکی حەوتەم، پاری دوازدەیەم)

ڕەچاوی دێڕ بە دێڕ و وشە بە وشەی دەقە ماکە لاتینییەکەی ئاوگوستینم کردووە، هاوکات لەگەڵ ئەم پێنج وەرگێڕانە ئینگلیزییەشدا بەراوردم کردووە: ١. ماریا بوولدینگ؛ ٢. ئێدوارد بۆوڤەری پیوسی؛ ٣. جەی جی پیلکینگتن؛ ٤. هێنری چادویک؛ ٥. ئەلبێرت سی ئاوتلەر. **~ن.م.**

[391] **ئای بە نەفرەت بیت! - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئینڤێکتیڤ* – *invective*، {وشەکە لە بنەچەدا لاتینییە، بە واتای *هێرش* دێت}. **هێرش**: دەربڕینێکی توند، تاڵ یان برینداركەرە. **~گ.س.**

[392] **گەمییە... چوارسەوڵەکانمان**: **سێسەوڵ**: بە ئینگلی *trireme*، گەمییەکە، خەڵکانی گریکی دێرین پەرەیان پێی داوە، لە هەر لایەکی گەمییەکە سێ قات، یان سێ ڕیز سەوڵلێدەری هەیە؛ خۆم وشەکەم داڕشتووە. **چوارسەوڵ**: بە ئینگلی *quadrireme*، گەمییەکە، خەڵکانی شارستانێتیی دێرین پەرەیان پێی داوە، لە هەر لایەکی گەمییەکە چوار قات، یان چوار ڕیز سەوڵلێدەری هەیە؛ خۆم وشەکەم داڕشتووە. **~ن.م.**
تیلنیشانەکە بۆ سوپای دەریایی و بازرگانیی ئاویی بەریتانی گەلێک ئاشکرایە. **~گ.س.**

[393] **ئێوە خێڵێکی... دێراو دەکەن- (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەنتیثێسیس* – *antithesis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *دژەجێ* دێت}. **دژەجێ**: پێکجووتکردنی بیری پێچەوانەیە، زۆربەی جار بە بونیادی هاوتەریب. **~گ.س.**

[394] **ئێوە خێڵێکی... پەیدا بوون - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئینکرێمێنتوم* – *incrementum*، {وشەکە لە بنەچەدا لاتینییە، بە واتای *پلەمەنی* دێت}. **پلەمەنی**: پلەپلە بەرزکردنەوەیە بەرەو سەرکەوتن (کلایماکس). **~گ.س.**

[395] **منداڵ، پیاو، پەیکەر**: ئاماژەیە بە گەشەی موسا، لە سەبەتەی لەزەلدروستکراوەوە بۆ پەیکەرەکەی میکێلانجیلۆ. **~گ.س.**

[396] **بەبەمریەمەکان**: دوو خانم موسایان شاردەوە، یەکێکیان دایکی بوو، ئەوی تریان خوشکەکەی بوو، هەر وەک چۆن دوو مریەم ئاگایان لە گۆڕەکەی عیسا بووە (بڕوانە ٣: ٢٤٠). **~گ.س.**

ئەم وشەیە زۆر ڕوون نییە، جۆیس سەرەتا هەمووی بە پیتی بچووک نووسیوە *maries*، ئەگەر پیتی یەکەمیان گەورە بووایە، ئەوە دەبوو بە *مریەمەکان*، بە گوێرەی *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* بە واتای *مارۆو marrow* دێت، کە یەکێک لە واتا دەگمەنە شێوەزارییەکانی دەبێتە *هاوکار*؛ بەڵام جۆیس لە پێداچوونەوەدا وشەکەی کردووە بە *بەبیماریس*

*babemaries* که وشەی *بەیب* بە گوێرەی فەرهەنگی ناوبراو ئەم واتایانەی هەیە: ١. ساوا، بچکۆلە؛ ٢. لەیستۆک؛ ٣. کچ یان ژن (بازاڕی: لە کاتی بانگکردندا). بەم شێوەیە *بەیبماریس* دەکرێت بە واتای *بەبەهاوکارەکان* بێت. دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا کردوویەتی بە *الجاریتان* بە واتای *دوو ژنە خزمەتکارەکە*.

سام سلەوت لێرەدا بەم شێوەیە ڕاڤەی کردووە:

> دایک و پووری موسا موسایان لە ناو «سەبەتەیەکی لەزەلدروستکراو»دا شاردەوە (دەرچوون ٢: ٣)، بەوەی کە بە «بەیبماریس» ناویان دەهێنێت، هێنراونەتە شێوەی دوو مریەمەکەی کە بە دیار گۆڕەکەی عیساوە دادەنیشن {لە *پەیمانی نوێ*دا باس لەم دوو مریەمە دەکات}.

لە *کتێبی پیرۆز*دا نالێت پووری موسا موسای شاردووەتەوە، بۆیە لە وەڵامدا بەم شێوەیە پەیامم بۆی نارد:

> ئایا دایک و *پووری* موسا موسایان شاردەوە؟ ئایا ئەمە هەڵەیە؟ یان من *کتێبی پیرۆزم* بە هەڵە خوێندووەتەوە؟ هەروەها واتای «بەیبماریس» چییە؟ جۆیس سەرەتا نووسیویە «ماریس»، بۆچی هەمووی بە پیتی بچووک نووسیوە؟ سوپاس.

لە وەڵامدا بۆی نووسیوم:

> ئەمە دێڕێکی زۆر چڕە و ژێدەری زۆری پێوە بەستراوە. لە ڕاڤە نوێترەکانی *ئولیسی جەیمز جۆیس*دا (چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد) ڕاڤەی درێژتر لەسەر ئەمە هەیە، کە لەبەر هەندێک هۆکار چووەتە شوێنێک کە دێڕێکی ئەڵقەی سێیەم ڕاڤە دەکات. لە یەزدانناسیی مەسیحیدا دایکی موسا بە شێوەیەکی نەریتییانە وەک هاوشێوەیەکی بەرایی مریەمی پاکیزە دەبینرێت و خوشکەکەی موساش، کە بە دیار دایکیەوە وەستاوە ئەو کاتەی موسا دەخاتە ناو سەبەتە لەزەلدروستکراوەکەوە، ناوی میریامە، ئاوهاش ئەو مریەمی دووەمە. نووسین بە پیتی بچووک تەنها شتێکە لەو شتانەی جۆیس دەیانکات. هەروەها تیلنیشانێکیش بە گرێ پەندییەکەی {**گرێی پەندی**: دەستەواژەیەکە لەسەر پەندێک یان وتەیەکی پێشینان بونیاد نرابێت، وەک: خووی شیری، چەمی بێ چەقەڵ} «دوو مریەمەکە» و «چوار مریەمەکە»ی تێدایە. گرێی پەندیی «دوو مریەمەکە» ئاماژەیە بە دوو خانم کە هەردووکیان ناویان مریەمە و لەسەر گۆڕی عیسا بوون، شوناسی تەواویان لە ئینجیلەکاندا جێگیر نییە: بە گوێرەی *مەرقۆس*

«مریەمی مەجدەلی و مریەمی دایکی یاقوب»ن (مەرقۆس ١٥: ٤٧)؛ بە گوێرەی *مەتا* «مریەمی مەجدەلی و مریەمەکەی دیکە»ن (مەتا ٢٨: ١). هەروەها *دوو مریەمەکە* (١٨٩٦) ناونیشانی ڕۆمانێکیشە لە نووسینی مارگەرێت ئۆلیفانت (١٨٢٨-١٨٩٧) کە نووسەرێکی سکۆتییە. ئاماژە ڕاستەوخۆکە بە دایکی موسایە کە هێمایەکی بەرایی مریەمی پاکیزەیە – منداڵەکەی لە ناو سەبەتەیەکدا کە لە زەل دروست کراوە لە دەستی فیرعەون دەشارێتەوە، خوشکەکەشی کە ناوی میریام، یان مریەمە، لە دوورەوە تەماشا دەکات (دەرچوون ٢: ٣-٤). هاوکات *ماری* وشەیەکی پەندییە بە واتای خزمەتکار، یان کارکەرێکی ژن، ئەویش لە ناوی «چوار مریەمەکە»وە هاتووە کە چوار خانمی خزمەتکاری ماریی شاژنی سکۆتلاند بوون (سوپاس بۆ ماری دارسی). **~س.ت.م.١**

[397] **کەڕەپوو**: (بڕوانە ٣: ٢٤١). **~ن.م.**

[398] **پیاوێکی جیرِ لە جەنگدا**: «کاتێک موسا گەورە بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان چووە دەرەوە بۆ لای براکانی و سەیری بارگرانییەکانی کرد، بینی پیاوێکی میسری لە پیاوێکی عیبرانی دەدات، کە لە براکانیەتی. ئەویش تەماشای ئەم لا و ئەو لای کرد و بینی کەسی لێ نییە، ئیتر میسرییەکەی کوشت و لە ناو لم شاردییەوە.» (دەرچوون ٢: ١١-١٢). **~گ.س.**

[399] **قۆچبەرد**: پەیکەرەکەی میگێلانجیلۆ موسا بە شێوەیەک پیشان دەدات کە قۆچی هەبووە {وەک بزن}، وەک چۆن زۆرێک لەو وێنە و پەیکەرانەی سەدەکانی ناوەڕاست موسایان وەها وێنە کردووە. نەریتی پیشاندانی ئەم نیشانە جیاکەرەوەیە لە هەڵەیەکی وەرگێڕانی کرداری عیبریی *قارەن*ەوە هاتووە، کە لە بنەچەدا بە واتای *لێڕوانی قۆچ* دێت، بەڵام بە شێوەیەکی میتافۆڕی بە واتای *لێوەهاتنی تیشک* دێت. لە وەرگێڕانەکەی پاشا جەیمزدا بۆ *کتێبی پیرۆز* لە (حەبەقوق ٣: ٤)دا هەڵەکە هاتووە و دەڵێت: *he had horns coming out of his hand* {بە کوردی واتە: «قۆچ لە دەستیەوە دەڕوا/دەردەچوو» کە لە ڕاستیدا دەبوو بڵێت: *he had bright beams coming out of his hand* {بە کوردی واتە: «تیشکی ڕووناک لە دەستیەوە دەردەچوو» لە وەرگێڕانە کوردییەکەی *کتێبی پیرۆز*دا دەڵێت: «لە دەستیەوە ڕووناکی دەبارێت»}. سانت جێرۆم (بە نزیکی ٣٤٠-٤٢٠) هەڵەیەکی هاوشێوەی لە وەرگێڕانی (دەرچوون ٣٤: ٢٩)دا کردووە {وەرگێڕانە کوردییەکە، کە ڕاستە، دەڵێت: «کاتێک موسا لە شاخی سینا دەهاتە خوارەوە، هەردوو تەختەکەی پەیمانی لەدەست بوو، لە هاتنە خوارەوەی لە کێوەکە موسا نەیزانی کە پێستی دەموچاوی

دەدرەوشێتەوە، لەبەر قسەکردنی لەگەڵ یەزدان»}. سانت جێرۆم ئەم دێڕەی بەم شێوەیە وەرگێڕاوە: *his face was horned* {بە کوردی دەبێتە «قۆچ لە دەموچاوی ڕووابوو»} و ئاوهاش ئەم هەڵەی وەرگێڕانە ئەو نەریتی وێنەکردنەی موسای چەسپاند. **~گ.س.**

400 **بتێکی خۆماڵی و نادیار**: لێکۆڵەرانی کۆتایی سەدەی نۆزدەی *کتێبی پیرۆز* بە گشتی بڕوایان وا بوو کە بنەچەی تاکخوداپەرستیی جووەکان لە هەندێک هۆزی نزیکی شاخی سیناوە سەری هەڵداوە، گوایە بە گوێرەی چاندی ئەو هۆزانە شاخیان لا پیرۆز بووە و بە شوێنی نیشتەجێبوونی «یەهوێ» {خودا} دایاننـاوە. ئەم لێکۆڵەرانە پێشیان وا بووە کە موسا کەسێکی تاک نەبووە، بەڵکو نوێنەرێکی هێماییانەی ئەم هۆزانە بووە. **~گ.س.**

401 **ئیزیس و ئۆزیریس**: دوو خودای سەرەکیی خوداکانی میسری سەدەی پێش سەرهەڵدانی مەسیحێتی بوون. ئیزیس نوێنەری بناغەی مێینانە و وەرگر و بەرهەمهێنەری سرووشتە. ئۆزیریس برا و مێردی بووە، خودای نێرینەی بەپیتکەری زەوی بووە؛ نوێنەری سووڕی مردن و هەڵستانەوەی جیهانی سرووشتی بووە، هەروەها سەرگەورەی جیهانی خواروو بووە. **~گ.س.**

**جیهانی خواروو**: لە زۆرێک لە دین و ئوستوورە دێرینەکاندا «جیهانی ژێرەوە/خواروو» شوێنێکە لە ژێر ڕووی زەویدا کە خەڵک دوای مردنیان دەچنە ئەوێوە. **~ن.م.**

402 **هۆروس**: کوڕی ئیزیس و ئۆزیریس بووە. تۆڵەی مردنی باوکی سەندووەتەوە و وەک خودای سەرکەوتووی ڕووناکی دانراوە کە بەسەر تاریکی و زستان و وشکەساڵیدا زاڵ بووە. **~گ.س.**

403 **ئاموون ڕا**: لە ئوستوورەی میسریدا خودای کوڕ و گەورەی خوداکان بووە، پارێزەری مرۆڤ و بەزێنەری خراپەکارییە. **~گ.س.**

404 **ئەگەر موسای... کەچ کردبا - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەناباسیس* – *anabasis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *هەڵکشان* دێت}. **هەڵکشان** و **سەرکەوتن** یەک شتن. **~گ.س.**

405 **هەرگیز... دەرنەدەهێنا**: ڕستەیەکی باوە کە گوزارشت لە سەرکردایەتیی موسا دەکات بۆ نەوەی ئیسرائیل وەک لە (دەرچوون ١٣: ١٧-٢٠) و (دەرچوون ٢٠: ٢)دا ئاماژەی پێ دراوە. **~گ.س.**

**دەقی سەرچاوەی یەکەم:**

ئەوە بوو کە فیرعەون ڕێی دا گەلەکە بڕۆن، خودا ڕێنمایی نەکردن بۆ ڕێگای خاکی فەلەستییەکان، لەگەڵ ئەوەی نزیکیش بوو، چونکە خودا فەرمووی: «نەوەک گەل پەشیمان ببنەوە کاتێک شەڕ ببینن و بگەڕێنەوە بۆ میسر.» ئیتر خودا گەلی سووڕاندەوە بۆ ڕێگای چۆڵەوانی دەریای سوور. نەوەی ئیسرائیل بە ڕیز چەکداربوون بۆ جەنگ و لە خاکی میسرەوە سەرکەوتن. موساش ئێسکەکانی یوسفی لەگەڵ خۆی برد، چونکە یوسف نەوەی ئیسرائیلی سوێند دابوو و گوتبووی: «بێگومان خودا بەسەرتان دەکاتەوە، دەبێت ئێوەش لێرەوە ئێسقانەکانم لەگەڵ خۆتان ببەنەوە.» (دەرچوون ١٣: ١٧-٢٠)

**دەقی سەرچاوەی دووەم:**

من یەزدانی پەروەردگارتانم کە لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان، لە خاکی کۆیلایەتییەوە. (دەرچوون ٢٠: ٢)

لە دەقەکەی جۆیسدا دەڵێت «ماڵی کۆیلایەتی» بەڵام سەرنج بدە لە وەرگێڕانە کوردییەکەی *کتێبی پیرۆز*دا دەڵێت: «خاکی کۆیلایەتی»؛ ئەمە پەیوەندی بە وەرگێڕانی جیاوازی *کتێبی پیرۆز*ەوە هەیە، وا دیارە جۆیس لە وەرگێڕانەکەی پاشا جەیمزەوە هێنابێتی کە لە ئینگلیییەکەدا دەڵێت: *I am the Lord thy God, which have brought thee out of the land of Egypt, out of the* ***house of bondage***. من لە دەقەکەدا ئەوەی جۆیسم هێنایەوە، نەک وەرگێڕانە کوردییەکە، کە پێم وا نییە جیاوازییەکی گرنگ دروست بکات. **~ن.م.**

406 **بە ڕۆژیش... هەور نەدەکەوت**: لەو هۆنەیەی *کتێبی پیرۆز*ەوە هێنراوە کە باس لە تێپەڕینی نەوەکانی ئیسرائیل دەکات بە ناو دەریای سووردا. «یەزدانیش لەپێشیانەوە دەڕۆیشت، بە ڕۆژ لە ستوونێکی هەوردا لە ڕێگا ڕابەرایەتی دەکردن، بە شەویش لە ستوونێکی ئاگر هەتا ڕووناکییان بۆ ببێت، بۆ ئەوەی بە شەو و ڕۆژ بڕۆن» (دەرچوون ١٣: ٢١). **~گ.س.**

407 **بە ڕووناکیی... دانەدەبەزی**: لە بەشی ١٩ی پەڕتووکی *دەرچوون*دا نەوەکانی ئیسرائیل دەچنە سەر شاخی سینا، موساش بۆ سێ ڕۆژ پەیوەندیی لەگەڵ خودادا دەبێت کە دواتر بەوە دەگات کە شاخی سینا دوکەڵ دەکات و دەلەرزێت. **~گ.س.**

**هەرگیزیش... دانەدەبەزی - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئیسۆکۆلۆن* – *isocolon*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *یەکدەق* دێت}. **یەکدەق**: ڕەگەزی هاوتەریبن کە لە بونیاد و درێژییاندا هاوشێوەن. **~گ.س.**

[408] **تەختەی یاساکانی هەڵنەدەگرت**: لە بەشەکانی ٢٠ تا ٣١ی پەڕتووکی *دەرچوون*دا، باس لەو ماوەیە دەکات کە موسا لەسەر شاخی سینا بوو و دە ڕاسپاردەکەی خودای لەگەڵ هەندێک یاسای تردا وەک تۆمار وەرگرت. «موسا ڕووی وەرگێڕا و لە کێوەکە هاتە خوارەوە، دوو تەختەکەی پەیمانیشی لە دەست بوو، ئەو تەختانەی لە هەردوو ڕووەکەی نووسرابوون، لەم لاو لەو لاوە نووسرابوون. تەختەکان دەستکردی خودان و نووسینەکەش نووسینی خودایە لەسەر تەختەکان نەخشێنراوە.» (دەرچوون ٣٢: ١٥-١٦) هەروەها «کاتێک موسا لە شاخی سینا دەهاتە خوارەوە، هەردوو تەختەکەی پەیمانی لەدەست بوو، لە هاتنە خوارەوەی لە کێوەکە موسا نەیزانی کە پێستی دەموچاوی دەدرەوشێتەوە، لەبەر قسەکردنی لەگەڵ یەزدان» (دەرچوون ٣٤: ٢٩). **~گ.س.**

[409] **کەچی... مرد**: «ئینجا موسا لە دەشتەکانی مۆئابەوە بۆ چیای نەبۆ سەرکەوت بۆ سەری پسگە، کە بەرامبەر ئەریحایە، جا یەزدان هەموو خاکەکەی پیشان دا، لە گلعادەوە هەتا دان و هەموو نەفتالی و خاکی ئەفرایم و مەنەشە و هەموو خاکی یەهودا هەتا دەریای خۆرئاوا و نەقەب و هەموو ناوچەکە، لە دۆڵی ئەریحاوە "شاری دار خورما" هەتا زۆعەر، یەزدان پێی فەرموو: "ئەوە ئەو خاکەیە کە سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و فەرمووم: "دەیدەمە نەوەکەت." وا بە چاوەکانی خۆت پێم پیشان دایت، بەڵام تۆ بۆ ئەوێ ناپەڕیتەوە." جا موسای بەندەی یەزدان لەوێ مرد، لە خاکی مۆئاب بەگوێرەی فەرمانی یەزدان» (دواوتار ٣٤: ١-٥)

ئایا گوناهی موسا چی بووە و بۆچی خودا ڕێی نەدا موسا پێ بخاتە ناو خاکی بەڵێندراوەوە؟ ئەمە دەمێکە ڕای جیاوازی هەڵگرتووە. هەندێک لە ڕاڤەکارانی *تەورات* پێشنیاری ئەوە دەکەن کە موسا بە هۆی گەلەکەیەوە (ئەو کاتەی موسای لێنەبوو و لەسەر شاخی سینا بوو ئەوان گوێرەکەیەکی زێڕینیان داڕشت و پەرستیان، وەک لە بەشەکانی ٣٢ و ٣٣ی پەڕتووکی *دەرچوون*دا باسی دەکات) لەگەڵ گەلەکەیدا سزای بێبڕوایی گەلەکەی و یاخیبوونی ئەوانی وەرگرتووە (وەک لە بەشی ١٣ و ١٤ی پەڕتووکی *سەرژمێری*دا باسی دەکات). هەندێک ڕاڤەکاری تر پێشنیاری ئەوە دەکەن کە موسا خۆی بڕوای لە دەست داوە کاتێک خۆی و هارون لە بەردەوە ئاویان دەرهێنا، بەڵام بە گوێرەی ڕێنماییەکانی

خودا نەبوو: «بەڵام یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: ”لەبەر ئەوەی متمانەتان پێ نەکردم، تاکو لەبەرچاوی گەلی ئیسرائیل من بە پیرۆز نیشان بدەن، هەر لەبەر ئەوە ئەم کۆمەڵە نابەنە ناو ئەو خاکەی پێم داون.“» (سەرژمێری ٢٠: ١٢). بەڵام هەندێک ڕاڤەکاری تر ئەوە بە سەرچاوە دادەنێن کە موسا بە نهێنی پیاوێکی میسریی کوشتووە کە لە کۆیلەیەکی ئیسرائیلیی داوە (بڕوانە ٧: ٣٩٨). هەندێک ڕاڤەکاری تر پێیان وایە کە ئەم بابەتە هەمیشە هەر وا بە نارِوونی دەمێنێتەوە، چون هەندێک لە دەستکاریکارانی *تەورات* ویستوویانە تۆنی شێوەی ڕەخنەگرتن لە پیاوی پیرۆزی وەک موسا دابگرن. **~گ.س.**

[410] **مەرگێکی... بەڵغەمدروستکەرە - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پۆلیهایفنەیشن* – *polyhyphenation*، یان *پێریفراسیس periphrasis*، {وشەی یەکەمیان ئینگلییە و بە واتای *فرەهەنج* دێت، وشەی دووەمیان لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *پێچڵێیی* دێت}. **فرەهەنج** یان **پێچڵێیی**: لەجێدانانی زۆر وشەن لە کاتێکدا باسەکە بە هەندێک وشەی کەم دەبڕایەوە؛ یان شێوە وتنێکی فرەوشە و پێچەبەدەورەییە. **~گ.س.**

**بەڵغەمدروستکەر**: ئەو وشەیەی من وەها وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *ئێکسپێکتۆرەیتد expectorated*ە، بەو واتایە دێت کە وەرمگێڕاوە؛ بەڵام گیفرد ئەم وشەیە بە پێکارێکی ڕەوانبێژی ڕاڤە دەکات، (بڕوانە پەرەگرافی داهاتوو) و پێی وایە وشەکە خۆی *ئێکسپێکتد expected* بووە و دەستکاری کراوە، بە واتای *چاوەڕوانکراو*، کە لەو کاتەدا دەبێت بە شتێکی وەک *چاوانڕوانکراو*. لەو کاتەدا ئەم ڕستەیە بەم شێوەیەی لێ دێت:
«مەرگێکی-ناکاو-و-هەرئێستایی-گەرچی-لە-ئەنجامی-نەخۆشییەکی-درێژخایەنەوەیە-کە-زۆرجار-پێشتر-چاوانڕوانکراوە» **~ن.م.**

**بەڵغەمدروستکەر - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پاراگۆگ* – *paragogue*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لاپێشنان* دێت}. {بە گوێرەی ئەم ڕاڤەیەی گیفرد بێت، دەبێت وشە وەرگێڕراوەکە شتێکی وەک: *چاوانڕوانکراو* بێت لە بری *چاوەڕوانکراو*؛ واتە کەمێک زیادە بە وشەکەوە هەبێت} **لاپێشنان**: زیادکردنی پیت یان بڕگەیە بە وشەوە، یان بە سرووشتی، وەک *وەنس once* کە دەبێت بە *وەنسێت oncet*، یان وەک ئەوەی لە زمانە سامییەکاندا هەیە، بۆ پێدانی جەختکردنەوە یان دەستکاریی واتایە {لە عەرەبیدا وەک: *ذهبوا* لە بری ذهبو}. **~گ.س.**

**پێچڵێیی**: بە ئینگلی *periphrasis*، وتنێکە بە پێچاوپێچی و ئەمسەروئەوسەرکردن و تێکردنی وشەی ناپێویستی زۆر و پێچەبەدەوری. **~ن.م.**
**هەنج**: بە ئینگلی *dash*، نیشانەیەکی خاڵبەندییە بەم شێوەیە: «-». **~ن.م.**
411 **بە با چوون**: {یان *بە با* چوو} لە هۆنراوەی *نۆن سوم کوالیس ئێرام بۆنای سوب ڕێنیۆ سینارای* (١٨٩٦)ی ئێرنست داوسن (١٨٦٧-١٩٠٠)ەوە هێنراوە، ناونیشانەکەی لاتینییە، دێڕی سێیەمی هۆنراوەی یەکەمی چوارەم پەڕتووکی هۆنراوەکانی هۆراس (٦٥ پ.ز. -٨ ز.)ە، بە واتای *ئیتر وەک جاران نەماوم کە لە ژێر دەسەڵاتی سینارادا بووم*. ئەو دەستەواژەیە لە کۆپلەی سێیەمی هۆنراوەکەدایە. **~گ.س.**
هەندێک جار ئەم دەستەواژەیە بە «لەگەڵ بادا چوون» و «لەگەڵ بادا ڕۆیشت» و «ڕۆیشت لەگەڵ بایە»یش وەرگێڕراوە، مارگەرێت میتچڵ بۆ ناونیشانی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی خۆی بە کاری هێناوە ***Gone with the wind***}. گیفرد لە ڕاڤەکەیدا تەنها کۆپلەی سێیەمی هێناوە، بەڵام من هەموو هۆنراوەکەم وەرگێڕا و لە خوارەوە دامناوەتەوە:

**نۆن سوم کوالیس ئێرام بۆنای سوب ڕێنیۆ سینارایی**

[ئیتر وەک جاران نەماوم کە لە ژێر دەسەڵاتی سینارادا بووم]

ئاخ دوێنێ شەو، شەوی پێشوو، سێبەری تۆ کەوتە نێوان
لێوانی ئەو و منەوە، ئەی سینارا! هەناسەی تۆ
لە نێو شەراب و ماچەکان بەسەر گیانی مندا ڕژا؛
منیش خەستە و دەردەداری ئاواتێکی دێرینم بووم،
بەڵێ، منیش دەردەدار بووم، کڕنۆشم بە سەری خۆم برد:
من هەردەم بۆت بەئەمەگ بووم، ئەی سینارا! بە شێوەی خۆم.

گشت شەوەکە ترپەی گەرمی دڵی ئەوم لەسەر دڵم هەست پێ دەکرد،
هەموو شەو پڕ خۆشەویستی ڕاکشابوو و لە باوەشمدا نووستبوو؛
ماچەکانی دەمە سوورە کڕاوەکەی بێگومان شیرین و خۆش بوون؛
لێ من خەستە و دەردەداری ئاواتێکی دێرینم بووم،
کە ڕابووم و گزنگم دی ڕەنگی بۆرە:
من هەردەم بۆت بەئەمەگ بووم، ئەی سینارا! بە شێوەی خۆم.

زۆرم بیر چوو، ئەی سینارا! گشت بە با چوون،

گوڵەباخم فڕێ داوە، چەپک چەپک شاگەشکانە بە سەماوە تووڕم داون،
تا شلێری ڕەنگپەڕیوی لەدەستچووی تۆ لە یاد بکەم؛
لێ من خەستە و دەردەداری ئاواتێکی دێرینم بووم،
بەڵێ، گشت کات و ساتەکان، چونکە سەماکە درێژ بوو:
من هەردەم بۆت بەئەمەگ بووم، ئەی سینارا! بە شێوەی خۆم.

هاوارم کرد: با بێن، با بێن، موزیکی شێتانەتر و شەرابی مەستکەرتر با بێن،
لێ کە ئاهەنگ تەواو دەبوو و ڕووناکییەکان خامۆش دەکران،
جا سێبەرت دەکەوتەوە بەسەرمدا، ئەی سینارا! شەوەکە دەبوو بە هی خۆت؛
هێشتا خەستە و دەردەداری ئاواتێکی دێرینم من،
بەڵێ، برسیم بۆ لێوی ئارەزووەکەم:
من هەردەم بۆت بەئەمەگ بووم، ئەی سینارا! بە شێوەی خۆم. **~ن.م.**

[412] **بە چوار باکەدا:** واتە *بە هەموو ئەو ناوەدا*؛ با هێمای ئەم ئەڵقەیەیە (بڕوانە ٧: ١)، مەبەست لە چوار باکە: بای باکوور و باشوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوایە. **~ن.م.**

[413] **گەلێک... پەنایان گرت:** «ڕێبەر»ەکەی ئەم پەرەگرافە دانیەڵ ئۆکانەڵە، کە خۆی لەگەڵ «خەڵکی ئایرلاند...»دا ناساندبوو و و گوایە دەربڕی «ویست و خۆزگەکانیان»ە و «گوزارشت لە هۆشی ئەوان» دەکات و هەوڵ دەدات «ئاسوودەییان بۆ بە دەست بهێنێت» (*نەیشن*، ١٩ی ئابی ١٨٤٣). لکاندنی ئۆکانەڵ بە موساوە ڕوون و ئاشکرایە. «گەلێک لە ناو دەنگی ئەودا پەنایان گرت»، لەبەر ئەوەی ئۆکانەڵ وەک «پارێزەرێکی دەستووری» پێداگرییەکانی لەسەر دەستکەوتی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە بوو لە ڕووی یاسایی و دژەتوندوتیژییەوە. دروشمی ئۆکانەڵ ئەوە بوو کە دەیوت: «ئەوەی دوای ئامۆژگاریی من بکەوێت هەرگیز دەستگیر ناکرێت و دادگایی ناکرێت... ئایرلاند وڵاتێکە شایستەیە مرۆڤ بۆی بجەنگێت، وڵاتێکە شایستەیە بۆی بمریت، بەڵام لە سەروو هەموو ئەوانەوە، وڵاتێکە شایستەیە هێور و پێداگر و گوێڕایەڵ و دەستەمۆ بیت بۆی» (*نەیشن*، ٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٣). ئەو ئاپۆرەیەی ستیفن بیری لێ دەکاتەوە لە دوو لە «کۆبوونەوە زەبەلاح»ە بەناوبانگەکانی ئۆکانەڵدا لەوێ بوون. ئەنجامی ئەم کۆبوونەوانە، کە هەموو بەیانیی یەکشەممانێک دەگیرا، لە بەهاری ١٨٤٣دا بە ڕوون و ڕەوانی بڵاو کرایەوە، ئەویش ئەوە بوو کە ئینگلەکان ئارگومێنتە دەستوورییەکانی ئۆکانەڵیان ڕەت کردبووەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە. ئۆکانەڵ دەیەویست لە زنجیرەیەک

کۆبوونەوەدا کە بە هەموو وڵاتەکەدا بیانگێڕێت، ئەوە بخاتە ڕوو کە هەموو ئایرلاند بۆ پاڵپشتی لە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە لە ناگوێڕایەڵیی شارستانییانەدا یەکگرتوون. ئەو کۆبوونەوەیەی لە گردی تارا گیرابوو (کە گردێکە و بیست و یەک میل لە باکووری خۆرئاوای دەبلنەوە دوورە، ئەم گردە بە پاشا گەورەکانی سەردەمی زێڕینی دێرینی ئایرلاندی یەکگرتووەوە بەستراوەتەوە) لە یەکشەممەی ١٣ی ئابی ١٨٤٣دا گیراوە؛ ئایرە نیشتمانپەروەرەکان ئاپۆرەکەیان بە حەوت سەد و پەنجا هەزار بۆ یەک ملیۆن کەس مەزندە کردووە! بەڵام ئینگلی و کۆنەپارێزەکان بە دوو سەد و پەنجا هەزار کەس مەزندەیان کردووە. لە دوای کۆبوونەوەکەی تارا، دووەم سەرنجڕاکێشترین کۆبوونەوە لە توندگەی مولەگمیست بەستراوە، کە بە دووریی سی و پێنج میل کەوتووەتە باشووری خۆرئاوای دەبلنەوە، ئەمیان لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٣ گیرا. ئەم توندگەیە بە شوێنی کوشتاری خیانەتکارانەی ساڵی١٥٧٧ بەناوبانگ بووە، کە ئینگلەکان بە زۆری لە دژی هۆزی ئۆموورەکان ئەنجامیان داوە، کە ئەو کاتە ئەو هۆزە ئاشتیخواز و دڵسۆز بوون. وتەکانی ئۆکانەڵ بەو واتایە «پەرش بوون» کە پشتبەستن و هیوای ئەو بە دەستکەوتێکی دەستوورییانە و ئاشتییانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکە (و بڕێک سەربەخۆیی بۆ ئایرلاند) لانیکەم هەڵوەرین و هەموو وتەکانی ئەو، سەرەڕای هەموو سەرکەوتنە وتاربێژییەکانی، بە فیڕۆ چوون. خودی ئۆکانەڵ خۆی یەکێک بوو لە قوربانییە یەکەمەکانی ئامۆژگارییەکەی خۆی: لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٣دا بە تۆمەتی «پیلانی ئاژاوەگێڕی»ی کۆبوونەوە زەبەلاحەکانی دەستگیر کرا. «میلانێک لە داڵان و گوێ»: {میل بە واتای ئەو پێودانگەی درێژی کە یەک دانەی یەکسانە بە نزیکەی ١.٦ کیلۆمەتر؛ «داڵان» لەوێدا بە واتای *کەناڵی گوێ* دێت، شێکسپیر وەهای بە کار هێناوە (بڕوانە ٧: ٣٤٩). ~**گ.س.**

وا دیارە ئەو گوتەیەی یەکەم جار گیفرد ئاماژەی پێ دەدا لە وتارێکی دانیەڵ ئۆکانەڵەوە هێناویەتی کە لە ژمارەی ١٩ی ئابی ١٨٤٣ی حەفتەنامەی *دەبلن ویکلی نەیشن*ەوە هێناویەتی، بەڵام سەرەڕای گەڕانیش، دەستم پێی نەگەیشت تا ئەو پەرەگرافە وەک خۆی وەربگێرم و دەزانم وەرگێڕانی چەند وشەیەکی دابڕێنراو و دەرکراو لە پەرەگرافێک هەرگیز وەرگێڕانێکی دروست دەرناچێت، بەڵام وا دیارە ئۆکانەڵ لەو وتارەدا دەڵێت کە ئەو خۆی بە «خەڵکی ئایرلاند» و نوێنەریان دەزانێت و پێی وایە ئەوەی ئەو دەیڵێت گوزارشتە لە هەست و سۆزی ئایرەکان.

**توندگه:** وشەی *توندگە* دارێژراوی خۆمە، لە بەرانبەر *ráth*ی ئایرییە، کە زمانی ئینگلی وشەکەی لە ئایری خواستووە و دەڵێن *rath* کە بە هەردوو زمانەکە بە «ڕاث» دەخوێنرێتەوە. وشەکە لە بنەچەدا بە واتای *پێگە*، یان *قەڵا*، یان *پەرژینێکی بازنەیی* دێت کە بە دیوارێکی بازنەیی زەمینی دەورە دراوە، لە ئایرلاندی دێریندا ئەم جۆرە شوێنە زۆر بووە و باو بووە و وەک قەڵا و شوێنی خۆپاراستن و مانەوە بە کار هاتووە؛ ئێستاش بە سەدان شوێنەوار لە ئایرلاند هەن کە جاران هەموویان توندگە بوون. وشەکەش چووەتە سەر ناوی زۆر شوێن، بۆ نموونە *ڕاثگار* و *ڕاثماینس* کە چەندین جار لەم ڕۆمانە و ڕاڤەکانیدا بە کار دەهێنرێن. **~ن.م.**

414 **تۆمارە ئەکاشەییەکان:** ئەکاشە لە تیۆسۆفیدا کەرەستەیەکی ڤەگرە، {ڤەگر بە واتای *هەموو-شت-لە-خۆ-گر/هەموو-شت-گرەوە* دێت} یادی بێکۆتای سرووشتی هەمیشەییە کە تیایدا هەموو بیرێک، بە دەربڕاوی و دەرنەبڕاوی، نەمر دەکرێت. **~گ.س.**

هەندێک لە تیۆسۆفیستەکانی کۆتایی سەدەی ١٩ لە بارەی «یادی سرووشت»ەوە نووسیویانە، شتێکیان ناو نابوو «تۆمارە ئەکاشەییەکان»، یان «ئەکاسەییەکان». «ئەکاشە»، یان «ئەکاسە»، وشەیەکی سانسکریتییە، ئاماژەیە بەو ماکە مادییەی یەکەم، کە پێش هەوا و ئاگر و ئاو و زەوی لە دونیای ئەستێرەیی/ئاسمانی دروست بووە/کراوە. خودی وشەکە خۆی بە واتای *شتێکی وەک بۆشایی*، یان *ئاسمان* دێت، وا دەبینرێت کە ئەکاشە بناغە، یان بنەڕەتی بوونی بەرجەستەییە. تیۆسۆفیستەکان ئەم زاراوەیەیان لەگەڵ ئەو بیرۆکە هیندۆسییەدا لە یەک دا کە یەکێک دەتوانێت ڕووداوەکانی ژیانەکانی پێشووی بە بێگەردی بە بیر بێتەوە. ئاوهاش تۆمارە ئەکاشەییەکان وەک جۆرە ئینسایکلۆپیدیایەک، یان پەڕتووکخانەیەکی پەنهانی و نەبینراو دەبینرا کە هەموو شتێک لە خۆ دەگرێت کە لە هەموو مێژووی گەردوونەکاندا ئەزموون کرابێت. هەموو ئەم تۆمارانەش لەسەر پارچە تەختەیەکی ئاسمانیی نابەرجەستەی بوونی دوای مردن تۆمار کراون، کە لە ماوەی ژیانیشدا دەتوانرێت بەو بوونە و ئەو پەڕتووکخانەیە ڕابگەیت (بۆ نموونە لە کاتی مێدیتەیشنی قووڵدا، لە خەونی موگناتیسیدا، یان لە گەشتی گیانیدا – *astral projection*). **~ج.ه.**

415 **خۆشت بوێت و ستایشی بکە:** (بڕوانە ٧: ٣٨٧). **~گ.س.**

416 **ستایشی فەڕەنسییانە:** ستایشێکە کە لە بنەڕەتدا پەسنێکی ناپەسەندە؛ ئاماژە، یان بەڵێنێکی بەتاڵە. **~گ.س.**

[417] **ئەو عانەیە... ئەناخوانە - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئارکایزم* – *archaism*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، ئینگلیییە نوێکە بە واتای *کەونگەرایی* دێت}. **کەونگەرایی:** هێشتنەوە و لاساییکردنەوەی ئەوەیە کە کەون و دێرینە و ئێستا باوی نەماوە. **~گ.س.**

[418] **با وا بێت... یەکلایی ببێتەوە - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ڕیدەندەنسی* – *redundancy*، {وشەکە لە بنەچەدا لاتینییە، گیفرد بە واتای *ڕێزۆلوت* *resolute* بە کاری هێناوە کە بە واتای *بڕینەوە* دێت، خۆیشی تێبینیی لەسەری داوە کە ئەو واتایەی مەبەستە، بەڵام خودی *ڕیدەندەنسی**redundancy* بە واتای *درێژدادڕی* دێت}. **بڕینەوە:** بڕینەوە و بڕاندنەوەی باسە. **~گ.س.**

زۆر جار لە باسی فەلسەفیشدا ڕستەیەک یان وشەیەک لە کۆتاییدا بە کار دەهێنرێت کە بابەت دەبڕێتەوە، سپینۆزا زۆر جاران لە کۆتایی ئارگومێنتەکانیدا دەڵێت: *کوۆد ئێرات دێمۆنستراندوم* *quod erat demonstrandum* بە واتای کە *دەرخرا*؛ یان *ئاوهاش خرایە ڕوو*. **~ن.م.**

[419] **بۆ چ قوزەڵقورتخانەیەکی دیاریکراو - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *تاپینۆسیس* – *tapinosis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *نزمکردنەوە* دێت}. **نزمکردنەوە:** فیزشکاندنە، واتە شکۆ و ئابڕووی شتی بەرز بە وشەی نزم دەشکێنرێت؛ وەک ئەوەی بە *زەریا* بڵێیت *کانی* (جەی سمیث، *پەنهانەکانی ڕەوانبێژی*، ١٦٥٧). **~گ.س.**

[420] **موونی:** موونی و هاوبەشەکانی، بازرگانی شەراب و مەی، مەیخانەیەک بوو بە ناونیشانی ١ی شەقامی ئابەیی خواروو، نزیکی سووچی شەقامی ساکڤیل (ئۆکانەڵی ئێستا). موونی زۆر دوور نەبوو لە خۆرهەڵاتی نووسینگەکانی *فریمانس جۆرنەڵ*ەوە و تەنها چوار دەرگاش لە مەیخانەی دەشیپ-ەوە دوور بوو، بە ناونیشانی ٥ی شەقامی ئابەیی خواروو، کە دەبوو کاتژمێر ١٢:٣٠ ستیفن و مەڵیگن و هاینس لەوێ یەکیان بدیایە (بڕوانە ١: ٤٧ و ١: ٢٣٧). **~گ.س.**

[421] **نۆشینی... کلۆجێک - (ڕ.پ.ڕ.):** لەم وتەیەدا چوار پێکاری ڕەوانبێژی بە کار هاتوون:

**یەکەم:** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *لایتۆتێس* – *litotes*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *بچووککردنەوە* دێت}. **بچووککردنەوە:** گوزارەیەکە کە ئەرێکەی بە نەرێ دەربڕاوە.

**دووەم:** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەنتیمێتابۆل* – *antimetabole*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای دژپێچ دێت}. **دژپێچ:** دووبارەکردنەوەی هەمان وشە و بیرە لە جێی ئاڵوگۆڕکراوی یەکدا.

**سێیەم**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *دژەجێ* (بڕوانە ٧: ٣٩٣).
**چوارەم**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێپانۆدۆس* – *epanodos*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *گەڕانەوە* دێت}. **گەڕانەوە**: گەڕانەوەیە بۆ وێژمانی سەرەکی لە پاش دابڕانێک. **~گ.س.**

[422] **هێرش ببە، مەکدەف**: دوای ئەوەی مەکبێث، بە گوێرەی پێشبینییەکانی جادووبازەکان، بۆی دەردەکەوێت کە مەکدەف دەبێتە بکوژی ئەو، دەڵێت:

هێرش ببە مەکدەف،
ئەوەش بە نەفرەت بێ کە هاوار دەکا و دەڵێ: «بوەستە! بەسە!»

(مەکبێث ٥: ٨، ٣٣-٣٤). ئەم وتەیە لەم بەستێنەدا وتەیەکی کڵێشەیی و باوە. **~گ.س.**

[423] **هیوادارم... بیبینیت - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *کاریەنتیزم* – *charientism*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *دۆستایەتی* دێت}. **دۆستایەتی**: جوانییە لە شێوەدا، واتە دەربڕینی شتێکی ناخۆشە بە شێوەیەکی خۆش. **~گ.س.**

[424] **فویت ئیلوم**: بە لاتینی *Fuit Ilum!*، واتە «ترۆیا/ئیلیوم تەواو!» یان «ترۆیا نەما!». ئەو کاتەی دیدۆ داوا لە ئەینیاس دەکات چیرۆکی کەوتنی ترۆیای بۆ بگێڕێتەوە، ئەینیاس وا دەڵێت. (ئەینیاس ٢: ٣٢٤). **~گ.س.**

[425] **ترۆیای باگر**: *ترۆیا*، شارەکەی *ئیلیاس*ە، کە هەندێک جار بە *تەڕوادە*ش وەرگێڕراوە، (بڕوانە ٢: ١٢٥). *باگر* لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «شوێنێکە کە با بیگرێتەوە». **~ن.م.**
«ترۆیای باگر» سەرناوێکی هۆمیرۆسییە، بەو شێوەیەی ئالفرێد لۆرد تێنیسن لە هۆنراوەی *ئولیس* (١٨٤٢)دا دایڕشتووەتەوە. ئولیس بەم شێوەیە لەسەر خۆی دەدوێت کە:

لەگەڵ هاوەڵەکانمدا سەرخۆشی شادیی جەنگ ببووین
لەو دەشتە پڕ لە زڕانەی نزیک ترۆیای باگر بوون.

(*ئولیس*ی تێنیسن ١٦-١٧). ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ئولیسەکەی تێنیسن دەیەوێت لە دووی زانست بگەڕێت:

تا لە دووی زانین بگەڕێم، وەک ئەستێرەیەکی نغرۆ،
لەودیو ئەوپەڕی سنووری بیر و ئەندێشەی مرۆڤدا.

(*ئولیس*ی تێنیسن ٣١-٣٢). هەروەها لەم هۆنراوەیەدا تیلێماخۆس بە پێچەوانەی باوکیەوە پیشان دراوە، کە ئەو «بە دووربینییەکی هێواش»ەوە (*ئولیس*ی تێنیسن ٣٦) دەبێتە

سەرگەورەی ئیتاکی، کە شانشینێکی ئەم جیهانەیە {بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو} و چاکسازیی تێدا دەکات. **~گ.س.**

[426] **شانشینانی ئەم جیهانە**: بە گوێرەی مزگێنی *بە پێی نووسینی یۆحەنا*، عیسا لە وەڵامی پرسیارەکەی پیلاتۆسی پۆنتیدا، کە ئایا عیسا «پاشای جوو»ەکانە؟ دەڵێت: «پاشایەتی من لەم جیهانە نییە». **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

> لەبەر ئەوە پیلاتۆس چووە ناو کۆشکەکە، بانگی عیسای کرد و پێی گوت: «تۆ پاشای جولەکەی؟» عیسا وەڵامی دایەوە: «تۆ لە خۆتەوە ئەمە دەڵێی، یاخود خەڵکی دیکە باسی منیان بۆ کردووی؟» پیلاتۆس وەڵامی دایەوە: «ئایا من جولەکەم؟ گەلەکەت و کاهینانی باڵا تۆیان داوەتە دەستی من. چیت کردووە؟» عیسا وەڵامی دایەوە: «پاشایەتی من لەم جیهانە نییە. ئەگەر پاشایەتی من لەم جیهانە بووایە، خزمەتکارانم دەجەنگان تاکو نەدرێمە دەست ڕابەرانی جولەکە. بەڵام پاشایەتی من لێرە نییە.» (یۆحەنا ١٨: ٣٣-٣٦)

[427] **سەروەرەکانی... فەللاحینن**: مەبەست گریکییەکانە، کە دوای کەوتنی ترۆیا بوون بە «سەروەری دەریای ناوەڕاست»، بەڵام ساڵی ١٩٠٤ بەو شێوەیەی لە ئەوروپای خۆرئاواوە لێیان دەڕوانرا ئەوەندەی لە دوژمنەکانیان دەچوون، کە تورک (و عەرەبەکان) بوون، ئەوەندە لە ئەوروپاییە خۆرئاواییەکان نەدەچوون. بولگاریا، ڕۆمانیا، ئەلبانیا، هەروەها نیوەی یوگۆسلاڤیای ئێستا هێشتا بەشێک بوون لە قەڵەمڕەوی خەلافەتی عوسمانی، گریکیش زۆر لە دوژمنە عوسمانییەکانیان بێهێزتر بوون، کە لە نیسان و ئایاری ساڵی ١٨٩٧دا جەنگێکی کورتخایەن لە نێوانیاندا هەڵگیرسا و بۆ گریکییەکان کارەساتئامێز بوو. **~گ.س.**

«فەللاحین» کە کۆی «فەللاح»ە، لە زمانی ئینگلیدا بە واتای *عەرەبێکی دەشتەکی؛ لادێییەکی عەرەب*؛ *جووتیارێکی عەرەب* دێت. هەروەها کە گیفرد دەڵێت «یوگۆسلاڤیا»، ساڵی ١٩٨٥ وای نووسیوە و ئەو کاتە هێشتا وڵاتەکە بەش نەببوو، ئێستا شوێنێک نەماوە بە ناوی یوگۆسلاڤیا-وە و ئێستا ئەم وڵاتانەن: بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا، کرواتیا، کۆسۆڤۆ، مۆنتێنێگرۆ، مەکدۆنیای باکوور، سڕبیا، سلۆڤینیا. **~ن.م.**

[428] **زۆر زۆرم ماوە فێر ببم - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئێپیزیوکسیس* – *epizeuxis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *سەربەستنەوە* دێت}. **سەربەستنەوە:** دووبارەکردنەوەی ئەنقەستی وشەیەکە بە هێزەوە یان بە جەختەوە. **~گ.س.**
[429] **بۆ لای... شەقامی ئابەیدا:** شەقامی ئابەی لای باشوری باڵەخانەی *فریمانس جۆرنەڵ*ەوە بوو. کەواتە ئەمان بەرەو خۆرهەڵات بۆ شەقامی ساکڤیل (ئۆکانەڵی ئێستا) بۆ لای موونی لادەدەن. **~گ.س.**
[430] **دەبلنی پیسی بەوەج:** دەستەواژەیەک بوو کە خانمی وێژەوانی ئایر لەیدی سیدنی مۆرگن (١٧٨٠-١٨٥٩) دایهێنابوو. **~گ.س.**
[431] **دوو ڤێستایی دەبلن:** پاکیزە ڤێستاییەکان چەند سەرگەورەیەکی دینیی پەرستگای ڤێستا بوون، ڤێستا خوداوەندی مێینەی ڕۆمیی ئاگردان و ماڵ بوو و پەرستگاکەی ئەویش ئاگردانی ڕۆما بوو و کۆنترین پەرستگای شارەکەش بوو. شەش خانمە سەرگەورەکەی پەرستگاکە خۆیان بۆ ژیانێکی داوێنپاکانە تەرخان کردبوو و ئەرکیان ئەوە بوو کە ئاگری پیرۆزی هەمیشەیی ڤێستا بە هەڵکراوی بهێڵنەوە. **~گ.س.**
[432] **فومبالی... نزیک بلاکپیتس:** هەردوو شەقامەکە لە ذە لیبێرتیسن (بڕوانە ٣: ٣١) لە بەری باشووری خۆرئاوای ناوەڕاستی دەبلن. **~گ.س.**
[433] **شەوێکی شێدار... داڕلینت:** ستیفن بیری بینینی سۆزانییەکی سەر شەقامی دەکەوێتەوە. بۆ *تۆمارە ئەکاشەییەکان* (بڕوانە ٧: ٤١٤). **~گ.س.**
[434] **با ژیان ببێت:** نموونەی لێکچوونی ئافراندنی هونەری لە بەرانبەر ئافراندنی خودابیدا زەق دەکاتەوە؛ لە (پەیدابوون ١: ٣)دا دەڵێت: «خودا فەرمووی: "با ڕووناکی ببێت." ئینجا ڕووناکی بوو.». **~گ.س.**
لێکچوونەکە جگە لە واتای نێوان «ڕووناکی» و «ژیان»، لێکچوونێکی دەنگیش هەیە کە لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا دەرناکەوێت، بە ئینگلی بە *ڕووناکی* دەوترێت: *لایت light* و بە *ژیان*یش دەوترێت *لایف life*. کە ئەمە دەبێتە ڕەگەزدۆزیی ڕەدوو «جیناسی لاحیق». **~ن.م.**
**با ژیان ببێت - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *پارۆدی* – *parody*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *لاهۆنراوە* دێت، دەکرێت پێی بڵێین لاسایی}. **لاسایی:** لاسایی دەقێکی ترە بە دەستکارییەوە، لێرەدا هی *تەورات*ە کە دەڵێت: «با ڕووناکی ببێت» بەڵام گۆڕراوە بە «ژیان». **~گ.س.**

[435] **کۆڵەکەکەی نێڵسن**: (بڕوانە ٦: ١٠٥)؛ پلیکانەیەکی پێچاوپێچ دەیگەیاندیتە سەکۆیەک کە ١٢٠ پێ {٣٦.٥٧٦م} بەرز بوو و دەکەوتە ژێر پەیکەرەکەی نێڵسنەوە؛ کرێی ئەمە سێ پنس بوو. **~گ.س.**

[436] **دوو پاکیزەی دانان**: ئەمە لە «نموونەی کچە داناکان و کچە گێلەکان»ی عیساوە هاتووە کە لە (مەتا ٢٥: ١-١٣)دا هاتووە. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

[1]«لەم کاتەدا شانشینی ئاسمان وەکو دە پاکیزە دەبێ، کە چرایان هەڵگرتبێت و بەرەوپیری زاوا بچن. [2]پێنج لەوان گێل بوون، پێنجیش دانا. [3]گێلەکان چراکانیان برد و زەیتیان لەگەڵ خۆیان نەبرد. [4]بەڵام داناکان لەگەڵ چراکانیان زەیتیان لەناو گۆزەدا برد. [5]کاتێک زاوا دواکەوت، هەموو خەویان هات و نوستن. [6]«لە نیوەشەودا هاوار کرا: ”ئەوەتا زاوا هات! بەرەو پیری بچن!“ [7]«هەموو ئەو پاکیزانەش هەستان و چراکانیان ئامادە کرد. [8]گێلەکان بە داناکانیان گوت: ”لە زەیتەکەی خۆتان بەشمان بدەن، چونکە چراکانمان دەکوژێتەوە!“ [9]«بەڵام داناکان وەڵامیان دانەوە: ”لەوانەیە بەشی ئێمە و ئێوە نەکات. چاکترە بچنە لای فرۆشیاران و بۆ خۆتان بکڕن.“ [10]«کە ئەوان بۆ کڕین چوون، زاوا هات، ئەوانەی بۆ زەماوەندەکە ئامادەبوون، لەگەڵی چوونە ژوورەوە و دەرگا داخرا. [11]«پاشان پاکیزەکانی دیکەش هاتن و گوتیان: ”گەورەم، گەورەم! دەرگامان لێ بکەرەوە!“ [12]«وەڵامی دایەوە: ”ڕاستیتان پێ دەڵێم، من ناتانناسم.“ [13]«کەواتە ئێشک بگرن، چونکە ڕۆژ و کاتەکە نازانن. (مەتا ٢٥: ١-١٣)

[437] **براون**: بە ئینگلی *brawn* یان *head cheese* جۆرە خواردنێکە، گۆشتی سەری گوێرەکەیە، یان هی بەراز و خراوەتە ناو جەلاتینی گۆشتییەوە، بە ساردی دەخورێت. ناوەکەم هەر لە ئینگلییەکەوە خواستووە کە بە گوێرەی *فەرهەنگی کۆلینز* ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی جەرمانیی سەرەوەی کۆن، بە واتای *گۆشت* دێت. **~ن.م.**

[438] **لە چێشتخانەکانی... خاوەنشوێنەکەیە**: لە *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆساڵی ١٩٠٤*دا ناوی کەیت کۆلینز وەک خاوەنی چێشتخانەکانی نۆرث سیتی لیست کراوە، بە ناونیشانی ١١ی شەقامی مارلبۆرۆ. ئەم شەقامە بە یەک گەڕەک لەگەڵ شەقامی ساکڤیلدا (ئۆکانەڵی ئێستا) بە بەری خۆرهەڵاتدا هاوتەریبە؛ دوو خانمە «ڤێستاییەکە» ڕێیەکی ڕاستەوخۆیان

بەرەو کۆڵەکەکەی نێڵسن نەگرتووە، بەڵکو لە باشووری خۆرئاواوە تا شوێنێک لە بەری خۆرهەڵاتی کۆڵەکەکەوە سووڕاونەتەوە. **~گ.س.**

[439] **وێنایان... بڵند بێت - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئۆراتیۆ ڕێکتا/ ئۆراتیۆ ئۆبلیکوا* - *oratio recta/oratio obliqua*، {دەستەواژەکە لاتینییە، بە واتای *وتاری ڕێک و وتاری ناڕوون* دێت؛ دەکرێت بڵێین **ڕێکبێژی** و **لێڵبێژی**}. **ڕێکبێژی و لێڵبێژی**: گیڵبێرت دەڵێت: «ئەوەیە کە بە هێنانەوەی گوتەی ڕەشۆکییانە، گوژم بدەیت بە گێڕانەوەیەکی کەسی سێیەم». **~گ.س.**

وا بۆی دەچم کە مەبەست لەوە بێت کە کۆڵەکەکە بە پێکاری زاووزێی نێرینە چووێنراوە، ژنەکان وێنایان نەکردووە ئەوەندە بڵند/ڕەپ بێت. چون وشەی بڵند/بەرز لە ئینگلییەکەدا بە واتای *بەهێز* و *توند*یش دێت. **~ن.م.**

[440] **ئان کییەرنس و فلۆرەنس ماککاب**: بە گوێرەی لاپەڕە ١٩١٦ی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* خاتوو کییەرنس-ێک هەبووە بە ناونیشانی ٧ی شەقامی جۆرجی مەزنی باکوور، بارمتەگر بووە. بۆ *فلۆرەنس ماککاب* (بڕوانە ٣: ٣٢). **~گ.س.**

[441] **برک**: یان **ڕەقیتە**: بە ئینگلی *lumbago*، واتە نەخۆشیی گۆتی و ژانی سێبەندە. **~ن.م.**

[442] **ئاوی لوورد**: (بڕوانە ٥: ١٦٩). **~گ.س.**

[443] **قەشەیەکی ئازاریست**: *ئازاریست* کەسێکە کە ئەندامی کۆمەڵەی کاسۆلیکی ڕۆمیی «دینپەروەرە پێپەتییەکانی خاچی پیرۆز و ئازارەکانی عیسای خاوەنشکۆمان»ە، کە سانت پۆڵسی خاچ ساڵی ١٧٣٧ دایمەزراندووە (پاولۆ فرانچێسکۆ دانێی، قەشەیەکی ئیتالی بوو، ١٦٩٧-١٧٧٥). ئازاریستەکان تەنها پەیمانی ئەوەیان نەداوە کە بە هەژاری و داوێنپاکی و گوێڕایەڵی بژین، بەڵکو پەیمانیشیان داوە کە بە بەردەوامی لە ئازارەکانی مەسیح ڕامێنن. خولیای سەرەکییان ئەوە بووە کە لە ڕێی ئامۆژگاریی موژدەی عیساوە گوناهکاران وەربگەڕێننە سەر دینی مەسیحی. **~گ.س.**

خۆم وشەی *ئازاریست*م لە بەرانبەر *پاشنیست passionist* دارشت. **~ن.م.**

[444] **بوتڵێکی دەبڵ-ئێکس**: دەبڵ-ئێکس {دوو ئێکس} بیرەی ستانداردی مەیخانەکانی دەبلن بوو کە بەشگەی گینیس دروستی دەکرد، ئەم بیرەیە لە «تریپڵ-ئێکس» {سێ ئێکس} جیاواز بوو، کە گینیس ئەویانی بۆ هەناردەکردن دروست دەکرد. **~گ.س.**

[445] **گەڕانەوەی بلووم**: هەر وەک چۆن ئۆدیسێفس دەگەڕێتەوە بۆ دوورگەکەی ئیسۆلۆس (ئیۆلیا) (بڕوانە ٧: ١). **~گ.س.**

446 **ئایرش... پێنی جۆرنەڵ**: دوو حەفتەنامە بوون، هەردووکیان لە پێنجشەممان‌دا دەردەکران. نووسینگەکانیان لە ناونیشانی ٩٠ی شەقامی ئابەیی ناوەڕاست بوو. **~گ.س.**

447 **کارەساتێکی... مووشەدەمە - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت **دژسەرکەوتن**: پێچەوانەی سەرکەوتنە (بڕوانە ٧: ٩٧) و (بڕوانە ٧: ٢٦٤). **~گ.س.**

448 **کیلکەنی پیپل**: حەفتەنامەیەک بوو شەممان لە کیلکەنی دەردەکرا. {بۆ *کیلکەنی* (بڕوانە ١: ١٤٥)}. **~گ.س.**

449 **ماڵی ک(لیل)یز**: (بڕوانە ٧: ٦٧). **~گ.س.**

450 **ق. م. ب. - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەبریڤییەیشن* – ***abbreviation***، {وشەکە ئینگلییە، بەڵام لە بنەچەدا لاتینییە، بە واتای کورتکردنەوە دێت، من کردوومە بە *سەرەپیتکردن*}. **سەرەپیتکردن**: کورتکردنەوەی وشەیە بۆ تەنها پیتی یەکەم. **~گ.س.**

451 **قنم ماچ بکات**: مریدەکانی شەیتان بەو جۆرە گوێڕایەڵی پیشان دەدەن. **~گ.س.** دەربڕینی ***kiss my arse*** یان ***kiss my ass*** لە زمانی ئینگلیدا دەربڕینێکی ڕەشۆکییانە و ناشیرینە، بە واتای وشە واتە *قنم ماچ بکە* دێت، بە بەراورد لە زمانی کوردیدا وەک «گوو بخۆ» وایە، بەڵام کەمێکی تر مایەڵز کراوفۆرد لەسەر ئەم جنێوە جنێوێکی تر بونیاد دەنێت، بۆیە نەمتوانی بە «با گوو بخوات» وەریبگێڕم (بڕوانە ٧: ٤٥٤). **~ن.م.**

452 **وریای گەردەلوول بە**: وەبیرهێنەرەوەی ئەو گەردەلوولەی بای پێچەوانەیە کە لە توورەکەکەی ئۆدیسێفسەوە دەردەپەڕێت لەو کاتەی کە ئۆدیسێفس دەگاتەوە نزیک وڵاتی خۆی، هەروەها وەبیرهێنەرەوەی وەدەرنانە هەتەرانەکەی ئۆدیسێفسیشە لە لایەن ئیۆلۆسەوە، ئەو کاتەی با کەشتییەکەی ئۆدیسێفس دەگەڕێنێتەوە بۆ ئیۆلیا (بڕوانە ٧: ١). **~گ.س.**

453 **ئایرشتاون**: (بڕوانە ٦: ١٥). **~گ.س.**

454 **ق. پ. ئ. م. ب.**: سەرەپیتی ئەوەیە کە کراوفۆرد دەیڵێت: «قنە پاشاییە ئایرییەکەم ماچ بکات». بە ئینگلییەکە K.M.R.I.Aن. ئەوەی تر لە ڕاڤەکەی گیفرددا بخوێنەوە. **~ن.م.** وەک بە ئاشکرا دیارە، ئەمە سەرەپیتی هەڵچوونە جنێوئامێزەکەی کراوفۆردە، بەڵام سەرەپیتی M.R.I.A لە هەمان کاتدا سەرەپیتی ( Member of the Royal Irish Academy)یە {بە کوردی: ئەندامی ئەکادیمیای پاشایی ئایری}. **~گ.س.**

[455] **با... ماچ بکات - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *سارکازم* – *sarcasm*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *گۆشتبڕین* دێت، دەکرێت بڵێین *پلارە*}. **پلار:** دەربڕینێکی تیژ و تاڵ و بڕەرە. **~گ.س.**

[456] **بارمتەکردنی قەرز:** ئەو دەستەواژەیەی لە دەقە ماکەکەدا هاتووە دەستەواژەیەکی نافەرمیی بەریتانییە، دەڵێت: *Raise the wind* بە واتای *بارمتەکردنی قەرزی زۆرتر* دێت، واتە کاتێک قەرزوەرگرێک کاڵای زیاتر دادەنێت لە بەرانبەر داواکردنی قەرزی زۆرتر لە قەرزدەرێک. بەڵام ئەم دەربڕینە لە ئینگلیییەکەدا بە واتای وشە بە وشە بێت، واتایەکی تر دەدات کە ئەویش: *هەڵستانی بایە*، کە لەگەڵ کۆی بەراوردەکەی ئەڵقەی ئیۆلۆسدا ڕێک دەکەوێت، ئەویش کە تووڕەکەکەی ئۆدیسێفس دەکرێتەوە با هەڵدەستێت (بڕوانە ٧: ١). **~ن.م.**

[457] **نوللا بۆنا:** لاتینییە، واتە *سامانی تر نەماوە*، دەربڕینێکە لە بواری یاساییدا دەردەبڕڕێت بەرانبەر ئەوەی کاتێک کەسێک هیچ سامان و موڵکێکی تری نەمابێت کە بتوانێت بارمتەی بکات یان بیفرۆشێت بۆ ئەوەی قەرزەکانی بداتەوە. **~گ.س.**

[458] **دەستەبەری:** یان *کەفالەت*. **~ن.م.**

[459] **بە سەر... چاو - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *هایپەربۆل* – *hyperbole*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ژێرهەڵدان* دێت، دەکرێت بڵێین *زیادەڕەوی*یە}. **زیادەڕەوی:** پێوەنان و زیادەڕەوییە لە دەربڕیندا بۆ دەربڕینی هەستی بەهێز یان دروستکردنی هەستێکی گەورە، بەو نیازە نییە کە بە واتای وشە وەربگیرێت. **~گ.س.**

[460] **دارگلی پینەچییەکان:** دارگل دۆڵێکی دیمەنجوانی نزیکی برەی-یە، کە دوازدە میل لە باشووری دەبلنەوەیە، لەوێ پاوەرسکۆرت-ی لێبووە، کە یەکێک بووە لە ماڵە گەورە و مۆدەکانی ئایرلاند. کەواتە «دارگلی پینەچییەکان» وا دیارە سەیرانێکی ساڵانەی پینەچییەکان بووبێت کە یان لە دارگل ساز کراوە، یان بە شێوەیەک ساز کراوە کە بە حەزی ئەو مۆدەخوازانە بووە کە پەیوەست کراون بە پاوەرسکۆرتەوە. ئەگەر ئەوەی دووەم بێت، ئەوا سەیرانەکە لە ڕینگسێند ساز کراوە، کە لە بەری کەناری دەمی باشووری ڕووباری لیفییەوەیە و «پاڕک»ێکی ئەوەندە مۆدە نەبووە. **~گ.س.**

*دارگلی پینەچییەکان* بە واتای *سەیرانی مرۆڤی هەژار* دێت (کە پینەچی نوێنەرایەتییان دەکات)، چون خەڵکی وەها پارەی ئەوەیان نەبووە بچن بۆ ڕووباری دارگلی ڕاستینە، لە کاونتیی ویکلۆ. **~س.ت.م.١**

**دارگلی پینەچییەکان - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت **ئایراندن**. (بڕوانە ٧: ٣٢٧). **~گ.س.**

[461] **گوومەزە شینەکەی ڕاڤماینس**: خانمی پەناپێگرتوومان لە ڕاڤماینس (١٨٥٠)، لە باشوورەوە دوو میل لە کۆڵەکەکەی نێڵسنەوە دوور بوو، پاتریک بەیرن دیزاینی کردبوو، باڵەخانەیەکی خاچشێوە بوو و «بە گومەزە مسە گەورەکەی ناسرابوو»، ساڵی ١٩٢١ ئاگر وێرانی کرد، بەڵام گومەزە ماکەکە بونیاد نرایەوە. **~گ.س.**

[462] **ئادەم ئاند ئیڤ**: کڵێسایەکی فرانسیسکایی بوو، کیلۆمەترێک لە خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوای کۆڵەکەکەوە دوورە. لای لەنگەرگای بازرگانەکانەوەیە لە بەری باشووری ڕووباری لیفییەوە، لە خۆرئاوای ناوەڕاستی دەبلن. **~گ.س.**

[463] **سانت لۆرەنس ئۆتوولس**: کڵێسایەکی کاسۆلیکی ڕۆمییە (١٨٦٣) لە سەڤیل پلەیس، ڕێک بە باکووری ڕووباری لیفی، نزیک دەمی ڕووبارەکە، نزیکەی کیلۆمەترێک لای خۆرهەڵات و کەمێک لای باکووری کۆڵەکەکەوە دوورە. کڵێساکە بە ناوی ئەو سانتە ئایرەوە ناو نراوە (١١٣٢-١١٨٠)، کە ساڵی ١١٦٢-١١٨٠ ئوسقوفی مەتڕانی دەبلن بووە و دواجاریش بووە بە سانتی سایەبەخشی دەبلن. لای خەڵک خۆشەویست بووە، چون دژی داگیرکارییەکانی ئایرلاند بووە لە لایەن ئینگلی-نۆرمانییەکانەوە. **~گ.س.**

[464] **مەترِاننشین**: واتە ئەو ناوچەیەی لە ژێر دەسەڵاتی ئوسقوفێکی مەتڕاندایە (بڕوانە ١: ٩٦)، لێرەدا مەبەست لە ئوسقوفی مەتڕانی دەبلنە (بڕوانە ٣: ٨٢). **~گ.س.**

[465] **داوێنپیسە تاکدەسکەکە**: لۆرد هۆرەیشۆ نێڵسن ساڵی ١٧٩٧ لە هێرشێکی سەرنەکەوتوویدا بۆ سەر سانتا کرووز دی تێنێریف لە دوورگەکانی کەناری قۆڵێکی لە دەست دا. ساڵی ١٧٩٨ پەیوەندییەکی سەرجێیی لەگەڵ ئێما هامیڵتن (بە نزیکی ١٧٦٥-١٨١٥)ی ژنی سێر ویلیەم هامیڵتن (١٧٣٠-١٨٠٣)دا دانابوو، سێر هامیڵتن وەزیری بەریتانیا بوو لە ناپۆلی. ئەم پەیوەندییە سەرجێییە بە هەموو شوێنێکدا بڵاو کرایەوە و بوو بە «یەکێک لە ئابڕووچوونە هەرە گەورەکان»ی سەردەمی خۆی. **~گ.س.**

**سەرنج**: ستیفن لە ڕاستیدا دەڵێت: *تاکدەسک* نەک *تاکدەست*. **~ن.م.**

**داوێنپیسە تاکدەسکەکە - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت **وشەبازی** یان **ڕەگەزدۆزی** (بڕوانە ٧: ٢٤٨ – دامێنی ڕاڤەکە). **~گ.س.**

[466] **چەوەکشاوی خێراحەبی تیژڕەو**: **چەوەکشاو**: بە ئینگلی *aerolite*، جۆیس بە *aerolith* نووسیویە: چەوێکە، یان وردەبەردێکە لە بۆشایی ئاسمانەوە بۆ ناو چینی بەرگەهەوای

زەوی دێت، وەک ئەوەی پێی دەڵێین «ئەستێرەی کشاو»، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کشاوانە چەون، واتە بەردی وردن و کشاون. **خێراحەب**: بە ئینگلی *speedpill*، لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیدا نییە، وا دیارە جۆیس لە دەقی وێژەیی پێش خۆیەوە هێنابێتی، هاراڵد بێک ئاماژە بەوە دەدات کە ڕەنگە جۆیس لە چیرۆکی *حەبی خێراییەکە*وە هێنابێتی لە نووسینی جیراڵد بیومۆنت (١٩٢١). بەڵام ئاماژەش بەوە دەدات کە ڕەنگە پێشووتر بە گاڵتەوە بۆ دەرمانێکی خێراکەری ئەسپسواری بە کار هاتبێت. لێرەدا ئاماژەیە بۆ دەنکی هەڵوژەکان کە خانمەکان دەیخۆن. **تیژڕەو**: بە ئینگلیبیەکەی جۆیس *velocitous*، هەر نەووشەیەکی جۆیسە بە واتای شتێک کە خێرا یان تیژ بڕوات. هەردوو وشەکانی *خێراحەپ* و *چەوەکشاو* لە لێکدانی خۆمن. **~ن.م.**

**چەوەکشاوی خێراحەبی تیژڕەو - (ڕ.پ.ڕ.):** ئەم پێکارە پێی دەوترێت *نیۆلۆگیزم* – *neologism*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *نوێوشە* – نەووشە دێت}. **نەووشە**: بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی وشەی نوێیە. **~گ.س.**

467 **دوو خانم... دەبەخشن**: لە (مەتا ١٣: ٣-٩)دا عیسا نموونەی تۆو و جووتیارەکە دەهێنێتەوە: زۆر تۆو بێبەر دەردەچن چون «کەوتنە سەر زەوییەکی بەردەڵان کە خۆڵی کەم بوو» یان «کەوتنە نێو دڕکان»، بەڵام هەندێکیان «کەوتنە سەر زەوییەکی باش و بەرهەمیان دا، هەندێک یەک بە سەد و هەندێک یەک بە شەست و هەندێکیش یەک بە سی. ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت!» **~گ.س.**

468 **سۆفیست**: لە *فەرهەنگی کۆلینز*ەوە: «سۆفیستەکان یەکێک بوون لە فەیلەسووفەکانی پێش سۆکراتیس، کە مامۆستای گەڕیدە و پیشەگەری بواری وتاربێژی و ئارگومێنت بوون و ئامادە بوون بچنە ناو هەر گەنگەشەیەکەوە لە هەر بوارێکدا بووبێت». **~ن.م.**

469 **پین**: مەبەست پینێلۆپیای ژنی ئۆدیسێفسە. **~ن.م.**

470 **ئەنتیسثێنیس**: (بە نزیکی ٤٤٤-٣٧٠پ.ز.) فەیلوسووفێکی گریکی بوو و خوێندکاری گۆرگیاس بوو (بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو)، خۆی نزیکی سۆکراتیس کردەوە، بەڵام پلاتۆن حەزی لە چارەی نەبووە. ئەنتیسثێنیس پێی وا بووە کە دڵخۆشی بێ ڕەوشت نایەت و تەنها ڕەوشت بەسە بۆ بەدەستهێنانی دڵخۆشی. ژیانێکی پارێزکارانە ژیاوە و قێزی لە دەسەڵات و ئابڕوو و ناوبانگ هاتووەتەوە. کارە فەلسەفی و ڕەوانبێژییەکانی لە ناو چوون، جگە لە دوو هەڵبەستی مشتومڕلەسەر نەبێت، ئەوەیان بە ناونیشانی *لە بارەی هێلێن و پینێلۆپیاوە* کە ماکهیو تیلنیشانی پێ دەدات، زیاتر لە هەزار ساڵە لە ناو چووە. وا دیارە لەو

هەڵبەستەدا ئەنتیستێنیس پێی وا بووبێت کە ڕەوشتی پینێلۆپیا وای لێی کردووە کە لە هێلێن جوانتر بێت، کە ڕەوشتی هێلێن تا ڕادەیەک ناجێگیرتر پیشان دراوە. ئەنتیستێنیس تەنها نیمچە هاووڵاتییەکی ئەسینا بووە، چون دایکی «کەنیزەک»ێکی خەڵکی تراکیا بووە. **~گ.س.**

[471] **گۆرگیاس**: (نزیکەی ٤٢٧-٣٩٩ی پ.ز. بەناوبانگ بووە)، سۆفیست و ڕەوانبێژێکی گریکی بووە و بە *هیچگەرا – نیهیلیست Nihilist* بەناوبانگ بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی سێ پێشنیاری هەبوو: (١) هیچ شتێک بوونی نییە؛ (٢) هەر شتێک بوونی هەبێت دەکرێت نەزانرێت؛ (٣) ئەگەر هەر شتێک بە ڕاستی هەبێت و بشناسرێت، ناتوانرێت پەیوەندیی پێوە ببەسترێت. ئاوهاش فەلسەفە (و ژیان) بابەتی داکەفین، نەک پەیوەندیکردن. **~گ.س.**

[472] **هێلێنی ئارگۆسی**: **ئارگۆس**: (یان: ئاڕگۆس، ئارخۆس، ئاڕخۆس، ئارخۆ، ئاڕخۆ، ئارگۆ، ئاڕگۆ، ئارخ، ئاڕخ، ئارگ، ئاڕگ، ئارگۆس): بە ئینگلی *Argos* یان *Argo*، ناوی ناوچەیەکی گریکە. ستراڤۆن دەڵێت ئەم وشەیە لە زمانی مەکەدۆنی و تێسالییەکاندا بە واتای *دەشت* هاتووە، بۆیە لەوانەیە وشەکە لەگەڵ وشەی *ئاگێر ager*ی (زەوی، کێڵگە) لاتینیدا هاوڕیشە بێت. هۆمیرۆس هەندێک جار دەڵێت: «ئارگۆسی پێلاسگی» کە شارۆچکەیەک یان ناوچەیەک بووە لە تێسالی؛ هەندێک جاریش دەڵێت: «ئارگۆسی ئیتاکی»، کە هەندێک جار مەبەستی لەم دەستەواژەیە هەموو هەرێمی پیلۆپۆنیس-ە؛ هەندێک جاریش مەبەستی هەموو شانشینی ئارگۆسی ئاگامێمنۆنە، کە میکینی (*مایسینیا Mycenae*) پایتەختەکەی بووە؛ یان هەندێک جار شارۆچکەی ئارگۆس پایتەختی بووە. لەبەر ئەوەی زۆر جار *ئارگۆس* بە واتای *هەموو پیلۆپۆنیس*ی گرنگترین ناوچەی گریک دێت، بۆیە لای هۆمیرۆس زۆر جار *ئارگۆسی* یان *ئارگۆیی*، یان *ئارخی* بە واتای هەموو گریکییەکان دێت، کە هۆنەرە ڕۆمییەکان وشەی *ئارجیڤی – argivi* بەم واتایە بە کار دەهێنن. (*فەرهەنگێکی نوێی ژینامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٩١).

کەواتە دەتوانین بڵێین *هێلێنی ئارگۆسی* بە واتای *هێلێنی گریک* دێت. **~ن.م.**

*ئارگۆسی* وشەیەکی گشتییە، مەبەست لێی گریکە، بەڵام بە گشتی بە هێلێن دەوترێت: *هێلێنی ترۆیا*. **~س.ت.م.١**

[473] **پینێلۆپیا ریچ**: پینێلۆپیا دێڤێریو (بە نزیکی ١٥٦٢-١٦٠٧)، خۆشەویستی سێر فیلیپ سیدنی (١٥٤٨-١٥٨٤) بووە، چەقی هۆگرییە دڵسۆزانەکانیشی بووە، چ لە وێژە و لە دەرەوەی وێژەشدا. ستێللای ناو زنجیرەی سۆنێتەکانی *ئەسترۆفیل و ستێللا*-یە (١٥٩١). ژیانی ئەم پینێلۆپیایە زۆر پێچەوانەی ژیانی پینێلۆپیای ژنی ئۆدیسێفس دەوەستێتەوە. شووی بە ڕۆبێرت لۆرد ڕیچ کردووە، وا دیارە بە ویستی خۆی بە شوو نەدراوە، دواجار پەست بووە و پەیوەندییەکی کراوەی سەرجێیی لەگەڵ لۆرد ماونتجۆی-دا داناوە، کە چەند منداڵێکی لەو بووە. دوای لەسێدارەدانی ڕۆبێرت دێڤێریوی برای دەستبەرداری بووە، کە ئێرلی دووەمی ئێسسێکس بووە (١٥٦٦-١٦٠١)، بە ئاشکرا لەگەڵ لۆرد ماونتجۆیدا ژیاوە، ساڵی ١٦٠٥ دوای تەڵاقەکەی هاوسەرگیرییان کردووە. **~گ.س.**
کاتێک ستیفن بیر لە «پینێلۆپیای هەژار. پینێلۆپیا ڕیچ» دەکاتەوە، جگە لە ناوەرۆکی ژیانە دژیەکەکانی دوو هێلێنەکە، ئاماژەیەکی ڕەوانبێژیشی تێدایە، ڕیچ لە زمانی ئینگلیدا بە واتای *دەوڵەمەند* دێت، بۆیە لە هەمان کاتدا بە واتای: «پینێلۆپیای هەژار. پینێلۆپیای دەوڵەمەند»یش دێت. **~ن.م.**
[474] **ناوەند**: فەرمانبەری هەڵسووڕێنەری تەلەفۆن بووە {کارمەندی بەدالە}. **~گ.س.**
[475] **ڕاثماینس... ڕاثماینسی سەروو**: ئەم ترامانە لە هەندێک ناوچەی دەبلن و ناوچەکانی دەوروپشتی و باشووری ڕووباری لیفی کاریان دەکرد (بڕوانە ٧: ٢). ڕاثفارنهام دێیەکی دەوری دەبلنە سێ میل لە باشووری ناوەڕاستی دەبلنەوە دوورە؛ دانیبرووک دێیەک بوو کە دوو میل لە باشووری خۆرهەڵاتی کۆڵەکەکەوە دوور بوو (بڕوانە ٥: ٢٧٢). **~گ.س.**
[476] **هەموو وەستاو... دامرکابوونەوە**: تا ساڵی ١٩٠٦یش کە وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە ڕینگسێند دامەزرا، بڕانی کارەبا لە ناو سیستمی ترامەکانی دەبلندا شتێکی نامۆ نەبوو. بەشگەی هێڵی ترامە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٠٤ دەبلن دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای هەبوو، یەکێکیان لە شەقامی شێلبۆرن بوو، لە کەناری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن، ئەوی تریان لە کلۆنتارف بوو، لە باکووری خۆرهەڵات. وا دیارە وێستگەکەی شەقامی شێلبۆرن کارەبای نییە. **~گ.س.**
[477] **عەرەبانەی... پایڵیی تایبەت – (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەپاریثمێسیس* – *aparithmesis*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *ژماردنەوە* دێت}. **ژماردنەوە**: گیڵبێرت دەڵێت: «لیستەکردنی وردەکاریی شتانە بە وشەی هاوتای هەمان پلەی ڕێزمانی». **~گ.س.**

[478] **مامۆستا... موسای پیرەمێرد**: وشەیەک هەیە کە جۆیس داینەناوە، ئەویش وشەی «دەڵێت»ە، وەهای لێ دێت: قوتابیش *دەڵێت* هەڵوژە بۆ موسای پیرەمێرد. لێرەدا مامۆستاکە پرۆفیسۆرەکەیە، قوتابییەکەش ستیفنە. *وێرگیلیوسی* واتە نووسینێک یان شتێک لە شێوازی وێرگیلیوس (٧٠-١٩پ.ز.)، هۆنەری ناوداری ڕۆمی، یان هی ئەو بێت. کە ئەوە لە ڕاڤەی دواتردا دەخوێنیتەوە. **~ن.م.**

**موسای پیرەمێرد**: زاک باون، نووسەری پەڕتووکی *تیلنیشانە* موزیکییەکان *لە کارەکانی جەیمز جۆیسدا*، ئاڵبەنی، نیویۆرک، ١٩٧٤، لاپەڕە ١٢٦ دەڵێت کە ئەمە ناونیشانی گۆرانییەکە «لە بارەی گوڵفرۆشێکی داوەشاوی لووتسوورەوە کە تا زیندووە کاتی خۆی بەوە بە سەر دەبات کە بۆنی گوڵەکانی دەکات، کە دەشمرێت ژیانی تاتایی لە بۆنکردنی ڕەگدا بە سەر دەبات» لە *کتێبی پیرۆز*دا، لە بەشەکانی ٦ و ٧ی پەڕتووکی *کردا*ردا، ئەو دەمەقاڵێ و تۆمەتبارکردنانەی دەگات بە گەشمەرگکردنی سانت ستیفن {ستیفانۆس} بە بەردبارانکردن، کە یەکەم گەشمەرگی مەسیحییە (بڕوانە ١: ٢٤)، باس لە گەواهیی هەندێک پیاوی هاندەر دەکات کە دەڵێن: «گوێمان لێی بوو دەربارەی موسا و خودا کفری دەکرد». **~گ.س.**

[479] **ناوی بنێ... با بزانم - (ڕ.پ.ڕ.)**: ئەم پێکارە پێی دەوترێت *ئەپۆریا* – *aporia*، {وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *گومان* دێت}. **گومان**: «پێی دەوترێت گومان، یان ئەپۆریا... چون زۆر جار وا دیارە مەترسیمان بۆ دروست دەکات، هەروەها گومانکردنە لە شتان لە کاتێکدا ڕەنگە بە ئاخاوتن بە شێوەیەکی ڕوون دووپاتی بکەینەوە یان نکۆڵیی لێ بکەین». (پووتنهام، *هونەری هۆنراوەی ئینگلی*، ١٥٨٩). **~گ.س.**

[480] **دێوس... فێچیت**: بە لاتینی *Deus nobis haec otia fecit* واتە «خودا ئەم ئاسوودەییەی بۆمان دروست کردووە» (*سروودە شوانکارەییەکان*، نووسینی وێرگیلیوس، ١: ٦). ئەم هۆنراوە شوانکارەییەی وێرگیلیوس بە گفتوگۆیەک ناکۆکیی نێوان ئاسوودەیی ناو «ساباتی بەرینی ناو درەختی دێهمەک» و «ناسەقامگیریی گشت لاکانی وڵات» دەخاتە ڕوو. **~گ.س.**

**دێهمەک**: بە ئینگلی *beech*، درەختێکە قەدێکی لووسی بۆری هەیە. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسی کوردستان* و *فەرهەنگی فارسی-کوردی*یەوە هێناوە. خۆم زۆر دڵنیا نیم، بەڵام وا دیارە ئەم درەختە بە «نارەوەن»یش ناوی هاتبێت، وەک نالی دەڵێت: «دەسبەندیانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن، یا حەڵقەیانە سۆفی ملخوار و مەندەبوور؟»

که ماموستا مودەڕڕیس لە ڕاڤەکەیدا دەڵێت: «**نارەوەن**: درەختێکی بەرز و گەورەی لق و پۆپ چڕی گەڵا وردە، لە حەوشی زۆرێک لە تەکیە و خانەقاکانا هەیە بۆ سێبەر، بەری نییە» (*دیوانی نالی*، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم؛ چاپی هەشتەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، لا. ٢٠٠). **~ن.م.**

[481] **دیمەنێکی پسگەی فەڵەستین**: {واتە *دیمەنێکی فەڵەستین لە شاخی پسگەوە*} ئەوە ئەو بینینەیە کە بە موسا بەخشرا (بڕوانە ٧: ٤٠٩) هەروەها بڕوانە پەڕتووکی: *دیمەنێکی پسگەی فەڵەستین و سنوورەکانی لەگەڵ مێژووی پەیمانی کۆن و نوێ کە لەوێ ڕووی داوە*؛ نووسینی تۆماس فیولەر (١٦٠٨-١٦٦١)؛ (لەندەن، ١٦٥٠)؛ نوسخەیەکی ئەم پەڕتووکەی فیولەر لە پەڕتووکخانەی مارش لە دەبلن هەبووە (بڕوانە ٣: ٨٠ و ٣: ٨١)، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێت کە جۆیس کاتێک لە ٢٢ و ٢٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٤دا سەردانی پەڕتووکخانەکەی کردووە، تەماشای ئەم پەڕتووکەی کردبێت. **~گ.س.**

**سەرنج**: گیفرد لە ڕاڤەی (٣: ٧٥)دا (کە دەکاتە لاپەڕە ٤٩ی پەڕتووکەکەی خۆی)، نووسیویە: «٢٢ و ٢٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٢» بەڵام لەم ڕاڤەیەدا دەڵێت «٢٢ و ٢٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٤». **~ن.م.**

[482] **نموونەی هەڵوژەکان**: عیسا بۆ فێرکارییەکانی زۆر پشت بە نموونەهێنانەوە دەبەستێت، بۆ نموونە (بڕوانە ٧: ٤٦٧). لە هونەری مەسیحیدا «هەڵوژە هێمای بەئەمەگی و سەربەخۆییە» (*هێما و دروشمی هونەری مەسیحی*، نووسینی جۆرج فێرگوسن، نیو یۆڕک، ١٩٥٤، لا. ٣٧؛ جوان کینەن ئاماژەی بەمە داوە). **~گ.س.**

[483] **موسا و خاکی بەڵێندراو**: مەبەست لە کەنعانە، خاکێکی بەپیت و دەوڵەمەندە، خودا بەڵێنی بە ئەبرام و نەوەکانی (نەوەکانی ئیسرائیل) دا کە بیانداتێ (پەیدابوون ١٢: ٧)، ئەم بەڵێنە لە (دەرچوون ١٢: ٢٥)دا لەگەڵ موسادا نوێ دەکرێتەوە. **~گ.س.**

[484] **تێدەگەم... پێی دا**: شێوازی دارِشتنی ئاخاوتن لە نووسینی وێژەیی ئینگلیدا زۆربەی هەرە زۆری کات بەم شێوەیەیە:

- تێدەگەم. بە چێژێکی نوێوە دووبارە وتی. موسا و خاکی بەڵێندراو. ئێمە ئەو بیرۆکەیەمان پێی دا.

بەشی یەکەمی پێش هەڵاوێرەکە، کە دەڵێت: «تێدەگەم»، ئەوە وتەی کەسێتییەکەیە، ئەوەی دوای ئەوە کە دەڵێت: «بە چێژێکی نوێوە دووبارە وتی»، گێڕەرەوەکەیە دەچێتە ناو وتەکانی کەسێتییەکەوە، پاشان خاڵێک دادەنرێت و وتەی کەسێتییەکە دەست پێ

دەکاتەوە کە درێژەی دەداتێ و دەڵێت: «موسا و خاکی بەڵێندراو...». هەرگیز نەمدیوە وتەکانی کەسێتی دوو جار بە گێڕەرەوە ناوبڕ ببێت، بەڵام جۆیس لێرەدا ئەمەی کردووە، بۆیە کەمێک ناڕوونیی خستووەتە دەقەکەوە، ئەگەر ڕێک ئەوەی جۆیس وەک خۆی وەربگێڕم بەم شێوەیە دەردەچێت:

- تێدەگەم! پرۆفیسۆرەکە وتی.

تێر پێکەنی.

- تێدەگەم. بە چێژێکی نوێوە دووبارە وتی. موسا و خاکی بەڵێندراو. ئێمە ئەو بیرۆکەیەمان پێی دا. ئەمەیشی بە جەی جەی ئۆمۆڵۆی وت.

لە هەندێک زمانی تریشدا ئەم شێوازی گێڕانەوە و ناوبڕکردنی وتەی کەسێتییە ئاساییە و شێوە باوەکەی گێڕانەوەیە، بۆ نموونە فەڕەنسی، چون وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەش پەیڕەویی لەم شێوە گێڕانەوەیە کردووە؛ بەڵام لە کوردیدا ئەمە زۆر دەگمەنە، هەرگیز نەبووە ئەم شێوە گێڕانەوەیە تێنەگەیشتن دروست نەکات، چون ئێمە لە گێڕانەوەدا هەمیشە گێڕەرەوەکە لە کەسێتییەکە جیا دەکەینەوە و دەڵێین:

[پرۆفیسۆرەکە] بە چێژێکی نوێوە دووبارە وتی.

- تێدەگەم، موسا و خاکی بەڵێندراو. ئێمە ئەو بیرۆکەیەمان پێی دا.

بەڵام لەبەر ئەوەی جۆیس لێرەدا دوو جار ئەم ناوبڕەی کردووە، وا دیارە مەبەستەکەی بەو شێوەیە بێت کە «تێدەگەم»ی یەکەم بە ستیفن بڵێت، دوو ڕستەکەی تریش بە جەی جەی ئۆمۆڵۆی بڵێت. دکتۆر گابلەریش لە چاپە شیکارییەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی بە هیچ دەستکارییەک نەداوە لێرەدا، وا دیارە هەر لە سەرەتاوە مەبەستی جۆیس وا بووبێت کە ئەم یاسای گێڕانەوەیە بشکێنێت، ئەگەرچی لە هەموو بارێکدا لە کوردیدا هەر لە وەرگێڕاندا ون بووە. **~ن.م.**

[485] **نماگر**: بە ئینگلیی *cynosure*: کەس یان شتێکە کە سەرنج ڕابکێشێت، بە تایبەتی لەبەر جوانی و لێهاتوویییەکەی. خۆم وشەکەم داڕشتووە. **~ن.م.**

[486] **سێر جۆن گرەی**: (بڕوانە ٦: ٩٩). **~گ.س.**

[487] **ئان گێژ... دەلەرزێت**: {ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا بۆ خاتوو ئان بە کار هاتووە وشەی *ویمبڵس* - *wimbles*ە} جۆیس بە ستیوارت گیلبێرتی وتووە کە *ویمبڵس* نموونەیەکی *هەپاکس لێگۆمینۆن* بووە، لە فەرهەنگی گریکیدا زاراوەیەکە بۆ ئەو وشانە بە کار هاتووە

که تەنها لە بواری وێژەدا هەن (زۆر وشەی وا لە بەرهەمەکانی هۆمیرۆسدا هەن). *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* بەکارهێنانێکی وشەی *ویمبڵ*ی تۆمار کردووە کە بەکارهێنانێکی یۆڕکشییەر و لانکەشییەرییانەی وشەکەیە، بە واتای *چالاک، چابوک، گورج* دێت و نووسراوە: «ڕیشەی ڕاستەوخۆی وشەکە دیار نییە. (لە زمانە سکەندیناڤییەکاندا وشەیەک بۆ شێوە و بیچمێکی شیاو هەیە، بۆ نموونە لە نەرویجیدا *ڤیمبێل* هەیە، بە واتای *گێژ، سەرلێشێواو، هۆشێکی باشی نییە*)» بەڵام وا دیارە ئەو واتایەی جۆیس مەبەستی بووە پێدەچێت *گێژ* یان *سەرلێشێواو* بێت. {وشەکەی تریان کە بۆ فلۆ-فلۆرەنس ماککاب بە کار هاتووە، وشەی *وانگڵ wangle*ە} هەروەها وشەی *وانگل* وشەیەکی شێوەزارییانەیە بە واتای *جووڵە بە شێوەیەکی نارێکوپێک* دێت. **~گ.س.**

وشەی یەکەمیان واتایەکی برەونەماویشی هەیە کە *کونکردن*ە؛ ئەوەی بێگومان لە هەردوو وشەکە دیارە، تیلنیشانە بەوەی کە دەستی بڕاو و بێ پەنجە، بۆ ئەم دوو خانمە، لە ڕووی سێکسییەوە، خرۆشێنەرە و دەیانهێنێتە جووڵە و تەکان و لەرزە و هەردووکیان ڕەحەت دەکات. **~ن.م.**

**ئان گێژ دەبێت - (ڕ.پ.ڕ.):** {ڕاڤەکە لەسەر وشەی *ویمبڵس wimbles*ی ئینگلییەکەیە، نەک کوردییەکە، ئەم ڕاڤەیەم تەنها بۆ بەرچاوڕوونی وەرگێڕا، دەنا لە کوردییەکەدا پێویست نییە} ئەم پێکارە پێی دەوترێت *هەپاکس لێگۆمینۆن – hapax legomenon*، {دەستەواژەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە واتای *وتەی یەکجار وتراو* دێت}. **وتەی یەکجار وتراو**: زاراوەیەکە لە فەرهەنگی گریکیدا هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو وشانەی تەنها لە مەودای وێژەدا هەن. زۆر وشەی وا لە بەرهەمەکانی هۆمیرۆسدا هەن، وا دیاریشە «ویمبڵس» دیاریی جۆیسە بۆ فەرهەنگی ئینگلی. **~گ.س.**

## ئەڵقەی هەشتەم: لێستریگۆنییەکان[1]

نوقوڵی ئەنەناس، مژمژۆکەی لیمۆ[2]، بەتەسکۆچ[3]. کچێکی شەکراوی تۆپەکەوچکی کرێم بۆ برایەکی مەسیحی[4] هەڵدەکەنێت. دیارە بۆنەیەکی قوتابخانەییە. بۆ سکیان خراپە. دروستکەری لەبزینە و نوقوڵ بۆ خاوەنشکۆ جەنابی پاشا[5]. خوایە. پاشامان. بپارێزە[6]. لەسەر تەختەکەی وی دادەنیشێت و ونووی[7] سوور دەمژێت تا سپی دەبێت.

پیاوێکی گەنجی تۆخی سەر بە ک.پ.گ.م.[8] بەئاگا لە نێو هەڵمی گەرم و شیرینی گراهام لێمندا، بەلاقۆکێکی خستە نێو دەستێکی میستەر بلوومەوە.

ئاخاوتنی لە دڵەوە بۆ دڵ.

خو...من[9]؟ نا.

خوێنی بەرخەکە[10].

قاچە خاوەکانی بە دەم خوێندنەوەوە بەرەو ڕووبارەکە ڕێیان پێ کرد. ئایا ڕزگار کراویت؟ هەمووان لە خوێنی بەرخەکەدا شۆراون. خودا قوربانیی خوێنینی دەوێت. لەدایکبوون، پەردەی کچێنی، گەشمەرگ، جەنگ، بناغەی باڵەخانە[11]، قوربانی[12]، پێشکەشکردنی گورچیلەی سووتاو[13]، قوربانگاکانی درویدەکان[14]. ئەلیاس دێت[15]. دکتۆر جۆن ئەلێکساندەر داوی[16] نۆژەنکاری کڵێسای سییۆن دێت.

دێت! دێت!! دێت!!!

هەمووان بە گەرمی بە خێر بێن.

یارییەکی قازانجهێنە. تۆری و ئەلێکساندەر[17] ساڵی پار. فرەژنی[18]. ژنەکەی سەرقاپی ئەوە دەنێتەوە. ئەو ڕیکلامە لە کوێدا بوو ئەوەی دەزگایەکی بریمینگهەمی بوو خاچێکی ڕوناکیدەرەوە بوو[19]. ڕزگارکەرەکەمان. لە تاریکایی شەودا ڕابە و لەسەر دیوارەکە ببینە، هەڵواسراوە. بیرۆکەی گیانەکەی پێپەر[20]. بزماری ئاسن پیایدا داکوتراوە[21].

دەبێت لە فسفۆڕ دروست کرابێت. بۆ نموونە ئەگەر پارچە ماسییەکی گادۆس بە جێ بهێڵیت. دەمتوانی شینە زیوینەکەی لەسەر ببینم. ئەو شەوەی چوومە ئەماری ناندانەکەوە. حەزم لەو هەموو بۆنەی ناوی نییە کە چاوەڕێن دەربفیچقێن. ئەوە چی بوو کە وێ[22] دەیویست؟ کشمیشەکەی مالەگا. بە یادی ئیسپانیاوە. پێش ئەوەی ڕودی لە دایک ببێت. درەوشانەوە فسفۆڕییەکە، ئەو شین و سەوزباوە. بۆ مێشک زۆر باشە.

لای سووچی ماڵی مۆنومێنتی بەتڵەرەوە[23] نیگایەکی لە باچلەرس ووک کرد. هێشتا کچەکەی دێدالۆس لەوێیە لە دەرەوەی هۆڵی مەزاتخانەکانی دیلن[24]. دەبێت هەندێک مۆبیلیاتی کۆن بفرۆشێت. یەکسەر بە چاوی هاوشێوەی باوکیدا ناسیمەوە.

خاوخاو دەسووڕێتەوە و چاوەڕێی دەکات. کە دایک نامێنێت ماڵ هەمیشە دادەڕمێت. پازدە منداڵی هەبوو. بە نزیکی هەر ساڵێک و منداڵێک. دەبێت لە یەزدانناسییەکەیاندا هەبێت، دەنا قەشەکە ڕێی ددانپێدانان بە ژنە داماوەکە نادات، لێخۆشبوون[25]. بەردار بن و زۆر بن[26]. ئایا هەرگیز بیرۆکەی وات بیستووە؟ لە ماڵ و حاڵت دەکات[27]. خۆیان خێزانیان نییە بیانژیێنن. لەسەر چەوریی زەوییەکە دەژین[28]. گەنجینە و کیلەرەکانیان. خوازیارم بیانبینم کە ڕۆژووی ڕەشی یۆم کیپور[29] دەگرن. کولیچەی خاچشێوە[30]. ژەمێک و بەرکولێک[31] لە ترسی ئەوەی نەکا لەبەر قوربانگاکەدا ببوورێنەوە. کچە کارەکەرێکی یەکێک لەوانە، ئەگەر بتوانیت لێی دەربهێنیت[32]. هەرگیز لێی دەرناهێنرێت. وەک چۆن پاوەن و شڵنگ و پنس[33] لە خۆی دەرناهێنیت[34]. بۆ خۆی چاک دەژی. میوانی نییە. هەمووی بۆ میزەکەیە[35]. ئاگای لە ئاوەکەی خۆیەتی. نان و کەرەی خۆت بهێنە[36]. جەنابی قەشە: ورتە ناکات.

ئای خوایە گیان، جلی شڕەوپڕەی ئەو کچە هەژارە. لەوە دەچێت کەمخۆراکیش بێت. پەتاتە و مارجەرین، مارجەرین و پەتاتە[37]. ئەوە دوایی هەستی پێ دەکەن. بەڵگەکە لە محەلەبییەکەدایە[38]. تەندروستی لاواز دەکات.

هەر کە پێی نایە سەر پردی ئۆکانەڵ لە ستارەکەوە تۆپەدووکەڵێک هەڵفڕی. قەیاغی ترشانگەکەیە بە ستاوتی هەناردەکراوەوە[39]. ئینگلتەرا. بیستوومە هەوای دەریا ترشی دەکات. ئەگەر لە ڕێی هانکۆکەوە[40] مۆڵەتی سەردانێک وەربگرم بۆ بینینی ترشانگەکە[41] سەرنجڕاکێش دەبێت. لە ناو خۆیدا جیهانێکی ڕێکخراوە. مەرکانەی پۆرتەر سەرسووڕهێنەرە. جرجیش خۆی پێدا دەکات. بۆ خۆیان دەخۆنەوە تا بەقەد سەگێکی کۆلیی[42] سەرئاوکەوتوو دەئاوسێن. تا تۆپین لەسەر پۆرتەر سەرخۆش دەبن. وەک مەسیحییەکان دەخۆنەوە تا دیسان دەڕشێنەوە[43]. وێنا بکە ئەوە بخۆیتەوە! جرج: مەرکانە. ئێ، بێگومان ئەگەر هەموو شتەکانمان بزانیایە.

داڕوانی و مەلی دەریای بینی بە توندی باڵەفڕەیان دەکرد، لە نێوان دیوارە ڕووتەنەکانی لەنگەرگاکەدا دەسووڕانەوە. کەشوهەوا لەو دوورەکەنارە سەختە. ئەگەر خۆم هەڵبدەمە خوارەوە؟ دەبێت کوڕەکەی ڕەئوبێن جەی پڕورگێکی باشی لەو گەناوە[44] هەڵلووشیبێت. شڵنگێک و هەشت پنسی زیادە[45]. هههەم. زۆر گەپجاڕانە باسی شتان دەکات. دەشزانێت چۆن چیرۆک بگێڕێتەوە.

بەرەو نزمایی خولانەوە. بۆ خواردن دەگەڕێن. بوەستە.

تۆپەڵە پەڕەیەکی چرچولۆچکراوی بۆ ناویان هاویشت. ئەلیاس بە خێرایی سی و دوو پێ لە چرکەیەکدا د[46]. هەر هیچ. تۆپەکە پشتگوێخراوانە بەسەر شوێنەواری

قەڵبەزەکاندا هەڵبەز و دابەزی کرد، لای پایەکانی پردەکەوە ژێراو کەوت. ئەوەندەش گەمژە نین. ئەو ڕۆژەشی کێکە کۆنبووەکەم لە ئێرینس کینگەوە[47] دەرهاویشت لە پەنجا یاردێکی[48] شوێنەواری دوای کەشتییەکەوە هەڵگیرایەوە. بۆ ژیانی خۆیان زۆرزانن. سووڕانەوە، باڵەفڕەیان کرد.

*مەلە برسییە لەبرسدامردووەکە*
*لەسەر ئاوە ماتەکە دەفڕکێنێ*[49].

هۆنەرەکان بەو شێوەیە دەنگی لەیەکچوو دەنووسن. بەڵام شێکسپیر سەرواى نییە[50]: دێڕی بێ سەروا. هەمووی ڕەوتی زمانە. بیرەکان. سەنگین.

*هاملێت، من گیانی باوکتم،*
*لە چارەم نووسراوە ماوەیەک شەوان هاتوچۆ بکەم*[51].

- دوو سێو بە پنسێک! دوانی بە پنسێک!

نیگای بەسەر سێوە بریقەدارەکاندا تێپەڕی کە لەسەر ڕاگرەکەی خانمی فرۆشیارەکەدا تێک ترنجابوون. لەم کاتەی ساڵدا دەبێت ئوستورالی بن[52]. تویکڵی ورشەدار: بە دەستسڕ یان پەڕۆ پۆڵیش کراون.

بوەستە. ئەو باڵندە داماوانە.

دووبارە ڕاوەستایەوە و دوو کێکی بانبۆریی بە پنسێک لە پیرەژنە سێوفرۆشەکە کڕی و هەویرە قرچۆکەکەی کەرت کرد و کوتەکانیانی بۆ ناو لیفی هاویشت[53]. دەبینیت؟ مەلەکان بە بێدەنگی شاڵاویان بۆی برد، سەرەتا دووان، پاشان هەموویان لە بەرزییەکانیانەوە، پەلاماری نێچیرەکەیان دا[54]. تەواو. هەموو تۆزقاڵەکان. ئاگادار لە نەوس و زۆرزانییەکەیان وردە تۆزەکەی لە دەستەکانی تەکاند. هەرگیز چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد. گەزۆ[55]. لەسەر ماسی دەژین، گۆشتی ماسییانە دەخۆن، هەموو باڵندە دەرياييەکان، مەلی دەریا، قازی ئاوی. هەندێک جار قووەکان لە ئانا لیفییەوە[56] بە مەلە بۆ ئێرە دێن بۆ ئەوەی پەڕی خۆیان پاک بکەنەوە. کەس نازانێت چێژی کێ چۆنە. داخۆ گۆشتی قوو چۆن بێت. ڕۆبنسن کروزۆ ناچار بوو لەسەریان بژی[57].

سووڕانەوە و بە لاوازی باڵەفڕەیان کرد. هیچی زیاتر ناهاوم. پنسێک بەسە. یەکێک نەزانێت سوپاسی زۆرم پێ دەگات. تەنانەت قاڕەقاڕێکیش نییە. ئەوانیش نەخۆشیی تەبەق بڵاو دەکەنەوە[58]. ئەگەر خۆراکی زۆرەملێ بە قەلێک بدەین با بڵێین ژەمە کەستانەیەک ئەوا تامی ئەوە دەدات. بەراز بخۆیت وەک بەرازت لێ دێت. ئەی کەواتە بۆچی ماسیی ئاوی سوێر سوێر نین؟ ئەوە چۆنە؟

چاوەکانی لە ڕووبارەکەدا بە دوای وەڵامدا دەگەڕان و بەلەمێکی سەوڵیی بینی لەسەر قەڵبەزە دۆشاوئاساکە تەممەڵانە بە لەنگەرگرتوویی دەجووڵایەوە ڕیکلامبەندی پێوە نووسابوو.

*پانتۆلی*

*کینۆس*

*اا شلنگ*[59].

ئەوە بیرۆکەیەکی باشە. داخۆ کرێ بە شارەوانی بدات. هەر بە ڕاست چۆن دەتوانیت ببیت بە خاوەنی ئاو؟ هەمیشە لە کانیدا تەوژم دەدات، هەرگیز هەمان نییە، ئەوەی لە کانیی ژیاندا بۆی دەگەڕێین[60]. چون ژیان کانییەکە. هەموو جۆرە جێیەک بۆ ڕیکلام باشە. ئەو دکتۆری سووزەنەکە ساختەچییە ڕیکلامەکانی بە هەموو تەوالێتە گشتییەکاندا هەڵواسیبوو. ئێستانان هەرگیز نایبینم. زۆر نهێنییە. دکتۆر های فڕانکس[61]. وەک ڕیکلامە خودییەکانی مەگینیی مامۆستای سەماکە[62] یەک قڕانی تێ نەچووە. خەڵکی ڕاسپاردبوو بۆی هەڵبواسن یان خۆی هەڵیواسیبوون کە بە نهێنی ڕایکردووەتە ئەوێ تا دەست بە ئاو بگەیەنێت. دەستبڕ[63]. شوێنەکەش خۆیەتی. پۆستەر هەڵمەواسە. بۆست هەر هەڵم بناسە[64]. کەسێک برێک لەوەی هەبێت دەیسووتێنێتەوە.

ئەگەر ئەو؟

ئۆی!

ئێ؟

نا... نا.

نا، نا. بڕوا ناکەم. تۆ بڵێیت بتوانێت؟

نا، نا[65].

میستەر بلووم بەرەو پێش ڕۆیشت، چاوە پشێوەکانی هەڵبڕی. لەوە زیاتر بیری لێ مەکەوە. یەک لایداوە. تۆپی کاتەکەی سەر نووسینگەی بالاست دابەزیوە. کاتی دەنسینک[66]. ئەو پەڕتووکەی سێر ڕۆبێرت بۆڵ[67] پەڕتووکێکی دڵفڕێنە. پارالاکس[68]. هەرگیز بە تەواوی تێی نەگەیشتم. ئەوە قەشەیەکە. دەتوانم لێی بپرسم. پار گریکییە[69]: پارالێڵ، پارالاکس. پێی دەوت گەی پێی و گانگانێنکێ[70] تا من باسی لەشگۆڕکێکەم بۆی کرد. دە قسەی قۆڕ[71]!

میستەر بلووم بەرانبەر دوو پەنجەرەی نووسینگەی بالاست دە قسەی قۆڕ بزەی کرد. دواجار وێ[72] ڕاست دەکات. تەنها وشەی قەبەن بۆ شتی ئاسایی لەسەر بنەمای دەنگ. ئەو زۆر نەستەق[73] نییە. هەندێک جار بێڕووشە. ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە لە

دەمم دەرچووو. هێشتاش نازانم. دەیوت کە بێن داڵەرد[74] چینی دەنگی باس بەرمیلتۆنە[75]. قاچی وەک بەرمیل وایە و واش هەست دەکەیت بە نێو بەرمیلدا گۆرانی دەبێژێت. دەی ئەوە نەستەقی نییە. جاران پێیان دەوت بیگ بێن[76]. بەڵام بە نیوەی ئەوەش نەستەق نییە کە پێی دەڵێت بەزیو بەرمیلتۆن[77]. قرمی وەک هی قەترەس وایە[78]. پشتەمازەیەکی تەواوی گا دەخوات. لە هەڵقوڕاندنی بیرەی باسی ژمارە یەکیشدا[79] پیاوێکی بەهێز بوو. بەرمیلی باس. دەبینیت؟ چەند ڕێک دەکەوێت.

کاروانێک پیاوی سەرجلسپیی پێشوپاش ڕیکلامبەندکراو بە لای ئاوەڕۆکەدا بە خاوی بەرەو ڕووی هاتن، پشتێنی ئاڵ بەسەر بۆردەکانیانەوە بوو[80]. داشکاندن. وەک ئەو قەشەیەی ئەم بەیانییە وان: ئێمە گوناهمان کرد: ئێمە ئازارمان چەشت[81]. پیتە ئاڵەکانی سەر شەبقە سپییە درێژەکانیانی خوێندەوە: هـ. یێ. ڵ. ی. س. ویزدەم هێڵیس[82]. ی'یەکەیان کە دوا کەوت پارچەیەک نانی لە ژێر بۆردەکەی پێشەوەیەوە دەرکێشا، ئاخنییە دەمیەوە و بە دەم ڕۆیشتنەکەیەوە ملّچاندی. خواردنە سەرەکییەکەمان. ڕۆژیی سێ شڵنگ، شەقام دوای شەقام بە نێو ئاوەڕۆکاندا دەڕۆن. نان و شۆربا هەر پێست و ئێسقانەکە بە یەکەوە دەهێڵێتەوە. ئەمانە ئەو پیاوانە نین کە بۆیل: نا، پیاوەکانی مەگلەیدن[83]. بازاڕی کاریش گەرم ناکات. پێشنیاری عەرەبانەیەکی نمایشکردنی ڕوونم بۆی کرد کە دوو کچی ڕێکپۆش لە ناویدا دابنیشن و نامە و دەفتەر و پەڕەی نامە و پەڕەی مژۆک بنووسن. گرەو دەکەم ئەوە سەری دەگرت. کچی ڕێکپۆش شت بنووسن یەکسەر سەرنج ڕادەکێشێت. هەمووان سوێیان دەبێتەوە بۆ ئەوەی بزانن چی دەنووسن. هەر هیچ نەکەیت بیستت لێ کۆ دەبێتەوە. حەز دەکەن خۆیان هەڵبقورتێنن. ژنانیش. زانینخوازی. ستوونی خوێ[84]. بێگومان نایەوێت چون خۆی یەکەم جار بیری لێ نەکردووەتەوە. یان دەواتەکەی[85] پێشنیارم کرد کە لە سێلولۆیدی ڕەش پەڵەیەکی درۆیینە دروست بکرێت. بیرۆکەی ڕیکلامەکانی وەک گۆشتی لەقتوونراوی پلەمتری لە ژێر مەرگنامەدا، بەشی گۆشتی سارد. ناتوانیت بیانلێسیتەوە. چی؟ زەرفی نامەکانمان. سڵاو، جۆنز، بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ناتوانم بوەستم، ڕۆبنسن، بۆ کڕینی *کانسل* تاکە مەرەکەبسڕی پشتپێبەستراو پەلە دەکەم، هێڵیسی سنووردار لە ٨٥ی شەقامی دەیم[86] دەیفرۆشێت. چاک لەو هەراوهوریایە ڕزگارم بوو. کۆکردنەوەی هەژماری ئەو ڕەبەنگایانە کارێکی دژوار بوو. ڕەبەنگای ترانکیلا[87]. خانمە ڕەبەنێکی جوان بوو لەوێ، بە ڕاستی ڕوخسارێکی شیرین. سەرپۆش زۆر لەو سەرە بچووکەی دەهات. خوشکە؟ خوشکە؟ هەر بە چاویدا دڵنیام کە لە خۆشەویستیدا بەختی نەبووە. سەوداگەری لەگەڵ ئەو جۆرە ژنانەدا زۆر قورسە. ئەو بەیانییە لە کاتی خواپەرستییەکەیدا دامبڕاند. بەڵام بە پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دڵخۆش بوو.

وتی: ڕۆژە مەزنەکەمان. جەژنی خانمەکەی شاخی کارمەلمان[88]. ناوێکی خۆشیشە: کەرەمێل. زانیی کە من، وا بزانم بەوەدا زانیی کە[89]. ئەگەر شووی بکردایە دەگۆڕا. پێم وا بێت بە ڕاستی کەمدەرامەت بوون. کەچی هەموو شتێکیان لە باشترین کەرەدا سوور دەکردەوە. پیوی بەراز ناخۆن. خواردنی بەزی پاشماوە دڵم دەشکێت[90]. دەیانەوێت خۆیان لە ناوەوە و دەرەوەش کەراوی بکەن. مۆڵی تامی دەکرد، تاراکەی لابردبوو[91]. خوشکە؟ پات کلافی، کچەکەی بارمتەگرەکە[92]. دەڵێن خانمە ڕەبەنێک بووە تەلی دڕکبەندی داهێناوە[93].

شەقامی وێستمۆرلاندی[94] بڕی کاتێک هەڵاوێر و سەگە بە لایدا خلەخل ڕۆیشت. دووچەرخەخانەی ڕۆڤەر[95]. ئەمڕۆ ئەو پێشبڕکێیانە هەن[96]. ئەوە چەندێک لەمەوپێش بوو[97]؟ ئەو ساڵەی فیل گیلیگن مرد[98]. لە شەقامی لۆمباردی خۆرئاوا بووین. بوەستە: لای تۆم[99] بووم. ئەو ساڵەی هاوسەرگیریمان کرد کارەکەی ویزدەم هێڵیسم دەست کەوت. شەش ساڵ. دە ساڵ لەمەوبەر: نەوەد و چوار مرد وا بوو ئاگرە گەورەکەی ئارنۆتس[100]. ڤال دیلن[101] سەرۆکی شارەوانی بوو. شێوەکەی گلێنکری[102]. ڕۆبێرت ئۆڕایەلیی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی[103] پێش ئەوەی ئاڵاکە دابکەوێنرێت[104] پۆرتەکەی[105] خستە شلەکەیەوە. بۆببۆب بۆ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانییەکەی ناوەوەی لێساولێس کرد[106]. خۆ نەمتوانی بزانم تیپی موزیکەکە چی دەژەنن[107]. بەرانبەر بەوەی پێمان بەخشراوە، داواکارین خودا[108]. ئەو کاتە میلی منداڵ بوو[109]. مۆڵی ئەو کراسە بۆرە فیلییەکەی لە بەردا بوو کە بۆقەکانی پێوە هۆنرابوو. لەگەڵ قۆپچەی لە هەمان قوماش تێگیراو دوررابوو. حەزی لێی نەبوو چون یەکەم ڕۆژ کە لە سەیرانی کۆڕەکەدا بۆ شوگەرلۆف[110] لەبەری کرد من ئەژنۆم لە جێ چوو. وەک بڵێیت. شەبقە درێژەکەی گودوینی پیر بە هەندێک شتی نووسەکی[111] تێکچوو. سەیرانی مێشوولەکانیش بوو. هەرگیز کراسێکی تری وای لە بەر نەکردووەتەوە. وەک دەستکێش پڕ بە بەری بوو، شان و ئەسکنجەی. بە باشی لەشولاری دەردەخست. ئەو ڕۆژە کێکی بە کەروێشک ئاخنراومان خوارد. خەڵک تەماشای دواوەی ئەویان دەکرد.

دڵخۆشی. ئەو کات دڵخۆشتر. ژوورێکی بچووکی خنجیلە بوو کە بە پەڕەی دیواری سوور ڕووپۆش کرابوو. هی دۆکرێل[112]، دەرزەنی بە شلنگ و نۆ پنس[113]. شەوی شوشتنەکەی میلی. سابوونی ئەمەریکاییم کڕی: گوڵی گیابۆگەنە[114]. بۆنی گەرموگوڕی ئاوی بانیۆی خۆشوشتنەکەی. پێکەنیناوی بوو کە هەموو لەشی سابووناوی بوو. جوانکیلەش بوو. ئێستاش فۆتۆگرافی. هونەرگە داگەریۆکەی بابە گیان بۆی باس کردم[115]. چێژی بۆماوەیی.

بەسەر بەردی شۆستەکەدا ڕۆیشت.

کانیی ژیان[116]. ئەو کابرایە ناوی چی بوو کە لە قەشە دەچوو و هەمیشە بە لاتیر سەیری دەکردیت کە بە لاتدا دەهات؟ چاوی کز، ژن. سەردانی سیترۆنی کرد لە سانت کێڤن پارەید[117]. پێن شتێک. پێندێنیس؟ یادگەم خەریکە. پێن...[118]؟ بێگومان ساڵانێک لەمەوبەر بوو. ڕەنگە هەرای ترامەکە بێت. دە ئەگەر ئەو ناوی ڕۆژقاڵەکەی بە بیر نەکەوێتەوە کە هەموو ڕۆژێک دەیبینێت[119].

ئەوکات بارتێل دارسیی[120] تینۆر تازە ناوی دەرکردبوو. دوای مەشق تا ماڵەوە لەگەڵیدا دەهات[121]. کابرایەکی بەفیز بوو خۆی و سمێڵە چەورکراوەکەی. ئەو گۆرانییەی پێی دا *ئەو بایەی لە باشوورەوە هەڵدەکات*[122].

شەوێکی ڕەشەباوی بوو کە چووم بە شوێن ویدا[123] دوای کۆنسێرتەکەی گودوین لە ژووری شێوەکەدا یان ژوورە بەڕووەکەی کۆشکەکە[124] ئەو کۆبوونەوەیەی کوختەکە هەبوو سەبارەت بەو بلیتی هایبەختانە[125]. من و وی لە دواوە. لاپەڕەی نۆتەکانی موزیکەکانیم بەرەو شیشبەندەکەی قوتابخانە ئامادەییەکە[126] لە دەست پەڕی[127]. بەختم هەبوو کە نەکەوتنە. شتی لەو بابەتە شەوەکەی لێ دەشێوێنێت. پرۆفیسۆر گودوین لە پێشەوە قۆڵی لە قۆڵیدا بوو. ئەو هەرمەستە داماوە پیرە دەلەرزی و بە حاڵ خۆی بە پێوە بۆ ڕادەگیرا. کۆنسێرتی ماڵئاواییەکانی. بێگومان دوایین دەرکەوتنەکانی بوو لەسەر شانۆ. ڕەنگە بۆ چەند مانگ، یان بۆ تاتا بێت[128]. پێکەنینەکەیم لە ڕەشەباکەدا بە بیر دێتەوە، ملپێچی تۆفانەکەی بەستبوو. لەسەر سیلەی شەقامی هارکۆرت[129] ئەو باهۆزەم بە بیر دێتەوە. بڕڕفوو! هەموو تەنوورەکەی هەڵفڕاند و ملپێچە پەڕەکەی خەریک بوو گودوینی پیر بخنکێنێت. لە ڕەشەباکەدا سوور هەڵگەڕا. بە بیرم دێتەوە کە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە و ئاگرەکەمان کردەوە و بۆ شێوی ئەو پلی ڕانەمەڕەکەمان لەسەری سوور کردەوە بەو سۆسی چەتنییەوە[130] کە حەزی لێ بوو. ڕەمە خۆشکراوەکەش[131]. دەمتوانی لای ئاگردانەکەوە ئەو لە ژووری نووستنەکە ببینم کە زەمبەلەکی سکبەندەکەی شل دەکردەوە: سپی.

سکبەندەکەی لەسەر چەرپاکە تەپە و خشەیەکی نەرمی کرد. هێشتا بە لەشی ئەو گەرم بوو. هەمیشە ئاسوودە دەبوو کە لە خۆیی دەکردەوە. پاشان تا نزیکەی کاتژمێر دوو دادەنیشت تەوقەکانی قژی دەردەهێنا. میلی لە نێو پێخەفەکەیدا پێچرابوو. دڵخۆشی. دڵخۆشی. ئەوە ئەو شەوە بوو کە...

- هێی میستەر بلووم، چۆنیت؟

- هێی، تۆ چۆنیت، خاتوو برین[132]؟

- گلەییکردن دادمان نادات. مۆڵی چۆنە ئەم ماوەیە؟ زۆر دەمێکە نەمدیوە.

میستەر بلووم دڵخۆشانە وتی:

- شازە. دەزانیت میلی لە مەلینگەر کارێکی دۆزیوەتەوە؟

- کورِە دە لاچۆ! دەی ئەوە چاکترین شت نییە بۆی؟

- بەڵێ. لای فۆتۆگرافەرێکی ئەوێ. وەک مەنجەڵ و سەرقاپیان لێ هاتووە. ئەی بەچکەکانی تۆ چۆنن؟

خاتوو برین وتی:

- باشن، بۆ خۆیان لە تەرِ دەخۆن[133].

چەندی هەبوو؟ کەسی تر دیار نییە.

- دەبینم رِەشت پۆشیوە، خۆ هیچ...

میستەر بلووم وتی:

- نا، ئەوەندە نابێت لە پرسەیەکەوە هاتوومەتەوە.

وا بزانم هەموو رِۆژەکە هەر ئەم خەرِەکە دەرِێسینەوە. کێ مردووە؟ کەی و بە چی مرد؟ ئیتر دەبێت بە مووی لووت[134].

خاتوو برین وتی:

- ئەی، داماو. هیوادارم کەسی نزیک نەبووبێت.

رِەنگە بشتوانم بەزەیی ئەو بە دەست بهێنم. میستەر بلووم وتی:

- دیگنەم. هاورِێیەکی کۆنم بوو. داماوە زۆر لەناکاو مرد. لەو برِوایەدام بە نەخۆشیی دڵ بوو. پرسەکە ئەم بەیانیە بوو.

*پرسەکەت سبەینێیە.*
*کە بە ناو چەوانا دێیت،*
*دیدلدیدل دەمدەم*
*دیدلدیدل...*[135]

چاوە ژنانییەکانی خاتوو برین خەمبارانە وتی:

- لەدەستدانی هاورِێی کۆن زۆر ناخۆشە.

دەی سا ئەوەندە بەسە لەو بارەیەوە. هەر: بە هێمنی: مێردەکەی.

- ئەی ئاغا و گەورەکەت؟

خاتوو برین دوو چاوە گەورەکانی بەرز کردەوە. هەر چۆنێک بێت هێشتا لە دەستی نەداوە. وتی:

- ئۆی، دە قسە مەکە! دەڵێیت ددانی مارە[136]. ئێستا لەوێیە بە خۆی و یاسانامەکانیەوە یاسای ناوزڕاندن دەپشکنێت. دڵمی بە وەستان داوە. چاوەڕێ بکە، پیشانت دەدەم.

هەڵمی گەرمی گۆشتاوی پاچە و هاڵاوی کولیچەی مرەبا[137] و ڕۆلیپۆلیی[138] تازەبرژێنراو لە هاریسنەوە[139] دەرچوو. نیوەڕۆهاڵاوی قورس بەشی سەرەوەی سوورێنچکی میستەر بلوومی ختووکە دا. دەتەوێت هەویرەمەنیی باش دروست بکەیت ئەوا کەرە، باشترین ئارد، شەکری دیمەرارات[140] پێویست دەبێت، دەنا لەگەڵ چای گەرمدا تامی دەکەن. یان ئەوە لەوەوە دێت؟ عەرەبێکی پێپەتی[141] لەسەر نەردەکە وەستا، هەڵمەکەی هەڵدەمژی. بەو شێوەیە قەپی برسێتی لاواز دەکات. ئایا ئەوە چێژە یان ئازار؟ شێوی پنسبایی. چەقۆ و چەتاڵەکە بە زنجیر بە مێزەکەوە بەستراون[142].

جانتا دەستییەکەی کردەوە، کە چەرمەکەی پووابوو. دەرزیی شەبقە: دەبێت وریای ئەو جۆرە شتانە بیت. دەچێت بە چاوی کەسێکدا لە ترامێکدا. دەپشکنێت. کردیەوە. پارە. تکایە دانەیەک هەڵبگرە. چ قوورەتە شەش پنسییەک ون بکەن. هەرا هەڵدەستێت. مێردەکە خۆی پێدا دەکات. کوا ئەو دە شلنگەی دووشەممە پێتم دا؟ خێزانی برا بچووکەکەت بە خێو دەکەیت؟ دەستسڕی قوڕاوی: شووشەی دەرمان. ئەوە حەبی مژین بوو کەوت. داخۆ چی...؟

وتی:

- دەبێت مانگێکی نوێ[143] هەڵهاتبێت. هەمیشە لەو کاتانەدا باری خراپە. دەزانیت دوێشەو چیی کرد؟

دەستەکانی لە پشکنین وەستان. چاوەکانی خۆیان لەسەر ڕوخساری میستەر بلووم جێگیر کرد، زەق و وریا، بەڵام هێشتا بزەی دەکرد. میستەر بلووم پرسیی:

- چی؟

با بدوێت. ڕێک سەیری ناو چاوی بکە. بڕوات پێ دەکەم. متمانەم پێ بکە. وتی:

- شەو لە خەو هەڵیستاندم. خەونی دیبوو، مۆتەکەیەک.

گرف[144].

- وتی بیللیی قەرە[145] بەسەر پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕێت.

میستەر بلووم وتی:

- بیللیی قەرە!

پۆستکارتێکی نوشتاوەی لە جانتا دەستییەکەیدا دەرهێنا. وتی:

- ئەوە بخوێنەوە. ئەم بەیانییە بۆی هاتووە.

میستەر بلووم کارتەکەی وەرگرت و پرسیی:

- ئەوە چییە؟ یو پی؟

وتی:

- یو پی، ئەپ[146]، یەکێک دەیەوێت تووڕەی بکات. زۆر شوورەییەکی گەورەیە بۆیان هەر کەسێک بێت.

میستەر بلووم وتی:

- بە ڕاستی وایە.

کارتەکەی وەرگرتەوە و ئاهێکی هەڵکێشا.

- جا ئێستا دەچێت بۆ نووسینگەکەی میستەر مێنتن[147]. دەڵێت داوایەک تۆمار دەکات بۆ قەرەبووکردنەوە بە دە هەزار پاوەن.

کارتەکەی بۆ ناو جانتا نارێکوپێکەکەی نوشتاندەوە و گیرەکەی داخستەوە.

دوو ساڵ لەمەوبەریش هەمان کراسی چۆغەی لە بەردا بوو، ڕیشاڵەکەی کاڵ بووەتەوە. سەردەمی زێڕینی بە سەر چووە. قژی بژ بەسەر گوێکانیدا. ئەو کڵاوە شپرێوەش: سێ ترێی کۆن بۆ ئەوەی ناشیرینییەکەی بشارێتەوە. بەرێززادەیەکی پەرپووت. جاران پۆشەرێکی بەسەلیقە بوو. چرچیی دەوری دەمی. تەنها ساڵێک یان شتێکی وا لە مۆڵی گەورەترە.

سەیری سەرنجی ئەو ژنە لێی دا کە تێپەڕی. بێبەزەیی. ڕەگەزە نادادپەروەرەکە[148].

بلووم بەردەوام تەماشای دەکرد، لە پشت سەیرکردنەکەشیەوە بێزارییەکەی هەڵگرتبوو. مولیگەتانیی[149] تیژی کلکەگا و گۆشتاوی پاچە. منیش برسیمە. کولووی هەویرەمەنی لەسەر تیرۆژووی کراسەکەی: پەڵەی ئاردی شەکراوی بەسەر گۆنایەوە نووساوە. کێکی ڕێواسی زۆر تێئاخنراو، میوەی دەوڵەمەند لە ناویدا. جۆسی پاوڵ[150] بوو. لە ماڵی لوک دۆیەل دەمێک بەر لە ئێستا. دۆلفینس بارن[151]، نەگۆبازییەکە[152]. یو پی: ئەپ.

بابەتەکە بگۆڕە. میستەر بلووم پرسیی:

- ئەرێ هەرگیز خاتوو بیوفۆی دەبینیت؟

وتی:

- مینا پیورفۆی[153]؟

بیرم لە فیلیپ بیوفۆی دەکردەوە. یانەی شانۆبینان. ماتچام زۆر جار بیر لە شاکارەکەی دەکاتەوە[154]. ئایا زنجیرەکەم هەڵکێشا؟ بەڵێ. پەردەی کۆتایی.

- بەڵێ.

- هەر کەمێک لەمەوبەر لەسەر ڕێکەم پرسیم چۆنە ئایا ڕزگاری بوو. لە خەستەخانەی منداڵبوونەکەی شەقامی هۆلسە[155]. دکتۆر هۆڕن[156] لەوێ خستوویەتی. وا سێ ڕۆژە ژانی گرتووە.

میستەر بلووم وتی:

- ئۆی، زۆرم پێ ناخۆشە کە ئەوە دەبیستم.

خاتوو برین وتی:

- بەڵێ. جا کۆشێک منداڵیش لەماڵەوە. برینپێچەکە پێی وتم منداڵبوونێکی زۆر سەختە.

میستەر بلووم وتی:

- ئۆی.

نیگا پڕبەزەییەکەی هەواڵەکەی ئەوی هەڵمژی. زمانی لە هاوسۆزیدا چرکەچرکی دەکرد. تچکم! تچکم! وتی:

- پێم ناخۆشە کە ئەوە دەبیستم. گوناحە! سێ ڕۆژ! زۆر سامناکە بۆی.

خاتوو برین سەری لەقاند.

- سێشەممە ژانی گرت و بردیان...

میستەر بلووم بە نیانی دەستی دا لە ئانیشکی، ئاگاداری کردەوە:

- ئاگادار بە! ڕێی ئەم پیاوە بکە تێبپەڕێت.

شێوەیەکی ڕەقەڵە لە ڕووبارەکەوە بەسەر بەردی شۆستەکەدا شەقاوی هەڵدەهێنایەوە و بە نێو تاکهاوێنەیەکەوە[157]، کە بە ڕیسی ئەستوور بەسترابوو، بە نیگایەکی گەشکەدارانەوە لە تیشکی خۆرەکەی دەڕوانی. شەبقەیەکی تەسکی وەک کڵاوزرێ توند سەری گرتبوو. چاکەتێکی خۆڵڕشتن بە دووقەدی بەسەر قۆڵیەوە و گۆچانێک و چەترێک بە دەم شەقاوەکانیەوە شۆڕ ببوونەوە.

میستەر بلووم وتی:

- تەماشای بکە، هەمیشە دوور لە ستوونی گڵۆپەکانەوە دەڕوات. سەیر!

خاتوو برین پرسیی:

- کێیە؟ ئەگەر پرسیارێکی بەجێ بێت، شێتە؟

میستەر بلووم بە بزەوە وتی:

- ناوی کاشل بۆیەل ئۆکانەر فیتزمۆریس تیزدەل فارل-ە[158]. سەیر!

وتی:

- بەشی خۆی ناوی هەیە. دێنیسیش[159] ڕۆژێک ئاوای لێ بە سەر دێت.

خاتوو برین لەناکاو وەستا. وتی:

- ئەوەتا. دەبێت شوێنی بکەوم. ماڵئاوا. سڵاوم بە مۆڵی بگەیەنە، باش؟

میستەر بلووم وتی:

- بەسەرچاو.

وی تەماشای وێی کرد کە بەرەو بەردەمی دوکانەکان بە نێو ڕێکەرەکاندا خۆی لادەدا[160]. دێنیس برین بە پاڵتۆیەکی تەسک و پێڵاوێکی خامی شینەوە بە پێخکلیسکێ لە هاریسن[161] هاتە دەرەوە و بە پەراسوویەوە باوەشی بە دوو بەرگ پەڕتووکی گەورەی قورسدا کردبوو. لە کەنداوەکەوە با دەیبات[162]. وەک جاران. بێ ئەوەی شەبەیخوون بێت لێی گەڕا پێشی بکەوێت و بەرەوڕووی ئەو تەکانی بە ڕیشە بۆرە بژەکەی دا، کە بە جۆشەوە دەدووا شەویلگە شلەکەی دەلەقی[163].

مەشوگە[164]. تەختەکانی شل بەستراون[165].

میستەر بلووم دیسان بە شێنەیی کەوتەوە ڕێ، لە پێش خۆیەوە و لە نێو تیشکی خۆرەکەدا کڵاوزرێ تەسکەکە و گۆچانچەترچاکەتیخۆڵرشتنە شۆڕبووەکەی دەبینی[166]. دەڵێیت شەخسەپەڕۆیە[167]. تەماشای بکە! ئەوە دیسان لە ڕێکە لایدا. ئەویش شێوە ژیانێکە لەم جیهانەدا. ئەو شەلەنگە[168] پیرە شێتۆکەیەی تریش بەو شڕەیەی بەریەوە. دەبێت کاتێکی سەخت لەگەڵیدا بە سەر ببات[169].

یو پی: ئەپ. سوێند دەخۆم ئەوە یان ئالف بێرگنە[170] یان ڕیچی گولدینگە[171]. لەسەر چی بڵێیت دەیکەمە گرەو کە لە مەیخانەی سکۆچ[172] بۆ ڕابواردن نووسیویانە. بۆ نووسینگەکەی مێنتن لادەدات. چاوە گوێماسیلەییەکانی تەماشای پۆستکارتەکەیان دەکرد. بۆ خوداکان دەبێتە جەژن[173].

*ئایرش تایمزی*[174] تێپەڕاند. ڕەنگە وەڵامی تریش هاتبن. خوازیارم وەڵامی هەموویان بدەمەوە. کۆسووڕێکی[175] باشە بۆ تاوانکاران. پەرلە. ئێستا لە فراڤینن. میرزا چاویلکەلەچاوەکەی ئەوێ نامناسێت. دە لێیان بگەڕێ با بۆ خۆیان لەوێ بکوڵێن. چیتر خۆماندووکردن بە گەڕان بە نێو هەر چلوچواریاندا بەسە. پێویستمانە: خانمێکی تایپێستی زیرەک بۆ هاوکاریکردنی پیاوێک لە کاری وێژەوانیدا[176]. بە ئازیزی هاروهاج ناوتم برد

چونکە حەزم لەو وژەیەی تر نییە[177]. تکایە پێم بڵێ واتای ئەو. تکایە پێم بڵێ ژنەکەت چ جۆرە بۆنێک[178]. پێم بڵێ کێ جیهانی دروست کرد. لەو شێوەیەی ئەو پرسیارانەت تێدەگرن. ئەوی تریشیان لیزی تویگ[179]. هەوڵە وێژەوانییەکانم ئەوەندە بەختەوەر بوون کە ڕەزامەندیی هۆنەری ناودار ئەی ئی (میستەر جۆ ڕەسڵ)یان بە دەست هێناوە. کاتی نییە قژی چاک بکات بە دەم دیوانی هۆنراوەوە چای ڕوون دەخواتەوە.

تا ئێستا بۆ ڕیکلامی بچووک باشترین ڕۆژنامەیە. ئێستانان هەرێمەکانیشی گرتووەتەوە[180]. ئاشپەز و کارەکەر، دەستاوی نایاب، خزمەتکاریش بەردەستیی دەکات[181]. پیاوێکی چالاکمان بۆ مەیخانە پێویستە. خانمێکی بەڕێز (ک. ڕ.[182]) سۆراخی پێگەیەک دەکات لە دوکانێکی میوە یان بەرازدا. جەیمز کارلایەل[183] ئەوەی کرد. پشکی لە سەددا شەش و نیو[184]. کارێکی گەورەی لەسەر پشکەکانی کۆتس کرد[185]. کەروێشک بە عەرەبانە دەگرێت[186]. پیسکەیەکی فێڵبازی پیری سکۆتییە. هەموو هەواڵە ماستاوچێتییەکان. جەنابی خێزانی جێنشینی پاشا میهرەبانەکەمان. ئێستانان *ئایرش فیلد*یان[187] کڕیوەتەوە. خاتوونی ماونتکاشل[188] بە باشی لە منداڵبوونەکەی باش بووەتەوە و دوێنێ لە بەرهەڵداکردنەکەدا[189] لە ڕاتۆث[190] سەردانی کۆمەڵەی تانجییانی[191] کرد. ڕێویی لەخواردننەهاتوو[192]. گۆشتڕاوکەرانیش[193]. ترس شلەیەک دەڕژێنێت کە گۆشتەکەیان بە باشی بۆیان ناسک دەکاتەوە[194]. لنگبڵاو سواری دەکات. وەک پیاو لەسەر ئەسپەکەی دادەنیشێت. ژنەڕاوچییەکی بارگیر. زینی ژنانە و پاشتەرکی[195] ناوێت، نا بۆ جۆ[196]. یەکەم کەس لە کاتی کۆبوونەوە و کاتی کوشتنەکەشدا[197]. هەندێک لەو ژنە ئەسپئاسایانە وەک ماکەری زایین بەهێزن. بە نێو تەویلە گشتییەکاندا پۆزاوییانە دەڕۆن. هەر ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو ڕێک پێکێک براندی هەڵدەقوڕیننەوە. ئەو یەکەی ئەم بەیانییەی لای گرۆڤنەر[198]. لەگەڵی سەرکەوتە سەر عەرەبانەکە: ئۆفئۆف. بەسەر لەمپەر یان دەروازەی پێنج پێ بەرزدا[199] دەیبات و خۆی بەسەریەوە. پێم وا بێت ئەو شۆفێرە لووتقوتە لە ڕقدا وای کرد. ئەرێ ئەو ژنە لە کێ دەچوو؟ ئەها ئێ! خاتوو میریام داندرەید[200] کە لە میوانخانەی شێلبۆرن[201] پەتوو و پۆشاکی ژێرەوە ڕەشەکانی پێم فرۆشت. تەڵاقدراوێکی ئیسپانی ئەمەریکایی. یەک دەنک باکی نەبوو کە دەستم تێوە دەدان[202]. وەک بڵێیت تەنافی جلەکانی ئەوم. لە ئاهەنگەکەی جێنشینی پاشادا بینیم کە ستەبسی جەنگەڵوان[203] لەگەڵ ویلەنی[204] *ئێکسپرێس*دا کردمیانە ژوورەوە. زبڵگەڕی بۆ بەرماوەی خانەدانان. عەسرۆژە. مایۆنیزم بەسەر هەڵوژەکاندا ڕشت وام زانی کاستەرە. دەبێت تا چەند حەفتەیەکیش دوای ئەوە گوێکانی چووزابێتنەوە. دەیەوێت بۆی ببیت بە گا. لە لەدایکبوونیەوە دەربارازە[205]. نا، سوپاس، خۆ دایەنگەی دانەناوە[206].

خاتوو پیورفۆیی داماو! مێردەکەی میتۆدیستە. ڕێبازی شێتییەکەی[207]. لە کارگەی شیرەمەنییە فێرکارییەکە[208] فراقینی کولێرەی زافەران و شیر و سۆدە. ک.پ.گ.م.[209] لەسەر کاتراگر نان دەخوات، سی و دوو جوین لە خولەکێکدا. بەڵام هەر ڕیشوسمێڵە چەنە تاشراوەکەی هاتووەتەوە. دەبێت پەیوەندیی باشی هەبێت. خزمی ثیۆدۆرە[210] لە قەڵای دەبلن[211]. کاکە حەمەیەکی خزم لە هەر خێزانێکدا هەیە[212]. سەختی ساڵی دەدات بە ژنەکەی[213]. لە دەرەوەی ثری جۆلی تۆپەرس[214] بینیم بێ کڵاو دەڕۆیشت و کوڕە هەرەگەورەکەشی لە زەمیلەیەکی بازاڕیدا یەکێکی هەڵگرتبوو. قیژەقیژکەرەکان. داماوە! پاشان دەبێت ساڵ دوای ساڵ بە درێژایی شەو مەمک بدات. ئەو مەینەخۆرانە خۆپەرستن. سەگی ناو ئاخوڕن[215]. ئەرک نەبێت، تەنها قەندێک بخە نێو چاکەمەوە.

لەسەر چوارڕێیانی شەقامی فلیت[216] وەستا. پشووی فراقینی فەرمییە. شەش پنس باییەک لای ڕۆو[217]؟ دەبێت بە دوای ئەو ڕیکلامەی پەڕتووکخانەی نیشتمانیدا بگەڕێم. هەشت پنس باییەک لای بۆرتن[218]. باشترە. لەسەر ڕێمە.

کەوتەوە ڕێ و خانووەکەی بۆڵتنی وێستمۆرلاندی[219] تێپەڕاند. چا. چا. چا. لە بیرم چوو بە تۆم کێرنەن بڵێم.

سسس. تچکم، تچکم، تچکم! وێنا بکە سێ ڕۆژە لەسەر جێ دەناڵێنێت بە دەستسڕێکی سرکاویی[220] بەسەر نێوچاوانیەوە، ورگیشی هەڵئاوساوە. تیاح! هەر بە ڕاستی سامناکە! سەری منداڵەکە زۆر گەورەیە: مقەستی پزیشکی. لە ناویدا خۆی نووشتاندووەتەوە و دەیەوێت ڕێی خۆی بکاتەوە و کوێرانە دەربپەڕێت، پەل بۆ دەرچوون دەکوتێت. ئەوە دەمکوژێت. مۆڵیی بەختەوەر بە سانایی ئەوانەی خۆی تێپەڕاند. دەبێت شتێک دابهێنن تا ڕێ لەوە بگرێت. ژیان بە منداڵبوونی سەختەوە. بیرۆکەی سڕەخەو[221]: شا ڤیکتۆریا ئەوەی بۆ کرا. نۆی هەبوو[222]. هێلکەکەرێکی باش بوو[223]. پیرەژنێک لە نێو پێڵاوێکدا دەژیا منداڵی زۆر زۆری هەبوو[224]. وای دابنێ وی سیلی هەبوو[225]. کاتی ئەوەیە یەکێک بیر لەوە بکاتەوە لە بری ئەو قسە قۆڕانەی چی بوو سینەی ماتی پرشنگە زیوینەکەی[226]. قسەی هەڵیتوپەڵیت تا گێلەکان لەسەری بخۆن. بە ئاسانی دەتوانن چەندین دەزگای گەورەیان هەبێت هەموو شتەکە تەواو بێ کێشە دەبێت لە پارەی ئەو هەموو باجە پێنج کوید بە قازانجی لێکدراوی لە سەددا پێنج بدەن بە هەر منداڵێک کە لە دایک دەبێت تا بیست و یەک کە دەکاتە سەد شڵنگ و پێنج پاوەنی حیز کەرەتی بیست بە سیستمی دەیی خەڵک هان بدەن پارە پاشەکەوت بکەن سەد و دە و بڕێک بیست و یەک ساڵ بتەوێت لەسەر پەڕە لێکی بدەیتەوە دەکاتە سەرجەمێکی ڕێکوپێک زیاتر لەوەی بیری لێ دەکەیتەوە[227].

بێگومان مردەزاوەکان نا. ئەوان تەنانەت ناونووسیش نەکراون. سەرئێشە بۆ هیچ.

دووانیان پێکەوە ورگیان بە دەرەوە، دیمەنێکی جەفەنگییە. مۆلی و خاتوو مۆیزڵ[228]. کۆبوونەوەی دایکانە. دەردەباریکە لەم کاتانەدا هێورە[229]، پاشان دەگەڕێتەوە. دوایی هەر لەپڕ چەند تەخت دەردەکەون. چاوانیان پڕ لە ئاشتی. سەریان سووک دەبێت. خاتوو ثۆرنتن کەسێکی پیری بەکەیف بوو[230]. دەیوت: هەموو ڕۆڵەکانم. کەوچکی هەلیماوەکەی نێو دەمی خۆیەوە پێش ئەوەی خواردنیان بداتێ. ئۆی، حەم حەم حەم. کوڕەکەی تۆم واڵ[231] دەستیی شکاند. یەکەم دەرکەوتنی بە ڕووی خەڵکدا. سەری دەڵێیت کودیی خەلاتە. دکتۆر میورێنی ڕووگرژ[232]. خەڵکان هەموو کاتێک لە دەرگایان دەدەن. بۆ ڕای خوا، دکتۆر. ژنەکەم ژان گرتوویەتی. کەچی دوایی وایان لێ دەکەن بە چەندین مانگ چاوەڕێی کرێکەیان بکەن. لە بەرانبەر سەرەوکاریی منداڵبوونی ژنەکەتدا. خەڵک پێزانینیان تێدا نییە. دکتۆران مرۆڤدۆستن، زۆربەیان.

پۆلێک کۆتر لە بەردەم دەرگا زەبەلاحە بەرزەکەی خانەی پەرلەمانی ئایرلاند[233] هەڵفڕین. ڕابواردنی دوای خواردنیان. لەسەر کێ بیکەین؟ ئەو کابرا جلڕەشە هەڵدەبژێرم. دەی هانێ. فەرموو ئەمە بەختێکی باش. دەبێت لە هەوادا زۆر خۆش بێت. من و ئەپجۆن[234] و ئۆون گۆلدبێرگ[235] لەسەر درەختەکانی نزیک گووسگرین[236] لاسایی مەیموونمان دەکردەوە. پێیان دەوتم ماکەرێل[237].

تاقمێک پۆلیس لە شەقامی کۆلێجەوە دەرچوون[238]، بە ڕیز مارشیان دەکرد. قازەڕەوت[239]. دەموچاوی بە خواردن گەرمبوو، کلاوزرێی ئارەقاوی، تەپەتەپ بە لیسەکانیان دەکەن. دوای ئەوەی تەشتێک شلەی چەوریان ڕشتووەتە ژێر پشتێنەکانیانەوە. بەختی پۆلیس زۆر جار باشە[240]. کۆمەڵ کۆمەڵ جیا دەبنەوە و بە سلاوی پۆلیسییەوە بەرەو نۆبەگاکانیان[241] پەرشوبلاو دەبنەوە. بۆ لەوەڕ بەردراون. باشترین کات بۆ هێرشکردنە سەر یەکێک کاتی خواردنی محەلەبییە. مستێک لە شێوەکەی ناو سکی. تاقمێکی تر بە دەوری نەردەکەی ترینیتییەوە بە نارێکی مارشیان دەکرد، بەرەو بنکەکانیان دەگەڕانەوە. بۆ ئاخوڕەکانیان دەقونێنن. ئامادە بن بۆ پێشوازی لە هێزی سوارە[242]. ئامادە بن بۆ وەرگرتنی شۆربا.

بە ژێر پەنجە پیسەکەی تۆمی مووردا[243] تێپەڕی. شتێکی چاکیان کردووە کە خستویانەتە سەر میزگەیەک: کۆبوونەوەی ئاوەکان. دەبێت شوێنی ژنانیش هەبێت. ڕادەکەن بەرەو دوکانی کێک. شەبقەکەم ڕێک بکەمەوە. *لە گشت جیهانی بەریندا دۆڵێکی وەها خۆش نییە*[244]. گۆرانییەکی نایابی جولیا مۆرکنە[245]. تا دوایین چرکە دەنگی خۆی بە چاکی ڕاگرت. خوێندکاری مایکڵ بالف[246] بوو، وانا؟

نیگای خسته شوێن دوایین کەوای دەڵبیان. کڕیارانێکی قێزەونی مامەڵەکردنن.
جاک پاوەر دەیتوانی چیرۆک بگێڕێتەوە[247]: باوکی پیاوی حکومەتە[248]. ئەگەر کەسێک لە کاتی گرتندا سەرئێشەیان بۆ دروست بکات ئەوا لە گرتووخانەکەدا[249] مزر و توند دەیکوتن. دواجار ناتوانین لۆمەیان بکەین بەو کارەی دەیکەن بە تایبەتی گزیرە[250] گەنجەکان. ئەو پۆلیسە سوارەیەی ئەو ڕۆژەی جۆ چەمبەرلەین لە ترینیتی بڕوانامەکەی وەرگرت[251] پارەکەی خۆی حەڵاڵ کرد. ڕێک وتەی منە، وا بووا! سمی ئەسپەکەی تا شەقامی ئابەی[252] بە دواماندا شەقەشەقی دەهات. باش بوو ئاوەزم هەبوو خۆم کرد بە نێو مانینگدا[253] دەنا دەبووم بە تریت[254]. بەخوا چاک گلا. پێم وا بێت کەللەسەری خۆی بە بەردەڕێژەکە شکاند. نەدەبوو لەگەڵ ئەو خوێندکاری پزیشکییانەدا خۆم ڕابماڵم. قازەکانی[255] ترینیتیش بە کڵاوی دەرچوونەکانیانەوە. بە دوای کێشەدا دەگەڕان. بەڵام بە هەر حاڵ ئەو دیکسنە[256] گەنجەم ناسی کە لە ماتەر[257] ئەو جێچزووەی بۆم برینپێچی کرد و ئێستاش لە شەقامی هۆلسە[258] کە خاتوو پیورفۆی. چەرخ لە ناو چەرخدا[259]. فیکەی پۆلیسەکە هێشتا لە نێو گوێچکەمدایە. هەمووان هەڵیانتیزاند. بۆچی بە منەوە گرتی. پێی وتم کە دەبێت بگیرێم[260]. ڕێک ئا لێرەدا دەستی پێ کرد.

- بژی بەوەرییەکان[261].

- سێ هوتاف بۆ دی ویت[262].

- جۆ چەمبەرلەین بە داری مزرەسێوێکدا هەڵدەواسین[263].

بێمێشکییە: حەشاماتێک شەپاڵەی گەنج بە شیڕاندن قورگی خۆیان دەردەهێنن. گردی ڤینیگەر[264]. تیپی سەندیکای شیرمەنان[265]. چەند ساڵێکی تر نیوەیان دەبن بە دادگەر و فەرمانبەری میری[266]. جەنگ دەست پێ دەکات: بە تێکەڵوپێکەڵی بۆ نێو سوپا: هەمان ئەو خەڵکانەی کاتی خۆی. ئەگەر بە پەتی قەنارەشەوە بن[267].

هەرگیز نازانیت لەگەڵ کێ دەدوێیت. هارڤی دەف[268] لە نێو چاوی کۆڕنی کێڵێهێردایە[269]. وەک ئەو پیتەر یان دێنیس[270] یان جەیمز کارییەی بەڕەی لە ژێر نەبەردەکاندا دەرهێنا. ئەندامێکی ئەنجوومەنی شارەوانیش بوو[271]. گەنجانی تازەپێگەیشتووی هان دەدا زانیاری کۆ بکەنەوە بەردەوام دەزگای زانیاریی ناچار دەکرد لە قەڵاکەوە پارەی بدەنێ[272]. پوولیان پێوە نا. بۆیە ئەو پۆلیسە بێهاوپۆشانە هەمیشە مەرایی بۆ کارەکەرەکان[273] دەکەن. بە ئاسانی ئەو پیاوانە دەناسیتەوە کە هاوپۆشیان پۆشیوە. پشتی بە بە دەرگای پشتەوە دەنێت و ڕایدەمووسێت. کەمێک هەڵی دەگلۆفێت. ئینجا کاری دواتری کارنامەکە. ئینجا ئەو جوامێرە کێیە کە لێرە سەردانی کردوون؟ ئەی

خاوەنماڵە گەنجەکە هیچی وت؟ تۆمی چاوگێڕ[274] لە کونی کلیلەوە. مراویی تەڵە[275]. خوێندکاری گەنجی خوێنگەرم بە دەوری قۆڵە قەڵەوە ئوتووکەرەکانیدا سەرسەڕێتی دەکەن.

- ئایا ئەوانە هی تۆن، ماری؟

- من شتی وا لە بەر ناکەم... بیبڕەوە دەنا لای خانم سکاڵات لەسەر دەکەم. نیوەی شەوان لە دەرەوەیت.

- کاتی مەزن دێت، ماری. چاوەڕێ بکە دەیبینیت[276].

- دە بڕۆن لاچن خۆت و کاتە مەزنەکەت خواتەوە.

کچە مەیگێڕەکانیش. کچی دوکانی جگەرەکانیش.

بیرۆکەکەی جەیمز ستیفنس باشترین بوو. ئەو دەیناسین. بازنەی دەیی تا کەس هەڵنەکوتێتە سەر کەس جگە لە هاوبازنەکەی خۆی[277]. شین فەین[278]. پشتیان تێ بکەیت بەر چەقۆ دەدرێیت. دەستی شاراوە. لە ناویاندا ممێنەوە. تاقمی تەقەکەران[279]. کچی زیندانەوانەکە لە ڕیچمند دەربازی کرد و ناردی بۆ لەسک. لە میوانخانەی کۆشکی بەکینگهەم هەر لە ژێر لووتی خۆیاندا حەشاری دابوو[280]. گاریباڵدی[281].

دەبێت کاریزمایەکی دیاریکراوت هەبێت: پارنێڵ. ئاڕثەر گریفیث پیاوێکی سەرڕاستە، بەڵام لە نێو حەشاماتەکەدا پێگەی نییە[282]. یان دەبێت فشوهوڕ لە بارەی خاکە دڵگیرەکەمانەوە بکەیت. فڵتەفڵت و لەوچەلەوچ. چایخانەکەی بەشگەی هەویرکاریی دەبلن[283]. کۆمەڵەی گەنگەشەکاران[284]. ئەو کۆمارییە باشترین شێوەی حکومەتە. ئەوەی کە دەبێت دۆزی زمان لە پێش دۆزی ئابوورییەوە بێت[285]. کچەکانت وا لێ بکەیت هەڵیانبفریوێنن بۆ ناو ماڵەکەت. بە گۆشت و خواردنەوە سیخناخیان بکەیت. قازی ماسی مایکڵ[286]. فەرموو ئەمە گرتکێکی بە جاترە خۆشکراوی ژێر بەرەڵبێنەکەی[287] بۆ تۆ. قاپێکی تر چەوراوی قاز ببە پێش ئەوەی سارد ببێتەوە. پەرۆشانێکی نیمچەتێر. بابۆڵەیەکی پنسبایی و ڕۆیشتنێک لەگەڵ تیپەکەدا[288]. لەتکەر سوپاسگوزاریی نییە[289]. باشترین سۆسی جیهان ئەو بیرەیە کە کابراکەی تر پارە دەدات[290]. وا دادەنێن بە تەواوی لە ماڵی خۆیاندا بن. ئەو قەیسییانەمان پیشان بدە، واتە قۆخەکان. ئەو ڕۆژانە زۆر دوور نین. خۆری حوکمی سەربەخۆیی لە باکووری خۆرئاواوە هەڵدێت[291].

لەگەڵ ڕۆیشتنیدا بزەکەی کاڵ بووەوە، هەورێکی توند بە خاوی خۆری شاردەوە، پێشڕووی ڕووسووری ترینیتی[292] سێبەر کرد. ترامەکان یەکتریان تێپەڕاند، دەگەڕانەوە، دەردەچوون، دەزرنگانەوە. وتەی بێسوود. شتان هەر وەک خۆیان دەڕۆن، ڕۆژ دوای ڕۆژ:

تاقمی پۆلیس دەردەچن، دەگەڕێنەوە: ترامەکان دەردەچن، دەگەڕێنەوە. ئەو دوو شێتۆکەیە هەر جادە دەپێون. دیگنەمیش برا[293]. مینا پیورفۆی بە سکێکی هەڵئاوساوەوە لەسەر پێخەفێک دەناڵێنێت تا منداڵێکی لێوە دەربکێشرێت. هەر چرکەیەک یەکێک لە شوێنێک لە دایک دەبێت. هەر چرکەیەکیش یەکێکی تر دەمرێت. لەو کاتەوەی خواردنم بە باڵندەکان دا پێنج خولەک. سێ سەد کۆچی دواییان کرد. سێ سەدی تر لە دایک بوون، خوێنیان دەشۆرڕێتەوە، هەمووان لە خوێنی بەرخەکەدا شۆراون[294]، دەزیقێنن مااااا.

شارێکی تەواو دەڕۆن، شارێکی تەواوی تر دێن، ئەوانیش دەڕۆن: هی تر دێن، دەڕۆن. ماڵان، ڕیزەماڵان، شەقامان، میلانی[i] قیرتاوکراو، خشتی کەڵەکەکراو، بەردان. دەست دەگۆڕن. ئەم خاوەن، بۆ ئەو. دەڵێن خاوەنشوێن هەرگیز نامرێت. هی تر دێنە شوێنی کاتێک ئاگادار دەکرێتەوە دەربچێت[295]. شوێنەکە بە زێڕ دەکڕنەوە و کەچی هەر هەموو زێڕی دونیاشیان هەیە. قۆڵبڕییەکی تێدایە. لە شاراندا کەڵەکە کراون، سەردەم دوای سەردەم لە کەڵک دەکەون. هەڕەم لە نێو لمدا. لەسەر نان و پیاز[296] دروست کراون. کۆیلەکان شوورای چین. بابل[297]. تاوێری بەجێماو. قەڵای بازنەیی[298]. ئەوەی دەمێنێتەوە وردەبەردە، پاڵشاری نارێکوپێکە، ترەکەڵەکانە دروست کراون. خانووە قارچکییەکانی کیروان[299] لە هەوا دروست کراون. پەناگەی شەو.

کەس هیچ نییە.

ئەمە خراپترین کاژێری ڕۆژەکەیە. زیندوویتی. خاو، دڵتەنگکەر: ڕقم لەم کاژێرەیە. هەست دەکەم خوراوم و ڕشێنراومەتەوە.

ماڵی سەرۆکی زانکۆ. بەڕێز دکتۆر سالمن: سەلەموونی قتوو[300]. چاک تیایدا لە قتوو نراوە. دەڵێیت نوێژگەی مردووانە[301]. پارەشم بدەنێ تیایدا ناژیم. هیوادارم ئەمڕۆ جگەر و بەیکنیان هەبێت. سرووشت ڕقی لە بۆشییە[302].

خۆرەکە بە خاوی خۆی دەرباز کرد و تیرۆژی ڕووناکیی بە نێو زیوەهاتەکەی پەنجەرەکەی واڵتەر سێکستنی[303] ئەوبەردا دەرەوشاندەوە کە جۆن هاوەرد پارنێڵ[304] بە بەردەمیدا تێپەڕی و نەبینرا.

ئەوە خۆیەتی: براکەی. هاوشێوەکەی. دەموچاوێک خێوئاسا شوێنت دەکەوێت. دەی ئێستا ئەمە ڕێکەوتە. بێگومان سەدان جار بیر لە کەسێک دەکەیتەوە و نایبینیت. دەڵێیت کەسێکە کە بە دەم نووستنەوە ڕێ دەکات. کەس نایناسێت. دەبێت ئەمڕۆ کۆبوونەوەی شارەوانی هەبێت[305]. دەڵێن لەو ڕۆژەوەی دەستبەکار بووە هەرگیز پۆشاکی

---

[i] **میل**: مەبەست میلی پێوانەیە، کە میلێک یەکسانە بە نزیکەی ١.٦کیلۆمەتر. **~ن.م.**

مارشاڵی لە بەر نەکردووە. چارلی کاڤەنا[306] بەسەر ئەسپە بەرزەکەیەوە دەردەکەوت، شەبقەی سێسووچ و کراسی پفکراو لە بەردا، تەراشی دەکرد و پۆدرەشی لە خۆی دەدا. تۆ سەیری ئەو ڕۆیشتنە پەژارەبارانەیەی بکە. دەڵێیت هێلکەی پیسبووی خواردووە. چاوی وەک هێلکەی کوڵاو بە خێویکەوە. ئازارێکم هەیە. برای پیاوێکی مەزنە: برای براکەی[307]. لەسەر ئەسپی جەنگیی شارەکە جوان دەردەکەوێت. خۆی دەکات بە ب. هـ. د.[308] دا. ڕەنگە بۆ قاوەخواردنەوەکەی بێت، لەوێ شەترەنج دەکات. براکەی پیاوی وەک داشی شەترەنج بە کار دەهێنا. کوڕە دە با هەموویان لە ناو بچن. دەترسن شتێکی پێ بڵێن. بەو چاوانەی خۆی دەیانبەستێت. ئەوە کاریزماکەیە: ناوەکە. هەموویان کەمێک شێتۆکەن. فانییە شێت[309] و خوشکەکەی تری خاتوو دیکنسن[310] بە شێلی ئاڵەوە دەهاژووتن[311]. قیت و قنج وەک ماردلی نەشتەرکار[312]. لەگەڵ ئەوەشدا دەیڤد شیهی بۆ میثی باشوور لێی بردەوە[313]. کارنامەی پێشکەشی دەڤەری چلترن کرد[314] و خۆی خانەنشین کرد بۆ ژیانی گشتی. خوانی فەرمیی نیشتمانپەروەران. لە پارکەکەدا توێکڵەپرتەقاڵ دەخۆن[315]. سایمن دێدالۆس وتی کە خستیانە پەرلەمانەوە ئەو پارنێڵە لە نێو گۆڕەوە دەگەڕێتەوە و قۆڵی دەگرێت و فڕێی دەداتە دەرەوەی خانەی پەرلەمان.

- یەکێک لە دوو سەرەکەی هەشتپەلە دووسەرەکە ئەو سەرەیە کە لە کۆتایی جیهاندا لە بیر چووەتەوە لە کاتێکدا سەرەکەی تر بە شێوەزارێکی سکۆتی دەدوێت[316]. شاخەهەستیارەکان...

لە دوای میستەر بلوومەوە بەسەر بەردی شۆستەکەدا تێپەڕین. ڕیش و دووچەرخە[317]. ژنێکی گەنج.

ئەوەتا ئەوە ئەویشە. دەی ئەوەیان بە ڕاستی ڕێکەوتە: دووەم جار. پێشهاتەکان سێبەریان پێش خۆیان دەگەن[318]. کە ڕەزامەندیی هۆنەری ناودار، میستەر جۆ ڕەسڵ. ڕەنگە ئەوە لیزی تویگ بێت لەگەڵی. ئەی ئی: ئەوە واتای چییە[319]؟ ڕەنگە تیپی یەکەم بن. ئەلبێرت ئێدوارد[320]، ئارثەر ئێدموند[321]، ئەلفۆنسوس ئیب ئید ئی ئیل ئێسکوایەر. دەیوت چی؟ کۆتایی جیهان و شێوەزاری سکۆتی. شاخی هەستیار: هەشتپەل. شتێکی ڕازگەرایی: هێماگەری. درێژدادڕی. کچەش هەمووی وەردەگرێت. وشەیەکیش ناڵێت. بۆ هاوکاریکردنی پیاوێک لە کاری وێژەوانیدا.

چاوەکانی کەوتنە شوێن بیچمە باڵابەرزە ماڵچنپۆشەکە[322]، ڕیش و دووچەرخە، ژنێکی گوێگر لە لایەوە. لە سەوزەخۆرەکەوە[323] هاتووە. تەنها سەوزەڵێ و میوە. ستێکی گۆشتی مانگا مەخۆ. دەنا چاوی ئەو مانگایە بۆ تاتایە شوێنت دەکەوێت[324]. دەڵێن ئەوە تەندروستترە. گەرچی باوبژە و تەڕیت تووش دەکات[325]. تاقیم کردووەتەوە. وات لێ

دەکات هەموو ڕۆژەکە هەر بە ڕێوە بیت. بە هێندەی باکردن[326] ناخۆشە. بە درێژایی شەو خەون دەبینیت. بۆچی بەو شتەی کە پێیان دام دەڵێن ستێکی چەرەس[327]؟ چەرەسخۆر. میوەخۆر[328]. تا وات لێ بکەن هەست بکەیت ستێکی پاشەڵ دەخۆیت. نابەجێیە. سوێریشە. لە نێو سۆدەدا لێی دەنێن[329]. وات لێ دەکات هەموو شەوەکە لای بەلۆعەکەوە بە سەر ببەیت.

گۆرەوییەکانی تا سەر پاژنەکانی شل بوونەتەوە. ڕقم لەوەیە: زۆر بێزەوقییە. ئەو وێژەوانە ئەیریییانە[330] هەموویان وان. خەوبینەرن، تەماوین، هێماگەرن. جوانناسن. بە لامەوە سەیر نابێت ئەگەر ئەو جۆرە خواردنە بێت، دەبینیت، کە وەها شەپۆلێک لە مێشکی هۆنراوەییدا بەرهەم بهێنێت. بۆ نموونە ناتوانیت یەک دێڕ هۆنراوە چییە لە یەکێک لەو پۆلیسانەوە دەربگووشیت کە ئارەقەی کوڵاوی ئایری[331] لە جلەکانیان دێت. هەر ناشزانن هۆنراوە چییە. دەبێت لە دۆخێکی دیاریکراودا بیت.

*مەلی دەریا تاریکە خەونبینەرەکە*

*لەسەر ئاوە تۆخەکە شەپۆل دەدات.*

لەسەر سووچی شەقامی ناسۆ[332] پەڕییەوە و لە بەردەم پەنجەرەکەی یەیتس و کوڕەکانیدا[333] ڕاوەستا، نرخی دووربینەکانی ڕەچاو کرد. یان سەرێک لە هاریسی پیر[334] بدەم و دەمەتەقێیەک لەگەڵ سینکلێری گەنجدا[335] بکەم؟ کوڕێکی باشپەروەردەکراوە. ڕەنگە لە فراڤینەکەی بێت. دەبێت ئەو دووربینە کۆنانەم ڕاست بکەمەوە. هاوێنەی گۆوەرز[336] بە شەش گینی. ئەڵمانییەکان لە هەموو شوێنێکەوە ڕێی خۆیان خۆش دەکەن[337]. بە قیستی ئاسان دەفرۆشن تا بازاڕەکە قۆرخ بکەن. هەرزانفرۆشکردن. ڕەنگە لە نووسینگەی شمەکە ونبووەکانی ترامەکان[338] جووتێکم دەست بکەوێت. خەڵک لە نێو شەمەندەفەر و ژووری چاکەتەکاندا[339] شتی سەیروسەمەرە بە جێ دەهێڵن. داخۆ دەبێت بیر لە چی بکەنەوە؟ ژنانیش. بڕوا ناکرێت. پار کە بەرەو ئێنیس گەشتم کرد ناچار بووم جانتای کچی ئەو جووتیارە هەڵبگرم و لە وێستگەی لیمریک[340] بیدەمەوە دەستی. پارەی سۆراخنەکراویش[341]. لە سەربانی بانکەکە کاتژمێرێکی بچووکی لێیە بۆ تاقیکردنەوەی ئەو دووربینانە[342].

پێڵووەکانی بۆ سەر دامێنی لێواری گلێنەکانی دابەزین. ناتوانم ببینم. ئەگەر وێنای بکەیت کە لەوێیە دەتوانیت بە نزیکی ببینیت. ناتوانم ببینم.

سەری بۆ پێشەوە برد و، کە لە نێوان ساباتەکاندا وەستا، دەستی ڕاستی بە قەد درێژیی قۆڵی بەرەو ڕووی خۆر ڕاگرت. زۆر جار ویستوومە ئەوە تاقی بکەمەوە. بەڵێ: بە تەواوی. سەری پەنجەتووتەی خەپلەی خۆرەکەی سڕییەوە[343]. دەبێت ئەو شوێنەی

تیشکەکان تێیدا یەک دەگرنەوە تیشکۆکە بێت. ئەگەر چاویلکەی ڕەشم پێ بووایە. سەرنجڕاکێشە. ئەو کاتەی لە شەقامی لۆمباردی خۆرئاوا بووین لەسەر ئەو پەڵەخۆرانە باسوخواسێکی زۆر هەبوو[344]. لە باخچەکەی دواوە هەڵدەڕوانیم. تەقینەوەی تۆقێنەرن. ئەمساڵ خۆرگیرانی تەواو ڕوو دەدات: لای پایزەوە[345].

ئەوە ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە ئەو تۆپە لەسەر کاتی گرینویچ دەکەوێت[346]. کاتژمێرەکەیە کە بە وایەرێکی کارەبایی لە دەنسینکەوە[347] کار دەکات. دەبێت یەکەم یەکشەممەی مانگێک بچم بۆ ئەوێ. ئەگەر یەکێک لەگەڵ پرۆفیسۆر جۆلیدا[348] بە یەکترمان بناسێنێت یان شتێک دەربارەی خێزانەکەی بزانم. ئەوەش دەبێت: پیاو هەمیشە هەست دەکات پیای هەڵدراوە. ڕووپامایی لە جێیەکەوە کە کەمترین پێشبینیی لێوە دەکەیت. پیاوی خانەدان بەوەوە شانازە کە نەوەی دۆستی پاشایەک بووبێت. دایانی[349]. دەی بیکە بە ڕۆژی خۆت. خاکەڕایی دەتگەیەنێتە هەموو جێیەک[350]. نەکەیت بچیت و ئەوەت لە دەم دەربچێت کە دەزانیت نابێت: پارالاکس چییە؟ ڕێی دەرەوە بەم پیاوە نیشان بدە.

ئاه.

دەستی کەوتەوە پەنا خۆی.

هەرگیز هیچ لە بارەیەوە نازانیت. کاتبەفیرۆدان. تۆپی گازی لە هەوادا دەسووڕێنەوە، بە لای یەکتردا تێدەپەڕن، دەڕۆن. هەمیشە هەمان تێخوڕینەکەی جارانە. گاز: پاشان ڕەق: پاشان جیهان: پاشان سارد: پاشان قاوغی مردوو بەو ناوەدا ڕادەماڵرێت، بەردی بەستوو[351]، وەک ئەو نوقوڵی ئەنەناسە. مانگ. - دەبێت مانگێکی نوێ[352] هەڵهاتبێت، وای وت. وا بزانم وایە.

بەردەوام بە بەر لا مێزۆن کلێردا[353] ڕۆیشت.

بوەستە. مانگی پڕ[354] ئەو شەوە بوو کە ئێمە ڕێک یەکشەممەی دوو حەفتە لەمەوبەر کەواتە مانگێکی نوێیە. بە لای تۆلکادا داگەڕاین. بۆ مانگی فێرڤیو خراپ نییە[355]. دەیهماند[356]. مانگی گەنجی مانگی ئایار دەجریوێنێت، ئەی یار[357]. وی لەولایەوە. ئانیشک، قۆڵ. وێ[358]. ڕوونا-اکیی گوڵەئەستێرە دەدرەوشێتەوە، ئەی یار. ساوین. پەنجە. دەپرسێت. وەڵام دەداتەوە. بەڵێ[359].

بوەستە. بوەستە. ئەوەی ڕووی دا ڕووی دا. پێویستە.

میستەر بلووم بە هەناسەی خێرا و ڕێکردنی خاوترەوە لاڕێی ئادەمی[360] تێپەڕاند.

بە دامرکانێکی ها بێدەنگ بێدەنگ بەوە، چاوەکانی تێبینییان کرد: ئەمە ئێرە ئەو شەقامەی لە ناوەڕاستی ڕۆژدا شانە بوتڵییەکانی بۆب دۆرانە[361]. مەکۆی وتی لە کاتی

بادانەوە ساڵانەییەکانیدایە. دەخۆنەوە تا شتێک بڵێن یان بکەن یان *شێخشێ لا فام*[362]. لە کوومب[363] لەگەڵ کرێکار و قەحبەی سەر جادەکان و پاشانیش باقیی ساڵەکە وەک دادوەر هۆشمەندە.

بەڵێ. پێم وا بوو. بە خشپەیی خۆی دەخزێنێتە نێو ئیمپایەرەوە[364]. ڕۆیشت. سۆدەی سادە بۆی بەسە. لەو جێیەی پات کینسێلا[365] شانۆگای هاڕپی هەبوو پێش ئەوەی ویتبرێد[366] کوینس بە ڕێوە ببات. گەنجێکی چوارشانە. بە شێوازی دایۆن بوسیکۆ بە دەموچاوە ڕوومانگییەکەی و کڵاوە تەنگەکەیەوە[367]. سێ کچی جوانی قوتابخانە[368]. ئای، کات چۆن دەفڕێت؟ وی پانتۆڵی سووری درێژی ژێر تەنوورەکەی دەردەخست[369]. مەیخۆران، دەیانخواردەوە، قاقا پێدەکەنین، خواردنەوەکانیان لە هەناسەکانیاندا. با وزەی زیاتر[370] بێت، پات. سوورەی بێڕێز: بەزمی بەدمەستان: حیلکەحیلک و جگەرەکێشان. ئەو شەبقە سپییە دابکەنە[371]. چاوە نیوەکوڵەکانی[372]. ئێستا لە کوێیە؟ لە شوێنێک سواڵکەرە. ئەو هاڕپەی ڕۆژێک هەموومانی لە برسدا کوشت[373].

ئەو کاتە دڵخۆشتر بووم. یان ئایا ئەوە من بووم؟ یان ئێستا من منم؟ بیست و هەشت بووم. ئەو بیست و سێ[374]. کە شەقامی لۆمباردی خۆرئاوامان بە جێ هێشت شتێک گۆڕا. دوای ڕودی هەرگیز نەیتوانی تر حەزی لێ ببێتەوە. ناتوانرێت کات بگەڕێنرێتەوە. وەک ڕاگرتنی ئاو لە نێو دەستتدا. دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو کاتە؟ ئەو کات تازە سەرەتا بوو. دەتەوێت؟ لە ماڵەوە دڵت خۆش نییە ئەی کوڕە هاروهاجە بەستەزمانەکە؟ دەیەوێت قۆپچەم بۆ بدورێتەوە. دەبێت وەڵام بدەمەوە. لە پەڕتووکخانەکە بینووسە.

شەقامی گرافتنی[375] ڕازاوە بە ساباتە کراوەکان هەستەکانیی هەڵفریواند. موسلینە[376] چاپکراوەکان، خانمانی ئاوریشمپۆش و بێوەژنە بەگزادەکان، زرینگەی شێلەکان، شەقەی سمەکان کە لەسەر گوزەرگا[377] برژاوەکە نزم دەزرِانەوە. ئەو ژنە گۆرەوی سپییانە قاچێکی زلی هەیە. هیوادارم بارانەکە بۆی قوڕاوی بکات. دێهاتیی دێپەروەردە. هەموو ئەوانەی تا قولەپێیان هەر گۆشتە لەوێ بوون[378]. هەمیشە قاچی خانمان داوەشاو دەکات. مۆڵی لار دەردەکەوێت.

بە بەر پەنجەرەکەی براون تۆماسی ئاوریشمفرۆشدا[379] خاوەخاو تێپەڕی. چەندین بافڵی[380] شریت. ئاوریشمی چینیی تەنک. لافاوێک پۆپلینی[381] خوێنڕەنگ لە دەمی گۆزەیەکی لارکراوەوە: خوێنی گەش. هیوگەنۆتەکان ئەوەیان بۆ ئێرە هێنا[382]. *لاکۆز ئێسانت تارا تارا*. ئەوە کۆرسکی مەزن بوو. *تاری تارا*. ڕەنگە لە ئاوی باراناودا بشۆرێتەوە[383]. مایەربیر. *تارا: بوم بوم بوم*[384].

دەرزیدانەکان. دەمێکە هەرەشەی ئەوە دەکەم دانەیەک بکڕم. بە هەموو جێیەکدا دەیچەقێنێت. دەرزی بە پەردەی پەنجەرەکەوە.

بە ئەستەم باسکی چەپی دەرخست. خووروویێک: بە نزیکی نەما. دەی ئەمڕۆ نا. دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ئەو کرێمە. بەشکم بۆ ڕۆژی لەدایکبوونەکەی. هەشتی حوزەیرانتەمموزئابئەیلوول[385]. بە نزیکی سێ مانگی ماوە. لەوانەشە بە دڵی نەبێت. ژنان دەرزی هەڵناگرنەوە[386]. دەڵێن دەبێتە هۆی بڕینی خۆ[387].

ئاوریشمی درەوشاوە، ژێرکراس لەسەر شیشی باریکی مس، بریسکەی گۆرەویی پانی ئاوریشم.

بێهوودەیە بگەڕێمەوە. دەبوو وا بێت. هەموو شتێکم بۆ بگێڕەوە.

دەنگی بەرز. ئاوریشمی بەخۆرگەرمبوو. شێلی زرینگاوە. هەمووی بۆ ژنێک، ماڵ و خانوو، تەونی ئاوریشم، زیو، میوەی تەڕوبڕ و بۆنخۆش لە یافاوە[388]. ئەگنداث نەتایم[389]. سامانی دونیا.

خرپنییەکی مرۆیی لەسەر مێشکی گیرسایەوە. مێشکی ملکەچ بوو. بۆنی باوەش هەڵیکوتایە سەر سەرتاپای. بە لەشێکی برسیکراوەوە تەمومژاوییانە بە بێدەنگی تامەزرۆی پەرستنی کرد[390].

شەقامی دوک. وا هاتین. دەبێت نان بخۆم. بۆرتن[391]. پاشان هەست بە باشتربوون دەکەم.

بە سووچەکەی کۆمبریدجدا[392] لایدا، هێشتا بەو گوڕووانەوە. زرنگانەوە، شەقەی سمەکان. لەشە بۆنخۆشەکان، گەرم، پڕ. هەمووان ماچ کران، ملکەچ: لە نێو قووڵایی کێڵگەکانی هاویندا، لە نێو گیا ئاڵۆسکاوە پانبووەوەکاندا، لە نێو ڕاڕەوە دڵۆپەکەرەکانی خانووی کرێدا، لەسەر قەنەفەکان، لەسەر چەرپا جیڕەجیڕکەرەکان.

- جاک، خۆشەویستەکەم!
- گیان!
- ماچم بکە، ڕیگی!
- کوڕی خۆم!
- خۆشەویستەکەم!

بە دڵی وروژاویەوە پاڵی بە دەرگاکەی چێشتخانەی بۆرتنەوە نا. بۆگەن هەناسە لەرزۆکەکەیی گرت: گۆشتاوی بۆنتیژ، چڵپاوی سەوزەوات. سەیری ئاژەڵان بکە نان دەخۆن.

پیاو، پیاو، پیاو.

لەسەر ئەسکەملە بەرزەکانی بەردەم بارەکەدا دانیشتوون، شەبقەکانیان بۆ دواوە درِ پێ داوە، لەسەر مێزەکان داوای نانی خۆرایی تر دەکەن، هەڵدەلووشن، پارووی پربەدەمی پیسوپۆخڵ دەماشنەوە، چاوەکانیان دەرپۆقیون، سمێڵە تەربووەکانیان دەسرِنەوە. کورێکی گەنجی رەنگزەردی رووبەزاوی بە دەستسرەکەی پەرداخ و چەقۆ و چەتاڵ و کەوچکەکەی سرِی. تاقمێک میکرۆبی نوێ. پیاوێک کە دەستسرێکی بەسۆسپەلاویبووی منداڵی ساوای بە خۆیەوە بەستبوو شۆربای قڵپەقڵپکەری راماڵییە نێو سوورێنچکیەوە. پیاوێک کرکراگەی نیوەجویراوی بۆ سەر کەوچکەکەی تفاندەوە: بنێشت: ددانی نییە بیجوبیجوبیجوێت. لەتێک پەراسووی سەر مەقەڵییەکە. قووتی دەدەن تا خێرا تەواوی بکەن. چاوی خەمباری سەرخۆش. هێندەی ئاخنیوەتە دەمیەوە کە پێی ناجوویرێت[393]. ئایا منیش وەک ئەو وام؟ بەو جۆرە خۆمان ببینین کە خەڵکی تر دەمانبینن[394]. پیاوی برسی پیاوێکی توورەیە. ددان و شەویلگەی کارکەر. نەکەیت! ئای! ئێسقان! ئەو دوایین شا پاگانییەی ئایرلاند کۆرماکی نێو ئەو هۆنراوەی قوتابخانەیە لە سلێتیی باشووری بۆین خۆی خنکاند. داخۆ چی خواردبێت. شتێکی بەتام. سانت پاتریک وەریگەراندە سەر دینی مەسیحی[395]. بەهەرحاڵ هەمووی پێ هەرس نەکرا.

- گۆشتی برژاو و کەلەرم.

- کولاوێک.

بۆنی پیاوان. دڵی تێکەڵ هات. ئاردەمشاری تفلەسەرکراو، دووکەڵەجگەرەی شیرین و گەرم، بۆگەنی سەلکەتووتن، بیرەی رژاو، میزی بیراویی پیاوان، بۆکۆنی ترشاندن.

قێزی هاتەوە.

ناتوانم تیکەیەکیش لێرە بخۆم. ئەو پیاوە چەقۆ و چەتاڵەکەی تیژ دەکاتەوە تا هەموو ئەوانەی بەردەمی بخوات، ئەو کابرا پیرە ددانەکانی پاک دەکاتەوە. موچرکێکی کز، تێر، کاوێژەکەی دەجوێت. لە پێش و پاش. نوێژی سوپاسگوزاریی دوای ژەمەکان. سەیری ئەم وێنەیە بکە ئینجا ئەمیان[396]. لێساولێسکردنی چەوراوی گۆشتەکە بە تیکەنانی خوساو. لەسەر قاپەکە دەیلێسێتەوە، ئای هاوار! خۆت لەمە دەرباز بکە.

سەیری بخۆرەکانی سەر ئەسکەمل و مێزەکانی کرد، پەرەکانی لووتی گرژ کرد.

- دوو ستاوت بۆ ئێرە.

- سوێرکراوێک بە کەلەرمەوە.

ئەو کابرایە پر بە سەر چەقۆکەی کەلەرم دەئاخنێتە نێو دەمی وەک بڵێیت ژیانی لەسەری پەکی کەوتووە. تیلێکی جوانە[397]. تەماشاکردنی حەجمینم لێ دەبرێت. باشتر

دەبوو بە سێ دەست نانی بخواردایە[398]. پەل بە پەلی دادەتلێشێنێت. خووی دووەمیەتی. هەر لە لەدایکبوونیەوە چەقۆیەکی زیوی لە دەمدایە[399]. پێم وا بێت ئەوە قسەی نەستەقە. یان نا. زیو واتە بە دەوڵەمەندی لە دایک بووە. بە چەقۆیەکەوە لە دایک بووە. بەڵام ئەو کات تیلنیشانەکە ون دەبێت.

شاگردێکی بەرەڵبێنەشل قاپی لینجاویی هاڕەهاڕکەری کۆ کردەوە. ڕۆکی پۆلیسی دادگاکە[400]، کە لە بەردەم باڕەکەدا وەستابوو، فووی لە تاجە کەفەکەی سەر شاپێکەکەی کرد. لێوانلێو: زەردەی پرژاندە لای پووتەکانیەوە. شێوخۆرێک، چەقۆ و چەتاڵەکەی ڕەپوەستاو، ئانیشکەکانی لەسەر مێزەکە، چاوەڕێی عەوازە بوو، بەسەر ڕۆژنامە چوارگۆشە پەڵاوییەکەیەوە سەیری خوانهەڵگرەکەی کرد. کابرایەکی تر بە دەمی پڕەوە بۆی دەدووا. گوێگرێکی هاوسۆز. گفتوگۆی سەر مێز[401]. مچووشەممە ملە بەمکی ئنچەستەر میمیم[402]. ها؟ توخوا بە ڕاستتە؟

میستەر بلووم دوو پەنجەی بە دوودڵی بۆ لێوەکانی هەڵبڕی. چاوەکانی وتیان:

- لێرە نییە. نایبینم.

دەرەوە. ڕقم لە نانخۆری چەپەڵە[403].

بەرەو دەرگاکە گەڕایەوە. لای دەیڤی بەیرن[404] بەرکولێکی سووک دەخۆم. چارەی کاتی. بە ڕێم دەکات. نانی بەیانییەکەم باش بوو.

- برژاوێک و پەتاتەی پلیشاوە بۆ ئێرە.

- پاینتێک ستاوت.

هەر یەکەی بۆ خۆیەتی، بە دەست و بە چنگ. ملّچ. حەم. ملّچ. دەمئاخن[405].

بۆ نێو هەوا پاکترەکە هاتە دەرەوە و بەرەو شەقامی گرافتن کەوتەوە ڕێ. بخۆ یان دەخورێیت. بکوژە! بکوژە!

وێنای ئەو نالدانە هاوبەشییە بکە بڵێین بۆ ساڵانی داهاتوو. هەمووان بە کاسە و قتووی فراقینەوە دەلۆقێنن تا بۆیان پڕ بکرێت. ئەوەی لە شەقامەکەدا هەن هەڵدەلووشرێن. نموونە جۆن هاوەرد پارنێڵ سەرۆکزانکۆی ترینیتی کوڕی گشت دایکان[406] ئەوە باسی سەرۆکزانکۆکانت و سەرۆکزانکۆی ترینیتی هەر مەکە ژنان و منداڵان شۆفێران قەشەکان کەشیشەکان سوپاسالاران مەتڕانەکان[407]. لە شەقامی ئایلزبۆری، شەقامی کلاید[408]، نشینگەکانی پیشەگەران، یەکێتیی باکووری دەبلن[409]، سەرۆکی شارەوانی لە نێو عەرەبانە ئاڵوواڵاکەیدا[410]، شا پیرەکە لەسەر کورسیی باثەکەی[411]. قاپەکەم بەتاڵە. فەرموو پێش بکەوە بە کووپی خواردنەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکەمانەوە[412]. وەک فوارەکەی

سێر فیلیپ کرامپتن[413]. میکرۆبەکان بە دەستسڕەکەت ڕامماڵە. کابراکەی تەنیشت بەوەی خۆی تاقمێکی نوێی لێ دەسوێت. بابە ئۆفلین هەر هەموویان لەسەر سەر دەخولێنێتەوە[414]. هێشتا هەر قرەقرٍ دروست دەبێت. هەر یەکەی بۆ خۆی. منداڵان بۆ کڕاندنی بەرماوەی مەنجەڵەکە دەجەنگن. مەنجەڵەشۆربایەکی بە قەد پارکی فینیکس دەوێت[415]. پلەگۆشت و پاشووی بە ڕم تێدا دەردەهێنن. ڕقت لە هەموو خەڵکانی چواردەورت دەبێت. میوانخانەی سیتی ئامس[416] پێی دەوت *تابلو دۆت*. شۆربا، ژەمی سەرەکی و شیرینی[417]. هەرگیز نازانیت بیری کێ دەجوویت. ئەی باشە دواتر کێ هەموو ئەو قاپ و چەتاڵانە بشوات؟ ڕەنگە هەمووان ئەو کاتە بە حەب بژین[418]. ددانەکان خراپ و خراپتر دەبن.

دواجار لە نێو ئەو تامە خۆشە ڕووەکییەی لە شتانی زەمینییەوە دێن زۆر هەن سیر بێگومان بۆنی زۆر ناخۆشە لەو ئۆرگنژەنە ئیتالییە گەڕۆکانەوە پیازی سوورکراوە قارچک دوومەڵان. بۆ ئاژەڵانیش هەر ئازارە. پەڕکردن و هەناودەرهێنانی پەلەوەر. گیانەوەرە نەگبەتەکان لە مەیدانی وڵاخەکان[419] چاوەڕێی تەورزینن کەللەسەریان شەق بکات. مووو. گوێرەکەی داماوی هەڵلەرزیو. مێهه. گوێرەکەی ساوای[420] سەرسووڕماو. گۆشت و کەلەرم و پەتاتەی سوورکراوە[421]. سووجگەری لەراوەی سەتڵی سەربڕەکان. ئەو گۆشتی سنگەمان بدەیە کە بەو قوڵفەوەیە. تاپ. سەری تازەبڕراو و ئێسقانی خوێناوی[422]. مەڕی کەوڵکراوی چاوشووشەیی بە پاشەڵیاندا هەڵواسراون، لمۆزیمەڕ ڕۆژنامەیخوێناوی مرەبایلووت بەسەر ئاردەمشاردا دادەمشێنن. سەرەکان و قەمچیلێدەرەکان دەچنە دەرەوە[423]. کوڕە، بەو پارچانەدا مەکێشە.

خوێنی گەرم و نوێ بۆ چارەی دەردەباریکە پێشنووس دەکەن[424]. خوێن هەمیشە پێویستە. بەرەبەرە پەرە دەستێنێت. بە گەرمی کە هاڵاوی لێ هەڵدەستێت بیلێسەوە، خەست و شەکرئاسا. خێوی لەبرسدامردوو[425].

ئای، برسیمە.

چووە نێو چێشتخانەکەی دەیڤی بەیرن. بارێکی ڕێکوپێکە. دەمەتەقێ ناکات. ناوبەناو وێری خواردنەوەیەک دەکات. بەڵام لە ساڵی پڕدا چوار ساڵ جارێک. جارێکیان چەکێکی بۆم ورد کردەوە.

ئێستا چی داوا بکەم؟ کاتژمێرەکەی ڕاکێشا. دەی بزانم. بیرەی زەنجەفیل[426]؟ فلینە لووتە[427] لە قوژبنەکەی خۆیەوە وتی:

- سڵاو، بلووم.

- سڵاو، فلین.

- دەنگوباس چۆنە؟

- نایابە...

ئا با بزانم. پێکێک بەرگەندی[428] داوا دەکەم و... ئا بزانم.

ساردینەکانی سەر ڕەفەکان. هەر بە تەماشاکردن خەریکە تامیان دەکەیت. بابۆڵە؟ حام و نەوەکانی لەوێ زاون و خەرتەلەیان پێوە کراوە[429]. گۆشتی قتوو. چییە ئەو ماڵە کە تیایدا نەبێ گۆشتی لەقتوونراوی پلەمتری؟ کاسەی بەتاڵە. کە ڕیکلامێکی گەمژانەیە! لە ژێر ئاگاداریی مەرگنامەدا دایدەنێن. هەمووان لە پلەمتریدا گیریان خواردووە[430]. گۆشتی دیگنەمی قتوو. مرۆڤخۆران بە لیمۆ و برنجەوە دەیخۆن. مژدەبەرە سپییەکان زۆر سوێرن[431]. وەک بەرازی ترشیاتکراو. چاوەڕێ بە سەرخێڵ پارچە بەڕێزەکان[432] بخوات. دەبێت بە مەشق توند بووبێت. ژنەکانی بە ڕیز تەماشای دەرئەنجامەکەی دەکەن. *پاشایەکی باشی ڕەشپێست هەبوو. هینێک یان شتێکی قەشە میستەر ماکورووژێنی خوارد*[433]. ماڵێکی کامەرانی لەگەڵیدا. پەروەردگار دەزانێت چ تێکەڵەیەکە. پەردەی ئاوڵەمە گیپەی کەڕوواوی قورقوراگە لوول کراون و قیمە کراون[434]. مەتەڵ: گۆشتەکە بدۆزەوە. کۆشەر[435]. گۆشت و شیر پێکەوە نابن[436]. ئەوە ئەوە بوو کە ئێستانان پێی دەڵێن خاوێنی[437]. ڕۆژووی یۆم کیپور شوشتنەوەی تەواوی ناوسکە[438]. جەنگ و ئاشتی بەندن بە هەرسکردنی هەندێک کەسەوە. دینەکان. قەل و قازی کریسمس. کوشتاری بێتاوانان[439]. بخۆ و بخۆرەوە و شاد بە[440]. پاشان دواتر قاوشەکان پڕ دەبنەوە. سەران بە سارغی پێچراون. پەنیر هەموو شتێک هەرس دەکات خۆی نەبێت[441]. پەنیری پرگاوی[442].

- بابۆڵەی پەنیرتان هەیە؟

- بەڵێ، قوربان.

حەزم لە مشتێک زەیتوونیشە ئەگەر هەیانبێت. حەزم لە هی ئیتالییە. پێکێک بەرگەندیی چاک ئەوە دادەشواتەوە. چەوری دەکات. زەڵاتەیەکی خۆش، وەک خەیار فێنک[443]، تۆم کێرنەن دەزانێت ترشوخوێی بکات. تامێکی چاکی پێ دەدات. زەیتی پاراوی زەیتوون. میلی ئەو شفتەیەی بە چلێک مەعدەنووسەوە بۆم ئامادە کرد. پیازێکی ئیسپانی هەڵبگرە. خودا خۆراکی دروست کرد و شەیتانیش چێشتکەرەکان[444]. قرژاڵی شەیتانی.

- ژنەکەت باشە؟

- زۆر باشە، سوپاس... کەواتە بابۆڵەیەکی پەنیر. گۆرگۆنزۆلاتان هەیە[445]؟

- بەڵێ، قوربان.

فلینە لووتە قومێکی لە مەیەکەی دا.

- ئەم ماوەیە هیچ گۆرانی دەبێژێت؟

تۆ سەیری دەمی. دەتوانێت بە گوێی خۆیدا فیکە لێبدات. لەگەڵ گوێ ڕەپەکەیدا گونجاوە. موزیک. هەر بە قەد عەرەبانچییەکەمی لێ دەزانێت. بەهەرحاڵ، باشترە پێی بڵێم. زیانی نییە. ڕیکلامی خۆڕایی.

- خەریکی سازدانی گەشتێکی گەورەیە[446] بۆ کۆتایی ئەم مانگە. ڕەنگە بیستبێتت.

- نا. ئای، ئەوە ئاوا دەکرێت. کێ هەڵیدەستێنێت[447]؟

مجێورەکە[448] خزمەتی کرد.

- ئەوە بە چەندە؟

- حەوت پنس، قوربان... سوپاس، قوربان.

میستەر بلووم بابۆڵەکەی بۆ تیلماسکەی باریکباریک بڕی. *میستەر ماکورووژێن*[449]. لە شتە خەونی و کرێمییەکان ئاسانترە[450]. *پێنج سەد ژنەکەی. لەویەڕی خۆشیدا بوون*[451].

- خەرتەلە، قوربان؟

- زۆر سوپاس.

تکەی زەردی سەرخڕی دەڕژاندە ژێر هەر تیلماسکێکی هەڵبڕاوەوە. *لەویەڕی خۆشیدا بوون*. دەزانم. *زلتر و زلتر و زلتر بوو*[452]. وتی:

- هەڵیدەستێنێت؟ دەبینیت، وەک بیرۆکەی بەشگە وایە. پشک و قازانجەکان بەش دەکرێن.

فلینە لووتە دەستی خستە نێو گیرفانیەوە بۆ ئەوەی گەڵی بخورێنێت. وتی:

- ئەها، ئێستا بیرم دەکەوێتەوە. کێ بوو پێی وتم؟ بڵێسە بۆیلەن تێیدا بەشدار نییە؟

ڕاتەکانێکی گەرمی هەوای تیژی خەرتەلە دڵی میستەر بلوومی گەست. چاوی هەڵبڕی و تەماشای کاتژمێرێکی بێزراوی بینی. دوو. کاتژمێری مەیخانە پێنج خولەک لە پێشە[453]. کات دەڕوات. دەستەکان دەجووڵێن. دوو. جارێ نا.

ناوپەنچکی ئارەزووی کرد و پاشان بەرەو سەر، لە ناخیدا داچوو، زیاتر ئارەزووی کرد بە تاسەوە، بە تاسەترەوە.

شەراب.

شەربەتە شیرینەکەی بۆن کرد و خواردەوە و، کە بە توندی فەرمانی بە قوڕگی دا خێرا بکات، پەرداخی شەرابەکەی بە نەرمونیانی دانایەوە. وتی:

- بەڵێ، ئەوەی ڕاستی بێت ئەو ڕێکخەرەکەیە.

ترسی نییە: مێشکی نییە.

فلینە لووتە مشاندی و خوراندی. کێچ خواردنی چاکی لێ دەخوات.

- جاک موونی[454] پێی وتم لەو یاریی مستێنەی مایلەر کێۆ دیسان لەو سەربازەی ئۆردوگای پۆرتۆبێللۆی[455] بردەوە[456] بەختێکی چاکی هەبوو. بەخوا، پێی دەوتم ئەو تازەبالقە بچکۆلەیەی لە کاونتیی کارلۆوە[457] هێناوە...

هیوادارم ئەو دڵۆپە ئاورنگە دانەچۆڕێتە نێو پەرداخەکەیەوە. نا، هەڵیمشاندەوە.

- کوڕە برا، بە نزیکەی مانگێک پێش یارییەکە. بەخوا هێلکەی قازی پێ دەمژی تا فەرمانی تر دەهات. بۆ ئەوەی لە مەی بە دووری بخات، دەیبینیت؟ ئای، بەخوا بلێسە کابرایەکی زۆرزانە.

دەیڤی بەیرن لای بارەکەی پشتەوە هاتە پێش، سەردەستی کراسەکەی بە هەڵکراوی دوررابوو، بە دوو لێخستنی دەستسڕی سەر مێزەکەی لێوەکانی پاک کردەوە. شاماسیی سوورهەڵگەڕاو[458]. بزەکەی ئەو وا و وا سەرتاپای لەشم دەژەنێ[459]. وتەی لووس کەس تێر ناکات[460]. فلینە لووتە وتی:

- ئەوەش خۆیەتی دەڵێیت گوێزی ساغە. دەتوانیت سووسەیەکی باشمان لەسەر جامە زێڕینەکە[461] بدەیتێ؟

دەیڤی بەیرن وەڵامی دایەوە:

- وازم لەوە هێناوە، میستەر فلین. هەرگیز هیچ گرەوێک لەسەر ئەسپ ناکەم.

فلینە لووتە وتی:

- ئەوەت زۆر ڕاستە.

میستەر بلووم تیلماسکەکانی بابۆڵەکەی خوارد، نانی تازەی پاک، بە نەختێک قێزەوە خەرتەلەی بۆنتیژ، تاموبۆنی قاچئاسای پەنیری سەوز. قومی شەرابەکەی مەڵاشوویی بارسووک دەکرد. ئەوە بەقەم[462] نییە. لەم کەشوهەوایەدا کە سەرما کەوتووە تامی زۆرترە.

مەیخانەیەکی بێدەنگ و خۆشە. ئەو بەرمێزەش تەختەکەی جوانە. بە جوانی ڕەندە کراوە. ئەو کەوانبوونەوەیەی ئەویایم بە دڵە. دەیڤی بەیرن وتی:

- هەرگیز هیچ شتێک لەو بوارەدا ناکەم. هەر ئەم ئەسپانە زۆر پیاویان ماڵوێران کردووە.

قوماری شەرابفرۆشان[463]. مۆڵەتی فرۆشتنی بیرە و شەراب و مەیی لە ناو شوێنەکەدا پێ دراوە[464]. شێر بێت دەیبەمەوە خەت بێت دەیدۆڕێنیت[465]. فلینە لووتە وتی:

- بۆ تۆ ڕاستە. مادەم سووسەت نییە. ئێستانان هیچ وەرزشێکی ڕاستوڕەوان نەماوە. لێنێهەن هەندێکی چاکی دەست دەکەوێت. ئەمڕۆ سێپتەری پێمان دا. زینفاندل دڵخوازراوە، ئەوەی لۆرد هاوارد دی واڵدن، لە ئێپسۆم بردیەوە. مۆرنی کانون دەیئاژووێت[466]. دەمتوانی دوو حەفتە لەمەوپێش یەک بە حەوت لەسەر سانت ئەمانت[467] بیبەمەوە.

دەیڤی بەیرن وتی:

- ئاوا؟

بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت و، کە دەفتەری خەرجییەکەی دەرهێنا، چاوی بە پەڕەکانیدا گێڕا. فلینە لووتە بە مشاندنەوە وتی:

- دەمتوانی، بڕوا بکە. ئەوە ئەسپێکی دەگمەن بوو. سانت فروسکوین باوکی بوو. لە باوبۆرانێکدا بردیەوە، نۆماکەی ڕۆتسچایەلد، ناواخن خرابووە نێو گوێیەوە. چاکەتی شین و کڵاوی زەرد. بیگ بێن داڵەرد و جۆن ئۆگاونتەکەی[468] بە پەند بن. وای لێ کردم دەستبەرداری بم. ئۆف.

بە ملکەچی لە پەرداخەکەی خواردەوە، پەنجەکانی بە نێو شەقارەکانیدا دەگێڕا. بە ئاخهەڵکێشانەوە وتی:

- ئاخ!

میستەر بلووم بە پێوە و بە دەم کاوێژەوە تەماشای ئاخەکەی کرد. لووتەی گەوج. پێی بڵێم کە ئەو ئەسپەی لێنێهەن؟ خۆی دەزانێت. باشترە لێی بگەڕێم لە بیری بچێتەوە. دەچێت و زیاتر دەدۆڕێنێت. گەمژە و پارەکانی[469]. دیسان دڵۆپە ئاورنگەکە داکەوتەوە. ڕەنگە کە ژن ماچ دەکات لووتی سارد بێت. خۆ لەوانەشە حەزیان لێ بێت. حەزیان لە ڕیشی زبرە. لووتی ساردی سەگان. خاتوو ڕیۆردەنی[470] پیر و خاککێڵە سکاییەکەی[471] گەدەی قۆڕەی دەهات لە میوانخانەی سیتی ئامس. مۆڵی لە باوەشی گرتبوو و دەیلاواندەوە. هەی، سەگەسەروەوخۆشەوەوشەی زل!

توێکڵەنانی لوولبووی خوساو و فشەڵبوو بە شەراب خەردەل پەنیری بۆ ساتێک هێڵنجپێدەر[472]. شەرابێکی خۆشە. باشتر تامی دەکەم چون تینووم نییە. بێگومان گەرماو

وا دەکات. هەر تیکەیەک یان دووان. پاشان لای کاتژمێر شەشەوە دەتوانم. شەش. شەش. ئەو کاتە کات تێپەڕیوە. وێ[473].

ئاگری هێواشی شەرابەکە گڕی لە خوێنهێنەرەکانی بەردا. ئێجگار زۆر پێویستم بەوە بوو. هەستم دەکرد سست بووم. چاوەکانی نابرسییانە چەندین ڕەفە قتووی بینی: ساردین، چڕنووکە ورشەدارەکانی کوللەی دەریا[474]. هەموو ئەو شتە سەیرانەی خەڵک وەک خواردن هەڵیاندەگرن. لە قاقلەدارەکاندا، پێچپێچۆکەی دەریایی[475] بە دەرزی[476]، لە درەختەکاندا، لە زەوی شەیتانۆکە دەردەهێنرێت و فەرەنسییەکان دەیخۆن، لە دەریا بە چەشەی[477] سەر قولاپ دەردەهێنرێن. ماسیی گەمژە بە هەزار ساڵیش هیچ فێر نابێت. ئەگەر نەتزانیوە ئەوا سەرکێشییە هەموو شت بخەیتە نێو دەمتەوە. تووی[478] ژەهراوی. گۆیژکۆڵ[479]. وا دەزانیت هەموو شتێکی خڕیلە باشە. ڕەنگی ورشەدار ئاگادارت دەکاتەوە[480]. کابرایەک بە یەکێکی تری وتووە و ئیتر ئاوها. یەکەم جار لەسەر سەگ تاقی بکەوە. بە بۆنەکەی یان بە شێوەکەیدا بزانن[481]. میوەی دیقەدیقەپێکەر. قووچەکی سەهۆڵ. کرێم. خۆزا[482]. بۆ نموونە باخی پرتەقاڵ. پێویستی بە ئاودێریی دەستکرد هەیە. *بلایبتغۆشتراسە*[483]. بەڵێ بەڵام ئەی گوێماسیلە؟ وەک هۆقە بەڵغەم دزێو. لەپکەی پیس. کردنەوەشیان دژوارە. کێ دۆزینیەوە؟ لەسەر زبڵ و پاشەڕۆ دەژین. مەیی فشەکەر و گوێماسیلەی ڕێدبانک. کاریگەریی لەسەر جووتبوون. ئالۆش. ئەم بەیانییە لە ڕێدبانک بوو[484]. داخۆ ئەو گوێماسیلە پیرە ماسی لەسەر مێزەکە ڕەنگە ئەو لە پێخەفدا لەشی گەنج نەخێر حوزەیران گوێماسیلە ناخورێت[485]. بەڵام خەڵکانێک هەن حەزیان لە شتی بۆنکردووە[486]. نێچیری گەنیو. کەروێشکەکێویی لەدیزەنراو[487]. جارێ کەروێشکەکێوییەکەت بگرە[488]. چینییەکان هێلکە دەخۆن پەنجا ساڵ کۆن بێت، دیسان شین و سەوز[489]. شێوی سی چەشن. هەر تیکەیەکیان بێوەین ڕەنگە لە ناوەوە تێکەڵ بن. بیرۆکەی ڕازی ژەهرێک. ئەو گەورەدوک لیۆپۆڵدە[490] بوو نا با یان ئۆتتۆی یەکی ئەو هابسبۆرگانە[491] بوو؟ یان کێ بوو کە کرێشی سەری خۆی دەخوارد؟ هەرزانترین فراڤینی شار. بێگومان ئەریستۆکراتەکان، پاشان خەڵکی تر چاویان لێ دەکەن بۆ ئەوەی لە مۆدەدا بن. میلیش نەوت و ئارد. خۆم حەزم لە هەویری شیرینیی خاوە. نیوەی ئەو گوێماسیلانەی گیراون دەهاوێژرێنەوە نێو دەریا بۆ ئەوەی نرخەکەی بە گرانی بهێڵنەوە[492]. هەرزان بێت کەس نایکڕێت. کاڤیار. هی گەوران. شەرابی هۆخ لە پەرداخی سەوزدا[493]. میوانیی کەشخە. خاتوو فڵان. سینەی پۆدرەلێدراو مرواری. *ئێلیت دەکە. کغێم دو لا کغێم*[494]. چێشتی تایبەتیان دەوێت بۆ ئەوەی وا خۆیان پیشان بدەن کە. گۆشەگیرێک بە دەفرێک دانوولەوە چووزانەوەی لەش کەم دەکاتەوە[495]. بمناسیت وەرە لەگەڵمدا نان بخۆ. کاڤیارماسیی

پاشایی[496] دارۆغەی گەورە، کۆفیی گۆشتفرۆش، مافی گۆشتی ئاسکی دارستان لە خاوەنش[497]. نیوەی مانگایەکی بۆ دەنێرێتەوە. لەو خوانەی لای ناندانەکەی سەرۆکی تۆمارەوە بینیم[498]. *ئاشپەزی* تەپلەسپی وەک مالووم[499]. مراویی بسووت[500]. کەلەرمی پێچپێچ *ئا لا دووشێس دو پاغم*[501]. هەر لەسەر خواننامەکە[502] بنووسرێت بۆ ئەوەی بتوانیت بزانیت چیت خواردووە. دەرمانی زۆر گۆشتاو تێک دەدەن[503]. خۆشم دەیزانم. شۆربای وشککراوەی ئێدواردی[504] تێ دەکرێت. قازی ئاخنراو لای ئەوان بێواتایە[505]. کوللەی دەریا بە زیندوێتی دەکوڵێنرێت. پەهەندێک پکوڕکوڕەلاڵە پببە[506]. لاریم نییە ببم بە سیاری میوانخانەیەکی کەشخە. سیارانە[507]، کراسی ئێواران، خاتمانی نیوەڕووت. دادە دوبیدات[508] بۆم هەیە بە بڕێک نەرمەی پانەماسیی[509] تر ئارەزووتان تێر بکەم؟ بەڵێ، ئەرێ بە زات. کردیشی بە زات[510]. پێم وا بێت ناوێکی هیوگەنۆتییە[511]. دادە دوبیداتێک لە کیلئینی[512] دەژیا، بە بیرم دێت. *دو دی لا*[513] فەرەنسی. لێ ڕەنگە هەمان ئەو ماسییە بێت میکی هانلۆنی[514] پیری شەقامی موور ناوسکەکەی هەڵدەتڵیشاند بە ڕاست و چەپ پارەی پەیدا دەکرد پەنجەی لە نێو ڕیشۆکەوانەی ماسییەکاندا ناتوانێت ناوی خۆی لەسەر چەکێک بنووسێت وا بزانم بە دەمی بادراوەوە وێنەی سرووشتی دەکێشا. مووویکل ئەی ئەیتچا ها[515] نەخوێندەواری وا ئەوەی فڕ بێت بەم دونیایەوە نییەتی[516]، کەچی پەنجا هەزار پاوەنی هەیە.

نووسابوون بە شووشەکەوە دوو مێش گیزەگیزیان دەکرد، نووسابوون.

شەرابی بەتینی هێڵراوەی سەر هەستی چەشتنی[517] قووت درا. گوشینی ترێی بەرگەندی لە نێو ترێشێلەکە[518]. ئەوە گەرمیی خۆرە. ساواییەکی نهێنی دەچێت یادەوەریم پێ بلێت[519]. کە هەستە تەڕبووەکەی ساورا بە بیری هاتەوە[520]. بە شاراوەیی لە ژێر فرەپێ کێوییەکانی سەر هاوث لە خوارمانەوە کەنداوەکە نووستوو: ئاسمان. بێدەنگ. ئاسمان. کەنداوەکە لای سەرەشێرەوە مۆر. لای دروملێکەوە سەوز. بەرەو سوتۆن سەوزی زەردباو[521]. کێڵگەکانی ژێر دەریا، هێڵی قاوەیی کاڵ لە نێو گیاکاندا، شارانی نێژراو[522]. قژی لەسەر سەرینی چاکەتەکەم پەخش کردبوو، گوێسمێن[523] لە نێو گەسکەکاندا[524] دەستم بە ژێر پشتملیدا دەهێنا، تەواو دەمشێوێنیت[525]. ئۆف! دەستی بە ڕۆن نەرموفێنکی تێوەم ساوی، لە ئامێزی گرتم: چاوەکانی لەسەرم لانەدەبرد. بە گەشکەوە لەسەری ڕاکشام، لێوی پڕی بە پڕی کردەوە، دەمیم ماچ کرد. بەهبەهـ. بە هێواشی کێکی تۆوزیرە گەرم و جووراوەکەی خستە نێو دەممەوە. تلْپەیەکی هێڵنجپێدەری دەمی ئاوێتەی ترشوشیرینێتیی لیکی کردبوو. خۆشی: خواردم: خۆشی. ژیانی گەنجی، لێوی بە هەڵقورتاوی پێم دا. لێوی نەرم و گەرم و لینج و وڵوڵەبنێشتی[526]. چاوەکانی گوڵ بوون، ہبە، دوو چاوی ویستمەند.

چەوەکان خزان. بێجووڵە پاڵکەوتبوو. بزنێک. کەس. بزنەمێیەک لای ژاڵەکانی سەرەوەی لوتکەی هاوڤەوە نووچنەبردووانە دەڕۆیشت، مێوژی فڕێ دەدا. بە شاراوەیی لە ژێر فرەپێکاندا ئامێزگەرمانە پێکەنی. کێوییانە ڕاکشام لەسەری، ماچیم کرد: چاوانی، لێوەکانی، ملە درێژبووەکەی کە پلی دەدا، مەمکە ژنانەییە پڕەکانی نێو بلووزە خورییەکەی، سەرگۆمەمکە قەڵەوە قنجەکانی. گەرم زمانم لێی دا. ماچی کردم. ماچ کرام. ملکەچانە قژمی شێواند. ماچی کردم، ئەو ماچی کردم.

من. ئێستاش من.

نووسابوون، مێشەکان گیزەگیزیان دەکرد.

چاوە ڕوولەخوارەکانی دوای نەخشی بێدەنگی تەختە بەڕووەکە کەوتن. جوانی: کەوان دەبێتەوە: کەوانیی جوانییە. خواژنە جوانکیلەکان، ڤینوس[527]، یونۆ[528]: ئەو کەوانەییانەی جیهان پێیان سەرسامن. دەتوانم مۆزەخانەی پەڕتووکخانە[529] بیانبینم لە هۆڵە بازنەییەکەدا بە پێوە وەستاون، خواژنی ڕووت. یاریدەری هەرسکردن[530]. گوێ نادەنێ چ پیاوێک تەماشا دەکات. هەمووی بۆ بینینە. هەرگیز نادوێن. مەبەستم ئەوەیە بۆ خەڵکی وەکو فلین بدوێن. وای دابنێ دەیکات گالاتیا و پیگمالیۆن[531] داخۆ یەکەم شت چی دەڵێت؟ نەپاوا! دەتخاتەوە شوێنی شایستەی خۆت. هەڵقوڕاندنەوەی نێکتار لەسەر خوان لەگەڵ قاپە زێڕینەکانی خوداکاندا، هەمووی ئەمبرۆسیایی[532]. نەک وەک فراڤینی تانەربایی[533] ئێرە کە دەیخۆین، مەڕی کوڵاو، گێزەر و شێلم، بوتڵێک ئۆلسۆپ[534]. نێکتار وێنای بکە کارەبا بخۆیتەوە: خۆراکی خوداکان. شێوەی شۆخوشەنگی ژنانی یونۆیی داتاشراو. شۆخوشەنگیی نەمر. ئێمەش خواردن لە کونێکەوە تێدەئاخنین و لە دواشەوە دەریدەدەینەوە[535]: خۆراک، خیلۆس[536]، خوێن، تەرسەقول، زەوی، خۆراک[537]: دەبێت وەک چۆن سووتەمەنی بە مەکینە دەدەین ئاوا خۆراکی پێ بدەین. ئەوان نییانە. هەرگیز تەماشام نەکردووە. ئەمڕۆ تەماشا دەکەم. ڕێکخەرەکە نایبینێت. بنوشتێوە و با شتێک بکەوێت. تەماشای بکە بزانە وێ[538].

تکەتکی پەیامێکی بێدەنگ لە میزەڵدانیەوە هات بۆ ئەوەی بڕوات بیکات نەیکات لەوێ بیکات[539]. وەک پیاو گورج پێکەکەی تا دوا دڵۆپ هەڵقوڕاند و ڕۆیشت[540]، خۆیان بە پیاوانیش بەخشیوە، پیاوانە بەئاگا[541]، لەگەڵ گراوییە پیاوەکاندا ڕاکشاون، گەنجێک چێژی لێ بینی[542]، بۆ حەوشە[543].

کە دەنگی پێڵاوەکانی نەمان، دەیڤی بەیرن بەسەر پەڕتووکەکەیەوە وتی:

- ئەمە ئەم چی بوو؟ ئایا لە بواری بیمەدا کار ناکات؟

فلینە لووتە وتی:

- دەمێکە لەو بوارەدا نەماوە. ڕیکلامسازی بۆ *فریمان* دەکات.

دەیڤی بەیرن وتی:

- بە شێوە باش دەیناسم. لە کێشەدایە؟

فلینە لووتە وتی:

- کێشە؟ ئەوەندەی بیستبێتم نەخێر. بۆ؟

- سەرنجم دا پرسەی هەیە[544].

فلینە لووتە وتی:

- ئەو؟ بڕوا بکە وا بوو. لێیم پرسی دەنگوباسی ماڵەوە چۆنە. بەخوا ڕاست دەکەیت. وا بوو.

دەیڤی بەیرن مرۆڤدۆستانە وتی:

- ئەگەر پیاوێک ببینم بەو شێوەیە لە کێشەدا بێت، هەرگیز باسەکە ناکەمەوە. ئەوە تەنها لە مێشکیاندا سەرلەنوێ دەیکولێنێتەوە.

فلینە لووتە وتی:

- بەهەرحاڵ ژنەکە نییە. پێرێ بینیم لەو کارگەی شیرەمەنیی کێڵگەی ئایرییە دەهاتە دەرەوە کە ژنەکەی جۆن وایز نۆلان لە شەقامی هێنری[545] هەیەتی و شووشەیەک کرێمی بە دەستەوە بوو دەیبردەوە بۆ ژنەکەی لە ماڵەوە. با پێت بڵێم، خۆراکی باشی پێ دەدرێت. سنگی فراوانە[546].

دەیڤی بەیرن وتی:

- ئەی بۆ *فریمان* کار دەکات؟

فلینە لووتە لچی هەڵقورچاند:

- کرێمیش بەو ڕیکلامانە ناکڕێت کە دەیانکات. با لەوە دڵنیا بیت[547].

دەیڤی بەیرن بەسەر پەڕتووکەکەیەوە پرسیی:

- چۆن؟

فلینە لووتە بە پەنجە بازبازێنکەرەکانی هەندێک ئاماژەی لە هەوادا کێشا. چاوی داگرتەوە. وتی:

- لە نێو پیشەکەدایە[548].

دەیڤی بەیرن وتی:

- بە ڕاستتە وا دەڵێیت؟

فلینە لووتە وتی:

- هەر زۆریش بە ڕاستمە. ڕێکخستنە دێرین و ئازاد و پەسەندەکە. برایەکی نایابە. ڕووناکی، ژیان و خۆشەویستی، بە خوا[549]. یارمەتیشی دەدەن[550]. ئەوەی پێمی وت – دەی، نالێم کێ.

- ئەوە بە ڕاستتە؟

فلینە لووتە وتی:

- ئای، ڕێکخستنێکی باشە. دێن بە دەنگتەوە کە لێت دەقەومێت. کابرایەک دەناسم هەوڵی دەدا بچێتە ناویەوە. بەڵام نەفرەتییانە دەڵێیت هینن داخراون[551]. بەخوا چاکیان کردووە ژنیان تێ نەکردووە.

دەیڤی بەیرن بزەیکردباوێشکیداسەریلەقاند هەموو پێکەوە.

- ئیییییچااااااچ!

فلینە لووتە وتی:

- ژنێک هەبوو، لە نێو کاتژمێرێکدا خۆی شاردبووەوە بۆ ئەوەی بزانێت چی دەکەن. بەڵام ئاسمانەکە تۆ مەڵێ بۆنیان کردبوو و دەریانهێنابوو و هەر لەوێدا وەک ماسۆنییەکی سەرگەورە سوێندیان پێ خواردبوو. یەکێک بوو لە سانت لێژێ-کانی دونئەریەل[552].

دەیڤی بەیرن دوای باوێشکەکەی ئاسوودە بوو، بە چاوی بەفرمێسکشۆراوەوە وتی:

- جا ئەوە ڕاستە؟ پیاوێکی بێدەنگی ڕێکوپێکە. زۆر جار لێرە بینیومە و هەرگیز بۆ جارێکیش نەمبینیوە - خۆت دەزانیت، سنوور ببەزێنێت.

فلینە لووتە بە پێداگرییەوە وتی:

- ئەو خودا بەتوانایەش ناتوانێت سەرخۆشی بکات. هەر کە بەزم گەرم دەبێت ئەو فجووق دەکات. نەتبینی کە تەماشای کاتژمێرەکەی کرد؟ ئاھ، لەوێ نەبوویت. گەر داوای لێ بکەیت خواردنەوەیەک بخواتەوە یەکەم شت کە دەیکات ئەوەیە کاتژمێرەکەی دەردەهێنێت بۆ ئەوەی ببینێت کە دەبێت چی بخواتەوە. بەو خوایەم سوێندە وا دەکات.

دەیڤی بەیرن وتی:

- هەندێک هەن وان. پیاوێکی بێوەیە، دەتوانم وا بڵێم.

فلینە لووتە هەڵیمشاندەوە و وتی:

- زۆر خراپ نییە. واش ناسراوە کە بۆ یارمەتیدانی خەڵک مشتنووقاو نییە. پیاو قسەیەک بۆ دزەکەش بکات. ئای، بلووم شتی باشی خۆی هەیە. بەڵام شتێک هەیە کە هەرگیز نایکات.

دەستی واژۆیەکی پێنووسی شقڵیوپقڵییانەی بە پەنا مەیەکەیەوە کێشا. دەیقی بەیرن وتی:

- دەزانم.

فلینە لووتە وتی:

- هەرگیز ڕەش ناخاتە سەر سپی[553].

پادی لیۆنارد[554] و بانتەم لایەنس[555] هاتنە ژوورەوە. تۆم ڕۆچفۆرد[556] بە مۆنی بە دوایاندا، دەستێکی سافکەری لەسەر یەلەگە شەرابییەکەی بوو.

- 'ژباش، میستەر بەیرن.

- 'ژباش، بەڕێزان.

لە پێش بەرمێزەکەدا ڕاوەستان. پادی لیۆنارد پرسیی:

- کێ وێر دەکات[557]؟

فلینە لووتە وەڵامی دایەوە:

- دەی، من وێرانم.

پادی لیۆنارد پرسیی:

- ئێ، چی دەفەرموون؟

بانتەم لایەنس وتی:

- من زەنجەفیلێکی گڵێن[558] دەخۆمەوە.

پادی لیۆنارد نەڕاندی:

- ها؟ ئەمە لە کەیەوە لە ڕێی خوا؟ ئەی ئەوەی تۆ، تۆم؟

فلینە لووتە بە دەم قوملێدانەوە پرسیی:

- ئاوەڕۆی سەرەکی چۆنە[559]؟

تۆم ڕۆچفۆرد بۆ وەڵامدانەوە بە دەستی گلێجەی گووشی و نزگەرەی کرد. وتی:

- ئەرک نابێت پەرداخێک ئاوم بدەیتێ، میستەر بەیرن؟

- بەسەرچاو، قوربان.

پادی لیۆنارد تەماشای هاونۆشەکانی کرد، وتی:

- ئەی خوا گوو بواریێ! تۆ سەیری وێری خواردنەوەی کێ دەکەم! ئاوی سارد و زەنجەفیلاو! دوو کەس کە ویسکیی سەر برینی قاچ دەخۆنەوە[560]. ئەسپێکی حیزی جامە زێڕینەکەی لە ژێر سەردایە[561]. سووسەیەکی مسۆگەرە[562].

فلینە لووتە پرسیی:

- زینفاندێلە؟

تۆم ڕۆچفۆرد تۆزی نێو پەڕەیەکی نوشتاوەی ڕشتە نێو ئەو ئاوەی لە بەردەمیدا دانرا. پێش ئەوەی بیخواتەوە وتی:

- ئاخ ئەو گرفتە حیزە.

دەیڤی بەیرن وتی:

- سۆدەی نان زۆر باشە.

تۆم ڕۆچفۆرد سەری دالەقاند و خواردیەوە.

- ئەریێ زینفاندێلە؟

بانتەم لایەنس چاوی داگرتەوە و وتی:

- هیچ مەڵێ! خۆیشم پێنج شڵنگ هاتووم.

پادی لیۆنارد وتی:

- دە ئەگەر پیاویت پێمان بڵێ و لە کۆڵمان بەوە. کێ پێی دایت؟

میستەر بلووم لەسەر ڕێی چوونەدەرەوەی سێ پەنجەی بۆ سڵاوکردن بەرز کردەوە. فلینە لووتە وتی:

- بە نیازی دیدار!

ئەوانی تر ئاوڕیان دایەوە. بانتەم لایەنس چرپاندی:

- دە ئەوە ئەو پیاوەیە کە پێی دام.

پادی لیۆنارد بە سووکایەتییەوە وتی:

- پیف! میستەر بەیرن، قوربان، لە دوای ئەوەوە دوو پێکی بچکۆلەمان لە جەیمسنەکەت[563] دەوێت لەگەڵ...

دەیڤی بەیرن بەڕێزانە وتی:

- زەنجەفیلێکی گڵین.

پادی لیۆنارد وتی:

- ئا. مەمکەمژەیەکیش بۆ ئەو بەبەیە.

میستەر بلووم بەرەو شەقامی داوسن[564] ڕۆیشت، زمانی بە نەرمی فلّچەی لە ددانەکانی دەدا. دەبێت شتێکی سەوز بێت: وەک سپێناخ. ئیتر بەو تیشکی ڕۆنتگنە شەوقاوێژە دەتوانیت[565].

خاککێلّێکی چلّێس لە کۆلّانی دوکدا[566] جووراوێکی بێزراوی خرتکەیی[567] هێنایەوە سەر سەنگچنەکە[568] و بە تامەزرۆییەکی نوێوە لێسایەوە. زیاخۆری. دوای ئەوەی تەواو ناوەرۆکەکانی پشکنی بە سوپاسەوە گەڕاندیەوە. سەرەتا شیرینە دواتر سوێر. میستەر بلووم بە وریاییەوە کەناری گرت. کاوێژ. قاپی دووەمی. شەویلگەی سەرەوەیان دەجوولّێنن[569]. داخۆ تۆم ڕۆچفۆرد هیچ شتێک لەگەلّ ئەو داهێنانەی خۆیدا[570] دەکات؟ کاتبەفیرۆدانە بۆ دەمی فلینی ڕوون بکاتەوە. خەلّکی بنێس دەمی درێژ. دەبێت هۆلّێک یان شوێنێک هەبێت بۆ ئەوەی داهێنەران بچن بۆ ئەوێ و بە ئازادی داهێنان بکەن. جا بێگومان هەموو شبرەکان هەراسانت دەکەن.

هماندی، بە زایەلّەی سەنگینانە کۆتایی بارەکانی درێژ دەکردەوە:

*- دۆن جۆڤانی، ئا چێنار تێکۆ*
*مینڤیتاستی*[571].

هەست دەکەم باشترم. بەرگەندی. چاک هەلّیستاندمەوە. کێ یەکەم جار دلّۆپاندوویەتی[572]؟ کەسێکی خەمبار[573]. ئازایەتیی هۆلّاندی[574]. ئەو *کیلکەنی پیپل*ە[575] لە پەڕتووکخانەی نیشتمانی ئێستا دەبێت من.

ئەسکەملەی تەوالێتی داخراوی ڕووت و پاک لە پەنجەرەکەی ویلیەم میلەری بۆریچییەوە[576] چاوەڕێیان دەکرد، بیرەکانی هەلّگەڕاندەوە. دەتوانن: تا خواری خوارەوەش تەماشای بکەن، دەرزییەک قووت بدە ڕۆژێک دوای چەند سالّێک لە پەراسووەکانەوە دەردەچێت، گەشتی نێو لەش کەنالّی زراوی دەگۆڕێت سپلّ جگەری فیچقەکردوو پێچی ڕیخۆلّە وەک بۆری[577]. بەلّام دەبێت گێژەی نەگبەتیش بەردەوام ناوسک و هەناوی بە دەرەوە بێت و بوەستێت. زانست.

*- ئا چێنار تێکۆ.*

ئەو تێکۆیە واتای چییە[578]؟ لەوانەیە ئەمشەو.

*- دۆن جۆڤانی بانگهێشتت کردم*
*بۆ شێوی ئەمشەو،*
*دەرەم دەرەمدەم.*
باش ڕێک ناکەوێت.

ک(لیل)یز: دوو مانگ ئەگەر نانێتتی. دەکاتە دوو پاوەن و دە شڵنگ نزیکەی دوو پاوەن و هەشت شڵنگ. سێ جۆ هاینس قەرزارمە. دوو پاوەن و یازدە شڵنگ. ڤانی خومخانەکەی پریسکۆت ئەوەتا. ئەگەر ڕیکلامەکەی بیلی پریسکۆت وەربگرم[579]: دوو پاوەن و پازدە شڵنگ. نزیکەی پێنج گینی[580]. نانم دەکەوێتە ڕۆنەوە.

دەتوانم یەکێک لەو ژێرکراسە ئاوریشمانە بۆ مۆڵی بکڕم، لە ڕەنگی ئاسقییە نوێکەی.

ئەمڕۆ. ئەمڕۆ. بیر مەکەوە.

پاشان بۆ باشوور گەشت بکە. ئەی هەوارگەی کەناراوە ئینگلییەکان؟ برایتن، مارگەیت[581]. ساباتی کەناری ژێر تریفەی مانگ. دەنگی وێ لە هەوادا سوارڤا دەبێت[582]. ئەو جوانی سەر کەنارانە[583]. لەشبەدۆشاوێکی وەنەوزدەر بە بەر جۆن لۆنگدا[584] پاڵی لێ دابووەوە و لە بیری قووڵدا بوو، گازی لە کەشکێکی[585] قەتماغەگرتووی دەگرت. پیاوێکی دەستڕەنگین پێویستی بە کارە. مووچەی کەم. هەر شتێک بێت دەیخوات.

میستەر بلووم بە بەر تارتە[586] نەکراوەکانی نێو پەنجەرەکەی گرەیی[587] حەڵواچیدا بایدایەوە و فرۆشگای پەرتووکەکەی قەشە تۆماس کانەلنی[588] تێپەڕاند. *بۆ کڵێسای ڕۆمیم بە جێ هێشت*[589]؟ هێلانە ژنان وی بە ڕێوە دەبەن[590]. دەڵێن جاران لە سەردەمی وەیشوومەی پەتاتەکەدا شۆربایان بە منداڵی بەخێرژیاو داوە بۆ ئەوەی بیانکەن بە پرۆتستانت[591]. ئەو کۆمەڵەیەی ئەوسەر بابە بۆ دینگۆڕینی جووە داماوەکان چووبوو[592]. هەمان چەشە. *بۆ کڵێسای ڕۆمیمان بە جێ هێشت.*

نەوجوانێکی کوێر وەستابوو بە حەیزەرانە باریکەلەکەی دەیپیتکاند بە بەردی شۆستەکەدا. ترام لەم ناوەدا نییە. دەیەوێت بپەڕێتەوە. میستەر بلووم پرسیی:

- دەتەوێت بپەڕییتەوە؟

نەوجوانە کوێرەکە وەڵامی نەدایەوە. دەموچاوە دیوارئاساکەی بێهێزانە مۆن بوو. سەری نادڵنیایانە جووڵاند. میستەر بلووم وتی:

- تۆ لەسەر شەقامی داوسنیت. شەقامی مەولسوۆرث[593] لەوبەرەوەیە. دەتەوێت بپەڕییتەوە؟ هیچ لەسەر ڕێکە نیە.

حەیزەرانەکە بەرەو پێشی چەپ لەرزا. چاوی میستەر بلووم دوای ئاراستەکەی کەوت و دیسان ڤانی خومخانەکەی بینییەوە ڕاکێشرا بۆ بەردەم دراگۆ[594]. هەمان ئەو جێیەی قژە بریلانتینییەکەیم بینی کە. ئەسپێک سەری شۆڕ دەکردەوە. شۆفێرەکە لە جۆن لۆنگە. تینوێتییەکەی دەشکێنێت. میستەر بلووم وتی:

- ڤانێک لەویایە، بەڵام ناجووڵێت. تا ئەوبەر یارمەتیت دەدەم. دەتەوێت بچیت بۆ شەقامی مەولسوۆرث؟

نەوجوانەکە وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ. شەقامی فرێدریکی باشوور[595].

میستەر بلووم وتی:

- وەرە.

بە نەرمی ئانیشکە بنێسەکەی ساوی: پاشان دەستە لاوازە بیناکانی گرت بۆ ئەوەی بەرەو پێش پێشڕەویی بکات.

شتێکی پێ بڵێ. باشترە پۆز لێ نەدەم. متمانە بەوە ناکەن کە دەیڵێیت. شتێکی ئاسایی بڵێ.

- هێشتا باران داینەکردووە.

وەڵام نییە.

پەڵەی سەر چاکەتەکەی. پێم وا بێت خواردنەکەی لیکاندووەتەوە. هەموو تامەکان ئەو جیاوازن. دەبێت یەکەم جار بە کەوچک خواردن بکرێت بە دەمیانەوە. وەک دەستی منداڵ وایە دەستی. وەک هی میلی چۆن بوو. هەستیار. دەتوانم بڵێم لە دەستمەوە مەزەندەم دەکات. داخۆ ناوی لێ نرابێت. ڤانەکە. حەیزەرانەکەی لە قاچەکانی ئەسپەکە دوور بخەوە: زەحمەتکێشە ماندووەکە سەرخەوی خۆی دەکات. وایە. دوورە. لە پشت گا: لە پێش ئەسپ[596].

- سوپاس، کاکە.

دەزانێت پیاوم. دەنگ.

- باشە ئێستا؟ یەکەم پێچ بە دەستی چەپدا.

نەوجوانە کوێرەکە دەیپیتکاند بە بەردی شۆستەکەدا و بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت، حەیزەرانەکەی بە دوایدا ڕاکێشایەوە، دیسان کەوتەوە هەستکردن.

میستەر بلووم بە دوای قاچە بێچاوەکاندا ڕۆیشت، قاتێکی بەدبڕاوی[597] خوریی چەڵەمەنەخش[598]. کوڕێکی گەنجێکی هەژارە! باشە چۆن زانیی کە ئەو ڤانە لەویایە؟ دەبێت هەستی پێ کردبێت. لەوانەیە لە نێوچاوانیاندا شت ببینن: وەک جۆرە هەستێکی بارستایی. کێش یان قەبارەکەی، شتێک ڕەشتر لە تاریکی. داخۆ ئەگەر شتێک لاببرێت هەستی پێ دەکات. هەست بە بۆشایی بکات. دەبێت بیرۆکەی سەیری لە بارەی دەبلنەوە هەبێت، کە لە ڕێی پیتکاندنی بەردەوە بە ڕێی خۆیدا دەڕوات. ئایا دەتوانێت بێ ئەو

حەیزەرانە بە ڕێیەکی ڕاستدا بڕوات؟ دەموچاوێکی خواپەرستانەی بێخوێن وەک هی کەسێک کە دەبێت بە قەشە.

پێنرۆز[599]! ئەوە ناوی ئەو کوڕە بوو.

تۆ سەیری هەموو ئەو شتانە بکە کە دەتوانن فێر بن بیانکەن. بە پەنجەیان دەخوێننەوە. کۆککردنی پیانۆ. یان سەرسامین کە مێشکیان هەیە. بۆیە پێمان وایە کە ئەگەر کەسێکی کەمئەندام یان قەمووریێک شتێک بڵێن کە ئێمەش دەتوانین بیڵێین ئیتر زیرەکن. بێگومان هەستەکانی تر زیاتر. ئۆیە دەکەن. سەبەتە دەهۆننەوە. دەبێت خەڵکان یارمەتیدەر بن. سەبەتەی درووومان دەتوانم بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی مۆڵی بکڕم. ڕقی لە دروومانە. لەوانەیە پەسەندی نەکات. پێیان دەڵێن نابینا.

هەستی بۆنکردنیشیان دەبێت بەهێزتر بێت. لە هەموو لایەکەوە بۆن دەکات، پێکەوە چەپک دەبن. هەر شەقامێک بۆنێکی جیاواز. هەر کەسێکیش. ئینجا بەهار، هاوین: بۆنیان دەکات: تام؟ دەڵێن بە چاوی نووقاوەوە یان ئەگەر سەرت سەرمای بووبێت ناتوانیت تامی شەراب بکەیت. جگەرەکێشانیش لە تاریکیدا دەڵێن هیچ چێژی نییە.

لەگەڵ ژنیشدا، بۆ نموونە. بێشەرمتر ئەگەر نەبینیت. ئەو کچەی پەیمانگەکەی ستیوارتی[600] تێپەڕاند، لووتی لە ئاسمانە. سەیرم بکەن. هەموویانم هێناوەتە سەیرم[601]. دەبێت سەیر بێت وێ نەبینیت. جۆرە شێوەیەک لە دیدەی خەیاڵیدا. دەنگەکە، گەرمی: کاتێک وی بە پەنجەکانی دەست لە وێ دەدات دەبێت بە نزیکی هێڵ و کەوانەکان ببینێت. دەستی لەسەر قژی، بۆ نموونە. با بڵێین ڕەشە، بۆ نموونە. باشە. دەڵێین ڕەشە. پاشان بەسەر پێستە سپییەکەیدا بیبات. ڕەنگە هەستێکی جیاوازی هەبێت. هەستکردن بە سپی.

پۆستەخانە[602]. دەبێت وەڵام بدەمەوە. ئەمڕۆ وزەپڕووکێنە. کۆبۆنێکی پۆستە بۆ وێ بنێرە دوو شڵنگ، نیو کراون[603]. دیارییە بچکۆلەکەم پەسەند بکە. پەڕاوگەکەش[604] هەر لێرەیە. بوەستە. دیسان بیری لێ بکەوە.

بە پەنجەیەکی نەرمونیان زۆر بە خاوی هەستی بە قژی کرد کە بۆ سەر گوێکانی لە دواوە شانە کراوە. دیسان. ڕیشاڵی پووشی زۆر ساف. پاشان پەنجەی بە نەرمونیانی پێستی ڕوومەتی ڕاستی ساوی. ئەوێش گەندەمووی هەیە. زۆر لووس نییە. ورگ لووسترینە. کەس لەم ناوە نییە. ئەوەتا دەچێت بۆ نێو شەقامی فرێدریک. لەوانەیە بۆ پیانۆکەی ئەکادیمیای سەمای لێڤنستۆن[605]. دەکرێت ئاسقیی پانتۆڵەکەم چاک بکەم.

کە بە لای مەیخانەکەی دۆراندا[606] ڕۆیشت دەستی خزاندە نێو پانتۆڵ و یەلەگەکەیەوە و، کە بە نەرمونیانی کراسەکەی بە لادا ڕاکێشا، هەستی بە لۆیەکی شۆڕی

ورگی کرد. بەڵام دەزانم کە زەردێکی مەیلەو سپییە. دەمەوێت لە تاریکیدا تاقیی بکەمەوە بۆ ئەوەی ببینم.

پاشەکشەی بە دەستی کرد و جلەکانی چاک کرد.

کوڕێکی داماوە! هێشتا منداڵە. جەرگبڕە. بە ڕاستی جەرگبڕە. چ خەونێک دەبینێت، بێ بینین؟ ژیان خەونێکە بۆی. کەی دادپەروەرییە بەو شێوەیە لە دایک ببیت؟ ئەو هەموو ژن و منداڵە لە گەشتی خۆشییاندا لە نیویۆرک سووتان و خنکان[607]. کۆمەڵکوژی. کارمای[608] پێ دەڵێن بەو گواستنەوەی گوناهانەی لە ژیانی پێشووتدا ئەنجامت داون دۆنادۆن گەی پێی و گانگانێنکێ[609]. هاوار، هاوار، هاوار. بێگومان، بە داخەوە: بەڵام ئیتر بە شێوەیەک لە شێوەکان و ڕێیەک لە ڕێکان ناتوانیت تێی بگەیت.

سێر فرێدریک فالکینەر[610] دەچێت بۆ هۆڵی ماسۆنییەکان[611]. وەک ترۆی سەنگین[612]. دوای فراڤینە چاکەکەی لە ئیدلسفۆرث تێرەس[613]. هاوەڵی کۆنی دادوەری بوتڵێکی لیتر و نیوی شەراب هەڵدەپچڕن. سەربردەی کورسیی دادوەری و دانیشتنەکان و ساڵنامەی قوتابخانەی چاکەتشینان[614]. سزای دە ساڵم بەسەریدا دا. پێم وا بێت بێزی نایەت لەو شتە بخواتەوە کە من خواردمەوە. ئەوان شەرابی بژاردە دەخۆنەوە، ساڵەکە لەسەر بوتڵێکی خۆڵاوی نووسراوە. بیرۆکەی خۆی لە بارەی دادی دادگای تۆمارەوە[615] هەیە. پیرەمێردێکی نیازپاک. تاواننامەکانی پۆلیس بە داوا سیخناخ کراون لەسەر هەڵبەستنی تاوان مزی خۆیان وەردەگرن. دەیاننێرێت بۆ ڕاستکردنەوە[616]. شەیتانی سوودخۆران بوو. چاک بە ڕەئوبێن جەیدا هەڵشاخابوو[617]. دەی ئێستا ئەو هەر بە ڕاستی ئەوەیە کە پێی دەڵێن جووی پیس. لەو دەسەڵاتەی ئەو دادوەرانە هەیانە. سەرخۆشی پیری جیقڵدانەبچووک بە باڕۆکەوە. دەڵێیت گورگی هارن[618]. بەڵکو خودا بەزەیی بە گیانتدا بێتەوە[619].

سڵاو، یافتە[620]. بازاڕی میروس[621]. جەنابی خاوەنشکۆ جێنشینی پاشا. شازدەیەم. ئەمڕۆیە. بۆ هاوکاریی پیتاکی خەستەخانەی مێرسەر[622]. *مەسایا* یەکەم جار بۆ ئەوە کرا. بەڵێ. هاندێل[623]. دەڵێیت چی بڕۆم بۆ ئەوێ: بۆلسبریدج. سەرێک لە کیز بدەم[624]. بە کەڵک نایەت وەک زەروو پێوەی بنووسێم. میوان هەر بۆ کەمێک خۆشە. دڵنیام یەکێک لای دەروازەکەیەوە دەناسم.

میستەر بلووم هات بۆ شەقامی کیلدێر. جارێ دەبێت. پەڕتووکخانە[625].

شەبقەی پووش لە ژێر تیرۆژ. پێڵاوی نەوتی. پانتۆڵی دامێن هەڵگەڕاوە[626]. خۆیەتی. خۆیەتی.

دڵی بە نەرمی پلی دا. بەرەو ڕاست. مۆزەخانە. خواژنەکان. بەرەو لای ڕاست لایدا.
خۆیەتی؟ بە نزیکی دڵنیام. تەماشا ناکەم. شەرابەکە لە دەموچاومدا. بۆچی من؟ زۆر سەرخۆشکەرە. بەڵێ، خۆیەتی. ڕۆیشتنەکە. نەیبینیم. بەردەوام بە.
بە هەنگاوی درێژی هەڵەشانەوە گەیشتە بەردەم دەروازەی مۆزەخانەکە و چاوەکانی هەڵبڕی. باڵەخانەیەکی جوان. سێر تۆماس دین نەخشەکەی کێشاوە[627]. دوام نەکەوتووە؟
ڕەنگە نەیبینیبێتم. تیشکەکە لە چاویدا بوو.
دڵەکوتێی هەناسەکەی بە ئاهی کورتکورت دەرهات. خێرا. پەیکەری سارد: بێدەنگە ئێرە. خولەکێکی تر پارێزراو دەبم[628].
نا. نەیبینیم. دوو لایداوە. هەر لە بەردەم دەروازەکەدا.
دڵم!
چاوە پلدەرەکانی بە جێگیری تەماشای چەمانەوە کرێمییەکانی بەردەکانیان کرد. سێر تۆماس دین تەلارسازە گریکییەکە بوو[629].
بە دوای شتێکدا بگەڕێ من.
دەستە شپرزەکەی بە خێرایی چووە گیرفانێکەوە، دەریهێنا، ئەگنداث نەتایمە[630] قەدنەکراوەکەی خوێندەوە. لە کوێ من؟
سەرقاڵی گەڕان.
ئەگنداثەکەی بە خێرایی تێخستەوە.
وێ وتی دوانیوەڕۆ[631].
بە دوای ئەوەدا دەگەڕێم. بەڵی، ئەوە. هەموو گیرفانەکان بگەڕێ. دەستەس. *فریمان*. خستمە ک؟ ئەها، ئێ. پانتۆڵ. پەتاتە. جزدان. کوێ؟
خێرا کە. هێواش بڕۆ. تۆزێکی تریش. دڵم.
دەستی بە دوای خستمە کوێکەدا دەگەڕا لە گیرفانی دواوەیدا سابوونەکەی دۆزییەوە کرێم دەبێت پەیوەندی بکەم پەڕەی شلەتێن نووساوە. ئەها سابوونەکە لەویایە من بەڵێ. دەروازە.
پارێزراو!

## ڕاڤەکانی ئەڵقەی هەشتەم

[1] **ئەڵقەی هەشتەم: لێستریگۆنییەکان**: پوختەی گرێچنەی ئەم ئەڵقەیە بەم جۆرەیە:

**شوێن**: بلووم بەسەر ڕووباری لیفیدا دەڕوات بۆ چێشتخانەی بۆرتن لە ١٨ی شەقامی دوک (لە دەبلن)، دواتر دەچێت بۆ مەیخانەکەی دەیڤی بەیرن لە ٢١ی شەقامی دوک. پاشان دەچێت بۆ پەڕتووکخانەی نیشتمانی، کە لای خۆرهەڵاتی مەیخانەکەوە زۆر دوور نییە.

**کات**: ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤، کاتژمێر ١ی نیوەڕۆ.

**کەسێتییە سەرەکییەکان**: بلووم، خاتوو برین، فلینە لووتە، دەیڤی بەیرن، بانتەم لایەنس، تۆم ڕۆچفۆرد، پادی لیۆنارد.

بلووم بە پیاسە دەڕوات، چەند ڕێبوارێکی جۆراوجۆر دەبینێت، بیر لە دین دەکاتەوە. لە دوورەوە کچێکی سایمن دێدالۆس دەبینێت و بیر لەو نەهامەتییە دەکاتەوە کە دوای مەرگی خاتوو دێدالۆس (دایکی ستیفن) بەسەر ئەو خێزانەدا هاتووە. بەسەر پردی ئۆکانەڵدا بەسەر ڕووباری لیفیدا دەپەڕێتەوە. بیر لە کارگەی گینیس دەکاتەوە. کارگەی گینیس یەکێک لە بەناوبانگترین بیرەکانی ئەورووپا دروست دەکات و بارەگا سەرەکییەکەی لە دەبلنە. بلووم بیر دەکاتەوە ڕۆژێک سەردانی کارگەکە بکات.

چەند مەلێک لەسەر پردەکەوە دەبینێت، کێکێک دەکڕێت و بۆیان دەهاوێتە خوار، ئەوانیش دەیخۆن. بەلەمێک دەبینێت ڕیکلام بۆ پانتۆڵ دەکات و بە بیرۆکەیەکی باشی دەزانێت. ئینجا بیر لە ڕیکلام دەکاتەوە. پاشان بیر لە هەندێک کەس و ژنەکەی دەکاتەوە. چەند پیاوێک بە لایدا دێن و ڕیکلامی جێیەکیان پێیە بە ناوی ویزدەم هێڵیس، بلووم پێشتر لەوێ کاری کردووە. دیسان بیر لە ڕیکلام دەکاتەوە. بیر لە خانمێکی ڕەبەن و ڕەبەنگایەکی خوشکان دەکاتەوە. بیر لەو سەردەمە دەکاتەوە کە خۆی لەو جێیە کاری کردووە. پاشان یادی دڵخۆشیی ئەو سەردەمەی نێوان خۆی و ژنەکەی دەکاتەوە. ئینجا کۆنسێرتێکی ژنەکەی بە یاد دێتەوە.

لەناکاو ژنێک بە ناوی خاتوو برین سڵاو لە بلووم دەکات. بلووم و خاتوو برین کەمێک ڕادەوەستن و چاکوچۆنی دەکەن و هەواڵی خێزانی یەکتر دەپرسن. مێردەکەی خاتوو برین کەمێک شێتۆکەیە، دوێشەو پۆستکارتێکیان بۆی ناردووە و پێیان ڕابواردووە، ئێستا تووڕە بووە و دەیەوێت سکاڵا لەسەر نێرەرەکانی تۆمار بکات. بلووم بیر لە گەنجیی ئەم ژنە دەکاتەوە کە چەند جوان بووە. بلووم هەواڵی ژنێک دەپرسێت بە ناوی «بیوفۆی»،

بەڵام خاتوو برین بە هەڵە وا تێدەگات مەبەستی ژنێکی ترە بە ناوی خاتوو «پیورفۆی» و دەڵێت لە خەستەخانەی منداڵبوون کەوتووە و سێ ڕۆژە ژانی گرتووە و منداڵی نابێت. بلوومیش هەڵەکەی بۆ ڕاست ناکاتەوە و هاوسۆز دەبێت لەگەڵ خاتوو پیورفۆیدا. لەناکاو شێتێکی بەناوبانگی دەبلن بە لایاندا دەڕوات و گفتوگۆکەیان دەبڕن. پاشان مێردەکەیشی لە دوورەوە دەردەکەوێت و ژنەکە دەڕوات بۆ لای و ماڵئاوایی دەکەن.

بلووم دەکەوێتەوە ڕێ. بیر لەو ڕیکلامە دەکاتەوە کە لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوی کردووەتەوە و داوای تایپیستی کردووە، لەگەڵ نامەکەی مەرسا کلیفرد (ئەڵقەی پێنجەم). پاشان بیر لە هەندێک شتی جۆراوجۆر دەکاتەوە. بڕیار دەدات بۆ فراڤین بچێت بۆ چێشتخانەی بۆرتن، کە دوور نییە لێوەی. ئینجا بیر لە منداڵبوونە سەختەکەی خاتوو پیورفۆی دەکاتەوە و بەزەیی پیایدا دێتەوە و بەراوردی دەکات بە منداڵبوونی ژنەکەی خۆی.

تاقمێک پۆلیس بە لای بلوومدا دەڕۆن. ئینجا بیر لە پۆلیس دەکاتەوە. ڕۆژێکی بە یاد دێتەوە کە کەوتووەتە نێو خۆپیشاندانێک و پۆلیس داویەتی بە سەریاندا و ئەمیش ڕایکردووە و خەریک بووە بیگرن. ئینجا بیر لە پارنێڵ و جۆرج ڕەسڵ (ئەی ئی) دەکاتەوە. کەچی دوای کەمێک لەوبەر جادەکەوە براکەی پارنێڵ دەبینێت و زۆری تر نابات جۆرج ڕەسڵ (ئەی ئی) و ژنێک بە لایدا دەڕۆن. سەیری لێ دێت کە ئەمە سێیەم ڕێکەوتە لە ڕۆژەکەدا. پێشتر (ئەڵقەی شەشەم) بیری لە بڵێسە بۆیلەن کردەوە و پاش کەمێک بە لایدا تێپەڕی، ئێستاش وا ئەم دووانە!

ئیتر بلووم دەکەوێتە بیرکردنەوە لەو کەسانەی بە ڕێکەوت بینینی و بیر لە ژنی «ڕۆشنبیر» دەکاتەوە. لە خەیاڵی خۆیدا گاڵتەیان پێ دەکات. بە بەردەم چاویلکەسازێکدا دەڕوات و بیر لە هاوێنە و دووربین دەکاتەوە. دیسان دەکەوێتەوە یادی ڕابردوو کە دڵخۆشتر بووە، بەڵام دوای مەرگی ڕودیی کوڕیان پەیوەندیی نێوان خۆی و ژنەکەی گۆڕاوە. بیر دەکاتەوە دیارییەک بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی ژنەکەی بکڕێت. لەناکاو ئارەزووی دەبزوێت و حەزی بە ماچ و باوەش دەبێت تا دەگاتە بەردەم چێشتخانەکەی بۆرتن، کە بۆگەنەکەی ئەوێ ئارەزووەکەی دەنیشێنێتەوە.

بلووم دەگاتە بۆرتن و دەچێتە ژوورەوە و سەیر دەکات. حەزی بەوە نییە لەوێ نان بخوات، چون شوێنەکە بۆنی ناخۆشە. خەڵکەکە ناشیرین نان دەخۆن. هەموویان پیاون و خانمی لێ نییە. بۆیە وا خۆی پیشان دەدات هاتووە بۆ بینینی کەسێک و لەبەر

خۆیەوە دەڵێت: «لێرە نییە. نایبینم» و دەڕواتە دەرەوە. بڕیار دەدات بچێت بۆ دەیڤی بەیرن، کە هەر چەند دوکانێک لەولاوەیە. بیر لە نانخواردن دەکاتەوە، ئینجا بیر لە ئامادەکردنی خواردن دەکاتەوە.

بلووم دەگاتە دەیڤی بەیرن و ئەوێی بە دڵە. کەسێکی لێیە ناوی فلینە لووتەیە، هەم چڵمنە و هەم زۆر لووت دەژەنێتە شتی خەڵکەوە، بۆیە ناوی فلینە لووتەیە. بلووم زۆر حەزی بە چارەی نییە. چاکوچۆنی دەکەن و بلووم پاش بیرکردنەوەیەک بڕیار دەدات چی بخوات، ئەویش بابۆڵەیەکی پەنیر و پێکێک شەرابە. فلینە لووتە هەواڵی ژنەکەی دەپرسێت و ئەمیش سەرپێیی وەڵامی دەداتەوە. بابۆڵەکەی بۆ دێت و دەیبڕێت و بە خەرتەلەوە دەیخوات. دیسان باسی کۆنسێرتەکەی خاتوو مۆڵی دێتەوە بەر باس کە بلێسە بۆیلەن ڕێکخەرەکەیەتی.

فلینە لووتە بابەتەکە دەگۆڕێت بۆ یاریی مستێن و لەوێوە بۆ گرەوکردن لەسەر پێشبڕکێی ئەسپسواری. دەیڤی بەیرن وازی لە گرەوکردن هێناوە و دژی ئەو جۆرە قومارەیە. فلینە لووتە دەڵێت دوو حەفتە لەوەوبەر خەریک بووە گرەوێکی گەورە بباتەوە.

بلووم بە بێدەنگی نانەکەی دەخوات و بیر لە ناشیرینیی فلینە لووتە دەکاتەوە. پاشان دیسان بیر لە جۆری جیاجیای خواردن دەکاتەوە، ئینجا بیر لە شەراب دەکاتەوە. یادی ئەو ئێوارەیە دەکاتەوە کە لەگەڵ مۆڵیی ژنیدا لەسەر گردێکی دەبلن باوەش و ماچیان کردووە و دڵدارییان کردووە. حەسرەت بۆ ئەو کاتە خۆشە دەخوازێت و بەراوردی دەکات بە ئێستای خۆی، کە دڵی خۆش نییە و دەمێکە لەگەڵ ژنەکەی دڵداریی نەکردووە. پاشان بیر لە تام و چێژ و جوانی دەکاتەوە، بەڵام میزی دێت و دەچێت بۆ ئاودەست.

لەو نێوەندەدا دەیڤی بەیرن سۆراخی کاری بلووم لە فلینە لووتە دەکات. ئەویش پێی دەڵێت و پێیان وایە لە کێشەدایە، چون دڵی تەنگ دیار بووە. گریمانەی ئەوە دەکەن لەوانەیە یان لەگەڵ ژنەکەیدا لە کێشەدا بێت، یان لە کارەکەیدا لە کێشەدایە. فلینە لووتە پێی وایە بلووم ماسۆنییە و بەڵگەیشی ئەوەیە کە هەرگیز ئەوەندە ناخواتەوە سەرخۆش بێت. بڕێک باسی ماسۆنییەکان دەکەن. لە کۆتاییدا ڕێک دەکەون لەسەر ئەوەی بلووم پیاوێکی بێوەیە و «بۆ یارمەتیدانی خەڵک مشتنووقاو نییە».

سێ کەس دێنە ژوورەوە، یەکێکیان بانتەم لایەنسە کە لە ئەڵقەی پێنجەمدا بلوومی بینی و وای زانی بلووم سووسەی ئەسپێکی پێ دەدا. دووانەکەی تر پادی لیۆنارد و تۆم ڕۆچفۆرد-ن. سڵاو دەکەن و داوای خواردنەوە دەکەن و هەواڵی یەکتر دەپرسن.

هەر زوو بابەتەکە دەبێتە گرەوکردن لەسەر ئەسپی نێو پێشبڕکێی ئەسپسوارییەکە. لەم کاتەدا بلووم دەگەڕێتەوە و سڵاویان لێ دەکات و لە چێشتخانە/مەیخانەکە دەردەچێت. لایەنس بەوانی تر دەڵێت کە بلووم بووە سووسەی ئەسپەکەی پێی داوە و مەی دەخۆنەوە.

بلووم بە پیاسە دەڕوات و بە دەم ڕێوە گۆرانی دەبێژێت و بیر لە شتی جۆراوجۆر دەکاتەوە. یەکێک لەوانەی بیری لێ دەکاتەوە یەکتربینینەکەی ژنەکەی و بلێسە بۆیلەنە و هەوڵ دەدات بیری لێ نەکاتەوە. لە دوورەوە نەوجوانێکی نابینا دەبینێت دەیەوێت بە شەقامەکەدا بپەڕێتەوە. بلووم یارمەتیی دەدات بپەڕێتەوە. ئینجا بلووم بیر لە نابیناکان و ژیانیان دەکاتەوە. پاشان بیر لە خودی ئەم نابینایە دەکاتەوە کە ئێستا قۆڵی گرتووە و دەیپەڕێنێتەوە.
بلووم دوای کەمێک بیری دەکەوێتەوە کە ناوی ئەو نەوجوانە دەزانێت و پیانۆ دەژەنێت و کۆک دەکات. دیسان بیر لە هەندێک شتی جۆراوجۆر دەکاتەوە. بەرەو پەڕتووکخانەی نیشتمانی دەڕوات. لەناکاو دیسان لە دوورەوە بلێسە بۆیلەن دەبینێت، دڵی دەکەوێتە پەلەپەل و خۆیی لێ دەشارێتەوە و ڕۆژنامەکەی دەردەهێنێت و وا خۆی پیشان دەدات لە گیرفانەکانیدا بە دوای شتێکدا دەگەڕێت و بەپەلە دەگاتە پەڕتووکخانەی نیشتمانی.
**~ن.م.**

ئۆدیسێفس لە پەڕتووکی دەیەمی *ئۆدیسە*دا بەسەرهاتە نائومێدکەرەکانی خۆی لەگەڵ ئیۆلۆسدا دەگێڕێتەوە، کە پاشای با بوو (بڕوانە ٧: ١)؛ پاش ئەوەی کە ئیۆلۆس دەست بە ڕوویەوە دەنێت، ئۆدیسێفس و پیاوەکانی سەرلەنوێ ڕێی دەریا دەگرنەوە بەر. دەگەنە دوورگەی لێستریگۆنییەکان، کە لەوێ هەموو کەشتییەکان، جگە لە کەشتییەکەی ئۆدیسێفس، کە لە «کەنداوێکی سەیر»دا، کە «شاخێک دیواری بەرد»ی بە دەورەوەیە و «لەسەر لێواری دەریاکە» وریایانە لەنگەر دەگرێت. کۆمەڵێک لە تاقمەکەی لەسەر ڕۆخەکە کچێکی گەنج دەبینن کە هەڵیاندەفریوێنێت بۆ کوختەکەی باوکی، کە ناوی *ئەنتیفاتیس*ە و پاشای لێستریگۆنییەکانە. دەردەکەوێت پاشا زەبەلاحێکی مرۆڤخۆرە و یەکسەر تاقمەکەی سەر ڕۆخەکە دەخوات و پێشڕەویی هۆزەکەی دەکات بۆ لەناوبردنی هەموو ئەو کەشتییانەی کە لە کەنداوەکەدا لەنگەریان گرتووە، هەروەها بۆ کوشتنی خەڵکەکانی ناویان. تەنها ئۆدیسێفس و دارودەستەکەی دەرباز دەبن و هەڵدێن بۆ دوورگەکەی کیرکی.

کاتی ئەم ئەڵقەیە کاتژمێر ١ی نیوەڕۆیە. دیمەن: کاتی فراڤین؛ بلووم بەسەر لیفیدا بۆ مەیخانەکەی دەیڤی بەیرن دەڕوات لە ٢١ی شەقامی دوک و لەوێوە بۆ پەڕتووکخانەی نیشتمانی، کە لای خۆرهەڵاتی مەیخانەکەوە زۆر دوور نییە. ئامراز: سوورێنچک. هونەر: تەلارسازی. ڕەنگ: هیچ. هێما: پۆلیس. تەکنیک: دەورەجووڵە {**دەورەجووڵە**: بە ئینگلی *peristaltic*، واتە جووڵەی خۆنەویستی ماسولکەکانی ئەندامە هولۆڵەکانی لەش. خۆم وشەکەم لەسەر بنەچە گریکییەکەی داڕشتووە}. هاوتەرییەکان: ئەنتیفاتیس: برسێتی. تەڵەکە [کچەکەی ئەنتیفاتیس]: خواردن؛ لێستریگۆنییەکان: ددان.

هێڵکارییەکەی لیناتی چەند کەسێتییەک لیست دەکات: «ئەنتیفاتیس، کچە هەڵخلەتێنەرەکە، ئولیس» و ئاماژە بەوە دەدات کە چەمکی ئەڵقەکە «نائومێدی»یە. **~گ.س.**

[2] **مژمژۆکەی لیمۆ**: ئەو دەستەواژەیەی جۆیس بە کاری هێناوە *lemon platt*ە، وا دیارە وشەی *platt* داهێنانی جۆیس خۆی بێت، چون لە هیچ جێیەک واتایەکی پەیوەندیداری نییە. ئەم دەستەواژەیە لە یەکەم لاپەڕەی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*شدا هاتووە، دکتۆر ئازاد حەمەشەریف بە «گەرگەری بە لیمۆ» وەریگێڕاوە، دیارە لەوێدا «گەرگەر» بە مەبەستی شتی ڕەق دێت، وەک نوقوڵ. گیفرد دەڵێت: «نوقوڵێکە لە دوو پارچەی درێژکۆلەی بادراوی شەکری کوڵێنراو پێک دێت کە بە تامی لیمۆ کراوە بە نوقوڵ». **~ن.م.**

[3] **بەتەسکۆچ**: بە ئینگلی *butter scotch*، نوقوڵێکە، لە شەکری قاوەیی، کەرە، خۆشاوی گەنمەشامی و ئاو دروست دەکرێت؛ وەک نوقوڵی مینۆ. **~ن.م.**

[4] **برایەکی مەسیحی**: ئەندامێکی برایانی فێرکاری پیاوانی دینیی کاسۆلیکی ڕۆمییە، لە ژێر پەیمانی کاتیدا بەسترابوونەوە. برا مەسیحییەکان قوتابخانەیان بە ڕێوە دەبرد و خەڵکی بەخشەر یارمەتییان دەدان؛ لە بەرانبەر خزمەتەکانیاندا پارەیەکی زۆر کەمیان داوا دەکرد و زیاتر حەزیان لە خوێندنی کردارەکی بوو، نەک ئەکادیمی، لە بەرانبەردا یەشوعییەکان زیاتر جەختیان دەخستە سەر خوێندنی ئەکادیمی، کە دەبلنییەکان ئەوانیان بە باشتر و کەمباوتر و چینێکی جیهانیتر دەبینی. **~گ.س.**

[5] **دروستکەری... جەنابی پاشا**: کلێشەی مۆڵەتی باو و تا ڕادەیەک تایبەتی ئینگلی (بۆ ڕیکلام) بوو کە لە دەرەوەی دوکانی شیرینیی لیمۆن و هاوبەشەکانی - سنووردار نووسرابوو (لە *ئولیس*دا ناوی گراهام لیمۆن-ە)، بە ناونیشانی ٤٩ی شەقامی ساکڤیلی باشوور (ئۆکانەڵی ئێستا). **~گ.س.**

[6] **خوایە. پاشامان. بپارێزە**: لە سروودی نەتەوەیی نافەرمیی بەریتانیای گەورەوە هێنراوە کە دەڵێت «خوایە پاشا بپارێزە». هەر لە سەدەی شازدەوە ئەم گۆرانییە هەیە:

خوایە پاشا بەخشندەکەمان بپارێزە،
بژی پاشا خانەدانەکەمان،
خوایە پاشا بپارێزە!
سەرکەوتنی بۆ بنێرە،
دڵخۆشی و شکۆمەندی،
تا ماوەیەکی درێژ حوکممان بکات،
خوایە پاشامان بپارێزە.

[7] **ونوو**: بە ئینگلی *jujube*: پێشی دەڵێن «عەنەب»، یان «سنجی». بەری دارێکی دڕکاوییە کە گەڵای سەوزی تۆخ و بچووک و جوان و لووسە؛ ئەم بەرە بە هێندەی دەنکە زەیتوونێک دەبێت، دەخورێت و بۆ دەرمانیش دەشێت. (پێناسەکەیم لە *فەرهەنگی فارسی-کوردی*یەوە داڕشتووەتەوە). بەڵام دەشێت ئەمە لێرەدا مژمژۆکەیەک بێت کە لە ونووی سوور دروست کرابێت، چون دەڵێت: «تا سپی دەبێت» دەیمژێت. لێرەدا دیار نییە ئەوەی ونووەکە دەمژێت کێیە، بەڵام لەسەر تەخت/کورسییەکەی *وی* دانیشتووە. ئیتر نازانم ئایا کچە «شەکراوی»یەکەیە، یان «برا مەسیحی»یەکەیە کە چاوەڕێی کچەکە دەکات و لە کاتی چاوەڕێکردنەکەدا ئەم ونووە دەمژێت؟ **~ن.م.**

[8] **ک.پ.گ.م.**: کۆمەڵەی پیاوە گەنجە مەسیحییەکان. ساڵی ١٩٠٤ لە هەندێک کۆمەڵەی جیا پێک هاتبوون، بەشێکیان ئەندامی چالاک و ڕێکفکەری پەیوەندیدار بە کڵێسا ئینجیلییەکان بوون، بەشێکیشیان ئەندامی جیاجیا بوون کە پەیوەندییان بە کڵێساکانەوە نەبوو. دەیانەویست «باشێتیی لەشی، کۆمەڵایەتی، مێشکی و گیانیی ئەندامەکانی کۆمەڵەکە و هەموو کوڕێکی گەنجی تر» بە دی بهێنن؛ ئەندامە چالاکەکانیان وەک خەڵکی نۆدینی چالاک {**نۆدین**: کەسێکە تازە دینی گۆڕیبێت} و لێزان تەماشا دەکران. **~گ.س.**

[9] **خو...من**: لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: *Bloo... Me? No. Blood of the Lamb*. لە کوردیدا ڕاستەوخۆ دەبێت بە: «خویّ/بلوو... من؟ نەخێر. خوێنی بەرخەکە». لە زمانی ئینگلیدا بلووم بە *Bloom* دەنوسرێت و بە خوێنیش دەوترێت *Blood*، واتە چوار پیتی یەکەمی هەردوو وشەکە چوونیەکن، بۆیە خویّ/بلوو، کە لە کوردیدا دەرناچێتەوە، تێکەڵ دەبن. بۆ «خوێنی بەرخەکە» بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو. **~ن.م.**

[10] **خوێنی بەرخەکە:** ئەو پرسیارەی لەسەر کارتەکە نووسراوە دەڵێت: «ئایا لە خوێنی بەرخەکەدا شۆراویت؟» واتە لە خوێنی مەسیحدا، کە لە پەڕتووکی *ئاشکراکردن*ەوە هێنراوە «پێی گوتم: ئەمانە ئەوانەن کە لە تەنگانە گەورەکەوە هاتوون و جلەکانیان بە خوێنی بەرخەکە شوشتووە و سپی کردووە. بۆیە لەبەردەم تەختی خودان و شەو و ڕۆژ لە پەرستگاکەی خزمەتی دەکەن و دانیشتووی سەر تەختەکەش بە چادر دایاندەپۆشێت» (ئاشکراکردن ٧: ١٤-١٥). ئەم پارەی *کتێبی پیرۆز* بناغەی دەقی سروودی دینیی «پیرۆزیمان دەوێت»ی ئەلیشا ئۆفمان بوو، کە لە ناو خەڵکدا بەم شێوەیە ناسرابوو: «لە خوێنی بەرخەکەدا شۆراوم». **~گ.س.**

[11] **بناغەی باڵەخانە:** یەکێک لەو نەخشانەی میستەر داوی برەوی پێ دەدا کۆکردنەوەی پیتاک بوو بۆ بونیادنانی «چادرێکی پەرستنی نوێی شیلۆ» لە شاری سییۆن، «پەرستگایەکی چیمەنتۆ و پۆلا کە بتوانێت ١٦٠٠٠ (شازدە هەزار) کەس لە خۆ بگرێت». دەیوت کە «بناغە»ی باڵەخانەکە لێدراوە، ئەگەرچی لە ڕاستیدا «تاکە شت کە ئەنجام درابوو ئەوە بوو هێڵێک بە دەوری ناوچەی پەرستگاکەدا هەڵکەنرابوو» (ڕۆلیکس هارلان، *جۆن ئەلێکساندەر داوی و کڵێسای کاسۆلیکی ڕاپێریی مەسیحی لە سییۆن* [ئیڤانسڤیل، ویسکۆنسن، ١٩٠٦]، لا. ١٣). **~گ.س.**

[12] **خودا قوربانیی... قوربانی:** ئەو کارتەی بلووم تەماشای دەکات زیاتر لە گوتاری ئینجیلیزمی کۆمەڵەی پیاوە گەنجە مەسیحییەکان دەچێت «ئاگری دۆزەخ و نەفرەتلێکردن» وەک گوتاری داوی (بڕوانە ٨: ١٦)، کە شێوازەکەی داوی زیاتر جەختی لەسەر «بووژاندنەوە»ی مەسیحێتیی سەرەتایی دەکردەوە، لە بارەی «چارەی خودایی» و «وشە میهرەبانییەکانی مەسیح کە وتوویەتی: "ئاشتی بۆ ئەم ماڵە بێت"» (ڕۆلیکس هارلان، *جۆن ئەلێکساندەر داوی و کڵێسای کاسۆلیکی ڕاپێریی مەسیحی لە سییۆن* [ئیڤانسڤیل، ویسکۆنسن، ١٩٠٦]، لا. ٩٧، ٩٩، ١٠٤). بەڵام وەک دۆمینیک مانجانییێللۆ لە پەڕتووکی (*وارگێڕیی جۆیس* [لەندەن، ١٩٨٠]، لا. ١٠٢-١٠٣)دا ئاماژەی پێ داوە کە چاولێکردنەکەی بلووم لە کارتەکە تەنها لە گوتاری کۆمەڵەی پیاوە گەنجە مەسیحییەکان ناچێت، بەڵکو (لەوانەشە بێئاگایانە بێت) ئاماژە بە میخائیل باکونین (١٨١٤-١٨٧٦)ی ئانارشیست دەدات: «پاشان، بیرتان بێت ئەو تەنها خودای تۆڵە و تووڕەیی نەبوو، بەڵکو خودای خۆشەویستیش بوو، دوای ئەوەی چەند ملیار مرۆڤێکی داماوی سزا دا و لە ئاگری تاتایی دۆزەخدا بە نەفرەتی کردن، ئینجا بەزەیی بە ئەوانی تردا هاتەوە، تاکە کوڕەکەی خۆی بۆ جیهان نارد،

وەک قوربانییەکی کەفارەت، تا خەڵک بیکوژن، تا ڕزگاریان بکات و بۆ ئاشتیی نێوان خۆشەویستییە خوداییە تاتاییەکەی و تووڕەییە خوداییە تاتاییەکەی، کە هەمیشە بۆ قوربانی و خوێنی زیاتر تینووە» (*خودا و دەوڵەت* [١٨٨٢؛ نیو یۆرک، ١٩٧٠]، لا. ١١). «هەموو دینەکان ستەمکارن، هەموویان لەسەر خوێن بونیاد نراون؛ هەموویان لە بناغەدا لەسەر بیرۆکەی قوربانی بونیاد نراون - کە ئەویش بەقوربانیکردنی هەمیشەیی مرۆڤایەتییە بۆ تۆڵە دانەمرکاوەکەی خوداکان» (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا. ١٣). **~گ.س.**

[13] **پێشکەشکردنی گورچیلەی سووتاو**: (بڕوانە ٤: ٢). **~گ.س.**

[14] **قوربانگاکانی درویدەکان**: بلووم نەریتی دێرینی قوربانیی جووەکان لەگەڵ سرووتە درویدییەکاندا پەیوەست دەکات (بڕوانە ٧: ٣٨٧). بووژاندنەوەی خولیا دێرینەکانی ئایرییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا گەیشت بە دووبارە لێکۆڵینەوە لە درویدەکان و چاندەکەیان. گەنگەشەکارەکانی سەرەتای مەسیحێتی درویدەکانیان بەوە تاوانبار کردووە کە مرۆڤ دەکەن بە قوربانی بۆ ئەوەی بێزراویان بکەن، بەڵام مێژوونووسە ئایرەکانی سەدەی بیستەم پێیان وایە ئەگەر هەرگیز نەریتی وەها لە ناو درویدە ئایرەکاندا پەیڕەو کرابێت، ئەوا پێش دەستپێکردنی سەدەی مەسیحێتی لە ئایرلاند قوربانیی ئاژەڵ بووە. **~گ.س.**

[15] **ئەلیاس دێت**: دێڕەکانی کۆتایی *پەیمانی کۆن*مان بە بیر دەهێنێتەوە: «گوێ بگرن، بەر لەوەی ڕۆژی گەورە و ترسناکی یەزدان بێت، من ئەلیاسی پێغەمبەرتان بۆ دەنێرم. دڵی باوکان بۆ منداڵ و دڵی منداڵان بۆ باوک دەگەڕێنێتەوە، نەوەک بێم و خاکەکە بە تەواوی وێران بکەم.» (مەلاخی ٤: ٥-٦). ئەم پارە ببوو بە بناغەی نووسراو بۆ نەریتی جووەکان، کە پێیان وا بووە دووەم هاتنی ئەلیاس هێمای هاتنی مەسیحە (لە نەریتی مەسیحییەکاندا، دووەم هاتنی مەسیحە). کە لە ماڵی جووەکاندا جەژنی پەسخە دەگێڕرێت، بە شێوەیەکی نەریتییانە شوێنێکی زیادە بۆ ئەلیاسیش بە جێ دەهێڵرێت، نەوەک جەژنی ئەمساڵ بەر ئەو کاتە بکەوێت کە ئەلیاس دەگەڕێتەوە. **~گ.س.**

[16] **جۆن ئەلێکساندەر داوی**: ئینجیلیستێکی سکۆتی-ئەمەریکایی-ئوستورالی بوو، سەرەتای ژیانی بە لەخوداترسییەکی پاک دەست پێ کرد، بەڵام دواتر لە بواری بووژاندنەوەی دیندا سەرکەوتنێکی وەهای بە دەست هێنا کە ناوی خۆی نا «ئەلیاسی چاککەرەوە» (هارلان، [هەمان سەرچاوەی ٨: ١١ لا. ٤)، دواتریش ناوی خۆی نا «یەکەم ڕانێری کڵێسای ڕانێریی

کاسۆلیک لە سییۆن» (واتە دۆنادۆنی سانت پۆڵسی ڕانێر لە سەردەمی خۆیدا). دەیوت کە ئەو «سێیەم بەدەرکەوتنەوەی ئەلیاس»ە لە دوای ئەلیاس و یەحیای ئاوەمۆرکەر (لا. ٥٧)، ساڵی ١٩٠١ دەستی کردبوو بە «چاککردنەوە»ی کڵێسای سییۆن بە دامەزراندنی شاری سییۆن نزیک شیکاگۆ. لە تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ١٩٠٣دا پێشڕەویی «لەشکر»ەکەی کرد (سێ هەزار کەسیان) بۆ نیو یۆرک بۆ «نوێکردنەوە»ی ئەو دایکەشارە، کە ئەمەش بوو بە هەواڵ. لە ڕۆژی بلوومدا لە دەبلن نەبوو، لە خشتەش نەنرابوو کە ساڵی ١٩٠٤ بێتە دەبلن، بەڵام لە ١١-١٨ی حوزەیران لە ئەوروپا بوو. شاری سییۆن ساڵی ١٩٠٦ ڕاپەڕینیان بە سەریدا کرد و بە خراپ بەکارهێنانی پیتاک و «زۆرداری و نادادپەروەری... فێرکاریی فرەژنی، تۆمەتی گەورەی تریش» تۆمەتباریان کرد (لا. ٢٤). **~گ.س.**

[17] **تۆری و ئەلێکساندەر**: تیمێکی بووژێنەرەوەی ئەمەریکایی بوون، ساڵی ١٩٠٣-١٩٠٥ ئەرکێکی فراوانی «مژدەبەری بۆ بەریتانیای گەورە»یان لە ئەستۆی خۆیان گرتبوو، لە ئادار و نیسانی ١٩٠٤دا بۆ دەبلنیشیان برد. بڵاوکردنەوەکانی ڕەئوبێن ئاڕچەر تۆری (١٨٥٦-١٩٢٨) لە بارەیەوە دەڵێن: «چۆن بووژاندنەوەیەکی سەرکەوتوو جێبەجێ دەکەیت و برەوی پێ دەدەیت؛ چۆن لە *کتێبی پیرۆز* دەکۆڵیتەوە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج.» چارلز مەککالۆم ئەلێکساندەر (١٨٦٧-١٩٢٨) قەشەیەک بوو کە لایەنی موزیکیی مژدەبەریی بووژاندنەوەکەی بە ڕێوە دەبرد. **~گ.س.**

[18] **فرەژنی**: شوێنکەوتەکانی داوی فێرکارییەکانی ئەویان بە «فرەژنی» تۆمەتبار کرد (بڕوانە ٨: ١٦)؛ وا دیارە بلووم فێرکارییەکانی داوی بە ئەوانەی جۆزێف سمیث (١٨٠٥-١٨٤٤)ەوە وابەست دەکات، کە دامەزرێنەری کڵێسای مۆرمۆنەکان بوو. سمیث چەندین «سییۆنی نوێ»ی دامەزراند و بانگەشەی فرەژنیی دەکرد و خۆیشی جێبەجێی دەکرد، هەر وەک چۆن شوێنکەوتەکانیشی جێبەجێیان دەکرد. **~گ.س.**

[19] **ئەو ڕیکلامە... ڕوناکیدەرەوە بوو**: واتاکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

ڕۆژنامە ئایرییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە زۆر ڕیکلامیان بۆ خاچی ڕوناکیدەرەوە دەکرد، بەڵام هیچیان هی بریمینگهەم نەبوون. وەستایانەترین ڕیکلامیان هی ئێم چاپمان و هاوبەشەکانی بوو بە ناونیشانی ٨ی شەقامی مۆرتیمەر لە لەندەن، دەیوت: «دەبێت هەموو کاسۆلیکێک خاچێکی ڕوناکیدەرەوەی هەبێت، زۆر شارەزایانە بە جۆرێک دروست کراوە کە سرووشی باوەڕ و دڵسۆزی ببەخشێت و شەو و ڕۆژ لەگەڵ دڵاندا بدوێت... هەر

سەر دەکەیت بە ژووردا و یەکسەر هێما پیرۆزەکە دەبینیت» (*ئایرش ئیندیپێندێنت*، ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩١٦، لا. ٦). **~س.ت.م.٢**

[20] **بیرۆکەی گیانەکەی پێپەر**: پەدرایک کۆلوم لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی ١٩٦٨دا ئەمەی وەک سێرک یان فێڵی شانۆیی باس کرد کە پیاوێکی ئینگل بە ناوی *جۆن پێپەر* ساڵانی ١٨٧٠کان پەرەی پێ دابوو. لە نمایشەکانیاندا جلوبەرگی فۆسفۆری و ڕووناکی و پەردەی تاریکیان بە کار دەهێنا بۆ دروستکردنی فێڵی بینایی درامیی هاتنی خێو بۆ سەر شانۆ. **~گ.س.**

[21] **بزماری... داکوتراوە**: تێگەیشتنی بلوومە لە I.N.R.I.؛ (بڕوانە ٥: ١٧٤). **~گ.س.**

ئەمە تێگەیشتنی بلوومە لە سەرە پیتەکانی INRI (عیسای ناسیرەیی پاشای جووەکان) کە بە وەرگێڕانی تێگەیشتنەکەی بلووم دەبێت بەوەی وەرمگێڕاوە، بەڵام لە وەرگێڕاندا دەرناچێتەوە. **~ن.م.**

[22] **وێ**: وا دیارە مەبەست لە مۆڵیی ژنیەتی. **~ن.م.**

[23] **سووچی... بەتڵەر**: جۆرج بەتڵەر، دروستکەری ئامێری موزیک بە ناونیشانی ٣٤ی باچلەرس وۆک لە بەری کەناری باکووری ڕووباری لیفی، لە خۆرئاوای شەقامی ساکڤیل [ئۆکانەڵی ئێستا]، کە لەوێوە پردی ئۆکانەڵ دەست پێ دەکات؛ کە دەڵێت «سووچی ماڵی مۆنومێنت» لەبەر ئەوەیە کە بە پەنا مۆنومێنتەکەی ئۆکانەڵەوە بوو کە لە بەردەمی پردەکەدا بوو. **~گ.س.**

[24] **هۆڵی مەزاتخانەکانی دیلن**: جۆزێف دیلن، مەزاتچی و قەبڵێنەر، بە ناونیشانی ٢٥ی باچلەرس وۆک، یازدە دەرگا بە ناوەوەدا لەو سووچەوە دوورە کە بلوومی لێ وەستاوە. **~گ.س.**

[25] **ددانپێدانان... لێخۆشبوون**: قەشە گوێگرتن لە ددانپێدانانی خانمی بێبەر ڕەت ناکاتەوە، بەڵام ڕەنگە لێخۆشبوون دوا بخات و ڕایبگرێت (واتە لێبوردنی فەرمیی گوناھ) تا خانمەکە تۆبە نەکات و پەشیمانی و ویستی خۆی پیشان نەدات بۆ خۆتەرخانکردن بۆ ژیانی بەرداری. **~گ.س.**

[26] **بەردار بن و زۆر بن**: «خودا بەرەکەتداری کردن و پێی فەرموون: ”بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفتانەوە. دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە.“»

(پەیدابوون ١: ٢٨). چەندین جار ئەم دەقە لای کاسۆلیکی ڕۆمی وەک بنچینەی نووسراوەیی دانراوە بۆ سەرکۆنەکردنی ڕکێفکردنی لەدایکبوون. **~گ.س.**

[27] **لە ماڵ و حاڵت دەکات**: لە دەربڕینێکی شانۆنامەی *بەشی دووەمی هێنریی چوارەم*ی شێکسپیرەوە هێنراوە کە خاتوو کویکلی سکاڵا لەسەر فۆڵستاف دەکات، بە دادوەری گشتی دەڵێت: «لە ماڵ و حاڵی کردم. هەموو شتەکانمی خستە نێو ئەو ورگە قەڵەوەیەوە». وەرگێڕانە وشەبەوشەکە دەبێت بە: «ماڵ و خانووی لێم کرد».
(هێنریی چوارەم، بەشی دووەم ٢-١: ٦١) (بڕوانە ٦: ٢٩). **~ن.م.**

[28] **لەسەر چەوریی زەوییەکە دەژین**: فیرعەون بە یوسف دەڵێت کە داوا لە برا و باوک و هەموو ئیسرائیل بکات بێن و لە میسر نیشتەجێ بن: «باوکتان و ماڵتان هەڵبگرن و وەرنە لام، منیش باشترین خاکی میسرتان دەدەمێ، لە چەوری زەوییەکە بخۆن.» (پەیدابوون ٤٥: ١٨). ئەم گێڕانەوەیەی *کتێبی پیرۆز* ئەوە دەردەخات کە کارەکانی فیرعەون بە ڕاستی بەخشندانە بوون و میسر تەنها ئەو کاتە بوو بە «ماڵی کۆیلایەتی» بۆ ئیسرائیل کە «پاشایەکی نوێ هاتە سەر تەخت کە یوسفی نەدەناسی» (دەرچوون ١: ٨). **~گ.س.**

[29] **ڕۆژووی ڕەشی یۆم کیپور**: یۆم کیپور ڕۆژی کەفارەتی جووەکانە، تاکە ڕۆژووە کە لە یاساکانی موسادا فەرمانی پێ دراوە. دەکەوێتە پێنج ڕۆژ پێش جەژنی کەپرەشینەوە (بڕوانە ٤: ٨٧). بۆ جێبەجێکردنی: دەبێت گیسکێک بکرێت بە قوربانی، بە گوێرەی ئەوەی لە بەشی ١٦ی *لێڤییەکان*دا باس کراوە، پاشان خەڵکان کۆ دەبنەوە وەک لە (لێڤییەکان ٢٣: ٢٦-٣٢)دا ئاماژەی پێ دراوە، لەگەڵ ئەو فەرمانەی دەڵێت: «گیانی خۆتان زەلیل بکەن»، بۆیە ڕۆژووەکە پێی دەوترێت «ڕەش». ئەم ڕۆژووە بیست و چوار کاژێرییە کە لە خۆرئاوابوونەوە تا خۆرئاوابوون بووە، لە بنەچەدا ئاکامەکەی بە جەژن گەیشتووە، بەڵام ساڵی ٧٠ی زایینی لە دوای ڕووخاندنی پەرستگا و پەرشکردنی جووەکانەوە ئەم ڕۆژە بوو بە یەکێک لە ڕۆژە پیرۆزەکانی تۆبەکردن. **~گ.س.**

[30] **کولیچەی خاچشێوە**: کولیچەی بچووکە کە بە تایبەتی بۆ ڕۆژی هەینیی باش ئامادە دەکرێت و بە جوانی هێمای خاچێکی تێدا نیشان دەکرێت. بلووم ڕۆژووی هەینیی پیرۆز (کە عیسا گیسکی کەفارەتەکەیەتی) لەگەڵ ڕۆژووی یۆم کیپور پەیوەست دەکات و پێی وایە کە کولیچەی خاچشێوە لادانە لە فەرمانی ڕۆژووەکە. **~گ.س.**

[31] **بەرکوڵێک**: ژەمێکی سووکە کە لە ڕۆژانی ڕۆژوودا ڕێی پێ دراوە. **~گ.س.**

[32] **کچە کارەکەرێکی... لێی دەربهێنیت:** دەربڕینێکی باوی گومانی پرۆتستانتەکانە لە داوێنپاکی و هەژاریی پیاوانی دینیی کاسۆلیکی ڕۆمی. **~گ.س.**
دیارە مەبەست لەوەیە کە ئەم پیاوە دینییە کاسۆلیکییانە لەگەڵ کچە کارەکەرەکانیاندا جووت دەبن، بەڵام ئەگەر بتوانیت وا لەم کچانە بکەیت ددانی پێدا بنێن. **~ن.م.**
[33] **پاوەن و شلنگ و پنس:** {لە دەقە ماکەکەدا تەنها بە هێماکانیان هاتووە، کە ئەوانیش £ و .s و .dیە} بە کورتی: پارە. **~گ.س.**
[34] **هەرگیز لێی... دەرناهێنیت:** چۆن ناتوانیت پارە لە قەشە دەربهێنیت، چون ئەوەندە گیرە، ئاوهاش ناتوانیت ددانپێدانانی جووتبوون لە کچە کارەکەرەکانیشیان دەربهێنیت. **~ن.م.**
[35] **هەمووی بۆ میزەکەیە:** لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: «هەمووی بۆ ژمارە یەکە». بە گوێرەی *فەرهەنگی پاتریدج* «ژمارە یەک» واتە میز. جانی جێلاتی دەڵێت: «هەمووی بۆ ورگی خۆیەتی». **~ن.م.**
[36] **نان و کەرەی خۆت بهێنە:** لاسایی دێڕی یەکەمی گۆرانییەکە کە دەڵێت:

چا و شەکری خۆت بهێنە
بەڵام تۆ دێیت بۆ زەماوەند
نایەیت؟ **~گ.س.**

*نان و کەرە* لە زمانی ئینگلیدا بە واتای ئیدیۆمیی «قووتی ڕۆژانە»ش دێت، بۆیە دەشێت ئەم ڕستەیە بەم شێوەیەش وەربگێڕرێت: «قووتی ڕۆژانەت بهێنە». **~ن.م.**
[37] **پەتاتە و... پەتاتە:** مارجەرین و پەتاتە ژەمی خۆراکی سەرەکیی خەڵکی هەژاری نیشتەجێی دوورگە بەریتانییەکان بوون، گۆرانییەکەش ئەو خۆراکە سەرکۆنە دەکات. **~گ.س.**
[38] **بەڵگەکە لە محەلەبییەکەدایە:** پەندێکی ئینگلییە؛ لە وەڵامی ئەوەدا دەوترێت کە تا کارێک نەکەیت نازانیت چۆنە، یان تا خواردنێک نەخۆیت نازانیت تامی چۆنە. ئاوهاش واتە *تاقیکردنەوە باشترین بەڵگەیە*؛ بەڵام لێرەدا نەمتوانی پەندەکە بە پەندی کوردی وەربگێڕم، چون لێرەدا بلووم گاڵتەجاڕانە پەندەکە بە کار دەهێنێت بەوەی کە خواردنە خراپەکەی هەژاران وا دەکات لە ئایندەدا تەندروستییان لاواز بێت، بۆیە بەڵگەی تێکچوونی لەشیان لە خواردنەکەیاندایە! **~ن.م.**

[39] **قەیاغی... هەناردەکراوەوە**: لە ترشانگەی گینیسەوە، کە هەر بە بەری باشووری لیفیدایە لای بەری خۆرئاوای دەبلنەوە. ستاوت بە قەیاغ لە ترشانگەکەوە بەرەو دەمی ڕووباری لیفی دەگوێزرایەوە بۆ ئەوەی لەوێوە بار بکرێت. **~گ.س.**

[40] **هانکۆک**: گرنگی و ناسنامەی نەزانراوە. **~گ.س.**

ڤیڤیەن ئیگۆش دەستنیشانی نەکردووە کە کێیە. **~ن.م.**

[41] **ترشانگەکە**: ترشانگەی گینیس ساڵی ١٩٠٤ بە نزیکی چل ئەیکەری لە بەری باشووری خۆرئاوای دەبلن لە خۆ گرتبوو {بە نزیکی ٦٥ دۆنمی کوردستان}، سێ هەزار کارمەندی دامەزراندبوو، چەندین باڵەخانەیشی هەبوو کە هەموویان بە کۆسووڕێکی هێڵی شەمەندەفەری بچووکی باریک بە یەکەوە بەسترابوون. سەیرە کە بلووم پێویستی بە تێپەڕنامە هەیە. ساڵی ١٩٠٤ لە ڕۆژانی کاردا هەر کاژێرێک لە ١١ی چێشتەنگاوەوە تا ٣ی ئێوارە ڕێژەیەکی سنوورداری سەردانکەر (بیست) بە ناو ترشانگەکەدا دەبران، لە ڕۆژانی شەممەدا تەنها لە ١١ تا ١٢ی نیوەڕۆ بوو. **~گ.س.**

[42] **کۆلی**: بە ئینگلی *collie*: جۆرە سەگێکی گەورەیە، بە گشتی سکۆتین. لمۆزێکی درێژ و گوێیەکی ڕەپیان هەیە. کەوڵیان دەشێت ئەستوور یان تەنکیش بێت. **~ن.م.**

[43] **وەک مەسیحییەکان... دەڕشێنەوە**: «وەک مەسیحی بڕشێوە» دەربڕینێکی بازاڕیی نزمە واتە «وەکو پیاو خواردنەوەکەت بخۆوە» یان لەگەڵ مەیخۆرە زۆرخۆرەوەکانی تردا بێ خۆلێلادان هەڵبستە. **~گ.س.**

سام سلەوت لێکدانەوەیەکی پاتریک وێستن جۆیسی هێناوە بۆ وشەی «مەسیحی» و دەڵێت: «مەسیحی: واتە مرۆڤێک کە لە ئاژەڵ جیاوازە». ڕەنگە دەستەواژەی «وەک مەسیحی» لەوێدا وەک دەربڕینی «وەک مرۆڤ» وا بێت، وەک بڵێیت: «وەکو مرۆڤ دەخۆنەوە تا دەڕشێنەوە». **~ن.م.**

[44] **لەو گەناوە**: ڕێژگەی لیفی، کە دەبلن دەکات بە دوو بەشەوە، ساڵی ١٩٠٤ شتێک لە زێرابی کراوە کەمتر بوو (بڕوانە ٣: ١١٨). **~گ.س.**

[45] **شڵنگێک... زیادە**: وتەکەی سایمن دێدالۆسە (بڕوانە ٦: ١٠٤). **~ن.م.**

[46] **ئەلیاس... د**: هێزی ڕاکێشانی زەوییە بۆ تەنی سەر ڕووەکەی، لە هەر خاڵێکەوە ئەو خێراییەی بەرهەمی دەهێنێت بڕێکی نەگۆڕە، بەهایەکی تێکڕایی بە نزیکی دەکاتە ٣٢.٢ پێ لە چرکەیەک دووجادا (بڕوانە ٨: ١٥). **~گ.س.**

وشەی کۆتایی «دێت»ە، بەڵام هەمووی دەرنەبڕراوە. **~ن.م.**

[47] **ئێرینس کینگ**: (بڕوانە ٤: ١٥٧). **~گ.س.**
[48] **پەنجا یارد**: واتە ٤٥.٧٢ مەتر. **~ن.م.**
[49] **مەلە... دەفڕکێنێ**: وا دیارە بەرهەمی بلووم خۆیەتی. **~گ.س.**
[50] **شێکسپیر سەروای نییە**: بێگومان ئەم گشتاندنە ئێجگار هەڵەیە. **~گ.س.**
[51] **هاملێت... هاتوچۆ بکەم**: سەهویرەکە بە هاملێت دەڵێت: «من گیانی باوکتم، لە چارەم نووسراوە ماوەیەک شەوان هاتوچۆ بکەم» (هاملێت ١: ٥، ٩-١٠ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**
[52] **لەم کاتەی... ئوستورالی بن**: ساڵی ١٩٠٤ زۆربەی سەوزە و میوەی نوێ تەنها لە وەرزەکانیاندا لە بازاڕەکاندا هەبوون. بۆیە دەبوو سێو لە حوزەیراندا لە نیوەگۆی باشووری زەوییەوە هاوردە بکرایە؛ دروێنەی ئوستورالی لە مانگی نیساندا دەگەیشتە لوتکە. **~گ.س.**
[53] **دوو کێکی... هاویشت**: بانبوری شارۆچکەیەکە لە ئۆکسفۆردشیە لە ئینگلتەرا، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە پەرۆشیی لەڕادەبەدەری دانیشتووە پیوریتانەکانی ناسرابوو، هێشتاش بە کێک و هەویرکارییەکانیان ناسراوە، کە قیمەی تێدایە. ئەم جووڵەیەی بلووم وا دەکات بەراوردی بکەین بە ئەلیاس، کە دوای ئەوەی پێشبینیی ئایندە بە شا ئەحاڤ دەدات «چوو لە شیوی کەریس مایەوە، کە لە بەری خۆرهەڵاتی ڕووباری ئوردونە. قەلەڕەشەکانیش بەیانییان و ئێواران نان و گۆشتیان بۆ دەهێنا، لە جۆگەکەش ئاوی دەخواردەوە.» (یەکەم پاشایان ١٧: ٥-٦). بە گوێرەی وەرگێڕانی *دوەی* بۆ *کتێبی پیرۆز* {ئینگلییەکە} قەلەڕەش و مەلی دەریا و قوو بە ئاژەڵی ناپاک دانراون و نابێت بخورێن (لێڤییەکان ١١: ١٣). **~گ.س.**

لە ناوی ئەم سێ باڵندەیەدا هەم لە وەرگێڕانە ئینگلییەکانی *کتێبی پیرۆز* و هەم لە وەرگێڕانی جۆراوجۆری کوردیشدا ڕاجیایی هەیە، بە گوێرەی وەرگێڕانی کوردیی *کتێبی پیرۆز* بێت سێ باڵندەکەی *تەورات* «هەڵۆ و سیسارکە کەچەڵ و داڵاش»ن، بەڵام من لەم وەرگێڕانەدا *هەڵۆ*م لە بەرانبەر ***eagle***دا داناوە، *داڵاش*م لە بەرانبەر ***vulture***دا داناوە. ئەو سێ ناوە ئینگلییەی گیفرد دەیانهێنێت ***raven, gull, swan***ن. بە گوێرەی ڕاڤەی *پەڵپیت Pulpit Commentary* بێت، ئەو باڵندانە دەگرێتەوە کە گۆشت و سەخوڕ دەخۆن. ناوی ئەم باڵندانە تەنها کاتێک گرنگە کە سەرنجەکەی گیفرد بۆ بەراوردی بلووم لەگەڵ ئەلیاسدا بە هەند وەربگرین. بەڵام ئەوەی بۆ وەرگێڕان گرنگە ئەوەیە کە جۆیس لە دەقە ماکەکەدا وشەی ***gull***ی بە کار هێناوە، کە بە «مەل» وەرمگێڕاوە. بە گوێرەی *فەرهەنگی باڵندە* چەندین جۆری هەیە و بە گشتی پێی دەڵێت «ماسیگرە». بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ***sea***

*gull*مان بە *مەلی دەریا* داناوە، بۆیە *gull* خۆیم لە بەرانبەر مەل داناوە. پێم وا بێت هەمان ئەو باڵندەیەیە کە زۆر جار پێی دەوترێت *نەورەس*؛ دەشێت هەڵە بم. **~ن.م.**

[54] **هەموویان... نێچیرەکەیان دا:** کە لێستریگۆنییەکان هێرش دەکەنە سەر ئەو کەشتییانەی پیاوەکانی ئۆدیسۆس کە بە وشکانی دەورە دراون، وێرانیان دەکەن، لە بەرزاییەکانی چواردەوری «کەنداوە سەیرەکە»وە بەرد دەهاون و پیاوەکان وەکو ماسی دەپێکن. (ئۆدیسە ١٠: ١٢١-١٢٤). **~گ.س.**

[55] **گەزۆ:** لە بەشی ١٦ی *دەرچوون*دا کە نەوەکانی ئیسرائیل بە برسێتی لە چۆڵەوانی وێڵ دەبن، لە دژی موسا «دەبۆڵێنن»، خودا مەنیان بە سەردا دەبارێنێت، کە وەکو نانێکی پەرجوویی وایە تا بیخۆن. **~گ.س.**

*کتێبی پیرۆز* هەر بە *مەن* بۆ کوردیی وەرگێڕاوە، لە پەڕاوێزیشدا نووسیویە: «مەن: واتە *ئەمە چییە؟*»؛ هەر ئەم وشەیەشە چووەتە *قورئان*ەوە «وَأَنْزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَىٰ» (سوورەتی بەقەرە، ئایەتی ٥٧)، بەڵام *پەرتووکی پارسا* کردوویە بە *گەزۆ*، کە خۆیشمان هەر وای پێ دەڵێین. پێم وایە ئەو پەندە کوردییەش هەر لەوەوە هاتووە کە دەڵێت: «لە بەختی جوو گەزۆ دەبارێت»، کە دواتر ناشیرین کراوە و کراوە بەوەی دەڵێت: «شانسی حیز گەزۆ دەبارێت»، بێگومان بێڕێزییە بە جوو. **~ن.م.**

[56] **ئانا لیفی:** واتا *ڕووباری لیفی*، لەبەر ئەوەی «ئانا» لە وشەی *ڕووباری* ئایرییەوە نزیکە؛ «ئانا لیفی» پێشنیاری ئەوە دەکات کە بە واتای «ڕووباری (ناوچەیەک بە ناوی) ژیان» دێت. ئەم زاراوەیە بە گشتی تەنها بە ڕێژگەی لیفی ناوترێت، بەڵکو بە ناوچەکانی خۆرئاوا و باشووری ڕووبارەکە دەوترێت لە دەبلن. **~گ.س.**

[57] **داخۆ گۆشتی... بژی:** گۆشتی قوو لە کتێبی پیرۆزدا بە گڵاو دەستنیشان کراوە، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانسی ئینگلتەرادا ئەوەندە بە ناسک دانراوە کە وتراوە «باڵندەی پاشایی»یە و تەنها بۆ پاشا تەرخان کراوە. لە ڕۆمانی *ڕۆبنسن کروزۆ* (١٧١٩)ی دانیەڵ دیفۆی (١٦٦٠-١٧٣١)دا ڕۆبنسن کروزۆ گۆشتی بزن و باڵندە و کیسەڵ دەخوات، دەڵێت کە باڵندەکان «وەک مراوی» و «وەک قاز» وا بوون، هەروەها «باڵندەیەکی گەورە کە بۆ خواردن دەشیا، بەڵام نازانم ناوی چی بوو». هەرگیز ڕاستەوخۆ ناوی گۆشتی قوو نابات، بەڵام لە جێیەکدا ناوی ئەو گوللەیەی بۆ ڕاوکردن بە کاری دەهێنێت دەنێت «گوللەی قوو». **~گ.س.**

[58] **نەخۆشیی تەبەق بڵاو دەکەنەوە**: {بۆ *نەخۆشیی تەبەق* (بڕوانە ٢: ٩٩)} نەخۆشیی تەبەق زۆرتر لە ئاوی پیسبووەوە دەگوێزرێتەوە. هیچ بەڵگەیەک نییە کە مەل لە بڵاوکردنەوەیدا بەشدار بن. **~گ.س.**

[59] **پانتۆڵی... شڵنگ**: جەی سی کینۆ جلفرۆشێکی لەندەنی بوو، لە دەبلن کۆگایەکی هەبوو بە ناوی بەشگەی کوتاڵی وێست ئێند بە ناونیشانی ١٢ی کۆلێج گرین، لەوێ پانتۆڵە ئامادەکراوەکانی کینۆ دەفرۆشرا، پانتۆڵی بە ١١ شڵنگ بوو. **~گ.س.**

[60] **هەمیشە... دەگەڕێین**: (بڕوانە ٥: ٢٧٤). **~گ.س.**

[61] **دکتۆر های فڕانکس**: *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، فڕانکی لە لیستی «دکتۆری پزیشکی تۆمارکراو لە ئایرلاند»دا دانەناوە. هەیمان (لا. ١٦٨) دەڵێت: «جووێکی ئینگل بوو... هێنری جەیکەب فڕانک، ساڵی ١٨٥٢ لە مانچستەر لە دایک بووە، دوای ئەوەی ژنە تورکەکەی، کە ناوی میریام (پێش شوو *مەندیل*) بووە و چوار منداڵەکەی بە جێ هێشتووە، ساڵی ١٩٠٣ گەیشتووەتە دەبلن». پێوابوونەکەی بلووم (جۆیس)یش دوویات دەکاتەوە، یان لانیکەم پەسەندی دەکات کە فڕانک پزیشکێکی درۆیینە بووە، وەک لە *ئولیس*دا دەڵێت ڕیکلامی کردووە کە «چارەی نەخۆشیی فەرەنگی» دەکات. **~گ.س.**

[62] **مەگینیی مامۆستای سەما**: دێنیس جەی مەگینی (کاتی لەدایکبوون *مەگینیس* بووە)، پڕۆفیسۆری سەما بووە بە ناونیشانی ٣٢ی شەقامی جۆرجی مەزنی باکوور، کەسێتییەکی بەناوبانگی دەبلن بوو. «هەموو خەڵک جلەکانی ئەویان دەزانی: چاکەتی پشتدرێژ و پانتۆڵی بۆری تۆخ، شەبقەی ئاوریشم، یەخەی باڵداری بەرزی پاک، گوڵی گاردینیا لە گیرفانی سەرچاکەتەکەیدا، پرژەگر لەسەر قاچە بەلەنجەولارەکانی، هەروەها چەترێکی ئاوریشمی دەسکزیوین لە ددەستیدا» (ئێڵمان، لا.٣٦٥) **~گ.س.**

**پرژەگر**: بە ئینگلی *spat*، کە وشە ئینگلیییەکە خۆی کورتکراوەی *spatterdash*ە، پارچە چەرمێکە، بەسەر پێڵاو و دامێنی جلدا پۆشراوە بۆ پاراستن لە پرژەی قوڕ لە کاتی سواریدا. خۆم وشەکەم داڕشتووە. **~ن.م.**

[63] **دەستبڕ**: ئەم وشەیە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *فڵایباینایت flybynight*ە، کە هەم بە واتای دەستبڕ دێت، هەم بە واتای وشەیی بێت واتە کەسێک کە بە شەو دەفڕێت. لێرەدا مەبەست لەوەیە ئەم دکتۆرە هەم دەستبڕە و هەم بە شەویش چووە ڕیکلامەکانی خۆی بە تەوالێتە گشتییەکاندا هەڵواسیوە. **~ن.م.**

[64] **پۆستەر... بناسە**: ئەوەی لە دەقە ماکەکەدا دەیڵێت نووسراوە: *Post no bills. Post 110 pills* واتە پۆستەر (ڕیکلام) هەڵمەواسە، ١١٠ حەب بنێرە؛ بەڵام ئەم دەربڕینە ڕەگەزدۆزییە، دووەم ڕستە زۆر لە یەکەم ڕستە دەچێت، لەبەر واتاکە دانەنراوە، بەڵکو لەبەر ڕەگەزدۆزی و لەیەکچوونەکە دانراوە، بۆیە منیش لە کوردییەکەدا ڕستەیەکم داناوە کە لەگەڵ ڕستەی یەکەمدا ڕەگەزدۆزییە. **~ن.م.**

[65] **کەسێک... نا**: وا دیارە بلووم لێرەدا بیر لەوە دەکاتەوە کەسێک بڕێک لە سووزەنەکی هەبێت، ئەوا ئەم نەخۆشییە ئەندامی زاووزێی بۆ دەسووتێنێتەوە. پاشان بە ناتەواوی بیر لە بلێسە بۆیلەن دەکاتەوە کە ئەگەر سووزەنەکی هەبێت، ئینجا لەوەوە بگوازرێتەوە بۆ مۆڵیی ژنی، پاشان بۆ ئەم. واتە لەو کاتەدا ئەم بیرە پەرتبوو و تەواونەکراوە بەم شێوەیە دەبێت: «ئەگەر ئەو (بلێسە) سووزەنەکی هەبێت؟ ئۆی! ئێ؟ تۆ بڵێیت بۆ مۆڵیی بگوازێتەوە؟ نا... نا. نا، نا. بڕوا ناکەم. تۆ بڵێیت بتوانێت؟ نا، نا.» **~ن.م.**

[66] **تۆپی کاتەکەی... دەنسینک**: نووسینگەی بالاست لە کۆتایی باشووری پردی ئۆکانەڵەوە بوو لەسەر سووچی شەقامی وێستمۆرلاند و لەنگەرگای ئەستۆن، بارەگای سەرەکیی چاودێریی بەندەری دەبلن و کارەکانی بوو؛ {کاتژمێرێک بەسەر ئەم باڵەخانەیەوە هەبوو} دەبلنییەکان کاتژمێری سەر ئەم باڵەخانەیان وەک ڕاسترین و ئەرخەیانترین کاتژمێری گشتیی شارەکە دادەنا، کە لە ڕێی وایەرێکەوە لە ڕوانگەی دەنسینکەوە ڕێکیف دەکرا. «تۆپی کات» تۆپێکە کە بە ستوونێکەوە گیر کراوە تا لە کاتی دیاریکراوی شوێنێکدا بەربێتەوە، لەم جێیەی *ئولیس*دا کاتژمێر ١ی نیوەڕۆیە بە کاتی گرینویچ، تا کاتپێوی کەشتییەکان ڕەچاو بکرێنەوە. لەبەر ئەوەی کاتی دەنسینک بیست و پێنج خولەک لە دوای گرینویچەوەیە، کاتی چەسپێنراوی ئایرلاند بوو، کە بلووم دەڵێت «دوای یەک» هەڵەیە، چون بەربوونەوەی تۆپی کاتەکە تەنها بەو واتایە دێت کە دوای ١٢:٣٥ە لە دەبلن، پاشان لەو جێیەی لێوەی وەستاوە ناتوانێت تۆپەکە ببینێت تا بزانێت کاتی دەبلن کەیە. **~گ.س.**

[67] **سێر ڕۆبێرت بۆڵ**: (١٨٤٠-١٩١٣)، ئەستێرەوانی پاشایی و بەڕێوەبەری ڕوانگەی کامبریدج لە ئینگلتەرا. بۆڵ لە دەبلن لە دایک بووە و هەر لەوێش خوێندوویەتی؛ وانەبێژێکی بەناوبانگ بووە و نووسەری چەندین پەڕتووکی ئەستێرەوانیش بووە. ئەو پەڕتووکەی بلووم بیری لێ دەکاتەوە *چیرۆکی ئاسمانەکان* (١٨٨٥)ە؛ یەکێکە لەو پەڕتووکانەی لە پەڕتووکخانەکەی خۆیدا هەیە {لە ئەڵقەی ١٧دا دەیزانین}. **~گ.س.**

[68] **پارالاکس**: جێگۆڕکێ یان جیاوازیی ئاراستەی تەنێکە کە لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە دەبینرێت؛ لە ئەستێرەناسیدا جیاوازیی ئاراستەی تەنێکی ئاسمانی وەک ئەوەی لە هەندێک خاڵی ڕووی زەوییەوە دەبینرێت، یان خاڵی ترەوە، وەک ناوەڕاستی زەوی، یان خۆر. **~گ.س.**

پارالاکس جیاوازیی شوێنی بەدەرکەوتووی تەنێکی ئاسمانییە کاتێک لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە دەبینرێت. بۆ نموونە ئەگەر لە ٢١ی ئاداردا ئەستێرەیەکی دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر ببینیت، لە ٢١ی ئەیلوولدا شوێنی ئەو ئەستێرەیە دەگۆڕێت (ئەمە لەسەر هەموو ئەستێرەیەک کار ناکات)، ئەویش لەبەر ئەوەی کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە گۆشەنیگای ٢١ی ئادار هەمان گۆشەنیگای ٢١ی ئەیلوول نییە، بۆیە جێی ئەستێرەکە وا دەردەکەوێت کە گۆڕاوە. بەم جیاوازییە دەوترێت پارالاکس. **~ن.م.**

[69] **پار گریکییە**: بلووم ڕاست دەکات. پارالاکس لە بنجی *پار*(ا)ی گریکییەوە هاتووە بە واتای پاڵ، تەنیشت، یان پەنا یان نزیک، وەک پارالێڵ {پاراسایکۆلۆژی}. **~گ.س.**

[70] **گەی پێی و گانگانێنکێ**: لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: «مێت هم پایک هۆزس» (بڕوانە ٤: ١٢٥). **~ن.م.**

[71] **دە قسەی قۆڕ**: ئەمە وتەکەی مۆڵییە لە ئەڵقەی چوارەمدا کە بلووم باسی گیانگۆڕکێی بۆ دەکرد. بە دەربڕینێکی تر بە واتای «ئاخ گونم» دێت. **~ن.م.**

[72] **وێ**: مۆڵی. **~ن.م.**

[73] **نەستەق**: بە ئینگلی witty، لە زمانی ئینگلیدا دوو واتای هەیە: ١. زیرەک و وریا؛ ٢. قسەخۆش. بە درێژایی ڕۆمانەکەش زۆربەی جار بە هەردوو واتاکە بە کار هاتووە، وشەی نەستەق-م لە بری قسەخۆشەکە دانا، بۆ واتای زیرەکییەکەش «زیرەکی»م دانا. **~ن.م.**

[74] **بێن داڵەرد**: (بڕوانە ٦: ٤٨). **~ن.م.**

[75] **بەرمیلتۆن**: لە ڕاستیدا «بارِیتۆن»ە، کە ناوی چینێکی دەنگیی پیاوانە (بڕوانە ٣: ٩٢)، بەڵام بۆ پلارگرتن لە دەنگی دەوترێت «بەرمیلتۆن»، کە دەڵێت: «باس بەرمیلتۆن» واتە تۆنی بەرمیلی بیرەی باس (بڕوانە ٨: ٧٩). **~ن.م.**

[76] **بیگ بێن**: لە ناوی ئەو کاتژمێرە زۆر گەورەیەوە هێنراوە کە بەسەر بورجی کاتژمێرەکەی سەر باڵەخانەی پەرلەمانەوەیە لە لەندەن. **~گ.س.**

[77] **بەزیو بەرمیلتۆن**: زاراوە موزیکییەکە باس بارِیتۆن-ە (بڕوانە ٣: ٩٢)، مۆڵی کردوویە بە «بەزیو بەرمیلتۆن»، یان بەرمیلتۆنی نزم. **~ن.م.**

[78] **قرمی... وایە**: قرم واتە ئارەزووی خواردن. **قەترەس**: بە ئینگلی *albatross*، باڵندەیەکی زەریاییە، بەوە بەناوبانگە کە هەمیشە برسییەتی. ئەوەی لێرەدا مەبەستە بێن داڵەردە، کە هەمیشە برسییەتی. **~ن.م.**

[79] **باسی ژمارە یەک**: جۆرە بیرەیەکی قورس بوو کە بەشگەی باس و ڕاتکلیف و گرێتۆن و بۆرتن-ئۆن-ترێنت لە ئینگلتەرا بەرهەمیان دەهێنا. لە ١٩٢٠ەکانەوە هاوردەکردنی بیرەی باس بۆ ئایرلاند ئەوەندە مشتومڕی لێ کەوتەوە کە دواجار هەڵای نایەوە. **~گ.س.**
پێی دەوترا «ژمارە یەک» چون لۆگۆکەی، کە سێگۆشەیەکی سوور بوو، یەکەم لۆگۆ بوو کە وەک هێمای بازرگانی لە بەریتانیای گەورەدا تۆمار کرابوو (١٨٧٦). **~س.ت.م.ا**

[80] **کاروانێک... بۆردەکانیانەوە بوو**: ئەمانە پێنج پیاون، سەرجلێکی سپییان لە بەردایە، سەرجل بەرگێکە وەک کراسێکی درێژ وایە و بەسەر جلدا دەپۆشرێت، زۆربەی جار بۆ مەبەستی کارە؛ ئەم پیاوانە جۆرە ڕیکلامبەندێکیان بەسەر جلەکانیانەوە لە بەردایە کە پێک هاتووە لە دوو بۆرد (پارچەتەختە)، یەکێک بە پێشەوە و ئەوی تر بە پشتەوە، بە ئینگلی بەم جۆرە ڕیکلامە دەوترێت «ساندویچ»، هەر بە واتای بابۆڵە (لەفە). ئەویش لەبەر ئەوەی کە کەسەکە وەک ساندویچ لێ دەکات، پێش و پاشی کەسەکە دەبێت بە بۆردی ڕیکلام و خۆی لە نێو دوو بۆردەکەدا دەبێت. پشتێنی سووری ئاڵ بەسەر بۆردەکانیانەوە درێژ بووەتەوە و کڵاوی درێژیشیان لە سەردایە و پیتەکانی پەڕاوگەیەکیان لەسەرە، واتە بە هەموویان ناوی شوێنەکە پێک دەهێنن: هێڵیس. **~ن.م.**

[81] **ئێمە گوناهمان... چەشت**: (بڕوانە ٥: ١٧٥). **~گ.س.**

[82] **ویزدەم هێڵیس**: هێڵی-ی سنووردار، دروستکەری کەلوپەلی پەڕاوگە، فشاری پەڕە و بەردەچاپ، پەڕتووکسازی، بە ناونیشانی ٢٧-٣٠ی شەقامی دەیم. بلووم ماوەیەک لێرە کاری کردووە. ساڵی ١٩٠٤ چارلز ویزدەم هێڵی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەزگاکە بووە. **~گ.س.**

[83] **ئەمانە ئەو... مەگلەیدن**: بۆیلەنی خەیاڵکرد دەزگایەکی ڕیکلامی هەبووە، هەر وەک مەگلەید (بە ناونیشانی ٤٣ی شەقامی ئابەی). **~گ.س.**
بلووم دەپرسێت: ئایا ئەوە پیاوەکانی لای بۆیلەنن؟ نا پیاوەکانی لای مەگلەیدن. **~ن.م.**

[84] **ستوونی خوێ**: (بڕوانە ٤: ٩٥). **~گ.س.**

[85] **دەوات**: شووشەی مەرەکەب. **~ن.م.**

[86] **٨٥ی شەقامی دەیم:** ناونیشانێکی نەبووە؛ ساڵی ١٩٠٤ ژمارەی ناونیشانەکانی شەقامی دەیم لە ٨٢دا تەواو بووە. **~گ.س.**

[87] **ڕەبەنگای ترانکیلا:** کارمەلی زاینی، ترانکیلا، لە ڕاڤاینس، ناوچەیەکی باشووری ناوەڕاستی دەبلنە. کۆمەڵەی کارمەلییەکانی شاخی کارمەلی خانمەکەمان (کارمەلییەکان) ساڵی ١٨٣٣ ڕەبەنگاکەیان دامەزراندووە (بڕوانە ٤: ٦٨). **~گ.س.**

[88] **جەژنی... کارمەلمان:** لە ١٦ی تەمووز یان یەکشەممەی دوای ئەو یادی جەژنەکە دەکرێتەوە، کە یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی کارمەلییەکانە (یان شاخی کارمەل لە سوریا نزیکی ساڵی ١١٥٦). **~گ.س.**

[89] **زانیی... زانیی کە:** فڕانک دیلەینی پێی وایە ئەم ڕستە تەواونەکراوە ئەوەیە کە خانمی ڕەبەنگاکە زانیی کە بلووم جووە. **~ن.م.**

[90] **خواردنی... دەشکێت:** ئەو وشەیەی بە دەستەواژەی «بەزی پاشماوە» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *dripping*ە، گیفرد وەهای لە بارەوە دەڵێت: «چەوریی پاشماوەی لێنانی گۆشتە، بە تایبەتی هی بەیکن». **~ن.م.**

وا دیارە ئەمە وتەیەکی باوی وتراو بێت لە بارەی هەژارییەوە، چون بەزی پاشماوە {درپپینگ} تەنانەت لە مارجەرینیش هەرزانتر بوو (بڕوانە ٨: ٣٧). **~گ.س.**

[91] **دەیانەوێت خۆیان... لابردبوو:** بلووم دوو مەبەستی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە خانمە ڕەبەنەکان حەز دەکەن نانەکانیان لە دەرەوە و ناوەوەش کەراوی بکەن، دواتر بیر لە مۆڵی دەکاتەوە کە جارێکیان نانێکی وای خواردووە؛ مەبەستەکەی تریانی سێکسییە. **~ن.م.**

[92] **پات کلافی... بارمتەگرەکە:** پاتریشیا (؟)، کچی میستەر و خاتوو کلافی بوون، بارمتەگر، بە ناونیشانی ٦٥-٦٦ی شەقامی ئەیمیەنس، دواتر بووە بە ڕەبەن (یان بلووم پێی وایە کە وا بووە). **~گ.س.**

[93] **دەڵێن... داهێناوە:** وێناییە، بەڵام مێژوویێکی لەڕاستنەچووی تەکنەلۆجییە. ساڵانی ١٨٦٧-١٨٦٨ سێ ئەمەریکایی هاوکاتی یەکتر تەلی دڕکبەندیان داهێناوە و تەنها خۆیشیان دەریاندەکرد، ئەوانیش سمیث، هەنت، کێڵی بوون. ساڵی ١٨٧٤ کە ڤۆگن و گلیدن، کە دوو داهێنەری ئەمەریکایی بوون، خاوەندارێتیی ئەو مەکینەیەیان گرتە ئەستۆ کە تەلی دڕکبەندی بەرهەم دەهێنا، زیاتر بوو بە کەرەستەیەکی کردارەکی. **~گ.س.**

[94] **شەقامی وێستمۆرلاند**: پردی ئۆکانەڵ، کە بلووم بەسەریدا لە ڕووباری لیفی دەپەڕێتەوە، دەچێتە سەر باشووری شەقامی وێستمۆرلاند، کە لە باشوورەوە تا بەری خۆرئاوای کۆلێجی ترینیتی و کۆلێج گرین درێژ دەبێتەوە. **~گ.س.**
[95] **دووچەرخەخانەی ڕۆڤەر**: بە ناونیشانی ٢٣ی شەقامی وێستمۆرلاند. **~گ.س.**
[96] **ئەمڕۆ ئەو پێشبڕکێیانە هەن**: (بڕوانە ٥: ٢٦٠). **~گ.س.**
[97] **ئەوە... لەمەوپێش بوو**: فرانک دیلەینی پێی وایە ئەمە گەڕانەوەیە بۆ بیرکردنەوە لەو کاتەی بلووم قەرزی لای ڕەبەنگاکانی کۆ کردووەتەوە، ئەوەی کە لە پەرەگرافی پێشوودا بیری لێ دەکردەوە. **~ن.م.**
[98] **ئەو ساڵەی... مرد**: لە ئەڵقەی حەڤدەیەمدا هۆی مردنی کەسێتیی خەیاڵکردنی میستەر گیلیگن خراوەتە ڕوو (بڕوانە ١٧: # **فیلیپ گیلیگن**). **~گ.س.**
[99] **تۆم**: (بڕوانە ٧: ١٠١). **~گ.س.**
[100] **ئاگرە گەورەکەی ئاڕنۆتس**: لە ٤ی ئایاری ١٨٩٤دا «ڕیزی ئەو باڵەخانانەی موڵکی دەزگای ئاڕنۆت و هاوبەشەکانی بوون، (سنووردار) کە لە شەقامی هێنرییەوە تا شەقامی پرنس درێژ دەبوونەوە هەمووی تەواو بە ئاگر دامرکانەوە» (*ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*، لا. ٢١٠٥). **~گ.س.**
[101] **ڤال دیلن**: ڤالەنتین دیلن ساڵی ١٨٩٤-١٨٩٥ لۆردی سەرۆکی شارەوانیی دەبلن بوو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٤دا مرد. **~گ.س.**
[102] **شێوەکەی گلێنکری**: {شێو بە واتای خوانی شەو.} شێوێکی ساڵانەی کۆکردنەوەی پیتاک بووە لە گرتووخانەی چاکسازیی سانت کێڤن بوو (ئێستا ناوەندی ئاشتەوایی گلێنکرییە)، لە گلێنکری لە کاونتیی ویکلۆ. ئێرە دەزگایەکی پیاوانی کاسۆلیکی ڕۆمی بوو لای بناوانی سەرچاوەی ڕووباری گلێنکرییەوە بوو لە بەرزاییەکانی ناوچەکە دە میل لە باشووری ناوەڕاستی دەبلنەوە دوور بوو (بڕوانە ١٠: #). **~گ.س.**
[103] **ڕۆبێرت... شارەوانی**: بازرگانێکی کوتاڵی ئاڵوگۆڕکار بوو بە ناونیشانی ٨ی شەقامی پەرلەمان، ماوەیەکیش وارگێڕێکی سەرنەکەوتووی دەبلن بوو، ١٨٩٠کان لە کۆمیتەی بازاڕەکاندا وەک ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی ناوی نووسراوە. **~گ.س.**
[104] **پێش... دابکەوێنرێت**: واتە پێش ئەوەی پێشبڕکێکە دەست پێ بکات. **~گ.س.**
[105] **پۆرت**: جۆرە شەرابێکی سووری شیرینی بەهێزە. **~ن.م.**

[106] **بۆببۆب... لێساولێس کرد**: بۆببۆب هەر ڕۆبێرت ئۆرایەڵی-یە؛ لە زمانی ئینگلیدا «بۆب» ناوی بچووککراوەی ڕۆبێرت-ە، وەک کە لە کوردیدا *بلە* ناوی بچووککراوەی *ئیبراهیم*ە. ڕۆبێرت ئۆرایەڵی بە «بۆببۆب» ناسراوە (فرانک دیلەینی لە ئەڵقەی ٣٠٥ی پۆدکاستەکەیدا ئەمە پشڕاست دەکاتەوە). ئەم دەربڕینە تێکدراوی پەندێکی ئینگلییە، پەندەکە دەڵێت: «خۆراکدان بە پیاوەکەی ناوەوە»، *پیاوەکەی ناوەوە* واتە *گەدە* و کۆی پەندەکە واتە: *خواردن بۆ ئەوەی لە برسدا نەمریت*. لێرەدا «پیاوەکە» گۆڕاوە بە «ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی»، چون لە نێو سکی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیدا ئەندامێکی تری ئەنجومەنی شارەوانی هەیە! ئەم ڕەگەزدۆزییە لە وەرگێڕاندا ون دەبێت. ~**ن.م.**

[107] **نەمتوانی... دەژەنن**: نوکتەیەکی کلێشەییە لە دژی ئەو کەسەی مڵچەمڵچ زۆر دەکات. ~**گ.س.**

[108] **بەرانبەر... خودا**: هەڵگەڕاندنەوەیەکی ئەو نزا چەسپێنراوەی سوپاسگوزارییە کە دەڵێت: «بەرانبەر بەوەی پێمان دەبەخشرێت، داواکارین خودا سوپاسگوزارمان بکات». ~**گ.س.**

[109] **ئەو کاتە میلی مندااڵ بوو**: لە ١٥ی حوزەیرانی ١٨٨٩دا لە دایک بووە. ~**گ.س.**

[110] **شوگەرلۆف**: شاخێکە چواردە میل لە باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی دەبلنەوە دوورە. ~**گ.س.**

[111] **نووسەکی**: (بڕوانە ٤: ٢٣) ~**ن.م.**

[112] **دۆکرێل**: تۆماس دۆکرێل و کوڕەکانی، سنووردار، قۆنتەراتچی، دەڵاڵی جامی پەنجەرە، ڕەنگی ڕۆنی، چیمەنتۆ، هەروەها پەڕەی دیوار و دیکۆرساز بە ناونیشانی ٤٧-٤٩ی شەقامی ستیفن، لە باشووری ڕووباری لیفییەوە لە ناوەڕاستی دەبلن. ~**گ.س.**

[113] **دەرزەنی... نۆ پنس**: گران نییە، بەڵام پەڕەی دیوارێکی ئاستنزم بوو. ~**گ.س.**

[114] **گیابۆگەنە**: بە ئینگلی *elder*: ئەم ناوەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسی کوردستان*ەوە هێناوە، لە فەرهەنگی ناوبردەدا پێشی دەڵێت: «لۆگەن، گەنۆک، گێجەگیا، لۆگەنکە، کەستران، کەزنەزان، کەسنەزان»؛ *فەرهەنگی کوردستانیکا* بە «وڕ، گیاوڕ، وڕەگیا، گێژەگیا، گیاگێژ» ناوی هێناوە. کە یەکەم جار لە مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩دا ئەم ئەڵقەیەم وەرگێڕاوە، لە بری ئەم ناوە نووسیومە: «گوڵەکڵۆ»، کە بە ڕاستی نازانم و لە بیرم نەماوە ئەم ناوەم لە کوێوە هێناوە و چۆن و بۆچی دەوەنەکەم بە «کڵۆ» ناو بردووە. ~**ن.م.**

[115] **هونەرگە... باس کردم**: هی باوکی بلووم نەبووە، بەڵکو هی خزمێکی باوکی بووە بە ناوی ستیفان ڤیراگ لە شاری سیکەشفەهێرڤار لە هەنگاریا (بڕوانە ١٧: #). **~گ.س.**

**هونەرگە** واتە شوێنی کاری هونەری؛ **داگەریی**: بە ئینگلی *daguerreotype*، یەکێکە لە سەرەتاییترین پڕۆسەکانی فۆتۆگرافی، کە وێنەکە لەسەر زیوی هەستیار بە یۆد بەرهەم هێنراوە و لە هەڵمی جیوەدا شۆرراوەتەوە. پڕۆسەکە بە ناوی داهێنەرەکەیەوە ناو نراوە کە ناوی لویس داگەر (١٧٨٧-١٨٥١) بووە. **~ن.م.**

[116] **کانیی ژیان**: (بڕوانە ٥: ٢٧٤). **~گ.س.**

[117] **سیترۆنی... پارەید**: (بڕوانە ٤: ٨٢). **~گ.س.**

[118] **پێن شتێک... پێن...**: وەڵام: پێنرۆز، شوناس و گرنگییەکەی نەزانراوە. *مێژووی پێندێنیس* (١٨٥٠) ڕۆمانێکە لە نووسینی ویلیەم مەیکپیس تاکەرەی (١٨١١-١٨٦٣). پاڵەوانەکەی، ئارثەر پێندێنیس سەرەتا ژیان بە لاوازی دەست پێ دەکات و دایکە بەدەمەوەدەرەکەی بەربادی کردووە؛ خەریکە خۆی لە ناو ببات بە هۆی پەیوەندیی خۆشەویستیی نابەرپرسانەوە، پێش ئەوەی دواجار خۆی ڕێک بکاتەوە. **~گ.س.**

[119] **دە ئەگەر... دەیبینێت**: واتە ئەگەر نانێتتی ناوی مەنکسی بیر نەکەوێتەوە. **~گ.س.**
مەنکس ڕۆژقاڵەکەی ئەڵقەی ٧ بوو (بڕوانە ٧: ٧٨ و ٧: ٨١)، لێرەدا بلووم دڵنەوایی خۆی دەداتەوە، ئەگەر نانێتتی ناوی مەنکسی بیر نەکەوێتەوە کە هەموو ڕۆژێک دەیبینێت، ئیتر من چی و کەی پیرم؟! **~ن.م.**

[120] **بارتێل دارسی**: کەسێتییەکی خەیاڵکردە لە چیرۆکی *مردووەکەی دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت {بۆ *تینۆر* (بڕوانە ٣: ٩٢)}. **~گ.س.**

[121] **دوای مەشق... دەهات**: ئاماژەی *ئەو*-ەکە بۆ ئەوی مێیە، مەبەست لە مۆڵییە. **~ن.م.**

[122] **ئەو... هەڵدەکات**: سەرچاوەی گۆرانییەکە نەزانراوە. گۆرانییەکە دەڵێت:

دەبێت دڵمت بۆ بێنم
هەناسەی شەوی گەرموگوڕیش
دەبێت دڵمت بۆ بێنم.

دەوترێت گوایە پارنێڵ و خاتوو ئۆشێ لە ساڵانی سەرەتای پەیوەندییەکەیاندا ئەم گۆرانییەیان وەک پەرلە (کۆد) بە کار هێناوە. **~گ.س.**

[123] **بە شوێن وێدا**: وێ: مۆڵی. **~ن.م.**

[124] **ژووری... کۆشکەکە**: کۆشکەکە کۆشکی سەرۆکی شارەوانی بوو، کە ماڵی فەرمیی سەرۆکی شارەوانیی دەبلن بوو، لە شەقامی داوسن-ە، لە نێوان کۆلێجی ترینیتی و باخی سانت ستیفن لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلن. ساڵی ١٩٠٤ ژوورە بەڕووەکە، کە هەر لە زەوی تا میچەکەی بە داری بەڕوو ڕووکەش کرابوو و سووچەکانیشی ورد تێککۆڵرابوون، ژوورە بچووکتر و دۆستانەترەکە بوو لە چاو دوو ژوورەکەی تردا بۆ سەرگەرمبوونی گشتی لە کۆشکەکەدا بە کار دەهات. هەرە گەورەکەیان ژوورە بازنەییەکە بوو. **~گ.س.**

[125] **سەبارەت بەو بلیتی هایبەختانە**: {**هایبەخت**: بە ئینگلی *lottery*، *یانەسیب*؛ وشەکەم لە *فەرهەنگی ئازادی*یەوە هێناوە} ئەم ڕووداوە خەیاڵکردە؛ ساڵی ١٨٩٣ و ١٨٩٤ بلووم خەریک بووە دەستگیر بکرێت بۆ هەوڵدان بۆ فرۆشتنی بلیتی «هایبەختی پاشایی و تایبەتمافدارانی هەنگاری»، وا دیارە ئەندامەکانی کوختە ماسۆنییەکەی ڕزگاریان کردووە (بڕوانە ١٢: # و ١٨: #). سەرچاوەی ڕاستینەیی ئەم وردەکارییە لە ڕۆژنامەی *ئیلوسترەیتد ئایرش ویکلی ئیندیپێندێنت ئاند نەیشن*ی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤، لاپەڕە ٤، ستوونی ٧دا هاتووە، دەڵێت: «لەو دادپرسییەی کە لە دادگای پۆلیسیی کلێرکنوێڵ [لە لەندەن] ڕووی دا ئەو ڕۆژە وا دیارە کاربەدەستان بڕیاری جێبەجێکردنی ڕێکاری توندوتۆڵیان داوە بۆ مەبەستی کۆتاییهێنان بە بڵاوبوونەوە و بانگەشەکردنی هایبەختی بێگانەوە. وەزارەتی دارایی چاپسازێکیان بانگهێشت کردووە لەبەر بڵاوکردنەوەی پێشنیار و نەخشەیەکی فرۆشتنی بلیت و هەل و پشکی جۆرە بلیتێک، لە هایبەختێکدا کە پێی دەوترێت "هایبەختی پاشایی بۆ تایبەتمافدارانی هەنگاری" کە حکومەتی وڵاتی هەنگاریا ڕێی پێ داوە». **~گ.س.**

[126] **قوتابخانە ئامادەییەکە**: قوتابخانەی ئامادەیی ئیرازموس سمیث (ساڵی ١٨٧٠ دامەزراوە) لە ٤٠ی شەقامی هارکۆرت بوو، باشووری باخی سانت ستیفن لەسەر ئەو ڕێیەی ماڵی بلووم دەیگرنە بەر لە کۆشکی سەرۆکی شارەوانییەوە بۆ ماڵی خۆیان لە شەقامی لۆمباردی خۆرئاوا. بلووم تا ساڵی ١٨٨٠ لەو قوتابخانەیە قوتابی بووە (کاتی دەستپێکردنی لەو قوتابخانەیە نەزانراوە). ڕەنگە لە بەناوبانگترین دەرچووەکانی (١٨٨٠-١٨٨٣)ی ئەم قوتابخانەیە ویلیەم بەتڵەر یەیتس بێت کە لە پەڕتووکی *دونیای خەونی منداڵی و گەنجی*دا (١٩١٤) باس لەم قوتابخانەیە دەکات وەک قوتابخانەیەکی مکوڕ و توندتر وەک لە قوتابخانەکەی لە لەندەن، ئەگەرچی باسکردنەکەی زیاتر جەخت لەسەر

زۆرتربوونی ئەرکی خوێندنیماڵەوە و ئەزبەرکردن و وانەکانی میکانیک و ڕێزمان دەکاتەوە. (*ژینامەی خۆم* [نیو یۆرک، ١٩٥٨]، لا ٣٦-٣٨). **~گ.س.**

[127] **لە دەست پەڕی**: بلووم لاپەڕەی نۆتەکانی مۆڵیی لە دەست پەڕیوە. **~ن.م.**

[128] **ڕەنگە... تاتا بێت**: داڕشتنەوەیەکی کۆڕی گۆرانیی *کاثلین ماڤۆورنین*ە، دەقەکەی هی ئانی باری کراوفۆرد-ە، موزیکەکەی هی فرێدریک ئێن کراوچ-ە، یەکەم کۆپلەی دەڵێت:

کاثلین ماڤۆورنین، سپێدەی ڕەنگبۆر وا دەبێتەوە
شەیپووری ڕاوچی لەسەر گردەکە وا دێتە بەر گوێ.
شەوئمی سازگار لە باڵی سووکی چورە دەپرژێت
کاثلین ماڤۆورنین – تۆ هێشتا نووستوویت؟
[کۆرەکە]
ئای لە بیرت چوو کە دەبێت ئەمرۆ یەک بە جێ بێڵین؟
ڕەنگە بۆ چەند ساڵ، یان بۆ تاتا بێت.
ئای، بۆ بێدەنگیت، ئەی دەنگی دڵم؟
ڕەنگە بۆ چەند ساڵ، یان بۆ تاتا بێت.
ئای، بۆ بێدەنگیت. کاثلین ماڤۆورنین؟ **~گ.س.**

[129] **لەسەر سیلەی شەقامی هارکۆرت**: باشووری قوتابخانە ئامادەییەکەیە، لەسەر یەکتربڕی شەقامی هارکۆرت و ڕێی هارکۆرت، کە دەبێت ماڵی بلووم بەوێدا بەرەو خۆرئاوا بۆ ماڵەوە پێچیان کردبێتەوە. **~گ.س.**

[130] **سۆسی چەتنی**: بە ئینگلی *chutney sauce*، سۆسێکی ساردە لە میوە و سرکە و شەکر و بەهارات دروست دەکرێت، لە قتوودا دەفرۆشرێت و لەگەڵ گۆشت و پەنیردا دەخورێت. ناوەکە لە *چاتنی/چەتنی*ی هیندییەوە هاتووە و بنەچە کۆنترەکەی دیار نییە. من ناوەکەم خواستووە. **~ن.م.**

[131] **ڕەمە خۆشکراوەکە**: ڕەم مەیەکە لە شەکر دروست دەکرێت. کە دەڵێت «خۆشکراو»، واتە بە پرۆسەیەکدا ڕۆیشتووە کە بەسەر شەراب و ڕەمدا دەهێنرێت، ئەویش ئەوەیە شەکر یان هەزبێلەی تێ دەکرێت و گەرم دەکرێتەوە. **~ن.م.**

[132] **خاتوو برین**: (پێش شوو: *جۆسی پاوڵ*)، خاتوو برین هاوڕێی مۆڵی بووە (هاوکات ئەو سەردەمەی بلووم و مۆڵی دڵدارییان کردووە ڕکابەرێکی مۆڵیش بووە). دواتر شووی بە دێنیس برین کردووە، کە کابرایەکی شێتۆکەیە. **~گ.س.**

[133] **بۆ خۆیان لە تەڕ دەخۆن**: لە ئینگلیییەکەشدا پەندێکە بە واتای: «دەتوانن نان و خواردن بخۆن» واتە باشن. کوردییەکەش هەر پەندە: «لە تەڕ دەخۆن و لە وشک دەنوون»، بەڵام ڕەنگە پەندە کوردییەکە لەوەدا لەگەڵ ئینگلیییەکەدا تەواو یەک نەگرێتەوە کە کوردییەکە واتە گوزەرانیان زۆر باشە، بەڵام ئینگلیییەکە بەو واتایە دێت کە خراپ نین. **~ن.م.**

[134] **ئیتر... مووی لووت**: لە ئینگلیییەکەشدا پەندێکە بە واتای: «مەحاڵە لە شتی بچووک و بێواتا و هەراسانکەر ڕزگارت ببێت» واتە ئیتر ئەمە زۆر هەراسانکەر دەبێت. **~ن.م.**

[135] **پرسەکەت... دیدلدیدل...**: بلووم دەقی دوو گۆرانیی جیاواز تێکەڵ دەکات. یەکەمیان *پرسەکەی سبەینێیە*یە لە دانانی فێلیکس مەککگلێنن، ئەوی تریان *هاتن بەناو چەوداندا*یە لە دانانی ڕۆبێرت بورنس. کۆپلەی یەکەمی گۆرانیی *پرسەکەی سبەینێیە* دەڵێت:

باسی میک مەکتورک دەبێژم
ڕۆژێک میکی خۆی سەرخۆش کرد
ئینجا چووە سەر جادە و بان
بە دوای شەڕێکدا دەگەڕا؛
بە منی وت
دەمسووتێنێت،
منیش پێم وت کە ناتوانێت،
کەچی وتی درۆ دەکەیت!
[کۆرسەکە]
پرسەکەی سبەینێیە،
دڵیشم پێی دەسووتێت،
یەک دانەم لێی دا و تەواو،
ئەو دونیام پێی پیشان دا،
ئینجا سبەینێش دەیچێنین.

گۆرانیی *هاتن بەناو چەوداندا* دەڵێت:

ئای جێنی تەڕە، ئەو داماوە،
ئەو دەگمەن وشکە؛
ژێرکراسەکەی خوساندووە،
بە ناو چەوانا هاتووە!

[کۆپلەی یەکەم]
بە ناو چەوانا هاتووە، داماوە،
بە ناو چەوانا،
ژێرکراسەکەی خوساندووە،
بە ناو چەوانا هاتووە!
[کۆپلەی دووەم]
گەر یەکێک یەکێک ببینێت
بە چەوانا بێت
گەر یەکێک یەکێک ماچ بکات
قیژەی پێویستە؟ **~گ.س.**

بۆ *چەوان* یان *چەودان* (بڕوانە ٤: ١٦٩). **~ن.م.**

[136] **دەڵێیت ددانی مارە**: لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: *he’s a caution to rattlesnakes* بە واتای وشە بێت واتە: *ئاگادارکردنەوەیە بۆ ماری زەنگۆڵەدار*. وا دیارە دەربڕینێکی باوی ناوچەیی کۆن بووبێت. جۆن هەنت دەڵێت کە بە سێ واتا دێت: ١. مەترسییە بۆ سەر ماری زەنگۆڵەدار: واتە لە مار مەترسیدارترە. بەڵام هەر خۆی پێی وایە کە ئەمە ڕاست نییە، چون مێردەکەی خاتوو برین ئەگەرچی شێتۆکەیە، بەڵام کەسێکی مەترسیدار نییە. ٢. سەر لە ماری زەنگۆڵەداریش دەشێوێنێت: واتە ئەوەندە سەیرە سەرنج لە ماری زەنگۆڵەداریش تێک دەدات. ٣. زۆر جەفەنگییە بۆ ماری زەنگۆڵەدار: واتە بووە بە مەزە و گاڵتەجاڕی مارەکان. کە چیرۆکەکەی میستەر برینیش دەزانین دەبینین هەندێک کەس پێی ڕادەبوێرن. کاک کاوە نەمر کردوویە بە: «ئەلبەتۆ ب گێرمییا دانان دچە سەر بانان»، دیارە پەندە. وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە کردوویە بە «دیاردەیەکە، ماری قسەی قۆڕ» کە بە ڕاستی نازانم واتای چییە و دیارە واتای بازاڕییانەی هەیە. جانی جێلاتی کردوویە بە «تەنانەت وا دەکات بەردیش دیار نەمێنێت» کە دیارە ئەویش هەر ئیدیۆمییە؛ وەرگێڕانە ئیتالییەکەی تر کردوویە بە «وا لە ماری زەنگۆڵەدار دەکات پاشەکشە بکات» کە ئەم واتایە لە واتا وشەییە ئینگلییەکە نزیکە. دکتۆر تەها کردوویە بە: «وەک ئەو مارە وایە کە دەگەزێت»، دیارە لای ئەمیش واتە مەترسیدارە. بەهەرحاڵ، میستەر برین کەسێکی شێتۆکەیە، زۆر چالاکە و زۆر بە گوڕ هەوڵ دەدات ئەوانە بدۆزێتەوە کە گاڵتەی پێ

دەکەن. لە کوردیدا ئەو پەندە هەیە کە یەکێک زۆر چوست و چالاک بێت و کەس نەتوانێت بەری پێ بگرێت، دەڵێین «دەڵێیت ددانی مارە!». ئیتر ڕەنگە هەڵەش بم. **~ن.م.**
[137] **کولیچەی مرەبا**: بە ئینگلی *jampuff*، هەویرەمەنییەکە مرەبای تێدایە. **~گ.س.**
[138] **ڕۆلیپۆلی**: بە ئینگلی *rolypoly*: جۆرە هەویرێکی کێکییە، پان دەکرێتەوە و مرەبا و جۆرەکانی بەسەردا دەکرێت و لوول دەکرێت و دەکوڵێنرێت، یان دەخرێتە بەر هەڵم. **~گ.س.**
[139] **هاریسن**: هاریسن و هاوبەشەکانی، حەڵواچی، بە ناونیشانی ٢٩ی شەقامی وێستمۆرلاند. **~گ.س.**
[140] **شەکری دیمەرارا**: شەکری قامیشی شەکری سرووشتییە کە لە شێوەی وردە کریستاڵی قاوەییباودایە، بە ناوی هەرێمی دیمەرارا-ی گویانای ئەمەریکای باشوورەوە ناو نراوە. **~گ.س.**
[141] **عەرەبێکی پێپەتی**: فڕانک دیلەینی دەڵێت ئەمە منداڵێکی دەبلنییە کە پێڵاوی لە پێدا نییە. واتە عەرەب نییە، بەڵکو بە کەسی پێپەتییان وتووە «عەرەب». **~ن.م.**
[142] **شێوی... بەستراون**: نانی بەیانیی خۆڕایی دەبلن بۆ هەژاران لە باڵەخانەکانی یەکێتیی مەسیحییەکان، لە شەقامی ئابەیی خواروو: «نانی بەیانیی خۆڕایی هەموو بەیانیی یەکشەممانێک، شێو بە پنس و نیوپنس لە مانگەکانی زستاندا» کرِیارەکانی خێرخوازییەکە بە پێوە لەسەر بەرمێزەکاندا نانیان دەخوارد، کە قاپ و قاچاخەکان بەم بەرمێزانەوە بە زنجیر بەسترابوونەوە. **~گ.س.**
[143] **مانگێکی نوێ**: خاتوو برین ڕاستە؛ دووشەممە، ١٣ی حوزەیرانی ١٩٠٤ کاتژمێر ٨:٤٥ مانگی نوێ بەسەر دەبلندا هەڵهات. گەندەباوەڕی خەڵکان مانگی نوێیان بە کاتێکی باش دادەنا، شێتیشیان بە مانگی تابانەوە گرێ دابوو. ڕیزپەڕێکی دیار: وا گریمانە کراوە کە گورگەمرۆکان لە کاتی مانگی نوێدا بۆ چالاکی ورووژاون و کە مانگ چووەتە ڕووەکانی تریەوە ئەمانیش بوونەتەوە بە مرۆڤ. **~گ.س.**
**گورگەمرۆ**: بە ئینگلی *werewolf*، لە چیرۆک و فیلم و گێڕانەوەدا گورگەمرۆ کەسێکە کە دەبێت بە گورگ. **~ن.م.**
[144] **گرف**: بلووم مۆتەکەکەی برین بە گرفتەوە دەبەستێتەوە {واتە *هەرسنەکردن*}. **~گ.س.**
[145] **بیللیی قەرە**: {*ابیللی* ئەو کارتەیە کە پیتی Aی لەسەرە} کارتێکی شوومی بەختگرتنەوەیە: هێمای ڕق، بەدبەختی و لەوانەشە مەرگ بێت. **~گ.س.**

[146] **یو پی، ئەپ**: ئەم دوو پیتە دووبارەکراوەیە پێکەوە یەکێکن لە پەرلە نەکراوە و ئاڵۆز و مشتومڕاوییەکانی *ئولیس*. هەوڵ دەدەم ڕوونیان بکەمەوە:

ئەوەی لە دەقە ماکەکەدا نووسراوە تەنها دوو پیتی *یو پی U.P.*یە، یەکەم جاریان کە بلووم دەیپرسێت هەردووکیان بە پیتی گەورە نووسراون، دووەم جار کە خاتوو برین وەڵامی دەداتەوە یوەکە گەورەیە و پیەکە بچووکە *U.p*، هەر بە تەنیشتیشیەوە ئەم جارە هەردوو پیتەکە بچووکن *up*. بەم شێوەیە:

- What is it? Mr Bloom asked, taking the card. U. P.?
- U. p: up, she said. Someone taking a rise out of him. It's a great shame for them whoever he is.

*U.P* لە کۆی ڕۆمانەکەدا ٣ جار بە پیتی گەورە هاتووە: (ئەڵقەی ٨، ١١ ١٥: یەکی یەک جار) دوو جاریان پیەکەش خاڵی لە بەردەمدایە و جارێکیان پیەکە خاڵی لە بەردەمدا نییە. *U.p* دوازدە جار هاتووە کە پیتی یەکەم گەورەیە و پیتی دووەم بچووکە (ئەڵقەی ٨ و ١٥: یەکی سێ جار؛ ئەڵقەی ١٢: پێنج جار؛ ئەڵقەی ١٣: ١ جار). *up* دوازدە جاریش بە پیتی بچووک هاتووە کە بە تەنیشت پیتە گەورەکانەوە دانراون و پەیوەستن بەم بابەتەوە (ئەڵقەی ٨: ٣ جار؛ ئەڵقەی ١١ و ١٣: یەکی ١ جار؛ ئەڵقەی ١٢: ٤ جار؛ ئەڵقەی ١٥: ٣ جار).

لە وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەدا بە دوو پیتی H.S. هاتووە کە هەر بە تەنیشتیشیەوە نووسیویە *Hors service*، بە واتای *یەکێک لە کار یان ئەرک لێبووبێتەوە*، ڕاڤەی لەسەر داوە و دەڵێت: «پلارەکە ڕوون دیارە کە پەیوەندیی بە جووتبوونەوە هەیە»، ئەگەرچی هاوڕای نیم کە دەڵێت «ڕوون دیارە». دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا بە م.*س*. و دواتر بە *مس* وەریگێڕاوە. پێم وایە بە واتای «شێت» دێت و تەنها دوو پیتی وشەکەی جیا کردووەتەوە. لە ئیتالییەکەی جێلاتیدا هەردوو پیتەکەی وەک دەقە ماکەکە هێناوەتەوە، بەڵام کردوویە بە سەرەپیتی *un pazzo*، بە واتای «شێتێک».

ئەم دوو پیتە دووبارەکراوەیە بە چەندین شێوە ڕاڤە کراون و ڕای گەلێک جیاوازی لەسەرە. گیفرد دەڵێت:

> لە چاپتەری ٢٤ی *ئۆلیڤەر تویست*ی چارلز دیکنسدا شاگردی دەرمانگەرێک دەربڕینی U.P. بە کار دەهێنێت بە واتای مەرگی نزیکی پیرەژنێک. لە وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەی *ئولیس*دا {کە کەموزۆر ڕەزامەندیی جۆیس خۆیی لەسەر بووە} ئەم پۆستکارتە بە fou tu «تۆ شێتیت» یان «لێبوویتەوە/تیاچوویت» «دۆڕاویت»

وەرگێڕراوە. ڕیچارد ئێڵمان دەڵێت: «کاتێک ئێرەق دەبیت لە بری ئەوەی ئاوت بێتەوە میز دەکەیت» (نامەکان، ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣؛ هەروەها بڕوانە لاپەڕە ٤٥٥ی *جەیمز جۆیس* نووسینی ئێڵمان). ئەگەرێکی تر هەیە کە u.p. پۆلێنێکی ویسکی بێت، واتە ویسکییەکە کەمتر لە ٥٧.١٪ی کحولی تێدایە کە لە ژێر چەسپێنراوی یاساییدایە (ڕۆبێرت تی. بەیرنس ئەمەی پێشنیار کردووە کە ساڵی ١٩٨٣ لە بەشی زمانی ئینگلیی زانکۆی UCLA دەرچووە). هێشتا ڕایەکی تریش هەیە کە ئەمە پەیوەست دەکاتەوە بە ژمارەی زنجیرەبەندی گۆڕستانە ئایرییەکانەوە؛ بڕوانە ئادامس لا. ١٩٢-١٩٣.

ئەوەی ئەمەی ئاڵۆزتر کردووە خودی واتای وشەی *ئەپ up*ە بە ئینگلی کە زیاتر لە نەوەد واتای هەیە و لە دەربڕینی بازاڕیشدا بە دەیان واتای هەیە. بەڵام لێرەدا هەندێک لە ئەگەری واتاکان دەخەمە ڕوو:

1. ئەگەر ئاماژەکەی *ئۆلیڤەر تویست* وەربگرین کە گیفرد هێناویەتیەوە، ئەو کات دەبێت بە: *تەواو لێبوویتەوە* یان شتێکی وەک *سەرت لە گوێی گۆڕ دەلەرزێت*! ئەمە بە ڕای من کەمتر ڕێی تێ دەچێت، چون زۆر پەیوەندیی بە «ناوزڕاندن»ەوە نییە.
2. ئەگەر خودی دوو پیتەکە بخوێنینەوە دەبێت بە یو پی، کە ئەگەر ئەم دوو دەنگە بنووسینەوە دەبێت بە *you pie* بە واتای *تۆ میز دەکەیت*. لێرەوەیە کە بابەتی میز پەیوەست کراوە بە واتاکەیەوە و ئێڵمان دەڵێت: «کاتێک ئێرەق دەبیت لە بری ئەوەی ئاوت بێتەوە میز دەکەیت».
3. ئەگەر دووبارەکردنەوەکە ڕەچاو بکەین، کە سەرەتا بە پیتی گەورە دەڵێت یو پی، کە لە خاڵی ڕابردوودا ڕاڤە کرا، پاشان دووبارەکەی بە پیتی بچووک ڕەچاو بکەین دەبێت بە: *یو پی ئەپ: you pie up*، بە واتای *تۆ بۆ سەرەوە میز دەکەیت*، یان *تۆ بە پێوە میز دەکەیت*. لەیا هاڕپەر باورۆن لەسەر ئەگەری یەکەمیان دەڵێت: «دێنیس برین کە بە پێوە میز دەکات بەرەو سەرەوە میز دەکات، یان میزەکەی بەرەو سەرەوە دەپرژێنێت، چون نەخۆشیی *میزەڕۆدراوی hypospadias*ی هەیە و کونی میزکردنی لەسەر گونی، یان پشتی گونیەوەیە». نەخۆشیی *میزەڕۆدراوی* نەخۆشییەکی زگماکییە، کە کونی میزکردنی تووشبووەکە دەکەوێتە ژێر چووکی، یان سەر گونی.

4. *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* یەکێک لە واتاکانی *یو پی* بۆ کەسێک بە کار دەهێنێت کە «لێبووەتەوە، تەواو بووە، چارەی نەماوە». سام سلەوت ئەم واتایەی لا پەسەندە.
5. لە وەرگێڕانە ئەڵمانییەکەی گۆرگ گۆییێرت-دا، کە ساڵی ١٩٢٧ بڵاو کراوەتەوە و یەکەم وەرگێڕانی *ئولیس*ە بۆ هەر زمانێک، ئەگەرچی جۆیس ٨٨ لاپەڕەی لێ خوێندووەتەوە و بە دڵی نەبووە، بەڵام وەرگێڕەکە و جۆیس گەلێک پەیوەندییان هەبووە، بۆیە جۆیس کەم و زۆر ئاگای لە وەرگێڕانەکەی هەبووە؛ گۆییێرت لە ئەڵمانییەکەدا وشەی *پلێم* *splem* داناوە، بە واتای *شێت*. وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەی سەردەمی جۆیسیش هەر *شێت*ی داناوە، وەک گیفرد ئاماژەی پێ دا.
6. دەشێت یو پی ئاماژە بێت بە دەربڕینی ڕەشۆکییانەی *up your arse!* بە واتای *بە قنت*!

دەشێت دوو پیتەکە زیاتر لە واتایەک هەڵبگرێت، کە یەکێکیان پەیوەندیی بە ناوزڕاندن و سووکایەتیکردنەوە هەیە، بۆیە میستەر برین چووە یاسای ناوزڕاندن بپشکنێت و داوای قەرەبوو بکات.
لەبەر ئەوەی هیچ دڵنیا نیم و نامەوێت لە خۆمەوە هیچ واتایەک دەستنیشان بکەم، بۆیە ئەم دوو پیتەم وەکو خۆی هێناوەتەوە، پیتە گەورەکانم بە «یو پی» وەرگێڕاوە، پیتە بچووکەکانم وەک ئینگلیییەکە بە «ئەپ» داناوەتەوە، چون پێم باشە ئەم پەرلەیە هەر وا لە کوردییەکەشدا مەتەڵئامێز بێت، وەک لە ماکەکەدا مەتەڵئامێزە. **~ن.م.**

147 **مێنتن**: (بڕوانە ٦: ٢١٢). **~ن.م.**

148 **ڕەگەزە نادادپەروەرەکە**: لە ئینگلیدا زۆر جار بە ڕەگەزی مێ دەوترێت «ڕەگەزە جوانەکە *the fair sex*»، بەڵام کاتێک وشەی *فێر fair* نەرێ دەکرێت بە واتای ناشیرین نایەت، بەڵکو بە واتای نادادپەروەر دێت، لێرەدا ئەمە ڕەگەزدۆزییە لەسەر ڕەگەزی مێ، کە ئەگەرچی ڕەگەزە جوانەکەیە، بەڵام نادادپەروەرە. **~ن.م.**

149 **مولیگەتانی**: بە ئینگلی *mulligatawny*: شۆربایەکە بە تامی کەری، لە گۆشت و مریشک و نیسک دروست دەکرێت. وشەکە لە بنەچەدا تامیلییە، بە واتای: ئاوی بیبەری ڕەش. **~ن.م.**

150 **جۆسی پاوڵ**: ناوی کچێنیی خاتوو برینە. **~گ.س.**

[151] **لوک دۆیەل... باڕن**: لوک و کارۆلین دۆیەل، هاوڕێی ماڵی بلووم بوون، لە دۆلفین باڕنس ژیاون لە بەری باشووری خۆرئاوای دایکەشاری دەبلن. لە ئەڵقەی حەڤدەدا باسی ئەو دیاریی هاوسەرگیرییەیان دەکرێت کە بۆ ماڵی بلوومیان هێناوە. **~گ.س.**
لوک دۆیەل ساڵی ١٨٢٧ لە دایک بووە. ساڵی ١٨٥٦ تا ١٨٦٧ لە ناونیشانی ٤ی شەقامی لەندەنبریدج ژیاوە، دواتر گواستوویەتیەوە بۆ ٨ی کامەک پلەیس، لە دۆلفینس باڕن، لەوێ لەگەڵ کارۆلین ماری-ی ژنیدا ژیاوە. ساڵی ١٨٨٣ گواستوویانەتەوە بۆ ماڵێکی گەورەتر بە ناونیشانی ٤ی ماونت براون، کیلمەینهام لە دەبلن. سەرەتا وەک دارتاش و خانووساز کاری کردووە، بەڵام دواتر بووە بە فەرمانبەرێکی بیمەکار و لەگەڵ بەشگەی بیمەکانی شەقامی دەیم و دەوروبەریدا کاری کردووە. ساڵی ١٨٥٠ تا ١٨٥٥ نووسینگەیەکی لە ناونیشانی ٨ی شەقامی ئەنگلێسا هەبووە، ساڵی ١٨٥٦ نووسینگەکەی گواستووەتەوە بۆ ٩ی تێمپڵ باڕ و تا مردنیشی هەر لەوێ کاری کردووە. هاوڕێیەکی نزیکی جۆن ستانیسلاوس جۆیس-ی باوکی جەیمز جۆیس بووە. لە ٢٧ی ئابی ١٨٨٥دا لە ماڵی خۆی لە ماونت براون کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی گۆڵدنبریدج لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**
[152] **نەگۆبازی**: (بڕوانە ١: ٤١). **~ن.م.**
[153] **مینا پیورفۆی**: ناوەکەی لە ڕیچارد دانسەر پیورفۆی وەرگیراوە کە پزیشک بووە و پزیشکی منداڵبوون بووە و ساڵی ١٩٠٤ بەڕێوەبەری پێشووی خەستەخانەی ڕۆتوندای منداڵبوون بووە لە مەیدانی ڕوتلاند (پارنێڵی ئێستا). مێردەکەی خاتوو پیورفۆی لە وێژەی خەیاڵکردا میتۆدیستێکە بە ناوی ثیۆدۆر پیورفۆی، «ژمێریارێکی دووەمی بەویژدان بووە لە بانکی ئۆڵستەر. لقی کۆلێج گرین» لە دەبلن. **~گ.س.**
مینا پیورفۆی، کە لە خەستەخانەی نیشتمانیی منداڵبوونی شەقامی هۆلس کەوتووە و نۆیەم منداڵی دەبێت، لەگەڵ ثیۆدۆر-ی مێردیدا، کە لە بانکی ئۆڵستەر ژمێریار بووە، دوو کەسێتیی خەیاڵکردن. ناسناوەکەیان لە ڕیچارد دانسەر پیورفۆی-ەوە هێنراوە، کە بەڕێوەبەری خەستەخانەی منداڵبوونی ڕۆتوندا بووە لە دەبلن. ڕیچارد دانسەر پیورفۆی کوڕی دکتۆر تۆماس پیورفۆی بووە، دایکی ناوی ئالیس ماریا (پێش شوو: *دانسەر*) بووە، لە ئابی ١٨٤٧ لە کلەکجۆردن لە کاونتیی تیپێرەری لە دایک بووە. لە قوتابخانەی ڕافۆ-ی پاشایی لە کاونتیی دۆنیگۆل و دواتر لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن خوێندوویەتی. لە خەستەخانەی ئادێلەید پزیشکی ژنان بووە، دواتر بووە بە بەڕێوەبەری خەستەخانەی ڕۆتوندا لە دەبلن. یەکەم تاقیگەی نەخۆشیناسیی لە خەستەخانەی ڕۆتوندادا

دامەزراندووە، پیتاکەکەی لە ڕێکخستنی بازاڕی «لوسینا»وە بۆ کۆ کردووەتەوە. هەرگیز ژنی نەهێناوە و لەگەڵ ئانا کاترین-ی خوشکی و سێ خزمەتکاردا لە ماڵی خۆیان لە ٦٢ی مەیدانی مەریۆنی باشوور لە دەبلن ژیاون. سەرۆکی کۆلێجی پاشایی نەشتەرکارانی ئایرلاند و ئەکادیمیای پاشایی ئایرلاند بووە. لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩١٩دا لە ماڵی خۆی کۆچی دوایی کردووە. **~ڤ.ئ.**

[154] **فیلیپ... دەکاتەوە**: (بڕوانە ٤: ١٨٣ و ٤: ١٨٤). **~گ.س.**

[155] **خەستەخانەی... هۆلس**: (بڕوانە ٦: ١٤٨). **~گ.س.**

[156] **دکتۆر هۆڕن**: ئەندرو جەی هۆڕن، جێگری سەرۆکی پێشووی کۆلێجی پاشایی پزیشکانی ئایرلاند بوو و یەکێکە لە دوو «سەرگەورە»کەی خەستەخانەی نیشتمانیی منداڵبوون لە شەقامی هۆلس. **~گ.س.**

[157] **تاکهاوێنە**: بە ئینگلی *monocle*: یەک هاوێنەی چاویلکەیە، سەدەکانی پێشتر خەڵکان بۆ باشتر بینینی شتان دەیانکردە چاوێکیان. **~ن.م.**

[158] **کاشل... فارل**: شێتێکی دەبلن بوو، ناسناوی «ئێندیمیۆن» (واتە ئەوەی مانگ خۆشی دەوێت) فارێل-ی لێ نرابوو. ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی لە پەرتووکی (*کە بە شەقامی ساکڤیلدا دادەگەڕام* [نیو یۆرک، ١٩٣٧] لا. ١-١٠) دەڵێت کە وێنەیەکی شایستەی کردنەوەی دەبلن و ئایرلاندی تێکەڵوپێکەڵ بوو، هەروەها دەشڵێت ناوی «جەیمز بۆیەل تیزدەل بورک ستیوارت فیتزسیمۆنس فارێل» بووە. هەروەها بڕوانە ئێلمان، لا. ٣٦٥. **~گ.س.**

[159] **دێنیس**: مێردەکەیەتی، دێنیس برین. *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* ناوی دێنیس برینی وەک خاوەنی هۆڵی بلیاردی لەینستەر داناوە لە شەقامی ڕاثماینس. **~گ.س.**

[160] **وی تەماشای... خۆی لادەدا**: بلووم سەیری خاتوو برین دەکات کە بەپەلە بەرەو مێردەکەی دەڕوات. **~ن.م.**

[161] **هاریسن**: (بڕوانە ٨: ١٣٩). **~گ.س.**

[162] **لە کەنداوەکەوە با دەبیات**: برین ئەوەندە لاوازە کە وا دیارە با بیبات. **~گ.س.**

[163] **بێ ئەوەی... دەلەقی**: دێنیس برین ڕێ دەدات ژنەکەی پێشی بکەوێت. **~ن.م.**

[164] **مەشوگە**: زمانی یدییە، واتە شێت. **~گ.س.**

[165] **تەختەکانی شل بەستراون**: لە دەقە ماکەکەشدا هەر پەندێکە بە واتای ژیریی لە دەست داوە. **~ن.م.**

[166] **کڵاوزرێ... دەبینی**: جلەکانی فارێلە، وەک ئێلمانیش لە لاپەڕە ٣٦٥ی پەڕتووکەکەیدا باسی دەکات، دوو شمشێر، قولاپێکی ماسیگرتن، چەترێک، «کڵاوێکی دەفری کە کونی گەورەی بۆ هەواگۆڕکێ تێدا بووە». **~گ.س.**

[167] **دەڵێیت شەخسەپەڕۆیە**: ئەوەی بە «دەڵێیت شەخسەپەڕۆیە» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا دەربڕینی *Going the two days*ە، کە بە واتای وشە بێت دەبێت بە «دوو ڕۆژەکە دەڕوات» یان شتێکی لەو بابەتەیە و بنەچەکەی نازانم تا بتوانم باشتر وەریبگێڕم. تەنها گیفرد ڕاڤەی کردووە و دەڵێت: «{ئەمە} دەربڕینێکی بازاڕیی دەبلنییە، بە واتای *ڕەفتار بە لێهاتوویی*، یان *وزەی زۆر* {دێت}». لەو کاتەدا دەتوانین لە کوردییەکەدا بڵێین «ماخۆلانیەتی». بەڵام لە دکتۆر سام سلەوتم پرسی، بۆمی نووسی: «ئەمە دژوارە، نەمتوانیوە لە شوێنانی تردا هیچ نموونەیەکی تری بەکارهێنانی ئەم دەربڕینە بدۆزمەوە. باشترین شت دۆزیبێتمەوە وەرگێڕانی ١٩٢٩ی فەڕەنسیی *ئولیس*ە (کە جۆیس خۆی کەمێک دەستی تیایدا هەبووە)؛ لەم وەرگێڕانەدا بە *sur on trente et un* وەرگێڕراوە، بە واتای 'لەسەر سی و یەکەکەی'، بەڵام ئەمە دەربڕینێکی خۆمانەیی فەڕەنسییە واتە *جلی زۆری لە بەر کردووە*. بۆیە لە بەستێنەکەدا دەشێت بوترێت *جلی زۆری لە بەردایە*». دکتۆر تەهاش لە عەرەبییەکەدا لە ژێر ڕۆشنایی ئەم فەڕەنسییەدا نووسیویەتی: «لابس ما علی الحبل کله». واتە: *چی بەسەر تەنافەکەوە بووە هەمووی پۆشیوە*. پاش ڕاوێژ بە دکتۆر سلەوت من «شەخسەپەڕۆ»م بۆی دانا، ئەم وشە سەیرەم لە نەنکم بیستووە، کە یەکێک جلی زۆری لە بەر کردبا، نەنکم پێی دەوت: «دەڵێیت شەخسەپەڕۆیت!» واتە جلی زۆری لە بەر کردووە و وەک بووکەڵەیەکی لێ هاتووە کە بە پەڕۆ و پاتاڵ دروست کراوە. **~ن.م.**

[168] **شەلەنگ**: (بڕوانە ١: ١٠٦). ئەم وشەیەی ئێرە و ئەوەی ئەڵقەی یەکەمیش لە دەقە ماکەکەدا هەمان وشەی *mosey*یە، گیفرد لە ڕاڤەی ئەوەی ئەڵقەی یەکەمیاندا دەڵێت: «کەسێکە کە بە خاوی پیاسە دەکات، یان بە پێخشکێ دەڕوات» بۆ هەمان وشە لەم ئەڵقەی هەشتەمەدا دەڵێت: «تووکن، بە تایبەتی هەبوونی {تووک}ی تەنکی زۆر وەک نەرمەپەڕی باڵندە». وشەی کەوانەکە لە چاپەکەی گیفرددا تەنها یەک پیتی دیارە، بە گریمانەی خۆم وشەکە *hair*ە، بە واتای *تووک*، کە تەنها پیتی *ئێچ*ەکە و یەک خاڵی *ئەی*ەکە دیارە. سام سلەوت پێی وایە هەمان ڕاڤەکەی ئەڵقەی یەکەم ڕاستەکەیە و بۆ ئەوەی ئەڵقەی یەکەم دەڵێت بە واتای «شێت، بێمێشک» دێت. **~ن.م.**

[169] **ئەو شەلەنگە... بە سەر ببات**: شەلەنگەکەی تر دێنیس برینە، ئەوەشی کە کات و ژیانێکی سەخت بەسەر دەبات لەگەڵیدا ژنەکەیەتی. **~ن.م.**

[170] **ئالف بێرگن**: ساڵی (١٩٥١ یان ١٩٥٢ مردووە)، کەسێتییەکی تری دەبلن بووە و تەشقەڵەچی بووە، لە نووسینگەی دەیڤد چارلزی پارێزەر لە شەقامی کلێر لە دەبلن فەرمانبەرێکی یاسایی بووە. ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤ ناوی نووسینگەی دەیڤد چارلزی تێدا نییە، بەڵام ناوی ئالفرێد بێرگنێکی تێدایە کە دانیشتووی شەقامی کلۆنلیف-ە و ئەم بێرگنەیە کە جۆیس لە نامەی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١دا ناوی هێناوە. ساڵی ١٩٠٤ یاریدەری جێگری دارۆغەی دەبلن بووە. **~گ.س.**

(بڕوانە ٦: ٣). لە دامێنی ئەو ڕاڤەیەدا ڤیڤیەن ئیگۆ دەڵێت کە لە ٢٥ی ئایاری ١٩٣٧دا جۆیس و ئالف بێرگن نامەیان ئاڵوگۆڕ کردووە. **~ن.م.**

[171] **ڕیچی گولدینگ**: (بڕوانە ٣: ٦٧). **~ن.م.**

[172] **مەیخانەی سکۆچ**: مەیخانەیەک بوو بە ناونیشانی ٦-٧ی لەنگەرگای بورگ، لەسەر سووچی شەقامی هاوکینز، لە بەری باشووری ڕووباری لیفی؛ جەیمز وەیر و هاوبەشەکانی (سنووردار)، نوێنەری چا، شەراب و مەی و بازرگان. **~گ.س.**

[173] **بۆ خوداکان دەبێتە جەژن**: جۆیس یەکەم جار نووسیویە: «بۆ خوداکان دەبێتە دیمەن» واتە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بۆ خوداکان. سەیر بوو لام کە ئەم دێڕە زۆر بە دەگمەن ڕاڤە کراوە. سام سلەوت دەیگەڕێنێتەوە بۆ شانۆنامەی *یولیوس قەیسەری* شێکسپیر، کە لەو شانۆنامەیەدا بروتوس باس لە نەخشەی کوشتنی قەیسەر دەکات، پێی باش نییە کە ئەنجنەنجنی بکەن، چون ئەوان لەگەڵ ئەوەدان کە گیانی قەیسەر لە ناو ببەن، نەک لەشی پارچەپارچە بکەن، تەنانەت خۆزگە دەخوازێت بیانتوانیایە کاریگەریی قەیسەر نەهێڵن بێ ئەوەی بیکوژن، بەڵام بەداخە کە دەبێت بۆ ئەم مەبەستە قەیسەر خۆی بکوژن، بۆیە دەڵێت: «با وەک ژەمێکی شایستە بە خوداکان لەتی بکەین، نەک وەک کەلاکێک بۆ تانجی ئەنجنەنجنی بکەین.». (یولیوس قەیسەر ٢: ١، ١٨٥). بەڵام بە ڕاستی نازانم پەیوەندیی لەگەڵ بەستێنەکەدا چییە. **~ن.م.**

[174] **ئایرش تایمز**: لە ٣٢ی شەقامی وێستمۆرلاند (بلووم بەرەو باشوور دەڕوات). *تایمز* ئەو کاتە و ئێستاش ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە بەیانیان دەردەچێت. ساڵی ١٩٠٤ بەئاگایانە هەواڵی بڵاو دەکردەوە و پشتی پێ دەبەسترا؛ وارگێڕیی نووسینکارییەکەی بە شێوەیەکی بەردەوام، ئەگەرچی زۆر بە زەقی نا، دیدێکی ئینگلیی پرۆتستانتیی پارێزکار بوو، ڕەوشی

ڕۆژگارەکەی لا پەسەند بوو و بەدگومان بوو لە هەڵمەتی بەنەتەوەکردنی ئایرلاند. ئەو ڕیکلامەی بلووم لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوی کردووەتەوە بە مەرسا کلیفۆردی ناساندووە. **~گ.س.**

[175] **کۆسووڕ**: لێرە و لە جێی تریشدا بە واتای *سیستم system* بە کارم هێناوە. **~ن.م.**

[176] **ڕەنگە وەڵامی... وێژەوانیدا**: بلووم هەلی کارێکی لە ڕۆژنامەی *ئایرش تایمز*دا داناوە، ئەوەندەی بە دەستی گەیشتووە چل و چوار خانم کارنامەیان ناردووە، کە یەکێک لەوانە مەرسا کلیفردی ئەڵقەی پێنجەمیشە. ڕەنگە وەڵامی تریش لە نووسینگەی ڕۆژنامەکە چاوەڕێی بکەن، بەڵام بلووم پێی وایە چل و چوار کارنامە بەسە و ئەگەر وەڵامی تر هاتبن با بۆ خۆیان لە نووسینگەی *ئایرش تایمز* بکوڵێن و بمێننەوە (بڕوانە ٥: ٤٢). **~ن.م.**

[177] **بە ئازیزی... نییە**: لە نامەکەی مەرساوەیە (بڕوانە ٥: ١١٥). بلووم جیاواز دەقەکەی بیر دەکەوێتەوە، لە نامەکەدا دەڵێت: «کوڕی هاروهاج»، لێرەدا دەڵێت «ئازیزی هاروهاج». **~ن.م.**

[178] **تکایە... جۆرە بۆنێک**: بیرکەوتنەوەی نامەکەی مەرسان (بڕوانە ٥: ١١٨). **~ن.م.**

[179] **لیزی تویگ**: ئادامز لە لاپەڕە ٥٥ی پەڕتووکەکەیدا دەڵێت کە کەسێتییەکی ڕاستینە بووە، «کچە شاگردێکی ئەی ئی بووە... ناسیۆنالیستێکی ئایری سەرسەخت بووە». لە *ئایرش ڕۆژەری* و *یونایتد ئایرشمان*دا بە ناوی خۆیەوە هۆنراوەی بڵاو کردووەتەوە، ساڵی ١٩٠٤ پەڕتووکێکی هۆنراوەی خۆی بڵاو کردووەتەوە بە ناونیشانی *گۆرانی و هۆنراوەکان*، بە ناوە ئایرییەکەی خۆیەوە کە *ئیلیس نی کراوبهین* بووە. **~گ.س.**

[180] **ئێستانان... گرتووەتەوە**: لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە لە دەرەوەی دەبلنیش بە فراوانی بڵاو دەکرایەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگادارییی یاسایی بۆ ناو هەرێمەکانی دەرەوە بە کار دەهێنرا. **~گ.س.**

[181] **ئاشپەز... بەردەستیی دەکات**: پێویستمانە: ئاشپەز و کارەکەرێکی ماڵ، بەو مەرجەی کە ئەو ناندانەی ئەو تیایدا کار دەکات نایابە و خانمێکی خزمەتکاریش بەردەستیی دەکات. **~گ.س.**

لە دەقە ماکەکەدا شەپۆلی هۆشی بلوومە و ڕستەی تەواو نییە، وا دیارە دەقی ڕیکلامێک بە بیر خۆی دەهێنێتەوە، هەندێک لە وشەکان تەواو ناکات و زۆر ڕوون نییە، من وای لێ تێدەگەم کە بڵێت دەبێت ئاشپەزەکە دەستاوی نایاب بێت، نەک ئەو ناندانەی کاری تێدا

دەکات نایابە. چون لە دەقەکەدا وشەی *کویزین cuisine*ی بە کار هێناوە بە واتای دەستاو، یان چێشتی دەست. **~ن.م.**

[182] **ک.ڕ.**: کاسۆلیکی ڕۆمی. **~ن.م.**

[183] **جەیمز کارلایەل**: لە *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*دا بە هەردوو ڕێنووسی «کارلیسل» و «کارلایەل»یش هاتووە، بەڕێوەبەر و سەرۆکی *ئایرش تایمز* بوو. **~گ.س.**

[184] **پشکی... شەش و نیو**: بەشگەی سنووրداری ئایرش تایمز «بەشگەیەکی گشتی» بوو، {واتە موڵکی خەڵک بوو} و قازانجی ساڵانەکەی ١٩٠٣ لە سەدا شەش و نیو بوو. **~گ.س.**

[185] **کارێکی... کۆتس کرد**: جەیمز و پیتەر کۆتس، دەزگای کارگەی دروستکردنی بەکرە بوو، بارەگاکەیان لە پەیزلی بوو لە سکۆتلاند و ساڵی ١٨٩٦ لەگەڵ ڕکابەرە سەرسەختەکەیاندا یەکیان گرت، کە کلاڕک و هاوبەشەکانی بوو. ئەم پاوانکردنەش قازانجێکی گەورەی ئابووریی لێ کەوتەوە بۆ بەشگەکە و بەهاکەیشی لە بازاڕی پشکەکاندا بەرز بووەوە. **~گ.س.**

[186] **کەروێشک بە عەرەبانە دەگرێت**: لە دەقە ماکەکەدا وشەیەکی سکۆتی بە واتایەکی میتافۆڕی بە کار هاتووە، وشەکە *کاکەنی Ca'canny*یە، گیفرد لە ڕاڤەکەیدا دەڵێت:

> سکۆتییە، واتا «لێخوڕینی هێواش» بەڵام بە خوازەیی واتای «ڕۆیشتن بە خاوی و وریاییەوە» دەگەیەنێت.

لە کوردیدا ئەو پەندەمان هەیە بە واتای کەسێکە بە وریایی و پشوودرێژییەوە کار بکات و ئامانجی گەورە بپێکێت. **~ن.م.**

[187] **ئایرش فیلد**: حەفتەنامەیەک بوو «تایبەتە بە خولیاکانی جەنتڵمانەکانی دەرەوەی شار» شەممان لە دەبلن دەردەچوو. **~گ.س.**

*ئایرش تایمز* لە تەمووزی ١٩٠٣دا ئەم حەفتەنامەیەی کڕیوەتەوە. **~س.ت.م.١**

[188] **خاتوونی ماونتکاشل**: {بە واتای *خاتوونی سەرگەورەی ناوچەی ماونتکاشل*} گێڕانەوەی بلوومە لەسەر ئەو جۆرە هەواڵانەی *ئایرش فیلد* خۆی لە قەرەیان دەدا. ئەگەرچی هیچ خاتوو ماونتکاشلێک بوونی نەبووە. ئێدوارد جۆرج ئاوگوستیس هارکۆرت (١٨٢٩-١٩١٥)، کە ئێرلی ماونتکاشل و بارۆنی کێڵسوۆرث بووە (١٨٩٨-١٩١٥)، ژنی نەهێناوە و بێ میراتگر مردووە. **~گ.س.**

189 **بەرهەڵداکردن**: لێرەدا لە بەرانبەر وشەی *enlargment*ی ئینگلیدا دانراوە، کە جگە لەوەی بە ئینگلی بە واتای «گەورەکردن» دێت، بەڵام لە بواری ڕاودا زاراوەیە و مەبەست لێی «ئەو کاتەیە کە ڕێوی لە بێرکمی خۆی بەرهەڵدا دەکرێت تا ڕاو بکرێت». **~ن.م.**
190 **ڕاتۆث**: دێیەکە بیست و پێنج میل لە باکووری خۆرئاوای دەبلنەوە دوورە. فێریهاوس، «ماڵەکە» ماڵی کۆمەڵەی ڕاوچییە یەکگرتووەکان نزیک ڕاتۆثە. **~گ.س.**
191 **کۆمەڵەی تانجییان**: {تانجی یان تاژی واتە سەگی ڕاو؛ ئەو تانجییەی بە تایبەتی لێرەدا ناوی هێناوە تانجیی تایبەتە بە ئاسکگرتن} تانجیی ئاسکگر یەکەم جۆری سەگە کە ئێستانان لە ژێر زاراوەی گشتیی تانجیدا پۆلێن دەکرێت. کۆمەڵەی ڕاوچییە یەکگرتووەکان یەکێک بوو لە کۆمەڵەی ڕاوچییە ناودارترەکانی ئایرلاند، دوو جار یان هەندێک جار سێ جار لە حەفتەیەکدا کۆ دەبوونەوە لە وەرزی (تشرینی دووەم تا ناوەڕاستی نیسان). **~گ.س.**
192 **ڕێویی لەخواردننەهاتوو**: لە پەردەی یەکەمی شانۆنامەی *ژنێکی ناگرنگ*ی (١٨٩٣؛ ١٨٩٤)ی ئۆسکار وایلددا، لۆرد ئیلینگوۆرث ڕاوە ڕێوی وەها پەسن دەکات: «قێزەونە، لە گەرمەی ڕاوەڕاودان بۆ شتێک کە ناخورێت» (پاتریک ئەی مەککارثی، گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس، بەرگی ١٣، ژمارە ١ [١٩٧٥]: ٥٤). **~گ.س.**
193 **گۆشتڕاوکەر**: کەسێکە کە بۆ گۆشتی ڕاوەکەی ڕاو بکات، نەک تەنها بۆ کوشتن یان خۆشی، وەک گرتن و بەردانی ڕاوەکەی. **~ن.م.**
194 **ترس... ناسک دەکاتەوە**: ئەگەرچی ڕێوی ناخورێت، بەڵام ڕەنگە گۆشتەکەی لە ترسدا وەها بگۆڕێت کە مرۆڤێکی برسی بتوانێت بیخوات؟ **~گ.س.**
195 **پاشتەرک**: بەشی لای پشتی کورتان و زینە، دەشێت کەسێکی تری لەسەر دابنیشێت. **~ن.م.**
196 **نا بۆ جۆ**: دێڕی گۆرانییەکی بەناوبانگی خاوەنناداریی ١٨٦٠ەکانە. **~گ.س.**
دەقی گۆرانییەکەم لە ماڵپەڕێک دۆزییەوە، کەمێکی بەم شێوەیەیە:

[کۆپلەی یەکەم]
جۆزێف باکستەر ناو و ناسناومە،
هاوڕێکانیشم بە من دەڵێن جۆ،
هەر بەزمێک بووایە من باکم نەبوو
هەر شت بیزانم؛

هەی ئاخ و وەی داخ! ڕۆژێک لە ڕۆژان هێند دەوڵەمەند بووم،
تێر داخم لێی خوارد:
ئێستا گەر پارەم پێ خەرج بکەن
دەڵێم: «نا بۆ جۆ»
[کۆپلەی دووەم]
جاران پارەم بە فیڕۆ دەدا،
سەرەڕۆیانە؛
بەڵام ئێستانان ئاگادارترم،
ئاگادارم چۆن پارە خەرج 'ەکەم:
ئەو شەوە وتم بە هاوڕێیەکم،
با پێکێک بڕۆین.
وتی: «سوپاس، جۆ، با یەک ببینین
پێم وایە حەزم لە شەمپانیایە»
پرسیی: «ئەی تۆ جۆ؟»، وتم: «نەخێر، نا،
نەخێر، نا بۆ جۆ».
[کۆرسەکە]
نا بۆ جۆ، نا بۆ جۆ،
گەر بیزانێت نا بۆ جۆزێف،
نا، نا، نا، نا، نا بۆ جۆ،
نا بۆ جۆزێف، نا.

«نا بۆ جۆ» تەنها دەربڕینە لەسەر خود بە کەسی سێیەمی تاک، وەک بڵێیت: «جۆزێف نایەوێت». **~ن.م.**

[197] **یەکەم... کوشتنەکەشدا**: ئەو کاتەی ڕاوچییەکە ڕێوییەکەی گرتووە و کوشتوویەتی ئەو لەوێ بووە. بە گشتی واتە ئێجگار زۆر باش و ئازایانە و سەرەڕۆیانە هێناویەتی. **~گ.س.**

[198] **گرۆڤنەر**: (بڕوانە ٥: ٥٦). **~گ.س.**

[199] **دەروازەی پێنج پێ بەرزدا**: واتە لە نێوان پێنج بۆ شەش پێ بەرزدا {بە نزیکی مەتر و نیو بۆ مەتر و هەشتا و دوو سانتیمەتر بەرز}؛ واتە لەمپەرێکی مەزن. **~گ.س.**

[200] **میریام داندرەید:** جگە لەوەی لە دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، شوناس و گرنگییەکەی نەزانراوە. لە هەڵوەسەیەکی ئەڵقەی پازدەدا دەردەکەوێتەوە. **~گ.س.**

[201] **میوانخانەکەی شێلبۆرن:** میوانخانەیەکی ڕازاوە و گرانبەها بوو لەسەر یەکتربڕی شەقامی کیلدێر و مۆڵی سەرووی باخی سانت ستیفن بوو. **~گ.س.**

[202] **یەک دەنک... دەدان:** لە دەقە ماکەکەدا وشەیەک بە کار هاتووە، کە بە گوێرەی *فەرهەنگی پاتریدج* بە واتای تووکەبەر دێت، ئەو کات ڕستەکە وەهای لێ دێت: «یەک تاڵی تووکەبەری دەستکاری نەکردبوو کە من دەستم تێوە دەدان». ئەگەرچی من پێم وا نییە ئەم واتایە بگەیەنێت، سام سلەوتیش دەڵێت: «ئەم دەربڕینە واتە خانمەکە هیچ بە خەیاڵیدا نەهاتووە» یان باکی نەبووە، بەو پێیەی بلووم دەست لە دەرپێکانیەوە دەدات، بلووم وا وێنا دەکات کە دەبوو خانمەکە هەست بە شەرمەزاری بکات، بەڵام وا نەبووە. **~ن.م.**

[203] **ستەبسی جەنگەڵوان:** هێنری جی ستەبس تا ساڵی ١٩٠١ چاودێری گشتیی بۆردی خزمەتگوزارییە گشتییەکان {بەڕێوەبەری باخچەکە} و پاڕکی فینیکسی دەبلن بوو. **~گ.س.**

[204] **ویلەن:** شوناس و گرنگییەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

[205] **دەرباریاز:** بە ئینگلی *courtesan* خانمێکە لە دووی دەربار و پلەبەرزان بگەڕێت تا بیکات بە دۆست. **~ن.م.**

[206] **خۆ دایەنگەی دانەناوە:** بە واتایەکی تر: نایەوێت منداڵ دروست بکات. **~گ.س.**

[207] **ڕێبازی شێتییەکەی:** کە هاملێت وا نیشانی دەدات شێت بووە، لە ڕاستیدا گاڵتە بە پۆلۆنیۆس دەکات، پۆلۆنیۆس ڕوو دەکاتە بینەران و دەڵێت: «گەرچی ئەمە شێتییە، بەڵام ڕێبازێکی تێدایە.» (هاملێت ٢: ٢، ٢٠١-٢٠٨ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

لە کوردیدا ڕوون نییە بۆچی «ڕێبازی شێتییەکەی» بە تەنیشت «میتۆدیست»ەوەیە، بەڵام لە ئینگلییەکەدا هۆیەک هەیە: بە ئینگلی بە ڕێباز دەوترێت «میتۆد»، ئاوها وشەی «میتۆدیست» میتۆد (ڕێباز) لە یادی بلوومدا دەورووژێنێت. **~ن.م.**

[208] **کارگەی شیرەمەنییە فێرکارییەکە:** کۆگای بەرهەمی شیریی فێرکاریی سنووردار، دابینکەری «خۆراکی تەندروست» و «خواردنەوەی نامەستکەر» چەندین دوکان و خواردنگەیان لە دەبلن هەبوو. **~گ.س.**

[209] **ک.پ.گ.م.**: کۆمەڵەی پیاوە گەنجە مەسیحییەکان (بڕوانە ٨: ١٢). لە زۆربەی چاپەکانی *ئولیس*دا ئەم سەرەپێتانە دووبارە لێرەدا نین و تەنها لە سەرەتای ئەم ئەڵقەیەدا هەن، بەڵام گابڵەر دووبارە لێرەشدا هێناویەتەوە. **~ن.م.**

[210] **خزمی ئیۆدۆرە**: لە وێژەی خەیاڵکرددا، ئەگەر لە ڕاستیدا نەبووبێت، مۆرتیمەر ئێدوارد پیورفۆی، خزمێکی دوورە، لە نووسینگەی باجگریی دارایی قەڵای دەبلن کار دەکات (بڕوانە ١٤: #). نووسینگەی باجگرییەکە فەرمانگەی سەرەکیی مووچەپێدانی ئایرلاند بوو، بەڵام *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* (لا. ٨٣٤) ناوی ئەم خزمەی لەو نووسینگەیەدا تۆمار نەکردووە. **~گ.س.**

[211] **قەڵای دەبلن**: جێنشینی شا لە ئایرلاند، کە ئینگلتەرا دایدەنا، ئەم قەڵایەی وەک شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بە کار دەهێنا، هەروەها ئەم قەڵایە نووسینگەی سکرتێری گشتی و نووسینگەی وەزارەتی داد و پۆلیسی پاشایی ئایری و فەرمانگە کارگێڕییەکانی لێبوو. **~گ.س.**

[212] **کاکە... خێزانێکدا هەیە**: هەر خێزانێک خزمێکی دەستڕۆیشتوویان هەیە. **~ن.م.**

[213] **سەختی... بە ژنەکەی**: *سەخت* واتە شتی زۆر ڕەق. بەڵام **سەختی ساڵی**: بە ئینگلی *هاردی ئانیوەڵ hardy annual* پێکەوە بە واتای ڕووەکێک دێت کە بەرگەی زستانی سەخت بگرێت و خۆڕاگر بێت و ماوەی ژیانیشی ساڵێک بێت. بەڵام دەستەواژەکە ڕەگەزدۆزییەکی تێدایە کە تەنانەت سەرنجی گیفردیشی ڕانەکێشاوە، بۆیە ڕاڤەی نەکردووە. ئەم ڕستەیە لە ڕووکەشدا واتە: «مێردەکە ڕووەکێک بە ژنەکەی دەدات کە بەرگەی زستانی سەخت دەگرێت». بەڵام *هاردی hardy* واتە سەخت، ڕەق، بەرگەگر؛ *ئانیوەڵ annual* واتە ساڵانە، یان ساڵی؛ کە من پێکەوە بە «سەختی ساڵی» وەرمگێڕاون، بە واتای ناڕاستەوخۆی ئەوە دێت کە: «مێردەکە هەموو ساڵێک منداڵێک لە ژنەکەی دەخاتەوە!». سام سلەوت (بە هەڵە) *فەرهەنگی پاتریدج*ی بە سەرچاوە داناوە و بەم شێوەیە ڕاڤەی کردووە: «سەختی ساڵی: دەستەواژەیەکی ڕۆژنامەوانییە، واتە بابەتی بەسەرچوو»؛ بەم واتایە بێت دەبێت بەم شێوەیە لێی تێبگەین: «مێردەکە بابەتی کۆن و بەسەرچوو بە ژنەکەی دەڵێت». بەڵام ئەگەر لە تەواوی پەرەگرافەکە ورد ببیتەوە دەبینیت کە باس لە منداڵبوون و منداڵزۆری و دایکێتی دەکات، کە لای میتۆدیستەکانیش، کە مێردەکەی خاتوو پیورفۆی میتۆدیستە، لەسەر فەرمانی خودا لە *کتێبی پیرۆز*دا دەبێت «بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن» (پەیدابوون ١: ٢٨). تەنانەت هەندێک لە

وەرگێڕەکانی تری *ئولیس*یش ئەم پەرلەیەیان بۆ نەکراوەتەوە و وەرگێڕانەکەیان هەڵەیە، بۆ نموونە فەرەنسییەکە تەنها وا تێگەیشتووە کە «هەموو ساڵێک نەمامی جوان» بە ژنەکەی دەدات. بەهەرحاڵ، دەبینین کە بلووم لێرەشدا دیسان بە *زمانی گوڵان* بیر دەکاتەوە و دەدوێت، هەر وەک چۆن لە ئەڵقەی چوارەمدا بە زمانی گوڵان بیری دەکردەوە (بڕوانە ٤: ١٢٠ و ٤: ١٢١). **~ن.م.**

214 **ثری جۆلی تۆپەرس**: مەیخانەیەکی باکووری دەبلن بوو، لەسەر ڕووباری تۆلکا. **~گ.س.**

215 **سەگی ناو ئاخوڕن**: کەسێکی خۆپەرستی ڕووتاڵە، لەو چیرۆکەی ئیسۆپۆسەوە هاتووە کە سەگێک ئاخوڕەکە داگیر دەکات و ناهێڵێت ئاژەڵەکان کاکە بخۆن، ئەگەرچی خۆیشی هیچ سوودێک لە ئاخوڕەکە نابینێت. **~گ.س.**

216 **چوارڕێیانی شەقامی فلیت**: شەقامی فلیت شەقامی وێستمۆرلاند لە ناوەڕاستدا لە نێوان پردی ئۆکانەڵ و بەری خۆرئاوای کۆلێجی ترینیتی لە کۆلێج گرین چوارکەرت دەکات. **~گ.س.**

217 **ڕۆو**: ئەندرو ڕۆو، بازرگانی شەراب و خاوەن مەیخانە بە ناونیشانی ٢ی شەقامی جۆرجی مەزنی باشوور، زۆر لە بەری خۆرئاوای ئەو جێیەوە دوور نییە کە بلووم پیاسەی لێ دەکات (پەڕتووکخانەی نیشتمانی لە بەری باشوور و خۆرهەڵاتی ئەو جێیەیە کە بلوومی لێیە). **~گ.س.**

218 **بۆرتن**: میوانخانە و بلیاردخانەی بۆرتن، بە «ژووری حەوانەوە» ڕیکلامیان بۆ خۆیان دەکرد، بە ناونیشانی ١٨ی شەقامی دوک (لەسەر ڕێی بلووم بۆ پەڕتووکخانەکە). **~گ.س.**

219 **بۆڵتنی وێستمۆرلاند**: ویلیەم بۆڵتن و هاوبەشەکانی، میوەفرۆش و بازرگانی چا و شەراب و مەی؛ ٣٥-٣٦ی شەقامی وێستمۆرلاند. **~گ.س.**

220 **دەستسڕێکی سرکاوی**: {سرکاوی واتە سرکەی پێوە بێت} بۆ کەمکردنەوەی تا و هێورکردنەوەی سەرئێشە. **~گ.س.**

221 **سڕەخەو**: بە ئینگلی *twilight sleep*: جۆرە هۆشبەرییەکی بەشەکییە کە لە کاتی منداڵبووندا بە خانمان دەدرێت. شا ڤیکتۆریا لە نیسانی ١٨٥٣دا، لە کاتی بوونی شازادە لیۆپۆڵدی کوڕیدا بوو ڕێی بە پزیشکەکانی دا کە بە شێوەی برێکی کەمی کلۆرۆفۆرم ئەم «سڕەخەو»ە تاقی بکەنەوە. بەنجناسی لەو کاتەدا لە سەرەتاکانیدا بوو و هەواڵی ئەم ئامادەیینیشاندان و ڕێپێدانەی شا ڤیکتۆریاش بە گشت لایەکدا بڵاو کرایەوە. **~گ.س.**

222 **نۆی هەبوو**: شا ڤیکتۆریا چوار کوڕ و پێنج کچی هەبوو. **~گ.س.**

[223] **هێلکەکەرێکی باش بوو**: بە مریشکێک دەوترێت کە بەرهەمی زۆری هەبێت. **~گ.س.**

[224] **پیرەژنێک... هەبوو**: لە گۆرانییەکی باخچەی ساوایانەوە هێنراوە، دەڵێت:

پیرەژنێک لە ناو پێڵاوێکدا دەژیا.

منداڵی زۆر زۆری هەبوو، نەیدەزانی چییان لێ بکا؛

چۆڕێک شۆربا و تیکە نانێکی دەدانێ؛

جا بە قەمچی لێی دەدان و دەیخەواندن. **~گ.س.**

[225] **وای دابنێ وی سیلی هەبوو**: وا دیارە *وی* مێردی ڤیکتۆریا بێت. **~ن.م.** بلووم (بە هەڵە) گریمانەی ئەوە دەکات کە شازادە ئەلبێرت سیلی هەبووە (بە هۆی ئەو گریمانەیەوە کە ئەوانەی سیلیان هەیە، لە ڕووی جووتبوونەوە گەلێک چالاک دەبن). لە ڕاستیدا شازادە ئەلبێرت بە گرانەتا مرد. **~گ.س.**

[226] **سینەی... زیوینەکەی**: بلووم دوو دەستەواژەی وتارەکەی دان داوسن لە یەک دەدات (بڕوانە ٧: ١١٢ و دوو دێڕی سەرەتای *دۆرییە ڕەسەنەکەی*). **~گ.س.**

یەکەم لە دوو دەستەواژەکە لە سەرباسی *ئێرین، نقێمی سەوزی دەریای زیوین* و دووەمیان لە *دۆرییە ڕەسەنەکەی* ئەڵقەی حەوتەمدایە. **~ن.م.**

[227] **بە ئاسانی... دەکەیتەوە**: پاوەنێک (یان کویدێک، کە هەر ناوێکی ترە بۆ پاوەن) بیست شڵنگە (بڕوانە ١: ٢٧)، کەڕەتی پێنجی بکەیت دەکاتە سەد شڵنگ، واتە پێنج پاوەنەکە دەکاتە سەد شڵنگ. بە لە سەددا پێنجی قازانجەکەوە دەکاتە سەد و پێنج شڵنگ و تا ئێرە ژمێرکارییەکەی بلووم تەواوە. پاشان کەڕەتی بیستی دەکەین (بۆ بیست ساڵ)، کە بە ساڵی یەکەمەوە دەکاتە بیست و یەک (کە بلووم دەیەوێت تا تەمەنی بیست و یەک ساڵی ئەم پارەیە پاشەکەوت بکرێت)، کە وا دیارە بلووم کەڕەتی ٢١ی دەکات، دەکاتە ١١٠ پاوەن و پێنج شڵنگ، واتە «سەد و دە و بڕێک». بەڵام وا دیارە لێرەدا بلووم هەڵەیە، چون هەموو ساڵێک ئەو بڕە پارەیە نییە، ساڵی یەکەم بڕەکە ١٠٠ شڵنگە، ساڵی دووەم بە قازانجەکەوە دەبێت بە ١٠٥ شڵنگ، ساڵی سێیەم بە قازانجەکەوە دەبێت بە ١١٠.٢٥ و ئاوها لە بیست و یەکەم ساڵدا بە قازانجەوە بڕەکە بە نزیکی دەکاتە ٢٧٨.٦ شڵنگ، کە ئەگەر دابەشی بکەینەوە بەسەر ٢٠دا (چون بیست شڵنگ پاوەنێکە) دەکاتە سێزدە پاوەن و ١٨ شڵنگ و نیو. واتە بە کورتی: بلووم هەڵەیە. **~ن.م.**

پێنج پاوەن بە سوودی لە سەددا پێنج لە ساڵێکدا، ئەگەر لێک بدرێت ئەوا لە بیست و یەک ساڵدا بە نزیکی دەکاتە سێ ئەوەندە و دەبێت بە ١٣ پاوەن و ١٨ شڵنگ. **~گ.س.**

[228] **خاتوو مۆیزڵ**: (بڕوانە ٤: ٨٥) بە ڕای هەیمان (لا. ١٩٠) نیسان مۆیزڵ (١٨١٤-١٩٠٩) نزیک شەقامی لۆمباردی خۆرئاوا دراوسێی بلووم بووە. «باوکی ئیلیا وۆڵف مۆیزڵ (١٨٥٦-١٩٠٤) بووە، بەسێی ژنی (پێش شوو: هۆدێس)، لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨٩دا کچێکی بووە بە ناوی ڕێبێکا ئیتا، واتە سێزدە ڕۆژ دوای لەدایکبوونی میلیی کچی مۆلی بلووم».
**~گ.س.**

[229] **کۆبوونەوەی... کاتانەدا هێورە**: *دەردەباریکە*م لە بەرانبەر وشەی *ثیسیس* *pthisis* وەرگێڕاوە، *سیل*م لە بەرانبەر *تیوبەرکیولۆسیس* *tuberculosis* وەرگێڕاوە. وشەی *ثیسیس* لە بنەچەدا بە واتای *باریکبوونەوە* و *لاوازبوون* دێت، کە ڕاستەوڕاست لە بەرانبەر وشەی *دەردەباریکە*ی کوردیدا دەوەستێتەوە. **~ن.م.**

دەردەباریکە لە پزیشکیدا بە واتای لاوازبوون و لەناوچوونی شانەکان دێت؛ سەردەمی زوو بۆ زۆر نەخۆشیی لەناوچوونی شانە بە کار دەهات، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە گشتی لە بەرانبەر سیلی سی بە کار دەهات. وەک بلووم تێبینیی دەکات، دەشێت سیل بۆ چەند مانگ یان زیاتر لە ساڵێکیش هێور بێت. **~گ.س.**

[230] **خاتوو... بەکەیف بوو**: بۆ خاتوو ثۆرنتن (بڕوانە ٤: ١٥٠). ئەم دێڕە لە گۆرانییەکی باخچەی ساوایانەوە هاتووە، دەڵێت:

پاشا کەوڵ کەسێکی پیری دڵخۆش بوو،
کەسێکی پیری دڵخۆش بوو؛
داوای نەی و دەفرەکەی کرد،
داوای کەمانەکەشی کرد. **~گ.س.**

[231] **تۆم واڵ**: ئادامس لە لاپەڕە ٢٣٥ی پەڕتووکەکەیدا دەڵێت: «ئەمە بێگومان ئاماژەیە بە تۆماس جەی واڵ، ڕاوێژکاری پاشا، کاربەدەستی باڵای کەرتی پۆلیسی ناوچەی شاری دەبلن». **~گ.س.**

[232] **دکتۆر میورێنی ڕووگرژ**: بۆ دکتۆر میورێن (بڕوانە ٦: ٣٣٠). ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا بۆ پەسنی دکتۆر میورێن بە کار هاتووە وشەی *سنەفی* *snuffy*یە، لە *سنەف* *snuff*ەوە هاتووە، بە واتای بڕنووتی، کەواتە دکتۆر میورێن دیارە وەک بڕنووتی لەپڕ هەڵدەچێت، واتە زوو گڕ دەگرێت و تووڕە دەبێت. بەڵام سەیرە کە سام سلەوت دەڵێت ئەم وشەیە بە واتای «سەرخۆش» دێت. کە نە من هاوڕایم و نە هیچ کامێک لە

وەرگێڕەکانی تریش هاوڕاین کە بە وەرگێڕانەکانیاندا چوومەتەوە (هەردوو ئیتالی و فەڕەنسی و کورمانجی و عەرەبییەکە). **~ن.م.**

[233] **خانەی پەرلەمانی ئایرلاند**: بانکی ئایرلاندە. پێشتر باڵەخانەکە هی پەرلەمانی ئایرلاند بوو پێش ئەوەی بە مادەی یەکێتییەکەی ساڵی١٨٠٠ هەڵبوەشێنرێتەوە. **~گ.س.**

[234] **ئەپجۆن**: پێرسی ئەپجۆن، کەسێتییەکی خەیاڵکردە، هاوڕێی منداڵیی بلووم بووە؛ لە جەنگی بەوەردا کوژراوە. **~گ.س.**

[235] **ئۆون گۆلدبێرگ**: هاوڕێیەکی تری منداڵیی بلوومە؛ بە گوێرەی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*ماڵیان لە ٣١ی شەقامی هارکۆرت بووە، لە قوتابخانەی ئامادەیی ئیرازموسەوە دوور نییە، کە خۆی و بلوومیش لەوێ خوێندوویانە. **~گ.س.**

[236] **گووسگرین**: شاڕێی گووسگرین لە درەمکۆندرایە لە بەری باکووری دەبلن. **~گ.س.**

[237] **ماکەرێل**: بە ئینگلی *mackerel* جۆرە ماسییەکە، پشتی بە نەخشێکی ڕێڕێی ڕەش ڕازاوەتەوە، کە لە هی پڵنگ دەچێت، دەخورێت. گیفرد دەڵێت کە لێرەدا هەم بە واتای ماسییەکە بە کار هاتووە، هەم بە واتای *نێوەندگر* یان *دەڵاڵ*یش دێت، کە لە زمانی بازاڕیی ئینگلیدا بە واتای *گەواد* دێت. **~ن.م.**

[238] **تاقمێک... دەرچوون**: شەقامی کۆلێج کۆتایی باشووری شەقامی وێستمۆرلاند لای خۆرهەڵاتەوە دەبڕێت. لەوبەرەوە، لای بەری خۆرهەڵاتی شەقامی کۆلێجەوە بنکەیەکی پۆلیس و ئۆردوگایەکی لێبوو. هەر گەڕەکێکی کورت لەو جێیەوە دوورە کە بلووم پیاسەی لێ دەکات. **~ن.م.**

[239] **قازەڕەوت**: بە ئینگلی *goose step*: جۆرە ڕەوتێکی سەربازییە، سەرباز لەم ڕەوتەدا قاچی زۆر بەرز دەکاتەوە و ئەژنۆی نانووشتێنێتەوە. **~ن.م.**

[240] **بەختی پۆلیس... باشە**: لە گۆرانییەکی ئۆپێرای *چەتە دەریاییەکانی پێنزانس* (١٨٨٠)ەوە هێنراوە لە دانانی گیلبێرت و سولیڤان. پۆلەوانەکە گۆرانی دەبێژێت و کۆڕیش وەڵامی دەدەنەوە:

گەر تاوانکار سەرقاڵی کاری خۆی نەبێت
یان پیلانە تاوانکارانەییەکانی خۆی پێنەگەیەنێت
ئەوا توانای بۆ خۆشیی بێتاوانی
وەک هی هەر مرۆڤێکی سەرراستی تر وایە
هەستەکانمان بە گیروگرفت دادەپۆشرێن

که کاری پۆلیسی تەواو دەبێت.
ئای، یەکێک و یەکێکی تریان ڕەچاو بکە
بەختی پۆلیس باش نییە.» **~گ.س.**

[241] **نۆبەگا**: بە ئینگلی *beat*: شوێنی کار و نۆبەگرتنی پۆلیسە. خۆم وشەکەم داڕشتووە. **~ن.م.**

[242] **ئامادە بن... سوارە**: فەرمانێکە دەدرێت بە هێزی پیادە بۆ بەرگری لە هەڵمەتی هێزی سوارەی بەرانبەر. لە وەڵامدا سەربازەکانی پێشەوە دەچنە سەر ئەژنۆ و چەقۆی سەر لووتی چەکەکانیان گیر دەکەن و بنی چەکەکانیان لەسەر زەوی توند دەکەن. **~گ.س.**

[243] **پەنجە پیسەکەی تۆمی موور**: پەیکەرێکی تۆماس موور (١٧٧٩-١٨٥٢)ە، کە هۆنەرێکی ئایرە، بەسەر میزگەیەکی گشتییەوە دانرابوو، نزیک کۆلێجی ترینیتی، بەرانبەر ڕووی خۆرهەڵاتی بانکی ئایرلاند. یەکێک لە ئەدگارەکانی هۆنراوە سەرەتاییەکانی موور بزوێنگەراییەکی (ئیرۆتیسیزم) تەنک بوو. بەناوبانگترین زنجیرە هۆنراوەی *ئاوازە ئایرییەکان* بوو (بە پچڕپچڕی: ١٨٠٧-١٨٣٤) لە ڕەفەی پەڕتووکی هەر ماڵێکی بەسۆزی ئایریدا هەبوو. موور ساڵی ١٧٩٨ ئایرلاندی بە جێ هێشت و لە دیوەخانی کەسە کاریگەرەکانی لەندەندا خۆی پێش خست. بۆیە شیوەنەکانی بۆ «پیرە ئایرلاندی داماو» شۆڕشگێڕانەی ئایرییانە نەبوو، بەڵکو هەندێک سکاڵای بەسۆزانە بوو کە لە گوێی ئینگلەکاندا پەسەندکراو بوو. ناوبانگی موور بەوە زڕا کە بە ئاشکرا ئارەزووی دەکرد دروستێتیی هونەریی خۆی بخاتە مەترسییەوە، هەروەها بەو ئابڕووچوونەی کە لە دوای ئەوانەوە هات و پێگەی سوپاسالاری یەکەمی دەریایی خۆی لە بەرمودا بە جێ هێشت و جێگرێکی فێڵباز و شەرمەزارکەری لە جێی خۆی دانا. «پەنجە پیسەکە» تیلنیشانێکە بە فێڵێکی بەناوبانگی وێژەیی کە «بابە پراوت» لە وتارێکدا بە ناونیشانی «پیسییەکانی تۆم موور»ەوە لە *گۆڤاری فرەیزیە*ردا هەڵیبەستبوو، کە *بابە پراوت*یش ناوی خوازراوی قەشەیەکی ئایر بوو بە ناوی بابە فڕانسیس ماهۆنی (١٨٠٤-١٨٦٦). فێڵەکەی بابە پراوت ئەو تۆمەتەی دەبەخشییەوە کە زۆرێک لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی موور «وەرگێڕانی وشەبەوشە و هیچوپووچ»ی هەندێک دەقی ماکی فەڕەنسی و لاتینییە؛ وەک بەڵگەش هەندێک لە دەقە «ماک»ەکانی لەگەڵ پێشینەی مێژوویی پەیوەندیدار بە دەقەکانەوە وەک سەرچاوە نووسیبووەوە. **~گ.س.**

[244] **کۆبوونەوەی... خۆش نییە:** *کۆبوونەوەی ئاوەکان* یەکێکە لە هۆنراوەکانی نێو *ئاوازە ئایرییەکانی* تۆماس موور. لەو هۆنراوەیەدا موور بەسەر جوانیی دۆڵی ئاڤۆکا و ڕێژگەی ئاڤۆنمۆر و ئاڤۆنبێگ-دا هەڵدەدات نزیک ڕاثدرەم لە کاونتیی ویکلۆ، کە سی و پێنج میل لە باشووری دەبلنەوە دووە. یەکەم کۆپلەی دەڵێت:

لە گشت جیهانی بەریندا دۆڵێکی وەها خۆش نییە
وەک ئەو دۆڵەی لە سینەیدا ئاوە زوڵاڵ و ڕووبەکان کۆ دەبنەوە؛
ئای! دەبێت لێک جیا ببنەوە دوا تیشکەکانی هەست و ژین
پێش ئەوەی گوڵی دۆڵەکە لە نێو دڵمدا سیس ببێت. **~گ.س.**

[245] **جولیا مۆرکن:** کەسێتییەکە لە چیرۆکی *مردووەکەی دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. **~گ.س.**

[246] **مایکڵ بالف:** مایکڵ ویلیەم باڵف (١٨٠٨-١٨٧٠) موزیککارێکی دەبلنی بوو کە گۆرانیی دەبێژا و زۆر باش کەمانچەی دەژەند و ڕابەرایەتیی تیپی موزیکی دەکرد و ئۆپێرایشی داناوە، لەوانە: *گوڵەکەی کاستیل* (١٨٥٧)، *کچە بۆهیمییەکە* (١٨٤٣)، هەروەها *ئیل تالیسمانۆ* (١٨٧٤). **~گ.س.**

[247] **دەیتوانی چیرۆک بگێڕێتەوە:** سەهویرەکە بە هاملێت دەڵێت: «بەڵام لێم قەدەغە کراوە کە نهێنیی بەندیخانەکەم ئاشکرا بکەم، دەنا دەتوانم چیرۆکێکت بۆ بڵێم کە سووکترین وشەکانی گیانت بڕنن»
(هاملێت ١: ٥، ١٣-١٦ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[248] **پیاوی حکومەتە:** واتە ئەندامێکی کەرتی پۆلیسی زانیاریی بێهاوپۆشی بنکەی پۆلیسی دەبلنە. **~گ.س.**

[249] **گرتووخانەکە:** خانەی ڕاستکردنەوە، زیندان یان بەندیخانە. لە دەقە ماکەکەدا وشەی *برایدوێڵ* بە کار هاتووە، گیفرد دەڵێت ئەو وشەیە کە بە واتای *گرتووخانەی تاوانی بچووک* دێت، لە بنەچەدا لە گرتووخانەی برایدوێڵی لەندەنەوە هاتووە کە تا ساڵی ١٨٦٤ هەبوو، لەوەوە بە گرتووخانەکانی تری تاوانی بچووکیشیان وتووە: *برایدوێڵ*. ئەم گرتووخانەیەی دەبلن لە شەقامی چانسەری بوو لە پشت چوار دادگاکەی بەری باکووری ڕووباری لیفییەوە. **~ن.م./گ.س.**

[250] **گزیر**: لێرەدا بە واتای پۆلیسی بەردەست هاتووە، کە لە کوردیدا گزیر بە واتای بەردەستی کوێخا دێت. لە دەقە ماکەکەشدا وشەیەکی دەگمەنی خۆمانەیی بۆ بە کار هاتووە، لە ئەڵقەی چواردەیەمیشدا دووبارە ئەم وشەیە دەهێنێتەوە. **~ن.م.**

[251] **ئەو ڕۆژەی... وەرگرت**: جۆزێف چامبەرلەین (١٨٣٦-١٩١٤) وارگێڕ و دەوڵەتمەدارێکی ئینگل بوو. لە سەرەتاوە ئەندامێکی حکومەتەکەی گلادستۆن بوو، بەڵام دژی وارگێڕیی حوکمی سەربەخۆیی گلادستۆن بوو؛ ساڵی ١٨٨٦ دەستی لە کار کێشایەوە و پارتی یەکخوازە لیبرالییەکانی دامەزراند (پارتە لیبرالییەکەی گلادستۆنی دابەش کرد و جەختی لەسەر بەزاندنی خۆی و حوکمی سەربەخۆیی کردەوە). ساڵی ١٨٩٥ یەکخوازە لیبرالییەکان و پارێزکارەکان لە ژێر دەسەڵاتی لۆرد سالیسبۆریدا پەیوەندییان بە هێزەکانەوە کرد، چامبەرلەین بوو بە سکرتێری داگیرگەکان (١٨٩٥-١٩٠٣). ماوەیەک وەک «کۆمارخوازێکی ڕیشەیی» ناسرابوو، بەڵام ئیمپریالیستێکی شەڕانگێزی لێ دەرچوو؛ ناوی ئەو بە تایبەتی لەگەڵ ئەو وارگێڕییەی ئینگلیدا هاوناو ببوو کە بە جەنگی بەوەر (١٨٩٩-١٩٠٢) گەیشت و کۆمارەکانی ئەفریقای باشووری لە ناو برد. بۆیە چامبەرلەین لە ئایرلاند دوو جار بێزراو بوو لەو کاتەدا لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٩دا هات بۆ دەبلن تا پلەی شانازی لە کۆلێجی ترینیتی وەربگرێت. لە هەمان ڕۆژدا جۆن ئۆلیری و مۆد گۆن و هەندێکی تر لە ڕابەرە پەڕگیرەکان کۆبوونەوەیەکیان ڕێک خست بە مەبەستی پشتگیری لە بەوەرەکان لە بێریسفۆرد پلەیس، هەر بەوبەر لیفییەوە لای کۆلێجی ترینیتییەوە. پۆلیس کۆبوونەوە نارەزاییەکەی وەستاند، بەڵام نارەزاکان بە شوێن ڕابەرەکانیاندا ڕۆیشتن و لە لیفی پەڕینەوە بۆ کۆلێج گرین و لەوێ خۆپیشاندان درێژەی کێشا و پۆلیسیش بەردەوام هەراسانی دەکردن. **~گ.س.**

[252] **شەقامی ئابەی**: ١٥٠ یارد (نزیکەی ١٣٧ مەتر) لە لیفییەوە دوورە و هاوتەریبیشە لەگەڵیدا، لە ناوەڕاستی دەبلندایە. **~گ.س.**

[253] **مانینگ**: مەیخانەیەک بوو، بە ناونیشانی ٤١ی شەقامی ئابەیی سەروو، لەسەر سووچی شەقامی لیفی، گەڕەکێک لە خۆرهەڵاتی ساکڤیلەوە (ئۆکانەڵی ئێستا) دوور بوو؛ تی جەی مانینگ، میوەفرۆش و بازرگانی شەراب. **~گ.س.**

[254] **دەبووم بە تریت**: واتە دەکەوتمە کێشەوە. **~ن.م./گ.س.**

[255] **قاز**: وشەیەکی خۆمانەییە، لە سلێمانی و دەوروبەری بە خوێندکاری یەکەم ساڵی زانکۆ دەوترێت. جۆیس لە دەقە ماکەکەدا وشەی جیب *jiib*ی بە کار هێناوە، کە سام سلەوت

بەم شێوەیە ڕاڤەی دەکات: «خوێندکاری یەکەم ساڵی کۆلێجی ترینیتین». وەرگێڕەکانی تریش هەر بە خوێندکاری ساڵی یەکەمی زانکۆکە وەریانگێڕاوە. بەڵام نازانم بۆچی کڵاوی دەرچوونیان پێیە. **~ن.م.**

[256] **دیکسن**: لە لاپەڕە ٨٧٢ی *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* دا لە ژێر ناونیشانی «پزیشکی نۆژداری تۆمارکراو لە ئایرلاند»دا ناوی جۆزێف ئێف دیکسن هاتووە، پزیشک، لە زانکۆی دەبلن (کۆلێجی ترینیتی)، دانیشتووی ١٢ی شەقامی کۆنینگهام، لە بەری سنووری باشووری پارکی فینیکس. **~گ.س.**

[257] **ماتەر**: خەستەخانەی هاوسۆزیی ماتەر (بڕوانە ١: ٧٥). **~گ.س.**

[258] **شەقامی هۆلس**: واتە خەستەخانەی نیشتمانیی منداڵبوون. **~گ.س.**

[259] **چەرخ لە ناو چەرخدا**: وتەیەکی کلێشەییە بۆ ئاماژەدان بە پەیوەندیی ئاڵۆز، وتەکە لە پەڕتووکی حزقی*ێل*ەوە هاتووە، کە باسی بۆدەرکەوتنی خودا دەکات کە چوار گیانلەبەر هاتوونەتە سەری: «تەماشای گیانلەبەرەکانم کرد کە هەریەکەیان چوار ڕووی هەبوو، لەلای هەر یەکێکیان چەرخێک هەبوو لەسەر زەوی. دیمەن و پێکهاتنی چەرخەکان بەم جۆرە بوون: هەر چواریان یەک شێوەیان هەبوو، وەک زەبەرجەد دەبریسکانەوە، پێکهاتنیشیان وەک ئەوەی چەرخ لە ناو چەرخدا بێت. کاتێک کە دەڕۆیشتن، بە ئاراستەی هەر چوار لادا دەڕۆیشتن، چەرخەکان لە کاتی ڕۆیشتنی گیانلەبەرەکاندا لایان نەدەدا. هەروەها چێوەکانیان بەرز و ترسناک بوون، چێوەکانی هەر چواریان پڕ بوون لە چاو لە هەر چواردەوریاندا.» (حزقییێل ١: ١٥-١٨). **~گ.س.**

[260] **دەبێت بگیرێم**: واتە پۆلیسەکە بە فەرمی بە بلوومی وتووە کە دەبێت بگیرێت. **~گ.س.**

[261] **بژی بەوەرییەکان**: کۆمەڵێک لە ناسیۆنالیستە ئایرە خۆتەرخانکەرەکان لایەنگری بەوەرەکان بوون، چون بەوەرەکانی ئەفریقای باشوور زۆر بە ڕوونی وەک نموونەیەکی تری سەرکوتکردنی ماف و خواستی نەتەوەیی خەڵکانێک دەردەکەوت کە ببوونە لەمپەر لە بەردەم «ڕێی ئیمپراتۆرێتیدا»، تەنانەت پەڕگیرە ئایرەکان تیمی خۆبەخشیان کۆ کردەوە تا لەگەڵ بەوەرەکاندا لە دژی ئینگلەکان بجەنگن. **~گ.س.**

[262] **دی وێت**: کریستیان ئاڕ دی وێت (١٨٥٤-١٩٢٢)، فەرماندەیەکی بەناوبانگی بەوەرەکان بوو، بە قارەمانێتی و زیرەکییە زۆرەکەی لە بواری تاکتیکی نێو گۆڕەپانی جەنگی بەوەرەکان ناسرابوو، دواتریش بە شکۆکەی لە بەزیندا ناسرا. **~گ.س.**

[263] **جۆ... هەڵدەواسین**: وەک زۆرێک لە دێڕە لەبەربوورەکانی گۆرانیی «لاشەی جۆن براون» دانراوە، کە ئەمە یەکێک بوو لەو گۆرانییانەی لە جەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا دەبێژرا. دوو دێڕی دەڵێت:

جێف دەیڤس بە داری مزرەسێوێکدا هەڵدەواسین

کاتێک بەرەو پێش مارش دەکەین. **~گ.س.**

[264] **گردی ڤینیگەر**: لە ئێنیسکۆرثییە لە کاونتیی وێکسفرد، بارەگای سەرەکیی شۆڕشگێڕەکان بوو لە شۆڕشی ١٧٩٨دا و جێی بەزینیشیان بوو بە دەستی ئینگلەکان لە ٢١ی حوزەیرانی ١٧٩٨. دوایین کۆپلەی گۆرانیی «کوڕەکانی وێکسفرد» جەنگەکە یاد دەکاتەوە و دەڵێت:

جا گەر لە بێ ڕابەریدا

لە گردی ڤینیگەر دۆڕاین

ئەوا ئێمە بۆ جەنگێکی تر ئامادەین

هێشتاش وڵاتمان خۆش دەوێت.

(بڕوانە ٧: ١٧٤). **~گ.س.**

[265] **تیپی سەندیکای شیرمەنان**: ئەمە سەندیکایەکی شیرمەنان بوو و لقی لە زۆرێک لە شار و شارۆچکە ئایرییەکاندا هەبوو. لقەکەی دەبلن تیپێکی پێک هێنابوو بۆ سەرگەرمیی ئەندامەکانی. تیپەکە هەندێک جار لە کۆبوونەوە وارگێڕییەکاندا دەیانژەند؛ لەو خۆپیشاندانەشی کە بلووم بە بیری دەهێنێتەوە لەوێ بوون. **~گ.س.**

[266] **چەند ساڵێکی... میری**: بلووم بیر لەوە دەکاتەوە کە نیوەی ئەو قوتابییە گەنجانەی لە دژی ئینگلتەرا خۆپیشاندان دەکەن لە کۆتاییدا لە خزمەتی شارستانیی بەریتانیدا پێگەیەک پەسەند دەکەن، کە تەنها لە خزمەتی ناوخۆ پێک نەهاتبوو، بەڵکو لە کارگێڕیی بیورۆکراسیی ئیمپراتۆرێتیی بەریتانی پێک هاتبوو. *دادگەر*: لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا شەست و چوار «دادگەری نیشتەجێ» هەبوو کە وەک دادوەری نیشتەجێی هەموو بەشەکانی ئایرلاند کاریان دەکرد، جگە لە دەبلن. ئەو دادگەرە باشمووچانە لە نێو خەڵکدا وا وێنا دەکران کە لە گوزەرانێکی نموونەییدان و هەر خەریکی ڕاو و ڕاوەماسیی دەرەوەی شار بوون. **~گ.س.**

[267] **ئەگەر... قەنارەشەوە بن**: لە کۆرسی گۆرانیی *خودا ئایرلاند بپارێزە*وە هاتووە، لە دانانی تی دی سولیڤان (١٨٢٧-١٩١٤). دەڵێت:

پاڵەوانەکان وتیان:

«خودا، ئایرلاند بپارێزە!»
هەموو وتیان:
«خودا، ئایرلاند بپارێزە!
گەر لەسەر هەرزاڵەی بەرز
یان لە مەیدانی جەنگ بمرین،
چ باکمانە ئەگەر بۆ ئایرلاند بکوژرێین!» **~گ.س.**

268 **هارڤی دەف**: سیخوڕێکی پۆلیسە لە شانۆنامەی *شاکراون* (١٨٧٤) لە دانانی دایۆن بوسیکۆ (١٨٢٢-١٨٩٠). **~گ.س.**

269 **هارڤی... کێڵێهێردایە**: بە دەربڕینێکی تر: چاوی کوڕنی کێڵێهێر (بڕوانە ٥: ١٧) لە چاوی سیخوڕ دەچێت. **~ن.م.**

270 **پیتەر یان دێنیس**: (بڕوانە ٥: ١٧٩ و ٥: ١٨٠). **~گ.س.**

271 **ئەندامێکی... شارەوانی بوو**: پیتەر کاری ڕاوێژکار بوو، بۆیە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی دەبلن بوو. **~گ.س.**

272 **گەنجانی... بدەنێ**: نووسینگەی حکومەتی بەریتانی لە ئایرلاند لە قەڵای دەبلن بوو، واتە نووسینگەکانی پۆلیسی پاشایی ئایریش لەوێ بوو. پیتەر کاری کارمەندی قەڵاکە نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی جاڕی لەسەر هاوڕێکانی دا، قەڵاکە بۆ پاراستنی لە تۆڵەی ناسیۆنالیستەکانی ئایرلاند هەوڵێکی بێکاریگەری دا یارمەتیی بدات لە ئایرلاند هەڵبێت. **~گ.س.**

273 **کارەکەرەکان**: کۆمەڵە خانمێک بوون هەموو جۆرە کارێکیان دەکرد و هیچ پێگەیەکی پیشەیی دیاریکراویان لە لیستی کارمەندانی نووسینگەکەدا نەبوو. **~گ.س.**

274 **تۆمی چاوگێڕ**: لە ئەفسانەیەکی سەدەی یازدەدا هەیە، خانمێک بە ناوی گۆدیڤا خانم، کە ژنی پیاوێک بووە بە ناوی لیۆفریک، کە ئێرلی مێرشیایە (یەکێک بووە لە سێ شانشینەکەی بەریتانیای کۆن و دەکەوێتە ناوەڕاستی ئینگلتەرای ئەمڕۆوە)، لە مێردەکەی پاڕاوەتەوە باجێکی سەختی سەر خەڵکەکە لابدات، کە مێردەکە لە سەریانی داناوە. مێردەکەی ئەمەی بە مەرجێک پەسەند کردووە کە گۆدیڤا خانم بە ڕووتی بە نێو بازاڕی شاردا بە سواری ئەسپ بسووڕێتەوە، گۆدیڤا خانمیش ئەمەی کردووە. خەڵکی شارەکەش وەکو سوپاسگوزاری و ڕێزدانان بۆ بوێری و خاکێتییەکەی، هەمووان لە ماڵەوە مانەوە و تەماشایان نەکردووە؛ هەمووان بەوە پاداشتیان دراوە کە باجەکەیان لەسەر هەڵگیرا.

بەڵام تۆم کە کوڕێکی بەرگدور بوو، بە دزییەوە تەماشای کرد، بە کاری پەرجوو کوێر بوو. **~گ.س.**

[275] **مراویی تەڵە**: دەستەواژەیەکی بازاڕییە بە واتای کەسێک دێت کە بە کرێ دەگیرێت تا خەڵکانی تر تەفرە بدات بۆ ئەوەی بیانخاتە جۆرە تەڵەیەکەوە. لە ئۆپێرای *ئۆپێرای سواڵکەرەکە*دا (١٧٢٨) لە دانانی جۆن گەی (١٦٨٥-١٧٣٢) لە دیمەنی چوارەمی پەردەی دووەمدا پاڵەوانە جەردەکە، کە ناوی *مەچیث*ە، کۆمەڵە خانمێک دەورەی لێ دەگرن و دەمانچەکەی لێ زەوت دەکرێت، ئەویش بۆ ئەوەی پیچەم (کە یەکێکە لە کەسێتییەکان) و پۆلیسەکان بیگرن. لە دیمەنی پێنجەمدا مەچیث دەڵێت: «ژنان مراویی تەڵەن، متمانەیان پێ ناکرێت!». **~گ.س.**

[276] **کاتی مەزن... دەبیینیت**: گۆڕاوێکی یەکەم دێڕەکانی گۆرانیی *کاتێکی خۆش دێت*ە، لە دانانی گۆرانیدانەری ئینگل هێنری ڕەسڵ (١٨١٣-١٩٠٠). یەکەم کۆپلەی دەڵێت:

کوڕینە، کاتێکی خۆش دێت،
کاتێکی خۆش دێت،
ڕەنگە فریا نەکەوین ببینین.
بەڵام زەوی بە تیشکی
ئەو کاتە خۆشەی دێت دەدرەوشێتەوە.
ڕەنگە تۆپەکانی تۆپهاوێژ یارمەتیی ڕاستییەکە بدەن،
بەڵام بیر چەکێکی بەهێزترە،
جەنگەکەمان بە یارمەتیی ئەو دەبەینەوە،
کەمێک زیاتر چاوەڕێ بکە.
[کۆڕ:]
کوڕینە، کاتێکی خۆش دێت،
کاتێکی خۆش دێت،
کەمێک زیاتر چاوەڕێ بکە. **~گ.س.**

[277] **بیرۆکەکەی... خۆی**: بۆ ستیفنس (بڕوانە ٣: ١٩٨). ستیفنس کۆمەڵەی برایانی ئایرە کۆمارخوازەکانی ڕێک خست (کۆمەڵەی فینییەنەکان)، بە بازنەی دەیی، کە لە دە کەس زیاتر دەهێنران دابەش دەکران. هەر بازنەی دەییەک سەرۆکێکی بازنەکەی هەبوو، یان کەسێک کە پێیان دەوت «چەق»، کە تاکە ڕابەری ئەندامە ئاساییەکان بوو کە پەیوەندیی

پێوە دەکرا، ئەگەر بازنەکە بۆ مەبەستی وارگێڕی نەجوولێنرایە. چەقەکان بەرپرسیاری بەردەم چەقێکی ناوچەیی بوون، چەقی ناوچەیی بەرپرسیاری بەردەم چەقی کەرتێک بوون، چەقی کەرتەکان بەرپرسیاری بەردەم کۆمەڵێکی باڵای یازدە کەسی بوون. تەنها ئەندامە باڵاکان شتانێکی گرنگیان لە بارەی ڕێکخراوەکە و کەسێتییەکانی ناوی دەزانی. بەو شێوەیەی ستیفنس بیری لێی کردبووەوە ئەم ڕێکخستنە لە بەردەم هەڕەشەی سیخوڕی ئاساییدا پارێزراو بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئێجگار زۆر بەرگەنەگر دەرچوو، بە تایبەتی لە ڕاپەڕینی بێئەنجامی فینییەنەکانی ١٨٦٧دا. **~گ.س.**

278 **شین فەین**: بە ئایری واتە «بۆ خۆمان» کە لاواتای «پێکەوە ڕاوەستان»یشی وەرگرتبوو. بلووم ئەم زاراوەیە (کە ئەو کاتە هەندێک جار وەها بە کار دەهات) بە واتای *ڕێکخراوی ژێرزەمینیی برایانی ئایرە کۆمارخوازەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم* بە کار دەهێنێت (بڕوانە ٢: ٨٠). دروستتر، زاراوەکە ئەو وارگێڕییە جوداخوازییانەدا دەگرێتەوە کە ئارثەر گریفیث لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٥ و سەرەتای ١٩٠٦دا لێی دەدوا. وارگێڕیی شین فەین داکۆکیی لەوە دەکرد کە ئایرەکان دەبێت یارمەتیدانی دەزگاکانی ئابووری و وارگێڕییە ئینگلیبیەکان ڕەت بکەنەوە و پێویستە هی خۆیان بونیاد بنێن، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئایا ئینگلەکان بە دەزگای فەرمییان دەزانن یان نا. وەک ئەوەی لە سەرەتادا بیری لێ کرابووەوە، شین فەینی ئارثەر گریفیث سوپای ژێرزەمینی و نهێنیی نەبوو، بەڵام زۆر ئایری کۆمارخواز بە ڕەفتارێکی نیمچەسەربازییانەی ڕاشکاوانەوە هوتافیان بۆ شین فەین هەڵدەکێشا (بڕوانە ١: ٦٩). **~گ.س.**

279 **پشتیان... تاقمی تەقەکەران**: ڕێکخراوە سەرەتاییەکەی جەیمز ستیفنس بە تایبەتی بۆ هەراسانکردنی سیخوڕان دامەزرابوو. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دیسیپلینەکانی برایانی ئایرە کۆمارخوازەکان هێندە بەهێز بوو کە هەڕەشەی کوشتنی خێرا بە «دەستی نادیار» دەکرا ئەگەر هەر کەسێک بیویستایە دەست لە ئەندامێتی بکێشێتەوە. بێگومان تاقمی تەقەکەران وەڵامی بەریتانیا بوو بۆ چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە. *دەستی نادیار* (١٨٦٤) ناونیشانی میلۆدرامایەکی باو بوو کە شانۆنووسی ئینگل تۆم تەیلەر (١٨١٧-١٨٨٠) نووسیبووی. شانۆنامەکە تێکئاڵاوییەکی وەستایانەی پیلانگێڕییە لە کاتێکدا کە «دەستی نادیار» قوربانییەکانی بە زەڕنیخ ژەهراوی دەکات. **~گ.س.**

280 **کچی... حەشاری دابوو**: بۆ زانینی چیرۆکی هەڵهاتنی ستیفنس لە زیندان (بڕوانە ٣: ١٩٨). لەسک گوندێکی بچووکە لە دەریای ئایریدا یازدە میل لە باکووری دەبلنەوە دوورە.

ئەو کەشتیی خەڵووزبارکەرەی ستیفنس و هاوڕێکانی ساڵی ١٨٦٧ فڕاندیان بەرەو سکۆتلاند هاژووتیان، لەوێ نیشتنەوە و بە شەمەندەفەر چوون بۆ لەندەن، کە شەوێک لە میوانخانەی پالاس مانەوە نزیک وێستگەی ڤیکتۆریا پێش ئەوەی بچن بۆ فەڕەنسا و لەوێوە بۆ ئەمەریکا. زیادکردنی ناوی «بەکینگهەم» بۆ ناوی میوانخانەکە زیادەی بلوومە؛ کۆشکی بەکینگهەم نشینگەی شا ڤیکتۆریا بوو لە لەندەن. **~گ.س.**

[281] **گاریباڵدی**: جیوزێپیێ گاریباڵدی (١٨٠٧-١٨٨٢) ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ بوو (بە دیاریکراوی لە ئۆرۆگوای و ئیتالیا) بەو هەوڵە نیمچە سەرکەوتووانەی بەناوبانگ بوو کە دەیەویست ئیتالیایەکی یەکگرتوو و سەربەخۆ بونیاد بنێت. هەر وەک ستیفنس بەرگەی چەندین دەربەدەریی وارگێڕیی ماوەماوەی گرت (تەنانەت دوای بەخششە پاڵەوانانەکانی بۆ یەکێتیی ئیتالیا) و بە توندی و بوێرانە پشتی بە هاوسۆزیی خەڵک دەبەست. ساڵی ١٨٦٠ سوپاکەی یاوەرییان نەکرد، بەڵکو لەگەڵ دوو یاوەردا و هەر بە بەرچاوی هەمووانەوە چووە ناپۆلی کە لە دەستی نەیاردا بوو. بەڵام لەوەدا لە ستیفنس نەدەچوو کە ئەو بە ڕێکخەرێکی باش ناوی دەرکردبوو، بەڵام پیاوی کردار نەبوو. گاریباڵدی ڕابەرێکی نایاب و ئازای سەربازی بوو. **~گ.س.**

[282] **ئاڕثەر... نییە**: گریفیث زۆر بە ڕاشکاوی ددانی بەوەدا نا کە وارگێڕییە جوداییخوازییەکانی لەوانە نییە پشتگیرییەکی سەرتاسەری خەڵک بە دەست بهێنێت لە ئایرلانددا. بۆیە دواتر داخوازییەکانی لە ڕێی ئاڕگومێنتی ئاوەزییانەوە دەردەبڕی بۆ «چارەکێک» کە چاوەڕێ دەکران تێبگەن و پشتگیریی هەوڵەکانی بکەن خۆیشی بەئاگاییەوە هەوڵی ئاپۆراورووژێنی ڕەت دەکردەوە. بلووم بەراوردی گریفیث و پارنێڵ دەکات، کە ئەو بەکاریزماتر بووە. **~گ.س.**

بۆ *سەرڕاست* (بڕوانە ٥: ٢٢٠). **~ن.م.**

[283] **چایخانەکەی... دەبلن**: *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* ناوی ئەم جێیە لە لیستی بەشگەی نانی دەبلن، سنووردار-دا لیست کردووە. چێشتخانەیان لەم جێیانە هەبوو: ٣-٤ی سانت ستیفنس گرینی باکوور؛ ٦-٧ی شەقامی ساکڤیل؛ ٣٣ی شەقامی دەیم؛ هەروەها لە پەڕتووکخانەی نیشتمانی لە شەقامی کیلدێر. ڕوون نییە کام لەمانەیە کە بلووم پەیوەستی دەکات بە «فشوهوڕ لە بارەی خاکە خۆشەویستەکەمانەوە». ئەگەرچی لە بەردەم ئەوەی شەقامی دەیمدایە کە مەڵیگن و هاینس لە ئەڵقەی دەیەمدا براکەی پارنێڵ دەبینن، بۆیە ڕەنگە ئەو چایخانەیەی نزیک قەڵای دەبلن بێت کە بلووم بیری لێ

دەکاتەوە؛ یان ڕەنگە ئەوەیان بێت کە نزیکە لە پەڕتووکخانەی نیشتمانییەوە، چون قوتابییان زووزوو سەردانیان دەکرد. ~**گ.س.**

284 **کۆمەڵەی گەنگەشەکاران**: (بڕوانە ٧: ٣٧٠). ~**گ.س.**

285 **ئەوەی... ئابوورییەوە بێت**: مەبەست ئەوەیە کە دۆزی سەربەخۆیی ئایرلاند باشترە بە بووژاندنەوەی زمانی ئایری خزمەت بکرێت، لە بری ئەوەی تەنها سەربەخۆیی ئابووریی ئایری دەستەبەر بکرێت. ~**گ.س.**

286 **قازی ماسی مایکڵ**: لە ئایرلاند و ئینگلتەرا نەریتە کە لە ڕۆژی ماسی سانت مایکڵدا (٢٩ی ئەیلوول) قاز بخورێت. ~**گ.س.**

287 **بەرەڵبێنە**: بە کوردی و لە ئینگلیشدا، کە *apron*ە، بەرەڵبێنە پارچە قوماشێکە کە بە پێشی جلوبەرگەکەتەوە دەیپۆشیت کە لە سنگ تا کەمەر و دامێن دادەپۆشێت، تا جلەکانت پیس نەبن. بەڵام لێرەدا وشەکە بە واتای پێستی چەوری سنگی قاز و مراوی بە کار هاتووە. ~**ن.م./گ.س.**

288 **بابۆڵەیەکی... لەگەڵ تیپەکەدا**: سوپای ڕزگارکردن (ساڵی ١٨٦٥ دامەزرا) نانێکی پنسابیی دەدا بە هەر کەسێک کە لەگەڵ ئەواندا بەسەر شەقامەکاندا ڕێپێوانیان بکردایە بۆ بەشداری لە «دینگۆڕین»ەکان. ~**گ.س.**

289 **لەتکەر سوپاسگوزاریی نییە**: لە دەقە ماکەکەدا ڕەگەزدۆزییەک بە کار هاتووە کە لە وەرگێڕاندا ون دەبێت، واتا ڕووکەشەکەی ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە ئەو کەسەی لە کاتی نانخواردندا گۆشت بۆ هەمووان لەت دەکات، وەک ئەوەی مریشک و قەلی برژاو لەت دەکات و دەیدات بە هەمووان، دەرفەتی سوپاسگوزاریی پێش نانخواردنی نابێت، کە لە دینی مەسیحیدا پێش خواردن دەبێت نزایەکی سوپاسگوزاری بکەیت، چون هاکا زانیت یەکێکی تر داوای لەتێک گۆشتی تری لێ دەکات بۆی ببڕێت و ئاوها کاتی نابێت بۆ سوپاسگوزاری و نانخواردن. بەڵام واتاکەی تری، کە ڕەگەزدۆزییەکە لەسەر وشەی *سوپاسگوزاری*یەکەیە، ئەم وشەیە (ئینگلیییەکە، نەک کوردییەکە) بە واتای *مۆڵەتی قەرز* دێت، واتە ئەو ماوەیەی قەرزدەرێک دەیدات بە قەرزکەرێک تا قەرزەکەی بۆ بهێنێتەوە، لێرەدا واتاکە دەبێت بە: «لەتکەر کاتی دانەوەی قەرزی نییە». ~**ن.م./گ.س.**

290 **باشترین... پارە دەدات**: سۆس ئەوەیە دەکرێت بە خواردنەوە تا تامی خۆش بکات، بەڵام لە هەموو سۆسەکان خۆشتر ئەوەیە کەسی بەرانبەر پارەت بۆ بدات. ~**ن.م.**

291 **خۆری... هەڵدێت**: (بڕوانە ٤: ٣٩). ~**گ.س.**

[292] **پێشڕووی ڕووسووری ترینیتی**: ساڵی ١٧٥٩ ڕووکەشە مەزنەکەی کۆلێجەکە بەرز کرایەوە. وشەی ڕووسوور لێرەدا بە واتای *شاناز* یان *بەرز* دێت، کە لە چاو ڕووە نیۆکلاسیکییە ٣٠٠ پێ بەرزە بێڕاگرەکەی کۆلێجەکە، کە تۆخ و سەختە و بە بەردی قورس هەڵچنراوە؛ بلووم و هاوسەردەمەکانی پێیان وتووە «کۆرنسۆسی»، (بەڵام مێژووناسی تەلارسازییەکانی سەدەی بیستەم پێیان وتووە «جۆرجی»). ~**گ.س.**
ئەو وشەیەی بە «ڕووسوور» وەرمگێڕاوە وشەی *surly*یە، کە بە واتاکانی: *ڕووگرژ، تاریک، خەمباریش* دێت. فەڕەنسییەکە بە «زبر/ڕەق» وەریگێڕاوە. ئیتالییەکەی تێرینۆنی و بیگاتسی بە «ڕووگرژ» وەریانگێڕاوە. بەڵام سام سلەوتیش هەر پێی وایە بە واتای «شاناز» دێت. ~**ن.م.**

[293] **دیگنەمیش برا**: ئەگەرچی پەیامەکە ڕوونە، بەڵام لە دەقە ماکەکەدا دەربڕینێکی سەیر و ناتەواوە، کە بە شێوەی جیاواز وەرگێڕراوە. دەربڕینەکەی دەقە ماکەکە دەڵێت: *Dignam carted off*، کە بکەرەکەی نادیارە. کرداری *کارت ئۆف cart off* واتە کەسێک بەپەلە یان بە هێزەوە هەڵبگیرێت و بگوێزرێتەوە. دەکرێت بەم واتایەش وەربگێڕرێت: «دیگنەمیش خێرا گوازرایەوە/برا». کاک کاوە نەمر بە «دیگنەم خرایە سەر عەرەبانە و برا» وەریگێڕاوە؛ فەڕەنسییەکە بە «دیگنەم هەر لەسەر نەخشە سڕایەوە» وەریگێڕاوە؛ ئیتالییەکەی تێرینۆنی و بیگاتسی بە «دیگنەم بە عەرەبانەکەی خۆی ڕۆیشت» وەریانگێڕاوە؛ جانی جێلاتی بە «دیگنەم گوازرایەوە بۆ ئاکامەکەی» وەریگێڕاوە؛ دکتۆر تەها بە «دیگنەم پێچرایەوە و گوازرایەوە» وەریگێڕاوە. ~**ن.م.**

[294] **هەمووان... شۆراون**: (بڕوانە ٨: ١٠). ~**گ.س.**

[295] **کاتێک... دەربچێت**: ئاگادارکردنەوەی خاوەنی شوێن بۆ دەرچوونی کرێنشین. ~**گ.س.**
لێرەدا دەربڕینەکە هەردوو واتاکە دەگەیەنێت: کە خاوەنشوێنی کۆن ئاگادار دەکرێتەوە لە ژیاندا شوێنەکەی چۆڵ بکات (هەر وەک کرێنشینێک - چۆڵکردن واتە مردن)، خاوەنشوێنێکی تر دێتە شوێنی. واتە بلووم دەربڕینی خانووبەرە بۆ خاوەنشوێنان بە کار دەهێنێت. ~**ن.م.**

[296] **نان و پیاز**: ژەمی سەرەکیی دێرینی کۆیلەکان. ~**گ.س.**

[297] **شوورای چین. بابل**: لەگەڵ هەڕەمەکانی میسرِدا نموونەی مۆنومێنتی مەزنی گشتین کە بە نرخێکی ئێجگار زۆری کرێکار بونیاد نراون و ئێستانان بەرەو پووکانەوە دەڕۆن، کە بێواتاییان دەردەخەن. شوورای چین بەو شێوەیەی ئێستا هەیە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە

بۆ بنەماڵەی مینگ (١٣٦٨-١٦٤٤)، بە تێکڕایی ٢٥ پێ بەرزە و ٢١ پێ ئەستوورە و بە نزیکی ١٥٠٠ میل لەسەر سنووری چین و مەنگۆلیا درێژ بووەتەوە. ئەم شوورایە و باخچە هەڵواسراوەکانی بابل (کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا بچووک کرایەوە بۆ تەنها گرد) یەکێک بوون لە حەوت سەرسووڕهێنەرەکانی دونیای کۆن. **~گ.س.**

298 **تاوێری... قەڵای بازنەیی**: مەبەست لەوەیە لەو تەلارسازییانەیە کە لە ئایرلاندی دێرین بە جێ ماون. «تاوێری گەورە» بەردە وەستاوەکان و بەردە بازنەییەکانن، کە هی سەردەمی پێشمێژووی ئایرلاندن. هێشتا نازانرێت بۆچی بە کار هێنراون، ئەگەرچی هەندێک لەم بەردە وەستاوانە پەیوەست کراون بە ناوچەی ناشتنەکانی چاخی بڕۆنزەوە، زۆر کەونارناسیش وا دادەنێن کە بەردە بازنەییەکان بە گوێرەی پەیوەندیی ئەستێرەناسی دانراون و بۆ زانینی ساڵنامە بە کار هاتوون. «قەڵای بازنەیی»، کە هێشتا زۆرێک لەوانە ماون و بە پێوە وەستاون، سەرنجڕاکێشترین تایبەتمەندێتییەکانی ڕەبەنگا ئایرییەکانی پێش نۆرمانییەکانن. هەر لە سەدەی نۆ تا سەدەی بیست لەم قەڵایانە دروست دەکران و وەک قەڵای چاودێری و پەناگای ئەو کاتانە بە کار دەهێنران کە داگیرکەرە سکەندیناڤییەکان ڕەبەنگاکانیان هەراسان دەکرد. **~گ.س.**

299 **خانووە قارچکییەکانی کیروان**: مایکڵ کیروان، قۆنتەراتچییەکی دروستکردنی بینا بوو لە دەبلن، کە بە نرخی هەرزان خانووی بۆ بەشگەی سنوورداری کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی پیشەوەرانی دەبلن دروست دەکرد لە بەری خۆرهەڵاتی پاڕکی فینیکس لە خۆرئاوای دەبلن. **~گ.س.**

300 **ماڵی... سەلەمونی قتوو**: بەڕێز قەشە جۆرج سالمن (١٨١٩-١٩٠٤) (دکتۆرا لە یەزدانناسی، دکتۆرا لە یاسای شارستانی، ئەندامی کۆمەڵەی پاشایی)، بیرکارێکی بەناوبانگ بوو، لە ١٨٨٨-١٩٠٢ سەرۆکی کۆلێجیترینیتی بوو. *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* (وا دیارە بە هەڵە) وای داناوە کە ئەو لە خانووی سەرۆکی زانکۆ ژیاوە (لەسەر سووچی شەقامی گرافتن و ناسۆ)؛ سەرۆکی زانکۆ، کە ساڵی ١٩٠٤ دانرا، ئەنتۆنی ترەیڵ (١٨٣٨-١٩١٤) بوو، کە پزیشک بوو. هەروەها *لەقتوونراو* بە شێوەیەکی بازاڕیی دەبلنی واتە کابرا پارەی هەیە و دەوڵەمەندە. **~گ.س.**

بە ئینگلی ماسیی سەلەمون بە *سالمن* دەخوێنرێتەوە، بۆیە بلووم *سەلەمون* و *سالمن* تێکەڵ دەکات. **~ن.م.**

[301] **دەڵێیت نوێژگەی مردووانە:** واتە خانووی سەرۆکی زانکۆ بلووم بیری نوێژگەی مردووانی گۆڕستانی پرۆسپێکت لە گلاسنێڤن دەخاتەوە. ڕووکەشە دووقاتە بەردەڵەکەی خانووی سەرۆکی زانکۆ (ساڵی ١٧٦٩ دروست کرابوو) زۆر بە چوونیەکیی سەدەی هەژدە ڕازاوەتەوە، کێشەکەشی بە تاقی بەرزی سەر پەنجەرەکان و دەرگای چوونەژوورەوەکەی کەم کراوەتەوە. ناوی بیناکەش، بە پێچەوانەوە، پڕ لە وردەکاری و ڕازاوەیە و «باشترین ژووری پێشوازییە لە دەبلن» (مۆریس کرەیگ، *دەبلن ١٦٦٠-١٨٦٠* [دەبلن، ١٩٦٩]، لا. ١٨٢). **~گ.س.**

[302] **سرووشت ڕقی لە بۆشییە:** ئەم وتەیە دراوەتە پاڵ ئەریستۆتێلیس، کە گوایە پوختەی پەیامی کۆپلەیەکی پەڕتووکی *فیزیک*ە. ئێستا لە ئینگلیدا بووە بە پەندی پێشینان. مەبەستەکە ئەوەیە کە هەموو شتێک دەبێت پڕ بکرێتەوە، بۆشی شتێکی سرووشتی نییە و دژی یاسای فیزیایە. **~ن.م.**

[303] **پەنجەرەکەی واڵتەر سێکستن:** لە بەری ئەوبەری ماڵی سەرۆکی زانکۆوەیە. واڵتەر سێکستن، زێڕەنگەر و گەوهەرفرۆش و زیوفرۆش و کاتژمێرچی، بە ناونیشانی ١١٨ی شەقامی گرافتن. **~گ.س.**

[304] **جۆن هاوەرد پارنێڵ:** (١٨٤٣-١٩٢٣)، برای چارلز ستیوارت پارنێڵ بوو، (لە ١٨٩٥ تا ١٩٠٠) ئەندامی پەرلەمان بوو بۆ میثی باشوور و ساڵی ١٩٠٤ مارشاڵ و تۆمارکەری ڕبێدەکانی دەبلن بوو. **~گ.س.**

**ڕبێدە:** بە ئینگلی *pawnbroker*، کەسێکە پارە بە قەرز دەدات بە خەڵک. قەرزکەر کاڵایەکی خۆی دەدات بە قەرزدەرەکە، ئەگەر قەرزەکەی نەگەڕاندەوە ئەوا ئەو کاڵایە دەبێتە هی قەرزدەر. وشەکەم لە مامۆستا عەزیز گەردی خواستووە کە ئەو لە ژیننامەی دانتێدا بە کاری هێناوە (*دۆزەخ*، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، لا ١١). **~ن.م.**

[305] **دەبێت... شارەوانی هەبێت:** بلووم ڕاستە. یەکێک لە ئەرکەکانی مارشاڵی شار ئەوە بوو کە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی بە ڕێوە ببات. ئەگەرچی جۆن هاوەرد پارنێڵ دەستبەرداری کۆبوونەوەکەی دەبێت لە پێناوی یاریی شەترەنجەکەیدا. **~گ.س.**

[306] **چارلی کاڤەنا:** مارشاڵی پێشووتری دەبلن بوو. **~گ.س.**

جۆیس پێشتر نووسیویە «چارلی بولگەر»، دکتۆر گابڵەر کاڤەناکەی هێناوەتەوە، کە کەسێتییە ڕاستییەکەیە. **~ن.م.**

[307] **برای براکەی:** بلووم یاری بەو گەندەباوەڕە دەکات کە بلیمەتیی برایەک لە بەرانبەر دەبەنگیی براکەی تریدا دەوەستێتەوە. **~گ.س.**

[308] **ب.هـ.د.:** واتە بەشگەی هەویرەمەنیی دەبلن. ژووری جگەرەکێشانەکەی چێشتخانەی بەشگەکە بە ناونیشانی ٣٣ی شەقامی دەیم ببووە ژووری کۆبوونەوەی یاریزانانی شەترەنج. **~گ.س.**

[309] **فانییە شێت:** فانی پارنێڵ خوشکی چارلز ستیوارت پارنێڵ بوو (١٨٤٩-١٨٨٢) لە بزووتنەوەی ئایرە ناسیۆنالیستەکاندا چالاک بوو. لەگەڵ براکەی کاری دەکرد و ناوبانگی ئەوەی هەبوو کە وتەبێژێکی کاریگەرە و ڕێکخەرێکی باشە. لە کۆتایی ژیانیدا چووە نێو دەربەدەرییەکەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە خۆی بەسەر خۆیدا سەپاندبووی، کۆمەڵێک هۆنراوەی نیشتمانپەروەریی نووسی، کە خۆی ناوی نابوون: «گۆرانییەکانی کۆمەڵەی زەویوزار». **~گ.س.**

[310] **خاتوو دیکنسن:** (پێش شوو: *ئێمیلی پارنێڵ*) (١٨٤١-١٩١٨)، خوشکێکی تری چارلز ستیوارت پارنێڵ بوو، کە هەشت برا و خوشکی هەبوو، شووی بە سەرهەنگ ئارثەر دیکنسن کردبوو. دوای مردنی چارلز ستیوارت پارنێڵ ژیننامەیەکی هاوسۆزانەی نارِوونی نووسی بە ناونیشانی *هەڵەی نیشتمانپەروەرێک*؛ *ئایرش تایمز* نووسیبووی کە شیاوتر بوو ناوی *هەڵەی* خوشکی *نیشتمانپەروەرێک* بووایە. **~گ.س.**

[311] **بە شێلی ئاڵەوە دەهاژووتن:** **شێل** بە ئینگلی *harness* قایش و ئەڵقەن کە بە سەری ئەسپەوە دەبەسترێن تا عەرەبانەی لێ ببەسترێت. جا دیارە ئەم خوشکەی پارنێڵ شێلی ڕەنگی ئاڵ (سوورباو)ی لە ئەسپەکانی بەستووە و بە شاردا هاژووتوویانن. **~ن.م.**

[312] **ماردلی نەشتەرکار:** جۆن ئێس ماردل، ئەندامی کۆلێجی پاشایی نەشتەرکارانی ئایرلاند، نەشتەرکارێک بوو لە خەستەخانەی سانت ڤینسنت لە دەبلن. **~گ.س.**

[313] **دەیڤد... لێی بردەوە:** دەیڤد شیهی (١٨٤٤-١٩٣٢) (لە ١٨٨٥ تا ١٩٠٠) ئەندامێکی ناسیۆنالیستی پەرلەمان بوو بۆ باشووری گۆلوەی، ساڵی ١٩٠٣ ڕکابەری جۆن هاوەرد پارنێڵ بوو بۆ کورسیی میثی باشوور، کە شیهی تا ساڵی ١٩١٨ ئەم کورسییەی بۆ خۆی هێشتەوە. **~گ.س.**

[314] **کارنامەی... چلترن کرد:** گردەکانی چلترن لە نێوان بێدفۆرد و هێرتفۆرد بوون لە ئینگلتەرا، سەردەمانێک بە پەناگای جەردە بەناوبانگ بوون، تا زێرەڤانی پاشایی بۆ چاودێریی ناوچەکە دانرا. ئەگەرچی دواتر چاودێرییەکە پێویست نەما، بەڵام نووسینگەی

زێرەڤانییەکە هەر ما؛ بۆیە کە ئەندامێکی پەرلەمان دەیەویست کورسیی پەرلەمانییەکەی بە جێ بهێڵێت، بەڕێوەبەرایەتیی نووسینگەی زێرەڤانیی گردەکانی چلترنی وەردەگرت. چون ئەمە بۆ نووسینگەیەکی حکومی پێشی دەخست، کورسیی پەرلەمانییەکەی بە گوێرەی پێگەکەی چۆڵ دەبوو. هەندێک جار ئەم ئامرازە بۆ داپۆشینی پاشەکشەی شەرمەزارییانە بە کار دەهات. بلووم پێی وایە کە نووسینگەی مارشاڵی دەبلنیش هەر کارێکی ناپێویستی هاوشێوەیە. **~گ.س.**

[315] **خوانی... تویکڵەپرتەقاڵ دەخۆن**: لە کۆبوونەوە و بۆنەکانی نیشتمانپەروەرەکاندا لە پارکی فینیکس، ئایرە ناسیۆنالیستەکان پرتەقاڵیان دەخوارد، وەک هێمایەک کە دانرابوو بۆ تووڕەکردنی پیاوە ئۆرەنجییەکان (کە پرۆتستانت بوون و لەگەڵ یەکێتیی ئایرلاند و ئینگلتەرا بوون و دژی نیشتمانپەروەرەکان بوون) (بڕوانە ٢: ٧٨)، ئەم کارەشیان بەو مەبەستە دەکرد کە لە نێو ئایرلاندی سەربەخۆ و یەکگرتوودا ئەوان دەخۆن. **~گ.س.**

[316] **یەکێک... سکۆتی دەدوێت**: ڕەنگە ئەمە ئاماژە بێت بە پەیوەندیی ناجێگیری جۆرج ویلیەم ڕەسڵ و سامویێل لیدێل ماکگرێگۆر ماذەرس (١٨٥٤-١٩١٨). ماذەرس سکۆتییەکی پیشەگەری کێوی بوو، لە دەبلن دەژیا، «دووسەر»ەکەی خولیایەکی دەمارگیرانەی بواری ڕازگەرایی بوو، هەروەها خولیایەکی دەمارگیرانەی ئەوەش بوو کە یەیتس (*ژیننامەی خۆم* [نیو یۆرک، ١٩٥٨] لا. ٢٢٥) پێی دەڵێت: «بەرێوەیی جەنگی گەورە»، (بۆ نموونە هارمەگیدۆن، «کۆتایی دونیا»). ئەم ڕووە شەڕخوازییەی دەمارگیرێتییەی ماذەرس ڕەسڵی تووڕە کردبوو، کە ئەو ئاشتیخوازێکی خۆتەرخانکەر بوو. ئەم سەرنجی دووسەرەی ڕەسڵ ڕەنگە ئاماژەش بێت بە باسکردنی واڵتەر پاتەر، کە لە پەرتووکی *ڕێنیسانس* (١٨٧٣)دا پەسنی مۆنا لیزا دەکات، «ئەو ئامادەییەی کە هێندە بە سەیری بە تەنیشت ئاوەکاندا هەڵقولا، گوزارشت لەو ڕێیانە دەکات کە پیاوان هەزاران ساڵە ئارەزووی دەکەن. ئەوەی ئەو سەرێکە کە لەسەری 'کۆتایی زەمان {یان جیهان}' (یەکەم کۆرنسۆس، ١٠: ١١) تێیدا دێت و پێڵووەکانیش کەمێک ماندوون.»

هیو کێنەر لە *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*، بەرگی ١٨، ژمارە ٢، [١٩٨١]، لاپەڕە ٢٠٥دا پێی وایە کە ئەوەی بلووم گوێی لێ دەبێت لە بارەی ڕازگەراییەوە نییە، بەڵکو لە بارەی ئابوورییەوەیە – بەو واتایەی: «هێزی ئابووریی بەریتانیا و قۆچەکانی بەرەو ئایرلاند درێژ بوونەتەوە، دوو سەرەکەی، کە یەکێکیان لەندەنە و ئەوی تریان ئەدینبرەیە» ئابووریی ئایرلاندیان خنکاندووە. وەک کێنەر دەڵێت، ڕەسڵ میتافۆڕەکانی «فیل، پڵنگ،

پلێسیۆساوروس»ی بۆ مەبەستی «بەدگۆیی دارایی» بە کار هێناوە، ئەی بۆچی هەشتپەل بە کار نەهێنێت؟ ڕەنگە بەربژێرێکی تر بۆ «شێوەزاری سکۆتی» ئارثەر جەیمز باڵفۆر بێت، کە ساڵی ١٩٠٤ سەرۆکوەزیرانێکی کۆنەپارێزی ئینگلتەرا بوو. **~گ.س.**

زۆرێک لە نووسەران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا شێوەی هەشتپەلێکی دەعباییان وەک پڕوپاگەندە لە دژی ماسۆنێتی و دینی جوو بە کار دەهێنا. ئەو سەرەیان کە «لە کۆتایی جیهاندا لە بیر چووەتەوە» دینی جووە – کە باوەڕ بە عیسا ناهێنن وەک هێمای کۆتایی دونیا – سەرەکەش کە بە شێوەزاری سکۆتی دەدوێت سرووتی دێرین و پەسەندکراوی سکۆتییە بۆ ماسۆنێتی. هاوکات لێرەدا ئەمە دراورەتە پاڵ جۆرج ڕەسڵ (ئەی ئی)م بڤەکان وا دیارە ئەم دێڕانە داهێنانی جۆیس خۆی بن (ئان ماری دارسی، جۆیس و هەشتپەلە دووسەرەکەی جوو-ماسۆنی، لا. ٨٦٣-٨٦٥). **~س.ت.م.١**

[317] **دووچەرخە**: یەکێک بوو لە خەسڵەتەکانی ڕەسڵ کە بە هەموو ئایرلانددا بە دووچەرخە دەگەڕا و کۆمەڵەی هەرەوەزیی کشتیارەکانیشی ڕێک دەخست. دەبلنییەکان لە بارەیەوە دەیانوت: «تا نێو سەرنووسەریی *ئایرش هۆمستێد* بەو دووچەرخەوە چووە». **~گ.س.**

[318] **پێشهاتەکان... دەگەن**: لە «ئاگادارکردنەوەکەی لۆکیێل»ەوە هاتووە کە هۆنراوەیەکی تۆماس کامپبێل (١٧٧٧-١٨٤٤)ە. لە هۆنراوەکەدا جادووبازەکە پێشبینیی بەزینی بۆنی شازادە چارلی دەکات، خۆنوێنە گەنجەکە (١٧٢٠-١٧٨٨) لە جەنگی کولۆدن (١٧٤٥)دا و دوای ئەوەش پێشبینیی مەرگی لۆکیێل دەکات. بەڵام سەرەڕای ئاگادارکردنەوەکە، لۆکیێل ئابڕوو لە بەرانبەر بەرژەوەندی هەڵدەبژێرێت و پشتگیریی هەڵمەتی شازادەکەی دەکات کە پێشبینیی بەزینی کراوە و دەچێت بۆ جەنگ. جادووبازەکە دوایین ئاگادارکردنەوەی دەداتێ و دەڵێت:

لۆکیێل، لۆکیێل، ئاگاداری ئەو ڕۆژە بە!
چون هەرچەند بینابیم لە بێهیوایی و تاریکیدا بشارمەوە،
بەڵام مرۆڤ ناتوانێت بشارێتەوە ئەوەی خوا ئاشکرای دەکات:
ئەوەی زانستی ڕازاوی دەدات بە من خۆرئاوابوونی دونیایە،
پێشهاتەکان سێبەریان پێش خۆیان دەگەن

(دێڕی ٥٢-٥٦) **~گ.س.**

[319] **ئەی ئی: ئەوە واتای چییە**: ناوی خوازراوی جۆرج ویلیەم ڕەسڵە، کە بە گوێرەی گێڕانەوەیەکی شۆخییانەی دەبلن بە واتای *ئەگریکەڵچرەڵ ئیکۆنۆمیست* *Agricultural*

*Economist* (واتە ئابووریناسی کشتوکاڵی) دێت، بەڵام ڕەسڵ خۆی باس لە چیرۆک و واتاکەی دەکات و دەڵێت: هەوڵی وێنەیەکی «دەرکەوتنی پیاوێکی ئاسمانی لە مێشکێکی خوداییدا»ی داوە، بەڵام چرپەیەکی بێلەش ناونیشانەکەی پێی داوە و وتوویەتی: «ناوی بنێ لەدایکبوونی ئیۆن» ماوەیەک دواتر لە پەڕتووکخانەی نیشتمانی چاوی چووە سەر وشەی *ئیۆن* لە پەڕتووکێکدا کە بە کراوەیی لەسەر بەرمێزێک بە جێ مابوو، ئەمەی وەک هێمایەک لێکداوەتەوە کە ناوە خوازراوەکەی بۆی هەڵبژێرراوە؛ بەڵام کە بۆ یەکەم جار بە کاری هێنا، پیتچنەکە بە هەڵە بە ئەی ئی AE خوێندیەوە، و لەگەڵ ئەم هێمایەی کۆتایی لە مێشکە خوداییەکەوە ئاشکرابوونی ناوە خوازراوەکەی تەواو بوو. بۆ *پیاوە ئاسمانییەکە* (بڕوانە ٩: ٣٧) و بۆ *ئیۆن* (بڕوانە ٩: ٥٩). **~گ.س.**

[320] **ئەلبێرت ئێدوارد**: ئێدواردی حەوتەمی ئینگلتەرا، ناوە مەسیحییانەکەی ئەلبێرت ئێدوارد بوو (بە شێوەیەکی تەوساوی ئەمە دووره لەوەی ناوی خوازراوی ئایرێکی نیشتمانپەر بێت). **~گ.س.**

[321] **ئاڕثەر ئێدموند**: بۆ ئاڕثەر ئێدموند گینیس، کە لۆردی ئاردیلاون بوو (بڕوانە ٥: ١٣٤). **~گ.س.**

[322] **ماڵچن**: واتە جلێک کە لە ماڵەوە چنرابێت و لە کارگەدا نەچنرابێت. **~ن.م.**

ڕەسڵ جلی ماڵچنی لە بەر دەکرد، وەک هێمایەک بۆ بڕوای بە لادێییەکانی ئایرلاند و شیاویی پیشەگەریی نێوماڵیی ئەم جلانە. **~گ.س.**

[323] **سەوزەخۆر**: بلووم گریمانەی ئەوە دەکات (و ڕاستیشە) کە ڕەسڵ سەوزەخۆرە و لە چێشتخانەیەکی سەوزەخۆریی نزیک فراقینی خواردووە. **~گ.س.**

[324] **چاوی... شوێنت دەکەوێت**: ئەمە پێوابوونی بلوومە بۆ تێگەیشتنی پشت سەوزەخۆریی تیۆسۆفییەکان. ئاڕگومێنتە ڕاستینە تیۆسۆفییەکە ئەوەیە کە ئاژەڵان «جەستەی-ئارەزوومەند»یان هەیە، کە «ئەستێرەیی»ن و توانای «بوونێکی کەمخایەنی دوای مەرگ»یان هەیە. «ئەو کات لە وڵاتە 'شارستان'ەکان ئاژەڵەکان جەستە ئەستێرەییەکانی ئاژەڵان هەستێکی گشتیی ڕقەبەرایەتی بڵاو دەکەنەوە... بۆ کوشتاری ڕێکخراوی ئاژەڵان لە کوشتارگەکان و لە وەرزشداساڵانە ملیۆنانی ئەمانە دەنێررێن بۆ جیهانی ئەستێرەیی، بەوپەڕی تۆقیوی و ترس و زریکاندن لە دەستی مرۆڤ... هەروەها لە ڕێی ئەو وزانەی لەمانەوە دروست دەبن کاریگەری دادەبارێنن»، کە هەندێک جار ئێجگار زۆر وێرانکەرن. (ئانی بێسانت، *دانایی دێرین* [لەندەن، ١٨٩٧]، لا. ٨٤). **~گ.س.**

325 **گەرچی... تووش دەکات**: باوبژەکە ڕوونە؛ تەڕییەکە واتە میزت زۆر پێ دەکات. **~ن.م.**

326 **باکردن**: ئەنگاوتەیەکە لە نێو وڵاخ و مەڕدا ڕوو دەدات، گەدەی یەکەمیان بە هۆی گازەوە ئێجگار زۆر دەئاوسێت. ئەمەش زیاتر لە نێو ئەو ئاژەڵانەدا ڕوو دەدات کە لەسەر گیای پاقلەیی دەلەوەڕێن و پێی ڕانەهاتوون. **~گ.س.**

ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا بە کار هاتووە وشەی *بلۆتەر bloater*ە، بە واتایەکی تر جۆرە شاماسییەکیشە. بۆیە هەندێک لە وەرگێڕەکان بە واتای ئەو ماسییە وەریانگێڕاوە. بەڵام من لە ژێر ڕۆشنایی ڕاڤەکەی گیفرددا وا وەرمگێڕاوە. **~ن.م.**

327 **ستێکی چەرەس**: گۆشتێکی جێگرەوەیە بۆ سەوزەخۆران، لە عەلی بابا (بستەی زەمینی) دروست دەکرێت. **~گ.س.**

328 **چەرەسخۆر، میوەخۆر**: دوو بەشکەرتی سەوزەخۆرانن. چەرەسخۆران کاکڵەمەنییەکان وەک جێگرەوەی خۆراک دەبینن؛ میوەخۆرانیش میوە. **~گ.س.**

329 **لە نێو سۆدەدا لێی دەنێن**: ڕێنامەی خۆراکی سەوزەخۆران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕێنمایی ئەوەیان داوە خۆراک لە سۆدەدا لێبنرێت، چون بڕوایان وا بووە کە سەوزە ڕەنگە سرووشتییەکەی لە نێو سۆدەدا لە دەست نادات (هەروەها باشییەکەشی هەر لە دەست نادات). بەڵام لە ڕاستیدا لێنان لە سۆدەدا ڕێژەی ڤیتامینەکانی نێو سەوزە زۆر کەم دەکاتەوە و ئەمەش ساڵی ١٩٠٤ نەزانرابوو، چون ساڵی ١٩١٢ ڤیتامین دۆزرایەوە. **~گ.س.**

330 **ئەیر**: بە ئینگلی *ether*: ئەیر لە کوردیدا هەر ئاگرە و لە زۆر ناوچەی کوردستاندا وای پێ دەوترێت. بەڵام دەشێت لە کوردیی ناوەندیدا واتای *ئەیر* درێژ بکەینەوە بۆ واتای *ئیثەر ether* و من لە کۆی ئەم وەرگێڕانەدا لە بەرانبەر وشەی ناوبردەدا دامناوە. وشەی *ئیثەر* لە ئینگلیی ئێستادا چەند واتایەکی هەیە: ١. شلەیەکی بێڕەنگە و زوو گڕ دەگرێت؛ ٢. هەندێک جار بە هەوا دەوترێت *ئیثەر*، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە شەپۆلی دەنگی پێدا تێدەپەڕێت. بەڵام *ئیثەر* لە گریکی کۆندا (کە بە واتای *ئاگر* دێت – سەرنج لە لێکچوونی *ئێثێر-اس*ی گریکی و ئاگر/ئەیری کوردی بدە، کە پێم وایە هاوبنجن) یەکێک بووە لە چوار ماکە پێکهێنەرەکانی *ئاسمانی زەمینی*، کە ئەوانیش: ئاو، ئەیر (ئاگر)، هەوا، زەوی بوون. هەر چوار ئەم ماکەیە لە نێو چەقی بازنەکانی گەردووندا بوون. گەردوون بە گوێرەی ئاسمانناسیی دێرین، کە پێیان وا بووە زەوی چەقی گەردوونە و بە ئاسماناسییەکە دەوترێت «چەقزەمینی *geocentric*»، لە چەند بازنەیەکی ناویەک پێک هاتووە، تا

سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی کۆپەرنیکۆس-یش (١٤٧٣-١٥٤٣) بڕوا وا بووە کە ئاسمان بەم شێوەیەیە: چەقی هەموو بازنەکان «ئاسمانی زەمینی»یە، لەم بەشەدا چوار ماکە سەرەکییەکەی تێدایە: زەوی لە دوو نیوەی ئاو و وشکانی پێک هاتووە، مرۆڤ کە مردووە چووەتە نێو ناخی زەوییەوە، بۆیە بە ناخی زەوییان وتووە «جیهانی مردووان» یان «جیهانی ژێرەوە» (بڕوانە ٩: ١) کە ئۆدیسێفس لە *ئۆدیسە*دا دەچێت سەردانی دەکات. بە گوێرەی ئاسمانناسیی مەسیحی دۆزەخ خراوەتە ئەم ناخی زەوییەوە، کە دانتێ لە *کۆمیدیای خودایی*دا سەردانی دۆزەخ دەکات، لە ناخی زەویدایە و هاوجێیە لەگەڵ جیهانی مردوواندا؛ واتە دۆزەخ لە ئاسمان نییە. هەر لە نێو ئاسمانی زەمینیدا بە دەوری نیوە وشکانی و نیوە ئاوی زەویدا هەوا هەیە، لە سەروو هەواشەوە بەشی ئەیر (ئاگر - ئیثەر) هەیە. بە گوێرەی ئاسمانناسیی مەسیحی، بە تایبەتی ئەو گەردوونەی دانتێ بڕوای پێی بووە و *کۆمیدیای خودایی* لەسەر بونیاد ناوە، ئەم ئەیرە، یان ئەم ئاگرە، ئەو شوێنەیە کە بەرزەکی لێیە و بەم ئاگرەیە گوناهکاران پاک دەبنەوە. بە گوێرەی ئاسمانناسییەکەی پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس بەم ئاسمانە دەوترێت «بازنەی ژێرمانگی»، واتە کەوتووەتە ژێر مانگەوە، بەڵام لێرەدا بە «ئاسمانی زەمینی» ناویم هێناوە. لە سەروو ئەیرەوە (واتە لە سەروو بازنەی ژێرمانگی/ئاسمانی زەمینی-یەوە) یەکەم بازنەی ئاسمان دێت کە پێی دەوترێت *بازنەی مانگ*؛ بازنەی دووەم پێی دەوترێت *بازنەی مێرکوری* (ئاسمانی زاوە/ عەتارید)؛ بازنەی سێیەم پێی دەوترێت *بازنەی ڤینوس* (ئاسمانی ناهی/ زوهرە)؛ بازنەی چوارەم پێی دەوترێت *بازنەی خۆر* (ئاسمانی خۆر)؛ بازنەی پێنجەم پێی دەوترێت *بازنەی مەریخ* (ئاسمانی بارام)؛ بازنەی شەشەم پێی دەوترێت *بازنەی یوپیتەر* (ئاسمانی هورمز/ مشتەری)؛ بازنەی حەوتەم پێی دەوترێت *بازنەی ساتورن* (ئاسمانی کەیوان/ زوحەل)؛ بازنەی هەشتەم پێی دەوترێت *بازنەی ستێرە وەستاوەکان* (هەسارە وەستاوەکان)؛ بازنەی نۆیەم پێی دەوترێت *ئاسمانی ئاسمانان* (ئاسمانی بلورین یان جووڵێنەری سەرەتایی)؛ لە سەروو ئەم ئاسمانە بلوورینەشەوە تەختی (عەرش) خودا دێت.

بەشێک لە گیانگەرا و ڕازگەراکان، وەک بلاڤاتسکی (بڕوانە ٧: ٣٦٥) و ئەی ئی (بڕوانە ٢: ٦٨) بە خۆیانیان وتووە (یان پێیان وتراوە) *ئیثەرییەکان*، بە واتایەکی تر *ئاسمانییەکان*، بەڵام «ئاسمان» لێرەدا هەمان ئەو واتایە نادات کە ئێمە لە جیهانی ئەمرۆماندا لە *ئاسمان* تێی گەیشتووین، بەڵکو جێیەکی دیاریکراوی ئاسمان دەگرێتەوە، وەک لە سەرەوە ڕوونم

کردەوە. بۆیە بۆ ئەوەی زاراوەکە وەک خۆی بهێڵمەوە و ئاماژە دێرینەکەی لە کوردیشدا بمێنێت، ناچار بووم وشەی *ئەیر* بە کار بهێنم. **~ن.م.**

331 **کوڵاوی ئایری**: خواردنێکە، ئەمە پێکهێنەرەکانیەتی: گۆشتی مەڕ، پەتاتە، پیاز، ئاو، خوێ، بیبەر. **~گ.س.**

332 **شەقامی ناسۆ**: بە بەری باشووری کۆلێجی ترینیتیدایە، لە خۆرهەڵاتەوە شەقامی گرافتن دەبڕێت (کە ئێستا بلووم دەچێتە ناوی). **~گ.س.**

333 **یەیتس و کوڕەکانی**: لە بەری خۆرئاوای شەقامی گرافتنە، لەوبەر یەکتربڕی شەقامی ناسۆ و گرافتن. یەیتس و کوڕەکانی، چاویلکەساز، دروستکەری کەرەستەی ماتماتیکی بۆ زانکۆ و بەندەری دەبلن، بە ناونیشانی ٢ی شەقامی گرافتن. **~گ.س.**

334 **هاریسی پیر**: مۆریس هاریس (بە نزیکی ١٨٢٣-١٩٠٩)، دەڵاڵی کاری هونەری و شووشەوات و گەوهەر، بە ناونیشانی ٣٠ی شەقامی ناسۆ. بڕوانە ئێلمان لا. ٢٣٠. **~گ.س.**

335 **سینکلێری گەنج**: ویلیەم سینکلێر (١٨٨٢-١٩٣٨)، کوڕەزای {یان کچەزا} مۆریس هاریس، بە پێداگریی باپیری وەکو جوو پەروەردە کرابوو؛ بڕوانە هەیمان لا. ١٤٨-١٤٩. **~گ.س.**

336 **هاوێنەی گۆوەرز**: لە ڕووی تەکنیکییەوە هاوێنە نەبوون، بەڵکو ئاوێزە بوون. ئەمە دەزگایەکی چاویلکەسازیی ئەڵمانی بوو، لە بواری بەرهەمهێنان لە بازاڕنانی ئاوێزە و دووربیندا تا ڕادەیەک سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو. **~گ.س.**

337 **ئەڵمانییەکان... خۆش دەکەن**: ساڵانی بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم وارگێڕیی فراوانکردنی ئەڵمانیا تەنها بەوەوە نەوەستابوو کە سوپای دەریایی و ئیمپراتۆرێتییە داگیرکارەکەی فراوان بکات، بەڵکو هەوڵی دەدا بازاڕی جیهانیش قۆرخ بکات. حکومەتی ئەڵمانی کۆمەکی سەرسووڕهێنەری بە پیشەسازییە بنچینەییەکان دەدا (وەک پیشەسازیی چاویلکەسازی) بۆ گەرەنتیی هێشتنەوەی پێگەیەکی ڕکابەرانەیان لە بازاڕی جیهاندا. **~گ.س.**

338 **نووسینگەی... ترامەکان**: ئەم نووسینگەیە ماوەیەکی دیاریکراو ئەو شمەکانەی خەڵکیی گل دەدایەوە کە لە ترامەکاندا بە جێ هێڵرابوون، تا خاوەنەکانیان دەهاتنەوە بۆ داوایان. دوای ئەو ماوەیە شمەکەکان لە زیادکردنێکی گشتیدا دەفرۆشرانەوە. **~گ.س.**

339 **ژووری چاکەت**: ژوورێکی شوێنە گشتییەکانە کە خەڵکان دەتوانن چاکەت و چەتر و هەندێک کەرەستەی تری خۆیانی لێ دابنێن. **~ن.م.**

340 **وێستگەی لیمریک**: لە کاونتیی تیپێرەرییە، پێکبەستێکی گەورەی هێڵی شەمەندەفەرە، ١٢٣ میل لە باشووری خۆرئاواوە دوورە و ٤٨ میل لە باشووری خۆرهەڵاتی ئێنیسەوە دوورە (کە ساڵی ١٨٨٦ باوکی بلووم لەوێ مردووە و نێژراوە). **~گ.س.**
341 **پارەی سۆراخنەکراو**: پارەیەکی ونبوو کە کەس بۆ سۆراخ و داواکردنی نایەتەوە. **~ن.م.**
342 **لە سەربانی... دووربینانە**: لە سەربانی بانکی ئایرلاندە، ١٥٠ یارد لای باکوورەوە بەوبەر کۆلێج گرینەوە. زۆر خەڵکان گومانی ئەوەیان بردبوو کە ئەم کاتژمێرە بوونی نییە، بەڵام ئەمە هێشتا یەکێکە لە ئوستوورەکانی نێو دەبلن. **~گ.س.**
343 **سەری... خۆرەکەی سڕییەوە**: درویدەکان ئەم جووڵە و کاریگەرییەیان وەک هێمای توانای مرۆڤ دادەنا بۆ کاری ئاسمانی (بڕوانە ٨: ٣١٨). **~گ.س.**
344 **ئەو کاتەی... هەبوو**: پەڵەخۆر لە بازنەیەکی یازدە ساڵیدا دەگاتە پلەی ئەوپەڕ؛ ئەو ئەوپەڕەی بلووم بیریەتی ئابی ١٨٩٣دە. ساڵی ١٩٠٤ پەڵەخۆر بە گشتی وا دادەنرا کە ڕووچوویی قووڵی سەر ڕووی خۆرن. بلووم لێرەدا پەڵەخۆر لەگەڵ «زمانە خۆرییەکان»دا تێکەڵ دەکات، کە ئەوەیان فیچقەی وروژمکردووی گڕی هایدرۆجینە کە لە ڕووی خۆرەوە دەردەفیچقێت. بەڵام «هەڵە»کەی بلووم تێکەڵکردنێکی زۆر گرنگ نییە، چون دوو دیاردەکە ئەگەرچی ساڵی ١٩٠٤ ڕوون نەکرابوونەوە، بەڵام وەک پەیوەندیدار دادەنران. **~گ.س.**
345 **ئەمساڵ... لای پایزەوە**: لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٠٤دا بوو، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دیار بوو، بەڵام لە دەبلن دیار نەبوو. **~گ.س.**
346 **ئەو تۆپە... دەکەوێت**: ئەو تۆپی کاتەی سەر نووسینگەی بالاستە (بڕوانە ٨: ٦٦). بلووم هەڵەکەی سەرەتای ڕاست کردەوە: تۆپەکە بە گوێرەی کاتی گرینویچ دەکەوت، نەک کاتی دەنسینک. **~گ.س.**
347 **دەنسینک**: ڕوانگەیەک بوو لە باکووری خۆرئاوای پاڕکی فینیکس، ساڵی ١٧٨٣-١٩٤٦ هی کۆلێجی ترینیتی بوو و هەر ئەوانیش بە گەڕیان دەخست. ئەم ڕوانگەیە «یەکەم یەکشەممەی هەموو مانگێک لە تشرینی یەکەمەوە تا ئادار لە کاتژمێر ٧-٩ی ئێوارە و لە کاتژمێر ٨-١١ی شەوی مانگەکانی تر بۆ خەڵکی گشتی کراوەیە». کاتژمێرەکانی نووسینگەی بالاست لە ڕێی تەوژمێکی کارەباییەوە ڕێکێف دەکرا کە هەر چرکەیەک لە کاتژمێری هاوکاتی ڕوانگەی دەنسینکەوە دەگوازرایەوە. **~گ.س.**

348 **پرۆفیسۆر جۆلی**: چارلز جاسپەر جۆلی (١٨٦٤-١٩٠٦)، ئەستێرەناسی پاشایی ئایرلاند، پرۆفیسۆری ئەندروسی ئەستێرەناسی لە کۆلێجی ترینیتی، هەروەها بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕوانگەی دەنسینک بوو. **~گ.س.**

349 **دایان**: {بە واتای ڕەچەڵەکی ڕابردووی مێ، بەرانبەر *باوان* دەوەستێتەوە} لە ڕاستیدا زۆڵ بێباوکە. **~گ.س.**

350 **خاکەڕایی... جێیەک**: پەندێکی ئایرییە، واتە خاکەڕایی و ڕێز لە فیز و خۆبەزلزانی زیاتر سوودی هەیە و دەتگەیەنێتە زۆر شوێن. **~گ.س.**

351 **گاز... بەردی بەستوو**: ئەمە باسێکی گریمانەی کۆتەمیی (نێبولایی) لاپلاسە بۆ بنەچەی زەوی و گەردوون: ئەوەی کە مادە گازییە ماکەکان لە نێو ڕەقییەکی گەرمدا کۆ بوونەتەوە و سارد بوونەتەوە، ئەمەش ڕێی بە پرۆسەی پەرەسەندن («جیهان») داوە، بەردەوامیش سارد دەبێتەوە تا دەگات بە پلەیەک کە پلەی گەرما لە سفری ڕووت نزیک دەبێتەوە، ئاوهاش شیاویی ژیانکردن ناهێڵێت. مانگ هەر خۆی تەنێکی ئاوهایە، زەویش وەکو ئەوی لێ دێت. پییێر سیمۆن، مەرکیز دو لاپلاس (١٧٤٩-١٨٢٧) ئەستێرەناسێکی فەرەنسی بوو. **~گ.س.**

352 **مانگێکی نوێ**: (بڕوانە ٨: ١٤٣). **~گ.س.**

353 **لا مێزۆن کلێر**: جلدوری کۆشک، بە ناونیشانی ٤ی شەقامی گرافتن. **~گ.س.**

354 **مانگی پڕ**: یەکشەممە، ٢٩ی ئایاری ١٩٠٤. **~گ.س.**

355 **بە لای... خراپ نییە**: تۆلکا ڕووبارێکی بچووکە، بە بەری باکووری گەورەشاری دەبلندا دەڕوات و ڕۆ دەچێتە نێو کەنداوی دەبلنەوە لە فێرڤیو، کە ساڵی ١٩٠٤ کەنارێکی قوڕینی کێشاوی بوو لە باکووری ئەو ناوچە ئاوەدانکراوەی لای دەمی ڕووباری لیفیدا بوو و لەو کاتەوە ئاوەدان کراوەتەوە و بووە بە پارکی فێرڤیو. **~گ.س.**

«بۆ مانگی فێرڤیو» واتە بۆ دیمەنی مانگ لە فێرڤیوەوە، کە جێیەکی ئەوەندە نایاب نییە، دیمەنەکە خراپ نییە. **~ن.م.**

356 **دەیهماند**: هماندن یان ورنگاندن واتە گۆرانیبێژانی هێمن بێ دەمکردنەوە و تەنها بە همەهمکردن. لێرەدا ئامادەی ئەو بۆ ئەوی مێیە، دیارە مەبەستی لە مۆڵییە. **~ن.م.**

357 **مانگی گەنجی... ئەی یار**: گۆرانییەکە بە ناونیشانی *مانگی گەنجی مانگی ئایار* لە دانانی تۆماس موور، دەڵێت:

مانگی گەنجی مانگی ئایار دەجریوێنێت، ئەی یار.

ڕووناکیی گوڵەئەستێرە دەدرەوشێتەوە، ئەی یار.
چەن خۆشە بە
باخی مۆرنادا بگەڕێیت،
کاتێک جیهانی خەواڵوو خەون دەبینێت، ئەی یار! **~گ.س.**

[358] **وی... قۆڵ. ویٚ**: وا دیارە (وی) بۆیلەن بێت لای ئەولای مۆڵییەوە (ویٚ). **~ن.م.**

[359] **ساوین... بەڵیٚ**: ساوین {دەستلێدان، بەرکەوتن *لەمس*} تەنها بە واتای وشەکەش نا، چون «ساوین» بە بازاڕی واتە جووتبوونی سێکسی. لە هێمای پەنجەکەدا بلووم پێی وایە مۆڵی و بۆیلەن کە ئەوەیان کردووە، پرسیارکەر پەنجەی باڵابەرزە دەدات لە لەپی دەستی پرسیارلێکراو؛ ئەویش بە هەمان جووڵە وەڵامی *بەڵیٚ* دەداتەوە. **~گ.س.**

[360] **لاڕێی ئادەم**: شەقامێکی بچکۆلەی سەر شەقامی گرافتنە. **~گ.س.**

[361] **بە دامرکانێکی... بۆب دۆرانە**: ئەم ڕستەیە، ئەگەر بتوانین ناوی بنێین ڕستە، زۆر کێشەدارە: لە لایەک لەبەر ئەوەی وا دیارە گێڕانەوەی گێڕەرەوە و شەپۆلی هۆشی بلووم تێکەڵاو بوون و وەک زۆربەی جارەکانی تری ڕۆمانەکە بە خاڵ جیا نەکراونەتەوە (بۆ نموونەیەکی تر لە تێکەڵبوونی گێڕانەوەی گێڕەرەوە و شەپۆلی هۆشی کەسێتی بڕوانە ٤: ١٨٦). لە لایەکی تر لەبەر ئەوەی لە دەقە ماکەکەی چاپە جیاوازەکانی *ئولیس*دا جیاوازن، کە لە خوارەوە جیاوازییەکانیان دەخەمە ڕوو. ئەگەرچی دەقی ماکی سەرەکیی ئەم وەرگێڕانە کوردییە چاپەکەی گابڵەرە، واتە ئەوەی لەم دەقە کوردییەدا هەیە بە گوێرەی چاپەکەی گابڵەرە. با دەقە ماکەکان بە گوێرەی چاپە جیاوازەکانی *ئولیس* دابنێمەوە و هەوڵ بدەم یەکبەیەکیان وەربگێڕم، پاشان سەرنجەکانی خۆمیان لەسەر بڵێم:

بە گوێرەی چاپەکەی ١٩٢٢ی *ئولیس* وەها نووسراوە:

With a keep quiet relief, his eyes took note: this is street here middle of the day Bob Doran's bottle shoulders.

بە گوێرەی چاپەکەی ١٩٣٩ی *ئولیس* وەها نووسراوە:

With a deep quiet relief, his eyes took note: this is street here middle of the day Bob Doran's bottle shoulders.

بە گوێرەی چاپەکەی ١٩٦١ی *ئولیس* وەها نووسراوە:

With a keep quiet relief, his eyes took note: this is street here middle of the day Bob Doran's bottle shoulders.

بە گوێرەی چاپەکەی ١٩٨٦ی *ئولیس* (گابڵەر) وەها نووسراوە:

With ha quiet keep quiet relief his eyes took note this is the street here middle of the day of Bob Doran's bottle shoulders.

چاپەکەی ١٩٢٢ و ١٩٦١ هەمان دەقن، بە هەمان خاڵبەندییەوە؛ بەڵام لەوەی ١٩٣٩دا جیاوازە. بە گوێرەی هەر سێ چاپەکەی بەر لە گابڵەر خاڵبەندی هەیە، وا دیارە پێش نیشانەی دوو خاڵەکە : بە گشتی مەودای گێڕانەوەی گێڕەرەوەکە بێت و دوای ئەوە مەودای شەپۆلی هۆشی بلووم بێت. وەرگێڕانی دەقەکەی ١٩٢٢ و ١٩٦١ وەها دەبێت: «بە دامرکانێکی بێدەنگ بەوە، چاوەکانی تێبینیان کرد:» ئەمەندەی تا ئێرە گێڕانەوەی گێڕەرەوەکەیە، جگە لە «بێدەنگ بە» کە فەرمانی نێو شەپۆلی هۆشی بلوومە؛ پاشان مەودای شەپۆلی هۆشی بلووم دێت، چون ڕستەسازییەکەی زۆر تێکەڵوپێکەڵ و نالەبارە. «ئەمە ئێرە شەقامە ناوەڕاستی ڕۆژ شانە بوتڵییەکانی بۆب دۆران». دەقەکەی ١٩٣٩، کە سام سلەوت بە دەقی سەرەکیی ڕاڤەکانی خۆی دایناوە، بەم شێوەیە وەردەگێڕرێت: «بە دامرکانێکی بێدەنگی قووڵەوە، چاوەکانی تێبینییان کرد:» بە گوێرەی ئەم دەقە ئەم بەشە بە تەواوی گێڕانەوەی گێڕەرەوەکەیە. پاشان «ئەمە ئێرە شەقامە ناوەڕاستی ڕۆژ شانە بوتڵییەکانی بۆب دۆران». وەک سەرنج دەدرێت لە چاپەکەی گابڵەردا تەواوی خاڵبەندی لە نێو ڕستەکەدا لابراوە، ئەمە وا دەکات تەنانەت بە تەڵخیش سنووری نێوان گێڕانەوەی گێڕەرەوەکە و شەپۆلی هۆشەکەی بلووم نەزانین؛ هەروەها وشەی سەیروسەمەرەی بۆ زیاد کراوە، وەک «ha quiet keep quiet». بەڵام لەوە دەچێت هۆیەک هەبێت کە ئەم خاڵبەندییە نەماوە، چون وا دیارە هەر لە نێو گێڕانەوەی گێڕەرەوەکەدا «ها بێدەنگ بێدەنگ بە»کە شەپۆلی هۆش و دەربڕینی سەر زاری بلووم بێت. بلووم دەیەوێت لە بیری ناپاکیی ژنەکەی ڕزگاری ببێت، بە زۆر دەنگی ناخی خۆی بێدەنگ دەکات و دەڵێت: «ها» وەک بڵێت «ئاخ»، پاشان دەڵێت: «بێدەنگ» و دیسان ئەم جارە فەرمانەکە تەواو دەکات و دەڵێت: «بێدەنگ بە». بە واتایەکی تر: ئەم دامرکانەوەیە بە شێوەیەکی سرووشتی بێدەنگ نییە، بەڵکو لە ژێر گوشار و فەرمانی بلووم خۆیدا «بێدەنگ بە»یە. ئینجا دێتەوە سەر گێڕانەوەی گێڕەرەوەکە. کە لە خوارەوە ئەوەی شەپۆلی هۆشی بلوومە هێڵی بە ژێردا دەهێنم و ئەوەی گێڕانەوەی گێڕەرەوەکەیە بە ئاسایی دایدەنێمەوە:

> بە دامرکانێکی <u>ها بێدەنگ بێدەنگ بە</u>وە، چاوەکانی تێبینییان کرد: <u>ئەمە ئێرە ئەو شەقامەی لە ناوەڕاستی ڕۆژدا شانە بوتڵییەکانی بۆب دۆرانە</u>.

جۆیس لە شوێنانی تریشدا ئەم تەکنیکەی بە کار هێناوە و دەنگی شەپۆلی هۆشی تێکەڵ بە گێڕانەوە کردووە، واتە ئەم تەکنیکە بە وێژە نامۆ نییە. گابڵەر دەستکارییەکی باشتری بەشی دواتری ڕستەکەی کردووە، بە جۆرێک کە واتایەکی بۆ گەڕاندووەتەوە، ئەگەرچی

هێشتا زۆر ڕوون نییە. «چاوەکانی تێبینییان کرد: ئەمە ئێرە ئەو شەقامەی لە ناوەڕاستی ڕۆژدا شانە بوتڵییەکانی بۆب دۆرانە». لێرەدا شەپۆلی هۆشی بلووم، کە لەوێوە دەست پێ دەکاتەوە کە دەڵێت: «ئەمە ئێرە ئەو شەقامە...» ئێجگار بێسەرەوبەرەیە، وەک بڵێیت هەر بە زۆر خۆی لە خەیاڵەکەی پێشووی دەردەکات. وا دیارە ئەم ڕستە ئاڵۆزە ڕستەیەکی ئاوێتە بێت، ئەگەر ڕستەسازییەکەی چاک بکەینەوە بەم شێوەیە بێت: «ئەمە ئێرە ئەو شەقامەی شانە بوتڵییەکانی بۆب دۆرانە لە ناوەڕاستی ڕۆژدا». بۆ *بۆب دۆران* (بڕوانە ٥: ٦٠). داخۆ بۆچی ئەم شەقامە، کە شەقامی گرافتنە و بلووم هێشتا لەوێیە، هی شانە بوتڵییەکانی بۆب دۆرانە؟ وەڵامێکی بڕێنەرەوەم پێ نییە، بەڵام لەوانەیە بلووم شەوێک لەسەر ئەم شەقامە بۆب دۆرانی بە سەرخۆشی دیبێت، ئێستاش شەقامەکە لە ناوەڕاستی ڕۆژدا دەبینێت. وا دیاریشە بۆب دۆران ئەوەندە قەڵەو بێت و شانەکانی داکەوتوو بن، بە جۆرێک کە لە بوتڵ بچێت. **~ن.م.**

[362] **شێخشێ لا فام**: فەڕەنسییە، واتە «گەڕان بە دوای ژنەکەدا»؛ بە خوازەیی واتە «وا دیارە ژنێک بێت هۆ شاراوەکە». **~گ.س.**

[363] **کوومب**: (بڕوانە ٥: ١٢٤). **~گ.س.**

[364] **ئیمپایەر**: بوفێی ئیمپایەر، خواردنگە و مەیخانەیەک بوو بە ناونیشانی ١-٣ی لاڕێی ئادەم. **~گ.س.**

[365] **پات کینسێلا**: ١٨٩٠کان خاوەنی هۆڵی موزیکی هاڕپ بوو، کە کابارێیەک بوو، پێشتر لە ناونیشانی ١-٣ی لاڕێی ئادەم بوو، واتە لە جێی ئیمپایەر بوفێ، بڕوانە ڕاڤەی پێشوو. **~گ.س.**

[366] **ویتبرێد**: لە *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*دا ناوی جەیمز دەبلیو ویتبرێد هاتووە و دەڵێت کە بەڕێوەبەری شانۆگای کوینی پاشاییە لە شەقامی برونسویک (پییەرسی ئێستا). دوای نەمانی هۆڵی موزیکی هاڕپ ویتبرێد بوو بە بەڕێوەبەر، کە زیاتر بەوەوە وابەست دەکرا. **~گ.س.**

[367] **بە شێوازی... تەنگەکەیەوە**: دایۆن بوسیکۆ (١٨٢٢-١٨٩٠) شانۆنووس و ئەکتەری ئایر بە «ڕوومانگ» ناسرابوو، ڕەخنەگرانی هاوسەردەمی خۆی دەیانوت کە «بەهرەی شانۆیی نییە»، بەڵام بە «شۆخێتییە بەهێزەکەی» قەرەبووی دەکردەوە؛ بۆیە پات کینسێلا وەک بوسیکۆی دەکرد، لاسایی شێوازی زێدەنوواندنی ئەوی دەکردەوە لە نێوەندی پەردەکان بە جلی خانمان و گۆرانیی فالسێتتۆی دەبێژا و شتی تریش. **~گ.س.**

**فالسێتتۆ**: زاراوەیەکی موزیکە، بە ئیتالی واتە «بە هەڵە»، ئەوەیە کاتێک نێرێک بە دەنگێکی ژنانە و منداڵانە گۆرانی دەبێژێت، واتە لە سەروو مەودای تۆنی ئاسایی قورگیەوە گۆرانی دەبێژێت. ~**ن.م.**

[368] **سێ کچی جوانی قوتابخانە**: لە گۆرانیی «سێ کچی بچکۆلەی قوتابخانە»وە هاتووە کە لە پەردەی یەکەمی ئۆپێرای *میکادۆکە* (١٨٨٥)دایە، سێ کچ بە ناوەکانی یەم-یەم، پیپ-بوو، هەروەها پیتی-سینگ دەیبێژن لەگەڵ کۆرێکدا، دەڵێن:

[هەر سێکیان]
سێ کچی بچکۆلەی قوتابخانەین،
وەک کچی قوتابخانەش بێشەرمین،
تا بینەقاقامان کەیفی کچانەیە،
سێ کچی بچکۆلەی قوتابخانەین!
[یەم-یەم:] (بزە دەکات)
هەموو شتێک مایەی خۆشییە
[پیپ-بوو:] (بزە دەکات)
کەس پارێزراو نییە، چون کەسمان لا گرنگ نییە
[پیتی-سینگ] (بزە دەکات)
ژیان نوکتەیەکە کە ئێستا دەستی پێ کردووە
[هەر سێکیان]
سێ کچی بچکۆلەی قوتابخانەین.
[کۆڕ و سێ کچەکە]
سێ کچی بچکۆلەی قوتابخانەی بێئاگا،
لە حوجرەی خانمێکەوە هاتوون،
لە چاودێرە بلیمەتەکەی ئازاد بوون.
[هەر سێکیان] (بە شەرمەوە)
سێ کچی بچکۆلەی قوتابخانەین. ~**گ.س.**

[369] **پانتۆڵی... دەردەخست**: وا دیارە *وی* دایۆن بوسیکۆ بێت. ~**ن.م.**

[370] **وزەی زیاتر**: بە دەربڕینێکی تر: ویسکیی زیاتر، کە ئاماژەیە بە جۆن پاوەر و کوڕەکانی، کە مەییان دروست دەکرد. ~**گ.س.**

[371] **ئەو شەبقە سپییە دابکەنە**: دروشمێک بوو موور و بورگێس، کە بەزمگێڕی جەفەنگیی گەڕۆک بوون، دروستیان کردبوو (بڕوانە ١٥: #). **~گ.س.**

**بەزمگێڕ**: بە ئینگلی *minstrel*، کەسێک بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گۆرانیبێژ و موزیکژەن بووە و گەشتی کردووە و بەزمی بۆ خێزانە خانەدانەکان ساز کردووە. **~ن.م.**

[372] **چاوە نیوەکوڵەکانی**: چاوێک کە زۆر گەرم بووە، واتە چاوێک کە بە خواردنەوە سوور بووە. **~گ.س.**

[373] **ئەو هاڕپەی... کوشت**: لە گۆرانییەکی تۆماس موور-ەوە هێنراوە، بە ناونیشانی *ئەو هاڕپەی هۆڵەکانی تارا*، دەڵێت:

هەر ئەو هاڕپەی لە هۆڵەکانی تاراوە
ڕۆژێک بوو دەنگی موزیکی پەخش دەکرد،
ئێستا بێدەنگ، وەکو بڵێیت گیانی لە بەر دەرکێشرابێت
بە دیوارانی تارادا هەڵواسراوە.
شانازیی ڕۆژانی پێشوو ئیتر دەنوێت،
هەژانی شکۆ تەواو بوو،
ئەو دڵانەش ڕۆژێک بەرز بۆ پیاهەڵدان لێیان دەدا،
ئێستا ئیتر وا هەست دەکەن کە ئەو لێدانە نەماوە.

هاڕپ ئامێری موزیکیی شایەرە کەڵتییەکان بووە و هێمای نەریتیی ئایرلاندە؛ *هاڕپ* وشەیەکی بازاڕییشە واتە «ئایری کاسۆلیک». **~گ.س.**

[374] **ئەو کاتە... بیست و سێ**: بلووم دەوروبەری شوبات و سەرەتای ئایاری ١٨٦٦ لە دایک بووە؛ مۆڵی لە ٨ی ئەیلوولی ١٨٧٠دا لە دایک بووە. ئەگەر بیرکەوتنەوەکەی بلووم دروست بێت، ئەو گواستنەوەیە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٨٩٤دا ڕووی داوە، دوای شوبات بۆ ئایار و پێش ئەیلوول. خشتەی کاتی کارەکانی بلووم و کۆنسێرتەکانی مۆڵی و ئەو ماڵە کرێیانەی تیایدا ژیاون تا ڕادەیەک ڕوون نین. **~گ.س.**

[375] **شەقامی گرافتن**: «لەو سەردەمەدا 'کەشخەترین' جێی بازاڕیکردنی دەبلن بوو» (فرانک بەدجن، *جەیمز جۆیس و نووسینی ئولیس*، [بلوومینگتن، ئیندیانا. ١٩٦٠]، لا. ١٠٢). **~گ.س.**

[376] **موسلین:** بە ئینگلی *muslin*: قوماشێکی کەتانی تەنکە. وشەکە لە بنەچەدا لە ناوی شاری موسڵەوە هاتووە. **~ن.م.**

[377] **گوزەرگا:** شەقامەکە بە بلۆکی گرانێت تاو کرابوو. ~**گ.س.**
[378] **هەموو... لەوێ بوون:** (بڕوانە ٤: ١٤٣). ~**گ.س.**
[379] **براون تۆماسی ئاوریشمفرۆش:** براون تۆماس و هاوبەشەکانی، فرۆشیار و دروستکەری ئاوریشم، کڵاو، پۆشاک و کوتاڵفرۆش. بە ناونیشانی ١٥-١٧ی شەقامی گرافتن، ساڵی ١٩٠٤ وەها ڕیکلامی بۆ خۆی دەکرد کە «باشترین جۆرێتی»ی کوتاڵ و پارچەیان هەیە کە بەشی سەد ساڵ دەکات. ~**گ.س.**
[380] **بافڵ:** بە ئینگلی *cascade*: ئاوهەڵدێرێک، یان تاڤگەیەکی بچووک. ~**ن.م.**
[381] **پۆپلین:** بە ئینگلی *poplin*: جۆرە قوماشێکی کەتان، خوری یان ئاوریشمە. ~**ن.م.**
[382] **هیوگەنۆتەکان... هێنا:** واتە کاری چنینی ئاوریشم و پۆپلین. هیوگەنۆتەکان، کە بە دوای پەناگادا دەگەڕان لە ئایرلاند، لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا داگیرگە و کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونیان لە دەبلن و لە باکووری پرۆتستانتی دامەزراند، لەگەڵ خۆشیاندا مەکینەی پیشەسازی ڕستن و چنین و خومیان هێنا، بە دیاریکراویش خومی سوور، وەک بلووم ئاماژەی پێ دەدات. ~**گ.س.**
[383] **ڕەنگە... بشۆرێتەوە:** بلووم لە پەنجەرەکەوە بەشێک لە هێمایەک دەبینێت کە /ڕێنمایی ئەوەی لەسەرە ئاگایان لە جلەکانیان بێت. ئاوی باراناو زۆر بە کار دەهات لەگەڵ مادەی ناسک و خومی ناجێگیردا، چون ئێجگار ناسک بوو (بۆ نموونە هیچ مادەیەکی تێدا نەبوو) (بڕوانە ٨: ١٠). ~**گ.س.**
[384] **لاکۆز... بوم بوم:** بلووم بیر لە کۆپلەیەکی ئۆپێرای *هیوگەنۆتەکان* دەکاتەوە لە دانانی جاکومۆ مایەربیر (١٧٩١-١٨٦٤)، کە موزیکدانەرێکی ئەڵمانی بوو. ئۆپێرا ماکەکە بە فەڕەنسی نووسرابوو، بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا نمایشی ئیتالیی ئۆپێراکە باو بوو. ئۆپێراکە تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی نامێژوویی لە بارەی کوشتاری هیوگەنۆتەکانی پاریس دەدوێت لە ڕۆژی سانت بەرتۆلماوسدا، کە دەکاتە ڕۆژی ٢٤ی ئابی ١٥٧٢. لە پەردەی چوارەمدا سانت بریس، کە یەکێکە لە ڕابەرەکانی بەرەی کاسۆلیکەکان، سوێند دەخوات کە بەشی خۆی لە کوشتارگەکەدا جێبەجێ بکات، کە ئەمەش بە تاکبێژییەکی نایاب دەڵێت «*pour cette cause sainte*» (بۆ ئەم دۆزە پیرۆزە [کوشتارەکە]) کە بلووم لە ئیتالییەکەیەوە بیری دێتەوە «*la cause è santa*» (*لا کۆز ئێ سانتا*). بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە گۆرانیی کۆرس نییە، وەک بلووم بیری لێ دەکاتەوە، بەڵام کۆرس لە کۆتاییدا گۆرانییە تاکبێژییەکەی سانت بریس وەردەگرێت. ~**گ.س.**

[385] **هەشتی حوزەیرانتەمووزئابئەیلوول**: لە ڕۆژی لەدایکبوونی مۆڵیدا (هەر بە ڕێکەوت) یادی ڕۆژی لەدایکبوونی مریەمی پاکیزەش دەکرێتەوە. **~گ.س.**

[386] **ژنان دەرزی هەڵناگرنەوە**: ئاماژەیە بەو گەندەباوەڕەی کە ئەگەر کچێک دەرزیی هەڵبگرێتەوە، ئەوا کوڕێکی دڵسۆزی تووش دەبێت؛ ئاوهاش ژنان خۆیان لە هەڵگرتنەوەی دەرزی بە دوور دەگرن، چون خولیاکانیان کەرت دەکات و ئاوهاش «ئەوین کەرت دەکات». **~گ.س.**

[387] **دەڵێن... خۆ**: لە دەقە ماکەکەشدا وشەیەکی تەواونەکراوە، تەنها نووسراوە *lo*، کە وا دیارە مەبەست لە وشەی *لەڤ love*ە، واتە خۆشەویستی. **~ن.م.**

[388] **یافا**: (بڕوانە ٤: ٧٦). **~گ.س.**

[389] **ئەگنداث نەتایم**: (بڕوانە ٤: ٧٤). **~گ.س.**

[390] **بە لەشێکی... پەرستنی کرد**: جۆیس بە فڕانک بەدجنی وتووە کە یەک ڕۆژی تەواو لەسەر ڕێکخستنی وشەکانی نێو ئەم دوو ڕستەیە کاری کردووە. **~و.ف.**

تێگەیشتنی من لەم ڕستەیە ئەوەیە کە بلووم بیری خانمێک دەکات، تامەزرۆیە باوەشی پێدا بکات و بیپەرستێت و شەیدای بێت. بەڵام ئەوەندە دەمێکە سەرجێیی و ڕاموسانی نەکردووە کە خودی سەرجێیی و ڕاموسان و دڵداری و پەرستن و شەیدایی لە مێشکیدا کاڵ بوونەتەوە، بۆیە لە مێشکیدا وێنەیەکی زەینیی ڕوونیان نییە و تەمومژاوین. ئەوەی سەیرە ئەوەیە زۆربەی وەرگێڕەکان سەرنجی ئەو وشەیەیان نەداوە کە دەڵێت: «برسیکراو» نەک «برسی» و بە «برسی» وەریانگێڕاوە، کە برسیکراو جیایە، واتە بە ئەنقەست وای لێ کراوە، نەک خۆی برسی بێت. **~ن.م.**

[391] **شەقامی دوک... بۆرتن**: بلووم لە شەقامی گرافتنەوە بەرەو خۆرهەڵات لادەکاتەوە بە پێش مەیخانەی دەیڤی بەیرندا تێدەپەڕێت بە ناونیشانی ٢١ی شەقامەکە بۆ میوانخانە و بلیاردخانەی بۆرتن بە ناونیشانی ١٨ی شەقامەکە؛ بۆرتن لە *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤*دا وەها ڕیکلامی بۆ خۆی کردووە: «هۆڵی حەوانەوە». **~گ.س.**

[392] **سووچەکەی کۆمبردیج**: کۆمبریدج و هاوبەشەکانی، کۆگای وێنە و فرۆشیاری چاپکراو و دروستکەری چوارچێوەی وێنە، هونەرمەندی شێوەکار و ڕەنگساز، بە ناونیشانی ٢٠ی شەقامی گرافتن، لەسەر سووچی شەقامی دوک. **~گ.س.**

[393] **هێندەی... ناجوویرێت**: پەندە، بەو واتایە دێت کە یەکێک شتێک لە سەرووی توانای خۆیەوە دەکات. لە کوردیدا ئەو پەندەمان هەیە کە دەڵێت: «لە بەڕەکەی خۆی زیاتر پێی

ڕاکێشاوە». بەڵام لەبەر ئەوەی لێرەدا زیاتر بۆ واتا ڕاستەوخۆکەی هێنراوەتەوە، نەک ناڕاستەوخۆکە، بۆیە پەندە ئینگلیییەکەم وەرگێڕا. **~ن.م.**

394 **بەو جۆرە... دەمانبینن:** دێڕێکی هۆنراوەکەی ڕۆبێرت بێرنە (بڕوانە ١: ٥١). **~گ.س.**

395 **ئەو دوایین... دینی مەسیحی:** مێژوویێکی چەواشەکراو و ئەفسانەیە. ئەو هۆنراوەیەی بلووم بیری لێ دەکاتەوە «ناشتنی شا کۆرماک» سێر ساموئێل فێرگوسن (١٨١٠-١٨٨٦)، کە هۆنەر و ئەنتیکەناسێکی ئایر بووە نووسیویەتی. ئەو دێڕانەی بلووم بە لێڵی بە بیری دێتەوە دەڵێت:

ئەو خواردنەی لە سلێتی،

لە باشووری بۆین خواردی خنکاندی.

بەهەرحاڵ، کۆرماک «دواهەمین شای پاگانی»ی ئایرلاند نەبوو، کۆرماک، کە لە دەوروبەری ٢٥٤-٢٧٧ی زایینیدا فەرمانڕەوا بووە، کوڕی ئاڕت بووە، کە باوکی کۆنی سەد جەنگ بووە {کۆرماکی کوڕی ئاڕتی کوڕی کۆن - کۆن ناوی باپیریەتی}. نەریتی ئایری دەڵێت کە کۆرماک یەکەم دامەزرێنەر و یاسادانەری ئایرلاند بووە، ئەویش بووە کە داڕێژەری نەتەوەکە بووە؛ ئەو بووە کە گردی تارای کردووە بە پایتەختی وڵاتەکە و داڕێژەری سەردەمی زێڕینی ئایرلاند بووە. ئەفسانەکان وا وێنای دەکەن کە ئەو یەکەم کەس بووە لە ئایرلانددا کە دینی مەسیحێتیی وەرگرتووە (١٣٩ ساڵ پێش هاتنی سانت پاتریک). ئەم لەدینوەرگەڕانەی درویدەکانی تووڕە کردووە و ڕێیان داوە کۆمەڵە شەیتانێک کۆرماک لە کاتی نانی شێودا بخنکێنن، لە کاتێکدا ئەو ئێسقانی ماسیی سەلەمۆنی خواردووە. سانت پاتریک (بە نزیکی ٣٨٥-٤٦١) تا ساڵی ٤٣٢ یان ٤٣٣ مژدەبەرییەکەی بۆ ئایرلاند دەست پێ نەکردووە. ئەفسانەیەکی بەناوبانگ هەیە کە سانت پاتریک و لیری، کە پاشای بەرزی ئەو کاتەی ئایرلاند بووە، کۆ بوونەتەوە، ئەفسانەکە دەڵێت کە لیری خۆی ئەم لەدینوەرگەڕانەی پەسەند نەکردووە، بەڵام بڕیاری داوە کە دەست وەرنەداتە کاروباری مژدەبەرییەکەی سانت پاتریکەوە - وەک بلووم دەڵێت: «هیچی ئەوەی پێ هەرس نەدەکرا». **~گ.س.**

396 **سەیری... ئینجا ئەمیان:** هاملێت لە پەردەی سێیەمدا سەرزەنشتی دایکی دەکات و داوای لێ دەکات وێنەی باوکی و کلاودیۆس بەراورد بکات، کە کلاودیۆس مامیەتی و مێردی ئێستای دایکیەتی، دەڵێت:

سەیری ئێرە بکە، ئەم وێنەیە، ئینجا ئەمە [هاملێت تابلۆی وێنەکانی باوکی و مامی پیشانی گێرترود دەدات]، ڕانانی دوو برا لە پۆرترێتدا.

(هاملێت ٣: ٤، ٥٣-٥٤ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[397] **تیلێکی جوانە**: دەربڕینێکی بازاڕییانەی بواری یاریی کریکێتە، بە واتای لێدانێکی جوان. **~گ.س.**

[398] **باشتر دەبوو... بخواردایە**: لەو دەربڕینەوە هاتووە کە سەرکۆنەی منداڵ دەکات کە بە پەنجەکانی نان دەخوات، دەڵێت: «ئەگەر بە سێ دەست نانت بخواردایە خێراتر دەتخوارد». **~گ.س.**

[399] **هەر لە... لە دەمدایە**: لە پەندێکەوە هاتووە کە دەڵێت: «هەر لە لەدایکبوونیەوە کەوچکێکی زیوینی لە دەمدایە» بە کەسێک دەوترێت کە لە منداڵییەوە خوداپێداو بێت. **~گ.س.**

دیسان بلووم لێرەدا پەندێکی تر دەهێنێت و زیاتر واتا ڕاستەوخۆکەیی مەبەستە، وەک لە واتا ناڕاستەوخۆکەی. **~ن.م.**

[400] **ڕۆکی پۆلیسی دادگاکە**: نەمتوانیوە ئەوە دەستنیشان بکەم کە ئایا کەس هەبووە بە ناوی ڕۆک کە لە سەرەتای سەدەی بیستی دەبلندا لە نووسینگەی پۆلیسی دادگا بووبێت یان نا، بەڵام ئەگەر کەسێکی وا بووبێت، ئەوا ناوەکەی وەکو شتێک لە نوکتە دەچێت: ڕێکخراوە نهێنییەکانی چاکسازیی زەویوزاری سەدەی نۆزدە بە شێوەیەکی نەریتی ناوی خوازراوی «سەرهەنگ ڕۆک»یان لە ڕابەرەکەیان دەنا، ئینجا یەکێک لە کارەکانی سەرهەنگ ڕۆک ئەوە بوو پێشڕەویی تۆقاندن و کوشتنی پۆلیسی دادگاکان بوو، کە وەکو پارەکۆکەرەوەی خاوەنزەوییەکان و دەرپەڕێنەری کرێچی بۆ ئەوان کاریان دەکرد، کە داردەستی ئەوان بوون و لە هەموو جێیەک بۆ سەرکوتکردنی ئایرە لادێییەکان ئامادە بوون. **~گ.س.**

[401] **گفتوگۆی سەر مێز**: لە بەستێنەکەدا وەک ڕوون دیارە وتەیەکی کلێشەییە، بەڵام (بۆ بەراوردی ڕێتێچوو) ناونیشانی هەندێکە لە پەڕتووک و وتار و گفتوگۆ: *سەرنجەکانی ویلیەم کاوپەر (١٧٣١-١٨٠٠) کە لە دوو دێڕی پاڵەوانیدا نووسراون لە بارەی هۆنراوەکانی سەدەی خۆی* (١٧٨٢)؛ *کۆوتارێک* (١٨٢١-١٨٢٢) لە نووسینی ویلیەم هازلیت (١٧٧٨-١٨٣٠) و *گفتوگۆکانی ساموئێل ڕۆجەرس* (١٧٦٣-١٨٥٥)، ساڵی ١٨٥٦ چەند کەسێک نووسیویانە و

دەستکارییان کردووە، هەروەها هی جۆن سێلدن (١٥٨٤-١٦٥٤) کە مافناس بوو، ساڵی ١٦٨٩ سکرتێرەکەی کۆی کردوونەتەوە و دەستکاریی کردوون. **~گ.س.**

402 **مچووشەممە... میمیم**: دووشەممە لە بانکی مەنستەر (و لەینستەر) بینیم. ئەم بانکە لە دەبلن بوو **~گ.س.**

403 **ڕقم لە نانخۆری چەپەڵە**: بلووم خۆی لە بۆرتن بە دوور دەگرێت، وەک چۆن ئۆدیسێفس لە *ئۆدیسە*دا خۆی لە داوی «کەنداوە سەیر»ەکە بە دوور دەگرێت لە خاکی لێستریگۆنێسەکان. **~گ.س.**

404 **دەیڤی بەیرن**: دەیڤد بەیرن، بازرگانی شەراب و مەی، بە ناونیشانی ٢١ی شەقامی دوک. **~گ.س.**

405 **دەمئاخن**: واتە دەمی ئاخنیوە. **~ن.م.**

406 **کوڕی گشت دایکان**: لە *خەونی شەوێکی چلەی هاوین*دا، {کە شانۆنامەیەکی شێکسپیرە}، پیتەر کوینس {کە کەسێتییەکی ناو شانۆنامەکەیە و بڕیار وایە شانۆیەک لە نێو شانۆنامەکەدا پێشکەش بکەن و کەسێتیی شێرێک لەم شانۆنامەیەدا هەیە}، هاوەڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە کە کەسێتیی شێرەکە نابێت هێندە لە ڕاستی بچێت تا خانمانی بینەر نەترسێنێت. دەنا، ئەکتەرەکان هەموویان لە دار دەدرێن. **~گ.س.**

407 **نموونە جۆن... مەتڕانەکان**: جۆیس لێرەدا پێکاری ڕەوانبێژیی *نەبەستنەوە*ی بە کار هێناوە، بۆ ناسینی پێکارەکە (بڕوانە ٧: ٣٤). لەبەر ئەوەی شەپۆلی هۆشیشە، تەنانەت لە نێوان کەسەکاندا (کە هەڵدەلووشرێن) بۆریشی دانەناوە (،). شێوەیەکی دروستی ئەم ڕستەیە ئاوهایە: «بۆ نموونە: جۆن هاوەرد پارنێڵ و سەرۆکزانکۆی ترینیتی و کوڕی گشت دایکان، ئەوە باسی سەرۆکزانکۆکانت و سەرۆکزانکۆی ترینیتی هەر مەکە، هەروەها ژنان و منداڵان و شۆفێران و قەشەکان و کەشیشەکان و سوپاسالاران و مەتڕانەکان». تەنانەت بە گوێرەی چاپەکەی گابلەر «و»ی لە نێوان زۆربەیاندا داناوە، بەڵام لە پێداچوونەوەدا لایبردوون، جگە لە «و»ی نێوان «ژنان و منداڵان» کە هێشتوویەتیەوە. **~ن.م.**

408 **شەقامی ئایلزبۆری، شەقامی کلاید**: دوو شەقامی مۆدەی پاڵشار بوون، بە دوای یەکدا: دوو میل و نیو و ئەوی تریش میل و نیوێک لە باشووری خۆرهەڵاتی چەقی دەبلنەوە دوور بوون. **~گ.س.**

409 **نشینگەکانی... باکووری دەبلن**: چەند گەڕەکێکی هەژارنشین بوون. نشینگەکانی پیشەگەران لە ناوچەی لای خۆرهەڵاتی پاڕکی فینیکسەوە بوون لە خۆرئاوای دەبلن.

هەژارخانەکەی یەکێتیی باکووری دەبلن ماڵی هەژاران بوو کە لە شەقامی برونسویکی باکوور بوو لە باکووری خۆرئاوا و ناوەڕاستی دەبلندا. **~گ.س.**

410 **عەرەبانە ئاڵوواڵاکەی**: عەرەبانەیەکی ئەنتیکەی زۆر ڕازاوە بوو، سەرۆکی شارەوانی لە بۆنەکاندا بە کاری دەهێنا. **~گ.س.**

ئەو وشەیەی بە «ئاڵوواڵا» وەرمگێڕاوە وشەی *جینجەبرێد gingerbread*ە، کە بە گوێرەی *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* بە واتای ئاڵوواڵا، یان شتێکی ڕازاوە و بەبریقوباق بۆ نمایش دێت. بەڵام وشەکە بە واتای کێکی زەنجەفیلیش دێت، کە لێرەدا هەم لەگەڵ کۆی تێمای ئەڵقەکەدا دەگونجێت، کە خواردنە، هەم لەگەڵ ئەم دەقەی ئێرەشدا دەگونجێت، کە عەرەبانەکە وەک کێکی زەنجەفیل هەڵدەلووشرێت و دەخورێت. **~ن.م.**

411 **کورسیی باث**: شا ڤیکتۆریا لە ساڵانی کۆتاییدا جارجار لە نێو کورسییەکدا «هەوایەکی وەردەگرت» {چوونە دەرەوە بۆ پیاسەیەکی کورت} کە بە کورسییەکەی دەوترا «کورسیی باث» (ناوەکەی لەو کورسییە سەبەتە چنراوانەوە هێنرابوو کە لەسەر تایە دەڕۆیشت و لە پەناگا تەندروستییەکانی شارۆچکەی باث لە ئینگلتەرا بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت تەرخان کرابوو). **~گ.س.**

412 **کووپی... شارەوانییەکەمانەوە**: کووپێک بوو کە شارەوانیی دەبلن دروستی کردبوو، یان هی ئەوێ بوو. **~گ.س.**

413 **فوارەکەی... کرامپتن**: (بڕوانە ٦: ٧٢). چەند کووپێکی ئاوخواردنەوە لای فوارەکەی ژێر پەیکەرەکە دانرابوو (فوارەکە ئیتر نەماوە و پەیکەرەکەش گوازراوەتەوە). **~گ.س.**

414 **بابە ئۆفلین... دەخولێنێتەوە**: لە هۆنراوەی *بابە ئۆفلین* لە نووسینی ئالفرێد پێرسیڤال گرەیڤس (١٨٤٦-١٩٣١)ەوە هاتووە لە *دیوانی بابە ئۆفلین و هۆنراوەی تر* (١٨٧٩). دووەم کۆپلە دەڵێت:

مەکە باسی سەرۆکزانکۆ و هاوەڵانی ترینیتیت،
کە هەمیشە بەناوبانگن لە گریکی و لە لاتینیت،
بڕوا بکە، هەر لە شەیتان تا قەشەکان،
بابە ئۆفلین هەر هەموویان لەسەر سەر دەخولێنێتەوە.
وەرە بۆ لام با پێت بڵێم،
هاوشێوەی ژیربێژیەکەی ئەو لە دونیادا نەبیستراوە،
لە ئوستوورەناسییەوە بگرە تا یەزدانناسی

گەر بیەوێت لەپکەناسیش. **~گ.س.**

[415] **مەنجەڵەشۆربایەکی... دەوێت**: ساڵی ١٩٠٤ وەها ڕیکلام بۆ پارکی فینیکس دەکرا وەک گەورەترین پارکی پاڵشاری جیهان: ١٧٦٠ ئەیکەر بووە، حەوت میل چێوەکەی بووە. بۆ تیلنیشانەکە بە *ئۆدیسە* (بڕوانە ٨: ٥٤). **~گ.س.**

[416] **میوانخانەی سیتی ئامس**: میوانخانەیەکی مانەوە بوو، ئەلیزابێث ئۆداود خاوەنی بوو، بە ناونیشانی ٥٤ی شەقامی پروسیا، نزیک مەیدانی وڵاخەکان لە خۆرئاوای دەبلن. ماڵی بلووم لە ١٨٩٣-١٨٩٤ لەوێ ژیاون، ئەو کاتە بلووم کاری بۆ جۆزێف کوف کردووە، کە دەڵاڵی ئاژەڵ بووە. مانەوە لە سیتی ئامس یان ژیان لەو نزیکانە پێویستی بووە، چون مەیدانی وڵاخەکان کاتژمێر ٢ی بەیانی دەکرایەوە. **~گ.س.**

[417] **شۆربا... شیرینی**: شێوەیەکی کاڵوکرچ و نامۆدەتر لە تابلو دۆت لە باسکردنی سێ ژەم. *ژەمی سەرەکی* واتە ژەمێک گۆشت. **~گ.س.**

ئاماژەی *ئەو* بۆ ئەوی مێیە، وا دیارە مۆڵییە کە پێی وتووە «تابلو دۆت». **~ن.م.**

[418] **بە حەب بژین**: ئەمە وێناکردنێکی خەیاڵی زانستییانەی باو بوو بۆ ئایندە کە هەمووان لەسەر ژەمی دەستکردی وەک حەب دەژین. **~گ.س.**

[419] **مەیدانی وڵاخەکان**: (بڕوانە ٤: ٦٥). **~گ.س.**

[420] **گوێرەکەی ساوا**: گوێرەکەیەک کە تەمەنی لە مانگێک کەمتر بێت. گۆشتی گوێرەکەی ساوا هێندە ناپێگەیشتووە کە بۆ خواردن ناشێت؛ یاسا بە گشتی فرۆشتنی قەدەغە دەکات. بەڵام لاماژەی «گوێرەکەی ساوای سەرسووڕماو» لە بەستێنەکەدا بە واتای پرۆسەی نایاسایی کوشتارگەکانە. **~گ.س.**

[421] **گۆشت... پەتاتەی سوورکراوە**: لە ڕاستیدا ئەمە خواردنێکە پێی دەوترێت *بەبڵ ئاند سکویک* *bubble and squeak*. تێکەڵەی کەلەرم و پەتاتەیە و هەندێک جار گۆشتیشی تێ دەکرێت، سوور دەکرێتەوە، یان دەبرژێنرێت. **~ن.م.**

[422] **سەری... خوێناوی**: شێوەیەکی مۆتەکەیی نێو فۆلکلۆری ئایرییە، کە زۆر جار بۆ گوێڕایەڵکردنی منداڵ هێنراوەتەوە. {وەک *شەولەبانی* کوردی}. **~گ.س.**

[423] **سەرەکان... دەچنە دەرەوە**: ئەم ڕستە ناتەواوە بە چەند شێوەیەک لێکدراوەتەوە: گیفرد شتێک دەڵێت و سلەوت شتێکی تر و دەقەکەش پێشنیاری لێکدانەوەی تر دەکات، گیفرد دەڵێت: «ڕۆژێک لە ڕۆژان منداڵان سەرەکانیان هەڵگرتووە و بە قەمچی و دواڵ لێیان داون و خولاندوویاننەتەوە»؛ لەم کاتەدا بەو شێوەیە وەردەگێڕرێت کە لە دەقەکەدا

کردوومە؛ بەڵام سام سلەوت دەڵێت: «ئەمە زاراوەی سەربڕەکانە بۆ سەر و پێی گیاندار»، ئەوەندەی تێبگەم لە ڕاڤەکەی سلەوت، واتە لێرەدا بلووم وێنای کەسێک دەکات کە دەچێتە لای سەربڕەکان و داوای ئەو گۆشتی سنگە دەکات کە بە قوڵفێکەوە هەڵواسراوە و سەربڕەکەش گۆشتەکە لێدەکاتەوە و تاپ دەیدات بەسەر مێزەکەی بەردەمیدا. لە کۆتاییدا ئەم کرپارە تەنها سەر و پێی ئاژەڵەکە دەکرێت و دەچێتە دەرەوە. بە گوێرەی ئەم ڕاڤەیەیان ئاوها وەردەگێڕرێت: «بە سەروپێکەیەوە دەچێتە دەرەوە»، وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە و ئیتالییەکەی تێرینۆنی و بیگاتسی بەو جۆرە وەریانگێڕاوە کە کرپارەکە سەروپێکە دەکرێت؛ کاک کاوە نەمر بەم جۆرە وەریگێڕاوە: «قۆت و داوان باڤێژە سەر سەرگۆ»، بە واتای «سەر و بنی دەهاوێتە نێو تەنەکەی خۆڵەوە»، جانی جێلاتیش هەر بە واتایەکی هاوشێوە وەریگێڕاوە و دەڵێت: «پاشماوە و پارچەی بڕاو لە تەنەکەکەیدا» واتە سەربڕەکە ئەم پاشماوانە دەهاوێتە نێو تەنەکەیەکەوە؛ دکتۆر تەها بەم جۆرە وەریگێڕاوە: «هەناو و شتی بە دەرەوەیە»، بە واتای ئەو مەڕەی هەڵواسراوە و لە لووتیەوە «مرەبا» دادەچۆڕێت، هەناو و شتی بە دەرەوەیە. **~ن.م.**

[424] **دەردەباریکە پێشنووس دەکەن**: دەردەباریکە نەخۆشییەکی کوشندەیە، وەک سیل. **~گ.س.**

پێشنووسکردن ئەوەیە کە پزیشکێک چارەیەک بۆ نەخۆش پێشنیار دەکات و دەینووسێت. **~ن.م.**

[425] **خێوی لەبرسدامردوو**: ئەو خێوانەی ئۆدیسێفس لە پەڕتووکی ١١ی *ئۆدیسە*دا دەیانبینێت دەبێت لە شیوی پڕ لە خوێندا بخۆنەوە، دەنا هێزی ئاخاوتنیان نییە. **~گ.س.**

[426] **بیرەی زەنجەفیل**: بە ئینگلی *شاندیگاف shandygaff*: خواردنەوەیەکە لە تێکەڵکردنی بیرە و بیرەی زەنجەفیل یان ساردیی زەنجەفیل دروست دەکرێت (هەندێک جار، بە تایبەتی کە پێی بوترێت «شاندی» ئەوا لەگەڵ تاڵاوی لیمۆدا تێکەڵ کراوە). **~گ.س.**

[427] **فلینە لووتە**: کەسێتییەکە لە چیرۆکی *هاوتاکانی دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت، کە «لە سووچە هەمیشەییەکەی خۆیدا لە مەیخانەی دەیڤی بەیرندا دانیشتووە». **~گ.س.**

لە دەقە ماکەکەدا ناوی *نۆزی فلینە*؛ نۆزی بەم دوو واتایە دێت: ١. کەسێک لووتی زل بێت (کە ئەم پیاوە وا دیارە لووتی زلە، چون لە جێیەکی ئەم ئەڵقەیەدا بلووم بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو کاتەی ژن ماچ دەکات لووتە ساردەکەی بەر ڕوومەتی ژنەکە دەکەوێت)؛ ٢. کەسێک کە خۆی لە کاروباری خەڵکی تردا هەڵدەقورتێنێت و لووتی دەخاتە نێو هەموو

باسێکەوە (کە بێگومان فلین کەسێکی وەهاشە). واتە جۆیس ناوێکی پڕبەپێستی خۆیی لێ ناوە. ڤیڤیەن ئیگۆ دەستنیشانی نەکردووە کێیە. **~ن.م.**

428 **بەرگەندی:** بە ئینگلی *burgundy*: شەرابێکی تێکەڵنەکراوی سوورە کە لە شاری بەرگەندیی فەڕەنساوە سەرچاوەی گرتووە. **~ن.م.**

429 **بابۆڵە؟... پێوە کراوە:** {لە خوار ڕاڤەکەی گیفردەوە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم ڕاڤەیە دەدەم} هەڵبەستێکی جەفەنگییە، سی سی بۆمبۆ دایناوە، لە دیوانی *شارایەکی سەیر لە خەرمانی وێژە* (فیلادێلفیا، ١٨٩٠)، لا. ١٥٨دایە، دەڵێت:

بۆ لە بیابانی عەرەبی کەس لە برسدا نامرێت؟

بە هۆی ئەو لمەی لەوێیە.

چۆنە لەوێ بابۆڵەی لێیە؟

چون لەوێ هۆزی حام زاون و کۆ بوونەتەوە»

(فریتز سێن لە ژمارە ١٢، بەرگی ٤ [١٩٧٥] لا. ٤٤٧ی *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*دا بڵاوی کردووەتەوە) نوکتەکە لەسەر حامە، کە یەکێکە لە سێ کوڕەکانی نوح و بە گوێرەی نەریت وا دانراوە کە بابەگەورەی هۆزی ڕەشپێستەکانە. حام، کە باوکی بە ڕووتی و سەرخۆشی دەبینێت، نوح نەفرەتی لێ دەکات و وای لێ دەکات ببێتە «کۆیلەی کۆیلەکان... و براکانی». (پەیدابوون، ٩: ٢٢-٢٨). **~گ.س.**

ئەستەمە ئەم جێیەی ڕۆمانەکە و ڕاڤەکە بۆ کوردی وەربگێڕرێت، چون پەیوەندیی بە ڕەگەزدۆزییەوە هەیە. بە ئینگلی ناوی حام، کە کوڕە بچووکەکەی نوحە، بە *هام ham* دەنووسرێت، هام لە ئینگلیدا بە واتای گۆشتی سەرەوەی پشتی ڕانی بەراز دێت و دەخورێت. هێشتا لە کوردیدا لە وشەی «هامبەرگر»دا ماوە، بە واتای بابۆڵەی بەرگری هام، ئەگەرچی لە کوردستاندا گۆشتەکە هام نییە؛ ئەمە ڕەگەزدۆزییەکیانە. ڕەگەزدۆزیەکەی تر ئاڵۆزترە، بە ئینگلی بە لم دەوترێت *ساند sand* و بە «ئەوەی کە»ش دەوترێت *ویچ which*، واتە لە ئینگلیدا کە دەڵێت: «ئەو لمەی کە» دەبێت بە «ساند ویچ sand which». بە بابۆڵەش دەوترێت «ساندویچ sandwich». ئاوها کە دەڵێت: «بە هۆی ئەو لمەی لەوێیە» لە ئینگلییەکەدا کە دەخوێنرێتەوە بە واتای ڕەگەزدۆزییانە دەبێتە: «بە هۆی بابۆڵەکەی لەوێیە». لە وەڵامی دووەمیشدا کە دەڵێت: «چونکە لەوێ هۆزی حام زاون و کۆ بوونەتەوە» ڕەگەزدۆزییەک دەدات کە دەڵێت: «هۆزی گۆشتی هام لەوێ زاون و خەرتەلەیان پێوە کراوە». **~ن.م.**

[430] **هەمووان... خواردووە:** ئەم ڕستە کورتە یەکێکە لەو ڕستانەی نێو *ئولیس* کە وەرگێڕانی زۆر ئەستەمە، چون پەندێکی میرتافۆڕییە و بلووم گۆڕیویەتی. با ڕوونی بکەمەوە: پەندێکی ئینگلی هەیە دەڵێت: «up a gum tree»، بە واتای ڕاستەوخۆ بێت واتە «بە داری بنێشتەوە»، بۆ نموونە دەوترێت: «فلان کەس بە داری بنێشتەوەیە»، بەڵام واتا ئاماژەییەکەی پەندە میتافۆڕییەکە ئەوەیە کە کەسەکە لە نێو کێشەی زۆر قورسدایە، وەک بڵێیت بە ئاسانی لێی نایەتە دەرەوە (بە شێوەیەک نوقمی کێشە بووە وەک وایە بە داری بنێشتەوە نووسابێت) گیفرد پەندەکە بەم شێوەیە ڕاڤە دەکات: «دەربڕینێکی بازاڕییە بە واتای هەمووان خراونەتە سووچەوە و لێبوونەتەوە؛ یان خراونەتە نێو دۆخی دووگیانییەکی نەویستراوەوە». بلووم ئەم پەندەی هێناوە و گۆڕیویە بە «up a plumtree»، *پلەمتری* وشەیەکی لێکدراوە، کە ناوی براندی گۆشتی قتووەکەیە کە لێرە و لە ئەڵقەی پێنجەمیشدا ئاماژەی پێ دراوە (بڕوانە ٥: ٧٢)، بەڵام ئەگەر دوو وشەکە لە یەکتر جیا بکەینەوە بە واتای *دارهەڵوژە* دێت، واتە بلووم «بە داری بنێشتەوە»ی کردووە بە «بە داری هەڵوژەوە». تەنها گەمەیەکی زمانناسییە و دەشێت بەو واتایە بێت کە هەمووان لە کێشەی قورسدان. من کردم بە: هەمووان لە پلەمتریدان، وەک ئەوەی لە نێو قتووی گۆشتەکەدان و هەست دەکەن چواردەوریان لێ گیراوە. **~ن.م.**

[431] **مژدەبەرە سپییەکان زۆر سوێرن:** ڕوونکردنەوەیەکی ئەفسانەیی (و نیمچە بەدگومانانەیە) لە بارەی ڕزگاربوونی مژدەبەرەکانەوە. **~گ.س.**

[432] **پارچە بەڕێزەکان:** لە دەقە ماکەکەشدا هەر وا دەڵێت، پارچەی بەڕێز، یان دەگمەن، یان بەئابروو. دیارە مەبەست لێی گەڵوگونە. **~ن.م.**

[433] **دەبێت بە... ماکورووژێنی خوارد:** لە پشت ئەم دێڕانەوە لیمریکێک هەیە، بۆ *لیمریک* (بڕوانە ٧: ٢٤٣) کۆی لیمریکەکە دەڵێت:

*پاشایەکی باشی ڕەشپێست هەبوو*
*گونەکانی میستەر ماکورووژێنی خوارد*
پێنج سەد ژنەکەی
لەوپەڕی خۆشیدا بوون
زلتر و زلتر و زلتر بوو.

نیوەی «ماکورووژێن» ئایرییە و و نیوەکەی تری کوردییە (بۆ پێشگری *ماک* و *مەک* بڕوانە ٣: ١٧٩). لەوانەیە بلووم بیر لە نەریتی مرۆڤخۆریی خێڵی توپیس بکاتەوە کە خێڵێکی

بوومی بوون لە بەڕازیل ژیاون، پێش ئەوەی پورتوگالییەکان داگیریان بکەن. ئەم خێڵە بەوە بەناوبانگ بوون کە ئازاترینی جەنگاوەرەکانیان خواردووە، بەڵام گوایە وەک ڕێزلێنان ئەمەیان کردووە، تا ئازایەتی و دلێریی ئەم جەنگاوەرە بچێتە لەشی ئەوانیشەوە. بۆیە لەوانەیە مەبەستیشی لە «سەرخێڵ» سەرۆکی ئەم خێڵە بێت. **~ن.م.**

[434] **پەردەی ئاوڵەمە... قیمە کراون**: نە لە چاپە کۆنەکان و نە لە چاپەکەی گابڵەریشدا بۆر لە نێوان وشەکاندا نییە، پێم وا بێت چون شەپۆلی هۆشی بلوومە. **~ن.م.**

[435] **کۆشەر**: خۆراکێکە کە بە گوێرەی یاسای جوو پاکە. بلووم ئەم زاراوەیە (وەک ئەوەی زۆر جاران وەها بە کار دەهێنرا) وەها بە کار دەهێنرێت کە یاساکانی خۆراکی جوو بە گشتی بگرێتەوە. **~گ.س.**

لە *تەورات*دا بە درێژی باس لەو خۆراکانە کراوە کە جووەکان دەتوانن بیخۆن و هەندێک خۆراکیش قەدەغە کراوە، خۆراکە ڕێپێدراوەکان پێی دەوترێت «کۆشەر» وەک حەڵاڵی ئیسلامی. **~ن.م.**

[436] **گۆشت... نابن**: یەکێکە لە یاسای خۆراکی جوو. **~گ.س.**

[437] **ئەوە... خاوێنی**: بلووم زۆر ڕاستە لەوەی کە سەرنجی ئەوەی داوە کە زۆرێک لە یاساکانی خۆراک لە بنەچەدا بۆ مەبەستی خاوێنی (هایجین) بووە: بۆ نموونە، یاسای دژی بەراز لەوەوە هاتووە کە بەراز زبڵگەڕ بوون (لە نێو گۆڕستانەکاندا)؛ یاسای دژی لەپکەماسی لەوەوەیە کە ئاوی کەنارەکان پیس بووە و ئاوها. **~گ.س.**

[438] **ڕۆژووی... ناوسکە**: وا دیارە هەم گیفرد و هەم کاک کاوە نەمر و هەم هەردوو وەرگێڕە ئیتالییەکە و وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەش لە خوێندنەوەی ئەم ڕستەیەدا کەوتوونەتە هەڵەوە. ئەم ڕستەیە لە دەقە بەم شێوەیەیە:

*Yom Kippur fast spring cleaning of inside*

هەموو وەرگێڕانە ناوبردەکان بە یەکێک لەم دوو شێوەیە وەریانگێڕاوە: «ڕۆژووی یۆم کیپووری بەهار ناوسک پاک دەکاتەوە» یان «ڕۆژووی یۆم کیپوور پاککەرەوەی گەورەی بەهارە»؛ بەڵام ئەو وشەیەی کە بە «بەهار» وەرگێڕراوە و لە خوار ئەم پەرەگرافەشەوە دەیخوێنیتەوە کە گیفرد (بە هەڵە) ڕاڤەی دەکات، وشەی *سپرینگ spring*ە، کە ئەگەر تەنها سەیری خۆی بکەین، ئەوا ڕاستە و بە واتای *بەهار* دێت، بەڵام ئەوەی کە نەزانراوە دەربڕینێکی ئینگلیییە کە دەڵێت: *سپرینگ کلینینگ spring cleaning*، لێرەدا *سپرینگ* بە واتای *بەهار* نایەت، بەڵکو بە واتای *تەواو* دێت، واتە دەستەواژەکە دەبێتە *شوشتنەوەی*

*تەواو*، یان *پاککردنەوەی تەواو*. ئینجا بڕوانە ڕاڤەکەی گیفرد، کە پێم وایە بە هەڵە ناوی *بەهاری* هێناوە. **~ن.م.**
ئێستانان یۆم کیپور (بڕوانە ٨: ٢٩) دەکەوێتە سەرەتای پایزەوە؛ بۆیە «بەهار» دروست نییە، جگە لەوەی لە نەریتی جوودا ساڵ چوار جار لە بۆنەی کشتوکاڵیدا نوێ دەبێتەوە: لە جەژنی کەپرەشینەدا (سوکۆث)، پێنج ڕۆژ دوای یۆم کیپور؛ لە لێڕەتبووندا لە سەرەتای بەهاردا؛ لە چلەی زستاندا لە جەژنی درەختەکاندا؛ هەروەها لە *شاڤۆت*دا، کە جەژنی حەفتەکانە و لە سەرەتای هاویندایە. **~گ.س.**
439 **کوشتاری بێتاوانان**: کە هیرۆدس پێشبینیی لەدایکبوونی عیسا دەبیستێت، سوورە لەسەر ئەوەی ئەم ڕکابەرە نوێیە لە ناو ببات بە نەخشەیەک، کە سەری نەگرت: «کە ڕۆیشتن، فریشتەیەکی یەزدان هاتە خەونی یوسف و گوتی: ”هەستە منداڵەکە و دایکی ببە و ڕاکە بۆ میسر. لەوێ بمێنەوە هەتا پێت دەڵێم، چونکە هێرۆدس خەریکە بە شوێن منداڵەکەدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی بیکوژێت.“ ئەویش هەستا و لە شەودا منداڵەکە و دایکی برد و بەرەو میسر ڕۆیشت. هەتا مردنی هێرۆدس لەوێ مایەوە... کاتێک هێرۆدس زانی مۆغەکان فریویان داوە، زۆر تووڕە بوو. بەگوێرەی ئەو کاتەی لە مۆغەکانەوە لێی کۆڵیبووەوە، ناردی و هەموو کوڕێکی تەمەن دوو ساڵ بەرەو خوارتر لە بێتلەحم و دەوروبەری کوشت.» (مەتا ٢: ١٣-١٦) واتە یوسفی مێردی مریەم ئاگادار کرایەوە کە لەگەڵ مریەم و منداڵەکەدا هەڵبێن بۆ میسر. لە ساڵنامەی دینیی کاسۆلیکدا یادی کوشتاری بێتاوانان هەر ڕێک دوای کریسمس و لە ڕۆژی ٢٨ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکدا دەکرێتەوە. **~گ.س.**
440 **بخۆ و بخۆرەوە و شاد بە**: نووسەرەکانی پەڕتووکی *ژیرمەندی* بیر لەو «بێواتایی»یە دەکەنەوە کە بەسەر زەویدا هاتووە و دەڵێت: «لەبەر ئەوە ئامۆژگاری دەکەم بەشدار بن لە شادی، چونکە کوا چاکە بۆ مرۆڤ لەسەر زەوی؟ بێجگە لەوەی کە بخوات و بخواتەوە و شاد بێت و ئەمەی بۆ دەمێنێتەوە لە ماندووبوونەکەی بە درێژایی ژیانی، کە خودا پێیداوە لەسەر زەویدا» (ژیرمەندی ٨: ١٥). **~گ.س.**
441 **پەنیر... خۆی نەبێت**: وتەیەکە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدە. پرۆسەی دروستکردنی پەنیر وەک پرۆسەی هەرسکردن دەچووێنرا، چون شیلاوگ بە کار دەهێنرا، کە پارچەیەکی گەدەی ئاژەڵە و بۆ مەیاندنی شیرەکە بە کار دەهێنرێت. **~گ.س.**

442 **پەنیری پرگاوی**: هەر ئەو خولەکەی گەنەی (کرمۆکە/پرگ) نێو پەنیر تێی دەوروووکێن و پەنیرەکە «هەرس دەکەن»، مادەیەکی قاوەیی وەک تۆزی سەرتوێژ ئاسا بەو جێیەدا بە جێ دەهێڵن کە پیایدا دەڕۆن. **~گ.س.**

443 **وەک خەیار فێنک**: پەندێکی ئینگلییە، واتە کەسێک لە کاتی تەنگانەدا هیچ باکێکی نەبێت و هێمنیی خۆی لە دەست نەدات. لەبەر ئەوە هێنراوەتە نێو ئەم بەستێنە خۆراکییەوە چون لە پەندەکەدا ئاماژە بە خۆراک دەدات؛ ئەگەر ئاماژەی خۆراکیی تێدا نەبووایە و لە بەستێنێکی خۆراکیدا بە کار نەهاتایە، دەکرا لە کوردیدا بەرانبەر ئەو پەندە دابینێین کە دەڵێت: «وەک بڵێیت نە بای دیبێت و نە باران». **~ن.م.**

444 **خودا... چێشتکەرەکان**: لە وتەیەکی جۆن تەیلەر (١٥٨٠-١٦٥٣)ەوە هێنراوە، کە نووسەرێکی ئینگلە و ناوی خۆی نابوو «هۆنەری ئاوی پاشا»: دەڵێت: «خودا گۆشت دەنێرێت، شەیتانیش چێشتلێنەر دەنێرێت» (*کۆبەرهەمی جۆن تەیلەر، هۆنەری ئاو*، ٦٣ دانەن [١٦٣٠]، بەرگی ٢، لا. ٨٥). **~گ.س.**

445 **زۆر باشە... گۆرگۆنزۆلاتان هەیە**: ئەم وەڵامە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم وەڵامی بلوومە بۆ فلینە لووتە؛ بەشی دووەمی شەپۆلی هۆشی بلوومە لەگەڵ خۆیدا؛ بەشی سێیەمی پرسیاری بلوومە لە دەیڤی بەیرن.

**گۆرگۆنزۆلا**: بە ئینگلی *Gorgonzola*: جۆرە پەنیرێکی ناوشینی تیژە. لە بنەچەدا لە ناوچەی گۆرگۆنزۆلای شاری میلانی ئیتالیاوە هاتووە. **~ن.م.**

446 **گەشتێکی گەورەیە**: {مەبەست لە گەشتی کۆنسێرتە} تەنها یەک کۆنسێرت لە بێلفاست لە خشتە نراوە (لە ٢٥ی حوزەیراندا). **~گ.س.**

447 **ئاوا دەکرێت. کێ هەڵیدەستێنێت**: مەبەستی لەوەیە کە: *ئەوە شتێکی باشە، بەڵام کێ ڕێکی دەخات؟* بەڵام هەندێک لە ڕاڤەکاران ئەم جۆرە دەربڕینە نەشیاوەی فلین بە مەبەستدار دادەنێن، «کێ هەڵیدەستێنێت» واتای تر دەگەیەنێت. **~ن.م.**

448 **مجێورەکە**: (بڕوانە ٤: ٤٦). **~گ.س.**

449 **میستەر ماکورووژێن**: (بڕوانە ٨: ٤٣٣). **~ن.م.**

450 **لە شتە... ئاسانترە**: بۆ *ماکورووژێن و پێنج سەد ژنەکەی* (بڕوانە ٨: ٤٣٣). ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا بەم شێوەیەیە:

Easier than the dreamy creamy stuff.

بە گوێرەی چاپە شیکارییەکەی گابلەر بێت پێشتر هیچ دەستکارییەکی ڕستەکە نەکراوە و لە هەموو چاپەکاندا وەک یەک وایە. ئەم ڕستەیە لێرەدا و لە نێوان *ماکورووژێن* و حاڵی پێنج سەد ژنەکەیدا نامۆ دیارە، ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کە شەپۆلی هۆشی بلوومە، بەڵام ئەوەی ڕوون نییە ئەوەیە داخۆ بلووم هێشتا هەر بیر لە لیمریکەکەی ماکورووژێن دەکاتەوە، یان بیر لەو بابۆڵەیە دەکاتەوە کە بۆ تیلماسکی باریک دەیبڕێت. بۆیە بە شێوەی جیاواز لێکدراوەتەوە و وەرگێڕراوە. ویلیەم ئێم شووت پێی وایە بلووم هێشتا بیر لە لیمریکەکە دەکاتەوە، ڕستەکەش بەو واتایە لێکدەداتەوە کە بلووم پێی وایە نووسینی لیمریکێکی لە چەشنی ئەوەی ماکورووژێن لە نووسینی شتی خەونی و کرێمییەکان ئاسانترە (ویلیەم ئێم شووت، *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*، بەرگی ١٠، ژمارە ١ [١٩٧٢]: ١٢٣). ئەم لێکدانەوەیەی شووت لە شیاو دەچێت، چون چەند لاپەڕەیەک پێشتر و هەر لەم ئەڵقەیەدا بلووم بیر لە وتارەکەی دان داوسن دەکاتەوە، کە لە ئەڵقەی حەوتەمدا بەشێکی لێ دەخرێتە ڕوو (بڕوانە بەشی *ئێرین، نقێمی سەوزی دەریای زیوین* و *درێغا* لە ئەڵقەی حەوتەم)، بلووم بە «قسەی قۆڕ» و «هەڵیتوپەڵیت» پەسنی دەکات:

> کاتی ئەوەیە یەکێک بیر لەوە بکاتەوە لە بری ئەو قسە قۆڕانەی چی بوو سینەی ماتی پرشنگە زیوینەکەی. قسەی هەڵیتوپەڵیت تا گێلەکان لەسەری بخۆن...

بۆیە لەوانەیە بلووم پێی وا بێت هێشتا نووسینی «قسەی قۆڕ»ی لە چەشنی وتارەکەی دان داوسن لە لیمریکێکی وەک ئەوەی ماکورووژێن قورستر بێت.

کاک کاوە نەمر ئەم ڕستەیەی بەم شێوەیە وەرگێڕاوە:

Hêsantir e ji wan teretûreyên ku tîran davêjine qulingan.

واتە: لەو هیچوپووچانە ئاسانترە کە تیر دەگرنە قوڵنگان.

وا دیارە مەبەستێکی ئیدیۆمیی لە پشتەوە هەبێت. بەڵام بە ڕاستی نازانم مەبەستی لە وەرگێڕانی ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە چییە و چۆن یارمەتیمان دەدات لە کۆی بەستێنەکە تێبگەین.

وەرگێڕانە ئیتالییەکەی جانی جێلاتی و عەرەبییەکەی دکتۆر تەها وەها ڕستەکەیان وەرگێڕاوە وەک بڵێیت بلووم بیر لەو بابۆڵەیە دەکاتەوە کە لەتی دەکات، پێیان وایە بلووم بیر لەوە دەکاتەوە کە بابۆڵەکە لە شتی تری کرێمی و شت ئاسانتر هەرس دەبێت و بە گەدە دەکەوێت. ڕستە ماکەکەش سەرلێتێکدەرە، کە دەڵێت *دریمی کریمی dreamy*

*creamy*، وای کردووە بە خواردن لێکبدرێتەوە، چون زۆر جار دریمی وەک پەسنی کرێم بە کار دەهێنرێت، بەڵام بۆچی بلووم فراڤینی پەنیر بە کرێم بەراورد دەکات؟ نازانم! **~ن.م.**

[451] **پێنج سەد... خۆشیدا بوون**: (بڕوانە ٨: ٤٣٣). **~ن.م.**

[452] **زلتر و زلتر و زلتر بوو**: (بڕوانە ٨: ٤٣٣). **~ن.م.**

[453] **کاتژمێری... لە پێشە**: یاسای کاتی داخستنی مەیخانەکان زۆر بە زاکوونی جێبەجێ دەکرا. بۆیە کاتژمێری مەیخانەکان چەند خولەکێک لە پێشتر دادەنران تا خۆیان لە هەڵەی کەمتەرخەمی بە دوور بگرن. **~گ.س.**

[454] **جاک موونی**: ژنبرای بۆب دۆرانە، کەسێتییەکە لە چیرۆکی *کرێخانەکەی* *دەبلنییەکان*دا دەردەکەوێت. **~گ.س.**

ڤیڤیەن ئیگۆ دەستنیشانی نەکردووە کێیە. **~ن.م.**

[455] **ئۆردوگای پۆرتۆبێللۆ**: ئێستا پێی دەڵێن (ئۆردوگای کاثا بروگا)، ئۆردوگایەکی سوپای بەریتانی بوو لای باشووری ناوەڕاستی دەبلنەوە. بارەگای سەرەکیی کەرتی باشووری دەبلنی ناوچەی سەربازیی دەبلن بوو. **~گ.س.**

[456] **لەو یاریی... پۆرتۆبێللۆی بردەوە**: {**مستێن** ئەوەیە کە بە ئینگلی پێی دەڵێن *بۆکسینگ* *boxing*} لە ٢٨-٢٩ی نیسانی ١٩٠٤دا ڕیکلامێک لە *فریمانس جۆرنەڵ*دا بڵاو کراوەتەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکات خولێکی مستێنی سەربازی و شارستانی لە ئێرلسفۆرت تێرەس ڕینک لە هەینی و شەممەی ٢٩-٣٠ی نیساندا دەکرێت. لە بۆنەی دووەمدا لەسەر کارتی شەوی هەینی (ئێم ئێڵ کیۆی دەبلن بەرانبەر گاریی ٦ی دراگون) نووسراوە. کیۆ لە کایەی سێیەمدا گاریی نۆک ئاوت کرد بە دەستی ڕاست بۆ بن گەدەی گاری. جۆیس ڕۆژەکەی بۆ ٣٢ی ئایار گۆڕیوە و ئەم ڕووداوە لاوەکییەی کردووە بە ڕووداوە سەرەکییەکە و سەرۆک پۆلەوانی لقە ئینگلیییەکە، کە پێرسی بێنێت-ە، گۆڕیویەتی بە تۆپهاوێژ. **~گ.س.**

[457] **کاونتیی کارلۆ**: یەکێکە لە کاونتییەکانی ئایرلاند (بڕوانە ١: ١٤٥)، نزیکەی پەنجا میل لە باشوور و باشووری خۆرئاوای دەبلنەوە دوورە. **~گ.س.**

[458] **شاماسیی سوورهەڵگەڕاو**: نازانم ئەم لاواتەیە چی دەگەیەنێت. **~گ.س.**

شاماسی جۆرە ماسییەکی وردە (بڕوانە ٣: ٧٦). لە فەلسەفەدا جۆرێکی ئارگومێنت هەیە کە پێی دەوترێت: «شاماسیی سوور: Red herring»، کە بۆ بەلاڕێدابردنی بابەتی سەرەکییە بۆ بابەتێکی ناپەیوەندیدار. ئەگەرچی سام سلەوت دەڵێت ڕەنگە پەیوەندیی بەو دەربڕینە فەلسەفییەوە هەبێت، بەڵام لەوە ناچێت زۆر ڕاست بێت. بەڵکو لەوانەیە

ئەمە شەپۆلی هۆشی بلووم بێت کە سوورهەڵگەڕاویی ڕوخساری دەیڤی بەیرن بە سووریی شاماسیی دەربڕینە فەلسەفییەکە بچووێنێت. **~ن.م.**

[459] **بزەکەی... دەژەنێ:** دوو دێڕی گۆرانییەکەی دۆن خۆسێیە لە ئۆپێرای *ماریتانا* (بڕوانە ٥: ٢٧٤). **~گ.س.**

[460] **وتەی لووس کەس تێر ناکات:** لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: *گێزەرە سپییەکە چەوریی زۆر لێدراوە.* گیفرد دەڵێت ئەم دەربڕینە لە پەندێکی پێشینانەوە هاتووە کە دەڵێت: «وتەی لووس هیچ گێزەرێکی سپی کەراوی ناکات». دەشڵێت بەو واتایە دێت کە من وەرمگێڕاوە. بنەچەی ئەم پەندە لەوەوە دێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان گێزەری سپیی کەراوی بە خواردنێکی چینی باڵا دانراوە، بەڵام گێزەری سپیی چەورکراو بە چەوری (نەک کەرە) لاسایی ئەم خواردنە گرانبەهایە بووە و نەگەیشتووەتە ئاستی گێزەری سپیی کەراوی. بەهەرحاڵ، بۆچی ئەم ڕستەیە لێرەدایە؟ فرانک دیلەینی (پۆدکاستی ژمارە ٣١٩: ١١ی ئاداری ٢٠١٦) دەڵێت کە بلووم بیر لە دەیڤی بەیرن دەکاتەوە کە لەگەڵ هەموو کەسدا دیپلۆماسییانە دەدوێت، بەڵام وتەی لووس کەس تێر ناکات. **~ن.م.**

[461] **جامە زێڕینەکە:** (بڕوانە ٥: ٢٥٢). **~گ.س.**

[462] **بەقەم:** تورتکەرێکە لە بواری پزیشکیدا بە کار دەهێنرێت. **~گ.س.**

وشەی «تورتکەر»م لە بری *ئەسترینجنت* ***astringent***ی ئینگلی بە کار هێناوە، لە *فەرهەنگی پزیشکیی دکتۆر عەبدوڕڕەحمان*ەوە هێناومە. بە گوێرەی پێناسەی *فەرهەنگی کۆلینز* بێت: «شلەیەکە لە پێست دەدرێت تا کەمتر چەور بێت، یان بۆ وەستاندنی خوێنلێهاتنی برین بە کار دەهێنرێت». **بەقەم**: بە ئینگلی ***logwood***، لە *فەرهەنگی ئازادی*یەوە: «١. درەختێکی ئەمەریکایی قەدسوورە بۆیەی لێ دەردەهێنرێ. ٢. دار و تەختەی قاوەیی سوورکاری ئەم درەختە. ٣. بۆیەی دەرهێنراو لەم درەختە.» لە فەرهەنگی ناوبراودا ناوەکە نەهێنراوە. لە *فەرهەنگی کوردستان*ی مامۆستا گیودا دەڵێت: «**بەقەم**: دارێکی بڵندو ئەستوورە گەڵای وەهی بادامی دەچێ گوڵی وردەو بەرەکەشی خڕو سوورەو دارەکەشی سوورە، بەوی خوریو لۆکەی ڕەنگدەکەن، بەرقەم، جوورە ڕەنگێکی سوورە». لە *فەرهەنگی کوردستانیکا*شدا هەر لە بەرانبەر تۆماری ئینگلیی ناوبراودا هەمان وشە دانراوە. لە *فەرهەنگی خاڵ* و *فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە* و *فەرهەنگی وەهبی و ئەدمۆندز*دا بەقەم: «ڕەنگێکە کە زوو کاڵ ببێتەوە» بەڵام من بەم واتایەیان نەمهێناوە.

بەڵکو دیارە ئەو تورتکەرەی گیفرد باسی دەکات لەم جۆرە درەختە دروست دەکرێت و من بەم واتایە هێناومە. **~ن.م.**

[463] **قوماری شەرابفرۆشان**: بە واتای وشە بێت، واتە خاوەنی مەیخانە مۆڵەتپێدراوەکان خاوەنی ئەم قومارە بوون سازی بدەن؛ بەڵام بە واتای خوازەیی بێت، ئەم خاوەنانە دڵنیاترین گرەویان لە هەر کەسێکی تر هەبووە لەسەر ئەو ئەسپانەی لە پێشبڕکێدا بەشدار بوون. **~گ.س.**

[464] **مۆڵەتی... پێ دراوە**: زمانی فەرمیی مۆڵەتی مەیخانەی گشتی بوو. **~گ.س.**

[465] **شێر... دەیدۆڕێنیت**: {شێر و خەت ناوی دوو دیوی دراوە، شێر ئەوەیە بە گشتی وێنەیەک پیشان دەدات کە زۆربەی جار وێنەی کەسێتی یان سەرۆکێکە، خەت ئەو دیوەیە کە بەهای دراوەکەی لەسەرە} ئەمە وتەیەکی کلێشەیی بوو، واتە دراوەکە بە هەر دیوێکدا بێتەوە هەر من دەیبەمەوە. **~گ.س.**

[466] **ئەمڕۆ سێپتەری... دەیئاژووێت**: (بڕوانە ٥: ٢٥٢). ڕاپۆرتەکەی *فریمانس جۆرنەڵ*ی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤ لە بارەی گۆڕەپانی پێشبڕکێی جامە زێڕینەکە زۆر دروست و ڕاست نەبوو. فلین ڕاست دەکات: گرەوەکان لەسەر سێپتەر (کە ئۆ مادن دەیئاژووت) حەوت بە چوار بوون؛ گرەو لەسەر زینفاندێل (کە مۆرنینگتن کانن دەیئاژووت) پێنج بە چوار بوو. زینفاندێل لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا (ڕۆژی دوای دێربی) جامی تاجلێنانەکەی لە ئێپسۆم داونس بردەوە؛ سێپتەر لەو پێشبڕکێیەدا دووەم بوو. **~گ.س.**

**دێربی**: ناوی پێشبڕکێیەکی ساڵانەیە کە ئەسپی تەمەن سێ ساڵ تیایدا پێشبڕکێ دەکەن. لە بەریتانیا لە ئێپسۆم ساز دەکرا. **~ن.م.**

[467] **یەک... سانت ئەمانت**: دێربی لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا ساز درا. سانت ئەمانت، کە جوانوو بوو (نەک نۆما، وەک فلین پێی وایە) {واتە ئەسپی نێر بوو، نەک مێ}، کە سانت فروسکوین باوکی بوو و خاتوو لەڤرووڵ دایکی بوو، ئێم لیۆپۆڵد دی ڕۆتسچایەلد خاوەنیان بوو (کە ڕەنگی پێشبڕکێکەی شین و زێڕی بوو)، لە ژێر ئەو بارودۆخەی فلین باسی دەکات دێربیی بردەوە. لە ٢٠ی ئایاری ١٩٠٤دا گرەو لە دژی سانت ئەمانت شەش بە یەک بوو؛ لە کۆتایی ئایاردا کەمی کردەوە بۆ چوار بە یەک، بەڵام پێش پێشبڕکێکە دیسان زیادی کردەوە. **~گ.س.**

[468] **جۆن ئۆگاونت**: یەکێکی تر بوو لە بەشداربووەکانی پێشبڕکێی دێربیی ١٩٠٤، سێر جۆن ثۆرسبی خاوەنی بوو و ناوی لێ نرابوو جۆن ئۆف گاونتەکەی شا ئێدواردی سێیەم (١٣٤٠-

١٣٩٩)، دوکی لانکاستەر و ئێرلی دێربی. لە ١ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا، لە ڕۆژی پێش پێشبڕکێکەدا وا نووسرابوو کە گرەو لە دژی ئەسپەکە چوار بە یەکە. بەڵام دڵخوازی پێش دێربی گەڤەرنانت بوو، کە ئەسپێکە و فلین باسی ناکات. **~گ.س.**

469 **گەمژە و پارەکانی**: زوو لە یەک جیا دەبنەوە. وتەیەکە لە سەدەی شازدەوە هەیە. **~گ.س.**

470 **خاتوو ڕیۆردەن**: (بڕوانە ٦: ١٤٧). **~ن.م.**

471 **خاککێڵە سکاییەکەی**: **خاککێڵی سکایی**: بە ئینگلی *Skye terrier*، خاککێڵ جۆرێکی سەگی ڕاوە، واتە جۆرێکی تانجییە. خاککێڵی سکایی چەشنێکی ئەم توخمەسەگەیە، بە بنەچە سکۆتییە و بە ناوی ناوچەی *سکای*ەوە ناو نراوە کە دوورگەیەکی شاخاویی بەری باکووری خۆرئاوای سکۆتلاندە. خاککێڵی سکایی بچکۆلە و قاچکورتن، لەشێکی درێژکۆلە و تیسکی زۆر درێژیان هەیە. خۆم وشەی *خاککێڵ*م داڕشتووە، لە *خاک* و *کێڵ*، کە ڕەگی کرداری *کێڵان*ە. ئەم سەگە و جۆرەکانی تری ئەم سەگە وا پەروەردە دەکرێن کە لە ژێر زەویدا بە دوای نێچیردا بگەڕێن و زەوی دەکێڵن. وشە ئینگلییەکەش کە *تێرییە*رە، لە *تێری* فەڕەنسییەوە هاتووە بە واتای خاک. **~ن.م.**

472 **تویکڵەنانی... هێڵنجپێدەر**: ئەم ڕستەیە (ئەگەر بتوانین ناوی بنێین ڕستە!) لە دەقە ماکەکەشدا هەر وا بێسەرەوبەرەیە، بەم شێوەیەیە:

Wine soaked and softened rolled pith of bread mustard a moment mawkish cheese.

وا دیارە ئەم ڕستەیە شەپۆلی هۆشی بلوومە لە کاتی تامکردندا، ڕێک لەو ساتە دەردەبڕێت کە پاروەکە لەگەڵ شەرابەکەدا لە دەمی بلوومدان، چون هەمووی بەسەر یەکدا ترشاون، لە بەرانبەردا وشەکانی ڕستەکەش ئاوها بەسەر یەکدا ترشاون. پێم وایە ڕستەکە ئەوەندەی ئەزموونی تامکردنی بلوومە، ئەوەندە ڕستەیەکی ڕێزمانی نییە. جۆیس پێشتریش تەکنیکی لەم جۆرەی بە کار هێناوە، بۆ نموونە (بڕوانە ٣: ١٤٧). **~ن.م.**

473 **وێ**: خاتوو مۆڵی. کاتەکەش کاتی جووتبوونەکەی خاتوو مۆڵی و بلێسە بۆیلەنە. **~ن.م.**

474 **کوللەی دەریا**: بە ئینگلی *lobster*، بوونەوەرێکی دەریاییە و قەپاغێکی بەهێزی هەیە و دوو چنگی گەورەی هەیە و هەشت پێی هەیە. **~ن.م.**

475 **پێچپێچۆکەی دەریایی**: بە ئینگلی *periwinkle*، شەیتانۆکەی بچکۆلەی دەریاییە، دەخورێن. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ئازادی*یەوە هێناوە. **~ن.م.**

[476] **به دەرزی:** لە دەقە ماکەکەدا ڕوونی ناکاتەوە کە ئەم دەرزییە لەوێدا کاری چییە، ئایا پێچپێچۆکە چوکلە، یان دەرزیی هەیە؟ چون نییەتی؛ یان داخۆ پێچپێچۆکەکە کراوە بە دەرزییەوە و بۆ نمایش دانراوە؟ وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە بەم جۆرە سەربەخۆ دەستەواژەی دەقە ماکەکەی لە وەرگێڕانەکەی خۆیدا کردووە بە ڕستە و وا وەریگێڕاوە: «پێچپێچۆکەی دەریایی کە ناوەکەی بە دەرزی دەردەهێنین». **~ن.م.**

[477] **چەشە:** بە ئینگلی *bait*، خۆراکێکە دەکرێت بە سەری قولاپەوە بۆ چەشەدانی ماسی. **~ن.م.**

[478] **توو:** بە ئینگلیزی *berry*، ناوی خێزانی کۆمەڵە میوەیەکە وەک تووترک، شاتوو، توو، شلک...تد.. **~ن.م.**

[479] **گۆیژکۆڵ:** بە لاتینی *Crataegus oxyacantha*: وا دیارە جۆرێکی دیاریکراوی گۆیژ بێت. لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*دا ناوەکەی تێدایە و هەڵەیەکی ڕێنووس هەیە کە نووسراوە *oxacantha* و پیتێک پەڕیوە. لە بەرانبەریدا «گۆیژکۆڵ، گیژکۆڵ، بلچەکۆڵێ» دانراوە. لە تۆماری ئەو وشانەشدا ئاراستەت دەکاتەوە بۆ «گۆیژ»، بەڵام پێم وایە ئەم جۆرە جیاواز بێت. جۆیس لە دەقە ماکەکەدا وشەی *جۆنی ماگۆریس* *Johnny Magories*ی بۆ بە کار هێناوە، کە گیفردیش ڕاڤەی لەسەری داوە و دەڵێت گۆیژ یان جۆرێکی گۆیژە. **~ن.م.**

[480] **ڕەنگی... ئاگادارت دەکاتەوە:** وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە دەڵێت: «کە ڕەنگەکەی ورشەدار بێت دەڵێین: ئاگادار بە». **~ن.م.**

[481] **بە بۆنەکەی... بزانن:** جۆیس سەرەتا ئەمەی وەک ڕستەیەکی تەواو نووسیوە و وەهایە: «دەبێت بە بۆنەکەی یان بە شێوەکەیدا بزانن کە باشە»، بەڵام دوایی هەندێک وشەی لە ڕستەکە لابردووە، بۆ ئەوەی لە شێوەی شەپۆلی هۆش نزیک ببێتەوە، نەک گێڕانەوەیەکی ڕێکوپێکی ڕێزمانی. **~ن.م.**

[482] **خۆزا:** بە ئینگلی *instinct*: واتە ویستی سرووشتیی کەس یان ئاژەڵ بۆ شێوەی کار و کاردانەوەی. یان بە واتای خواست، یان توانای سرووشتیی کەسێک دێت. ئەم هەستە شتێک نییە کاری بۆ کرابێت، بەڵکو لە خۆوە زاوە؛ ئاوهاش *خۆزا* لە واتاکە دەردەبڕێت. ئەم وشەیە بەرانبەر *غەریزە*ی عەرەبییە، ئەگەرچی ئەو وشەیە بە زۆر شیوە بۆ کوردی وەرگێڕراوە، یەکێک لەوانە *ڕەمەک*ـە. بەڵام بە ڕاوێژی کاک ڕێبوار قارەمانی خۆزام بە شیاوتر زانی. **~ن.م.**

[483] **بلایبتغۆشتراسە**: (بڕوانە ٤: ٧٩). **~گ.س.**

[484] **مەیی فشەکەر... ڕێدبانک بوو**: *مەیی فشەکەر* واتە شەمپانیا و شەرابی بڵقەبڵقکەر، یان ئەوەی گازی تێدا بێت. **~ن.م.**

وا دانرابوو کە تێکەڵکردنی شەمپانیا و گوێماسیلە ئارەزووی جووتبوون زیاد دەکات. لە چێشتخانەی ڕێدبانک بە خاوەنداریی بۆرتن بیندسەن بە ناونیشانی ١٩-٢٠ی شەقامی دۆلیەر وەها ڕیکلام بۆ گوێماسیلەی کەنارەکانی ڕێدبانکی کاونتیی کلێری بەری خۆرئاوای ئایرلاند دەکرا کە باشترینی گوێماسیلەکانی ئایرلاندە. ئەم جێیە هەر ئەو جێیەیە کە زووتر بلووم بلێسە بۆیلەنی لێ بینی. **~گ.س.**

[485] **داخۆ... گوێماسیلە ناخورێت**: ئەم تێکەڵەوشەیە لە دەقە ماکەکەشدا هەر وایە. ئاماژە بە سێ بابەتی جیاواز دەدات، لە هەموو چاپەکانی پێشووتری *ئولیس*دا ئەم سێ بابەتە جیاوازە بە خاڵ جیا کراونەتەوە، بەڵام لە چاپەکەی گابڵەردا هەموویان خراونەتە سنووری یەک ڕستەوە و خاڵی جیاکەرەوەکانیان لابراوە.

بلووم بیر لە بۆیلەن دەکاتەوە کە ئەم بەیانییە لە چێشتخانەی ڕێدبانک دیویەتی، وا دیارە مێز و خواردنەکەی بەردەمی بۆیلەنیشی دیوە، بەڵام ئێستا بیر دەکاتەوە: «داخۆ ئەو [ئەو: بلێسە بۆیلەن] گوێماسیلە[ی دەخوارد یان] پیرە ماسی[یەک بوو] لەسەر مێزەکە[ی دانرابوو؟]». وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە جووتبوونی ئەمڕۆی بلێسە و ژنەکەی میستەر بلوومەوە، بۆیە دەڵێت: «ڕەنگە ئەو لە پێخەفدا [لە کاتی جووتبوووندا] لەش[ێک]ی گەنج[ی هەبێت]»، کە ئەمە بە گوێرەی لێکدانەوەی خۆمە، واتە بلووم پێی وایە لەوانەیە بۆیلەن لە پێخەف و لە کاتی جووتبووندا لەشێکی گەنجانەی هەبێت، پێویستی بە گوێماسیلە نەبێت بۆ ئەوەی ئالۆشیی زیاتری بداتێ. لێرەدا کۆتایی بەم بیرە دەهێنێت و دەڵێت: «نەخێر»، ئینجا ئەوەی تر دەڵێت: «لە حوزەیراندا گوێماسیلە ناخورێت». ئەم ڕستەی کۆتایی لە دەقە ماکەکەدا پارچەی شکاوی پەندێکە. واتە ڕێک ئەوە نییە کە وەرمگێڕاوە، بەڵکو شتێکی ترە و تەواوی دەقەکە (کە لە دەقە ماکەکەی جۆیسدا هەمووی نەهاتووە) دەڵێت: «ئاڕ لە حوزەیراندا نییە و ئەوێش گوێماسیلەی لێ نییە». ئەم وتەیە لە پەندێکەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەڵێت: «هەرگیز گوێماسیلە لە مانگێکدا مەخۆ کە ئاڕی تێدا نەبێت» لەساڵنامەی ئینگلیدا مانگەکانی ئایار *May* و حوزەیران *June* و تەمموز *July* و ئاب *August* هیچیان پیتی ئاڕ *R*یان تێدا نییە. ئەم پەندە لە ساڵی ١٥٩٩وە هەیە. گیفرد دەڵێت: «لە ڕاستیدا گوێماسیلە بە درێژایی هەموو

ساڵ دەخورێت، بەڵام لە وەرزی گەراداناندا بە هێندەی مانگەکانی تر خۆش نین، کە ئەو وەرزەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو مانگانەدا کە {لە ساڵنامەی ئینگلیدا} ئاڕیان تێدا نییە». **~ن.م.**

[486] **بەڵام... شتی بۆنکردووە:** ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا بەم شێوەیەیە:

*But there are people like things high*

وشەی *های high* بە واتای *بەرز* دێت، واتە ئەگەر بەستێنەکە ڕەچاو نەکەین، ئەوا دەشێت ڕستەکە بەم جۆرە وەربگێڕین: «بەڵام خەڵکانێک هەن حەزیان لە شتی بەرزە»؛ بەڵام وشەی *های high* پەیوەست بە خۆراکەوە بە واتای *بۆنکردوو*، یان *کەمێک بۆنکردوو* دێت. بۆیە زۆربەی وەرگێڕەکان کەموزۆر لەسەر ئەم واتایە کۆکن، بۆ نموونە کاک کاوە نەمر بەم شێوەیە وەریگێڕاوە: «خەڵکانێک هەن حەز دەکەن گۆشتی نێچیری کەمێک بۆنکردوو بخۆن»؛ فەرەنسییەکە: «خەڵکانێک هەن حەزیان لە نێچیری کوڵاوە»؛ جانی جێلاتی و دکتۆر تەها: «خەڵکانێک هەن حەزیان لە گۆشتی بۆگەنە»؛ بیگاتسی: «خەڵکانێک هەن حەزیان لە شتی خراپبووە». کە هەموو ئەم وەرگێڕانانە لەگەڵ بەستێنەکەدا دەگونجێن، چون کەمێکی تر بلووم بیر لە شتی بۆگەن دەکاتەوە. بەڵام جۆن پی هێرێرا (*بەرەو شانۆی یادگە: پیشاندانەوەی شار لە وێژە و تەلارسازیدا*، نووسینی: جۆن فیلیپ هێرێرا، [زانکۆی ڕایس، ١٩٩١]، لا. ١٤٣)، بەم شێوەیە لە ڕستەکە تێگەیشتووە: «بەڵام خەڵکانێک هەن حەزیان لە شتی بەرزە» و دەڵێت: «بلووم کە دەڵێت "بەڵام خەڵکانێک هەن حەزیان لە شتی بەرزە" پەیوەندیی نێوان ستیفن و ئیکارۆس پێشنیار دەکات، دواتریش ستیفن ئەم تێمایە وەردەگرێت و پەرەی پێ دەدات...»، بۆ ئیکارۆس (بڕوانە ١: ٢٤ و ٩: ٥٨٤). بە کورتی: من پێم وایە تێگەیشتنەکەی هێرێرا لە ڕستەکە هەڵەیە. **~ن.م.**

[487] **کەروێشکەکێویی لەدیزەنراو:** وشەی *کەروێشکەکێوی* دەشێت بە واتای *ئاسک*یش بێت، چون لە ئینگلیدا هەمان وشەیان بۆ بە کار دەهێنرێت کە *هەیر hare*ە. *لەدیزەنراو* واتە خراوەتە نێو دیزەوە، دیزە: دەفرێکی گڵینە و خواردنی تێدا لێدەنرێت. گیفرد دەڵێت ئەم خواردنە لە دیزەدا بە ئاگری کز دەکوڵێنرێت. پەڕتووکێک هەیە بە ناوی *هونەری پەزان ئاسان و سادەکراو*، نووسینی خاتوو هانا گلەیس، ساڵی ١٧٤٧ بڵاو کراوەتەوە، ڕەچەتەی ئەم خواردنەی تێدایە. *پەزان* واتە *چێشتلێنان*. **~ن.م.**

[488] **جارێ کەروێشکەکێوییەکەت بگرە:** نوکتەیەکی گاڵتینەیە کە خەڵکان (بە هەڵە) وایان زانیوە وەک هەڵە لە پەزاننامەکەی خاتوو هانا گلەیس، *هونەری پەزان ئاسان و*

*سادەکراو*دایە. ویلیەم دی جێنکینس لە *گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*، بەرگی ١٥، ژمارە ١، ١٩٧٧، لاپەڕە ١٩١دا ئەمەی باس کردووە. **~گ.س.**

489 **چینییەکان هێلکە... سەوز:** چینییەکان هێلکەی مراوی لە ژێر زەویدا دەنێژن و تا دە بۆ دوازدە مانگ هەڵیدەگرن؛ هێلکەکە بە پرۆسەیەکی ترشاندا دەڕوات کە ئەو گۆگردیدی هایدرۆجینەی هێلکە ڕزیوەکە دەریدەکات توێکڵەکەی دەشکێنێت و دەردەچێت؛ هێلکەکە خۆیشی ڕەق دەبێت و سپێنەکەی دەبێت بە شین و زەردێنەکەی دەبێت بە سەوز. ئەوەی دەمێنێتەوە نە لە بۆندا بێزراوە و نە لە تامدا. بەهاکەیشی وا دیارە بە گوێرەی دانسقەییەکەی، یان بە دیاریکراوتر، بە تەمەنەکەی دەپێورێت، چون هێلکە کە «پێدەگات» دوای ساڵێک دەخورێت. ئەو کەمەی تا پەنجا ساڵ دەهێڵرێنەوە زۆر گران دەبن و پێی دەڵێن «بێهاوتا». **~گ.س.**

490 **گەورەدوک لیۆپۆڵد:** بلووم لیۆپۆڵد ڤۆن بایەرن (١٨٢١-١٩١٢) شازادەی جێنشینی باڤاریا (لە ١٨٨٦-١٩١٢) لەگەڵ شا ئۆتتۆی باڤاریا (بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو) تێکەڵ دەکات. کاری لیۆپۆڵد زۆر بە نزیکی لەگەڵ شا ئۆتتۆدا بوو؛ لیۆپۆڵد لە هەمان ئەو ساڵەی ئۆتتۆ تیایدا بوو بە شا ئەمیش بوو بە شازادەی جێنشین. ئۆتتۆ لە ساڵی ١٨٧٢ەوە شێت بوو. **~گ.س.**

491 **ئۆتتۆی... هابسبۆرگانە:** ئۆتتۆی یەکەم (١٨٤٨-١٩١٦) لە (١٨٨٦ تا لابردنی لە ١٩١٢) شای باڤاریا بوو. ساڵی ١٨٧٢ شێت بوو و ماوەی ژیانی لە ژێر چاودێریی ورددا ژیا، کە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەند چیرۆکێکی لە چەشنی ئەو چیرۆکەی بلووم بیری لێ دەکاتەوە. ئۆتتۆی یەکەم هابسبۆرگ نەبوو، بەڵام هابسبۆرگی ئیمپراتۆری نەمسا فڕانسیس جۆزێفی یەکەم (١٨٣٠-١٩١٦) برازایەکی هەبوو بە ناوی ئۆتتۆوە. **~گ.س.**

492 **نیوەی... گرانی بهێڵنەوە:** وتەیەکی بێبنەما بوو، بەڵام وتەیەکی بڵاو بوو لە بارەی خراپ بەکارهێنانی ئابوورییەوە. **~گ.س.**

493 **شەرابی... سەوزدا:** پێی دەوترا شەرابی هۆخ لە هۆخهایمەر-ەوە هاتبوو کە شەرابێکی سپیی ڕاین بوو، بە گشتی دەخرایە نێو بوتڵی ڕەنگاوڕەنگەوە تا ڕووناکی کاریگەریی لێ نەکات. **~گ.س.**

494 **ئێلیتەکە. کغێم دو لا کغێم:** فەڕەنسین، *ئێلیت* واتە سەرتۆپ، هەڵبژاردە، بە واتای چین یان توێژی هەرە باڵای کۆمەڵگا دێت. *کغێم دو لا کغێم* واتە کرێمی کرێم، یان کرێمی

سەر کرێم. بە واتای هەرەباڵای باڵاکان، کە دیسان بۆ چین و توێژی هەرە باڵای کۆمەڵ بە کار دەهێنرێت. **~ن.م.**

[495] **گۆشەگیرێک... کەم دەکاتەوە: گۆشەگیر** کەسێکە تێکەڵی کۆمەڵگا نەبێت، وەک ئەوانەی خۆیان بۆ پەرستن تەرخان دەکەن. **دانوولە** بە واتای دان و تۆوی هەندێک وشکە دێت، وەک نیسک و فاسۆلیا و لۆبیا. ئەمە شەپۆلی هۆشی بلوومە، بۆیە ڕستەیەکی تەواو نییە. هەردوو وەرگێڕە عەرەبەکە کۆتاییەکەیان بە *برسێتی* وەرگێڕاوە، نەک چووزانەوەی لەش. واتە گۆشەگیرەکە بە قاپی خواردنەکەی برسێتییەکەی دەشکێنێت. **~ن.م.**

[496] **کاڤیارماسیی پاشایی:** کاڤیارماسی ماسییەکی گەورەیە کە لە بەشی باکووری زەوی دەژییێت، گەرایەک دروست دەکات کە پێی دەڵێن «کاڤیار» و ئەم گەرایە دەخورێت و نرخیشی گرانە. **~ن.م.**

هەموو کاڤیارماسییەکانی نێو ئاوی ناوچە ئینگلییەکان بە فەرمانی ئێدوارد پاشای دووەم لە ١٣٠٧-١٣٢٧ کرا بە موڵکی پاشا. **~گ.س.**

[497] **دارۆغەی... خاوەنش:** خاوەنشکۆ، جێنشینی شا لە ئایرلاند، دارۆغەی گەورەی (کاونتیی دەبلن؟ یان هی هەموو کاونتییەکانی تر؟) ئاگادار کردووەتەوە کە ویلیەم کۆفیی گۆشتفرۆش و مۆڵەتپێدراو بۆ خواردن و خواردنەوە، بە ناونیشانی ١٠ی لەنگەرگای ئاران و ٣٥ی شەقامی کوف لە دەبلن، مۆڵەتی پێ دراوە لە نێو دوکانەکانیدا گۆشتی ئاسک بفرۆشێت. دارۆغەی گەورەی هەر کاونتییەک بەرپرسیارێتیی جێبەجێکردنی یاسای ڕاویان لەسەر شانە. **~گ.س.**

[498] **لەو خوانەی... بینیم:** بەڕێز سێر ئەندرو مارشاڵ پۆرتەر، بارۆنێت (١٨٣٧-١٩١٩)، (لە ١٨٨٣-١٩٠٧) سەرۆکی تۆماری ئایرلاند بوو، {سەرۆکی تۆمار دادوەرێک بووە کە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی شارستانی بووە و پێشتریش سەرۆکی تۆمارە گشتییەکان بووە} ماڵەکەی لە دەبلن لە ٤٢ی مەیدانی مەریۆنی خۆرهەڵات بوو. وا دیارە بلووم لە پەنجەرەکەوە تەماشای ناندانەکەیانی کردووە، کە بەسەر ناوچەیەکی کراوەی ژێر ئاستی شەقامەکەدا لە نێوان ماڵەکە و شۆستەکەدا دەیڕوانی. سەرۆکی تۆمار سەرۆکی کەرتی دادوەرانی دادگای باڵای ئایرلاند بووە، لە پلەدا بە تەک لۆردی سەرۆکی داد و لۆردی سەرۆکی دادوەرانی ئایرلاندەوە بووە. **~گ.س.**

[499] **ئاشپەزی... مالووم:** ئەو کڵاوە لوولەکییە سپییەی مالوومەکان بۆ هەندێک بۆنە لە سەری دەکەن لە کڵاوی ئاشپەز دەچێت. **~گ.س.**

[500] **مراویی بسووت**: {بسووت واتە شتێک کە گڕ بگرێت} مراوی لە نێو سۆسێکدا ئامادە دەکرا و پێش ئەوەی بخرێتە سەر مێزی خواردن بە براندی دەسووتێنرا. هەندێک لە ڕەچەتە بەناوبانگەکانی خواردنی فەڕەنسی (بۆ نموونە مراوی و گێلاسی ڕەش) داوای ئەم سووتاندنە دەکەن. **~گ.س.**

[501] **کەلەرمی... پاغم**: برژاوی تۆپەکەلەرمی ئاخنراو بە قیمەی گۆشتی گوێرەکە لەگەڵ سەوزە و وردەنان. **~گ.س.**

*ئا لا دووشێس دو پاغم* بە فەڕەنسی *à la duchesse de Parme* واتە: «بۆ دوکژنی پارما». بۆ دوکژن (بڕوانە ٢: ٩٤)؛ ئێستا پارما شارێکی باکووری ئیتالیایە، بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا دوکی سەر بە ئیمپراتۆرێتیی نەمسا-هەنگاریا بە ڕێوەی بردووە. کەواتە ڕستەکەی جۆیس واتە: «کەلەرمی پێچپێچ بۆ دوکژنی پارما».**~ن.م.**

[502] **خواننامە**: بە ئینگلی *menu* یان *bill of fare*: واتە لیستی ئەو خواردنانەی خواردنگەکە هەیەتی کە کڕیار هەڵیببژێرێت. **~ن.م.**

[503] **دەرمانی... تێک دەدەن**: لەو وتەیەوە هاتووە کە دەڵێت: «ئاشپەزی زۆر گۆشتاو تێک دەدەن» کە پێچەوانەی ئەو پەندەیە کە دەڵێت: «هەر کارێکی گرانە، بە هەرەوەزی ئاسانە». **~گ.س.**

[504] **شۆربای وشککراوەی ئێدوارد**: بە بەربڵاوی ڕیکلامی بۆ دەکرا وەک جێگرەوەی شۆربایەکە بە تازەیی ئامادەی بکەیت. **~گ.س.**

[505] **قازی... بێواتایە**: قاز لە نێو قەفەز دادەنران و بە زۆرەملێ خواردنیان پێ دەدرا تا جگەریان قەڵەو ببێت و چەور ببێت، چون ئەم جگەرە چەورانەیان بۆ *پاتێ دو فوا گرا* بە کار دەهێنا. **~گ.س.**

**پاتێ دو فوا گرا**، بە فەڕەنسی *pâté de foie gras*: جۆرە هەویرێکی ناسکە لە جگەری قازی بە تایبەتی قەڵەوکراو دروست دەکرێت و بە خواردنێکی گرانبەها دادەنرێت. **~گ.س.**

[506] **پەهەندێک پکوڕکوڕەلاڵە پیبە**: **کوڕکوڕەلاڵە**: بە ئینگلی *Rock ptarmigan*، ناوی زانستی *Lagopus muta*: باڵندەیەکی قەبارە مامناوەندییە، لە نێوان ٣٤-٣٦ سانتیمەتردایە، کلکێکی درێژی هەیە، باڵەکانی تا نزیکەی ٥٤ تا ٦٠ سانتیمەتر دەکرێنەوە، قاچەکانیان تەواو پەڕاوین، دەنووکیان بچکۆلەیە، نێرەکەی بە دەنگی بەرز وەک مرخاندن دەخوێنێت. نەژادگەیان ئۆراسیا و باکووری ئەمەریکای باکوورە، لەسەر چیای بەردین دەژین. هەندێک

جار پێیان دەوترێت *کورکورەی بەردەڵان*. **پەهەندێک پکورکورەلاڵە پیبە**: واتە هەندێک کورکورەلاڵە ببە. **~ن.م.**

[507] **سیار**: بە ئینگلی *callboy* یان *page*، سیار لە زمانی کوردیدا چەند واتایەکی هەیە، یەکێکیان: *بەردەستی پیشەساز*، *شاگردە*. لەبەر ئەوەی *شاگرد* وشەیەکی زۆر گشتییە، من بۆ *بەردەستی میوانخانە* پێویستم بە وشەیەکی کەمێک دیاریکراوتر هەبوو، بۆیە لە تەواوی ئەم وەرگێڕانەدا وشەی *سیار*م وەک تەنها بەردەستی میوانخانە بە کار هێناوە. **سیارانە**: کە وشەی *سیار*مان لە بری «شاگرد» بە کار هێنا، ئەو کات بۆ *شاگردانە*، کە بەخشیشێکە و بە شاگرد دەدرێت، وشەی *سیارانە* بە کار دەهێنین؛ واتە بەخشیشێک کە بە سیار دەدرێت. **~ن.م.**

[508] **دادە دوبیدات**: *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* ناوی خاتوونان دادە دوبیداتی لە ویلماونت هاوس لە کیلئینی داناوە. ئادامس (لا. ٧٤) دەڵێت کە لە شانۆگای کوینی پاشایی بۆنەیەک بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ جەی دەبلیو ویتبرێد ساز درا (بڕوانە ٨: ٣٦٦) خاتوو دوبیدات ناوێک گۆرانیی «چوون بۆ کیلدێر»ی بێژاوە (*فریمانس جۆرنەڵ*، ٣ی شوباتی ١٨٩٤). **~گ.س.**

ماری (مەرسا جەی) دوبیدات، کچی میستەر ڕۆبێرت دوبیدات بووە، لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٨٦٠ لە کۆمپتن هاوس، لەسەر شەقامی نیمچەبازنەیی باشوور لە دەبلن لە دایک بووە. گۆرانیبێژێکی سۆپرانۆ و کلاسیکی بووە، لە نێو موزیککارانی دەبلنی ١٨٠٠کاندا ناسراو بووە. وا دیارە ناسناوەکەی ماری دوبیدات بووە، دەنا لە ڕاستیدا ناوی مەرسا جەی بووە. ساڵی ١٨٩٤ میستەر سی و خاتوو ئێم دوبیدات لە ١٨ی شەقامی چارلڤیل لە ڕاثماینس ژیاون. مەرسا مامۆستای گۆرانیبێژی بووە، ١٨٨٠کان و ١٨٩٠کان لە چەندین کۆنسێرتی دەبلندا گۆرانیی بێژاوە. لە یەکێک لە زنجیرە کۆنسێرتە دڵخوازەکانی خەڵکی دەبلندا، کە لە هۆڵی ئەینشتنت لە شەقامی گرەیت برونسویک (پیبەرسی ئێستا) بە ڕێوە چووە، ڕۆمانزایەکی سۆپرانۆی نێو ئۆپێرایەکی مایەربیر-ی بێژاوە. لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٨٩٣ و شەوانی دواتردا لە شانۆگای کوینی پاشایی *کچی ماسیگرەکە* پێشکەش کراوە، کە ئۆپێرایەکی جەفەنگیی ئایری بووە لە دانانی مۆنتگۆمەری ئەی وارد، خاتوو دوبیدات ڕۆڵی کیتی-ی تێدا بینیوە. لە ٣ی شوباتی ١٨٩٤دا کۆنسێرتێکی خێرخوازی لە شانۆگای کوینی پاشایی بۆ میستەر جەی دەبلیو ویتبرێد بە ڕێوە چووە، کە میستەر پات کینسێلا ڕۆڵی *ڕۆری ئۆمۆری*ی تێدا گێڕاوە، کە ناونیشانی ڕۆمانێکیساموئێل لەڤەر-ە،

خاتوو دوبیداتیش گۆرانیی چوون *بەرەو کیلدێری* بێژاوە. لە هەمان ساڵدا لە هۆڵی لەینستەریش لە شەقامی هاوکینز گۆرانیی بێژاوە. وا دیارە دوبیدات ماوەیەکی زۆری لە ئینگلتەرا بە سەر بردووە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەو ستوونانەی لە *ئایرش تایمز*دا هەن: «خاتوو دوبیدات لە ئینگلتەراوە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی لە ١٨ی شەقامی چارلڤیل، لە ڕاثماینس». ساڵی ١٨٦٧ خاتوو دوبیداتێک لە بۆلسبریدج ئەندامێکی پۆلی دەنگبێژانی پێشکەوتووی ئەکادیمیا بووە، ساڵی ١٩٠٣ بڕوانامەی شارەزا و مامۆستای دەنگی لە هەمان ئەکادیمیا وەرگرتووە. پێدەچێت ئەمە هەمان کەس بێت و دوای ئەوەی پیشەی گۆرانیبێژییەکەی تەواو بووە، دەستی کردووە بە مامۆستایەتی. ساڵی ١٩٠٤ وا تۆمار کراوە کە خاتوو دوبیدات لە ویلماونت هاوس لە کیلئینی ژیاوە. **~ڤ.ئ.**
ساڵی مردنی دیاری نەکراوە. **~ن.م.**

509 **پانەماسی**: بە ئینگلی *lemon sole*، ناوی زانستی *Microstomus kitt*: جۆرە ماسییەکی پانکیلەیە، دەخورێت، لە باکووری خۆرهەڵاتی زەریای ئەتڵەسی زۆرە. **~ن.م.**

510 **کردیشی بە زات**: ئاماژەی *ئەو*-ەکە بۆ ئەوی مێیە، دیارە بۆ خاتوو دوبیدات دەگەڕێتەوە. هەردوو «بەزات»ەکە وەک دەربڕینێکی سەرسامی، یان سوێندە، وەک: ئەرێ بە زاتی خوا، بەام بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ دوبیداتدا وام کردووە، لە دەقە ماکەکەشدا شتێکی هەر لەو بابەتەیە. **~ن.م.**

511 **ناوێکی هیوگەنۆتییە**: بنەچەی ناوی دوبیدات، یان دو بیتات نەزانراوە، بەڵام شێوە فەڕەنسییەکەی وا دەکات ئەم پێوابوونەی بلووم لۆجیکی بێت. **~گ.س.**

512 **کیلئینی**: دێیەکی سەرنجڕاکێشی سەر کەنارە، نۆ میل لە باشووری خۆرهەڵاتی دەبلنەوە دوورە. **~گ.س.**

513 **دو دی لا**: «دو»ی فەڕەنسی، کە بە واتای «هی» دێت، {کوردستانی ئێمە} لێکدانی ئامرازی خاوەندارێتی «دی» (بە واتای هی) و ئامرازی ناساندنی نێری «لو»ە؛ *دو لا* ئامرازی ناساندنی مێیە. **~گ.س.**

514 **میکی هانلۆن**: ئێم و پی هانلۆن، ماسیفرۆش و بازرگانی سەهۆڵ، بە ناونیشانی ٢٠ی شەقامی موور لە دەبلن. لە دوکانەکەی ئەوەوە بوو کە دواهەمین یاخییەکانی شۆڕشی ئیستەری ساڵی ١٩١٦ خۆیان دا بە دەستەوە. **~گ.س.**

515 **مووویکڵ... ها**: واتە مایکڵ... ئەی... ئێچ... ئەی... (بەرەو هانلۆن). **~گ.س.**

[516] **نەخوێندەواری... نییەتی**: جۆیس لە دەقە ماکەکەدا ئیدیۆمێکی بە کار هێناوە کە وا دیارە ئێستانان دەگمەنە و تایبەتە بە ئایرلاندی سەردەمی جۆیس و پێش ئەو، دەربڕینەکە دەڵێت: «بە هێندەی زەمبیلەیەک قۆندەرە نەخوێندەوارە». ڕاڤەکاران زۆر دڵنیا نین لەوەی چۆن ئەم دەربڕینە بووەتە ئیدیۆم، بەڵام لە ئینگلیی پێش *ئولیس*دا چەند بەکارهێنانێکی هەیە. گیفرد لە بارەیەوە دەڵێت: «ئەم دەربڕینە ئەوە دەردەخات کە مێشکی کەسێک لە پێڵاوەکانیدایە، واتە ئەو کەسە گەمژەیە، بۆیە دەبێت زەمبیلەیەکی پڕ یان بەتاڵ لە پێڵاو دەبێت چەند لە گەمژەیی کەسەکە زیاد و کەم بکات.». **~گ.س.**

[517] **هەستی چەشتن**: لە دەقە ماکەکەدا وشەی *پالەت palate* بە کار هاتووە، کە واتای یەکەمی وشەکە مەڵاشوو-ە؛ بۆیە هەر هەموو ئەو وەرگێڕانەی چاوم لێیان کردووە (کورمانجییەکە و فەڕەنسییەکە و هەردوو ئیتالییەکە و هەردوو عەرەبییەکە) ئەم وشەیەیان بە «مەڵاشوو» وەرگێڕاوە واتە دەڵێن: «شەرابی بەتینی هێڵراوەی سەر مەڵاشووی قووت درا». لە هاوڕێیەکی ئەڵمانیزانم داوا کرد سەیری وەرگێڕانە ئەڵمانییەکەی کلاوس ڕایشهێرت بکات، پێمی وت کە ئەویش هەر بە «مەڵاشوو» وەریگێڕاوە. بەڵام من پێم وایە هەموویان هەڵەن، چون وشەکە لە ئینگلیدا واتایەکی تری هەیە، ئەویش: *توانای چەشتن*، یان *توانای تامکردن*ە؛ ئەگەر جوانیش تەماشای ڕستەکە بکرێت، دەڵێت: «لەسەر هەستی چەشتن»، واتە لە هەڵەکەی ئەواندا دەبێت بە: «سەر مەڵاشوو» بەڵام کوا دەتوانیت شت بخەیتە سەر مەڵاشووت و تامی بکەیت؟ سەر مەڵاشوو لە نێو بۆشایی لووتدایە، بەڵکو هەستی چەشتن لە زماندایە و دەتوانیت شەرابەکەی لەسەر بهێڵیتەوە بۆ ئەوەی زیاتر تامی بکەیت، کە بلووم وا دەکات. چوار ڕستە دواتریش دەڵێت: «کە هەستی چەشتن/مەڵاشوو-ە تەڕبووەکەی ساورا بە بیری هاتەوە» (بڕوانە ٨: ٥٢٠). **~ن.م.**

[518] **گوشینی... ترێشێلەکە**: ئەم ڕستەیەش وەک ڕستەکانی تری سەرەتای ئەم پەرەگرافە کێشاوییە، ڕوون نییە ئایا وتەی گێڕەرەوەکەیە، یان شەپۆلی هۆشی بلوومە. لەوانەیە بلووم بێت وێنای چۆنێتی یەکالاکردنەوە و گووشینی ترێکەی بەرگەندی بکات کە دەکرێت بە شەراب. **~ن.م.**

[519] **ساواییەکی... پێ بڵێت**: **ساوایی** بە ئینگلی *touch* واتە هەستی دەستلێدان، یان بەرکەوتن. ڕستەکە شەپۆلی هۆشی بلوومە و لێی بڕاوە، وا دیارە ڕستە تەواوە لێنەبڕاوەکە یەکێک بێت لەم دووانە: «وا دیارە ساواییەکی نهێنی یادەوەریم پێ دەڵێت»، یان «لە ساواییەکی نهێنی دەچێت و دەیەوێت یادەوەریم پێ بڵێت». ئەوەی کە دەیخوات

یادەوەریی کۆنی بە بیر دەهێنێتەوە، کە لەم پەرەگرافەدا یادەوەرییەکان ئاشکرا دەکات. **~ن.م.**

[520] **کە هەستە... بە بیری هاتەوە**: ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا زۆر ناڕوونە، کە ئەمەیە:

*Touched his sense moistened remembered.*

لە چاپە شیکارییەکەی گابلەردا هاتووە کە سەرەتا جۆیس لە بری وشەی *هەست* *sense* نووسیویە *هەستی چەشتن* *palate*، کە وەرگێڕەکانی تر بە *مەلاشوو* وەریانگێڕاوە و من پێم وایە هەڵەن (بڕوانە ٨: ٥١٧). ئەمە ڕستەکەی پێش دەستکارییەکەیە:

*Touched his palate moistened remembered.*

یەکەم سەرنج ئەوەیە کە ئایا ئەمە ڕستەی گێڕەرەوەکەیە، یان شەپۆلی هۆشی بلوومە؟ بەوەدا بێت کە ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە ئێجگار شێواوە و خاڵ و بۆری تیدا نییە، لە شەپۆلی هۆش دەچێت. بەڵام وا دیارە گێڕەرەوەکە بێت، کە لە سەرەتای ئەم پەرەگرافەوە گێڕانەوەکانی کێشەدار و ناتەواون. پێشتر خستمە ڕوو کە پێم وایە جۆیس وشەکەی بە واتای *هەستی چەشتن* بە کار هێناوە، ئەمەی ئێرە یەکێکی ترە لە پایەکانی ئارگومێنتەکەم، کە ئەوەتا لێرەدا لایبردووە و وشەی *هەست*ی داناوە. بەهەرحاڵ، ئەوەی ڕوونە لام ئەوەیە کە بلووم لە ڕێی ساوین (بەرکەوتن)ی پاروەکەی دەمیەوە بیری پارووێکی دەکەوێتەوە کە شازدە ساڵێک لەوەوبەر و پێش ئەوەی خاتوو مۆڵی ببێت بە هاوسەری، ڕێک ئەو ڕۆژەی داوای هاوسەرگیریی لە خاتوو مۆڵی کردووە، لەسەر گردی هاوث لە دەبلن ماچی یەکتریان کردووە و پاروەکەیان لە دەمی یەکتردا گۆڕیوەتەوە. لەم ڕستەیە و ئەوی پێشوویدا «ساوین» جۆرە کارایی (بکەری)یەکی پێ دراوە، وەک بڵێیت کەسێنراوە و هاتووە وا دەکات بلووم هەندێک یادەوەریی کۆنی بە بیر بێتەوە.

لە بەراوردی وەرگێڕانەکانی بەردەستمدا بینیم کە دکتۆر تەها لێرەدا کەوتووەتە هەڵەیەکی گەورەوە، ئەو بەم شێوەیە وەریگێڕاوە: «يبدو من لمساتها الساحرة إثارتها لذكرياتي»، واتە: «وا دیارە بە ساوینە جادووییەکانی وێ یادەوەرییەکانم ورووژاون»، وا دیارە وێ-کە بۆ مۆڵی دەگەڕێتەوە، بەڵام من پێم وایە ساوینی پاروەکەیە، نەک هی مۆڵی، هەر کە تەواوی ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە لانیکەم دە ساڵە خاتوو مۆڵی دەست و «ساوینی جادوویی» لە بلوومەوە نەداوە. هەر چۆنێک بێت، ڕستەیەکی زۆر تاریکە و یەکێکە لەو نموونە دەگمەنانەی ڕۆمانەکە کە گێڕەرەوەکەش وەک کەسێتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە ڕستەکەی ناتەواوە.

بیرۆکەیەکم هەیە لە بارەی ئەوەی بۆچی ئەم چەند ڕستەیەی گێڕەرەوەی سەرەتای ئەم پەرەگرافە وا ناڕوون و ناتەواون، بەڵام زۆر دڵنیاش نیم، بەڵام هەر دەیخەمە ڕوو: جۆیس زۆر جار خودی چیرۆکەکەی دەیگێڕێتەوە بەسەر زمانەکەشدا جێبەجێی دەکات، واتە گێڕانەوەکە بەر ئەو ڕووداوانە دەکەوێت کە خۆی دەیانگێڕێتەوە. بۆ نموونەی یەکەم (بڕوانە ۳: ۱٤۷) کە لەوێدا باسی ئەوە دەکات فیشەک بنێیت بە کەسێکەوە و هەلاهەلای بکەیت، لە بەرانبەردا ڕستەکەش هەلاهەلا بووە، وەک بڵێیت فیشەکی پێوە نراوە و پارچەپارچە بووە و پارچەکانی بە یەکەوە نراونەتەوە؛ بۆ نموونەیەکی تر هەر چەند لاپەڕەیەک پێشتر (بڕوانە ۸: ٤٧٢)، کە بلووم پارووەکە دەجووێت، وشەکانی ڕستەکەش وا دیارە جووراون و تێکەڵ بوون؛ نموونەیەکی تر لە ئەڵقەی دەیەمدایە کە دوو کەس لە جێیەکی زۆر تاریکن، ڕستەکانیش لەو کاتەدا زۆر ناڕوون و بێواتا دەردەکەون، لەپڕ یەکێکیان دەنکێک شقارتە دادەگیرسێنێت و بەرچاوی خۆیان ڕووناک دەبێتەوە، لەوێدا گێڕانەوەکەش ڕوون دەبێتەوە و ئاشکرا دەبێت، وەک بڵێیت ڕووناکیی شقارتەکە جگە لە بەرپێی کەسێتییەکان، خودی گێڕانەوەکەش ڕووناک دەکاتەوە. جا لە ژێر ڕۆشنایی ئەم نموونانەدا، پێم وایە جۆیس کە سەرەتای ئەم پەرەگرافەی وەها بە ناڕوونی داناوە، لەبەر ئەوەیە کە بلووم کەمێک بەر لە ئێستا خەرتەلەی تیژ و شەرابی بەتینی خواردووە، کە کاریگەریی خەرتەلە و شەرابەکە کەوتوونەتە سەر ڕستەکانی گێڕەرەوەکەش و وای کردووە هەندێک لە وشەکانی ڕستەکانی گێڕەرەوەکە بپەڕن. لەوانەشە هەڵە بم، بەڵام تەنها بۆچوونێکە. **~ن.م.**

521 **هاوث... زەردباو:** سەری هاوث دەچێتە نێو دەریای ئایرییەوە و قۆڵی باکووری خۆرهەڵاتی کەنداوی دەبلن پێک دەهێنێت. لووتکەی هاوث ٥٨٣ پێ بەرزە و نیمچەدوورگەکەی داگیر کردووە. سەرەشێر (لایەنس هێد) لووتکەیەکە بە بەری باشووری خۆرهەڵاتی هاوثەوەیە. لوتکەی دروملێک لە ڕۆخی باشووری هاوثدایە؛ سوتۆن لەسەر پارچە زەوییەکە لە نێوان هاوث و خاکی سەرەکیی دوورگەی ئایرلاند. ڕیزبەندیی ڕەنگەکان ڕیزبەندیی قووڵایی ئاوەکان دیاری دەکات لە سەری شێرەوە بەرەو بوارەکانی دروملێک (پێنج قەد) و بەرەو بوارە تەنکترەکەی تەختاییە کێشاوگرەوەکانی کەناری سوتۆن. **~گ.س.**

522 **شارانی نێژراو:** شێوەی قەوزە و تەنگەی قووڵی کەنداوەکە، لە سەرەو وا دەبینرێت وەک بڵێیت شاری ژێرئاوکەوتوو لە دەریاکەدا هەن، وەک ئەتلانتیس، کە دوورگەیەکی

گەورە بووە و بە گوێرەی نەریتی کلاسیکی (وەک ئەوەی پلاتۆن ئاماژەی پێ داوە)، لە ناوچەی ئەتلەنتیکی لای جەبەلتاریق هەبووە. کریتیاس مێژوویێکی نایابی دەستکەوتی چاندی دەداتە پاڵ ئەم دوورگەیە پێش ئەوەی ژێرئاو بکەوێت. ئەتلانتیسی ئەفسانەیی ئایرلاند لە ژێر ئاوی لۆخ نیدا نێژراوە. **~گ.س.**

[523] **گوێسمێن**: بە ئینگلی *earwig*، مێروویێکی شەش پێیە، درێژکۆلەیە، دوو شاخی هەستیاری هەیە و کلکی نێرینەکەی دوو چوقڵە و هی مێیەکەی یەک چوقڵی نووکتیژە. ڕەنگیان قاوەیی تۆخ و ڕەشە و لە ڕەنگی قالۆنچەی ئاسایی دەچێت. زۆر لە جۆبڕکە و مڵە دەچێت، بەڵام ئەوان چوار قاچیان هەیە.

دەستنیشانکردنی ئەم ناوە دوای لێکۆڵینەوەیەکی درێژ هاتووە، هەرچەندە لە *هەنبانەبۆرینە*دا بە «گوەسم» هاتووە و وەک هاوواتای *هەزارپێ* دەستنیشان کراوە، بەڵام *گوەسم* لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پیتی بزوێنی کورت (ە) وەک هـ ی عەرەبی لێک دراوەتەوە، واتە «گوەسم»ەکەی مامۆستا هەژار هەر «گوهسم»ە فارسییەکەیە کە هەمان واتای *گوێسمێن*ی هەیە. بە تەواوی بڕوای من وەک زماناسێک: پیتی بزوێنی کورت (ە) و پیتی (ھ) دوو پیتی زۆر جیاواز و واتاگۆڕن، نابێت وەک یەک لێکبدرێنەوە. خودی ئەم ناوە لە ئینگلیشدا وشەیەکی لێکدراوە لە *ear* و *wig* پێکهاتووە. *wig* لە *wicga*ی ئینگلیی کۆنەوە هاتووە، بە واتای *مێروو*. واتە خودی واتای دەقاودەقی وشەکە بە ئینگلی واتە *مێرووی گوێ*، لەو ئەفسانەیەوە هاتووە کە گوایە ئەم مێرووە دەچێتە گوێی مرۆڤی نووستووەوە. بەڵام ئەمە ڕاست نییە، ئەم مێرووە گوێ دەسمێت، بەڵام حەزی لە شوێنی شێدار و سێبەر و تاریکە، وەک ژێر گەڵا. ئەم ئەفسانەیە لە ناو فارس و عەرەبیشدا هەر هەبووە، ئەوەتا یەکێک لە هاوواتا فارسییەکانی *گوهسم*ە و بە عەرەبیش دوو ناوی هەیە، ئەوانیش «أبو مقص» و «ثاقبة الأذن»ن، دووەمیان هەر واتە گوێسمێن. لە *فەرهەنگی ئازادی*دا وەک پۆلێنی ناو بەم شێوەیە باس کراوە: «١. هەزارپێ. ٢. جۆرە مێروویێکە قنەکەی وەک مقەست وایە.» زاراوە فارسییەکەی لە ئینتەرنێتدا بە «گوشالنگ» یان «گوشخیزک» دەستنیشان کراوە. لە *فەرهەنگی کاوەی* فارسی-کوردیدا بەرانبەر «گوشالنگ» ئەم ناوانە دەستنیشان کراون: «پڕپا، پڕپش، پڕپە، چلپایی، خشخشۆک، خشخشە، خشک، خشگ، خشی، دووسەرە، دووکلکە، زۆڤ، زوێڵو، زیڤەزیڤ، زیڤزیڤە، زیڵۆ، زیور، سۆلسۆلە، گۆشەبڕگە، گوهسم، مارەزیو هەزارپا، هەزارپێ.» لە هەموو ئەو ناوانەدا جگە لە «گوهسم» و «سۆلسۆلە»، هەموویان هاوواتای *هەزارپێ* و *زەروون*. وەک

ڕوون و ئاشکرا لە ئەدگارەکانی مێرووەکەوە دەردەکەوێت، هیچ کامێک لەمانە نین: پڕپا و پڕپش و پڕپە: چونکە «پا» یان پێکانی ئەم مێرووە ئەوەندە پڕ و زۆر نین، تەنها شەش پێی هەیە؛ «چلپایی» نییە چون چل پای نییە؛ خشخشۆک، خشخشە، خشک، خشگ، خشی نین، چون ئەم ناوانە زۆر گشتین و زۆربەی مێرووەکان و گیانلەبەرە خشۆکەکانیش هەر خشەیان دێت؛ «دووسەرە» نییە، چون تەنها یەک سەری هەیە؛ دووکلکە بۆ نێرەکەی گونجاوە، بەڵام مێیەی ئەم مێرووە تەنها یەک کلکی هەیە؛ «زوێلو» و «زیڵۆ» نین چون دوو وشەی کرمانجی باکوور و زازاکین بۆ هەزارپێ و زەروو. ئەم مێرووە زەروو نییە، زەروو ئەو مێرووەیە کە خوێی بەسەردا دەکەیت دەتوێتەوە. «زۆڤ» زازاکییە، واتە هەزارپێ؛ «زیڤەزیڤ» و «زیڤزیڤە»ش بادینین هەر بۆ هەزارپێ. «زیور»: زاراوەیەکی باڵەکییە هەر بۆ هەزارپێ. «سۆلسۆلە» نییە، لە *فەرهەنگی کوردستانی* مامۆستا گیو موکریانیدا دەڵێت: «سۆلسۆلە: جۆرە دووپشکێکی ڕەشکاری زۆر گچکەیە». «گۆشەبڕگە»م نەدۆزییەوە، بەڵام دەشێت ناوێکی باش بێت، چون ئەم مێرووە دەتوانێت گۆشە ببڕێت. «مارەزیو» هەر واتا *هەزارپێ*. «هەزارپا» و «هەزارپێ»ش وەک ئاشکرا دیارە واتە هەزار پێی هەیە و ئەم مێرووە نییە. بۆیە گوێسمێن بە باشترین و ڕاسترین دەزانم. **~ن.م.**

[524] **گەسک**: بە ئینگلی *Calluna* یان *common heather*، ڕووەکێکی کورتەباڵای هەمیشەسەوزە، گوڵی بچووک و ئەرخەوانی دەگرێت، بە چڕی لە دەشتاییدا دەڕوێن». **~ن.م.**

[525] **کێڵگەکانی... دەمشێوێنیت**: ئێرە نموونەیەکی دەقەکەیە کە شەپۆلی هۆشە و بۆری (،) تێدایە. کە لە کۆتاییدا دەڵێت: «تەواو دەمشێوێنیت»، ئەمە بلوومە بیری وتەیەکی مۆڵیی دەکەوێتەوە کە لەو کاتەدا پێی وتووە، چون بەم پاڵکەوتن و دەستبازییەیان قژ و جلەکانی مۆڵی دەشێوێن، ئەویش خەمی ئەوەیەتی. **~ن.م.**

[526] **ولۆڵەبنێشتی**: وشەیەکی لێکدراوە، لە دەقە ماکەکەشدا هەر وشەیەکی لێکدراوە، لە *ولۆڵە* و *بنێشت* پێکهاتووە. **ولۆڵە** بە ئینگلی *jelly*، شتێکی خەستی نەرمە کە هێشتا بە تەواوەتی ڕەق نەبووبێت. **~ن.م.**

[527] **ڤینوس**: (یان: وینوس، وینۆس، ڤینۆس) بە ئینگلی *Venus*، خواژنی خۆشەویستیی ڕۆمییەکان بووە، بە تایبەتی هی خۆشەویستیی ئارەزووبزوێن. پێش ئەوەی ڕۆمییەکان بیکەن بە هاوتای ئەفرۆدیتیی گریکی یەکێک بووە لە ناگرنگترین خوداکانی دینی ڕۆمییەکان. لە بارەی مێژووی پەرستنی ڤینوسەوە ڕاجیایی هەیە، هەندێک نووسەری

دێرین دەڵێن کە ناوی ڤینوس لە دۆسێکانی سەردەمی پاشاکانی ڕۆمدا نەهاتووە، ئەگەرچی لە ٢٣ی نیسان و ١٩ی ئابدا جەژنێک بە ناوی *ڤینالیا* گێڕراوە و گوایە بۆ شکۆی ڤینوس بووە، بەڵام بۆ شکۆی ڤینوس نەبووە و بۆنەیەکی تەواو جیاواز بووە، تەنها لە ڕووی هەڵەلێکدانەوەی ناوەکەوە دراوەتە پاڵ ڤینوس. بەڵام دەرباربازەکان، واتە ئەو خانمانەی پەیوەندیی سەرجێییان لەگەڵ دەوڵەمەند و کاربەدەستان و خەڵکی دەرباردا هەبووە، ٢٣ی نیسانیان وەک پشووی خۆیان بینیوە و لەو ڕۆژەدا لە پەرستگایەکی دەرەوەی شار بە شێوەی تایبەتی خۆیان ڤینوسیان پەرستووە. بەڵام هەندێک نووسەری تر دەڵێن وا دیارە پەرستنەکەی هەر لە زووەوە لە ڕۆمدا چەسپابێت. بەڵام بێگومان سەردەمانی دواتر لە مانگی نیساندا بۆنەی شکۆمەندتر و سەنگینتر بۆ ڤینوس گێڕراوە، لە لایەک لەبەر ئەوەی نیسان سەرەتای بەهارە و وا بینراوە کە لای خواژنی ڤین (ئەوین، ئەڤین، ڤین: ڤینوس) مانگێکی تایبەت و پیرۆزە، لە لایەکی تر لەبەر ئەوەی وردەوردە ئەو باوەڕە چەسپاوە کە ڤینوسی خۆشەویستی مارس لە سەرهەڵدانی ڕەچەڵەکی خەڵکی ڕۆمدا دەستی هەبووە، بە هۆی ئەو ئەفسانەیەشەوە کە ئەینیاسی کردووە بە کوڕی ئانخیسیس و ئەفرۆدیتی (کە بە ڤینوس دەستنیشان کرابوو) پەرستنی ڤینوس زیاتر چەسپاوە و ڕەگی داکوتاوە.

پیرۆزگایەکی ڤینوس لە لاڤینیوم هەبووە و بۆ هەموو لاتیوم کراوە بووە، خەڵکی ئاردیا بۆنەیان تێدا گێڕاوە، بەڵام ناتوانین سەردەمەکەی دیاری بکەین، بەڵام دەتوانین بەم بەڵگانە بیسەلمێنین کە پەرستنی ڤینوس لە سەردەمانێکی زووەوە چەسپاوە: لە *سیرکوس ماکسیموس* (سێرکی گەورەی ڕۆما) پەرستگایەکی بەردینی هەبووە، لای ئەو جێیەی ئەم پەرستگایەوە کە قوربانگای کۆنسوس شاررابووەوە وێنەیەکی ڤینوسی بە ناسناوی *مورتێیا* تێدا بوو، دەوترێت گوایە ئەم ناسناوە هەمان *میرتێیا-یە* (لە *میرتوس*-ەوە هاتووە، بە کوردی: مۆرتک، بڕوانە ١٢: # مۆرتک)، هەروەها بۆ ئاماژەدانیشە بە خولیای ڤینوس بۆ داری مۆرتک، چون گوایە سەردەمانی کۆن لە دامێنی گردی ئاڤێنتینۆدا ڕەزی مۆرتک لە پێش پەرستگاکەیدا هەبووە، بەڵام هەندێک نووسەری دینی ناسناوی *مورسیا*یان لا پەسەندترە، واتە *گەمژە* یان *گەوج*، کە لە *مورکوس*-ی لاتینییەوە هاتووە، واتە ترسنۆک.

ناسناوێکی دێرینی تری ڤینوس *کلواکسینا* بووە، کە لاکتانتیۆس دەڵێت لەو پەیکەرەی ڤینوسەوە هاتووە کە تیتوس تاتیوس (شای سابینی) لە ئاوەڕۆ گەورەکەی نزیک فۆروم دایناوە؛ بەڵام ئەگەر ڤینوس خودایەکی جیهانی ژێرەوە بووایە، ئەوا ئەم چیرۆکە ڕێی تێ دەچوو، بەڵام لەوانەیە ئەم چیرۆکە لەسەر گریمانەیەکی ڕیشەناسییانەی ناوەکە

هەڵبەسترابێت، چون *کلواکا* بە لاتینی واتە ئاوەڕۆ، لە *کلوارێ*، یان *کلوکرێ*-وە هاتووە بە واتای *شوشتن*، یان *پاککردنەوە*. ئەمەش لەو چیرۆکەوە هاتووە کە گوایە دوای جەنگێکی نێوان تیتوس تاتیوس و ڕۆمولوس کە لەسەر لاقەکردنی ژنانی سابینییەوە هەڵگیرساوە، تاتیوس فەرمانی بە ژێردەستەکانی خۆی داوە کە لە بەردەم وێنەکەی ڤینوس کلواکسینادا خۆیان پاک بکەنەوە. ئەم ڕوونکردنەوەیە تەواو لەگەڵ ئەو باوەڕە دێرینەدا یەک دەگرێتەوە کە پێیان وا بووە تیتوس تاتیوس دامەزرێنەری هاوسەرگیری بووە؛ ڤینوس کلواکسیناش خواژنی چاودێر و پاککەرەوەی پەیوەندیی سەرجێیی هاوسەران بووە. ناسناوی سێیەمی ڤینوس *کالڤا*-یە و لە نزیک کاپیتۆلینوس دوو پەرستگای بەم ناسناوەوە هەبووە. هەندێک کەس پێیان وایە ئانکوس مارچیوس (چوارەم شای ڕۆما) یەکێک لەم پەرستگایانەی دروست کردووە، چون ژنەکەی خەریک بووە قژی بڕووتێتەوە؛ هەندێک کەسی تر پێیان وایە مۆنومێنتی کردەیەکی نیشتمانپەروەرانەی ژنانی ڕۆما بووە لە کاتی گەمارۆی گۆلەکاندا، کە لە کاتی ئەم گەمارۆیەدا قژی خۆیان بڕیوە و داویانە بە پیاوان تا بیکەن بە ژێی کەوانەکانیان؛ بەڵام هەندێک کەسی تر پێیان وایە کە ئاماژەن بە ئارەزوو و کەڵکەڵەکانی ئەویندارارن، چون *کالڤێرێ* (کە وا دیارە لەگەڵ *کالڤا*-دا هاوڕیشە بێت) واتە *کرێ/پەیمان*، ڕەنگە مەبەستەکە ئەوە بێت کە ژنان لە ڕۆژی هاوسەرگیرییاندا یان بە ڕاستی، یان بە شێوەیەکی هێمایی گێسووێکیان لە قژی خۆیان بڕیوە و کردوویانە بە قوربانی ڤینوس. لەم ناسناوە کۆنانەی ڤینوسەوە دەتوانین ئەدگار و تایبەتمەندێتیی بەرایی ڤینوس بناسین. دواتر پەرستنەکەی فراوانتریش بووە و هاوتاکردنیشی لەگەڵ ئەفرۆدیتیی گریکدا وای کردووە چەندین ئەدگاری نوێ وەربگرێت. لە سەرەتای دووەم جەنگی پوونیدا ڤینوس *ئێریچینا* (لەوە دەچێت *ئێریچینا* بە واتای *ئێریکس*ی بێت، واتە خەڵکی *ئێریکس*؛ گوایە کۆن بە سیسیلییان وتووە *ئێریکس*؛ ئەگەر وا بێت، کەواتە ڤینوس ئێریچینا بە کوردی دەبێتە ڤینوسی ئێریکسی) لە سیسیلییەوە هێنراوە و لەسەر گردی کاپیتۆلینوس پەرستگایەکی بۆ تەرخان کراوە، دواتریش لە دەرەوەی دەروازەی کۆلین پەرستگایەکی تری بۆ بونیاد نراوە. ساڵی ١١٤ی پێش زایین پاکیزەیەکی ڤێستایی بە هەورەتریشقە مردووە و لاشەکەی بە ڕووتی دۆزراوەتەوە، خەڵک پێی وا بووە ڤینوس لە تۆڵەی گەندەڵبوونی ئاکاری گشتیدا، بە تایبەتی لە نێو پاکیزە ڤێستاییەکاندا، ئەم کارەساتەی نابێتەوە. کە ڕاوێژ بە *پەڕتووکە سیڤیلاییەکان* کراوە، پەڕتووکەکە فەرمانی داوە لە شەقامی سالاریا پەرستگایەک بۆ ڤینوس *ڤێرتیکۆردیا* (دڵگۆڕ: دڵی پیاوان دەگۆڕێت و هەڵیاندەگێڕێتەوە)

دروست بکرێت. فابیوس گورگێس دوای جەنگە سیمنییەکان ڤینوس *ئۆبسیکوینس* (ڤینوسی گوێڕایەڵ) و *پۆستڤۆرتا*-ی (*پۆستڤۆرتا*: ئەوەی چاودێریی لەدایکبوونی سوار[527] دەکات) دامەزراندووە. سکیپیۆ ئافریکانوسی گەنج (١٨٥-١٢٩ پ.ز.) *ڤینوس جێنیتریکس*ی (*جێنیتریکس*: دایک یان زایەر، چون ڤینوس دایکی ئەینیاس بووە) دامەزراندووە. دواتر یولیوس قەیسەر ڤینوس *ڤیکتریکس*-ی (ڤینوسی سەرکەوتوو) دامەزراندووە. لەبەر ئەوەی قەیسەر بنەچەی خۆی بردووەتەوە سەر ئەینیاس و ئەینیاسیش کوڕی ڤینوس بووە، بۆیە برەوی بە پەرستنی ڤینوس داوە. دەشوترێت ڤینوس چاودێریی باخیشی کردووە. (*فەرهەنگێکی نوێی ژیننامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆڕک، ١٨٨٤]، لا. ٩٢٩).

ئەگەر پاشگری -*وس*ی لاتینی لە ڤینوس لێبکەینەوە تەنها *ڤین* دەمێنێتەوە، کە پێم وایە ئەم *ڤین*ە هەمان ڤین-ی کورمانجییە، بە واتای خۆشەویستی. **~ن.م.**

[528] **ڤینوس، یونۆ**: بلووم بە نزیکی لە ڕۆڵی پاریسدا دانراوە کە بڕیار لەسەر جوانیی ڤینوس و یونۆ و مینێرڤا بدات – سێیەمیان باس نەکراوە چون پشتگری ئولیس بووە؟ (بڕوانە ٢: ١٢٦). **~گ.س.**

ڤینوس ناوە ڕۆمییەکەی ئەفرۆدیتی-ی گریکییە؛ یونۆ ناوە ڕۆمییەکەی ئیرا-ی گریکییە؛ مینێرڤا ناوە ڕۆمییەکەی ئەثینا-ی گریکییە.

**یونۆ**: (یان: جونۆ، جوونۆ، یونو، یۆنۆ) بە ئینگلی *Juno*، یەکێکە لە خودا هەرە گەورەکانی ڕۆمییەکان. ڕەنگە وشەی *یونۆ* لەگەڵ وشەی یوپیتەر-دا هاوڕیشە بن، تەنها کۆتاییەکانیان جیان. ڕۆمییەکان هەر لە زووەوە لەگەڵ ئیرای گریکیدا هاوتایان کردووە، کە لە ڕاستیدا زۆر لە یەک دەچن. وا دیارە سەرەتا لە ڤێیی پەرسترابێت و دواتر بە شکۆوە گواستراوەتەوە بۆ ڕۆما و لەسەر گردی ئاڤێنتینۆ پیرۆزگایەکی بۆ تەرخان کراوە.

یونۆ وەک شاژنی ئاسمان بینراوە و ناسناوی *ڕێجینا* (شاژن)ی لێ نراوە، هەر لە زووشەوە لە ژێر ئەو ناسناوەدا لە ڕۆما پەرستراوە. چۆن یوپیتەر پاشای ئاسمان و خوداکانە، یونۆش ئاوها شاژنی ئاسمانە، یان یوپیتەری مێیە، بەڵام بە دەگمەن وا باس کراوە کە وەک یوپیتەر هەورەتریشقە دەهاوێت، بەڵام بە گشتی چۆن یوپیتەر بۆ پیاو بینراوە، ئاوهاش یونۆ بۆ مێ بینراوە. بە پارێزەری هەموو ئەو شتانە دانراوە کە پەیوەندییان بە هاوسەرگیرییەوە هەیە: وەک پارێزەری ڕەگەزی مێ بینراوە، نەک تەنها هەر ئەوە، بەڵکو هەر لە

لەدایکبوونەوە تا مردن هاوەڵیی کۆی ژیانی هەموو خانمێک دەکات، بۆیە ناسناوی *ڤیرجینالیس* (کچانە) و *ماترۆنا* (دایکانە) و ناسناوی گشتیی *ئۆپیجێنا* (مامان) و *سۆسپیتا* (ژنپارێز)ی لێ نراوە. لە ژێر ناسناوی *سۆسپیتا*دا لە لانوڤیوم و ڕۆما پەرستراوە. ژنان لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونیاندا قوربانییان پێشکەشی یونۆ *ناتالیس* (زاینی) کردووە؛ هەر وەک چۆن پیاوان قوربانییان پێشکەشی *جینیوس ناتالیس* (گیانی پارێزەری لەدایکبووان) کردووە. ژنان لە ١ی ئاداری هەموو ساڵێکدا جەژنێکی گەورەیان بە ناوی *ماترۆنالیا*-وە بۆ یادکردنەوەی یونۆ گێڕاوە. لە جەژنی *پۆپولیفوجیا* (کۆڕەوی خەڵک: بۆ خاکی لاتین لە ٩ی تەمووز) و لە ناسناوی *فێبرواریس، فێبرواتا، فێبروتا*، یان *فێبروالیس، فێبرواریوس* (پاکبوونەوە)دا تیلنیشان بە ژنپارێزیی یونۆ بە گشتی و هێزی وێ بۆ بەردارکردنی ژنان دراوە. یونۆش هەر وەک ساتورن پارێزەری سامان بووە و لەسەر گردی کاپیتۆلینوس لەژێر ناوی *مۆنێتا*-دا پەرستگایەکی هەبووە. هەندێک لە ڕۆمییەکان یونۆ مۆنێتایان وەک منیمۆسینی بینیوە، بەڵام وا دیارە ئەم دەستنیشانکردنە لەوەوە هاتبێت کە ویستراوە واتای زیاتر و قووڵتر بە وشەی مۆنێتا بدەن. کاتی شووکردن گرنگترین کاتی ژیانی خانمان بووە، بۆیەش وا دانراوە یونۆ سەرەوکاریی هاوسەرگیری دەکات، بۆیەش پێی وتراوە *یووگا* (بەیەکگەیێن)، یان *یووگالیس* (نیرەکەر: ئەوەی دووان پێکەوە لە نیرە دەدات). چەندین ناسناوی تریشی هەبووە، وەک: *پرۆنووبا* (بەربووک)؛ *چینکسیا* (پشتێنکەرەوە: یونۆ ئەو خانمانەی لا پەسەند بووە کە لە شەوی بووکێنیدا پشتێنیان دەکەنەوە)؛ *لوچینا* (ڕووناکیهێن: ئەوەی ڕووناکی/منداڵ دەهێنێت – ئاوهاش واتە خودای منداڵبوون، چون منداڵ ڕووناکییە)؛ *دۆمیدوکا* (ماڵنما: ئەوەی بەرەو ماڵت دەبات)؛ *ئینتەردوکا* (ڕێبەر، گەشتنما: ئەوەی ڕێبەریی گەشت دەکات)؛ *پرێما* (گوشەر، یان داگر: ئەوەی بووک لە شەوی بووکێنیدا ملکەچ دەکات)؛ *پێرتوندا* (کونکەر: ئەوەی کچێنی لادەبات)؛ *فلوۆنیا* (ڕژێن: ئەوەی ڕژانی خوێنی سووری مانگانەی ژنی بە دەستە و دەتوانێت بیوەستێنێت، ئاوهاش ڕێ بە منداڵبوون دەدات) و زۆر ناسناوی تر. دەوترێت لە بنەچەدا بە مانگی *جوون* (بە ساڵنامەی لاتینی: *June* - حوزەیران) وتراوە مانگی *یونۆنیوس* (یونۆیی)، بە دڵخوازترین مانگی هاوسەرگیری دانراوە. بەڵام یونۆ تەنها چاودێری بەردارییی هاوسەرگیری نەبووە، بەڵکو چاودێری پیرۆزییەکەیشی بووە، ڕقی لە جووتبوونی داوێنپیسانە و ڕێکنەخراو بووە. بۆیەش نوما یاسایەکی داناوە کە بە گوێرەی ئەو یاسایە لەشفرۆشان بۆیان نییە دەست لە قوربانگای یونۆ بدەن، ئەگەر لەشفرۆشێک وای کرد، دەبێت بە

قژێکی شێواوەوە وەرەمایەک (بەرخی مێ) بۆ یونۆ بکاتە قوربانی. ژنان لە کاتی منداڵبووندا داوایان لە *یونۆ لوچینا* (یونۆی ڕووناکیهێن) کردووە بێت بە هانایانەوە، دوای لەدایکبوونی منداڵیش تا حەفتەیەک لەو ماڵەدا مێزێک بۆ یونۆ دانراوە، منداڵی تازەلەدایکبووش لە ژێر پارێزگاریی ویدا بووە، هەر بۆیەش زۆر جار لەگەڵ *ئارتەمیس*، یان *ئیلیثیا*-ی گریکیدا تێکەڵ کراوە. لەبەر ئەوەی یونۆ زۆربەی تایبەتمەندێتییەکانی مێردەکەی هەیە، بە تایبەتی بۆ ڕەگەزی مێ، بۆیە چاودێریی هەموو کارێکی ژنان دەکات بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای دادپەروەری و دڵسۆزی بن، بە تایبەتی کاروباری ناوماڵ، کە زیاتر هی ژنانن، بەڵام کاروباری گشتی و دەرەکی لە دەسەڵاتی ویدا نەبوون، ڕەنگە بتوانین لە ناسناوەکانی *کوریاتیا* (بەڕێوەبەر) و *پۆپولۆنیا* (خەڵکویست)ی یونۆوە ئەمە هەڵبهێنجێنین. لە هەرێمی ئێتروریا لە ژێر ناوی *کوپرا* (واتاکەی زۆر ڕوون نییە، هەندێک پێیان وایە بە واتای *مس* دێت، یان *کیپروس*: قوبروس – دوورگەکەی گریک) پەرستراوە. لە فالێری، لانوڤیوم، ئاریشیا، تیبور، پرەینێستی و شوێنانی تریش پەرستراوە. یونۆی ڕۆمی بەو نوێنەرایەتییانەیەوە کە بە ئێمە گەیشتوون، زۆربەی جار لەگەڵ ئیرا-ی گریکیدا هاوتا دەکرێت. (*فەرهەنگێکی نوێی ژینامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٤١٢). **~ن.م.**

[529] **مۆزەخانەی پەڕتووکخانە**: پەڕتووکخانەی نیشتمانی و مۆزەخانەی نیشتمانی دوو بینای دووانەن کە ڕوویان لە یەکە لە حەسارێکی بەری خۆرهەڵاتی شەقامی کیلدێرن. قاڵبی گەچی چەند پەیکەرێکی بەناوبانگی کلاسیکی لەوێدا دانرابوو، لەوانە: ڤینوسی پراکسیتێلیس {پەیکەرسازێک بووە و پەیکەرە بەناوبانگەکەی ڤینوسی تاشیوە}، کە لە بەر چوونەناوەوەی خڕماڵی مۆزەخانەی نیشتمانیدایە. لەو کاتەوە خاچی کەڵتی خراوەتە شوێنیان و لابراون. **~گ.س.**

[530] **یاریدەری هەرسکردن**: گرنگیی ئەم وتەیە نەزانراوە. **~گ.س.**

[531] **گالاتیا و پیگمالیۆن**: لە ئوستوورەی گریکیدا پیگمالیۆن پەیکەرتاش و پاشای قوبرس بووە، ئەوینداری کارێکی خۆی بووە، کە پەیکەری شەلفەی کچێک بووە (گالاتیا). داوای لە ئەفرۆدیتی کرد و ئەویش هەناسەی ژیانی کرد بە پەیکەرەکەی گالاتیادا. ئەم داگۆڕانە بە هاوسەرگیریی پیگمالیۆن و گالاتیا گەیشت. هەروەها *پیگمالیۆن و گالاتیا* ناونیشانی شانۆنامەیەکی بەناوبانگە (١٨٧١) لە نووسینی سێر ویلیەم ئێس گیڵبێرت، کە تەنزێکی ڕەفتاری ڕۆمانسی-هەستیارییە لە بەرانبەر ئوستوورەکە. گالاتیای گیڵبێرت ئەوەندە بێتاوان

له دایک دەبێت کە لاسار دەردەکەوێت و لەو ماوە کەمەی لە لەشیدا زیندووە، کە کەمترە لە بیست و چوار کاژێر، دەست بدات لە هەر ژیانێکەوە تێکی دەدات (بە هی پیگمالیۆن و خۆیشیەوە). **~گ.س.**

[532] **هەڵقوڕاندنەوەی... ئەمبرۆسیایی**: **نێکتار**: (یان: نیکتار)، بە ئینگلی nectar، بە گوێرەی هۆنەرە دێرینەکان شەراب و خواردنەوەی خوداکانە، ئیڤی (یوڤێنتاس-ی ڕۆمی) یان گانیمیدیس بۆ خوداکانی تێکردووە، ڕەنگی سوور بووە. وەک شەرابی نەپاوەکان پێش خواردنەوە تێکەڵی ئاو کراوە، پۆلیفیمۆس بەو شەرابەی ئۆدیسێفسی وتووە کرێمی نێکتار (*ئاپۆرۆکس نێکتارۆس*). نووسەرانی دواتر هەندێک جار وا لە نێکتار تێگەیشتوون کە هەتوانێکی بۆنخۆشە و ڕێ لە شیبوونەوەی تەنی زیندوو دەگرێت، کە لە ڕاستیدا لای هۆمیرۆسیش ثێتیس بە ئەمبرۆسیا و نێکتار لەشی پاترۆکلۆس چەور دەکات بۆ ئەوەی ڕێ لە شیبوونەوەی لاشەکەی بگرێت. هەندێک لە هۆنەرە دێرینەکان نێکتار وەک خواردنەوە باس ناکەن، بەڵکو وەک خواردنێکی نەمرەکان پەسنی هەڵدەدەن، واتە کردوویانە بە ئەمبرۆسیا و هەر وەک ئەویش سەیری دەکەن.

دەشێت ئەم ڕستەیە بە زیاتر لە شێوەیەک وەربگێڕرێت، لە چاپەکانی پێشوودا بۆرێک هەیە، بەڵام گابڵەر لە چاپە شیکارییەکەی خۆیدا لایبردووە، کە دەشێت واتا بگۆڕێت؛ هەروەها وشەیەکی ناڕوون هەیە، کە زیاتر لە واتایەک دەگەیەنێت، بۆیە بە گوێرەی چاپە کۆنەکان بەم شێوانە وەردەگێڕرێت:

> هەڵقوڕاندنەوەی نێکتار لەسەر خوان لەگەڵ خوداکاندا، قاپی زێڕین، هەمووی ئەمبرۆسیایی.

یان:

> هەڵقوڕاندنەوەی نێکتار لە لەگەڵ خوداکاندا، قاپی زێڕین، هەمووی ئەمبرۆسیایی.

بە گوێرەی چاپەکەی گابڵەر لەوانەیە بە یەکێک لەم دوو شێوەیە وەربگێڕرێت:

> هەڵقوڕاندنەوەی نێکتار لەسەر خوان لەگەڵ خوداکاندا قاپی زێڕین، هەمووی ئەمبرۆسیایی.

یان:

> هەڵقوڕاندنەوەی نێکتار لەسەر خوان لەگەڵ قاپە زێڕینەکانی خوداکاندا، هەمووی ئەمبرۆسیایی. **~ن.م.**

[533] **فراڤینی تانەربایی**: {*فراڤین* نانی نیوەڕۆیە؛ *تانەربایی* واتە بایی تانەرێکە} تانەرێک شەش پنسە. ئەم خواردنە هەرزانە، بەڵام گەرم و تێرکەرە. **~گ.س.**
[534] **ئۆلسۆپ**: بیرەیەکی دڵخوازی خەڵک و هەرزانبەها بوو، ئۆلسۆپ و کوڕەکانی – سنووردار، بە ناونیشانی ٣٥ی باچلەرس ووک دروستیان دەکرد. **~گ.س.**
[535] **نێکتار... دەریدەدەینەوە**: لە *ئۆدیسە*دا «کالیپسۆی ئاسمانی خواردن و خواردنەوەی مرۆی خستە بەردەم، دانیشت، ڕووی کردە ئۆدیسێفس، خزمەتکارەکانی هاتن، ئینجا نێکتار و خۆراکی بەهەشتییان بۆ خۆی هێنا؛ جا هەردووکیان پڕ بە دڵیان تێر نانیان خوارد» (بڕوانە ٤: ١٤١). **~گ.س.**
[536] **خیلۆس**: بە ئینگلی *chyle*: لە فەرهەنگی دەوەنەوە: «شلەیەکی شیرییە، لە دەمارە لیمفاوییەکانی میزنتریدا دەبینرێت لە کاتی مژینی خواردەمەنیدا». وشەکە لە بنەچەدا گریکییە، بە «کیلۆس» خوازراوە، بەڵام دروستترە بە «خیلۆس» بخوازرێت. پێم وایە خیلۆس/خیل-ی گریکی و شل/شلە-ی کوردی هاوڕیشە بن. **~ن.م.**
[537] **خۆراک، خیلۆس... خۆراک**: جۆردانۆ بروونۆ لە پەڕتووکی *هۆ و بنەڕەت و یەکێتی* (١٥٨٤)دا، باس لە دینامیکێتیی «گیانی جیهان» دەکات (بڕوانە ٢: ٤٣) هەروەها باس لە گەشە خێراکەی شێوە مادییە بێکۆتاکەی دەکات: «نابینیت ئەوەی کە چێنراوە دەبێتە لاسک، ئەوەی دەبێتە لاسک دەبێتە دانەوێڵە، ئەوەی دەبێتە دانەوێڵە دەبێتە نان و لە نانیشەوە دەبێتە کیلۆس، کیلۆس دەبێتە خوێن، خوێن دەبێتە تۆو، تۆو دەبێتە ئاوڵەمە، ئینجا مرۆڤ، لەش، زەوی، بەرد، یان شتێکی تر بە دوایدا، ئاوها بەردەوامە، هەموو شێوە سرووشتییەکان دەگرێتەوە؟» **~گ.س.**
**کیلۆس**: بە ئینگلی *chyle*، لە *فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن*ەوە: «شلەیەکی شیرییە، لە دەمارە لیمفاوییەکانی میزنتریدا دەبینرێت لە کاتی مژینی خواردەمەنیدا». **~ن.م.**
[538] **وێ**: مەبەست لە خواژنەکەیە. **~ن.م.**
[539] **تکەتکی... لەوێ بیکات**: ئەم ڕستەیە نموونەیەکی ترە لەو ڕستانەی کە شەپۆلی هۆش و گێڕانەوەی تێدا تێکەڵ بووە. دەشێت وەرگێڕانەکەشی بگۆڕێت، بەڵام زۆر نا، بەم وەرگێڕانەش ڕاستە:

> تکەتکی پەیامێکی بێدەنگ لە میزەڵدانیەوە هات بۆ ئەوەی بڕوات بیکەم نەیکەم لەوێ بیکەم.

جۆیس پێشتر شتێکی وەک ئەمەی لە سەرەتای ڕستەکەدا نووسیوە: نامەیەکی بێدەنگی دڵۆپەکەر لە میزەڵدانیەوە هات. **~ن.م.**

540 **وەک پیاو... ڕۆیشت**: دێڕی ٦ و ٧ی هۆنراوەی *ئولیسی* تێنیسن (١٨٤٢)مان بە بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێت: «ناتوانم لە گەشت پشوو بدەم، ژیان تا دوادڵۆپ هەڵدەقوڕێنم». بەراوردی بکە بە دێڕەکانی سەرەتای *ئۆدیسە*، کە ئێس ئێچ بوتچەر و ئەی لانگ وەریانگێڕاوە {بۆ ئینگلی} (لەندەن، ١٨٧٩): «ئەی موس، چیرۆکی ئەو پیاوەم پێ بڵێ کە لە کاتی پێویستیدا هێندە گورج بوو، کە وێڵی دووران بوو». **~گ.س.**

541 **پیاوانە بەئاگا**: شێکسپیر لە *ڤینوس و ئادۆنیس* (١٥٩٣)دا هەوڵەکانی ڤینوس وەک هی نێر باس دەکات بۆ ئادۆنیسی گەنج: «{ڤینوس} وەک خوازبێنیکەرێکی ڕووقایم کەوتە سازکردنی وی {ئادۆنیس}.» (دێڕی ٦)، هەروەها «وێ بەرەو دوا ویی ڕاکێشا، وەک بیەوێت کوتی پێوە بدرێت» {واتە ڤینوس بەرەو دوا ئادۆنیس ڕادەکێشێت، وەک ڤینوس بیەوێت بپەڕێت و ئەویش پەلاماری بدات} (دێڕی ٤١). **~گ.س.**

542 **گەنجێک چێژی لێ بینی**: ئەگەر بلووم بیر لە *ڤینوس و ئادۆنیس* دەکاتەوە، ئەوا هەڵەیە، چون ئادۆنیس «چێژ» لە ڤینوس نابینێت؛ تەوەری سەرەکیی هۆنراوەکەی شێکسپیر ئەوەیە کە ڤینوس ناتوانێت بەسەر کۆڵنەدانی «ساڵانی نابالْقی»ی ئادۆنیسدا زاڵ ببێت (دێڕی ٥٢٤). **~گ.س.**

543 **وەک پیاو... حەوشە**: ئەوەی بە «بۆ حەوشە» وەرمگێڕاوە، کە من و هەموو ئەو وەرگێڕانەی ڕەچاوم کردوون پێمان وایە شەپۆلی هۆشی بلوومە و بیر لە ئاودەستەکە دەکاتەوە کە لە حەوشەیە، بەڵام تەنها لای وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە بە واتایەکی تر لێکدراوەتەوە، ئەو بە: «jusqu'à la garde» وەریگێڕاوە، بە واتای تا ئەوپەڕ، واتە گەنجێک تا ئەوپەڕ چێژی لێ (لە ڤینوس) بینیوە. **~ن.م.**

ئەم ڕستەیەش نموونەیەکی ترە لە تێکەڵبوونی گێڕەرەوە و شەپۆلی هۆش. ئەوەی لێی تێدەگەم ئەوەیە کە بلووم بە گشتی بیر لە خواژنە گریکی و ڕۆمییەکان دەکاتەوە کە هەندێک جار لەگەڵ مرۆڤیشدا جووت بوون، بۆ نموونە ڤینوس (ئەفرۆدیتی)، ئەگەرچی بە ژنی ئیفێستۆس (ڤولکان-ی ڕۆمی) دانراوە، بەڵام لە مرۆڤەکانیشدا ئادۆنیس و ئانخیسیس-ی باوکی ئەینیاس-ی خۆش ویستووە، ئەینیاس کوڕی هەردووکیان بووە. **~ن.م.**

544 **پرسەی هەیە**: بە ئینگلی ئەگەر بڵێیت یەکێک پرسەی هەیە دەڵێیت: *in mourning*، بەڵام بە *شیوەن* یان *ماتەم* دەوترێت *mourning*. وەک دەمێکە ڕوونە، بلووم جلی پرسەی

لە بەردایە و دەیقی بەیرنیش سەرنجی ئەوەی داوە، بەڵام فلینە لووتە تێناگات و وا دەزانێت مەبەستی لەوەیە بلووم کێشە و خەمی گەورەی هەیە. لە وەرگێڕانەکەدا ئەم تێنەگەیشتنە کەمێک ون دەبێت، بۆیە ئەم ڕاڤەیەم نووسی. **~ن.م.**

545 **کارگەی... هێنری**: وێژەی خەیاڵکرد بەڕێوەبەری بەشگەی بەرهەمی کێڵگەی ئایریی بە ناونیشانی ٢١ی شەقامی هێنری لە خاتوو نۆلان-ەوە گۆڕیوە بۆ خاتوو جەی دەبلیو پاوەر. ئادامس (لا. ٦٨) دەڵێت کە نۆلان (کە دواتر لە *ئولیس*دا دەردەکەوێت) ڕۆژنامەنووسێک بووە «لە ژیانی ڕاستیدا ناوی پاوەر» بووە. **~گ.س.**

546 **خۆراکی... فراوانە**: ئاماژەکە بۆ *ئەوی* مێیە، فلینە لووتە مەبەستی لە ژنەکەی بلوومە. ئەوەی بە «سنگی فراوانە» وەرمگێڕاوە لە دەقەکەدا شتێکی ترە و دەڵێت: «ڕاوڕاوێلکەی سەر سەمموونە» کە لە ڕاستیدا دەربڕینێکی بازاڕییە و واتای ڕاستەوخۆ نادات، بەڵکو «ڕاوڕاوێلکە»، ئەگەرچی ناوی باڵندەیەکە، بەڵام گیفرد دەڵێت بە واتای «مەمکی پڕی سەرنجڕاکێش» دێت. لە *فەرهەنگی پاتریدج*دا دەڵێت بە واتای: «ژنێکی بەرهەڵدا» دێت. **ڕاوڕاوێلکە**: بە ئینگلی *Plover*، تۆڕی کۆمەڵێک باڵندەن. لە *فەرهەنگی باڵندە*دا بەم شێوەیە پێناسە کراون: «لە تەنکاوان دەبن. دندووکیان تیژە. توند دەفڕن. پێڕۆن. کاتی چینە سەر و کلکیان زوو زوو دەجووڵێننەوە. زۆربەیان کۆچەرین و بە پۆل دەگەڕێن. نێرە و مێیەیان یەک ڕەنگە. لەسەر عەرز لە ڕووتەن هێلانە سازدەکەن. جووجکەیان هەر کە لە هێلکە هاتنەدەر دەتوانن هێلانە بەجێ بێڵن. دانەوێڵە و گیانلەبەری ورد دەخۆن.» **~ن.م.**

547 **با لەوە دڵنیا بیت**: جۆیس پێشتر نووسیویە: «ئەوە لە منی وەربگرە»، دواتر گۆڕیویە بە ڕستەیەک کە ئیدیۆمێکی تێکدراوە، ئیدیۆمەکە دەڵێت: «بەیکن بۆ ماڵەوە دەباتەوە»، واتە خواردن بۆ ماڵەوە دابین دەکات. بەڵام فلینە لووتە بە واتای وشە دەڵێت: «دەتوانیت بەوە بەیکن بۆ ماڵەوە ببەیتەوە»، واتە: بلووم فلسێک بە پارەی ڕیکلام پەیدا ناکات (بەڵکو لە جێیەکی ترەوە پارە پەیدا دەکات)، ئەگەر لەسەر پارە گرەو لەسەر ئەمە بکەیت، ئەوا دڵنیا بە پارەکە دەبەیتەوە و دەتوانیت نانی ماڵەوەتی پێ دابین بکەیت. بەهەرحاڵ، ئەم ڕستەیە لە وەرگێڕانەکاندا جیاواز وەرگێڕراوە، بۆ نموونە کاک کاوە نەمر بە «ئەز برایێ تەمە» وەریگێڕاوە، وەک چۆن لە زمانی بازاڕیدا دەوترێت: «کوڕە براتم!». **~ن.م.**

548 **لە نێو پیشەکەدایە**: «پیشەکە» واتە ماسۆنی. وەک تیلنیشانێک بە نەریتی بۆماوەیی کۆمەڵەی پیشەگەران وای پێ دەوترێت؛ ئامانجی ڕاستەوخۆی ماسۆنییەکان دروستکردنی

پەرستگایەکی بێخەوشی گیانی بووە لە نێو دڵی تاکەکان و ئەو کەسانەی برایەتیی مرۆڤیان لە جیهانێکی باشتر و جوانتردا دەوێت. بلووم لە ڕاستیدا ماسۆنی بووە. **~گ.س.**

549 **ڕێکخستنە دێرین... بە خوا:** فلین دەستەواژەیەک لە سرووتێکی ماسۆنییەکان دووبارە دەکاتەوە، ئەم کۆمەڵەیە خۆیان وەک جێبەجێکاری «سرووتی پەسەند و دێرین» دادەنا کە «پیاوانی ئازاد وەردەگیرێن» بۆ ناوی. سێ هێمای ڕووناکی پەرستگای ماسۆنییەکان داگیر دەکات: پەڕتووکی یاسا پیرۆزەکە (*کتێبی پیرۆز*)، هێمای ڕووناکییە لە سەرەوە؛ چوارگۆشەکە، هێمای ڕووناکیی ناخی مرۆڤ؛ هەروەها جەمسەرنماکە، هێمای برایەتییە، ڕووناکیی دەوری مرۆڤ. سرووتی ماسۆنییەکان وەک ئەوەی لە *ئەرکە دێرینەکان*دا (١٧٢٣) ئاماژەی پێ دراوە، داوا لە وابەستەیی دەکات بۆ دروستکردنی «پەرستگای ئەوینی مرۆڤ، کە بناغەکەی دانایی و هێز و جوانییە». کە فلین دەڵێت «بە خودا» زیادکراوە ئایرییەکەی خۆیەتی: دەستووری ماسۆنی لە بەرگەگرتن لە ژێر «ئەندازیارە مەزنەکەی گەردوون» دەردەبڕێت. **~گ.س.**

550 **پارمەتیشی دەدەن:** گومانێکی خەڵکان بوو کە ماسۆنییەکان ئەندامەکانی ڕێکخستنەکەی خۆیان ئێجگار زۆر سەردەخەن، تەنانەت تا ئاستێک کە پارەیان دەدەنێ. ڕێکخستنەکە پابەندە بە یارمەتی و پاڵپشتیی ئەندامەکانی و خێزانەکانیان لە کاتی نەخۆشی و لێقەومانی تاکەکەسیدا، بەڵام *ئەرکە دێرینەکان* زۆر ڕوونە لەسەر جۆرێتیی سەرخستن: «هەموو سەرخستنێکی نێو ماسۆنییەکان لەسەر بەهای ڕاستینە و لێهاتوویی کەسێتییەکان وەستاوە». **~گ.س.**

551 **بەڵام... داخراون:** دەربڕینێکی تری گومانێکی باوە لە ماسۆنییەکان، کە تەنها سرووشتی تایبەتێتیی ڕێکخستنەکە دەرناخات، بەڵکو ئەو گریمانەیەش دەردەخات کە ڕێکخستنەکە «نهێنی»یەکی قووڵ و پیلانگێڕانەی هەیە. بە گوێرەی پەیڕەوی خۆی، ڕێکخستنەکە کراوە بوو بۆ هەر کەسێک کە تەمەنی لانیکەم بیست و یەک ساڵ بێت و لەشێکی «تەواوی گەنج»ی هەبێت؛ هیچ کەسێک وەک ئەندام وەرنەدەگیرا ئەگەر «بێخودایەکی گەمژە بێت یان بێدینی ناپابەند بە دین بێت». **~گ.س.**

552 **ژنێک هەبوو... دونئەریەل:** چەند مێژوویکی (ئاوارتەی) ژنان هەن کە کراون بە ئەندامی کوختەی ماسۆنییەکان. ئەوەی فلین باسی دەکات لە ڕووی نەریتییەوە بە تەنها دانە دانانرێت، بەڵکو وەک یەکەم دانە دادەنرێت. ئەو کەسەش ئەلیزابێث ئالدوۆرث (١٧٧٣ مردووە) بوو، تاکە کچی ئارثەر سانت لێژێ بوو، کە یەکەم ڤیسکۆنتی دونئەریەل

بوو. وا دانراوە (لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا) کە بووە بە بینەری کۆبوونەوەیەکی ماسۆنییەکان لە ماڵی باوکیدا، بۆ پاراستنی نهێنییێتیی کۆمەڵەکە کراوە بە ئەندام. وێنەیەکی ئەو بە بەرەڵبێنەی ماسۆنییەوە هەیە، کە پەنجەیەکی لەسەر دەقێکی یاسا پیرۆزەکەیە (*کتێبی پیرۆز*) لە پەڕتووکی *ماسۆنییەکانی* یوجین لێنهۆف (نیو یۆرک، ١٩٣٤)، لا. ٣٣٦ دروست کراوەتەوە. سێ پلەی هێمایی لای ماسۆنییەکان هەیە: شاگردی تازەهاتوو، هاوپیشە، لەگەڵ ماسۆنیی مامۆستا؛ ئەمەیان بەرزترین پلەیە و وەک ڕوون دیارە، زیادەڕەوی و زیادەی فلین خۆیەتی بۆ ئەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە. **~گ.س.**
ئەلیزابێث ئالدوۆرث ساڵی ١٦٩٥ لە دایک بووە، تاکە کچی ئارثەر سانت لێجێر بووە، کە یەکەم بارۆنی کیلمەیدن و ڤیسکۆنتی دونئەریەل بووە، دایکی ناوی ئەلیزابێث هاییس بووە، کچ و میراتگری جۆن هاییس-ی وینچیلسی بووە. ئەلیزابێث ئالدوۆرث بە یەکەم خانمی ماسۆنی دادەنرێت. ڕۆژی دیاریکراوی بوون بە ماسۆنیی وێ نەزانراوە، بەڵام بەوەی کە ڕۆژی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەی ساڵی ١٧١٣ دانراوە، کەواتە دەبێت لە نێوان ١٧١٠ تا ١٧١٣دا لە دۆنەریل کۆرت لە کاونتیی کۆرک ڕووی دابێت، کە لەوێ لەگەڵ باوکیدا ژیاوە. چیرۆکەکە بەم جۆرەیە: ئەلیزابێث لە ژووری پەڕتووکخانەکە خوێندوویەتیەوە و لەوێ خەوی لێ کەوتووە، پاشان بە دەنگی خەڵکی ژوورەکەی تەنیشتی ڕابووە، تاکە ڕێی دەرچوونیش لە پەڕتووکخانەکە ئەوە بووە بە نێو ئەو ژوورەدا بڕوات کە بۆ کۆبوونەوەی ماسۆنییەکان بە کار هاتووە. لەو کاتەدا بەشێک لەو دیوارەی دوو ژوورەکەی دابەش کردووە خەریک بووە لابرێت بۆ ئەوەی بکرێت بە تاق، ئەلیزابێث لە پشت ئەو خشتانەی بۆ جیاکردنەوەی ژوورەکان دانراون سەیری کۆبوونەوەکەیانی کردووە، لەو بارەشدا تەنها یەک کار هەبووە بکرێت، ئەویش ئەوە بووە بە نێو ئەو بۆنەیەدا تێبپەڕێت کە وا لەوکاتەوە چاودێریی دەکرد. خاتوو ئالدوۆرث ساڵی ١٧٧٥ کۆچی دوایی کرد و لە تاقی دەیڤیس لە ژێر کاتیدرایی سانت فینبار لە کاونتیی کۆرک نێژرا. کە کاتیدرایی نوێی سانت فینبار لە سەدەی نۆزدەدا دروست کرایەوە، کە تا ئێستاش ماوە، پاشماوەکەی گواسترایەوە بۆ قاتی ژوورە بچکۆلەکەی لە گرەیت تاوەر-دا بوو. پەیکەرێکی مسی بۆ کراوە و هەر لە کاتیدراییەکە دانراوە. **~ڤ.ئ.**

[553] **هەرگیز... سپی**: ڕەش خستنە سەر سپی دەربڕینێکی ئینگلیییە بە واتای نووسین دێت. کە فلین دەڵێت بلووم ڕەش ناخاتە سەر سپی، واتە هەرگیز هیچ گرێبەستێک واژۆ ناکات و خۆی پابەندی کەس ناکات. **~ن.م.**

ئەمە دوو بەدگومانی پێکەوە دەلکێنێت، لە لایەک نهێنییەکەی بلووم وەک ئەندامێکی ماسۆنییەکان؛ لە لایەکی تر بلووم وەک جوو (لەسەر ئەو گریمانەیەی کە هەموو جووەکان ڕقیان لە سوێندخواردنە لە واژۆکردنی گرێبەستدا). **~گ.س.**

[554] **پادی لیۆنارد**: (بڕوانە ٦: ٤٧). **~ن.م.**

[555] **بانتەم لایەنس**: (بڕوانە ٥: ٦١). **~ن.م.**

[556] **تۆم ڕۆچفۆرد**: کەسێتییەکە لە جێی تری *ئولیس*دا دەردەکەوێت. لە ژیانی ڕاستینەدا لە ناونیشانی ٢ی هاوث ڤیو لە ساندیماونت ژیاوە، لە ٦ی ئایاری ١٩٠٥دا لە هەوڵێکی ڕزگارکردنی کرێکارێکی پاککردنەوەدا بەشدار بووە، کە (لە زێرابێکی سەر سووچی شەقامی هاوکینز و لەنگەرگای بەرە، نزیک سکۆچ هاوس) بەر گازی زێراب کەوتووە. ڕۆچفۆرد لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە لە نێو ڕۆژنامەکاندا هەم وەک «تۆمارەوانی کارەکان» و هەم وەکو «ئەندازیار»یش باس کراوە، کە پێشتر فەرمانبەری شارەوانیی دەبلن بووە. ڕۆچفۆرد لە ڕزگارکردنەکەی دونیای ڕاستینەدا سێیەم کەس بوو لە دوازدە پیاو کە لە زێرابەکەدا هەر دوازدەیان گاز لێی دابوون و لە هۆش خۆیان چووبوون و ڕاکێشرانە دەرەوە – دووانیان مردن. ڕۆچفۆرد ژیا، بەڵام چاوی، لانیکەم بە شێوەیەکی کاتی، بە گازەکە بریندار بوو. جۆیس لە ڕیشەوە چیرۆکەکەی گۆڕیوە بۆ ئەوەی لە *ئولیس*دا دایبنێت. بڕوانە ئادامس (لا. ٩٢-٩٤). **~گ.س.**

تۆماس ڕۆچفۆرد ساڵی ١٨٥٧ لە دەبلن لە دایک بووە، دواتر لە ٢ی هاوث ڤیو لە ساندیماونت ژیاوە. هاوث ڤیو سێ ماڵی لێ بووە، ئەوبەر شەقامی ساندیماونت بووە. دواتر بە «ڕۆچفۆردی لەنگەرگا» ناوی دەرکردووە، چون لە کارەساتی دڵتەزێنی زێرابەکەی لەنگەرگای بەرەدا بووە، کە لەسەر سووچی شەقامی هاوکینز و لەنگەرگای بەرە نزیک سکۆچ هاوس (ئێستا ڕووخێنراوە و نەماوە) لە ڕۆژی شەممەی ٦ی ئایاری ١٩٠٥دا ڕووی داوە. پۆلیسێک بە ناوی پاتریک شیهان لە کاتی فەرماندا بووە، سەرنجی مەنهۆڵێکی لەنگەرگای بەرە-ی داوە، گومانی بردووە کێشەیەک لە ژێرەوە هەبێت، بۆیە بە پەیژە ئاسنەکەدا دابەزیوە، دیویەتی کە کرێکاری زێرابەکە بە گازی زێرابەکە لە هۆش خۆی چووە، هاوکارێکیشی کە چووە بە دەنگیەوە، ئەویش گاز لێی داوە. پێش ئەوەی شیهان هیچ بکات، گازەکە لەویشی داوە و لە هۆش خۆی چووە. پاشان تۆم ڕۆچفۆرد بە گوریسێکەوە دابەزیوە و لە سێ کەسەکەی تری بەستووە، پاشان خۆیشی لە هۆش خۆی چووە. پاشان هەموویان ڕاکێشراونەتەوە دەرەوە، دووانیان مردن، کە یەکێکیان شیهان

بووە. ڕۆچفۆرد لە چەند ناونیشانێکی دەبلن ژیاوە، لەوانە: ١٩ی لەنگەرگای ویلینگتن، ٢٢ی شەقامی ئێسێکسی ڕۆژهەڵات، کە لەوێ سەرپەرشتیی چەندین داهێنانی کردووە، لەوانە «دیاریکەری پڕۆگرام» بۆ شانۆگا و هۆڵی موزیکەکان. ٢٤ی شەقامی پەرلەمان دوایین ناونیشانی بووە. لە ٢١ی شوباتی ١٩٣٤دا مردووە، چەندین ساڵ بەر لە مردنی بە پلەی یاریدەری ئەندازیاری ئاوەڕۆی شارەوانیی دەبلن خانەنشین بووە. لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

557 **وێر دەکات**: ئەمە و وەڵامەکەی فلینە لووتەم گۆڕیوە و وەک دەقە ماکەکە نییە. لە دەقە ماکەکەدا شتێکی تر دەڵێت کە ئەمەیە: بە دەربڕینێکی نافەرمیی ئینگلی، بە وێر دەوترێت: *ستاند* *stand*، کە بە فەرمی واتە *وەستان بە پێوە*. واتە لە دەقە ماکەکەدا بە نافەرمی دەپرسێت: «کێ وێر دەکات؟»، بەڵام بە *ستاند* دەیلێت، کە بە واتای: «کێ بە پێوەیە؟»ش لێکدەدرێتەوە. فلینە لووتە دەڵێت: «من دانیشتووم»، بەڵام من کردوومە بە «من وێرانم». **~ن.م.**

558 **زەنجەفیلێکی گڵین**: خواردنەوەیەکی ئایریی ناکحولی بوو وەک خواردنەوەیەکی پارێزکارانە دادەنرا. **~گ.س.**

بیرەی زەنجەفیل لە نێو بوتڵی گڵیندا هەڵدەگیرا {بۆیە پێی دەوترا گڵین}. **~س.ت.م.١**

559 **ئاوەڕۆی سەرەکی چۆنە**: چەند ئاماژەیەک پێکەوە گرێ دەدات: لە لایەک ئاماژەیە بە بەدەهەرسیی ڕۆچفۆرد {لە ئاوەڕۆی لەشی} و کارەکانی لە نێو زێرابەکان، هەروەها تیلنیشانە بە پڕۆژەی دانانی کۆسوورێکی زێرابی ڕێکوپێک لە دەبلندا، کە زۆر دوا کەوت و مشتومڕی زۆری هەڵگرت. ئەرکەکانی کۆمیتەی ئاوەڕۆی سەرەکی لە ژێر کۆمیتەی چاکسازییەکانی دوایی ١٩٠٣دا نوقم بوو (وا دیارە بە هۆی ئەوەی کە جێبەجێکارییەکانی کۆمیتە تایبەتەکە لە سەروو بەدگومانییەوە نەبوو). دواجار لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٠٦دا کرێکارەکانی ئاوەڕۆی سەرەکیی دەبلن کەوتنەوە کار (بڕوانە ٨: ٤٤). **~گ.س.**

560 **ویسکیی... دەخۆنەوە**: ویسکی وەک پاکژکەری سەر برین بە کار دەهێنرا. **~گ.س.**

561 **ئەسپێکی... لە ژێر سەردایە**: جۆیس پێشتر نووسیویە پادی لیۆنارد لە بارەی لایەنسەوە دەیلێت، بەڵام دواتر لایبردووە. **~ن.م.**

562 **سووسەیەکی مسۆگەرە**: سووسە: بە ئینگلی *tip*، زانیارییەکی نهێنییە کە بڵاو نەبووەتەوە، لە بواری سیخوڕی و کێبڕکێدا هەواڵێکە و بە نهێنی ڕادەگەیەنرێت. لە دەقە

ماکەکەدا دەڵێت *snip*، کە سام سلەوت دەڵێت بە واتای *سووسەیەکی باش* *a good tip* دێت. **~ن.م.**

563 **جەیمسن**: ویسکییەکی ئایریی بەناوبانگە، جۆن جەیمسن و کوڕەکانی لە دەبلن دەیدڵۆپێنن. **~گ.س.**

564 **شەقامی داوسن**: بەرانبەر کۆتایی شەقامی دوک بە باکوور و باشووری دەبلندا دەڕوات؛ بلووم بەرەو باشوور پێچ دەکاتەوە، ئینجا بەرەو خۆرهەڵات بۆ شەقامی مەولسوۆرث دەڕوات. **~گ.س.**

565 **دەبێت شتێکی... دەتوانیت**: **شەوقاوێژ**: بە ئینگلی *searchlight*، ڕووناکییەکی بەهێزە کە لە دوورەوە شوێنان ڕووناک دەکاتەوە و بە هەموو ئاراستەیەکدا دەجووڵێنرێت. وشەکەم لە *فەرهەنگی وەهبی و ئەدمۆندز*ەوە هێناوە. **~ن.م.**
دوو دێڕی کێشاوییە، چون دووبارە دەچینەوە نێو بیرەکانی بلوومەوە کە لە گەرمەی بیرکردنەوەدان. ڤیلهێلم کۆنراد ڤۆن ڕۆنتگن (١٨٤٥-١٩٢٣) ساڵی ١٨٩٥ تیشکی ڕۆنتگن، یان تیشکی ئێکسی دۆزییەوە. ئەم دۆزینەوەیە بە پەرۆشییەکی بەربڵاو و زارەکییانە بڵاو بووەوە. تیشکی ئێکس لە سەرەتادا بە ئامێرانێک بەرهەم دەهات کە وزەی کەمی دەویست، بۆیە نە مەترسیی ڕاستەوخۆی سووتان و نە مەترسیی درێژ-مەودای ڕادیۆئاکتیڤیتی دەرک نەکرابوون. لە بواری ددانسازیدا هەر لە سەرەتاوە تیشکی ئێکس کردارەکییانە بە کار هات، بەڵام گێڕانەوەی باوی نێو ڕۆژنامەکان ئێجگار زیادەڕەوی لە توانای بەکارهێنانی تیشکەکەدا دەکرد بۆ پێوەنانی توانای چارەی تیشکیی تیشکی ئێکس (وەک دیاریکردنی شوێنی کلۆریی ددان)، هەر وەک چۆن بلووم پێی وایە کە دەکرێت تیشکی ئێکس بۆ شوێنکەوتنی ڕەوتی «شتێکی سەوز» بە نێو ڕێڕەوی هەرسکردندا بە کار بهێنرێت. **~گ.س.**

566 **کۆڵانی دوک**: لە نێو مەیخانەکەی دەیڤی بەیرن و شەقامی داوسندا شەقامی دوک دەبڕێت. **~گ.س.**

567 **خرتکە**: بە ئینگلی *knuckle*: جومگەی دەست و پێی گیاندارە بە گۆشتی دەوروپشتیەوە، کە شلە و شۆربای پێ لێدەنرێت. **~ن.م.**

568 **سەنگچن**: بە ئینگلی *cobblestone*: زەوییەکە، یان دیوارێکە بە بەرد تاو کرابێت. لێرەدا زەوییەکەیە کە بە بەرد تاو کراوە. **~ن.م.**

[569] **شەویلگەی... دەجوولێنن:** پلارەکەی ئۆلیڤەر گۆڵدسمیث (١٧٢٨-١٧٧٤) لە «کۆمەڵگا»مان بە بیر دەهێنێتەوە کە: هەمووان بە شەویلگەی خوارەوە دەجوون (وەک چۆن کاوێژکاران وا دەکەن)، بەڵام ئەو بە تەنیا بە شەویلگەی سەرەوە دەجووێت. **~گ.س.**
[570] **ئەو داهێنانەی خۆی:** (بڕوانە ١٠: #). **~گ.س.**
[571] **دۆن... مینڤیتاستی:** دێڕەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «ئێ سۆن ڤێنوتۆ!»، ئیتالییە، واتە: «دۆن جیۆڤانی، بۆ شێوخواردن بانگهێشتت کردم و منیش هاتم» پەردەی دووەم، دیمەنی سێیەمی ئۆپێرای *دۆن جیۆڤانی*ی مۆتسارتە کە لە گۆڕستانێکدایە و بە مانگەشەو ڕووناک کراوەتەوە، کە دۆن جیۆڤانی گاڵتە بە پەیکەری دوژمنە مردووەکەی دەکات، ئیل کۆمێنداتۆرێ (فەرماندەکە) بەوەی بانگهێشتی دەکات بۆ نانی شێو. لە دیمەنی پێنجەمدا (دوایین دیمەنی ئۆپێراکە) پەیکەرەکە دێتە ژوورەوە، ئەو دێڕە دەبێژێت کە لێرە ئاماژەی پێ درا، بۆ ئەوەی بە دۆن جیۆڤانی بڵێت کە دەبێت پاشگەز ببێتەوە، چون دوایین ساتەکانی ژیانی وا خەریکە دێت. دۆن جیۆڤانی پاشگەزبوونەوە ڕەت دەکاتەوە و دەکەوێتە نێو ئاگری دۆزەخ. **~گ.س.**
[572] **کێ یەکەم جار دڵۆپاندوویەتی:** تەنانەت ئەریستۆتێلیس و هاوچەرخەکانیشی ئەم پرۆسەیەیان زانیوە و لە سەدەی یەکەمی زایینییەوە زۆر و کەم هەر بە هەمان شێوەی ئێستا ئەنجام دراوە. **~گ.س.**
[573] **کەسێکی خەمبار:** واتە کەسێک لە دۆخی خەمۆکیدا، یان کەسێک کە بەلاڕێدا چووە. **~گ.س.**
[574] **ئازایەتیی هۆڵاندی:** واتە ئازایەتییەک کە لە ئەنجامی خواردنەوەی مەیەوە پەیدا دەبێت. **~گ.س.**
[575] **کیلکەنی پیپل:** (بڕوانە ٧: ٤٤٨). **~ن.م.**
[576] **ویلیەم میلەری بۆریچی:** و قۆنتەراتچیی پاکسازی بە ناونیشانی ١٧ی شەقامی دوک. **~گ.س.**
[577] **گەشتی... بۆری:** لە چاپەکانی پێشتری *ئولیس*دا ئەم ڕستەیە (ئەگەر ناوی بنێین ڕستە) بە بۆر جیا کراوەتەوە، بەڵام گابڵەر بۆرەکانی لابردووە، تەنانەت ئاماژەشی بەوە نەداوە کە لە چاپەکانی پێشووتردا بۆر هەبوون. ئەم ڕستەیە جگە لەوەی شەپۆلی هۆشی بلوومە، پێم وایە نموونەیەکی ترە لەو ڕستانەی شێواویی واتاکە بەسەر زمانەکەشدا جێبەجێ

دەکات (بڕوانە ٨: ٥٢٠). لە چاپەکانی پێشووتردا، بۆ نموونە ئەوەی ساڵی ١٩٢٢ و ئەوەی ساڵی ١٩٣٩، بۆرەکان بەم شێوەیەن:

گەشتی نێو لەش، کەناڵی زراوی دەگۆڕێت، سپڵ جگەری فیچقەکردوو، پێچی ڕیخۆڵە وەک بۆری.

نەبوونی بۆر و ناڕێکیی ڕستەکە وا دەکات وەرگێڕانەکەی ئاسان نەبێت، بۆیە ڕەنگە بەم وەرگێڕانەش ڕاست بێت:

گەشتی نێو لەش، کەناڵی زراوی و سپڵ دەگۆڕێت، جگەری فیچقەکردوو، پێچی ڕیخۆڵە وەک بۆری.

یان:

گەشتی نێو لەش، کەناڵی زراوی دەگۆڕێت، سپڵ [و] جگەری فیچقەکردوو، پێچی ڕیخۆڵە وەک بۆری.

واتە دەرزییەکە گەشتێک بە نێو لەشدا دەکات و دەبێتە هۆی هەموو ئەوانە. **~ن.م.**

[578] **ئەو تێکۆیە واتای چییە**: ئیتالییە، واتە «لەگەڵ تۆ». **~گ.س.**

[579] **ئەگەر... وەربگرم**: واتە ئەگەر بلووم پرێسکۆت دابکەفێنێت بە نوێکردنەوەی ئەو ڕیکلامەی کە پێشتر دەرکەوتووە (بڕوانە ٥: ٢٢٩). **~گ.س.**

[580] **نزیکەی پێنج گینی**: پێنج گینی و سێ شڵنگ دەکات (بڕوانە ١: ٢٧):

| | |
|---|---|
| ڕیکلامەکەی ک(لیل)یز: | **دوو پاوەن و هەشت شڵنگ؛** |
| قەرزی بلووم لای جۆ هاینس: | **سێ شڵنگ؛** |
| دەکاتە: | **دوو پاوەن و یازدە شڵنگ.** |
| ڕیکلامی خومخانەکە (ئەگەر): | **دوو پاوەن و پازدە شڵنگ.** |
| کۆی هەمووی: | **چوار پاوەن و بیست و شەش شڵنگ.** |

لەبەر ئەوەی ٢٠ شڵنگ پاوەنێکە، کەواتە دەکاتە **پێنج پاوەن و شەش شڵنگ.**

لەبەر ئەوەی گینییەک پاوەنێک و شڵنگێکە، کەواتە دەکاتە **پێنج گینی و سێ شڵنگ**. **~ن.م.**

[581] **برایتن، مارگەیت**: برایتن لە سەسێکس-ە، لە ئینگلتەرا لە کەنداوی ئینگلی، وەک «شاژنی هەوارگەی کەناراوەکان» ڕیکلامی بۆ دەکرا. مارگەیت لە دوورگەی تانێت-ە لە کێنت لە ئینگلتەرا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ڕکابەری سەرەکیی برایتن بوو. **~گ.س.**

[582] **دەنگی... سوارڤا دەبێت**: وێ مۆڵییە. **~ن.م.**

[583] **ئەو جوانی سەر کەنارانە**: (بڕوانە ٤: ١١٠). **~گ.س.**
[584] **جۆن لۆنگ**: مەیخانەیەک بوو بە ناونیشانی ٥٢ی شەقامی داوسن (لەسەر سووچی شەقامی دوک)؛ پی جەی لۆنگ، میوەفرۆش و بازرگانی شەراب. **~گ.س.**
[585] **کەشک**: جوومگەی پەنجەکان. **~ن.م.**
[586] **تارت**: بە ئینگلی *tart*، جۆرە هەویرەمەنییەکە وەک کێک لەگەڵ کاستەر و جەلی یان میوە. **~ن.م.**
[587] **گرەی**: کاثرین گرەی، شەکرچی، بە ناونیشانی ١٣ی شەقامی دوک، لەسەر یەکتربڕی شەقامی داوسن؛ بلووم بەرەو باشوور بۆ شەقامی مەولسوۆرث دەڕوات، کە لەوێوە بەرەو خۆرهەڵات بەرەو پەڕتووکخانەی نیشتمانی دەڕوات. **~گ.س.**
[588] **فرۆشگای... تۆماس کانەلن**: بە ناونیشانی ٥١ب شەقامی داوسن؛ ئەم دوکانە تایبەت بوو بە پڕوپاگەندەی پڕۆتستانت. **~گ.س.**
[589] **بۆ... بە جێ هێشت**: نامیلکەیەکی ٣٠ لاپەڕەیی بوو (لەندەن، ١٨٨٣) چارلز پاسکال تێلێسفۆر چینیکوی (١٨٠٩-١٨٩٩) نووسیبووی، کە قەشەیەکی کەنەدیی پرێسبیتێری بوو. ساڵی ١٨٣٣ چینیکوی کرا بە قەشەی کاسۆلیکی ڕۆمی، بەڵام ساڵی ١٨٥٨ چووە نێو کڵێسای پرێسبیتێرییەوە و لایەنگیریی خۆی گواستەوە. ناوی لێ نرابوو «پاڵەوانی دێرینی دینی پاک و خۆڕاگری» و ناوبانگی بەوە هەبوو کە دینی بە بیست و پێنج تا سی هەزار خەڵکی وڵاتەکەی خۆی گۆڕیوە. ناکۆکیی سەرەکیی چینیکوی لەگەڵ ئەو چەمکەی کاسۆلیکی ڕۆمیدا بوو کە مریەمی پاکیزە وەک تکاکار و نێوانگر دەبینێت؛ وەک ئەوەی خۆی دەڵێت: «مریەم ناتوانێت توانایەکی لە عیساوە پێ بدرێت بۆ ئەو داواکارییانەی {مریەم لە عیسای} داوا دەکات». لە ئاستێکی گشتیتردا چینیکوی دەیوت کە دەبێت پیاوانی دین خۆیان کتێبی پیرۆز بخوێننەوە و هەیانبێت و خۆیان بیر لە دینەکەی خۆیان بکەنەوە. **~گ.س.**
[590] **هێلانە... بە ڕێوە دەبەن**: *ڕێبەرینامەی فەرمیی تۆم بۆ ساڵی ١٩٠٤* ناوی پەیمانگای هێلانە-ی هێناوە بە ناونیشانی ١٩-٢٠ی شەقامی یۆرک لە کینگستاون (*دون لییری*ی ئێستا). کۆمەڵەیەکی مژدەبەریی پڕۆتستانتی بوون و جێی ١٧٠ «منداڵی شڕەپۆش»یان هەبوو؛ خاتوو کوشێن سکرتێرەکەی بوو. هەروەها «هێلانە» زاراوەیەکی گشتی بوو بۆ پەیمانگای لەو چەشنە. **~گ.س.**

بڕێک نارِوونی لەم ڕستەیە و ئەوەی پێشوودا هەیە. یەکەمیان: ئەوەی دەڵێت: «ژنان بە ڕێوەی دەبەن» ئاماژە نییە بە «هێلانە»، چون وشەی *it*ی بە کار نەهێناوە، بەڵکو ئاماژەیە بە پیاوێک و *him*ی بە کار هێناوە. واتە ڕستەکە بەم شێوەیەیە:

*women run him*

جا ژنان کێ بە ڕێوە دەبەن؟ نازانم. دووەم نارِوونی: پەیوەستە بە چاپەکانی *ئولیس*ەوە، لە چاپەکانی بەر لە گابڵەردا دوو ڕستەکە بەم جۆرە خاڵبەند کراون:

*بۆ کڵێسای ڕۆمیم بە جێ هێشت؟ هێلانە*. ژنان بە ڕێوەی دەبەن.

لارکردنەوەکەش هەر لە چاپەکانەوە هێنراون. بەڵام گابڵەر کردوویە بە:

*بۆ کڵێسای ڕۆمیم بە جێ هێشت؟* هێلانە ژنان بە ڕێوەی دەبەن.

خۆ ئەگەر باسی سێ شتی جیاواز بکات، ئەوا لەوانەیە ڕاستەکە وەها بێت:

*بۆ کڵێسای ڕۆمیم بە جێ هێشت؟* هێلانە. ژنان بە ڕێوەی دەبەن.

گەرچی ڕاڤەکەی گیفرد ڕوونە و وامان پیشان دەدات کە لە چاپەکانی پێشتردا هەڵە بوویێت، بەڵام گابڵەر هیچ ئاماژەیەکی بە جیاوازیی دوو ڕستەکە (یان سێ ڕستەکە) نەداوە. کاک کاوە لە کورمانجییەکەدا بە دوو ڕستە دایناوە و ڕستەی دووەمی بەم شێوەیە لێ کردووە: «*بۆ چ من دێرا ڕۆمایێ ب جی هشت*. ژنێن کۆمەڵەیا هێلینا چڤیکان مێریک خوەیی کرییە: *بۆچی کڵێسای ڕۆمیم بە جێ هێشت*. ژنانی کۆمەڵەی هێلانەی چۆلەکەکان ئەو پیاوە بە خێوی کردوون» (کە پێم وایە هەڵەیە)؛ وەرگێڕانە فەرەنسییەکە و دوو ئیتالییەکە و عەرەبییەکەی دکتۆر تەها بژاردەی سێ ڕستەییان هەڵبژاردووە، لە فەرەنسییەکەدا بەم شێوەیەیە:

*بۆ کڵێسای ڕۆمیم بە جێ هێشت؟* هێلانە. لێدەگەڕێت ژنان بە ڕێوەی ببەن.

سەرنج بدە لە ڕستەی سێیەمدا *وی*یە. **~ن.م.**

[591] **دەڵێن جاران... پرۆتستانت**: بەرتیلدان بەو کەسانەی شیانی دینگۆڕینیان هەبوو، وەک بلووم دەڵێت، زۆر باو بوو، نەک تەنها لە کاتی قاتوقڕییەکەدا (بڕوانە ٢: ٧٦)، بەڵکو بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەمیش. **~گ.س.**

[592] **ئەو کۆمەڵەیەی... چووبوو**: کڵێسای ئایرلاند، کە لقێکی کۆمەڵەی لەندەنە بۆ گەشەپێدانی دینی مەسیحی لە نێو جووواندا، بە ناونیشانی ٤٥ی شەقامی مەولسوۆرث (کە دەچێتە نێو شەقامی داوسنەوە لەو جێیەی بلووم لێی دەڕوات). **~گ.س.**

[593] **شەقامی مەولسوۆرث**: نیو گەڕەکە لە باشووری شەقامی دوک، لە شەقامی داوسنەوە تا شەقامی کیلدێر بە خۆرهەڵاتدا دەڕوات. **~گ.س.**

[594] **دراگۆ**: ئەدۆلف دراگۆ، دەلاک و فرۆشیاری بۆنی پاریسی، بە ناونیشانی ١٧ی شەقامی داوسن. **~گ.س.**

[595] **شەقامی فرێدریکی باشوور**: بە باکووردا دەڕوات بەرانبەر شەقامی مەولسوۆرث، کەمێک لە خۆرهەڵاتی شەقامی داوسنەوە دوورە. **~گ.س.**

[596] **لە پشت... ئەسپ**: پەندێکە بۆ پارێزراوی، چون گا ناتوانێت بەرەو دوا لەقە بهاوێت و ئەسپ دەتوانێت. **~گ.س.**

[597] **بەدبڕاو**: واتە بە *بە خراپی بڕاوە*. خۆم وشەکەم داڕشتووە. جۆیس لە دەقە ماکەکەدا وشەی *flatcut*ی بە کار هێناوە، کە لەوە دەچێت دەستکردی خۆی بێت، نەمدۆزییەوە ڕاستەوخۆ بە واتای چی دێت. بەڵام وشەکە خۆی لێکدراوە و لە *فلات flat* و *کەت cut* پێکدێت؛ فلات بە واتای *تەخت، ڕێک، ڕاست*. کەت بە واتای *بڕین* دێت. لەوانەیە وشەکەی لە زاراوەی دەریاوانییەوە هێنابێت، فلات لە دەریاوانیدا واتە: «بڕینی بایەوان بە جۆرێک کە پڕاوپڕی بەلەم نەبێت»، ئەگەر ئەمە بە سەرچاوە وەربگرین، ئەوا دەتوانین بڵێین قاتەکە پڕ بە بەری نەوجوانەکە نییە. وەرگێڕەکانی تر بەم شێوەیە وەریانگێڕاوە: کاک کاوە لە کورمانجییەکەدا: «سەرۆبەرۆ: بێسەروبەر، ناڕێک»؛ فەڕەنسییەکە: «بەدبڕاو»؛ ئیتالییەکەی تێرینۆنی و بیگاتسی: «ڕێکبڕاو»؛ ئیتالییەکەی جێلاتی: «زۆر گەورەیە بە بەری»؛ عەرەبییەکەی دکتۆر تەها: «فراوان»؛ سەڵاح نیازی لە عەرەبییەکەدا وشەکەی پەڕاندووە و وەرینەگێراوە. فرانک دیلەینی (پۆدکاستی *ڕیجۆیس*، ژمارە ٣٢٥) دەڵێت: «بەم وشەیەدا دەزانین کە دەزگایەک جلوبەرگی بۆ ئەم نەوجوانە لەبەر کردووە، کەواتە گەنجێکی هەژارە»، بەڵام پێمان ناڵێت بە واتای چی دێت. **~ن.م.**

[598] **چەڵەمەنەخش**: بە ئینگلی *herringbone*، چەڵەمە لە کوردیدا ئێسکی باڵدارە کە وەک پیتی ٧ یان ٨ وایە، قوماش هەیە نەخشەکەی وەک ئەوە وایە. **~ن.م.**

[599] **پێنرۆز**: (بڕوانە ٨: ١١٨). **~گ.س.**

[600] **پەیمانگەکەی ستیوارت**: بۆ منداڵی گێل و خەستەخانەی نەخۆشییەکانی مێشک، بە ناونیشانی ٤٠ی شەقامی مەولسوۆرث. **~گ.س.**

[601] **هەموویانم هێناوەتە سەیرم**: ئەم ڕستەیە شەپۆلی هۆشی بلوومە، کە لە گۆشەنیگای ئەو کچەوە دەریدەبڕێت کە بە بەردەمی پەیمانگاکەدا ڕۆیشت. ڕستەکە لە دەقە

ماکەکەدا بەم شێوەیەیە: *I have them all on* و هەر ئەوەندەیە، بۆیە ناڕوونە و دەشێت لانیکەم بە سێ شێوە وەربگێڕرێت: ١. هەموویانم هێناوەتە سەیرم؛ یان هەموویانم هێناوەتە لەرزە؛ یان هەموویانم وروژاندووە؛ ٢. چیم هەبووە لە بەرم کردووە؛ ٣. خۆم داوە لە تەل: واتە زۆر خۆمم جوان کردووە. وەرگێڕەکانی تر بەم شێوەیە وەریانگێڕاوە: کاک کاوە: «وەرنە سێڤێن ئاشەگاڤانیێ»، کە دوای ڕاوێژ بە هاوڕێم کاک ئەمیر سیراجەددین، پێمی وت: «دەربڕینێکی ئیدیۆمییە، کەم و زۆر واتە *وەرنە سەیری باخی سێوانم* (مەمانم)». فەڕەنسییەکە: «زۆر بە جوانی خۆم گۆڕیوە»؛ ئیتالییەکەی تێرینۆنی و بیگاتسی: «هەموویان تێموروکاون» یان: «هەموویان سەریان کردووەتە سەرم» یان «چاویان لێمە»؛ ئیتالییەکەی جێلاتی: «هەموویانم هێناوەتە سەر خۆم»؛ عەرەبییەکەی دکتۆر تەها: «هەموو ئەوەم پۆشیوە کە بەسەر تەنافەکەوە بووە». ئەوەی هەیە ئەوەیە کە بلووم سەیری کچێکی لووتبەرز دەکات بە بەردەمی پەیمانگەکەدا دەڕوات، سەیری کەس ناکات، بەڵکو وای کردووە ئەوانی تر سەیری ئەو بکەن. مادەم بابەتەکەی پۆرەگرافەکەش بینینە، کەواتە زیاتر ڕێی تێدەچێت ئەوانی تری هێنابێتە سەیری خۆی، بۆ نموونە: بلووم، کە بێگومان چاک سەیری کردووە. **~ن.م.**

602 **پۆستەخانە**: لقی نووسینگەی پۆستەخانەی ناوچە، نووسینگەی پارە و بانکی پاشەکەوت، بە ناونیشانی ٤ی شەقامی مەولسوۆرث. **~گ.س.**

603 **کۆبۆنێکی... نیو کراون**: کۆبۆنی پۆستە: بە ئینگلی *postal order* پارچە پەڕەیەکە و بەهای پارەی هەیە لە پۆستەخانەکاندا. بلووم بیر لەوە دەکاتەوە ئەمە بۆ مەرسا کلیفرد بنێرێت، ئەو خانمەی ئاڵوگۆڕی نامەی لەگەڵیدا هەیە. **~ن.م.**

604 **پەڕاوگەکە**: ئی ئێف گرانت و هاوبەشەکانی، نامەنووس و تایپێست، پەڕاوگەی گشتی و بواری یاسایی بە ناونیشانی ١-٢ی شەقامی مەولسوۆرث. **~گ.س.**

605 **ئەکادیمیای سەمای لێڤنستۆن**: کاک فیلیپ ئێم لێڤنستۆن و خاتوونەکەی، ئەکادیمیای سەما؛ پڕۆفیسۆری موزیک، بە ناونیشانی ٣٥ی شەقامی فرێدریکی باشوور، ئەوبەر شەقامی مەولسوۆرث. **~گ.س.**

606 **مەیخانەکەی دۆران**: مایکڵ دۆران، میوەفرۆش و بازرگانی شەراب و مەی، بە ناونیشانی ١٠ی شەقامی مەولسوۆرث، لەسەر سووچی شەقامی فرێدریکی باشوور. **~گ.س.**

607 **ئەو هەموو... خنکان**: ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*ی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤ چیرۆکێکی لە لاپەڕە ٥دا بڵاو کردەوە دەڵێت: «کارەساتێکی ئەمەریکایی جەرگبڕ... ئەمڕۆ بە هۆی

سووتانی کەشتیی هەڵمیی جەنەراڵ سلۆکوم-ەوە پێنج سەد کەس، کە زۆربەیان منداڵ بوون، نزیک هێڵ گەیت، لە ئیست ڕیڤەر گیانیان لە دەست دا. کارەساتەکە دڵتەزێنترینە کە هەرگیز لە لەنگەرگای نیو یۆرکدا ڕووی دابێت، بە هۆی ئەوەشی کە قوربانییان بە نزیکی هەموویان لە تەمەنی منداڵیدا بوون، یان خانمان بوون، ئەوەندەی تر خەمناکی دەکات. گەشتی ساڵانەی قوتابخانەی یەکشەممەی کڵێسای لوثەریی سانت مەرقۆس دەچوو بۆ لۆکەست گرەوڤ، کە هەوارگەیەکی سەر لۆنگ ئایلند ساوندە. کە کەشتییە هەڵمییەکە گەیشتە ئیست ڕیڤەر، تیپەکان موزیکیان دەژەند و ئاڵا هەڵکرابوو، هەر یەکێک لە نهۆمەکانی پڕ بوون لە ئاهەنگگێڕان.
کە لە سەنکن میادۆوس دەرچوو ئاگرێک لە ناندانەکەی کەوتەوە. کارمەندەکان هەوڵیان دا ئاگرەکە خامۆش بکەن، بەڵام هەر زوو لە دەست دەرچوو و تەشەنەی سەند. دڵەڕاوکێ هەمووانی گرتەوە. بەردەکانی هێڵ گەیت دەورەی کەشتییەکەیان دابوو، بۆیە نەیدەتوانی دێور بکاتەوە. دواجار بەلەمەکەی بە خێرایی ڕۆیشت و لە کۆتاییدا گەیشتە دوورگەی نۆرث برەذەرس، کە لەوێ پزیشک و برینپێچەکانی خەستەخانەی خێرخوازیی شارەوانی بە خێرایی هاتن بە دەنگ بریندارەکانەوە. هیچ هەوڵێک نەدرا بۆ داگرتنی بەلەمی فریاگوزارییەکان». تەنها لە ڕۆژی ١٦ی حوزەیراندا مەزندەکردنی مردووەکان لە نێوان ٥٠٠ تا ١٠٠٠ کەسدا بوو، سەرئەنجام لە کۆتاییدا ١٠٣٠ کەس گیانیان لە دەست دا و زۆربەیان ژن و منداڵ بوون – بە تەواوی، نزیکەی هەموو ژنان و منداڵانی کۆمەڵەی لووثەرە ئەڵمانییەکانی لەوەر ئیست سایدی نیو یۆرک. **~گ.س.**

[608] **کارما**: (بڕوانە ٩: ٤٨). **~گ.س.**

[609] **گەی پێی و گانگانێنکێ**: (بڕوانە ٤: ١٢٥). **~گ.س.**

[610] **سێر فرێدریک فالکینەر**: (بڕوانە ٧: ٣٠٤). **~گ.س.**

[611] **هۆڵی ماسۆنییەکان**: بە ناونیشانی ١٧-١٨ی شەقامی مەولسوۆرث. **~گ.س.**

[612] **وەک ترۆی سەنگین**: ئوسقوفی مەترانی کاسۆلیکی ڕۆمیی دەبلن کە لایەنگری بەریتانییەکان بوو، قەشەی بەڕێز جۆن تۆماس ترۆی (١٧٣٩-١٨٢٣)، کە «سەرکۆنەکردنێکی سەنگین»ی بۆ شۆڕشی ١٧٩٨ دەرکرد. پشتگیریی دواتری بۆ بەندی یەکێتییەکە بوو (ناڕاستەوخۆ، پشتگیریی چەوساندنەوەی وارگێڕیی کاسۆلیکەکانی ئایرلاندی دەکرد) وای لە سەنگینییەکەی کرد ببێت بە شتێک لە ئەفسانەی ناوخۆیی. **~گ.س.**

ئەم ئاماژەیە بۆ شاری ترۆیای گریکی دێرین نییە، بەڵکو بۆ جەنابی قەشەی بەڕێز جۆن تۆماس ترۆی (١٧٣٩-١٨٢٣)یە کە ئوسقوفی مەترانی کاسۆلیکی دەبلن بوو. شۆڕشگێڕانی ساڵی ١٧٩٨ی سەرکۆنە کرد و بۆ ڕای گشتیش (نەک لە تایبەتدا) پشتگیریی بەندی یەکێتییەکەی ساڵی ١٨٠٠ی کرد. **~س.ت.م.١**

بە ڕاستی نازانم بۆچی گیفرد و جۆیس ئەم پیاوە بە «سەنگین» دادەنێن، مەگەر تەنها لەبەر ئەوە بێت کە «سەنگینانە» سەرکۆنەی شۆڕشەکەی کردووە. بەهەرحاڵ، جانی جێلاتی لەگەڵ شاری ترۆیا-ی دێریندا لێی تێکچووە. **~ن.م.**

613 **ئیدلسفۆرث تێرەس**: فالکینەر لە ناونیشانی ٤ی ئێرلسفۆرت تێرەس دەژیا، هەر نزیک باشووری سووچی باشووری خۆرهەڵاتی باخچەی سانت ستیفن. **~گ.س.**

614 **سەربردەی... چاکەتشینان**: فالکینەر ئەندامی بۆردی دادوەرانی قوتابخانەی چاکەتشینان بوو، پەڕتووکی *مێژووی قوتابخانەی چاکەتشینان، کەشکۆڵێکی وێژەیی: سەربردەی کورسیی دادوەر و دادگاکانی* نووسی و ساڵی ١٩٠٩ لە دوای مەرگی خۆی بڵاو کرایەوە. قوتابخانەی چاکەتشینان (خەستەخانە و قوتابخانەی خۆڕایی شا چارلزی دووەم، لە ئۆکسمانتاون لە بلاکهۆڵ پلەیس بوو لە دەبلن) قوتابخانەیەکی نوێباو بوو و لەسەر وێنەی خەستەخانەی مەسیح دامەزرابوو، کە قوتابخانەیەکی گشتیی بەناوبانگی ئینگلی بوو و ئەویش هەر پێی دەوترا «قوتابخانەی چاکەتشینان». «قوتابخانەی چاکەتشینان» لە بەستێنەکەدا ئاماژەیە بە پەروەردەیەک کە بە ئەندامێکی دەزگای پڕۆتستانتی ئەنگلۆ-ئایری دەدرێت. **~گ.س.**

615 **دادگای تۆمار**: بەرزترینی دادگاکانی دەبلن بوو، (بڕوانە ٧: ٣٠٤). **~گ.س.**

616 **تاواننامەکانی... بۆ ڕاستکردنەوە**: «ناردنی کەسێک بۆ ڕاستکردنەوە» واتە بۆ دانانی کاریگەریی ڕیشەیی لە گۆڕانی ڕەفتارەکانیدا. بلووم بیر لە ناوبانگی فالکینەر دەکاتەوە وەکو دادوەر، کە لەگەڵ ئەو پۆلیسانەدا زۆر گیر و بە زاکوون بوو کە گومانی ئەوەی لێ دەکردن کە تەنها بۆ خۆشی خەڵک دەستگیر دەکەن (بۆ کەڵەکەکردنی تاواننامە) تەنها بۆ ئەوەی خۆیان ببەنە پێشەوە (واتە پشک و مزی خۆیان بە دەست بهێنن). **~گ.س.**

617 **چاک بە... هەڵشاخابوو**: بۆ ڕەئوبێن جەی (بڕوانە ٦: ١٠١). «هەڵشاخان» ئەوش دەگەیەنێت کە لەوە زیاتر بووە کە شایستەی بووە. هیچ تۆمارێکی ڕاستینە نییە کە فالکینەر لە بەرانبەر دۆددا شتی وای کردبێت، بەڵام فالکینەر لە کانوونی دووەمی ١٩٠٢دا لە دەبلن هەرایەکی نایەوە بەوەی کە وتارێکی درێژی دژەسامیی دا لە کورسییەکەی

خۆیەوە. سەرکۆنەکردنی خەڵک ئەوەندە بەهێز بوو لە دژی ئەم وتارەی کە گەیشتە ئەنجوومەنی نوێنەرانی گشتی. دەوترێت کە دواتر فالکینەر پاشگەز بووەتەوە. بڕوانە ئادامس (لا. ١٠٥). **~گ.س.**

618 **گورگی هارن**: پەندە، لە دەقە ماکەکەشدا هەر پەندە و دەڵێت: «ورچە و چنگی برینداره» کە گیفرد دەڵێت: «پەندە، بە کەسێک دەوترێت کە زۆر تووڕەوتڕۆ بێت». **~ن.م.**

619 **بەڵکو... بێتەوە**: وتەیەکە کە دادوەر بەو کەسانەی دەڵێت کە سزای کوشتنیان بەسەردا دەدات. **~گ.س.**

620 **یافتە**: بە ئینگلی *placard*: بریتییە لە ئاگادارینامەی گەورە کە لە خۆپیشاندانداندا یان لە شوێنی گشتیدا دادەنرێت. ئێستا پێی دەوترێت «لافیتە» یان «پۆستەر». **~ن.م.**

621 **بازاڕی میروس**: لە ویژەی خەیاڵکرددا لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا دەکرێتەوە؛ بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕۆژی سێشەممەی ٣١ی ئایاری ١٩٠٤ کرایەوە. وەکو لە ئەڵقەی دەیەمیشدا باس دەکرێت، جێنشینی شا بە نێو دەبلندا نوانرۆی نەکرد، بەڵکو لە باشووری ئایرلاندەوە بەپەلە گەیشت. جێی بازاڕەکە بۆلسبریدج بوو، کە لە بەری باشووری خۆرهەڵاتی دەبلندایە. بازاڕەکە پیتاکی بۆ خەستەخانەی مێرسەر کۆ دەکردەوە. **~گ.س.**

622 **خەستەخانەی مێرسەر**: لەو جێیەدایە کە شەقامی مێرسەری باشوور دەچێتە نێو شەقامی ویلیەمەوە، لە ناوەڕاستی دەبلن و بەری باشووری ڕووباری لیفی. خەستەخانەکە بە یاسای پەرلەمانی ساڵی ١٧٣٤ دامەزرا. **~گ.س.**

623 **مەسایا... هاندێل**: {*مەسایا* ناوی ئۆراتۆریۆیەکی جۆرج فرێدریک هاندێل (١٦٨٥-١٧٥٩)ە (بڕوانە ٦: ١٤٢)} ئۆراتۆریۆکەی هاندێل بۆ یەکەم جار لە ١٣ی نیسانی ١٧٤٢ لە هۆڵی موزیکی دەبلن لە شەقامی فیشامبل نمایش کرا، هاندێل خۆی ڕابەرایەتیی دەکرد. هاندێل *مەسایا*ی بۆ ئەوە پێشکەش کرد «تا شتێکی نوێ پێشکەشی ئەم نەتەوە بەخشندە و جوانە» بکات (چون ئەو دەبلنی دۆستتر و گوێڕادێرتر لە لەندەن دەبینی). نمایشەکە بۆ کۆکردنەوەی پیتاک بوو بۆ خەستەخانەی مێرسەر کە ئەو کاتە تازە دامەزرابوو. **~گ.س.**

624 **بۆلسبریدج... کیز بدەم**: (بڕوانە ٧: ٨٠). **~گ.س.**

625 **شەقامی کیلدێر... پەڕتووکخانە**: شەقامی مەولسوۆرث، کە بلووم پیایدا ڕۆیشت، دەچێتە نێو شەقامی کیلدێرەوە بەوبەر مەیدانە چوارگۆشەییەکەدا (کە ئێستا {ساڵی ١٩٨٥} جێی پارکە)، ڕووکاری مۆزەخانەی نیشتمانی لە بەری باشووریەوەیەتی (لای ڕاستی بلوومەوە) و پەڕتووکخانەی نیشتمانیش لای باکووریەتی. **~گ.س.**

[626] **پانتۆڵی دامێن هەڵگەڕاوە**: بۆیلەن دوا مۆدەی جلوبەرگ دەپۆشێت، کە دامێنی پانتۆڵەکەی هەڵگەڕاوەیە. **~گ.س.**
بلووم لە دوورەوە بۆیلەن دەبینێت و هەوڵ دەدات خۆیی لێ بدزێتەوە. **~ن.م.**
[627] **سێر... نەخشەکەی کێشاوە**: سێر تۆماس دین (١٧٩٢-١٨٧١) ئەندازیارێکی ئایر بوو، لەگەڵ بینجامین ودوارد (١٨١٥-١٨٦١)دا نەخشەی باڵەخانەی مۆزەخانەی کۆلێجی ترینیتی (١٨٥٧) و مۆزەخانەی ڕوسکین-یان لە ئۆکسفۆرد کێشا. پەڕتووکخانەی نیشتمانی (١٨٨٣) و مۆزەخانەی نیشتمانی (١٨٨٤) وێنەی لەبەرگیراوەی یەکترن و سێر تۆماس دین نەخشەکانیانی نەکێشابوو، بەڵکو کوڕ و کوڕەزاکە نەخشەکانیانیان کێشا، کوڕەکەی ناوی سێر تۆماس نیونهام دین (١٨٣٠-١٨٩٩) بوو، کوڕەزاکەیشی ناوی سێر تۆماس مانلی دین (١٨٥١-١٩٣٣) بوو؛ کوڕەزاکەی وا ناوی دەرکردبوو کە هاوبەشی و هاوکارییەکەی باوک و کوڕێتییەکەی ڕکێف کردبوو. شێوازی باڵەخانەکان بە گشتی بە «سەرنجڕاکێش» و «سادە» باس دەکرێن. **~گ.س.**
[628] **خولەکێکی تر پارێزراو دەبم**: ئەم شێوازی هەڵهاتنەی بلووم بیری هەڵهاتنە خێراکەی ئۆدیسێفسمان دەخاتەوە لە خاکی لێستریگۆنییەکاندا (بڕوانە ٨: ١). کەس سەرنجی کەشتییەکەی ئۆدیسێفس نادات کە دەڕوات، چون بە کەشتییەکانی تری گەلەکەشتییەکەیەوە لەنگەر نەکراوە. ئۆدیسێفس گوریسی کەشتییەکەی دەبڕێت: «نەڕاندم، "سەوڵەکان بگرنە دەست و تا دڵتان دەوەستێت سەوڵ لێبدەن تا لەم کوشتارە هەڵبێین!» (*ئۆدیسە* ١٠: ١٢٨-١٢٩ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**
[629] **سێر تۆماس... گریکییەکە بوو**: (بڕوانە ٨: ٦٢٧) سێر تۆماس دینی باوک تەنها لە بواری فرەشێوازیی سەدەی نۆزدەیەمدا کاری دەکرد و ڕوسکین بۆ «شێوازە لۆمباردۆ-ڤینیسیاییەکەی» باڵەخانەکانی ستایشی کردبوو. ڕوسکین بە دیاریکراوی ستایشی دینی دەکرد بۆ دووبارە دروستکردنەوەکانی لە هەمبەر ئەو شێوازە سارد و سادەیەی بووژاندنەوەی تەلارسازیی گریکیی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا. سێر تۆماس نیونهام دین تا ڕادەیەک هێمنتر و مەندتر لە «شێوازی ڕێنیسانس»دا کاری دەکرد، کە قوتابخانەی هونەرە جوانەکانی پاریس (*ئێکۆل دێ بۆز/اخت*)ی پاریس بانگەشەیان بۆ دەکرد و خەڵکیان فێر دەکرد؛ لە کاتێکدا لە ڕووی تەکنیکییەوە ڕاست نییە کە بەم شێوازە بوترێت «شێوازی گریکی»، بەڵام شێوازی پایە و سێگۆشەکانی سەریان تا ڕادەیەک لە تەلارسازیی گریکی دەچوو. **~گ.س.**
[630] **ئەگنداث نەتایم**: (بڕوانە ٤: ٧٤). **~گ.س.**
[631] **وێ وتی دوانیوەڕۆ**: مۆڵی وتی بلێسە بۆیلەن دوانیوەڕۆ دێت (بڕوانە ٦: ٧٠). **~ن.م.**

## ئەڵقەی نۆیەم: سکیلا و کاریڤدیس[1]

پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرە بەڕەوشتەکە[2] بۆ دڵدانەوەیان سرپاندی:

- ئێمەش ئەو پەڕە بەهادارانەی *ڤیلهێلم مایستەرمان*[3] هەیە، وا نییە؟ هۆنەرێکی مەزن لە بارەی برا هۆنەرێکی مەزنی ترەوە. گیانێکی ڕاڕا بە گژ دەریایەک کێشەدا ڕووبەڕوو دەوەستێتەوە، گومانی دژیەک پارچەپارچەی کردووە[4]، وەک ئەوەی خەڵک لە ژیانی ڕاستیدا دەیبینێت.

بە چەرمەگایەکی جیرەجیرکەرەوە لەسەر زەوییە بەسامەکە هەنگاوێکی پێنجپێیی هاتە پێش و هەنگاوێکی پێنجپێیی چووە دواوە[5].

فەرمانبەرێکی بێدەنگ دەرگاکەی کردەوە بەڵام بە ئەستەم ئاماژەیەکی بێدەنگی بۆی کرد. کەوتە جیرە بۆ ڕۆیشتن، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەخاوی کرد، وتی:

- هەر ئێستا. خەونبینە جوانە سەرنەکەوتووەکەی لە بەرانبەر ڕاستیی تاڵدا[6] کەوتووەتە پەژارەوە. مرۆڤ هەمیشە وا هەست دەکات کە داوەرییەکانی گۆتە زۆر ڕاستن. ڕاست لە شیکارییە گەورەکەدا.

شیکارییەکی جووتجیرەیی کورانت[7] کرد. کەچەڵ، تامەزرۆتر گوێ زلەکانی بۆ وتەکانی فەرمانبەرەکەی لای دەرگاکەوە شل کرد: بیستنی: ئینجا ڕۆیشت.

دووان مانەوە. ستیفن بە توانجەوە وتی:

- مسیۆ دو لا پالیس پازدە خولەک بەر لەوەی بمرێت زیندوو بوو[8].

جۆن ئێگلنتن[9] بە قسەسوێرێتیی پیرانەوە پرسیی:

- ئەو شەش خوێندکارە پزیشکییە ئازایەت[10] دۆزییەوە بۆ ئەوەی لەسەر وتەی تۆ *بەهەشتی لەدەستچوو* بنووسنەوە؟ ناوی ناوە *خەمەکانی شەیتان*[11].

بزە بکە. بزە بکە بزەی کرانلی.

*سەرەتا ختووکەی وێی دا*
*جا دەستی بە وێدا هێنا*
*پاشان شلەبۆریی مێینەی تێپەڕاند*
*چون خوێندکاری پزیشکی بوو*
*خوێندکارێکی پزیشکیی تەیار*[12]...

- هەست دەکەم یەکێکی ترت بۆ *هاملێت* پێویست دەبێت. حەوت لە هزری ڕازگرەکاندا بەنرخە[13]. دەبلیو بی ناویان دەنێت حەوتە درەوشاوەکە[14].

چاوگەش و کەللە سوورفل[15] لای گڵۆپە سەرسەوزەکەی مێزەکەوە لە نێو سێبەرە سەوزە تۆخترەکەدا بە دوای دەموچاوە ڕیشنەکەدا گەڕا، ئۆلاڤێک، چاوپیرۆزێک[16]. بە هێواشی پێکەنی: پێکەنینی سایزەرێکی ترینیتی[17]: وەڵام نەدرایەوە.

*شەیتانی ئۆرکێسترایی بە هێندەی زۆر پانتایی*
*فرمێسکی وەک هی گریانی فریشتەی ڕشت[18].*
*ئێد ئێللی ئاڤێیا دێل کول فاتتۆ ترۆمبێتتا.[19]*

گەوجێتییم بە دیل دەگرێت.

یازدە پیاوە ویکلۆییە سەرڕاستەکەی کرانلی[20] بۆ ئازادکردنی خاکی باوانیان. کاتلینی دانشاش، چوار کێڵگە سەوزە جوانەکەی، نامۆکەی نێو ماڵەکەی وێ[21]. یەکێکی تریش بۆ ئەوەی سڵاوی لێ بکات: *ئاڤێ، ڕابی*[22]: دوازدەکەی تیناهێلی[23]. لە نێو سێبەری دۆڵەکەدا بۆیان دەگمێنێت[24]. شەو دوای شەو گەنجێتیی گیانم پێی دەدا. بەختێکی باش. ڕاوێکی باش.

مەڵیگن بروسکەکەمی پێ گەیشتووە[25].

گەوجێتی. هەتەر بە.

جۆن ئێگلنتن کەوتە سەرکۆنە:

- هێشتا هەڵبەستوانە ئایرە گەنجەکانمان کەسێتییەکیان دروست نەکردووە کە جیهان بە تەنیشت هاملێتی شێکسپیری ساکسۆنییەوە دایبنێت گەرچی سەرسامی ویم، هەر وەک مامە بێن، لەم ڕووەوە تا ئاستی پەرستن[26].

ڕەسڵ لە سێبەرەکەیەوە پەیامی دا:

- هەموو ئەمانە پرسی ئەکادیمیی ڕووتن. مەبەستم ئەوەیە ئایا هاملێت شێکسپیرە یان جەیمزی یەکەمە یان ئێسێکسە[27]. مشتومڕی پیاوانی دینی لە بارەی بوونی مێژوویی عیساوە[28]. دەبێت هونەر بیرۆکە و کرۆکی بێشێوەی گیانەکییمان[29] بۆ دەربخات. پرسیاری هەرە باڵا دەربارەی کارێکی هونەری ئەوەیە کە ئایا چەند لە قووڵایی ژیانەوە هەڵدەقوڵێت[30]. تابلۆکەی گوستاڤ مۆرۆ[31] وێنەکێشانی بیرۆکەیە. قووڵترین هۆنراوەکانی شێلی[32]، وتەکانی هاملێت وا لە مێشکمان دەکات لەگەڵ دانایی تاتاییدا پەیوەندی ببەستێت، جیهانی بیرۆکەکانی پلاتۆن[33]. ئەوانی تر هەموویان مەزندەکاریی قوتابییانن بۆ قوتابییان.

ئەی ئی بە دیمانەسازێکی یانکیی وتووە[34] ئای، نەفرەت لێم بدات!

ستیفن زۆر بە ڕەوشتانە وتی:

- مامۆستایان ڕۆژێک لە ڕۆژان قوتابی بوون. ئەریستۆتێلیس ڕۆژێک قوتابیی پلاتۆن بووە[35].

جۆن ئێگلنتن هێمنانە وتی:

- دەبێت هیوادار بین کە هەر ئاوهاش مابێتەوە. دەتوانین وەک قوتابییەکی نموونەیی تەماشای بکەین بە دبلۆمەکەی ژێر باڵیەوە.

دیسان پێکەنی بە ڕووی ئەو دەموچاوە ڕیشنەی ئێستا بزەی دەکرد.

بێشێوەی گیانەکی. باوک و وشە و هەناسەی پیرۆز[36]. ڤەباوک، پیاوە ئاسمانییەکە[37]. ئیسۆس خریستۆس، جادووگەری جوانی، ئەو لۆگۆسەی هەردەم لە هەمووماندا ئازار دەچێژێت[38]. ئەمە بە ڕاستی ئەوەیە. من ئاگری سەر قوربانگام. من کەرەی قوربانیم[39].

دەنلۆپ[40]، جەدج[41]، ناوخاسترینی هەموو ڕۆمییەکان[42]، ئەی ئی، ئارڤال[43]، ناوە گۆنەکردەکە، لە بەرزیی ئاسماندا: کەی ئێچ[44]، مامۆستاکەیان، کە ناسنامەکەی لە ناو خاراواندا نهێنی نییە. برایانی کوختە سپییە مەزنەکە هەمیشە لە چاودێریدان تا بزانن ئایا دەتوانن یارمەتی بدەن[45]. مەسیح و خوشکەبووکێ، تەڕیی ڕووناکی، لە پاکیزەیەکی گیاندار لە دایک بووە، دانایی پاشگەزکار، کەوتە ڕێ بۆ پلەی بوودی[46]. ژیانی نیهانی [47] بۆ کەسی ئاسایی نییە. دەبێت ک. ئ. یەکەم جار کارمای خراپ لە خۆی بکاتەوە[48]. جارێکیان خاتوو کووپەر ئۆکلی [49] چاوی بە توخمێتییەکەی هـ. پ. ب.ی خوشکە زۆر هەڵکەوتووەکەماندا دەخشاند[50].

بە نەفرەت بێت، نەفرەت![51] *پفویتۆیفل*[52]! نابێت تەماشا بکەیت، دادە، دەی کاتێک خانمێک توخمێتیی خۆی دەردەخات نابێت تەماشا بکەیت.

میستەر بێست [53] هاتە ژوورەوە، باڵابەرز، گەنج، نیان، کاڵ. دەفتەرێکی بە جوانی لە دەستیدا هەڵگرتبوو، نوێ، گەورە، پاک، ورشەدار.

ستیفن وتی:

- ئەو قوتابییە نموونەییە بیرکردنەوەکانی هاملێت لە بارەی ئەودونیای گیانە شازادەییەکەیەوە، خۆدوواندنە ڕێتێنەچوو و بێبایەخ و نادرامییەکە، وەک ئەوەی پلاتۆن تەنک دەبینێت[54].

جۆن ئێگلنتن مۆن بووەوە، ڤینی ورووژا[55] و وتی:

- بە ناموسم وەختە خوێنم بکوڵێت کە دەبیستم یەکێک ئەریستۆتێلیس بە پلاتۆن بەراورد دەکات.

ستیفن پرسیی:

- کام لەو دووانە لە هاوسامانگەکەیم دەردەکات[56]؟

خەنجەری پێناسەکانت[57] لە کێلان دەرکە. ئەسپێتی چیێتیی گشت ئەسپێکە[58]. شەپۆلەکانی ئارەزوو و ئیۆنەکان دەپەرستن[59]. خودا: هۆسەیەک لە کۆڵانەوە[60]: زۆر گەڕۆک. بۆشایی: ئەوەی دەبێت ببینیت[61]. لە تنۆکێک خوێنی مرۆڤ بچووکتر بن بە نێو بۆشاییدا بە دوای گووپی قنی بلەیکدا بەرەو تاتایی دەخشکێن کە ئەم جیهانە سەوزەییە تەنها سێبەرێکە[62]. خۆت بگرە بە ئێستاوە، بە ئێرەوە، کە هەموو ئایندە بە نێو ئەودا بۆ ڕابردوو گلۆر دەبێتەوە[63].

میستەر بێست هاتە پێشەوە، بە ڕووی هاوڕێکانیدا ڕووخۆش بوو، وتی:

- هاینس ڕۆیشت.

- بە ڕاست؟

- پەڕتووکی ژوبێنڤیلم[64] پیشانی دەدا. زۆر بەپەرۆشە، نازانیت، بۆ *گۆرانییە دڵدارییەکانی کۆنەختەی* هاید[65]. نەمتوانی بیهێنمە ژوورەوە گفتوگۆکە ببیستێت. چووە لای گیل[66] بیکڕێت.

*ئەی نامیلکەکەم، خێرا هەڵبستە*
*بۆ سڵاوکردن لە خەڵکی دڵڕەق،*
*وا وێنا دەکەم بێ ویستی خۆم بوو*
*بە ئینگلیی لار و ناشۆخ نووسیمیت.*[67]

جۆن ئێگلنتن ڕای دا:

- دووکەڵی پەیین دەچێتە سەریەوە.

ئێمە لە ئینگلتەرا وا هەست دەکەین[68]. دزی پەشیمان[69]. ڕۆیشت. تووتنەکەیم کێشا. بەردی سەوزی بریسکاوە. نقێمێکی زەمڕووت خراویتە سەر موستیلەکەی ئاو[70].

هێلکە زێڕییەکەی[71] ڕەسڵ ڕازگەرابییانە ئاگاداریی دا:

- خەڵک نازانن کە گۆرانیی دڵداری دەشێت چەند ترسناک بێت. ئەو بزاوتانەی لە جیهاندا شۆڕش هەڵدەگیرسێنن لە خەون و ئەندێشەکانی دڵی جووتیارێکی سەر بنارێکەوە سەر هەڵدەدەن. زەوی لای ئەوان خاکێکی کەڵکدەر[72] نییە، بەڵکو دایکێکی زیندووە. کەشە داخراوەکەی ئەکادیمیا و یاریگا ڕۆمانی شەششڵنگبایی[73] بەرهەم دەهێنن، هۆڵی موزیکیش گۆرانی[74]. فەڕەنسا لە مالارمێدا باشترین گوڵی خراپەی بەرهەم هێناوە[75] بەڵام

ژیانە ویستراوەکە خۆی تەنها بۆ ئەوانە دەردەخات کە بە دڵ هەژارن[76]، ژیانی فایاکییەکانی هۆمیرۆس[77].

میستەر بێست لەم وشانەوە ڕوخسارێکی نازیزکەری بۆ ستیفن بادا و وتی:

- مالارمێ، نازانیت، ئەو پەخشانەهۆنراوە نایابانەی نووسیوە کە ستیفن مەککێنا[78] لە پاریس بۆمی دەخوێندەوە. ئەوەی دەربارەی *هاملێت*[79]. دەڵێت: *ئیل سۆ پغۆمێن، لیزۆن ئۆ لیڤغ دو لوی-مێم*[80]، نازانیت، *خۆی پەڕتووکەکەی دەخوێنێتەوە*. وا پەسنی *هاملێت* دەکات کە لە شارۆچکەیەکی فەڕەنسییەوە دەرکراوە، نازانیت، شارۆچکەیەکی دەرەوەی شار. ڕیکلامیان بۆ کرد.

دەستە بەتاڵەکەی بە شکۆوە هێماگەلێکی بچکۆلەی لە هەوادا کێشا:

*هاملێت*

*ئو*

*لو دیستخێ*[81]

*پیێس دو شێکسپێغ*[82]

بۆ مۆنییە نوێبووەوەکەی جۆن ئێگلنتنی دووبارە کردەوە:

- *پیێس دو شێکسپێغ*، نازانیت. زۆر فەڕەنسییە. تێڕوانینی فەڕەنسی. *هاملێت ئو*...

ستیفن بۆی تەواو کرد:

- سواڵکەرە بیرڕۆیشتووەکە[83].

جۆن ئێگلنتن پێکەنی. وتی:

- بەڵێ، لام وا بێت وایە. گومانی تێدا نییە خەڵکانێکی نایابن، بەڵام بە داخەوە لە هەندێک بابەتدا کورتبینن.

ئەم زیادەڕەوییە مەند و بەدەبدەبەیەی کوشتن[84].

ستیفن وتی:

- ڕۆبێرت گرین پێی دەوت بکوژی گیان[85]. لە خۆڕا کوڕی گۆشتفرۆش[86] نەبوو، تەورزینە قوڕقوشمەکەی دەوەشاند[87] و تفی لە لەپی دەستی دەکرد. نۆ ژیان لە بری یەکێکی باوکی کۆتاییان پێ دێت[88]. ئەی باوکمان لە بەرزەک[89]. هاملێتە خاکییەکان لە وەشاندن سڵ ناکەنەوە[90]. کوشتارگە خوێناوییەکەی پەردەی پێنجەم[91] پێشبینینی ئۆردوگای زۆرەملێییە کە میستەر سوینبۆرن بێژاویەتی[92].

کرانلی، منیش بەردەستی بێدەنگی ئەو، لە دوورەوە ئاگامان لە جەنگە[93].

*تووتکە و دێڵەدایکەکانی دوژمنانی خوێنڕێژدا جێبەجێ نەکراوە،*

*کە کەس جگە لە ئێمە لێیان نەگەڕاوین...*[94]

لە نێوان بزەی ساکسۆنی و قیژەی یانکیدا[95]. ئاو و گورگ[96].

جۆن ئێگلنتن لە سوودی میستەر بێست وتی:

- پێی وایە *هاملێت* چیرۆکی سەهویرە. وەک کوڕە قەڵەوەکەی پیکویک دەیەوێت موچڕک بە سەرتاپای لەشماندا بهێنێت[97].

*گوێ بگرە! گوێ بگرە! هۆ گوێ بگرە!*[98]

لەشم گوێی لێ دەبێت: موچڕکی پێدا دێت، گوێی لێ دەبێت.

*ئەگەر هەرگیز...*

ستیفن بە وزەیەکی موچڕکهێنەوە وتی:

- سەهویر چییە؟ یەکێکە لە ڕێی مەرگ، یان ناپەیدایی، یان گۆڕانی شێوەوە کاڵ بوویێتەوە بۆ نێو هەستپێنەکراویی[99]. لەندەنی سەردەمی ئەلیزابێث لە ستراتفۆردەوە بە قەد پاریسی خراپ لە دەبلنی پاکیزەوە دوورە[100]. سەهویرەکەی *لیمبۆ پاتروم*[101] کێیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ نێو ئەو جیهانەی ئەوی لە بیر چووەتەوە؟ پاشا هاملێت کێیە؟

جۆن ئێگلنتن ئەمدیو و ئەودیوی بە لەشە ڕەقەڵەکەی کرد، پاڵیدایەوە بۆ داوەری.

قیت بووەوە.

ستیفن بە نیگایەکی خێراوە داوای بیستنیانی کرد، وتی:

- هەر لەم ساتەی ئەم ڕۆژەی ناوەڕاستی حوزەیراندا[102]، ئاڵای سەر شانۆگاکەی لای کەنارەکەوە هەڵکراوە[103]. ساکەرسنی ورچ لە چاڵەکەی نزیکیەوە دەمڕێنێت، باخچەی پاریس[104]. ئەو بایەوانهەڵگەڕانەی[105] لەگەڵ درەیکدا[106] گەشتی ئاوییان کردووە لە نێو ڕەمەکییەکاندا سۆسجەکانیان دەخۆن[107].

خوونەریتی ناوچەیی[108]. هەموو ئەوانە بە کار بهێنە کە دەیانزانیت. بیانکە بە هاودەست.

- شێکسپیر ماڵە هیوگەنۆتەکەی شەقامی سلڤەر بە جێ دەهێڵێت و بە لای بێرکمەقووەکانی پەنا کەنارەکەدا دەڕوات[109]. بەڵام ڕاناوەستێت بۆ خۆراکدان بە ماقووەکەی کە بەرەو زەلەکان کەوتووەتە دوای نێچیری بێچووەقووەکانی. قووەکەی ئاڤۆن[110] شتی تری لە خەیاڵدایە.

پێکهێنانی شوێن: ئیگناتیوس لۆیۆلا[111] پەلە بکە لە یارمەتیدانم![112]

- شانۆکە دەست پێ دەکات. ئەکتەرێک لە ژێر سێبەرەکەوە دێت[113]، زرێپۆشێکی فڕێدراوی تەڕپۆشێکی کۆشکی لە بەردایە[114]، پیاوێکی بەخۆی دەنگگڕ[115]. سەهویرەکەیە،

پاشاکە، پاشایەک و ناپاشایەک[116]، ئەکتەرەکەش شێکسپیرە[117] کە بە درێژایی هەموو ژیانی کە بێواتا نەبوو[118] کۆششی لە *هاملێت*دا کردووە بۆ ئەوەی ڕۆڵی درنجەکە بگێڕێت. وتەکانی ئاراستەی بۆربج[119] دەکات، ئەو ئەکتەرە گەنجەی لەوبەر کفنی پەڵەهەورەکەوە[120] لە بەردەمیدا ڕاوەستاوە، بە ناوی خۆی بانگی دەکات:

*هاملێت، من گیانی باوکتم،*[121]

فەرمانی پێ دەدات گوێ بگرێت. بۆ کوڕێک دەدوێت، کوڕی گیانی خۆی، شازادەکە، هاملێتی گەنج و کوڕی لەشی خۆی، هامنێت شێکسپیر[122]، کە لە ستراتفۆرد مرد بۆ ئەوەی هاوناوەکەی بۆ تاتایە بژیێت.

ئایا ئەوە شیاوە کە شێکسپیری ئەکتەر، کە ناپەیدایانە سەهویرە، لە پۆشاکی دانیمارکی نێژراویشدا[123]، کە بە مەرگ سەهویرە، وتەی خودی خۆی بە کوڕەکەی خۆی بڵێت (ئەگەر هامنێت شێکسپیر بژیایە دەبوو بە جمکی شازادە هاملێت)، ئایە ئەوە شیاوە، دەمەوێت بزانم، یان ڕێی تێ دەچێت کە دەرئەنجامی لۆجیکییانەی لەو پێشەکییانەوە هەڵنەهێنجاندبێت یان پێشبینیی نەکردبێتن: تۆ کوڕە بێبەشکراوەکەیت: من باوکە کوژراوەکەم: دایکت شاژنە تاوانبارەکەیە[124]، ئان شێکسپیر، کە پێش شوو هاثەوەی بووە[125]؟

ڕەسڵ بێئارامانە دەستی پێ کرد:

- بەڵام ئەم سیخوڕییە بەسەر ژیانی خێزانیی پیاوێکی مەزنەوە.

تۆ لێرەشیت، هاوڕێی باش[126]؟

- تەنها بە لای تۆمارەوانی قەشەنشینەوە گرنگە. مەبەستم ئەوەیە، ئێمە شانۆنامەکانمان هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە هۆنراوەکانی *شا لییەر* دەخوێنینەوە بە ئێمە چی کە هۆنەرەکە چۆن ژیاوە؟ ڤیلیە دو لیل وتی: سەبارەت بە ژیانیش ئەوا خزمەتکارەکانمان ئەوە لە بری ئێمە دەکەن[127]. سیخوڕی و دزەبینینی ورتەورتی ئەو ڕۆژەی ژووری خۆئامادەکردن[128]، خواردنەوەی هۆنەرەکە، قەرزەکانی هۆنەرەکە. ئێمە *شا لییە*رمان هەیە: ئەویش نەمرە.

کە ڕوخساری میستەر بێست بانگ کرا، ڕازی بوو.

*با ئاو و شەپۆلەکانت بەسەریاندا لێشاو ببات، ئەی مانەنن مەکلێر...*[129]

ها ئێستا چی، کوڕۆ[130]، ئەو پاوەنەی بە قەرز پێی دایت کە برسیت بوو؟

باوەڕ بکە، پێویستم بوو.

ئەم نۆبڵە[131] وەربگرە.

پەکوو! زۆربەیت لە پێخەفەکەی جۆرجینا جۆنسندا[132] خەرج کرد، کچی قەشەکە. ئەگنبایت ئۆف ئینویت[133].

نیازت هەیە بیدەیتەوە؟

ئەریێ، بەڵێ.

کەی؟ ئێستا؟

هم... نەخێر.

کەواتە کەی؟

پارەی خۆمم داوە. پارەی خۆمم داوە.[134]

هێواش. خەڵکی پشتی ڕووباری بۆینە. سووچی باکووری خۆرهەڵات[135]. قەرزاریت.

بوەستە. پێنج مانگ. هەموو گەردیلەکان دەگۆڕێن. ئێستا من منێکی ترم. منەکەی تر پاوەنەکەی وەرگرت.

کۆنەهەواڵ، کۆنەهەواڵ[136].

بەڵام من، ئینتێلێخی، شێوەی شێوەکان[137]، بە یادگە چون لە ژێر گۆڕانی هەمیشەیی شێوەدام.

من کە گوناهم کرد و نوێژم کرد و بەڕۆژوو بووم[138].

منداڵێک کۆڤمی لە دارکاری ڕزگاری کرد[139].

من، من و من. من[140].

ئەی. ئی، ئای. ئۆ. یو[141].

دەنگە نەنگیدۆزەکەی جۆن ئێگلنتن پرسیی:

- دەتەوێت بە گژ نەریتی سێ سەدەدا بچیتەوە؟ سەهویری وێ لانیکەم بۆ تاتایە ڕاکشاوە. مرد، لانیکەم بۆ وێژە، پێش ئەوەی لە دایک ببێت.

ستیفن بەرپەرچی دایەوە:

- وێ شەست و حەوت ساڵ دوای ئەوەی لە دایک بوو مرد[142]. ویی بینی کە دێتە نێو دونیا و لێی دەردەچێت. یەکەم باوەشەکانی ویی برد. منداڵەکانی ویی هەڵگرت و کە وی لەسەر قەرەوێڵەی مردنەکەی کەوت ئەم خوردەی لەسەر چاوەکانی دانا بۆ ئەوەی پێڵووەکانی بە داخراوی بهێڵێتەوە.

قەرەوێڵەی مردنەکەی دایکم. مۆم. ئاوێنە داپۆشراوەکە[143]. ئەوەی منی هێنایە ئەم جیهانەوە لەوێ ڕاکشاوە، پێڵووبرۆنزی، لە ژێر هەندێک گوڵی هەرزانبەهادا. *لیلیاتا ڕووتیلانتیوم*[144].

بە تەنیا گریام.

جۆن ئێگلنتن تەماشای گوڵەئەستێرە ئاڵۆسکاوەکەی چراکەیی کرد. وتی:

- جیهان باوەڕی وایە کە شێکسپیر هەڵەی کردووە و ئەوەندەی توانیویەتی خێرا خۆی لێ دەرباز کردووە.

ستیفن بێئاکارانە وتی:

- پەح! پیاوی بلیمەت هیچ هەڵەیەک ناکات. هەڵەکانی بە ویستی خۆی بوون[145] و دەروازەی دۆزینەوەن.

دەروازەگەلی دۆزینەوە کرانەوە بۆ ئەوەی پەرتووکخانەچییە کوەیکەرە پێنەرمجیرەکەر و کەچەڵ و گوێشل و کۆشکەرەکە بهێننە ژوورەوە.

جۆن ئێگلنتن زۆرزانانە وتی:

- وەک دەبێت وێنا بکرێت، چەقاوەسوو دەروازەیەکی بەسوودی دۆزینەوە نییە. سۆکراتیس[146] چ دۆزینەوەیەک بەسوود لە کسانثیپییەوە[147] فێر بوو؟

ستیفن وەڵامی دایەوە:

- دیالێکتیک: لە دایکیشیەوە[148] ئەوە فێر بوو کە چۆن بیرکردنەوە بهێنێتە دونیاوە. ئەوەیشی لە ژنەکەی تریەوە میرتۆ[149] فێر بوو (*ئابسیت نۆمێن!*)[150]، ئێپیپسیخیدیۆنی[151] سۆکراتیدیدیۆن[152]، هەرگیز هیچ پیاو و ژنێک نایزانن[153]. بەڵام نە زانیاریی مامانەکە و نە وانەکانیکۆدڵ[154] ئەویان لە ئارخۆنەکانی شین فەین[155] و پێکی ژاراوەکەیان ڕزگار نەکرد.

دەنگە هێمنەکەی میستەر بێست فەرامۆشکەرانە وتی:

- ئەی ئان هاثەوەی؟ ئەرێ، لەوانەیە ئەومان لە بیر چووبێتەوە هەر وەک چۆن شێکسپیر خۆیشی ئەوی لە بیر چووەوە.

تەماشای وی لەسەر ڕیشی پیشخۆرەکەوە چووە سەر کەللەی نەنگیدۆزەکە، بۆ بەبیرهێنانەوە، بۆ ئەوەی لۆمەیان بکات بەڵام نەک نامیهرەبانانە، پاشان بۆ لۆلاردە سەر پەمبەکەچەڵە قشتەکە[156]، بێتاوانەکەی بەدگۆیی دەکرد.

ستیفن وتی:

- مێشکێکی گرۆتبایی باشی هەبوو[157]. یادەوەریشی تەمبەڵ نەبوو. کە بەرەو ڕۆمڤیل[158] خۆی بە کێش دەکرد یادەوەرییەکی لە جانتاکەیدا هەڵگرتبوو[159] و *ئەو کچەی لە دوای خۆم بە جێم هێشت*[160]ی دەفیکاند. ئەگەر بوومەلەرزەکەش کاتەکەی دیاری نەکات[161] ئەوا دەتوانین بزانین کەروێشکەکێوییە داماوەکە بخەینە کەیەوە، لە لانەکەی خۆیدا دانیشتووە، حەپەی تانجییەکان[162]، لغاوە قرتێنەدارەکە[163] و پەنجەرە شینەکەی[164]. ئەو یادەوەرییە، *ڤینوس و ئادۆنیس*، لە ژووری نووستنی هەر یەکێک لە کچە سۆزانییەکانی لەندەندا هەیە[165]. ئایا کاثرینە چەقاوەسووەکە ڕەزاگرانە؟ هۆرتێنشیۆ بە گەنج و جوان

بانگی دەکات[166]. پێت وایە نووسەری *ئەنتۆنیوس و کلیۆپاترا*، ئەو زیارەتکەرە بەسۆزە[167]، چاوەکانی لە پشتی سەریدا بووبێت و ناشیرینترین قەحبەی هەموو واڕویکشییەی[168] هەڵبژاردبێت بۆ ئەوەی لەگەڵیدا جووت بێت؟ باشە: وێی بە جێ هێشت و جیهانی پیاوانی بە دەست هێنا[169]. بەڵام کوڕژنەکانی[170] ژنانی کوڕێک بوون. نێر ژیان و بیر و ئاخاوتنەکانیان پێیان دابوو. ئایا خراپی هەڵبژاردووە؟ لای من وا دیارە کە خۆی هەڵبژێررابێت[171]. ئەگەر ئەوانی تر ویستی خۆیان هەبێت ئان ڕێیەکی هەیە[172]. بە قودێ، وێیە کە پێویستە سەرکۆنە بکرێت[173]. وێ دانی بۆ ڕۆ کرد، بیست و شەشی جوانکیلە[174]. خواژنە چاوبۆرەکەی[175] لە بەردەم ئادۆنیسی منداڵدا[176] دەنووشتێتەوە، خۆی دەچەمێنێتەوە تا داگیر بکات[177]، وەک دەستپێکێک بۆ پەردەیەکی هەڵئاوساو[178]، کچەتیوێکی ڕووقایمی ستراتفۆرد لە باخەگەنمێکدا دڵدارێکی گەنجتر لە خۆی دەخات[179].

ئەی سەرەی من؟ کەیە؟

وەرە!

میستەر بێست دڵخۆشانە و خێرا پەڕتووکە نوێکەی هەڵبڕی و خێرا و دڵخۆشانە وتی:

- باخەچەوان.

پاشان بە شادییەکی کاڵەوە بۆ هەمووان ورنگاندی:

*- لە نێو دۆنمی چەوانا*

*ئەم خەڵکە جوانەی ئاوایی ڕادەکشان*[180].

پاریس: لاوێنەرە باشلاوێنراوەکە[181].

بیچمێکی باڵابەرزی ماڵچنپۆشی تیسکن لە سێبەرەوە هەڵستا و ڕووی لەسەر کاتژمێرە هەرەوەزەکەی هەڵمالی[182].

- ببەخشن، دەبێت بۆ کار بگەڕێمەوە بۆ *هۆمستێد*[183].

کوێوە دەچیت؟ خاکێکی کەڵکدەر.

برۆ چالاکەکانی جۆن ئێگلنتن پرسیی:

- دەڕۆیت؟ ئەمشەو لای موور[184] دەتبینین؟ پایپەر[185] دێت.

میستەر بێست فیقاندی:

- پایپەر! پایپەر هاتووەتەوە؟

پیتەر پایپەر پەنیر و پەینی پەستاوی بۆ ناو پایپە پەمەییە پیسەکەی پرواند[186].

- نازانم دەتوانم یان نا. پێنجشەممەیە. کۆبوونەوەمان هەیە[187]. ئەگەر توانیم لە کاتدا تەواو بم.

یۆگیخێوقتووی[188] تەلاری داوسن. *پەردەلادان لەسەر ئیزیس*[189]. هەوڵمان دا[190] پەڕتووکە پالییەکەیان[191] بارمتە بکەین. لە ژێر سایە و سەیوانێکدا[192] چوارمشقی لە ئاستی ئەستێرەییدا[193] بەکار دەبێت و لۆگۆسی ئازتێکی[194]، بانگیانییەکەیان[195]، مەهامەهاتما[196]، لەسەر تەخت دادەنیشێنێت. ئێرمیسیستە بڕوادارەکان چاوەڕێی ڕووناکی دەکەن، تا بگەن بە چێلایی[197]، دەوری دەگرن[198]. لویس ئێچ ڤیکتری[199] تی کۆلفیلد ئیروین[200]. خانمانی لۆتۆس لە پێش بیناییاندا چاودێری دەکەن[201]، لووەسنەوبەرییەکانیان[202] دەدرەوشێنەوە. بوودا لە ژێر دارمۆزیلەیەکدا[203] لەسەر تەخت دادەنیشێت، لێوانلێو لە خودای خۆی. قووتدەرەوەی گیانەکان، قووتدەرەوە[204]. نێرگیانەکان، مێگیانەکان، پۆلە گیانەکان. بە شین و ڕۆڕۆ و لاواندنەوەوە قووتیان دەداتەوە، تێک دەسووڕێن، خول دەخۆن، ئاخوداخ هەڵدەکێشن[205].

*مێگیانێک ساڵانێک لە پووچییەکی نموونەییدا*
*لەم بەرگەگۆشتییەدا نیشتەجێ بوو*[206].

پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرەکە دۆستانە و پەرۆشانە وتی:

- دەڵێن شەبەیخوونێکی وێژەیی بە ڕێوەیە. دەڵێن میستەر ڕەسڵ مەڵۆیەک هۆنراوەی هۆنەرە گەنجەکانمان کۆ دەکاتەوە[207]. هەموومان بۆی تامەزرۆین.

بە تامەزرۆییەوە نیگای لە قووچەکی چراکەی بەردەمی کرد کە سێ ڕوخسار ڕووناک ببوونەوە، ڕۆشن بوونەوە.

ئەمە ببینە. لە بیرت بێت.

ستیفن داڕوانییە سەر تەپلەیەکی فراوانی بێسەر کە بەسەر دەسکەگاڵۆکی سەرروو ئەژنۆیەوە هەڵواسرابوو. کڵاوزرێ و شمشێرەکەم. بە هێواشی بە دوو پەنجەی دۆشاومژە بیساوە. ئەزموونکردنەکەی ئەریستۆتێلیس[208]. یەک یان دوو؟ ناچارێتی ئەوەیە کە بە هۆیەوە مەحاڵە کەسێک وەکوتر بێت[209]. ئارگال[210] شەبقەیەک شەبقەیەکە.

گوێ بگرە.

کۆلومی گەنج[211] و ستارکی[212]. جۆرج ڕۆبێرتس[213] لایەنە بازرگانییەکەی ڕێک دەخات. لۆنگووۆرث لە *ئێکسپرێس*دا[214] چاک پیایدا هەڵدەدات. جا، تۆ بڵێیت وا بکات؟ *شوانە*کەی کۆلومم[215] بە دڵ بوو. بەڵێ، پێم وایە ئەو شتە نائاساییەی هەیە بلیمەتی. بە ڕاست پێت وایە ئەو بلیمەتیی هەبێت؟ یەیتس سەرسامی ئەو دێڕە بوو: *وەک گۆزەیەکی گریکی لە نێو زەویی ڕووتەندا*[216]. بە ڕاست؟ هیوادارم بتوانیت ئەمشەو بێیت. مەلاخی مەڵیگنیش دێت. موور داوای لێی کرد هاینسیش بهێنێت. نوکتەکەی خاتوو میتچڵت بیست دەربارەی موور و مارتن[217]؟ ئەوەی کە موور چۆلەکەنێرەی مارتنە؟ زۆر زیرەکانەیە،

وا نییە؟ دۆن کیخۆتە و سانچۆ پانزات بە بیر دەهێنێتەوە[218]. دکتۆر سیگەرسن دەڵێت هێشتا شابەیتی نەتەوەییمان نەنووسراوە[219]. موور ئەو پیاوەیە کە دەتوانێت بیکات. سوارێکی ڕووخەمبار ئا لەم دەبلنەدا. بە کەڵتی زافەرانییەوە[220]؟ ئۆنیل ڕەسڵ[221]؟ ئای، بەڵێ، دەبێت بە زمانە کۆنە مەزنەکە بدوێت[222]. ئەی دولسینیاکەی[223]؟ جەیمز ستیفنس[224] هەندێک پێشگەلاڵەی زیرەکانە دەنووسێت. وا دیارە خەریکە گرنگ دەبین.

کۆردێلیا. *کۆردۆلیۆ*[225]. تەنیاترین کچی لیر[226].

گۆشەگیر کراوە[227]. ئێستاش باشترین مشتوماڵی فەرەنسییت[228].

ستیفن بە دەم هەڵستانەوە وتی:

- میستەر ڕەسڵ، زۆر سوپاس. ئەگەر ئەو ئەرکە بکێشیت نامەکە بدەیتە دەست میستەر نۆرمن[229]...

- ئەی، بەسەر چاو. ئەگەر بە گرنگی دابنێت ئەوا بڵاو دەکرێتەوە. نامەمان زۆر پێ گەیشتووە.

ستیفن وتی:

- تێدەگەم، سوپاس.

خودا پاداشتت بداتەوە[230]. ڕۆژنامەی بەرازەکە[231]. یەختەگابەهاوڕێگر.

سینگیش[232] بەڵێنی پێم دا بۆ وتارێک بۆ *دانا*[233]. ئایا ئیتر دەخوێنرێینەوە؟ وا هەست دەکەم بەڵێ. کۆمەڵەی گیلییەکان[234] شتێکیان بە زمانی ئایری دەوێت. هیوادارم ئەمشەو بێیت. ستاڕکی بهێنە.

ستیفن دانیشت.

پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرەکە لای ڕوخسەتخوازەکانەوە[235] گەڕایەوە. سوور هەڵگەڕابوو، دەمامکەکەی وتی:

- میستەر دێدالۆس، تێڕوانینەکانت زۆر ڕۆشنگەرانەن.

بەمسەر و ئەوسەردا جیرەجیری کرد، بە خشپەڕێ بە بەرزیی شۆپنێک لە ئاسمان نزیک کەوتبووەوە[236]، پاشان هێمنانە و ڕووکەشکراو بە غەڵبەغەڵبی دەرچووەکە وتی:

- ئایا ئەوە تێڕوانینی خۆتە، ئەوەی ئەو کات، کە وێ بۆ هۆنەرەکە بەئەمەگ نەبووە؟

ڕوخسارێکی ترساو لێم دەپرسێت. بۆ هات؟ بەتۆرەیی یان ڕووناکییەکی ناخەکی[237]؟

ستیفن وتی:

- لە هەر کوێ سازانێک هەبێت، ئەوا دەبێت پێشتر لێکپچڕانێک هەبووبێت.

- بەڵێ.

مەسیحڕێوی تروزێکی چەرمی لە بەردایە، خۆی دەشارێتەوە، هەڵهاتووێکی نێو چنگاڵی درەختە وەیشوومەگرتووەکان، لە هاتوهاوار. هیچ دەڵەڕێوییەک ناناسێت، بە تەنیا لە ڕاوگەکەدا دەڕوات. ژنانێکی بۆ وی هەڵگەڕاندووەتەوە، خەڵکانێکی نەرمونیان، لەشفرۆشێکی بابل، ژنانی دادوەران، ژنانی گۆشتنی مەیگێڕ. ڕێوی و قاز[238]. لە نیو پلەیسیشدا لەشێکی بێئابرووی سست کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خوێنشیرین بووە، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە قەد دارچین نویَ و شیرین بووە، ئێستاش گەڵاکانی دەوەرن، هەموو، ڕووت، زنۆقچوو لە گۆڕی تەنگ و لێنەبووردن[239].

- بەڵێ، کەواتە تۆ پێت وایە کە...

دەرگاکە لە دوای دەرچووەکەوە داخرا.

لە ناکاو پشوو باڵی بەسەر ژوورە گومەزدارە نهێنیپارێزەکەدا کێشا، پشووی هەوای گەرم و ڕامان.

چرایەکی ڤێستایی[240].

لێرە لە شتانێک ورد دەبێتەوە کە نەبوون: ئایا قەیسەر دەبوو بە چی ئەگەر بڕوای بە پێشزانەکە بکردایە[241]: چی ڕووی دەدا: شیانی شیاو وەک شیاو[242]: شتانێکی نەزانراو: ئەخیلیفس کە لەگەڵ ژناندا دەژیا ناوی چی بوو[243].

بیرگەلێکی لەدووداڕەنراوی دەورم، لە سندوقی مۆمیادا، بە هەزبێلەی وشە هەتوان کراون. ثۆث، خواوەندی پەڕتووکخانە، باڵدارەخوایەک، مانگتاجپۆشێک[244]. جا گوێم لە دەنگی سەرۆککاهینە میسرییەکەیە[245]. *لە ژووری بۆیەکراودا کە بە تەتەڵە پڕ کرابووەوە*[246].

بێجووڵەن. ڕۆژێک لە ڕۆژان لە مێشکی پیاواندا زیندوو بوون. بێجووڵە: بەڵام کەڵکەڵەیەکی مەرگیان تێدایە، بۆ ئەوەی سەربردەیەکی مەستی و ڕاستی بە گوێمدا بڵێن، هانم بدەن تۆڵەی ویستەکەی ئەوان بکەمەوە.

جۆن ئێگلنتن تێڕاما:

- بێگومان. لە هەموو پیاوە مەزنەکاندا ئەو مامکترینیانە. جگە لەوەی ژیاوە و ئازاری چەشتووە هیچ نازانین. تەنانەت ئەوەندەش نا. ئەوانی تر وابەستی پرسەکەمان دەبن[247]. سێبەرێک بەسەر هەموو ئەوانەی تردا هەڵواسراوە کە ماونەتەوە.

میستەر بێست پرسیی:

- بەڵام *هاملێت* زۆر خودییە، وا نییە؟ مەبەستم ئەوەیە، جۆرە دۆسێیەکی تایبەخۆیە[248]، نازانیت، دەربارەی ژیانە تایبەخۆکەی. مەبەستم ئەوەیە، من یەک زەڕڕەش بە لامەوە گرنگ نییە، نازانیت، کێ کوژرا یان کێ تاوانبارە...

پەڕتووکێکی بێتاوانی لەسەر لێواری مێزەکە دانا، بەرهەڵستیکردنەکەی بە بزە دەربڕی. دۆسێی تایبەخۆی نێو ماکەکە. *تا ئین بۆد ئێر ئان تییەر. تایم ئین مە هاگەرت*[249]. بوێرلایەکی[250] بخە سەر، جۆنەبچکۆل[251].

وەهای گوت جۆنەبچکۆل ئێگلنتن:

- بەوەدا کە مەلاخی مەڵیگن پێی وتین خۆم بۆ دژوازی ئامادە کردبوو بەڵام دەبێت ئاگادارت بکەم کە ئەگەر دەتەوێت باوەڕم بهەژێنیت کە گوایە شێکسپیر هاملێتە ئەوا ئەرکێکی سەختت لە پێشە.

لەسەرم بوەستن[252].

ستیفن بەرگەی ژەهری ئەو چاوە بەدکارانەی گرت کە لە ژێر برۆی بژدا مۆن دەبریسکانەوە. باسیلیسک. *ئێ کواندۆ ڤێدێ لووۆمۆ لاتۆسکا*. بەڕێز برونێتتۆ[253]، سوپاست دەکەم بۆ ئەو وتەیە[254].

ستیفن وتی:

- وەک چۆن ئێمە، یان دایکە دانا[255]، ڕۆژبەڕۆژ لەشەکانمان دەتەنین و هەڵیاندەوەشێنینەوە، گەردیلەکانیان بەملا و ئەولادا هاتوچۆ دەکەن، هونەرمەندەکەش ئاوها وێنەکانی دەتەنێت و هەڵیاندەوەشێنێتەوە[256]. وەک چۆنیش خاڵەکەی لای ڕاستی سەر سنگم[257] هەر لە لەدایکبوونمەوە لەو شوێنەدایە، گەرچی لەشم کات دوای کات بە شتی نوێ تەنراوە، ئاوهاش لە سەهویری باوکە نابێدەنگەکەوە وێنەی کوڕە نەژیاوەکە دەردەکەوێت. لە ساتی بەتینی وێناکردندا کاتێک مێشک، وەک شێڵی دەڵێت، وەک خەڵووزێکی کزبوو وایە[258]، ئەوەی کە وا بووم ئەوەیە کە ئێستاش وام و هەر ئەوەشە کە لەوانەیە بشێت ببم. کەواتە لە ئایندەدا، کە خوشکی ڕابردووە، ڕەنگە خۆم هەر بەم جۆرەی ئێستا ببینم کە لێرە دانیشتووم بەڵام بە وێنەدانەوەی ئەوەی کە ئەو کاتە دەبم.

درەمۆندی هاوثۆرندن[259] لەسەر ئەو پلیکانەیە یارمەتیی دایت.

میستەر بێست گەنجانە وتی:

- بەڵێ. هەست دەکەم کە هاملێت زۆر گەنجە[260]. ڕەنگە ناخۆشییەکە لە باوکەکەوە بێت بەڵام ئەو بەشانەی لەگەڵ ئۆفیلیادایە بێگومان لە کوڕەکەوەن.

هەڵەی بادا[261]. وی لە نێو باوکمدایە. من لە کوڕەکەیدا.

ستیفن بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەو خاڵە دواهەمین شتە کە دەڕوات[262].

جۆن ئێگلنتن دەمەلاسکەیەکی هیچ کەنینی نییەی کرد[263]. وتی:

- ئەگەر ئەوە نیشانەی زگماکیی بلیمەت بووایە[264]، ئەوا لە بازاڕدا بەردت هەڵبدایە بەر سەری بلیمەت دەکەوت. شانۆنامەکانی ساڵانی دوایی شێکسپیر کە ڕێنان[265] زۆر سەرسامیان بوو، هەناسەی گیانێکی نوێ هەڵدەمژن.

پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرەکە هەناسەی دایەوە:

- گیانی سازان[266].

ستیفن وتی:

- ناکرێت سازان ڕوو بدات ئەگەر لێکپچڕانێک ڕووی نەدابێت.

وتت.

- ئەگەر دەتەوێت بزانیت ئەو ڕووداوانە چین کە سێبەری خۆیان بەسەر دۆزەخی کاتی *شا لییەر، ئۆتێللۆ، هاملێت، ترۆیلوس و کرێسیدا*دا کێشاوە، ئەوا سەرنج بدە تا ببینیت کەی و چۆن سێبەرەکە لاچووە. چی دڵی پیاوێک نەرم دەکات، کە لە زریانی تۆقێنەردا کەشتییەکەی تێکشکاوە، دادگایی کراوە، وەک ئولیسێکی تر، یان پێریکلیس، شازادەی تایەر؟[267]

سەر، بەسوورەقووچەکقەپاغنراو، ڕەشەبالێداو، خوێئاوککوێر[268].

- منداڵێک، کچێک، خرایە باوەشیەوە، مارینا[269].

جۆن ئێگلنتن دەستنیشانی کرد:

- لاربوونەوەی سۆفستاییەکان بەرەو توولەڕێی ئەپۆکریفاکان[270] ڕێژەیەکی نەگۆڕە. شاڕێکان وەرەزکەرن، بەڵام بە شارت دەگەیەنن[271].

بەیکنی باش: بۆگەنی کردووە[272]. شێکسپیر چۆلەکەنێرەی بەیکنە[273]. پەرلەهەڵماقۆکەرەکان[274] شاڕێ دەگرنە بەر. شوێنکەوتەی کنەی مەزنن. چ شارێک، مامۆستا باشەکان؟[275] لە پشت ناسناودا نقەیان لە خۆیان بڕیوە[276]: ئەی ئی، ئیۆن[277]: مەگی، جۆن ئێگلنتن. خۆرهەڵاتی خۆر، خۆرئاوای مانگ: *تییەر نا-نۆگ*[278]. هەردووک جزمەلەپێ و گۆچانبەدەست[279].

*چەند میلمان ماوە بۆ دەبلن؟*

*سێ بیستی و دە، قوربان.*

*دەتوانین پێش هەڵکردنی مۆم بگەینە ئەوێ؟*[280]

ستیفن وتی:

- میستەر براندێس وەک یەکەم شانۆنامەی سەردەمی کۆتایی وەریگرتووە[281].

- بە ڕاست؟ ئەی میستەر سیدنی لی یان میستەر سایمن لازاروس لە بارەیەوە چی دەڵێن؟ کە هەندێک کەس سەلمااندوویانە ئەوە ناوەکەیەتی.[282]

ستیفن وتی:

- مارینا، منداڵێکی زریانە، میراندا ناوازەیەکە، پێردیتا ئەوەیە کە ون بوو[283]. ئەوەی ون بوو پێی بەخشرایەوە: منداڵی کچەکەی[284]. پێریکلیس دەڵێت: *ژنە بەوەجەکەم لەم کچە دەچوو*[285]. ئایا هیچ پیاوێک کچەکەی خۆش دەوێت ئەگەر دایکەکەی خۆش نەوێت؟[286]

میستەر بێست کەوتە ورنگاندن:

- هونەری بوون بە باپیر. *لاخ دێتخو گغۆند...*[287]

- ئایا وی وێنەیەکی تری لەدایکبوونەوە لە وێدا نابینێت، کە یادی گەنجێتیی خۆیشی تێدا بێت؟

دەزانیت باسی چی دەکەیت؟ خۆشەویستی، بەڵێ. ئەو وشەیەی هەموو مرۆڤێک دەیزانێت[288]. *ئامۆر ڤێرۆ ئالیکوید ئالیکوی بۆنوم ڤولت ئوندێ ئێت ئێیا کوای کۆنکوپیشیموس...*[289]

- وێنەی خودی خۆی لای پیاوێکی خاوەن ئەو شتە سەیرە بلیمەتی پێوەری هەموو ئەزموونێکە، بەرجەستەیی بێت یان ڕەوشتی. ئەم جۆرە خواستەی پێ دەگات. وێنەگەلی نێرینەی تر لە خوێنی خۆی وی ڕەت دەکەنەوە. هەوڵی ناحەزی سرووشت لەواندا دەبینێت بۆ پێشبینیکردن یان خۆدووبارەکردنەوە[290].

نێوچاوانە دلۆڤانەکەی پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرەکە بە هیوا و گەشییەوە داگیرسا.

- هیوادارم میستەر دێدالۆس بۆ ڕۆشنبیرکردنی خەڵک کار لەسەر بیردۆزەکەی بکات. دەشبێت ناوی ڕاڤەکارێکی تری ئایر بهێنین، میستەر جۆرج بێرنارد شۆ[291]. ناشبێت میستەر فرانک هاریسمان[292] لە بیر بچێت. بێگومان وتارەکانی وی لەسەر شێکسپیر لە *ساتردەی ڕیڤیودا*[293] نایاب بوون. سەیرە کە ئەویش پەیوەندییەکی ناشادمان لەگەڵ خانمە تاریکرەنگەکەی نێو سۆنێتەکاندا پیشان دەدات[294]. ڕکابەرە ویستراوەکە ویلیەم هێربێرت-ی ئێرلی پێمبرۆکە. لام وایە ئەگەر پێویست بێت هۆنەرەکە ڕەت بکرێتەوە، ئەوا دیارە ئەو جۆرە ڕەتکردنەوەیە زیاتر لەگەڵ – چی بڵێم؟ - ئەو تێڕوانینانەماندا بگونجێت کە نەدەکرا ببووایە[295].

گونجاوانە کۆتایی پێ هێنا و سەرێکی دڵنەرمانەی لە نێویاندا ڕاگرت، هێلکەی ئۆکان[296]، خەڵاتی بگرەوبەردەکەیان.

بە مێردەزمانێکی سەنگینەوە لەگەڵ وێدا جەنابتان و حەزرەتتان دەکات. میریام، ئایا خۆشت دەوێت؟ پیاوەکەتت خۆش دەوێت؟[297]

ستیفن وتی:

- ڕەنگە ئەوەش بێت. وتەیەکی گۆتە[298] هەیە کە میستەر مەگی حەز دەکات ئاماژەی پێ بدات. ئاگادار بە لەوەی لە گەنجیتدا خۆزگەی بۆ دەخوازیت چون لە ناوەڕاستی تەمەنتدا پێی دەگەیت[299]. بۆچی لۆردیلەیەک[300] دەنێرێت بۆ لای یەکێکی *بۆنارۆبا*[301]، کەنداوێک کە گشت پیاوان سواری دەبن[302]، خانمێکی ئابروومەند بە کچێنییەکی ئابڕووچووەوە[303]، بۆ ئەوەی وێی بۆ ساز بکات؟ خۆی سەروەری زمان بوو[304] و خۆی کردووە بە خانەدانێکی دەغەڵ[305] و *ڕۆمیۆ و جولیێت*ی نووسیوە[306]. بۆچی؟ لە ناوەختدا بڕوای بە خۆی کوژرا[307]. سەرەتا لە باخەگەنمێکدا (دەبێت بڵێم باخەچەوانێکدا)[308] ژێر خرا و دوای ئەوە هەرگیز لە چاوانی خۆیدا سەرکەوتوو نابێت تەنانەت لە پێکەنین و ڕاکشانیشدا[309] سەرکەوتووانە یاری ناکات. خۆنمایشکردنی دۆنجوڤانیزمانە[310] دادی نادات. هیچ شکستێکی دواتر شکستی یەکەم نابەزێنێت. کەڵبەی بڕەکەکە ئەو شوێنەی زامدار کرد کە خۆشەویستی خوێنلێچۆڕاوانە لێی کەوتووە[311]. ئەگەر چەقاوەسووەکە بشبەزێت[312] ئەوا هەر چەکە نادیارە ژنانەییەکەی دەمێنێت[313]. وا هەست دەکەم لە وشەکاندا نەقیزەیەکی گۆشتن هەبێت بەرەو خولیایەکی تر ڕێنموونیی بکات، سێبەرێکی تاریکتر لەوەی یەکەم، تەنانەت تێگەیشتنی لە خودی خۆیشی تاریکتر دەکاتەوە[314]. چارەنووسێکی هاوشێوە چاوەڕێیەتی و دوو شێتگیرییەکەش لە گەرداوێکدا[315] تێکدەئاڵێن.

گوێ دەگرن. منیش دەیڕژێنمە ناو دالانی گوێکانیانەوە[316].

- پێشتر گیانەکە کوشندانە لێی دراوە، ژەهرێک ڕژێنراوەتە نێو دالانی گوێیەکی نووستووەوە. بەڵام ئەوانەی بە نووستوویی کوژراون ناتوانن شێوەی کوشتنەکەی خۆیان بزانن مەگەر دروستکەرەکەیان لەو دونیایەی تردا کە دێت ئەو زانیارییە بە گیانیان ببەخشێت. سەهویرەکەی پاشا هاملێت ناتوانێت ژەهرکوژکردنەکە و دێوە دووپشتەکەی هانی داوە بزانێت ئەگەر دروستکەرەکەی زانیاریی پێ نەبەخشیبێت[317]. هەر بۆیەش وتەکە (ئینگلییە لار و ناشۆخەکەی[318]) هەمیشە بەرەو جێیەکی تر بەرەو دوا بادەداتەوە. لاقەکەر و لاقەکراو، هەر لە گۆ شەلفەییە دەمارشینەکانی لوکریسەوە[319] تا خاڵە پێنجگەردییەکەی سنگی ڕووتی ئیمۆجین[320] دەیەوێت و ناشیەوێت[321] لەگەڵ ویدا بڕوات. دەگەڕێتەوە، شەکەتە لەو دروستکراوانەی خۆی کە بۆ شاردنەوەی خۆی لە خۆی

هەڵیچنیون، سەگێکی پیرە و برینێکی کۆن دەلێسێتەوە[322]. بەڵام، لەبەر ئەوەی لەدەستچوون دەسکەوتی وییە، لە کەسێتییەکی کەمنەبووەوەدا بەرەو تاتایی هەنگاو دەنێت، لەو داناییانەی نووسیونی و ئەو یاسایانەی ئاشکرای کردوون فێر نەبووە. دەمپارێزەکەی هەڵداوەتەوە[323]. سەهویریێکە، ئێستاش سێبەرێکە، باکەی لای بەردەکانی ئێلسینۆر یان هەر شتێک کە بتەوێت[324]، دەنگی دەریاکە، دەنگێک کە تەنها لە دڵی خۆیدا دەبیسترێت کە خۆی کرۆکی سێبەرەکەی خۆیەتی، کوڕەکە لەگەڵ باوکەکەدا هاوکرۆکە.

- ئامین!

لە لای بەردەرگاکەوە وەڵام درایەوە.

دوژمنەکەم، منت دۆزییەوە؟[325]

*ئۆنتخاکت*[326].

دەموچاوێکی هەرزە، ڕەزاتاڵ وەک هی جانکوش، بەک مەڵیگن هاتە پێش، پاشان نادەربەست لە جلە ئاڵوواڵاکەیدا، بەرەو پێشوازیی بزەکانیان. بروسکەکەم[327].

لە ستیفنی پرسی:

- ئەگەر هەڵە نەبم، باسی بڕبڕەدارە گازییەکەت[328] دەکرد؟

یەلەگیگوڵەتووتیاییلەبەر بە شەبقە پەنەماییە داکەنراوەکەیەوە کە وەک داردەستی گەپجاڕ وا بوو دڵخۆشانە سڵاوی کرد.

پێشوازیی لێ دەکەن. *ڤاس دو ڤێلاخست ڤیست دو نۆخ دینن*[329].

نەوەی گاڵتەجاڕەکان: فۆتیوس، مەلاخیی ساختە، یۆهان مۆست[330].

ئەوەی خودی خۆی لە ڕێی سەهویری پیرۆزەوە زاوە و خۆی وەک ئەگنبایەر خۆیی ناردووە بۆ نێوان خۆی و دیتران، ئەوەی شەیتانەکانی خۆی بەدکارییان بەرانبەری کردووە، ڕووتکراوەتەوە و قەمچیی لێ دراوە، وەک شەمشەمەکوێرە بە دەرگای کادێندا بە بزمار داکوتراوە، بەسەر دارقەنارەیەکەوە لە برسدا مردووە، ئەوەی لە وی گەڕا بینێژێت، هەڵستایەوە، دابەزیوە بۆ دۆزەخ، ڕۆیشت بۆ ئاسمان و ئەم هەزار و نۆ سەد ساڵە لەوێ لای دەستەڕاستی خۆیەوە دانیشتووە، کەچی لە ڕۆژی دواییدا دێتەوە بۆ داوەریی زیندووان و مردوون کاتێک هەموو زیندووان دەبێت دەستبەجێ بمرن[331].




*گلۆریا ئین ئێکسێلسیس دییۆ*[332]

دەستەکانی هەڵدەبڕێت. پەردەکان دادەکەون. ئای، گوڵان! زەنگەکان و زەنگەکان و زەنگەکان دەزرنگێنەوە[333].

پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرەکە وتی:

- بەڵێ، بێگومان، گفتوگۆیەکی زۆر فێرکەرانەیە. دڵنیام میستەر مەڵیگنیش لە بارەی شانۆنامەکە و شێکسپیرەوە بیردۆزی خۆی هەیە. دەبێت هەموو دیوەکانی ژیان پیشان بدرێن.

بە هەموو دیوەکاندا بە یەکسانی بزەی کرد.

بەک مەڵیگن بیری کردەوە، تاسا، وتی:

- شێکسپیر؟ وا بزانم ناویم بیستووە.

بزەیەکی تیژپەڕی شاد لە ڕوخسارە هێمنەکەیەوە تروسکەی کرد. خێرا بە بیری هاتەوە، وتی:

- هەر بۆ دڵنیابوونەوە، ئەو کابرایەیە کە وەک سینگ دەنووسێت[334]؟

میستەر بێست ئاوڕی بۆی دایەوە. وتی:

- هاینس ئێستا ڕۆیشت. بینیت؟ دواتر لە ب. هـ. د.[335] دەتبینێت. چوو بۆ لای گیل[336] بۆ ئەوەی *گۆرانییە دڵدارییەکانی کۆنەخت*ی هاید[337] بکڕێت.

بەک مەڵیگن وتی:

- بە لای مۆزەخانەکەدا هاتم. لێرە بوو؟

جۆن ئێگلنتن وەڵامی دایەوە:

- هاووڵاتییەکانی هەڵبەستوانەکە کەمێک ماندوون، ڕەنگە لە بیردۆزسازییە پرشنگدارەکانمان. بیستم دوێشەو خانمەئەکتەرێک بۆ چوارسەدوهەشتەمین جار لە دەبلندا ڕۆڵی هاملێتی گێڕاوە[338]. ڤاینین پێی وا بووە کە شازادەکە ژن بووە[339]. کەس نەیکردووە بە پیاوێکی ئایر؟ پێم وایە دادوەر بارتن[340] بە دوای هەندێک سەرەداودا دەگەڕێت. (جەنابی پلەبەرزیان نەک جەنابی لۆردیان) سوێند بە سانت پاتریک دەخوات[341].

میستەر بێست دەفتەری تێبینییە پرشنگدارەکەی بەرز کردەوە و وتی:

- لە هەمووان پرشنگدارتر ئەو چیرۆکەی وایلدە. ئەو *وێنەکەی میستەر دەبلیو ئێچ*-ە کە تێیدا دەیسەلمێنێت کە ویلی هیوز سۆنێتەکانی نووسیوە، پیاوێک گشت ڕەنگ[342].

پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرەکە پرسیی:

- بۆ ویلی هیوز[343]، وانا؟

یان هیوی ویلز[344]؟ میستەر ویلیەم خۆی. دەبلیو ئێچ: من کێم؟

میستەر بێست بە ئاسانی ڕاڤەکەی دەستکاری کرد، وتی:

- مەبەستم بۆ ویلی هیوز، بێگومان هەمووی دژوازییە، نازانیت، هیوز Hughes و هیوز و hews و هیوس hues، ڕەنگ، بەڵام ئەوە زۆر میناکی ئەو شێوەیەیە کە کارەکانی دەکات. ئەوە کرۆکی وایلدە، نازانیت. ساوینی سووک.

کە بزەی کرد، نیگای ڕووخساریانی بە سووکی ساوی، مێردمنداڵێکی زەردفل. کرۆکی دەستەمۆی وایلد[345].

زۆر زیرەکیت. سێ پێک ئیشکەباهەت بە دوکاتەکانی دان دیسی خواردووەتەوە[346].

چەندم خەرج کردووە؟ ئای، بڕێک شڵنگ.

بۆ پۆلێک ڕۆژنامەوان. شۆخیی تەڕ و وشک[347].

زیرەکی. تۆ پێنج هەستەکەت[348] دەدەیت بە هاوپۆشی گەنجی کە خۆی پێوە بادەدات[349]. سیمای ئارەزووی تێربوو[350].

زۆری تریش دەبن. وێم بۆ بگرە. لە کاتی جووتبووندا. جۆڤ، جووتبوونەوەرزێکی فێنکیان بۆ بنێرە[351]. بەڵێ، بۆ وێ دەگمێنێت.

حەوا. گوناهێکی سکگەنمیی ڕووت. مارێک خۆی لە وێ دەئاڵێنێت، ماچی کەڵبە[352].

پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرەکە دەیپرسی:

- پێت وایە ئەوە تەنها دژوازییەکە؟ هەرگیز گاڵتەباز ئەو کاتەی کە زۆر شێلگیرە شێلگیرانە وەرناگیرێت.

بە شێلگیری باسی شێلگیریی گاڵتەبازیان کرد.

دەموچاوە دووبارە نادۆستانەبووەکەی بەک مەڵیگن کەمێک تەماشای ستیفنی کرد. پاشان بە سەرلەقاندنەوە نزیک بووەوە، بروسکەیەکی قەدکراوی لە گیرفانی دەرهێنا. لێوە بزۆکەکەی خوێندیەوە و بە دڵخۆشیی نوێوە بزەی کرد. وتی:

- بروسکە! دنەدەرێکی سەمەرە! بروسکە! فەرمانێکی پاپایی!

لەسەر سووچێکی مێزە ڕووناکنەبووەوەکە دانیشت، بە دەنگی بەرز بە چێژەوە خوێندیەوە:

- *سۆزپەرست ئەو کەسەیە کە بێ خۆتووشکردن بە قەرزارییە مەزنەکە چێژ لە کارێکی کراو دەبینێت*[353]. واژۆ: دێدالۆس. ئەمەت لە کوێوە لێداوە؟ لە قەحبەخانەکانەوە[354]؟ نا. کۆلێج گرین[355]. چوار کویدەکەت لووش دا؟ پوورم باوکە ناهاوکرۆکەکەت ئاگادار

دەکاتەوە. بروسکە! مەلاخی مەڵیگن، ذەشیپ، دامێنی شەقامی ئابەی. ئای، هەی نەگۆبازی بێهاوتا! ئەی کینچیلکەی بەقەشەکراو!

بە کەیفەوە نامە و زەرفی نامەکەی ئاخنییەوە گیرفانی بەڵام بە زاری ئایریی سکاڵاکەرانەوە لاواندیەوە:

- بەو شێوەیەیە کە پێت دەڵێم، شەکرۆکە گیان، من و هاینس فرە نەخۆش بووین، ئەو کاتەی خۆی هێنایە ژوور. بە سرتە دەمانوت کە ژاراوی سێدارە برایەک دەوروژێنێت[356]، پێم وا بوو، بە زەوقیشەوە دەشەلێت. ئێمەش کاژێرێک دوو کاژێر سێ کاژێر لە کۆنری[357] بەتۆرەوە دانیشتووین چاوەڕێی بیرەیەکمان دەکرد.

کەوتە شیوەن:

- ئێمەش لەوێین، داخەکەم، تۆش بێئاگا لێمان تێکەڵەکانتمان بۆ دەنێریت و ئێمەش ئاوا مەترێک زمانمان دەرهاتبوو وەک قەشە تینووەکان کە خەریکن بۆ چۆڕە میزێک دەبوورێنەوە[358].

ستیفن پێکەنی.

بەک مەڵیگن خێرا و ئاگایانە نوشتایەوە. وتی:

- سینگی خانەبەکۆڵ[359] بە دواتدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بتکوژێت. بیستوویەتی کە لە گلاسثیول[360] بەسەر دەرگای ڕاڕەوەکەیدا میزت کردووە. بە پامپووتییەکانیەوە[361] لە دەرەوەیە بۆ ئەوەی بتکوژێت.

ستیفن بە سەرسامییەوە وتی:

- من! ئەوە باربووی تۆ بوو بۆ وێژە.

بەک مەڵیگن بە شادییەوە بۆ دوا پاڵیدایەوە، بە ڕووی بنمیچە تاریکە گوێقوڵاخەکەدا[362] پێدەکەنی. پێکەنی:

- بتکوژێت!

ڕوخسارێکی ترشی دەعبایی لە شەقامی سانت ئەندرێ دێز ئاخ بەسەر تێکەڵەی وردەسییەکانماندا دژم دەجەنگا[363]. بە وشە لە وشە بۆ وشە، *پالابراس*[364]. ئۆشین و پاتریک[365]. فاونێکی نێری لە دارستانی کلامار بینی[366]، بوتڵەشەرابێکی دەوەشاند. *سێ ڤۆندغۆدی سان!*[367] بکوژی ئایری. وێنەی خۆی بە گەڕۆکی بینی. من هی خۆم. لە دارستانەکەدا گەمژەیەکم دی[368].

فەرمانبەرێک لە درزە کراوەکەی دەرگاکەوە بانگی کرد.

- میستەر لیستەر.

- ... کە تێیدا هەموو کەسێک دەتوانێت هی خۆی بدۆزێتەوە. بۆیە جەنابی دادوەر مادن لە *یادنامەی ماستەر ویلیەم سایلنس*دا زاراوەکانی ڕاوی دۆزیوەتەوە[369]... بەڵێ؟ چییە؟

فەرمانبەرەکە هاتە پێش و کارتێکی پێشکەش کرد، وتی:

- بەڕێزێک لە *فریمان*ەوە لێرەیە. دەیەوێت دۆسێکانی *کیلکەنی پیپلی*[370] پار ببینێت.

- بێگومان، بێگومان، بێگومان. ئایا ئەو بەڕێزە...؟

کارتە پەرۆشەکەی وەرگرت، تەماشای کرد، نەیبینی، بە نەبینراوی داینا، سەیری کرد، پرسیی، جیرەی کرد، پرسیی:

- ئایا خۆی؟... ئەها، ئەوەتا!

خێرا بە گالیارد[371] ڕۆیشت، دەرچوو. لە ڕاڕەوە خۆرگرتووەوەکەدا بە پەرۆشییەکی زمانپاراوانەوە دووا، وابەستەی ئەرکی سەر شان، جوانترین، نیانترین، دڵسۆزترین شەبقەزل[372].

- ئەم بەڕێزە؟ *فریمانس جۆرنەڵ*؟ *کیلکەنی پیپل*؟ هەر بۆ دڵنیابوونەوە. ڕۆژباش، قوربان. *کیلکەنی*... بێگومان لامانە...

شەبەنگێکی ئارامگر بە دەم گوێگرتنەوە چاوەڕێی کرد.

- هەموو ڕۆژنامە سەرەکییەکانی ناوچەکان... *نۆرثێرن ویگ، کۆرک ئێگزامینەر، ئێنیسکۆرثی گاردیەن*[373]. پار. ١٩٠٣... ئەرک نەبێت دەتوانیت... ئیڤانس[374]، ڕێنموونیی ئەم بەڕێزە بکە... ئەگەر بەڕێزتان دوای ئەو فەرمانب... یان، حەز دەکەیت ڕێم بدە... ئا لێرەوە... فەرموو، قوربان...

زمانپاراو، کارناسانە، بەرەو هەموو ڕۆژنامە ناوچەییەکان ڕێنموونیی کرد، بیچمێکی نوشتاوەی تاریک دوای پاژنە پەلەکردووەکانی دەکەوت.

دەرگاکە داخرا.

بەک مەڵیگن نەڕاندی:

- شینییەکە[375]!

هەڵبەزییەوە و کارتەکەی فڕاند.

- ناوی چی بوو؟ ئایکی موسا[376]؟ بلووم.

نەیبرییەوە.

- یەهوا، کۆکەرەوەی چووک[377]، زیاتر نییە. لە مۆزەخانەکە بینیم کە چووم بۆ سڵاوکردن لە ئەفرۆدیتیی کەفزادە[378]. ئەو دەمە گریکییەی هەرگیز لە نوێژکردندا نەشێوێنراوە[379]. دەبێت هەموو ڕۆژێک ڕێزلێنانی بۆ بکەین. ژینی ژین! لێوەکانت گڕ بەردەدەن[380].

لە ناکاو ئاوڕی بۆ ستیفن دایەوە و وتی:

- دەتناسێت. باوکت دەناسێت. ئای، دەترسم، لە گریکییەکان گریکیترە[381]. چاوە ڕەنگپەڕیوە جەلیلییەکانی وی[382] لەسەر کەندڕەکەی ناوەڕاستی لەشی وێ بوو. ڤینوس کالیپیگۆس[383]. ئای لە گرمەی ئەو بەرمووسڵدانەی! *خوداکە شوێنی دەکەوێت کچەش خۆی دەشارێتەوە*[384].

جۆن ئێگلنتن بە ڕەزامەندیی میستەر بێستەوە بڕیاری دا:

- دەمانەوێت زیاتر ببیستین. تازە خەریکە خاتوو ش سەرنجمان ڕابکێشێت. تا ئێستا، ئەگەر هەرگیز بیرمان لێی کردبێتەوە، هەر وەک گرێسیلدایەکی ئارامگر[385]، یان پینێلۆپیایەکی لەماڵماوە[386] سەیرمان کردووە.

ستیفن وتی:

- ئەنتیسثێنیس، خوێندکاری گۆرگیاس، خەڵاتی جوانیی لە دەڵەقۆڕەکەی کیریۆس مێنێلاوس سەندەوە، هێلێنی ئارگۆسی، ماکەرە تەختەییەکەی ترۆیا کە بێشومار پاڵەوانی تێدا نووستووە، پاشان بە پینێلۆپیای داماوی دا[387]. وی بیست ساڵ لە لەندەن ژیا، لە ماوەی بەشێک لەو کاتەدا مووچەیەکی وای پەیدا دەکرد کە یەکسان بوو بە مووچەی ڕاوێژکاری پاشای ئایرلاند[388]. ژیانی دەوڵەمەند بوو. هونەرەکەی، زیاتریشە لەو هونەری دەرەبەگێتییەی والْت وایتمان باسی دەکات، هونەری زیادەڕەوییە[389]. کولیچەی شاماسیی گەرم، کووپی سەوز شەرابی سپی، سۆسی هەنگوین، شەکری گوڵەباخ، مەرزەپان، کۆتری بە تڕێڕێویلە ئاخنراو، شەکرەتۆسی[390]. کە سێر والْتەر ڕالەییان دەستبەسەر کرد بە کۆڵیەوە نیو ملیۆن فرانک و جووتێک کەمەربەندی گرانبەهای پێبوو[391]. ئەلیزا تیودەر ژنە سووخۆرەکە ئەوەندە دەرپێی هەبوو کە بتوانێت لەگەڵ ئەوەی شەبادا ململانێ بکات[392]. وی بیست ساڵ لەوێ لە نێوان خۆشەویستیی هاوسەریی و چێژە داوێنپاکییەکانی و خۆشەویستیی داوێنپیسانە و خۆشییە ناپەسەندەکانیدا کاتی بە فیڕۆ دا[393]. چیرۆکەکەی مەنینگهام دەزانیت لە بارەی ژنی بازرگانەکەوە کە دوای ئەوەی دیک بۆربج لە *ریچاردی سێیەم*دا دەبینێت بۆ نێو پێخەفەکەی خۆی بانگهێشتی دەکات ئینجا چۆن شێکسپیر، کە گوێی لێ دەبێت[394]، بێ هەراوزەنای تر دەربارەی هیچ[395] مانگاکە بە قۆچەکانی دەگرێت[396] و کە بۆربج دێت لە دەرگاکە بدات[397]، لە ژێر بەتانییەکانی سەر کەڵەشێرە

خەساوەکەوە وەڵام دراوەتەوە: *ویلیەمی داگیرکەر پێش ڕیچاردی سێیەم هات*. پاشان خانمۆڵێ دڵخۆشەکە، فیتن-ی دۆست، نەڕاندوویە ئای و سواری بووە[398]، تەیرۆکە بەزەوقەکەی ویش، خاتوو پینێلۆپیا ڕیچ[399]، ژنێکی جۆرێتی پاکە و بۆ یاریکەرێک گونجاوە، قەحبەکانی بانکسایدیش، پنسێک بۆ جارێک[400].

*کوغ لاغەین. ئۆنکۆغ ڤانت سوو. نوو فێغۆن دو پۆتی کۆشۆنێغی. مینێت؟ تو ڤو؟*[401]

- بەرزیی کۆمەڵگای دەستەبژێر. دایکی سێر ویلیەم داڤێنانتی ئۆکسفۆردیش[402] بە کووپی شەرابە کەنارییەکەیەوە بۆ هەر نێرەکەنارییەک.

بەک مەلیگن، بە چاوە لەخواترسە هەڵگەڕاوەکانیەوە، نزای کرد:

- مارگەرێت ماری ئاڵەکۆکی پیرۆز![403]

- کچی هاریی خاوەن شەش ژنەکەش[404]. ژنانی تری هاوڕێش لە کورسییەکانی تەنیشتەوە، وەک چۆن چیمەن تێنیسن[405]، هۆنەرە خانەدانەکە، گۆرانییان بەسەردا دەبێژێت. بەڵام پێت وایە هەموو ئەو بیست ساڵە پینێلۆپیای بەستەزمان لە پشت پەنجەرەی لەبزینەییەوە چیی دەکرد؟

وا دەکەم و وا دەکەم[406]. کرا[407]. سوورەچاوبۆر[408] لە شەقامی فێتەر بە گوڵزارێکی جیراردی گیاناسدا دەڕوات[409]. گوڵەزەنگەیەکی شینباو وەک خوێنهێنەرەکانی وێ[410]. پێڵووی چاوەکانی یونۆ، وەنەوشەیی[411]. وی دەڕوات. هەر ژیانێکە. لەشێکە. بکە. تەنها بکە. لە دوورەوە، لە گەناوی ئالۆشی و چڵکنیدا، دەستان لەسەر سپێتی ڕاکشاون.

بەک مەلیگن بە توندی کێشای بە مێزەکەی جۆن ئێگلنتندا. ڕووبەڕووی بووەوە:

- گومانت لە کێیە؟[412]

- با بڵێین وی ئەویندارە ڕەتکراوەکەی نێو سۆنێتەکانە. جارێک ڕەت کرابێتەوە دوو جار ڕەت کراوەتەوە. بەڵام بەرهەڵداکەی کۆشک ئەوی بۆ لۆردێک ڕەت کردەوە[413]، بەوەجەکەمێک.

ئەو خۆشەویستەی کە ناوێرێ ناوەکەی خۆی بدرکێنێ[414].

جۆن تۆکمە ئێگلنتن وتی:

- مەبەستت ئەوەیە وەک ئینگلیزێک لۆردێکی خۆش ویستووە[415].

دیوارە کۆنەی کە لەناکاو مارمێلکە لێوە دەردەچن. لە چارتن تەماشام کردن[416].

ستیفن وتی:

- لەوە دەچێت، کە وی دەیەوێت بۆ وی و بۆ هەموو منداڵدانە نەکێڵراوە[417] تاکەکانی تریش بکات، ئەو نووسینگە پیرۆزەی مەیتەرێک بۆ ئەسپی پەڕین دابین دەکات[418]. ڕەنگە وەک سۆکراتیس دایکی مامان بوربێت و چەقاوەسووێک ژنی بووبێت[419]. بەڵام وێ، بەرهەڵدا بەئالۆشەکە، پەیمانی سەرجێیی نەشکاندووە[420]. دوو شت لە مێشکی سەهویرەکەدا قێزەونن: پەیمانێکی شکاو و ئەو دێهاتییە مێشکسووکەی ئارەزووی وێی لەسەر نیشتووەتەوە، برای مێردە مردووەکە[421]. پێم وا بێت ئانی شیرین لە خوێنیدا قوڵپی داوە. جارێک دڵبەر بووبێت، دوو جاریش دڵبەر دەبێت.

ستیفن جەربەزانە لەسەر کورسییەکەی خۆی بادایەوە. بە مۆنییەوە وتی:

- ئەرکی سەلماندن لەسەر شانی تۆیە، نەک من. ئەگەر تۆ ئەوە ڕەت دەکەیتەوە کە وی لە دیمەنی پێنجەمی *هاملێت*دا[422] ناوی وێی زڕاندبێت کەواتە پێم بڵێ بۆچی بە درێژایی سی و چوار ساڵ هەر لەو ڕۆژەوە وێ ویی خواست تا ئەو ڕۆژەی وێ ویی ناشت ناوی وێ نابرێت[423]. هەموو ئەو ژنانە پیاوەکانیان بە نێژراوی و مردوویی دیوە: ماری: جۆنی مێردە باشەکەی[424]، ئان، ویلەنی بەوەجە بەستەزمانەکەی[425]، کە وی چوو تا لەسەر وێ بمرێت، شێتگیر بوو کە ئەو پێشتر مرد، جوان، چوار براکەی[426]، جودیث، مێرد و هەموو کوڕەکانی[427]، سوزان، ئەویش مێردەکەی[428]، کە کچەکەی سوزان، ئەلیزابێث بە وتەی باوای، شووی بە مێردی دووەم کرد دوای ئەوەی کە مێردی یەکەمی کوشت[429]. ئای بەڵێ، ناوهێنان هەیە. لەو ساڵانەی کە وی لە لەندەنی پاشاییدا بە دەوڵەمەندی دەژیا وێ بۆ قەرزدانەوەیەک ناچار بوو چل شڵنگ لە شوانەکەی باوکی قەرز بکات[430]. دەی ئەمە ڕوون بکەوە. دوابەرهەمەکەش[431] ڕوون بکەوە کە تێیدا وێی بە نەوەی دوارۆژ سپاردووە.

ڕووی کردە بێدەنگییەکەیان.

ئێگلنتن وا وەڵامی دایەوە: مەبەستت دواسپاردەکەیە.
پێم وایە کە یاساناسەکان ئەوەیان ڕوون کردووەتەوە.
بە یاسای باو، وێ مافی خۆی بوو جیازیی بێوەژنی وەربگرێت[432].
دادوەرەکانمان پێمان دەڵێن
کە زانیارییە یاساییەکانی وی نایاب بوون[433].
شەیتان پێی پێدەکەنێت.

گاڵتەجاڕ:

ئیتر ناوی وێی نەخستە نێو
مسۆدەی یەکەمەوە بەڵام دیارییەکانی بۆ
کچەزاکەی، کچەکانی،

بۆ خوشکەکەی، بۆ هاوڕێکانی ستراتفۆرد و
لەندەنی لە بیر نەچوو[434]. جا کە داوای لێ کرا،
کە پێم وایە وا بووبێت، بۆ ناوهێنانی وێ،
وی دووەم باشترین
پێخەفی
بۆ وێ بە جێ هێشت.

پونکت![435]

ویدووەمباشترین
بۆوێبەجێهێشت
ویباشترینپێخەفی
خۆیبۆوێبەجێهێشت
دووەمباشترین
پێخەفیبەجێهێشت

واو!

جۆن ئێگلنتن سەرنجی دا:

- ئەوسا خەڵکی جوانی ئاوایی[436] شمەکی کەمیان هەبوو، ئێستاش هەر وایە ئەگەر شانۆنامە جووتیارییەکانمان[437] بە دروستی ژیانیان پیشان بدەن.

ستیفن وتی:

- وی خانەدانێکی دەوڵەمەندی شاری بوو، خانەدانیشان و سەرمایەی بەگەڕخراوی لە ستراتفۆرد و خانووێکی لە ئایرلاندیارد هەبوو، خاوەنپشکێکی سەرمایەدار بوو، برەوپێدەری یاسا بوو، باجگری جووتیار بوو[438]. ئەگەر خوازیار بووایە وێ هەموو شەوانی ماوەی تەمەنی بە ئارامی بپرخێنێت بۆچی باشترین پێخەفی خۆی بۆ بە جێ نەهێشت؟

میستەر دووەم باشترین بێست بە جوانی وتی:

- ئەوە ڕوونە کە دوو پێخەف هەبوون، باشترینێک و دووەم باشترینێک.

بەک مەڵیگن بزەی کرد و باشتری کرد:

- *سێپاراتیۆ ئا مێنسا ئێت ئا ثالامۆ.*[439]

ئێگلنتنی دووەم بە پێخەفەبزەوە ڕووی گرژ کرد:

- پێشینان ئاماژەیان بە پێخەفی بەناوبانگ داوە. با بیر بکەمەوە.

ستیفن وتی:

- پێشینان ئاماژەیان بەوە داوە کە کەتنچییەکەی خوێندنگاکەی ستاگیرا و دانا کەچەڵە بێدینەکە، کە لە تاراوگە مرد کۆیلەکانی ئازاد کرد و دیاریی بۆیان بە جێ هێشت، ڕێزی لە پیرەکانی خۆی گرت، لە دواسپاردەیدا داوای کردووە نزیک لە ئێسقانی ژنە مردووەکەیەوە بنێژرێت و داوای لە هاوڕێکانی کردووە لەگەڵ دۆستێکی پیریدا میهرەبان بن (نێل گوین هێرپیلیس لە یاد نەکەن) و لە وێ بگەڕێن لە ڤێلاکەی ویدا بژییێت[440].

میستەر بێست بە دوودڵییەکی کەمەوە پرسیی:

- مەبەستت ئەوەیە کە وی بەو شێوەیە مردووە؟ مەبەستم ئەوەیە کە...

بەک مەڵیگن سەری باسەکەی نایەوە:

- فوول سەرخۆش بوو کە مرد[441]، *چارەکێک ئەیل ژەمێکی پاشایە*[442]. ئای، دەبێت پێتان بڵێم داودن[443] چیی وت!

بێستئێگلنتن پرسییان:

- چی؟

ویلیەم شێکسپیر و هاوبەشەکانی، سنووردار[444]. ویلیەمەکەی گەل[445]. بۆ مەرجەکان پەیوەندی بکە بە: ئی داودن، هایفیلد هاوس...

بەک مەڵیگن بە ئاهێکی خۆشەویستانەوە وتی:

- نایابە! لێیم پرسی ڕای چییە لەسەر ئەو تۆمەتبارکردن بە هەتیوبازییەی دژی هەڵبەستوانەکە خراوەتەوە. دەستەکانی هەڵبڕی و وتی: *هەموو ئەوەی کە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە لەو سەردەمانەدا ژیان فرە بەرز ڕابوێرراوە*[446]. نایابە!

قووندەر.

بێستی بەخەمباریجوانبوو بە ئێگلنتنی ناشیرینبووی وت:

- هەستی جوانی بە ڕێی چەوتدا دەمانبات[447].

جۆنی نەگۆڕ مڕومۆچانە وەڵامی دایەوە:

- پزیشکەکە دەتوانێت پێمان بڵێت ئەو وشانە واتایان چییە[448]. هەم هەرە و هەم وەرە پێکەوە نابن[449].

بەڕێزتان وا دەفەرموون؟ ئایا خەڵاتی جوانی لە ئێمە، لە من ڕادەپسکێنن؟[450]

ستیفن وتی:

- هەستی خاوەندارییش. ئەو شایلۆکی لە گیرفانە درێژەکانی خۆیەوە دەرهێناوە[451]. کوڕی کۆفرۆشێکی ماڵت و قەرزدەرێک، خودی خۆیشی کۆفرۆشی دانەوێڵە و قەرزدەر بوو، لە کاتی قاتوقڕی و برسێتییەکەدا بە دەیان پووت گەنمەشامیی ئەنبار کردووە[452]. ئەوانەی

قەرزیان لێ کردووە بێ گومان ئەو خواناسە جۆراوجۆرانەن کە چێتڵ فۆڵستاف ناویان دەبات کە گەواهیی سەرڕاستێتیی ئاڵووێری وی دەدەن[453]. لەسەر نرخی هەندێک کیسە ماڵت ئەکتەرێکی هاوکاری خۆی تۆمەتبار کردووە و لە بەرانبەر هێندەی سوودی هەر پارەیەک کە بە قەرزی داوە ئەوەندە کیلۆ گۆشتی لەشی داناوە[454]. دەنا چۆن مەیتەرەکەی ئۆبری ئەوەندە خێرا دەوڵەمەند دەبێت؟[455] هەموو ڕووداوەکان لە قازانجی خۆیدا بوون[456]. شایلۆک خۆی لەگەڵ ئەو جووچەوساندنەوەیەدا دەگونجێنێت کە دوابەدوای هەڵواسین و پەلپەلکردنی لۆپێزی پزیشکی شاوە هات، شینییەکە هێشتا زیندوو بوو کە دڵە جووەکەی هەڵپچورقێنرایە دەرەوە[457]: *هاملێت* و *مەکبێث* لەگەڵ هاتنە سەر تەختی فەیلەسەفەنییێکی سکۆتیدا بوون کە خولیای جادووگەربرژاندنی هەبوو[458]. گەلەکەشتیی لەناوچوو توانجی وی بوو لە *ڕەنجی بەباچووی ئەوین*دا[459]. دەبدەبەکانی، مێژووییەکانی، کەشتیئاسا بەسەر شەپۆلێکی پەرۆشیی مافێکینگیانەدا بە ورگپڕی بە ڕێ دەکەون[460]. یەشوعییەکانی واڕویکشییە دادگایی کراون و ئێمەش فێرکاریی لێڵبێژیی دەرگاوانێکمان هەیە[461]. *سی ڤێنچەر* لە بەرمووداوە بۆ وڵات دەگەڕێتەوە و ئەو شانۆنامەیەی پاتسی کاڵیبان دەنووسرێت کە ڕێنان زۆر حەزی لێی بووە، ئامۆزا ئەمەریکاییەکەمان[462]. سۆنێتە شەکرینەکان دوای ئەوانەی سیدنی دێن[463]. ئەلیزابێثی پەرییش، یان با بڵێین بێسی گێزەری، ئەو پاکیزە بێشەرمە بووە کە بووەتە دنەدەری *ژنە شادەکانی ویندسۆر*، با ماینهێرێکی ئەڵمانیا بە درێژایی ژیانی لە قوڵایی نێرەسەبەتەکەدا بۆ واتای قووڵشاراوە پەل بکوتێت[464].

پێم وا بێت چاک دەچیتە پێشەوە. تەنها ئاوێتەیەکی یەزداناسلۆجیکفیلۆلۆجلۆجیکی تێکەڵ بکە. *مینگۆ، مینکسی، میکتوم، مینجەرێ.*[465]

جۆن ئێگلنتن، چاولەڕێیانە، بەرەنگاری بووەوە:

- بیسەلمێنە جوو بووە[466]. ڕاگری لێکۆڵینەوەکانت پێی وایە کە کاسۆلیکیی ڕۆمی بووە[467].

*سوفلامیناندوس سوم*[468].

ستیفن وەڵامی دایەوە:

- وی بەرهەمی ئەڵمانیا بوو[469]. پاڵەوانی مشتوماڵی فەڕەنسی[470] بوو بۆ ئابڕووچوونە ئیتالییەکان[471].

میستەر بێست بە بیری هێنایەوە:

- پیاوێکی ئاوەزبێشومار. کۆلێریدج بە پیاوی ئاوەزبێشومار ناوزەدی کردبوو[472].

*ئامپلیوس. ئین سۆچیێتاتێ ئومانا هۆک ئێست ماکسیمێ نێچێساریوم ئوت سیت ئامیچیتسیا ئینتێر مولتۆس.*[473]

ستیفن دەستی پێ کرد:

- سانت تۆماس...

ڕەبەن مەڵیگن نرکاندی، لە نێو کورسییەکدا نوقم دەبوو:

- *ئۆرا پرۆ نۆبیس.*[474]

ئەوە کەوتە خوێندنی ویردی لاوانەوە.

- *پۆگ ماهۆن! ئاکویشلە مو کری!*[475] وێران بووین لەمڕۆوە! بێگومان وێران بووین![476]

هەمووان بزەکانیان بزاند.

ستیفن بە بزەوە وتی:

- سانت تۆماس، کە بە زمانی ماک چێژ لە خوێندنەوەی کارە ورگبەرمیلەکانی دەبەم، لە گۆشەنیگایەکەوە لەسەر ئینسێست دەنووسێت کە لە هی قوتابخانەی ڤیەننای نوێ جیاوازە کە میستەر مەگی لێی دووا، بە شێوازە دانایی و سەیرەکەی خۆی دەیچووێنێت بە چاوچنۆکیی هەستەکان. مەبەستی ئەوەیە کە ئەو خۆشەویستییەی بە یەکێک دەدرێت کە بە خوێن نزیکە چاوچنۆکانە لە بێگانەیەک زەوت دەکرێت کە ڕەنگە بۆی برسی بێت[477]. جووەکان، کە مەسیحییەکان بە چاوچنۆکیان تاوانبار دەکەن، لە هەموو گەلانی تر زیاتر هاوسەرگیری نێوخۆیی دەکەن[478]. تۆمەتبارکردنەکان لە تووڕەییەوە کراون. یاساکانی مەسیحێتی کە گەنجینەی جووەکانی پڕ دەکرد (کە هەر وەک لۆلاردەکان زریان بۆ ئەوانیش پەناگا بوو) هۆگریی ئەوانیشیان بە ئەڵقەی پۆڵاوە گرێ دەدا[479]. ئەمانە ئەگەر گوناه بن یان چاکێتی بن ئەوا باوهیچکەسکیی پیر[480] لە بارەگای ڕۆژی دواییدا پێمان دەڵێت. بەڵام پیاوێک کە هێندە توند بە تەنگ ئەوانەوە بێت کە ناویان دەنێت مافەکانی خۆی لە بەرانبەر ئەوانەی کە ناویان دەنێت قەرزەکانی ئەوا هەر وا توند بە تەنگ ئەوانەوە دەبێت کە ناویان دەنێت مافەکانی خۆی لە بەرانبەر وێدا کە ناوی دەنێت ژنەکەی. هیچ کاک بزەیەکی دراوسێ[481] چاو نابڕێتە گاکەی یان ژنەکەی یان خزمەتکارە نێرەکەی یان خزمەتکارە مێیەکەی یان نێرەکەرەکەی[482].

بەک مەڵیگن بۆی سەندەوە:

- یان ماکەرەکەی.

میستەر بێستی نەرمونیان بە نەرمونیانی وتی:

- ویلی نەرمونیان[483] بە ڕەقی ڕایی دەکرێت.

بەک مەڵیگن شیرینانە گاڵتەی کرد:

- کام ویلە[484]؟ لێمان تێکەڵ بوو.

جۆن ئێگلنتن فەلسەفاندی:

- ویستی ژیان، لای ئانی بەستەزمان، بێوەژنەکەی ویل، ویستی مردنە[485].

ستیفن نزای کرد:

- *رێکویێسکات!*[486]

*ویستی کردنی هەموو شت چۆنە؟*
*لە مێژە دیار نەماوە...*[487]

- وێ ڕەپ و ڕەق ڕاکشاو لەو پێخەفە دووەم باشترینەدا پاڵدەکەوێت، شاژنە داپۆشراوەکە[488]، گەرچی تۆ دەیسەلمێنیت کە پێخەف لەو سەردەمەدا بەقەد ئوتومبێلی مەکینەداری ئەم سەردەمە دەگمەن بووە و هەڵکۆڵراوەکانی سەری سەمەرەی حەوت قەشەنشین بووە[489]. وێ لە پیریدا لەگەڵ ئینجیلخوێناندا ماوەتەوە (یەکێکیان لە نیو پلەیس لەگەڵ وێ ماوەتەوە و چارەکەگاڵۆنێک شەرابی ساکی خواردووەتەوە کە شارەوانی پارەکەی بۆی داوە[490] بەڵام داخۆ لە چ پێخەفێکدا نووستووە ئەوە سوودی نییە بپرسرێت) و بیستی کە گیانی هەیە. وێ ناملیکەکانی ئینجیلخوێنەکەی[491] خوێندووەتەوە یان بۆی خوێنراونەتەوە و لە *ژنە شادەکان* لای پەسەندتر بوون، جا کە ئاوی شەوانەییشی لەسەر میزەوانەکەی[492] ڕشتووە، بیری لە *قازانقوڵفی بۆ شەرواڵی بڕواداران* و *گیانیترین قتووی بڕنووتی بۆ خستنە پژمەی خواپەرسترین گیان*[493] کردووەتەوە. ڤینوس لێوی لە نوێژکردندا شێواندووە[494]. ئەگنبایت ئۆف ئینویت: پەشیمانیی دەروون. ئەوە سەردەمی قەحبەیەتیی شەکەت بوو کە پەلەقاژە بۆ خوداکەی دەکات[495].

*ئینکویت ئێگلینتۆنوس کرۆنۆلۆگۆس*[496]:

- مێژوو وا پیشان دەدات کە ڕاست بێت. سەردەمەکان بە دوای یەکدا دێن. بەڵام ئێمە لە دەسەڵاتی بەرزەوە دەزانین کە گەورەترین دوژمنی مرۆڤ ئەوانەن کە لە نێو ماڵ و خێزانەکەی خۆیدان[497]. وا هەست دەکەم ڕەسڵ ڕاستە. ژنەکەی یان باوکی بە ئێمە چی؟ دەبێت بڵێم کە تەنها هۆنەرانی خێزان ژیانی خێزانییان هەیە. فۆڵستاف پیاوی خێزان نەبوو. وا هەست دەکەم کە سوارە قەڵەوەکە[498] داهێنراوە هەرە باڵاکەی بێت.

ڕەقەڵە، پاڵی دایەوە. شەرمن، حاشا لە خزمانت بکە[499]، خۆپێڕاستزانەکە[500]. شەرمن، لەگەڵ بێخوداکەدا قوم لێدەدات، پیاڵەکە دەدزێت[501]. باوکێک لە ئانتریمی ئۆڵستەرییەوە[502] فەرمانی بە سەریدا داوە. لە ڕۆژانی ئێمبەردا[503] لێرە سەردانی دەکات.

میستەر مەگی، قوربان، بەڕێزێک بۆ بینینت هاتووە. من؟ قوربان، دەڵێت باوکتە. وۆردسوۆرثەکەم بدەیە[504]. مەگی مۆر ماثیو دێتە ژوورەوە[505]، پیادەیەکی سەرسەختی سەرقاڵیی سەختگیر[506]، بە دەرپێ[507] و بەرگونی قۆپچەدارەوە[508]، پووزەوانەکانی بە هەڕگی دە دارستان[509] قوڕاوی بووە، خەڵفێکی دارشەکرەسێوی بە دەستەوەیە[510].

هی خۆت؟ باوکت دەناسێت[511]. بێوەمێردەکە.

کە لە پاریسی دڵخۆشەوە بەرەو بێشەی مردنەکەی وێ پەلەم دەکرد لەسەر لەنگەرگاکە دەستی ویم ساوی. دەنگەکە، گەرمییەکی نوێ، دەدووا. دکتۆر بۆب کێنی[512] چاودێریی وێ دەکات. ئەو چاوانەی خۆزگەی باشیم دەخوازن. بەڵام نامناسن.

ستیفن، کە لە دژی بێهیوایی دەجەنگا، وتی:

- باوک نەگریسێکی پێویستە. وی شانۆنامەکانی لەو مانگانەدا نووسی کە دوای مەرگی باوکی هاتن[513]. ئەگەر لات وایە ئەو، کە پیاوێکە و وا سەری سپی دەبێت و دوو کچی بەرەشووی هەیە[514]، سی و پێنج ساڵ تەمەنیەتی، *نێل مێتزۆ دێل کامین دی نۆسترا ڤیتا*[515]، بە پەنجا ئەزموونەوە، قوتابییە بێڕیشەکەی ویتنبێرگە[516] ئەوا دەبێت پێشت وا بێت کە دایکە حەفتا ساڵەکەی[517] شاژنە بەئاڵۆشەکەیە. نەخێر. لاشەی جۆن شێکسپیر بە شەو ناگەڕێت[518]. کاژێر بە کاژێر دەگەنێت و دەگەنێت[519]. پشوو دەدات، لە باوکێتی خراوە، ئەو مولکە ڕازاوییەی[520] بۆ کوڕەکەی بە جێ هێشتووە. کالاندرینۆی بۆکاچۆ یەکەمین و دواهەمین پیاو بوو کە هەستی کردووە دووگیانە[521]. باوکێتی، بە واتای منداڵخستنەوەی بەئاگا، لای پیاو نەزانراوە. ئەوە مولکێکی ڕازاوییە، زنجیرەیەکی ڕانێرێتییە[522]، لە تاکە زایەرێکەوە بۆ تاکە زاو[523]. کڵێسا لەسەر ئەو ڕازە نەک لەسەر ئەو مادۆنایەی کە ڕۆشنبیرە زۆرزانە ئیتالییەکە تووڕی داوەتە نێو جەماوەری ئەورووپاوە[524] دامەزراوە و بە شێوەیەک دامەزراوە کە لانابرێت[525] چون وەک جیهان، درشت و وردی، لەسەر بۆشی دامەزراوە. لەسەر نادڵنیایی، لەسەر لەوانەنەبوون. ڕەنگە *ئامۆر ماتریس*، کە تەواوکەر و تەواوکراوی بکەری و بەرکاریی یەکترن لە خاوەندارێتیدا[526]، تەنها شتێکی ڕاست بێت لە ژیاندا[527]. ڕەنگە باوکێتی خەیاڵکردێکی یاسایی بێت. کێ باوکی چ کوڕێکە کە چ کوڕێک دەبێت خۆشی بوێت یان وی هەر کوڕێک؟

ئەوە هەتیو تۆ نیازت هەیە بەرەو کوێ بچیت؟

دەزانم. دەمت دابخە. قرت تێ بچێت. هۆکاری خۆمم هەیە.

*ئامپلیوس. ئادهوک. ئیتێروم. پۆستیا.*[528]

ئایا لە چارەت نووسراوە ئەمە بکەیت؟

- شەرمەزارییەکی جەستەیی هێندە سەخت ئەوانی لە یەک جیا کردووەتەوە کە تۆمارنامەی ساڵانەی تاوانی جیهان، کە بە هەموو ئینسێست و دڕندەییەکانی تر پیس بووە، بە ئاستەم قڵیشی وا تۆمار دەکات. کوڕان و دایکان، باوکان و کچان، خوشکانی هاوڕەگەزخواز، خۆشەویستانێک کە ناوێرن ناوی خۆیان بدرکێنن[529]، نەوە و نەنکان، بەندی لەگەڵ کونی کلیلدا، شاژنان لەگەڵ گای نایابدا[530]. ئەو کوڕەی لە دایک نابێت جوانی دەشێوێنێت: کە لە دایکیش دەبێت، ئازار دەهێنێت، هۆگری دابەش دەکات، مەراق زیاد دەکات. نێرێکی نوێیە: نەشونمای وی فەوتانی باوکیەتی، گەنجێتییەکەی ئیرەیی باوکیەتی، هاوڕێکانی دوژمنانی باوکین.

لە غو مسیۆ لوپغا[531] بیرم لێ کردەوە.

- چی لە سرووشتدا وابەستەی یەکیان دەکات؟ ساتێک جووتبوونی کوێرانە.

ئایا من باوکم؟ ئەگەر باوک بوومایە؟

دەستی کرژی نادڵنیا.

- سابێلیوس-ی ئەفریقی[532]، تەڵەکەبازترین سەرۆکجیاگری نێو هەموو دڕندەکانی بوارەکە[533]، پێی وا بوو کە باوکەکە خۆی کوڕی خودی خۆی بوو. گاسەگەکەی ئەکوینۆ، ئەوەی کە هیچ وشەیەک لەگەڵیدا مەحاڵ نییە، بەرپەرچی دەداتەوە[534]. ئاخر: ئەگەر باوکەکە کە کوڕێکی نییە باوک نەبێت ئایا دەکرێت کوڕەکە کە باوکی نییە کوڕ بێت؟ کە ڕوتلاندبەیکنساوتهامپتنشێکسپیر[535] یان هۆنەرێکی تری هاوناو لە کۆمیدیای هەڵەکاندا[536] *هاملێت*ی نووسی تەنها باوکی کوڕەکەی خۆی نەبوو، بەڵام بەوەی کە ئیتر کوڕ نەمابوو، بوو بە باوکی هەموو توخمەکەی خۆی و هەر واش هەستی دەکرد، باوکی باپیری خۆی، باوکی کوڕەزا لەدایکنەبووەکەی، کە بە هەمان شێوە، هەرگیز لە دایک نەبوو، چونسرووشت، وەک میستەر مەگی لە وێ تێدەگات، قینی لە بێگەردخوازییە[537].

چاوانیئێگلنتن، خێرا بە چێژەوە، بە شەرمگەشییەوە هەڵبڕران. پیوریتانییەکی شاد بە نێو شیلانە ئاڵۆسکاوەکاندا[538] دڵخۆشانە تەماشای دەکرد.

مەرایی. دەگمەن. بەڵام مەرایی.

کوڕمەڵیگن بە خۆیی وت:

- خۆی باوکی خودی خۆی[539]، بوەستن. بە منداڵێک ئاوس بووم. لە مێشکمدا منداڵێکی لەدایکنەبووم هەیە. پالاس ئەثینا![540] شانۆنامەیەک! نمایشەکە ئەو شتەیە![541] لێم بگەڕێن بزێم!

ئاوسەتەوێلی خۆی بە دەستە هاوەڵزاینەکانی خۆی گرت.

ستیفن وتی:

- سەبارەت بە خێزانەکەیشی، ناوی دایکی لە دارستانەکەی ئاردندا دەژی[542]. مەرگی وێ دیمەنەکەی ڤۆلومنیای نێو *کۆریۆلانوسی* لە ویەوە هێنا[543]. مەرگی کوڕەگەنجەکەی مەرگەدیمەنی ئارثەری گەنجە لە *شاجۆن*دا[544]. هاملێت، شازادە ڕەشەکە[545]، هامنێت شێکسپیرە. ئەو کچانەی نێو *زریانەکە* و *پێریکلیس* و *سەربردەکەی زستان* کێن دەیانناسین[546]. کلیۆپاترای مەنجەڵەگۆشتەکەی میسر کێیە، یان کرێسیدا و ڤینوس ئەوا دەتوانین هەڵیانبهێنین[547]. بەڵام ئەندامێکی تری خێزانەکەی هەیە کە تۆمار کراوە.

جۆن ئێگلنتن وتی:

- گۆمەکە قووڵتر دەبێتەوە![548]

پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرەکە، بە لەرزەلەرز، بە نووکەپێ بەرەو ژوور هات، لەرزا، دەمامکەکەی، لەرزا، بەپەرۆشەوە، لەرزا، لەرایەوە.

دەرگا داخرا. خانە. ڕۆژ.

گوێ دەگرن. سیان. ئەوان.

من تۆ وی ئەوان.

دەی، چوار[549].

**ستیفن**

سێ برای هەبوو، گیڵبێرت، ئێدموند، ڕیچارد[550]. گیڵبێرت بە پیری بە هەندێک جوامێری وتبوو کە کورە بەخوا جارێک کاکی جابی بێبەرانبەر ڕێی پێ داوە بچێتە ژوور و لە شانۆیەکی زۆرانبازیدا لە لەندەن کاکە ویلی شانۆنووسی برای دیوە پیاوێک لەسەر پشتی بووە[551]. سۆسجی شانۆگاکە[552] گیانی گیڵبێرتی تێر کردووە. ئەو لە هیچ شوێنێکدا نییە: بەڵام ئێدموندێک و ڕیچاردێک لە کارەکانی ویلیەمی شیریندا تۆمار کراون.

**مەگیئێگلنجۆن**

ناو! ناو چیی تێدایە![553]

**بێست**

ئەوە ناوی منە، ڕیچارد، نازانیت. هیوادارم وتەیەکی باش لەسەر ڕیچارد بڵێیت، نازانیت. لەبەر من.

(*پێکەنین*)

**بەکمەڵیگن**

(*پیانۆ، دیمینوێندۆ*[554])

*پاشان دیکی پزیشکی*
*بۆرِی بە دەیڤیی پزیشکیی هاوەڵی دا...*[555]

**ستیفن**

لە سیانینەی ویلە ڕەشەکاندا، بەدکارە چەپەڵەکە، یاگۆ، ڕیچاردی قەموور، ئێدموند لە *شا لییەر*دا[556]، دووان ناوی مامە بەدکارەکانیان هەڵگرتووە. تەنانەت شانۆنامەکەی دواییان لەو کاتەدا نووسراوە یان لە نووسیندا بووە کە ئێدموندی برای لە ساوثوارک لە سەرەمەرگدا بوو[557].

**بێست**

هیوادارم هەمووی بەر ئێدموند بکەوێت. نامەوێت ڕیچارد، ناوی خۆم...

(*پێکەنین*)

**کوەیکەرلیستەر**

(*ئا تێمپۆ*[558]) بەڵام ئەوەی کە ناوە باشەکەمم لێ دەفڕێنێت...[559]

**ستیفن**

(*سترینجێندۆ*[560]) وی ناوی خۆی ویلیەم، کە ناوێکی جوانە، لە نێو شانۆنامەکانیدا شاردووەتەوە، زیادەیەک لێرە، قەرەقۆزێک لەوێ[561]، وەک نیگارکێشێکی ئیتالیای کۆن کە وێنەی ڕوخساری خۆی لە سووچێکی تاریکی کانڤاسەکەیدا دادەنێت[562]. ئەوەی لە سۆنێتەکانیدا ئاشکرا کردووە کە ویل-ی لە ئەندازە بە دەری هەیە[563]. وەک جۆنی گۆنت[564] ناوەکەی خۆی لا بەوەجە، بە قەد ئەو خانەدانیشان و ئارمە لای بەوەجە کە کاسەلێسیی بۆ کردووە[565]، چون، لەسەر چەوێڵێکی سەموورەیی ڕمێک یان زیوێکی نووکپۆڵا[566]، *ئۆنۆریفیکابیلیتودینیتاتیبوس*[567]، لە شکۆی خۆی وەک مەزنترین شانۆلەرێنی وڵاتەکە بەوەجتر[568]. ناو چیی تێدایە؟[569] ئەوە ئەوەیە کە لە منداڵییدا لە خۆمانی دەپرسین کاتێک ئەو ناوە دەنووسین کە پێمان وتراوە هی ئێمەیە. ئەستێرەیەک، ڕۆژئەستێرەیەک، ئەژدیهاگڕینەیەک، لە کاتی لەدایکبوونی ویدا دەرکەوتووە. بە ڕۆژ بە تەنها لە ئاسمانەکاندا بریسکاوەتەوە، بە شەو لە کاروانکوژە درەوشاوەتر بووە، لە شەودا بەسەر دەلتای نێو کاسیۆپیاشدا درەوشاوەتەوە، کۆئەستێرە ڕاکشاوەکەی نێو ئەستێرەکان کە واژۆی سەرەپیتی ناوەکەی وییە. چاوەکانی وی تەماشایان کردووە، هاوئاست بەسەر ئاسۆ لای خۆرهەڵاتی

ورچەکەوە[570]، کاتێک نیوەشەو بە لای کێڵگە خەواڵووەکانی هاویندا دەڕۆیشت کە لە شۆتەری[571] و باوەشی وێ دەگەڕایەوە.

هەردووک ڕەحەت. منیش.

پێیان مەڵێ کە وی تەمەنی نۆ ساڵ بووە کە کوژاوەتەوە[572].

هەروەها لە باوەشی ئەویش.

چاوەڕێ بکە ساز بکرێیت و بە دەست بهێنرێیت[573]. ئای، پیاوی سەرژنانی[574].

کێ سازت دەکات؟

ئاسمانەکان بخوێنەوە. *ئۆتۆنتیمۆرومێنۆس*[575]. *بۆوس ستیفانۆمێنۆس*[576]. کوا جێبەندییەکەت؟[577] ستیفن، ستیفن، بەسە فنەفن[578]. سە دە: *سوا دۆننا. جا: دی لوی. جێلیندۆ ریزۆلڤێ دی نۆن ئاماریێ سە دە.*[579]

پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرەکە پرسی:

- ئەوە چییە، میستەر دێدالۆس؟ ئایا دیاردەیەکی ئاسمانی بووە؟

ستیفن وتی:

- بە شەو ئەستێرەیەک. بە ڕۆژ ستوونێکی هەور[580].

چیی تر هەیە بوترێت؟

ستیفن تەماشای شەبقە و گۆچان و پووتەکانی خۆیی کرد.

ستیفانۆس[581]، تاجەکەم. شمشێرەکەم. پووتەکانی وی بیچمی قاچەکانمیان شێواندووە. جووتێک بکڕە. کونی گۆرەوییەکانم. دەستسڕیش.

جۆن ئێگلنتن ددانی پێدا نا:

- سوودی باش لە ناوەکە دەبینیت. ناوەکەی خودی خۆیشت بەشی خۆی نامۆیە. پێم وا بێت هەر ئەوەش هۆی قۆشمەچێتییە نایابەکەتە.

من، مەگی و مەڵیگن.

پیشەگەرە کارزانەکە[582]. پیاوە واشەئاساکە. فڕیت. بۆ کوێ؟ نیوهەیڤن-دیێپ[583]، سەرنشینی هەرزانترین بەش. پاریس و گەڕانەوە. زیقاوڵە. ئیکارۆس[584]. *پاتەر، ئایت*[585]. بەدەریاخوساو[586]، کەوتوو، تل بووەوە[587]. تۆ زیقاوڵەیت. زیقاوڵەش دەبیت.

میستەر بێست بە بێدەنگیپەرۆشییەوە پەڕتووکەکەی هەڵبڕی بۆ ئەوەی بڵێت:

- ئەوە زۆر سەرنجڕاکێشە چون ئەو پاڵنەری برایە، نازانیت، لە ئوستوورە کۆنە ئایرییەکانیشدا دەیاندۆزینەوە[588]. هەر ئەوەی کە دەیڵێیت. سێ برا شێکسپیرەکە. لە

گریمیش، نازانیت، چیرۆکی پەرییان. سێیەم برا کە هەمیشە جوانکیلە نووستووەکە دەخوازێت و باشترین خەڵات دەباتەوە[589].

باشترینی برا بێستەکان[590]. باش، باشتر، باشترین.

پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرەکە بە شەلانەوە[591] هاتە نزیک. وتی:

- خوازیارم بزانم تۆ کام برایە... تێدەگەم کە پێشنیار دەکەیت کە چەوترەفتارییەک لای یەکێک لە براکانەوە رووی داوە... بەڵام رەنگە من پێش کەوتبم؟

خۆی لە قافدا گرت: تەماشای هەمووانی کرد: رێگریی لە خۆی کرد.

فەرمانبەرێک لە بەردەرگاکەوە بانگی کرد:

- میستەر لیستەر! بابە دینین[592] دەیەوێت...

- ئای بابە دینین! هەر ئێستا.

خێرا رئێستا بە جیرەوە رئێستا رئێستا رئێستا رۆیشت.

جۆن ئێگلنتن دەستی لە پەرەکەوە دا. وتی:

- وەرە، با بزانین دەربارەی ریچارد و ئێدموند چیت هەیە بیڵێیت. بۆ کۆتاییت هەڵگرتبوون، وانا؟

ستیفن وەڵامی دایەوە:

- کە داوای لەبیرمانی ئەو دوو خزمە ناوخاسانەم[593] لێت کرد، خاڵە ریچی و خاڵە ئێدموند، وا هەست دەکەم لەوانەیە کە داوای زۆرم لێت کردبێت. برایەک بە قەد چەترێک ئاسانە بۆ لەبیرچوونەوە.

زیقاوڵە.

کوا براکەت؟ هۆڵی دەرمانسازان[594]. هەسانەکەم. وی، پاشان کرانلی، مەڵیگن[595]: ئێستاش ئەمانە. وتە، وتە. بەڵام کردار. کردار وتە. گاڵتەت پێ دەکەن بۆ ئەوەی تووڕەت بکەن. کردار. با کردارت لەسەر بکرێت.

زیقاوڵە.

لە دەنگی خۆم ماندووم، دەنگەکەی عیسۆ. شانشینەکەم بە خواردنەوەیەک[596]. دەی.

- تۆ دەڵێیت کە ئەو ناوانە خۆیان لەو رووداونامانەدا هەبوون کە کەرەستەی شانۆنامەکانی لێیانەوە وەرگرتووە[597]. بۆچی ئەوانەی وەرگرتووە و ئەوانی تری وەرنەگرتووە؟ ریچارد، کورەقەحبەیەکی قەموور، زۆڵێک، لەگەڵ ئان-ی بێوەژندا (ناو چیی تێدایە؟) جووت دەبێت، وێ ساز دەکات و بە دەستی دەهێنێت، بێوەژنێکی زۆڵی شاد[598].

ڕیچاردی داگیرکەر، سێیەم برا، دوای ویلیەمی داگیرکراو هاتووە[599]. چوار پەردەکەی تری ئەو شانۆنامەیە بە شلوشێواویی بە یەکەمەوە هەڵواسراون[600]. لە هەر هەموو پاشاکانی ویدا ڕیچارد تاکە پاشایە کە لە مەتاڵی ڕێزی شێکسپیر بێبەرییە[601]، فریشتەکەی جیهان[602]. بۆچی لاگرێچنەکەی *شا لییەر* کە تیایدا بابەتی ئێدموند لە *ئارکادیای* سیدنییەوە وەرگیراوە و بە ئەفسانەیەکی کەڵتییەوە لکێنراوە کە لە مێژوو کۆنترە؟[603]

جۆن ئێگلنتن بەرگریی کرد:

- ئەوە شێوازی ویل بووە. ئێستا ناکرێت لاوکێکی[604] نۆرسی لەگەڵ کورتەی ڕۆمانێکی جۆرج مێرێدیثدا[605] یەک بخەین. *کێ قوولێ قوو*؟ موور ئاوها دەڵێت[606]. وی بۆهیمیا دەخاتە سەر کەناردەریا[607] و وا لە ئولیس دەکات وتەی ئەریستۆتێلیس بڵێتەوە[608].

ستیفن وەڵامی خۆی دایەوە:

- بۆچی؟ چون بابەتی برا ساختەکە یان دەستبەسەرداگرەکە یان داوێنپیسەکە یان هەرسێکیان پێکەوە لای شێکسپیر هەمیشە لەگەڵیدا بووە، کە هەژاران هەمیشە لەگەڵی نەبووە[609]. نۆتەی تاراندن، تاراندن لە دڵ، تاراندن لە ماڵ، هەر لە *دوو خانەدانەکەی ڤێرۆنا*وە بە بێ پچڕان دەنگی دێت تا پرۆسپێرۆ کوتەکەکەی دەشکێنێت و چەند قەدێک لە ناو زەویدا دەینێژێت و پەڕتووکەکەی نوقم دەکات[610]. لە ناوەڕاستی ژیانی ویدا دوو ئەوەندە دەبێت، لەوانی تردا وێنەی خۆی دەداتەوە، خۆی دووبارە دەکاتەوە، پرۆتاسیس، ئێپیتاسیس، کاتاستاسیس، کاتاستڕۆف[611]. ئەو کاتەی ویش لە مەرگ نزیک دەبێتەوە، ئەو دیسان خۆی دووبارە دەکاتەوە، کاتێک سوزانی کچە شووکردووەکەی، گیاکەی لەسەر بنجی خۆی ڕوواوەتەوە، بە داوێنپیسی تۆمەتبار دەکرێت[612]. بەڵام گوناهە ماکەکە بوو کە تێگەیشتنی ویی تاریک کرد، ویستی ویی لاواز کرد و ئارەزوویێکی بەتینی بۆ نەگریسی تێیدا بە جێ هێشت. وتەکان هی ئوسقوفە گەورەکانی ماینووثانن[613]. گوناهێکی ماک و هەر وەک گوناهی ماکیش، یەکێکی تر ئەنجامی داوە کە ویش لە گوناهی ئەودا گوناهی کردووە[614]. ئەوە لە نێوان دێڕەکانی دواهەمین وشە نووسراوەکانیدایە[615]، لەسەر کێلی گۆڕەکەی بە بەرد کراوە کە چوارپەلی وێ لە ژێریدا نەنێژرێت[616]. تەمەن نەیژاکاندووە. جوانی و ئاشتی نەیبواردووە. لە نێو گۆڕانی بێکۆتادایە[617] لەو جیهانەی وی دروستی کردووە، لە *هەراوزەنای زۆر لەسەر هیچ*، دوو جار لە *چۆنت پێ خۆشە*دا، لە *زریانەکە*دا، لە *هاملێت*دا، لە *پێوانە بە پێوانە*دا[618] - هەروەها لە هەموو ئەو شانۆنامانەی تردا کە نەمخوێندوونەتەوە.

پێکەنی بۆ ئەوەی مێشکی خۆی لە بەندێتیی مێشکی خۆی ئازاد بکات.

دادوەر ئێگلنتن پوختەی کرد و دووپاتی کردەوە:

- ڕاستییەکە لە نیوەی ڕێدایە. وی سەهویرەکەشە و شازادەکەشە. هەموو شتێکە[619].

ستیفن وتی:

- وایە. کوڕیژگەکەی پەردەی یەکەم پیاوە پێگەیشتووەکەی پەردەی پێنجەمە. هەموو شتێکە. لە *سیمبێلین* و *ئۆتێللۆدا* گەواد و ژنگیراوە[620]. وی وا دەکات و لێشی دەکرێت. ئەویندارى ئایدیال یان لادەرییە، وەک خۆسێ کارمێنە ڕاستینەکە دەکوژێت[621]. زیرەکییە یەکبینەییەکەی وی یاگۆ قۆچلێڕواوەکەیە[622] کە بەردەوام دەیەوێت مەغریبییەکەی ناو وی[623] بچەوسێتەوە.

حیز مەڵیگن ڕووهەڵماڵراوانە گارەگاری کرد:

- کوکوو! کوکوو! ئەی وشەی ترسناک![624]

گوومەزی تاریک وەریگرت و دەنگی دایەوە[625].

جۆن ئێگلنتنی نەترس دەنگی هەڵبڕی:

- جا یاگۆش چ کەسێتییەکە! کە هەموو شتێک دەوترێت دووما *فی* (یان دووما پێغە؟) ڕاست دەکات. دوای خودا شێکسپیر زۆرترینی ئافراندووە[626].

ستیفن وتی:

- نە پیاو دڵخۆشی دەکات، نە ژنیش[627]. دوای تەمەنێک دووری دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو پەڵەزەوییەی لێی لە دایک بووە، کە هەمیشە لەوێ بووە، بە کوڕینی و پیاوێنی[628]، گەواهێکی بێدەنگ و لەوێش ڕێی ژیانی کۆتایی هات[629]، دارشاتووەکەی لە زەویدا دەچێنێت[630]. پاشان دەمرێت. کۆتایی بە جووڵەکە هات[631]. گۆڕهەڵکەنان هاملێتی پێغ و هاملێتی *فی*[632] دەنێژن. بۆ دواجار پاشایەک و شازادەیەک لە مردندا بە موزیکی بۆنەییەوە. ئیتر چییە بکوژرێت و خیانەتی لێ بکرێت، هەموو دڵە ناسک و نەرمەکان شیوەنی بۆ بگێڕن[633]، دانی بن یان دەبلنی، خەمباری بۆ مردوو تاکە مێردێکە کە ڕەتی دەکەنەوە لێی تەڵاق بدرێن. ئەگەر حەزت لە پاشەکییەکەیە بە درێژی تەماشای بکە: بەهات پرۆسپێرۆ، پیاوە باشەکە پاداشت دەکرێت[634]، لیزی، کڵۆی خۆشەویستییەکەی باپیرە[635] و خاڵە ڕیچی[636]، پیاوە خراپەکە بە دادوەریی هۆنراوەیی دەنێررێت بۆ ئەو جێیەی ڕەشە خراپەکان بۆی دەچن[637]. پەردەیەکی بەهێز[638]. وی شیاوی نێو جیهانی ناوەوەی خۆی وەک کەتوار لە جیهانی دەرەوەدا دۆزیوەتەوە. مایتەرلینک دەڵێت: *ئەگەر ئەمڕۆ سۆکراتیس لە ماڵی خۆی دەربچێت ئەوا لە بەردەرگاکەی خۆیدا داناکە دەبینێت کە دانیشتووە. ئەگەر ئەمشەو یەهوزا بچێتە دەرەوە ئەوا هەنگاوەکانی بەرەو یەهوزای دەبەن*[639]. هەموو ژیانێک چەند ڕۆژێکە، ڕۆژ دوای ڕۆژ. بە نێو خۆماندا دەڕۆین، بە دز، سەهویر، زەبەلاح،

پیرەمێرد، پیاوی گەنج، ژن، بێوەژن، برای خۆشەویستی دەگەین، بەڵام هەمیشە بە خۆمان دەگەین. ئەو شانۆنووسەی پەڕەکانی ئەم جیهانەی نووسیوە و بە خراپییش نووسیویەتی (سەرەتا ڕووناکیی پێ داین و خۆریش دوو ڕۆژ دواتر)[640]، سەرگەورەی شتان وەک ئەوەی هەن کە زۆربەی ڕۆمییەکانی کاسۆلیک ناویان ناوە *دیۆ بۆیا*[641]، خودای میرغەزەب، بێگومان لە هەمووماندا خۆی هەموو شتێکە، مەیتەر و گۆشتفرۆش، دەشبێتە گەواد و ژنگایراویش بەڵام ئەوە لە ئابووریی ئاسماندا، کە هاملێت پێشگۆیی کردووە، چیتر هاوسەرگیری نییە، پیاوی شکۆپێدراو، فریشتەیەکی نێرەمووک، دەبێت بە ژنی خۆی[642].

بەک مەڵیگن هاواری کرد:

- *ئێڤریکا! ئێڤریکا!*[643]

لە ناکاو دڵخۆش بوو و بازی هەڵدا و بە شەقاوێک گەیشتە بەر مێزەکەی جۆن ئێگلنتن، وتی:

- بۆم هەیە؟ خودا لەگەڵ مەلاخیدا دووا[644].

لەسەر پارچە پەڕەیەک دەستی کرد بە نووسینی قلیوبلی.

هەندێک پارچە لە بەرمێزەکەوە هەڵبگرە کە دەچیتە دەر.

میستەر بێست، جارەڕە ژیکەڵەکە، وتی:

- گشت ئەوانەی هاوسەرگیرییان کردووە، جگە لە یەکێکیان، دەژین. ئەوانی تر وەک خۆیان دەمێننەوە[645].

بێهاوسەر، پێکەنی، بە ڕووی ئێگلنتن یۆهاندا، بەکالۆریۆس لە هونەردا[646].

زەماوەندنەکردوو، ئارەزوونەکراو، وریا لە مەکربازی، هەریەکەیان شەوانە لە چاپی فرەپەڕاوێزەکانی *ماڵیکردنی چەقاوەسووەکەی* خۆی پەنجەوردبوونەوە دەکات[647].

جۆن ئێگلنتن بە شێلگیری بە ستیفنی وت:

- تۆ فریودەریت. هەموومانت تا ئێرە هێنا بۆ ئەوەی سێگۆشەیەکی فەرەنسیمان[648] پیشان بدەیت. ئایا خۆت بڕوات بە بیردۆزەکەی خۆت هەیە؟

ستیفن یەکسەر وەڵامی دایەوە:

- نەخێر[649].

میستەر بێست پرسیی:

- ئەی نیازت هەیە بینووسیتەوە؟ باشترە بیکەیت بە گفتوگۆیەک، نازانیت، وەک گفتوگۆ پلاتۆنییەکانی وایلد نووسیونی[650].

جۆن تێکەڵەنتن[651] دوو جار بزەی کرد. وتی:

- ده ئەگەر وا بێت، ئیتر نازانم بۆچی چاوەڕێی پارەوەرگرتن دەکەیت کە خۆت بڕوات پێی نەبێت. داودن بڕوای وایە کە هەندێک ڕاز لە *هاملێت*دا هەن[652] بەڵام هیچی تر ناڵێت. هێرِ بلاییتغۆ، ئەو پیاوەی پایپەر لە بەرلین بینیبووی، کە لەو بیردۆزەی ڕوتلانددا کار دەکات، بڕوای وایە کە پەنهانییەکە لە مۆنومێنتی ستراتفۆرددا شارراوەتەوە[653]. پایپەر دەڵێت کە سەردانی دوکەکەی ئێستا[654] دەکات و بۆی دەسەلمێنێت کە بنەبابی وی شانۆنامەکانی نووسیوە. ئەوە بۆ خاوەنشکۆیان دەبێتە شەبەیخوون. بەڵام بڕوای بە بیردۆزەکەی خۆی هەیە.

باوەڕم هەیە، گەورەم، یارمەتیی بێباوەڕییم بدە[655]. ئایا ئەوە یارمەتیم بدە باوەڕ بهێنمە، یان یارمەتیم بدە باوەڕ نەکەمە؟ کێ یارمەتیی باوەڕکردن دەدات؟ *ئێگۆمێن*[656] باوەڕ بە کێ نەکەین؟ کابراکەی تر.

- تۆ تاکە نووسەری دانایت[657] کە داوای خوردەی زیو دەکەیت. جا بۆ ژمارەی داهاتووش نازانم. فرێد ڕایان شوێنێکی دەوێت بۆ وتارێکی ئابووری.

فرێدڕین. دوو خوردەی زیوی بە قەرز پێم داوە[658]. هەڵتدەسووڕێنێت. ئابووری.

ستیفن وتی:

- دەتوانیت بە گینییەک ئەم چاوپێکەوتنە بڵاو بکەیتەوە.

بەک مەڵیگن لە قلیوبلییە پێکەنیوەکەی هەڵستا: پێدەکەنی: پاشان بەدنیازییەکەی هەنگوینکاری کرد، بە سەنگینی وتی:

- چوومە دیدەنیی کینچی هۆنەر لە هاوینەهەوارەکەی خۆی لە شەقامی مێکلێنبورگ[659] و بینیم بە قووڵی لە *سوما کۆنترا جێنتیلێس*[660] دەکۆڵێتەوە بە هاوەڵیی دوو خانمی سووزەنەکی، فرێش نێلی و ڕۆزالی، قەحبەکەی بەندەری خەڵووزەکە[661].

دوور کەوتەوە.

- وەرە، کینچ. وەرە، ئەی ئێنگوسی گەڕۆکی باڵداران[662].

وەرە، کینچ. هەموو بەرماوەکەمانت خوارد. ئەها. چەق و پزۆری[663] خۆتت دەرخوارد دەدەم.

ستیفن هەڵستا.

ژیان چەند ڕۆژێکە. ئەمەش تەواو دەبێت.

جۆن ئێگلنتن وتی:

- ئەمشەو دەتبینین، *نۆتخ ئامی مووغ*[664] دەڵێت کە دەبێت مەلاخی مەڵیگن لەوێ بێت.

بەک مەڵیگن شەبقە پەنەماییەکەی و پارچەپەڕەکەی بادا. وتی:

- مسیۆ مووغ، وانەبێژی وێژەی فەڕەنسی[665] بۆ لاوانی ئایرلاند. لەوێ دەبم. وەرە، کینچ، دەبێت هەڵبەستوانەکان بخۆنەوە. دەتوانیت ڕێک ڕێ بکەیت؟

پێدەکەنێت، وی...

بادەنۆشین تا یازدە[666]. کەیفوسەفای شەوە ئایرییەکان[667].

گەلحۆ...

ستیفن دوای گەلحۆیەک کەوت...

ڕۆژێک لە پەڕتووکخانەی نیشتمانی گفتوگۆیەکمان بوو. شێکسپ. دواتر. پشتە گەلح-ەکەی: دوای کەوتم. قلیشی پاژنەیم ڕووشاند[668].

ستیفن ماڵئاوایی کرد، پاشان زۆر مردووانە[669]، دوای گەپجاڕێکی گەلحۆ کەوت، سەرێکی جواندا‌هێنراو[670]، تازەتاشراو، لە ژوورە گومەزدارەکەوە دەرچوون بۆ نێو ڕووناکیی ڕۆژی پەرشوبڵاوی بێ بیر[671].

چی فێر بووم؟ لەوانەوە؟ لە خۆمەوە؟

ئێستا وەکو هاینس بڕۆ.

ژووری خوێنەرە هەمیشەییەکان. کاشل بۆیەل ئۆکانەر فیتزمۆریس تیزدەل فارل[672] لە پەڕاوی خوێنەراندا واژۆنەخشی[673] ناوە فرەبڕگەییەکەی کردبوو. بابەت: ئایا هاملێت شێت بوو؟ کەللەسەری کوەیکەرەکە باوەڕدارانە لەگەڵ قەشۆچکەیەکدا[674] لە گفتوگۆی پەڕتووکدا.

- بەڵێ تکایە وا بکە، قوربان... زۆر خۆشحاڵ دەبم...

بەک مەڵیگنی شاد بە ورنگەیەکی دڵگیرەوە لەگەڵ خۆی ڕاما، سەری بۆ خۆی دەلەقاند:

- بنێکی دڵخۆش[675].

دەرگا سووڕاوەکە[676].

ئایا ئەوە...؟ شەبقە شریتشینەکە[677]...؟ تەمبەڵانە دەنووسێت...؟ چی؟... تەماشای کرد...؟

نەردە کەوانبووەوەکە: مینچوسی خۆشخز[678].

پەک[679] مەڵیگن، زرێیپەنەماییلەسەر، هەنگاو بە هەنگاو ڕۆیشت، بە کێشی ئایامبی[680] گۆرانیی دەبێژا:

*- جۆن ئێگلنتن، ئەی جۆکەم،*

*بۆچی ژن ناهێنیت؟*[681]

لە هەوادا بڵمەبڵمی کرد:

- چینییە بێچەناگەکە! چین چۆن ئێگ لن تۆن[682]. چووینە ئەوێ بۆ شانۆقتووەکەیان[683]، من و هاینس، هۆڵی بۆریچییەکان[684]. شانۆکارانمان وەک گریکییەکان یان وەک میستەر مایتەرلینک[685] هونەرێکی نوێ بۆ ئەوروپا دروست دەکەن. شانۆگای ئابەی! بۆنی ئارەقەی تووکەبەری ڕەبەنان دەکەم[686].

تفێکی بەتاڵی ڕۆ کرد.

لە بیری چووەتەوە: هەر بە قەد ئەو قەمچیکارییە لە بیری چووەتەوە کە لووسیی نالەبار لە ویی هەڵداوە[687]. جا *فام دو تغۆنت ئانە*کەشی[688] بە جێ هێشت. ئەی بۆچی هیچ منداڵێکی تر لە دایک نەبوون؟[689] یەکەم منداڵیشی کچە؟

دانایی پاشوەخت[690]. بگەڕێوە.

هێشتا دوورەپەرێزە کەللەڕەقەکە (لە هەم هەرەدایە)[691] و گەنجە ژیکەڵەکەش، نۆکەری چێژ[692]، قژە جوانە لیستۆکەکەی فایدۆن[693] لەوێن.

ئێھ... من هەر ئێھ... ویستم... لە بیرم چووەوە... ئێھ...

- لۆنگوۆرث و مەکۆردی ئاتکینسن[694] لەوێ بوون...

پەک مەڵیگن گورج پێی کوتی[695]، چەهچەهەی دەکرد:

*- بە ئاستەم دەنگی دەوروبەر دەبیستم*
*یان گفتوگۆی سەرباز کە بە لایدا تێدەپەڕم*
*پێش ئەوەی بیرەکانم دەست بکەن بە ڕاکردن*
*بەسەر ئێف مەکۆردی ئاتکینسندا.*
*ئەوەی قاچە دارینەکەی هەیە*
*لەگەڵ ئەو درێژدادرە کەڵتلەپێیە،*
*ئەوەی هەرگیز نەیوێراوە تینوێتیی خۆی بشکێنێت،*
*مەگی، ئەوەی دەمە بێچەناگەکەی هەیە.*
*چون لەم دونیا ترساون ژن بهێنن*
*بۆیە تا بۆیان بکرێت دەسپەڕ دەکەن.*[696]

هەر گەپجاڕی بکە. خۆت بناسە[697].

وەستا، لە خوارمەوە، مەتەڵبازێک سەیرم دەکات. ڕادەوەستم.

بەک مەڵیگن نرکاندی:

- نەگۆبازی پرسەبار. سینگ وازی لە ڕەشپۆشی هێنا بۆ ئەوەی وەکو سرووشت وا بێت[698].
تەنها قەلەڕەش و قەشە و خەڵووزی ئینگلی ڕەشن.
پێکەنینێک هەڵقونایە سەر لێوەکانی. وتی:

- دوای ئەوەی تۆ لە بارەی ئەو گرێگرییە پیسکە تەڕپیرەوە نووسیوتە لۆنگوۆرث ئێجگار نەخۆشە. ئاخ ئەی جوویەشوعیی لێپێچەرەوەی سەرخۆش! وێ لە ڕۆژنامەکەدا کارێکت بۆ دەدۆزێتەوە و تۆش دەچیت لەسەر هەڵیتوپەڵیتەکانی وێ لەسەر عیسا تێی بەردەبیت[699]. نەتدەتوانی بە شێوازەکەی یەیتس بکەیت؟

لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو و داگەڕا، ڕووی لێ مۆن کرد[700]، بە دەم شەکاندنەوەی باڵە لەختولارەکانیەوە گۆرانیی دەبێژا:

- جوانترین پەڕتووکێکە کە لە سەردەمی مندا لە وڵاتەکەماندا دەرچووبێت. خەڵک بیر لە هۆمیرۆس دەکاتەوە[701].

لە بەر دامێنی پلیکانەکاندا وەستا. بە سەنگینی وتی:

- بیرۆکەی شانۆگەرییەک بۆ نەگۆبازانم بۆ دروست بووە.

هۆڵە مەغریبیە کۆڵەکەدارەکە، سێبەرەکان ئاڵۆسکاون[702]. نۆخانێن بە کڵاوە هێماییەکانەوە نەما[703].

بەک مەڵیگن بە دەنگگەلی گۆڕاوی خۆشەوە تەختەی پەیمانەکەی خوێندەوە[704]:

*- هەر پیاوێک ژنی خۆیەتی*

*یان*

*مانگی هەنگوینییەک لە ناو دەستدا*

*(بەدڕەوشتییەکی نیشتمانی لە سێ ڕەحەتبووندا)*

*نووسینی*

*گوناخی مەڵیگن*

فیزەبزەی قەشمەرێکی[705] دڵخۆشانەی بۆ ستیفن بادایەوە، وتی:

- پێم وا بێت گۆڕینەکە لاوازە. بەڵام گوێ بگرە.

خوێندیەوە، *مارکاتۆ*[706]

- کەسێتییەکان:

**تۆبی دەسپەڕۆف** (پۆڵییەکی پەککەوتە).

**چنگنە** (جەنگەڵوان).

دیکی پزیشکی
و (دوو باڵندە بە یەک بەرد)
دەیقیی پزیشکی

**دایە گرۆگن** (ئاوکێشێک)

**فرێش نێلی**

و

**ڕۆزالی** (قەحبەکەی بەندەری خەڵووزەکە)[707].

پێکەنی، سەری پاشوپێشکردووی شۆڕ کردەوە، هەر دەڕۆیشت، ستیفن دوای کەوتبوو: بە شادیشەوە بە سێبەرەکانی وت، گیانەکانی مرۆڤ:

- ئای، لەو شەوەی هۆڵی کامدن[708] کە کچەکانی ئێرین ناچار بوون تەنوورەکانیان هەڵبکەن بۆ ئەوەی بە سەرتدا پێ هەڵبهێنن کە لە ناو ڕشانەوە شاتووڕەنگە فرەڕەنگە زۆرەکەتدا گەوزابوویت!

ستیفن وتی:

- ئەوە بۆ پاکترین کوڕی ئێرین بووە کە لە ژیانیاندا هەڵیانکردبێت.

خەریک بوو بە بەردەرگاکەدا تێدەپەڕین، هەستی کرد یەکێک لە دواوەیە، لە لاوە وەستا.

جیا ببەوە. ئێستا کاتیەتی. کەواتە کەی؟ ئەگەر ئەمڕۆ سۆکراتیس لە ماڵی خۆی دەربچێت، ئەگەر ئەمشەو یەهوزا بچێتە دەرەوە[709]. بۆچی؟ ئەوە لە بۆشاییدا هەیە کە دەبێت من لە کاتدا پێی بگەم، بە مسۆگەری.

ویستی من: ویستی ئەوەی بەردەمم. دەریاگەل لە نێواندا[710].

پیاوێک بە نێوانیاندا تێپەڕی، کڕنۆشی برد، سڵاوی کرد.

بەک مەڵیگن وتی:

- دووبارە ڕۆژباش.

هەیوانەکە.

لێرە بوو کە بۆ پێشزانی تەماشای باڵندەکانم کرد. ئێنگوسی باڵداران[711]. دەڕۆن، دێن. دوێشەو فڕیم. ئاسان فڕیم. پیاوان سەیریان لێ هاتبوو. پاشان شەقامی قەحبەکان. کاڵەکێکی کرێمیی پێشکەش کردم[712]. وەرە ژوور. دەبینیت.

بەک مەڵیگن بە ڕێزی قەرەقۆزانەوە چرپاندی:

- جووە وێڵەکە[713]. چاویت بینی؟ بە هەوەسبازییەوە سەیری کردیت[714]. لێت دەترسم، ئەی ناخودا دێرینەکە[715]. ئای کینچ، تۆ لە مەترسیدایت. بەرقنێک بۆ خۆت پەیدا بکە.

ڕەوشتی ئۆکسنفۆرد[716].

ڕۆژ. یەکچەرخەی خۆر[717] لەسەر تاقی پردەکە.

پشتێکی ڕەش بە هەنگاوی وێزئاساوە[718] بە بەردەمیاندا بەرەو خوار ڕۆیشت، لای دەروازەکەوە بە ژێر چوقڵەکانی دەرگازرێکەوە[719] دەرچوو.

ئەوان بە دوایدا.

هێشتا بێڕێزیم پێ دەکات. هەر بدوێ.

هەوای میهرەبان گۆشەی ماڵەکانی شەقامی کیلدێری دیاری دەدا. باڵندەی لێ نییە[720]. دوو باقە دووکەڵ لە سەربانی ماڵەکانەوە سست بەرز بوونەوە، شەکانەوە، ئینجا لە نێو کزەیەکی نەرمییدا تەقین.

لە جەنگ بوەستە[721]. ئاشتیی قەشە درویدەکانی سیمبێلین[722]: لێکدەرەوانە: قوربانگایەک لە زەویی بەرینەوە.

*ستایشی خواکان دەکەین*

*با دووکەڵی پێچاوپێچمان تا کونەلووتیان سەرکەوێ*

*لە قوربانگا پیرۆزەکانی ئێمەوە*[723].

## ڕاڤەکانی ئەڵقەی نۆیەم

[1] **ئەڵقەی نۆیەم: سکیلا و کاریڤدیس**: پوختەی گرێچنەی ئەم ئەڵقەیە بەم جۆرەیە:

**شوێن**: پەڕتووکخانەی نیشتمانیی ئایرلاند لە دەبلن و شەقامەکەی بەردەمی.

**کات**: ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤، کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆ.

**کەسێتییە سەرەکییەکان**: ستیفن دێدالۆس، میستەر لیستەر (بەڕێوەبەری پەڕتووکخانەکە)، جۆن ئێگلنتن (یاریدەری بەڕێوەبەری پەڕتووکخانەکە)، جۆرج ڕەسڵ (ناسراو بە ئەی ئی: ڕۆشنبیر)، میستەر بێست (یاریدەری بەڕێوەبەری پەڕتووکخانەکە)، مەڵیگن، بلووم، فەرمانبەرێک.

کە ئەڵقەکە دەست پێ دەکات وا دیارە چەند خولەکێک لەووبەر گفتوگۆیەکی وێژەیی لە نێوان ستیفن و میستەر لیستەر و جۆن ئێگلنتن و جۆرج ڕەسڵدا دەستی پێ کردووە. لیستەر ئاماژە بە ڕۆمانێکی گۆتە (*ڤیلهێلم مایستەر و گەشت و شاگردێتییەکانی* [١٧٩٦]) دەدات. کەسێتیی سەرەکیی ئەو ڕۆمانەی گۆتە هەوڵ دەدات شانۆنامەی *هاملێت*ی شێکسپیر وەربگێڕێت.

بەڵام فەرمانبەرێک بانگی دەکات و ناچارە گفتوگۆکە بە جێ بهێڵێت. ئێگلنتن توانج و پلار دەگرێتە ستیفن بۆ ڕاڤە و نووسینەوەی *هاملێت*. سەرەتا ستیفن بێدەنگە. ئێگلنتن نووسەرە گەنجەکانی ئایرلاند سەرکۆنە دەکات کە هێشتا شاکارێکیان دانەهێناوە کە بتوانن بیخەنە پاڵ *هاملێت*.

جۆرج ڕەسڵ خۆی سەروکاری لەگەڵ جیهانی ڕازگری و تیۆسۆفیدا هەیە و گرنگییەکی زۆر بە لایەنی گیانەکیی شتان دەدات. تێڕوانینی خۆی لە بارەی گرنگیی وێژەوە ئاشکرا دەکات و پێی وایە: «دەبێت هونەر بیرۆکە و کرۆکی بێشێوەی گیانەکییمان بۆ دەربخات. پرسیاری هەرە باڵا دەربارەی کارێکی هونەری ئەوەیە کە ئایا لە چەند قووڵایی ژیانەوە هەڵدەقوڵێت؟».

ستیفن بیرۆکەکانی ڕێک دەخات. میستەر بێست دێتە ژوورەوە. ستیفن بابەتەکە دەباتەوە بۆ ئەریستۆتێلیس و پلاتۆن، ئێگلنتنیش ئەمەی پێ خۆش نییە. بێست هەواڵی هاینس (ی ئەڵقەی یەکەم)یان پێ دەڵێت کە تازە بینیویەتی و چووە پەڕتووکێکی گۆرانی و هۆنراوە بکڕێت. ڕەسڵ ئاماژە بە کاریگەریی گۆرانی دەدات لەسەر بزاوت و شۆڕشی جیهان. قەیرێک باسی ستێفان مالارمێ (١٨٤٢-١٨٩٨) دەکەن.

بابەت دێتەوە سەر *هاملێت*. ستیفن پێی وایە کەسێتیی شێکسپیر لە هەندێک کەسێتیی نێو شانۆنامەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بێبەزەییێتییەکەی هاملێتی کوڕ لە پەردەی پێنجەمی شانۆنامەکەدا نموونەی بێبەزەیێتیی سەربازانی ئینگلن. ستیفن زیاتر باس لە ژیانی شێکسپیر خۆی و نمایشی *هاملێت* دەکات کە شێکسپیر خۆی تیایدا ڕۆڵی دیوە. پێی وایە شێکسپیر پەیوەندییەکی خودیی لەگەڵ *هاملێت*دا هەبووە: هاملێتی کوڕ هەر هامنێت-ی کوڕی خۆیەتی. ڕەسڵ ئەمەی پێ ناخۆشە و پێی وایە ئەمە سیخوڕییە بەسەر ژیانی هونەرمەندەوە. پێی وایە دەبێت ژیانی هونەرمەند لە بەرهەمەکانی جیا بکەینەوە «بە ئێمە چی کە هۆنەرەکە چۆن ژیاوە؟». پێی وایە گرنگ ئەوەیە ئێستا ئێمە بەرهەمەکانی کەسەکەمان هەیە.

ستیفن بیری جۆراوجۆر دەکاتەوە، یەکێک لە بیرەکانی ئەوەیە کە قەرزاری ڕەسڵە. ئینجا بە خراپ باسی ئان هاثەوەی-ی ژنی شێکپسیر دەکات. پێی وایە لە نێو کارەکانی شێکسپیردا زۆر بەڵگە لەسەر خودی ژیانی هەن. پێی وایە بەشێک لە هۆی ئەوەی شێکسپیر ستراتفۆردی بە جێ هێشتووە و چووە بۆ لەندەن لە داخی ژنەکەی بووە. ژنەکەی زوو دانی بۆ ڕۆ کردووە و ئەم هەڵخڵەتاوە.

ڕەسڵ ناچارە بە جێیان بهێڵێت و بگەڕێتەوە سەر کار. ستیفنیش دیسان بیری جۆراوجۆر دەکاتەوە. لیستەر دەڵێت بەم نزیکانە کارێکی وێژەیی بڵاو دەبێتەوە کە کۆمەڵێک هۆنراوەی هەڵبژاردەی ڕەسڵن. ستیفن بیرێکی کورت لەم کارە و نووسەرەکانی دەکاتەوە. ئینجا داوا لە ڕەسڵ دەکات گرنگی بە نامەکەی دیسی (ئەڵقەی دووەم) بدەن. ڕەسڵیش دەڵێت چیی پێ بکرێت درێغی ناکات و دەڕوات.

لیستەر خوازیارە زۆرتر بیروبۆچوونی ستیفن لە بارەی *هاملێت*ەوە بزانێت. ستیفن بیرەکانی خۆی ڕێک دەخات. ئێگلنتن داوای لێ دەکات ئەوە بسەلمێنێت کە شێکسپیر هاملێتە. ستیفنیش درێژەی بیردۆزەکەی دەخاتە ڕوو، بە وردی ڕۆ دەچێتە نێو ژیانی شێکسپیر و هەندێک لە شانۆنامەکانی و بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە. بەڵام ئێگلنتن هاوڕای نییە، تەنانەت ئێگلنتن پێی وایە شێکسپیر شانۆنامەی *پێریکلیس*ی نەنووسیوە. لیستەر پێی وایە دەبێت ستیفن کار لەسەر بیردۆزەکەی بکات و ئاماژە بە چەند ڕاڤەکارێکی تری شێکسپیریش دەدات. پێی وایە ژیانی خۆشەویستیی شێکسپیر کێشاوی بووە.

پاشان باسی پەیوەندیی گوماناویی شێکسپیر و خانمێکی تاریکڕەنگ و کەسێکی تر دەکرێت کە سەرەپیتی ناوەکەی دەبلیو ئێچ-ە و ناسنامەکەی ڕوون نییە. خانمە تاریکڕەنگەکەش کەسێکە لە نێو سۆنێتەکانی شێکسپیردا ئاماژەی پێ دراوە. ستیفن لەسەر بنەمای بەڵگەی ناوەکی پێی وایە ئەم خانمە ژنێکی بەرهەڵدا بووە و شێکسپیر خۆشی ویستووە، بەڵام خانمەکە شێکسپیری نەویستووە. ئینجا ستیفن دیسان لەسەر بنەمای دەقەکانی شێکسپیر پێی وایە ژنەکەی شێکسپیر پەیوەندیی سەرجێیی لەگەڵ برایەکی شێکسپیردا هەبووبێت. لەوانەیە ئەمەش وای لێ کردبێت بەو جۆرە لە شار و خێزانی خۆی دوور بکەوێتەوە.

لە ناکاو مەڵیگن دێتە ژوور و یەکسەر بابەتەکە دەکات بە گاڵتە و پێکەنین. یەکسەریش دەزانێت ستیفن باسی شێکسپیری کردووە. لیستەر داوای ڕا لە مەڵیگن دەکات، بەڵام ئەو ئەوەش دەکات بە گاڵتەوگەپ. ئەوانی تر درێژە بە بابەتەکە دەدەن. ئینجا مەڵیگن دەکەوێتە گاڵتە و ڕابواردن بە ستیفن.

فەرمانبەرێک دووبارە لیستەر بانگ دەکات. پێی دەڵێت بەڕێزێک لە ڕۆژنامەی *فریمانس جۆرنەڵ*ەوە هاتووە و داوای دۆسییەک دەکات. ئەم کەسە بلوومە و لیستەر دەچێت بە دەنگیەوە و زۆر بەڕێزانە کارەکەی ڕایی دەکات. کە مەڵیگن لە دوورەوە بلووم دەبینێت دەکەوێتە زەمی وی و گاڵتەی پێ دەکات. بە ستیفن دەڵێت: «باوکت دەناسێت»، پێشی دەڵێت بلووم هەتیوبازە و دیویەتی چاوی بڕیوەتە سمتی پەیکەرێک. ئێگلنتن ئەم گاڵتەجاڕییەی مەڵیگن دەبڕێنێتەوە و پرسیار لە ستیفن دەکات. ستیفنیش دیسان دەکەوێتەوە کۆڵینەوە لە ژیانی شێکسپیر بە گوێرەی بەڵگەی ناوەکیی نێو کارەکانی.

ستیفن پێی وایە شێکسپیر دەوڵەمەند بووە و حەزی بە چارەی ژنەکەی خۆی نەهاتووە، چون هەرگیز شێکسپیر ناوی ژنەکەیی نەبردووە. تەنانەت لە دواسپاردەکەشیدا یەکەم جار ناوی ژنەکەیی تێدا نییە، دواتر ناوی ژنەکەی خراوەتە نێوان دێڕەکانەوە. مەڵیگن بە گاڵتەوە ئەوەش دەخاتە نێو باسەکەوە کە شێکسپیریش هەتیوباز بووە. ستیفن درێژە بە بیردۆزەکەی خۆی دەدات و پێی وایە شێکسپیر کەسێکی ڕەزیل و پیسکە بووە و «شایلۆکی لە گیرفانە درێژەکانی خۆیەوە دەرهێناوە». شایلۆک بارمتەگرێکی تۆڵەخوازی نێو شانۆنامەی *بازرگانەکەی ڤینیسیای* شێکسپیرە. دووپاتی دەکاتەوە کە ڕووداوەکانی دەوروبەری ژیانی خۆی کەرەستەی سەرەکیی پێکهێنانی ڕووداوەکانی نێو شانۆنامەکانین. پێشی وایە ژنەکەی حەزی بە شانۆنامەکانی وی نەبووە. پێشی وایە ئان هاتەوەی لەگەڵ

ئەوەی لە سەرەتای ژیانیدا ژنێکی سەرکێش و تا ڕادەیەک بەرهەڵدا بووە، بەڵام دواتر گەڕاوەتەوە و بووەتە ژنێکی دیندار و بە قورسی دینی گرتووە.

ستیفن بە لێڵی و ناڕوونی پەیوەندیی هاملێتی باوک و هاملێتی کوڕ بە باوکی شێکسپیر (جۆن شێکسپیر) و شێکسپیر خۆی وەک باوک و بەرهەمەکانی وەک منداڵی خۆی و سیانینەی پیرۆز (باوک و کوڕ و گیانی پیرۆز)ی دینی مەسیحی بەراورد دەکات. مەڵیگن گاڵتەیەک لەسەر ئەم پەیوەندییە ڕێک دەخات. ستیفن ناوی کەسوکاری شێکسپیر لە بەرهەمەکانیدا دەستنیشان دەکات. لەم بەڵگانەشەوە گریمانەی ئەوە دەکات پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ ڕیچاردی برایدا هەبووبێت. گریمانەی ئەوە دەکات ڕیچاردی برای لەگەڵ ژنەکەی شێکسپیردا سەرجێییان هەبووبێت «لە هەر هەموو پاشاکانی ویدا [شێکسپیردا] ڕیچارد تاکە پاشایە کە لە مەتاڵی ڕێزی شێکسپیر بێبەرییە»، ئەمیش لەبەر هاوناوەکەی، کە ڕیچاردی برای خۆیەتی. ڕیچارد لە شانۆنامەکەدا دەبێتە مێردی ئان، کە ژنەکەی خۆیشی هەر ناوی ئانە.

بەڵام ستیفن پێی وایە شێکسپیر لە کۆتایی تەمەندا گەیشتووە بە ئاشتی و ئارامیی دەروونی و ئەمەش لە شانۆنامەکانی دوایی تەمەنیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئێگلنتن بەشێکی وتەکانی ستیفن دەسەلمێنێت، ڕەنگە لە دڵیشەوە نەبێت، بەڵام دەڵێت: «[شێکسپیر] سەهویرەکەشە و شازادەکەشە. هەموو شتێکە». واتە لە شانۆنامەی *هاملێت*دا هەم خۆی باوکەکەیە و هەم کوڕەکەشە. مەڵیگن دیسان دەست دەکاتەوە بە گاڵتەوگەپ.

ستیفن بە ئێگلنتن دەڵێت: «دەتوانیت بە گینییەک ئەم چاوپێکەوتنە بڵاو بکەیتەوە». بەڵام ئێگلنتن لێی دەپرسێت: «ئایا خۆت بڕوات بە بیردۆزەکەی خۆت هەیە؟»، ستیفن دەڵێت: «نەخێر». مەڵیگن دیسان بابەتەکە دەکاتەوە بە گاڵتەوگەپ و ستیفنیش دەخاتە نێو چیرۆکە بەرهەڵداییەکانی خۆیەوە.

ستیفن و مەڵیگن ماڵئاوایی دەکەن و دەڕۆن و پەڕتووکخانەکە بە جێ دەهێڵن. مەڵیگن بە دەم ڕێوە دەست دەکات بە گۆرانییەکی بەرهەڵدایانە. پاشان ستیفن سەرکۆنە دەکات لەسەر ناسوپاسگوزارییەک کە بەرانبەر نووسەرێکی نوواندووە بە ناوی خاتوو گرێگری. مەڵیگن داوا لە ستیفن دەکات بڕێک دیپلۆماسی بێت.

مەڵیگن بیرۆکەی شانۆگەرییەکی بەرهەڵدایانەی کەنینی بە ستیفن دەڵێت. بلووم لە دواوە دێت و بە نێوانیاندا دەڕوات و ڕێی بۆ دەکەنەوە و سڵاویش دەکەن.

مەڵیگن دیسانەوە دەکەوێتەوە گاڵتەوگەپ و دەڵێت بلووم تەمای لە ستیفنە. ستیفنیش پێی وایە مەڵیگن بێڕێزیی پێ دەکات و دەڕۆن. **~ن.م.**

لە پەڕتووکی دوازدەیەمی *ئۆدیسە*دا، ئۆدیسێفس و پیاوەکانی لە جیهانی مردووانەوە دەگەڕێنەوە بۆ دوورگەکەی کیرکی (بڕوانە ٦: ١)، لەوێ بەڵێنەکەی ئۆدیسێفس بە ئێلپینۆر جێبەجێ دەکەن بۆ ناشتنی لاشەی ئێلپینۆر. کیرکی «نەخشەی ڕێ»ی ئاوییەکە دەدات بە ئۆدیسێفس و باسی سیرین-ەکانی بۆ دەکات (ئەڵقەی ١١ی *ئولیس*) و بژاردەیەکی ڕێکانی پێ دەدات: یەکێکیان بە لای ڕێی بەردە گەڕۆکەکاندایە (ئەڵقەی ١٠ی *ئولیس*) - «تەنانەت باڵندەش ناتوانێت بە لایاندا تێبپەڕێت» (ئۆدیسە ١٢: ٦٢)؛ ڕێکەی تر بە نێوان سکیلا و کاریڤدیس-دایە. ئۆدیسێفس ئەم ڕێیەیان هەڵدەبژێرێت، ئەم ڕێیە بژاردەیەکی تری تێدایە: دەعبایەکی شەشسەر، کە ناوی سکیلایە و «لەسەر لوتکەی چیایەکی تیژ» دەژیێت (ئۆدیسە ١٢: ٧٤)، چاودێریی کەشتییەکە دەکات کە بە قەراغی کەنداوەکەدا دەڕوات و «لەگەڵ هەر هەڵلووشینێکدا پیاوێک دەکاتە قوربانی» (ئۆدیسە ١٢: ٢٢٤). بەڵام ئەگەر کەشتییەکە بە بەرەکەی ئەوبەری کەنداوەکەدا بڕوات، ئەوا گێژاو و گەرداوی کاریڤدیس بە تەواوی ئابڵۆقەی دەدات. کیرکی ئامۆژگاریی ئۆدیسێفس دەکات کە «باوەش بە زناری سکیلا-دا بکات»، کە ئەویش وا دەکات. بەڵام داواشی لێ دەکات هەوڵ نەدات لەگەڵ سکیلادا بجەنگێت کە «مۆتەکەیەکە و نامرێت» (ئۆدیسە ١٢: ١١٨)، کە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی سکیلا و کاریڤدیس دێت، ئۆدیسێفس ئامۆژگارییەکەی کیرکیی لە بیر دەچێت و هەوڵ دەدات لەگەڵ سکیلادا بجەنگێت – بەڵام بێهوودە دەجەنگێت، چون ئۆدیسێفس و پیاوەکانی لە کاتی هێرشەکەیاندا بە دیمەنی جەرگبڕی «دەمی باوێشکدەر»ی کاریڤدیسەوە سەرقاڵ دەبن (ئۆدیسە ١٢: ٢٤٣).

کاتی ئەم ئەڵقەیە کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆیە. دیمەن: پەڕتووکخانەی نیشتمانی. ئامراز: مێشک. هونەر: وێژە. ڕەنگ: هیچ. هێما: ستراتفۆرد، لەندەن. تەکنیک: دیالێکتیک. هاوتەریبەکان: شاخەکە [کە سکیلا لەسەری دەژی] – ئەریستۆتێلیس، دۆگما، ستراتفۆرد. گێژاوەکە [کاریڤدیس] – پلاتۆن، ڕازگری (میستیسیزم)، لەندەن. ئولیس – سۆکراتیس، عیسا، شێکسپیر.

هێڵکارییەکەی لیناتی چەند کەسێتییەک لیست دەکات: «سکیلا و کاریڤدیس، ئولیس، تیلێماخۆس، ئەنتینووس» و وەک هێماش «هاملێت، شێکسپیر، مەسیح، سۆکراتیس،

لەندەن وستراتفۆرد، سکۆلاستیسیزم {خوێندنی فەلسەفی} و ڕازگری. پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس، گەنجێتی و پێگەیشتوویی».

سەرچاوەی سەرەکیی ئەو ژیننامانەی شێکسپیر، کە زۆرتر خەیاڵکردن و ستیفن زۆر ئازادانە باسیان دەکات، ئەمانەن: پەڕتووکی *ویلیەم شێکسپیر*، جۆرج براندێس (لەندەن، ١٨٩٨)، لە ڕاڤەکاندا بە «براندێس» ئاماژەی پێ دەدەم؛ هەروەها چیرۆکی *تراژیدیی ژیانی خودی شێکسپیر*، فرانک هاریس (نیو یۆرک ١٩٠٩) لە ڕاڤەکاندا بە «هاریس» ئاماژەی پێ دەدەم؛ هەروەها *ژیانی ویلیەم شێکسپیر*، سیدنی لی (لەندەن، ١٨٩٨)، لە ڕاڤەکاندا بە «لی» ئاماژەی پێ دەدەم.

جۆرج مۆریس کۆهین براندێس (١٨٤٢-١٩٢٧) ڕەخنەگرێکی وێژەیی دانی بوو و لە هزری سکەندیناڤی و ئەوروپیی سەدەی نۆزدەدا یەکێک بوو لە ڕابەرانی «چوونەژوورەوەی نوێ: *نیو برێکینگ ثروو*». ساڵی ١٨٧١ دەستی کرد بە دانانی بنەماکانی ڕیالیزم و ناتورالیزمی نوێ، وێژەی ئایدیالیزمی ئەبستراکت و فەنتازیی سەرکۆنە دەکرد و کارەکانی هێنریک ئیبسن و ئەمیل زۆلای لە هەمووان زیاتر لا نایاب بوو. لە وێژەی ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئینگلی و سکەندیناڤیشدا لێزان بوو. لە سەردەمی ژیانی خۆیدا وەها پەسن دەدرا: «ڕەخنەگرێکی زانستییانەیە کە وێژە بۆ ئەو *ڕەخنەی ژیانە*».

فرانک هاریس (١٨٥٦-١٩٣١) وێژەوان و سەرنووسەرێکی ئینگل بوو. زۆربەی بابەتەکانی دەربارەی ژیننامەی شێکسپیر لە حەفتەنامەی *ساتردەیرێڤیو*دا بڵاو دەکرایەوە، کە ١٨٩٠کان هەر خۆی سەرنووسەری حەفتەنامەکەش بوو. ئێستانان زیاتر بە نووسەری *ژیان و ئەوینەکانم* (نیو یۆرک، ١٩٦٣) ناسراوە، کە ژیننامەیەکی خۆیەتی و بە هەندێک بیری خۆزگەییانەی خۆی و هەندێک تاقیکردنەوەی دۆنخوانیزمییانەی خۆی ڕازاندوویەتیەوە.

سیدنی لی (١٨٥٩-١٩٢٦) کوڕە گەورەی لازاروس لی بووە، سەرەتا ناوی سۆلۆمۆن لازاروس لی بووە و ساڵی ١٨٨٠ ناوەکەی گۆڕیوە بۆ سیدنی ل(انسێلۆت) لی و دواتریش ئەو ناوەی ناوەڕاستیشی لابردووە. لە ژیانی وێژەوانیی خۆیدا ئەم کارانەی کردووە: سەرنووسەری *فەرهەنگی ژیننامەی نیشتمانی* بووە، *ژیننامەی شێکسپیر و شا ڤیکتۆریای* نووسیوە، هەروەها *ئینگلە مەزنەکانی سەدەی شازدەیەم*ی نووسیووە. دەیەویست ببێت بە پایەیەکی وارگێڕیی ئینگلی و دەزگا وێژەییەکانیش، واش بوو - خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی شێکسپیریش لەو بازنە پایەبەرزەدا دابنێت.

ئەم سێ ژیننامەنووسانە (لەگەڵ هەندێکی تر لە سەرچاوەکانی ستیفن، کە دیارترینیان ئۆسکار وایلدە) سەرنجەکەی ساموئێل شۆونباوم-یان بیری من خستەوە کە دەڵێت: «ژیننامە هەوڵ دەدات وێنەیەکی لاری کەسێتی بکێشێتەوە» (*ژیانەکانی شێکسپیر* [نیو یۆرک، ١٩٧٠]، لا. viii-ix) و وام لێ دەکەن بڵێم تا ئەو زانیارییانە ناتەواوتر بن کە لەسەر کەسێتیی سەرەکیی نێو ژیننامە دەنووسرێتەوە، مەودای لارێتییەکەش زیاتر دەبێت. **~گ.س.**

[2] **پەڕتووکخانەچییە کوەیکەرە بەرەوشتەکە:** تۆماس ویلیەم لیستەر (١٨٥٥-١٩٢٢)، (لە ١٨٩٥-١٩٢٠) پەڕتووکخانەچیی پەڕتووکخانەی نیشتمانیی ئایرلاند بوو. چەند کارێکی نووسیوە و وەرگێڕاوە، لەوانە: *ژیانی گۆتە* (١٨٨٣) لە نووسینی هاینریش دونتزە، کە ئەو پیایدا چووەتەوە و زیادی کردووە و ڕاڤەیشی کردووە. ئیدیتەری چەند پەڕتووکێکیش بووە، لەوانە: *هۆنراوەی ئینگلی بۆ قوتابیی گەنج* (١٨٩٣ و دواتر). لەو ماوەیەی پەڕتووکخانەچی بووە، سەیرێتیی باوەڕە دینییەکەی وای لێ کردبوو کە بەدگومانیی پێ ببرێت و ببێتە سەرچاوەی زۆر گاڵتەپێکردن. **~گ.س.**

تۆماس ویلیەم لیستەر، باوکی ناوی تۆماس لیستەری ڕاثداونی بووە، دایکی ناوی جەین (پێش شوو: *سمیث*) بووە، لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٨٥٥ لە کیلکەنی لە دایک بووە، لە کڵێسای ئایرلاند ئاوەمۆر کراوە. لە تەمەنێکی زووەوە باوکی مردووە و ناچار بووە بژێویی خێزانەکەی پەیدا بکات. لە قوتابخانەی وێزلییەکان-ی ٧٩ی شەقامی سانت ستیفنس گرینی خواروو لە دەبلن خوێندوویە، دواتر لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن خوێندوویە، ماستەری لە ئەڵمانی و ئینگلییدا هەبووە. وەک کارمەند لە فەرمانگەی کشتوکاڵ دامەزراوە. ساڵی ١٨٧٨ وەک یاریدەری پەڕتووکخانەچی لە پەڕتووکخانەی نیشتمانی ئایرلاند دەستبەکار بووە. لە تەمەنی ٢٨ ساڵییدا پەڕتووکی *ژیانی گۆتە* (١٨٨٣)ی هاینریش دونتزە-ی وەرگێڕابوو و ڕاڤەیشی کردبوو. ساڵی ١٨٨٠ لە وەزارەتی پەروەردە وەک تاقیکاری ئینگلی دانراوە و کراوە بە ئیدیتەری پەڕتووکی وێژە و مێژووی وێژەی ئینگلیی قوتابخانەکان. بەرهەمی لەسەر شێکسپیر و میڵتن-یش بڵاو کردووەتەوە. زۆر جار لە کێشەوە ئاڵاوە، بۆ نموونە: ڕۆژنامەی *دە لیدەر*-ی ناسیۆنالیستەکان دژی بوون و نەیاندەویست ئەو وانە بە کاسۆلیکەکان بڵێتەوە، لەبەر ئەوەی گوایە پرۆتستانت بووە، هاوکات ڕۆژنامەی *ئایرش پرۆتێستانت*-ەکانیش سەرکۆنەیان دەکرد، چون پەڕتووکخانەی نیشتمانی بەشی پێویست بەرهەمی دژەکاسۆلیکیی نەکڕیوەتەوە. لە ساڵی ١٨٩٥ەوە دوای

ویلیەم ئارچەر ئەم بوو بە پەڕتووکخانەچیی پەڕتووکخانەی نیشتمانیی ئایرلاند و ماوەی ٢٥ ساڵ لەو پێگەیەدا ماوەتەوە. لەو ماوەیەدا وانەی لەسەر بابەتی پەڕتووکخانە وتووەتەوە و باسی گرنگیی ڕۆژنامەی ناوخۆیی و نووسینی کورتماوە دەکرد. پشتیوانی لە سیستمی دیوی کردووە. ساڵی ١٩١٣ وەک ئەندامی ئەکادیمیای پاشایی ئایری هەڵبژێرراوە. ساڵی ١٩٢٠ دوای خانەنشینبوونی خاتوونێکی بە ناوی جەین (پێش شوو: *ڕۆبنسن کامپێڵ*) خواست و لە ماڵی خۆی لە ١٠ی هارکۆرت تێرەس دەژیان، کە تەنها دە خولەک لە پەڕتووکخانەی نیشتمانی بە پێ دوور بووە. لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ لەناکاو لە ماڵی خۆی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی دینسگرەینج لە دینسگرەینج لە کاونتیی دەبلن نێژراوە. تابلۆیەکی مس لە پەڕتووکخانەی نیشتمانی هەڵواسراوە، کە کاتی خۆی ویلیەم بەتڵەر یەیتس-ی هاوڕێی ژیانی پەردەی لەسەر لادا، لەسەری نووسراوە: «بە یادی تۆماس ویلیەم لیستەر ١٨٥٥-١٩٢٢، بیست و پێنج ساڵ پەڕتووکخانەچییەکی بەتوانا و ڕۆشنبیری ئەم پەڕتووکخانەیە بووە، پەرۆشی و خۆشەویستیی وی بۆ پەڕتووک و سرووشتە نەرمونیانەکەی ئەوی لای هەموو ئەوانە خۆشەویست کردبوو کە دەیانناسی. ئەمە ڕێزلێنانی زۆر هاوڕێی ئەوە ١٩٢٣». **~ڤ.یێ.**

[3] **ڤیلهێلم مایستەر**: *ڤیلهێلم مایستەر و گەشت و شاگردێتییەکانی* (١٧٩٦) نووسینی یۆهان ڤۆلفگانگ ڤۆن گۆتە (١٧٤٩-١٨٣٢)، کە هەم لە سەردەمی ژیانی خۆیدا و هەم ئێستاش مەزنترینی وێژەوانە ئەڵمانەکانە. ئەو «پەڕە بەهادارانەی»انەی لیستەر ئاماژەیان پێ دەدات پێک هاتوون لە پەڕتووکی ٤، بەشی ١٣، تا پەڕتووکی ٥، بەشی ١٢ی ڕۆمانەکەی گۆتە، کە لەو مەودایەدا ڤیلهێلم شانۆنامەی *هاملێت* وەردەگێڕێت و دەستکاریی دەکات (دایدەڕێژێتەوە) و لە بەرهەمهێنانی دەستکارییەکەی ئەودا بەشداری دەکات. لیستەر و هاوچەرخەکانی پێیان وا بوو کە «پەڕە»کانی گۆتە ئەوەندە زۆر خەیاڵکرد نین، بەڵکو زیاتر ڕاڤەی خودیی تا ڕادەیەک شاراوەی گۆتە خۆین و بەرسڤی ئەون بۆ *هاملێت*ی شێکسپیر. **~گ.س.**

[4] **گیانێکی ڕاڕا... پارچەپارچەی کردووە**: ئەم دەقەی لیستەر تیلنیشانی پێ دەدات لە چاپتەری ١٣ی پەڕتووکی چوارەمی *ڤیلهێلم مایستەر*دایە؛ مایستەر دەڵێت: «لای من ڕوونە کە شێکسپیر لە *هاملێت*دا مەبەستی ئەوە بووە کاریگەریی ڕووداوێکی مەزن دەربخات کە بەسەر گیانێکدا دێت کە {گیانەکە} بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ناشێت. لای من هەموو شانۆنامەکە لەم دیدەوە بونیاد نراوە. داربەڕوویێک لە شووشەیەکی گرانبەهادا

چێنراوە، کە دەبوو تەنها گوڵی بۆنخۆش لە خۆی بگرێت؛ ڕەگەکان فراوان دەبن، شووشەکە دەلەرزێت. سرووشتێکی شیرین و پاک و مەزن و زۆر بەئاکار، بێ هێزی پەیەکان، کە پاڵەوان دروست دەکەن، لە ژێر بارێکدا دەپلیشێتەوە کە ناتوانێت هەڵیبگرێت و دەبێت فڕێی بدات. لای ئەو هەموو ئەرکێک پیرۆزە؛ ئێستا زۆر سەختە بۆی. داوای مەحاڵ لەو کراوە؛ کە خۆیان لە خۆیاندا مەحاڵ نین، بەڵکو بۆ ئەو مەحاڵن. گینگڵ دەدات، خۆی ئەشکەنجە دەدات؛ پێش دەکەوێت و دەگەڕێتەوە؛ بەردەوام بیری لێ دەکاتەوە و بیر لە خۆی دەکاتەوە؛ دواجار هەموویان دەکات، بەڵام مەبەستەکەی نێو مێشکی خۆی لە دەست دەدات؛ کەچی هێشتا ئاسوودەیی دەروونی بە دەست ناهێنێتەوە» (وەرگێڕانی تۆماس کارلایەڵ [بۆستن، ١٨٧٦]، بەرگی ١، لا. ٢٣٢). لیستەر بە گوتە تاکبێژییە بەناوبانگەکەی هاملێت درێژە بەم تیلنیشانەی ڤیلهێلم مایستەر دەدات:

هەبوون یان نەبوون- ئەوە پرسیارەکەیە.
ئاخۆ خانەدانانەترە لە ئاوەزدا
بەرگەی تیر و تانەی بەختی توندوتیژ بگیرێت،
یان چەک لە دژی دەریایەک ئارێشە هەڵبگیرێت و
بە بەرهەڵستی کۆتاییان پێ بهێنرێت؟ مردن، نووستن -
هیچی تر نا؛ گریمان بە نووستنێک کۆتایی
بە ژانی دڵ و هەزاران داچڵەکانی سرووشتی دەهێنین
کە لەش میراتگریانە، ئەمە ئەنجامێکە
کە دەبێت بە بڕواوە ئاواتی بۆ بخوازرێت. مردن، نووستن-
نووستن! ڕەنگە خەونببینین. بەڵێ، کۆسپێک هەیە؛
چون کاتێک ئەم ئاڵۆزییە مرۆکەمان لە کۆڵ کردەوە،
ئەو خەونانەی دەشێت بێنە ناو ئەو خەوی مەرگەوە
تووشی دوودڵیمان دەکەن. ئەو ڕەچاوکردنەیە
وا دەکات ئاسیوەکان هێندە درێژە بکێشن.
دەنا کێ بەرگەی قامچییەکان و سووکایەتییەکانی کات دەگرێت،
[یان] خراپەی ستەمکار، سووکایەتیی پیاوی فیزن،
ژانەکانی ئەوینی بێبەهاکراو، خاوەخاوی یاسا،
بێڕێزیی کاربەدەستان، ئەو شەقانەی

دانبەخۆداگری مەرد لە نامەردی قبوڵ دەکات،
لە کاتێکدا دەتوانێت بە تاقە خەنجەرێک
خۆی دەرباز بکات؟ کێ بارگەی لێ بنرێت بەرگە دەگرێت
لە ژێر ژیانێکی ماندووکەردا بمرقێنێت و ئارەقە هەڵبرێژێت
گەر ترسی شتێک لە دوای مەرگ -
ئەو وڵاتە نەدۆزراوەیەی هیچ ڕێبوارێک
لە سنوورەکانی ناگەڕێتەوە - ویست تووشی دۆشدامان نەکات،
واشمان لێ نەکات بەرگەی ئەو دەردەسەرییانە بگرین کە هەمانن
لە بری ئەوەی بفڕین بۆ لای ئەوانی تر کە هیچیان لە بارەوە نازانین؟
ئاوا ویژدان هەمووومان ترسنۆک دەکات،
ئاوا ڕەنگی زگماکی سووربوون
بە قاتێکی ڕەنگبزڕکاوی هزرین زەرد هەڵدەگەڕێت،
کاری زۆر بەرزەفڕ و سەنگینیش بەم ڕەچاوکردنە
ڕەوتەکانیان لار دەبنەوە و ناوی کردە لە دەست دەدەن. ئێستاش هێور بەوە،
ئەوە ئۆفیلیای جوانە! ئەی نیمف، بەشکو لە نزاکانتدا
هەموو گوناهەکانم یاد بکەیتەوە.
(هاملێت ٣: ١، ٥٧-٩١ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). ~**گ.س.**

[5] **بە چەرمەگایەکی... چووە دواوە**: تیلنیشان بە دوو شانۆنامەی شێکسپیر دەدات. لە *شەوی دوازدەیەم*دا سێر تۆبی بێڵچ ئامۆژگاریی سێر ئەندرو ئەگیوچیک دەکات لە بارەی ڕەفتارەکانی تەڕپۆشانەوە «بۆچی بە گالیارد ناچیت بۆ کڵێسا و بە کورانت نایەیتەوە؟ دەبێت پیاسەی ئاسایی من هەڵپەڕکێ بێت؛ تەنانەت میزیش ناکەم هەڵپەڕکێی لەگەڵدا نەبێت» (شەوی دوازدەیەم ١: ٣، ١٣٦-١٣٩). **کورانت**: {بە ئینگلی *coranto* یان *courante*} سەمایەکە بە دەم هەڵبەزینەوەوە؛ **پێنجپێیی**: {بە ئینگلی sink-a-pace} (لە cinque pace فەڕەنسییەوە هاتووە {بە واتای پێنج هەنگاو} سەمایەکە لە پێنج هەنگاودا؛ **گالیارد**: سەمایەکی بزوێنەرە لە کاتی سێییدا {کاتی موزیکی}. لە شانۆنامەی *یولیوس قەیسەر*دا ئەو کاتەی قەیسەر بە سەرکەوتوویی دێتەوە بۆ ڕۆما، پینەچییەک دێت بۆ بینینی و گلەیی لە کارەکەی دەکات و دەڵێت: «لە ڕاستدا، قوربان، من نەشتەرکاری پێڵاوی کۆنم؛ کە لە مەترسیی گەورەدا دەبن، من چاکیان دەکەمەوە. هەر پیاوێک لێهاتوو

بێت و چەرمەگای لە پێ کردبێت لەسەر کاری دەستی من ڕۆیشتووە» (یولیوس قەیسەر ١: ١، ٢٦-٢٩). جۆرج فۆکس (١٦٢٤-١٦٩١)، دامەزرێنەری کۆمەڵەی هاوڕێیان لە گەنجێتیدا شاگردی پێڵاودروستکەر بووە و زۆر جار باسی لە ڕەفتاری گوناهبارانەی کردووە، وەک «پیاسەی نارێک». **~گ.س.**

[6] **خەونبینە... ڕاستیی تاڵدا**: ئەمە تێبینییەکانی ڤیلهێلم مایستەر لە بارەی هاملێتەوە (بڕوانە ٩: ٤) دادەڕێژێتەوە. بەڵام تێبینییەکی تریشە لە بارەی خودی ڤیلهێلم مایستەرەوە، چونکە گۆتە وای دادەنا کە خولیای شانۆکەی مایستەر مایستەر دەخاتە بەر مەترسیی ئەوەی ببێت بە «خەونبینێکی جوانکیلەی شکستخواردوو» لە بری ئەوەی بیکاتە ئەو کەسە ئاکارخوازەی کە لە چارەی نووسراوە ببێت. گۆتە لێکچوونی کاتیی کەسێتیی هاملێت و مایستەر دەخاتە ڕوو: کە مایستەر ڕۆڵی هاملێت دەگێڕێت، سەهویری باوکی مایستەر کە لەسەر سەکۆکە دەردەکەوێت سەرنجڕاکێشانە ڕۆڵەکەی دەبینێت و مایستەر ئاگادار دەکاتەوە کە لە چەشەی شانۆ هەڵبێت. دەستەواژەی «جوان و شکستخواردوو» لەو دەربڕینەی کۆتایی وتاری *شێلی*ی ماتیو ئارنۆڵدەوە هێنراوە کە لە پەڕتووکی *وتارەکان لەسەر ڕەخنەی دووەم زنجیرەوە* (١٨٨٨)دا بڵاو کراوەتەوە. «لە هۆنراوەشدا، هەر وەک لە ژیاندا، فریشتەیەکی جوان و شکستخواردووە، بێهوودە باڵە پرشنگدارەکانی لە بۆشییدا هەڵدەفڕێنێت.» ئاماژەی ئەم تێبینییەی لیستەر ئەوەیە کە شێلی هاملێتێکی تر بوو. **~گ.س.**

[7] **کورانت**: لە *شەوی دوازدەیەم*ەوە هێنراوە (بڕوانە ٩: ٥). **~گ.س.**

[8] **مسیۆ... زیندوو بوو**: نموونەیەکی بەناوبانگی پەیڤێکی گاڵتەپێکردنە بە ڕاستییەکی ئاشکرا، دراوەتە پاڵ سەربازەکانی مارێشال دو لا پالیس، کە ساڵی ١٥٢٥ لە جەنگی پاڤیا-دا لە کۆششێکی پاڵەوانانە بۆ دۆزێکی دۆڕاو مرد. سەربازەکانی مارێشال بەرهەڵستیی ئەوەیان دەکرد کە سەرکردەکەیان هیچی بۆ شکستەکە نەکرد و وا دانراوە کە وتوویەتی: «چارەکە کاژێرێک بەر لە مردنی زیندوو بووە». **~گ.س.**

[9] **جۆن ئێگلنتن**: ناوی خوازراوی ویلیەم کیرکپاتریک مەگی (١٨٦٨-١٩٦١) بوو. لە دەبلن لە دایک بووە، کوڕی پیاوێکی دینیی پرۆتستانت بووە، لە کۆلێجی ترینیتی کلاسیکی خوێندووە. لە نێو وێژەوانانی دەبلندا بووە بە وتارنووسێکی سەرکەوتوو و کەسێتییەکی کاریگەر. ویلیەم بەتڵەر یەیتس بەم شێوەیە ستایشی کردووە «تاکە ڕەخنەگرێکی ئایرمانە». ساڵانی ١٩٠٤-١٩٢٢ پەڕتووکخانەچیی یاریدەری پەڕتووکخانەی نیشتمانی

ئایرلاند بووە لەوێ ماوەتەوە، بەڵام لە بەرهەڵستیی دامەزراندنی وڵاتی ئایرلاندی ئازاددا دەستی لە کار کێشاوەتەوە و چووە بۆ ئینگلتەرا. **~گ.س.**
جۆن ئێگلنتن ناسناوی ویلیەم کیرکپاتریک مەگی-یە، کوڕی قەشە هامیڵتن مەگی و ئێمیلی (پێش شوو: *کیرکپاتریک*) بووە، لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٨٦٨ لە ٤١ی شەقامی ئێکلس لە دەبلن لە دایک بووە. لە هەردوو سەری خێزانەکەیەوە لە خێزانی قەشە و پیاوانی دینی بوون. بنەچەی باوکی لە بێلفاست-ەوە هاتووە،ساڵی ١٨٥٢ کڵێسای پرێسبیتێری ئەویان ناردبوو بۆ دەبلن، بۆ ئەوەی چاودێریی وەرگەڕانی کاسۆلیکەکان بۆ پرێسبیتێری بکات. لە قوتابخانەی ئیرازموس لە ٤٠ی شەقامی هارکۆرت لە دەبلن خوێندوویە (ئێستا نەماوە)، هاوپۆلی ویلیەم بەتڵەر یەیتس بووە. ساڵی ١٨٨٧ چووەتە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن، ساڵی ١٨٨٩ و ١٨٩٠ و ١٨٩٢ و ١٨٩٣ خەڵاتی بۆ نووسینی پەخشان و هۆنراوە پێ بەخشراوە. ماوەیەک لە ئەڵمانیا ژیاوە، دواتر لە شارۆچکەی درۆگیدا لە ئایرلاند بووەتە مامۆستای قوتابخانە. ناوی «ئێگلنتن»ی لەو شەقامەی کینگستاونەوە (*دون لییری*ی ئێستا) هێناوە کە دایک و باوکی لەوێ ژیاون. ساڵی ١٨٩٥ بە هاوکاریی ئێدوارد داودن کاری یاریدەری پەڕتووکخانەچیی لە پەڕتووکخانەی نیشتمانیدا دۆزیوەتەوە و تا ٢٦ ساڵ لەو پێگەیەدا ماوەتەوە. سەرکەوتنی یەیتس لە هۆنراوەدا بووە هۆی کۆسپی بەردەم خولیای ئەم بۆ بوون بە هۆنەر. لەگەڵ ڕەسڵ و ستیفن مەککێنا و جۆرج مووردا ئەندامی بزاوتی تیۆسۆفییەکانی دەبلن بوو. لەگەڵ فرێدریک ڕایان-دا پێکەوە سەرنووسەری *دانا* بوون، کە گۆڤارێکی کورتخایەنی مانگانە بوو و لە ئایاری ١٩٠٤ تا نیسانی ١٩٠٥ دەردەچوو. جەیمز جۆیس و ڕەسڵ و جۆرج موور و پەدرایک کۆلوم و ستیفن گوین و سیمس ئۆسولیڤان و هۆراس پلەنکێت و ئۆلیڤەر گۆگەرتی و ئالفرێد وێب نووسەرەکانی ئەو گۆڤارە بوون. جۆیس چیرۆکێکی بە ناونیشانی *وێنەیەکی هونەرمەندێک* بۆیان نارد، بەڵام ڕەت کرایەوە، بەڵام بۆ بڵاوکردنەوەی هۆنراوەیەک پارەی وەرگرتووە، وا دیاریشە تاکە نووسەری ئەو گۆڤارە بووبێت پارەی وەرگرتبێت. ساڵی ١٩١١ لە کرێخانەیەکدا ژیاوە بە ناونیشانی ٧ی شەقامی هیوم لە دەبلن، کە نزیکی پەڕتووکخانەی نیشتمانی بووە. لە ٦ی نیسانی ١٩٢٠ خاتوونێکی بە ناوی ماری لویس ئۆلیری خواستووە، ئەویش یاریدەرێکی پەڕتووکخانەکە بووە و بووە بە پرۆتستانت. لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا بۆ ئەوەی کاتی زیاتری هەبێت بۆ نووسین، خانەنشینبوونێکی پێشوەختەی لە بەریتانیا پەسەند کردووە کە بەریتانیا بۆ ئەو فەرمانبەرانەی بڕییەوە کە نەیاندەویست لە دەوڵەتی ئایرلاندی سەربەخۆدا کار بکەن.

مەگی لەگەڵ ئایرلاندی نوێی ئازاددا هاوسۆز نەبووە، لە ١٩٢٣شدا خۆی و ژنەکەی چوون بۆ وێڵز-ی پرێسبیتێری و کوڕەکەیان لەوێ لە دایک بووە، تا ساڵی ١٩٢٩ لە وێڵز مانەوە، پاشان چوون بۆ بورنماوث، لە ٢١ی شاڕێی کاربەی دەژیان. ساڵی ١٩٥٢ کۆلێجی ترینیتی خەڵاتی ڕێزلێنانیان بە مەگی بەخشیوە. لە ٩ی ئایاری ١٩٦١ لە ٣٦ی شەقامی سانت کاثرین لە بورنماوث لە ئینگلتەرا مرد. ~**ڤ.ئ.**

[10] **شەش... ئازایەت**: دێڕێکی *میڵتن* (بە نزیکی ١٨٠٤)ی ویلیەم بلەیکمان بە بیر دەهێنێتەوە کە بلەیک بەم شێوەیە پەسنی میڵتن دەکات: «لە گێژەڕێ ئاڵۆسکاوەکانی مشووری خودایی ڕامابوو، گەرچی لە بەهەشتدا دڵتەنگ بوو، بەڵام گوێڕایەڵ بوو، ورتەی نەکرد، بێدەنگ بوو، تەماشای دەردانە شەشهێندەکەی دەکرد لە ئەشکەنجەدا لە نێو قووڵاییەکەدا پەرش بوون» (پەڕتووکی یەکەم، دووەم تات، دێڕی ١٧-٢٠). تەوسی «پزیشکییەکان» کە ئەو دژەهۆنەرانەن کە «پێوتنەکان» دەبەن، لەسەر نزاکەی میڵتنە کە «مووسە ئاسمانییەکان» بەیتی *بەهەشتی لەدەستچوو* بۆ میڵتن بڵێن، یان بە نێو میڵتندا بیڵێن، هەروەها لەسەر ئەو ڕاستییەیە کە لەبەرئەوەی میڵتن کوێر بووە، *بەهەشتی لەدەستچووی* بۆ کچەکانی وتووە. ~**گ.س.**

ویلیەم بلەیک (بڕوانە ٢: ٤) دیوانێکی هۆنراوەیی هەیە بە ناونیشانی *میڵتن*، کە پاڵەوانی ئەم دیوانە جۆن میڵتن (١٦٠٨-١٦٧٤)ە. لە سەرەتاکەیدا وەک هەر بەیتێکی کلاسیکی، داوا لە «مووس»ە ئاسمانییەکان دەکات ئەم چیرۆکەی بۆ بگێڕنەوە، یان مووسەکان بلەیک وەک نێوەندێک بە کار بهێنن بۆ گێڕانەوەی بەیتی میڵتن، کە ئەم شێوازی گێڕانەوەی بەیتە لە بەیتە کۆنەکاندا باوە، *ئیلیاس* و *ئۆدیسە* و *ئەینیاس* و *کۆمیدیای خودایی*ش بەم شێوەیە دەست پێ دەکەن. ئەو دەستەواژەیەی دەڵێت: «دەردانە شەشهێندەکەی» بە شێوەی جیا لێکدراوەتەوە، هەندێک لە ڕاڤەکارانی بلەیک دەڵێن کە لەبەرئەوەی میڵتن سێ جار ژنی هێناوە و سێ کچیشی هەبووە، گوایە ئەم «دەردانە شەشهێندەیە» سێ ژن و سێ کچەکانین، کە دژبەری میڵتن بوون. هەندێکی تر ڕای جیایان هەیە، بۆیە ئەمە بۆ لێکۆڵەرانی بلەیک و میڵتن بە جێ دەهێڵم ڕاڤەی بکەن. مەبەست لەوەی گیفرد دەیڵێت ئەوەیە کە میڵتن *بەهەشتی لەدەستچووی* بۆ کچەکانی لەبەر وتووە و ئەوانیش نووسیویانەتەوە. ~**ن.م.**

[11] **خەمەکانی شەیتان**: ڕۆمانێکە (١٨٩٧) لە نووسینی ماری کۆرێللی (کە ناوی خوازراوی ماری مەککەی بوو؛ ١٨٥٥-١٩٢٤). بەو پێشداوەرییە ئاشکرایانەی بەناوبانگ بوو کە

دەیوت هەموو ڕەخنەگرەکانی کافرن و خۆی وەک شێکسپیری سەردەم پیشان دەدا و هەر وەک شێکسپیر لە لەندەنەوە بۆ ستراتفۆرد-ئۆن-ئاڤۆن گەڕایەوە. *خەمەکانی شەیتان* تۆماری نوێی پڕفرۆشترین ڕۆمانی شکاند؛ ژێرناونیشانەکەی بەم شێوەیە بوو: «یان ئەزموونی سەیری جۆفری تێمپێست-ی ملیۆنێر». خەمەکانی شەیتان تا ڕادەیەک بەسۆزانە لەو پێشنیازەوە دێت کە شەیتان «هەموو کات و لە هەموو جێیەک هەوڵ دەدات مرۆڤێکی زۆر بەهێز بدۆزێتەوە تا خۆی و کارەکانی هەڵبگێڕێتەوە». ناونیشانەکە گاڵتە بە نیازی ستیفن دەکات (کە لە بلەیکەوە هێناویەتی) کە دەیەوێت دووبارە *بەهەشتی لەدەستچوو* بە شێوەک بنووسێتەوە کە تیایدا شەیتان وەک پاڵەوانێکی ڕۆمانسی وێنە بکرێت و دۆزی مرۆڤ لە بەرانبەر یەهوا-ی هێزی ناکەسیی گەردووندا سەر بخات. **~گ.س.**

[12] **سەرەتا... تەیار:** کۆپلەیەکە لە هۆنراوەیەکی بڵاونەکراوەی بەرهەڵدایانەی ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی بە ناونیشانی دیک *و دەیڤیی پزیشکی* (بڕوانە ٩: ٥٥٥). **~گ.س.**

[13] **حەوت... بەنرخە:** لە نەریتی عیبری و گریکی و میسری و خۆرهەڵاتییەکانیشدا ژمارە حەوت وەک هێمای بێخەوشی و یەکێتی دانراوە، لە ڕووی ڕازگرییەوە شایستەی شتی پیرۆز بووە. «نووسەرە [مەسیحییە] سەرەتاییەکان ژمارە حەوتیان وەک تەواوێتی و بێخەوشی بە کار هێناوە» (جۆرج فێرگوسن، *هێما و دروشمی هونەری مەسیحی* [نیو یۆرک، ١٩٥٤]، لا. ١٥٤؛ جوان کینەن ئاماژەی پێی داوە). لە ئەزموونی پەیوەندیی ڕازگرێتییەکەیدا بەرانبەر بە ژمارە سێ وەستاوە لە ویستراویدا. **~گ.س.**

[14] **دەبلیو بی... درەوشاوەکە:** ویلیەم بەتڵەر یەیتس لە کۆپلەی دووەمی *گۆرانیی بێشکە*دا (نوسخەکەی ١٨٩٥) دەڵێت:

پێکەنینی خودا لە بەهەشتدا
بۆ بینینی تۆیە کە هێندە باشیت؛
حەوت درەشاوەکە
لەگەڵ مەزاجی ئەودا دڵخۆشن.

«حەوت درەوشاوەکە» ئەو حەوت هەسارەیەن کە ساڵانی ١٨٩٠کان لە سەردەمی نووسینی هۆنراوەکەدا زانراون – کە ئەمانەن: زاوە، ناهی، بارام، کەیوان، هورمز، ئۆرانۆس، نێپتون – بەرانبەر بە «حەوت ئەستێرەیی»یەکەی («حەوت فریشتەکەی بوون»)ی دەبلیو

بییەکی تر دەوەستنەوە، کە ئەم دەبلیو بییەیان ویلیەم بلەیکە لە هۆنراوەی *میڵتن*دا (پەڕتووکی یەکەم، چواردەیەم تات، دێڕی ٤٢). **~گ.س.**

[15] **کەللە سوورفل**: باسی جۆن ئێگلنتن دەکات (ویلیەم کیرکپاتریک مەگی). **~گ.س.**

[16] **ئۆلاڤێک، چاوپیرۆزێک**: ئەی ئییە (جۆرج ویلیەم ڕەسڵ). «ئۆلاڤ»ەکان هەندێک مامۆستای زانیاری و هۆنراوەی ئایریی پێش مەسیحێتی بوون. **~گ.س.**

[17] **سایزەرێکی ترینیتی**: «سایزەر» لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن (و زانکۆی کامبریدج لە ئینگلتەرا) قوتابییەک بوو کە کۆلێج پارەی ئەو کۆلێجەی بۆ دەدا کە تیایدا دەیخوێند. قوتابییەکە کڵاوێکی سووری لە سەر دەکرد، کە وەک گیرۆدەیەک دەستنیشانی دەکرد؛ خزمەتی هاوپۆلەکانی دەکرد و ئەرکی تری نۆکەریی جێبەجێ دەکرد. **~گ.س.**

[18] **شەیتانی... ڕشت**: لە دەقە ماکەکەدا ڕەگەزدۆزییەک هەیە کە لە وەرگێڕاندا ون دەبێت، دەقەکە دەڵێت: «شەیتانی ئۆرکێسترایی زۆر [ڕووود rood] فرمێسکی وەک هی گریانی فریشتەی ڕشت»؛ *ڕوود* هەم بە واتای خاچ دێت، کە لە ڕاڤەکەی گیفرددا دەیخوێنیتەوە، هەم پێوەرێکی زەوییە، کە دەکاتە نزیکەی هەزار مەتر دووجا. واتە شەیتان چەند کیلۆمەتر چوارگۆشەیەک فرمێسکی هەڵڕشت، واتە بە فرمێسکی شەیتان دەریاچە دروست بوو. **~ن.م.**

ئەم دێڕانە زایەڵەی چەند دێڕێکی *بەهەشتی لەدەستچوون*: یەکەمیان وا پەسنی شەیتان دەکات کە «لەپەوڕوو لەسەر ئاو»ی دەریاچەی داخکەری دۆزەخ بوو: «خاچی زۆر لەسەری سواراو ببوون» (١: ١٩٦)؛ دووەمیان باس لە شەیتان دەکات کە خەریکە لەگەڵ فریشتە کەوتووەکاندا دەدوێت: «ئینجا سێ جار وێڕای قێز، / فرمێسکی وەک هی گریانی فریشتە هاتە خوار» (١: ٦١٩-٦٢٠). **~گ.س.**

[19] **ئێد ئێللی... ترۆمبێتتا**: ئیتالییە، بە واتای «ئەویش پاشەڵی خۆی کرد بە کەڕەنا» (دۆزەخ ٢١: ١٣٩ {وەرگێڕانی عەزیز گەردی}).. دانتێ و وێرگیلیوس لەگەڵ تاقمێکی دە کەسی ئاڵووێرچی («ئەوانەی دەسەڵات و پێگە گشتییەکانی خۆیان بە نهێنی جێبەجێ دەکەن و بۆ بەدەستهێنانی پارە ئاڵووێری نامەردانە دەکەن») بە نێو پێنجەم کەلێندا تێدەپەڕن. دانتێ وەکو شەیتان تەماشای دە کەسەکە دەکات و ئەوانیش زمان لە سەرۆکەکەیان دەردەهێنن و سەرۆکەکەش بەو شێوەیە وەڵامیان دەداتەوە کە لە دێڕەکەدا ئاماژەی پێ دراوە. **~گ.س.**

[20] **یازدە... کرانلی**: لەو وتەیەی جەی ئێف بەیرنی هاوڕێی جۆیسەوە هاتووە (کرانلیی نێو وێژەی خەیاڵکرد) کە وتبووی: دوازدە پیاوی بەبڕیار دەتوانن ئایرلاند ڕزگار بکەن و لە کاونتیی ویکلۆ ئەم جۆرە پیاوانە دەدۆزرێنەوە؛ لێرەدا دەڵێت یازدە، لەبەر ئەوەی وا دیارە کرانلی خۆی دەبێت بە دوازدەیەمینیان. **~گ.س.**

[21] **کاثلینی... ماڵەکەی وێ**: لە شانۆنامەی *کاثلین نی هولیهان* (١٩٠٢)ی یەیتسدا، کاثلین وەک پیرەژنێکی هەژار دەردەکەوێت، کە هێمای نەریتییانەی ئایرلاندە. بە هۆی تەمەنە زۆرەکەیەوە ددانشاشە (واتە بۆشایی لە نێوان ددانەکانیدا هەیە). شوێنی ئەم شانۆنامەیە «نزیک کیللالا»یە «ساڵی ١٧٩٨» کە زایەڵەی تێمای ئازادیی ئایرلاندە، چونکە لەو ساڵەدا هێزی بەڕێکراوی فەڕەنسی لەوێ جێگیر بوون کە بۆ یارمەتیی ئایەرەکان لە شۆڕشەکەیاندا چووبوون، بەڵام هەوڵێکی شکستخواردوو دەرچوو. ستیفن چەند دەستەواژەیەکی هەندێک دەقی سەرەتای شانۆنامەکە بە بیر دەهێنێتەوە:

**بریدجیت**: چی وێڵی کردیت؟
**پیرەژنەکە**: هەموو نامۆکانی نێو ماڵەکە.
**بریدجیت**: بەڵێ وایە، وا دیارە بەشی خۆت نارەحەتییت دیوە.
**پیرەژنەکە**: بەڵێ، نارەحەتییم دیوە.
**بریدجیت**: چی ئەم نارەحەتییانەی خستە سەرت؟
**پیرەژنەکە**: خاکەکەمم لێ برا.
**پیتەر**: ئایا ئەوەندە خاکێکی زۆر بوو کە لێت براوە؟
**پیرەژنەکە**: هەر چوار کێڵگە سەوزە جوانەکەم براون.

(*شانۆنامە کۆکراوەکان* [نیو یۆرک، ١٩٣٤]، لا. ٨١). «نامۆکانی نێو ماڵەکە» سەرناوێکی ئایرییە بۆ داگیرکەرە ئینگلەکان و «چوار کێڵگە سەوزە جوانەکە» چوار هەرێمەکەی پێش داگیرکارییەکانی نۆرمانییەکانن: ئۆڵستەر، کۆنەخت، مەنستەر، لەینستەر. **~گ.س.**

[22] **یەکێکی... ڕابی**: واتە یەکێک ڕۆڵی یەهوزای ئەسخەریوتی بگێڕێت، وەک چۆن لە (مەتا ٢٦: ٤٩)دا کە یەهوزا ناپاکی لەگەڵ عیسادا دەکات و عیسا بۆ ئەوانە دەستنیشان دەکات کە هاتبوون بۆ گرتنی: «دەستبەجێ هاتە لای عیسا و گوتی: *ئاڤێ ڕابی*. [ئاڤێ ڕابی لاتینییە و لە ڤولگاتدایە، بە واتای *سڵاو مامۆسا* دێت] ئینجا ماچی کرد». **~گ.س.**

[23] **دوازدەکەی تیناهێلی**: تیناهێلی باژێڕێکە لەسەر ڕووباری دێری لە باشووری کاونتیی ویکلۆ. **~گ.س.**

میستەر مۆرتنی بەرپرسی تیناهێلی لە شۆڕشی ١٧٩٨دا لە ٢٠ی ئایاردا فەرمانی دا یازدە کەس لە نێو ماڵەکانیان لە گوند دەربکات و تاوانباری کردن بەوەی کە سوێندیان خواردووە بچنە نێو سوپای یەکێتییەکەوە، هەموویان نکۆڵییان لێی کرد، دووانیان شێلاقکاری کران. **~س.ت.م.٢**

[24] **لە نێو... دەگمێنێت**: بێگومان ستیفن بیر لە کرانلی دەکاتەوە، بەڵام ئەم بیرە دەمەلاسکە و زایەڵەی گرێچنەی *لە نێو سێبەری دۆڵەکەدا* (١٩٠٣)ی جۆن میلینگتن سینگ (١٨٧١-١٩٠٩)یشە، کە شانۆنامەیەکی یەک پەردەییە. دیمەنی شانۆنامەکە لە «دوایین کوختەی سەر بەرزایی دۆڵێکی دوور و درێژە لە کاونتیی ویکلۆ»، خانمی پاڵەوانی چیرۆکەکە ناوی نۆرا بورک-ە، پێی وایە مێردەکەی مردووە، دەچێتە دەرەوە و (بە فیکە) دەگمێنێت و شوانێکی گەنج بە ناوی مایکڵ دارا بانگ دەکات. دواتر نۆرا بۆی دەردەکەوێت کە مێردەکەی بە درۆوە خۆی کردووە بە مردوو، بەڵام نۆرا گلەیی لەوە دەکات کە لەگەڵیدا «سارد» بووە و ئاماژە بەوە دەدات کە نۆرای خستووەتە بەر مەترسیی لەدەستدانی گەنجێتییەکەی. دان بورک (مێردەکە) لە کۆتایی شانۆنامەکەدا بێ «بەختێکی باش» ژنەکەی دەردەکات و ئەویش لەگەڵ شوانە ورەبەرز و هۆنراوەییەکەدا بە دوای ژیانێکی هۆنراوەییانە و ئازاد لە سرووشتدا دەڕوات («ڕاوێکی باش»). **~گ.س.**

[25] **مەڵێگن... پێ گەیشتووە**: (بڕوانە دەقی نێوان ٩: ٣٢٤ و ٩: ٣٢٧). **~گ.س.**

[26] **گەرچی... ئاستی پەرستن**: «مامە بێن» بێن جۆنسن-ە (١٥٧٢-١٦٣٧)، تیلنیشانەکەش بۆ ئەوەیە کە براندێس پێی دەڵێت: «ستایشێکی خانەدانانە بۆ پێشەکیی یەکەم پەڕتووک»ی شانۆنامەکانی شێکسپیر: «بیرمە زۆر جار دەیانوت: ئەوە ئابڕووێکە بۆ شێکسپیر کە لە نووسینەکانیدا (هەر شتێک نووسیبێتی) هەرگیز هیچ دێڕێکی نەسڕیوەتەوە. وەڵامەکەم ئەوە بووە کە لەوانەیە هەزارانی سڕیبێتەوە، بەڵام پێیان وا دەبوو وتەیەکی بەدنیازە. ئەمەم بە پاشینان نەوتووە لەبەر نەزانییەکەیان، چون ئەو دۆخەیان هەڵبژاردووە کە ستایشی هاوڕێکەیان بەو جێیانە بکەن کە زۆرترین هەڵەی تێدا دەگیرێت؛ پاساوی ڕاشکاوییەکەشم ئەوەیە کە من ئەو پیاوەم خۆش ویستووە و ڕێز لە یادی دەگرم و لەم ڕووەوە وەک هەر کەسێکی تر تا ئاستی پەرستن دەیپەرستم. لە ڕاستیدا پیاوێکی ڕاشکاو بوو و سرووشتێکی کراوە و ئازادی هەبوو، گیانێکی نایابی هەبوو، بۆچوونی ئازایانەی هەبوو، دەربڕینی ناسکی هەبوو، کە هێندە ڕەوان لێشاوی دەبرد، هەندێک جار پێویست بوو بوەستایە...» (براندێس، لا. ٢٠). **~گ.س.**

[27] **ئایا هاملێت... ئێسێکسە**: مێژووناسانی وێژە چەندین هەوڵیان داوە «نموونە-مۆدێل»ی کەسێتیی هاملێت دەستنیشان بکەن. بەربژێرەکان زۆر بوون، لەوانە شێکسپیر (لەسەر بنەمای گومانلەخۆکردنەکەی هۆنەرەکە)؛ جەیمزی یەکەمی ئینگلتەرا، کە پێشتر جەیمزی شەشەمی سکۆتلاند بوو (لەسەر بنەمای نەخۆشییە بەناوبانگەکەی)؛ هەروەها ڕۆبێرت دێڤەرۆ (١٥٦٦-١٦٠١)، دووەم ئێرلی ئێسێکس، کە هاوسەردەمێکی تری شێکسپیر بوو (لەسەر بنەمای ڕابەرایەتییە هەڵەشەییە سەربازییەکەی و سستییەکەی، کە نەدەزانرا هۆکەی چییە). **~گ.س.**

[28] **بوونی مێژوویی عیسا**: لە سەدەی نۆزدەدا چەندین مشتومڕی یەزدانناسییانە تیشکۆیان دەخستە سەر پرسی ئەوەی: ئایا لای کڵێسا و یەزدانناسییەکەی کڵێسا چ جیاوازییەکی دەبێت ئەگەر لێکۆڵینەوە لە «مێژووی ڕاستینە»ی عیسا بکرێت و بڵاو بکرێتەوە؟ **~گ.س.**

[29] **کرۆکی بێشێوەی گیانەکییمان**: یەکێک بوو لە دەستەواژە دڵخوازەکانی جۆرج ویلیەم ڕەسڵ، وەک لەم سەرنجەیدا (لەسەر دەسەڵاتی ویلیەم بەتڵەر یەیتس لە هۆنراوەدا) دەڵێت: «گیانەکێتی هێزی تێگەیشتنی گەوهەری بێشێوەی گیانییە، بۆ بینینی تاتایی لە کورتخایەنیدا، بۆ بینینی ئەو شتانەی نابینرێن و لە سێبەردان لەو شتانەدا کە دەبینرێن.» (لە «دین و ئەوین» [١٩٠٤]، دووبارە چاپ کراوەتەوە لە: *وێناکردن و زرِخەوەکان* [دەبلن، ١٩١٥]، لا. ١٢٢-١٢٣). **~گ.س.**

[30] **ئایا... هەڵدەقوڵێت**: ئەمە لەو گریمانە ڕۆمانسییەوە هاتووە کە هونەرمەندان لە گیاندا لە خەڵکی ئاسایی گەورەترن و مەزنێتیی کارێکی هونەری ڕاستەوخۆ بە هێندەی مەزنیی گیانی هونەرمەندەکەیە. **~گ.س.**

[31] **گوستاڤ مۆرۆ**: (١٨٢٦-١٨٩٨)، وێنەکێشێکی فەڕەنسی بوو، بە شێوازی هێماگەری و ڕۆمانسی بەناوبانگ بوو. ئاڤانت-گاردەکانی هاوسەردەمی خۆی شێوازە سەیر و نائاساییەکانی بۆ وێنەکێشانەوەی ئەفسانەکانی نێو *کتێبی پیرۆز*یان زۆر بە دڵ بوو، وەک وێنەکێشێکی «وێژەیی»ش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر هۆنەرە هێماگەرە فەڕەنسییەکان هەبوو. یەیتس لە پەڕتووکی ژیننامەکەی خۆیدا (نیو یۆرک، ١٩٥٨)، لا. ١٦٣، باس لە «سەرسامیی سەرەتای جۆرج ڕەسڵ بە کارەکانی گوستاڤ مۆرۆ» دەکات؛ بە نزیکی دوای ساڵی ١٩٠٥ ڕەسڵ خۆی هەوڵی دا سەرسامێتییەکەی بە گوستاڤ مۆرۆ دابگرێت. **~گ.س.**
گوستاڤ مۆرۆ کوڕی لوی ژان مۆرۆ و ئادێل دێ مۆتیێ بووە، ٦ی نیسانی ١٨٢٦ لە پاریس لە دایک بووە، قوتابیی تیۆدۆر شاسێریۆ (١٨١٩-١٨٥٦) بووە. تا ڕادەیەک کاریگەر بووە

بە ڕۆمانسیزم، بەڵام دواتر پەرەی بە شێوازی هێماگەرییانەی خۆی دا. مۆرۆ خوازیار بوو شارستانێتیی زۆر کۆن و ڕازاوی بکێشێت. *ئۆدیپۆس و سفینکس* یەکێک بووە لە کارە هێمایییە سەرەتاییەکانی کە ساڵی ١٨٦٤ لە لاسالۆن نمایش کراوە. ساڵی ١٨٩٢ لە قوتابخانەی نیشتمانیی هونەرە جوانەکان (بۆزاخ) لە ١٢ی غوو بۆناپارت لە پاریس بووەتە پرۆفیسۆر. هێنری ماتیس قوتابیی وی بووە. ١٨ی نیسانی ١٨٩٨ لە پاریس مردووە. **~ڤ.ئ.**

32 **قووڵترین هۆنراوەکانی شێڵی**: لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا زۆر کەس شێڵییان وەک هۆنەری نموونەیی میتافیزیکی و جوانیی «زەینی» دادەنا کە توانای بەسەر ئەو نیگای پلاتۆنیزمی نوێیەدا دەشکێتەوە کە «تارا»ی جیهانی هەست کون دەکات بۆ تێگەیشتن لە ڕاستیی گیانەکیی ناخ. **~گ.س.**

33 **جیهانی بیرۆکەکانی پلاتۆن**: وەرگێڕانی بانسرووشتییانەی پلاتۆن لە سەدەی نۆزدەدا وای دادەنا کە لای ئەو «ڕاستی» ترۆپکە و بێگومان نموونەیی و ئەبستراکتە، هەروەها ئەگەر ڕاستی بچێتە شێوەی مادییەوە ئەوا بە ناچاری تا ڕادەیەک تێک دەچێت و خوار و خێچ دەبێت. **~گ.س.**

34 **ئەی ئی... وتووە**: (بڕوانە ٧: ٣٦٢). **~گ.س.**

35 **ئەریستۆتێلیس... پلاتۆن بووە**: وا دانراوە کە ئەریستۆتێلیس (٣٨٤-٣٢٢پ.ز.) لە ٣٦٧ تا ٣٤٧پ.ز. پەیوەندیی بە ئەکادیمیای ئەسیناوە هەبووە کە پلاتۆن (بە نزیکی ٤٢٧-٣٤٧پ.ز.) سەرۆکی ئەکادیمیاکە بووە. **~گ.س.**

36 **بێشێوەی... هەناسەی پیرۆز**: (بڕوانە ٩: ٢٩). بە دیاریکراوی لەو لقەی تیۆسۆفییدا کە بە «نیهانیی مەسیحی» ناسراوە وا گریمان ە کراوە کە خودا سنووری نییە (هەروەها «بێشێوەیە»). تەنها بە سنووردارکردنی خۆی «کە وا لە خۆی بکات وەک بڵێیت گۆیی بێت... گیان لە ناخیدا بێت و سنووردارێتی، یان مادیێتی لە دەرەوەیدا بێت» دەتوانێت خۆی دەربخات. «تارای مادەکان... وا دەکەن لۆگۆس لە دایک ببێت... ئینجا سیانینەکە دەبێتە باوک، وشەکە [لۆگۆس، خودای خۆسنووردارکردوو] هەروەها هەناسەی پیرۆز وەک دەستکاریکراوێکی باوک و کوڕ و گیانی پیرۆز» (ئانی بێسانت، *نیهانیی مەسیحی* [١٩٠١؛ مەدرەس، هیندستان، ١٩٥٣]، لا. ١٥٢-١٥٣).

ڕۆبێرت بۆیەل (ک.ع.) گێرانەوەیەکی پەسەندکراوتری «باوک و وشەکە و هەناسەی پیرۆز»ی خستووەتە ڕوو، دەڵێت: «دوو زنجیرە هەن – زنجیرەیەکیان هی کوڕەکەیە لە باوکەکەوە، زنجیرەکەی تر هی گیانی پیرۆزە لە باوک و کوڕەکەوە. یەکەمیان

وەچەخستنەوەیەکی دروستە، چونکە باوکەکە کە خودزانایە {واتە لە خۆی دەزانێت}، وشەیەک لەو زانینەوە دەخاتەوە کە لە زانینەکە دەردەبڕێت، کە هەموو بێخەوشی و بێگەردییەکی بێکۆتای بوون نمایش دەکات. ئەوینی هاوبەشی باوک و وشەکەش هەناسە بە سێیەم کەس دەدات، نەک وەچە بخاتەوە (لەبەر ئەوەی وشەیەک بەرهەم ناهێنێت کە وێنەی باوکەکە بدات)، بەڵکو بە شێوەیەکی دروستتر هەوایەکە، هەناسەیەکە، کە وەک وایە باوک و کوڕەکە بکات بە یەک» (*جەیمز جۆیس و گیان*، لە *ستارچەیمبەر کوایەری*، بە دەستکاریی ئی ئێڵ ئێپستین [لەندەن، ١٩٨٢]، لا. ١١٠-١١١). **~گ.س.**

[37] **ڤەباوک، پیاوە ئاسمانییەکە**: «ڤەباوک» {باوکی هەمووان} لە نیهانیی مەسیحیدا مەسیحە، کە بە سرووشت دووانینەیەکە، کە لە یەک کاتدا بێسنوور و سنوورداریشە. «پیاوە ئاسمانییەکە» «لە قوتابخانە ئێرمیسییەکاندا ناسناوی ئادەم-کادمنە؛ کوڕەکە، لە فێرکارییە نهێنییەکەدا سێیەم کەسی سیانینەکەیە» (پاویس هاولت، *فەرهەنگی هەندێک زاراوەی تیۆسۆفی* [لەندەن، ١٩١٠]، لا. ٥٥) (بڕوانە ٣: ٣٨). **~گ.س.**

[38] **ئیسۆس... ئازار دەچێژێت**: *ئیسۆس خریستۆس* گریکییە، واتە «عیسای مەسیح». فێرکاریی تیۆسۆفی وای داناوە کە عیسا تازەئەندامێکی «ئەو کوختە باڵایەی... ڕازی ڕاستینەی میسرە» بۆیە دەبێت ئەوە بێت کە ستیفن پێی دەڵێت «جادووگەری جوانی» «وەک چۆن سەیرە گوڵەباخ لە بیاباندا بڕوێت، جوانییەکەی بەسەر ڕووتەنییەکەی چواردەوریدا پەخش دەبێت» (ئانی بێسانت، *دانایی دێرین* [لەندەن، ١٨٩٧]، لا. ٩٧). هەر ئاوهاش عیسا مێژووییەکە لە «ناوونانی مەسیحێتیدا وەک دووەم کەس لە سیانینە [تیۆسۆفییەکەدا]» دەستنیشان کراوە «کە لۆگۆس، یان وشەکەی خودایە» (لا. ٢٨). دووەم ڕووکاری مەسیحی نێو ڕازەکان لەو کاتەدا ژیانی تازەئەندامەکەیە، ئەو ژیانەی کە لە یەکەم تازەبەئەندامبوونی مەزندا دێتە ناوەوە، کە عیسا وەک مرۆڤ لە دایک بووە، دوای ئەوەش کە وەک مرۆڤ گەشە دەکات [و ئازار دەچێژێت]» (لا. ١٢٩). لە دیدی پەسەندکراوی مەسیحیدا لۆگۆسەکە هاوشێوەی وشەی ئاخاوتن و نووسینی مرۆڤ نییە، بەڵکو، بە گوێرەی سانت ئاوگوستین، «*وشەی ناخەکییە*، زانیاریی گیانە دەربارەی خۆی» (ویلیەم تی نوون ک.ع.، *جۆیس و ئەکویناس* [نیو هەیڤن، کۆنێتیکت، ١٩٥٧]، لا. ١١٩). **~گ.س.**

**لۆگۆس**: بە ئینگلی *logos*، لە بنەچەدا وشەیەکی گریکییە، بنجی وشەکە لۆگ-ە و لە کاری لێگین-ەوە هاتووە، بە واتای وتن، یان ژماردن، بەڵام لە بەستێنی تردا بە واتای: وشە، ئەژمار، پێناسە، وێژمان، زمان و پەیڤیش بە کار دێت. وەک لۆگۆس-یش بە هەموو ئەم

واتایانە دێت: *وتە، پەیڤ، وشە، دەربڕین، واژە، وێژە، وێژمان، بنەما، وتار، داوەری، پاساو، هۆ، یاسا، پێودانگ، زانست، ناسین*. هەمان ئەم وشەیەیە بووە بە *لۆجیک*، یان *لۆگیک*، یان *لۆژیک*؛ هەروەها پاشگری -*لۆجی* و -*لۆگی* و -*لۆژی‌ی* لێ دروست بووە. هەروەها هەر ئەم وشەیەیە کە چووەتە نێو زمانی عەرەبییەوە و وشەی *لوغە*-ی دروست کردووە، بە واتای *زمان*. **~ن.م.**

وشەی لۆگۆس بە چەند واتایەکی جیاواز دێت؛ ١. لۆگۆس لای ئیراکلیتۆس ئەو بنەما گەردوونییەیە کە ئاوەزمەندی و ڕێکخستن بە جیهان دەبەخشێت، هەر وەک چۆن ئاوەزی مرۆڤ و کردەکانی مرۆڤ ڕێک دەخات. هەموو شتێکیش بە گوێرەی لۆگۆس ڕوو دەدات. بەڵام لای پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس «نووس» {کە وا دیارە هاوبنج بێت لەگەڵ *ناس: ناسین*ی کوردیدا} ئەرکێکی هاوشێوە جێبەجێ دەکات. ٢. لۆگۆسی تۆمی (*لۆگۆس سپێرماتیکۆس*) لای ڕاڕەوییەکان (ڕاڕەوییەکان، یان *ستۆییەکان*، قوتابخانەیەکی فەلسەفی بوون و ناوەکەیان لەوەوە هاتووە کە وانەکانیان لە ڕاڕەودا خوێندووە، بۆیە پێیان وتوون *ڕاڕەوییەکان*) سەرچاوەی گەردوونیی ڕێکخستنە؛ چارەنووس و مشوور و سرووشت ڕەهەندەکانی پێک دەهێنن. لۆگۆس ڕەهەندێکی تریشی هەیە: ئەویش ئەوەیە کە وامان لێ دەکات لە بنەما و شێوەکان تێبگەین، واتە: ڕەهەندی پاساوهێنانەوە یان لێکدانەوەی خۆمان. ٣. لۆگۆس لە دینی مەسیحیدا واتایەکی بڕێک جیاوازی هەیە، لە کوردیدا بە «وشەکە» وەرگێڕراوە، کە لە زمانەکانی تریشدا هەر وا وەرگێڕراوە، بەڵام مەبەست لێی *خودایە*، وەک لە *مزگێنی بە پێی نووسینی یۆحەنا* (ئینجیلی یۆحەنا)دا دەڵێت: «لە سەرەتادا، وشەکە هەبوو، وشەکە لە لای خودا بوو، وشەکە خۆی خودا بوو. ئەو لە سەرەتاوە لە لای خودا بوو. هەموو شتێک بەو بە دی هاتووە، بێ ئەو هیچ شتێک بە دی نەهاتووە لەوانەی کە بە دی هاتوون. وشەکە سەرچاوەی ژیان بوو، ژیانەکەش ڕووناکیی مرۆڤ بوو، ڕووناکییەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە بە سەریدا زاڵ نەبووە.» (یۆحەنا ١: ١-٥). کەواتە لۆگۆس لای دینی مەسیحی ئامێری خودایە بۆ بەدیهێنان و ڕزگارکردنی جیهان. (سایمن بلاکبورن، *فەرهەنگی فەلسەفەی ئۆکسفۆرد*، چاپی دووەم ١٩٩٦، لا. ٢٢٤-٢٢٥).

بەڵام کاتێک دەوترێت «لۆگیک» یان «لۆجیک» یان «لۆژیک»، ئەگەرچی وشەکە هەر لە لۆگۆس-ەوە هێنراوە، بەڵام مەبەست لە واتای سێیەمی لۆگۆس نییە، کەموزۆریش مەبەست لێی واتای یەکەم و دووەمی لۆگۆس نییە، بەڵکو مەبەست لێی: *زانستی گشتیی*

*هەڵهێنجاندن یان بۆدەرکەوتن، یان بەئەنجامگەیشتنە*. واتە لۆجیک دەبێتە پێودانگی زانینی شتان و لە ڕێی لۆجیکەوە دەتوانین بکۆڵینەوە. جا لۆجیک جۆری جیاوازی هەیە، کە ناوی هەندێک لە جۆرەکانی لۆجیکمان بۆ کوردی یان وەرنەگێڕاوە، یان ناوی کوردیمان لێیان ناوە، بەڵام هێشتا نەچەسپیون. بەڵام بۆ نموونە لە جۆرە لۆجیکێکدا، کە پێی دەوترێت: «لۆجیکی دیدەکتیڤی»، هەڵهێنجاندنێک لەسەر بنەمای چەند پێشەکییەک دەردەهێنرێت، بۆ نموونە:

پێشەکیی یەکەم: هەموو مرۆڤێک دەمرێت؛

پێشەکیی دووەم: سۆکراتیس مرۆڤە،

هەڵهێنجان: کەواتە: سۆکراتیسیش دەمرێت.

لەم جۆرە لۆجیکەدا نابێت هەڵهێنجانەکە هەڵە بێت، ئەگەر پێشەکییەکان ڕاست بن. جۆرە لۆجیکێکی تر هەیە پێی دەوترێت «لۆجیکی ئیندەکتیڤی»، کە ئەمە نموونەیەکیەتی:

هەمیشە هەموو بەیانییەک خۆر هەڵهاتووە،

کەواتە سبەیش هەر خۆر هەڵدێت.

ئامانج لە لۆجیک بە ڕوونی دەرخستنی ئەو یاسایانەیە کە هەڵهێنجاندن هەڵیاندەهێنجێنێت، نەک ئەو پرۆسانەی خەڵک بۆ پاساوهێنانەوە و لێکدانەوەی کردارەکی دەیانهێننەوە، کە لەوانەیە و لەوانەش نییە شوێنی ئەو یاسایانە بکەون. چەندین جۆری جیاوازی لۆجیک هەن، لەوانە: لۆجیکی مۆدێرن؛ لۆجیکی بیرکاری؛ لۆجیکی پابەندی؛ لۆجیکی مەرجی. زۆربەی ئەم بەشەی ئەم ڕاڤەیە هی منە (نەوا) بە هاوکاریی (سایمن بلاکبورن، *فەرهەنگی فەلەسەفەی ئۆکسفۆرد*، چاپی دووەم ١٩٩٦، لا. ٢٢١-٢٢٢).

**~ن.م.**

[39] **من ئاگری... قوربانیم**: یەکێک لە ڕووکارەکانی دانایی دێرینی ئانی بێسانت (لەندەن، ١٨٩٧)، «یاسای قوربانی»یە، قوربانی وەک «ئازارچەشتن» بیری لێ نەکراوەتەوە، بەڵکو وەک ویستێکی لۆگۆس دانراوە بۆ سنووردارکردنی «ژیانە بێکۆتاکەی لە پێناوی ئەوەی دەربکەوێت» (لا. ٣٢٨)؛ بەڵام ئەم سنووردارکردنە بێکۆتاییێتیی لێ ناسێنێت، یاسای قوربانییش دەبێتە «یاسای پەرەسەندنی ژیان لە گەردووندا» (لا. ٣٣٢)، گوژم بە هەردوو ئەوە دەدات کە قوربانییەکە دەکات و ئەوەی قوربانیی بۆ کراوە. ئەو دێڕانەی ستیفن بە گوتە دەیانهێنێتەوە لە باگاڤادگیتا-وە هێناونی کە دەڵێت «من کردەی سرووتم، من قوربانیم، من پێشکەشکراوی بنچینەییم، من گیای پزیشکیم، من سروودی پیرۆزم، من

کەرەی تواوەم، من خۆم ئاگر و خۆم قوربانییە پێشکەشکراوەکەشم» (وەرگێڕانی ئێس ڕادهاکریشنان [لەندەن، ١٩٤٨]، لا. ٢٤٥). **~گ.س.**

[40] **دەنلۆپ**: دانیال نیکۆل دەنلۆپ، سەرنووسەر و تیۆسۆفیستێکی ئایر بوو. (نزیکەی ١٨٩٦-١٩١٥) سەرنووسەری ڕۆژنامەی *ئایرش تیۆسۆفیستس* بووە، لە ژێر ناوی خوازراوی ئاریتاس-دا وتاری دەنووسی؛ سەرنووسەری گۆڤارێکی تری تیۆسۆفیش بوو، بە ناوی *ذە پاث* (لەندەن، ١٩١٠-١٩١٤). کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانی ئەوروپا لە کۆنگرەی دووەمی ساڵانەیاندا لە ١٨٩٦ لە دەبلن وەک سەرۆکی هەمیشەیی خۆیان هەڵیانبژارد. **~گ.س.**

دانیەل دەنلۆپ کوڕی ئەلێکساندەر دەنلۆپ و کاترین (پێش شوو: *نیکۆل*)ە، لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٨٦٨ لە کیلمارنۆک لە سکۆتلاند لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی خوێندووە، پاشان لە کارگەیەکی مەکینە لە ئاردرۆسان لە ئایرشایەر بووەتە شاگرد، پاشان لە گلاسگۆ کاری دۆزیوەتەوە. دەنلۆپ دواتر چووە بۆ دەبلن و لای بازرگانێکی شەراب و چا کاری کردووە. هاوڕێی ویلیەم بەتڵەر یەیتس و جۆرج ڕەسڵ بووە و دواتریش چووەتە لای کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانی ئایرلاند. لە تشرینی یەکەمی ١٨٩٢دا گۆڤاری *ئایرش تیۆسۆفیست*ی دامەزراندووە و خۆیشی بووە بە سەرنووسەری گۆڤارەکە، لە ژێر ناسناوی ئاریتاس-دا بابەتی دەنووسی. هەروەها سەرنووسەری *ذە پاث* بووە، کە ئەویش هەر گۆڤارێکی تیۆسۆفی بووە و لە لەندەن دەردەچوو، پاشتریش بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانی ئەمەریکا. دواتر چووە بۆ ئەمەریکا و ساڵی ١٨٩٦ بووە بە یاریدەری بەڕێوەبەری بەشگەی وێستینگهاوسی کارەبایی. کە گەڕایەوە بۆ بەریتانیا، بوو بە بەڕێوەبەری کۆمەڵەی بەرهەمهێنەرانی کارەبای بەریتانیا لە لەندەن و لە پەرەدان بە کەرتی کارەبای بەریتانیادا ڕۆڵێکی گرنگی دیوە. لە ٣٠ی ئایاری ١٩٣٥ کۆچی دوایی کردووە. **~ڤ.ئ.**

**سەرنج**: گیفرد دەڵێت: «کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانی ئەوروپا»، ڤیڤەن ئیگۆ دەڵێت: «کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانی ئەمەریکا»، خۆم دڵنیا نیم کامیان ڕاستەکەیە. **~ن.م.**

[41] **جەدج**: ویلیەم کیو جەدج (١٨٥١-١٨٩٦)، تیۆسۆفیستێکی ئایری-ئەمەریکایی بوو، ساڵی ١٨٧٥ یارمەتیی هێلێنا پێترۆڤنا بلاڤاتسکیی دا و کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانیان دامەزراند. دواتر بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی تیۆسۆفییە ئارییە «بەهێز»ەکان لە شاری نیو یۆرک. **~گ.س.**

ویلیەم کوان جەدج لە ١٣ی نیسانی ١٨٥١ لە دەبلن لە دایک بووە، کوڕی فرێدریک ئێچ جەدج و ئالیس ماری (پێش شوو: *کوان*) بووە. ساڵی ١٨٦٤ باوکیان دوای مەرگی دایکیان کۆچی کردووە بۆ نیو یۆڕک و لەگەڵ منداڵەکانی لە بروکلین گیرساونەتەوە. لەوێ لە تاقیکردنەوەی پارێزەری دەرچووە و بە هۆی کارەکەیەوە زۆر شوێنی ئەمەریکاکان گەڕاوە. لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا بووەتە هاووڵاتییەکی ئەمەریکایی. دەوروبەری ساڵی ١٨٧٤ هێلێنا پێترۆڤنا بلاڤاتسکیی دیوە و بووە بە قوتابیی وێ و دواتریش هاوکاری و ساڵی ١٨٧٥یش لەگەڵ وێ و کۆلۆنێل ئێچ ئێس ئۆلکۆت کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانی نیو یۆڕکیان دامەزراندووە. جەدج بووە بە ئەندامێکی گرنگی سەرەتای بڵاوبوونەوەی تیۆسۆفی، دواتریش بووە بە سەرۆکی کۆمەڵەی تیۆسۆفیی ئاریی شاری نیویۆڕک. چەندین وتاری نووسیوە و لە گۆڤاری *ئایرش تیۆسۆفیستس*-یشدا شتی بڵاو کردووەتەوە، پەڕتووکیشی نووسیوە، یەکێک لەوانە *زەریای تیۆسۆفی*-یە (١٨٩٣). لە ٢١ی ئاداری ١٨٩٦ کۆچی دوایی کردووە. **~ڤ.یئ.**

[42] **ناوخاسترینی هەموو ڕۆمییەکان:** مارکۆس ئەنتۆنیوس لە دوایین وتەیدا لە شانۆنامەی *یولیوس قەیسەری* شێکسپیردا ستایشی بروتوس دەکات، کە لە کاتی شانۆنامەکەدا مردووە، دەڵێت:

> ئەم ناوخاسترینی هەموو ڕۆمییەکان بوو.
> هەموو پیلانگێڕەکان
> لە ئیرەیی دژی قەیسەری مەزندا وایان کرد، جگە لەو.

(یولیوس قەیسەر ٥: ٥، ٦٨-٧٠). لێرەدا بە تەوسەوە ئەم پەسنە بە جەدج دراوە. ساڵی ١٨٩١ دوای مردنی بلاڤاتسکی، جەدج لە ئەمەریکا و ئانی بێسانت (١٨٤٧-١٩٣٣) لە ئینگلتەرا پێکەوە شوێنی ئەویان گرتەوە، هەردووکیان وەک وتەبێژی مامۆستایەکی نەناسراو کە گەیشتووە بە قۆناغێکی بانمرۆڤی و سەرۆکی ڕاستینەی بزاوتە تیۆسۆفییەکە بوو خۆیان دەنوواند. بێسانت دەیەویست تۆمەتی ساختە لە دژی جەدج تۆمار بکات بەوەی جەدج بە ساختە ناوی مامۆستاکەیانی بە کار هێناوە، بەڵام نەتوانرا تۆمەتەکان بسەلمێنرێن، بەڵام ئەنجامی ئەم تۆمەتبارکردنە جیابوونەوەیەکی جیهانیی بزاوتی تیۆسۆفییەکان بوو، لایەکیان شوێن جەدج کەوتن؛ ئەوانی تر شوێن بێسانت کەوتن. **~گ.س.**

[43] **ئارڤال**: ئۆرگانی ناوەندیی بەڕێوەبردنی بزاوتی تیۆسۆفی لە دوازدە ئەندام پێک هاتبوو و پێیان دەوترا کەرتی نیهانی، یان ئارڤال-ی (ڕازگرییانە)، کە ئەم ناوەشیان لە ناوی سەرۆکی دوازدە ڕابەری دینیی ڕۆمییەوە هێنابوو کە سرووتی بەرداریی خوداوەندێکی دایکیان دەگێڕا کە تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی ڕازگرییانە بوو. زانستی تیۆسۆفی ئەم دوازدەیەیان بە دوازدە ڕانێرەکەی دینی مەسیحیشەوە وابەست کردبوو (هەردوو کۆمەڵەکە یەک مامۆستایان هەبوو کە شوناسەکەی بە ڕازگری ئابڵۆقە درابوو). **~گ.س.**

[44] **ناوە گۆنەکردەکە... کەی ئێچ**: *ناوە گۆنەکردەکە* ئەو ناوەیە کە نابێت بهێنرێت (وەک چۆن لە ئیسرائیلییەکان قەدەغە کراوە ناوی یەهوا بهێنن). مامۆستا «کەی ئێچ» کووت هوومی بوو، یەکێک بوو لە دوو مامۆستا یان «مەهاتما»کەی بلاڤاتسکی، خەڵکی تیبێت بووە و پەرەی سەندووە و گەیشتووە بە قۆناغی بانمرۆڤ. گوایە لەگەڵ بلاڤاتسکی (و دوای مردنیشی لەگەڵ هەندێک لە شوێنکەوتووانیدا) لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆدا بووە. جارجار لەگەڵ بلاڤاتسکیدا «دوواوە»؛ بە ڕەنگی ئاوی یان بە باستیل لەسەر پەڕەی برنجی پەیامی «دارِشتووە». گومان لە نێو خەڵکی گشتی و تەنانەت لە نێو تیۆسۆفیستەکانیشدا مشتومڕ هەبووە لە بارەی شوناس و شوێنی نیشتەجێبوون و پەیامەکانی ئەم مامۆستایەوە. بلاڤاتسکی و شوێنکەوتەکانی «بە ناوی مامۆستا»وە دوواون و فەرمانیان دەرکردووە. **~گ.س.**

[45] **برایانی... یارمەتی بدەن**: تیۆسۆفیستێکی ئەمەریکایی بە ناوی کاثرین ئەی تینگلی دوای مەرگی جەدج دووبارە لقەکەی جەدجی لە هەموو جیهاندا لە ژێر ناوی ڕێکخراوەی برایەتیی گەردوونی-دا ڕێک خستەوە. ئەندامەکانی خۆیان وەک میراتگری ئەوە دەزانی کە پێی دەڵێن کوختە مەزنە سپییەکە، کوختە مەزنە ئارییاییەکە، یان کوختە مەزنەکەی ئاسیای ناوەڕاست (سەرچاوەی ئوستوورەیی هیندۆ-ئەوروپیی هەموو فێرکارییە تیۆسۆفییەکان کە پێی دەوترا *هەڕەمی شارەزایی*). **~گ.س.**

[46] **مەسیح... پلەی بوودی**: پوختەی گێڕانەوەی خوێندنەوەی تیۆسۆفییە بۆ کاری مەسیح. ڤالەنتینۆس (بڕوانە ١: ٢١٣)، کە یەزدانناسێکی گنۆسیی میسری بوو، پێی وا بووە سۆفیا («دانایی») لە دوایین «ئیۆن»ی پێش مەسیحدا «لە هەوڵێکیدا بۆ ئەوەی بەرز ببێتەوە تا بگاتە باڵا» کەوتووەتە نێو پشێوییەوە. کە کەوتووە، پاشگەز بووەتەوە و هاواری بردووە بۆ: «ئەو ڕووناکییەی متمانەی سۆفیا متمانەی پێی کردووە»، ئینجا مەسیح نێرراوە «بۆ ئەوەی لە پشێوی ڕزگاری بکات» و تاجی «ڕووناکیی خۆی»ی بنێتە سەر، واتە دانایی ببێت

بە ڕووناکیی مەسیح. (بۆ نموونە بۆ ئاوەمۆرکردنی بە ڕووناکی، ئاوهاش بوو بە «تەڕیی ڕووناکی»)، هەروەها بۆ ئەوەی ئەم «خوشکەبووک»ەی لە کۆیلایەتی دەربهێنێت (ئانی بێسانت، *نیهانیی مەسیحی* [١٩٠١؛ مەدرەس، هیندستان، ١٩٥٣]، لا. ١٠٢-١٠٣). «پلەی بوودی» چوارەم پلەیە «کە تیایدا هێشتا دووانینەیی ماوە، بەڵام جیابوونەوە نامێنێت... دۆخێکە لە کامەرانی کە تیایدا هەمووان خۆیانن، بە چڕییەکی زوڵاڵ و بریقەداری وەهاوە کە ناتوانرێت لە پلەکانی خوارتردا بە دەست بهێنرێت، بەڵام لەم پلەیەدا هەمووان وا هەست دەکەن کە هەموو ئەوانی تر لە خۆیاندا هەیە و لەگەڵ خۆیاندا یەکێکن، نە جیا بوونەتەوە و نە دەشکرێت جیا ببنەوە» (ئانی بێسانت، *دانایی دێرین* [لەندەن، ١٨٩٧]، لا. ١٩٧). **~گ.س.**

[47] **ژیانی نیهانی**: ئەو ژیانەیە کە لە «پلەی بوودی» نزیک دەبێتەوە؛ «لەم پلەیەدا تەنها پیاو دەتوانێت وەک ڕزگارکەری جیهان کار بکات» (ئانی بێسانت، *دانایی دێرین* [لەندەن، ١٨٩٧]، لا. ٣٤٢). **~گ.س.**

[48] **ک. ئ... بکاتەوە**: {ک. ئ.: واتە کەسی ئاسایی، لە دەقە ماکەکەشدا هەر بە سەرەپیت هاتووە}. *کارما* (لە تیۆسۆفیدا) «یاسای تۆڵەی ئاکارییە، کە بە گوێرەی ئەم یاسایە نەک تەنها هەموو هۆیەک کاردانەوەی هەیە، بەڵکو ئەو کەسەشی هۆیەکە دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە لە کاردانەوەکەدا بەشدار دەبێت» (کریسمس هەمفریس، *کارما و لەدایکبوونەوە* [لەندەن، ١٩٤٣]، لا. ١١). ئاوها کارما لە هەموو ئەو شتانەدا هەیە مرۆڤ دەیانکات؛ کارمای خراپیش ئەوە دەردەخات کە یان کاردانەوەی کاری کەسێک پەسەند نەکراوە، یان نابەدڵی لە جێبەجێکردنی ئەرکی ئەو کەسەدا هەیە (کە کارمای ئەو کەسەی تێدایە). لە بەلەشداکردنەوەی دواتری گیانگۆڕکێدا گیان دەخرێتە نێو لەش و ڕووداوی نێو ژیانەوە کە یارمەتیی دەدات خۆی لە کارمای کەڵەکەبووی ژیانەکانی پێشووی ڕزگار بکات. **~گ.س.**

[49] **کووپەر ئۆکلی**: ئیزابێل کووپەر-ئۆکلی (١٨٥٤ لە دایک بووە) خانمە کارەوانێکی {بزنسومان} سەرکەوتووی لەندەن بووە و کەسێکی نزیکی بلاڤاتسکی بووە، لە هیندستان (لە ١٨٨٤ەوە) و لەندەنیش (لە ١٨٩٠ەوە) هەر نزیکی وێ بووە. وا دانرابوو کە لە سەرەمەرگدا «دوایین پەیام»ی ه.پ.ب.ی پێ گەیشتبوو {بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو}. **~گ.س.**
ئیزابێل کووپەر، کچی هێنری کووپەر بووە، ساڵی ١٨٥٤ لە هیندستان لە دایک بووە. لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا تووشی ڕووداوێک هاتووە کە بۆ چەندین ساڵ لە جووڵەی خستووە،

ئەم ماوەیەش چەندین پەڕتووکی خوێندووەتەوە، لەوانەش پەڕتووکەکەی هێلێنا پێترۆڤنا بلاڤاتسکی و ئەمەش وای لێ کردووە زیاتر بە دوای جیهانی گیانەکییدا بگەڕێت. ساڵی ١٨٨١ چووەتە کۆلێجی گیرتن لە کامبریدج و لەوێ ئەی جەی ئۆکلی و دکتۆر ئارچیباڵد کەیتلی-ی ناسیوە، ساڵی ١٨٨٤ چوونەتە نێو کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکانەوە و لە هەمان ساڵیشدا ئیزابێل و ئۆکلی هاوسەرگیرییان کردووە. خاتوو کووپەر ئۆکلی بووەتە تیۆسۆفیستێکی خۆتەرخانکردوو و بووە بە هاوڕێی نزیکی بلاڤاتسکی، ساڵی ١٨٨٤ لەگەڵ وێدا چووە بۆ هیندستان و دوای ئەوەی بلاڤاتسکی نەخۆش کەوتووە، ئەم چاودێریی وێی کردووە. کووپەر ئۆکلی ساڵی ١٩١٢ هەندێک لە وتارەکانی زووی خۆیی لە دووتوێی پەڕتووکێکدا بە ناونیشانی *کۆمتێ دو سان ژێرمان* بڵاو کردووەتەوە، زۆر پەڕتووکی تریشی بڵاو کردووەتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەم پەڕتووکە بێت کە زیاتر وێی پێ ناسراوە. لە ٣ی ئاداری ١٩١٤ لە بوداپێشت لە هەنگاریا کۆچی دوایی کردووە. **~ڤ.ئ.**

[50] **چاوی بە... دەخشاند**: هـ. پ. ب.: واتە هێلێنا پێترۆڤنا بلاڤاتسکی (بڕوانە ٧: ٣٦٥). لە تیۆسۆفیدا «توخمێتی» یان «بنەڕەتێتی» سرووشتی «نزمتر» یان «مرۆک»ی مرۆڤە، چارەکێکی ئەوەیە کە وەک لەشێکی بەرجەستە دەبینرێت، سێ چارەکەکەی تر کە نادیارن لەشی لەشی ئەستێرەیی، یان نەخشەیی، ژیانی بنچینەیی، هەروەها بنچینەی ئارەزوون. نوکتەکە لەسەر ئەو بانگەشەیەی ڕانێرەکانی بلاڤاتسکییە کە وتوویانە گوایە دوای مردنی بۆیان دەردەکەوێت؛ هەروەها ئەو ڕەگەزدۆزییە ناتیۆسۆفییەی وشەکەش دەگرێتەوە بە واتای ناوگەڵ. **~گ.س.**

ڕەگەزدۆزییەکە وشەی «توخمێتی»یەکەیە، بە واتا تیۆسۆفییەکەی ئەوەیە کە گیفرد باسی دەکات و بە واتا ناتیۆسۆفییەکەی واتە ناوگەڵ. **~ن.م.**

[51] **بە نەفرەت بێت، نەفرەت!**: نزیککردنەوەی دووو دەستەواژەی نێو دوو وتەی تاکبێژی هاملێتە، یەکەمیان ئەو وتەیەی بەمە دەست پێ دەکات: «ئای بریا ئەم لەشە ڕەقەڵەیەم توابایەتەوە و ببووایە بە شەونم» (هاملێت ١: ٢، ١٢٩-١٥٩) لە نێو ئەو وتەیەدا دەڵێت: «بە نەفرەت بێت، نەفرەت!» (١: ٢، ١٣٥)؛ دووەمیان ئەو وتەیەی بەمە دەست پێ دەکات: «وا ئێستا خۆم تەنیام. چ کۆیلەیەکی خوێڕی و دێهاتیم!» (هاملێت ٢، ٢: ٥٧٦-٦٣٢) لە نێو ئەو وتەیەدا دەڵێت: «بە نەفرەت بێت! یەع! بکەوە کار، ئەی مێشکی من!» (٢، ٢: ٥٩١ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[52] **پفویتۆیفل**: جنێوێکی ئەڵمانییە: *پفوی* - «شەرمەزار بێت»؛ *تۆیفل* - «شەیتان». **~گ.س.**

[53] **میستەر بێست:** ڕیچارد ئیرڤین بێست (١٨٧٢-١٩٥٩)، یاریدەری بەڕێوەبەر (١٩٠٤-١٩٢٣) و بەڕێوەبەر (١٩٢٤-١٩٤٠)ی پەڕتووکخانەی نیشتمانی ئایرلاند بووە. وەرگێڕی *لو سیکل میتۆلۆژیک ئێغلۆندێ Le cycle mythologique irlandais*ی ماری هێنری داربوا دو ژوبێنڤیل (١٨٢٧-١٩١٠) بووە. ناونیشانی وەرگێڕانەکەی بێست بەم شێوەیە بوو: *سووڕی ئوستوورەیی و ئوستوورەی کەڵتی Mythological Cycle and Celtic Mythology* (دەبلن، ١٩٠٣). دو ژوبێنڤیل پرۆفیسۆری وێژەی کەڵتی بوو لە کۆلێژ دو فرانس. بێست یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فێربوونی ئایری لە دەبلن (١٩٠٣). هەر لە سەرەتای ژیانیەوە، بێگومان تا ١٩٠٤یش، سەرسام بووە بە جوانیناسییەکەی واڵتەر پاتەر و ئۆسکار وایلد. دواتر لە پیشەکەیدا زیاتر خولیای لە جوانیناسییەوە گوازرایەوە بۆ فێرکاری. **~گ.س.**

ڕیچارد بێست ساڵی ١٨٧٢ لە باکووری ئایرلاند لە دایک بووە، ساڵانی سەرەتای خوێندنی لە جوبێنڤیل بە سەر بردووە، لای داربوا دو مەککێنا، کە کۆڵیار و زمانناسێکی ئایر بووە، ئایریی دێرینی خوێندووە. ساڵی ١٩٠٤ بووە بە یاریدەری بەڕێوەبەری پەڕتووکخانەی نیشتمانیی ئایرلاند لە دەبلن و ساڵی ١٩٢٤ کراوە بە بەڕێوەبەری ئەوێ. هاوڕێیەکی نزیکی جۆرج موور بووە، وەک یەکێکیش لەو کەسە دەگمەنانە دانراوە کە موور هەرگیز قڕەقڕی لەگەڵیدا نەکردووە. لە پەڕتووکی *سڵاو و ماڵئاوایی*ی مووریشدا چەندین ئاماژە بە بێست دراوە. بەڵام پەیوەندیی بێست و جۆیس کەمتر پەسەند بووە، هەمیشە باسی ئەوەی کردووە کە جۆیس لە دیمەنی پەڕتووکخانەکەی *ئولیس*دا تۆڵەی ڕقێکی کۆنی لە وی کردووەتەوە، بەڵام بە درێژایی چەندین ساڵ چەندین نامەیان ئاڵوگۆڕ کردووە. بێست چەندین پەڕتووکی نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٤٧ خانەنشین بووە و لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٥٩ لە ماڵی خۆی لە ٥٧ی شەقامی لیسن-ی سەروو کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی دینسگرەینج لە کاونتیی دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[54] **ئەو قوتابییە... تەنک دەبینێت:** یەکێک لە «بیرکردنەوەکانی [پلاتۆن] لە بارەی ئەودونیا»وە لە ئوستوورەی ئێر-ی کۆتایی پەڕتووکی *دەوڵەتشار*دایە {بە *کۆمار* بۆ کوردی وەرگێڕراوە – بەڵام بە ڕای کاک ڕێبوار قارەمانی شیاوترە ناوی *دەوڵەتشار* بێت. ئێر پاڵەوانێکە، کوڕی ئارمینیۆس-ە و لە جەنگدا کوژراوە، دوای دوازدە ڕۆژ زیندوو دەبێتەوە و بەسەرهاتی ئەوە دەگێڕێتەوە کە لەودونیا بینیویەتی}. بە گوێرەی ئەو ئوستوورەیە: دەبێت گیانی چەند مردووێکی بەناوبانگ، بۆ نموونە ئۆدیسێفس، ژیانێکی نوێ یان لە

شێوەی ئاژەڵدا یان لە شێوەی مرۆڤدا هەڵببژێرن. هەموو گیانەکانی تر پەرۆشی هەڵبژاردنن، جگە لە ئۆدیسیێفس، کە خۆی دوا دەخات و دەبێتە دوایین کەس هەڵببژێرێت. «یادی جەفای کۆن دڵی ویی لەم خواستە سارد کردەوە، ماوەیەکی زۆر بە دوای ژیانی کەسێکی ئاسایی بێباکدا هات و چوو؛ دۆزینەوەی ئەمەی لا قورس بوو، یەکێک لێی ڕاکشابێت و هەمووان فەرامۆشیان کردبێت؛ ئینجا کە ئەمەی دی، وتی: ئەگەر دوایین کەسیش نەبووایە لە هەڵبژاردن هەر هەمان شتی دەکرد و دڵیشی پێی خۆش دەبوو».

«بیرکردنەوەکانی هاملێت لە بارەی ئەودونیا»وە چەقی تاکبێژیی «هەبوون یان نەبوون»ە، هاملێتیش (وەک پلاتۆن) ئاماژەی بە ئەودونیا دەدات کە چیتر لە باک ئازاد دەبێت و بێباک دەبێت، دەڵێت: «کاتێک ئەم ئاڵۆزییە مرۆکەمان لە کۆڵ کردەوە، ئەو خەونانەی دەشێت بێنە ناو ئەو خەوی مەرگەوە تووشی دوودڵیمان دەکەن.»، ئینجا دەپرسێت کە بۆچی دەبێت مرۆڤ ڕووبەڕووی کێشەی ژیان ببێتەوە «گەر ترسی شتێک لە دوای مەرگ، ئەو وڵاتە نەدۆزراوەیەی هیچ ڕێبوارێک لە سنوورەکانی ناگەڕێتەوە، ویست تووشی دۆشدامان نەکات، واشمان لێ نەکات بەرگەی ئەو دەردەسەرییانە بگرین کە هەمانن لە بری ئەوەی بفڕین بۆ لای ئەوانی تر کە هیچیان لە بارەوە نازانین؟».

ئەریستۆتێلیس هەرگیز ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە دیدی پلاتۆن نەگرتووە لە بارەی نەمریی گیانەوە، بەڵکو بەشێکی بناغەی ئەم پێوەنانە ڕەوانبێژییانەیەی ستیفن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدە زۆر ڕەهایەی ئەریستۆتێلیس لەسەر نەمری کە لە دێڕی *دی ئانیما* ٣: ٥ (دەربارەی گیان)دا باس کراون، کە زۆربەی ڕاڤەکاران وەک چەند دێڕێکی سەخت دایدەنێن: «ئاوەز لەم واتایەیدا جیا دەبێتەوە، مەحاڵە، تێکەڵ نابێت، چونکە لە چالاکیی ماکی سرووشتیی خۆیدایە (چونکە هەمیشە هۆی چالاک لە ناچالاک بەرزترە، هێزی دروستکەری شتان کە شێوەیان پێ دەدات)». زۆر جار وا ئەم کۆپلەیە دەخوێنرێتەوە کە ئاماژە بەوە دەدات ئاوەزی چالاک لە نێو گیاندا (لە هەر یاد و کاریگەری و کەسێتی و ناواخنێک دەربازە و) بە گشتی نەمرە، بەڵام بە شێوەیەکی کەسی وا نییە. بۆیە دەوترێت ئەریستۆتێلیس «بیرکردنەوەکانی» پلاتۆن (و هاملێت) بە «تەنک» دەبینێت، چونکە ئەو بیرکردنەوەیە وا گیان دادەنێت کە بە شێوەیەکی خودی و کەسی نەمرە. **~گ.س.**

[55] **قینی وررووژا**: لە سرووودی یەکەمی دوو *سروودەکەی میوتەبیلیتی*ی ئێدموند سپێنسەر-ەوە هاتووە (بە نزیکی ١٥٥٢-١٥٩٩) (کە زۆربەی جار وەک بەشێک لە *شابانووی پەریان* دادەنرێت)، بە جۆڤ دەوترێت کە ئەویش هەر وەک مرۆڤ گوێڕایەڵی خودای سرووشتە:

ئینجا جۆڤ قینی وررووژا و
لە ناخەوە لە گوڕی ئەو ترسام
بەڵام چاک شاردمەوە.

(میوتەبیلیتی ١: کۆپلەی ٣٥). **~گ.س.**

**جۆڤ**: بە ئینگلی Jove: ناوێکی تری یوپیتەرە (Jupiter) کە خودای گەورەی ڕۆمییەکان بووە. **~ن.م.**

[56] **کام... دەردەکات؟**: وەڵام: پلاتۆن. دەکرێت پەڕتووکی *شیعری* ئەریستۆتێلیس وەک بەڵگەیەک بۆ پەسەندکردنی هۆنەر دابنرێت. لە دەقێکی *دەوڵەتشاری* پلاتۆندا (١٠: ٦٠٦-٦٠٧) سۆکراتیس دەڵێت کە هیچ «باڵایی»یەکی باری ئایدیالی باسکراو بە هێندەی دەرکردنی «هەموو هۆنراوەیەکی لاسایی» و هێشتنەوەی تەنها ئەو «سروودانەی بۆ خوداکان و ستایشی پیاوی بەناوبانگ دەکەن» دڵخۆشی ناکات. ئەگەرچی دەکرێت ئەم دەقە وەک تەوس ببینرێت، بەڵام زۆر جار (وەک تێبینییەکەی ستیفنیش ئاماژەی پێ دەدات) وا لێک دەدرێتەوە کە پەیڤێکی ڕاستەوخۆی ئەوەیە کە «پلاتۆن بیری لێ دەکاتەوە». **~گ.س.**

**هاوسامانگە**: بە ئینگلی commonwealth، یەکێکە لە کۆمەڵێک وڵات کە سامانەکانیان لە نێو خۆیاندا بەش کردووە و دەشێت ناوەندێکیان هەبێت؛ دەشێت یەکێک لەم وڵاتانە داگیرکەری وڵاتەکانی تر بێت و ئەوانی تر ژێردەستەی بن. بۆ نموونە ئوستورالیا و کەنەدا لەگەڵ شانشینی یەکگرتوودا هاوسامانن و هاوسامانگەی بەریتانیان. کاک ڕێبوار قارەمانی وشەکەی بۆم پێشنیار کرد. گەرچی شیاوترە وشەکەی پلاتۆن بە *دەوڵەتشار* وەربگێڕرێت، کە ئێستانان بە *کۆمار* وەرگێڕراوە (بڕوانە ٩: ٥٤)، واتە ستیفن بڵێت: «کام لەو دووانە لە دەوڵەتشارەکەیم دەردەکات؟»، بەڵام ستیفن لێرەدا ئەو وشەیە بە کار نابات و هاوسامانگە بە کار دەبات. **~ن.م.**

[57] **خەنجەری پێناسەکانت**: واتە ئارگومێنتەکەی ستیفن لەسەر بنەمای جیاوازیکردنی ئەریستۆتێلیسییانە دەبێت لە نێوان پێناسەی ناوی و پێناسەی کرۆکی (ئەریستۆتێلیس، *شیکارییە پاشینەییەکان* ٢: ٨). ئەم جیاوازییەی بۆ دەستنیشانکردنی ئەوە بە کار هێنراوە

که پرۆسەی پێناسەکردن بە «ناوی» دەست پێ دەکات و بەرەو «کرۆکی» دەڕوات: لەسەر ڕێی هۆ دەڕوات. بۆ نموونە، خۆرگیران نەمانی ڕووناکییە (ناوی)؛ خۆرگیران سێبەرێکە لەسەر زەوی بە هۆی ئەوەوە ڕوو دەدات مانگ دەکەوێتە نێوان زەوی و خۆرەوە (کرۆک). **~گ.س.**

[58] **ئەسپێتی چییێتیی گشت ئەسپێکە:** مژارێکی پلاتۆنییە کە دەڵێت ئەسپەکان وێنەی نزیککراوە و ناتەواوی ئەسپێکی نموونەیی (ئایدیایی)ن. ئەم دەستەواژەیەی ستیفن دەنگدانەوەی تێبینییەکی بەناوبانگە، کە بە شێوەیەکی گوماناوی دراوەتە پاڵ دژەکەی پلاتۆن کە ئەنتیسثێنیس-ە (بڕوانە ٧: ٤٧٠): «ئەی پلاتۆن، ئەسپ دەبینم، بەڵام ئەسپێتی نابینم.». **~گ.س.**

[59] **شەپۆلەکانی... دەپەرستن:** ئەوە تیۆسۆفیستە نیۆپلاتۆنییەکانە، وەک ئەی ئی (جۆرج ویلیەم ڕەسڵ) کە ناوەکەی خۆی لە *ئیۆن*ەوە دروست کردووە (بڕوانە ٨: ٣١٩). هەندێک پێناسە لە پەڕتووکی *فەرهەنگی هەندێک زاراوەی تیۆسۆفی*، کۆکردنەوەی پاویس هاولت (لەندەن، ١٩١٠)ەوە: «*ئیۆن*: (١) لە گنۆستیسیزمدا وزەیەکی دەرپەڕیوی خودایەتییە، هەروەها ئەو نێوەندەیە کە لێوەی دەربڕراوە. (٢) *کالپا* [ماوەیەکی چالاکی یان دەرخستنە؛ ڕۆژ یان سەردەمێکی براهمایە]» (لا. ٤، ٦٤). «شەپۆلی ئارەزوو»: شەپۆلی هەڵچوون و داچوون بە نێو «زنجیرەیەکی هەسارەیی – زنجیرەیەکی حەوت گۆیی یان جیهانی کە لە ماوەی سووڕێکی هەسارەییدا یان لە *مانڤانتارا*یەکدا پانتایی پەرەسەندن دروست دەکات» (لا. ١٠١). مانڤانتارا «سووڕێکی دەرخستنە [یان ئیۆنێکە] کە پێچەوانەی *پرالایا* یان نادەرخستنە. حەوت *سووڕانەوە* مەزنەکەی *شەپۆلەژینی* لۆگۆس لە خۆی دەگرێت» (لا. ٨٢). (بڕوانە ٩: ٣٨). **~گ.س.**

[60] **خودا: هۆسەیەک لە کۆڵانەوە:** (بڕوانە ٢: ١٢٣). **~گ.س.**

ستیفن ئەم جارە هەمان وشەی ئەڵقەی دووەم بە کار نابات کە لە کوردییەکەدا بە «هاوارێک لە کۆڵانەوە» وەرمگێڕا، ئەم جارە دەبێت بە «هۆسە». **~ن.م.**

[61] **بۆشایی: ئەوەی دەبێت ببینیت:** مژارێکی ئەریستۆتێلیسییانەیە لە بەرانبەر دیدی پلاتۆن بۆ بۆشایی لە پەڕتووکی حەوتەمی *دەوڵەتشار*دا: «دەبێت ئاسمانی پوولەکەدار وەک نەخش بە کار بهێنرێت و بە دیدی ئەو زانیارییە بەرزە ببینرێت؛ جوانییەکانیان وەک جوانیی ئەو شێوە و وێنانەیە کە دێدالۆس یان هونەرمەندێکی مەزنی تر بە دەستی خۆی چێی کردوون، کە ڕەنگە بتوانین ببینین؛ هەر ئەندازەناسێک کە دەیانبینێت ستایشی

نایابی و وەستاییەکەیانی کردووە، بەڵام هەرگیز خەون بەوەوە نابینێت کە یەکسانیی ڕاست یان دووهەندیی ڕاست یان ڕاستیی هەر ڕەهەندێک لە نێویاندا بدۆزێتەوە» **~گ.س.**

وا دیارە گیفرد ئەو پەرەگرافەی *دەوڵەتشاری* لە وەرگێڕانەکەی بینجامین جاویت-ەوە هێنابێت. دکتۆر موحەمەد کەمال لە وەرگێڕانی کوردیی پەڕتووکی *کۆمار*دا بەم شێوەیە ئەم پەرەگرافەی وەرگێڕاوە: «کەوابوو، پێویستمان بە نەخشەی ئاسمان هەیە. ئەو نەخشەیەش بۆ مەبەستی ئەندازیاری بە جوانی دەبێت [هونەرمەندێکی وەکو] دەیدەلویس یان هونەرمەندێکی دیکە کێشابێتی. ئەو بە جوانی نەخشەکەیمان بۆ دەکات، بەڵام بە دوای ڕاستیەکەیدا یان یەکسانی و جووت و ڕێژەکاندا ناگەڕێت». ئەم دوو وەرگێڕانەم بە وەرگێڕانەکەی دێزموند لی-ش بەراورد کرد، کە ئەوەی ئەو بەم شێوەیەیە: «دەبێت ڕازاوەیی بیناوی ئاسمان وەک نەخشێک بۆ لێکۆڵینەوەمان دابنێین بۆ ڕاستێتیی ڕاستینە، وەک چۆن کەسێک سەیری نەخشێکی سەراسیمەکەر و نایابی کێشراوی دەستی دێدالۆس یان هەر هونەرمەندێکی مەزنی تر دەکات. هەر کەسێک شتێک لە ئەندازە بزانێت و نەخشێکی وەها ببینێت سەرسام دەبێت بەو وەستاییەی تیایدا بە کار هاتووە، بەڵام ئەوە بە گەمژەیی دەزانێت کە لە لێکۆڵینەوەیدا هیوایەکی ڕژدی بۆ دروست ببێت بۆ فێربوونی ڕاستێتیی ڕەهەندەکان، وەک ڕەهەندی یەکسانی و دووهێندەیی». **~ن.م.**

[62] **لە تنۆکێک... سێبەرێکە**: دوو تیلنیشان تێکەڵ دەکات، یەکێکیان بە *میڵتن*ی ویلیەم بلەیک و ئەوەی تر بە *دۆزەخ*ی دانتێ. لە کۆتایی *دۆزەخ*دا، لە سرووودی ٣٤دا دانتێ و وێرگیلیوس-ی ڕابەری دەچنە لای شەیتان، کە لە چەقی زەویدا لە نێو سەهۆڵی دەریاچەی کۆکیتۆس-دا لنگەوقووچ هەڵواسراوە. دانتێ و وێرگیلیوس بەسەر قنی شەیتاندا هەڵدەگەڕێن و لە دۆزەخ دەردەچن بۆ گەشتی سەرووتریان لەسەر ڕووی زەوی و شاخی بەرزەکدا. لە پەڕتووکی یەکەمی *میڵتن*ی ویلیەم بلەیکدا دەڵێت:

چون هەر بۆشاییەک لە تنۆکێک خوێنی مرۆڤ گەورەتر بێت

دووربینانەیە و بە چەکوشەکەی لۆس دروست کراوە:

هەر بۆشاییەکیش لە تنۆکێک خوێنی مرۆڤ بچووکتر بێت

بۆ نێو تاتایی دەکرێتەوە، کە ئەم زەوییە گیاییە

تەنها سێبەرێکی ئەوە»

(پەڕتووکی یەکەم، بیست و نۆیەم تات، دێڕی ١٩-٢٢). **~گ.س.**

[63] **خۆت بگرە... گلۆر دەبێتەوە**: لە *دێ ئیمۆرتالیتاتێ ئانیمای* (دەربارەی نەمریی گیان)ی سانت ئاوگوستین (٣٥٣-٤٣٠)ەوە هاتووە «چونکە ئەوەی کراوە پێویستی بە چاوەڕێکردن هەیە، کە لەوانەیە بکرێت، هەروەها پێویستی بە یادیش هەیە، تا لە بڕی تواناکەی تێبگەین. چاوەڕێکردنیش بۆ شتانی ئایندەیە، یادیش بۆ شتانی ڕابردووە. بەڵام نیازی کردن هی ئێستایە، کە لەوەوە ئاینده دەبێتە ڕابردوو». **~گ.س.**
[64] **پەڕتووکی ژوبێنڤیل**: (بڕوانە ٩: ٥٣). **~گ.س.**
[65] **گۆرانییە... هاید**: (بڕوانە ٣: ٣١٠). **~گ.س.**
[66] **گیل**: (بڕوانە ٦: ١١٣). **~گ.س.**
[67] **ئەی نامیلکەکەم... نووسیمیت**: لە کۆپلەی یەکەمی هۆنراوەیەکی دۆگلاس هایدەوە هێنراوە؛ هاید وای دانابوو شەش کۆپلەی هۆنراوەکە وەک نموونەی کێش دابنێت {کێشەکە پێی دەوترێت *دەڤید*، سام سلەوت بەم جۆرە باسی کێشی *دەڤید* دەکات: کێشێکی ئایرییە و شایەرە ئایرەکان بە کاریان هێناوە و لە سەدەی حەڤدە یان هەژدەوە باوی نەماوە. ئەم کێشە لە حەوت بڕگە پێک هاتووە، بە وشەیەکی تاک بڕگەیی، یان دوو بڕگەیی کۆتایی دێت}، شایەرە ئایرەکان زۆر بە کاریان هێناوە، بەڵام دواتر نەماوە. یەکەم کۆپلەی ئەوەی هاید بەم شێوەیەیە:

ئەی نامیلکەکەم، خێرا هەڵبستە
بۆ سڵاوکردن لە خەڵکی بەڕەوشت،
وا وێنا دەکەم بێ ویستی خۆم بوو
بە ئینگلیی لار و ناشۆخ نووسیمیت

ئەم هۆنراوەیە وەک *پەیامبەر*ێک کۆتایی بە چیرۆکی *وێژەی سەرەتای گیلی* دەهێنێت (لەندەن، ١٨٩٥)، لا. ١٧٣-١٧٤. **~گ.س.**
[68] **ئێمە... هەست دەکەین**: وتەکەی هاینسە لە ئەڵقەی یەکەمدا، کە ستیفن لە ئەڵقەی دووەمیشدا بە بیری دێتەوە. **~ن.م.**
[69] **دزی پەشیمان**: یان «دزە باشەکە» تیلنیشان بەو دزە دەدات کە لەگەڵ عیسادا لە خاچ دەدرا و بە سەر خاچەکەوە وتی: «"عیسا منت لەیاد بێت کاتێک وەک پاشا دێیتە ناو شانشینەکەتەوە" [عیساش] پێی فەرموو: "ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت."». (لۆقا ٢٣: ٤٢-٤٣). **~س.ت.م.٢**
[70] **نقێمێکی... ئاو**: (بڕوانە ٧: ١٠٥). **~گ.س.**

[71] **هێلکە زێڕییەکەی**: لە تیۆسۆفیدا «ناونانێکە بە لەشی هۆیەکی Casual Body دراوە بە هۆی شێوەکەیەوە» (پاویس هاولت، *فەرهەنگی هەندێک زاراوەی تیۆسۆفی* [لەندەن، ١٩١٠]، لا. ٢٠). لەشی هۆیەکی «لەشی یەکسەریی... بیرکەرەوەیە کە بۆ [بەرزترین] پلەی هۆشەکی دەلەرێتەوە. وا ناوی لێ نراوە چونکە لە نێو خۆیدا ئەنجامی هەموو ئەزموونەکان و ئەم کردانەی وەک هۆ تێدا کۆ بووەتەوە، کە دەبنە دارشتەی ژیانەکانی ئاینده» (لا. ٣٠). **~گ.س.**

بلاڤاتسکی پێی وایە کە ژیانی هەستەکی لە «*خەرمانە aura*ی شێوە هێلکەییەوە پەیدا دەبێت... کە بە خانەمیکرۆبی *هێلکۆکە ovum*ەوە پەیوەستە. هەندێک جار خەرمانە هەڵقولانی بیزاوی کارمایە، واتە دەرکەوتنی دەرەکیی ژیانی ناوەکییە. **~س.ت.م.٢**

[72] **کەڵکدەر**: بە ئینگلی *exploitable*، واتە شتێک کە هەر کەڵکی لێ وەربگیرێت. **~ن.م.**

[73] **ڕۆمانی شەششڵنگبایی**: هەندێک وێژەی خەیاڵکردی پڕخوێنەر بوون و لە ڕووی بازاڕییەوە قۆرخ کرابوون و لە ١٨٨٠کاندا بازاڕی پەڕتووکی بەریتانییان داگیر کرد و هەڕەشەی شوێنگرتنەوەی ڕۆمانی چەسپێنراوی «ڕژد»یان دەکرد (کە لە سێ بەرگدا بە سی و یەک شڵنگ و شەش پنس دەفرۆشران). بەشێکی سەرکەوتنی ئەم وێژە خەیاڵکردە نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی خێرای ئاستی خوێندەواری لە دوای چاکسازیی پەروەردەی ساڵی ١٨٧٠کانەوە. **~گ.س.**

[74] **ئەو بزاوتانەی... موزیکیش گۆرانی**: بیری دەقی وتارێکی ڕەسڵمان دەخاتەوە بە ناونیشانی «نەتەوایەتی و ئیمپریالیزم» کە لە پەڕتووکی *ئایدیاڵەکان لە ئایرلانددا* (دەبلن، ١٩٠١)دا بڵاوی کردووەتەوە. «گەزەتەی پۆلیس، ڕۆمانە پنسباییەکان، ڕۆژنامە جەفەنگییە بێشەرمەکان، جێی هۆنراوە ئاشناکان و ئەو ژیننامە جوان و بزوێنەرانەی ئایرلاندی کلاسیکییان گرتووەتەوە. ئێستانان ئەو موزیکانەی بە *تیر نا نۆگ* [ئەودونیا، «خاکی گەنجی»ی ئوستوورەی ئایری] هەناسەیان دەدا و بە هەموو هەستێکی ناسک و جوان دڵی مرۆڤانیان داگیر کردبوو کەمتر دەبیسترێن، گۆرانییەکانی هۆڵەکانی لەندەن لەو جێیانە دەبیسترێن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان موزیکی پەریستان (خاکی پەرییان) نەوەکانی پێشوویان دڵخۆش دەکرد.».

«گیانی نەتەوەیی... شەرمن بووە، لە دۆڵە دوورەکاندا خۆی شاردووەتەوە، یان لە شاخە جننشینەکان، یان قووڵ لە نێو بێدەنگیی ئەو دڵانەی خۆیان دەرناخەن. تەنها بۆ ویستی خۆی دێت و هیوا و خەونەکانی دەبێژێت». (بڕوانە ١: ٣٩ و ٩: ٢٥٥). **~گ.س.**

[75] **فەڕەنسا... بەرهەم هێناوە**: ستێفان مالارمێ (١٨٤٢-١٨٩٨)، هۆنەرێکی فەڕەنسی بوو، ڕابەری بزووتنەوەی هێماگەری بوو، هەروەها داڕێژەری سەرەکیی جوانیناسیی هێماگەری بوو. وەک بەکەسکراوی هەڵوەشانەوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دادەنرا. هەندێک لە کارەکانی ئەمانەن: *قووەکە Le cygne*، *هیرۆدیاد Hérodiade*، *دوانیوەڕۆی فاونێک L'apres-midi d'un faune*. دەستەواژەی «باشترین گوڵی خراپە» لە ڕاستیدا پەسنێکی جۆرج بێستە بۆ مالارمێ. **~گ.س.**

دەستەواژەی «گوڵی خراپە» لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ هێماگەرێکی پێشووتری فەڕەنسا، کە ئەویش شارل بۆدلێر (١٨٢١-١٨٦٧)ی هۆنەرە، کە دیوانێکی بە ناونیشانی *Les Fleurs du mal* (١٨٥٧) نووسیوە {بۆ کوردیش} بە *گوڵی خراپە* وەرگێڕراوە. **~س.ت.م.٢**

[76] **بە دڵ هەژارن**: {لە وەرگێڕانی کوردیی *کتێبی پیرۆز*دا نووسراوە: «بە ڕۆح هەژارن»} دووان لە بەختیارییەکەی عیسامان بە بیر دەهێنێتەوە لە وتاری سەر چیاکەدا: «خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە بە ڕۆح هەژارن، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە» و «خۆزگە دەخوازرێت بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن». (مەتا ٥: ٣، ٨). **~گ.س.**

[77] **ژیانی فایاکییەکانی هۆمیرۆس**: فایاکییەکان (سخێرییەکان) ئەوانەن کە ئۆدیسێفس، دوای ئەوەی دوورگەکەی کالیپسۆ بە جێ دەهێڵێت، لەسەر دوورگەکەی ئەمان کەنار دەگرێت، وا باس دەکرێت کە بە ئاشتی و یەکسانی و دەوڵەمەندی و دڵخۆشی دەژین و ئاهەنگ دەگێڕن و موزیک دەژەنن و سەما دەکەن. فایاکییەکان گوێ لە سەربردە و چەرمەسەری و وێڵبوونەکانی ئۆدیسێفس دەگرن و ئێجگار زۆر لەگەڵیدا بەخشندەن، لە ڕاستیدا جێگرەوەی هەموو ئەو دەستکەوتانەی پێ دەدەنەوە کە ئۆدیسێفس لە ترۆیاوە هێنابوونیەوە و لە دەستی چووبوون. دواتریش دژ بە ویستی پۆسیدۆن و بێ ئەوەی ئەو لێیان سەخت بکات ئۆدیسێفس بە سەلامەتی دەگەیەننەوە ئیتاکی. ئەم بەخشندەییەی فایاکییەکان بە شێوەیەکی تەوساوی دەبێتە هۆی شکانیان، چون پۆسیدۆن سزایان دەدات لەسەر ئەوەی ئۆدیسێفسیان حەوانووەتەوە و یارمەتییان داوە، شێوەی ژیانیان زۆر بە سەختی تێکدەچێت. **~گ.س.**

[78] **ستیفن مەککێنا**: (١٨٧٢-١٩٥٤) ڕۆژنامەنووس و زمانناس و خوێندکاری فەلسەفەیەکی ئایر بوو، بە لێهاتوویی گفتوگۆکانی و وەرگێڕانە وردەکەی بۆ کارەکانی پلۆتینوس ناسرابوو. **~گ.س.**

ستیفن مەککێنا لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٨٧٢ لە لیڤەرپووڵ لە دایک بووە، دایکوباوکی ئایر بوون، باوکی ناوی کاپتن مەککێنا و دایکی ناوی ئەلیزابێث ماری (پێش شوو: *دین*) بووە. لە کۆلێجی ڕاتکلیف خوێندوویە، کە قوتابخانەیەکی گەڕۆکی لێستەشییە بووە. یەکەم کاری لە بانکدا بووە و کارمەندی بانک بووە لە دەبلن، پاشان لە لەندەن چووەتە کاری ڕۆژنامەگەرییەوە. لە بریکستن ژیاوە و چووەتە نێو کۆمەڵەی وێژەوانانی ئایری و دواتریش بۆ نێو گەنجانی ئایرلاند، کە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بوو. لە کۆتایی ١٨٩٠کاندا چووە بۆ پاریس و ژیانێکی هەژارانە و بۆهیمییانە ژیاوە، لەوێ مۆد گۆن و جۆن ئۆلیری و جەی ئێم سینگ-ی ناسیوە، کە سینگ بووە بە هاوڕێی هەرە نزیکی. لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا لە جەنگی گریکی و عوسمانیی ساڵی ١٨٩٧دا لەگەڵ گریکییەکاندا لە دژی عوسمانییەکان جەنگاوە، ئەمەش جۆشی ئەوینی قووڵی ئەوی بۆ وێژەی گریکی دووبارە گەشاندووەتەوە. دواتریش بووە بە پەیامنێری ئەوروپای *نیو یۆرک وۆرڵد* و دەنگوباسی جەنگی ڕوسیا و یاپانی ١٩٠٤ و ١٩٠٥ی گواستووەتەوە و لەگەڵ تۆلستۆیدا دیمانەی ساز کردووە. دوای مشتومڕێکی لەگەڵ جۆزێف پولیتزەری خاوەنی ڕۆژنامەکە، ساڵی ١٩٠٧ دەستی لە کار کێشاوەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ دەبلن و بووە بە نووسەرێکی پێشەنگی *فریمانس جۆرنەڵ* و داکۆکیی لە زمانی ئایری کردووە. لەم کاتانەدا دەستی کردووە بە وەرگێڕانی *ئێنیادێس*-ی پلۆتینۆس. هاوڕێ نزیکەکانی مەککێنا هەندێک بوون لە گرنگترین کەسێتییەکانی بووژانەوەی وێژە، کە ئێواران بانگهێشتی کردوون بۆ ماڵی خۆی لە ٥ی سیڤیو تێرەس لە دانیبرووک. پەدرایک کۆلوم دەڵێت لەم سەردەمەدا هاوڕێی داهێنەر لە دەبلن بە ئاسانی دەست دەکەوتن. مەککێنا جارێک بە خۆی وتووە: «من کوڕی قەڵەم {و نووسین} نیم»، بەڵکو وەک گفتوگۆکەرێکی باش دانراوە. دوای مەرگی ماری-ی ژنی لە تەمموزی ١٩٢٣ و دوای نائومێدبوونی لە پەیمانی ئینگلی-ئایری {بۆ بڕانەوەی جەنگی سەربەخۆیی ئایرلاند و دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی سەربەخۆی ئایرلاند}، کۆچی کردووە بۆ لەندەن. بەردەوامیش کاری لە وەرگێڕانی *ئێنیادێس*ی پلۆتینۆسدا (١٩١٧-١٩٣٠) کردووە، کە بە یەکێک لە باشترین وەرگێڕانە ئینگلیییەکانی کارێکی کلاسیکیی گریکی دادەنرێت. لە ٨ی ئاداری ١٩٣٤ لە نەخۆشخانەی گرۆڤلاندس لە ساوتگەیت لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. **~ڤ.ئ.**

[79] **ئەوەی دەربارەی هاملێت**: *هاملێت و فۆرتینبراس* لە نووسینی مالارمێ، *سەرجەم بەرهەمەکانی مالارمێ* (پاریس، ١٩٤٥) لا. ١٥٥٨. سەرەتا ئەم پەخشانە هۆنراوەییە لە نامەیەکدا لە ١٥ی تەممووزی ١٨٩٦ لە *لا رێڤیو بلانش* بڵاو کرایەوە. **~گ.س.**

[80] **ئیل... لوی-مێم**: فەرەنسییە، بە واتای: «بە ئەسپایی دەڕوات و لە نێو پەڕتووکەکەی خۆیدا [دەخوێنێتەوە]» ئەمە پەخشانە هۆنراوەییەکەی مالارمێیە کە دەڵێت: «بە ئەسپایی دەڕوات و لە نێو پەڕتووکەکەی خۆیدا هێمایەکی بەرز و بەگوڕ دەخوێنێتەوە؛ ئەوانی تر ڕەت دەکاتەوە. پێشی خۆش نییە تەنیایی بیرکەرەوەکەیان لە نێو ئەوانی تردا بکاتە هێما؛ بێباکانە دەیانکوژێت، لانیکەم یەکێک دەمرێت. ئامادەییە ڕەشەکەی گومانکەرەکە ئەم ژەهرە بڵاو دەکاتەوە، کە هەموو کەسێتییەکان دەمرن: بێ ئەوەی هەر بیریش لەوە بکاتەوە لە پشت پەردەوە بیانکوژێت. ئینجا فۆرتینبراس لە ڕۆڵی سوپاسالاری یەکەمدا دەبینین کە بێگومان بە ئەنقەست لە بەرانبەر دڕدۆنگەکەدا {هاملێت} دانراوە، بەڵام بە هێندەی ئەو لە کوشتندا کارا نییە؛ ئەگەر مەرگیش کەرەستە فرەکارەکەی بە گەڕ بخات – وەک شووشەی ژەهر، ئەستێلی شلێر، یان شیر – کە کەسێکی ئاوارتە بەرگە تۆخەکەی ئەو نمایش دەکات کە هاوردەی کۆتاییەکەیەتی، واتە ئەو کاتەی تەماشاڤانەکە دێتەوە هۆش خۆی، ئەم زیادەڕەوییە مەند و بەدەبدەبەیەی کوشتن (کە بیرۆکەکەی وەک وانەیەک لە دەوری ئەو کەسەدا دەمێنێتەوە کە خۆی تەنیا دەکات) بە ئامرازێکی وێرانکەر بە نێو ڕەوتی سوپایەکدا بە شێوەیەکی ڕەشۆکییانە لێشاو دەهێنێت و زۆر بە ئاسایی لە نێو دەنگی ترومپێت و درەمسدا سەکۆی شانۆکە پاک دەکاتەوە» (*بژاردەیەک لە پەخشانە هۆنراوەییەکان و وتار و نامەکان*، وەرگێڕان و دەستکاریی برادفۆرد کووک [باڵتیمۆر، ١٩٥٦]). **~گ.س.**

[81] **هاملێت ئو لو دیستخێ**: فەرەنسییە، واتە: «هاملێت یان پەرێشانەکە». مالارمێ لە پەخشانە هۆنراوەییەکەیدا وەک ناونیشانی بەرهەمێکی ناوچەیی هاملێت ناوی ئەمە دەهێنێت؛ بەڵام «لو دیستخێ» (١٦٩٧) ناونیشانی کۆمیدیایەکی ژان فرانسوا ڕێنارد (١٦٥٥-١٧٠٩)ە، کە سەرکەوتووترین لاساییکەرەوەی مۆلیێر بوو. لەم شانۆنامەیەدا لیاندرە، کە پەرێشانەکەیە، کە سەرەتا لە دیمەنی سێیەمی پەردەی دووەمدا دەردەکەوێت، خزمەتکارەکەی دەڵێت: «خەون دەبینێت و لەگەڵ خۆیدا دەدوێت؛ نامبینێت» و لە دەرهێنانە شانۆییەکەشدا نووسراوە «بەسەر سەکۆکەدا دەگەڕێت وەک ئەوەی لە دۆخێکی خەواڵوویدا بێت». لیاندرە لە گرێچنەی ئەوینە نیمچەڕێلێگیراو و ئاڵۆسکاوەکەی ڕێناردا

«له هەموو پیاوێکی جیهان زیاتر شتی له بیر دەچێتەوە»؛ له کۆتایی شانۆنامەکەدا ئەوەشی له بیر دەچێتەوە که بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بووە و ئەو هاوسەرگیرییەی به دەست هێناوە که ئێجگار زۆر بۆی پەرۆش بوو. ئەم بەراوردە جەفەنگییە بە بیرچوونەوەی ئامانجە تراژیدییەکەی هاملێت ڕوونه. **~گ.س.**

[82] **پیێس دو شێکسپێغ**: فەرەنسییە، واتە «شانۆیەکی شێکسپیر»؛ بەڵام لەبەر ئەوەی «دو» بە واتای «هی»ش دێت، ئەوا دەبێتە ڕەگەزدۆزییەک بۆ ئاوەزی ئینگلی: «پارچەیەکی شێکسپیر». **~گ.س.**

[83] **سواڵکەرە بیرڕۆیشتووەکە**: هۆنراوەیەکی پروپاگەندەیە له نووسینی ڕودیارد کیپلینگ (١٨٦٥-١٩٣٦). ئارثەر سولیڤان کردوویە بە گۆرانی. گۆرانییەکە بۆ ئەوە بووە «خۆشی بۆ سوپای سەنگەرەکانی پێشەوە دابین بکات» له کاتی جەنگی بەوەردا. «ئەرک نەبێت شڵنگێک دەخەیتە نێو تەپڵەکەمەوە/ بۆ جوامێرێکی بەرگ خاکی له یەکەی باشوور؟» بە گوێرەی کیپلینگ «سواڵکەرە بیرڕۆیشتووەکە نزیکەی چارەکە ملیۆنێک پاوەنی کۆ کردەوە» له ماوەی جەنگەکەدا. بەرپەرچەکەی ستیفن له هەست و سۆزی ئایرییەوە هاتووە، که زۆر بە تیژی دژی ڕەفتارەکانی ئینگلەکان بوون له جەنگی بەوەرەکاندا. **~گ.س.**

[84] **ئەم... کوشتن**: له *هاملێت و فۆرتینبراس*ی مالارمێوە هاتووە (بڕوانە ٩: ٧٩). **~گ.س.**

[85] **ڕۆبێرت... بکوژی گیان**: ڕۆبێرت گرین (بە نزیکی ١٥٥٨-١٥٩٢)، ڕۆماننووس و شانۆنووس و نامیلکەنووسێکی سەردەمی ئەلیزابێث بووە. ئەو نامیلکەیەی ستیفن ئاماژەی پێ دەدات *مێشکێکی گرۆتبایی که بە ملیۆنێک پاشگەزبوونەوە کڕاوە* (١٥٩٢)یە، که گرین بە ئالۆشی دەڵێت «بکوژی گیان» نەک بە شێکسپیر. بەڵام ئەم نامیلکەیە نامەیەکی تێدایە بۆ سێ برای دراماتیست که گرین تیایدا گاڵتە بە شێکسپیر دەکات و دەڵێت: «بەڵێ، متمانەیان پێ مەکەن، چون وا قەلەباچکەیەکی هەڵتۆقیو پەیدا بووە، که بە پەڕەکانی ئێمە جوان کراوە، که بە دڵی پڵنگی پێچراو له کەوڵی یاریکەرێکەوە پێی وایە هەر ئاوهاش دەتوانێت بە دێڕی بێسەروا وەک باشترینی ئێوە خۆی هەڵبکێشێت: جا بەوەیشی که تەواو *یۆهانی گشتکەر*-ە، بە فیزی خۆی وا دەزانێت تاکە شانۆلەرێنێکە له وڵاتەکەدا». **~گ.س.** ئەو وشەیەی بە «شانۆلەرێن» وەرمگێڕاوە له دەقە ماکەکەدا ڕەگەزدۆزییەکی ناتەواوە لەسەر ناوی شێکسپیر: شەیکسپر – شەیک-سین Shake-scene. وشەیەکی لێکدراوی نووسەری ئەو نامیلکەیەیە که دراوەتە پاڵ ڕۆبێرت گرین. که له نووسراوەکەیشیدا دەڵێت:

«بە دڵی پڵنگی پێچراو لە کەوڵی یاریکەرێکەوە»، ئەمەی لە دێڕێکی شانۆنامەی *سێیەم هێنریی شەشەم*ەوە هێناوە (١: ٤) کە دەڵێت: «ئەی دڵی پڵنگ کە لە نێو کەوڵی ژندا پێچراویتەوە»، بەڵام گرین «ژن»ی گۆڕیوە بە «یاریکەر» بە واتای ئەکتەر، لەبەر ئەوەی شێکسپیر خۆی ئەکتەر بووە. یۆهانی گشتکەر لە Johannes fac totumی لاتینییەوە هاتووە، بە واتای کەسێک کە هەموو شتێک دەکات، ئەمەش پلارێکە لە شێکسپیر کە خۆی هەم شانۆنامەکانی نووسیوە و شانۆگاکە هی خۆی بووە و خۆی بەرهەمی هێناون و خۆیشی تیایاندا ئەکتەر بووە. **~ن.م.**

[86] **کوڕی گۆشتفرۆشێک**: باوکی شێکسپیر، جۆن شێکسپیر (١٦٠١ مردووە)، بە گوێرەی تۆمارە بەردەستەکان وەک خاوەنزەوی و دەستکێشدور و دەستکێشساز (کەسێک کە چەرمی دەستکێش چاک دەکاتەوە) دانراوە. ئەوەی کە گوایە جۆن شێکسپیر گۆشتفرۆش بووە یەکەم جار جۆن ئۆبری (١٦٢٩-١٦٩٧) بڵاوی کردووەتەوە کە ئەنتیکەناسێکی ئینگل بوو. **~گ.س.**

[87] **تەورزینە قوڕقوشمەکەی دەوەشاند**: لە شانۆنامەی *هاملێت*دا هۆرەیشۆ کە باس لە سەهویرەکەی باوکی هاملێتی شازادە دەکات، کە لەسەر سەکۆی قەڵاکە ئێشکیان گرتووە، دەڵێت:

هێندەی تۆ لە خۆت دەچیت.
ئەوە هەمان ئەو زرێیەی بەری بوو
کاتێک لەگەڵ شای نەرویجی چاوچنۆکدا جەنگا؛
ئەو جارەی لە دەمەقاڵێکەدا هێندە پەست بوو
**کە تەورزینە قوڕقوشمەکەی کێشا بەسەر سەهۆڵەکەدا.**

(هاملێت ١: ١، ٦٢-٦٣ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

ئەو دێڕەی بە تۆخ نووسیومە لە دەقەکەی شێکسپیردا بە سێ جۆر هەیە، لەو دوو چاپەدا کە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا بڵاو کراونەتەوە بەم شێوەیە نووسراوە:

He smot the <u>sleaded pollax</u> on the ice.

بەڵام دوای مەرگی خۆی بەم دوو جۆرەی تریش نووسراوە:

He <u>smote</u> the <u>sledded Polacks</u> on the ice.
He smot the <u>sledded Pollax</u> on the ice.

بە گوێرەی وشەکانیش واتای جیاواز دەدەن و چەندین کەس، لەوانە میڵتن، پۆپ، بەیلی، ئانۆن، هانمەر، ئیرلبی، ڕۆچستەر و زۆر ڕاڤەکاری تری *هاملێت* تێبینییان لەسەر وشەکانی «smote» و «sledded» و «Polacks» داوە و بە واتای جۆراوجۆر لێکیان داوەتەوە. فیلیپ وێلەر بەم جۆرە ڕاڤەی ئەم گۆڕانکارییەی هاملێت دەکات:

> ئەم دەقەی ئێرەی *هاملێت* مشتومڕی هەڵگرتووە، چونکە لە سەردەمی ژیانی شێکسپیردا دوو چاپی *هاملێت* بڵاو کراوەتەوە، کە لە هەردووکیاندا نووسراوە «sleaded pollax»، کە واتایەکی ڕێکوپێک نادات. بەڵام لە یەکەم چاپی بەرهەمە کۆکراوەکانی شێکسپیردا، کە لە دوای مردنی خۆی بە دەستی دوو لە ئەکتەرە هاوپیشەکانی خۆی بڵاو کرایەوە، نووسراوە «sledded pollax»، ئێدموند مالۆن (١٧٤١-١٨١٢)، کە ئیدیتەرێکی بەناوبانگی دەقەکانی شێکسپیرە، دەستکاریی «pollax»ی کردووە و کردوویە بە «Polacks». ئەگەرچی پاشا هاملێت لەگەڵ شای نەرویجدا لە جەنگدا بووە، نەک لەگەڵ پۆڵاندییەکاندا، بۆیە هەندێک لە ئیدیتەرەکانی شێکسپیر دەقەکەیان گۆڕیوە و کردوویانە بە «leaded pole-ax».

لەو کاتەدا وەرگێڕانەکە دەبێت بەم شێوانەی لێ دێت:

1. تەورزینە قورقوشمەکەی کێشا بەسەر بەفرەکەدا.
2. لە پۆڵییەکانی دا کە بە گالیسکە بەسەر بەفردا دەڕۆن.
3. بە تەورزینەکەی لە پیاوی ناو گالیسکەی سەر بەفرەکەی دا.

وەرگێڕانە کوردییە جۆراوجۆرەکان (جگە لەوەی من و کاک ڕێبوار قارەمانی) بۆ ئەو چەند دێڕە بەم جۆرەیە: دکتۆر ئازاد حەمەشەریف وەها وەریگێڕاوە:

> هێندەی تۆ بە خۆت دەچیت وا بوو،
> هەمان ئەو زرێیەشی لە بەردا بوو
> کە لەگەڵ شای چاوچنۆکی نەرویج پێیەوە جەنگا،
> جارێکیشیان وا ڕوو گرژ بوو، کاتێ لە گفتوگۆکردنە توندەکەیدا
> **بڕیاری لێدانی پۆڵەندییە خلیسکاوەکانی سەر بەفری دا.**

ڕەئوف موفتیزادە وەها وەریگێڕاوە:

هەروەها کە تۆ لە خۆت دەکەی. ئەو کاتەش لە دژی پاشای ملهوڕی نورویژ بەشەڕ هات، هەر ئەو جلوبەرگەی لەبەربوو. هەروەهاش گرژ، جارێکیان – لە پاش وتووێژێکی توند – **سورتمە سوارەکانی پۆلاندی بەسەر سەهۆڵەکاندا تێکشکاند.**

دکتۆر سەڵاح بابان وەها وەریگێڕاوە:

هەندەی تۆ، لە خۆت دەچیت. ئەو زرێیەشی لەبەرکردبوو، کاتی جەنگینی لەگەڵ ئەو "شا"یە بەرزخوازەی نەرویج. بەو جۆرەش برۆ و دوو چاوەکانی جارێکیان گرژ کرد، لە کاتی وتەی گەرم و تووڕەیی، کە **هەڵی کوتایە سەر پۆلۆنییەکان، ئا ئەوانەی کە گالیسکەکانیان، بەسەر سەهۆڵدا هەڵدەخلیسکان.**

زیاتر لە پەنجا ڕای پسپۆڕانە لەسەر ئەم دێڕە هەیە و من لێرەدا کۆتایی پێ دەهێنم و بۆ توێژەرانی شێکسپیری بە جێ دەهێڵم. **~ن.م.**

[88] **نۆ ژیان... دێت**: ئەوەی شانۆنامەکە هەشت کەسن کە دەکوژرێن: پۆڵۆنیۆس، ئۆفیلیا، ڕۆزێنکرانتز، گیڵدنستێرن، گێرتروود، لایەرتیس، کلاودیۆس، هاملێت. کە دەڵێت «نۆ» ڕەنگە لەو زیادەڕەوییە ڕەوانبێژییانەوە بێت کە لە پەندێکدا هەیە و دەڵێت: «پشیلە نۆ ژیانی هەیە» {کە بەرانبەر پشیلەی نۆ گیان/ڕۆحی کوردی دەوەستێتەوە} و ڕەنگە پێشبینییەکی ئەوە بێت کە کوڕەکەی خودی شێکسپیر، کە ناوی هامنێت بووە، ئەویش لەم دۆزەدا مردووە. **~گ.س.**

[89] **ئەی باوکمان لە بەرزەک**: زایەڵەی دەستەواژەی سەرەتای نزاکەی عیسایە کە دەڵێت: «ئەی باوکمان لە ئاسمان با ناوت پیرۆز بێت» (مەتا، ٦: ٩)، هەروەها تیلنیشان بە وتەی سەهویرەکە دەدات بۆ هاملێت کە باس لەوە دەکات کە ئەو ئێستا لە بەرزەکە و دەڵێت:

لە چارەم نووسراوە ماوەیەک شەوان هاتوچۆ بکەم،
بە ڕۆژیش لە نێو ئاگردا بۆ کەفارەت ببەسترێمەوە
تا ئەو تاوانانەی لە ڕۆژانی سرووشتمدا ئەنجام دراون
دەسووتێن و پاک دەبنەوە.

(هاملێت ١: ٥، ١٠-١٣ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[90] **هاملێتە... سڵ ناکەنەوە**: هاوپۆشی خاکی لە ١٨٤٠ەکاندا هێنرایە نێو سوپای بەریتانییەوە و لە کاتی جەنگی بەوەردا بە تازەگەرییەکی ناپاڵەوانانە دادەنرا. ساڵی ١٩٠٠ ببوو بە هاوپۆشی فەرمیی سەربازی نێو جەنگ، چونکە لە چاو چاکەت سوورەکەدا زۆر

سەرنجنەبەر بوو کە بە بەنی سپیی گوش ڕێڕێ دەکرا. دروشمی «سڵ لە تەقاندن نەکەیتەوە» ١٨٨٠کان ببوو بە نەرەیەکی توورەیی ئایری لە وارگێڕیی زۆرەملێی ئینگلی. بە گوێرەی مێژووی چیرۆکییانەی ئایری، یەکەم جار سەرهەنگێک «پاشا» بە ناوی پلەنکێت لە کاتی پشێوییەکی ساڵی ١٨٨٧دا ئەم فەرمانەی داوە، کە خۆی بەرپرسی ئۆردوگاکانی پۆلیسی میتچلّستاون بووە لە کاونتیی کۆرک (بڕوانە ١٢: #). هاویشتنی ئەم دەربڕینەی ستیفن لێرەدا واتە جەنگی سەردەم زۆر لە جەنگەکەی هاملێت جیاوازتر نییە. **~گ.س.**

[91] **کوشتارگە خوێناوییەکەی پەردەی پێنجەم:** پەردەی پێنجەمی *هاملێت* بە ناشتنی ئۆفیلیا دەست پێ دەکات و بە کوشتنی توندوتیژانەی گێرتروود و کلاودیۆس و لایەرتیس و هاملێت لەسەر شانۆکە کۆتایی پێ دێت. لە *مەکبێث*دا، مەکبێث سەردانی جادووگەرەکانی پەردەی چوارەم، دیمەنی یەکەم دەکاتەوە و لەوێ تارمایی بانکۆ دەبینێت، کە خۆی کوشتبووی. مەکبێث دەڵێت:

چ دیمەنێکی تۆقێنەرە کە ئێستا دەبینم، ڕاستە،
چون بانکۆی لەخوێنداگەوزاو بزەم بەسەردا دەکات
بۆ ئەوانەی خۆی نیشانە دەکات. [نیشانە بۆ میراتگرەکانی خۆی دەکات].

(مەکبێث ٤: ١، ١٢٢-١٢٤). **~گ.س.**

[92] **ئۆردوگای... سوینبۆرن بێژاویەتی:** «گۆرانییەکە» سۆنێتێکی سوینبۆرنە بە ناونیشانی «لەسەر مەرگی سەردار بێنسن» کە لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٠١دا لە *ساتردەی ڕیڤیو*دا بڵاو کرایەوە، لا. ٥٨٤. بێنسن لە کەمپێکی بەدیلگیراوانی جەنگی بەوەردا مرد.

ئەمڕۆ نۆرثەمبەرلاند شاناز و دڵتەنگە،
دایکمان دەگری و دڵخۆشیشە، کە هیچ کوڕێک
هەرگیز لەم مردووە نەمرە
ناوبانگێکی شکۆمەندتری بۆ نەهێناوە.
لەویش زیاتر گوێ نادەین بەوەی درۆزنان زات دەکەن و دەڵێن کە
ئەرکی پیرۆزی بەزەیی بەسەر تووتکە و دێڵەدایکەکانی دوژمنانی خوێنرێژدا
جێبەجێ نەکراوە، کە کەس جگە لە ئێمە
لێیان نەگەڕاوین و نەترساوین لە برسدا بیانکوژین و بیانبڕین.
تەنیا وەک میلتن و وۆردسوۆرث
کە ئینگلتەرایان دامەزراند و سڵاویان لێی کرد، کاتێک لە هەموو لایەکەوە

ڕقی ترسنۆکانەی خوڵامی ئیرەبەر حەپەیان دەهات،
ئەویش بە شکۆداری ڕادەوەستێت: لە کاتێکدا لە نێو دەنگیاندا ئابڵۆقە دراوە،
هەر درۆیەک کە لە بەوەرە ئەڵمانەکان و کۆیلەکانەوە دێت
وەک پیسایيەک وایە بکەوێتە سەر شەپۆلی پێچاوپێچ.

ئەو ئۆردوگای زۆرەملێیانەی ستیفن سوینبۆرن بە ستایشکردنیان تاوانبار دەکات بەریتانییەکان بە فەرمانی کیتچنەر بۆ هێشتنەوەی شارستانە بەوەرییەکان دایانمەزراندن، کە ژن و منداڵیشیان تێدا بوو. زۆربەی خەڵک ئەم ئۆردوگایانەی پێ ناڕەوا و نامرۆڤانە و بێبەزەییانە بوو و بووە هۆی سەرهەڵدانی مشتومڕی زۆر لە ئینگلتەرا (باسی ئایرلاند هەر مەکە، کە ئیجگار زۆر لایەنگری بەوەرەکان بوون). هۆنراوەکەی سوینبۆرن وەک ڕەواتیدان بە ئۆردوگای زۆرەملێکان دادەنرا. دوو نامەنووس لە *ساتردەی ڕیڤیوی* ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٠١دا بە خێرایی هێرشیان کردە سەر سوینبۆرن. یەکێک لە نامەنووسەکان پێی وتبوو «بیرکردنەوەی تێدا نییە» و «زیادەڕەوی دەکات»؛ ئەوی تریان نووسیبووی: «هیچ پێویست نییە بە ژن و منداڵ بوترێت 'تووتکە و دێڵەدایکەکانی'» سوینبۆرن بە گێڕانەوەی چیرۆکی هەندێک کاری ناڕەوای بەوەرییەکان وەڵامی دانەوە، کە وتبووی «بەکۆیلەکەری ڕاستینە»ن (بە دەربڕینێکی تر، زۆر ئاسایی بووە بۆ بەریتانییەکان کە بەوەرەکان دادگایی بکەن و بیانخەنە نێو ئۆردوگای زۆرەملێوە، چونکە بەوەرەکان دیلە بەریتانییەکانیان کوشتبوو). **~گ.س.**

[93] **کرانلی... جەنگە**: (بڕوانە ١: ٦١). کرانلییەکەی مێژوو «لە دوورەوە» تەماشای جەنگەکانی گوڵەکانی کردبوو. ئەو جەنگانەی ستیفن لەگەڵ کرانلیدا تەماشای کردوون ڕوون نییە؛ لەوانەیە شەترەنج بووبێتن، یان تۆپی دەست بووبێتن، یان ئەسپسواری بووبێتن، یان جەنگی بەوەر بووبێتن. **~گ.س.**

[94] **تووتکە و... نەگەڕاوین**: لە هۆنراوە مشتومڕهەڵگرەکەی سوینبۆرنەوە هاتووە، (بڕوانە ٩: ٩٢). **~گ.س.**

[95] **بزەی ساکسۆنی و قیژەی یانکی**: بۆ «بزەی ساکسۆنی» (بڕوانە ١: ٢٣٦). «قیژەی یانکی» لە *گۆرانیی خۆم*ی واڵت وایتمانەوە هێنراوە، بەشی ٥٢، دێڕی ٢-٣:
منیش هیچ ماڵی نەکراوم، وەرناگێڕرێم،
قیژە کێوییەکەم بەسەر میچی جیهاندا دەقیژێنم».
وشەکە بە واتای نەڕە، یان هاوار یان قیژە دێت. **~گ.س.**

[96] **ئاو و گورگ**: دەقە ماکەکە دەڵێت «شەیتان و دەریای قووڵ» کە بە گوێرەی ڕاڤەی گیفرد ئەمە واتاکەیەتی: «ئەمە هاوتەریبێکی پەندییە بۆ سکیلا و کاریڤدیس (ئەم دەربڕینە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی شازدەیەم)». لە کوردیدا پەندێکمان هەیە دەڵێت: «ئەملا دەکەم ئاو دەمبا، ئەولا دەکەم گورگ دەمخوات» واتە کەسێک کەوتووەتە نێو دوو بەرداشەوە. بۆیە بە شیاوم زانی ئاماژە بێت بۆ پەندە کوردییەکە. **~ن.م.**

[97] **وەک کوڕە... بهێنێت**: لە *پەڕە لەپاشجێماوەکانی یانەی پیکویک* (١٨٣٦-١٨٣٧)ی چارلز دیکنزدا، خزمەتکارەکەی میستەر واردڵ، کە ناوی جۆ قەڵەوە، هەمیشە دەنوێت «ئەی هاوار، ئەو کوڕە دیسان نوستەوە». بەڵام لە بەشی هەشتەمدا تا ڕادەیەک هێندە بێدارە کە دیمەنێکی خۆشەویستیی نێوان خاتوو واردڵ و یەکێک لە پیکویکییەکان ببینێت. ئەم چیرۆکە بۆ دایکی خاتوو واردڵ دەگێڕێتەوە و یەکەم وتە کە پێی دەڵێت دەڵێت: «دەمەوێت موچڕک بە سەرتاپای لەشتدا بهێنم». **~گ.س.**

[98] **گوێ... بگرە**: سەهویری باوک بە هاملێت دەڵێت:

**سەهویر**: گوێ بگرە، گوێ بگرە، هۆ، گوێ بگرە! ئەگەر هەرگیز باوکی بەوەجت خۆش ویستووە.

**هاملێت**: ئای، خوایە!

**سەهویر**: تۆڵەی تاوان و کوشتنە ناسرووشتییەکەی بکەوە.

(هاملێت ١: ٥، ٢٢-٢٦ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[99] **سەهویر... هەستپێنەکراویی**: پێناسەیەکی ناویی سەهویرە (بڕوانە ٩: ٥٧). **~گ.س.**

[100] **لەندەنی... پاکیزەوە دوورە**: ستراتفۆرد-ئۆن-ئاڤۆن حەفتا و پێنج میل لە باکووری خۆرئاوای لەندەنەوە دوورە، زێدی لەدایکبوونی شێکسپیرە (نیسان ١٥٦٤)، ساڵی ١٥٨٢ لەوێ ئان هاثەوەی-ی خواستووە، دەوروبەری ساڵی ١٥٨٥ بە جێی هێشتووە و چووە بۆ لەندەن و دەوروبەری ساڵی ١٦١٢ گەڕاوەتەوە. واتا وشەییەکەی ئەو دەقە ئەوەیە کە لە سەردەمی ئەلیزابێثدا چوون بۆ لەندەن لە ستراتفۆردەوە بە هێندەی چون لە دەبلنەوە بۆ پاریسی سەرەتای سەدەی بیستەمی پێ چووە. **~گ.س.**

[101] **لیمبۆ پاتروم**: دەستەواژەیەکی بازاڕیی سەردەمی ئەلیزابێثە بە واتای بەستنەوە، یان بەندیخانە، هەر وەک لە شانۆنامەی *هێنریی هەشتەم*یشدا (٥: ٤، ٦٧-٦٨) هاتووە. *لیمبوس پاتروم* لە یەزدانناسیی کاسۆلیکی ڕۆمیدا دۆخێک بووە کە گیانی پێش بابەگەورەکانی پێش

مەسیحێتی و پێغەمبەرەکانی *پەیمانی کۆن* تیایدا تا دوای هەڵستانەوە هێڵراونەتەوە، کە مەسیح «دادەبەزێت بۆ دۆزەخ» هەموویان دەهێنێت بۆ بەهەشت. **~گ.س.**

[102] **هەر لەم... حوزەیراندا:** سەرچاوەکەی ستیفن براندێس-ە: «کاتی سەرەتا ڕێک کاتژمێر ٤ بوو» (لا. ١٠١). «دوانیوەڕۆیە، کەمێک پێش کاتژمێر ٣. هەموو بەلەمی وێرییەکان بەسەر ڕووباری تەیمزدا دەڕۆن، بە نێو قوو و بەلەمی تردا دەڕۆن تا گەشتیارەکانیان لەسەر کەناری باشووری ڕووبارەکە دابگرن» (لا. ٣٠٢). **~گ.س.**

[103] **ئاڵای... هەڵکراوە:** «ڕۆژانی نمایش لەم شانۆگایانەدا بە هەڵکردنی ئاڵایەک لەسەر میچەکە بانگەشەی بۆ دەکرا» (براندێس، لا. ١٠١)؛ «چونکە ئاڵای شەکاوەی سەر شانۆگای گڵەوب بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمڕۆ شانۆی تێدایە» (لا. ٣٠٢). «کەناری باشوور» کەناری باشووری ڕووباری تەیمزە لە ساوثوارک لە نێوان بلاکفرایەرس و پردەکانی واتەرلوو، بەرانبەر شاری لەندەن. **~گ.س.**

[104] **ساکەرسنی... پاریس:** «باخچەی ورچەکان نزیک شانۆگای گڵەوب بوو، پێش ئەوەی ببینرێت بۆگەنەکەی بە لووت دەگەیشت. ساکەرسن، کە ورچە بەناوبانگەکەی ئەوێ بوو و لە *ژنە شادەکانی ویندسۆر*دا (١: ١، ٣٠٦) ناوی هاتووە، ئێستاش و ئەوساش زنجیرەکەی خۆی پساندووە و قیژەی لە خانمانی سەردانکەری شانۆگاکە هەڵستاندووە» (براندێس، لا. ٣٠٢). *باخچەی پاریس*: ئەو باخی ورچەی سەر کەنارەکە بوو، لە سەدەی شازدە تا سەدەی هەژدە جێی تووڕەکردنی ورچ و گا و شەڕی گرەولەسەرکراو بووە. **~گ.س.**

[105] **بایەوانهەڵگەڕ:** واتە دەریاوان، لە *پێریکلیس*ی شێکسپیرەوە هێنراوە، کە مارینا دەڵێت:

کە لە دایک بووم
هەرگیز شەپۆل و ڕەشەبای هێندە توند نەبوو،
بایەوانهەڵگەڕێکی نێو چاودێرگەکەی
شوشتەوە.

(پێریکلیس ٤: ١، ٥٩-٦٢). **~گ.س.**

**بایەوانهەڵگەڕ:** بە ئینگلی *canvas-climber*: شێکسپیر لە دوو وشەی *climb* بە واتای *هەڵگەڕان* و *canvas* بە واتای قوماشی گوش وشەکەی لێکداوە. *کانڤاس*ی بە واتای دەریایی بە کار هێناوە، کە بە واتای بایەوان، چارۆکە، بادەوەی کەشتی و بەلەم دێت. کەواتە *بایەوانهەڵگەڕ* واتە ئەو کەسەی کاری کەشتیوانی و دەریاوانی دەکات و بەسەر

بایەواندا هەڵدەگەڕێت بۆ سەرەوەی کۆڵەکەکان، کە لەوێ چاودێرگەیەکی لێیە. خۆم لە ژێر لێکدانەکەی شێکسپیردا وشەی «بایەوانهەڵگەڕ»م دارشت.
کانڤاس لە ئینگلیدا زیاد لە واتایەکی هەیە: ١. جۆرێک قوماشی ئەستوور و بەهێز و قورسە، بۆ بایەوان (چارۆکەی بەلەم) و چادر و گونیە بە کار دێت. دەکرێت ئەم قوماشە لە کەتان یان گوش دروست بکرێت، بەڵام ڕیشەی وشەکە پێمان دەڵێت کە لە کۆندا تەنها لە گوش دروست کراوە. ٢. کانڤاس قوماشێکە کاری شێوەکاریی لەسەر دەکرێت، یان لە کەتان، یان لە گوش دروست کراوە و دوای ئامادەکردنی (وا بزانم بە لێدانی گێسۆ) پێی دەوترێت *کانڤاس*. **~ن.م.**

[106] **درەیک**: سێر فڕانسیس درەیک (بە نزیکی ١٥٤٠-١٥٩٦)، یەکەم ئینگل بوو بە دەوری زەویدا بسووڕێتەوە (١٥٧٧-١٥٨٠) و جێگری سوپاسالاری یەکەمی دەریایی بوو و ساڵی ١٥٨٨ ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە شکاندنی گەلەکەشتیی ئیسپانی بە دەستی ئینگەکان. **~گ.س.**

[107] **لە نێو... دەخۆن**: «ڕەمەکی»یەکان ئەو بینەرانە بوون کە لە بەردەم سەکۆکەدا ڕاوەستابوون؛ هاملێت بە نەفرەتیان دەکات و دەڵێت:

زۆربەیان نمایشی لاڵ و فەرتەنە نەبێت
لە هیچی تر ناگەن.

(هاملێت ٣: ٢، ١٢-١٣ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). «هەموویان دەبوو بە پێوە بوەستن – خەڵووزچی و خشتچن و کرێکاری لەنگەرگا و خزمەتکاران و خەڵکی بێکار. فرۆشیار بە نێویاندا دەگەڕا و سۆسج و ساردی و سێو و چەرەسیان پێیان دەفرۆشت. دەیانخوارد و دەیانخواردەوە و دەمەوانەی تەپەدۆریان ڕادەکێشا و جگەرەیان دەکێشا و لەگەڵ یەک شەڕیان دەکرد و هەندێک جاریش کە بێزار بوونایە لەتی خۆراک و شتیان دەگرتە ئەکتەرەکان» (براندێس، لا. ١٠٥). **~گ.س.**

[108] **خوونەریتی ناوچەیی**: ناونیشانی بەشێکە لە پەڕتووکەکەی براندێس (لا. ٣٥٧-٣٦٠). **~گ.س.**

[109] **شێکسپیر ماڵە... دەڕوات**: لە *دۆزینەوەی نوێ دەربارەی شێکسپیر: شێکسپیر وەک مرۆڤ لە نێو مرۆڤانی تردای* چارلز دەبلیو والاسەوە هێنراوە کە لە ژمارە ١٢٠ی *مەنثلی مەگەزین* (١٩١٠) ٤٧٩-٥١٠دا بڵاو کراوەتەوە. ئەم وتارە ئاماژە بە دۆزینەوەی هەندێک بەڵگەنامەی یاسایی دەدات (بێلۆت دژی ماونتجۆی) کە ئاماژە بە شوێنی نیشتەجێبوونی

شێکسپیر دەدات لە لەندەن لە ١٥٩٨-١٦٠٤ لە ١٣ی شەقامی سلڤەر، ماڵی کریستۆفەر ماونتجۆی، کە هیوگەنۆت بووە. واڵاس «خوونەریتی ناوچەیی» دەخاتە نێو گێڕانەوەکەیەوە: «بە ئاماژەدان بۆ نەخشەیەکی لەندەن دەبینیت کە شانۆگای گڵەوب کەوتووەتە بەشی باشووری ڕووباری تەیمزەوە، هەر لە نێوان بانکساید و کۆڵانی مەیدندا، بە نزیکی ڕێک باشووری شەقامی سلڤەرە. دەتوانیت شێکسپیر ببینیت کە لە شەقامی سلڤەرەوە بەرەو شانۆگاکە دەڕوات. هەندێک جار لەسەر ڕێکەی لای هێمینگس و کۆندێڵ لادەدات. ڕێیەکی کورتی دە خولەکی بە دەم گفتوگۆیەکی زیندووەوە بە شەقامی وددا دەڕوات، بەندیخانەی پێشووی شار تێدەپەڕێنێت، کە ناوی «کاونتەر» بوو، بە چیپسایدا دەپەڕێتەوە، کە چیپساید کرۆس نزیک بوو لەوێوە، ئینجا بە شەقامی برێددا دەڕوات و مەیخانەی مێرمەید تێدەپەڕێنێت، کە بەرەو ڕووبارەکە دەیانبات و لەوێ کەڵەکچی دەیانپەڕێنێتەوە» (لا. ٥٠٨). *بێرکمەقوو*: بە واتای وشە واتە «بێرکمی قوو {قەفەزی قوو}». **~گ.س.**

[110] **قووەکەی ئاڤۆن**: ناسناوی شێکسپیرە کە بێن جۆنسن لە یەکەم چاپی کۆبەرهەمەکەی شێکسپیردا (١٦٢٣) لە «بە یادی ویلیەم شێکسپیر»دا لێی ناوە:

قووە جوانەکەی ئاڤۆن! بینینت چەند دیمەنێکی جوان بوو
لە نێو ئاوەکانماندا دەردەکەوتیت،
بەسەر تەیمزدا گەشتت دەکرد،
وەک چۆن ئەلیزا و جەیمزی خۆمان بەسەریدا پەڕیونەتەوە.

(دێڕی ٧١-٧٤). **~گ.س.**

[111] **پێکهێنانی شوێن: ئیگناتیوس لۆیۆلا**: پەڕتووکی *ڕاهێنانە گیانییەکان* (١٥٤٨)ی سانت ئیگناتیوس لۆیۆلا (١٤٩١-١٥٥٦)، «ڕاهێنانی یەکەم» بەشی ٤٧: «یەکەم پێشەکی پێکهێنانە، واتە بینینی شوێن. لێرەدا دەبێت لە ڕامان یان وردبوونەوەدا سەرنج لە شتی بینراو بدرێت، وەک مەسیحی خاوەنشکۆمان کە دەبینرێت، پێکهێنانەکە بۆ ئەوەیە بە چاوی خەیاڵ لەشی شوێنەکە ببینین کە ئەو شتە دەدۆزرێتەوە کە خوازیارین لێی ڕامێنین. دەڵێم جێی لەشەکی، وەک پەرستگا یان شاخ، کە لەوێ عیسای مەسیح یان مریەمی پاکیزەی لێ بدۆزرێتەوە، بە گوێرەی ئەوەی دەیخوازم لە ڕامان لە گوناهـ، پێکهێنانەکە بۆ بینینە بە چاوی خەیاڵ، هەروەها بۆ ڕەچاوکردنی ئەوەی گیانم لەم لەشەدا بەند کراوە کە دەگەنێت،

هەروەها هەموو خودی پێکهاتەم لەم دۆڵی نەماهەتییەدا وەک دەربەدەرێک لە نێو درِندە و ئاژەڵدا؛ دەڵێم هەموو خودی خۆم، کە بە لەش و گیان پێکهاتووە». **~گ.س.**
ئەم وەرگێڕانەم بەراورد کرد بە وەرگێڕانێکی تری پەڕتووکەکەی لۆیۆلا و ئەوەی لێی تێگەیشتم ئەوەیە کە لۆیۆلا دەڵێت لە کاتی ڕامان (مێدیتەیشن)دا پێویستە تەنها بە خەیاڵ بیر لە مەسیح نەکەینەوە، بەڵکو شوێنێک لە خەیاڵماندا بونیاد بنێین، وەک پەرستگا یان شاخێک کە لەوێ عیسای مەسیح یان مریەمی پاکیزە بە لەشیش دەدۆزینەوە، نەک تەنها لە خەیاڵدا. **~ن.م.**

[112] **پەلە بکە لە یارمەتیدانم!**: «ئەی خودایە، خێرا بە بۆ دەربازکردنم، ئەی یەزدان، پەلە بکە لە یارمەتیدانم» (زەبوورەکان ٧٠: ١). **~س.ت.م.٢**

[113] **لە ژێر سێبەرەکەوە دێت**: بەشی پشتەوەی شانۆگای سەردەمی ئەلیزابێث بە میچێک یان سەکۆیەک پارێزرابوو کە پێی دەوترا «سێبەر». تەنها ئەکتەرەکانی لە کەشوهەوا نەدەپاراست، بەڵکو لە شانۆگایەکدا کە تەنها بە تیشکی ڕۆژ ڕووناک دەکرایەوە، ئەم جێ تاریکە دەبووە جێیەکی شیاو بۆ هەندێک دیمەنی وەک دەرکەوتنی سەهویرەکە لە *هاملێت*دا (لە دیمەنی ٤ و ٥ی پەردەی یەکەمدا). **~گ.س.**

[114] **زرێپۆشێکی... لە بەردایە**: سەهویرەکە لە زرێپۆشێکی تەواودا دەردەکەوێت، وەک چۆن هۆرەیشۆ (هاملێت ١: ١، ٦٠ و ١: ٢، ٢٢٦-٢٢٩) ئاماژەی پێ دەدات. براندێس (لا. ١٠٤-١٠٥) بەڵگەی ئەوەمان دەداتێ کە ئەوەمان بۆ بخاتە ڕوو کە بەشگەی نوواندنەکە جلەکانی خۆیانیان دەکڕی. وا دیارە ستیفن ئەو نەریتە گوماناوییە دووبارە دەکاتەوە کە گوایە ناوخاسەکان هاوکاریی بەشگەکانیان بەوە دەکرد کە جلوبەرگی پاشایی دەستی دوویان بۆیان دەنارد. **~گ.س.**
ستیفن لە ئەڵقەی سێیەمدا «نیگای لەسەر پووتە سەرپەنجە پانەکانی دۆش داما» (کە هی مەڵیگنە و پێی داوە) و پێی دەڵێت «جلەکۆنەی ئافوورێک». وشەی «ئافوور» بە ئینگلییەکەی *بەک* *buck*ە، کە هەم ناسناوی مەڵیگنە (بەک مەڵیگن)، هەم بە واتای ئافوور دێت، هەم بە واتای تەڕپۆش دێت. لەم جێیەدا گەرچی لە دەقە ماکەکەدا هەمان وشە بە کار هێنراوە، بەڵام مەبەست لێی تەڕپۆشێکی کۆشکە، کە بە گوێرەی ڕاڤەکەی گیفرد وا دیارە ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوخاسەکانی کۆشک جلە گرانبەهاکانی خۆیانیان بۆ شانۆگاکە ناردووە، دوای ئەوەی کۆن بووە. لێرەدا ئەم جلە کۆنە زرێپۆشێکە، کە ئەو ئەکتەرە دەیپۆشێت کە ڕۆڵی سەهویرەکە دەبینێت. **~ن.م.**

[115] **پیاوێکی بەخۆی دەنگگڕ**: چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بەمە دەدەن، وەک لی (لا. ٢٨٦): «ئۆبری دەڵێت شێکسپیر پیاوێکی قۆز و کەتە بووە»؛ هاریس دەڵێت: «شێکسپیر لەوانەیە باڵایەکی مامناوەندیی هەبووبێت، یان کەمێک لە مامناوەندی کەمتر، یان خڕیلە بووە. خۆم هەمیشە وەک کەسێکی وەک سوینبۆرن هاتووەتە بەر چاوم» (لا. ٢٦٨)؛ هەروەها «دەتوانم ببینم کاتێک دەدوێت، بە دەنگێکی تینۆری بەرزی پاراو دەدوێت» (لا. ٣٦٧).
**~گ.س.**

[116] **پاشایەک و ناپاشایەک**: *پاشا و ناپاشایەک*ی فرانسیس بیومۆنت (بە نزیکی ١٥٨٤-١٦١٦) و جۆن فلێتچەر (١٥٧٩-١٦٢٥)، کە تراژیدیا-کۆمیدیایەک بوو. سەرچاوەکەی ستیفن براندێسە (لا. ٥٨٨): «پاشا و ناپاشایەک، ئەو شانۆنامەیەی بە هەموو ئەگەرەکان فیلاستەر تێدەپەڕێنێت، هەمان ئەو باش و خراپانەی تێدایە وەک ئەوەی تر، لێرەشدا شێکسپیر لەوانەیە پاشماوەیەک لە کارەکەی خۆی دۆزیبێتەوە». **~گ.س.**

[117] **ئەکتەرەکەش شێکسپیرە**: بە گوێرەی لی (لا. ٤٤): «ڕەو تەنها یەکێک لە ڕۆڵەکانی شێکسپیری دەستنیشان کردووە کە دەڵێت: 'سەهویرەکە لە نێو هاملێتەکەی خۆیدا'» و ڕەو گریمانەی ئەوەی کردووە کە ئەو کەسێتییە 'لوتکەی ڕۆڵبینینەکەی بووە'». نیکۆلاس ڕەو (١٦٧٤-١٧١٨) هۆنەر و درامانووسێکی ئینگل بوو کە شانۆنامەکانی شێکسپیری ئیدیت کردووە. **~گ.س.**

[118] **بە درێژایی... بێواتا نەبوو**: لە (ژیرمەندی ١١: ١٠)وە هێنراوە کە دەڵێت: «پەستی لە دڵت داماڵە و خراپە لە لەشت دووربخەوە، چونکە نەوجەوانی و گەنجییێتی بێ واتان.».
**~گ.س.**

[119] **بۆربج**: ڕیچارد بۆربج (بە نزیکی ١٥٦٧-١٦١٩)، ئەکتەرێکی ئینگل بوو کە شانۆگای گڵەوبی دروست کرد و بە ڕێوەی دەبرد. وا دیارە ئەکتەری سەرەکی بووبێت و بینەری ڕۆڵی تراژیدیی سەردەمی خۆی بووە؛ وا دیارە ڕۆڵی گەورەی دیوە، نەک تەنها لە شانۆنامەکانی شێکسپیردا، بەڵکو لەوانەی بێن جۆنسن و بیومۆنت و فلێتچەریشدا. سەرچاوەکەی ستیفن لی-یە (لا. ٢٢٢): «بۆربج کەسێتیی سەرەکیی لە تراژیدیاکەی شێکسپیردا [هاملێت]دا دروست کرد و سەرکەوتنەکەشی لەسەر سەکۆی شانۆ وای کرد خێرا دواتر بڵاو بکرێتەوە». **~گ.س.**

[120] **لەوبەر کفنی پەڵەهەورەکەوە**: پەڵەهەورەکە لە *هاملێت*دایە (٢: ٢، ٥٠٦)؛ «کفن»ەکەش جلێک بووە مۆماوی کراوە، بۆ هەتوانکردنی مەرگە ناسراوەکە بە کار هێنراوە. ئاوهاش واتای ئەم ڕستەیە وەها دێت کە بڵێت: «لەوبەری گۆڕەکەیەوە». **~گ.س.**

[121] **هاملێت... باوکتم**: بە هەڵە وتەکەی گواستووەتەوە: دەقەکەی *هاملێت* دەڵێت:

**هاملێت**: چی؟

**سەهویر**: من گیانی باوکتم، لە چارەم نووسراوە ماوەیەک شەوان هاتوچۆ بکەم. (هاملێت ١: ٥: ٨-١٠ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[122] **هامنێت شێکسپیر**: «لە تۆماری ساڵی ١٥٩٦ی کڵێسای قەشەنشینی ستراتفۆرد-ئۆن-ئاڤۆندا، لە ژێر ناونیشانی *نێژراوان*دا، ئەم تۆمارە دەبینین، کە بە دەستخەتێکی ڕوون و جوان نووسراوە: "١١ی ئاب، هامنێت *فیلیوس* ویلیەم شێکسپیر. {واتە هامنێت-ی کوڕی ویلیەم شێکسپیر}". ئەم تاقانە کوڕەی شێکسپیر لە ٢ی شوباتی ١٥٨٥دا لەگەڵ خوشکێکی دووانەدا بە ناوی جودیث لە دایک بووە؛ کەواتە لە تەمەنی یازدە ساڵ و نیودا مردووە. بێگومانین کە ئەم لەدەستدانە بۆ کەسێکی هەستقووڵی وەک شێکسپیر بەژان و جەرگبڕ بووە؛ وا دیارە دوو جاریش جەرگبڕ بووبێت، چون شێکسپیر بەردەوام ویستوویەتی سامانی لەدەستچووی خێزانەکەی بە دەست بهێنێتەوە و ئێستاش میراتگرێکی ناوەکەی بۆ نەمایەوە» (براندێس، لا. ١٤٠). بۆ *قەشەنشین* (بڕوانە ١: ٩٦). **~گ.س.**

[123] **لە پۆشاکی دانیمارکی نێژراودا**: کە سەرەتا سەهویرەکە لە شانۆنامەی *هاملێت*دا دەردەکەوێت، هۆرەیشۆ سەرنەکەوتووانە هەوڵ دەدات پرسیاری لێ بکات بۆ ئەوەی لە ڕەفتارە ناسرووشتییەکەی تێبگات، دەڵێت: «تۆ چیت، کە بەو شێوە شەڕخوازی و جوانەی خاوەنشکۆی نێژراوی دانیمارک هەندێک جار تیایدا دەگەڕا، خۆت دەکەیت بەم ساتەی شەودا؟» (هاملێت ١: ١، ٤٦-٤٩ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). ڕاستە لە دەقە ماکەکەی *هاملێت*دا دەڵێت: «خاوەنشکۆی دانیمارکی نێژراو»، چون لە کۆندا کاتێک وتراوە «دانیمارک» مەبەست هەم لە وڵاتەکە بووە، هەم لە پاشاکەی. چەندین جار لە *هاملێت*دا ڕاستەوخۆ بە ناوی وڵاتەکەوە ناوی پاشاکان دەبرریێت، بۆ نموونە لە دیمەنی سێیەمی پەردەی چوارەمدا دەڵێت: «بیکە ئەی ئینگلتەرا؛ چون وەک سیل لە نێو خوێنمدا تاوی سەندووە، تۆش دەبێت چارەم بکەیت.»، مەبەستی لە پاشای ئینگلتەرایە کە هاملێت بکوژێت، کە ئێستا وەک سیل لە ناو خوێنی پاشا کلاودیۆس-دا تاو دەدات. کەواتە «دانیمارکی نێژراو» واتە پاشای نێژراوی دانیمارک. **~ن.م.**

[124] **دایکت شاژنە تاوانبارەکەیە:** (بڕوانە ٧: ٣٥٠). **~گ.س.**
[125] **ئان... هاڤەوەی بووە:** (١٥٥٦-١٦٢٣). **~گ.س.**
[126] **تۆ لێرەشیت، هاوڕێی باش:** لە شانۆنامەی *هاملێت*دا سەهویرەکە لە ژێر سەکۆکەوە فەرمان دەدات («سوێند بخۆن!») بۆ ئەوەی هۆرەیشۆ و مارسێلۆس لەسەر پاراستنی ئەو نهێنییە سوێند بخۆن کە هاملێت داوایان لێ دەکات. هاملێت کە گوێی لە سەهویرەکە دەبێت دەڵێت: «ئەی، ها، کورە! ئەوە تۆیت وا دەڵێیت؟ تۆ لێرەشیت، هاوڕێی باش؟ وەرن! ئەوە گوێتان لەم هاوڕێیە بوو لە نێو ژێرخانەکەوە. سوێند بخۆن». (هاملێت ١: ٥، ١٥٠-١٥٢ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**
[127] **ڤیلیە دو... دەکەن:** کۆمتێ ژان ماری ماتێ فیلیپ ئۆگوست دو ڤیلیە دو لیلادام (١٨٣٨-١٨٨٩) شانۆنووس و هۆنەرێکی فەرەنسی بوو، لە سەرەتای بزووتنەوەی هێماگەریی فەرەنسیدا بوو. شانۆنامەکانی تێکەڵەیەکن لە ڕۆمانسییێتییەکی بەدەبدەبە و هاوشێوەی کۆن لەگەڵ چیرۆکی فەنتازی و ترسناک. ڕەسڵ گوتەیەک لە *ئاکسێل* دەهێنێتەوە، کە دوا شانۆنامەی ڤییەر دو لیل ئادام بووە و ساڵی ١٨٩٠ دوای مەرگی خۆی بڵاو کراوەتەوە. لە سەرکەوتنی (کلایماکس) شانۆنامەکەدا کاونت ئاکسێل، کە «لە ڕەنگپەڕیویدا خەریکە بگەشێتەوە» و خاوەنی «دەربڕینێکی ڕازاویی بیر»ە، سارا دەبینێت، کە کچێکی جوانی بوێرە و هاتووە بۆ دزینی گەنجینە شاراوەکەی کاونت. هەر لە یەکەم نیگاوە تووشی چەخماخەیەکی پرشنگداری خۆشەویستی دەبن و سارا پێشنیار دەکات ڕەدوو بکەون بۆ جێیەک تا بتوانن ژیانێک بژین کە لەگەڵ جوانیی خۆشەویستییەکەیاندا هاوئاهەنگ بێت. کاونت دەڵێت: «ژیان؟ نەخێر. بوونمان پڕە... سارا، بڕوام پێ بکە کە دەڵێم ئایندەمان شەکەت کردووە. هەموو ڕاستێتییەکان، سبەی چی دەبن لە هەنبەر ئەو سەرابانەی تیایدا ژیاوین؟... داکەفتن {قایلبوون} دوای ئەمە، ژیان دوای ئەمە کفرە بەرانبەر خۆمان. ژیان؟ خزمەتکارەکانمان ئەوە لە بری ئێمە دەکەن.» پیشنیاری خۆکوشتن دەکات، جامێک ژەهر دەخۆنەوە و لە مەرگەئەوینێکی سەرمەستکەردا دەمرن. لە بەستێنەکەدا گونجاوە کە ڕەسڵ ئەم دێڕانە وەک گوتە بهێنێتەوە، چون یەیتس لە پێشنووسی *گوڵە نهێنییەکە* (١٨٩٧)دا بە کاری هێناوە، کە پێشکەشی ڕەسڵی کردووە. **~گ.س.**
ئۆگوست دو ڤیلیە دو لیلادام بە هەژاری لە دایک بووە و چەندین کورتەچیرۆک و هەندێک هۆنراوەی نووسیوە، بەڵام زیاتر وەک نووسەری شانۆنامەی *ئێلێن* (١٨٦٥) و *مۆرگان* (١٨٦٦) و *ڕاپەڕینەکە* (١٨٧٠) ناسراوە. بەناوبانگترین کاریشی *ئاکسێل* (١٨٩٠)ە،

که دواتر ئێدموند ویلْسن ناوەکەی بۆ کارێکی هێماگەرییانەی خۆی بە کار هێنا بە ناونیشانی *قەڵاکەی ئاکسێل* (١٩٣١)، کە لێکۆڵینەوەیەکی وێژەی هێماگەری بوو. چەند نووسەرێکی وەک یەیتس و ڤالێری و ستاین لەم بزووتنەوەیەدا بوون. **~ڤ.یٔ.**

[128] **سیخوڕی... ژووری خۆئامادەکردن**: ئەمە زەم و زەمکاریی ئەکتەران و شانۆنووسانە. {مەبەست لە ژووری خۆئامادەکردنی ئەکتەرە لە پشت، یان ژێر سەکۆی شانۆدا}. **~گ.س.**

[129] **با ئاو... مەکلێر**: لە شانتێکی شانۆنامەی *دییەدرەی* جۆرج ویلیەم ڕەسڵەوە هێنراوە، کە شانۆیەکی سێ پەردەییە. بۆ *شانت* (بڕوانە ٥: ٢٠٥). ساڵی ١٩٠٢ بۆ یەکەم جار شانۆنامەکە نمایش کرا؛ ساڵی ١٩٠٧ لە دەبلن بڵاو کرایەوە. پوختەکەی بەم شێوەیەیە: کچێک ناوی دییەدرە-یە، بێ ڕەزامەندیی پاشاکەی دەبێتە ئەویندارى کوڕێک بە ناوی نەهسی، کە ئەندامی کۆمەڵەیەک شاسوارە بە ناوی *سوارەکانی لقی سوور*. دواتر پاشا سوارەکانی لقی سوور و دییەدرە بانگهێشت دەکات، بەڵام پیلانی تۆڵەی لێیان هەیە. درویدێک (بڕوانە ١: ١٠٨) بە کار دەهێنێت جادوویان لێ بکات و هێزیان لێ ببڕێت، ئەم درویدە ناوی کاهڤاهـ-ە. کە شانۆنامەکە بۆ یەکەم جار نمایش کراوە، ڕەسڵ خۆی ڕۆڵی کاهڤاهی دیوە. لە پەردەی سێیەمدا ئەم جادووە بە شانتێک دەبێژێت. لەم شانتەدا بانگی *فەید فییەو* دەکات بێت و نەفرەت لە سوارەکان بکات. ڕەسڵ دەڵێت کە *فەید فییەو* واتە «دوایین لافاو: کۆتایی سەردەمی پاڵەوانێتی». لەو کاتەدا سوارەکانی نێو ئەم کۆمەڵەیە دەبێت بە قڕەقڕیان و کۆتایی بە هاودۆزییەکەیان دەهێنن، کە وەک مێزە بازنەییەکەی پاشا ئارثەر وایە. درویدەکە لە شانتەکەدا لە مانەنەن مەکلێر دەپاڕێتەوە، کە لە ئوستوورەی ئایریدا خودای زەریایە، دەڵێت:

فەید فییەو بڕژێنە؛<br>
ئەی مانەنەن مەکلێر.<br>
ئەو ڕۆژە بگەڕێنەوە بۆ نێو ڕۆژانی لەبیرچووەوە.<br>
با فەید فییەو-ت بەسەر مێشکە شەڕکەرەکاندا بڕژێت،<br>
ئەی مانەنەن مەکلێر.<br>
با شەپۆلەکانت هەڵبستن،<br>
ئەی مانەنەن مەکلێر.<br>
با زەوی دابڕمێت<br>
لە ژێر پێیاندا،

با شەپۆلەکانت بەسەریاندا لێشاو ببات،

ئەی مانەنەن: خودای زەریا! **~ن.م./گ.س.**

130 **کوڕۆ**: لە بەرانبەر *sirrah*ی ئینگلی دامناوە، کە گیفرد دەڵێت: «لە سەردەمی ئەلیزابێثدا شێوەیەکی باوی بانگکردن بوو بۆ کەسێک کە لە پلەوپایەدا لە خوارترەوە بووبێت و بۆ گاڵتەپێکردن بانگ کرابێت». دەکرێت بە «هەتیو»یش وەربگێڕرێت. **~ن.م.**

131 **نۆبڵ**: خوردەیەکی ئینگلی بوو تا ساڵی ١٤٦١ بە کار دەهات، شەش شڵنگ و هەشت پنس بوو. **~گ.س.**

132 **جۆرجینا جۆنسن**: سۆزانییەکە، نازانرێت داخۆ ڕاستی بووە یان خەیاڵکرد. **~گ.س.**

ڤیڤەن ئیگۆ دەستنیشانی نەکردووە کێیە. **~ن.م.**

133 **ئەگنبایت ئۆف ئینویت**: (بڕوانە ١: ١٥٢). **~گ.س.**

134 **پارەی... داوە**: پەندەکەی میستەر دیسییە کە لە ئەڵقەی دووەمدا دەیڵێت. **~گ.س.**

135 **خەڵکی... باکووری خۆرهەڵات**: جۆرج ویلیەم ڕەسڵ لە لورگن لە کاونتیی ئارما لە دایک بووە، کە دەکەوێتە هەرێمی ئۆڵستەرەوە (هەرێمەکەی باکووری ئایرلاند) (بڕوانە ١: ١٤٥). زۆربەی خەڵکی ئۆڵستەر پڕۆتستانتن، ئەو بەشەی ئایرلاندە کە لایەنگری بەریتانیان، بۆیەش مۆتۆکەی ئەوانیش «پارەی خۆمم داوە»یە. ڕووباری بۆین، کە بە بیست و هەشت میل لە باکووری دەبلنەوە دەڕژێتە نێو دەریای ئایرییەوە، ئەوەندە جێیەکی جوگرافیی گرنگ نەبووە، بەڵکو هێڵێکی مێژوویی جیاکەرەوەی ئۆرەنجییەکانی (پرتەقاڵییەکان) ئۆڵستەر و سەوزەکانی ئایرلاند بوو، لەو کاتەوەی جەنگی بۆین لە ١ی تەمموزی ١٦٩٠دا ڕووی دا، کە تیایدا ویلیەمی سێیەم (ویلیەمی ئۆرەنج) ئایرەکانی لە ژێر دەسەڵاتی پاشا جەیمزی دووەمدا بەزاند، ئاوها حوکمی ئینگلەکانی بەسەر ئایرلانددا درێژ کردەوە. **~گ.س.**

136 **کۆنەهەواڵ، کۆنەهەواڵ**: ئەوەی بە «کۆنەهەواڵ» وەرمگێڕاوە، لە دەقێکی شانۆنامەی *هاملێت*ەوە هاتووەتە نێو *ئولیس*ەوە. لە شانۆنامەکەدا پۆلۆنیۆس هەواڵی هاتنی شانۆکاران بە هاملێت دەدات، کە خۆی دەیزانێت، هاملێتیش دەڵێت: *buz, buz* (بە گوێرەی *کوارتۆی یەکەم* و *کوارتۆی دووەم* ١٦٠٣، ١٦٠٤) یان *buzze, buzze* (بە گوێرەی *فۆلیۆی یەکەم* ١٦٢٣)، یان *buzz, buzz* (بە گوێرەی هەندێک لە چاپە سەردەمییەکانی *هاملێت*، بۆ نموونە چاپەکەی بۆرتن ڕافایێل، [دەزگای چاپی زانۆی یەیڵ، نیو هەیڤن و لەندەن، ٢٠٠٣]). لە *ئولیس*دا بە ڕێنووسی *buzz* هێنراوە. لۆت، کە یەکێکە لە ڕاڤەکارانی

*هاملێت*، ئەمە بە «هەواڵی پێشتر-زانراو» دادەنێت، واتە کۆنەهەواڵ؛ ئێدواردز، کە ڕاڤەکارێکی تری *هاملێت*ە، بە «قسەڵۆک» لێکی داوەتەوە. گیفرد و سایدمانیش هەر بە کۆنەهەواڵ لێکیان داوەتەوە. *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* دەڵێت: «لە چاپە جیاوازەکانی *هاملێت*ی شێکسپیردا وتراوە (لە دوای ساڵی ١٨٠٣وە) کە گوایە دەربڕینێکی باو بووە بۆ بێئۆقرەیی و قێزلێهاتنەوە، کاتێک یەکێک چیرۆکێکی زانراوی گێڕاوەتەوە». **~ن.م.**

[137] **ئینتێلێخی، شێوەی شێوەکان**: **ئینتێلێخی**: *entelechy* وشەیەکی لێکدراوی گریکییە، لە *ئین* (نێو) و *تیلۆس* (تەواوەتی، بێگەردی) و *یخین* (بوون) پێکهاتووە؛ لە زمانی ئینگلیدا زۆر جار بە *ئاکچوالیتی actuality* وەردەگێڕرێت، لە ئەڵقەی دووەمی *ئولیس*یشدا کە ئینگلییەکەی هاتووە بە ڕاوێژی کاک ڕێبوار قارەمانی لەوێدا بە «کامگیرێتی» وەرمگێڕاوە (بڕوانە ٢: ٢١). *فەرهەنگی فەلەسەفەی ئۆکسفۆرد* (سایمن بلاکبورن، چاپی دووەم ١٩٩٦، لا. ١٢١) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «ئینتێلێخی (بە گریکی واتە بێگەردبوون، تەواوبوون، *پێرفێکشن*)، لای ئەریستۆتێلیس بە کەتواربوونی شیاو (ئەگەر)ی شتێکە، یان دۆخی بوونی شتێکە کە کرۆکەکەی بە تەواوی کەتوار بووە و هاتووەتە بوون، کە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە تەنها وەک ئەگەر یان ڕێتێچوو یان شیاو هەیە. دواتر وا مامەڵە لەگەڵ ئینتێلێخی-دا کراوە کە ئەو گیانە شێوەپێدەرەیە کە ژیان بە شتێک دەدات؛ هەندێک جاریش وەک ئەو وزە چالاکەی کە جووڵە لە شتان دەردەکات.». کاک ڕێبوار قارەمانی لێرەدا پێشنیاری «ئاکامدەر»-ی کوردیی کرد، لە بارەیەوە دەڵێت: «بۆ نموونە گیان وەک ئاکامدەرێک دێتە ناو لەشێکەوە (کە هێزەکییە) و ئاکامەکەی خۆی پێ دەدات، واتە دەیکاتە لەشێکی گیاندار. لە ڕاستیدا دەبێت بڵێین: گیان دێتە ناو مادەیەکی هێزەکییەوە و دەیکاتە لەشێکی گیاندار، لە مادەکەدا وەک هێزەکی هێزی وەرگرتنی گیان وەک شێوە یان ئاکامدەر بوونی هەیە. لەبەر ئەوە وا دەڵێم، چونکە ئەم وشەیە لە میراتی هزریی مەسیحیدا وەرگێڕراوە بۆ *ئاکچوالیتی*، تۆ ئەم وشەیە لە پەڕاوێزی وەرگێڕانی کارەکانی ئەریستۆتێلیسدا دەبینیت، کاتێک دەیانەوێت بڵێن ئاکچوالیتی لە بەرامبەر چی دانراوە». **~ن.م.**

ئەریستۆتێلیس وشەی *ئینتێلێخی* (*کامگیر*، یان *بەئامانجگەیشتوو، یان بەئاکامگەیشتوو*: کەتواری تەواوەتی)ی بە دوو شێوە بە کار هێناوە: ١. بە واتای هۆ یان کارایی شێوەپێدەر، لە بەرانبەر بوونی توانستیی ڕووتدا (بڕوانە ٢: ١٦)؛ ٢. پەیوەست بە دیاردەی بوونە ژیانی و زەینییەکانەوە، بە واتای هۆی شێوەبەخش دێت کە کەم و زۆر بە کامگیرییەکی تەواو

وەدی هاتووە، وەک لە ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤدا. کەواتە، *ئینتێلێخی* بەم واتایەی دووەم تەنها بە واتای کامگیری ڕووت نایەت، بەڵکو کامگیرییەکە کە توانای بەرهەمهێنانی کامگیریی تری هەمان جۆری هەبێت. بۆ «شێوەی شێوەکان» (بڕوانە ٢: ٢٦). **~گ.س.**

[138] **من... بەڕۆژوو بووم**: وەک لە کۆتایی پاری دووەم تا سەرەتای پاری چوارەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*. **~گ.س.**

[139] **منداڵێک... ڕزگاری کرد**: {کۆمی ستیفنی لە دارکاری ڕزگار کردووە، ئەمە لە ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*یە. بەڵام ڕستەسازییەکەی بە ئەنقەست وایە، چون ستیفن یەکەم جار بیر لە خۆی دەکاتەوە کە تەنها منداڵێک بووە، بۆیە لە کوردییەکەشدا لەبەر کاریگەرییە دەروونییەکە وا ڕستەسازییەکەم تێکدا} دارکارییەکە بە شێلاقێکی چەرم بووە کە لە ئێسقان بەستراوە؛ قوتابیی قوتابخانەکانی پێ دارکاری دەکران و دەدرا لە لەپی دەستیان. ئەوەی ستیفن بیری لێ دەکاتەوە لە بەشی د-ی پاری یەکەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*یە. **~گ.س.**

[140] **من، من و من. من**: پێشنیاری بەردەوامیی گیانەکەی ئەریستۆتێلیس دەکات («بە یادگە چون لە ژێر گۆڕانی هەمیشەیی شێوەدایە») هەروەها نابەردەوامیی لەش و خانەکانی («ئێستا من منێکی ترم»). **~گ.س.**

[141] **ئەی. ئی، ئای. ئۆ. یو**: لە دەقە ماکەکەدا بەم شێوەیەیە: A.E.I.O.U: کە هەموو پیتەکان ڤاوڵن. I owe you واتە من قەرزاری تۆم، کەواتە: ئەی جۆرج ڕەسڵ، من قەرزاری تۆم. **~ن.م.**

ئەم پێنج ڤاوڵە گوایە دەڵێت کە ستیفن بە پارە قەرزاری جۆرج ڕەسڵە. یوانا یوانیدو (*گۆڤاری وەرزانەی جەیمز جۆیس*، بەرگی ١٢، ژمارە ٣، ١٩٧٥، لاپەڕە ٣١) دەڵێت کە ئەمە تیلنیشانێکە بە شانۆنامەی *ڕەنجی بەباچووی ئەوین* *Love's Labour's Love*ی شێکسپیر، کە کەسێتیی مۆث، کە خزمەتکارێکی گەنجی ڕووداره، دەڵێت کە مامۆستا هۆلۆفێرنس (کە کەسێتییەکی شانۆنامەکەیە) مەڕە.

**مۆث**: چۆن بە پێچەوانەوە ا و ب دەخوێنیتەوە، کە قۆچی بە سەرەوەیە؟
**هۆلۆفێرنس**: با، *پوێریتیا* [منداڵانە]، بە قۆچێکەوە.
**مۆث**: با، گەمژەترین مەڕ بە خۆی و قۆچەکەیەوە. فێربوونەکەی دەبیستیت.
**هۆلۆفێرنس**: کویس، کویس، [کێ، کێ] تۆ *کۆنسۆنانت*یت [نیت/ بوونت نییە]؟
**مۆث**: سێیەم ڤاوڵ، ئەگەر *تۆ* دووبارەیان بکەیتەوە؛ یان پێنجەم، ئەگەر من.

**هۆلۆفێرنس:** دووبارەیان دەکەمەوە – ئەی، ئی، ئای –
**مۆث:** مەڕەکە: دووانەکەی تر تەواوی دەکەن کە ئۆ، یو-ن. [ڕووانگەکەی من دەسەلمێنێت و لیستەکە تەواو دەکات].
(ڕەنجی بەباچووی ئەوین ٥: ١، ٤٧-٥٧ {خۆم وەرمگێڕاوە }). **~گ.س.**

لەبەر ئەوەی وردەکاریی زمانناسیی لەو چەند دێڕەی شێکسپیردا زۆر بە کار هاتووە، هەمیشە لە وەرگێڕاندا هەندێک شت ون دەبن، بۆ نموونە، لەو دێڕەدا کە مۆث بە مامۆستاکە دەڵێت: «سێیەم ڤاوڵ، ئەگەر تۆ دووبارەیان بکەیتەوە؛ یان پێنجەم، ئەگەر من» بە ئینگلی بە تۆ دەوترێت: یو، کە هاودەنگی پیتی Uە؛ بە من-یش دەوترێت ئای I، کە تەنها پیتێکە و ئەویش ڤاوڵە، واتە لە پرسیارەکەدا وەڵامەکەی تێدایە، بەڵام لە وەرگێڕاندا ون دەبێت. **~ن.م.**

[142] **وێ شەست و... مرد:** ئان هاثەوەی ساڵی ١٥٥٦ لە دایک بووە و ٦ی ئابی ١٦٢٣ مردووە {واتە شەست و حەوت ساڵ ژیاوە}. **~گ.س.**

[143] **ئاوێنە داپۆشراوەکە:** ئاوێنەی ژووری مردن لادەبرا، یان دادەپۆشرا بۆ ئەوەی ڕێ لە گیانی کەسی مردوو بگرن لە ئاوێنەدا دەربکەوێت، یان بە هۆی وێنەدانەوەکەیەوە لە ئاوێنەکەدا خاوەخاو بکات. **~گ.س.**

[144] **لیلیاتا رووتیلانتیوم:** (بڕوانە ١: ١٠٢). **~گ.س.**

[145] **پیاوی بلیمەت... خۆی بوون:** لە *هیپیاس-ی بچووک*دا، کە نامیلکەیەکە و دراوەتە پاڵ پلاتۆن، بەڵام لەوە ناچێت کاری ئەو بێت، هیپیاسی سۆفیست دەڵێت: «هۆمیرۆس ئەخیلیفس وا پیشان دەدات کە سەرڕاست و سادەیە، بەڵام ئۆدیسێفس وا پیشان دەدات کە فێڵباز و ساختەچییە». سۆکراتیس هیپیاس دەخاتە نێو تەڵەیەکەوە و ئەو دەربڕینەی خۆی لە بارەی ئۆدیسێفسەوە، کە «ساختەچی و دووربین»ە، پێ دەگۆڕێت بەوەی کە ئۆدیسێفس بە زانین درۆ دەکات و ئەخیلیفس بێئاگایانە درۆ دەکات؛ پاشان دەڵێت کە پیاوی باش خۆویستانە هەڵە دەکات، بەڵام پیاوی خراپ خۆنەویستانە خراپە دەکات، دەگات بەو دەرئەنجامەی:

**سۆکراتیس:** کەواتە هیپیاس، ئەوەی خۆبەخشانە هەڵە دەکات و شتی ئابرووبەرانە دەکات [وەک ئۆدیسێفس کە درۆ دەکات]، ئەگەر پیاوێکی وا هەبێت، ئایا پیاوێکی باشە؟
**هیپیاس:** ناتوانم لەوەدا هاوڕات بم.

**سۆکراتیس:** خۆیشم هاوڕای خۆم نیم...
لاسلۆ ڤێرشەنی-ی هاوکارم دەڵێت کە «هەڵەی ئەنقەست یەکێکە لە تایبەتمەندێتییەکانی میتۆدی سۆکراتیسی، کە لە سەرەتای دیالۆگەکاندا دەخرێتە کار؛ سۆکراتیس ڕێبازێکی تەوساوی بە کار دەهێنێت کە بە پرسیار و وەڵام زانیاری لە بەرانبەر دەردەهێنێت و وا دەکات لە ڕێی هەڵخڵەتاندنەوە بەرانبەرەکەی لە هەڵخڵەتاندن دەربهێنێت، ئارگومێنتەکانی بە شێوەیەک دەردەبڕێت کە خۆی هەڵە دەردەخات بۆ ئەوەی یارمەتیی بەردەنگەکانی بدات خۆیان ڕاستییەکە بدۆزنەوە». **~گ.س.**

[146] **سۆکراتیس**: (بە نزیکی ٤٦٩-٣٩٩پ.ز.)، مامۆستا و فەیلەسووفی گریکی، کە وێنەی ئەو بەسەر هەموو دیالۆگەکانی پلاتۆن-ی قوتابی و مریدیدا زاڵە، پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە چاکێتی (ڤێرچیو *virtue*) لە ڕێی زانینەوە بە دی دێت و ئەمەش لە ڕێی دیالۆگەوە بە دی دێت، کە ئەمەش لە ڕێی گرژیی دیالۆگی نێوان مرۆڤانەوە دێت. **~گ.س.**

[147] **کسانثیپی**: ژنی سۆکراتیس بووە، وا ناوی دەرکردووە کە ژنێکی چەقاوەسوو و دەمهەراش بووە و ناوی ئەو بووە بە هاوناوی دەمهەراشی. بە گوێرەی کسینۆفۆن، کە قوتابیی سۆکراتیس بووە، سۆکراتیس زۆر چاکێتیی خێزانیی داوەتە پاڵ کسانثیپی، هەندێک بەرگریکاریش دەڵێن کە لەوانەیە تووڕەوتڕۆییەکەی کسانثیپی لە ئەنجامی ڕەفتارە ناکردەیی و ناباوەکانی سۆکراتیسەوە وروژابێت. سۆکراتیس لە گێڕانەوەیەکی نیمچەخەیاڵکرددا دەڵێت: «کسانثیپی بێهاوتایە و جێی ناگیرێتەوە. ئەگەر فێر ببم بەرگەی ئەو بگرم، ئەوا فێر دەبم بەرگەی هەموو کەسێک بگرم» (ڕیچارد ستیل، *بینەر*، وتاری ژمارە ٤٧٩ [٩ی ئەیلوولی ١٧١٢]). **~گ.س.**

[148] **لە دایکیشیەوە**: دایکی سۆکراتیس ناوی فیناریتی بووە و مامان بووە. پلاتۆن ڕەفتاری سۆکراتیس لە دیالۆگدا بە «مامانی» پەسن دەکات، چون وا دیارە سۆکراتیس یارمەتیی قوتابییەکانی دەدات تێگەیشتنێکیان لێوە بزێت، کە ڕاستیدا پێش ئەوەی دیالۆگەکان دەست پێ بکەن تیایاندا بووە. **~گ.س.**

[149] **میرتۆ**: کچی ئاریستیدیس ناوێک بووە، بە گوێرەی هەندێک گێڕانەوە، ژنی یەکەمی سۆکراتیس بووە. **~گ.س.**
میرتۆ بە کوردی مۆرتک-ە، (بڕوانە ١٢: ## مۆرتک). **~ن.م.**

[150] **ئابسیت نۆمێن**: لاتینییە، بە واتای: «بێ ناو» یان «دوور لە ناو»؛ وەک ناوی مرۆڤ؛ بەڵام دەستەواژەکە ڕەگەزدۆزیشە لەگەڵ دەستەواژەیەکی کلێشەییدا، کە دەڵێت «ئابسیت

ئۆمێن» بە واتای «بێ نوقڵانەی خراپ» {یان وەک کوردیی خۆمان دەڵێین: نەخوازە، یان دوور با} (لەو وشەیەی لەو کاتەدا بە کار دێت). **~گ.س.**

[151] **ئێپیپسیخیدیۆن**: هۆنراوەیەکی پێرسی بیش شێلّی-یە (١٧٩٢-١٨٢٢) کە ساڵی ١٨٢١ نووسیویەتی، ناونیشانەکە وشەیەکی لێکدراوی گریکییە، کە زۆر جار بە «گیانم لە گیانم» وەردەگێڕرێت، لە دێڕی ٢٣٨دا دەڵێت: «کە ئایا ئەم گیانەم لە گیانم فڕیوە یان نا؟»:

جا لە نائومێدیی خۆم و لەو بێدەنگییەدا
هەر بایەکی بێزمان بەسەر قەڵای شیوەنمدا فڕیبا،
لێیم دەپرسی داخۆ دەزانێت
کە ئایا ئەم گیانەم لە گیانم فڕیوە یان نا؟

ئەم هۆنراوەیە لە چەمکی «خۆشەویستیی ڕاستینە»ی لای شێلّی دەردەبڕێت، کە (لە دیدی شێلّییەوە، کە دیدێکی پلاتۆنییە) دەستنیشانکردنێکی هەڵکشاوی گیانێکی دەستەخوشکە. **~گ.س.**

[152] **سۆکراتیدیدیۆن**: بچووککردنەوەی ناوی سۆکراتیسە، زۆر جار لە وەرگێڕاندا بە «سۆکراتیس گیان» وەردەگێڕرێت. لە شانۆنامەی *هەورەکانی* ئەریستۆفانیسدا (بە نزیکی ٤٤٨- بە نزیکی ٣٨٠ پ.ز.)، کە ساڵی ٤٢٣ی بەر لە زاین پێشکەش کراوە، دێهاتییەکی نەخوێندەوار، کە کوڕە فیرۆکارەکەی خووی داوەتە قومار، دێت بۆ لای سۆکراتیس بۆ ئەوەی فێری «ئەو لۆجیکە نادادپەروەرانەیە ببێت کە وات لێ دەکات خۆت لە قەرز بدزیتەوە» (بە دەربڕینێکی تر: سەفسەتە). سۆکراتیس لە سەبەتەیەکدا دەردەکەوێت و بەسەریانەوە دەبێت (کە هێمایە بۆ ئەوەی سۆکراتیس دوورە لە کێشەکانی دونیاوە)، دێهاتییەکە بانگی دەکات «سۆکراتیس، سۆکراتیدیدیۆن» (دێڕی ٢٢١-٢٢٢). **~گ.س.**

[153] **هەرگیز هیچ... نایزانن**: ئەفسانەی تیریسیاس-مان بە بیر دەهێنێتەوە کە پێشبینێکی کوێری گریکی بووە، گوایە لە ناوەڕاستی ژیانیدا بە تەشقەڵەیەکی خوداکان بووە بە ژن. زێوس و ئیرا مشتومڕێکیان هەبووە و تیریسیاسیان بانگ کردووە ڕای خۆی بدات، زێوس پێی وا بووە جووتبوون بۆ ژن چێژبەخشترە وەک لە پیاو؛ ئیرا پێی وا بووە پێچەوانەکەی ڕاستە. تیریسیاس هاوڕای زێوس بووە، ئیراش لە ڕقدا کوێری کردووە؛ زێوس بەوە قەرەبووی کردووەتەوە کە لە ناخدا بینایی پێ بەخشیوە و بووە بە پێشبین. **~گ.س.**

[154] **وانەکانیکۆدڵ**: ئاماژەکە بۆ پەڕتووکی *وانەکانی نوێنەرە* *Curtian Lectures* (١٨٤٦)، کە لە شارایەک نووسینی کورتی شۆخییانە پێکهاتووە لە نووسینی دۆگلاس جێرۆڵد (١٨٠٣-

١٨٥٧). هەر «وانە»یەک بابەتی شەوێکە کە مارگەرێت کۆدڵ جۆب دەیدات بە کۆدڵ-ی مێردی، کە دەیەوێت دەستەمۆی بکات و ئامۆژگاریی بکات و دایبکەفێنێت کە وایە. مێردەکە هەمیشە بە نکۆڵیکردنێکی خەماوی یان ئاخێکی ملکەچانە وەڵامی دەداتەوە. «کۆدڵ» {ی ئینگلی، کە ناوی خێزانەکەیە} شۆربایەکی گەرم و تیژە و شەرابی تێدایە، دەدرێت بە نەخۆش. **~گ.س.**

[155] **ئارخۆنەکانی شین فەین**: بۆ «شین فەین» (بڕوانە ١: ٦٩ و ٨: ٢٧٨). {ئارخۆن وشەیەکی گریکییە، بە واتای سەرۆک یان سەرکردە دێت، لە گریکی دێریندا بە هەر یەکێک لە سەرکردە باڵاکانی گریک دەوترا ئارخۆن}. ئەم دەستەواژەیە ئارخۆنەکانی ئەثینامان بە بیر دەهێنێتەوە (دادوەرە فەرمانڕەواکان) کە بە تۆمەتی ئەوەی سۆکراتیس گەنجانی ئەثینا لە خشتە دەبات و خراپیان دەکات فەرمانی کوشتنیان بەسەریدا سەپاند. دواتر بە پەرداخێک مەرگەمووش فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد. **~گ.س.**

[156] **تەماشای وی... قشتەکە**: **لۆلارد**: بە ئینگلی *Lollard*، لە سەدەکانی ١٤ و ١٥ و ١٦دا بە یەکێک لە شوێنکەوتووانی جۆن وایکلیف (بە نزیکی ١٣٢٨-١٣٨٤) وتراوە. وایکلیف قەشەیەکی کاسۆلیک و ڕیفۆڕمخواز و یەزدانناس و فەیلەسووفێکی سکۆلاستی و وەرگێڕێکی *کتێبی پیرۆز* بووە. وشەکە لە بنەچەدا بە واتای منگەمنگ یان ورتەورت دێت، وەک چۆن کەسێک کە نزا دەکات ورتەورت دەکات.

**قشتە**: نزیکترین ناوە بۆ جۆرە سێوێک کە بە ئینگلی پێی دەڵێن costard، کە سێوێکی زلە. لە بازاڕەکانی کوردستان و بە تایبەتی سلێمانی پێی دەڵێن «قشتە»، کە گەرچی بەرانبەر sugar apple دەوەستێتەوە، بەڵام بە نزیکی لە هەمان جۆرن. با تا وشە ڕاستەکە دەزانم ئەم وشەیە لێرەدا بێت. **~ن.م.**

تۆماس ویلیەم لیستەر، لەبەر ئەوەی کوەیکەر بووە، لۆلارد بووە، خەڵکیش هەمیشە گومانیان لە دڵسۆزییەکەی هەبووە، چون کاسۆلیکی ڕۆمی نەبووە (بڕوانە ٩: ٢). **~گ.س.**

[157] **مێشکێکی... هەبوو**: ئەم دەستەواژەیە لە پەڕتووکی *مێشکێکی گرۆتبایی کە بە ملیۆنێک پاشگەزبوونەوە کڕاوە* (١٥٩٢)ی ڕۆبێرت گرین-ەوە هێنراوە. گرۆتێک چوار پنسە، (بڕوانە ١: ٢٧)، بە بڕێکی کەم دانراوە. **~گ.س.**

[158] **ڕۆمڤیل**: (بڕوانە ٣: ٢٩١). **~گ.س.**

[159] **یادەوەرییەکی... هەڵگرتبوو**: بیری وتەیەکی ئولیسمان دەخاتەوە لە شانۆنامەی *ترۆیلوس و کرێسیدای* شێکسپیردا، کە مەبەستی لەوەیە یادگارییەکان بە خێرایی کاڵ دەبنەوە:

گەورەم، کات کۆڵێکی بە پشتەوەیە

چاکەی بۆ لەبیرچوونەوە تێ دەکات.

(ترۆیلوس و کرێسیدا ٣: ٣، ١٤٥-١٤٦ {خۆم وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

لێرەدا کات کەسێنراوە، واتە کراوە بە مرۆڤ و بە ڕێدا دەڕوات و توورەکەیەکی بە کۆڵەوەیە، چاکە (خێر) کۆ دەکاتەوە و دەیخاتە نێو کۆڵەکەیەوە (نێو توورەکەکەیەوە)، دەیانبات بۆ لەبیرچوونەوە، کە ئەویش هەر کەسێنراوە (واتە لەبیرچوونەوە و کات لێرەدا دوو کەسن). بە کورتی واتە: کات ئەو چاکەیە لەگەڵ هەمووواندا دەکات کە شتانمان لە بیر دەباتەوە. **~ن.م.**

[160] **ئەو کچەی... بە جێم هێشت**: گۆرانییەکی ئایرییە و گۆڕاوی زۆرە، ساموئێل لەڤەر (١٧٩٧-١٨٦٨) یەکێکیانی داناوە، کە هۆنەر و ڕۆماننووس و موزیکدانەرێکی ئایر بوو، کە لەم بەستێنەدا گونجاوە، دەڵێت:

ژنی فەڕەنسا هۆگر و ئازادن،

لێوی فلێمی تامەزرۆن،

کچی ئیتالیاش ناسکن،

چاوی ئیسپانی ورووژێنەرن؛

گەرچی لە ژێر بزەیاندا ڕادەکشێم،

بەڵام جادوویان نامبەستنەوە،

دڵم دەگەڕێتەوە بۆ دوورگەکەی ئێرین،

بۆ لای ئەو کچەی لە دوای خۆم بە جێم هێشت. **~گ.س.**

بۆ ئێرین (بڕوانە ٦: ٣٢٣). **فلێمی**: بە ئینگلی *Flemish* نەتەوەیەکن خەڵکی فلاندەر-ن و ئێستا هەرێمێکە لە بەلجیکا. **~ن.م.**

[161] **ئەگەر... دیاری نەکات**: ئاماژەکە بۆ دێڕی ١٠٤٦-١٠٤٨ی *ڤینوس و ئادۆنیسی* شێکسپیرە کە دەڵێت:

وەک چۆن کە با لە زەویدا بەند دەکرێت و

کە دەیەوێت دەربچێت، بناغەی زەوی دەلەرزێت،

مێشکی مرۆڤان بە تۆقینی ساردەوە پەرێشان دەکات.
زۆر توێژینەوەی ئەکادیمی بۆ دیاریکردنی کاتی نووسینی هۆنراوەکە بە گوێرەی بەڵگەی ناوەکی، تیشکۆ دەخەنە سەر ئەوەی کە هۆنراوەکە وردەکاریی سرووشت دەخاتە ڕوو و لە دێڕەکانی ٥٠٨-٥١٠دا ئاماژە بە تاعوون دەدات. بەڵام هیچیان ئاماژەیان بە بوومەلەرزە نەداوە، کە گەورەترین بوومەلەرزە لە ئینگلتەرادا تۆمار کرابێت ساڵی ١٥٨٠ بووە، کە شێکسپیر تەمەنی شازدە ساڵان بووە، لەوانەیە ئەو کاتە زۆر گەنج بووبێت بۆ ئەوەی هۆنراوەیەکی خاراوی وەک ئەوە بنووسێت. *ڤینوس و ئادۆنیس* لە ١٨ی نیسانی ١٥٩٣دا لە نووسینگەی پەڕاوگەی گشتی تۆمار کراوە. **~گ.س.**

[162] **کەروێشکەکێوییە... حەپەی تانجییەکان:**

کەروێشکەکێویی داماو، دوور لەسەر گردێک،
بە گوێ بیسەرەکانیەوە لەسەر پاشووەکانی دەوەستێت،
تا ببیستێت داخۆ دوژمنەکانی هێشتا بە دوایەوەن:
زوو لوورە دەنگبەرزەکانیان دەبیستێت؛
جا ئێستا دەکرێت خەمەکەی بەراورد بکرێت
بە هی نەخۆشێکی کەفتەکار کە زەنگی مەرگی دەبیستێت.

(ڤینوس و ئادۆنیس ٦٩٧-٧٠٢ {خۆم وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[163] **لغاوە قرتێنەدارەکە:** «لغاوە قرتێنەدارەکەی لە لقەدرەختێکی پتەو بە گورجی بەست».
(ڤینوس و ئادۆنیس ٣٧-٣٨ {خۆم وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

**قرتێنە**: بە ئینگلی *stud*: لە *فەرهەنگی خاڵ*ەوە: «دوگمەیەکی نێر و مێیە، دەچێ بەیەکدا و قرتەی لێوە دێ». **~ن.م.**

[164] **پەنجەرە شینەکەی:** {میتافۆرە بۆ چاو}

ئێستا شەوی پەژارە بە ڕۆژ گەڕا:
دوو پەنجەرە شینەکەی بە لاوازی هەڵبڕی،
وەک خۆری ساماڵ.

(ڤینوس و ئادۆنیس ٤٨١-٤٨٣ {خۆم وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[165] **ڤینوس... لەندەندا هەیە:** «هەموو زەنەکییە نوێکانی ڕێنیسانس و گەنجیی شێکسپیر لە نێو *ڤینوس و ئادۆنیس*دا دەگەشێنەوە. بە نزیکی بە تەواوەتی هۆنراوەیەکی بزوێنەرە،

هاوسەردەمەکانی پێیان وا بووە لەسەر مێزی هەر ژنێکی سووکی لەندەن دانراوە» (براندێس، لا. ٥٦). **~گ.س.**

ئەوەی بە «سۆزانی» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا دەستەواژەیەکی سەردەمی ئەلیزابێثە، کە دەڵێت *لایت ئۆ لەڤ* *light o' love*؛ گیفرد بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «*سووکی خۆشەویستی* بەستەیەکی باوی سەمای سەردەمی ئەلیزابێث بووە، پەیوەست بووە بە سووکێتی و ڕاڕایی نێو خۆشەویستییەوە، ئاوهاش دەستەواژەکە بە واتای ژنێکی سووک، یان بەئاڵۆش هاتووە، یان ژنێکی ڕاڕا (لەسەر پیاو). لە شانۆنامەی *هەراوزەنای زۆر لەسەر هیچ*دا لەسەر ئەم دەستەواژەیە گفتوگۆی شۆخییانەی ئاڵۆز ڕوو دەدات (٣: ٤، ٤٥)». *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* دەڵێت: «بە واتای ژنێکی هەڵەشە و حولحولی دێت لە خۆشەویستیدا؛ هەروەها بە واتای ژنێکی سووک، یان سۆزانی دێت».

***هەراوزەنای زۆر لەسەر هیچ*، یان *هەراوهۆریایەکی بێئەنجام***، یان ***هەراوهوریایەکی زۆر دەربارەی هیچ***: بە ئینگلی Much Ado About Nothing ناوی شانۆنامەیەکی شێکسپیرە، کە نازانم ئایا بۆ کوردی وەرگێڕراوە یان نا. **~ن.م.**

166 **ئایا... بانگی دەکات**: لە شانۆنامەی *ماڵیکردنی چەقاوەسووەکە*دا، پێتروشیۆ، کە پاڵەوانەکەیە، بە هۆرتێنشیۆ-ی هاوڕێی دەڵێت بە دوای بووکێکی دەوڵەمەنددا هاتووە بۆ پادوا {شارێکە لە ئیتالیا}. سەرەتا هۆرتێنشیۆ سەرکۆنەی دەکات و دەڵێت:

پێتروشیۆ، ئایا بە ڕاشکاوی لەگەڵت بدوێم و
ژنێکی چەقاوەسوو و ناحەزت پێ بخوازم؟

(ماڵیکردنی چەقاوەسووەکە ١: ٢، ٥٩-٦٠ {خۆم وەرمگێڕاوە}).

بەڵام دواتر هۆرتێنشیۆ کاتارینای دێتە بیر، کە خانمە چەقاوەسووەکەیە، دەڵێت:

پێتروشیۆ، دەتوانم یارمەتیت بدەم
ژنێکت بۆ بدۆزمەوە کە بەشی خۆی سامانی هەبێت، گەنج و جوانیش بێت،
وا پەروەردە کراوە ببێت بە خانمە خانەدانێکی زۆر باش:
تاکە نەنگییەکی، کە بەشی خۆی نەنگییە،
ئەوەیە کە نەفرەتییەکە بەرگەی ناگیرێت و
چەقاوەسوو و کەللەڕەقە.

(ماڵیکردنی چەقاوەسووەکە ١: ٢، ٨٥-٩٠ {خۆم وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[167] **ئەو زیارەتکەرە بەسۆزە:** ئاماژەیە بە *زیارەتکەرە بەسۆزەکە*، کە کارێکە و دراوەتە پاڵ شێکسپیر و ساڵی ١٥٩٩ لە لەندەن چاپ و بڵاو کراوەتەوە. بیست (یان بیست و یەک) هۆنراوە لە خۆ دەگرێت، تەنها چوار یان پێنجیان (تا ڕادەیەک بێ مشتومڕ) بە هی شێکسپیر دەزانرێت؛ دووانیان لە بارەی «ژنێکی تاریکرەنگ»ەوەن، دووانی تریان لە بارەی ژنێکەوەن کە بەڵێنی داوە خۆشەویستی نەکات. **~گ.س.**

[168] **وارویکشییە:** ئەو کاونتییەیە کە ستراتفۆرد-ئۆن-ئاڤۆنی لێیە. **~گ.س.**

[169] **وێی... بە دەست هێنا:** وەک گێڕەرەوەکەی دوو هۆنراوەی «بەیەکگەیشتن لە شەودا» و «بەجێهێشتن لە بەیانیدا» (١٨٤٥)ی ڕۆبێرت براونینگ (١٨١٢-١٨٨٩). گێڕەرەوە نێرەکە لە هەردوو هۆنراوەکەدا ئەوە بە بیر دەهێنێتەوە کە شەو لەگەڵ خۆشەویستەکەی بە یەک گەیشتوون و بەیانی بە جێی هێشتووە:

لای لووتکەکەوە لە ناکاو دەریاکە هات،
خۆریش بەسەر لێواری شاخەکەدا ڕووانیی:
ڕێگای زێڕین لە بەردەمیا ڕێک و ڕاست بوو
پێویستێتیی جیهانی پیاوانیش بۆ من. **~گ.س.**

واتە وەک چۆن ڕێ زێڕینەکە بۆ خۆر تا ئێوارە ڕوون و ئاشکرا و ڕاست و ڕەوان دیار بوو، پێویستێتیی جیهانی پیاوانیش بۆ من ئاوها لە پێش دیدەی خەیاڵمدا دەرکەوت، بۆیە دەبێت ئەم خانمە بە جێ بهێڵم. لەوە ناچێت مەبەستی لە بەجێهێشتن ئەوە بێت کە پەیوەندییەکە بە جێ بهێڵێت، بەڵکو وەک ئەوە سەیری بەجێهێشتن دەکات کە پیاو بە ڕۆژ ئەرکی «پیاوانە»ی لەسەر شانە و دەبێت بچێتە نێو دونیای پیاوانەوە و کار بکات. دەبێت بزانین ئەم هۆنراوەیە لە سەردەمێکدا نووسراوە کە زۆربەی جیهانی کار پێکهاتووە لە پیاو. **~ن.م.**

[170] **کوڕژنەکان:** لە شانۆگەریی سەردەمی ئەلیزابێثدا پیاو ڕۆڵی کەسێتیی مێینەی دەدی. چل و چوار ساڵ دوای مەرگی شێکسپیر و لە ٨ی کانوونی یەکەمی ١٦٦٠دا بۆ یەکەم جار خانمە ئەکتەرێک ڕۆڵی دێزدەمۆنا-ی لە شانۆنامەی *ئۆتێللۆ*دا دیوە. **~گ.س.**

[171] **خۆی هەڵبژێررابێت:** بە گوێرەی براندێس (لا. ١٠): «لە دۆسێیەکدا کە ڕێکەوتی ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٥٨٢ی لێ دراوە، دوو هاوڕێی خێزانی هاثەوەی گرێبەستێک دەدەن بە دادگاکەی ئوسقوفی وۆرستە و ئاشکرایان کردووە کە... دوای ئەوەی مارەییەکە بە تەواوی بە گوێرەی یاسا فەرمانی لەسەر درا هیچ ئاستەنگێکی یاسایی لە بەردەم

هاوسەرگیریدا نییە... خێزانی ماڵی بووکێ بوون کە پەلەیان لە هاوسەرگیرییەکەدا کردووە، بەڵام خێزانی ماڵی زاوا بڕێک ئاستەنگیان تێ خستووە، تەنانەت دژیشی بوون. کە بە یەکەم منداڵیان دەزانین کە کچێک بوو بە ناوی سوزانا-وە و لە ئایاری ١٥٨٣ لە دایک بوو، واتە تەنها پێنج مانگ و سێ حەفتە دوای هاوسەرگیرییەکە، ئیتر ئەم پەلەپەلکردنە کەمتر سەرساممان دەکات.». بەڵام هاریس تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە (لا. ٣٥٨): «هەموو چیرۆکەکە... لەگەڵ سرووشتی بەپرتاو و ئاڵۆشاوییەکەی شێکسپیردا یەک دەگرێتەوە، کە لە ڕاستیدا ڕوونکردنەوەیەکی تەواوی ئەوەیە. ویلیەمی گەرم و بێئارام ئان هاثەوەیی خستووەتە کێشەوە، دواتریش ناچار کراوە بیخوازێت، هەر یەکسەریش پەشیمان بووەتەوە». **~گ.س.**

[172] **ئەگەر... ڕێیەکی هەیە:** لە ١٣ی نیسانی ٢٠٢٤دا لە پێگەکانی خۆم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕاڤەیەکم لەسەر ئەم ڕستەیە بڵاو کردەوە، لێرەدا ڕاڤەکە وەک خۆی کە بڵاوم کردووەتەوە دەهێنمەوە.

**شێکسپیر و هاثەوەی، ویل و ویست و ڕەگەزدۆزی**

ئەمەی لێرەدا نووسیومە ڕاڤەی ڕستەیەکی ڕۆمانی *ئولیسی* جەیمز جۆیسە، کە بەم شێوەیە وەرمگێڕاوە: «ئەگەر ئەوانی تر ویستی خۆیان هەبێت ئان ڕێیەکی هەیە»؛ ڕستەکە لە دەقە ماکەکەدا (کە ئینگلیییە) بەم شێوەیە:

If others have their will Ann hath a way.

سەرنج بدە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *ئان* بە *Ann* نووسراوە، بەڵام ڕێنووسەکەی ئەمڕۆی Anneە. پێم وایە لەبەر ئەوەیە کە ئەم *Ann hath a way* یە لە هەڵبەستێکی چارلز دیبدین-ەوە هێنراوە (کە لە ڕاڤەکەی گیفرددا زیاتری لە بارەوە دراوە)، لە هەڵبەستەکەشدا هەر بەو ڕێنووسە نووسراوە و ڕێنووسی ئینگلیی سەردەمی شێکسپیرە.

**بەستێنەکە**

ئەم ڕستەیە بەشێکە لە وتەیەکی درێژ، لە ئەڵقەی نۆیەمی ڕۆمانی *ئولیس*دایە. لەم ئەڵقەیەدا ستیفن دێدالۆس، کە یەکێکە لە کەسێتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، لە پەڕتووکخانەی نیشتمانیی ئایرلاندە لە دەبلن-ی پایتەخت، لەگەڵ چوار پیاوی تردا گفتوگۆ دەکات (بێست، جۆن ئێگلنتن، ڕەسڵ، لیستەر) و لە میانەی وتە درێژەکەیدا ئەم ڕستەیەش ئاراستەی گوێگرەکانی دەکات. مژارە سەرەکییەکەیان ژیانی ویلیەم شێکسپیر-ی گەورەنووسەری ئینگلە، کە ستیفن بۆ پشتبەستن بە وتەکانی خۆی، زۆر بەڵگەی ناوەکیی

نێو بەرهەمەکانی شێکسپیر دەهێنێتەوە و بە ژیانی تایبەتی خودی شێکسپیریان بەراورد دەکات.

ئەوەی بە تایبەتی لە دەوری ئەم ڕستەیە کۆ بووەتەوە هەلومەرجی کاتی خوازبێنیی ژنەکەی شێکسپیرە، کە ناوی *ئان هاثەوەی Anne Hathaway* بووە، شێکسپیر تەمەنی نزیکەی ١٨ساڵ بووە کە ئان-ی تەمەن ٢٦ ساڵی خواستووە، واتە ئان هاثەوەی لانیکەم ٨ ساڵ لە شێکسپیر بەتەمەنتر بووە. وا دیارە پێش ئەوەی ببنە هاوسەری یەکتر سەرجێییان کردبێت، چون کەمتر لە شەش مانگ دوای هاوسەرگیرییەکەیان یەکەم کچیان بە ناوی سوزانا-وە لە دایک بووە. ستیفن پێی وایە ئەوەندەی ئان هاثەوەی چووەتە خوازبێنیی شێکسپیر، ئەوەندە شێکسپیر نەچووەتە خوازبێنیی وێ. دەڵێت: « He was chosen, it seems to me»، واتە: «ئەوەندەی من دەیبینم ئەوەیە کە خۆی (شێکسپیر لە لایەن هاثەوەییەوە) هەڵبژێرراوە». تەنانەت یەکێک لەو سەرچاوانەی ستیفن لە بارەی ژیانی شێکسپیرەوە خوێندوویەتیەوە دەڵێت کە لە کاتی خوازبێنیکردنەکەدا ماڵی هاثەوەی ویستوویانە بەپەلە بیبڕێننەوە و پەلەپەلیان کردووە، بەڵام ماڵی شێکسپیر تەگەرەیان خستووەتە خوازبێنییەکەوە و خاوەخاویان کردووە.

بەهەرحاڵ، ستیفن بە گشتی ڕای لەسەر ئان هاثەوەی باش نییە.

## ڕستەکەی جۆیس

ئەمە یەکێکە لەو ڕستانەی *ئولیس* کە دوو پێکاری ڕەوانبێژیی تێدایە، کە ڕەگەزدۆزی-ن (ئەوەی بە عەرەبی پێی دەوترێت *جیناس*). **ڕەگەزدۆزی:** یاریکردنێکە بەو وشانەی دەنگیان وەک یەک وایە، وەک *سینەما*: کە هەم بە واتای *شوێنی نمایشکردنی فیلم* دێت، هەم بە واتای *سینەی* منیش دێت (سینەمدا). بە گوێرەی بەستێنەکەی ئەم ڕستەیە لە ڕۆمانەکەدا و بە گوێرەی ئەو سەرچاوە و ئاماژانەی لە پشت ئەم ڕستەیەوە هەن، دەکرێت ڕستەکە چەندین توێکڵی هەبێت و چەند واتایەک بدات و بە ئاسانی وەرنەگێڕرێت، بۆیە دەبێت ڕوون بکرێتەوە.

## دوو ڕەگەزدۆزییەکە

ڕەگەزدۆزیی یەکەم لەسەر وشەی *will*ی نێو ڕستەکەیە. *ویل Will* لە زمانی ئینگلیدا کورتکراوەی ویلیەم-ە، کە ناوی یەکەمی شێکسپیرە، بەڵام دەبێت پیتی یەکەمی وشەکە بە گەورە بێت. بەڵام ئەگەر پیتی یەکەمی وشەکە بە بچووک بێت *will*، ئەوا بە واتای

«ویست» دێت. واتە *will* لە ڕستەکەی جۆیسدا لانیکەم دوو واتای هەیە، یەکێکیان کورتکراوەی ویلیەمە، ئەوی تریان بە واتای ویست دێت.
ڕەگەزدۆزیی دووەم لەسەر ڕستەی *hath a way*ی نێو ڕستەکەیە. کە لە ڕستەکەی جۆیسدا بە ئینگلیی سەردەمی شێکسپیر نووسراوە، نەک ئینگلیی ئێستا، چون بە ئینگلیی ئەمڕۆ دەبێت بە *has a way*. ڕستەکە چەند واتایەکی جیاواز دەگەیەنێت، کە ئەمانەن: *ڕێیەکی هەیە؛ تەرزێکی هەیە*، یان: *شێوازێکی (خۆی) هەیە؛ ڕێیەکی لە بەر دەستدایە*، یان *ڕێیەک شک دەبات*، یان *ڕێگەچارەیەکی پێیە*. واتاکەی تر لەو کاتەدا دێت کە وشەکانی ڕستەکە بنێینەوە بە یەکەوە و یەک وشەی لێ دروست بکەینەوە، کە دەبێت بە ناوی کۆتایی ژنەکەی شێکسپیر (هاثەوەی) و بەم شێوەیە دەنووسرێت: *Hathaway*.
ئەگەر پێکارە ڕەوانبێژییەکان ڕەچاو بکەین (واتە ڕەگەزدۆزییەکان بکەینەوە)، ئەوا ڕستەکە چەند واتایەکی زۆرتر بە دەستەوە دەدات و وەهای لێ دێت:

ئەگەر ئەوانی تر (ویستی / ویلیەمی) خۆیان هەبێت، (ئان (ڕێیەک شک دەبات . / ڕێیەکی // ڕەفتارێکی / شێوازێکی) هەیە / ئان هاثەوەی)

سەرنج بدە خۆم بۆرێکم (،) لە نێوان دوو ڕستەکەدا زیاد کردووە، کە لە دەقە ماکەکەدا نییە، بەڵام لێرەدا تەنها بۆ بەرچاوڕوونیی ئەم ڕاڤەیە دامناوە. دواتریش سەرنج بدە هەموو ئەو وەرگێڕانەی تر کە ڕەچاوم کردوون و بەراوردم کردوون، بۆرەکەیان بۆی زیاد کردووە، جگە لە من.

## سەرچاوە و ئاماژەکانی پشت ڕستەکە

لە پشت ئەم ڕستەیەی جۆیسەوە پەندێکی ئینگلی و ڕستەیەکی خودی شێکسپیر خۆی هەن کە ڕستەکەی شێکسپیر لە *سۆنێتی ١٣٥* دایە و لێرەدا هەموو سۆنێتەکەم وەرگێڕاوە، تا پەیوەندییە واتاییەکەی ئەم ڕستەیە بە سۆنێتەکە و ژیانی شێکسپیرەوە ڕوونتر ببێتەوە. پەندە ئینگلییەکە دەڵێت: «هەر ویست هەبێت، ڕێش دەبێت». وا بزانم واتاکەی ڕوونە: تا ویستت نەبێت، هیچ ڕێیەک نابێت، کە ویستت هەبوو، ڕێیەکیش دەدۆزیتەوە. کەواتە دەتوانین لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پەندەوە ڕستەکە بەم شێوەیە وەربگێڕین:

ئەگەر ئەوانی تر ویستیان هەبێت، ئانیش ڕێیەک دەدۆزێتەوە.

سام سلەوت، کە یەکێکە لە ڕاڤەکارانی *ئولیس*، ئەم پەندەی پەیوەست کردووەتەوە بەم ڕستەیەوە (ڕاڤەکانی سلەوت، لا. ٦٣٠). پێم وایە لەوانەیە بۆ بونیادی ڕستەکە سوودی لێ

وەرگیرابێت. بەڵام ئەوەی وا دیارە پەیوەندیی زیاتری بەم ڕستەیەی *ئولیس*ەوە هەبێت ڕستەیەکی *سۆنێتی ١٣٥*ی شێکسپیرە، کە جۆیس ڕێک ڕستەکەی یەکەمی خۆی لەسەر ئەوەی شێکسپیر دارِشتووە. شێکسپیر لەم سۆنێتەدا چەندین جار ڕەگەزدۆزی لەسەر وشەی *ویل* بە واتای کورتکراوەی ناوی خۆی و *will* بە واتای *ویست* دادەنێت. بەڵام شێکسپیر واتای زیاتریش لە وشەکە دەبەستێت، ئەمە سۆنێتەکەی شێکسپیرە بە وەرگێڕانی خۆم:

**سۆنێتی ١٣٥** [١]

هەر مێیەک ئاواتی خۆی هەبێت، ئەوا تۆ ویل-ی خۆت هەیە[٢]،
جا ویلەکەت بە زیادەوە، ویل-ت لە ئەندازە بە دەر،
سەروزیادم، من کە هەردەم دەتورووژێنم[٣]،
هەر بۆ ویستە خۆشەکەتە کە ئەمیش هەر دێتە زیادبوون[٤].
ئایا تۆ، کە ویستەکەت گەورە و بەرینە،
بۆ جارێکیش ڕێگە نادەیت ویستەکەم لە ئەوەی خۆتدا حەشار بدەیت؟
داخۆ ویستی خەڵکانی تر بەخشندەتر دیارن،
کەچی پەسەندکردنی جوان بۆ ویستی من نادرەوشێتەوە؟
دەریا خۆ هەمووی هەر ئاوە، بەڵام بارانیش وەردەگرێت،
زیاد لە پێویست بۆ ئەمباری خۆی زیاد دەکات؛
تۆش، کە لە ویل-دا زەنگینیت، ویستێکی من
بۆ ویل-ەکەی خۆت زیاد بکە، تا ویل-ە گەورەکەت گەورەتر بێت[٥].
مەهێڵە دڵڕەقێتی هیچ خوازبێنیکەرێکی جوان بکوژێت؛
گشتیان وەک یەک سەیر بکە، منیش بخە نێو ئەو تاکە ویل-ەوە.

شێکسپیر دواتر لە *سۆنێتی ١٤٣* شدا درێژە بەم ڕەگەزدۆزییەی سەر وشەی ویل و ویست دەدات.

* * *

**ڕاڤەکانی سۆنێتی ١٣٥ی شێکسپیر**

١. ئەم سۆنێتە و سۆنێتەکانی پێشتر (لە سۆنێتی ١٢٧ەوە) پێیان دەوترێت «سۆنێتەکانی خانمە تاریکڕەنگەکە» *Dark lady sonnets*، کە باشتر بوو بوترایە «سۆنێتەکانی خانمە

قژڕەشەکە»، چون هەرگیز شێکسپیر بە «خانمی تاریکڕەنگ» ناوی نەبردووە. وا دیارە بۆ خانمێک نووسرابێتن.

شێکسپیر هەر لە *سۆنێتی ١٢٧*ەوە بە بەراوردی ئێستا (ی سەردەمی خۆی) و ڕابردوو دەست پێ دەکات کە چۆن جاران ڕەش بە جوان نەزانراوە، بەڵام ئێستا ڕەش میراتگری جوانییە. پاشان شێکسپیر لە بارەی «خانمەکەی دۆستی»ەوە دەڵێت: «چاوی وەک قەلەڕەش ڕەشە، قژی ڕەشە، گۆمەمکی قاوەییە، خۆی وەک بەفر سپییە، لێوی سوورە، گۆناکانی گوڵیینن»، لەوانەشە ئەم خانمە موزیکژەن بووبێت، چون لە جێیەکدا شێکسپیر باس لە پەنجەی دەکات کە ئامێرێکی موزیک دەژەنێت.

٢. وشەی *ویل Will*، کورتکراوەی ویلیەمە؛ بەڵام بە پیتی بچووک will بە واتای «ویست» دێت. واتە (وەک باسم کرد) وشەکە لانیکەم ڕەگەزدۆزییەکی لەسەرە و دوو واتای هەیە. بەڵام لە کۆی ئەم سۆنێتەدا وا دەردەکەوێت کە واتای تریشی لە پشتەوە بێت، واتە ڕەگەزدۆزییەکە بۆ زیاتر لە دوو واتا بڕوات: «ویست»ێکیان بە واتای ویستی جووتبوون و ئارەزوو دێت؛ لەوانەیە ویستێکیان ئەندامی مێینەی خانمەکە بێت (کە گەورە و فراوانە!)؛ لەوانەیە ویل-ێکیان ناوی ئەندامی نێرینەی شێکسپیر بێت (کە بۆی زیاد دەبێت؛ بە دەربڕینێکی تر: بە گوێرەی *ویست* زل دەبێت!)؛ ویل-ێکی تریان خودی ویلیەم شێکسپیر خۆیەتی؛ لەوانەیە ویل-ێکی تریان مێردی ئەو خانمە بووبێت، یان دۆستێکی تری بووبێت، بۆیە پێی دەڵێت: «تۆش، کە لە ویل-دا زەنگینیت، واتە ویل-ت زۆرە و تیایدا دەوڵەمەندیت»، یان ئەندامی نێرینەی پیاوی ترن، کە ئەم خانمە زۆری هەیە! بەهەرحاڵ، کەواتە ئەم ڕستەیە واتای تریش دەگەیەنێت: یەکێکیان: *تۆ ویستی خۆتت هەیە*.

٣. ئەم وشەیە لە واتا ڕووکەشەکەدا بە واتای *تووڕەکردن* دێت، واتە «من کە هەردەم تووڕەت دەکەم»، بەڵام وشەکە لە سەردەمی شێکسپیردا بە واتای *وروژاندن*یش هاتووە، وا دیارە شێکسپیریش لەم بەستێنەدا مەبەستی لەم واتایەیان بووبێت.

٤. وا دیارە شێکسپیر مەبەستی لە ئەندامی نێرینەی خۆی بێت، کە دێتە زیادبوون (گەورە دەبێت).

٥. هەم بە واتای «ویستی جووتبوونت زیاتر بێت» دێت، هەم بە واتای «ئەندامی نێرینەی ویلیەمیش گەورەتر بێت!» دێت.

* * *

## گیفرد چۆن ڕستەکە ڕاڤە دەکات؟

یەکێک لە ڕاڤەکارە مەزنەکانی *ئولیس*ی جۆیس پیاوێکە بە ناوی دان گیفرد، کە لەگەڵ ڕۆبێرت سایدمان-ی قوتابیی خۆیدا پەڕتووکێکی دوو هێندەی *ئولیس*یان بڵاو کردووەتەوە بە ناونیشانی *ئولیسی ڕاڤەکراو Ulysses Annotated*، کە هەر هەمووی ڕاڤەی *ئولیس*ە و منیش لەگەڵ وەرگێڕانی ڕۆمانەکەی جۆیسدا تەواوی ئەم پەڕتووکەش وەردەگێڕم و تا ئێستا نزیکەی نیوەیم وەرگێڕاوە. لە بارەی ئەم ڕستەیەوە دەڵێت:

لەوانەیە «ئەوانی تر» کە «ویستی خۆیان هەیە» مەبەست لێیان ئەو کەسانە بن کە شێکسپیر لە سۆنێتەکانی ١٣٥ و ١٤٣دا ئاماژەیان پێ دەدات و دەڵێت: «هەر مێیەک ئاواتی خۆی هەبێت، ئەوا تۆ ویل-ی خۆت هەیە» (سۆنێتی ١٣٥، دێڕی ١)، (ڕەگەزدۆزی لەسەر وشەی «ویل» هەیە، کە یەکێکیان ویلیەم شێکسپیرە، ئەوی تریان *ویست* یان *ئارەزووی جووتبوون*ە)؛ لە دێڕی سێیەمی *سۆنێتی ١٤٣* دا دەڵێت: «نزا دەکەم ویل-ی خۆت بە دەست بهێنیت». ڕەگەزدۆزییەکەی سەر ناوی ئان هاثەوەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبەستێکی چارلز دیبدین (١٧٤٥-١٨١٤) کە لە ڕۆمانی *هانا هیویت یان کروزۆی مێ* (١٧٩٢)دا هەیە، دەڵێت:

دەبێت فریشتەکان ئان هاثەوەییان خۆش بوێت؛
ڕێیەکی هەیە بۆ
ڕامکردن و شادکردنی گیانە بەندنەکراوەکان،
ئاسمانی شیرین لەسەر زەوی دەریدەخات
کە ئان بۆ بەرزکردنەوە ڕێیەک شک دەبات
وێ ڕێیەکی هەیە
ئان هاثەوەی.

*ئینسایکلۆپیدیای گوتە کردارەکییەکان* (ئیدیتی جەی کەی هۆیت [نیو یۆرک، ١٨٩٦]، لا.٢٠٣) هەمان هۆنراوەی بە کەمێک جیاوازییەوە هێناوەتەوە و لەسەری نووسیوە «دراوەتە پاڵ شێکسپیر». **~گ.س. (گیفرد و سایدمان)**

لە بارەی دوایین وتەی گیفردەوە کە دەڵێت «دراوەتە پاڵ شێکسپیر» واتە گوایە شێکسپیر خۆی ئەم هۆنراوەیەی نووسیوە.

دیبدین لە خودی ئەو هەڵبەستەدا بە زیاتر لە واتایەک *Ann hath a way*ی بە کار هێناوە، جارێک بە واتای «ڕێیەک شک دەبات» و جارێک بە واتای «شێوازی خۆی هەیە».

### وەرگێڕەکانی تری ئولیس چۆنیان وەرگێڕاوە؟

### کورمانجییەکەی نەمر

کاک کاوە نەمر (لا. ٢٨٢) بەم شێوەیە بۆ کورمانجیی وەرگێڕاوە:

«هەکە کەس و کوسێن دن ڤێنا خوە هەبوو، یا ئانێ ژی هەبوو رایەک.»

ئەمە خودی دەقە لاتینییەکەی کاک کاوەیە:

Heke kes û kûsên din vêna xwe hebû, ya Annê jî hebû rayek.

### فەڕەنسییەکە

وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە (کە چەند کەسێک وەریانگێڕاوە) بەم شێوەیە وەریانگێڕاوە:

«ئەگەر ئەوانی تر هونەری ویل-یان هەبێت، ئان هاثەوەی ڕەفتاری خۆی هەیە.»

واتە: ئەگەر ئەوانی تر هونەری ویلیەم شێکسپیریان هەبێت، ئەوا ئان هاثەوەی ڕەفتاری خۆی هەیە. تەواوی ناوی ئان هاثەوەیی هێناوە و ڕەگەزدۆزییەکەی کردووەتەوە؛ بەڵام ئەم ڕاڤەیەیان لەسەری نووسیوە:

«ڕەگەزدۆزی لەسەر ناوی یەکەمی شێکسپیر و ناوی کۆتایی ژنەکەی دانراوە: "ویست" لە سەردەمی ئەلیزابێثدا جگە لە واتاکەی خۆی، بە واتای ئارەزووی جووتبوونیش هاتووە».

### ئیتالییەکەی تێرینۆنی و بیگاتسی

ئێنریکۆ تێرینۆنی و کارلۆ بیگاتسی بەم شێوەیە بۆ ئیتالییان وەرگێڕاوە:

«ئەگەر ئەوانی تر ویستی خۆیان هەبێت، ئان ڕێی خۆی هەیە.»

کۆتاییەکەیان ڕاستەوخۆ بە واتای *ڕێ* وەک *ڕێگا* وەرگێڕاوە. بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە ئەو دوو وەرگێڕە ڕاڤەی زۆریان نووسیوە، کەچی هیچ ڕاڤەیەکیان لەسەر ئەم ڕستەیە نەنووسیوە.

### ئیتالییەکەی جێلاتی

جانی جێلاتی بەم شێوەیە بۆ ئیتالیی وەرگێڕاوە:

«چون ئەگەر ئەوانی تر ویل-ی خۆیان هەبێت، ئان وەی-ی خۆی هەیە.»

ویل-ی بە پیتی گەورە نووسیوە، واتە شێکسپیر. وشەی *way*ی وەرنەگێڕاوە و هەر بە وەی *way*ی ئینگلی دایناوەتەوە، بەم شێوەیە: «Ann ha la sua way».

### عەرەبییەکەی تەها

دکتۆر تەها مەحمود تەها بەم شێوەیە بۆ عەرەبیی وەرگێڕاوە:

«ئەگەر ئەوانی تر ویستێکیان هەبووبێت، ئانیش ئەم ئارەزووەی هەبووە.»

## عەرەبییەکەی نیازی

سەڵاح نیازی بەم شێوەیە بۆ عەرەبیی وەرگێڕاوە:

«ئەگەر ئەوانی تر ئارەزوویێکیان هەبوویێت، ئانیش ئارەزووی خۆی هەبووە.»

بەشێکی ڕاڤەکەی گیفرد و سایدمانی لەسەر ڕستەکە وەرگێڕاوە، کە خۆیشم لە سەرەوە هەموو ڕاڤەکەیانم وەرگێڕا. بەڵام ئەوەی سەیرە سەڵاح نیازی لە ڕاڤەکەیدا **یەکەم**: سەرنجی ڕەگەزدۆزییەکەی سەر وشەی ویل (ویلیەم)ی نەداوە، ئەگەرچی سەرچاوەی ڕاڤەکەی هەر ئەوەی گیفردە، کەچی دیارە ئەو دوو دێڕەی نەدیوە، یان بۆی گرنگ نەبووە؛ **دووەم**: تەنها لەسەر ڕەگەزدۆزییەکەی سەر ناوی ئان هاثەوەی دوواوە، بە هەڵەش پێی دەڵێت «تەورییە» (توانجپۆشی) کە توانجپۆشی نییە، بەڵکو ڕەگەزدۆزییە (جیناس)؛ **سێیەم**: ناوی ڕۆمانەکەی دیبدینیش بە هەڵە دەبات (حەنان هیویت)، ئەمە وەرگێڕراوی ڕاڤەکەیەتی:

> تەورییە (توانجپۆشی) لەسەر وشەی *Hathaway = hath a way* هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چارلز دیبدین و ڕۆمانەکەی بە ناونیشانی Hannan Hewit یان کروزۆی مێ (١٧٩٢): «دەبێت فریشتەکان ئان هاثەوەییان خۆش بوێت؛ ڕێیەکی هەیە بۆ ڕامکردن و شادکردنی گیانە بەندنەکراوەکان...».

## کەواتە بە کوردی دەبێتە چی؟

بگەڕێینەوە سەر دەقەکەی *ئولیس*، کەواتە وەک دەبینرێت، چەند واتایەک لە نێو ڕستەکەی جۆیسدا خۆیان حەشار داوە:

١. ئەگەر هەر کەسێک ئارەزووی جووتبوونی هەبێت، ئەوا ئان ڕێیەک شک دەبات!

٢. ئەگەر ئەوانی تر (کەسوکاری ویلیەم شێکسپیر لە کاتی خوازبێنیی ئان هاثەوەیدا) ویستی خۆیان هەبێت (لەوەی نەیانەوێت شێکسپیر ئان بخوازێت)، ئەوا ئان ڕێیەک شک دەبات (بۆ بەستنەوەی ویلیەم؟).

٣. بە گوێرەی پەندە ئینگلییەکە ١: مادەم ئەوانی تر ویستیان هەیە، کەواتە ئانیش ڕێیەک دەدۆزێتەوە (واتە مشووریان بۆ دەخوات).

٤. بە گوێرەی پەندە ئینگلییەکە ٢: ئەگەر ئەوانی تر (هەر کەسێک) ویستی خۆیان هەبێت، ویستەکەیان هەر ئان هاثەوەیە.

٥. به گوێرەی وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە: ئەگەر ئەوانی تر هونەری ویلیەم شێکسپیریان هەبێت، ئەوا ئان خوو و ڕەفتاری خۆی هەیە (و دەستبەرداری نابێت؟).

٦. ئەگەر دونیا ویلیەم شێکسپیرێکیان هەبێت، ئان هەر ڕێیەکی خۆی دەدۆزێتەوە (بۆ چ شتێک؟ لەخشتەبردنی شێکسپیر؟).

**ئەنجام**

لە کۆتاییدا *ویست*ەکە هەر وەک ویست دادەنێمەوە و لێدەگەڕێم ئەم ڕاڤەیەم واتاکانی لە پشتەوە بۆ دروست بکات. بۆ بەشەکەی تری ڕستەکەش واتا ڕووکەشەکە دەهێنم، کە لە کوردییەکەشدا ئاماژەی زیاتر دەدات، من ئەم ڕستەیە هەڵدەبژێرم:

ئەگەر ئەوانی تر ویستی خۆیان هەبێت ئان ڕێیەکی هەیە.

هەر وەک دەقە ماکەکەش هیچ بۆرێک (،) لە ڕستەکەدا دانانێم.

دەشێت ڕستەکە واتای تریش لە خۆ بگرێت، بەڵام دەبێت لە کۆتاییدا بڕیارێک بدەم و لەسەر ئەو ڕستەیەی سەرەوە دەگیرسێمەوە. **~ن.م.**

[173] **بە قودێ... سەرکۆنە بکرێت**: لە گۆرانییەکەی ئۆفیلیاوە هێنراوە لە شانۆنامەی *هاملێت*دا، دوای ئەوەی کە شێت دەبێت، دەڵێت:

*بە عیس و سانتی چاکەکاری،*
*مخابن، شەرم و شوورەییە!*
*کوڕی گەنج دەیکەن، گەر بۆیان هەڵبکەوێت؛*
*بە قودێ، ئەوانن کە پێویستە سەرکۆنە بکرێن!*
*وێ وتی: «پێش ئەوەی بمخەیت*
*بەڵێنت پێم دا بمخوازیت.»*
*وی وەڵامی دا: «جا وام دەکرد، بەو خۆرەی ئا ئەوێ،*
*گەر نەهاتیتایەتە نێو پێخەفەکەمەوە.»*

(هاملێت ٤: ٥، ٥٩-٦٦ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

ئۆفیلیا لە سەرەتای ئەم گۆرانییەوە هەوڵ دەدات سوێند نەخوات، چون یەکێک لە دە ڕاسپاردەکەی *تەورات* ئەوەیە کە ناوی خودا بۆ شتی پووچ نەبرێت «ناوی یەزدانی پەروەردگارتان بۆ شتی پووچ مەهێنن» (دەرچوون ٢٠: ٧)، بۆیەش دەڵێت: «بە عیس» نەک «عیسا»، پاشان لەو شوێنەدا کە من بە «قودێ» وەرمگێڕاوە، لە دەقە ماکەکەدا

نووسراوە: *by Cock* کەکۆک و گۆد *God* بە نزیکی هاودەنگی یەکترن، بۆیە ئۆفیلیا خۆی لە ناوهێنانی ڕاستەوخۆی خودا بە دوور دەگرێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە وشەکە بە واتای *کەڵەشێر* دێت، لە زمانی بازاڕیشدا بە واتای *کێر* دێت! واتە ئۆفیلیا لە هەمان کاتدا دەڵێت: «بە کێر»! هەر بۆیە دکتۆر تەها لە عەرەبییەکەدا نووسیویە: «وێ بە نەفرەت بێت» واتە هاثەوەی بە نەفرەت بێت. من هەوڵم داوە لە کوردییەکەدا بیکەم بە *قودێ/خودێ/قوزێ*. هەروەها ئەوەی کە دەڵێت: «پێش ئەوەی بمخەیت»، ڕۆبێرت مایۆلا دەڵێت واتە: «پێش ئەوەی کچێنیم لێ بستێنیت». بۆیە دەکرێت بە «لە خشتەم ببەیت»یش وەربگێڕرێت. **~ن.م.**

174 **بیست و شەشی جوانکیلە**: «بیستی جوانکیلە» {بە واتای بیست ساڵەی گەنج} دەستەواژەیەکی بازاڕییە بۆ کچێکی دڵخۆش، کە ئەمەش لە گۆرانیی قەرەقۆزەکەی (یان گەمژەکەی) نێو شانۆنامەی *شەوی دوازدەیەم*ی شێکسپیرەوە هاتووە، کە دەبێژێت:

خۆشەویستی چییە؟ ئایندە نییە،
خۆشیی ئێستا پێکەنینی ئێستا دەهێنێت.
هەمیشە کەس نازانێت چی ڕوو دەدات.
کامەرانی لە دواخستندا نییە،
کەواتە وەرە ماچم کە، ئەی بیستی جوانکیلە.
گەنجیی شتێکە نامێنێتەوە.

(شەوی دوازدەیەم ٢: ٣، ٤٨-٥٣ {خۆم وەرمگێڕاوە}). ئەو کاتەی شێکسپیر هاثەوەیی خواستووە، وێ بیست و شەش ساڵ بووە و شێکسپیر هەژدە. **~گ.س.**

175 **خواژنە چاوبۆرەکە**: لە *ڤینوس و ئادۆنیس*ی شێکسپیردا، ڤینوس بە ئادۆنیس دەڵێت:

ناتوانیت یەک چرچی لە نێو برۆمدا ببینیت؛
چاوانم بۆر و گەشن، خێران لە گێڕاندا،
جوانییەکەم وەک بەهار ساڵانە دەگەشێتەوە،
لەشم ساف و خرپنە، مۆخم بەجۆشە.
دەستی نەرم و شێدارم، کە ئەگەر لە دەستت بساوێت،
لە ناولەپتدا دەتوێتەوە، یان وا دیارە یان قاڵ دەبێتەوە.

(ڤینوس و ئادۆنیس ١٣٩-١٤٤ {خۆم وەرمگێڕاوە}). لە ئینگلیی سەردەمی ئەلیزابێثدا «چاوبۆر» یان «چاوی بۆر» واتە «چاوشین»، بەڵام «خواژنە چاوبۆرەکە» سەرناوێکی هۆمیرۆسییە بۆ ئەثینا، کە خودای دانایی بووە. **~گ.س.**

[176] **ئادۆنیسی منداڵ**: ئادۆنیس لە *ڤینوس و ئادۆنیس*دا وەک «کوڕەی ناسک» پەسن کراوە:

لە ژێر باڵێکدا لغاوی ئەسپی تیژڕەوی بەگوڕ؛

لە ژێر باڵەکەی تریدا کوڕەی ناسک،

(ڤینوس و ئادۆنیس ٣١-٣٢ {خۆم وەرمگێڕاوە}). بەڵام هۆنراوەکەی شێکسپیر ئەوەندەی باس لە یەکنەگرتنەوەی نەپاو و نەمر دەکات، ئەوەندە باس لە یەکنەگرتنەوەی تەمەنیان ناکات. **~گ.س.**

[177] **خۆی دەچەمێنێتەوە تا داگیر بکات**: لە شانۆنامەی *وێ خۆی دەچەمێنێتەوە تا داگیر بکات؛ یان هەڵەکانی سوارێک* (١٧٧٣)ی ئۆلیڤەر گۆڵدسمیث-ەوە هاتووە، کە خاتوو هاردکاسڵ، کە خانمی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، خۆی وا پیشان دەدات کە کچێکی مەیگێڕ و هەژارە، خۆی پیشان دەدات بۆ ئەوەی شەرمی مارلۆو-ی گەنج بشکێنێت و وای لێ بکات دڵی پیایدا بچێت. **~گ.س.**

[178] **وەک... هەڵئاوساو**: لە شانۆنامەی *مەکبێث*ی شێکسپیردا سێ جادووگەرەکە وەک ئاغای گلامیز (کە خۆی ئاغای گلامیز-ە) و ئاغای کودۆر و پاشا سڵاوی لێ دەکەن {واتە پێشبینییە بۆ ئەوەی ببێت بە ئاغای کودۆر و پاشا، چون مەکبێث هێشتا ئەو پلانەی وەرنەگرتووە}. هەر دوای ئەوەی جادووگەرەکان لە بەر چاو دیار نامێنن، ڕۆس و ئانگوس دێن و هەواڵی ئەوەی پێ دەدەن کە مەکبێث کراوە بە ئاغای کودۆر. مەکبێث ئەم هەواڵە وەک دووپاتکردنەوەی پێشبینیی جادووگەرەکان دەبینێت کە دواتر دەشبێت بە پاشا، بۆیە لە لاوە دەڵێت:

دوو ڕاستی وتران

وەک دەستپێکێکی شاد بۆ پەردەیەکی هەڵئاوساو

بە مژاری پاشایی.

(مەکبێث ١: ٣، ٥٧-٩١ {خۆم وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

«پەردەی هەڵئاوساو» زاراوەی شانۆییە، بە واتای بەشێک لە نمایش، کە بە مژار و ڕووداوی پاشایی هەڵئاوساو و چڕوپڕە. **~ن.م.**

[179] **کچەتیوێکی... دەخات:** «دەخات» هەر ئەو وشەیەیە کە ئۆفیلیا لە گۆرانیی شێتبوونەکەیدا دەیبێژێت و واتە: «پێش ئەوەی کچێنیم لێ بستێنیت»، لێرەدا واتە کچەکە کوڕێنی لە کوڕەکە دەستێنێت (بڕوانە ٩: ١٧٣). **~ن.م.**
بۆ «لە باخەگەنمێکدا» بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو. هاریس (لا. ٣٦٨) نووسیویە: «شێکسپیر پێمان دەڵێت: منیش هەروەها، ژنێکی بەتەمەنتر لە خۆم بێ ویستی خۆم سازی کردووم. ویستوویەتی جیهان ئەم گێڕانەوەی هاوسەرگیرییە ناوادەیە پەسەند بکەن. لەوانەیە شێکسپیری گەنج لە لەندەن کەمێک شەرمەزار بووبێت کە ژنێکی خواستووە کە نەیتوانیوە بە خەڵکی بناسێنێت یان بە ئاشکرا ددانی پێدا بنێت.». **~گ.س.**
[180] **لە نێو... ڕادەکشان:** چ ئەم دوو دێڕە و چ وشەکەی پێشتری ستیفن کە وتی «لە باخەگەنمێکدا»، لە گۆرانیی دوو خزمەتکارەکەی شانۆنامەی *چۆنت پێ خۆشەی* شێکسپیرەوە هاتوون، کە دەڵێت:

دڵدارێک و کەنیشکەکەی،
بە هەی، بە هۆ، بە هەی نۆ نۆ،
بەسەر *باخەگەنمێکی* سەوزدا ڕۆیشتن،
لە بەهاردا، کە کاتی خۆشی ئەڵقەگۆڕینەوەیە،
باڵندە دەیجریواند جریو جریو،
ئەم دڵدارە شیرینانە حەزیان لە بەهارانە.
* * *
لە نێو دۆمی چەوانا،
بە هەی، بە هۆ، بە هەی نۆ نۆ،
ئەم خەڵکە جوانەی ئاوایی ڕادەکشان،
لە بەهاردا، کە کاتی خۆشی ئەڵقەگۆڕینەوەیە،
باڵندە دەیجریواند جریو جریو،
ئەم دڵدارە شیرینانە حەزیان لە بەهارانە. **~گ.س.**

[181] **پاریس... باشلاوێنراوەکە:** (بڕوانە ٣: ١٦٨). ڕەگەزدۆزییەکە دەچێتە سەر پاریس لە ئوستوورەی گریکیدا، کە بەوە ئافرۆدیتیی لاواندووەتەوە کە خەڵاتی جوانترینی نێوان ئیرا و ئەثینا-ی پێ بەخشیوە. ئافرۆدیتیش لە بەرانبەردا پاریسی بەوە لاواندووەتەوە کە ئێلێنی

ترۆیای پێ بەخشیووە (لە ئەنجامی ئەمەشدا خەڵاتی وێرانکردنی ترۆیای بە پریامۆسی باوکی پاریس بەخشی). ~**گ.س.**

182 **بیچمێکی... هەڵماڵی**: دەوترێت گوایە جۆرج ویلیەم ڕەسڵ پیاوێکی زۆر میهرەبان بووە، هاوکات لە خوو نەریت و وابەستەییەکاندا زۆر بەزاکوون و ڕێک بووە. لە چەشنی ئەم ناوبڕکردنەی ئێرەی ئەوەندە دووبارە بووەتەوە کە لە نێو وێژەوانانی دەبلندا نیمچە ئەفسانەیەکی هەڵگرتبوو، بۆیە پێویست نییە وەک بێڕێزییەک بەرانبەر ستیفن لێکبدرێتەوە. ~**گ.س.**

183 **هۆمستێد**: (بڕوانە ٢: ١٢٩). ~**گ.س.**

184 **موور**: جۆرج موور (١٨٥٢-١٩٣٣) ڕۆماننووس و هۆنەر و درامانووس و وێژەوانێکی ئایر بوو. لە گەنجیدا لە پاریس شێوەکاریی خوێندووە و ژیانێکی بۆهیمییانە ژیاوە. بە خۆی وتووە «وەک پەڕەمۆم کاریگەری لە خۆم کۆ دەکەمەوە» و وا دیارە لە ڕاستیشدا هەر وا بووبێت. لە پاریس وەڵامی سرووشتگەراییەکەی زۆلای داوەتەوە و ماوەیەک بووە بە داکۆکیکارێکی سەرسەخت و بەکارهێنەرێکی سرووشتگەرایی لە کاری خەیاڵکرددا. بەڵام وەڵامی بۆ بۆدلێر و ژۆریس-کارل ویسمانس و واڵتەر پاتەر-یش هەبووە، کە ئەم کاریگەرییانە لە تافی بزوتنەوەی هەڵوەشاندنەوەدا لە ڕەفتارەکانیدا دەرکەوتبوو. ساڵی ١٨٨٠ تا ١٩٠١ لە ئینگلتەرا بوو، وای ڕاگەیاند کە لە بێبەزەییێتیی ئۆردوگای زۆرەملێکانی شەڕی بەوەری هێربێرت کیتچنەر (١٨٥٠-١٩١٦) هەڵهاتووە و ئینگلتەرای بە جێ هیشتووە و هاتووە بۆ ئایرلاند، کە تا ساڵی ١٩١١ لەوێ ژیا. موور لەم ماوە «ئایری»یەی پیشەکەیدا داکۆکی لە بووژاندنەوەی زمان و وێژە و ئوستوورەی ئایری دەکرد و لەگەڵ شانۆگای ئابەی و کەسێتییە وێژەوانەکانی بووژاندنەوەی وێژەی ئایریدا وەک یەیتس و سینگ و ئێدوارد مارتن و ڕەسڵ و لەیدی گرێگری و ئەوانی تردا دا تێکەڵاو بووە. بەو شێوەیەی خۆی لە ژیننامە سێبەرگییەکەیدا، *سڵاو و ماڵئاوایی* (١٩١١، ١٩١٢، ١٩١٤)، باسی دەکات، وا دیارە دڵساردبوونەوەکەی لە بووژاندنەوەی وێژەی ئایریدا لە ئەنجامی ئەوەوە بووبێت کە لە دەبلن ئەوەندە بە گەورە سەیر نەکراوە کە خۆیی پێ شایستە بووە. بۆیە، وا دیارە موور بەو مەبەستە گەڕاوەتەوە بۆ ئایرلاند تا سەرکردایەتیی بزووتنەوەیەک بکات کە خۆی بێ هیچ شتێک بەگورە، بەڵام ئەوانەی لە بزووتنەوەکەدا بوون زۆر ملکەچ نەبوون. موور لە ٤ی ئیلای پلەیسی باکوور ژیاوە، کە کۆڵانێکی مۆدە و بنبەستی هاوتەریبی باخچەی سانت ستیفنی ڕۆژهەڵات بووە. ~**گ.س.**

[185] **پایپەر**: ئالف ماکلۆکلین، کە سەرۆکی پەڕتووکخانەچییانی زانکۆی کۆلێجی گۆلوەی بووە، لە وتارێکی بڵاونەکراوەدا پایپەر وەک ویلیەم جەی ستانتن پایپەر (١٨٦٨-١٩٤١) دەستنیشان دەکات، کە دەرچووێکی قوتابخانەی ئامادەیی ئیرازموس سمیث بووە (بڕوانە ٨: ١٢٦) و لە ١٨٩٠کاندا کەسێتییەکی لاوەکیی وێژەوانانی دەبلن بووە. پەرۆشی زمانی ئایری بووە و خولیای لە تیۆسۆفی و سەوزەخۆریدا هەبووە. لە گەشتی کارەکەیدا، کە زۆر سەرنجڕاکێش نەبووە، ماوەیەک خەریکی ڕۆژنامەوانیی وێژەیی بووە. زۆر گەڕاوە و کاری سەیروسەمەرەی کردووە، لەوانە وەرگێڕان لە ڕووسییەوە (١٩١٥) و هەندێک یادەوەریی وێژەییانە (١٩٢٣). **~گ.س.**

[186] **پیتەر... پرواند**: ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا زوانخلّەتێنەیە، کە جۆیس لە گۆرانییەکی باخچەی ساوایانەوە هێناویەتی و بڕێک دەستکاریی کردووە. وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی دەقە ماکەکە وەهای لێ دێت: «پیتەر پایپەر دەنووکی دا لە دەبەیەکی هەڵبژاردەی دەبەیەک بیبەری ترشیات»، بەڵام وەها دەنووسرێت (کە بە کوردیش دەنگنووسییەکەی دادەنێم) *پیتەر پایپەر پێکد ئە پێک ئۆف پیک ئۆف پێک ئۆف پیکڵد پێپەر - Peter Piper pecked a peck of pick of peck of pickled pepper*. بەڵام دەقی گۆرانییەکە وەهایە: «پیتەر پایپەر دەبەیەک بیبەری ترشیاتی هەڵگرت: *پیتەر پایپەر پیکد ئە پێک ئۆف پیکڵد پێپەر - Peter Piper picked a peck of pickled pepper*.

ئەوەی جۆیس:

*Peter Piper pecked a peck of pick of peck of pickled pepper.*

ئەوەی گۆرانیی منداڵانەکە:

*Peter Piper picked a peck of pickled pepper.*

ئەمەش وەرگێڕانی هەموو کۆپلەی گۆرانیی باخچەی ساوایانەکەیە:

پیتەر پایپەر دەبەیەک بیبەری ترشیاتی هەڵگرت؛
دەبەیەک بیبەری ترشیات بوو پیتەر پایپەر هەڵیگرت؛
گەر پیتەر پایپەر دەبەیەک بیبەری ترشیاتی هەڵگرت،
کەواتە کوا دەبەی بیبەری ترشیاتەکەی پیتەر پایپەر هەڵیگرت؟

ئەو وشەیەی لە بەرانبەر «دەبە»دا وەرمگێڕاوە وشەی ئینگلیی *peck*ە، کە یەکەیەکی پێوانەیە و بە نزیکی دەکاتە ٨.٨ لیتر.

**زوانخڵەتێنە**: بە ئینگلی *tongue-twister*، ڕستەیەکە وشەکانی لە ڕووی دەنگەوە زۆر لە یەکەوە نزیکن و کە چەند جارێک دووبارە بکرێنەوە لەوانەیە هەڵەی تێدا بکرێت، وەک: «چوومە چەمی چەقەڵان، چەقەڵ چەڵتووکی تەقان(د)»؛ یان: «چوومە سەری کێلی قنجی قەبری کوڕی قەمرە لووڕی، ئافەرین قەمرە لووڕی بۆ کێلی قنجی قەبری کوڕی.»؛ یان: «گا قولە لەڕ و گا ڕەش لەڕ، کردمە مێرگێ خۆش لەوەڕ، گا قولە لەڕ گا ڕەش لەڕی ئەلێسا، گا ڕەش لەڕ گا قولە لەڕی ئەلێسا»؛ یان: «سی مەڕ سی جل سی جۆڵندە، چ مەڕ چ جل چ جۆڵندە!».

**دەنگنووسی**: بە ئینگلی *transliteration*، واتە نووسینەوەی وشە یان ڕستەیەک کە بە زمانێکی بێگانەیە، بەڵام بە ڕێنووسی ئەو زمانەی کەسەکە پێی دەخوێنێتەوە، بۆ یارمەتیدانی خوێنەرەکەیە لە خوێندنەوەی زمانە بێگانەکەدا، وەک نووسینەوەی وشە یان ڕستەی ئینگلی بە کوردی. **~ن.م.**

[187] **پێنجشەممەیە. کۆبوونەوەمان هەیە**: کۆمەڵەی ئێرمیسییەکان ڕۆژانی پێنجشەممە لە تەلاری داوسن لە ١١-١٢ی شەقامی داوسن کۆ دەبوونەوە. *ئێرمیسی* لە تیۆسۆفیدا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «وابەستەییە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی بەئەندامبوونەوە {یان دەستپێکەوە؟}؛ ئاوهاش نیهانی (esoteric) ناوەکییانە و شاراوەیە. ڕاستیی نیهانی ئەوەیە کە دەبێتە بنەمای شێوەکان و دۆگماکان؛ ئەوەیە کە لە خەڵکی ئاسایی شاراوەتەوە، بەڵام بۆ ئەوانە ئاشکرا دەبێت کە دەبنە ئەندام {؟ یان دەست پێ دەکەن؟}. (پاویس هاولت، *فەرهەنگی هەندێک زاراوەی تیۆسۆفی* [لەندەن، ١٩١٠]، لا. ٥٦، ٤٨). **~گ.س.**

[188] **یۆگیخێوقتوو**: ستانیسلاوس جۆیس (برای جەیمز جۆیس) دەڵێت کە گۆگەرتی وشەی «قتوو»ی بەرانبەر هۆڵی کۆبوونەوە و باڵەخانەی گشتی بە کار دەهێنا (ئادامس، لا. ٢٠٨). **~گ.س.**

وشەکە لێکدراوە، لە یۆگی و خێو و قتوو پێکهاتووە، قتوو لە بەرانبەر پاشگری -خانە-ی کوردیدایە، بە گوێرەی پەسنی گۆگەرتی (مەڵیگن)؛ یۆگی واتە ئەوەی خەریکی یۆگایە؛ خێو واتە جنۆکە. کەواتە یۆگیخێوقتوو واتە خانەی یۆگی و خێوەکان؛ سام سلەوت و هاوەڵەکانیشی دەڵێن کە گۆگەرتی بە هۆڵی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ئێرمیسیستت-ەکانی دەوت: «خێوقتوو»؛ لە سەدەی نۆزدەشدا بە تیۆسۆفیستەکانیان دەوت: «یۆگیخێوەکان». **~ن.م.**

[189] **پەردەلادان لەسەر ئیزیس**: ناونیشانی تەواوەتیی پەڕتووکەکە بەم شێوەیەیە: *پەردەلادان لەسەر ئیزیس، کلیلێکی سەرەکی بۆ گەیشتن بە ڕازەکانی زانست و فەلسەفەی دێرین و مۆدێرن* (١٨٧٦)، لە نووسینی هێلێنا پێترۆڤنا بلاڤاتسکی (بڕوانە ٧: ٣٦٥)، مریدەکانی وەک ڕێبەرینامەی باوەڕپێکراوی تیۆسۆفی سەیریان دەکرد. **~گ.س.**

[190] **هەوڵمان دا**: ئاماژەی *ئێمە*کە لە ژیانی ڕاستینەدا بۆ جۆیس و گۆگەرتییە؛ بڕوانە ئێڵمان لا. ١٧. **~گ.س.**

[191] **پەڕتووکە پالییەکە**: پالی، کە شێوەیەکی سانسکریتییە، زمانی نووسینی سیلۆن بووە (سری لانکا-ی ئەمڕۆ). بلاڤاتسکی لە پەڕتووکی *پەردەلادان لەسەر ئیزیس* (نیو یۆرك، ١٨٨٦) بەرگی یەکەم، لا. ٥٧٨دا پێی وایە کە سانسکریتیی پالی پێش ئەوەی لە ڕێی کۆچکردن و وەرگێڕانەوە بە بۆرما و هیندۆچین و چین و ڕۆژئاوا بۆ میسر و ئیسرائیل و گریک بڵاو بێتەوە، زمانی بەرایی (و پەیدایی) بووە و ئوستوورەی بەرایی جیهانی دێرین لە بنەچەدا هەر بەو زمانە دەرکی پێ کراوە. کەواتە «پەڕتووکی پالی» پەڕتووکی بەراییە، کە بنەمای ئوستوورەی بەرایی جیهانییە. **~گ.س.**

[192] **سایە و سەیوانێک**: بە دەربڕینێکی خۆمانەیی واتە چەتر. **~گ.س.**

[193] **ئاستی ئەستێرەیی**: لە تیۆسۆفیدا ماکەیەکی بانهەستیارییە، واتە هەستیاری پەیی پێ نابات، لای ئەو کەسانە هەستی پێ ناکرێت و دەرک ناکرێت کە نەهاتوونەتە نێو تیۆسۆفییەوە، لە سەرووی جیهانی بەردەستەوەیە و پاراوترە. کەسێک کە بە باشی لە مێدیتەیشنی تیۆسۆفییانە ڕاهێنرابێت دەتوانێت لەسەر ئاستی ئەستێرەیی «کار» بکات، لە تەواوی دەوروبەری خۆیدا پەی بە ماکەی جیهانی ئەستێرەیی ببات (بڕوانە ٨: ٣٢٤). **~گ.س.**

[194] **لۆگۆسی ئازتێکی**: بۆ لۆگۆس (بڕوانە ٩: ٣٨). بلاڤاتسکی (*پەردەلادان لەسەر ئیزیس* ١: ٥٥٧) دەڵێت کە «لە سرووت و بۆنە و نەریت و تەنانەت لە ناوی خوداکانیشدا شوناسێکی بێگەرد لە نێوان مەکسیکی و بابلی و میسرییە دێرینەکاندا هەبووە». دەڵێت: «لە نێو هەردوو خەڵکەکەدا تا بەرزترین پلە جادوو یان فەلسەفەی سرووشتیی نهێنی ئەنجام دراون» (١: ٥٦٠). لە هەر یەکێک لە ئوستوورەکاندا لۆگۆس هەیە، یان ڕاستینەیەکی بنچینەیی لە هەر خەیاڵکردێکدا هەیە» (١: ١٦٢)؛ کەواتە، لۆگۆسێکی ئازتێکی بنەمایەکە بۆ ڕاستینەیی جیهانی (تاکە هەرێمە گەردوونییەکە [١: ٥٦٠]) بە تامێکی ئازتێکی، لە

دوایین شیکاریدا لە ڕووی تیۆسۆفییەوە لەگەڵ لۆگۆسی بابلی و میسری و هیندۆسیدا چوونیەکە. **~گ.س.**

[195] **بانگیانی**: ئامادەییەکی بەرزبووەوەی ڤەتەشەنەسەندووە (واتە بە هەموو شوێنێکدا تەشەنە دەستێنێت) و وەک ئاستی ئەستێرەیی وایە. ڕاڵف والدۆ ئێمیرسن (١٨٠٣-١٨٨٢) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: «ئەو یەکێتییە، ئەو بانگیانییە، کە تیایدا بوونی تایبەتی هەر مرۆڤێک جێگیر بووە و لەگەڵ هەموو شتێکی تردا دەبێت بە یەک» (*بانگیان*، زنجیرەی یەکەمی وتارەکان، [بۆستن، ١٨٤١]). **~گ.س.**

[196] **مەهامەهاتما**: سانسکریتییە، مەهاتما واتە «گیانگەورە، دانا»؛ مەها واتە گەورە، ئاوهاش ئەمە واتە گیانگەورەگەورە. مەهاتما لە تیۆسۆفیدا کەسێکە کە گەیشتبێتە نیرڤانا، یان ڕەهابوون، بەڵام بۆ مەبەستی یارمەتیدان لە بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتیدا لەشی خۆی دەهێڵێتەوە (پاویس هاولت، *فەرهەنگی هەندێک زاراوەی تیۆسۆفی* [لەندەن، ١٩١٠]، لا. ٧٨). **~گ.س.**

[197] **چێلایی**: «چێلا» لە بوودیزمی نیهانیدا کەسێکە تازە هاتبێتە نێو ڕازەکانەوە. **~گ.س.**
واتە مرید. **~ن.م.**

[198] **دەوری دەگرن**: لەوە دەچێت لە گۆرانییەکی باخچەی ساوایانەوە هێنرابێت کە دەڵێت:

بە گیرفانی پڕ لە چەپکەگوڵەوە
دەوری گوڵین بگرن
دەی، دەی،
هەموو دابنیشن! **~گ.س.**

لەم یارییەدا کۆمەڵێک منداڵ بە دەوری «گوڵین»دا دەورە دەگرن و دەسووڕێنەوە و ئەم گۆرانییە دەبێژن، لەو کاتەی دەڵێت: «هەمووان دابنیشن!» دەبێت خێرا دابنیشن، دەنا خاوترین منداڵ دەبێت بە «گوڵین» و جا بە دەوری ئەودا دەسووڕێنەوە. **~ن.م.**

[199] **لویس ئێچ ڤیکتری**: وێژەوانێکی ئایری کەمناسراوی کۆتایی سەدەی نۆزدە بوو؛ لە کارەکانی: *کۆمەڵێک وتار بۆ ئایرلاند*؛ *ڤێرکارییە بەرزەکانی شێکسپیر*؛ *کۆمەڵێک وتار بۆ خۆشخۆر*؛ هەروەها هۆنراوەکانی: *وێناکردن لە نێو تەپوتۆزدا* (لەندەن، ١٩٠٣) (بڕوانە ٩: ٢٠٦). **~گ.س.**

لویس ئێچ ڤیکتری ساڵی ١٨٧٠ لە دەبلن لە دایک بووە. هاوڕێی ئەی ئی بووە، پەڕتووکێکیشی بە ناونیشانی *ڤێرکارییە بەرزەکانی شێکسپیر* (١٨٩٦) نووسیوە و پێشکەشی

ویی کردووە. بە درێژایی ١٨٩٠کان ئەندامێکی بازنە وێژەیی و هونەرییەکانی دەبلن بووە، بەردەوامیش ستوونی لە *ئایرش تایمز*دا نووسیوە. ساڵی ١٨٩٧ خاتوو لاورا جین دۆگلاس-ی لە دەبلن خواستووە، کە ئەویش ڕۆژنامەنووس بووە. ساڵی ١٩٠١ لە ٢ی کابرا پارەید لە کلۆنتارف ژیاون. ڤیکتری لە ناس لە کاونتیی کیلدێر بەڕێوەبەری جێبەجێکاری *لەینستە لیدەرس* بووە. ساڵی ١٩٠٧ ڕۆیشتووە بۆ ئوستورالیا، لەوێش هەر ڕۆژنامەنووسیی کردووە. ماوەیەکیش لە ئەمەریکا ژیاوە. ساڵی ١٩٢٤ بەشگەی فۆر سیس لە بۆستن پەڕتووکی سەرجەمی هۆنراوەکانی ویپان بڵاو کردووەتەوە. چوار ساڵی ١٩١٧-١٩٢٠ نەبێت، کە لە ئەندامانی *کۆرک ئێگزامینەر* بووە، بە درێژایی ژیانی هەر لە دەرەوە کاری کردووە. لە دەستەی نووسەرانی *یۆرکشییە هێرەڵد* بووە و ساڵی ١٩٤٠ دوای مەرگی ژنەکەی گەڕاوەتەوە بۆ دەبلن. لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٧ لە ماڵی خوشکەکەی لە ٢٧ی شەقامی شێرەردی سەروو لە دەبلن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی دینسگرەینج لە کاونتیی دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[200] **تی کۆلفیلد ئیروین**: (١٨٢٣-١٨٩٢)، هۆنەر و چیرۆکنووسێکی ئایر بوو. لە ڕۆژانی کۆتایی تەمەنیدا تووشی جۆرە ئەنگاوتەیەک ببوو کە هاوڕێیەکی نەناسراوی پێی دەوت: «کەڵکەڵەیەکی ناسک». دراوسێیەکی تەنیشتی لە دەبلن دیدگایەکی وەها دڵسۆزانەی نەبوو، بەڵکو وتبووی: «دەڵێت من دوژمنی ئەوم و بە نێو ئەستوورایی ئەو دیوارەوە کە ماڵەکانمان لە یەکتر جیا دەکاتەوە چاودێریی ئەو دەکەم و دەڵێت دەبێت یەکێکمان چۆڵی بکەین. ماڵەکەی من پڕە لە پەڕتووک و ئەویش تەنها دەمانچەیەک و چەترێکی هەیە». **~گ.س.**

تۆماس کۆلفیلد ئیروین لە ٤ی ئایاری ١٨٢٣ لە وارنپۆینت لە کاونتیی داون لە دایک بووە، باوکی پزیشکێکی دەوڵەمەند بووە. بە شێوەی تایبەت وانەی خوێندووە و زۆر بە ئەورووپا و باکووری ئەفریقا و سووریادا گەڕاوە، مامۆستاکەیشی لەگەڵ بووە. نیازی وا بووە پزیشکی بخوێنێت، بەڵام سامانی خێزانەکەی زۆر کەمی کردووە. لە ڕۆژنامەی *ئایرش پیپل* بووە بە نووسەر، جارجار بابەتیشی بۆ ڕۆژنامەکانی *نەیشن* و *بێڵ* و *دەبلن ماگەزین*یش نووسیوە، حەوت دیوان و پەڕتووکێکی پەخشانی هەیە. ژنی هێناوە و کوڕێکی بووە، کە بە منداڵی مردووە. ئیروین کەسێکی شبر بووە، بێسەرەوبەرانە و تا ڕادەیەک ناخۆش ژیاوە، کەسێکی سەوزەخۆر بووە و پشیلەی خۆش ویستووە. لە ١ی شەقامی پۆرتلاند لە شەقامی نیمچەبازنەیی باکوور ژیاوە، دواتر چووەتە ٤١ی سانت ستیفنس گرین. لە ٢٠ی شوباتی

١٨٩٢ لە ماڵی خۆی لە ٣٦ی شارێی ماونتپلێزەنتی سەروو لە ڕاثماینس مردووە و لە گۆڕستانی سانت جێرۆم نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[201] **خانمانی... دەکەن**: خانمانی لۆتۆس ئاسپارا-کانن، کە هەندێک نیمفی سەرنجڕاکێشی ئوستوورەی هیندۆسین و پاداشتی ئەوانەن کە لەسەر زەوی دەگەنە ئەوپەڕی زوهد. لە شانۆنامەی *ئەنتۆنیوس و کلیۆپاترای* شێکسپیردا ئەینۆباربوس (کە کەسێتییەکە) کە بۆ یەکەم جار کلیۆپاترا دەبینێت بەم شێوەیە پەسنی خۆی و ئەوانە دەکات کە لە دەورین:

خانمە ناوخاسەکانی وێ، وەک نیریوسزادەکان [نیمفە دەریاییەکان]
زۆر پەریی دەریایی، لە پێش بینایی وێدا چاودێرییان دەکرد،
نووشتانەوەکانیانیان کردبووە ڕازاندنەوە.

(ئەنتۆنیوس و کلیۆپاترا ٢: ٢، ٢١١-٢١٣ {خۆم وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[202] **لووەسنەوبەرییەکانیان**: گوایە لووی سنەوبەری (یان تەنی سنەوبەری) لە تیۆسۆفیدا ڕۆژێک لە ڕۆژان «سێیەم چاو» بوون و بینایی بەرزی گیانییان دیوە، بەڵام «گۆڕاوە بەو تەنەی کە لای پزیشکان بە لووی سنەوبەری ناسراوە. ئێستانان تواناکانی ئەم تەنە لە مرۆڤدا شاراوەیە، هەندێک کەسی لێ دەربچێت؛ بەڵام گوایە لەگەڵ پەرەسەندنی زیاتریدا چالاک دەبن و ئەو کاتە ئاگایی بەرزتری جیهانی ئاوەزەکی دەتوانێت لە ڕێی مێشکی بەرجەستەوە لە خۆی دەرببڕێت (پاویس هاولت، *فەرهەنگی هەندێک زاراوەی تیۆسۆفی* [لەندەن، ١٩١٠]، لا. ٩٩). **~گ.س.**

[203] **بوودا لە ژێر دارمۆزیلەیەکدا**: لە ئەفسانەی بووددادا: دوای ئەوەی بوودا دەست لە پیشە دونیاییەکەی هەڵدەگرێت، هەوڵی زوهدێکی لەڕادەبەدەر دەدات. دواتر لەمە دوور دەکەوێتەوە (چون مێشکی ئازاد نەدەکرد) و لە ژێر درەختی داناییدا کە درەختی هەنجیرەڕەشە بووە، نەک درەختی مۆزیلە، دەست دەکات بە ڕامان، یان یۆگا. بوودا لە کاتی ئەم ڕامانانەدا گەیشتووە بە ڕۆشنبوونەوە؛ بە زاراوەی تیۆسۆفی: گەیشتووە بە ئاستی ئەستێرەیی و توانیویە ببێت بە یەکێک لە ڕزگارکەرانی جیهان. **~گ.س.**

**هەنجیرەڕەشە**: بە ئینگلی *peepul* یان *bo tree*: جۆرە هەنجیرێکی هیندییە، ناوە زانستییەکەی Ficus religiosaیە، لای بوودییەکان پیرۆزە. **~ن.م.**

[204] **قووتدەرەوەی... قووتدەرەوە**: ئەمە خودایە، کە لە زاراوەی تیۆسۆفیدا گیانەکان لە خودی خۆی دەردەکات و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ نێو خۆی، لەبەر ئەوەی هەموو گیانەکان لەگەڵ خودادا هەمانن و لەوەوە هاتوون. زۆربەی گیانەکان لە ژیانی زەمینییاندا سەرچاوە

خوداییەکەی گیانی خۆیانیان لە بیر دەچێتەوە، ئەگەرچی هێشتاش هەر لە ناخیاندایە. **~گ.س.**

ئەمە نیشانەیە بە کاریڤدیس، کە ئاوە ڕەشەکان قووت دەدات. **~س.ت.م.٢**

[205] **نێرگیانەکان... ئاخوداخ هەڵدەکێشن**: ئەمە پەسنی دانتێمان بە بیر دەهێنێتەوە لە سزای ئەوانەی ئاڵۆشبازییان کردووە. ئەم کەسانە لە سروودی پێنجەمی *دۆزەخ*دا لە نێو بایەکی دۆزەخییانەدا گیر دەخۆن کە هەرگیز هێور نابێتەوە:

وەکو دەریای ژێر گەرداو هاشەی دەهات،
کە کەوتبێتە بەر زەبری دوو دژەبا.
گەرداوی دۆزەخ قەت هێور نابێتەوە
ڕۆحەکان ڕادەماڵێ و دەیانبا
تێکیان دەسووڕێنێ و پێکیان دادەدا و تێکیان دەکوتێ.
کە ڕۆحەکان دەگەنە بەردەم کەلاوە
قیژە و ناڵە و ناورانەوەیە
کفر بە نیعمەتی خوا دەکەن.
زانیم ئەم تەرزە ئەشکەنجەیە
هی ئەو گوناهبارە ئاڵۆشپەرستانەیە
کە ئاوەز دەخەنە ژێر پێی ئالۆش.

(دۆزەخ ٥: ٣٠-٣٩ {وەرگێڕانی عەزیز گەردی}). **~گ.س.**

[206] **مێگیانێک... نیشتەجێ بوو**: تێکدراوی دوو دێڕی سەرەتای هۆنراوەیەکی لویس ئێچ ڤیکترییە (بڕوانە ٩: ١٩٩) بە ناوی *دەمەلاسکەیەکی گیانشڵەژێن*، کە هۆنراوەیەکە لە بارەی مەرگی منداڵێکەوە دەدوێت، وەها دەست پێ دەکات:

مێگیانێک بۆ چوار ساڵ
لە پووچییەکی نموونەیی لەشدا نیشتەجێ بوو. **~گ.س.**

[207] **میستەر... کۆ دەکاتەوە**: *گۆرانیی نوێ، بژاردەیەک هۆنراوە*؛ ئەی ئی ئامادەی کردوون پێکهاتووە لە هۆنراوەی پەدرایک کۆلوم، ئێڤا گۆربووث، تۆماس کۆلەر، ئالیس میلیگن، سوزان میتچڵ، سیمس ئۆسولیڤان، جۆرج ڕۆبێرتس، ئێلا یۆنگ [جاک بی یەیتس پێشوێنەکانی کێشاوە] (دەبلن، ١٩٠٤). ئەی ئی (جۆرج ویلیەم ڕەسڵ) لە پێشەکییە بێناونیشانەکەیدا بەم شێوەیە ئەم هۆنراوانە پەسن دەکات: «کەشێکی نوێی هۆنراوەی

ئایریین... هەندێکن لەو شێوازە نوێیەی بای هۆنراوە دایناون کە ئەمڕۆ بەسەر ئایرلاندندا هەڵیانبکات» (لا.٥) لەسەر ئەو پێشەکییە نووسراوە کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٠٣دا نووسراوە. چاپی یەکەمی ئەم پەڕتووکەش لە ئایاری ١٩٠٤دا بوو بە بابەتی «سەرنجێکی وێژەوانی»ی ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی کە لە گۆڤاری *دانا: گۆڤارێک بۆ بیری ئازاد*دا بڵاو کرایەوە، ئیدیتی جۆن ئێگلنتن؛ بۆیە «شەبەیخوونە وێژەییەکە» لە ئێستای ڕۆمانەکەدا ڕووی داوە. ڕوون نیە داخۆ جۆیس ویستوویەتی پەڕتووکخانەچییەکە وەک کەسێکی دواکەوتوو لە ڕووی کاتەوە پیشان بدات، یان پەڕتووکەکە هێشتا بڵاو نەبووەتەوە، یان هەڵەیە. ڕەسڵ هیچ هۆنراوەیەکی جۆیسی لە پەڕتووکەکەیدا دانەناوە. بڕوانە ئێلمان لا. ١٧٤. **~گ.س.**

[208] **بە هێواشی... ئەریستۆتێلیس**: پەڕتووکی *کێشەکان*، لە نووسینی ئەریستۆتێلیس: ٣٥: ١٠: «کێشەکانی کاریگەریی ساوین»: «بۆچی کە تەنێک بە دوو پەنجە هەڵدەگیرێت وا دەردەکەوێت دوو دانە بێت؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە لە دوو خاڵی هەستەوەرەوە دەیساوین؟ چون کاتێک کە دەستمان بە شێوەی وەستانی سرووشتیی خۆی ڕادەگرین، ناتوانین تەنێک بە بەشی دەرەوەی دوو پەنجەمان هەڵبگرین». **~گ.س.**

[209] **ناچارێتی... وەکوتر بێت**: ئەریستۆتێلیس لە پەڕتووکی *مێتافیزیک* (پەڕتووکی گاما ٣: ١٠٠)دا دەڵێت: «بنەمایەک کە لە هەمووان دڵنیاترە ئەمەیە، کە ناکرێت هەمان مۆرک لە هەمان ڕووەوە هی هەمان بابەت بێت و نەبێت»؛ لە ٥ :١٠١٥دا دەڵێت: «ئەوەی کە ناکرێت وەکوتر بێت بەناچار وایە کە هەیە». **~گ.س.**

بۆ تێگەیشتنی زیاتر و ڕاڤەی ئەم ڕستەیە پەیوەندیم بە کاک ڕێبوار قارەمانییەوە کرد و لەوم پرسی، دەستی خۆش بێت و زەینی هەر ڕۆشن بێت و ماڵی ئاوەدان بێت، ڕاڤەیەکی زۆر ڕوون و تێر و تەسەلی بۆم نووسی و ڕێی پێم دا لێرەدا بڵاوی بکەمەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

> ئەوەی کە لێرەدا ستیفن باسی دەکات یاسا/بنەمای نالێکدژییە (The law of noncontradiction)، کە هەندێک جار بە یاسای لێکدژی (The law of contradiction) ناوی دەبەن. یاساکە بەم جۆرەیە کە ئەگەر داوەریی ب ڕاست بێت، ئەوە پێچەوانەی ب هەڵەیە؛ چونکە ئەگەر ب و پێچەوانەکەی هەردووکیان ڕاست بن، ئەوە بەو واتایەیە کە ب خۆیشی لە یەک کاتدا ڕاست و هەڵەشە. ئەمەش مەحاڵە.

یاسای نالێکدژی یەکێکە لە یاسا پێشینی (a priori)یەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ. واتە ئێمە ئەم یاسایە لە ئەزموونەوە وەرناگرین، بەڵکو دەبێت ئەم یاسایە بە شێوەی پێشینی لامان بێت بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵەیەکی هزری لەگەڵ جیهاندا بکەین.

یاساکە یاسایەکی ناچارەکی (necessary)ی بیرکردنەوەی مرۆڤە، لەبەر ئەوەی بە ناچاری ئەگەر ب ڕاست بێت، ئەوە پێچەوانەی ب هەڵەیە. ئەگەر ئەم یاسایە نەبێت، لەڕاستیدا پرسی ڕاستی (truth) ون دەبێت.

ئەوەی ستیفن بیری لێ دەکاتەوە بەم جۆرەیە:

Necessity is that in virtue of which it is impossible that one can be otherwise.

ناچارێتی ئەوەیە کە بە هۆیەوە/لە سایەیدا مەحاڵە کەسێک وەکوتر بێت.

واتە ناچارێتی وا دەکات مەحاڵ بێت کەسێک وەکوتر/بە جۆرێکی تر بێت. بە دەربڕینێکی تر، کەسێک کە بەو جۆرەی هەیە هەیە، بە ناچارێتی ئاوا هەیە و ناکرێت ئاوا نەبێت. ئەمە دەمانباتەوە سەر یاسای هەمانێتی ( The law of identity)، کە دەڵێت: «ڕێبوار ڕێبوارە»، یانیش «ڕێبوار=ڕێبوار»، بە زمانە لۆژیکییەکەی: «ئەلف ئەلفە نەک نائەلف»، یانیش مەحاڵە ئەلف لە هەمان کاتدا ئەلفیش بێت و ئەلفیش نەبێت. پێچەوانەی یاسای هەمانێتی لێکدژی دروست دەکات، چونکە دەمانگەیەنێتە ئەوەی ئەلف نائەلفە، یانیش ئەلف ئەلف نییە. یاسای هەمانێتییش یاسایەکی پێشینیی بیرکردنەوەی مرۆڤە و بێ ئەم یاسایە ئێمە ناتوانین نە بیر لە خۆمان بکەینەوە وەک ئەوەی هەین و نە بیریش لە هیچ شتێکی دەرەوەی خۆمان بکەینەوە. بۆیە یاسای هەمانێتی بە یاسای نالێکدژی پشتڕاست دەکرێتەوە.

بۆ (Otherwise) دەبێت دوو جۆری سەرەکی لە داوەری جیا بکەینەوە. کۆمەڵێک داوەریمان هەن کە دەتوانین پێچەوانەکانیان وێنا بکەین، بەڵام بۆ هەندێک داوەری ئەمە مەحاڵە. بۆ نموونە بڕوانە ئەم دوو داوەرییەی خوارەوە:

١. سبەی ڕۆژ دەبێتەوە.

٢. هیچ گشتێک لە بەشەکانی گشتەکە بچووکتر نییە.

داوەریی ١ لەو جۆرە داوەرییانەیە کە ئێمە دەتوانین پێچەوانەکەی وێنا بکەین، چونکە دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە سبەی ڕۆژ نەبێتەوە. بەڵام داوەریی ٢

لەو جۆرە داوەرییانەیە کە پێچەوانەکەی ناکرێت وێنا بکرێت، چونکە ئەگەر گشتێک لە بەشەکانی گشتەکە بچووکتر بێت، ئیتر نە گشتەکە گشتی ئەو بەشەیە و نە بەشەکەش بەشی ئەو گشتەیە. واتە داوەریی ١ وەکوتریێتی هەڵدەگرێت، بەڵام داوەریی ٢ وەکوتریێتی هەڵناگرێت.
بنەماکەی ئەریستۆتێلیس کە هەمان بنەمای نالێکدژییە: «بنەمایەک کە لە هەمووان دڵنیاترە ئەمەیە، کە ناکرێت هەمان مۆرک لە هەمان ڕووەوە هی هەمان بابەت بێت و نەبێت». (١٠٠٥) «ئەوەی کە ناکرێت وەکوتر بێت بەناچار وایە کە هەیە.» (١٠١٥).
ڕیڤ ئەمەی ئاوا وەرگێڕاوە:
«کەواتە ڕوونە کە بنەمایەکی وا دەبێت جێگیرترینی هەموویان بێت. بەڵام ئەوەی دوای ئەمە دەبێت بیڵێین ئەمەیە: ناکرێت هەمان شت لە هەمان کاتدا و لە هەمان ڕووەوە هی هەمان شت بێت و نەبێت». (١٠٠٥)
«جگە لەمە، دەڵێین: بۆ ئەوەی وەکوتربوون هەڵناگرێت، ناچارەکییە کە وەها بێت کە هەیە.» (١٠١٥ب). **~ن.م.**

[210] **ئارگال**: لە *هاملێت*ی شێکسپیرەوە هێنراوە. ئەمە دەربڕینی هەڵەی گۆڕهەڵکەنەکەی دیمەنی یەکەمی پەردەی پێنجەمە کە لە بری وشەی *ئێرگۆ*-ی لاتینی، بە واتای «کەواتە» ئەم وشەیە بە کار دەهێنێت، کە وشەیەکە لە ئارگومێنتسازیی فێرکاریدا بە کار دەهێنرێت. **~ن.م.**

[211] **کۆلومی گەنج**: پەدرایک کۆلوم (١٨٨١-١٩٧٢)، هۆنەر و درامانووس و وێژەوانێکی ئایر بوو. لە پەڕتووکی *وێژەی ئایری*دا بەم شێوەیە باس کراوە (ئیدیتی جەستن مەککارثی، مۆریس ئیگن، دۆگلاس هاید [نیو یۆرک، ١٩٠٤]، بەرگی ٢، لا.٦١٢)، «پەدرایک کۆلوم یەکێکە لە دوایین ئایرە گەنجەکان کە لە جیهانی وێژەدا ناوێکی بۆ خۆی دروست کردووە. کارێکی بە ناونیشانی *گۆرانیی نوێ، بژاردەیەک هۆنراوە*؛ جۆرج ڕەسڵ ئامادەی کردوون لە *یونایتد ئایرشمان* و هەڵبژاردەیەکی سەرنجڕاکێشدا بڵاو کراوەتەوە» بڕوانە پەڕتووکی *جەیمز جۆیسی هاوڕێمان*، دانانی پەدرایک و ماری کۆلوم (نیو یۆرك، ١٩٥٨). **~گ.س.**
پەدرایک کۆلوم کوڕی پاتریک و سوزان کۆلوم بووە، لە ٨ی کانوونی یەکەمی ١٨٨١ لەو وەرشەیەی لۆنگفۆرت لە دایک بووە کە باوکی لەوێ کاری کردووە، دواتر کارەکەی لە دەست داوە و چووە بۆ ئەمەریکا. سێ ساڵ دواتر گەڕاوەتەوە و لە گلاسئیول لە کاونتیی

دەبلن کاری کردووە. کۆلوم هەر لە ناوخۆ خوێندوویە و دوای تەواوکردنی خوێندنیش لە هێڵی شەمەندەفەری ئایرلاند لە شەقامی کیلدێر کاری کردووە، هەر ئەو کاتەش دەستی کردووە بە نووسین و بواری چوار ساڵ خوێندنی پێ دراوە، ئەمەش ڕێی بۆ خۆش کردووە بە درێژایی ڕۆژ بنووسێت. ساڵی ١٩٠٣ شانۆگای وێژەیی ئایری شانۆنامەی *خاکی بەزیو*-ی کۆلومی نمایش کرد، کە دواتر دووبارە نووسییەوە و ناونیشانەکەی گۆڕی بە *ماڵی کەمانچەژەنەکە*، شانۆگای ئابەی ساڵی ١٩٠٥ شانۆنامەی *خاکەکەی* نمایش کرد. باشترینی هۆنراوەکانی سەرەتای کاری وی لە *یونایتد ئایرشمان*دا بڵاو دەکردەوە، کە ڕۆژنامەکەی ئارثەر گریفیث بوو، کە *شوانەکە* و *جووتکارەکە* و *کۆڵیارە هەژارەکە* سیان بوون لەو کارانە، دواتر ساڵی ١٩٠٧ لە *زەویی کێوی*دا بڵاو کرانەوە، کە یەکەم دیوانی وی بوو و پێشکەشی ئەی ئیی کردبوو. ساڵی ١٩١١ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا گۆڤارێکی وێژەییان بە ناوی *ذە ئایرش ڕیڤیو* دامەزراند، کە زۆر درێژەی نەکێشا، بەڵام لەو ماوە کەمەی دەردەچوو هۆنراوە و شانۆنامە و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بڵاو دەکردەوە. کۆلوم خاتوو ماری ماگوایەر-ی خواست و ساڵی ١٩١٤ چوون بۆ ئەمەریکا و هەردووکیان لە زانکۆی کۆلومبیا وانەیان دەوتەوە، بە درێژایی هەموو ژیانیان هەر لە ئەمەریکا مانەوە، جگە لە ١٩٣٠ تا ١٩٣٣، واتە بۆ سێ ساڵ، کە چوون بۆ فەڕەنسا. لە پاریس ناسیاوییەکەیان لەگەڵ جەیمز جۆیسدا نوێ کردەوە، کە کۆلوم بە تایپکردنی «کار لە پەرەپێداندا» و پێدانی هەندێک پێشنیار لە بارەیەوە یارمەتیی جۆیسی دەدا. ساڵی ١٩٥٣ سەرجەمی هۆنراوەکانی کۆلوم بڵاو کرایەوە، ساڵی دواتر ئەکادیمیای وێژەی ئایری مەدالیای گرێگرییان بۆ باشترین کاری وێژەیی پێی بەخشی. ژنەکەی لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ کۆچی دوایی کرد و دوای مەرگی وێ کاتەکانی خۆی لە نێوان ئەمەریکا و ئایرلانددا دابەش دەکرد. کە لە دەبلن بوو لای خوشکەکەی دەمایەوە بە ناونیشانی ١١ی شەقامی ئەدەنڤیل لە ڕانەلاخ. ساڵی ١٩٥٨ زانکۆی کۆلێجی دەبلن و زانکۆی کۆلومبیا خەڵاتی دکتۆرایان پێی بەخشی. ساڵی ١٩٥٩ پەڕتووکی *جەیمز جۆیسی هاوڕێمان*ی بڵاو کردەوە. بە کۆی گشتی ٦١ پەڕتووکی بڵاو کردووەتەوە. لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٢ لە ئینفیلد لە کەنێکتیکوت لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی سانت فینتن لە سەتن، کە نزیکی هاوث-ە لە کاونتیی دەبلن بە تەنیشت ژنەکەیەوە نێژراوە، خاچێکی گەورەی کەڵتی بە گۆڕەکەیانەوەیە. **~ڤ.ئ.**

**کار لە پەرەپێداندا**: بە ئینگلی *Work in Progress* : ناونیشانی پەڕتووکی دوای *ئولیس* بوو کە جەیمز جۆیس دەینووسی، بەڵام دواتر ئەم پەڕتووکە *فینیگەنس وەیک*-ی لێ دەرچوو، واتە جۆیس ناونیشانەکەی گۆڕی. **~ن.م.**

[212] **ستاڕکی**: لە لەدایکبووندا ناوی جەیمز سولیڤان ستاڕکی (١٨٧٩-١٩٥٨) بووە، هۆنەر و ئیدیتەر بووە. دواتر ناوی گۆڕیوە بە سیمس ئۆسولیڤان. ڕەسڵ پێنج هۆنراوەی ئەمی لە بژاردەکەی خۆیدا داناوە. هۆنراوەکانی سەرەتای بە «دەروونی و خەمناکی ناسک» پەسن کراون؛ لە هۆنراوەکانی دواتریدا پێداگرییەکی وارگێڕییانەی بۆ دۆخی ئاوابوونی کەڵتی تێدابوو. **~گ.س.**

ستاڕکی، ناسناوی سیمس ئۆسولیڤان-ە، کە بە منداڵی ناوی جەیمز سولیڤان ستاڕکی بووە، لە ١٧ی تەمموزی ١٨٧٩ لە دەبلن لە دایک بووە. کوڕی ویلیەم ستاڕکی بووە، باوکی لە هۆڵی پزیشکیی ڕاثماینس دەرمانخانەیەکی هەبووە بە ناونیشانی ٨٠ی شەقامی ڕاثماینس. خێزانەکەیان لە ٨ی نیوینگتن تێرەس ژیاون. لە کۆلێجی وێزلی لە سانت ستیفنس گرین خوێندوویە. پاشان ماوەیەکی کورت چووەتە زانکۆی پزیشکیی کاسۆلیکی لە شەقامی سێسیلیا، دواتر لە دەرمانخانەکەی باوکیدا بووە بە شاگرد. ژیانی وێژەیی وی لەساڵی ١٩٠٢ەوە دەستی پێ کردووە، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی هەندێک هۆنراوە لە ڕۆژنامەی *ئایرش هۆمستێد* و *یونایتد ئایرشمان* و *سێڵتیک کریسمس*دا. دواتر بەرهەمی تریشی وەک پەڕتووک بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٢٣ گۆڤاری *دەبلن ماگەزین*ی دامەزراندووە و تا ساڵی ١٩٥٨ خۆی سەرنووسەری بووە. لە گرەینج هاوس لە وایتچەرچ نزیک ڕاثفارنهام ژیاوە. ساڵی ١٩٢٦ خاتوو ئێستێللا سۆلۆمۆنس-ی (١٨٨٢-١٩٦٨) خواستووە، کە وێنەکێش بووە و لە ٢ی شەقامی مۆڕهامپتن لە دانیبرووک ژیاون. ئۆسولیڤان ماوەی چەندین ساڵ سەرۆکی ڕێکخراوی پێن-ی دەبلن بووە. لە ٢٤ی ئاداری ١٩٥٨ لە دەبلن مردووە. **~ڤ.ئ.**

[213] **جۆرج ڕۆبێرتس**: (١٩٥٢ مردووە) «لە لایەک وێژەوان و لە لایەک بزنسمان بووە» (*جەیمز جۆیسی هاوڕێمان*، دانانی پەدرایک و ماری کۆلوم [نیو یۆرك، ١٩٥٨] لا.٦٠). لە کۆتاییدا بوو بە ئیدیتەری بەڕێوەبەری خانەی بڵاوکردنەوەی ماونسل و هاوبەشەکانی لە دەبلن (کە لەم پێگەیەدا گرێبەستی لەگەڵ جۆیسدا واژۆ کرد بۆ بڵاوکردنەوەی *دەبلنییەکان*، کە دواتر لە ئەنجامی مشتومڕێکی سەرنجڕاکێشدا ئەم گرێبەستە جێبەجێ نەکرا) (بڕوانە ٤: ١٨٩). **~گ.س.**

[214] **لۆنگوۆرث لە ئێکسپرێسدا**: ئێرنست ڤیکتۆر لۆنگوۆرث (١٨٧٤-١٩٣٥) لە ١٩٠١ تا ١٩٠٤ ئیدیتەری ڕۆژنامەی *دەیلی ئێکسپرێس* بووە، ئەم ڕۆژنامەیە لە دەبلن دەرکراوە و لایەنگری ئینگلەکان بووە و پارێزکار بووە. بڕوانە چیرۆکی *مردووەکەی دەبلنییەکان*، کە تیایدا گابرییێل کۆنرۆی ڕاپۆرت بۆ ئەم ڕۆژنامەیە دەنووسێت و لە ئەنجامدا لەگەڵ خاتوو ئایڤۆرسدا کە ناسیۆنالیستێکە، تووشی کێشە دەبێت. **~گ.س.**

ئێرنست ڤیکتۆر لۆنگوۆرث کوڕی دانییێل لۆنگوۆرثی ڕاید بووە، ساڵی ١٨٧٤ لە ئینگلتەرا لە دایک بووە، لە قوتابخانەی ئیرازموس و دواتر لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن خوێندوویە، دواتریش بووە بە وردبینی کۆمەڵەی مێژوویی کۆلێجەکە. ساڵی ١٩٠١ تا ١٩٠٤ سەرنووسەری *دەیلی ئێکسپرێس* بووە لە دەبلن، کە ڕۆژنامەیەکی کۆنپارێز و لایەنگری بەریتانیا بوو. هەندێک هەڵسەنگاندنی جۆیسی بڵاو کردووەتەوە، لەوانە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی بۆ *هۆنەران و خەونبینانی* لەیدی گرێگری لە ٢٦ی ئاداری ١٩٠٣دا. هەر لەو ساڵەشدا بووەتە پارێزەر لە ئایرلاند. لە ٤ی شەقامی هیوم ژیاوە، هاوڕێی جۆرج موور بووە، کە نزیکی یەک ژیاون. پارێزەریی کردووە و لە بواری ڕاوێژکاریی یاساییدا یارمەتیی مووری داوە. لە ١٩٢٠کاندا چووە بۆ لەندەن و لەوێ نیشتەجێ بووە، لەوێش هەر هاوڕێیەتیی مووری کردووە. لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٣٥ لە ئیوێڵ لە سوری لە بەریتانیا مردووە و لە گۆڕستانی ئیپسۆم نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[215] **شوانەکەی کۆلوم**: هۆنراوەیەکی پەدرایک کۆلوم-ە کە لە نێو بژاردەکەی ڕەسڵدا بڵاو کراوەتەوە، ئاوها دەست پێ دەکات:

خۆم و وڵاخەکانم
لە گردە تەڕەکانی لای دەریاکەوە
بە نێو لیتریم و لۆنگفرددا
بەرەو لەوەڕگاکانی میث دەڕۆین.

دوایین کۆپلەی دەڵێت:

ئەی ڕەشەوڵاخەکەم، دەتانهێنم
بۆ ئەو جێیەی گیا تا سەر ئەژنۆیە؛
بەڵام وای دەبینن کە بەروبوومە کەمەکان
بە خوێی دەریاکە زبر بوون. **~گ.س.**

[216] **یەیتس سەرسامی... ڕووتەندا:** ئەو هۆنراوەیە هۆنراوەی «وێنەیەک»ی پەدرایک کۆلوم بوو، کە یەکەم هۆنراوەی بژاردەکەی ڕەسڵ بوو (لا.٩)، دواتر ناونیشانی هۆنراوەکە بوو بە «زانیارێکی داماوی چلەکان» (*زەویی کێوی* [دەبلن، ١٩٠٧]، لا. ١٣-١٤). لەم هۆنراوەیەدا گەنجێکی خەوبینەری ئایرلاند سەرکۆنەی زانیارەکە دەکات کە وانەی گریکی و لاتینی دەڵێتەوە، زانیارەکەش وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

ئەی گیل و گۆل بە من چی؟
لە لاتین و گریکییەکان کەمترن.
شەو و ڕۆژ لەبەر ڕووناکییی کزی مۆمدا
لە نێو ژووری دووکەڵاویدا ئەمانە دەڵێمەوە.
بەڵام سوودی کەمی فێرکارییەکەم چییە؟
دێهاتییانە پێت بڵێم، ساڵانێک دواتر، دەستەواژەیەک
وەک گۆزەیەکی گریکی لە نێو زەویی ڕووتەندا.

ئەو بەستێنەی کە گوایە یەیتس ئەم هۆنراوەیەی بە دڵ بووە نەزانراوە. **~گ.س.**
لە دوو دێڕی کۆتایی هۆنراوەکەدا کار نییە. کریستۆفەر موررەی لە توێژینەوەی *کێشەی درامای ئایریدا* (١٩٩٦)، (*گۆڤاری هەنگاری بۆ لێکۆڵینەوەی ئینگلی و ئەمەریکایی*، بەرگی ۲، ژمارە ۲، لا. ٥-١١) لەسەر ئەمە دەڵێت: « ئەگەر سەرنج بدرێتە ئەم دوو دێڕەی کۆتایی، کتوپڕ بێ هیچ کارێکی سەرەکی دێن. خوێنەر دەبێت بەو ئەنجامە بگات کە دەستەواژەی کلاسیکی (گریکی و ڕۆمی) لە ئایندەدا وەک گۆزەی گریکی لە نێو زەویدا دەردەهێنرێن.» **~ن.م.**

[217] **نوکتەکەی... مارتن:** ئەوەی بە «چۆلەکەنێرە» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا «کاڕانی کێوی»یە، کە لە پەندێکی ئینگلییەوە هێنراوە، واتە کەسێک زۆر بۆ جووتبوون هەڵەشە بێت و چالاکیی زۆر بێت، کە لە کوردیدا زۆر جار بە کەسی وا دەڵێین «چۆلەکەنێرە»؛ ئەم ناسناوە لە جۆرج موور نراوە. بەڵام ئەو خاتوونەی ناوەکەی ناوە وا دیارە مەبەستی لە دژواتاکە بێت، چون وا دیارە جۆرج موور هەم ڕقی لە ژن بووبێت، هەم ڕقی لە هەموو جۆرێکی هاوڕێیەتی بووبێت، هەم ژنیشی نەهێناوە. **~ن.م.**
سوزان میتچڵ (١٨٦٦-١٩٢٦)، هۆنەر و قسەخۆش و دەمەلاسکێنووسێکی ئایر بووە، ئیدیتەری هاوکاری *ئایرش هۆمستێد* بووە. ئێدوارد مارتن (١٨٥٩-١٩٢٣) خاوەنزەوییەکی کاسۆلیکی ئایری دەوڵەمەند بووە، ئامۆزای جۆرج موور بووە و ماوەیەکی کورتیش ساڵی

١٨٩٩ هاوڕێ و هاوکاری یەیتس و لەیدی گرێگری بووە لە پیتاککردنی شانۆگای وێژەیی دەبلن. ئێدوارد گوین، کە ژیننامەنووسەکەی مارتن بووە (*ئێدوارد مارتن و بووژانەوەی ئایری* [لەندەن، ١٩٣٠]، لا. ١٣) بەم شێوەیە پەسنی دەکات: «تاکە ئایر بوو کە داهاتی تایبەتی هەبێت و بە نزیکی لە هەموو ڕوویێکەوە هاوسۆزی بووژانەوەی ئایری بێت». پاڵپشتی دارایی ئەم پرۆژە جۆراوجۆرانە بوو: شانۆگای ئابەی (١٩٠٣)، نامیلکەی *شین فەین*ی ئارثەر گریفیث (١٩٠٥)، کۆڕی پالێسترینا لە کاتیدرایی دایکەشار (بە ئامانجی بووژاندنەوەی موزیکی کڵێسا). پەیوەندیی نێوان مارتن و موور هەر لە هاوکارییەوە تا کێشە و تا دابڕانی تەواو درێژەی کێشاوە. سوزان میتچڵ لە پەڕتووکەکەی خۆیدا بە ناونیشانی *جۆرج موور* (نیو یۆرك، ١٩١٦)دا ئەو پرۆسەیە دەگێڕێتەوە. لە ماوەیەکدا پێی دەڵێت: «تاڵانکردنی ئێدوارد مارتن» بە دەستی موور (لا. ١٠٣)، کە میتچڵ پێی دەڵێت: «لە لەدایکبوونەوە چەتەیەکی وێژەییە»، ئەویش بە هۆی دەستبەسەرداگرتنی شانۆنامەی *سەربردەی شارێک* (١٩٠٢)ی مارتن، کە سەرلەنوێ نووسیویەتیەوە و بە ناونیشانی *چەماندنەوەی شوڵکێک* بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردووەتەوە. مارتن هەرگیز بە تەواوی لە موور دانەبڕاوە؛ تەنانەت دوای ئەوەشی موور لە پەڕتووکی *سڵاو و ماڵئاوایی* (١٩١١)دا سەرکۆنەی کردووە. کاردانەوەی مارتن ئەوە بووە کە پەڕتووکەکەی نەخوێندووەتەوە، وتوویەتی: «جۆرج کەسێکی خۆشمەشرەبە بیناسیت، بەڵام ئەگەر پەڕتووکەکە بخوێنمەوە لەوانەیە نەتوانم ئیتر بیناسم» (میتچڵ، *جۆرج موور*، لا. ٩٤). تاکە تۆڵەی مارتن ئەوە بووە کە لە پەڕتووکی *کێ کێیە*ی خۆیدا (١٩١٣) نووسیویە کە «میستەر جۆرج ئاوگوستوس موور یەکێک بووە لەوانەی سەرلەنوێ دروستی کردووەتەوە». ژیننامەنووسەکەی مارتن بەم شێوەیە پەسنی دەکات: «بە نزیکی بە هەستێکی خۆڕسکی قینەوە ڕقی لە هەموو ژنێک بوو» (گوین، *ئێدوارد مارتن*، لا. ١٨). موور دەڵێت: «مارتن هەر پێش ئەوەشی منداڵدانی دایکی بە جێ بهێڵێت سەڵت بوو». بەڵام میتچڵ بەم شێوەیە لەسەر موور دەدوێت: «خۆشەویستێک بوو کە ماچی نەدەکرد، بەڵکو دەدووا». یەیتس لە ژیننامەکەی خۆیدا (نیو یۆرک، ١٩٥٨) بەم جۆرە پەسنی موور دەکات: «موور گوناهکارێکی لادێیی بوو؛ مارتن سانتێکی لادێیی بوو». سەرنجەکەی میتچڵ لە بارەی چۆلەکەنێریی {لە دەقە ماکەکەدا: کارانە کێوییەکان} مارتنەوە لە دەبلندا بە بەربڵاوی بڵاو ببووەوە و لە نێو سەربردەکانی دەبلندا «نەمر» ببوو. کرۆکی وتەکەی لەو بارەیەوە، یەکەم: لەو ڕووەوە بووە کە مارتن دوایین کەس بووە لە جیهاندا کە چۆلەکەنێرەیی بکات؛ دووەم: هاوکارییە بەردەوامەکەی

مارتن لەگەڵ مووردا هاوشێوەی ڕاوی هەڵەشەییانەی کوڕێکی گەنجە بۆ بەدەستهێنانی هەلی جووتبوون، ئەگەرچی ناوبانگەکەیشی لە دەست بدات (بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە موور بەردەوام تۆمەتی درۆیینەی ئەوەی بۆ مارتن هەڵدەبەست کە تاوانکارێکی ترسناکە). **~گ.س.**

ئێدوارد مارتن کوڕی جۆن مارتن و ئانی (پێش شوو: *سمیث*) بووە، لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٨٥٩ لە تولیرا کاسڵ لە ئاردراهان لە کاونتیی گۆلوەی لە دایک بووە. دایکوباوکی خاوەنزەویی دەوڵەمەند بوون و لە دوو کاونتی زەویوزاری زۆریان هەبووە و لە شاری گۆلوەیش هەر موڵکیان زۆر بووە. تەمەنی هەشت ساڵان بووە کە باوکی مردووە و سامانێکی زۆری بۆی بە جێ هێشتووە. ئامۆزای جۆرج موور بووە و بە منداڵی هاوڕێی خۆشەویستی یەک بوون. لە ئۆکسفۆرد خوێندوویە. دواتر گەڕاوەتەوە ماڵی باوان و دایانی لە تولیرا و خولیای زمانی ئایری و موزیکی نەریتیی کڵێسا لێی داوە، ئاوهاش بە تەواوی چووەتە نێو هەموو بوارێکی بووژانەوەی چاندی ئایرییەوە، کۆڕی پالێسترینای لە کڵێسایەکی دەبلن و پێشبڕکێی فێش کیۆل-ی دامەزراندووە، کە فێستیڤاڵێکی ساڵانەی موزیک بووە. ساڵی ١٨٩٦ ویلیەم بەتڵەر یەیتسی بە لەیدی گرێگری ناساندووە، کە گرێگری دراوسێی وی بووە، ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ ئەوانیشدا بووەتە هاودامەزرێنەری شانۆگای وێژەیی ئایری. خۆیشی چەندین شانۆنامەی نووسیوە و لەوێ نمایش کراون. جۆرج موور زووزوو سەردانی ئەمی کردووە لە دەبلن و لە خودژیننامەکەی مووریشدا بە ناونیشانی *سڵاو و ماڵئاوایی،* کە سێ بەرگە، مارتن کەسێتییەکی سەرەکییە. دواتر تەندروستیی مارتن تێکچووە و گەڕاوەتەوە بۆ تولیرا و گۆشەگیر بووە. لە ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٣ کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی گلاسنێڤن لە دەبلن نێژراوە. دوایین کەسی خێزانەکەی بووە کە لە ئایرلاند ژیابێت. **~ڤ.ئ.**

جۆرج موور لە موور هۆل لە بالیگلاس لە کاونتیی مەیۆ لە ٢٤ی شوباتی ١٨٥٢ لە دایک بووە، کوڕی جۆرج هێنری موور و ماری (پێش شوو: *بلەیک*) بووە. باوکی خاوەنزەوییەکی دەوڵەمەند بووە و ساڵی ١٨٤٧ وەک ئەندامی پەرلەمان بۆ کاونتیی مەیۆ هەڵبژێرراوە. موور موڵکەکانی باوکی بە میرات بۆ ماوەتەوە، کە بۆ مۆریسی برایی بە جێ هێشتووە بۆ ئەوەی بە ڕێوەی ببات. ساڵی ١٨٧٣ تا ١٨٨٠ لە پاریس وێنەکێشانی خوێندووە، دوای ئەوەش بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خێزانەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ئایرلاند. کە بۆی دەرکەوت بەهرەی وێنەکێشانی نییە، چوو بۆ لەندەن بۆ ئەوەی ببێت بە نووسەر، لە ماوەی پازدە

ساڵدا زۆر ڕۆمانی بە شێوازی سرووشتگەرایی نووسی. ساڵی ١٩٠١ ئێدوارد مارتن-ی ئامۆزای بروسکەیەکی بۆی نارد و ئەویش گەڕایەوە بۆ دەبلن. خانووێکی لە ٤ی ئیلای پلەیسی سەروو هەبوو، کە دە ساڵی داهاتوو لەوێ ژیا و لەوێ چەند پەرتووکێکی نووسی، بەشێکی *سڵاو و ماڵئاوایی*-شی لەوێ نووسی، کە مێژوویێکی خەیاڵکردە لە بارەی بووژانەوەی ئایرییەوە. ئەی ئی و ئێدوارد مارتن و ویلیەم بەتلەر یەیتس نزیکترین هاوڕێی موور بوون لە دەبلن. لەگەڵ بووژانەوەی وێژەی ئایری و کۆمەڵەی دامەزرێنەرانی شانۆگای نیشتمانیی ئایرلاندیشدا تێکەڵاویی هەبوو. ساڵی ١٩١١ موور دوای بڵاوبوونەوەی یەکەم بەرگی یادنامەکانی پێی باشتر بوو دەبلن بە جێ بهێڵێت و بڕوات بۆ لەندەن، کە ئیتر تا مردنی هەر لەوێ ژیا، جگە لەوەی جارجار سەردانی فەڕەنسای دەکرد و لە نووسین بەردەوام بوو و دەیان پەرتووکی تری نووسیوە. لە شوباتی ١٩٢٣دا موور هۆڵ سووتا، موور بۆ هاوڕێیەکی نووسیبوو: «لەوەتەی ماڵەکەم سووتاوە، پێم وا بێت چیتر جارێکی تر ناتوانم پێ بخەمەوە ئایرلاند». لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٣٣ لە ماڵی خۆی لە لەندەن مرد و لاشەکەی سووتێنرا. گۆزەیەک لە خۆڵەمێشەکەی لە لوو کارا لە کاونتیی مەیۆ دانراوە، کە نزیکی ماڵەکەی پێشوویەتی. **~ڤ.ئ.**

سوزان میتچڵ کچی مایکڵ میتچڵ و کەیت (پێش شوو: *کولین*) بووە، لە ٥ی کانوونی یەکەمی ١٨٦٦ لە شەقامی بریدج لە کاریک ئۆن شانۆن لە کاونتیی لیتریم لە دایک بووە. دوای مەرگی باوکی لە ١٨٧٣دا لەگەڵ دوو پووری یەکێتیخوازیدا چووە بۆ دەبلن {یەکێتیخوازەکانی ئایرلاند ئەوانە بوون کە خوازیار بوون ئایرلاند لەگەڵ بەریتانیا بمێنێتەوە، نەک سەربەخۆ بێت} و لە ٢١ی شەقامی وێڵینگتن ژیاون. لە قوتابخانەیەکی تایبەتی کچانی دانیبرووک خوێندوویە. ساڵی ١٨٨٤ لەگەڵ پوورەکانیدا چوون بۆ بیر لە کاونتیی ئۆفەلی، لەم کاتەدا بووە کە بەرەو پارنێڵیزم چووە و دژی یەکێتیخوازەکان بووەتەوە و بەرەبەرە لە دژیان جووڵاوەتەوە. لە کۆتایی ١٨٩٧دا چووە بۆ لەندەن و لەگەڵ خێزانی جۆن بەتلەر یەیتسدا ژیاوە، کارێکی نێو نووسینگەی دۆزیوەتەوە و فێری ڕێکخستنی نووسینگە بووە و هەر زوو زۆر لایەنگری بووژانەوەی ئایریی لە دەور کۆ بووەتەوە، وەک ویلیەم بەتلەر یەیتس و جۆرج موور و ئێدوارد مارتن و لەیدی گرێگری. ساڵی ١٩٠١ بووەتە یاریدەری سەرنووسەری *ئایرش هۆمستێد* لە دەبلن، کە دواتر ساڵی ١٩٠٥ لەگەڵ *ئایرش ستەیتسمان*دا لە ژێر بەڕێوەبەریی جۆرج ڕەسڵدا یەکیان گرت، میتچڵ وەک جێگری سەرنووسەر کاری کردووە، وتار و هەڵسەنگاندنی وێژەی خەیاڵکرد و ڕەخنەی درامیی

نووسیوە. ساڵی ١٩٠٨ دوو دیوانی هۆنراوەی بڵاو کردووەتەوە. لە ٤ی ئاداری ١٩٢٦ لە دەبلن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ماونت جێرۆم لە دەبلن نێژراوە. ~**ڤ.یئ.**

[218] **دۆن کیخۆتە... دەهێنێتەوە**: دۆن کیخۆتەی لا مانچا کەسێتیی ناوەندیی *دۆن کیخۆتە*یە (١٦٠٥-١٦١٥)، کە پێی دەوترێت «بەیتی نەتەوەیی»ی ئیسپانیا، لە نووسینی میگێل دی سێرڤانتیس. دۆن کیخۆتە کەسێکی باریکەلەی کەمێک شێتۆکەیە، وا وێنا دەکات کە لە بەیتێکی خۆشەویستیی شۆڕەسواریدا دەژی. لە کۆمیدیا تراژیدییەکەی ڕۆمانەکەدا، جیهانە شۆڕەسوارییەکەی دۆن کیخۆتە بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ کەتواری زەمینیی سەدەی حەڤدەی ئیسپانیادا تێکەڵ دەبێت، کە لە یەکێکیاندا شوانێکی بەرازی پێشوو بە ناوی سانچۆ پانزا وەک ئاغایەک دوای دەکەوێت. لەبەر ئەوەی دۆن کیخۆتە باریکەلەیە، سانچۆ پانزا قەڵەوە؛ جۆرج موور باریکەلە بوو، مارتن قەڵەو بووە. هاوتەرییبیەکە پێشنیاری ئەوە دەکات کە مارتنی زەمینی لە دەوری مووری ئاسمانی و خەیاڵپڵاودا هەڵواسراوە؛ بەڵام ئەم بەراوردە ئاڵۆزتر بووە بەوەی کە مارتن (سانتێکی لادێیی) لە موور (گوناهکارێکی لادێیی) زیاتر وەک ئایدیالیستێکی ڕۆمانسی دەرکەوتووە. ئەو سەرنجەی موور کە «جۆن ئێگلنتن لەسەر دۆن کیخۆتە دەیڵێت» (*سڵاو و ماڵئاوایی* [١٩١٤] لا. ٣) پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئە دێرە کۆمەکی ئێگلنتنە بۆ ئەم پاراگرافی گفتوگۆ شێوێنراوە. ~**گ.س.3**

[219] **دکتۆر... نەنووسراوە**: جۆرج سیگەرسن (١٨٣٨-١٩٢٥) پزیشک و زیندەناس و هۆنەر و وێژەوان و وەرگێڕێکی (لە ئایرییەوە) ئایر بووە. لە وتارێکدا بە ناونیشانی *کاریگەریی ئایرلاند لەسەر وێژەی ئەوروپا* (*وێژەی ئایری*، ئیدیتی جەستن مەککارثی، مۆریس ئیگن، دۆگلاس هاید [نیو یۆرک، ١٩٠٤]، بەرگی ٤، لا.xiii-vii)، نەیوتووە کە ئایرلاند هەرگیز بەیتێکی بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو دەڵێت کە کاریگەریی بەیتی ئایری ئەم بەرهەمانە و زۆر بەرهەمی تری بەرهەم هێناوە: *نیبێلونگلید* و *ژنەکەی گودرون* («*ئیلیاس و ئۆدیسەی* ئەڵمانیا [لا. viii])، *تریستان و ئیزۆلدە*، *شابانووی پەرییان*ی ئێدموند سپێنسەر، هەروەها چەند شانۆنامەیەکی شێکسپیر. دەڵێت: «تۆن-ی بەناوبانگی ڤێرگوس بەیتێکی لەدەستچووی جیهانێکی لەدەستچووە»؛ لە کۆتایی وتارەکەشیدا بە هاوچەرخەکانی دەڵێت: «ناتوانین هەر وا بوەستین، دەنا ڕابردووە پڕشکۆ وێژەییەکەی ئایرلاند دەبێتە نەنگی بۆمان، ئایندە دەبێتە مایەی شەرمەزاریمان... کەواتە دەبێت کار بکەین... بۆ داکۆکی لەم خاکە دێرینەمان کە بلیمەتیی تیایدا گەشاوەتەوە. ئەوەشمان لە بیر بێت کە ئەگەرچی دەوڵەمەندیی بیر خەزێنەی وڵاتە، بەڵام وێژە دەنگی ڕەوانیەتی کە لەو ڕێیەوە

فەرمان بە ڕێزگرتن یان قێزلێهاتنەوە لە زیندووەکان و نەتەوەکانی ئایندەی زەمین دەدات» (لا. xiii-xii). کەواتە سیگەرسن پاڵەوانانی بووژانەوەی ئایری هان دەدات بەیت بەرهەم بهێنن، چون نەریتی بەیت لە ئایرلانددا دەوڵەمەندە. هەروەها یەکێک لەو شتانەی لەم دێڕانەی ئێرەی *ئولیس*ەوە نزیکە وتارێکی جۆن ئێگلنتنە بە ناونیشانی «پەڕتووکە ئایرییەکان» (*وتارە ئینگلی-ئایرییەکان* [دەبلن و لەندەن، ١٩١٨]، لا. ٨٧-٨٩) کە تیایدا دەڵێت: «هاوکات ئەگەر بپرسین داخۆ چالاکییە فراوانە وێژەییەکانی بیست ساڵی ڕابردوو پەڕتووکێکی بەرهەم هێناوە یان نا، ئەوا لە دەستنیشانکردنی هەر کارێکدا ڕووبەڕووی تەنگژە دەبینەوە، بە تایبەتی ئەگەر وا دیار بێت ئایرلاند بۆ هەمیشە بە دڵخوازی خۆیی بزانێت. ئەگەر هێشتا شاکارێک لەم بزووتنەوە وێژەییەوە دەربچێت کە ئەگەر بە ڕێکەوتێکی میهرەبان یان لە گۆشەیەکی چاوەڕواننەکراوەوە دەربچێت، ئەوا سەرسام نابین، ئێمەش خولیایەکمان هەیە کە دەرکەوتن لە ئایرلاندی ئەم سەردەمەماندا ئاماژە بەرەو نووسەرێکی وەک سێرڤانتیس دەدات، نەک بەرەو هۆنەرێکی ئایدیالیست یان نووسەرێکی ڕۆمانسی. لەوانەیە پاڵەوانێکی خۆشەویستی وەک سوارە مەزنە ڕووخەمبارەکە وێنا بکرێت، کە لە لاکۆڵانێکی دەبلندا مێشکی خۆی بە پیشخواردنەوە لە هەڵەکانی ئایرلاندەوە کاس کردووە، هەروەها بەو وێژە چڕوپڕەی هەیەتی، بەڵام ئەوەی کە هەمیشە باس لە قینی کوڕەکانی ئایرلاند دەکەن لە بەرانبەر بێگانەکە، دڵسۆزانە نییە. ڕەنگە پەڕتووکخانەکەی باس لەو پەڕتووکانە بکات کە 'مێشکی ئەو ناوخاسە داماوەی کاس کردووە'... دەتوانین وێنای بکەین کە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بە دڵێکی سافی وەک هی منداڵێکەوە دەربکەوێت، بە زمانێکی پاراو و کەڵتێکی زافەرانییەوە، کە دەرک دەکات و لە ئەنجامی ئەمەش نموونە باڵاکانی ئەمڕۆی ئایرلاند دەربخات. لە نێو مەیخانەکانی دێدا چ دیمەنێک دانارێژرێت کە بە هۆی ئەوەوە ڕوو بدەن کە ڕەتی دەکاتەوە بە هیچ زمانێکی تر بدوێت، جگە لە چەند وشەیەکی کەمی زمانی گیلیی خۆی؟ لە هەر توێژێکدا، هاوسۆزیمان بە تەواوی بۆ یاخییەکە دەبێت لە دژی زۆرداریی ڕۆژگار! دولسینییاکەی ئەو کێ دەبێت جگە لە خودی کاثلین نی هولیهان، کە هیچی کەمتر نییە لە خاتوونەکەی تۆبۆسۆ... ئیتر پەڕتووکێکی وەها... بە ڕاستی بێڕێزی ناکات... بە دۆزی نەتەوەیی ئایرلاند، هەر وەک چۆن سێرڤانتیس بە پێکەنین سەردەمی شۆڕەسواریی تێپەڕاند».

**تێبینی**: *تۆن بو کووەیلنگ*، {ئەوەی کە لە سەرەتای ئەم ڕاڤەیەدا دەڵێت: «تۆن-ی بەناوبانگی فێرگوس»} (هێرشی وڵاخ بۆ سەر کوولی) لە دەست نەچووە، بەڵکو زۆر ناسراو

نەبووە. لەیدی گرێگری لە نێو *کووخۆلینی مویرهیمنە* (لەندەن، ١٩٠٢)دا دایڕشتووەتەوە، ستاندیش ئۆگرەیدی لە نێو *مێژووی ئایرلاند* (لەندەن، ١٨٧٨)دا لە بەشی «سەردەمی پاڵەوانێتی»دا کورتی کردووەتەوە. بە گوێرەی یەکێک لە وەرگێڕەکانی ئەم دواییانە: هۆنراوەکە «چیرۆکی ناوەندیی بازنەی ئۆڵستەرە، کۆنترین بەیتی خۆجێیی ڕۆژئاوای ئایرلاندە» (*تۆن*، وەرگێڕانی تۆماس کینسێلا [دەبلن، ١٩٦٩]، لا. vii). **~گ.س.**

جۆرج سیگەرسن کوڕی ویلیەم سیگەرسن و نانسی (پێش شوو: *نیلسن*) بووە، لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٨٣٦ لە هۆلی هیل لە سترابەین لە کاونتیی تایرۆن لە دایک بووە. لە ئەکادیمیای لەتەرکێنی لە کوینس کۆلێجی گۆلوەی و دواتریش کوینس کۆلێجی کۆرک خوێندوویە، کە لە ١٨٥٩ لە بەشی پزیشکیی ئەوێ دەرچووە. دواتریش لە پاریس لای شارکۆت و دوشێن خوێندوویە و کە گەڕاوەتەوە بۆ دەبلن دەستی کردووە بە کاری پزیشکیی خۆی. سیگەرسن ساڵی ١٨٦٥ خاتوو هێستەر ڤاریان-ی خواستووە، کە ڕۆماننووس بووە، لە ١٧ی گردی ڕیچمند لە ڕاثماینس ژیاون، هەر لەوێش هەر سێ منداڵەکانیان: جۆرج، دۆرا (هۆنەرەکە) و هێستەر لە دایک بوون. دواتر چوونەتە ٣ی شەقامی کلێر. سیگەرسن یەکەم پەیناسی (نیورۆلۆجیست)ی دەبلن بووە و لە زانکۆی کاسۆلیکەکان پرۆفیسۆری باخچەی ئاژەڵان و گیاناسی بووە. وتاری وارگێڕی و وێژەیی بۆ *فریمانس جۆرنەڵ*، *ذە ئایرشمان*، *ذە نۆرث بریتیش ڕیڤیو* و هەندێک ڕۆژنامەی تر دەنووسی. چەندین پەڕتووکی بڵاو کردووەتەوە. ئەندامی زانکۆی پاشایی بووە، یەکێک بووە لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی پێشبڕکێی فێش کیۆل، ساڵی ١٨٩٣ تا ١٩٢٥ سەرۆکی کۆمەڵەی وێژەی نیشتمانی بووە. ئەندامی کوختەی دەبلنی کۆمەڵەی تیۆسۆفییەکان بووە، یەکێک بووە لە سیناتۆرە یەکەمینەکانی یەکەم دەوڵەتی ئایرلاندی سەربەخۆ. لە ١٧ی شوباتی ١٩٢٥ لە ٣ی شەقامی کلێر لە دەبلن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[220] **سوارێکی... زافەرانییەوە**: بڕوانە ڕاڤەی پێشوو. ئەم بڕگەیە ئاماژە بە وتارەکەی جۆن ئێگلنتن دەدات. «سوارە ڕووخەمبارەکە» ناسناوی سێرڤانتیسە بۆ دۆن کیخۆتە؛ یەکێکیش لە وێنە جەفەنگییە دووبارەبووەوەکانی نێو ڕۆمانەکەی سێرڤانتیس شێوەی دۆن کیخۆتەیە کە زرێکەی دادەکەنێت و لە ژێرەوە شەڵتە (ئاوەڵکراسی ژنانە) زەردەکەی دەردەکەوێت. هەندێک لە ئایرە ناسیۆنالیستەکان وایان مەزندە کردووە کە کەڵتی زافەرانی {**کەڵت**: بە ئینگلی *kilt*، تەنوورەیەکە کە لۆی ستوونیی زۆر تێدایە، جلێکی نەریتییە و زۆرتر پیاوانی

سکۆتلاند و ژنان و منداڵیش دەیپۆشن.} پۆشاکی چەسپاوی سەردەمی زێڕینی ئایرلاند بووە. فورنیەر دالب، وانەبێژێکی یاریدەری بواری فیزیا بوو لە کۆلێژی زانستی دەبلن و بووژێنەوەیەکی کەڵتیی شبر بوو، لە کانوونی دووەمی ١٩٠٢دا لە وتارێکدا کە بۆ کۆمەڵەی وێژەیی و مێژوویی ئایرلاندی خوێندەوە جۆرە هەرایەکی نایەوە، تیایدا داکۆکی لەوە دەکرد کە کەڵتی زافەرانی و پلەید {*plaid*: جۆرە نەخشێکی چوارگۆشەییە، سکۆتییەکان دەیپۆشن} بکرێن بە جلی نەتەوەیی ئایرلاند. پی دەبلیو جۆیس (*مێژوویێکی دێرینی ئایرلاند لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە* [دەبلن، ١٩٠٣]) لە ڕووی لێکۆڵینەوەی زانکۆییەوە پشتیوانیی داکۆکیکارانی کەڵتی زافەرانی کرد، بەڵام لێکۆڵەرانی هاوچەرخ دەڵێن کە کەڵت زیاتر لەسەر بنەمای خەیاڵکردنە، نەک ڕاستیی کەلەپووریی نەتەوەیی ئایری؛ بڕوانە ڤۆرنێن لا. ١٧٢. **~گ.س.**

[221] **ئۆنیل ڕەسڵ**: تۆماس ئۆنیل ڕەسڵ (١٨٢٨-١٩٠٨)، بووژێنەوەیەکی کەڵتی و زماناناس بوو، توانایەکی زۆری لە زمانی ئایریدا هەبوو. سی ساڵ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تاراوگەی خۆکرددا دەژیا و لە بارەی زمانەکەوە وانەی دەوتەوە و دەینووسی؛ ڕۆمانێکیشی بە ناونیشانی *دیک ماسەی: سەربردەیەکی ژیانی ئایری* (١٨٦٠) نووسیوە، لەگەڵ چەند شانۆنامەیەکدا. **~گ.س.**

تۆماس ئۆنیل ڕەسڵ ساڵی ١٨٢٨ لە کاونتیی وێستمیث لە ئایرلاند لە دایک بووە، هەر لە ناوخۆ خوێندوویە و فرۆشیاری گەشتیاری کارگەی جەیکەبس بووە، کە کارگەیەکی پسکویت بوو. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی گیلییەکان. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی بووژانەوەی زمانی ئایری بووە. بەشداریی هەموو کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی وێژەی ئایریی کردووە و زۆر وتاری نووسیوە کە لە کۆبوونەوەکاندا خوێنراونەتەوە. زۆر سەرسام بووە بە تۆماس موور. ڕۆمانێکی بە ناونیشانی *دیک ماسەی* (١٨٦٠) نووسیوە. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژنامەی *ئایرشمان* نزیک بووە کە ڕۆژنامەیەکی ناسیۆنالیستی بووە، ساڵی ١٨٦٧ لە ترسدا هەڵهاتووە بۆ ئەمەریکا، نزیکەی سی ساڵ لەوێ ماوەتەوە. لە بارەی زمانی ئایرییەوە نووسیویە و وانەی داوە. ساڵی ١٨٩٥ گەڕاوەتەوە بۆ دەبلن و بەردەوام بووە لە بووژانەوەی زمانی ئایری، وتاریشی لە بارەی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئایرلاندەوە بۆ *فریمانس جۆرنەڵ* نووسیوە. لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٠٨ لە شەقامی سینگ لە دەبلن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ماونت جێرۆم نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[222] **ئای... بدوێت**: ئەو کەسە پاڵەوانی «شابەیتی نەتەوەییمان»ە کە دەبێت بە زمانی ئایری بدوێت (بڕوانە ٩: ٢١٩). **~گ.س.**

[223] **دولسینیاکەی**: (بڕوانە ٩: ٢١٩ وتەکەی ئێگلنتن). دولسینیا ئامانجی ئەوین و ئەرکە شۆڕەسوارییەکەی دۆن کیخۆتەیە: «کچە جووتیارێکی زۆر جوان بوو... ناوی ئالدۆنزا لۆرێنزۆ-یە، ئەو کەسەیە کە وی هەمیشە بیری لێ دەکردەوە و پێی وا بوو خانمێکی گونجاوە بۆ خەیاڵەکانی؛ وی بە دوای ناوێکدا دەگەڕا لە وێی بنێت و زۆر دوور نەبێت لە ناوەکەی خۆیەوە و پێشنیاری خانمێکی شازادە و مەزنیش بکات، بۆیە بڕیاری دا ناوی بنێت دولسینیا دێل تۆبۆسۆ» (بەشی ٢، چاپتەری ٢). **~گ.س.**

[224] **جەیمز ستیفنس**: (١٨٨٢-١٩٥٠) هۆنەر و فۆلکلۆریست و نووسەری خەیاڵکردی ئایر بوو. «پێشگەڵاڵە زیرەکانە»کانی سەرەتای کاری لەسەر ژیانی لادێیانەی ئایری بوو. **~گ.س.** ئەم جەیمز ستیفنسە جەیمز ستیفنسەکەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی فینییەکان نییە، بۆ ئەویان (بڕوانە ٢: ٨٠). جەیمز ستیفنس کوڕی فرانسیس ستیفنس و شارلۆت (پێش شوو: *کۆلینز*) بووە، لە ٩ی شوباتی ١٨٨٠ لە ٥ی تۆماس کۆرت بەوبەر شەقامی تۆماسەوە لە دەبلن لە دایک بووە. هەر دوای لەدایکبوونی خێزانەکەی گواستوویانەتەوە بۆ ٥ی ناوچەی پیشەسازی بەوبەر شەقامی بەکینگهەمەوە، کە باوکی لەوێ مردووە و جەیمز هێشتا دوو ساڵ بووە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە قوتابخانەی پیشەسازیی میث لەسەر شاڕێی کاریسفۆرت لە بلاکڕۆک خراوەتە بەر خوێندن و تا دە ساڵ لەوێ ماوەتەوە. کوڕێکی بچکۆلە و بزێو بووە و یەکێک لە خولیاکانی سەرەتای تەمەنی ئەوە بووە کە ببێتە کەسێکی ئەکرۆباتی «وەک ئەکرۆباتەکانی سەکۆ ئۆلۆمپییەکانی دان لاوری». لە کۆتایی خوێندنیدا لە شەقامی یۆرک لە دەبلن ژیاوە. فێری کورتنووسی و تایپ بووە. لە ساڵی ١٩٠٥ەوە وتار و هۆنراوەی بۆ *یونایتد ئایرشمان* نووسیوە و ناردووە. ساڵی ١٩٠٩ دیوانێکی بە ناونیشانی *ڕاپەڕین* بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩١٢ دوو ڕۆمانی تری بڵاو کردەوە، یەکێکیان بە ناونیشانی *کچی ژنە کارەکەرەکە*، کە وێنەیەکی ژیانی هەژاریی دەبلن پیشان دەدات، لەگەڵ *کووپەڵە زێڕەکە*، کە بە باشترینی کارەکانی دادەنرێت. ساڵی ١٩١٢ چوو بۆ پاریس و ساڵی ١٩١٥ گەڕایەوە بۆ دەبلن و لە گەڕانەوەیدا کرا بە تۆمارەوانی گەلەریی نیشتمانیی ئایرلاند. ساڵی ١٩١٦ پەرتووکی *ڕاپەڕینی دەبلنی* بڵاو کردەوە کە چیرۆکی شۆڕشی ئیستەری ساڵی ١٩١٦ی دەبلنی دەگێڕایەوە. ساڵی ١٩٢٤ دەستی لە پێگەکەی خۆی لە گەلەریی نیشتمانی کێشایەوە. دوای گەشتێکی وانەبێژی بە ئەمەریکادا وەک

پێشکەشکاری بی بی سیی لەندەن خۆی دامەزراند. دوایین پەرتووکی بە ناونیشانی *پاشا و مانگ* بوو، کە ساڵی ١٩٣٨ بڵاو کرایەوە. ساڵی ١٩٤٢ خانەنشین کراوە. کۆلێجی ترینیتیی دەبلن لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٧دا خەڵاتی دکتۆرا لە وێژەیان پێی بەخشیوە. لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٠ کۆچی دوایی کردووە و لە لەندەن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

**پێشگەڵاڵە:** بە ئینگلی *sketch*. لە فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی دکتۆر بەختیار سەجادییەوە هێناومە، پێشگەڵاڵە نووسینێکی کورتی جەفەنگییە و ئەکتەران دەینوێنن. **~ن.م.**

225 **کۆردێلیا، کۆردۆلیۆ:** کۆردێلیا (لە شانۆنامەی *شا لییەری* شێکسپیردا) بچووکترینی سێ خوشکە کە کچی شا لییەرن. ماوەیەکی درێژ بە دەست حاشای باوکییەوە دەناڵێنێت کە باوکی داوای لێ دەکات ئەوینی خۆیی بۆ بسەلمێنێت، بەڵام کۆردێلیا خاکەڕایانە و ڕاشکاوانە ناتوانێت لە ئەوینی خۆی دەرببڕێت. حاشاکە بە هۆی پیلانگێڕیی دوو خوشکەکەی تریەوە خەستتریش دەبێتەوە (کە هیچ سڵ ناکەنەوە لە دەربڕینی بەڵگەی خۆشویستنەکەی خۆیاندا). ئەم حاشایە لە کۆتایی شانۆنامەکەدا چارە دەبێت، بەڵام تەنها تەوسی تراژیدیی کۆتایی مەرگی کۆردێلیا دەبێتە پێشەکیی گۆڕانی باوکی. کۆردێلیۆ لە ئیتالییەکەی کۆردێلیا دەچێت، بەڵام ناویشە، بە واتای «خەمی قووڵ» دێت. **~گ.س.**

226 **تەنیاترین کچی لیر:** بێگومان کۆردێلیا تەنیاترین کچی لییەرە، بەڵام لییەر (یان لیر)ە ئایرییەکە بە واتای «دەریا» دێت، مانەنەن مەکلێر خودای دێرینی دەریا بووە (بڕوانە ٩: ١٢٩). ئەم دەستەواژەیە {بە دەستکارییەوە: تر کراوە بە ترین} لە دێڕەکانی سەرەتای هۆنراوەی *بەستەکەی فیۆنوالا*-ی تۆماس موور-ەوە هێنراوە کە دەڵێت:

با بێدەنگ بێت، ئەی مۆیل، هاژەی ئاوت،<br>
با نەیشکێنێت، سروەکەت، ڕشتەی سانەوەت،<br>
کاتێک کچە تەنیاکەی لیر خەمبارانە<br>
سەربردەی خەمی خۆی بۆ ستێرەی شەو دەورنگێنێت.

لە گێڕانەوەکەی مووردا بۆ ئەم ئەفسانەیە، لیر خودای ماکی دەریایە کە مانەنەن مەکلێر شوێنی ئەوی گرتووەتەوە، کە زڕکوڕی ئەوە. لە کاتی شوێنگرتنەوەکەدا زڕدایکی فیۆنوالا-ی کچی لیر، فیۆنوالا دادەگۆڕێت و دەیکات بە قووێک. **~گ.س.**

227 **گۆشەگیر کراوە:** ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا بە کار هێنراوە وشەیەکی دێرینە، بە واتای کەسێک دێت کە گۆشەگیر کراوە لەبەر ئەوەی کێوییە. **~ن.م.**

[228] **مشتوماڵی فەڕەنسی**: مشتوماڵ لە کوردیدا بۆ «زاخاوانەوە و پاککردنەوەی خەنجەر و شیر و چەقۆ» بە کار دەهێنرێت، من بەرانبەر پۆڵیش-ی ئینگلی بە کاری دەهێنم و دەکرێت واتاکەی فراوان بکرێت بۆ تەختە و دار، وەک لێرەدا. **~ن.م.**
مشتوماڵی فەڕەنسی پرۆسەیەکی دارتاشی و دروستکردنی مۆبیلیاتە، بەوە دەکرێت کە لۆک (shellac) و جەوی لە نێو کحولدا دەتوێنرێنەوە و بەسەر تەختەکەدا دەڕێژرێن. مشتوماڵی فەڕەنسی ئەو کارەی کۆتاییشە کە بریقەی زۆر لە تەختەکە هەڵدەستێنێت. **~گ.س.**

[229] **نامەکە... نۆرمن**: ئەمە نامەکەی گارێت دیسییە کە بیدات بە هاری فێلیکس نۆرمن (١٨٦٨-١٩٤٧)، کە (لە ١٨٩٩؟ - ١٩٠٥) ئیدیتەری *ئایرش هۆمستێد* بووە. **~گ.س.**
هاری فێلیکس نۆرمن ساڵی ١٨٦٨ لە دەبلن لە دایک بووە. ساڵانی ١٨٩٨-١٩٠٥ سەرنووسەری *ئایرش هۆمستێد* بووە، کە حەفتەنامەیەکی زمانحاڵی کۆمەڵەی ڕێکخستنی کشتوکاڵی بووە و هۆراس پلەنکێت دایمەزراندووە، لە ساڵی ١٩٠٥ەوە جۆرج ڕەسڵ بووە بە سەرنووسەری. دواتر نۆرمن بووە بە یاریدەری ڕێکخەری گشتیی کۆمەڵەکە. ساڵی ١٩١١ لەگەڵ ئادێلەید نۆرمنی دایکی لە ٩٩ی ڕاثماینسی سەروو ژیاون و دواتریش چوونەتە ١٤ی شەقامی گرینماونت لە تێرنیور. لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی دینسگرەینج لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[230] **خودا پاداشتت بداتەوە**: شێوازی ئەم ڕستەیە لە دەقە ماکەکەدا لە وتەیەکی تەچستەون-ەوە هێنراوە، کە کەسێتییەکی شانۆنامەی *چۆنت پێ خۆشە*-ی شێکسپیرە (چۆنت پێ خۆشە ٣: ٣، ٧٤-٧٥) وا بە جاکس دەڵێت (کە ئەویش کەسێتییەکی شانۆنامەکەیە). **~ن.م.**

[231] **ڕۆژنامەی بەرازەکە**: مەبەست لێی *ئایرش هۆمستێد*-ە (بڕوانە ٢: ١٣١). **~گ.س.**

[232] **سینگ**: جۆن میلینگتن سینگ (١٨٧١-١٩٠٩)، درامانووسێکی ئایر بوو کە لە زستانی ١٨٩٦-١٨٩٧دا یەیتس هانی داوە پاریس و ژیانی بۆهیمی بە جێ بهێڵێت و لە پێناو سامانی وێژەیی نێو ژیانی دێهاتییانە و زمان و فۆلکلۆری ئایریدا بێتەوە بۆ ئایرلاند و بێتەوە بۆ دوورگەکانی ئاران {سەر بە کاونتیی گۆلوەی لە ڕۆژئاوای ئایرلاند}. سینگ بە وتەی ئەوی کردووە و ساڵی ١٩٠٤ شانۆنامەیەکی سەرنجڕاکێشی یەکپەردەیی بەرهەم هێنا بە ناونیشانی *لە نێو سێبەری دۆڵەکەدا* (١٩٠٣) (بڕوانە ٩: ٢٤) هەروەها شاکارێکی یەکپەردەییشی بە ناونیشانی *سواریی بۆ نێو دەریا* (١٩٠٤) نووسی. **~گ.س.**

جۆن میلینگتن سینگ کوڕی جۆن هاتچ سینگ و کاثلین (پێش شوو: *ترەیل*) بووە، لە ١٦ی نیسانی ١٨٧١ لە نیوتاون ڤیلاس لە ڕاثفارنهام لە کاونتیی دەبلن لە دایک بووە. هێشتا تەمەنی ساڵێک بووە کە باوکی مردووە، دایکیشی بە منداڵەکانەوە گواستوویەتەوە بۆ ٤ی ئۆروێڵ پارک لە ڕاثگار. لە چەندین قوتابخانە خوێندوویە و لە ئەکادیمیای پاشایی موزیک لە ٣٦ی وێستلاند ڕۆو وانەی کەمانچەی خوێندووە. خێزانەکەی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٨دا گواستوویەتیەوە بۆ کرۆستوەیت پارک وێست لە کینگستاون (*دون لییری*ی ئێستا). پاشان سینگ چووەتە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن. ساڵی ١٨٩٢ دەرچووە و بۆ ساڵێک چووە بۆ ئەڵمانیا بۆ ئەوەی دوای خولیای موزیکیی خۆی بکەوێت، بەڵام لە کۆتاییدا وازی لە پیشەی موزیک هێنا بۆ وێژە و چوو بۆ پاریس بۆ وتنەوەی وانەی ئینگلی و دواتریش لە زانکۆی سۆربۆن خوێندوویە. لەوێ ویلیەم بەتڵەر یەیتسی ناسیوە، کە پێی وتووە: «واز لە چاندی بێگانە بهێنە و بگەڕێوە بۆ ئایرلاند بۆ دوورگەکانی ئاران و وەک ئەو خەڵکەی ئەوێ بژی و لەو ژیانە دەرببڕە کە دەربڕینی نەدۆزیوەتەوە». سینگ بە وتەی کردووە و پێنج هاوینی لە دوورگەی ئاران بە سەر بردووە. ساڵی ١٩٠١ پەڕتووکی *دوورگەی ئاران*ی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٠٢ شانۆنامەی *لە نێو سێبەری دۆڵەکەدا*ی تەواو کردووە، کە یەکەم شانۆنامەی وی بووە بەرهەم بهێنرێت، کە لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٣ نمایش کرا. ساڵی ١٩٠٤ *سواریی بۆ نێو دەریای* تەواو کرد، لە ٤ی شوباتی ١٩٠٥یشدا *بیری سانتەکان*ی نووسی. هەمان ساڵیش بوو بە بەڕێوەبەری کۆمەڵەی شانۆ ئایرییەکان. دواتر سینگ گواستوویەتەوە بۆ ١٥ی شەقامی ماکسوێل لە ڕاثماینس، پاشان بۆ ٥٧ی شەقامی ڕاثگار بۆ ئەوەی لە شانۆگای ئابەی نزیکتر بێت. ساڵی ١٩٠٦ کەوتووەتە ئەوینی خاتوو مۆڵی ئۆڵگود-ەوە، کە ئەکتەرێک بووە و ساڵێک لەوەوبەر بە ناوی مایر ئۆنیل-ەوە هاتووەتە نێو بەشگەی شانۆگای ئابەی-ەوە. لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٠٧دا کە شانۆنامەی *ڕابوێرەکەی جیهانی ڕۆژئاوا* بۆ یەکەم جار لە شانۆگای ئابەی نمایش کرا هەرای نایەوە. پاشان تەندروستیی سینگ بەرەو هەڵدێر چوو و خرایە نەخۆشخانە. ساڵی ١٩٠٨ گواستوویەتەوە بۆ ٤٧ی شەقامی یۆرک لە ڕاثماینس، کە وای داناوە دوای هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ خاتوو مۆڵی-دا لەوێ بژییێت، بەڵام هەر ماوەیەکی کورت لێرە ژیاوە و دیسانەوە خراوەتەوە نەخۆشخانە. دوای مەرگی دایکی گەڕایەوە بۆ ماڵی دایکی لە گلێنداله هاوس، لە گلێنەگیری، بۆ ئەوەی شانۆنامەی *دییەدرە* تەواو بکات. لە ٢٤ی

ئاداری ۱۹۰۹ لە تەمەنی ۳۸ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ماونت جێرۆم لە دەبلن نێژرا. **~ڤ.ئ.**

[233] **دانا:** گۆڤارێک بۆ بیری ئازاد، گۆڤارێک بوو لە ۱۹۰٤-۱۹۰٥ لە دەبلن دەردەچوو، جۆن ئێگلنتن و فرێد ڕایان (بڕوانە ۲: ٦٦) سەرنووسەری بوون. دانا خودایەکی دێرینی ئایری بووە. **~گ.س.**

[234] **کۆمەڵەی گیلییەکان:** ساڵی ۱۸۹۳ دامەزراوە. هەوڵی چەندین نووسەر و لێکۆڵەری ئایری نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمی ڕێک دەخست: ئەو هەوڵەش بووژاندنەوەی خواست بوو لە زمان و وێژەی ئایری لە ئایرلاندا بۆ ئەوەی خەسڵەتێکی نەتەوەیی و وێژەیی بە کەلەپووری ئایرلاند ببەخشن و کاریگەریی ئینگلی لەسەر نەهێڵن. گەرچی لە ڕووکەشدا ئامانجی کۆمەڵەکە چاندی بوو، بەڵام ئاکامەکەی وارگێڕییانە بوو. **~گ.س.**

[235] **ڕوخسەتخوازەکان:** گەرچی تەنها میستەر ڕەسڵ دەڕوات و ڕوخسەت دەخوازێت، کەچی دەقە ماکەکە بە کۆ ناو دەبات، بۆیە منیش هەر بە کۆ نووسیومە «ڕوخسەتخوازەکان»، نەک «ڕوخسەتخوازەکە». **~ن.م.**

[236] **بە خشپەڕێ... نزیک کەوتبووەوە:** کە هاملێت پێشوازی لە ئەکتەرەکان دەکات، بە یەکێک لە ئەکتەرە نێرەکان دەڵێت، کە ڕۆڵی مێیەک دەبینێت:

> چی، ئەوە خانم و گراوییەکەی منە! سوێند بە خانمەکەمان[١]، جەنابی خانمت لە چاو دوایین جاردا کە ئێوەم بینی بە بەرزیی شۆپنێک[٢] لە ئاسمان نزیک کەوتوونەتەوە. لە خوا دەپاڕێمەوە، دەنگتان، وەک پارچەیەکی زێڕینی لەنرخکەوتوو، لە ناو بازنەکەیدا شوختی تێ نەکەوێت[٣]. **~گ.س.**

١. **خانمەکەمان:** مەبەست مریەمی دایکی عیسای مەسیحە.

٢. **شۆپن:** بە ئینگلی *chopine*: جۆرە پێڵاوێکی ژنانەی سەدەکانی شازدە و حەڤدەیە، بنێکی زۆر بەرزی هەیە، بۆ ئەوەیە پێی خانمان لە قوڕاو و لیتاودا بپارێزێت.

٣. **شوختی تێ نەکەوێت:** مەبەست دراوی زێڕە. لە دراوە زێڕەکەدا بازنەیەک هەبووە کە شێوەی سەری پاشای تێدا بووە، ئەگەر شوختی سەر دراوەکە گەیشتبایە بازنەکەی دەوری شێوەی پاشا، ئەوە دراوەکە چیتر کاری پێ نەدەکرا. لەم بەشەدا ڕەگەزدۆزییەک لەسەر وشەی *ring* هەیە، کە هەم واتای *بازنە* دەدات و هەم *زرینگە*، کە ئاماژەیە بە دەنگی تیژی ئەکتەرەکە. بۆیە دەکرێت دێڕەکە واتای ئەوەش بدات کە: «لە خودا دەپاڕێمەوە، دەنگتان... لە زرینگەیدا خەوشی تێ نەکەوتبێت.» ئەم ڕەگەزدۆزییە ناکرێت لە دەقە

کوردییەکەدا دەربخرێت، بەڵام وشەی *زێڕین*ی کوردی لە ڕووی دەنگییەوە نزیکییەکی لەگەڵ زرینگەدا هەیە، بۆیەش لە بری «پارچەیەک زێڕی لەنەرخکەوتوو» دەستەواژەی «پارچەیەکی زێڕینی لەنرخکەوتوو» دانراوە. (هاملێت ٢: ٢، ٤٤٣-٤٤٧ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی، کاک ڕێبوار ڕاڤەکانی نووسیوە}). **~ن.م.**

[237] **بەتۆرەیی یان ڕووناکییەکی ناخەکی**: جۆرج فۆکس (١٦٢٤-١٦٩١) دامەزرێنەری کۆمەڵەی هاوڕێیان (کوەیکەرەکان) لە ئامۆژگارییەکانیدا جەختی لە پشتبەستن بە «ڕووناکییەکی ناخەکی» (بوونی مەسیح لە نێو دڵدا) دەکردەوە. بە گوێرەی ویلیەم پێن-یش، فۆکس کەسێکی ئێجگار بەڕێز بووە («گەواهیدانی ویلیەم پێن لە بارەی جۆرج فۆکس، کە خزمەتکارێکی دڵسۆز بووە»، لە یادنامەی جۆرج فۆکس، ئیدیتی ڕوفوس ئێم جۆنز [نیو یۆرک، ١٩٦٣]، لا. ٦٣). **~گ.س.**

[238] **مەسیحرێوی... ڕێوی و قاز**: **تروز**: بە ئینگلی *trews*: پانتۆڵێکە لە قوماشی تروز چنرابێت کە جۆرە قوماشێکی سکۆتی و گیلییە، جۆرە نەخشێکی چوارگۆشەچوارگۆشەی تێدایە.
لەم دێڕانەدا کە وشەی «فۆکس» دێت، هەم ئاماژەیە بە جۆرج فۆکس، کە دامەزرێنەری کۆمەڵەی هاوڕێیان (کوەیکەرەکان) بووە، هەم ڕەگەزدۆزیشە لەسەر واتا ئینگلییەکەی کە ڕێوییە، بۆیە بە هەردوو واتاکە لە فۆکس بڕوانە. **~ن.م.**
ئەم دێڕانە پیشەی شێکسپیر و جۆرج فۆکس لە یەک دەبەستن:
*مەسیحفۆکس/ مەسیحرێوی*: لەو بانگەشەیەی کوەیکەرەکانەوە هاتووە کە گوایە مەسیح وەک «ڕووناکییەکی ناخەکی» لە نێو دڵاندا هەیە و ئاوهاش «ڕێوییەکی» زیرەکە؛ هەروەها کە دەڵێت ڕێوی، لەبەر ئەوەیە کە جۆرج فۆکس خۆی وەک ڕێوی ڕاو کراوە و تانجی خراوەتە دوای.
*تروزی چەرم*: پانتۆڵێکی تەسکە کە لەگەڵ گۆرەویدا لە پێ دەکرێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئایر و سکۆتە چیاییەکان لە بەریان کردووە؛ جۆرج فۆکس خۆیشی جلێکی وەها سادەی پۆشیوە، کە دواتر ئەم جلانە تایبەت کراون بەو و شوێنکەوتەکانی. لە ژیننامەکەی خۆیدا (ئیدیتی ڕوفوس ئێم جۆنز [فیلادێلفیا، ١٩٠٣]، بەرگی ١، لا. ١٣٩) فۆکس دەڵێت کە بە «پیاوی پانتۆڵە چەرمەکە» ناسراوە. چەندین جار فۆکس هەراسان کراوە و ڕاو نراوە و لەسەر تێڕوانینەکانی بەند کراوە: جارێک بەوە لە بەندکردن ڕزگاری بووە کە خۆی لە نێو درەختێکی وشکبووەوەدا لە هەراوهووریایەک شاردووەتەوە. لە بارەی خۆیەوە وتوویەتی کە گەنج بووە بە تەنیا لە کاتی ڕاودا پیاسەی کردووە و چاوەڕێی خودای کردووە (١: ٦٩)،

هەروەها بە دوای درەختی هولۆڵ و شوێنی چەپەکدا گەڕاوە (١: ٧٩). شێکسپیریش هەر کەسێکی هەڵاتوو بووە (بۆ لەندەن).
هیچ *دەڵەڕێوییەک ناناسێت*: فۆکس تا تەمەنی چل و پێنج ساڵی ژنی نەهێناوە؛ بێگومان شێکسپیر لە لەندەن «ژیانێکی سەڵتانە»ی گوزەراندووە؛ لیستەر خۆیشی ژنی نەهێناوە.
*ژنانێکی بۆ هەڵگەڕاندووەتەوە*: {فۆکس ژنانێکی بۆ عیسا خستووەتە سەر ڕێی خۆی} فۆکس بەوە بەناوبانگ بووە کە لە هەڵگەڕاندنەوەکانیدا سەرکەوتوو بووە، بە تایبەتی لە نێو ژناندا؛ خۆی بەو کەسانەی وتووە «خەڵکانی ناسک» کە شێلگیرانە بە دوای ڕووناکیی گیانەکییدا گەڕاون. ژیننامەنووسە قەبڵێنەرەکانی شێکسپیر {واتە ئەوانەی لەسەر بنەمای قەبڵاندن و مەزندەکردن ژیانی شێکسپیریان نووسیوەتەوە}، بە تایبەتی هاریس (لا. ٣٧٤)، لە بارەی شێکسپیرەوە دەڵێت: «کە لە لەندەن بووە کەسێکی هەرزانە ژیاوە {واتە هەرزە، کەمرەوشت}.
*لەشفرۆشێکی بابل*: لە بەشی ١٧ی پەڕتووکی *ئاشکراکردن*دا هەیە، کە دەڵێت: «بابلی گەورە، دایکی لەشفرۆشان و قێزەونانی زەوی» (ئاشکراکردن ١٧: ٥). فۆکس کۆمەڵێک ژنی خاوەن ناوبانگی خراپی هێناوەتە سەر دینەکەی. هاریس پەیوەندیی نێوان شێکسپیر و فۆکسی ئامۆژگاریکەر ڕوون دەکاتەوە: «'هاوسۆزیی گەردوونی'ی شێکسپیر (بە وتەی کۆلێریدج) ئەو دەمشڕە سادەپۆشانەی نەدەگرتەوە کە زاتیان دەکرد لە ڕووی خۆیدا تۆمەتباری بکەن بەوەی خزمەتی لەشفرۆشەکەی بابل دەکات» (لا. ٣٨٠).
*ژنانی دادوەران*: بۆ چیرۆکێکی گوماناویی ژیانی شێکسپیر کە ڕەنگە گونجاو بێت ئەمە شی بکاتەوە (بڕوانە ٩: ٣٩٤). جۆرج فۆکس خاتوو مارگەرێتی خواست، کە بێوەژنی دادوەر فێڵ-ی سوارثموور هۆڵ بوو لە لانکشیەر (١٦٦٩).
*ژنانی گۆشتنی مەیگێڕ*: {لە دەقە ماکەکەدا وشەیەک بە کار هاتووە کە گیفرد بە گۆشتن وەریدەگێڕێت و دەڵێت وەک وشەیەکی خۆشەویستی بە کار هێنراوە}. ئەمەش هەر چیرۆکێکی گوماناویی ژیانی شێکسپیرە: گوایە باوکی سێر ویلیەم داڤینانت بووە لە ژنەکەی جۆن داڤینانت، کە مەیگێڕێک بووە (بڕوانە ٩: ٤٠٢).
*ڕێوی و قاز*: جۆرج فۆکس لە ژیننامەکەیدا بە ڕوونی ئەو دژایەتییە دژەمێییە ڕەت دەکاتەوە کە لە سەردەمی خۆیدا باو بووە کە وتراوە گوایە ژنان قازن، فۆکس دەڵێت کە ژنان هەر وەک پیاو «ناسک» و یەکڕەنگن. هەروەها ڕێوی و قاز ناوی یارییەکی منداڵانیشە کە تیایدا چەند بەچکەڕێوییەک هەوڵ دەدەن نیشانە لە چەند بەچکەقازێک

بگرنەوە کە هاوکات لە جێیەکەوە ڕادەکەن بۆ جێیەکی تر؛ یارییەکە لەسەر بۆردە و بۆ دوو کەسە و بە داش یاریی پێ دەکرێت و تیایدا بەچکەقازەکان هەوڵ دەدەن بەچکەڕێوییەکان بخەنە نێو تەڵەوە، بەچکەڕێوییەکانیش هەوڵ دەدەن یەک بە یەک بەچکەقازەکان بپێکن. **~گ.س.**

[239] **لە نیو پلەیسیشدا... لێنەبووردن:** «نیو پلەس» لە ستراتفۆرد-ئۆن-ئاڤۆن ماڵی شێکسپیر-ی پیێگەیشتووی لێبوو. «لە نیو پلەیس، ئەو گیانەی لە برەودا بوو... گیانی شێکسپیر نەبوو. نەک تەنها شارۆچکەی ستراتفۆرد، بەڵکو ماڵ و خێزانەکەی خۆیشی ئێجگار لەخواترس و توندباوەڕ بوون» (براندێس، لا. ٦٧١) «ژنەکەی ئێجگار زۆر دینی بوو، وەک چۆن لە نێو ئەو ژنانەدا باوە کە ڕەفتارەکانی گەنجییان زۆر دووربینانە نەبووە. ئەو کاتەی مێردە منداڵەکەی گرتووە کە تەمەنی هەژدە ساڵ بووە، خوێنی وێ بە هێندەی خوێنی وی گەرم بووە، بەڵام ئێستا، لەو ئێوارەیەی کە شێکسپیر دەگەڕایەوە [١٦١٣]، لە ڕووی دینییەوە وێ زۆر لە وی بەرزتر بووە.» (لا. ٦٧٢). بۆ پەیوەندییە تەنکەکەی نێوان جۆرج فۆکس و شێکسپیر (بڕوانە ٩: ٤٩٠). ئەم زمانەی ستیفن لێرەدا پێشنیاری تیلنیشانێک دەکات بە گۆرانییەکی فۆلکلۆریی ئایری بە ناوی «جوانییە زۆرەکەی کچ زوو کاڵ دەبێتەوە»، دوایین کۆپلەی دەڵێت:

خۆشەویستەکەم وەک داری دارچین شیرینە؛
وەک تەڵاشی دار بە نزیکی خۆیی پێمدا هەڵواسیوە؛
بەڵام گەڵاکان دەوەرێن و ڕەگەکان وشک دەبن،
جوانییە زۆرەکەی کچ زوو کاڵ دەبێتەوە. **~گ.س.**

[240] **چرایەکی ڤێستایی:** (بڕوانە ٧: ٤٣١). **~گ.س.**

[241] **ئایا قەیسەر... بکردایە:** لە شانۆنامەی *یولیوس قەیسەری* شێکسپیردا (١: ٢: ١٢-٢٤)، پێشزانێک فێستیڤاڵێکی ڕۆم ناوبڕ دەکات و قەیسەر ئاگادار دەکاتەوە: «ئاگات لە ناوەڕاستی ئادار بێت» واتە ١٥ی ئادار. قەیسەر ئەم ئاگادارکردنەوەیە بەوە پشتگوێ دەخات کە بە پێشزانەکە دەڵێت: «خەوبینەر». دواتر (٢: ٢) و دیسان (٣: ١، ١-٢) ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام قەیسەر ئەم ئاگادارکردنەوانە پشتگوێ دەخات. بێگومان لە ناوەڕاستی ئاداردا تیرۆر دەکرێت. **~گ.س.**

[242] **شیانی شیاو وەک شیاو:** لە ئەریستۆتێلیسەوە هێنراوە (بڕوانە ٢: ٢١). **~گ.س.**

[243] **ئەخیلیفس... ناوی چی بوو**: ئەمە مەتەڵێکی بەناوبانگی بێوەڵام بووە، سێر تۆماس براون (١٦٠٥-١٦٨٢) نووسیویەتی لە پەڕتووکی *هایدریۆتافیا: گۆزەنێژی* (١٦٥٨)، چاپتەری ٥: «سیرینەکە چ گۆرانییەکی بێژا، یان ئەخیلیفس کە لە نێو ژناندا خۆی شاردبووەوە چ ناوێکی وەرگرتبوو، گەرچی پرسیاری مەتەڵاوی لە گۆترە بە دەر نییە». بەڵام ثێتیس-ی دایکی ئەخیلیفس لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی ڕێ لە ئاکامە پاڵەوانێتییەکەی و مەرگەکەی کۆتایی ژیانی بگرێت لە جەنگی ترۆیادا، ئەوی وەک کچێک گۆڕیبوو و ناردبووی بۆ ئەوەی لەگەڵ کچەکانی شایەکی دراوسێدا بژی. ئۆدیسێفس بە دەهۆیەک ئەم شاردنەوەیەی ئاشکرا کرد، پاشان ئەخیلیفس چووە نێو سوپای گریکییەکانەوە دژی ترۆیا جەنگا. **~گ.س.**
[244] **ثۆث... مانگتاجپۆشێک**: ثۆث خودای فێرکاری و داهێنان و جادووی میسرییەکان بووە، زۆربەی جار لە شێوەی لەشی مرۆڤ و سەری قەرنازەدا دەکێشرێت، کە دوو قۆچی هەیە و مانگ لە نێو دوو قۆچەکەیدایە. لە ئوستورەی میسریدا پارێزەری ئەرشیفی خودایی بووە، داژداری مێژوو بووە، پەیامبەر و بەردەست و میرزای خوداکان بووە. («ڕا گوتی و ثۆث نووسیی») {ڕا خۆری خودای میسرییەکان بووە} کە مردووەکان دەهێنرێنە بەردەم ئۆزیریس بۆ لێپرسینەوە، ثۆث دڵەکانی پێواوە و دیاریی کردووە کە ئایا تەواون یان ناتەواو. **~گ.س.**
**قەرنازە**: بە ئینگلی *ibis*: جۆرە باڵندەیەکە لە چەشنی شاهۆ، لە ناوچە گەرمەکاندا دەژین و دندوکیان درێژ و کەوانەییە و قاچیان درێژکۆلەیە و لەشیان لە قاز دەکات. ناوەکەم لە *فەرهەنگی باڵندە*وە هێناوە. **~ن.م.**
[245] **جا گوێم... میسرییەکەیە**: لە وتارەکەی جۆن ئێف تەیلەرەوە هاتووە، کە لە *ئێۆلۆس*دا خرایە ڕوو (بڕوانە ٧: ٣٨٤ و ٧: ٣٨٥). **~گ.س.**
[246] **لە ژووری... پڕ کرابووەوە**: وا دیارە وتەیەکی هێنراو بێت، بەڵام سەرچاوەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**
لە پەڕتووکی چیرۆکی *دڵم: ژیننامەی خۆم*-ی ڕیچارد جێفریس-ەوە هێنراوە (لا. ١٠١-١٠٢). **~س.ت.م.٢**
**تەتەڵە**: بە ئینگلی *tablet* یان *tilebook* بریتییە لە خشتێک، یان قوڕێکی پانکراوە کە لە دێریندا نووسراوی لەسەر نووسراوە و دواتر سووتێنراوە و ڕەق بووە و نووسراوەکە لەسەر ماوەتەوە. **~ن.م.**

[247] **ئەوانی تر... دەبن**: لە سۆنێتێکی ماثیو ئارنۆڵدەوە هێنراوە کە لە ١ی ئابی ١٨٤٤دا بۆ جەین ئارنۆڵد-ی نووسیوە:

هەر دەڵێم: شێکسپیر، شێکسپیر، تۆ وەک ژیان نارِوونیت،
ئەوانی تر وابەستی پرسەکەمان دەبن، بەڵام تۆ ئازادیت.
دەپرسین و دەپرسین – تۆ بزە دەکەیت و هێشتاش
لە زانین بەرزتریت. **~گ.س.**

[248] **بەڵام هاملێت... تایبەخۆیە**: هەندێک لە ڕەخنەگرانی سەدەی نۆزدە وەها سەیری هاملێتیان دەکرد کە: «لە نێو هەموو کەسێتییەکانی شێکسپیردا... دیارترین مێتافیزیایی و دەروونناسیانە» (جەیمز ڕەسڵ لەول [١٨١٩-١٨٩١]، لە وتارێکدا بە ناونیشانی «دیسان شێکسپیر» [١٨٧٠]، کە لە پەڕتووکی *لە نێو پەڕتووکەکانمدا* [بۆستن، ١٨٧٠] دانراوە). هەر لەوەشەوە تەنها هەنگاوێک مابوو گریمانەی ئەوە بکەن کە هاملێت خودیترین کەسێتیی شێکسپیر بێت و لە هەمووشیان زیاتر لە بارەی ژیننامەی خودی خۆیەوە دەربخات – ئەمە خولیایەک بوو لە بارەی کەسێتیی هۆنەر خۆیەوە کە لە سەدەی نۆزدەدا برەوی هەبوو، لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە بوو کە زۆر کەم لە بارەی ژیانی خودی شێکسپیرەوە دەزانرێت. **~گ.س.**

[249] **تا ئین... هاگەرت**: ئایرییە، واتە: «بەلەمەکە لەسەر کەنارەکەیە. من قەشەم». ڕستەکە بە نزیکی ڕستەیەکی ڕاهێنان و فێرکاری بوو لە پەڕتووکی *وانەی سەرەتایی ئایری* (١٨٩٧)ی قەشە یوجین ئۆگرەونی (١٨٦٣-١٨٩٩)دا بوو. **~گ.س.**

[250] **بوێرلا**: ئایرییە، واتە: «زمانی ئینگلی» ڕەگەزدۆزییەک لەسەر وشەی بوێر-ی فەڕەنسی هەیە بە واتای کەرە. **~گ.س.**

[251] **جۆنەبچکۆل**: ناساوێک بوو جۆرج موور لە جۆن ئێگلنتنی نابوو (ویلیەم کیرکپاتریک مەگی) (سڵاو و ماڵئاوایی [١٩١٤]، لا. ٢٦٠) جۆنەبچکۆل یەکێک بوو لە جێدارەکانی سوپاکەی ڕۆبن هوود لە هۆنراوە و ئەفسانەکاندا؛ بەڵام لەشولاری هیچ «بچکۆل» نەبوو، بەڵکو لە هەندێک لە ئەفسانەکاندا لە ڕووی زیرەکییەوە بە «بچکۆل» دانرابوو، نەک لە ڕووی لەشەوە. **~گ.س.**

[252] **لەسەرم بوەستن**: لە وتارەکەی مارکۆس ئەنتۆنیوسەوە هێنراوە کە لە پرسەکەی یولیوس قەیسەردا دەیدات، دەڵێت:

ئاخ، ئەی دادوەری! چۆن کەوتوویتەتە دەست ئاژەڵی دڕندەوە،

مرۆڤ توانای مێشکی لە دەست داوە.
لەسەرم بوەستن. دڵم لەگەڵ قەیسەردا لە نێو ئەو دووداره‌یەدایە،
دەبێت بوەستم تا دەگەڕێتەوە بۆ لام.

(یولیوس قەیسەر ٣: ٢، ١٠٤-١٠٧ {خۆم وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**
لەو جێیەدا کە دەڵێت: «لەسەرم بوەستن» دڵی پڕ دەبێت و خەریکە دەگری. **~ن.م.**

[253] **باسیلیسک... برونێتتۆ:** برونێتتۆ لاتینی (بە نزیکی ١٢١٠- بە نزیکی ١٢٩٥)، نووسەرێکی فلۆرەنتینی بوو کە دانتێ ستایشی کاریگەریی ویی کردووە لەسەر وێژەی ئیتالی (بڕوانە دۆزەخ ١٥: ٢٣-٤٥). *لی لیڤغ دو تغێزۆر, Li livres dou trésor* یەکێکە لە کارە گەورەکانی لاتینی، کە پوختەی کۆمەڵە چیرۆکێکی سەدەکانی ناوەڕاستە و بە فەڕەنسی نووسیونی (١٢٦٢-١٢٦٦؟)، چون پێی وا بووە فەڕەنسی زمانێکی ناسراوترە لە ئیتالی (ئەگەرچی کارە گەورەکەی پێشووتری خۆیی بە ناونیشانی *تێزۆرۆ*، یان *تێزۆرێتتۆ* بە ئیتالی نووسیبوو). لە پەڕتووکی یەکەمی ترێزۆردا چیرۆکی ئاژەڵ و شتی تریشی تێدایە (چیرۆکی سرووشتی)، یەکێک لەوانە چیرۆکی باسیلیسکە. ئەو دێڕەی ستیفن بە بیری دێتەوە لە وەرگێڕانە ئیتالییەکەی بەشێکیەتی لە بارەی «پاشای مارەکان»ەوە، واتە: «جا هەر کە [باسیلیسکەکە] سەیری مرۆڤ دەکات، ژەهری لێ دەدات». بۆ *باسیلیسک* (بڕوانە ٣: ٩١). **~گ.س.**

[254] **سوپاست دەکەم بۆ ئەو وتەیە:** گراتسیانۆ بە شایلۆک دەڵێت: «هێشتاش دەڵێم دانیێلە، دووەم دانیێل! سوپاس، ئەی جوو، کە ئەو وتەیەت فێرم کرد» (بازرگانەکەی ڤینیسیا ٤: ١، ٣٣٥-٣٣٦). **~س.ت.م.٢**

[255] **دایکە دانا:** یان دانو، لە ئوستوورەی کەڵتیدا خواژنی زەوی و بەرداری و دەوڵەمەندی و گوڕی گەنجی و ڕووناکی و زانین و هێزی شیبوونەوە و مردن بووە. **~گ.س.**

[256] **هونەرمەندەکەش... هەڵیاندەوەشێنێتەوە:** ئەم دێڕانە وەبیرهێنەوەی گفتوگۆی پاتەر-ن لە بارەی سرووشتی بۆچوونییانە و مرۆکییانەی ئەزموونی خودی کە لە کۆتایی پەڕتووکی *ڕێنیسانس*دا (١٨٧٣) باسی دەکات: «لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدایە، لەگەڵ تێپەڕین و نەمانی بۆچوون و وێنە و هەستەکاندایە کە شیکاری نامێنێت – ئەو نەمانە بەردەوامە، ئەو تەنین و هەڵوەشاندنەوە بێکۆتا و سەیرەی خۆمان». هەروەها ئەم دێڕانەی ستیفن دەنگدانەوەی وێنەی «تەنین»ی هۆنراوەی «دانا»ی ئەی ئیی تێدایە (*سەرجەمی هۆنراوەکان* [لەندەن، ١٩٢٦]، لا. ٣٧). **~گ.س.**

[257] **خاڵەکەی... سنگم:** (بڕوانە ٩: ٣٢٠). **~گ.س.**

[258] **له ساتی... کزبوو وایه:** پێرسی بیش شێلی (١٧٩٢-١٨٢٢)، که هۆنەرێکی ڕۆمانتیکیی ئینگله، وتارێکی به ناونیشانی «بەرگرییەک له هۆنراوه» هەیه (١٨٢١؛ ١٨٤٠ بڵاو کرایەوە)، تیایدا نووسیویه: «هۆنراوە وەک بەڵگەهێنانەوە نییە، وزەیەکە بۆ بەکارهێنان به گوێرەی پێداگریی ویست. مرۆڤ ناتوانێت بڵێت: 'هۆنراوە دەنووسم' تەنانەت گەورەترین هۆنەریش ناتوانێت وا بڵێت، چون مێشک له کاتی ئافراندنەکەدا وەک خەڵووزێکی کزبوو وایه، که هەندێک کاریگەریی نەبیزاو، وەک بایەکی تاوتاو، ماوەیەکی زووتێپەڕ دەیگەشێنێتەوە؛ ئەم هێزە له ناخەوە دێت، وەک ڕەنگی گوڵێک که کاڵ دەبێتەوە و له کاتی گەشەیدا دەگۆڕێت، بەشە بەئاگاکەی سرووشتیشمان چ له نزیکبوونەوەیدا و چ له ڕۆیشتنیدا ناپێشزانییانەن». **~گ.س.**

[259] **کەواتە له ئایندەدا... درەمۆندی هاوثۆرندن:** ویلیەم درەمۆند (١٥٨٥-١٦٤٤) هۆنەرێکی سکۆتی بوو. دووەم چاپی *گوڵەکانی سییۆن* (١٦٣٠) هەندێک دێڕی تێدایه که له ئاکار و بێئاکاری ڕادەمێنێت «دارستانێکی سەروو». ستیفن ڕووێکی ڕامانەکەی درەمۆند دەکات به دونیایی که دەڵێت: «ئەگەر سکاڵا لەوە دەکەیت که کاتێک دەبێت تیایدا نەمێنیت، کەواتە بۆچی خەمبار نیت که کاتێک هەبووە که نەبوویت؟ یان بەوەی که به هێندەی ئەو هەسارەی کاتە گیانپێدراوە پیر نیت؟ ئەوە دوای ئێمە دەبێت، که زۆر زۆر بەر لەوەی ئێمە هەبین ئەو هەبووە». **~گ.س.**

[260] **هەست دەکەم... گەنجه:** گۆڕهەڵکەنێک له شانۆنامەی *هاملێت*دا دەڵێت: «ئەو ڕۆژە دەستم پێ کرد [به کار] که پاشا هاملێت، پاشای پێشوومان بەسەر فۆرتنبراسدا سەرکەوت... هەمان ئەو ڕۆژە بوو که هاملێتی گەنج له دایک بوو» (هاملێت ٥: ١، ١٦٠-١٦٤ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی})، دواتریش دەڵێت: «به درێژایی تەمەنی کوڕێنی و پیاوەتیم لێرە سی ساڵه جانکوشم.» ئاوهاش واته هاملێت به نزیکی سی ساڵه. **~گ.س.**

[261] **هەڵەی بادا:** له دەقه ماکەکەدا دەڵێت: *Has the wrong sow by the lug*، که پەندێکه به واتای ڕاستەوخۆ بێت واته: «تۆوی هەڵەی له نێو زەمبیلەکەیدا پێیه»، له کاتێکدا دەوترێت که یەکێک شتێکی هەڵەی هەڵبژاردبێت. **~ن.م.**

[262] **ئەو خاڵه دواهەمین شته که دەڕوات:** خاڵ لێرەدا به واتای خاڵی سەر پێست دێت، وەک نیشانەیەکی پێناسەرەوە؛ {بەڵام من و کاک ڕێبوار قارەمانی له وەرگێڕانی *هاملێت*دا

به «کەموکووڕی» وەرمانگێڕاوە} وەک چۆن هاملێت ئەمە بەسەر دانیمارک و مرۆڤدا دەفەلسەفێنێت کاتێک هاوەڵەکانی چاوەڕێی دەرکەوتنی سەهویرەکە دەکەن:

زۆر جار لە هەندێک کەسدا وا هەڵدەکەوێت،
بە هۆی کەموکووڕییەکی زگماکیی سرووشتکردی بەدکارەوە تیایاندا
(کە گوناهی ئەوانیشی تێدا نییە،
چونکە سرووشت ناتوانێت زاینگەی خۆی هەڵببژێرێت)
بە هۆی زێدەگەشەی یەکێک لە مەیلەکانیان،
کە زۆر جار پەرژین و شوورەی ئاوەز دەبەزێنێت،
یان بە هۆی هەندێک خووەوە
کە شێوەی هەڵسوکەوتی پەسەندکراو ئێجگار دادەگۆڕێت.
کە دەڵێم ئەم مرۆڤانەی هەڵگری مۆری خەوشێکن،
ئیتر [بە هۆی] هاوپۆشی سرووشت بێت یان بە هۆی ئەستێرەی بەخت بێت،
ئەوا چاکێتییەکانی تریان (گەر هێندەی بەخشینیش پاک بن،
یان هێندەی ئەوانە بێسنوور بن کە دەشێت مرۆڤ بیانچێژێت)
ئەوا لە نێو داوەریی گشتیدا بەو دانە چەوتییە دەگەنن.
زۆر جار قومێک نەگریسی
هەموو کرۆکێکی ناوخاس
تا ئابرووچوونی کرۆکەکە بە گوماندا دەبات.

(هاملێت ١: ٤، ٢٣-٣٨ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[263] **جۆن ئێگلنتن... کرد**: {ئەو وشەیەی بە «دەمەلاسکە» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی mow} وشەیەکی دێرینە بە واتای بزە، یان جووڵەیەکی ڕووخسار بۆ گاڵتەپێکردن. هاملێت ئەم وشەیە بەو واتایە بە کار دەهێنێت کە باس لەو شێوەیە دەکات کە دەربارەکان بەرانبەر کلاودیۆس نوواندوویانە، پێش ئەوەی ببێت بە پاشا (هاملێت ٢: ٢، ٣٦٤). **~گ.س.**

واتە ئەو دەمەلاسکێیە، یان ئەو ڕوخسارەی ئێگلنتن نیشانی دا واتە: «ستیفن، ئەمە هیچ پێکەنیناوی نییە». **~ن.م.**

[264] **ئەگەر ئەوە... بلیمەت بووایە**: واتە: ئەگەر ئەویندارییی گەنجێتی نیشانەی بلیمەتی بووایە. **~گ.س.**

[265] **ڕێنان**: ئێرنست ڕێنان (١٨٢٣-١٨٩٢) ڕەخنەگر و نووسەر و لێکۆڵەرێکی فەڕەنسی بوو، بە «ناجێگیریی پڕۆتیۆسی»ی گومانگەرایی و تیۆرییەکانی بەناوبانگ بوو. ڕێنان حەزی لە شانۆنامەکانی کۆتایی شێکسپیر بوو و وەک «درامای پێگەیشتووی فەلسەفییانە» دەیبینین و داینابوو لە یەکێک لە دراما فەلسەفییەکان (١٨٨٨)ی خۆیدا پاشینەیەک بۆ شانۆنامەی *زریانەکەی* شێکسپیر بنووسێت بە ناونیشانی «کالیبان». ڕێنان شێکسپیری (لە شانۆنامەکانی کۆتاییدا) وەها دەبینی کە «مێژوونووسی تاتاییە» کە «جەنگی مەزنی بیرۆکەی پاراوی نووسیوەتەوە»؛ ئاوهاش: ئاریەل (گیانی هەوا)، کالیبان (زەویی خامی لەش)، پڕۆسپێرۆ (گیانی جادوویی وێناکردنی کردەییانەی مرۆڤ)ە. **~گ.س.**

[266] **گیانی سازان**: هێڵکارییەکی چەسپاوی کارنامەی شێکسپیر لە سەدەی نۆزدەدا، کە ئاماژە بە «ئۆدیسەیەکی گیانەکی» دەدات {بە واتای گەشتێکی درێژی گیانەکی}، بەم شێوەیە بووە: لە سەرەتای کارەکانیدا کۆمیدیا دڵخۆشکەرەکانی داناوە، پاشان شانۆنامە مێژووییەکانی (١٥٩٠کان)، بەڵام دوای ئەم ماوەیە کەوتووەتە کێشمەکێش و پشێوییەکی گیانەکییەوە، کە ئەم ماوەیە بە تراژیدیا گەورەکانیدا دەناسرێتەوە (١٦٠٠ تا نزیکەی ١٦٠٨)، لە کۆتاییدا گەیشتووە بە هێورییەکی گیانەکی و گەیشتووەتە توانای سازانی نیگا تراژیدییەکەی لەگەڵ پەسەندکردنی توانای مرۆڤ لە گەشەی ئاکارەکی و لێخۆشبووندا، کە ئەمەش لە جەختکردنەوە لەسەر سازان و ئاشتەوایی لە گرێچنەی شانۆنامەکانی کۆتایی ژیانیدا دەردەکەوێت، وەک *سیمبێلین* و *سەربردەکەی زستان* و *زریانەکە*. **~گ.س.**

[267] **چی دڵی... تایەر؟**: ئولیس تەنها ناوە لاتینییەکەی ئۆدیسێفس نییە، بەڵکو کەسێتییەکی نێو شانۆنامەی *ترۆیلوس و کرێسیدا*ی شێکسپیریشە. لە شانۆنامەی *پێریکلیس*دا، خودی کەسێتیی پێریکلیس (ئەثینایی نییە، بەڵکو خەڵکی تایەر-ە)، بە هۆی خیانەتەوە ناچارە تایەر بە جێ بهێڵێت، لەسەر پێنتاپۆلیس تووشی تێکشکانی کەشتی دەبێت. هەموو سەرچاوەکانی ستیفن لەسەر ئەوە کۆکن کە «گۆڕانی تۆن» لە شانۆنامەکانی کۆتایی شێکسپیردا (بە *پێریکلیس*یشەوە) لە گۆڕانی شێوەی خۆیشیدا ڕەنگی داوەتەوە. براندێس (لا. ٥٨٥) دێڕێکی *پێریکلیس* بە گوتە دەهێنێتەوە و دەڵێت: «وشەکان سادەن... بەڵام وەک هێما زۆرترین گرنگییان هەیە. ئەو تۆنانە یەکەمین تۆنی ناسکن کە لە ئامێرێکەوە دەرچوون کە ماوەیەکی درێژ تەنها تۆنی ڕەق و کەرخی لێوە دەرچووە. لە نێو دراماکانی کەشی بێهیوایی شێکسپیردا هیچی لەو چەشنەیان تێدا نییە... کە بەوە داکەفتووە کە دووبارە چەند بەشێکی ئەم *پێریکلیس*ە بنووسێتەوە بۆ ئەوە بوو کەئەو هەستانە

دەربخات کە ئێستا هەیبوون. پێریکلیس ئولیسێکی ڕۆمانسییە، کە دوورتر گەشتی کردووە، بە شێوەیەکی ئازاربەخشانە دادگایی کراوە، پیاوێکی بەرگەگرتر بووە، کە بەرەبەرە هەموو ئەوانەی لە دەست داوە کە بۆ ئەو بەنرخ بوون». **~گ.س.**

[268] **سەر... خوێئاوککوێر**: ئەم وێنەیەی جۆن ئێگلنتن لە نێو گێژاودا پێشنیاری ئۆدیسێفسمان بۆ دەکات لە پەڕتووکی ١٢ی *ئۆدیسە*دا کە دوای ئەوەی دوایین کەشتی و پیاوەکانی تێکدەشکێن، بۆ دووەم جار بە تەواوی بە نێو سکیلا و کاریڤدیسدا دەکەوێتە ڕێ و خۆی بە نیرگەی کەشتییە شکاوەکەیەوە دەگرێت. ئۆدیسێفس ئەم جارە لای گێژاوەکەی (کاریڤدیس) ڕێڕەوەکە دەگرێت و بەوە ڕزگاری دەبێت کە دەگاتە سەر کەناری دوورگەکەی کالیپسۆ، وەک چۆن پێریکلیس لە شانۆنامەکەی شێکسپیردا لە تێکشکانی کەشتییەکەی ڕزگاری دەبێت. **~گ.س.**

[269] **منداڵێک... مارینا**: لە شانۆنامەی *پێریکلیس*دا لە گەرمەی زریانێکی نێو دەریادا، ژنەکەی پێریکلیس منداڵێکی دەبێت و ناوی لێ دەنێن مارینا و خۆی دەمرێت. لیخۆردیا، کە پەرستارێکە، منداڵەکە بۆ پێریکلیس دەهێنێت و دەڵێت:

ئەمەش شتێکە کە زۆر لەوە گەنجترە لە جێیەکی وەهادا بێت،
کە ئەگەر ئاگایی هەبووایە ئەویش دەمرد، هەر وەک من
کە دەمەوێت بمرم. ئەم پارچەیەی
شاژنە مردووەکەت لە ئامێز بگرە.

(پێریکلیس ٣: ١، ١٥-١٨). براندێس (لا. ٥٧٢) نووسیویە: «چ کەسێتییەک بەرچاوترین شوێنی لە خەرمانی مەزنی هۆنەرەکەدا گرتووە جگە لە شێوە ژنانەییەکانی مارینا [*پێریکلیس*]، ئیمۆجین [*سیمبێلین*]، پێردیتا [*سەربردەکەی زستان*]، میراندا [*زریانەکە*]. ئەم بوونەوەرە کچانانە و بەجێهێڵراوانە سەرگەردان دەبن و دووبارە دێنەوە، نەهامەتیی بەژانیان تووش دەبێت، بە هیچ شێوەیەکیش وەک ئەوەی شایستەن ڕێزیان لێ نەگیراوە؛ بەڵام جادوو و پاکی و ناوخاسیی سرووشتیان بەسەر هەموو شتێکدا سەردەکەون». **~گ.س.**

[270] **تووڵەڕێی ئەپۆکریفاکان**: **ئەپۆکریفا**: بە ئینگلی *apocrypha* نووسراوێکە کە گومان لە ڕاستێتیی نووسەرەکەی بکرێت، واتە دڵنیا نەبین لەوەی کە ئەو نووسەرە نووسیویە کە وا بانگەشە دەکرێت کە ئەو نووسیبێتی. وشەکە لە گریکییەوە خوازراوە، لە بنەچەدا وشەیەکی لێکدراوە بە واتای: دوورشاراو. **~ن.م.**

گومانێکی بەرچاو هەیە لە پەیوەندیی ژیانی شێکسپیر خۆی بە نووسینی *پێریکلیس*ەوە؛ بۆیە گومانی ئەوە لە *پێریکلیس* دەکرێت کە هی شێکسپیر نەبێت (ئەپۆکریفا-یە). زۆربەی توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن کە «کە هێمینگ و کۆندێڵ ساڵی ١٦٢٣ یەکەم فۆلیۆی بەناوبانگی کۆبەرهەمی شێکسپیریان دەرکرد، لەوانەیە لە ئێمە باشتر زانیبێتیان بۆچی *پێریکلیس*یان نەخستووەتە نێو کۆبەرهەمەکەوە» (ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە هاوەڵەکانی شێکسپیر زانیویانە ئەو نەینووسیوە؟) (چارلز دەبلیو واڵاس، *دۆزینەوەی نوێ لە بارەی شێکسپیرەوە: شێکسپیر وەک پیاوی نێو پیاوان*، گۆڤاری مانگانەی هارپەر ١٢٠ [١٩١٠]: ٥٠٩). **~گ.س.**

[271] **شارێکان... دەگەیەنن:** کۆلێریدج پەسنی شێکسپیری هەڵداوە بەوەی کە «شارێی ڕێکی ئارەزووەکانی مرۆڤی پاراستووە» (*ڕەخنەی کۆلێریدج لە شێکسپیر*، ئیدیتی تۆماس میدڵتن ڕەیسن [کامبریدج، ماساچووسیتس، ١٩٣٠]، لا. ٢٢٨). **~گ.س.**

[272] **بەیکنی باش: بۆگەنی کردووە:** ئێگلنتن وتەیەکی سێر فرانسیس بەیکن دادەڕێژێتەوە و دایدەخزێنێت بۆ تەنها دەربڕینێکی پەندییانە. بەیکن لە پەڕتووکی یەکەمی *پێشخستنی فێربوون*دا (١٦٠٥) بە درێژی باس لە «پاشاگەردانیی فێربوون» دەکات و دەڵێت کە بە گشتی سێ دانەن: «خۆنووواندنی بێهوودە، چەلەحانێی بێهوودە، وێناکردنی بێهوودە». سکاڵا لە کاریگەریی دوو جەمسەری «کەوناری و هاوچەرخی» دەکات و بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە: «ئامۆژگاریی پێغەمبەر لەم بارەیەوە بەم جۆرەیە: "لەسەر ڕێگاکان بوەستن و تەماشا بکەن، پرسیاری ڕێچکە کۆنەکان بکەن، ڕێگا چاکەکە لە کوێیە، پێیدا بڕۆن، حەسانەوە بۆ دەروونتان دەدۆزنەوە."» (یەرمیا ٦: ١٦). **~گ.س.**

[273] **شێکسپیر چۆلەکەنێرەی بەیکنە:** پێشنیاری ئەوە دەکات کە فرانسیس بەیکن (١٥٦١ - ١٦٢٦)، کە پارێزەر و فەیلەسووف و وێژەوانێکی ئینگل بوو، «گەنجێتیی خۆی بە فیڕۆ داوە» کە شانۆنامەی نووسیوە، کە دواتر شێکسپیری وەک «داش»ێک بە کار هێناوە و بە ناوی ئەوەوە بڵاوی کردوونەتەوە (وەک چۆن موور چۆلەکەنێرەی {کاڕانی کێویی} مارتن بووە، بڕوانە ٩: ٢١٧). ئەو تیۆرییەی گوایە بەیکن کارەکانی شێکسپیری نووسیوە زۆر جار دراوەتە پاڵ دێلیا ساڵتەر بەیکن (١٨١١ - ١٨٥٩)، کە ڕۆماننووسێکی ئەمەریکایی بووە، گەرچی ئەو یەکەم کەس نەبووە پێشنیاری ئەمە بکات، کە لە پەڕتووکی *ئاشکراکردنی فەلسەفەی شانۆنامەکانی شێکسپیر* (لەندەن، ١٨٥٧)دا بە شێوەیەکی لاواز پەیوەندیی خۆی بە بەیکنەوە گرێ داوە. ئارگومێنتی ئەرێیی بۆ ئەم تیۆرییە پشتی بە یەکخستنی

«چەند دێڕێکی هاوواتا»ی هەردوو نووسەرەکە بەستووە، لە کاتێکدا ئارگومێنتی نەرێیی لە بەرژەوەندیی تیۆرییەکە ئەوە پێشنیار دەکات کە شانۆنامەکانی شێکسپیر دەبێت پیاوێکی خاوەن زانیاریی زیاتر لە شێکسپیر نووسیبێتنی، کە خاوەنی پاشخانێکی وا بێت کە بتوانێت شتی وا بنووسێت. **~گ.س.**

[274] **پەرلەهەڵماقۆکەرەکان:** یەکێک لەو ڕێیانەی نووسەرێتیی بەیکنی «دەسەڵماند» بۆ شانۆنامەکانی شێکسپیر ئەوە بوو کە لە نێو نامەکانی بەیکندا نامە و پەرلە و ژمارەیان «دۆزیبووەوە» کە ئەگەر لەگەڵ فۆلیۆی یەکەمی کۆبەرهەمی شێکسپیردا بەراوردت بکردنایە ئەوا پیت و ڕستە و وشەی لێوە دەردەچوو کە بە ڕوونی ئاماژەی بەوە دەدا کە بەیکن نووسیونی. دێلیا بەیکن بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە ئەم جۆرە پەرلانەی دۆزیوەتەوە، بەڵام «پێش ئەوەی ئەم نهێنییە بە جیهان ئاشکرا بکات خۆی شێت بوو» (براندێس، لا. ٨٩). بەڵام ئیگناتیوس دانەڵی (١٨٣١ - ١٩٠١)، کە وارگێڕ و وتارنووسێکی ئەمەریکایی بوو، لە کۆتاییدا توانی ئەم نهێنییە لە هەردوو پەڕتووکی *پەرلەنامەی مەزن: پەرلەی فرانسیس بەیکن لەوەی پێی دەوترێت شانۆنامەکانی شێکسپیر* (شیکاگۆ و لەندەن، ١٨٨٧) و *پەرلەی نێو شانۆنامەکانی شێکسپیر* (١٩٠٠)دا ئەم نهێنییەی بۆ جیهان ئاشکرا کرد. **~گ.س.**

[275] **چ شارێک... باشەکان؟:** دانەڵی «داگیرکاری»یەکەی لە ماڵی خۆیەوە لە هەیستینگ، مینێسۆتا-وە دەست پێ کرد؛ لە جەنگی هەیستینگ-یشدا بوو کە ویلیەمی داگیرکەر (١٠٢٧ - ١٠٨٧) دەستی کرد بە داگیرکردنی ئینگلتەرای ساکسۆنی. **~گ.س.**

[276] **لە پشت... بڕیوە:** لەبەر ئەوەی هەردوو ئەو پیاوانە ناسناویان بە کار دەهێنا، بۆیە ناسنامەی خۆیان شاردبووەوە و «نقەیان لێی بڕیبوو»؛ هەردووکیشیان ئەکتەری نەگۆباز بوون و ڕۆڵی کەسانێکی خاوەن ناسناویان دەگێڕا. **~گ.س.**

[277] **ئەی ئی، ئیۆن:** (بڕوانە ٨: ٣١٩). **~گ.س.**

[278] **خۆرهەڵاتی... تییەر نا-نۆگ:** تییەر نا-نۆگ ئایرییە، واتە: «گەنجیستان»؛ دوورگەیەکی پەنهانیی خۆرئاوای ئایرلاندە کە وەک شانشینێک بینراوە، بێگەردیی نەپاو و خۆشیی نەبڕاوەی زەوی ئەوێ بە ڕێوە دەبەن و پاشای ئەوێن. «خۆرهەڵاتی خۆر، خۆرئاوای مانگ» ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری نۆرسیین (١٨٤٢ – ١٨٤٥؛ وەرگێڕانی جی دەبلیو. داسانت، ١٨٥٩) کە پیتەر کریستن ئەسبیۆرنسن (١٨١٢ - ١٨٨٥) نووسیونی. ورچێکی گەورەی سپی کچۆڵەیەکی دێهاتی لە دایک و باوکی دەکڕێتەوە، دواتر ورچەکە دەبێت بە

شازادەیەک و دەردەکەوێت زڕدایکی جادووی لێی کردووە تا بە ڕۆژ ببێت بە ورچ. کە کچەکە ئەم نهێنییەی شازادەکە دەدۆزێتەوە، زڕدایکە ڕقهەڵستاوەکە بە نهێنی و خێرایی وی دەفڕێنێت بۆ نێو قەڵایەک «خۆرهەڵاتی خۆر، خۆرئاوای مانگ». کچەکە نەخشەی ئەوە دادەنێت بە دوایدا بڕوات، دوای چەندین هەوڵ شازادەکە و کچەکە ئازاد دەبن و ئیتر دەچن بۆ جێیەک و تاتایە بە خۆشی دەژین. **~گ.س.**

[279] **هەردووک جزمەلەپێ و گۆچانبەدەست:** ئەوە ئێگلنتن و ئەی ئین، کە جلوبەرگی زیارەتکەریان لە بەردایە (بە گۆچانی ئاسایی، یان گۆچانی زیارەتەوە). **~گ.س.**

[280] **چەند میلمان... ئەویێ؟:** گۆرانییەکی باخچەی ساوایانە، دەڵێت:

چەند میلمان ماوە بۆ بابل؟
نزیکەی سێ بیست و دە.
دەتوانم پێش هەڵکردنی مۆم بگەمە ئەویێ؟
بەڵێ، دەشتوانیت بگەڕێیتەوە پێی
گەر پاژنەت سووک و چابووک بێت
ڕەنگە بتوانیت پێش هەڵکردنی مۆم بگەیتە ئەویێ. **~گ.س.**

[281] **میستەر براندێس... کۆتایی وەریگرتووە:** بەڵێ، براندێس *پێریکلیس*ی پەسەند کردبوو: «با پێشبینیی ئەو شانۆنامانەش بکەین کە هێشتا نەنووسراون – *پێریکلیس*، *سیمبێلین*، *سەربردەکەی زستان*، *زریانەکە*. چالاکییە درامییەکانی لەم سەردەمە نایابەی خەزانی گەنجیی ژیانیدا... بە بەراورد لەگەڵ هەموو تەمەنی ڕابردوویدا جۆراوجۆرێتیی زۆر تێروتەسەلیان تێدایە» (لا. ٥٧٢). براندێس پێشی وایە کە شێکسپیر سەرلەنوێ شانۆنامەکەی نووسیوەتەوە (بڕوانە ٩: ٢٦٧). **~گ.س.**

[282] **ئەی میستەر... ناوەکەیەتی:** {بۆ لی و لازاروس (بڕوانە ٩: ١)} لی شانۆنامەی *پێریکلیس*ی لەگەڵ «شانۆنامەکانی کۆتایی»دا دانەناوە، بەڵکو لەگەڵ *ئەنتۆنیوس و کلیۆپاترا* و *تیمۆنی ئەسینا*دا دایناوە: «شێکسپیر تەنها پەردەی سێیەم و پێنجەم و بەشێکی چوارەمی نووسیوە، کە هەرسێکیان پێکەوە خاراوییەکی خۆتەواوکەر پێکدەهێنن و جوان لەگەڵ دیمەنەکانی تردا ناگونجێن... بەڵام ڕەوانیی سرووشتیی دەربڕین شەقڵی بەشدارییەکەی شێکسپیرە... لە زۆر شوێندا پێشبینیی کاریگەریی درامیی دوایینی خۆیی کردووە» (لا. ١٩٨-١٩٩). بۆ ناوگۆڕینی لی بڕوانە لا. ١٩٢ {لە پەرتووکەکەی لی-دا}. **~گ.س.**

[283] **مارینا... ون بوو**: مارینا کچەکەی پێریکلیسە، «منداڵی زریان» بوو (بڕوانە ٩: ٢٦٩). لە شانۆنامەی *زریانەکە*دا میراندا کچی پڕۆسپێرۆ-یە؛ کە فێردیناند، کە دەبێتە مێردی ئایندەی، بۆ یەکەم جار دەیبینێت، دەڵێت: «ئای، چ ناوازەیت! داخۆ تۆ کچیت یان نا؟» (زریانەکە ١: ٢، ٤٢٦-٤٢٧). پێردیتا-ش (بە واتای *ونبوو*) لە شانۆنامەی *سەربردەکەی زستان*دا ون دەبێت و دوایی دەدۆزرێتەوە. **~گ.س.**

[284] **ئەوەی... کچەکەی**: سوزانا کچە گەورەکەی شێکسپیر بووە، شووی کردووە بە پیاوێک بە ناوی دکتۆر جۆن هۆڵ-ی ستراتفۆرد. ساڵی ١٦٠٨ کچەکەی بە ناوی ئەلیزابێث لە دایک بووە؛ ئاوهاش لەدایکبوونی نەوەکەی شێکسپیر کەموزۆر هاوکاتی ئەو سەردەمەیە کە براندێس پێی وایە سەردەمی شانۆنامەکانی کۆتاییەتی. **~گ.س.**

[285] **ژنە... کچە دەچوو**: لە «دیمەنی ناسینەوە»کەی شانۆنامەی *پێریکلیس*دا کە منداڵە ونبووەکە دەگەڕێترێتەوە، پێریکلیس دەڵێت:

ژنە بەوەجەکەم لەم کچە دەچوو،
کچەکەشم دەبێت هەر لەم شێوەیەدا بووبێت.

(پێریکلیس ٥: ١، ١٠٨-١٠٩). **~گ.س.**

[286] **ئایا... خۆش نەوێت**: براندێس پێی وایە کە «سوزانا کچە دڵخوازەکەی شێکسپیر بووە» (لا. ٦٧٧)، چون «میراتگرە سەرەکییەکەی بووە» (لا. ٦٨٦). پێشی وایە شێکسپیر ژنەکەی خۆی خۆش نەویستووە. **~گ.س.**

[287] **لاخ دێتخو گغۆند**: میستەر بێست دەڵێت: «*لاخ دێتخو گغۆندپێغ*» بە واتای *هونەری بوون بە باپیر* (بابەگەورە)، بەڵام لە نیوەیدا دەیبڕێت (*گغۆند*) لە بری (*گغۆندپێغ*). ئەم دەستەواژەیە ناونیشانی پەڕتووکێکی منداڵانە (١٨٧٧) لە نووسینی ڤیکتۆر هیوگۆ (١٨٠٢ - ١٨٨٥)، کە هۆنەر و نووسەری فەڕەنسی بوو. **~گ.س.**

[288] **خۆشەویستی... دەیزانێت**: وا دیارە ستیفن لە دوو کاتی جیاوازی ڕۆژەکەدا پرسیاری «ئەو وشەیە چییە کە هەموو مرۆڤێک دەیزانێت؟» وەک پرسیارێکی ڕازاوی سەیر دەکات (بڕوانە ٣: ٣٣٣ و ١٥: #). لەوە ناچێت کلیلی ڕازەکە لە خودی وشەکەدا بێت، بەڵکو ئەوەیە کە وشەکە ئاشکرای دەکات. وشەکە تەنها لە ئەزموونی خۆشەویستیدا بە ڕاستی بۆ هەموو مرۆڤ ئاشکرا دەبێت. **~گ.س.**

[289] **ئامۆر... کۆنکوپیشیموس**: لاتینییە، دوو دەستەواژەی پەڕتووکی *سوما کۆنترا جێنتیلێس*ی سانت تۆماسی ئەکوینۆیی بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوانیش لە چاپتەری ٩١ی پەڕتووکی

یەکەمدایە، دەڵێت: «خۆشەویستی لە نێو خودادایە». ئەکوینۆیی هەوڵ دەدات بەراوردێک بکات لە نێوان «خۆشەویستیی ڕاستینە کە پێویستی بەوەیە یەکێک باشەی یەکێکی تری بوێت» لەگەڵ خۆخۆشەویستی، کە باشەی یەکێکی تری دەوێت بە شێوەیەکی بنچینەیی وەک گەیەنەرێکی باشەی خودی یەکێک خۆی. تەواوی ئەو ڕستانەی دەستەواژەکانیان لێوە دەرهێنراوە (ڕستە بەیەکەوەبەستراوەکە تۆخ دەکەین) بەم جۆرەیە: Per hoc enim quod intelligimus vel gaudemus, ad aliquod obiectum aliqualiter nos habere oportet; **AMOR VERO ALIQUID ALICUI VULT**, hoc enim amare dicimur, cui aliquod **BONUM** volumus, secundum modum praedictum. **UNDE ET EA QUAE CONCUPISCIMUS**, simpliciter quidem et proprie desiderare dicimur, non autem amare, sed potius nos ipsos, quibus ea concupiscimus; et ex hoc ipsa per accidens et improprie dicuntur amare.

واتە: چون ئەگەر تێبگەین یان چێژ ببینین، ئەوا دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان هەندێک شتمان هەبن؛ لە ڕاستیدا **خۆشەویستی شتێک بۆ کەسێک ئارەزوو دەکات**، چون بە گوێرەی ئەو شێوەیەی لە پێشووتردا باس کرا، دەوترێت **ئەوەمان خۆش دەوێت کە ئارەزووی هەندێک چاکەی بۆ دەکەین**. کەواتە **کە شتێکمان دەوێت**، کورت و پوخت دەوترێت **کە ئارەزووی دەکەین**، بەڵام خۆشمان ناوێت، بەڵکو زیاتر خۆمان خۆش دەوێت بۆ ئەو کەسەی دەمانیەوێت: لەمەوە دەوترێت کە بە ڕێکەوت و بە شێوەیەکی نادروست خۆشیمان دەوێت. **~گ.س.**

**تەواوی ئەو چەند دێڕەی دەڵێت:**

- ئایا وی وێنەیەکی تری لەدایکبوونەوە لە وێدا نابینێت، کە یادی گەنجێتیی خۆیشی تێدا بێت؟

دەزانیت باسی چی دەکەیت؟ خۆشەویستی، بەڵێ. ئەو وشەیەی هەموو مرۆڤێک دەیزانێت. *ئامۆر ڤێرۆ ئالیکوید ئالیکوی بۆنوم ڤولت ئوندێ ئێت ئێیا کوای کۆنکوپیشیموس*...

لە چاپەکانی پێشووتردا نییە و گابڵەر هێناویەتیەوە. گابڵەر لە هێنانەوەی ئەم دێڕانەدا ڕووبەڕووی زۆر ڕەخنە بووەتەوە، بەڵام ئەو لە پشتیان وەستاوە. بەڵام کێشەیەک لەم چەند دێڕەدا هەیە، بە تایبەتی لەو ڕستەیەدا کە بەم جۆرە وەرمگێڕاوە: «ئایا وی وێنەیەکی

تری لەدایکبوونەوە لە وێدا نابینێت، کە یادی گەنجێتیی خۆیشی تێدا بێت؟»، لە دەقە هێنراوەکەی گابڵەردا بەم جۆرەیە:

Will he not see reborn in her, with the memory of his own youth added, another image?

پێم وایە بەو واتایە دێت کە: شێکسپیر وێنەیەکی نوێی خۆی لە کچەزاکەیدا دەبینێتەوە، هەر لەو وێنەیەدا گەنجێتیی شێکسپیریشی تێدایە و ئەم کچە لەدایکبوونەوەیەکی نوێی وێنەی شێکسپیرە. وا دیارە ئەم بیرەی ستیفن لە مژاری سۆنێتەکانی سەرەتای شێکسپیرەوە هاتبێت کە داوا دەکات مرۆڤی جوان منداڵ بخاتەوە، بۆ ئەوەی وێنەی جوانی خۆی لە نەوەکانیدا بە نەمری بهێڵێتەوە. **~ن.م.**

[290] **وێنەی خودی... خۆدووبارەکردنەوە:** ڕستەسازیی سەرەتای ئەم پەرەگرافە لەنگە و ستیفن نارِوونانە دەریدەبڕێت؛ جگە لەوەی وا دیارە دژوازییەک لە نێو خودی پەرەگرافەکەدا هەیە، واتە دژوازییەکە لە نێو بیری ستیفنیشدا هەیە، بۆیە ڕەنگە نارِوونی بێتە نێو مەبەستەکەوە، کە پێم وایە دەکرێت بەم جۆرە دابڕێژینەوە:

> لای پیاوێک کە بلیمەتیی هەیە، کە بلیمەتیی شتێکی سەیرە، وێنەی خودی خۆی پێوەری هەموو ئەزموونێکی گیانی و بەرجەستەییە (واتە لە هەموو ئەزموونێکدا وێنەی خۆی بونیاد دەنێتەوە، یان دەکێشێتەوە. لەوانەیە ئەمە باوەڕێکی جۆیس خۆی بووبێت، چون وەک دەبینین وێنەی خۆی لە نێو کارەکانیدا هەیە) خواستی وێنەی خۆی بۆ ئەو گرنگترە، یان زیاتر کاریگەریی لێ دەکات وەک لەوەی وێنەی نێرینەی تری لە خوێنی خۆی بکێشێتەوە، واتە وێنەی نەوەکانی خۆی بکێشێت، چون ئەم وێنانە ڕووبەڕووی وێنەی نووسەرە بلیمەتەکە دەبنەوە و ڕاوەدووی دەنێن. نووسەرەکە خۆیشی لە وێنەی نەوەکانی خۆیدا هەوڵی سرووشت دەبینێت بۆ پێشبینیکردنەوەی نووسەرەکە، یان سرووشت هەوڵ دەدات نووسەرەکە دووبارە بکاتەوە، کە ستیفن پێی وایە ئەم هەوڵانە هەوڵی ناحەز و ناشیرینن. **~ن.م.**

[291] **جۆرج بێرنارد شۆ:** (١٨٥٦ - ١٩٥٠)، ڕەخنەگر و شانۆنامەنووسێکی ئایر بوو، لە دەبلن لە دایک بووە. «ڕاڤە»کانی بێرنارد شۆ لەسەر شێکسپیر لەو کاتەوە دەرکەوتن کە لە کۆتایی ١٨٩٠کاندا لە *ساتردەی ڕیڤیو* ڕەخنەگری درامی بوو. بە شێوەیەکی گشتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ شێکسپیردا بێڕێزانە بوو. بڕوانە پەڕتووکی *شۆ لەسەر شێکسپیر*،

ئیدیتی ئێدموند ویڵسن (نیو یۆرک، ١٩٦١). هەروەها بڕوانە *خانمە تاریکڕەنگەکەی سۆنێتەکان* (١٩١٠) کە کۆمیدیایەکە و شۆ نووسیویەتی. ئەم شانۆنامەیە باس لە پەیوەندییەکی نالەباری نێوان شێکسپیر و «خانمە تاریکڕەنگەکە» دەکات، کە شۆ بە خاتوو ماری فیتن دەستنیشانی کردووە، گەرچی لە پێشەکییەکەیدا ناسنامەی خانمەکە ڕەت دەکاتەوە. **~گ.س.**

جۆرج بێرنارد شۆ کوڕی جۆرج شۆ و ئەلیزابێث (پێش شوو: *گورلی*) بووە، لە ٢٦ی تەمووزی ١٨٥٦ لە ٣ی شەقامی سینگی سەروو (ئێستا ٣٣ی شەقامی سینگ) لە دەبلن لە دایک بووە. دواتر دایک و باوکی جیا بوونەتەوە. هەر لە دەبلن خوێندوویە. جۆرج ڤاندێلۆر لی، کە مامۆستای موزیکی دایکی شۆ بووە، ساڵی ١٨٧٢ چووە بۆ لەندەن و دایکیشی بە دوایدا چووە بۆ ئەوێ، بەڵام جۆرج لەگەڵ باوکی ماوەتەوە و تا دوو ساڵ لە خانووی ژمارە ٦١ی شەقامی هارکۆرت ژیاون، لەو ماوەیەدا سەردانی شانۆگا و کۆنسێرت و گەلەریی نیشتمانیی ئایرلاندی کردووە. ساڵی ١٨٧٦ چووە بۆ لەندەن و هەر لە تەمەنی بیست و یەک ساڵییەوە تا سی ساڵی هیچ پارەیەکی دەست نەکەوتووە و بە تەواوی لەسەر هاوکاریی دایکی ژیاوە. ساڵی ١٨٨٥ پەڕتووکی بۆ *پۆڵ مۆڵ گەزێت* هەڵسەنگاندووە و لە گۆڤاری *ذە وێڵد* ڕەخنەگری هونەری بووە. لە گۆڤاری *ذە ستار*دا ئیدیتەری موزیک بووە و ناسناوی «کۆرنۆ دی باسێتتۆ»ی لە خۆی ناوە و لە *ساتردەی ڕیڤیو* ڕەخنەگری دراما بووە. زیاتر لە ٥٠ شانۆنامەی نووسیوە و ساڵی ١٩٢٦ خەڵاتی نۆبڵی وێژەی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٤٦ خەڵاتی هاووڵاتیی شانازیی دەبلنی پێ بەخشراوە. ماوەی چل ساڵ ماڵی لە ئایۆت سانت لۆرەنس لە هێرتفۆرتشیە بووە، کە هەر لەوێش لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٥٠ لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. لە ٢٣ی تشرینی دووەمدا لاشەکەی سووتێنراوە و خۆڵەمێشەکەی لەگەڵ هی ژنەکەیدا تێکەڵ کراوە و بەسەر باخچەی ماڵەکەی خۆیدا پەرش کراوە. شۆ سێ لەسەر چواری سامانەکەی بۆ پەڕتووکخانەی نیشتمانیی ئایرلاند بە جێ هێشتووە، هەر بۆیە لەوێ پەیکەرێکی بۆ دروست کراوە. **~ڤ.ئ.**

[292] **فرانک هاریس**: (١٨٥٦ - ١٩٣١) پیاوێکی هەمەکارە بووە و خۆی بە خۆیی وتووە کە «وێژەوان» بووە. سەرنووسەر و خاوەنی *ساتردەی ڕیڤیو* بووە (١٨٩٤ – ١٨٩٩) و تیایدا زنجیرەیەک وتاری لەسەر شێکسپیر بڵاو کردووەتەوە کە دواتر کۆ کرانەوە و ساڵی ١٨٩٨ لە لەندەن بە ناونیشانی: *شێکسپیر خۆی و ژیننامە تراژیدییەکەی* بڵاو کرایەوە. **~گ.س.**

فڕانک هاریس لە گۆلوەی ناوی جەیمز تۆماس بووە، لە ١٤ی شوباتی ١٨٥٦ لە دایک بووە، کوڕی تۆماس هاریس بووە، باوکی ئەفسەری دەریایی فیشگارد بووە لە ویڵز. لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا بۆ خوێندن نێرراوە بۆ ویڵز، بەڵام کە بووە بە ١٤ ساڵ هەڵهاتووە و چووە بۆ ئەمەریکا، پاشان بە ئەوروپادا گەڕاوە و دواتریش لە لەندەن نیشتەجێ بووە. لە ١٨٨٢ تا ١٨٨٣ سەرنووسەری *ئیڤنینگ نیوز* بووە، لە ١٨٨٦ تا ١٨٩٤ سەرنووسەری *فۆرتنایتلی ڕیڤیو* بووە، لە ١٨٩٤ تا ١٨٩٨ بووە بە سەرنووسەری *ساتردەی ڕیڤیو*، کە ڕۆژنامەیەکی کاریگەر بووە و کارەکانی تۆماس هاردی و ئێچ جی ویڵز و ئارثەر سیمنس و جۆرج بێرنارد شۆی بڵاو دەکردەوە. هاریس لە *ساتردەی ڕیڤیو*دا زنجیرەیەک وتاری بە ناونیشانی *شێکسپیر خۆی و ژیننامە تراژیدییەکەی* (١٩٠٩) سەبارەت بە شێکسپیر بڵاو کردەوە. کارەکانی تریشی پێکهاتوون لە کۆمەڵێک چیرۆکی کورت، ڕۆمانێک بە ناونیشانی *بۆمبەکە* (١٩٠٩)، دوو شانۆنامە، لەگەڵ ژیننامەی شێکسپیر و وایلد و شۆ. ڕەنگە زۆرتر بە ژیننامەکەی خۆی بەناوبانگ بێت بە ناونیشانی *ژیان و خۆشەویستیی خۆم* (چوار بەرگ: ١٩٢٢-١٩٢٧)، کە یادنامەیەکی فشەکەرانە بووە و پشتیان پێ نابەسترێت. سێ جار ژنی هێناوە. لە ٢٦ی ئابی ١٩٣١ لە نیس لە فەڕەنسا مردووە و لە گۆڕستانی کۆکاد لەوێ نێژراوە. ~**ڤ.ئ.**

[293] **ساتردەی ڕیڤیو**: حەفتەنامەیەکی وارگێڕی و وێژەیی و زانستی و هونەری بوو، ساڵی ١٨٥٥ لە لەندەن دامەزرا. ~**گ.س.**

[294] **سەیرە... پیشان دەدات**: بە گوێرەی هاریس (لا. ٢٠٢) «چیرۆکەکە زۆر سانایە: شێکسپیر خاتوو فیتنی خۆش دەویست و لۆرد هێربێرتی هاوڕێی [ویلیەم هێربێرت (١٥٨٠ - ١٦٣٠)، ئێرلی پێمبرۆک بوو]، کە ئەو کاتە گەنج بوو، بۆ هەمان مەبەست نارد بۆ لای خاتوو فیتن تا ستایشی شێکسپیر بکات لای وێ، بەڵام خاتوو فیتن کەوتە ئەوینی ویلیەم هێربێرت خۆیەوە، وێ کەوتە هەوڵی سازکردنی وی و بە دەستی هێنا، شێکسپیریش دەبوو بۆ لەدەستدانی هەردوو هاوڕێ و دۆستەکەی بناڵێت». براندێس (لا. ٢٦٩ف‌ف) شوناسی «خانمە تاریکرەنگەکە» وەک خاتوو ماری فیتن ڕەت دەکاتەوە، بەڵام هەر پێی وایە کە پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی نالەبار بووە. ئۆسکار وایلد لە *وێنەکەی میستەر دەبلیو ئێچ*-دا (بڕوانە ٩: ٣٤٢) نووسیویە: «پێمبرۆک و شێکسپیر و خاتوو ماری فیتن سێ کەسایەتیی نێو سۆنێتیەکانن: هیچ گومانی تێدا نییە». ~**گ.س.**

[295] **لام وایه... نەدەکرا ببووایە:** تیلنیشانێکە بە تیۆرییەکی تر لە بارەی ژیانی خۆشەویستیی شێکسپیرەوە کە ئەو کاتە هەنووکەیی بوو: ئەویش ئەوە بوو کە شێکسپیر «بە کوڵ» لە خۆشەویستیی ویلیەم هێربێرت-دا بوو (بڕوانە براندێس لا. ٧١٤)؛ ئاوهاش ئەو ڕەتکردنەوەیەی بە هۆی پەیوەندیی خاتوو ماری فیتن و هێربێرتەوە ڕووی دا لە بەری ئەوسەری پەیوەندییە سێگۆشەکەدا دەوەستێتەوە. **~گ.س.**

[296] **هێلکەی ئۆکان:** ئۆکان کۆی ئۆک-ە. **ئۆک:** بە ئینگلی *auk*: باڵندەیەکی دەرياييە، لەشی گەورەیە و پەلەکانی کورتن. لەبەر ئەوەی لە *فەرهەنگی باڵندە*دا ناوەکەی تێدا نەبوو، بۆیە خواستم؛ گەرچی لە وەرگێڕانی یەکەمی ئەم دێڕانەدا (ساڵی ٢٠١٩) ناوەکەم بە «ماسیخۆرە» داناوە (ئێستا حوزەیرانی ٢٠٢٤ە کە پیایدا دەچمەوە)، بەڵام لە بیرم نایەت ئەو کاتە لە چ سەرچاوەیەکەوە ئەم وشەیەم هێناوە، بۆیە لایدەبەم و بە شێوەیەکی کاتی ناوە خوازراوەکە دەهێنمەوە. **~ن.م.**

ساڵی ١٩٠٤ لە هەواڵەکاندا باسی ئۆکی گەورە کراوە کە چەشنە بوونەوەرێکە و لە زۆر شوێن هەبووە، بەڵام قڕی تێ کەوتووە. مێی چەشنە جیاجیاکانی ئۆک لە هەر وەرزێکی زاووزێدا تەنها یەک هێلکەیان کردووە، کە لەچاو قەبارەی باڵندەکەدا گەورەتر بووە و وەک مەرمەڕ ڕەنگاوڕەنگ بووە. کرۆکی بیرکردنەوەکەی ستیفن لێرەدا ئەوەیە کە ئاکامی گفتوگۆکەیان سەرێکە (هێلکەیەکە) کە بیرۆکەیەکی قڕتێکەوتوو دەهێنێتە بوون. **~گ.س.**

[297] **بە مێردەزمانێکی... خۆش دەوێت؟:** لە زمانی هۆنراوەییانە و کۆنی ئینگلیدا لە بەرانبەر تۆ-ی تاکدا وتراوە *ذی thee*، و بە تۆ-ی کۆ و بەڕێزانە، یان دینییانە وتراوە *ذاو thou*؛ کەموزۆر لە کوردیدا بەرانبەر «جەنابت» و «حەزرەتتان» دەوەستێتەوە. جا لێرەدا ئاماژەکە بۆ ئەوەیە کە لیستەر بە زمانی کۆن و دینییانە و بەڕێزانە لەگەڵ خانمدا دەدوێت؛ کە ئەوەی تر لە ڕاڤەکەی گیفرددا دەردەکەوێت. **~ن.م.**

لیستەر-ی کوەیکەر و سەڵت ئەگەر ژنی هەبووایە (یان هەر کەسێکی تر کە ئاشنای بووایە) ئەوا بە شێوەزاری کۆنی کەسی دووەمی تاک لەگەڵی دەدووا (بۆ پیشاندانی برایەتیی مرۆڤ). میریام (عیبریی مریەم-ە)، ناوی خوشکەکەی موسایە، بەڵام بە شێوەیەکی کاتی لە دژی موسا بوو، چون موسا ژنێکی نائیسرائیلیی هێنابوو. ڕەنگە ستیفن لەبەر ئەوە ناوی میریام بهێنێتەوە تا ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان شێکسپیر و جۆرج فۆکس بدات کە پێشتر باس کرا (بڕوانە ٩: ٢٣٨). لەوانەیە مەبەست لەوە بێت کە لەوانەیە شێکسپیر هەر بەو جۆرە بانگی ماری فیتنی کردبێت کە جۆرج فۆکس مارگەرێتی ژنی

خۆیی پێ بانگ کردووە، مارگەرێت - ژنەپێغەمبەری کوەیکەر: میریام؟ بەهەرحاڵ، لیستەر تا ساڵی ١٩٢٠ کە لە پەڕتووکخانەی نیشتمانی خانەنشین بوو هەر سەڵت بوو. دوای خانەنشینبوون خاتوونێکی خواست بە ناوی جەین کامپبێل-ەوە. **~گ.س.**

«کوەیکەرەکان ئەو نەریتەیان وەرگرتبوو کە خەڵک بە *دی* {جەنابتان} و *داو* {حەزرەتتان} بانگ بکەن. «بەڵام *دی* و *داو* لەم کاتەدا (کۆتایی سەدەی حەڤدە) بۆ بانگکردنی خەڵکی بچووکتر بە کار دەهێنران، وەک خەڵکی ئاسایی و خزمەتکاران» (چارلز فریدریک هۆڵدەر، *کوەیکەرەکانی بەریتانیای گەورە و ئەمەریکا*، لا. ٥١٢). ناوی ماری لە ناوی عیبریی مریەمەوە هێنراوە (میرڤەم). **~س.ت.م.٢**

298 **گۆتە**: یۆهان ڤۆلڤگانگ ڤۆن گۆتە (١٧٤٩-١٨٣٢) نووسەر و ڕەخنەگر و شانۆنووس و فەیلەسووف و زانایەکی ئەڵمان بووە، پێنج ڕۆمان (سیانیان سیانینەی ڤیلهێلم مایستەر-ن) و نۆ شانۆنامە دوو نۆڤێلا و کورتەچیرۆکێک و چەندین هۆنراوە و چەند بەرهەمێکی زانستیشی هەیە. **~ن.م.**

299 **ئاگادار بە... پێی دەگەیت**: بە ئەڵمانی: Was man in der Jugend wünscht, hat man im Alter die Fülle، واتە: «ئەوەی لە گەنجییتدا خۆزگەی بۆ دەخوازیت، لە پیریتدا بە زیادەوە دەتبێت»، واتە لە دەقە ماکەکەدا «ئاگادار بە»ی تێدا نییە. ئەمە دروشمی پەڕتووکی *خەیاڵکرد و ڕاستی* (١٨١١ - ١٨١٤)ی گۆتەیە، کە ژیننامەی خودی خۆیەتی. **~گ.س.**

300 **لۆردیلە**: لۆردێکی بچووک. ویلیەم هێربێرت تا ساڵی ١٦٠١یش ناسناوی لۆردی وەرنەگرت، کە ستیفن و هاریس «خیانەت»ەکەی وییان بە چوار ساڵ زووتر لەم ساڵە داناوە. **~گ.س.**

301 **بۆنارۆبا**: ئیتالییە، بە واتای وشە بێت، واتە «شتێکی ئاسایی»؛ بەڵام لە زمانی بازاڕیی سەردەمی ئەلیزابێتدا بە واتای «کچی خۆدەرخەر، یان خۆبادەر» هاتووە، بۆ نموونە لە دووەم شانۆنامەی *هێنریی چوارەم*ی ( ٣: ٢: ٢٦) شێکسپیردا هاتووە. **~گ.س.**

302 **کەنداوێک... سواری دەبن**: لە سۆنێتی ١٣٧ی شێکسپیرەوە هێنراوە، کۆی سۆنێتەکە وەهایە:

**سۆنێتی ١٣٧**

ئەی ئەوینی کوێری گەمژە، چیت لە چاوانم کردووە،
کە دەڕوانن، کەچی ئەوە نابینن کە لێی دەڕوانن؟

دەزانن جوانی چییە، دەشیبینن کە لە کوێیە،
کەچی ئەوەی بە باشترین هەڵیدەبژێرن، خراپترینە.
کە چاوان، کە بە نیگای شەیدایانە گەندەڵ بوون،
لە نێو ئەو کەنداوەدا لەنگەریان گرتووە کە گشت پیاوان سواری بوون،
بۆچی لە چاوانی هەڵە چنگت چێ کردووە،
کە داوەریی دڵم بەوانەوە بەندە؟
بۆچی دڵم ئەوێ بە جێیەکی تایبەت دەزانێت
کە هەر دڵم خۆی دەزانێت جێی تەواوی گشت دونیایە؟
یان چاوانم، کە ئەمە دەبینن و دەڵێن وا نییە،
بۆ ئەوەی ڕاستیی جوان بە ڕوویێکی هێندە خراپدا بدەن؟
دڵ و چاوانم شتانی دروست و ڕاستیان لێ تێکچووە،
ئێستاش گواستوویانەتەوە سەر ئەم تاعوونە هەڵەیە.

ئەو وشەیەی بە «سواری دەبن» وەرمگێڕاوە لە دێڕی: «لە نێو ئەو کەنداوەدا لەنگەریان گرتووە کە گشت پیاوان سواری بوون» لە ئینگلییەکەیدا ڕەگەزدۆزییە، وێنەکە چووێنراوێکە بەوەی کە پاپۆڕەکان لەنگەرەکانیان لە نێو دەریادا گیر دەکەن و دەیخەنە نێو دەریاوە، ئاوهاش ڕادەوەستن؛ هەر ئاوهاش ئەو ژنە تاریکڕەنگەی شێکسپیر کە بەرهەڵدایە و پیاوان دێن لەنگەرەکانیانی تێدا گیر دەکەن و سواری دەبن. **~ن.م.**

هاریس (لا. ٢١٣) ئەم دێڕە بە ماری فیتن-ەوە دەبەستێتەوە، دەستەواژەیەکی تریش لە هەمان سۆنێتەوە دەهێنێت کە «جێی تەواوی گشت دونیایە»یە (دێڕی ١٠)، کە ستیفن بە بۆناڕۆبا دەیگۆڕێت، کە ئاماژەکەی ڕوونترە. **~گ.س.**

303 **خانمێکی... ئابڕووچووەوە**: هاریس (لا. ٢١٣) نووسیویە: «ساڵی ١٥٩٥ ماری فیتن لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بوو بە خانمی ئابڕوومەندی شا ئەلیزابێث. لە نامەیەکدا کە باوکی لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٥٩٩دا بۆ سێر ڕۆبێرت سێسڵ-ی ناردووە، زۆر ڕوون دەردەکەوێت کە ئەو کاتەی تەمەنی شازدە ساڵ بووە شووی کردووە؛ گەرچی لەوانەیە هاوسەرییەکەیان بە تەواوی جێبەجێ نەکرابێت، بەڵام هەر ئەو ڕاستییە پێشنیاری جۆرە بێباکییەک لە کەسێتیدا دەکات، یان زۆرتوانایی جووتبوون، یان هەردووکی، ئەوەشمان پیشان دەدات کە خاتوو فیتن بە کچێنییش شەرمن و سادە و پووکاوە نەبووە... گەرچی دوو جار شووی کردووە، بەڵام منداڵێکی نایاسایی لە هێربێرت هەبووە، دوو دانەی تریشی

له سێر ڕیچارد لیڤیسن هەبووە». هاریس پێی وایە کە لۆرد هێربێرت «خیانەت»ی له شێکسپیر کردووە و ئەو خانمە «خانمە تاریکڕەنگەکە»ی زنجیرە سۆنێتی ١٢٨ تا ١٥٢ە، «شانۆنامە دوای شانۆنامە هەر دەیبینینەوە» (لا. ٢١٢). **~گ.س.**

[304] **سەروەری زمان بوو**: ئەم دەستەواژەیە لە کۆپلەی دەووەمی هۆنراوەی *بۆ وێرگیلیوس* (١٨٨٢)ی ئالفرێد لۆرد تێنیسن (١٨٠٩-١٨٩٢)دایە، دەڵێت:

ویرگیلیوسی ڕۆمی، ئەی ئەوەی سترانت لە بارەی
پەرستگای بەرزی ئیلیۆنەوەیە کە گڕیان پۆشی،
ئیلیۆن دەکەویت، ڕۆم هەڵدەستێتەوە،
جەنگ، بڕوای کوڕێتی، لەگەڵ سووتانگەی دیدۆ؛

ئەی ئەوەی دیمەنی سرووشتییت خۆش دەوێت، ئەی ئەوەی
لەو کەسە زیاتر سەروەری زمانیت کە سترانی «کار و ڕۆژان»ی بێژاوە،
گشت سکەی ئارەزوو
لە زۆر دەستەواژەی زێڕینەوە دەبریسکێنەوە؛

{خۆم ئەم دوو کۆپلەیەم لێی وەرگێڕاوە} ئەوەی «کار و ڕۆژان»ی نووسیوە ئیسیۆدۆس-ە، کە هۆنەرێکی گریکی بووە. ئەمە لە *دی پرۆفوندیس*-ی ئۆسکار وایلدیشدا هاتووە (١٨٩٧ نووسراوە، ١٩٠٥ دوای مەرگی بە لێبڕینەوە بڵاو کرایەوە): «حەفتەیەک دواتر گوێزرامەوە ئێرە. سێ مانگ نەڕۆیشت و دایکم مرد. کەس لە تۆ باشتر نازانێت چەند قووڵ خۆشم دەویست و ڕێزیم دەگرت. مەرگی وێ بۆ من کارەسات بوو، بەڵام من، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەروەری زمان بووم، وشەم لێ بڕاوە بۆ ئەوەی لە ناسۆر و شەرمی خۆم دەرببڕم» (لا. ٦٥). **~گ.س.**

[305] **دەغەڵ**: ئەوەی بە «دەغەڵ» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی ***coistrel***ە، کە شێکسپیر بە واتای کەسێکی نۆکەری خوێڕی و سێبەندی بە کاری هێناوە. **~ن.م./گ.س.**

[306] **ڕۆمیۆ و جولیێتی نووسیوە**: لێکۆڵەرانی هاوچەرخ کاتی نووسینی شانۆنامەی *ڕۆمیۆ و جولیێت* دەگەڕێننەوە بۆ نزیکەی ساڵی ١٥٩٦. هاریس پێی وایە ساڵی ١٥٩٧ شانۆنامەکە نووسراوە، دوای ئەوەی شێکسپیر کەوتە ئەوینی ماری فیتن-ەوە، بەڵام پێش ئەوەی هێربێرت خیانەتی لێ بکات (هاریس دەڵێت پێی وایە ڕۆزالیند، کە لە شانۆنامەکەدا وەک

گراوییەکەی ڕۆمیۆ پێش جولییێت دەردەکەوێت، وێنەیەکی فیتن-ە) (لا. ٢١٤-٢١٥). **~گ.س.**

[307] **لە ناوەختدا بڕوای بە خۆی کوژرا:** دەستەواژەی «لە ناوەختدا کوژرا»، بیری باسی لەدایکبوونی مەکدەفمان دەخاتەوە لە شانۆنامەی *مەکبێث*ی شێکسپیردا: «مەکدەف لە منداڵدانی دایکیدا لە ناوەختدا پێگەیشت» (مەکبێث ٥: ٧، ١٥-١٦). ئەم ڕستەیە بیری هاریسیشمان دەخاتەوە (لا. ٣٦٤) کە دەڵێت: «ڕقی شێکسپیر لە ژنەکەی بێئەندازە بوو، بەشێک بوو لە ڕێزلەخۆگرتنەکەی خۆی، تا ساڵانێکی زۆریش، ئەگەر بە درێژایی هەموو ژیانی نەبووبێت، ڕێزلەخۆگرتنەکەی لەسەر بنەمای شتی پۆزاویی ناپێویست دامەزرابوو». **~گ.س.**

[308] **سەرەتا... باخەچەوانێکدا):** (بڕوانە ٩: ١٨٠). **~گ.س.**

[309] **پێکەنین و ڕاکشان:** لە گۆرانیی «هونەری خۆشەویستی»یەوە هێنراوە لە پەڕتووکی *ئەو گۆرانییانەی باشترین ئاوەزەکانی هەموو کات دایانناون*، کە ڕیچارد هێد کۆی کردوونەتەوە (بڕوانە ٣: ٢٨٨ و ٣: ٢٩٨)، دەڵێت:

وێ بزە دەکات، وێ مۆرە دەکات،
وێ پێدەکەنێ، ئینجا ڕادەکشێ،
بەڵام تۆ دەبێت لە گشت بارێکدا نازی بکێشیت

هەروەها «پێکەنین و ڕاکشان» یارییەکی کارتی سەردەمی ئەلیزابێث بوو. **~گ.س.**

[310] **دۆنجۆڤانیزم:** هاریس پێی وا بووە کە شێکسپیر بەوە قەرەبووی شکستی لە هاوسەرگیریدا کردووەتەوە کە بووە بە دۆن جۆڤانی، یان دۆن خوان، ژنی جۆراوجۆری تاو داوە، بەڵام هاریس دەڵێت کە لەو ڕۆڵەدا شکستی هێناوە. **~گ.س.**

[311] **کەڵبەی... لێی کەوتووە:** ئەمە تیلنیشانی پێچراوەیە ١. تیلنیشانە بە *ڤینوس و ئادۆنیس*-ی شێکسپیر و پەسنی لاشەی ئادۆنیس، بەو جۆرەی ڤینوس دەیدۆزێتەوە:

جا، کە {چاوانی ڤینوس} کرانەوە، ڕووناکیی نابەدڵیان
بەسەر ئەو برینە فراوانەدا هاویشت کە بڕەکەکە {(نێرەبەراز)}
لە کەلەکەی ویدا {ئادۆنیس} هەڵیکۆڵیبوو؛ شلێرە سپییەکەی
بە ڕۆندکی مۆر ڕاهاتبوو، برینەکەی لە گریاندا خوسابوو:
هیچ گوڵ و گژوگیا و گەڵایەک نزیک نەبوو
کە خوێنی وی نەیدزیبێتن و وا دەرنەکەون کە لەگەڵ ئەودا خوێنیان لێ ناچۆڕێت.

(ڤینوس و ئادۆنیس ١٠٥١-١٠٥٦ {خۆم وەرمگێڕاوە}). دواتریش هاوشێوەی ئەم پەسنە دووبارە دەبێتەوە. ٢. تیلنیشانە بە *ئۆدیسە*: بڕەکێک (نێرەبەراز) لە مێردمنداڵیدا پەلاماری ئۆدیسێفسی داوە و ئەژنۆی بریندار کردووە. دواتر ئێڤریکلیا-ی کۆنەدایەنیشی هەر بەم شوێنبرینەدا دەیناسێتەوە و لای پینێلۆپیا سوێندی بۆ دەخوات کە خۆیەتی، دوای ئەوەی لە گەشتە دوورودرێژەکەی دەگەڕێتەوە (بڕوانە ١: ١). ٣. تیلنیشانە بە شانۆنامەی *فیلاستەر، یان خۆشەویستی بە خوێنلێچۆڕاوی ڕاکشاوە* (١٦٠٩) لە نووسینی فڕانسیس بۆمۆنت و جۆن فلێتچەر، کە خانمە پاڵەوانەکە، کە خانمێکی ورووژاوە، خوازیارە بە دەستی خۆشەویستێک بمرێت کە بە جێی هێشتووە. **~گ.س.**

[312] **ئەگەر چەقاوەسووەکە بشبەزێت**: ئەو وشەیەی بە «ببەزێت» وەرمگێڕاوە، لە دەقە ماکەکەدا وشەی *worsted*ە، کە بە گوێرەی *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد* ئەو واتایەی هەیە و سام سلەوت و هاوەڵەکانیشی پشتڕاستیان کردووەتەوە. بەڵام ئەگەرێکی دەگمەنیشی هەیە کە بەو واتایە بێت کە ئەم خانمە چەقاوەسووەی هەوڵ دەدرێت ماڵی بکرێت و کەوی بکرێت *خراپتر* بووبێت، واتە وشەکە لە *worst*ەوە پێکهێنرابێت. **~ن.م.**
ئەمە کاترینە، کە خانمە چەقاوەسووەکەی شانۆنامەی *ماڵیکردنی چەقاوەسووەکەی* شێکسپیرە، کە ماڵی دەکرێت، ئەگەر خراپتر نەبووبێت {یان نەبەزێنرابێت}. **~گ.س.**

[313] **چەکە نادیارە ژنانەییەکەی دەمێنێت**: چەکی دیاری ژن، بەو شێوەیەی شا لییەر (٢: ٢، ٢٨٠) دەیڵێت: «فرمێسکەکانیەتی». تیلنیشانەکە بەوەیە کە ژن گان (چەکی نادیار) بە کار دەهێنێت بۆ تاوادان و (بە نهێنی) خیانەتکردن لە مێردەکەی، یان خۆشەویستەکەی. **~گ.س.**

[314] **نەقیزەیەکی... تاریکتر دەکاتەوە**: مەبەست لەوەیە کە ئان هاتەوەی بە تاوادانە دەستدرێژییانەکەی شێکسپیری لاواز کردووە، هەر وەک چۆن ئادۆنیس بە شێوەیەکی هێمایی بە دەستدرێژییەکانی ڤینوس لاواز بووە؛ هەروەها ئەم هاوبەشییەی شێکسپیر لەو دەستدرێژییەدا کاریگەریی گوناهی ماکی هەیە، بەو جۆرەی کە لە وانەی شەشەمی «لە بارەی گوناهی ماکەوە»ی پەڕتووکی *کاتەکیزمی داڕێژراوی ئەنجوومەنی کڵێسای مەینووث {لە ئایرلاند} و پەسەندکراو لە لایەن کاردیناڵ و مەتران و ئوسقوفەکانی ئایرلاند بۆ بەکارهێنانی گشتی لە سەرتاسەری کڵێسای ئایریدا* (دەبلن، ١٨٨٢)، لا. ١٤، پێناسە کراوە، کە دەڵێت: «لە گوناهی یەکەم دایکوباوکمانەوە چ جۆرە کاریگەرییەکی دیاریکراو دێت؟ وەڵام: تەواوی سرووشتمان بە گوناهی یەکەم دایکوباوکمان گەندەڵ بووە؛ تێگەیشتنمانی

تاریک کردووە؛ ویستمانی لاواز کردووە؛ ئارەزوویّکی بەتینیشی تیاماندا بە جێ هێشتووە بۆ نەگریسی و بەدکاری». ئارگومێنتەکە ئەوەیە کە «گوناهی ماک»ی تاودانەکەی ئان هاثەوەی بۆ شێکسپیر تێکەڵ بووە لەگەڵ «ئارەزووی نوێ» بۆ ماری فیتن، ئەو خانمەی کە وەک ژنە تاریکرەنگەکەی نیو سۆنێتەکان گریمانە کراوە. **~گ.س.**

[315] **گەرداو**: کاریڤدیس-ە، (بڕوانە ٩: ١). **~گ.س.**

[316] **گوێ دەگرن... گوێکانیانەوە**: لە وتەی سەهویرەکەی نێو *هاملێت*ەوە هاتووە (بڕوانە ٧: ٣٤٩). **~گ.س.**

[317] **سەهویرەکەی... نەبەخشیبێت**: ئەو وشەیەی بە «کوشتن» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی quell-ە، کە شێکسپیر لە *مەکبێث* و *خەونی شەوێکی چلەی هاوین* و *دووەم هێنریی چوارەم* و هەندێک بەرهەمی تریدا بە واتای کوشتن یان دامرکانەوە بە کاری هێناوە. **~ن.م.**

ستیفن ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە چۆن سەهویرەکە (پاشا هاملێت، واتە باوکەکە) زانی کە ژنەکەی خیانەتی لێی کردووە و چۆنێتیی کوشتنەکەی خۆیی زانیوە؟ (بڕوانە ٧: ٣٥٠). **~گ.س.**

[318] **ئینگلییە لار و ناشۆخەکەی**: واتە شێکسپیر (بڕوانە ٩: ٦٧). **~گ.س.**

[319] **لە گۆ... لوکریسەوە**: *شەلفە* ددانی فیلە. ئەمە لە دێڕی ٤٠٧ی *لاقەکردنی لوکریس*-ی شێکسپیرەوە هێنراوە کە دەڵێت:

«سنگی، وەک گۆی شەلفەیی، بە دەماری شین دەورە درابوو». **~گ.س.**

[320] **خاڵە... ئیمۆجین**: ئیمۆجین کچی سیمبێلینە و خانمە پاڵەوانە داوێنپاکەکەی شانۆنامەکەی شێکپسیرە؛ یاکیمۆ-ی بەدکار لە کاتێکدا ئیمۆجین نووستووە، بە شێوە نەک بە جەستەیی، دەیشێوێنێت.

خاڵێکی پێنجگەردی لەسەر سنگی وێ،
وەک دڵۆپە زرشک لە ژێر هەڕاڵەدا.

(سیمبێلین ٢: ٢: ٣٧-٣٩). **~گ.س.**

[321] **دەیەوێت و ناشیەوێت**: لە گۆرانییەکەی زێرلیناوە هێنراوە (بڕوانە ٤: ١١٨). **~گ.س.**

[322] **دەگەڕێتەوە... دەلێسێتەوە**: براندێس وا وێنای شێکسپیر دەکات کە بەوەی ئەرکی ژیانی بە جێ گەیاندووە بە مێشکێکی ئاسوودەوە لە ستراتفۆرد خۆی خانەنشین کردووە. هاریس (لا. ٤٠٤) بە پێچەوانەوە وێنای دەکات و دەڵێت: «ڕاستییەکە ئەوەیە خولیای

ئارەزوو و دڵپیسی و ڕق ماوەیەکی درێژ هێزیان لە شێکسپیر بڕیوە، پاشان لە شانۆنامەی *زریانەکە*دا بێهوودە هەوڵی داوە بە ئارامی بگات، بە خشکە گەڕایەوە بۆ ستراتفۆردی شاری خۆی تا لەوێ بمرێت». **~گ.س.**

[323] **دەمپارێزەکەی هەڵداوەتەوە:** دەمپارێز ئەو بەشەی زرێیە کە بە دەموچاوەوەیە و دەکرێت هەڵبدرێتەوە تا دەموچاوەکە دەربکەوێت. هۆرەیشۆ لە *هاملێت*دا بە هاملێتی کوڕ دەڵێت کە چی دیوە و پەسنی سەهویرەکە دەکات کە لە تەوقی سەر تا بنی پێ لە زرێدا بووە:

**هاملێت:** ئەی ڕوخساریتان نەدی؟

**هۆرەیشۆ:** با چۆن گەورەم، دەمپارێزەکەشی هەڵدابووەوە.

(هاملێت ١: ٢، ٢٢٩-٢٣٠ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[324] **باکەی لای... بتەوێت:** «یان هەر شتێک کە بتەوێت» ژێرناونیشانی شانۆنامەی *شەوی دوازدەیەم*ی شێکسپیرە. بە گوێرەی ئەو چەند دێڕەی لە دواییدا دێن جێی سەرنجە کە *شەوی دوازدەیەم* یادی ئێپیفانی (٦ی کانوونی دووەم) دیاری دەکات، کە مەسیح وەک کوڕی خودا دەرکەوت و بۆ جیهان ئاشکرا بووە، کە «کوڕەکە لەگەڵ باوکەکەدا هاوکرۆکە». بۆ بەردی ئێلسینۆر و دەنگی فریودەری دەریاکە (بڕوانە ١: ١٧٥). **~گ.س.**

[325] **دوژمنەکەم، منت دۆزییەوە؟:** (یەکەم پاشایان ٢١) ئیزابێل-ی ژنی ئەحاڤ-ی پاشای سامیرە، پیلان لە دژی خاوەنی ڕەزەمێوێک دەگێڕێت، چون ئەحاڤ ئارەزووی لە ڕەزەمێوەکەی هەیە. کە پیلانەکە سەردەگرێت و ئەحاڤ دەست دەگرێت بەسەر ڕەزەمێوەکەدا، ئیلیاسی پێغەمبەر لە ڕێی «فەرمایشتی خودا»وە ئامۆژگاری دەکرێت ئەحاڤ بە نەفرەت بکات، «ئینجا فەرمایشتی یەزدان بۆ ئەلیاسی تیشبی هات: "هەستە بەرەو خوارەوە بڕۆ بۆ بینینی ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل، ئەوەی لە سامیرەیە. وا لە ڕەزەمێوەکەی ناڤۆتە، ئەوەی چووە ئەوێ هەتا دەستی بەسەردا بگرێت. قسەی لەگەڵ بکە و بڵێ: 'یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئایا پیاوت کوشت و هەروەها دەست بەسەر میراتەکەشیدا دەگریت؟' پێشی دەڵێیت، بەم جۆرەی فەرمووە: 'لەو شوێنەدا کە سەگ خوێنەکەی ناڤۆتیان لێسایەوە، لە هەمان شوێندا خوێنەکەی تۆش دەلێسنەوە. بەڵێ، هی خۆت!'" ئەحاڤ بە ئەلیاسی گوت: "دوژمنەکەم، منت دۆزییەوە!" ئەویش گوتی: "تۆم دۆزییەوە، لەبەر ئەوەی خۆتت فرۆشتووە تاکو ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان خراپە، ئەنجامی بدەیت. من وا بەڵات بەسەردا دەهێنم و ڕیشەکێشت دەکەم، هەرچی نێرینە و کۆیلە و

ئازادی ئەحاڤە لە ئیسرائیلدا قڕی دەکەم. ماڵەکەشت وەک ماڵی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات و بەعشای کوڕی ئاحییای لێ دەکەم، لەبەر ئەوەی پەستت کردم و ئیسرائیلت تووشی گوناھ کرد."». (یەکەم پاشایان ٢١: ١٧-٢٢). **~گ.س.**

[326] **ئۆنتخاکت**: بە فەڕەنسی: *Entr'acte*، واتە وچانی نێوان پەردەکان، ھەروەھا پارچەموزیکێکیشە، یان نمایشێکی گاڵتەییە کە لەم وچانەدا پێشکەش دەکرێت. **~گ.س.**

[327] **بروسکەکەم**: ئەوەیە کە ستیفن بۆ مەلیگنی ناردووە (بڕوانە ٩: ٢٥). **~گ.س.**

[328] **بڕبڕەدارە گازییەکە**: واتە بڕبڕەی ھەبێت، بەڵام لەشی تێدا نەبێت، واتە سەھویر؛ لێرەدا واتە «کوڕەکە لەگەڵ باوکەکەدا ھاوکرۆکە». **~گ.س.**

[329] **ڤاس... دینن**: ئەڵمانییە و ھەڵەیە، دروستەکە بەم شێوەیەیە: *ڤاس دو ڤێلاخست دێم ڤێست دو نۆخ دینن* *was du verlachst dem wirst du noch dienen*. پەندێکی ئەڵمانییە بە واتای: «خزمەتی ئەوە دەکەیت کە گاڵتەی پێ دەکەیت». لە وتەیەکی باوی ڕووسییەوە وەرگێڕراوە بۆ ئەڵمانی. سەرچاوەکەی جۆیس وەرگێڕانی ئەڵمانیی وتاری *ھاملێت و دۆن کیخۆتە*ی ئیڤان تورگینێڤ-ە، کە نووسەرێکی ڕووس بووە (١٨١٨-١٨٨٣). تورگینێڤ لەم وتارەدا ھەموو مرۆڤایەتی بۆ دوو جۆر کەسێتی دابەش دەکات، ئەوانیش جۆری ھاملێتی و جۆری دۆن کیخۆتەیین: «ئەوەی کە دەوترێت ڕاستە کە خزمەتی ئەوە دەکەیت کە گاڵتەی پێ دەکەیت، دەشتوانیت بڵێیت ئەوەی گاڵتەی پێ دەکەیت لێشی خۆش دەبیت و خۆشیشت دەوێت». جۆیس سەرەتا ڕستە ئەڵمانییەکەی بە دروستی نووسیوە، بەڵام دواتر کە گواستوویەتیەوە بۆ پاکنووسەکەی یەکەم بە ھەڵە جێناوی دێم *dem*-ی پەڕاندووە، ئاوھاش وای کردووە دێڕەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە ناتەواو بێت. وا دیارە جۆرجۆ-ی کوڕی جۆیس ئەم ھەڵەیەی کردبێ کە (بێ دێم-ەکە) ڕستەکەی لە دەفتەری تێبینییەکانی ئولیسدا نووسیوەتەوە. (ڕۆمەن کراولی ئەم سەرچاوەیەی دۆزیوەتەوە. سوپاس بۆ سارا سمیث بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووسییەکە). **~س.ت.م.٢**

[330] **نەوەی... مۆست**: بۆ *نەوەی گاڵتەجاڕەکان* (بڕوانە ١: ٢١٠)؛ بۆ *فۆتیوس* (بڕوانە ١: ٢٠٩). مەلاخیی ساختە مەلاخی مەلیگنە، (بەرانبەر بە ئیلیاس)، کە پێغەمبەرێکی درۆیینەیە، (بڕوانە ١: ٢٥). یۆھان مۆست (١٨٤٦ – ١٩٠٦) پەڕتووکساز و ئانارشیستێکی ئەڵمانی ئەمەریکایی بوو کە ڕۆژنامەی *دی فغایھایت* (ئازادی)ی لە بەرلینەوە بۆ لەندەن و دواتریش بۆ نیو یۆرک برد. لە دڵی ئایرەکاندا جێیەکی بۆ خۆی کردەوە، ئینگلتەراش خستیە بەندیخانەوە، لەبەر ئەوەی زۆر سەرسەختانە پشتگیریی لە کوشتنەکانی پارکی فینیکس

دەکرد. ئەم کەسە بە هەموو شتێکی دەوت: «بڕووخێت» و نامیلکەیەکیشی هەبوو بە ناونیشانی *بڕووخێت ئانارشیستەکان!* (١٩٠١)، ئەمەی بۆ بەدراماکردنی ئاشتیخوازییە جیهانگەراییە بێلایەنییەکەی خۆی تەرخان کردبوو. **~گ.س.**
یۆهان مۆست لە ٥ی شوباتی ١٨٤٦ لە ئۆگسبورگ لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. لە ئیتالیا و ئەڵمانیا و سویسرا کاری پەڕتووکسازیی کردووە. ساڵی ١٨٦٧ چووە بۆ ڤیەننا و لەوێ بووە بە سەرنووسەری سۆسیالیستی شێمنیتزەر فرەیە پرێس. چەند جارێک بە هۆی چالاکیی وارگێڕییەوە دەستبەسەر کراوە. گەڕاوەتەوە ئەڵمانیا و کاری ڕۆژنامەنووسیی کردووە و دواتریش هەڵبژێرراوە بۆ ڕایخستادی ئەڵمانیا (پەرلەمان)، بەڵام بە هۆی چالاکییەکانیەوە ناچار کراوە وڵات بە جێ بهێڵێت. مۆست ساڵی ١٨٧٨ چووە بۆ لەندەن و *دی فغایهایت*ی بڵاو دەکردەوە کە ڕۆژنامەیەکی ڕادیکاڵ بوو. حکومەتی بەریتانی بە هۆی پشتیوانیی کوشتنەکانی پاڕکی فینیکسەوە ڕۆژنامەکەیان قەدەغە کرد. ساڵی ١٨٨٢ کە بەربوو چوو بۆ سینسیناتی لە ئەمەریکا و لەوێ درێژەی دا بە بڵاوکردنەوەی *دی فغایهایت* و پەڕتووک و نامیلکە لە بارەی ئانارشیزمەوە. لە ١٧ی ئاداری ١٩٠٦ لە سینسیناتی لە ئۆهایۆ لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد. **~ڤ.ئ.**

[331] **ئەوەی خودی... دەستبەجێ بمرن**: دەمەلاسکێیەکی هێمای ڕانێرانە، یان پەیڕەوی ڕانێران (بڕوانە ١: ٢٠٤). پاش ڕەفتارەکانی سابێلیوس (بڕوانە ١: ٢١٤) و ڤالەنتینۆس (بڕوانە ١: ٢١٣) و هەندێک جیاگری تر. *ئەگنبایەر* *Agenbuyer* ئینگلیی دێرینە، بە واتای «ڕزگارکەر» دێت (بڕوانە ١: ١٥٢). ئەم دەمەلاسکێیە لە لاپەڕە ١٤-١٥ی نامیلکەی *تاعوونی خودایی*ی یۆهان مۆست-ەوە خوازراوە و پەرەی پێ دراوە (هەڵ، ئینگلتەرا، ١٩٠٢). مۆست «خودای ئایدیۆلۆجیای جوو و مەسیحی»ی وەها نیشان داوە کە «فێڵبازێکی خودایە، لە ڕێی سەهویری پیرۆزەوە خۆی دروست کردووە، پاشان وەک ناوبژیوانێک خۆی ناردووەتە نێوان خۆی و خەڵکی ترەوە، خەڵکیش بە سووک سەیری کردووە و گاڵتەیان پێی کردووە و دواتریش لە خاچیان داوە، هەر وەک شەمشەمەکوێرەیەک بە دەرگای کادێنەوە؛ پاشان نێژراوە و لە مەرگەوە هەڵستاوەتەوە و دابەزیوە بۆ دۆزەخ و بەرز بووەتەوە بۆ ئاسمان؛ لەو کاتەشەوە بۆ هەزار و هەشت سەد ساڵ لای ڕاستی خۆیەوە دانیشتووە و دادوەریی زیندووان و مردووان دەکات، کاتێک زیندووان دەمرن». **~گ.س.**

[332] **گلۆریا ئین ئێکسێلسیس دییۆ**: لاتینییە، واتە: «شکۆ بۆ خودا لە ئاسمان» (لۆقا ٢: ١٤)، ئەمە سەرەتای سروودی فریشتەییە کە لە ماسدا دەخوێنرێت. تێبینی: لە چاپی ١٩٦١ی

ڕاندەم هاوسی *ئولیس*دا ئەم دەستەواژە و نۆتەیە دوای «بۆ بەهەشت نێررا»ی ناوەڕاستی ئەم پەرەگرافە دێت، نەک لە دوایەوە. بەڵام دەبێت ئەم دەستەواژە و نۆتەیە دوای پەرەگرافەکە بێت، نەک لە ناوەڕاستیدا، کە ناوبڕی دەکات. **~گ.س.**
نووسینی سەر نۆتەکە لە چەپەوە بۆ ڕاست دەخوێنرێتەوە. **~ن.م.**

[333] **دەستەکانی... دەزرنگێنەوە**: پەسنی کردارەکانی نوێژخوێن دەکات لە کاتی ماسدا لەو کاتەدا کە *گلۆریا* دەبێژێت: کە وشەکانی سەرەتا دەبێژێت دەستەکانی لە یەک جیا دەکاتەوە و درێژیان دەکات و تا ئاستی شانەکانی بەرزیان دەکاتەوە، پاشان بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە، لە وشەی دیۆ (خودا)دا سەری دادەنەوێنێت، ئینجا هەر بەو دەستانەیەوە کە هێشتا پێکەوە بەستراون چەند جارێکی تر سەری دادەنەوێنێت، پێش ئەوەی لە وشەکانی کۆتاییدا هێمای خاچەکە بکێشێت، *کوم سانکتۆ سپیریتو* (*cum sancto spiritu*)، پێش دەستدانانی لەسەر قوربانگەکە (یونگمان، *ماس و سرووتی ڕۆمی*، بەرگی یەکەم، لا. ٣٤٨-٣٥٩). {ئەو وشەیەی بە «دەزرنگێنەوە» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *ئەکوایەرینگ* *aquiring*ە} ئەم وشەیە ڕەگەزدۆزییە لەسەر وشەی *کوایەرینگ* *quiring* و خودی *کوایەر* *quire* کە ڕێنووسێکی جیای *کوایەر* *choir*ە، بە واتای *کۆڕ*، یان زرنگانەوە. بۆیە لێرەدا واتە زەنگەکان دەزرنگێنەوە. **~س.ت.م.٢**

[334] **هەر... دەنووسێت**: ئەمە نوکتەیەکی وێژەیی دەبلن بوو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گریمانە زیادەڕەوانەیەی یەیتس کە وتبووی: «سینگ ئەسخیلۆس-ێکی ترە». بڕوانە (پەدرایک کۆلوم، *ڕێی دەوری ئایرلاند* [نیو یۆرک، ١٩٢٦]، لا. ٣٥٨-٣٥٩) هەروەها (ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی، *کە بە شەقامی ساکڤیلدا دادەگەڕام* [نیو یۆرک، ١٩٣٧]، لا. ٢٩٩-٣٠٠). **~گ.س.**

[335] **ب. هـ. د.**: بەشگەی هەویرەمەنیی دەبلن (بڕوانە ٨: ٣٠٨). **~گ.س.**

[336] **گیل**: پەڕتووکفرۆش بووە (بڕوانە ٦: ١١٣). **~گ.س.**

[337] **گۆرانییە... هاید**: (بڕوانە ٣: ٣١٠). **~گ.س.**

[338] **بیستم... گێڕاوە**: ئەکتەرەکە خاتوو باندمن میلیسنت پاڵمەر بوو (بڕوانە ٥: ٨٨ و ٥: ٨٩)؛ نمایشەکەی لە دەبلن وەک ٤٠٥ەمین ڕۆڵگێڕانی هاملێت تۆمار کرابوو. **~گ.س.**

[339] **ڤاینین... ژن بووە**: ئێدوارد پەیسن ڤاینین (١٨٤٧ – ١٩٢٠). لە پەڕتووکی *پەنهانی هاملێت؛ هەوڵێک بۆ چارەی کێشە کۆنەکە* (فیلادێلفیا، ١٨٨١)، تیۆریی ئەوەی داناوە کە

هاملێت ژن بووە، بەڵام وەک پیاو پەروەردە کراوە و جلی بۆ پۆشراوە بۆ ئەوەی تەختی دانیمارک بۆ لقی خێزانەکەی خۆی وەربگرێت. **~گ.س.**

[340] **کەس... دادوەر بارِتن**: جەنابی خاوەنشکۆ سێر دەنبار پلەنکێت بارِتن (١٨٥٣ – ١٩٣٧)، دادوەری دادگای باڵای دادوەریی ئایرلاند بووە (لە ساڵی ١٩٠٠ەوە)، وا دیارە «گەڕاوە»، چون لە کۆتاییدا پەرتووکی *پەیوەندیی نێوان ئایرلاند و شێکسپیر* (دەبلن، ١٩١٩)ی بڵاو کردووەتەوە. بارِتن ئەوەندە کەسێکی هاوسەنگ و دادوەرانە بووە کە پێی وا بێت هاملێت ئایرە، بەڵام لە چاپتەری ٥ی پەرتووکەکەیدا دەڵێت کە داگیرکاریی ئایرلاند لە لایەن دانەکانەوە {دانەکان: ئەوانەی ئێستا وڵاتی دانیمارکیان هەیە} هەر لەو کاتەدا بووە کە هاملێت شازادە بووە (ئاوهاش لەوانەیە هاملێت شازادەیەکی دان بووبێت لە ئایرلاند). بارِتن لە چاپتەری ٤١دا گریمانەی ئەوە دەکات کە شێکسپیر برِێک کەڵتیی تێدا بووە، لە چاپتەری ٣٨یشدا دەڵێت کە شێکسپیر سەردانی ئایرلاندی کردووە، بەڵام بارِتن ئەم لایەنانەی ژیانی شێکسپیر گرێ ناداتەوە بە شیاوێتیی ئامادەیی و بوونی هاملێت لە ئایرلاندەوە. لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: «وتارێکی کاکی دادوەر مادن (برِوانە ٩: ٣٦٩) بیرۆکەی کۆکردنەوەی ئەم پەیوەندییانەی لام گەڵاڵە کرد و... خوێندنەوەی پێشەکیی پەرتووکی *هەڵبەستوانەکانی گیل و گۆڵ*ی دکتۆر سیگەرسن هانی دام». **~گ.س.**

دەنبار پلەنکێت بارِتن کورِی تی ئێچ بارِتن بووە، لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٨٥٣ لە دایک بووە. لە هارۆو و ئۆکسفۆرد خوێندوویە. ساڵی ١٨٨٠ بووە بە پارێزەر لە ئایرلاند، لە ١٩٠٠ەوە تا ١٩٠٤ دادوەری دادگای باڵای ئایرلاند بووە. ساڵی ١٩٠٤ لە ١٩ی شەقامی کلاید لە بۆلسبریدج لە دەبلن ژیاوە. خولیای شێکسپیری هەبووە، ئەندامی کۆمەڵەی شێکسپیری ئیمپراتۆرێتیی بەریتانی بووە و بەشداریی چەندین کۆبوونەوەی لقی دەبلنی ئەو کۆمەڵەیەی کردووە. لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٣٧ لە ٢ی مەیدانی گرەیس ئین لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. **~ڤ.ئ.**

[341] **سوێند بە... دەخوات**: ئەمە هاملێتە، نەک دادوەر بارِتن، کە سوێند بە یەکێک لە سێ سانتە پشتیوانەکانی ئایرلاند دەخوات. دوای ئەوەی سەهویرەکە لەگەڵ هاملێت دەدوێت و دەڕوات، هاملێت دەڵێت: «بەڵێ، بە سانت پاتریک تیایەتی، هۆرەیشۆ، زۆریش ڕەنجانی تێدایە.» (هاملێت ١: ٥، ١٣٦ {وەرگێرانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[342] **ئەو وێنەکەی... گشت ڕەنگ**: *وێنەکەی میستەر دەبلیو ئێچ* (لەندەن، ١٨٨٩)، نوسخەیەکی کورتی چیرۆکێکی وایلدە کە نیوە کەمتری درێژیی ئەو نوسخەیەیە کە

دووباره نووسیویەتەوە و ساڵی ١٨٩٥ «ون بووە، بەڵام تا ساڵی ١٩٢١ بڵاو نەکرایەوە؛ ئەم نوسخە کورتترە لە *مەتەڵی سۆنێتەکانی شێکسپیر* (نیو یۆرک، ١٩٦٢)دا هەیە. دیالۆگەکەی وایلد بە شێوەیەکی دژوازییانە و یارییێکردنێکی کارامانەی «بەڵگە ناوەکی»یەکان وا دەردەکەوێت کە بڵێت سۆنێتەکان کە بە «بۆ. تاکە. بەرهەمهێنەری. ئەم. سۆنێتانەی. دوای. ئەو. میستەر. دەبلیو. ئێچ. هەموو. دڵخۆشی. و...» پێشکەش کراون، بۆ میستەر ویلیەم هێربێرت-ی ئێرلی پێمبرۆک نەنووسراون (وەک ئەوەی براندێس و هەندێک کەسی تر پێیان وا بووە)، بەڵکو بۆ کوڕێکی گەنجی ئەکتەر نووسراون بە ناوی ویلی هیوس (دوای دێڕی ٧ی سۆنێتی بیستەم کە دەڵێت: «بە ڕەنگوڕوو پیاو، گشت ڕەنگێک ڕام دەکات» {لە دەقە ماکەکەی ئەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزییەک هەیە لەسەر وشەی *ڕەنگ* ***hue*** لەگەڵ *هیوس* ***hews***، چون زۆر لە یەکەوە نزیکن، بەڵام لە کوردیدا دەرناچێتەوە.}) یەکەم جار تۆماس تیروێت (١٧٣٠ - ١٧٨٦) ئەم ئارگومێنتەی وایلدی پێشنیار کردووە. **~گ.س.**

## سۆنێتی ٢٠

ڕوخساری ژنێکت هەیە، کە سرووشت بە دەستی خۆی
نەخشاندوویەتی، ئەی کاکی سەروەر-خاتوونی خولیام؛
دڵی ناسکی ژن[ت هەیە]، بەڵام جێگۆڕکێ و گۆڕانی نەناسیوە،
کە ئەوە ئەدگاری ژنی هەڵەیە؛
چاوێکی گەشتر لە چاوانیان[ت هەیە]، کەمهەڵەتر لە گێڕانیان،
نیگا لە هەر شتێک بکات زێڕکەشیان دەکات؛
بە ڕەنگوڕوو پیاو، گشت ڕەنگێک ڕام دەکات،
چاوی پیاو دەدزێت و گیانی ژنان سەراسیمە دەکات.
گەرچی سەرەتا خۆت بۆ ژنێک دروست کراویت،
تا سرووشت کە سازی دەکردیت، شەیدات بوو،
بە زیادکردنێک منی لە تۆ بێبەش کرد،
بە زیادکردنی شتێک کە بۆ مەبەستی من هیچە.
بەڵام لەبەر ئەوەی تۆی بۆ چێژی ژنان داناوە،
با خۆشەویستییت هی من بێت و بەکارهێنانی خۆشەویستییت گەنجینەی ئەوان بێت.

خۆم وەرمگێڕاوە. **~ن.م.**

[343] **بۆ ویلی هیوز**: وایلد نەیوتووە کە سۆنێتەکان بە دەستی ویلی هیوس نووسراون، بەڵکو «بۆ» ئەو نووسراون و پێشکەش کراون. **~گ.س.**

[344] **هیوی ویلز**: چەندین توێژەر و لێکۆڵەر بەربژێری سەرسامکەریان بۆ ئەم ڕۆڵی دەبلیو ئێچە داناوە، لەوانە: ویلی هیوز؛ ویلیەم هێربێرت، ئێرلی پێمبرۆک؛ ویلیەم هاثەوەی، پەڕتووکفرۆشێک بووە و ژنبرای شێکسپیر بووە؛ ویلیەم هارت، برازا (یان خوشکەزا)ی شێکسپیر بووە (١٦٠٠ لە دایک بووە)؛ ویلیەم خۆی، ئەمە خودی هۆنەرەکەیە کە «تاکە بەرهەمهێنەر» و ئەوەیە کە هۆنراوەکانی لێوە زاوە؛ بە هەڵگەڕاندنەوەی سەرەپیتەکانیش: هێنری ڕیۆتێسلی، ئێرلی ساوثهامپتن (١٥٧٣ – ١٦٢٤). **~گ.س.**

[345] **کرۆکی دەستەمۆی وایلد**: ئەمە لە هۆنراوەیەکی تەنزئامێزەوە هاتووە کە دوای کەوتنەکەی وایلد (بڕوانە ٣: ٣٤٣) بەسەر وایلددا نووسراوە و بە ناونیشانی «سوینبۆرن لەسەر وایلد» لە ڕۆژنامەی *پەنچ*دا بڵاو کراوەتەوە، دەڵێت:

جوانیناسی جوانیناسان

ناو چیی تێدایە؟

هۆنەرەکە وایلدە،

بەڵام هۆنراوەکەی دەستەمۆیە. **~گ.س.**

ئەو دێڕەی دەڵێت: «هۆنەرەکە وایلد-ە»، لە دەقە ماکەکەدا *وایلد Wilde*، وەک ناوی نووسەرەکە، لەگەڵ *وایەڵد wild*، بە واتای *کێوی* و *ڕامنەکراو* ڕەگەزدۆزی پێکدەهێنن، بۆیە لێرەدا دەڵێت: هۆنەرەکە وایلدە/کێوییە، بەڵام هۆنراوەکەی دەستەمۆیە، یان کەوییە. **~ن.م.**

[346] **سێ پێک... خواردووەتەوە**: بۆ ئیشکەباهە (بڕوانە ٦: ١٥٩)؛ دوکات خوردەیەکی کۆنی زێڕ و زیوی ئەوروپییە. زۆر ڕوونە کە ئەمە هەر گاڕێت دیسییە، بەڵام ئەوەی سەیرە لێرەدا مەڵیگن ئاماژە بە دانیەڵ دیسی دەدات، کە گیفرد و سایدمان لە ڕاڤەی میستەر دیسیدا لەسەریان وتووە: «دانیەڵ دیسی ناوێک هەبوو یاریدەری قەشەی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمی بوو، هەروەها قەشەی قوتابخانەی لۆرێتتۆ ئابەییش بوو». ئەوەی سەیرە ئەوەیە کەس لە ڕاڤەکانیدا ئاماژەی بەم ناوهێنانە خودییەی دان دیسی نەداوە. **~ن.م.**

[347] **شۆخیی تەڕ و وشک**: ئەو وشەیەی بە «شۆخی» وەرمگێڕاوە، لە دەقە ماکەکەدا وشەی *هیومەر humour*ە، کە بە واتای شلەی نێو لەش دێت بە گوێرەی تێگەیشتنی کۆن، کە لە ڕاڤەکەی گیفرددا دەیخوێنیتەوە، بە واتای شۆخی و نوکتەش دێت. **~ن.م.**

(هیومەر) چوار شلەکەی نێو لەشی مرۆڤ بە گوێرەی تێگەیشتنی فەسلەجەی چاخەکانی ناوەڕاست ئەمانە بوون: خەم (یان ڕەشاو): سارد و وشک؛ بەڵغەم: سارد و تەڕ؛ خوێن: گەرم و تەڕ؛ زەرداو: گەرم و وشک. جۆیس لە هۆنراوەی داشۆرینی *گازی تەباخ* (١٩١٢)دا، گاڵتە بە ئایر دەکات و دەڵێت: «جا هەر بە گیانی شۆخێتیی ئایرییەوە، یەکبەیەک خیانەتی لە ڕابەرەکانی کردووە، شۆخیی {/هیومەری} ئایری بووە بە تەڕ و وشک، قسڵی هەڵدایە نێو چاوانی پارنێڵەوە» (دێڕی ١٧-٢٠). ڕووداوی قسڵەکە لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٠ لە دەمەقاڵێیەکی سەختی دوای جیابوونەوە مەزنەکە لە کاسڵکەمەر لە کاونتیی کیلکەنی ڕووی دا. **~گ.س.**

348 **پێنج هەستەکەت**: وتەیەکی خۆمانەییە: بەوەی کە مرۆڤ پێنج هەستی هەیە و پێنج ئەندامی لەشیشی هەیە (سەر و چوار پەلەکە)، پێنج پەنجەی هەیە... تد. پێنج ژمارەی سووچی مۆرەکەی سلێمانیشە کە پێنج لای هەبووە، کەواتە هێمای زاڵبوونە لە ڕێی زانیارییەوە. پێنج زیرەکییەکەی سەردەمی ئەلیزابێث ئەمانە بوون: هۆشی گشتی، وێناکردن، فەنتازیا، مەزندەکردن، یاد. **~گ.س.**

کە پێشتر دەڵێت: «زیرەکی»، ئەو وشەیە بە ئینگلی *ویت wit*ە، پێنج هەستەکەش *فایڤ ویتس five wits*ە، بۆیە شەپۆلی هۆشی ستیفن لە «زیرەکی»یەوە دێتە سەر هەست، بەڵام ئەم پەیوەندییە لە وەرگێڕاندا ون دەبێت. هەر ئەو وشەیەی بە «زیرەکی»یش وەرمگێڕاوە بە واتای *شۆخی* و *وتەی نەستەق*یش دێت، کە بێگومان ستیفن بیر لە «شۆخیی تەڕ و وشک» دەکاتەوە کە دەربڕینێکی نەستەق و زیرەکانەیە. **~ن.م.**

349 **هاوپۆشی... بادەدات**: ئەمە لە دێڕی دووەمی *سۆنێتی دووەم*ی شێکسپیرەوە هاتووە کە دەڵێت:

کە چل زستان گەمارۆی تەوێڵتیان دا و
خەرەندی قووڵیان لە نێو مەیدانی گەنجییتدا هەڵکەند،
ئەو هاوپۆشە شانازەی گەنجییت کە ئێستا هێند چاوی تێ بڕراوە،
ئەو کات دەبێتە بژارێکی شڕۆڵ، بەهای کەم دەبێت. **~گ.س.**

350 **سیمای ئارەزووی تێربوو**: لە دوو هۆنراوەی کورتی ویلیەم بلەیکەوە هێنراوە:

پیاو چیی لە ژن دەوێت؟
سیمای ئارەزووی تێربوو.
ژن چیی لە پیاو دەوێت؟

سیمای ئارەزووی تێربوو.

هەروەها:

لە ژندا خوازیاری ئەوەم
کە هەمیشە لای لەشفرۆشان دەبینرێت
ئەویش: سیمای ئارەزووی تێربووە. **~گ.س.**

[351] **جۆڤ... بنێرە**: ئەمە لە وتەیەکی فۆڵستاف-ەوە هێنراوە لە شانۆنامەی *ژنە شادەکانی ویندسۆردا*:

*جووتبوونەوەرزێکی فێنکم بۆ بنێرە، ئەی جۆڤ،*
دەنا کێ سەرکۆنەم دەکات گەر پیوم بە میز دەربکەم؟
کێ دێتە ئێرە؟ کەژاڵەکەم؟

(ژنە شادەکانی ویندسۆر ٥: ٥، ١٥-١٧). **~گ.س.**

لەو دێڕەدا کە دەڵێت: «پیوم بە میز دەربکەم» واتە چەوریی لەشم لە میزەوە دەربهێنم. لەو بڕوایەوە هاتووە کە جاران پێیان وا بووە نێرەئاسک لە وەرزی جووتبوونندا لاواز دەبێت و چەوریی لەشی دەردەدات. **~ن.م.**

[352] **گوناهێکی... کەڵبە**: بڕوانە ڕامانەکەی ستیفن لە بارەی حەواوە (بڕوانە ٣: ٤٢)، ئەمە تیلنیشانێکیشە بە تاودانی مارەکەی پەڕتووکی *پەیدابوون* (٣: ١-٦) کە دێت بۆ حەوا. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

مار لە هەموو ئاژەڵی کێوی سەر زەوی، ئەوانەی یەزدانی پەروەردگار دروستی کردبوون زۆرزانتر و تەڵەکەبازتر بوو. بە ئافرەتەکەی گوت: «ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: «بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟» ئافرەتەکەش بە مارەکەی گوت: «بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەڵام خودا فەرمووی: "بۆتان نییە لە بەری ئەو دارە بخۆن، کە لە ناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن."» مارەکە بە ئافرەتەکەی گوت: «نا بەڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێدێت، چاکە و خراپە دەزانن.» کاتێک ئافرەتەکە بینی بەری دارەکە بۆ خواردن باش بوو، چاو ئارەزووی دەکرد و وات

لێ دەکات دانا بیت، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، دایە مێردەکەشی کە لەگەڵی بوو، ئەویش خواردی. (پەیدابوون ٣: ١-٦)

353 **سۆزپەرست... دەبینێت**: لە ڕۆمانی *دەردەکەی ڕیچارد فێڤەرێڵ* (لەندەن، ١٨٥٩)ی جۆرج مێرێدیث-ەوە (١٨٢٨ - ١٩٠٩) هێنراوە کە دەڵێت: «دەقی زیارەتکار دەڵێت: سۆزپەرستەکان ئەوانەن بە دوای چێژبینیندا دەگەڕێن، بێ ئەوەی ئەو باجە گەورەیە بهێننە سەر خۆیان کە لە شتێکدا دەیکەن» (وەک ئەوەی هیو کێنەر پێمی وت، جۆیس لە نوسخەکەی ١٨٥٩وە دەقەکەی نەهێناوە، بەڵکو لە چاپەکەی تاوشنیتز-ەوە هێناویەتی کە ساڵی ١٨٧٥ دەرچووە و تیایدا مێرێدیث بە دەقەکەدا چووبووەوە. ئەم دێڕانە درێژەیان هەیە و دەڵێت: «نووسەرەکە لە جێی تردا لە بارەی سۆزپەرستییەوە وتوویە: ڕابواردنێکی خۆشییە و زانستێکی گرنگیشە، بۆ شەرمنەکان، بۆ بێکارەکان، هەروەها بۆ بێدڵەکانیش: بەڵام ئەمە بۆ ئەوانەی شتێکیان هەبێت لە دەستی بدەن شتێکی نەفرەتییە». **~گ.س.**

354 **لە قەحبەخانەکانەوە**: ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا بە کار هاتووە وشەی okips، کە گیفرد دەڵێت واتای بازاڕیی زۆری هەیە و مەڵیگنیش بە واتا جۆراوجۆرەکانی بە کاری دەهێنێت، لەوانە: «ئەوەی دەستی بە سەردا گیراوە؛ گیراو، شاباش؛ قەحبەخانە؛ ماڵی کرێ؛ پێخەف». هەر ئەم وشەیەشە کە لە ئەڵقەی یەکەمدا دوو جار بە کاری دەهێنێت، جاری یەکەم دەڵێت: «*شاباشەکەی* قوتابخانە؟ چەند؟ چوار کوید؟ یەکێکمان بدەیە» و دواتر دەڵێت: «ئەمە چ جۆرە *قەحبەخانەیەکە*؟ من بەو ژنەم وت دوای کاتژمێر هەشت بێت». **~ن.م./گ.س.**

355 **کۆلێج گرین**: لقی پۆستەخانە و ڕەوانەی پارە و بانکی پاشەکەوت و نووسینگەی تەلەگراف بوو، بە ناونیشانی ٢٩ی کۆلێج گرین، ڕۆژئاوای پێشەوەی کۆلێجی ترینیتی. **~گ.س.**

356 **ژاراوی... دەوروژێنێت**: ئەم بێئابرووییەی مەڵیگن لە بارەی ئەو بیرۆکەیەوەیە کە پیاو لە سێدارە دەدرێت، لە کاتی پرۆسەکەدا تووشی ئێرەقبوون دەبێت. **~گ.س.**

ئەو وشەیەی بە «سێدارە» وەرمگێڕاوە، لە دەقە ماکەکەدا وشەی *گاڵەس* ***gallus***ە، کە گیفرد دەڵێت ڕەگەزدۆزییە لەسەر *گاڵۆس* *gallows* بە واتای سێدارە، یان قەنارە؛ بەڵام سام سلەوت و هاوەڵەکانی دەڵێن کە وشەکە بە واتای «بەد، کێوی، خراپ، ترسناک، نایاب» دێت، لەو کاتەدا ڕستەکە وای لێ دێت: «ژاراوی چاک (یان نایاب، یان خراپ) برایەک

دەوروژێنێت». بەڵام لە ئەڵقەی دوازدەیەمیشدا ئەم بابەتە دیسانەوە دێتەوە بەر گفتوگۆ، بۆیە ڕەنگە دروسترەکە سێدارە بێت. **~ن.م.**

357 **کۆنری**: دەبلیو و ئی کۆنری خاوەنی میوانخانەی ذەشیپ و مەیخانەی ٥ی شەقامی ئابەیی خواروو بوون. **~گ.س.**

358 **ئێمەش لەوێین... دەبووریێنەوە**: مەڵیگن لێرە لاسایی شێوازی شانۆنامەکانی سینگ دەکاتەوە. سینگ بە تێکەڵکردنی ڕستەسازیی ئایری و وشەی ئینگلیی دێرین زمانێکی درامایی و هۆنراوەیی نایابی دروست کردبوو کە شێوەزاری ئینگلیی کاونتیی ویکلۆ (کە سینگ لەوێ گەورە بووە) و ڕۆژئاوای ئایرلاند دەردەخات. **~گ.س.**

ئەم شێوازە لە وەرگێڕاندا ون دەبێت. **~ن.م.**

359 **خانەبەکۆڵ**: سینگ خۆی وەک «خانەبەکۆڵ» ناوزەد کردووە و لە کۆتایی شانۆنامەی *هاوسەرگیرییەکەی تەنەکەچییەکە* (١٩٠٧)دا وشەکەی بە کار هێناوە. **~گ.س.**

360 **گلاسثیول**: گلاسثیول ناوچەیەکە لە کینگستاون (*دون لییری*ی ئێستا). ساڵی ١٩٠٤ کە سینگ لە دەبلن بوو لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ٣١ی کرۆسوایت پارکی ڕۆژئاوا لە کینگستاون دەژیا تا خۆی بە تەنیا ژوورێکی گرت لە ١٥ی شەقامی ماکسوێڵ لە ڕاثماینس (بەڵام پێش تشرینی یەکەم نەبوو). گەرچی کرۆسوایت پارک نزیکە، بەڵام ئەوەندەش نزیک نییە کە بگاتە گلاسثیول. **~گ.س.**

361 **پامپووتی**: جۆرە کەوشێکە لە کەوڵی خۆشنەکراوی گا دروست دەکرێت و خەڵکی دوورگەکانی ئاران لە پێی دەکەن. درکەی ئەمە ئەوەیە کە سینگ بووە بە دێهاتی. **~گ.س.**

362 **گوێقوڵاخ**: ئەو وشەیەی بە «گوێقوڵاخ» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا وشەی *eavesdroppin*ە، کە بەو واتایە دێت کە وەرمگێڕاوە. بەڵام سام سلەوت و هاوەڵەکانی دەڵێن کە وشە لێکدراوەکە بە واتایەکی دی دێت، eaves بە واتای سووچی میچی بینا دێت؛ لەو کاتەدا *dropping* بە واتای *drop panel* دێت، کە چێوەیەکە و لە نێوان میچ و پایەدا دادەنرێت، لەم کاتەدا بە واتای گۆشەچێودار دێت، واتە گۆشە، یان سووچی میچەکە ئەم چێوەی پێوەیە. **~ن.م.**

363 **ڕوخسارێکی... دەجەنگا**: ستیفن بیر لە یەکتربینینەکەی خۆی و سینگ دەکاتەوە لە پاریس. سینگ لە زۆر شوێندا ڕوخسارێکی ڕەشتاڵەی هەبووە و ئەدگارەکانی دیار بوون و خەتی قووڵی تێدا بووە. هێربێرت گۆرمان لە پەڕتووکی *جەیمز جۆیس* (نیو یۆرک، ١٩٣٩)دا دەڵێت: «جۆیس و سینگ حەوت یان هەشت جار یەکتریان دیوە، لە چێشتخانەی

خاکەڕاییانەی بیسترۆ لە شەقامی سانت ئەندرێ دێس ئاخ {لە پاریس} فراڤینیان خواردووە، کە لەوێ چوار یان پێنج ژەم بە فرانکێک و دە سەنت دەکڕرا. سینگ دەموچاوە تۆخ و ناشیرینەکەی لەوسەر مێزەکەوە ڕادەوەشاند و هەڵوەڕانە دەدووا و هەمیشەش بابەتی گفتوگۆی ئەو ویژە بوو. لە بیروباوەڕەکانیدا چەقبەستوو بوو و تا ڕادەی بێزێزی چەلەحانێی دەکرد و زۆر جاریش تورە دەبوو» (لا. ١٠١). وردەسی جۆرە خواردنێک بوو کە لە سی دروست دەکرا و هەرزانترینی خواردنەکان بوو (بڕوانە ٣: ١٣٩). **~گ.س.**

364 **پالابراس**: ئیسپانییە بە واتای وشە، ئاوهاش واتە هەرا، وتە. **~گ.س.**

365 **ئۆشین و پاتریک**: ئۆشین لە ئوستوورەی ئایریدا پاڵەوان و هۆنەری فیاننایە، کوڕی فین ماککوول-ی مەزن بووە، کە سەرۆکێکی نیمچەئەفسانەیی سەدەی سێیەم (؟)ی ئایرلاند بووە (بڕوانە ١٢: #، ٢: ٨٠). ئەفسانەکە بەو شێوەیەیە کە ئۆشین دوای دارمانی سەردەمی پاڵەوانەکانی سەدەی سێیەم ژیاوە و لە سەدەی پێنجەمیشدا سانت پاتریک وەریگەڕاندووەتە سەر دینی مەسیحی. سانت پاتریک و ئۆشین لە دارستانێکی پیرۆزدا یەکتریان دیوە و لە بەرانبەر لەدینوەرگەڕانەکەشیدا سەربردەی سەردەمی پاڵەوانانی فیاننای بۆ سانت پاتریک گێڕاوەتەوە. بڕوانە (ویلیەم بەتلەر یەیتس، *گەڕانەکانی ئۆشین*، [١٨٨٩]) و (*هۆنراوەکە*، ئیدیتی ڕیچارد جەی فینەرەن [نیو یۆرک، ١٩٨٣]). **~گ.س.**

366 **فاونێکی... بینی**: بۆ فاون (بڕوانە ٣: ٣٣٧) کلامار شارۆچکەیەکی بچووکە لە باشووری پاریس؛ سینگ چیرۆکی یەکتربینینێکی سەیری لە دارستانێک گێڕاوەتەوە (کە چوونیەکە لەگەڵ چیرۆکی یەکتربینینەکەی سانت پاتریک و ئۆشین). **~گ.س.**

367 **سێ ڤۆندغۆدی سان!**: فەڕەنسییە، واتە: هەینییە، ئەی سانت! **~گ.س.**

368 **لە دارستانەکەدا گەمژەیەکم دی**: لە شانۆنامەی چۆنت پێ خۆشە-ی شێکسپیردا جاکی خەمبار باس لە کۆبوونەوەیەک دەکات لەگەڵ تەچستەون-ی قەرەقۆزدا، دەڵێت:

گەمژەیەک، گەمژەیەک! لە دارستانەکەدا گەمژەیەکم دی،
گەمژەیەکی ڕەنگاڵەپۆش – ئاخ دونیا!
گەمژەیەکم دی کە ڕاکشابوو و خۆی دابووە بەر خۆر و
بە جوانی و وشەی جوان سەرکۆنەی خاتوونی بەختی دەکرد
کەچی گەمژەیەکی ڕەنگاڵەپۆشیش بوو.

(چۆنت پێ خۆشە ٢: ٧، ١٢-١٧). **~گ.س.**

[369] **بۆیە جەنابی... دۆزیوەتەوە**: جەنابی دادوەر دەدجسن هامیڵتن مادن (١٨٤٠ - ١٩٢٨)، (لە ساڵی ١٨٩٢ەوە) دادوەری دادگای باڵای ئایرلاند بوو، پەڕتووکی *یادنامەی ماستەر ویلیەم سایلنس؛ لێکۆڵینەوەیەک لە شێکسپیر و وەرزشی سەردەمی ئەلیزابێث* (لەندەن، ١٨٩٧)ی نووسی. مادن بۆ هەموو جۆرە ئاماژەیەک بە «وەرزشی مەیدانی»ی وەک ڕاو و بازەوانی و هی تر لە بەرهەمەکانی شێکسپیردا «گەڕابوو»، بە گوێرەی ئەم «بەڵگانە» و زانیاریی شێکسپیر لە بارەی وەرزشی مەیدانییەوە وای لێ دەکات کەسێکی ئەریستۆکراتی بێت، نەک کەسی ئاسایی بێت. مادن لە ڕێی شیکاریی لێکدانەوەیی دادوەر شاڵۆ، کە دادوەری جەفەنگیی وڵاتەکەیە (*دووەم هێنریی چوارەم* و *ژنە شادەکانی ویندسۆر*) و «ئامۆزا»کەی کە کوڕەکەی دادوەر سایلنس-ە، کە کەسێتییەکی نادیاری شانۆنامەکەیە و بە ناوی ویلیەم سایلنس-ەوە ناو نراوە، کە لە *دووەم هێنریی چوارەم*دا (٣: ٢، ١١-١٢) «لێکۆڵەرێکی باشی ئۆکسفۆرد» بووە. مادن گەیشتووە بەو ئاکامگیرییەی کە زانیاریی شێکسپیر لە بارەی کاونتییەکانی ئێرلی ڕوتلاند (١٥٧٦-١٦١٢) (و دادوەر شاڵۆ)وە، کە گلۆستەشییە بووە، لەگەڵ زانیاریی ئەو لە بارەی وەرزشی مەیدانییەوە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ئێرلی ڕوتلاند سێبەرنووسی شێکسپیر بووە. **~گ.س.**

دەدجسن هامیڵتن مادن لە ٢٨ی ئاداری ١٨٤٠ لە دایک بووە، تاکە کوڕی قەشە هیو هامیڵتن مادن بووە، کە ڕاوێژکاری کاشل بووە. لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن خوێندوویە. ساڵی ١٨٦٤ بووەتە پارێزەر لە ئایرلاند. ساڵی ١٨٨٨ بووەتە جێگری داواکاری گشتیی ئایرلاند. لە ١٨٨٧ەوە تا ١٨٩٢ لەسەر زانکۆی دەبلن ئەندامی پەرلەمان بووە و لە ١٨٩٢ەوە بووەتە دادوەری دادگای باڵای ئایرلاند. مادن سەرۆکی لقی دەبلنی کۆمەڵەی شێکسپیری ئیمپراتۆرێتیی بەریتانی بووە. ئەم ڕستەیەی کردووە بە دروشمی خۆی کە دەڵێت: «ئەوەی لە شێکسپیر تێدەگات نابێت بەوە دڵخۆش بێت لە نێو کەنتۆردا لێی بکۆڵێتەوە؛ دەبێت هەندێک جار لە نێو کەسەکانی بوارەکەدا بە دوای واتاکانیدا بگەڕێت». چەندین بەرهەمی بڵاوکراوەی هەیە. لە ٦ی ئاداری ١٩٢٨ کۆچی دوایی کردووە و لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

**سێبەرنووس**: بە ئینگلی *ghostwriter*، کەسێکە لە بری کەسێکی تر و بە ناوی ئەوەوە دەنووسێت. ناوەکەم لە *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی*ی دکتۆر بەختیار سەجادییەوە هێناوە. **~ن.م.**

[370] **کیلکەنی پیپل**: (بڕوانە ٧: ٤٤٨). **~ن.م.**

[371] **گالیارد**: (بڕوانه ٩: ٥). ~**گ.س.**
[372] **شەبقەزل**: کوەیکەرەکان شەبقەیەکی زل لە سەر دەکەن، کە بە ئینگلی پێی دەوترێت *broadbrim*. لێرەدا مەبەست لە جلوبەرگی کوەیکەرەکانە. ~**ن.م.**
[373] **نۆرِثێرن... گاردیەن**: سێ ڕۆژنامەی ناوچەیی بوو (بەو جۆرەی لە پەڕتووکخانەی نیشتمانیدا تۆمار کراون): *ذە نۆرثێرن ویگ*، ڕۆژنامەیەکی بێلفاست-ە؛ *ذە کۆرک ئێگزامینەر*، ڕۆژنامەیەکی کۆرک-ە؛ *ذە ئێنیسکۆرثی گاردیەن*، حەفتەنامەیەکە شەممان لە ئێنیسکۆرثی بڵاو دەکرێتەوە، کە شارۆچکەیەکی کاونتیی وێکسفردە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئایرلاند. ~**گ.س.**
[374] **ئیڤانس**: پەڕتووکخانەچیی یاریدەرە، نازانرێت ڕاستییە یان خەیاڵکردە. ~**گ.س.**
ڤیڤیەن ئیگۆ دەستنیشانی نەکردووە کێیە. ~**ن.م.**
[375] **شینییەکە**: **شینی**: بە ئینگلی *sheeny*، وشەکەم لە ئینگلییەکە خواستووە. گیفرد دەڵێت: «وشەیەکی بازاڕیی بێڕێزییە بۆ جوو بە کار دەهێنرێت». ~**ن.م.**
[376] **ئایکی موسا**: کەسێتییەکی جەفەنگیی کلێشەیی جووی کۆتایی سەدەی هەژدە بوو، هەوڵ دەدات لە نێو کۆمەڵی ناجووی چینی ناوەڕاستدا خۆی خۆشەویست بکات. لە *ئاڵی سلۆپەرس هاف هۆلیدەی*، کە حەفتەنامەیەکی وێنەیی لەندەن بوو (بڕوانە ١٥: #)، وێنەی کەسێتییەک بە ناوی ئایکی موسا-وە دەکێشرا کە زمانلووسێکی گیرفانبڕ بوو، جارجاریش فێڵبازیی دەکرد؛ تەنانەت لە ئاهەنگێکی کریسمسدا گیرفانی خانەخوێکەیشی دەبڕێت. ئەم مامەڵە جەفەنگییەی لەگەڵ وێنەی ئەم کەسەدا دەکرا دژەسامێتییەکی شاراوە و تەنکی دروست کردبوو. ~**گ.س.**
[377] **کۆکەرەوەی چووک**: (بڕوانە ١: ١٣٤). ~**گ.س.**
[378] **ئەفرۆدیتیی کەفزادە**: ئەفرۆدیتی خودا گریکییەکەی خۆشەویستی و شادییە (ڤینوس-ی ڕۆمییەکان)، لە کەفی دەریای نزیک کیثیرا زاوە، ئەو کاتە بووە کە کرۆنۆس ئورانۆسی باوکی خۆی خەساندووە و ئەندامی زاووزێی کەوتووەتە دەریاکەوە، دەریاکە دووگیان بووە و ئەفرۆدیتیی لێ بووە. ~**گ.س.**
**ئەفرۆدیتی**: (یان: ئەفرۆدێت؛ ئەفرۆدیت؛ ئافرۆدیت؛ ئافرۆدێت؛ ئافرۆدیتی؛ ئافرۆدێتی) بە ئینگلی *Aphrodite*، یەکێکە لە خودا گەورەکانی گریکییەکان، خواژنی خۆشەویستی و جوانی بووە. *ئیلیاس* دەڵێت کچی زێوس و دیۆنی بووە، بەڵام گێڕانەوەکانی دواتر بە کچی کرۆنۆس و ئێڤرینۆمی، یان کچی ئورانۆس و ئیمێرا دایانناوە. بەڵام هۆنەرەکان زۆربەی

جار دەڵێن کچی کەفی دەریا بووە، بە گریکیی دێرین بە *کەف* وتراوە *ئەفرۆس*، کەواتە ئەفرۆدیتی واتە *ئەفرۆزادە*، یان بە کوردی: *کەفزادە*. ژنی ئیفێستۆس بووە، بەڵام بێئەمەگ بووە بەرانبەری و ئەویندارى ئاریسى خوداى جەنگ بووە، لە ئاریس: دیمۆس (تۆقین) و فۆڤۆس (یان فۆبۆس: ترس) و ئارمۆنیا (گونجان)ی بووە. گێڕانەوەکانی دواتر دەڵێن هەر لە ئاریس: ئیرۆس (ئارەزوو/ خۆشەویستی) و ئەنتێرۆس (دژەئارەزوو/ دژەخۆشەویستی)ی بووە. لە خودا نەمرەکاندا دیۆنیسۆس و ئێرمیس و پۆسیدۆنیشی خۆش ویستووە، لە مرۆڤەکانیشدا ئانخیسیسی باوکی ئەینیاس و ئادۆنیس و ڤووتیسی خۆش ویستووە. لە هەموو خواژنەکانی تر جوانتر بووە، هەر بۆیەش پاریسی کوڕی پریامۆس ئەفرۆدیتیی وەک جوانترینی خواژنەکان داناوە. توانای بەخشینی جوانی و جادووی نەمرییشی بەوانی تر هەبووە. خاوەنی پشتوێنە جادووییەکە بووە و هەر کەسێک ئەم پشتوێنە جادووییەی ئەوی بەستبێت، یەکسەر بووە بە کەسێکی خۆشویستراو و ئارەزووکراو.
لە نێو سەوزە و میوەکاندا مۆرتک و گوڵەباخ و سێو و خەشخاش لای ئەفرۆدیتی پیرۆز بوون، لە نێو گیانلەبەرانیشدا چۆلەکە، کۆتر، قوو، پەڕەسێلکە و باڵندەیەکی تر کە پێی دەڵێن *ئینکس*ی لا پیرۆز بوون، زۆر جار وا دەگێڕرێتەوە کە ئەم گیانلەبەرانە گالیسکەکەی وێیان ڕاکێشاوە، یان وەک پەیامنێری وێ کاریان کردووە. هەسارەی ڤینوس (ناهی) و مانگی نیسانی بەهاریشی لا پیرۆز بوون. دوورگەکانی قوبروس و کیثیرا شوێنی سەرەکیی پەرستنی وێ بوون. زۆربەی جار بخوور و گوڵبەند وەک قوربانی پێشکەش بە ئەفرۆدیتی کراون، بەڵام لە هەندێک شوێن ئاژەڵیش بۆی کراوەتە قوربانی. بنەچەی پەرستنی ئەفرۆدیتی لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتووە بۆ گریک و لەوانەیە لە ڕێی فینیکییەکانەوە هاتبێت بۆ دورگەکانی قوبروس و کیثیرا و شوێنانی تر، پاشان بە هەموو گریکدا بڵاو بووبێتەوە. وا دیارە لە بنەچەدا هەمان *عەشتەرۆت* بووبێت، کە عیبرییەکان پێیان وتووە *عەشتۆرەت*، یان *عەشتۆرێت* (بڕوانە *یەکەم پاشایان*، ١١: ٥)، پەیوەندیشی بە ئادۆنیسەوە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە سووریا دەدات. (*فەرهەنگێکی نوێی ژیننامە و ئوستوورە و جوگرافیای کلاسیکی گریکی و ڕۆمی*، دانانی چارلز ئانتۆن و ویلیەم سمیث، [نیویۆرک، ١٨٨٤]، لا. ٧٤). **~ن.م.**
[379] **ئەو دەمە... نەشێوێنراوە**: سەرچاوەکەی نەزانراوە، بەڵام زۆر لە هی سوینبۆرن دەچێت. **~گ.س.**
[380] **ژینی ژین... بەردەدەن**: لە *پێکرانەوەی پرۆمیثێفس: درامایەکی لیریکی*ی- شێڵییەوە هێنراوە (١٨٢٠ تەواو کراوە؛ ١٨٣٩ بڵاو کراوەتەوە):

**دەنگێک لە هەوادا** (گۆرانی بۆ خانمە پاڵەوانەکە دەبێژێت، کە ئاسیایە): ژینی
ژین! لێوەکانت بە ئەوینیان گڕ لەو هەناسانەی نێوانیان بەردەدەن؛ بزەکانیشت
پێش ئەوەی بچنەوە یەک هەوای سارد دەکەنە گڕ.

(پێکرانەوەی پرۆمیثێفس ٢: ٥، ٤٨-٥١). **~گ.س.**

381 **لە گریکییەکان گریکیترە**: بە دەربڕینێکی تر: واتە هەتیوبازە. **~گ.س.**

382 **چاوە ڕەنگپەڕیوە جەلیلییەکانی وی**: تیلنیشانێکە بە *سروودی پرۆسێرپینا* (١٨٦٦)ی سوینبۆرن، کە دەڵێت:

«ئەی جەلیلیی ڕەنگپەڕیو، داگیرت کرد؛ جیهان بە هەناسەی تۆ بۆر بووە»

(دێری ٣٥). سوینبۆرن ئەو دێڕەی لە پێشنووسی هۆنراوەکەوە هێناوە، کە « Vicisti, Galilae»یە (داگیرت کرد، جەلیلییەکە)، کە گوایە دوایین وتەی ئیمپراتۆر جولیانی هەڵگەڕاوە (٣٦٣ مردووە) بووە، کە لە ژیانی خۆیدا مەسیحێتیی ڕەت کردووەتەوە. عیسا خەڵکی ناسیرە بووە، کە سەر بە جەلیل بووە، ئاوهاش جەلیلی بووە. **~گ.س.**

383 **ڤینوس کالیپیگۆس**: پەیکەرێکی مەرمەڕە لە ماڵە زێڕینەکەی نیرۆ (٣٧ – ٦٨ز) (لە ٥٤ تا ٦٨ ئیمپراتۆری ڕۆم بووە)دا لە ڕۆما دۆزراوەتەوە، ئێستا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ناپۆلییە. کالیپیگۆس گریکییە، واتە سمتجوان. **~گ.س.**

384 **خوداکە... دەشارێتەوە**: دێڕێکی یەکەم کۆڕی شانۆنامەی *ئاتالانتی لە کالدیۆن* (١٨٦٥)ی سوینبۆرنە:

خوداکە شوێنی دەکەوێت، کچەش خۆی دەشارێتەوە. **~گ.س.**

385 **گرێسیلدایەکی ئارامگر**: میناکی خانمێکی چاک و ئارامگرە. لە چیرۆکی دەیەمی ڕۆژی دەیەمی *دێکامیرۆن*ی جۆڤانی بۆکاچۆ (١٣١٣-١٣٧٥)دا کەسێتییەکی دیارە. جۆفری چۆسێر (بە نزیکی ١٣٤٠-١٤٠٠) لە چیرۆکی *میرزاکە*ی نێو *چیرۆکەکانی کانتەربری*دا وەک نموونەی چاکێتیی خانمی مەسیحی بە کاری هێناوە، کە کاتێک مێردەکەی پێی دەکات، ئەم خاکەڕایانە ئازار دەچێژێت و گلەییش ناکات. **~گ.س.**

386 **پینێلۆپیایەکی لەماڵماوە**: پینێلۆپیای ژنی ئۆدیسێفسە، کە میناکێکی تری خانمی ئارامگر و چاکە، نۆزدە ساڵ چاوەڕێی مێردەکەی کردووە. **~گ.س.**

387 **ئەنتیسثێنیس... داماوی دا**: (بڕوانە ٧: ٤٧٠ و ٧: ٤٧١). «کیریۆس» واتە «مێنێلاوسی گەورە». «دەڵەقۆڕ» دەربڕینێکی ناشیرینە، زیاتر بە ئاژەڵ دەوترێت، نەک مرۆڤ. «ماکەرە تەختەییەکەی ترۆیا» (بۆ ترۆیا بڕوانە ٢: ١٢٥) لە ڕووی مێتافۆرییەوە ئاماژەیە بە هێلێن

(کە چوونی بۆ ترۆیا نوقڵانەی کەوتنی لێدا)، هەروەها ئەسپە دارینەکەی گریکییەکانیش کە وایان پیشان دا ڕۆیشتوون و وەک دیاری دایان بە ترۆیاییەکان. ترۆیاییەکان ئەم ئەسپەیان پەسەند کرد، کە «چەندین پاڵەوانی شاراوە»ی تێدا بوو، ئاوهاش بێ ویستی خۆیان شارەکەی خۆیانیان بە وێرانکردن دا. ئەو کاتەی خەریک بوون ئەسپەکەیان ڕادەکێشایە نێو شارەکەوە، هێلێن گومانی هەبوو لەوەی چیی تێدایە، هەوڵی دا قسەی لووس بۆ پاڵەوانە گریکییەکان بکات و لاسایی دەنگی ژنەکانیانی دەکردەوە. گەرچی پاڵەوانەکان ورووژان، بەڵام خۆیان گرت. **~گ.س.**

[388] **وی بیست ساڵ... ئایرلاند**: سەرچاوەکانی ستیفن و ژیننامەنووسانی شێکسپیر دەڵێن کە شێکسپیر لە ١٥٩٢ تا ١٦١٣ لە لەندەن ژیاوە. لی (لا. ٢٠٣) دەڵێت: «شێکسپیر لە سەردەمی دواتری ژیانیدا لە ساڵێکدا زیاتر لە ٦٠٠ پاوەنی پەیدا دەکرد». هاریس (لا. ٣٧٧) دەڵێت کە «ئەمە دەکاتە نزیکەی پێنج هەزار پاوەنی ئەمڕۆمان»، کە ساڵی ١٩٠٤ جێنشینی پاشا لە ئایرلاند مووچەی ساڵانەکەی پێنج هەزار پاوەن بوو. **~گ.س.**

[389] **هونەرەکەی... زیادەڕەوییە**: واڵت وایتمان (١٨١٩ - ١٨٩٢) لە «نیگایەکی ڕوولەدوا بەسەر ڕێکانی گەشتدا»، کە پێشەکیی *کۆتەکانی نۆڤەمبەر* (١٨٨٨)ە، «جیهانی نوێ»بەو جۆرە دەبینێت کە دەزگای ئازادی وارگێڕیی هەیە و هۆنراوەی «ئازاد»ی هەیە، کە «دژی هۆنراوەی دێرینن، کە دەرەبەگایەتیی دەوڵەمەندی ئەورووپایی کۆمەکی بەیت و شانۆنامە و هۆنراوەکانیانی دەکرد». ئینجا دەڵێت: «تەنانەت شێکسپیریش، کە وێژە و هونەری ئێستای زۆر دەوڵەمەند کردووە... لە بنەڕەتدا هەر سەر بەو ڕابردووە نێژراوەیە. تەنها شەقڵی گرنگی هەندێک ڕووی گرنگی ڕابردوو هەڵدەگرێت، کە پایەبەرزترینی گۆرانیبێژەکان بووە کە ژیان دەنگی پێی بەخشیوە. بەڵام هەموویان لەسەر هەندێک مەرج و بنەما و لایەنی وارگێڕی و کۆمەڵایەتی و مەودای باوەڕ بەندن کە بە تەواوی لە نیوەگۆی ڕۆژهەڵاتی زەوی نەماون و لە نیوەگۆی ڕۆژئاواش هەرگیز نەبوون». جێی سەرنجە کە ئەوەی ستیفن دەڵێت: «هونەری زیادەڕەوییە»، واڵت وایتمان لە *سەرنجێک لەسەر شێکسپیردا* (١٨٨٦) دەڵێت: «شەقڵە ناوەکی و دەرەکییەکانی شێکسپیر کەسێتی و مژارە دەوڵەمەند و جۆراوجۆر و فراوانەکانین، لەگەڵ هەموو وێنەکێشانە نایابەکانی، نەک تەنها زۆروزەبەندیی سەرچاوەی زارەکی و وێنەیی، بەڵکو زیادەڕەوییەکی مەزن، واتە سەرئاوسییەکە... کە ساوینی میسکی لە خۆ گرتووە». **سەرئاوسی**: واتە ئاوسبوون، دوای ئاوسبوون، بەڵام پێش لەدایکبوون. **~گ.س.**

[390] **کولیچەی... شەکرەتۆسی**: **مەرزەپان**: بە ئینگلی *marchpane* یان *marzipan*: جۆرە شیرینییەکە لە هەویری بادەم و سپێنەی هێلکە و شەکر دروست دەکرێت.
**ترێرێویلە**: بە ئینگلی *gooseberry*: لە فەرهەنگەکانی بەردەستمدا هیچیان بە دیاریکراوی لە بەرانبەر *gooseberry*دا وشەیەکیان نەبوو، بەڵام خۆشبەختانە لە ماڵپەڕی *کوردفلۆرا*دا دۆزیمەوە و ناوەکەم لەوانەوە وەرگرتووە و بەم شێوەیە پێناسە کراوە، کە ناوەکەشم هەر لەوێوە هێناوە: «ترێ ڕێویلە، ترێ فەرەنگی، ترێ کێویلە، ترێ دێوینە، هەنگورە دێوە، بنچکێکە کە بەرزاییەکەی تاکوو ٢ میتریش هەڵدەچێ. بە بێ لاسکی ناوەندی لاسکەکانی بۆ خۆیان هەڵدەچن. گەڵاکانی بۆن و ڕەنگیکی خۆش و جوانیان هەیە. بەهاران گوڵ دەکا و گوڵە هێشوویەکانی ڕەنگیان سپییە کە دواتر دەبن بە بەری ئەرخەوانی و ڕەنگ ڕەش، دیارە بە ڕەنگی سەوز و ڕەنگی دیکەش هەیە و زۆر بەتام و خۆشن.».
**شەکرەتۆسی**: بە ئینگلی *ringocandies* یان *eryngoes*: ڕەگی شەکرپێوەکراوی تۆسی-یە.
**تۆسی**: بە ئینگلی *sea-holly*: جۆرە دەوەنێکە گوڵی شین دەگرێت. ناوەکەم لە *فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان*ەوە هێناوە؛ خۆم ناوەکەم لێک داوە. **~ن.م.**
ئەمانە ناوی کۆمەڵێک خواردنی شیرین و دەوڵەمەندی سەردەمی ئەلیزابێث بوون. مەرزەپان *ڕۆمیۆ و جولیێت*دا (١: ٥، ٩) هاتووە؛ فۆڵستاف {کە کەسێتییەکە} لە *ژنە شادەکانی ویندسۆر*دا (٥: ٥، ٢٢) ناوی شەکرەتۆسی بە کار دەهێنێت. **~گ.س.**
[391] **کە سێر واڵتەر... پێبوو**: «جلەکانی سێر واڵتەر ڕاڵەی هەمیشە نایاب بوون، وەک شایەکی فارس، یان ڕاجێکی هیندیی ئەم سەردەمەمان حەزی لەوە بوو خۆی داپۆشێت... بە گرانبەهاترین گەوهەر. کە ساڵی ١٦٠٣ دەستگیر کرا، بایی ٤ هەزار پاوەن (بە نزیکەی ٢٠ هەزار پاوەنی ئەم سەردەمە {نزیکەی ٧٥٠ هەزار پاوەنی ئێستای ساڵی ٢٠٢٤}» گەوهەری پێوە بوو. **~گ.س.**
[392] **ئەلیزا... ململانێ بکات**: ئەلیزا تیودەر ئەلیزابێثە، تیودەر ناسناوی بنەماڵەکەیەتی. لە دەقە ماکەکەدا وشەی *gombeenwoman* بە کار هێنراوە کە بە «سووخۆر» وەرمگێڕاوە، گیفرد دەڵێت وشەکە لە ئایرییەوە هاتووە، بە واتای ژنێکی قەرزدەر بە سوودی زۆر. **~ن.م.**
ئەلیزابێث بۆ ئەم ڕۆڵە گونجاوە، چون «سیستمی چاندن»ەکان (کە چەوساندنەوەی جووتیاری ئایر بوو بە دەستی ئینگل) لە سەردەمی ئەودا دامەزرا. سەرچاوەکەی ستیفن ڕوون نییە: بەڵام لی (لا. ix) و براندێس (لا. ١٤) دەڵێن کە ئەلیزابێث هەم جلوبەرگ و هەم خشڵی گرانبەها و زۆری بە خۆیەوە دەکرد و دەپۆشی، بەڵام خۆیان لە باسکردنی

جلوبەرگی ژێرەوە بواردووە؛ لە *کتێبی پیرۆز*دا (یەکەم پاشایان ١٠: ٢ و دووەم پوختەی مێژوو ٩: ١) باس لە گێڕانەوەیەکی گشتیی مۆڵەکانی شاژنی سەبا دەکەن. **~گ.س.**

**دەقی سەرچاوەی یەکەم:**

کاتێک شاژنی شەبا ناوبانگی سلێمان و پەیوەندییەکەی ئەوی لەگەڵ یەزدان بیست، هات بۆ ئەوەی بە چەند مەتەڵێک تاقی بکاتەوە. بە کەژاوەیەکی زۆر گەورەوە، وشتری بارکراو لە بۆنوبەرام و زێڕی زۆر و بەردی گرانبەها، گەیشتە ئۆرشەلیم. هاتە لای سلێمان و لەبارەی هەموو ئەو شتانەی لە دڵی بوو قسەی لەگەڵ کرد. سلێمانیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە، هیچ شتێک بۆ پاشا قورس نەبوو وەڵامی بداتەوە. کاتێک شاژنی شەبا ئەو هەموو داناییەی سلێمان و ئەو کۆشکەی بینی کە بنیادی نابوو، هەروەها خواردنی سەر خوانەکەی، دانیشتنی دەستوپێوەندەکانی، ڕێکوپێکی خزمەتکارەکانی و جلوبەرگاکانیان، ساقییەکانی و ئەو قوربانی سووتاندنانەی کە سلێمان لە پەرستگای یەزدان دەیکرد، لە بینینی ئەمانە شەیدا بوو. (یەکەم پاشایان ١٠: ١-٥)

**دەقی سەرچاوەی دووەم:**

کاتێک شاژنی شەبا ناوبانگی سلێمانی بیست، هاتە ئۆرشەلیم بۆ ئەوەی بە چەند مەتەڵێک تاقی بکاتەوە. بە کەژاوەیەکی زۆر گەورەوە، وشتری بارکراو لە بۆنوبەرام و زێڕی زۆر و بەردی گرانبەها، هاتە لای سلێمان و لەبارەی هەموو ئەو شتانەی لە دڵی بوو قسەی لەگەڵ کرد. (دووەم پوختەی مێژوو ٩: ١)

[393] **وی بیست ساڵ... بە فیڕۆ دا:** ئەم ڕستەیە لەسەر ناونیشانە ئینگلیییەکەی پەڕتووکێکی ئیمانوێل سویدبۆرگ (١٦٨٨ – ١٧٧٢)ەوە هێنراوە کە بەم شێوەیەیە: *چێژی دانایی لە بارەی خۆشەویستیی هاوسەرییەوە: کە بە دوایدا خۆشیی شێتی دێت لە بارەی خۆشەویستیی داوێنپیسییەوە* (لەندەن، ١٧٩٤). **~گ.س.**

[394] **چیرۆکەکەی... گوێی لێ دەبێت:** ئەمە تاکە سەربردەیە کە لە ماوەی ژیانی شێکسپیر خۆیدا تۆمار کرابێت. هاریس و لی و وایلد، کە سەرچاوەکانی ستیفنن، هەریەکەیان بۆ مەبەستی خۆیان چیرۆکەکەیان داڕشتووەتەوە، براندێسیش (لا. ١٩٦) هەمووی دەگێڕێتەوە: «لە یادنامەی جۆن مەنینگهەمدا، کە خەڵکی ناوچەی میدڵ تێمپڵ-ە، لە ژێر ناونیشانی ١٣ی مارسی ١٦٠٢دا [لە ڕاستیدا ١٦٠١] ئەمە نووسراوە: - ئەو کاتەی بۆربج ڕۆڵی ڕیچاردی سێیەمی دەدی، هاووڵاتییەک (خانمێک) هەبوو ئەوەندە ئەوی بە دڵ بوو

که لە کاتی شانۆکەدا چووە بەردەمی و داوای لێی کرد ئەو شەوە بە ناوی ڕیچاردی سێیەمەوە بچێتە لای. شێکسپیر کە ئەمەی لێیان بیست، پێش ئەو ڕۆیشتووە و ڕایبواردووە... پاشان بۆربج گەیشتووە. کە بە خانمەکەیان ڕاگەیاندووە کە ڕیچاردی سێیەم وا لەبەردەرگایە، شێکسپیر پێی وتوون بڵێن: ویلیەمی داگیرکەر پێش ڕیچاردی سێیەم بووە. ناوی شێکسپیر خۆی ویلیەم بووە.». **~گ.س.**

ویلیەمی داگیرکەر (١٠٢٧ - ١٠٨٧) لە ١٠٦٦ تا ١٠٨٧ پاشای ئینگلتەرا بووە و دوکی نۆرماندی بووە. لە ساڵی ١٠٦٦ەوە لەگەڵ نۆرمانییەکاندا لە جەنگی هەیستینگ-دا ئینگلتەرای داگیر کردووە و ناسناوی ویلیەمی داگیرکەری پێ دراوە. ڕیچاردی سێیەم (١٤٥٢ - ١٤٨٥) (لە ١٤٨٣ تا ١٤٨٥) پاشای ئینگلتەرا بووە. **~ن.م.**

395 **هەراوزەنای تر دەربارەی هیچ**: لە ناونیشانی شانۆنامەیەکی کۆمیدیی شێکسپیرەوە هێنراوە بە ناونیشانی: هەراوزەنای زۆر لەسەر هیچ. **~گ.س.**

396 **مانگاکە بە قۆچەکانی دەگرێت**: گۆڕاوێکی خۆیای دەربڕینی ئەو پەندەیە کە دەڵێت: «گرتنی گا بە قۆچی» (بە واتای ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی، نەک هەوڵدان بۆ ڕاکردن لێی)، بەڵام تیلنیشانێکیشە بەو قۆچانەی کە «بازرگان»ەکە (یان شارنشینەکە)، کە ژنەکەی براوە، دەیبێت. **~گ.س.**

لە نەریتی ئینگلیدا دەوترێت کە ئەگەر ژنێکی مێردار لەگەڵ پیاوێکی تردا جووت ببێت، ئەوا مێردەکەی قۆچی (شاخی) لێ دەڕوێت. بۆیە گیفرد دەڵێت کە ئەم دەربڕینە تیلنیشانە بە مێردە ژنگایراوەکەش؛ هەروەها بە کەسی بەئاڵۆشیش دەوترێت *هۆڕنی* *horny*، (بە واتای وشە واتە *قۆچاوی*) کە نزیکە لە *هۆڕن horn*ەوە (قۆچ)، ئاوهاش ڕەگەزدۆزییەکی تێدایە کە ژنەکەی لە کاتی ئاڵۆشییەکەدا گرتووە. **~ن.م.**

397 **لە دەرگاکە بدات**: لە شانۆنامەی *مەکبێث*ی شێکسپیردا (٢: ٣)، لە پێشەکییە «کۆمیدی»یەکەی دۆزینەوەی بکوژی شا دەنکن-دا، دەرگاوانێکی سەرخۆش بەوە بەئاڵۆش دەبێت کە لە دەرگا دەدرێت و لەو بارەیەوە سکاڵا دەکات کە مەیەکەی ئارەزووی جووتبوونی زیاتر کردوو، کەچی واشی لێ کردووە نەتوانێت جووت ببێت. **~گ.س.**

398 **نەڕاندوویە ئای و سواری بووە**: لە شانۆنامەی *سیمبلین*ەوە هێنراوە کە مێردەکەی ئیمۆجین لە دوای مەرگ لە بارەی «داگیرکردنی» ئیمۆجین بە دەستی یاکیمۆوە خۆی دەدوێنێت و دەڵێت:

ڕەنگە وی {یاکیمۆ} هیچی نەوتبێت، بەڵکو

وەک ورچێکی ئەڵمانیی تێربەڕوو
نەڕاندوویە: «ئای!» و سواری بووە؛
بەرهەڵستیکاری نەبووە
جگە لەوەی دەیەویست بەرهەڵسیی بکات و وێش
دەبوو خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاگادار بێت.
(سیمبێلین ٢: ٥، ١٥-١٩). **~گ.س.**

399 **پینێلۆپیا ڕیچ**: لە سەردەمی شێکسپیردا بە ئەکتەریان وتووە *پلەیەر player* بە واتای یاریکەر، کە لە کوردیشدا هەندێک جار دەوترێت: «ڕۆڵی فڵان کەسی یاری کردووە»؛ ئاوهاش وشەی *یاریکەر* لێرەدا ڕەگەزدۆزییەکی لەسەرە هەم واتە شانۆکار و هەم واتە ئەوەی یاری(ی جووتبوون) دەکات. **~ن.م.**

چەند توێژەرێکی سەدەی نۆزدەیەم پێیان وا بووە کە پینێلۆپیا ڕیچ (بە نزیکی ١٥٦٢ – ١٦٠٧) «ژنە تاریکرەنگەکە»ی نێو سۆنێتەکانی شێکسپیر بووبێت. جیراڵد ماسێی (١٨٢٨ - ١٩٠٧)، کە هۆنەر و توێژەرێکی ئینگل بوو، شرۆڤەکارە سەرەکییەکەی ئەم تێڕوانینە بوو. لە پەڕتووکی *سۆنێتەکانی شێکسپیر کە پێشتر هەرگیز ئاوها شرۆڤە نەکراون* (لەندەن، ١٨٦٦)دا ئارگومێنتێکی ئاڵۆز دەخاتە ڕوو بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پینێلۆپیا ڕیچ گراویی پێمبرۆک بووە، هەروەها شێکسپیر زۆرێک لە سۆنێتەکانی لە گۆشەنیگای خۆیەوە نەنووسیوە، بەڵکو وەک پەیوەندییەکی درامیی نێو ئەوینێکی چوارڕێیی نێوان پێمبرۆک و خاتوو پینێلۆپیا ڕیچ و ساوثهامپتن و ئەلیزابێث ڤێرنۆن ناوێکدا نووسیوە. نووسەری تر ئەم خەیاڵکردەی ماسێیان ڕوونتر کردووەتەوە و کردوویانە بە پەیوەندیی جیاوازی نێوان شێکسپیر و خاتوو پینێلۆپیا، کە هیچیان لەسەر بنەمای ڕاستیی زانراو نین (بڕوانە ٧: ٤٧٣).
**~گ.س.**

400 **قەحبەکانی... بۆ جارێک**: بانکساید {کەنار}ی ڕووباری ثەیمس ناوچەیەکی دەوروبەری شانۆگاکانی لەندەنی سەردەمی ئەلیزابێث بوو. ئەو قەحبانەی باسیان دەکات و دەڵێت: «پنسێک بۆ جارێک»، مەبەست لێیان ئەوەیە کە هەرزان بوون، وامان پیشان دەدات کە قەحبەی چینی بەرزتر بە نزیکەی شەش شڵنگ بووە. **~گ.س.**

401 **کوغ... تو ڤۆ؟**: فەڕەنسییە: *Cours la Reine. Encore vingt sous. Nous ferons de petites cochonneries. Minette? Tu veux?* «*کوغ لاغەین*» واتە: «پیاسەی شاژن»،

ئەوی تریش واتە: «بیستی تریش [فرڕانکێک]. شتی بچووکی بەدکارانە بکەین. نازدار [پشە]، دەتەوێت؟». **~گ.س.**

[402] **دایکی... ئۆکسفۆردیش**: ئەمە تیلنیشانێکە بەو چیرۆکە گوماناوییەی جۆن ئۆبری کە لە بارەی شێکسپیرەوە هەڵیبەستووە کە گوایە شێکسپیر ساڵانە لە لەندەنەوە دەچووەوە بۆ ستراتفۆرد و لەسەر ڕێ لە مەیخانەکەی جۆن داڤێنانت لە ئۆکسفۆرد لایداوە. گوایە شێکسپیر کەوتووەتە ئەوینی ژنەکەی داڤێنانتەوە و هەر لەو بووە بە باوکی سێر ویلیەم داڤێنانت (١٦٠٦ - ١٦٦٨). سێر ویلیەم داڤێنانت خۆیشی جارجار باسی ئەم ئەفسانەیەی کردووە و وای کردووە خەڵک باوەڕ بەم چیرۆکە بهێنن. سەرچاوەکانی ستیفن هەر یەکەی بە جیا مامەڵە لەگەڵ ئەم ئەفسانەیە دەکەن: لی تەواو ڕەتی دەکاتەوە؛ براندێس تەواو پەسەندی کردووە؛ هاریس پشتیوانیی لێ دەکات، چون ئەم چیرۆکە لەگەڵ ئەو وێناکردنەی ئەودا دەگونجێت کە شێکسپیری وەک دۆن خوان وێنا کردووە. **~گ.س.**

[403] **مارگەرێت ماری ئاڵەکۆکی پیرۆز**: مەبەست لە مارگەرێت ماری ئالاکۆک (١٦٤٧-١٦٩٠)ە (بڕوانە ٦: ٣٣٤) کە فەڕەنسی بووە. ناوەکەی بەم جۆرە دەنووسرێت: Alacoque، بەڵام مەڵیگن دەڵێت: «Anycock» کە بە واتای وشە بێت واتە: «هەرکەڵەشێر» یان «هەرکێر». بۆ ئەوەی ڕەگەزدۆزییەکە بهێڵمەوە، کردم بە ئاڵەکۆک، کە جۆرە گیایەکە و دەخورێت. **~ن.م.**

[404] **کچی هاریی... ژنەکەش**: مەبەست لە هاری هێنریی هەشتەمە کە باوکی ئەلیزابێث بووە و شەش ژنی هەبووە؛ ئەلیزابێث کچی ئان بەلین-ی دووەم ژنی هێنری بووە. **~گ.س.**

[405] **ژنانی تری... تێنیسن**: بۆ چیمەنی تێنیسن (بڕوانە ٣: ٣٧٣). لە دێڕی ٩٦-٩٨ی پێشەکیی *شازادە: تێکەڵەیەک* (١٨٤٧)ی تێنیسندا دەڵێت:

جا لێرەدا بوو سەرنجمان لە پوورە ئەلیزابێث دا،
لەگەڵ لیلیا و ئەوانی تر و ژنانی تری هاوڕێمان
لە کورسییەکانی تەنیشتەوە. **~گ.س.**

[406] **وا دەکەم و وا دەکەم**: کە جادووبازەکان لە شانۆنامەی *مەکبێث*دا لەسەر گسکەکە کۆ دەبنەوە، یەکەمیان پێشنیاری تۆڵەی خۆی لە ژنی مەلەوانەکە دەکات بەوەی مێردەکەی بخنکێنن: «وا دەکەم، وا دەکەم، وا دەکەم» (مەکبێث ١: ٣، ١٠). **~گ.س.**

[407] **کرا**: (بڕوانە ٩: ٣٥٣). **~گ.س.**

[408] **سووره‌چاوبۆر**: هه‌ردوو هاریس و لی ده‌ڵێن که‌ په‌یکه‌ره‌که‌ی شێکسپیر له‌ کڵێسای ستراتفۆرد شێکسپیر وه‌ک چاو بۆر و قژ و ڕیش خورمایی سووربا‌و پیشان ده‌دات. ستیفن (ڕه‌نگه‌ دوای مۆریس کلێر که‌وتبێت؟ بڕوانه‌ ڕاڤه‌ی پێشوو) پێی وایه‌ شێکپسیر که‌ له‌ ناوه‌ڕاستی سییه‌کانیدا بووه‌ قژی به‌ره‌و ماشوبرنجی چووه‌. **~گ.س.**

[409] **له‌ شه‌قامی... گیاناسدا ده‌ڕوات**: جۆن جێرارد (١٥٤٥ - ١٦١٢) گیاناسێکی ئینگل بوو، چاودێری باخی شالیاری شا ئه‌لیزابێث بوو، *پێرستێکی شه‌تڵی نێو باخه‌کانی ئینگلته‌را* (١٥٩٥)ی کۆ کردووه‌ته‌وه‌ و *مێژووی گشتیی گیاکان* (١٥٩٧)ی داناوه‌. جێرارد له‌ شه‌قامی فێته‌ر له‌ له‌نده‌ن گوڵزارێکی هه‌بوو. به‌ڵام په‌یوه‌ندیی شێکسپیر به‌ جێراردەوه‌ ڕوون نییه‌، له‌وانه‌یه‌ گوڵزاره‌که‌ گشتی بووبێت، به‌ڵام له‌وانه‌یه‌ شێکسپیر جێراردی ناسیبێت، چون جێرارد ئه‌ندامێکی دیاری هاوبه‌شگه‌ی باربه‌ر سێرجنس بوو، که‌ هۆڵه‌که‌یان به‌ نزیکی له‌وبه‌ر شه‌قامه‌که‌ی ماڵی هیوگه‌نۆته‌که‌وه‌ بوو که‌ شێکسپیر له‌وێ ده‌ژیا. سه‌رچاوه‌که‌ی ستیفن (جۆیس) له‌ باره‌ی په‌یوه‌ندیی نێوان جێرارد و شێکسپیره‌وه‌ *ڕۆژێک له‌گه‌ڵ ویلیه‌م شێکسپیر* (له‌نده‌ن، ١٩١٣)ی مۆریس کلێر (ناوی خوازراوی مه‌ی به‌یرن بوو) بووه‌. **~گ.س.**

[410] **گوڵه‌زه‌نگه‌یه‌کی... وێ**: **گوڵه‌زه‌نگه**: به‌ ئینگلی *harebell* یان *Campanula*: گوڵێکی مۆر یان شینه‌، به‌ لاسکێکی قه‌دباریکه‌وه‌یه‌. له‌ *فه‌رهه‌نگی ڕووه‌کناسیی کوردستان*دا له‌ به‌رانبه‌ر *harebell*دا *عه‌مرۆکه‌* دانراوه‌، به‌ڵام له‌ ئینگلییه‌که‌ی به‌رانبه‌ریدا *Musk* دانراوه‌. له‌ به‌رانبه‌ر جۆره‌کانی گوڵی کامپانولا-ش *گوڵه‌ڕازاو* دانراوه‌. هه‌م له‌ *کوردستانیکا* و هه‌م له‌ *فه‌رهه‌گی فارسی-کوردی*ی دانشگای کوردستانیشدا به‌ «گوڵه‌زه‌نگه‌» هاتووه‌، به‌ڵام خۆم دڵنیا نیم له‌ وشه‌که‌ و به‌ شێوه‌یه‌کی کاتی دایده‌نێم. هه‌رچییه‌ک بێت، ده‌بێت گوڵێکی مۆر یان شینباو بێت، چون شێکسپیر خوێنهێنه‌ره‌کانی که‌سه‌که‌ی پێ چوواندووه‌. **~ن.م.**

له‌ شانۆنامه‌ی *سیمبێلین*دا ئارڤیراگوس-ی کوڕی سیمبێلین له‌گه‌ڵ براکه‌یدا ده‌دوێت، که‌ ناوی گویدێریوس-ه‌، له‌ باره‌ی «جوانترین گوڵ»ه‌وه‌ ده‌دوێت که‌ «گۆڕی خه‌مناکی کوڕه‌ مردووه‌که‌ (فیدێل)ی پێ ده‌ڕازێنێته‌وه‌»:

> له‌و گوڵانه‌ بێبه‌ش نابیت که‌ وه‌ک گوڵه‌تووتیای ڕه‌نگزه‌ردی ڕوخسارتن،
> یان گوڵه‌زه‌نگه‌ی شینباو، وه‌ک خوێنهێنه‌ره‌کانت، نه‌خێر،
> نه‌ گه‌ڵای شیلانیش.

(سیمبێلین ٤: ٢، ٢٢٠-٢٢٣). فیدێل نه‌ ده‌مرێت و نه‌ کوڕه‌، به‌ڵکو ئیمۆجینی خوشکیه‌تی و خۆی گۆڕیوه‌. **~گ.س.**

[411] **پێڵووی چاوەکانی یونۆ، وەنەوشەیی:** لە دیمەنێکی «شوانکارەیی» شانۆنامەی *سەربردەکەی زستان*دا، پێردیتا-ی خانمەپاڵەوانی شانۆنامەکە وەک ستایش گوڵی هاوینە دەدات بە لۆردێک لە ناوەڕاستی تەمەنیدا و خۆزگە دەخوازێت گوڵی بەهار وەک ستایش بدات بە لۆردێکی گەنج:

نێرگز، کە پێش پەڕەسێلکە دەوێرێت بێت و
بای مارس جوان دەکات؛ وەنەوشەیی کاڵ
بەڵام لە پێڵووەکانی یونۆ،
یان لە هەناسەی کیثیرا شیرینتر.

(سەربردەکەی زستان ٤: ٤، ١١٨-١٢٢). **~گ.س.**

[412] **گومانت لە کێیە:** شادێڕی نوکتەیەکی بەناوبانگە لە بارەی مامۆستایەکی ئۆکسفۆردی پیرەوە کە ژنێکی گەنجی هەیە. دڵخۆشییەکی خۆی لای هاوڕێیەکی کۆنی دەدرکێنێت و دەڵێت: «پێم وایە ژنەکەم پێم دەڵێت دووگیانە»، هاوڕێکەی پێی دەڵێت: «ئەی خوایە، ئەی گومانت لە کێیە؟». (بڕوانە ١٢: #) بۆ دووبارەکردنەوەی. **~گ.س.**

[413] **بەرهەڵداکەی... ڕەت کردەوە:** (بڕوانە ٩: ٢٩٤). **~گ.س.**

[414] **ئەو... خۆی بدرکێنێ:** مەبەست لە هاوڕەگەزخوازییە (بڕوانە ٣: ٣٤٣). **~گ.س.**

[415] **وەک... خۆش ویستووە:** لە پەندێکەوە هاتووە کە دەڵێت: «ئینگل لۆردی خۆش دەوێت». **~گ.س.**

[416] **دیوارە کۆنەی... تەماشام کردن:** چارنتن شارۆچکەیەکە پێنج میل لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پاریسەوەیە لای هاوڕێژگەی ڕووباری سێن و مارن-ەوە، بە پردێکی گەورەی سەر مارن و شوێنی شێتخانەیەک بەناوبانگە. **~گ.س.**

[417] **منداڵدانە نەکێڵراوە:** لە سۆنێتی ٣ی شێکسپیرەوە هێنراوە، کە ئەمە دێڕی ١ تا ٦یەتی:

لە ئاوێنەکەت بڕوانە و بەو ڕووە بڵێ کە دەیبینیت:
ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو ڕووە یەکێکی تر بە دی بهێنێت،
گەر ئێستا دۆخی تەڕوبڕیی ئەو نوێ نەکەیتەوە،
ئەوا خیانەت لە جیهان دەکەیت، هەندێک دایک لە فەڕ بێبەری دەکەیت.
چون ئەو ژنە زۆر جوانە کێیە کە منداڵدانە نەکێڵراوەکەی
کشتوکاڵی جووتیارییەکەت بە شەرم بزانێت؟ **~گ.س.**

[418] **ئەو نووسینگە... دابین دەکات:** واتە مەیتەرەکە ماینێک بۆ ئەسپی پەڕینەکە دابین دەکات «نووسینگە پیرۆزەکە» ناوی پشکنینی باوەڕە. **~گ.س.**
**مەیتەر:** خزمەتکاری ئەسپ و وڵاخە، واتە ئەو کەسەیە کە کاروباری ئەسپ دابین دەکات. ئاماژەکەی ئێرە بەو واتایە دێت کە شێکسپیر (کە مەیتەرەکەیە)، ماینێک (خاتوو فیتن) بۆ ئێرلی پێمبرۆک دابین دەکات (کە ئەسپی پەڕینەکەیە). «نووسینگەی پیرۆز» زیاتر بە ناوی: «کۆمەڵی لێپێچینەوەی جیهانی» ناسراون، کە ئێستانان کاریان ئەوەیە چاودێریی ئەو کاروبارانە بکەن کە پەیوەستن بە باوەڕ و لێکۆڵینەوە لە ڕێبازی گومانلێکراوی هەندێک خەڵک و هەندێک پەڕتووک. هاوکات ناونیشانی هۆنراوەیەکی تەنزئامێزی جۆیسیشە کە ساڵی ١٩٠٤ نووسیویە. **~س.ت.م.٢**
[419] **وەک سۆکراتیس... بووبێت:** (بڕوانە ٩: ١٤٧ و ٩: ١٤٨). ڕەنگە شێکسپیریش وەک سۆکراتیس چەقاوەسووێک ژنی بووبێت. وا دیارە ماری ئاڕدن-ی دایکی شێکسپیر ژنێکی خاوەنزەوی بووبێت، بەڵام بەڵگەی وا بەردەست نییە کە پێشنیاری ئەوە بکات مامان بووبێت، وەک چۆن بە گوێرەی گێڕانەوەی پلاتۆن، دایکی سۆکراتیس (فیناریتی) مامان بووە. **~گ.س.**
[420] **بەڵام وێ... نەشکاندووە:** باسی کسانتیپی دەکەن. شێکسپیر لە شانۆنامەی *یەکەم هێنریی چوارەم*دا دەربڕینی «بەرهەڵدا بەئاڵۆشەکە»ی بۆ پەسنی جوانی ئارک (١٤١٢ - ١٤٣١) بە کار هێناوە. دەربڕینی «پەیمانی سەرجێیی نەشکاندووە» لە سۆنێتی ١٥٢ی شێکسپیرەوە هاتووە، کە دەڵێت:

دەزانیت لە خۆشەویستیی تۆدا پەیمانشکێنم،
بەڵام تۆ دوو جار پەیمانشکێنیت کە سوێندی خۆشەویستییم بۆ دەخۆیت،
بە کردار پەیمانی سەرجێییت شکاندووە و پەیمانی نوێت دڕاندووە
بە پەیمانی ڕقی نوێ، پاش بردنی خۆشەویستی نوێ.

سۆنێتی ١٥٢ دوایین سۆنێتی سۆنێتەکانی خانمە تاریکڕەنگەکەیە. **~گ.س.**
[421] **دوو شت... مێردە مردووەکە:** سەهویرەکەی نێو *هاملێت* کەوتووەتە کەڵکەڵەی ناپاکییەکەی گێرتروود و وێنەی براکەی خۆی، کە کلاودیۆس-ە، لە بارەیەوە دەڵێت: «ئەو ئینسێستکارە، ئەو ئاژەڵە داوێنپیسە، بە جادووبازیی ئاوەزییەوە، بە دیاریی گورگانگازانەوە» (هاملێت ١: ٥، ٤١-٤٢ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}).

«دێهاتییە مێشکسووکەکە» ئەوەندەی لەگەڵ ڕەوتی ئارگومێنتەکەی ئایندەی ستیفندا دەگونجێت، ئەوەندە لەگەڵ کلاودیۆسی شێکسپیردا ناگونجێت. **~گ.س.**

[422] **دیمەنی پێنجەمی هاملێت:** مەبەست لە دیمەنی پێنجەمی پەردەی یەکەمە کە سەهویرەکە بۆ یەکەم جار لەگەڵ هاملێتدا دەدوێت. هێشتاش گەنگەشە لەو بارەیەوە دەکرێت کە ئایا وتەکانی سەهویرەکە بەو واتایە دێن کە کلاودیۆس و گێرترووود بە داوێنپیسیی پێش کوشتن تاوانبارن یان نا (بڕوانە ٧: ٣٥٠). **~گ.س.**

[423] **ناوی وێ نابرێت:** «تاکە ناوهێنانێکی هاوچەرخی [ئان هاثەوەی شێکسپیر] لە نێوان شووکردنەکەی لە ساڵی ١٥٨٢ەوە تا مەرگی مێردەکەی لە ١٦١٦دا تەنها وەک وەرگری قەرز بووە لە ڕۆژێکی دیارینەکراودا (وا دیارە پێش ١٥٩٥ بووبێت) کە چل شلنگی لە تۆماس ویتینگتن قەرز کردووە، کە پێشتر شوانی باوکی وێ بووە». (لی لا. ١٨٧). **~گ.س.**

[424] **ماری: جۆنی مێردە باشەکەی:** ساڵی ١٦٠١ جۆن-ی باوکی شێکسپیر مردووە؛ ساڵی ١٦٠٨ ماری-ی دایکی مردووە. **~گ.س.**

[425] **ئان... بەستەزمانەکەی:** ١٦١٦ شێکسپیر مردووە؛ ١٦٢٣ ئانی ژنی مردووە. **~گ.س.**

[426] **جوان، چوار براکەی:** جوان هارت خوشکی شێکسپیر بووە، ساڵی ١٦٤٦ لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا مردووە؛ براکانی ئەمانە بوون: ئێدموند (١٥٦٩ - ١٦٠٨)، ڕیچارد (١٥٨٤ - ١٦١٣)، گیڵبێرت (ڕۆژی مردنەکەی نەزانراوە، گەرچی لی مەزندەی ئەوە دەکات کە وەک جوان تا تەمەنێکی زۆر ژیاوە). **~گ.س.**

[427] **جودیث، مێرد و هەموو کوڕەکانی:** جودیث کچە بچووکەکەی شێکسپیر بووە «لە مێرد و کوڕەکانی و خوشکەکەی زیاتر ژیاوە» (لی، لا. ٢٨١). **~گ.س.**

[428] **سوزان، ئەویش مێردەکەی:** سوزانا هۆڵ کچە گەورەکەی شێکسپیر بووە، ساڵی ١٦٤٩ مردووە؛ مێردەکەی ناوی دکتۆر جۆن هۆڵ بووە و ساڵی ١٦٣٥ مردووە. **~گ.س.**

[429] **ئەلیزابێث... یەکەمی کوشت:** بە گوێرەی لی (لا. ٢٨٢) «تاکە منداڵی خاتوو هۆڵ ناوی ئەلیزابێث بووە و دوایین نەوەی هەڵبەستوانەکە بووە... یەکەم مێردی ناوی تۆماس ناش بووە، پیاوێکی خاوەنموڵک بووە، بە وەجاخکوێری مردووە... لە ٤ی نیسانی ١٦٤٧دا... خاتوو ناش دووبارە شووی کردەوە، مێردی دووەمی ناوی جۆن بێرنارد، یان بارناردی ئابینگتن-ی نۆرثهامپتنشیە بوو.». لە شانۆنامەکەی نێو شانۆنامەی *هاملێت*دا ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی شاژن دەبینێت «سکاڵا دەکات» دەڵێت: «ئای، چیتر هیچ مەڵێ! خۆشەویستیی وەها

وەک خیانەت دەبێت لە سنگمدا. با بەنەفرەت بم وەک ژنی مێردی دووەم! کەس مێردی دووەم ناکات، ئەوە نەبێت کە یەکەمی کوشتووە.» (هاملێت ٣: ٢: ١٨٩-١٩٠). **~گ.س.**

430 **ئای بەڵێ... قەرز بکات:** (بڕوانە ٩: ٤٢٣). **~گ.س.**

431 **دوابەرهەمەکە:** دواسپاردەکەی شێکسپیر لە کانوونی دووەمی ١٦١٦دا نووسراوە و پێش ئەوەیشی لە ٢٣ی نیساندا بمرێت لە مارسی هەمان ساڵدا دەستکاری کراوە. بڕوانە ڕاڤەی داهاتوو. **~گ.س.**

432 **بە یاسای... وەربگرێت:** لی (لا. ٢٧٤) دەڵێت شێکسپیر لە سەودای بەشێک لە موڵکەکانیدا لە لەندەن (١٦١٣) هەوڵی داوە جیازیی ژنەکەی قەدەغە بکات، واتە بە درێژایی هەموو ژیانی ڕێگری لە ژنەکەی بکات داوای ئەو بەشەی موڵکەکە بکاتەوە کە یەکسان بووە بەو بڕەی لە کاتی هاوسەرگیرییاندا لەگەڵ جیازیی خۆیدا هێناویەتی، لەگەڵ سێیەکی پشکی موڵکەکانی مێردەکەیدا، (بڕوانە ٩: ٤٣٤). **~گ.س.**

**جیازی:** بە ئینگلی *dowry* (بە ڕێنووسی کۆن: *dower*): لە نەریتی کوردەواریدا ناوماڵ و کەلوپەلێکە کە لەگەڵ بووکدا بنێررێت بۆ ماڵی زاوا. بەڵام لە نەریتی هەندێک وڵاتی ئەورووپیدا جیازی پارە و شمەکێکە کە دەدرێت بەو زاوایەی دێتە داوای ژنەکە. **~ن.م.**

433 **دادوەرەکانمان... نایاب بوون:** دادوەر باڕتن (بڕوانە ٩: ٣٤٠) و دادوەر مادن (بڕوانە ٩: ٣٦٩) ئەم سەرنجەیان داوە. مادن لە پەڕتووکی *یادنامەی ماستەر ویلیەم سایلنس* (لەندەن، ١٨٩٧)دا ئەم سەرنجەی لە بارەی زانیاریی یاسایی شێکسپیرەوە خستووەتە ڕوو؛ مادنیش لە پەڕتووکی *پەیوەندیی نێوان شێکسپیر و یاسا* (دەبلن، ١٩١٩)دا ئەمەی بڵاو کردووەتەوە. **~گ.س.**

434 **ئیتر ناوی... لە بیر نەچوو:** لی (لا. ٢٧٤-٢٧٥)، هاریس (لا. ٣٦٢)، براندێس (لا. ٦٨٦)، هەرسێکیان باس لەوە دەکەن کە لە یەکەم مسۆدەی دواسپاردەکەی شێکسپیردا دانەدانە میراتییەکانی بۆ منداڵ و خزمەکانی لە ستراتفۆرد و لەندەن دابەش کردووە، بەڵام ژنەکەی پشتگوێ خستووە. دواتر ڕستەیەک زیاد کراوە و نووسراوە: «ئەو شتانەی دەیاندەم بە ژنەکەم: دووەم دڵخوازترین پێخەف و مۆبیلیات.». لەوانەیە بتوانرێت خاوەندارێتیی دوو «پێخەفی گەورە» (ئەگەر ئەوە بووبێتن) وەک بەڵگەی دەوڵەمەندی دابنرێت (بڕوانە ٩: ٤٨٩). **~گ.س.**

435 **پونکت:** ئەڵمانییە، واتە: *خاڵ*؛ خوازەییانە واتە شتێک، یان خاڵێکی گفتوگۆ. **~گ.س.**

436 **خەڵکی جوانی ئاوایی:** (بڕوانە ٩: ١٨٠). **~گ.س.**

[437] **شانۆنامە جووتیارییەکانمان**: یەیتس و لەیدی گرێگری و هەندێکی تر لە ئەندامانی شانۆگای بووژاندنەوەی ئایری داوای نووسین و بەرهەمهێنانی شانۆنامەگەلێکیان دەکرد لە بارەی ژیانی جووتیارییەوە. بۆ دوو نموونەی بەرچاو (بڕوانە ٩: ٢٤ و ٩: ٢٣٢). **~گ.س.**

[438] **وی خانەدانێکی... جووتیار بوو**: ساڵی ١٥٩٩ شێکسپیر، یان ڕاستتر: باوکی، دوای چەندین جار داواکردن خانەدانیشانی وەرگرت. ساڵی ١٦٠٢ شێکسپیر «نیو پلەیس»ی کڕییەوە، کە ئەو کاتە گەورەترین خانووی ستراتفۆرد بوو؛ بە درێژایی کارە بەردەوام و چالاکەکەشی لە لەندەن بەردەوام بوو لە وەبەرهێنان لە موڵکداری لە نێو ستراتفۆرد و دەوروبەری تا ئەو کاتەی موڵکێکی زۆری هەبوو. لی (لا. ٢٦٧) تۆماری کڕینێکی شێکسپیری خستووەتە ڕوو کە ساڵی ١٦١٣ خانووێکی لە بلاکفرایەرس (لەندەن) کڕیوە، «ئێستا بە ئایرلاندیارد ناسراوە». شێکسپیر خاوەنپشکی شانۆگای گلۆب بووە (و لەوانەشە خاوەنپشکی شانۆگای بلاکفرایەرس-یش بووبێت). شێکسپیر ساڵی ١٦٠٥ نیوەی دەیەکی باجی ستراتفۆرد و سێ قەشەنشینی دەوروبەری کڕیوەتەوە (کە وەک بارمتەی باجی قەشەنشین وا بووە)؛ ساڵی ١٦١٢ش لەگەڵ دوو دانیشتووی ستراتفۆرددا لە دادگای سەرۆکی دادوەراندا سکاڵایەکیان بردووەتە پێش بۆ هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی بەرپرسیارێتیی یاسایی خاوەن باجەکانەوە، دەرئەنجامەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**

**خانەدانیشان**: بە ئینگلی *coat of arms*: نیشانێک بووە دراوە بە خێزان، یان شار، یان ڕێکخراوێک، کە نەخش و نیشانێکی تایبەت بووە لە شێوەی مەتاڵێکدا کە بووە بە هێمای ناسنامەی ئەوانە. **~ن.م.**

[439] **سێپاراتیۆ... ثالامۆ**: لاتینییە، واتە: «جیابوونەوە لە مێز و ژوور»؛ گۆڕاوێکی دەربڕینێکی یاساییە کە دەڵێت: *سێپاراتیۆ ئا مێنسا ئێت تۆرۆ* بە واتای: «جیابوونەوە لە مێز و پێخەف» {بۆ ئەو ژن و مێردانە بە کار دەهێنرا کە لە ڕووی یاساییەوە هەر ژنومێردن، بەڵام دەبێت لە هەمان ژووری خەودا نەبن و پێکەوە نان نەخۆن}، کە لە دادگاکانی ئینگلتەرادا لە بری تەڵاق بوو، تا ساڵی ١٨٥٧ کە یاسای تەڵاق هەموار کرایەوە. **~گ.س.**

[440] **پێشینان ئاماژەیان... بژیێت**: ئەریستۆتێلیس لە ستاگیرا لە دایک بووە (مەکەدۆنیا) و ڕەنگە لەوێ هاری قوتابخانە بووبێت. مەرگی ئەلێکساندرۆسی مەزن (٣٢٣ پ.ز.) ساڵێک بەر لە مەرگی ئەریستۆتێلیس وای کرد ژیانی ئەو لە ئەثینا پارێزراو نەبێت (چون بە نادڵسۆزی تاوانبار کرابوو) و بۆ ئەوەی بە هەمان ئاکامی سۆکراتیس نەگات، خۆی دەربەدەر کرد و چوو بۆ خالکیس. ئەو «پێشینان»ەی ستیفن ئاماژەی پێ دەدات

دیۆگێنیس لایارتیۆس (بە نزیکی سەدەی سێیەمی بەر لە زاین) بووە، کە لە پەڕتووکی *ژیانی فەیلەسووفان*دا باس لەوە دەکات ئەریستۆتێلیس لە دواسپاردەکەیدا کۆیلەکانی خۆی ئازاد کردووە و میراتیی بە هەندێکیان بەخشیوە، پارەی بە جێ هێشتووە پەیکەرێک بۆ دایکی چێ بکرێت و داوایشی کردووە لەگەڵ پیثیاس-ی ژنیدا بنێژرێت، هەروەها ڕێ بە ئێرپیلیس-ی دۆستی (گوماناوییە؟) بدرێت لە یەکێک لە خانووەکانی ئەریستۆتێلیسدا بژی. نێڵ (ئیلیۆنۆر) گوین (بە نزیکی ١٦٥٠ - ١٦٨٧) ئەکتەرێکی ئینگل بوو و دۆستی چارلزی دووەم بوو (١٦٣٠ – ١٦٨٥؛ لە ١٦٦٠ تا ١٦٨٥ پاشا بوو)؛ دواسپاردەکەی چارلز ئەوە بووە کە وتوویەتی: «نەهێڵن نێڵیی داماو لە برسدا بمرێت». **~گ.س.**

[441] **فوول سەرخۆش بوو کە مرد:** براندێس (لا. ٦٨٥)، هاریس (لا. ٤٠٤)، لی (لا. ٢٧٢) هەرسێکیان ئاماژە بەو یادەوەرییە دەدەن کە جۆن وارد (پەنجا ساڵ دواتر)، کە قەشەی ستراتفۆرد بووە، وتوویەتی: «شێکسپیر و [مایکڵ] درەیتن و بێن جۆنسن کۆبوونەوەیەکی خۆشیان هەبووە و وا دیارە زۆریان خواردووەتەوە، چون دواتر شێکسپیر لەوێ بە تا مرد». **~گ.س.**

[442] **چارەکێک ئەیل ژەمێکی پاشایە:** ئۆتۆلیکوسی خوێڕی لە شانۆنامەی *سەربردەکەی زستان*دا گۆرانییەک دەبێژێت بۆ یادکردنەوەی هاتنی بەهار و هاوین وەک دوو وەرز کە تیایاندا ئارەزووی دزینی زیاد دەکات:

«ئارەزووی دزیم دەبزوێنێت
چون قومێک بیرە ژەمی پاشایە!»

(سەربردەکەی زستان ٤: ٣، ٧-٨). **~گ.س.**

[443] **داودن:** ئێدوارد داودن (١٨٤٣-١٩١٣) لە کۆلێجی ترینیتی لە دەبلن پرۆفیسۆری وێژەی ئینگلی و وتاربێژی بوو، توێژەر و ڕەخنەگرێکی دیاریش بوو. بە ناونیشانی: هایفیلد هاوس، شەقامی هایفیلد، ڕاتگار، کاونتیی دەبلن. **~گ.س.**

ئێدوارد داودن لە ٣ی ئایاری ١٨٤٣ لە کاونتیی کۆڕک لە دایک بووە، کوڕی جۆن ویلەر داودن بووە، کە خاوەنزەوی و بازرگانی کەتان بووە، دایکی ناوی ئەلیشیا (پێش شوو: *بێنێت*) بووە. لە زانکۆی کوینس کۆلێجی کۆڕک و دواتر کۆلێجی ترینیتیی دەبلن خوێندوویە و ساڵی ١٨٦٣ لەوێ دەرچووە. لە کۆلێجی ئەلێکساندرا لە ئێرلسفۆرت تێرەس لە دەبلن وانەی وتووەتەوە و ساڵی ١٨٦٧ دەستی لە کار کێشاوەتەوە و کراوە بە سەرۆکی بەشی وێژەی ئینگلیی کۆلێجی ترینیتی، کە تازە دامەزرابوو. تا مردنیشی پرۆفیسۆری

وێژەی ئینگلی بووە. لێکۆڵەرێکی دیاری شێکسپیر بووە، وەک ڕەخنەگرێکی زۆر کاریگەر ناوی دەرکردووە، گرنگترین کاریشی پەڕتووکێک بووە بە ناونیشانی *شێکسپیر: لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی لە مێشک و هونەرەکەی* (١٨٧٥)، هەروەها *سەرەتایەک بۆ شێکسپیر* کە دوو ساڵ دواتر بڵاو کرایەوە، پاشان پەڕتووکێکی تری بە ناونیشانی *ژیانی شێلی* (١٨٨٦) نووسیوە، کە بووەتە بنەمای لێکۆڵینەوە لە ژیانی شێلی. ژیننامەی کورتی مۆنتێن و براونینگ و ساوثی-یشی نووسیوە. دژبەرێکی بەهێزی حوکمی سەربەخۆیی ئایرلاند بووە، زۆر بە ڕوونییش وتبووی کە نایەوێت وەک نووسەرێکی ئایر ناو دەربکات. تێنەگەیشتنی لە وێژەی ئینگلی-ئایری وای کردبوو کە لای هەندێک کەس خۆشەویست نەبێت، بە تایبەتی ویلیەم بەتڵەر یەیتس. ١٨٧٠کان لە ٥٠ی شەقامی وێلینگتن لە بۆلسبریدج لە دەبلن ژیاوە. لە ٤ی نیسانی ١٩١٣دا لە ماڵی خۆی لە ١١ی شەقامی ئۆروێڵ لە ڕاثگار مردووە و لە گۆڕستانی ماونت جێرۆم نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

444 **ویلیەم... سنووردار**: سیلڤیا بیچ (١٨٨٧-١٩٦٢) ساڵی ١٩٢٢ *ئولیس*ی جەیمز جۆیسی بە ناوی دوکانی پەڕتووکفرۆشییەکەیەوە بڵاو کردەوە کە ناوی: «شێکسپیر و هاوبەشەکانی» بوو، بە ناونیشانی ١٢ی غوو دو لۆدیۆن، پاریس. ساڵی ١٩١٩ دوکانەکەی دانا. **~گ.س.**

445 **ویلیەمەکەی گەل**: یەکێک لە مژارە ڕەخنەییە دڵخوازەکانی داودن بوو کە شێکسپیر هۆنەری گەل بووە و بۆ گەل کاری کردووە. **~گ.س.**

446 **ئەو تۆمەتبارکردن... ڕابوێرراوە**: بێشومار تۆمەتبارکردن بە هاوڕەگەزخوازی هەیە لەسەر بنەمای زۆرێک لە سۆنێتەکانی شێکسپیر. داودن بە هۆشیارییەکی زۆرەوە لە «تۆمەت»ەکان نزیک دەبێتەوە، دەڵێت: «لە نێو بەرهەمی سرووشتیی سەردەمێکدا کە سەردەمی ڕێنیسانسە و ژیان بە خێرایی و ئازادی تێپەڕیوە، دەبێت بە گوێرەی باوی ئەو سەردەمە دەست ببەین بۆ شوێنە بەرز و سەختەکانی، هاوڕێیەتیی بەتینی نێوان دوو پیاو یەکێک بووە لە باوەکانی ئەو سەردەمە» (*سۆنێتەکانی ویلیەم شێکسپیر* [لەندەن، ١٨٨١]، لا. ٨). پاشان بۆ ئاساییکردنەوە و لەبەستێنگرتنی تۆمەتەکان ئاماژە بە هەندێک لەو «هاوڕێیەتیی بەتین»انە دەدات. هیو کێنەر دەڵێت چاوی جۆیس لەسەر یەکەم ڕستەی شێکسپیر بووە کە داودن ساڵی ١٨٧٧ بۆ فێرکاری قوتابیی نێو قوتابخانە بڵاوی کردووەتەوە: «لە کۆتایی ساڵانی سەدەی شازدەدا ژیانی ئینگلتەرا بە بەرزی ڕابوێرراوە» (*ئولیس* [لەندەن، ١٩٨٠]، لا. ١١٣). **~گ.س.**

[447] **هەستی... دەمانبات**: سەرنجێکە و لە شێوازی ئۆسکار وایلد دەچێت لە دۆخێکی خەمباردا. وایلد لە *وێنەکەی میستەر دەبلیو ئێچ*-دا (*مەتەڵی سۆنێتەکانی شێکسپیر* [نیو یۆرک، ١٩٦٢]، لا. ١٨٦) ئاماژە بە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدات کە: «سۆنێتەکان چی لە بارەی شێکسپیرەوە دەڵێن؟ بە کورتی: ئەوەی کە شێکسپیر کۆیلەی جوانی بووە». **~گ.س.**
[448] **پزیشکەکە... واتایان چییە**: ئاماژەکە بە زیگموند فرۆید-ە (١٨٥٦-١٩٣٩)، ئەو دەروونناس و دەروونشیکارە نەمساییەی دەروونشیکاریی دامەزراند. ستیفن پێی دەڵێت: «قوتابخانەی نوێی ڤیەنناییی». بێگومان «وشەکان» بە زاراوەی فرۆید بە واتای هەوڵێک دێن بۆ شاردنەوە یان هەوڵدان بۆ دەربڕینی بە شێوەیەکی پەسەندی کۆمەڵگا، یان پاساودان بە ڕەمەکی ڕەگداکوتاوی نێو ناخ.
ئەم بەشەی نووسینەکە لە دەقەکەدا مشتومڕی هەڵگرتووە. ثۆرنتن (لا. ١٩٩) دەڵێت کە ئەم دەقە کە لە *لیتڵ ڕیڤیو*دا بڵاو کراوەتەوە، ئەم سەرنجەی ئێگلنتنی لە بارەی «پزیشکەکە»وە تێدا نییە، بەڵام سەرنجەکەی ستیفنی لە بارەی «قوتابخانەی ڤیەنناى نوێ... کە میستەر مەگی لێی دووا» تێدایە. ثۆرنتن پێی وایە ناکرێت جۆیس لە دەستکاریی دەقەکەدا مەبەستی لە تیلنیشان بووبێت بە فرۆید. بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی ئێگلنتن-مەگی لە هیچ جێیەکی تردا تیلنیشان بە فرۆید نادات، کەواتە چاکسازییەکە زۆر پێویست بووە، هەم بۆ سەرنجەکەی ستیفن کە لە بارەی «قوتابخانە ڤیەننایییەکە»وە دەیڵێت، هەم بۆ سەنگینکردنی نیگەرانییەکەی ستیفنیش نەک «پزیشکەکە»، کە دەڵێت: «ئەوان»، کە لەوانەیە مەبەستی لە ئەنتیسێتیزمێکی تر بێت. بێگومان دەکرێت «پزیشکەکە» مەڵیگن بێت؛ بەڵام ئەو کاتە چۆن «ئەوان... ئێمە»کەی ستیفن ڕوون بکرێتەوە؟ نەک هەر ئەوە، بەڵکو بێدەنگییە نابەرپرسیارانەکەی مەڵیگنیش لە ڕووی ئەم وتەیەدا بۆ هەرزەیی تر سەیرە. **~گ.س.**
[449] **هەم... پێکەوە نابن**: ئەمە لە پەندێکی کوردییەوە هاتووە کە دەڵێت: «یان هەرە، یان وەرە». کە لە دەقە ماکەکەدا پەندێکی ئینگلییە و وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی وەهای لێ دێت: «ناتوانیت هەم کێکەکەت خواردبێت و هەم لەبەردەمیشتدا بێت». **~ن.م.**
ئەمە پەندێکی باوی ئینگلییە کە لانیکەم لە ساڵی ١٥٤٦ەوە زانراوە. لەم بەستێنەدا: ئێگلنتن بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدات کە کەسێک ناتوانێت هەستی جوانیی تێدا بێت و بە لاڕێدا بڕوات. **~گ.س.**

[450] **بەڕێزتان... ڕادەپسکێنن**: بە دەربڕینێکی تر: ئایا فرۆید و دەروونشیکارەکان وەک ئەنتیستێنیس دەکەن و «خەڵاتی جوانی» لە هێلێنی جوان دەستێنن و دەیدەن بە پینێلۆپیای بەڕەوشت و چاک، واتە لە هونەرمەندی بستێنن و بیدەن بە ئاکارخواز؟ (بڕوانە ٩: ٣٨٧ و ٧: ٤٧٠). **~گ.س.**

[451] **شایلۆکی... دەرهێناوە**: شایلۆک بارمتەگرە {ڕبێدە} تۆڵەخوازە جووەکەی نێو شانۆنامەی *بازرگانەکەی ڤینیسیای* شێکسپیرە. کە دەڵێت: «گیرفانی درێژ»، واتە پارەی زۆرە و نووقاندوویەتی. براندێس (لا. ١٥١) پێی وایە کە «ئەو بیرۆکەیە ببووە خولیای شێکسپیر کە کەسێتییەکی ڕاستینە و جووێکی ڕاستینە لەم شەیتانە سەرسەختەکە بونیاد بنێت [باراباس، لە *جووەکەی ماڵتا*-ی کریستۆفەر مارلۆو (١٥٦٤-١٥٩٣)]. کاریگەریی لەسەر بیری وی دانابوو، چون لەو کاتەدا مێشکی بە کڕینی موڵک و پارەپەیداکردن و سامانخڕکردنەوەوە سەرقاڵ بوو». **~گ.س.**

[452] **کوڕی... ئەنبار کردووە**: بە ئینگلی *tod*: **پووت**: یەکەیەکی پێوانەیە، زیاتر بۆ خوری بە کار دەهێنرێت، لە کوردیدا پووتێک شازدە کیلۆیە (هەندێک دەڵێن دە کیلۆیە)؛ تۆد-ی ئینگلی ٢٨ پاوەنە، واتە ١٢.٧ کیلۆ. **~ن.م.**
لی (لا. ٤)، هاریس (لا. ٣٥٢)، براندێس (لا. ٦)، هەرسێکیان جۆن شێکسپیر وەک کەسێکی فرەکارە نیشان دەدەن، یەکێک لەو کارانە بازرگانیی «ماڵت» بووە، تەنها لی ئاماژە بەوە دەدات کە پارەی کەمی بە قەرز داوە بە شارەوانیی ستراتفۆرد. بە گوێرەی گێڕانەوەی بێبەڵگەی براندێس (لا. ١٥٤)، خودی شێکسپیر خۆیشی پارەی بە قەرز داوە «بەڵام قێزی لە سوود نەهاتووەتەوە کە کاتی خۆی باو بووە». براندێس (لا. ١٥٣) و لی (لا. ١٩٤) شێکسپیریان وەک خاوەن و کۆفرۆشی دانەوێڵە داناوە: «چون لە قاتوقڕیی دانەوێڵەکەی ساڵی ١٥٩٨دا [شوبات]، لە تۆمارەکاندا دەبینین خاوەنی دە لۆدە دانەوێلە و ماڵت بووە». نە براندێس و نە لی ئاماژەیان بە هیچ ئاژاوەیەک نەداوە. «تۆد» {ئەوەی بە *پووت* وەرمگێڕاوە} پێودانگێکی کێشانی خورییە، ٢٨ پاوندە {١٢.٧ کیلۆ}؛ «لۆدە» کێشانەیەکی دانەوێڵەیە و هەشت گاڵۆنە، بە نزیکی ٢٥ تا ٢٨ پاوندە {نزیکەی ١١ تا ١٢.٧ کیلۆ}. **~گ.س.**

[453] **ئەوانەی... وی دەدەن**: ستیفن بە هێنری چێتڵ (بە نزیکی ١٥٦٠-١٦٠٧) دەڵێت «چێتڵ فۆڵستاف». هێنری چێتڵ چاپکار و شانۆنووسێکی ئینگل بوو، پەڕتووکی مێشکێکی *گرۆتبایی کە بە ملیۆنێک پاشگەزبوونەوە کڕاوە* (١٥٩٢)ی ڕۆبێرت گرین-ی لە چاپ داوە

و بڵاوی کردووەتەوە، دوای ئەویش بە سێ مانگ *خەونی دڵباشەکە* (١٥٩٢)ی خۆی بڵاو کردەوە، تیایدا پەشیمانە لەوەی ئەو هێرشەی گرینی بۆ سەر شێکسپیر بڵاو کردووەتەوە. «بە هێندەی ئەوە بەداخم کە گوناهی ماک من کردبام، چون خۆم ڕەفتاری ئەوم دیوە کە هیچ کەمتر ژیارییانە نییە لەو جۆرێتییە نایابەی فێرمان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، خواناسی جۆراوجۆر ڕێکوپێکیی ئەویان لە مامەڵەدا گێڕاوەتەوە، کە بەڵگەی سەرڕاستی و جوانینووسی و شۆخیبازیی نووسینی ئەون، کە بەڵگەی هونەری ئەون». براندێس (لا. ١٩)، لی (لا. ٥٨)، هاریس (لا. ٣٧٢-٣٧٣) هەموویان داوای لێبوردنەکەی چێتڵیان هێناوەتەوە. گوایە چێتڵ پیاوێکی قەڵەو بووە، بۆیە گریمانەی ئەوە کراوە ئەو کەسێتییە ڕاستینەیە بێت کە شێکسپیر کەسێتیی سێر جۆن فۆڵستاف-ی لەسەر بونیاد نابێت، کە ئەم کەسێتییە لە شانۆنامەکانی بەشی یەکەم و دووەمی *هێنریی چوارەم* و *هێنریی پێنجەم* و *ژنە شادەکانی ویندسۆر*دا هەیە. براندێس ئاماژەی بە گومانەکە داوە و هاریسیش پەسەندی کردووە. **~گ.س.**

[454] **لەسەر نرخی... لەشی داناوە:** لی (لا. ٢٠٦) و براندێس (لا. ١٥٥) ئاماژە بە سکاڵایەکی شێکسپیر دەدەن لە دژی فیلیپ ڕۆجەرس (دەرمانسازێک بووە) لە ستراتفۆرد، داوای ١ پاوەن و ١٥ شلنگ و ١٠ پنسی کردووە، کە بایی ئەوەندە قەرزی نەختینەیی و ماڵتی لا بردووە. «پاوندێک گۆشت» تیلنیشانە بە هەوڵی تۆڵەی شایلۆکی جوو لە ئەنتۆنیۆی ناجووی هەڵەکار لە شانۆنامەی *بازرگانەکەی ڤینیسیا*دا، کە داوای پاوندێک گۆشتی لەشی ئەنتۆنیۆ دەکات لە بەرانبەر هاوسەنگکردنەوەی قەرزێکدا کە پێی داوە. لی (لا. ٢٠٦) شێکسپیر وەک کەسێک دادەنێت کە «لە پەیوەندیی کارەکانیدا سەرسەختانە بەرگریی لە مافی خۆی کردووە». براندێس (لا. ١٥٥) دەڵێت «وا دیارە شێکسپیر ڕێژەی ئێستای سوودی داناوە، واتە لە سەددا دە». لە جێیەکی تردا دەڵێت: «شێکسپیر ڕەمەکێکی دڕی هەبوو... کە وای کردبوو بێ هیچ نەرمینوواندنێک بەرانبەر قەرزدارەکانی موڵک بە دەست بهێنێت و... بۆ تێگەیشتن و هەستکردن بەو ویستی هێزە کە بەربەرەکانێی هەموو ویژدانێک دەکات و پێشێلیان دەکات». **~گ.س.**

[455] **دەنا چۆن... دەبێت؟:** دواجار سەربردە کۆکراوەکانی جۆن ئۆبری (١٦٢٦-١٦٩٧) لە پەڕتووکێکدا بە ناونیشانی *ژیننامەی کورت و نووسینی هەڵبژاردەی تر* (لەندەن، ١٨٩٨) بڵاو کرایەوە. ئۆبری دەڵێت باوکی شێکسپیر گۆشتفرۆش بووە و شێکسپیر «کە منداڵ بووە... کارەکەی باوکی کردووە» و دواتریش بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی شارەکە».

بە گوێرەی لی (لا. ٣٣-٣٤)، [ڕۆبێرت شیڵس و کەسانێکی تر لە ژێر سەرپەرشتیی کۆڵی سیبەر-دا] کە کۆکەرەوەی *ژیانی هۆنەرەکان* (١٧٥٣) بوون، «یەکەم کەس بوون ئەو چیرۆکە بگێڕنەوە کە پەیوەندیی بنچینەیی شێکسپیر و شانۆگاکە وەک پەیوەندیی مەیتەری ئەسپی میوان لە دەرەوەی دەرگادا وا بووە». براندێسیش (لا. ١٣) نووسیویە: «مالۆن [ئێدموند (١٧٤١-١٨١٢)] وتوویەتی: "یەکەم نووسینگەی شانۆگاکە هی چاودێری پێوێژەکان" یان "یاریدەری ئەکتەرەکان" بووە». هاریس و لی و براندێس هەرسێکیان لەم بارەیە و ئەو سەربوردانەی سەرەتای ژیانی شێکسپیریشەوە ئاگادارن. **~گ.س.**

**پێوێژ:** بە ئینگلی *prompter*، کەسێکە لە شانۆگادا لە پشت پەردەوە یارمەتیی ئەکتەرەکان دەدات و دێڕەکانیان پێ دەڵێت. **~ن.م.**

456 **هەموو... خۆیدا بوون:** ئەمە لە دەقە ماکەکەدا پەندێکی ئینگلییە کە وەرگێڕانی تەواوەتیی پەندەکە بەم شێوەیەیە: «هاڕینی هێناوە بۆ ئاشەکە»، واتە کەسێک شت بهێنێت بۆ قازانجی خۆی. **~ن.م.**

457 **شایلۆک... هەڵپچورقێنرایە دەرەوە:** (بڕوانە ٩: ٤٥١). لی (لا. ٦٨) پێی وایە *جووەکەی ماڵتای* مارلۆو تەنها «سرووش»ێکی لاوەکییە بۆ دروستکردنی کەسێتیی شایلۆک؛ سرووشە ڕاستەوخۆکە ئەو «ویستە باوەی خەڵک» بوو کە بە هۆی دادگاییەکی شوباتی ساڵی ١٥٩٤ەوە دروست ببوو، ئەویش دادگایی ڕۆدریگۆ لۆپێز بوو کە پزیشکە جووەکەی شا(ژن)ی بەریتانیا بوو، لە حوزەیرانی هەمان ساڵیشدا فەرمانەکە جێبەجێ کرا. ڕۆدریگێز و ئەنتۆنیۆ پێرێز ناوێک، کە خائینێکی ئیسپانی بوو، لەسەر بنەمای بەڵگەی لاواز بەوە تۆمەتبار کرابوون کە بەرتیلیان لە نێرراوی ئیسپانیا وەرگرتووە بۆ ژەهرخواردکردنی شا(ژن). وا گریمانە کراوە کە تەنها یەکخستنی شایلۆک و لۆپێز نەبووەتە هۆی هاوتەریبکردنی ئەو ڕووداوە و *بازرگانەکەی ڤینیسیا*، بەڵکو ئەوەش کە قوربانیی پێشنیارکراوی شایلۆک لە شانۆنامەکەدا ئەنتۆنیۆیە، کە پاڵەوانی سەرەکییە. لەسێدارەدانی لۆپێز بووە بۆنەیەکی سەرهەڵدانی دژەسامێتییەکی توندوتیژانە لە لەندەن، لە «بۆنە»کەدا هەڵواسرا، نوقم کرا، پەلپەل کرا، لەسەر پەیژەی لار بە شێوەیەک هەڵواسرا کە قاچەکانی لەسەر سەکۆکە بوون تا بخنکێت، بەڵام نەمرێت بۆ ئەوەی توێکاریی لەسەر بکرێت. ئەو زیادەیەی ستیفن لە بارەی دڵەکەوە لە هیچ کامێک لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێ نەدراوە. **~گ.س.**

[458] **هاملێت... جادووگەربرژاندنی هەبوو:** جەیمزی یەکەم (١٥٦٦-١٦٢٥؛ لە ١٥٦٧ تا ١٦٢٥ وەک جەیمزی شەشەمی سکۆتلاند و لە ١٦٠٣-١٦٢٥ وەک جەیمزی یەکەمی ئینگلتەرا ناسرا) سەرسام بوو بە جادووگەری و لەو بارەیەوە پەڕتووکێکی بە ناونیشانی *شەیتاناسی* (١٥٩٧) دەرکرد، وەک پاشای سکۆتلاندیش چالاکانە لە برەودان بە دادگایی بێشوومار جادووگەراندا بەشدار بوو. براندێس (لا. ٤٢٤) *هاملێت* و *مەکبێث* بەم خولیای شەیتانناسی و جادووگەرییەی پاشا جەیمزەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لە ناوهێنانی جەیمز وەک سرووشی *هاملێت*دا لە ستیفن پارێزکارترە، چون پێی وایە ساڵی ١٦٠٣ (یان پێشتر) *هاملێت* بەرهەم هاتبێت؛ براندێس و لی-ش پێیان وایە *مەکبێث* «ئەرخەیانترانە» لە نێوان ١٦٠٥-١٦٠٦دا دانرابێت. لی (لا. ٢٣٩) لە چەند خاڵێکی بەرچاوەوە هەوڵ دەدات بیسەلمێنێت *مەکبێث*ی شێکسپیر بۆ جەیمزی یەکەم نووسراوە، نەک تەنها لەبەر شەیتانناسییەکەی جەیمز، بەڵکو لەبەر بنەچە سکۆتییەکەی و مامەڵە هاوسۆزانەکەشی لەگەڵ بانکۆ-دا، کە باوانی جەیمز بووە. «فەیلەسەفەنی» کەسێکە خۆی بە فەیلەسووف بزانێت، بەڵام هیچی لێ نەزانێت. **~گ.س.**

[459] **گەلەکەشتیی... بەباچووی ئەویندا:** گەلەکەشتییەکە هەوڵی هێرشێکی تەواوی ئیسپانیا بوو بۆ داگیرکردن، بەڵام ئینگلەکان نیوەیانیان لە ناو برد و ئەوانی تریان بڵاو کردەوە، دواتریش ساڵی ١٥٨٨ زریان ئەوەی تریشی بۆ لە ناو بردن {لە ئینگلیدا بەم هێرشە دەوترێت *ئارمادا Armada* و بە *لۆست ئارمادا Lost Armada* ناوزەد دەکرێت، واتە گەلەکەشتیی لەناوچوو}. لی (لا. ٥٢) دەڵێت: «ناوی ئارمادۆ بێگومان لە هێرشەکەی ساڵی ١٥٨٨وە هاتووە». دۆن ئەدریانۆ دێ ئارمادۆ لە شانۆنامەی *ڕەنجی بەباچووی ئەوین*دا ئیسپانییەکی فەنتازییە»، کاریکاتێری کەسێتییەکی ئیسپانییە بەو جۆرەی ئینگلەکان لە سەردەمی ئەلیزابێثدا سەیری خەڵکی ئیسپانیایان دەکرد: هیچکە و سەختگیر و فشەکەر. دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە شانۆنامەکە وەک «قورس» پەسن دەکرێت، چون سیخناخە بە تیلنیشانی بابەتی. **~گ.س.**

[460] **دەبدەبەکانی... بە ڕێ دەکەون:** مافێکینگ شارۆچکەیەکی ئەفریقای باشوورە، لە جەنگی بەوەردا (١٨٩٩-١٩٠٢) سەنگەری ئینگلەکان بوو، بەوەرەکان ٢١٧ ڕۆژ گەمارۆیان دا، گەرچی هێڵی دابینکردنی مافێکینگیشیان بڕی، بەڵام نەیانتوانی گوشاری توند بخەنە سەر سەربازگەی ئینگلەکان. سەربازگەکە ئەوەندەی پێویست بوو توانی خۆی بگرێت، چون خواستی بەوەرەکان بە هێندەی پاڵەوانێتیی ئینگلەکان بەتین نەبوو. لە ١٧ی ئایاری

١٩٠٠دا لەشکرێکی فریاکەوتن بەوەرەکانی لە ناوچەی مافێکینگدا ناچار کرد پاشەکشە بکەن. لەندەن بە هۆی سەرکەوتن لە هەموو لایەنە سەربازییەکانی ڕووداوەکەوە ئاهەنگێکی گەورەی گێڕا. دواتر «مافێکینگ» بوو بە زاراوەیەک بۆ فشەکەری و هەوڵی پیشاندانی پەرۆشییەکی نامسۆگەری ئیمپراتۆرێتیی بەریتانی و وارگێڕیی فراوانکردن. ئینگلتەرای سەردەمی ئەلیزابێث دوای تێکشکاندنی گەلەکەشتیی ئیسپانیا تا ماوەیەکی درێژ لە ناسیۆنالیزمێکی سەرهەڵداودا دەژیان. **~گ.س.**

**پەرۆشیی مافێکینگیانە:** واتە ئاهەنگگێڕانێکی فشەکەرانە و زیادەڕەوانەی شتێک، بە تایبەتی لە بۆنەی خۆشیدەربڕینی نەتەوەییدا. **~س.ت.م.٢**

[461] **یەشوعییەکانی... دەرگاوانێکمان هەیە:** لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٦٠٥دا پیلانێکی کاسۆلیکە ئینگلەکان بۆ تەقاندنەوەی باڵەخانەی پەرلەمان و کۆشکی پاشا هەڵوەشێنرایەوە. ساڵی ١٦٠٦ یەکێک لە کاسۆلیکە پلەبەرزەکان بە تۆمەتی هاوبەشی لە پیلانەکەدا دادگایی کرا، ئەویش هێنری گارنێت بوو، کە یەشووعییەکی واڕویکشییە بوو. لە دادگاییەکەدا بەوە خۆی سەلماند کە بەرگری لە «فێرکاریی لێڵبێژی» دەکات، کە مەبەست لێی ئەوەیە هەوڵدانی ئەنقەست بۆ بەلاڕێدابردنی ئەوانەی تۆمەتبارت دەکەن (بۆ نموونە: درۆکردن دوای سوێندخواردن) بە تەواوی کارێکی ئاکارییانەیە، ئەگەر «لە پێناو شکۆمەندیی گەورەتری خودادا بێت» (دروشمی یەشووعییەکان). دەرگاوانەکەی شانۆنامەی *مەکبێث* بەوە بەئاڵۆش دەبێت کە لە دەرگا دەدرێت، وا وێنا دەکات دەرگاوانی دەروازەی دۆزەخە و دەڵێت:

بۆ ڕای ئەو شەیتانەی تر، ئەوە کێیە؟ باوەڕ بکە،
ئەمە لێڵبێژێکە کە دەتوانێت لە هەردوو بەردا لە دژی بەرەکەی تر سوێند بخوات،
بە ناوی خوداوە بەشی خۆی خیانەتی کردووە،
بەڵام ناتوانێت بەرانبەر ئاسمان لێڵبێژی بکات.

(مەکبێث ٢: ٣، ٨-١٢ {خۆم وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[462] **سی ڤێنچەر... ئەمەریکاییەکەمان:** لی (لا. ٢٥٢) پێی وایە بەشێک لە سرووشی شانۆنامەی *زریانەکە* لە ئەزموونی تاقمی کەشتیی سی ڤێنچەر-ەوە هاتووە کە ساڵی ١٦٠٩ لە گەشتێکیدا بۆ ڤیرجینیا لە بەرموودادا نوقم بووە. تاقمی کەشتییەکە دە مانگ لە دوورگەیەکدا بە تەنیا گیریان خواردبوو، پێشتر نەزانرابوو ئەو دوورگەیە کوێیە، ساڵی ١٦١٠

خۆیان گەیاندە ڤیرجینیا و لەوێوە بۆ ئینگلتەرا. بەسەرهاتە خەیاڵی و نائاساییەکەیان لە ئینگلتەرا جۆشوخرۆشی بەرچاوی بە دوای خۆیدا هێنا. بۆ *ڕێنان* (بڕوانە ٩: ٢٦٥). کاڵیبان، گیانێکی مرۆیی پیسی زەمینییە لە نێو شانۆنامەکەی شێکسپیردا، بە بۆنەی کاریکاتێری شانۆیی ئایریی کۆچبەری سەدەی نۆزدەیەمەوە ناسناوی «گەوج»ی پێ دراوە. بۆ «ئامۆزا ئەمەریکاییەکەمان» (بڕوانە ٧: ٣٣٤). **~گ.س.**

463 **سۆنێتە... سیدنی دێن**: فرانسیس میریس (١٥٦٥-١٦٤٧) لە پەڕتووکی *پالادیس تامیا: خەزێنەی مێشک* (١٥٩٨)دا سۆنێتەکانی شێکسپیری ناو نابوو «سۆنێتە شەکرینەکان»؛ وا لەسەر سۆنێتەکان نادوێت کە بڵاو کرابێتنەوە، بەڵکو وایان لەسەر دەدوێت کە لە نێو هاوڕێ تایبەتەکانی شێکسپیردا ناسراون. ئاسترۆفیل و ستێللا (١٥٨١-١٥٨٣؟ نووسراون)، کە زنجیرە سۆنێتە بەناوبانگەکانی سێر فیلیپ سیدنی (١٥٥٤-١٥٨٦) بوون، بێگومان پێش ئەوانەی شێکسپیر نووسراون، بەڵام لی و براندێسیش خۆیان بواردووە لەوەی بڵێن سیدنی کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر سۆنێتەکانی شێکسپیر هەبووبێت. لی (لا. ٦١) وەها پەسنی سیدنی دەکات کە: «زێیەکە و ڕژاوەتە ڕووبارێکی گەورەوە» و براندێسیش (لا. ٣٠٠) دەڵێت کە ساموئێل دانییل (١٥٦٢-١٦١٩) «پێش شێکسپیر بووە و مامۆستای ڕاستەوخۆی ئەو بووە». **~گ.س.**

464 **ئەلیزابێثی... پەل بکوتێت**: ئەوەی بە «نێرەسەبەتە» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا *buckbasket*ە، وشەیەکی لێکدراوە، *بەک* واتە کەروێشکەنێرە، یان نێرەی گیانداری تر (بڕوانە ١: ٥)، بەڵام لە ئینگلیدا لەگەڵ گیانداری قۆچداردا ڕەگەزدۆزی دروست دەکات؛ بۆ واتای نەریتیی *قۆچ* (بڕوانە ٩: ٣٩٦). ئەوەی تر لە ڕاڤەکەی گیفرددا بخوێنەوە. **~ن.م.** «ئەلیزابێثی پەری» لە گێڕانەوە هێماییەکەی *شابانووی پەریان*ی ئێدموند سپێنسەر (ن.١٥٥٢-١٥٩٩)ەوە هێنراوە؛ «بێس-ی گێزەری» لەبەر ئەوەیە کە شابانوو بێس قژی سوور بووە؛ «پاکیزەی پیس» لەبەر ئەوە بووە کە چەندین جار چێژی لە شۆخیی بێڕەوشتانە دیوە. ساڵی ١٧٠٢ ئەو نەریتە زۆر بڵاو بوو کە دەڵێت گوایە ئەلیزابێث بووەتە هۆی، یان فەرمانی بە شێکسپیر داوە *ژنە شادەکانی ویندسۆر* بنووسێت، جۆن دێنیس (١٦٥٧-١٧٣٤) لە پێشکەشنامەی شانۆنامەکەی *دڵێرە جەفەنگییەکە*دا ئاماژەی پێ دەدات، ئەم شانۆنامەیە دووبارە نووسراوێکی *ژنە شادەکانی ویندسۆر*ە. «ماینهێر» وشەیەکی بازاڕییە، واتە پیاوێکی ئەڵمانی. ئەو «نێرەسەبەتە»یەی ئەم توێژەرە زۆر وردبینە تیایدا پەل دەکوتێت چەندین جار لە *ژنە شادەکانی ویندسۆر*دا هاتووە؛ فۆڵستاف (٣: ٣) لە

یەکێکیاندا خۆی شاردووەتەوە، دەرپێی پیس داپۆشیوە و دەهاوێژرێتە نێو ڕووباری ثەیمسەوە. «نێرەسەبەتە» {ئینگلییەکە} لەگەڵ «ئاژەڵی قۆچدار»دا ڕەگەزدۆزی دروست دەکات، واتە ژنەکەی گایراوە (کە بابەتێکی سەرەکیی شانۆنامەکەیە). **~گ.س.**

[465] **مینگۆ... مینجەرێ:** لاتینییە، گەردانی کاری «میزکردن»ە. **~گ.س.**

[466] **بیسەلمێنە جوو بووە:** لە بارەی دینی شێکسپیرەوە چەندین گومانی بەرچاو هەبوون. «بەڵگە» دۆزراوەتەوە کاسۆلیک، ئەنگلیکان، پیوریتان، پاگان، بێخوا بووبێت، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکم نەدۆزیوەتەوە وای دانابێت جوو بووە. تەنانەت ساموئێل شۆنباوم-یش لە پەڕتووکەکەیدا (*ژیانەکانی شێکسپیر* [نیو یۆرک، ١٩٧٠]) هیچی وای نەوتووە. **~گ.س.**

[467] **ڕاگری... ڕۆمی بووە:** ئاماژەکە بە بابە جۆزێف دارلینگتن (١٨٥٠-١٩٣٩)ە کە ڕاگری خوێندنی زانکۆی کۆلێجی دەبلن بووە و یەشووعی بووە. وتارێکی هەیە بە ناونیشانی «کاسۆلیکێتیی شانۆنامەکانی شێکسپیر»، پێی وایە شێکسپیر هۆشیارانە کاسۆلیک بووە – ڕەنگە چالاک نەبووبێت، بەڵام بێگومان (وەک کاتیدراییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست) یەکێک بووە لە گەورەترین پەرەپێدەرەکانی نەریتی «سوارچاکی و باوەڕی مەسیحی». **~گ.س.**

[468] **سوفلاميناندوس سوم:** لاتینییە، واتە: «دەبێت خۆم کپ بکەم [لە ئاخاوتن]»، ئەمە لەو سەرنجەی بێن جۆنسن-ەوە هاتووە کە لە *ئەوانەی لەسەر مرۆڤ و مادەوە دۆزراونەتەوە* (١٦٤١ دوای مەرگی خۆی بڵاو کراوەتەوە) لەسەر شێکسپیر داویەتی: «کەسێکی سەرڕاست بوو، سرووشتێکی کراوە و ئازادی هەبوو: خەیاڵێکی نایابی هەبوو، بۆچوونی ئازایانەی هەبوو، دەربڕینی نەرمونیانیشی هەبوو: کە بەو شارەزاییەوە دەیڕشت، هەندێک جار پێویست بوو بیوەستێنێت: *سوفلاميناندوس ئێرات* [دەبوو خۆی کپ بکات]؛ وەک ئەوەی ئاوگوستوس [ئیمپراتۆری ڕۆم] لە بارەی هاتێریوس-ەوە [وتاربێژێکی زمانلووسی ڕۆمی بووە] وتبووی. **~گ.س.**

[469] **بەرهەمی ئەڵمانیا بوو:** ئەمە ڕستەیەکی سەر شمەکە، چون کارگە ئەڵمانییەکان لە دەوروبەری ١٨٩٠کاندا بازاڕی ئەوروپایان بە بەرهەمەکانی خۆیان تەنیبوو. لە لایەکی ترەوە قسەیەکی نەستەقیشە لە بارەی توێژەرانی ئەڵمانییەوە، کە خۆیان کردبوو بە خاوەنی شێکسپیر و پێیان دەوت: «*ئونسەر* [هی خۆمان] شێکسپیر». **~گ.س.**

[470] **مشتوماڵی فەڕەنسی:** (بڕوانە ٩: ٢٢٨). **~گ.س.**

[471] **ئابڕووچوونە ئیتالییەکان**: ئیتالییەکان لە کاریکاتێری سەردەمی ئەلیزابێتدا خەڵکانێکی ئابرووبەرە بوون: لە ویستی دەسەڵاتدا ئێجگار زۆر ماکیاڤێلییانە بوون (بۆ نموونە «کلاودیۆس لە *هاملێت*دا شازادەیەکی ماکیاڤێلییانەیە»)؛ ئێجگار زۆر بەئالۆشن (لە *ئۆتێللۆ*دا تەنانەت دەکرێت ڕەفتارە داوێنپاکانەکانی دێزدەمۆناش وا لێک بدرێنەوە کە گوماناوین، چون خەڵکی ڤینیسیایە)؛ هەمووشیان لە مشتومڕدا بۆرخاییەکی چەواشەکارن، کە هەوڵ دەدەن بەرانبەر ژەهرکوژ بکەن، لە بری ئەوەی ئەلیزابێثییانە بە شێوەیەکی تەندروست ڕووبەڕوو ببنەوە (بڕوانە مەرگی باوکی هاملێت و پیلانی کلاودیۆس بۆ دوایین دیمەنی *هاملێت*). **~گ.س.**

بۆرخایی واتە سەر بە بنەماڵەی بۆرخا (بڕوانە ١: ٢٣). **~ن.م.**

[472] **پیاوێکی... ناوزەدی کردبوو**: ساموئێل تەیلەر کۆلێریدج (١٧٧٢-١٨٣٤) لە چاپتەری ١٥ی *بیۆگرافیا لیتێراریا* (١٨١٧)دا دەست دەکات بە جێبەجێکردنی ئەو «بنەما»یانەی خۆی لە چاپتەرەکانی پێشوودا «بە مەبەستی ڕەخنەی کردارەکی» پەرەی پێیان داوە. یەکەم جێبەجێکاری ئەوە دەبێت کە «ئەو جۆرێتییانەی نێو هۆنراوە چین کە ڕەنگ و ئومێد و نیشانەی تایبەتی هێزی هۆنراوەییان تێدا دەربکەوێت بە جۆرێک کە لە بەهرەی گشتی جیای بکاتەوە... لەم لێکۆڵینەوەیەدا، پێم وا بوو باشترین شتێک بیکەم ئەوەیە کارەکانی سەرەتا [*ڤینوس و ئادۆنیس* و *لاقەکردنی لوکریس*]ی بلیمەتە هەرە مەزنەکەمان بهێنم، ئەو بلیمەتەی سرووشتی مرۆڤ هەرگیزاوهەرگیز بەرهەمی هێنابێت، کە شێکسپیری ئاوەزبێشومارمانە». **~گ.س.**

[473] **ئامپلیوس... مولتۆس**: لاتینییە، واتە: «جەختکردنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵگای مرۆڤە کە زۆرترین گرنگیی هەیە، ئەویش ئەوەیە پەیوەندیی دۆستایەتی لە نێوان زۆر کەسدا [تا چەند زیاتر بڕوات باشتر] هەبێت». ستیفن وا دەریدەخات کە ئەمە وتەیەکی سانت تۆماسی ئەکوینۆیی بێت، بەڵام سەرچاوەکەی نەزانراوە (بڕوانە ٩: ٤٧٧). **~گ.س.**

لاتینییە، واتە: «جگە لەوەش، زۆر پێویستە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هاوڕێیەتی لە نێوان خەڵکی زۆردا هەبێت»؛ (ئەمە لە پەڕتووکی سێیەم، چاپتەری ١٢٥، پێنجەم وتەی *سوما کۆنترا جێنتیلێس* *Summa Contra Gentiles*ی سانت تۆماسی ئەکوینۆییەوە هێنراوە). ڕستەی دواتر دەڵێت: «بەڵام هاوڕێیەتی لە نێوان مرۆڤدا لە ڕێی پەیوەندیی هاوسەرگیریی نێوان کەسانی نامۆوە ڕوو دەدات کە خزم نەبن». **~س.ت.م.٢**

تەواوی ئەم چاپتەرەی پەڕتووکەکەی ئەکوینۆیی لەسەر هاوسەرگیرییە، کە بە ڕای ئەو نابێت لە نێوان خزمدا بکرێت، وشەی «نامۆ» واتە کەسەکان خزم نەبن. بە گوێرەی وەرگێڕانە ڕاڤەییەکەی جۆزێف ڕیکەبی-ی کۆمەڵەی یەشووعییەکان (Joseph Rickaby)، ئەم ڕستەیە وا دەردەچێت: «فراوانکردنی هاوڕێیەتی لە کۆمەڵگەی مرۆڤدا زۆرترین گرنگیی هەیە. ئەوەش بە پەیوەندیی هاوسەرگیری نێوان نامۆکان دەکرێت.» (لا. ٥١٠). **~ن.م.**

[474] **ئۆرا پرۆ نۆبیس**: لاتینییە، واتە: «نزامان بۆ بکە». **~گ.س.**

[475] **پۆگ ماهۆن... مو کری!**: ئایرییە، واتە: «قنم ماچ بکە! ترپەی دڵم!»؛ (بڕوانە ٧: ١٠٥). **~گ.س.**

[476] **وێران... وێران بووین**: دێڕێکی شانۆنامەی *سواریی بۆ نێو دەریا* (١٩٠٤)ی سینگ-ە، کە شانۆنامەیەکی یەکپەردەییە. ماوریا (پیرەژنێکی نێو شانۆنامەکەیە) کوڕێکی لە دەریاکەدا لە دەست داوە، هەوڵ دەدات ڕێگری لە کوڕەکەی تری بکات لە چارەنووسێکی هاوشێوە، بەڵام ئەو بە گوێی ناکات. پاشان دێتە بەر چاوی کە کوڕە زیندووەکەی لەسەر ئەسپێکە و دوای کوڕە مردووەکە کەوتووە کە لەسەر ئەسپۆکەیەکە، کە خۆی و کچەکانی دەیناسنەوە و وەک ئاگادارکردنەوە لە مەرگێکی تر سەیری دەکەن. کاتلین، کە کچە گەورەکەیەتی، دەپاڕێتەوە و دەڵێت: «وێران بووین لەمڕۆوە. بێگومان وێران بووین». لە بەستێنی شانۆنامەکەوە تێدەگەین کە «وێران» بە واتای مردن لە برسدا دێت. **~گ.س.**

[477] **سانت تۆماس... برسی بێت**: ***ئینسێست***: بە ئینگلی *incest*، جووتبوونی نێوان دوو ئەندامی هەمان خێزانە، بۆ نموونە باوک و کچ یان برا و خوشک. گەرچی هەندێک کەس پێی دەڵێن: «مەحرەمبازی»، بەڵام ئێمە ئەم وشەیەمان لا پەسەند نییە، چون ئەم دیاردەیە لە نێو ئاژەڵەکانیشدا هەیە، لە کاتێکدا مەحرەم جگە لەوەی ئەویش هەر خوازراوی عەرەبییە، بەڵام تێڕوانینێکی دینییانەیشی لە پشتە و زیاتر بۆ مرۆڤ دەبێت. خوازیارم لە کوردیدا وشەی بۆ بدۆزینەوە، یان ئەگەر هەیە و ئاگادار نیم، تکایە ئاگادارم بکەوە. **~ن.م.**
فرۆید و «قوتابخانە ڤیەنناییی»یەکەی ئینسێستیان وەک پێکهێنەرێکی پێویست و نیگەرانکەری هەستی جووتبوونی منداڵانە داناوە؛ ئاوهاش وا دانراوە «باڵقبوون» پرۆسەی دابڕانە لە ئارەزووی ئینسێست. سانت تۆماس نییە، بەڵکو سانت ئاوگوستینە کە لە *دێ کیویتاتی دێیی De Civitati Dei* (١٥: ١٦)دا دەڵێت کە ئینسێست وەک چاوچنۆکی وایە. سانت تۆماس لە پەڕتووکی *سوما تیۆلۆگیکا Summa Theologica*دا (بەشی دووەم: بەشی

دووەم: پرسیاری ١٥٤، مادەی ٩ و ١٠) لە بارەی وتەکەی سانت ئاوگوستینەوە دەدوێت: «ئایا ئینسێست توخمێکی دیاریکراوی ئاڵۆشە؟» «ئایا دەکرێت کفر/بێڕێزی توخمێکی ئاڵۆش بێت؟»/. هۆی سەرەکی کە سانت تۆماس ئینسێست سەرکۆنە دەکات ئەوەیە کە پێی وایە: «ئینسێست پێچەوانەی ئەو ڕێزە سرووشتییەیە کە دەبێت بۆ کەسانی نزیک خۆمانمان هەبێت»، کە هەمان ئەم خاڵە لە مادەی ١ و ٢شدا دووبارە دەکاتەوە. فۆڵستاف لە شانۆنامەی *یەکەم هێنریی چوارەم*دا (٢: ٢، ٩٣) وشەی «ورگبەرمیل» بە کار دەهێنێت. هاوکات ئەم وشەیە بۆ پەسنی تۆماسی ئەکوینۆییش بە کار هێنراوە (بڕوانە ٣: ٢٩٩). **~گ.س.**

478 **جووەکان... نێوخۆیی دەکەن:** جووەکان بە گوێرەی نەریتی دینەکەیان و بە کردەوەش دژی هاوسەرگیری بوون لەگەڵ کەسێکی نائیسرائیلیدا (واتە: ناجوو)، ئەمە لە *پەیمانی کۆن*یشدا هاتووە. **~گ.س.**

479 **یاساکانی... گرێ دەدا:** ئەو «یاسا مەسیحی»یانە ئەوانەن کە بەسوودانی پارە قەدەغە دەکەن؛ چون یاسای جووەکان قەدەغەی نەکردووە، بۆیە جووەکان کردارەکێتیی ئابوورییان لا پەسەندە، «لە کاتی زریاندا پەناگایەک دەدات» (جووەکان بە فەرمی لە ئینگلتەرا لە ژێر یاسای «جووەکانی پاشا»دا پارێزرابوون، بەڵام ساڵی ١٢٩٠ دەرکران، (بڕوانە ٢: ١٣٥). لۆلاردەکان کۆمەڵەیەکی نیمچە ڕەبەنگایی ڕیفۆرمخوازی دینی بوون (لە سەدەکانی چواردە و پازدەدا)، بە شوێنکەوتەی جۆن وایکلیف (بە نزیکی ١٣٢٨-١٣٨٤) دانراون، کە ئەویش ڕیفۆرمخواز و یەزدانناس و وەرگێڕی *کتێبی پیرۆز* بووە. گەرچی لە ئینگلتەرا و وڵاتە نزمەکان (هۆڵلاند و لوکسەمبۆرگ و بەلجیکای ئێستا)دا چەوسێنراونەتەوە، بەڵام ئەو کاتەی ئینگلتەرا بەو کێشانەدا تێدەپەڕی کە لە کۆتاییدا جەنگی گوڵەکانی لێ کەوتەوە (ناوەڕاستی سەدەی پازدەیەم) لۆلاردەکان پەناگایەکیان لەو زریانەدا دۆزییەوە. جۆن-ی گۆنت دوکی لانکاستەر بوو (١٣٤٠-١٣٩٩)، خودی خۆی لە کێشمەکێشی ژێرزەمینی لەگەڵ دەسەڵاتی کڵێسادا بەشدار بووە و پشتیوانی وایکلیف بووە و شوێنکەوتووە لۆلاردەکانی پاراستووە. پۆلۆنیۆس لە شانۆنامەی *هاملێت*دا ئامۆژگاریی لایەرتیسی کوڕی دەکات، ئەو کاتەی لایەرتیس دەچێت بۆ فەڕەنسا، پێی دەڵێت: «ئاشنا بە، بەڵام هیچ تێکەڵ مەبە. ئەو هاوڕێیانەت کە پەسەندییان تاقی کراوەتەوە بە ئەڵقەی پۆڵایین بە گیانتەوە هەڵبواسە» (هاملێت ١: ٣، ٦١-٦٣ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[480] **باوهیچکەسکیی پیر**: وشەی باوهیچکەسکی-م لە بەرانبەر *Nobodaddy* داناوە. ئەم وشەیە وشەیەکی لێکدراو و لێکئاخنراوی ویلیەم بلەیک-ە، کە لە ڕاڤەکەی گیفرددا لە خوارەوە دەیخوێنیتەوە. وشەکە لە ئینگلیدا لە: *نۆبەدی nobody* (هیچ کەس) و *دادی daddy* (باوک)ەوە لێکدراوە. واتە *باوکی هیچ کەس*. بەڵام بە پێکاری ڕەوانبێژیی نێوەندخن: (*ئەناستۆمۆسیس*، بڕوانە ٧: ٣٢٠) دوو وشەکە خراوەتە نێو یەکەوە، کە لە کوردییەکەشدا هەر وام لێی کردووە، دوو وشەی «هیچ کەس» چووەتە نێوان وشەی «باوکی»یەوە و باوهیچکەسکی-ی پێکهێناوە. **~ن.م.**
خودای تۆڵە و دۆزەخ خودایەکە ئیرەیی بە چێژی دروستکراوەکانی خۆی ببات (وەک یەهوا-ی نێو *پەیمانی کۆن*).

**بۆ باوهیچکەسکی**

ئەی باوکی ئیرەیی،
بۆ بێدەنگ و بێڕەنگیت؟
بۆ لە نێو هەوردا
خۆت لە گشت چاوێکی گەڕۆک شاردووەتەوە؟
بۆ تاریکی و ناڕوونی
لە گشت وشە و یاسایەکتدا هەن،
بە جۆرێک کەس ناوێرێت میوەیەک بخوات
گەر لە شەویلگەی ماری فێڵاوییدا نەبێت؟
یان لەبەر ئەوەیە کە نهێنی
چەپڵەی بەرزی ژنان بە دەست دەهێنێت؟

لە هۆنراوەیەکی تردا بە ناونیشانی «با قەحبەخانەکانی پاریس بکرێنەوە»، باوهیچکەسکی دێت: «ئینجا باوهیچکەسکیی پیر لە بەرزییەوە تڕی و قرپی و کۆکی». **~گ.س.**
ئەو دێڕەی هۆنراوەکەی بلەیک کە دەڵێت: «لە گشت وشە و یاسایەکتدا» لە دەقە ماکەکەدا بە دوو شێوە هاتووە، کە ڕەنگە هەڵەی چاپ بووبێت و دوو واتای جیاوازی دروست کردووە، یەکەمیان ئەمەیە: In all thy works & laws، واتە: «لە گشت کار و یاسایەکتدا»؛ دووەمیان ئەمەیە: In all thy words & laws، واتە: «لە گشت وتە و یاسایەکتدا». **~ن.م.**

[481] **کاک بزەیەکی دراوسێ**: لیۆنتیس، کە پاڵەوانی شانۆنامەی *سەربردەکەی زستان*ی شێکسپیرە، گومانێکی ئیرەبەری خۆنەویستانەی هەیە:

ئێستا کە من ئەمە دەڵێم، وی ژنەکەی بە قۆڵ دەگرێت،
دراوسێکەی تەنیشتی لە ئەستێلەکەی ئەودا ماسیی گرتووە،
پێی وایە کاتێک وی لەوێ نەبووە، وێ شۆراوەتەوە،
مەبەستم کاک بزەیە، دراوسێکەی.

(سەربردەکەی زستان ١: ٢، ١٩٣-١٩٦). **~گ.س.**

[482] **چاو نابڕێتە... نێرەکەرەکەی**: لە دە ڕاسپاردەکەی نێو *تەورات*ەوە هێنراوە: «چاو مەبڕنە ژنی کەس. چاو مەبڕنە ماڵ و کێڵگە و خزمەتکار و کارەکەر و گا و مانگا و گوێدرێژی هیچ کەسێک و هەر شتێک کە هی کەسێکی دیکە بێت.» (دواوتار ٥: ٢١). **~گ.س.**

[483] **ویلی نەرمونیان**: ئەمە سەرناوی بێن جۆنسن-ە بۆ شێکسپیر «شێکسپیری نەرمونیان» کە دوو جار لە هۆنراوە پێشکەشییەکەی چاپی یەکەم فۆلیۆی *کۆمیدیا و مێژوو و تراژیدیاکانی کاک ویلیەم شێکسپیر* (١٦٢٣)دا بە کاری هێناوە. **~گ.س.**

[484] **کام ویلە**: لە دەقە ماکەکەدا *will*ە (بڕوانە ٩: ١٧٢) کە هاوواتایە لەگەڵ «ویست» و «وەسیەت». **~ن.م.**

[485] **ویستی ژیان... مردنە**: «سانت» ئان هاتەوەی شێکسپیر وەک کەسێکی پیوریتان وەها سەیری مەرگی دەکرد وەک بڵێیت گەیشتن بێت بە ژیانی تاتایی. ئێگلنتن تیلنیشانیش بەو گریمانەیەی فرۆید دەدات کە دوو ئارەزووی دژیەکی نەست ویستی ژیان و ویستی مەرگن. **~گ.س.**

[486] **ڕێکوییێسکات**: لاتینییە، لە نزای ناشتنی مردووەوە هاتووە، بە واتای «با پشوو بدات». **~گ.س.**

[487] **ویستی... دیار نەماوە**: دوو دێڕی سەرەتای هۆنراوەی «لەسەر لاڕێیەک بێژراوە»ی ئەی ئی (جۆرج ویلیەم ڕەسڵ)یە، دەڵێت:

ویستی کردنی هەموو شت چۆنە؟
لە مێژە دیار نەماوە،
چون تیرەخەونی کەوانی تیرهاوێژێکی نەناسراو
پێکاویەتی.
بیرکردنەوەی گیان لە هەموو شت چۆنە؟

کەسێک پیاڵەیەکی پێی داوە
پڕ لە خواردنەوەی خودایی،
گڕەکەش سووتاندوویەتی. **~گ.س.**

[488] **شاژنە داپۆشراوەکە**: کە ئەکتەری یەکەم لە شانۆنامەی *هاملێت*دا دەگات، هاملێت پێی دەڵێت وتەیەک دووبارە بکاتەوە کە باس لە کوشتنی پریامۆس-ی پاشای ترۆیا بکات، ئێکاڤی-ی ژنی پریامۆسیش کە ئاگای لە ڕووداوەکەیە، وەک: «شاژنە داپۆشراوەکە» پەسن کراوە (هاملێت ٢: ٢، ٥٢٤). **~گ.س.**

[489] **گەرچی... قەشەنشین بووە**: گەرچی ئەوە ڕاستە کە لە ئینگلتەرای سەردەمی ئەلیزابێثدا «پێخەفێکی مەزن» (یەکێکی قورس و ڕازاوە بە هەڵکۆڵراو) شتێکی دەگمەن بووە و زۆربەی خەڵک هەر لەسەر تەختی پووش نووستوون، بەڵام لانیکەم «پێخەفێکی کەمبەهاتر» شتێکی باوی خەڵکانی چینی ناوەندیی کۆمەڵگا بووە. بۆ ئوتومبێلی مەکینەدار (بڕوانە ٧: ١٥٠)؛ بۆ *قەشەنشین* (بڕوانە ١: ٩٦). **~گ.س.**

[490] **وێ... بۆی داوە**: ئەو وشەیەی بە «ئینجیلخوێن» وەرمگێڕاوە، لە دەقە ماکەکەدا وشەی *Gospeller*ە، کە گیفرد لە بارەیەوە دەڵێت: لەو سەردەمەدا وشەیەکی گاڵتەپێکەرانە بووە بە قەشەی پیوریتانەکان. **ساک**: بە ئینگلی *sack*، جۆرە شەرابێکی سپیی کۆنە. **~ن.م.**
براندێس (لا. ٦٧٩) و هاریس (لا. ٤٠٢-٤٠٣) و لی (لا. ٢٦٨-٢٦٩) هەرسێکیان ئاماژە بە تۆمارێکی ساڵی ١٦١٤ی شارەوانیی ستراتفۆرد دەدەن کە بەم جۆرە بووە: «شمەک: چارەکێک ساک و چارەکێک شەرابی سوور درا بە قەشەیەک لە نیو پلەیس [ماڵی شێکسپیر]» لی ئەم «تۆرە»یە دەداتە پاڵ هاوسۆزیی پیوریتانیی زاواکەی شێکسپیر؛ براندێس پێی وایە ئەمە «خیانەتێکی گیانییانە»ی کەسوکاری شێکسپیر بووە، چون پیوریتانەکان دوژمنی سەرسەختی هۆنراوە و شانۆ و هونەر و (لای هەندێک لە پیوریتانە توندڕەوەکان) موزیک بوون. **~گ.س.**

[491] **نامیلکەکانی ئینجیلخوێنەکە**: نامیلکەی ڕێنامەی دینیی پیوریتانەکان. **~گ.س.**

[492] **میزەوانەکەی**: ئەو وشەیەی بە «میزەوانە» وەرمگێڕاوە، لە دەقە ماکەکەدا وشەی جۆردن *jordan*ە، بە پیتی بچووک، کە دەربڕینێکی خۆمانەییە بۆ میزەوانە. بەڵام بە پیتی گەورە ئاماژەیە بە ئوردون، کە لە ڕاڤەکەی گیفرددا دەیخوێنیتەوە. **~ن.م.**

[493] **قازانقوڵفی... خواپەرسترین گیان**: **قازانقوڵفی**: بە ئینگلی *hook and eye*: نێر و مێی قوڵفێکە کە شتی پێ دادەخرێت، وەک یەخە. **~ن.م.**

*قازانقوڵفی بۆ شەرواڵی بڕواداران* (لەندەن، بە نزیکی ١٦٥٠) ناميلكەيەكی پیوریتانەكان بوو لە بارەی كاری چاكەخوازییەوە. لەوە دەچێت ناونیشانەكەی تر نزیككراوەی ناميلكەيەكی تری پیوریتانییەكان بێت بە ناوی *قاپەخەرتەلەی گیانی، تا وا بكات گیان بە خۆتەرخانكردنەوە بپژمێت* (لەندەن، ١٦٥٣). **~گ.س.**

[494] **ڤینوس... شێواندووە:** پێشنیاری ئان هاتەوەی دەكات لە ڕۆڵی ڤینوسدا (بڕوانە ٩: ٣٧٨ و ٩: ٣٧٩). **~گ.س.**

[495] **ئەوە... خوداكەی دەكات:** ئەمە تێروانینێكی باوی لەندەنی یاكۆبی بوو (١٦٠٣-١٦٢٥). براندێس پەرەی زیاتر بەم مژارە دەدات. **~گ.س.**

بە گوێرەی تێگەیشتنی من: لێرەدا سەردەمەكە كەسێنراوە، سەردەمێک بووە لە قەحبەیەتی و بەرهەڵدایی بێزار و شەكەت و ماندوو بووە، ئێستا پەلەقاژە بۆ خودا دەكات. **~ن.م.**

[496] **ئینكویت ئێگلینتۆنوس كرۆنۆلۆگۆس:** لاتینییە، واتە: «ئێگلنتنی ڕووداوڕێكخەر ئاماژەی دا». وشەی *كرۆنۆلۆگۆس* وشەیەكی لاتینییانەی دروستكراوە لەسەر وشە گریكییەكە. **~گ.س.**

**كرۆنۆلۆگیا:** كردەی ڕێكخستنی ڕووداوە بە گوێرەی كاتی ڕوودانیان. **~ن.م.**

[497] **گەورەترین... خۆیدان:** عیسا مریدەكانی خۆی فێر دەكات و دەڵێت: «چونكە من هاتووم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی كوڕ لە باوكی و كچ لە دایكی و بووک لە خەسووی، دوژمنی مرۆڤیش لە خانەوادەكەی خۆی دەبێت.» (مەتا ١٠: ٣٥-٣٦). **~گ.س.**

[498] **سوارە قەڵەوەكە:** سەرناوێكە كە چەندین جار لە شانۆنامەكانی *هێنریی پێنجەم* و *ژنە شادەكانی ویندسۆردا* بۆ فۆڵستاف بە كار هاتووە. **~گ.س.**

[499] **حاشا لە خزمانت بكە:** جولییێت لە بەر پەنجەرەكەی سەرەوە بێئاگا لەوەی كە ڕۆمیۆ لە خوارەوەیە، دەڵێت: «ئاخ، ڕۆمیۆ، ڕۆمیۆ! بۆ دەبێت تۆ ڕۆمیۆ بیت؟ حاشا لە باوكت بكە و نكۆڵی لە ناوەكەت بكە» (ڕۆمیۆ و جولییێت ٢: ٢، ٣٣-٣٤). **~گ.س.**

[500] **خۆپێڕاستزانەكە:** ئەو وشەیەی بە «خۆپێڕاستزانەكە» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماكەكەدا دەستەواژەی *the unco guid*ە، كە بە واتای كەسێک دێت زۆر مێشكتەسک و زۆر دیندار و خۆپێڕاستزان بێت. **~ن.م.**

ئەمە لە ناونیشانی هۆنراوەیەكی ڕۆبێرت بۆرنس (١٧٥٩-١٧٩٦)ەوە هێنراوە كە تیایدا هێرش دەكاتە سەر ئەوانەی زۆر خۆیان پێ ڕاستە و خۆیان بە پیرۆز دەزانن. **~گ.س.**

[501] **لەگەڵ بێخوداکەدا... دەدزێت**: فۆڵستاف لە *یەکەم هێنریی چوارەم*دا (٣: ٣) لە بێئارامییەکی نیمچە شێلگیر و جەفەنگییانەدا گلەیی «لەو هاوڕێ بەدکار»انە دەکات (بۆ نموونە شازادە هال و هاوڕێکانی) کە نەیانهێشتووە لە «نێو کڵێسا»یەکدا پاشگەز ببێتەوە. دواتر لە هەمان دیمەندا شازادە هال بە «پیاڵەدز» {یان «دز»} تاوانباری دەکات، بە واتای دزی پیاڵەی مەیخانەکان، کە سووکترین جۆری دزە. **~گ.س.**

وشەکە لە چاپە جیاوازەکانی شانۆنامەکەی شێکسپیردا بە دوو جۆر هاتووە، جۆری یەکەمیان *sneak-cup*ە (کە گیفرد و جۆیس ئەمیانیان هێناوە)، واتە پیاڵەدز؛ ئەوی تریان *sneak-up*ە، بە واتای دز. **~ن.م.**

[502] **باوکێک لە ئانتریمی ئۆڵستەرییەوە**: ئۆڵستەری واتە کەسێک خەڵکی هەرێمی ئۆڵستەر بێت، کە هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئایرلاندە. ئانتریم کاونتییەکی ئۆڵستەرە. دوورگەیەکی گەورەی نزیک کەناری ئانتریم پێی دەوترێت دوورگەی مەگی، ئەو کەسانەیشی ناسناویان مەگییە بەو دوورگەیەوە وابەست کراون. بەڵام باوکی ئێگلنتن لە ئانتریم نەژیاوە. پەڕتووکی *وێژەی ئایری* (ئیدیتی جەستن مەککارثی، مۆریس ئیگن، دۆگلاس هاید [نیو یۆرک، ١٩٠٤]) لە تێبینیی سەر ژیننامەی ویلیەم کیرکپاتریک مەگی-دا (ناوی خوازراوی جۆن ئێگلنتن) نووسیویانە: «میستەر مەگی بە بنەچە خەڵکی دەبلنە و کوڕی قەشەیەکی پرۆتستانتی ئایرییە کە لەم ماوەیەی ڕابردوودا کۆچی دوایی کردووە» {بۆ *مەگی* (بڕوانە ٩: ٩)}. **~گ.س.**

[503] **ڕۆژانی ئێمبەر**: ڕۆژانی ئێمبەر لای کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمی ڕۆژانێکن کە باوەڕدار تیایاندا بە ڕۆژوو دەبێت و نوێژ دەکات؛ ڕۆژەکان هەمیشە چوارشەممە و هەینی و شەممەن، بەڵام هەر وەرزێک و لە کاتێکدایە، واتە لە ساڵێکدا چوار جار دووبارە دەبنەوە: یەکەم: لە چوارشەممەی دوای ڕۆژی سانت لوسی (١٣ی کانوونی یەکەم)یەوە دەست پێ دەکات؛ دووەم: دوای یەکەم یەکشەممەی لێنت؛ سێیەم: دوای یەکشەممەی سپی (٤٩ ڕۆژ دوای ئیستەر)؛ چوارەم: دوای ڕۆژی خاچی پیرۆز (١٤ی ئەیلوول). **~ن.م.**

[504] **وۆردسوۆرثەکەم بدەیە**: ئێگلنتن لە *دوو وتار لەسەر پاشماوەکە* (١٨٩٦)دا باس لەوە دەکات کە «پاشماوەکە» ئەوانەن کە ئامادەن ئەو بزاوتە بەردەوامەی سەردەمی مەزنی وێژەی سەرەتای سەدەی نۆزدە بە هەمیشەیی بکەن. بە دیاریکراوی ئاماژە بە گۆتە و شیلەر و وۆردسوۆرث و شێڵی دەدات و بە درێژی باس لە ڕۆڵی زاڵی وۆردسوۆرث دەکات لەو «بزاوتە بەردەوامە»دا. **~گ.س.**

[505] **مەگی مۆر ماثیو دێتە ژوورەوە**: «مۆر» ئایرییە، واتە گەورە. ماثیو کەسێتییەکی نێو زۆر کاری وۆردسوۆرثە. ماثیو لە *بەرپەرچ و وەڵام* (١٧٩٨)دا لە بارەی خەونبینین بە «ئەو کاتەی لەوێ نییە»وە بەرپەرچی ویلیەم دەداتەوە، وەڵامەکەی ویلیەمیش ئەوەیە کە باس لە گرنگیی «خەون» دەکات. تێبینییەکەی وۆردسوۆرث لەسەر ماثیو بەم جۆرەیە: «هاوڕێیەکە بڕێک ناژیرانە پەیوەستە بە پەڕتووکە هاوچەرخەکانی بواری فەلسەفەی ئاکارەوە». لە *دوو بەیانیی نیسان*دا دەوترێت «بەڕێوەبەری قوتابخانەی دێیەک بووە، قژی ماشوبرنجییەکی بریقەدار بووە». **~گ.س.**

[506] **پیادەیەکی سەرسەختی سەرقاڵیی سەختگیر**: ڕیچاردی دووەم لە شانۆنامەی *ڕیچاردی دووەم*دا بێبەزەییانە لە هەواڵی مەرگی جۆنی گۆنتەوە لادەدات و دەڵێت: «ئێستاش سەبارەت بە جەنگە ئایرییەکەمان: دەبێت ئەو پیادە سەرسەختە سەرقاڵییە سەختگیرانە ببەزێنین. (ڕیچاردی دووەم ٢: ١، ١٥٥-١٥٦). {سەرقاڵی: سەر-فەرش، قژبژ}. **~گ.س.**

[507] **دەرپێ**: ئەو وشەیەی بە «دەرپێ» وەرمگێڕاوە لە دەقە ماکەکەدا بە *strossers* هاتووە، کە وشەیەکە و شێکسپیر بە کاری هێناوە. **~ن.م.**

لە شانۆنامەی *هێنریی پێنجەم*ی شێکسپیردا، شازادەی فەڕەنسا لە شەوی دۆڕانیدا لە ئاجینکۆرت شۆخی لەگەڵ پۆلیسێکی فەڕەنسیدا دەکات و بە نەستەق تیلنیشانێک بە ئەسپەکەی خۆی و دۆستەکەی دەدات و دەڵێت: «ئای، جا لەوانەیە وێ پیر و نیان بێت و تۆیش بە گۆرەوییە فەڕەنسی و دەرپێکەتەوە وەک پیادەیەکی ئایرلاند سوار بیت». (هێنریی پێنجەم ٣: ٧، ٥٥-٥٧). **~گ.س.**

[508] **بەرگونی قۆپچەدار**: درکە بەوە دەدات کە ئاسان دادەکەنرێت. **~گ.س.**

[509] **بە هەڕگی دە دارستان**: {هەڕگ قوڕ-ە}. ئەمە تیلنیشانێکە بە شانۆنامەی *کۆنتێس کاثلین* (چاپەکەی ١٨٩٥)ی یەیتس. ژنەکەی شێموس لە دیمەنی یەکەمدا مێردەکەی سەرکۆنە دەکات کە لە جەنگەڵ و ڕاو دەگەڕێتەوە، وێ پێی وایە تارمایی بە دوایەوەیەتی، ویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

بە درێژایی ڕۆژ گەڕام: لەوە دەچوو
مشک و جرج و ژیشکەکان هەموو مردبێتن،
لە تەواوی ئەو جەنگەڵە برسییەشدا بە ئاستەم دەمبیست
باڵێک بجووڵێتەوە،
بەڵام هەڕگ و گەڵا مردووەکان

به بنەپێکانمەوە نووسابوون. **~گ.س.**

[510] **خەڵفێکی دارشەکرەسێوی بە دەستەوەیە**: لە دوایین کۆپلەی *دوو بەیانیی نیسان* (١٧٩٩-١٨٠٠)ی وۆردسووۆرث-ەوە هێنراوە، کە یەکێکە لە «هۆنراوەکانی ماثیو»:

ماثیو لە نێو گۆڕی خۆیدایە
کەچی هێشتا پێم وایە دەیبینم ڕاوەستاوە
وەک بڵێیت لەو چرکەیەدا پەلکی دارشەکرەسێوێکی بە دەستەوەیە.

دارشەکرەسێو لە ئوستوورەدا پەیوەست کراوە بە پێکەنین و خودا ویڵزی و ئایرییەکان و ئەفرۆدیتییەوە. **~گ.س.**

[511] **باوکت دەناسێت**: ئەوەیە کە مەڵیگن بە ستیفی وت. **~گ.س.**

[512] **دکتۆر بۆب کێنی**: ڕۆبێرت دی کێنی، نەشتەرکاری نەخۆشخانەی باکووری دەبلنی یاسای هەژاران؛ بە دەربڕینێکی تر: ئەنگاوتەکەی دایکی ستیفن خێرخوازی بوو {بە خێر چارە دەکرا}. **~گ.س.**

بۆب ناوی خۆشەویستیی ڕۆبێرت-ە؛ ڕۆبێرت کێنی کوڕی مارتن کێنی بووە، ساڵی ١٨٤٦ لە کاونتیی گۆلوەی لە دایک بووە. لە دەبلن پزیشکیی خوێندووە و وەک نەشتەرگەری کۆلێجی نەشتەرگەرانی پاشایی ئایرلاند مۆڵەتی وەرگرتووە. ساڵی دواتر مۆڵەتی مامانی و مۆڵەتی هۆڵی دەرمانسازانیشی وەرگرتووە. پزیشکی میوانی نەخۆشخانەی باکووری دەبلنی یاسای هەژاران بووە، کە نەخۆشخانەیەکی خێرخوازی بووە، هەروەها پزیشکی میوانی نەخۆشخانەی یاریدەرانەی کابرا {**کابرا**: ناوچەیەکە لە دەبلن} بووە. دکتۆر کێنی ئەو دکتۆرە بووە کە لە کاتی مەرگی خاتوو جۆیس (دایکی جەیمز جۆیس)دا بانگ کراوە بۆ ٧ی سانت پیتەرس تێرەس لە فیسبەرۆ، ئەوە بوو دایکی جۆیس لە ٣ی ئابی ١٩٠٣ لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دکتۆر کێنی لە ٣٠ی مەیدانی ڕوتلاند (ئێستا: مەیدانی پارنێڵ) ژیاوە. برای دکتۆر جۆزێف ئی کێنی بووە، ماوەیەک لاشەدۆزی شار بووە و ماوەیەک لەسەر کەرتی سانت ستیفنس گرین ئەندامی پەرلەمان بووە، هاوڕێیەکی نزیکی چارلز ستیوارت پارنێڵ بووە. ساڵی ١٩٠٠ کۆچی دوایی کردووە. دکتۆر کێنی لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٠٩ لە ماڵی خۆی لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا بە نەخۆشیی هەوبوونی سی کۆچی دوایی کردووە، پرسەیەکی گەورەی بۆ گێڕراوە و زیاتر لە پەنجا عەرەبانە بە دوای کۆتەڵەکەیەوە بوون، جۆن ستانیسلاوس جۆیس و جەیمز جۆیس و زۆر کەسێتیی تری نێو *ئولیس* بە دوایەوە بوون. لە گۆڕستانی گۆڵدنبریدج لە دەبلن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[513] **وی شانۆنامەکانی... باوکی هاتن**: جۆن شێکسپیر لە ٨ی ئەیلوولی ١٦٠١دا مردووە. براندێس (لا. ٣٤١ لەسەر بەڵگەی تۆماری بڵاوکاری *هاملێت* کە ٢٦ی تەمووزی ١٦٠٢ بووە) پێی وایە *هاملێت* لە ١٦٠١دا نووسرابێت، لەو کاتەدا کە «هەستی جۆراوجۆری زۆر لە نێو مێشکی شێکسپیردا کەڵەکە ببوون» (براندێس پێی وایە شێکسپیر کاردانەوەی بەرانبەر دادگایی ئێرلی ئێسێکس و ساوثهامپتن هەبووە کە لە سەرەتای ساڵی ١٦٠١دا بووە، هەروەها قەیرانێک کە ڕەنگە لەگەڵ خانمە تاریکڕەنگەکەی نێو سۆنێتەکاندا ڕووی دابێت). **~گ.س.**

*هاملێت* بە فەرمی لە ٢٦ی تەمووزی ١٦٠٢دا تۆمار کراوە. جۆن شێکسپیری باوکی شێکسپیر لە ٨ی ئەیلوولی ١٦٠١دا مردووە. براندێس پێی وایە باوکی شێکسپیر مردووە و هەمان ساڵ *هاملێت* لە نێو خەیاڵی شێکسپیردا شێوەی خۆی گرتووە. **~س.ت.م.٢**

[514] **دوو کچی بەرەشووی هەیە**: **بەرەشوو**: بە ئینگلی *marriageable*، واتە کچێک کە کاتی شووکردنی هاتووە. **~ن.م.**

سوزانا شێکسپیر لە ئایاری ١٥٨٣ لە دایک بووە؛ جودیث لە ١٥٨٥. سوزانا لە ١٦٠٧دا شووی کردووە، جودیث لە ١٦١٦دا. **~گ.س.**

[515] **نێل... نۆسترا ڤیتا**: ئیتالییە، واتە: «لە نیوەی ڕێی ژیانماندا»؛ یەکەم دێڕی *کۆمیدیای خودایی*ی دانتێیە (دۆزەخ ١). دانتێ (١٢٦٥-١٣٢١) دەڵێت کە وێناکردنی *کۆمیدیای خودایی* ساڵی ١٣٠٠ ڕووی داوە {واتە ٣٥ ساڵ بووە و بە نیوەی ژیان دانراوە}: «خۆم لە نێو لێڕێکی تاریکدا دۆزییەوە، چون ڕێی ڕاست بزر ببوو». **~گ.س.**

[516] **قوتابییە بێڕیشەکەی ویتنبێرگە**: کلاودیۆس لە *هاملێت*دا ڕێ نادات هاملێت بگەڕێتەوە بۆ «قوتابخانە» لە زانکۆی ویتنبێرگ: «بۆ نیازی گەڕانەوەشت بۆ قوتابخانە لە ویتنبێرگ، ئەوە زۆر پێچەوانەی خواستی ئێمەیە، تکات لێ دەکەین بە لای مانەوە لێرەدا، لە نێو ئاسوودەیی و شادمانیی چاوەکانماندا وەک سەرەکیترین دەربار و برازا و کوڕمان بیشکێنیتەوە.» (هاملێت ١: ٢، ١١٢ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). *کوارتۆی یەکەم* (١٦٠٣) هاملێت بە گەنج دادەنێت «ئەوەندە گەنج کە ڕەنگە نۆزدە ساڵ بێت» (براندێس لا. ٣٦٧). بەڵام *کوارتۆی دووەم* (١٦٠٤) دەستکاریی گەنجێتیی هاملێتی کردووە و بە ناڕاستەوخۆ نزیکی دەکاتەوە لە سی ساڵ (بڕوانە ٩: ٢٦٠). براندێس جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم دەستکارییانە یارمەتیی ئارگومێنتەکەی ئەو دەدەن کە شێکسپیری سی و پێنج ساڵ خۆی وەک هاملێتی سی ساڵ دەستنیشان دەکات و دەبینێتەوە. **~گ.س.**

517 **دایکە حەفتا ساڵەکەی**: ڕۆژی لەدایکبوونی ماری ئاردن شێکسپیر نەزانراوە. ساڵی ١٥٥٧ شووی کردووە، بۆیە لە ١٦٠١دا لانیکەم شەست ساڵ بووە. **~گ.س.**

518 **لاشەی... شەو ناگەڕێت**: سەهویرەکە بە هاملێت دەڵێت: «من گیانی باوکتم، لە چارەم نووسراوە ماوەیەک شەوان هاتوچۆ بکەم» (هاملێت ١: ٥، ٩-١٠ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

519 **کاژێر... دەگەنێت**: لە شانۆنامەی چۆنت پێ *خۆشەی* شێکسپیردا (٢: ٧، ٢٦-٢٨) جاک چیرۆکی یەکتربینینی خۆی و تەچستەون-ی قەرەقۆز دەگێڕێتەوە، دەڵێت کە قەرەقۆزەکە وتوویە: «ئینجا ئاوا، کاژێر بە کاژێر پێدەگەین و پێدەگەین. پاشان کاژێر بە کاژێر دەگەنیین و دەگەنیین. پاشان چیرۆکەکە تەواو دەبێت». **~گ.س.**

520 **موڵکە ڕازاوییەی**: **موڵکی ڕازاوی**: یان **موڵکی گیانەکی**: واتە ئەوەی کە تەنها لە ڕووی گیانییەوە بە میراتی دەمێنێتەوە، نەک بەرجەستەیی. **~گ.س.**

521 **کالاندرینۆی... دووگیانە**: چیرۆکی سێیەمی ڕۆژی نۆیەمی *دێکامیرۆنی* جۆڤانی بۆکاچۆ (١٣١٣-١٣٧٥): هاوڕێکانی کالاندرینۆی ساویلکە بەوە هەڵیدەخڵەتێنن کە وای لێ دەکەن باوەڕ بکات دووگیانە و بە پارە چارەی دەکەن. کالاندرین بە ئیتالی و خوازەییانە واتە گەوج. **~گ.س.**

522 **زنجیرەیەکی ڕانێرێتییە**: درێژبوونەوە و جێگرتنەوەی گیانەکیی دانەبڕێنراوی پلەوەرگرتنی ئاساییە لە ڕانێرانەوە تا ئوسقوفەکان؛ واتە هەر ئوسقوفێکی کڵێسا لە کاتی پلەوەرگرتنیدا موڵکی گیانەکیی (ڕازاوی) ڕانێران بە میراتی وەردەگرێت. **~گ.س.**

523 **لە تاکە... تاکە زاو**: لە پەیڕەوی نایسیاوە هێنراوە کە دەڵێت: «عیسا تاکە زاوی کوڕی خودایە». (بڕوانە ٣: ٤٥). ئەم دەستەواژەیە پێشکەشکراوی سۆنێتەکانی شێکسپیریشمان بە بیر دەهێنێتەوە. **~گ.س.**

524 **ئەو مادۆنایەی... ئەورووپاوە**: ستیفن پێی وایە کە قەشەییێتیی ئیتالی پەرستنی «هەستەکیی ئاسایی»ی مریەمی پاکیزەی گۆڕیوە بە چەمکی سەختی ئاوەزمەندانەی هاوکرۆکیی باوک و کوڕەکە. بە هۆی دەرکردەکەی پاپا پایۆسی نۆیەم (١٨٥٤)ەوە کە دەیوت: «مریەم بە شێوەیەکی بێگەردانە دووگیان بووە»، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا مشتومڕێکی زۆر لە بارەی مریەمپەرستییەوە هەبوو. **~گ.س.**

525 **کڵێسا لەسەر... لانابرێت**: لە نەریتی کاسۆلیکیدا بەردی بناغەی کڵێسای کاسۆلیک لە وتەکەی عیسا بۆ شیمۆنەوە (مەتا ١٦: ١٨) ئاماژەی پێ دراوە: «منیش پێت دەڵێم، تۆ

پەترۆسیت و لەسەر ئەم بەردە کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم کە دەروازەکانی دۆزەخ پێی ناوێرێت»، پاشان پەترۆس/شیمۆن بوو بە یەکەم ئوسقوفی ڕۆما (و یەکەم پاپا). دژیەکیی نێوان «بەرد»ەکەی عیسا و «بۆشی»یەکەی ستیفن درکە بە سکیلا و گەرداو و گێژاوەکەی کاریڤدیس دەدات. **~گ.س.**

[526] **ئامۆر ماتریس... خاوەنداریێتیدا**: (بڕوانە ٢: ٤٦). *ئامۆر ماتریس* لاتینییە، واتە خۆشەویستیی دایک. ئەم سەرنجەی ستیفن ئاماژە بەوە دەدات کە دەکرێت دەستەواژە لاتینییەکە دووواتا بێت: خۆشەویستیی دایک بۆ منداڵەکەی، لەگەڵ هی منداڵ بۆ دایکی. **~گ.س.**

[527] **تەنها شتێکی... ژیاندا**: (بڕوانە ٢: ٣٧). ئەوەیە کە کرانلی لە بارەی دایکەوە وتوویەتی، بڕوانە *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* ٥: سی. **~گ.س.**

[528] **ئامپلیوس... پۆستیا**: لاتینیین، واتە: لەوەش زیاتر. پێشتر. دیسان. لەمەودوا: زاراوەی ڕەوانبێژیین کە سکۆلاستییەکان لە زۆر ئارگومێنتدا بە کاریان هێناون. **~گ.س.**

[529] **خۆشەویستانێک... بدرکێنن**: واتە هاوڕەگەزخوازی (بڕوانە ٣: ٣٤٣). **~گ.س.**

[530] **شاژنان لەگەڵ گای نایابدا**: لە ئوستوورەی گریکییدا مینۆس-ی شای دوورگەی کریت بێڕێزیی بەرانبەر پۆسیدۆن کردووە، ئەویش بەوە تۆڵەی لێ سەندووەتەوە کە وای کردووە پاسیفای ژنی مینۆس بکەوێتە داوی ئەوینی گایەکی سپییەوە. بۆ ئەوەیشی بە ئارەزووەکەی بگات، خۆی لە نێو مانگایەکی تەختەییدا شاردووەتەوە کە دێدالۆس بۆی ئامادە کردووە؛ ئەنجامی ئەم جووتبوونەش مینۆتاڤرۆس-ە، کە نیمچە گا و نیمچە مرۆڤە. **~گ.س.**

[531] **غو مسیۆ لوپغا**: فەڕەنسییە، واتە: *شەقامی کاکی شازادە*؛ شەقامێکی ناوچەی سووری پاریسی سەرەتای سەدەی بیستەم بوو. **~گ.س.**

[532] **سابێلیوس-ی ئەفریقی**: (بڕوانە ١: ٢١٤). **~گ.س.**

[533] **تەڵەکەبازترین... دڕندەکانی بوارەکە**: لە (پەیدابوون ٣: ١)ەوە هێنراوە کە دەڵێت: «مار لە هەموو ئاژەڵی کێوی سەر زەوی، ئەوانەی یەزدانی پەروەردگار دروستی کردبوون زۆرزانتر و تەڵەکەبازتر بوو. بە ئافرەتەکەی گوت: "ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: 'بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟'"». **~گ.س.**

[534] **گاسەگەکەی... بەرپەرچی دەداتەوە**: سانت تۆماسی ئەکوینۆیی خەڵکی دۆمینیکا بوو؛ ئاوهاش ڕەگەزدۆزییەکی لاتینی لەسەر ناوەکەی هەیە کە ستیفن دەڵێت: *دۆمینی کانی*،

واته «سەگەکەی خودا». لەبەر کۆڵنەدەرییەکەیشی پێی دەوترێت «گاسەگ»؛ بۆیەش پێی دەوترێت «ئەکوینۆیی»، چون نەوەی خێزانێکی گەورەی ناپۆلییە بە ناوی «ئەکوینۆ». لە پەرتووکی *سوما تیۆلۆگیکا Summa Theologica*دا زۆر جار بەرپەرچی سابێلیوسی داوەتەوە، هەرە گرنگترینەکەیان (بەشی دووەم: بەشی یەکەم: پرسیاری ٣١) کە سانت تۆماس جیاگریی ئاریوس و سابێلیوس جووت دەکات و دەڵێت: «بۆ خۆبەدوورگرتن لە جیاگرییەکەی سابێلیوس، دەبێت خۆمان لە زاراوەی *یەکینەیی singularity* ببوێرین، نەوەک وابەستەیی کرۆکی خودایی لابدەین... هەروەها دەبێت خۆیشمان لە زاراوەی *تاکێتی solitary*ش هەر ببوێرین، نەوەک کۆمەڵێتیی سێ کەسێتییەکە (باوک و کوڕ و گیانی پیرۆز) بە دەستمانەوە لابچێت، چون وەک هیلاری دەڵێت: ئێمە نە ددان بە خودایەکی یەکینەییدا دەنێین، نە بە خودایەکی تاکدا». **~گ.س.**

**گاسەگ**: بە ئینگلی *bulldog*: جۆرە سەگێکی بەریتانییە، تا ڕادەیەک قەبەیە، دەموچاوێکی چرچی هەیە، لەملاو ئەولای دەمیەوە ڕوومەتی داکەوتووە و وای کردووە شێوەیەکی مۆنی هەبێت. وشە کوردییەکە لێکدراوی خۆمە. **~ن.م.**

[535] **ڕوتلاندبەیکنساوثهامپتنشێکسپیر**: سێ بەربژێری سەرەکین کە ڕۆڵی سێبەرنووسی شێکسپیریان پێ دراوە، ئەوانیش: ڕۆجەر مانەرز (١٥٧٦-١٦١٢)، پێنجەم ئێرلی ڕوتلاند؛ سێر فرانسیس بەیکن (١٥٦١-١٦٢٦)؛ لەگەڵ هێنری ڕیۆثیسلی، سێیەم ئێرلی ساوثهامپتن (١٥٧٣ – ١٦٢٤). زۆرێک لەوانەی دانەکەفتن بەوەی کە شێکسپیر خۆی شانۆنامەکانی نووسیوە ئەوانەن کە ساموئێل شۆنباوم-یش لە پەرتووکەکەیدا (*ژیانەکانی شێکسپیر* [نیو یۆرک، ١٩٧٠]) بە «گرووپیست»ەکان ناوی هێناون. لەوانە: دێلیا بەیکن، کە وا وێنای کردووە جگە لە بەیکن، سێر فرانسیس ڕالەی و هەندێکی تریش لەو فێڵەدا بەشدار بوون (بڕوانە ٩: ٢٧٢ و ٩: ٢٧٣)، هەروەها (جەیمز) ئەپڵتن مۆرگان (١٨٤٦-١٩٢٨)یش، کە پارێزەرێکی شاری نیو یۆرک بوو، پێی وا بوو کۆمەڵێک خانەدان شانۆنامەکانیان نووسیوە و ناوی شێکسپیریان وەک بەرگێک بە کار هێناوە، لە نێو ئەم کۆمەڵەدا ساوثهامپتن و ڕالەی و ئێسێکس و ڕوتلاند و مۆنتگۆمەرییان تێدا بووە. **~گ.س.**

ڕۆجەر مانەرز پێنجەم ئێرلی ڕوتلاند بووە، لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٥٧٨ لە دایک بووە، لە ئۆکسفۆرد و کامبریدج و گرەیس ئین و زانکۆی پادوا خوێندوویە. بە ئەورووپادا گەڕاوە و لە هەڵمەتەکەی ئێسێکس-دا لە دژی ئەلیزابێثی یەکەم بەشدار بووە. لە ٥ی ئاداری ١٥٩٩ خاتوو ئەلیزابێث-ی کچی سێر فیلیپ سیدنیی خواستووە. جەیمزی یەکەم ئەم

پیاوەی بە دڵ بووە. هاوڕێی هەندێک لە هونەرمەند و نووسەرانی هەرە باڵای سەردەمی ئەلیزابێث و جەیمزیش بووە. لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٦١٢دا لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. کارل بلایبتغۆ نووسەر و ڕەخنەگرێکی ئەڵمانی بووە، ئەو بیردۆزەی داناوە کە گوایە ئەم پیاوە شانۆنامەکانی شێکسپیری نووسیوە. **~ڤ.ئ.**

[536] **هۆنەرێکی... کۆمیدیای هەڵەکاندا**: {*کۆمیدیای هەڵەکان* ناوی شانۆنامەیەکی شێکسپیرە} لە *کۆمیدیای هەڵەکانی* شێکسپیردا سەرلێتێکچوونە کۆمیدییەکە لەسەر ئەو ڕاستییە بەندە کە دووان لە کەسێتییە سەرەکییەکان دووانەی چوونیەکن، هەردووکیشیان ناویان ئەنتیفۆلیس-ە، یاوەرەکانیشیان دووانەی چوونیەکن، هەردووکیان ناویان درۆمیۆ-یە. **~گ.س.**

[537] **سرووشت... قینی لە بێگەردخوازییە**: ویلیەم کیرکپاتریک مەگی (ناوی خوازراوی جۆن ئێگلنتن) لە *چەوی جۆگەیەک* (دەبلن، ١٩٠١)، لا. ٤٥دا دەڵێت: «سرووشت ڕقی لە بێگەردخوازییە. شتان بە شێوەی خۆیان بێگەردن، لە کاتێکدا ئاکار، هۆنراوە، تابلۆ، میتۆدی زانستی، کۆسووڕی فەلسەفی، تەلارسازی، سرووتەکان، هەموویان تەنها لەبەر ئەوە وان کە لە نێو شەپۆلی هەمیشەییەدا بە نێو جۆگەیەک ئاوی پێچەوانەدا دەڕۆن، کە لەوێ ژیان لە سووڕ ڕادەوەستێت. ڕەوتی ژیان بە بێگەردخوازی شی بووەتەوە، بەڵام لەسەر سینەی خۆیدا ڕایاناگرێت». **~گ.س.**

**بێگەردخوازی**: بە ئینگلی *Perfection*، واتە هەوڵدان بۆ بێگەردی و بێخەوشی. بکەرەکەی دەبێت بە *بێگەردخواز*، ڕێبازەکەی دەبێت بە *بێگەردخوازی*. وشە کوردییەکە داڕێژراوی خۆمە. **~ن.م.**

[538] **پیوریتانییەکی... ئالۆسکاوەکاندا**: «پیوریتان» تەنها ئاماژە نییە بە سەڵتێتییەکەی مەگی و باوکی، کە قەشەی پرۆتستانت بووە، بەڵکو ئاماژەیشە بە دێڕێکی هۆنراوەی «لالێگرۆ»ی {دڵخۆشەکە} میڵتن، کە پەسنی باڵندەی چوڕە دەدات کە ڕۆژباش لە ئاخێوەرەکە دەکات:

دەبیستیت چوڕە دەست بە فڕین دەکات،<br>
لە نێو قەڵای چاودێرییەکەی ئاسمانیەوە<br>
دەخوێنێت و شەوی مات دادەچڵەکێنێت،<br>
تا خاڵخاڵەکە ڕادەبێت؛<br>
پاشان بە گژ ڕووی خەمدا دەڕوات و<br>
لە بەر پەنجەرەکەمدا بە نێو نەسرین و دارمێوەکەدا،

یان شیلانە ئاڵۆسکاوەکاندا بەیانیباشم لێ دەکات. **~گ.س.**

**شیلان**: بە ئینگلی *eglantine*، گوڵێکە وەک چاوەپشیلە وایە، پێنج گەڵای کراوەی هەیە و لە ناوەڕاستیدا نێرکۆلەی زەرد هەن. **~ن.م.**

[539] **خۆی باوکی خودی خۆی**: (بڕوانە ١: ٢١٤). **~گ.س.**

[540] **پالاس ئەثینا**: لە ئوستوورەی گریکیدا خواژنی دایکایەتی و دانایی بووە، لە نێوچاوانی زێوسەوە لە دایک بووە. لە *ئۆدیسە*دا فریشتەی پارێزەری ئۆدیسێفس و خێزانەکەیەتی. **~گ.س.**

[541] **نمایشەکە ئەو شتەیە**: هاملێت خۆی دەدوێنێت و باس لە نەخشەکەی دەکات بۆ ئەوەی پاشا ناچار بکات خۆی ئاشکرا بکات؛ هەندێک لە کردەوەکانی کلاودیۆس لە کوشتنی باوکی دەخاتە نێو شانۆنامەکەیەوە و دەڵێت: «نمایشەکە ئەو شتەیە کە تێیدا ویژدانی پاشا دەگرم.» (هاملێت ٢: ٢، ٦٣٣-٦٣٤ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[542] **ناوی دایکی... دەژی**: ماری ئاڕدن دایکی شێکسپیر بووە. دارستانی ئاڕدن لە ئینگلتەرا دارستانێکی ڕاستییە، هاوکات دارستانێکی وێناکراوی ڕۆمانسیی نێو شانۆنامەی *چۆنت پێ خۆشە*یشە. شێکسپیر ئەم ناوی ئاڕدنەی لەو سەرچاوەیەوە هێناوە کە شانۆنامەکەی لەسەر بونیاد ناوە، کە ئەویش *ڕۆزالیند: میراتە زێڕینەکەی یوفیوس* (١٥٩٠)ی تۆماس لۆج (بە نزیکی ١٥٥٨-١٦٢٥)ە. **~گ.س.**

[543] **مەرگی وێ... هێنا**: ماری ئاڕدن شێکسپیر لە ٩ی ئەیلوولی ١٦٠٨دا نێژراوە، هەمان ساڵیشە کە وا دانراوە بۆ یەکەم جار *کۆریۆلانوس*ی تێدا خرابێتە سەر سەکۆی شانۆ و نمایش کرابێت. ڤۆلومنیا دایکی کۆریۆلانوس-ە، لای خوێنەری هاوچەرخ ژنێکی شاناز و زۆردارە کە دەست لە کوڕەکەی بەرنادات. بەڵام کات گۆڕاوە: هەردوو براندێس (لا. ٥٣٢-٥٣٣) و هاریس (لا. ٣٥٣) ڤۆلومنیا وەک «پایەبەرز» دەبینن: وەک کۆریۆلانوس پێی دەڵێت (٥: ٣، ٤٩) «ئابروومەندترین دایکی جیهانە». هەردوو نووسەرەکەش کەسێتیی ڤۆلومنیا بە سۆزی شێکسپیرەوە وابەست دەکەن بۆ دایکی. ئەو دیمەنەی ستیفن ئاماژەی پێ دەدات پەردەی پێنجەم، دیمەنی سێیەمە، کە کۆریۆلانوس لە ڕۆما دەربەدەر دەبێت خەریکە شارەکە بۆ دوژمنانی داگیر بکات، ڤۆلومنیا لێی دەپاڕێتەوە و داوای وەفای کوڕێنی لە کۆریۆلانوس دەکات؛ ئەو وەفایە بەسەر ویستی تۆڵەی خۆی لە ڕۆما زاڵ دەبێت (کۆریۆلانوسیش بە کوشت دەدات). **~گ.س.**

544 **مەرگی... شاجۆندا:** هامنێت شێکسپیر لە ئابی ١٥٩٦دا کۆچی دوایی کردووە. هەم هاریس و هەم براندێسیش پێیان وایە *شاجۆن* لە ١٥٩٦-١٥٩٧دا نووسرابێت، هەردووکیشیان مامەڵەی شێکسپیر لەگەڵ ئارثەری منداڵدا وەک شێوەنێک بۆ مەرگی کوڕەکەی خۆی دەبینن. سۆزی بێتاوانیی ئارثەر، کە لە ژێر میهری شا جۆن-ی مامیدایە، چەقی شانۆنامەکەیە. **~گ.س.**

545 **هاملێت، شازادە ڕەشەکە:** کە بۆ یەکەم جار هاملێت دەردەکەوێت، هێشتا لە پرسەباریی مەرگی باوکیدایە و جلی ڕەشی پۆشیوە. ئاماژەیەکیش بە ئێدوارد هەیە، کە بە شازادە ڕەشەکەی ئینگلتەرا (١٣٣٠-١٣٧٦) ناسراوە، کە تەختی پاشایەتییەکەی ئێدواردی سێیەمی (١٣١٢-١٣٧٧) باوکی بە میرات بۆ نەمایەوە، چون پێش ئەو مرد. **~گ.س.**

546 **ئەو کچانەی... دەیانناسین:** (بڕوانە ٩: ٢٨٣). **~گ.س.**

547 **کلیۆپاترای... هەڵیانبهێنین:** سێ پاڵەوانی مێی سێ کاری شێکسپیرن: کلیۆپاترا لە *ئەنتۆنیوس و کلیۆپاترا*دا، کرێسیدا لە *ترۆیلوس و کرێسیدا*، ڤینوس-یش لە *ڤینوس و ئادۆنیس*دا – هەرسێکیان لەسەر نموونەی ئان هاثەوەی بونیاد نراون. بۆ «مەنجەڵەگۆشت» بڕوانە (دەرچوون ١٦: ٣) «نەوەی ئیسرائیل پێیان گوتن: "خۆزگە بە دەستی یەزدان لە خاکی میسردا بمردبووینایە، بۆ خۆمان لای مەنجەڵی گۆشت دانیشتبووین و بە تێری نانمان دەخوارد، بەڵام ئێمەتان دەرهێنا بۆ ئەم چۆڵەوانییە هەتا هەموو ئەم کۆمەڵە بە برسیێتی بکوژن."». **~گ.س.**

548 **گۆمەکە قووڵتر دەبێتەوە:** لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت: *The plot thickens*، بە واتای وشە: «گرێچنەکە چڕ دەبێتەوە»، کە چیرۆکێک دەگێڕرێتەوە، لە جێیەکدا ڕووداو و کاریگەریی زیاتر دێنە سەر گرێچنەکەی و ئاوهاش چڕتر دەبێتەوە. ئەم وتە کڵیشەییە بەو واتایە دێت کە بابەتەکە قووڵتر بووەتەوە، کە لە کوردیدا دەڵێین": «گۆم تا قووڵتر بێت، مەلەی خۆشترە»، ئاوهاش کە *گۆمەکە قووڵتر دەبێتەوە*، واتە ڕووداو و کاریگەریی زیاتر هاتووەتە نێو بابەتەکەوە. بۆ *گرێچنە* (بڕوانە ١: ١). **~ن.م.**

549 **چوار:** ئەو وشەیەی بە «چوار» وەرمگێڕاوە، لە دەقە ماکەکەدا وشەی *mess*ە، دێڕەکە تەنها دەڵێت: «Come, mess.»؛ *mess* بە ناو بەم واتایانە دێت: تێکەڵە؛ شپرزە؛ کێشاوی؛ ئاڵۆز؛ ڕژاو؛ تەنگوچەڵەمە؛ پشووگە. بە کار بەم واتایانە دێت: پیسکردن؛ ئاڵۆزاندن؛ خۆتێهەڵقورتاندن؛ کۆمەڵبوون. جۆیس بێ بەستێن وشەکەی داناوە، بۆیە بە جیاوازی لێکدراوەتەوە، وەرگێڕانە فەرەنسییەکە دەڵێت: «با بەزمێک بنێینەوە»؛ ئیتالییەکەی

تێرینۆنی و بیگاتسی و عەرەبییەکەی دکتۆر تەها دەڵێن: «وەرن، بەرێزان»؛ ئیتالییەکەی جێلاتی دەڵێت: «لێرەوە، بەرێزان». بەڵام سام سلەوت و هاورێکانی بەم جۆرە راڤەی دەکەن:

مێس *mess*: بە گوێرەی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد واتە کۆمەڵێک کە لە چوار پێکهاتبێت؛ لەم بارەدا مەڵیگن، لیستەر، بێست، ئێگلنتن-ن. شێکسپر لە *رەنجی بەباچووی ئەوین* (٤: ٣، ٢١٤) و *سێیەم هێنریی شەشەم*دا ئەم دەربرینە بە کار دەهێنێت: «where are your mess of sons: کوان چوار کورەکەت/ یان: کوان کورەکانت»، چوار کورەکە ئەمانەن: ئێدوارد، جۆرج، ریچارد و ئێدموند، کە ئێرلی روتلاندە (ناوی سیانیان نزیکی ناوی براکانی شێکسپیرن). **~ن.م.**

550 **گیڵبێرت، ئێدموند، ریچارد:** گیڵبێرت شێکسپیر (١٥٦٦ لە دایک بووە)، وا دیارە لە ویلیەم زیاتر ژیابێت، بەڵام رۆژی مەرگی تۆمار نەکراوە؛ ئێدموند شێکسپیر (١٥٨٠-١٦٠٧)؛ ریچارد شێکسپیر (١٥٧٤-١٦١٣). **~گ.س.**

551 **گیڵبێرت بە پیری... پشتی بووە:** رێنووسی {ئینگلی، نەک کوردیی} ئەم رستەیە بە شێوەزاری وارویکشییەیە. «کاکی جابی» ئەو کەسەیە کە پارەی هاتنەژوورەوە وەردەگرێت؛ لی (لا. ٤٢) چیرۆکێکی ویلیەم ئۆلدیس (١٦٩٦-١٧٦١) دووبارە دەکاتەوە، کە کۆنینەناسێکی ئینگل بووە، گوایە یەکێک لە براکانی شێکسپیر، کە لەوانەیە گیڵبێرت بووبێت، شێکسپیری لە شانۆنامەی *چۆنت پێ خۆشەی* خۆیدا دیوە کە رۆڵی ئادەمی خزمەتکاری دیوە. {(١: ٢) دیمەنێکی زۆرانبازییە، ئادەم سوار پشتی ئۆرلاندۆ دەبێت}. ستیفن زیاتریش بەم رۆڵەی شێکسپیرەوە دەنێت، ئەویش ئەوەیە پێی وایە رۆڵی ئۆرلاندۆی دیوە کە رۆڵێکی گرنگترە، ئۆرلاندۆ وەک فێرخوازێکی بەهرەدار سەرکەوتووانە لە دژی مامۆستاکەی زۆرانبازی دەکات. شایەنی باسە ئەم شانۆنامەیە شانۆنامەیەکی زۆرانبازی نییە. **~گ.س.**

ئادەم (کە شێکسپیر رۆڵەکەی دیوە) دەچێتە سەر پشتی ئۆرلاندۆ، نەک بە پێچەوانەوە. **~ن.م.**

552 **سۆسجی شانۆگاکە:** (بڕوانە ٩: ١٠٧). **~گ.س.**

553 **ناو چیی تێدایە:** جولییێت کە بۆی دەردەکەوێت رۆمیۆ کوری خێزانی مۆنتاگ-ە، پێی دەڵێت: «تەنها ناوەکەتە کە دوژمنمە؛... ئاخ، تکایە با ناوێکی ترت هەبێت، خۆ ناو چیی تێدایە؟» (رۆمیۆ و جولییێت ٢: ٢، ٣٨-٤٢). **~گ.س.**

[554] **پیانۆ، دیمینوێندۆ:** ئیتالین و دوو زاراوەی موزیکن: واتە بە دەنگی نزم، بەرەبەرە بەرەو نزمتر بڕوات. ~**ن.م.**

[555] **پاشان دیکی... هاوەڵی دا:** کۆپلەیەکی تری هۆنراوەی بڵاونەکراوەی بەرهەڵدایانەی دیک و *دەڤیی پزیشکی*ی ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتییە. لەم هۆنراوەیەدا لێهاتوویی ئێجگار زۆری دیک لە جووتبووندا بەرانبەر لێهاتوویی ئێجگار زۆری دەیڤی لە داراییدا دانراوە. ~**گ.س.**

[556] **لە سیانینەی... شا لییەردا:** ئەوەی بە «ویستی ڕەش» و «چەپەڵ» وەرمگێڕاون، لە دەقە ماکەکەدا *Black Will* و *Shakebag*ن، کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە؛ یەکەمیان لە لایەک واتە ویستی ڕەش، دووەمیشیان لە لایەک واتە «چەپەڵ»، لە لاکەی تر هەردووکیان ناوی دوو کەسێتیی شانۆنامەی *ئاردنی فەیڤەرشام*ی نووسەر نادیارن (١٥٩٢)، دوو کەسەکە مرۆڤکوژن و بە کرێ گیراون. ~**ن.م.**

کە دەڵێت «ویستی ڕەش» لەبەر ئەوەیە کە هەر سێ بەدکارەکە پێیان وایە بەدکارییەکەیان کرداری بەئاگا و ویستمەندانەن. یاگۆ بەدکارەکەی نێو *ئۆتێللۆ*یە؛ ڕیچاردی قەموور ڕیچاردی سێیەمی نێو شانۆنامەکەیە کە بە ناوی خۆیەوەیە؛ ئێدموندیش کوڕە زۆڵەکەی گلۆستەیە لە *شا لییە*ردا، گەرچی بە ئاستەم دەتوانین بڵێین تاکە بەدکاری شانۆنامەکەیە، بەڵام وێنەیەکی ناوەندیی لاساریی ئارەزوومەندانە و سەختگیرانەی مرۆییمان پیشان دەدات. ~**گ.س.**

[557] **شانۆنامەکەی... سەرەمەرگدا بوو:** بڵاوگەکە لە ڕێکەوتی ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٦٠٧ی تۆمارنامەکەیدا نووسیویە کە شانۆنامەی *شا لییەر* لە کریسمسی ١٦٠٦دا لە کۆشک نمایش کراوە. ئێدموند شێکسپیر لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٦٠٧دا لە کڵێسای سانتی ڕزگارکەر لە ساوثوارک نێژراوە {واتە نزیکەی ساڵێک دواتر}. ~**گ.س.**

[558] **ئا تێمپۆ:** ئیتالییە و زاراوەیەکی موزیکییە، واتە *بە خێرایی خۆی*. هەمیشە دوای گۆڕانکاریی کاتیی خێرایی دادەنرێت. واتە: لە سەرەتای موزیکدا خێرایی دیاری دەکرێت، لە کۆپلەیەکدا دەشێت ئەو خێراییە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، خاو ببێتەوە، یان خێراتر ببێت، پاشان ئەم ئاماژەیە دادەنرێت بۆ گەڕانەوە بۆ خێرایی ئاسایی سەرەتای پارچە موزیکەکە. ~**ن.م.**

[559] **بەڵام ئەوەی... دەفڕێنێت:** یاگۆ بە ئۆتێللۆ دەڵێت:

گەورەی بەوەجم، ناوی باشی پیاو و ژن

گەوهەری گیانیانن.
ئەوەی جانتاکەمم لێ دەدزێت زبڵم لێ دەدزێت. هیچ نییە:
[جانتاکە] هی من بوو، ئێستا هی وییە و هەر وایش کۆیلەی هەزاران بووە.
بەڵام ئەوەی ناوە باشەکەمم لێ دەفڕێنێت
ئەوەم لێ دەدزێت کە ئەو دەوڵەمەند ناکات،
بەڵام من هەژار دەکات.
(ئۆتێللۆ ٣: ٣، ١٥٥-١٦١). **~گ.س.**

560 **سترینجێندۆ**: ئیتالییە و زاراوەیەکی موزیکییە: واتە کورتکردنەوە، یان خێراکردن؛ کە لە جێیەکدا دادەنرێت واتە دەبێت وردەوردە پەلە لەو موزیکە بکەیت. **~ن.م.**

561 **وی ناوی... قەرەقۆزێک لەویێ**: ئەو کەسێتییانەی ناویان ویلیەمە لە شانۆنامەکانی شێکسپیردا نە لە ڕووی ژمارە و نە لە ڕووی ڕۆڵیانەوە زۆر سەرنجڕاکێش نین: ویلیەم دی لا پۆل لە بەشی یەکەم و دووەمی شانۆنامەی *هێنریی شەشەم*دا ئێرلی سەفۆک-ە، یەکێکە لە لۆردە نەیارەکان؛ سێر ویلیەم لوسی و سێر ویلیەم گلاندسدەیل لە بەشی یەکەمی شانۆنامەی *هێنریی شەشەم*دا دوو خزمەتکارن؛ ویلیەم ستافۆرد لە بەشی دووەمی شانۆنامەی *هێنریی شەشەم*دا؛ ویلیەم لە شانۆنامەی *ژنە شادەکانی ویندسۆردا* خزمەتکارێکە، بۆ کەمێک دەبێتە پێکاری جەفەنگی و نمایشی ڕەفتاری خەڵکی چینی ناوەندیی کۆمەڵگا دەکات لە کاتی فێربووندا؛ ویلیەم لە شانۆنامەی *چۆنت پێ خۆشە*دا دێهاتییەکە، ئۆدریی سۆزانیی دێی خۆش دەوێت؛ «ئامۆزا ویلیەم» ناوێکی شالۆ لە بەشی دووەمی شانۆنامەی *هێنریی چوارەم*دا، کە تەنها ناوی دەهێنرێت و ئێستا بووەتە «لێکۆڵەرێکی باش» لە ئۆکسفۆرد؛ هەروەها ویلیەم ناوێک لە بەشی دووەمی شانۆنامەی *هێنریی چوارەم*دا کە ئاشپەزە. «ناوێکی جوانە» لە شانۆنامەی *چۆنت پێ خۆشە*وە هێنراوە، کە تەچستەون لە ویلیەم دەپرسێت: «ناوت ویلیەمە؟» ویلیەم وەڵامی دەداتەوە: «بەڵێ»، تەچستەونیش دەڵێت: «ناوێکی جوانە». {دکتۆر ئازاد حەمەشەریف بە: «ناوێکی خۆشە» وەریگێڕاوە}. **~گ.س.**

562 **وەک نیگارکێشێکی... کانڤاسەکەیدا دادەنێت**: لە مۆنۆلۆگی درامیی *برا فیلیپۆ لیپی*ی ڕۆبێرت براونینگ (١٨١٢-١٨٨٩)ەوە هێنراوە کە لە دیوانی *ژن و پیاو* (١٨٥٥)دا بڵاو کراوەتەوە. بەو جۆرەی ئەو وێنەکێشە لە بارەی پێکهاتەی تابلۆی «تاجلەسەرنانی پاکیزەکە»وە دەیڵێت کە دەیەوێت تەواوی بکات:

دەی هەموو ئەمانە
کە لە خۆتەرخانکردنیاندا دامەزراون، لە سووچێکی سەرەوە
کە هەرگیز چاوەڕێی ناکەیت،
وەک یەکێک بە نێو پلیکانەی تاریکدا بچێتە نێو ڕووناکییەکی مەزنەوە،
موزیک و ئاخاوتنێک دێن، کە هی لیپۆ-ن! منیش،
سەرسام و بێجووڵە و کاس، من پیاوەکەم!
بەرەو دوا هەڵدەسڵەمێمەوە، ئەمە چییە دەیبینم و دەیبیستم؟
بە هەڵە بە شتەکانی ڕەبەنە کۆنەکەم دەگەمەوە،
کەوا چۆغە کۆنەکەم و گوریسەکەی بە دەوریدا دەبەسترێت،
من، لە خزمەت ئەمدا، ئەم هاوەڵە پاکە!
کوا کونێک، کوا سووچێک بۆ هەڵهاتن؟

(دێڕی ٣٥٩-٣٦٤). براونینگ پێی وا بووە ئەو کەسێتییەی نێو «سووچە تاریک»ەکە وێنەیەکی خودی لیپی خۆی بووە، بەڵام مێژووناسە هاوچەرخەکانی هونەر پێیان وایە وێنەی پیتاککارەکەی لیپییە. **~گ.س.**

[563] **ئەوەی لە سۆنێتەکانیدا... هەیە**: وەک ئەوەی لە دێڕی یەکەم و دووەمی سۆنێتی ١٣٥دا ئاماژەی پێ دەدات: «هەر مێیەک ئاواتی خۆی هەبێت، ئەوا تۆ ویل-ی خۆت هەیە، جا ویلەکەت بە زیادەوە، ویل-ت لە ئەندازە بە دەر». بڕوانە سۆنێتەکانی ١٣٦ و ١٤٣ش {بۆ تەواوی سۆنێتی ١٣٥ (بڕوانە ٩: ١٧٢)}. **~گ.س.**

[564] **وەک جۆنی گۆنت**: لە شانۆنامەی *ڕیچاردی دووەم*ی شێکسپیردا جۆنی گۆنت لە شەوی مەرگیدا چەند جارێک ڕەگەزدۆزی لەسەر ناوی خۆی دروست دەکات: «ئای، چەند ئەو ناوەم لێ گونجاوە! گۆنتی پیر، لە پیرییشدا لاواز». **~گ.س.**

جۆنی گۆنت لە شاری *گێنت* لە دایک بووە، ئەمڕۆ لە بەلجیکایە، بەڵام ئەو کاتە لە فلاندەرس بووە، ئاوهاش *جۆن-ی گۆنت* واتە *جۆنی خەڵکی گێنت*. ناوی شارەکە بە ئینگلی بووە بە «گۆنت»، بەڵام *گۆنت gaunt* لە ئینگلیدا بە واتای ڕەقەڵە و لاواز و کزیش دێت. بۆیە دەڵێت: جۆنی گۆنت ناوێکی شیاوە بەو، چون لاوازیشە (لە پیرییدا). **~ن.م.**

[565] **بە قەد ئەو... بۆ کردووە**: هاریس و براندێس دەڵێن خانەوادەی شێکسپیر لە ڕاستیدا شایستەی خانەدانیشان (دروشمی خانەدانێتی) نەبوون و جۆن شێکسپیر (بە فیتی

کوڕەکەی لە ١٥٩٦-١٥٩٩) بە زۆر مانۆڕی پرسیارهەڵگردا ڕۆیشتووە بۆ ئەوەی ئەو خانەدانیشانە و ئەو پلە کۆمەڵایەتییە بە دەست بهێنێت. **~گ.س.**

[566] **لەسەر چەویڵێکی... نووکپۆلا**: خانەدانیشانەکەی ماڵی شێکسپیر بەم جۆرە بوو: چەویڵێکی ڕەنگ سەمووره‌یی لەسەر مەتاڵێکی زێڕین، لە نێو چەویڵەکەدا ڕمێکی تێدایە، لەسەر پۆپنەی ئەم مەتاڵە بازێک هەیە، باڵەکانی زیوینن، لەسەر تاجێکی لە ڕەنگی خۆی وەستاوە و ڕمێکی زێڕینی ڕاگرتووە کە نووکەکەی پۆلایینە، یان زیوینە. دروشمە وشەییەکەی ژێری نووسراوە *نۆن سانز درۆیکت (یان درواکت) non sanz droit* (فەرەنسیی کۆنە بە واتای: بێماف نین). **~گ.س.**

**چەویڵ**: بە ئینگلی *bend*: لە ئاڕمناسییدا هێڵێکی لارە، پێنجیەکی فراوانیی ئەو مەتاڵەی هەیە کە لەسەری دەکێشرێت و لە لای سەرووی ڕاستەوە درێژ دەکرێتەوە بۆ دامێنی چەپ، بەو جۆرەی کە یەکێک بەرانبەر ئاڕمەکە بوەستێت دەبێت وەهای ببینێت. **~ن.م.**

[567] **ئۆنۆریفیکابیلیتودینیتاتیبوس**: لاتینییە، واتە: «دۆخێک کە تیایدا ئابروومەند ببیت». وشەکە درێژترین وشەی لاتینییە و نوکتەیەکی کۆڵیارییە. شێکسپیر جارێک لە *ڕەنجی بەباچووی ئەوین*دا (٥: ١) بە کاری دەهێنێت. **~گ.س.**

[568] **لە شکۆی... بەوەجتر**: لە وتەکەی ڕۆبێرت گرینەوە هاتووە (بڕوانە ٩: ٨٥). **~گ.س.**

[569] **ناو چیی تێدایە**: (بڕوانە ٩: ٥٥٣). **~گ.س.**

[570] **ئەستێرەیەک... ورچەکەوە**: تیکو برا (١٥٤٦-١٦٠١) ئەستێرەناسێکی دانی بوو، لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٥٧٢ کە ئەو کاتە شێکسپیر هەشت ساڵ و نیو بووە، نزیک ئەستێرەی بچووکی دەلتای کاسیۆپیا سوپەرنۆڤایەکی بە دی کرد. نۆڤاکە پێی وتراوە *ئەستێرەکەی تیکو*، تا دەهات تیشکدارتر دەبوو، تا وای لێ هات بە شەو لە هەموو ئەستێرەکان ڕووناکتر بووەوە، تەنانەت بە ڕۆژیش دیار بوو؛ لە کانوونی یەکەمی ١٥٧٢ەوە وردەوردە تیشکی نەما. بۆ ئەستێرەی دەلتا (بڕوانە ٣: ٣١٥). «ئەژدیهاگڕینە» {بە ئینگلی *firedrake*} وشەیەکی باونەماوی کۆنە بۆ ئەستێرەی کشاو (میتیۆر *meteor*). ڕافاییل هۆڵینشێد (*ڕووداونامەکان* [١٥٨٧]، بەرگی ٣، لا. ١٢٥٧) دەڵێت کە دیاردەکە تا ئاداری ١٥٧٤ «بە نزیکی شازدە مانگ» درێژەی کێشاوە، ئەو کاتە شێکسپیر بە نزیکی دە ساڵان بووە. سوپەرنۆڤاکە لە ئینگلتەرای سەردەمی ئەلیزابێثدا ببووە هۆی جۆشوخرۆشی وێنایی زۆری خەڵک و وەک ئەستێرەکەی بێتلەحم دەبینرا، کە نیشانەی لەدایکبوونێکی نوێ و هاتنی دووەمی عیسایە. «خۆرهەڵاتی ورچەکە» واتە خۆرهەڵاتی کۆئەستێرەی ورچی گەورە، کە

لە باکووری ڕۆژئاوای ئاسمانە لە ڕۆژئاوای ئەستێرەی باکوورەوە، کاسیۆپیا لە باشووری ڕۆژهەڵاتە. **~گ.س.**

«ئەستێرەکەی بێتلەحم» ئاماژەیە بە چیرۆکێکی نێو *ئینجیل* لە بارەی لەدایکبوونی عیساوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

لەدوای لەدایکبوونی عیسا لە بێتلەحمی یەهودیا، لە سەردەمی شا هێرۆدس، هەندێک مۆغ لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە ئۆرشەلیم، پرسییان: «کوا ئەوەی لەدایک بووە کە پاشای جولەکەیە؟ لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینی، هاتووین کڕنۆشی بۆ ببەین.» کاتێک شا هێرۆدس ئەمەی بیست، پەشۆکا و هەموو خەڵکی ئۆرشەلیم لەگەڵی پەشۆکان. هەموو کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەوراتی گەلی کۆکردەوە، لێی پرسین: «مەسیح لەکوێ لە دایک دەبێت؟» وەڵامیان دایەوە: «لە بێتلەحم لە یەهودیا، چونکە لە ڕێی پێغەمبەرەکەوە ئاوای نووسیوە: «[بەڵام تۆ ئەی بێتلەحمی خاکی یەهودا، کەمتر نیت لە فەرمانڕەواکانی یەهودا، چونکە لە تۆوە فەرمانڕەوایەک دەردەکەوێت، شوانایەتی گەلی ئیسرائیلم دەکات.]» هێرۆدسیش بە نهێنی مۆغەکانی بانگکرد و لەبارەی کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن. ئینجا بۆ بێتلەحمی ناردن و پێی گوتن: «بڕۆن و بە وردی بەدوای منداڵەکەدا بگەڕێن. کاتێک دۆزیتانەوە هەواڵم بدەنێ، تاکو منیش بێم و کڕنۆشی بۆ ببەم.» لەدوای ئەوەی گوێبیستی پاشا بوون، ڕۆیشتن، ئەستێرەکەی لە ڕۆژهەڵات بینیبوویان، پێشیان کەوت هەتا لەسەر ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێبوو ڕاوەستا. بە بینینی ئەستێرەکە زۆر شادمان بوون، چوونە ماڵەکە، منداڵەکەیان لەگەڵ مریەمی دایکی بینی، دانەوین و کڕنۆشیان بۆ برد و گەنجینەکانیان کردەوە، زێڕ و بخوور و موڕیان بە دیاری پێشکەش کرد. ئینجا خودا لە خەوندا مۆغەکانی ئاگادار کردەوە کە نەگەڕێنەوە لای هێرۆدس، ئەوانیش بە ڕێگایەکی دیکەدا گەڕانەوە وڵاتی خۆیان. (مەتا ٢: ١-١١). **~ن.م.**

[571] **شۆتەری**: دێیەکی واڕویکشییەیە لە قەشەنشینی ستراتفۆرد کە ئان هاثەوەی پێش ئەوەی شوو بکات لەوێ ژیاوە. بە گوێرەی لی (لا. ١٨) «لە ستراتفۆردەوە هەر بە پێ دەتتوانی بگەیتە دێکە». **~گ.س.**

[572] **تەمەنی... کە کوژاوەتەوە**: (بڕوانە ٩: ٥٧٠). **~گ.س.**

[573] **چاوەڕێ بکە... بە دەست بهێنرێیت**: ئێرلی سەفۆک بە ناوی هێنریی شەشەمەوە بە ڕەینیەر-ی دوکی ئانژوو دەڵێت: «با کچەکەت لە پاشاکەم مارە بکرێت، کە خۆم بە سەختی سازم کردووە و بە دەستم هێناوە» (یەکەم هێنریی شەشەم ٥: ٣، ١٣٧-١٣٨). **~گ.س.**

[574] **سەرژنانی**: پیاوێکی بێورەیە {لە بەرانبەر *meacock*دا دامناوە} شێکسپیر لە *ماڵیکردنی چەقاوەسووەکە*دا جارێک ئەم وشەیە بە کار دەهێنێت، کە پێتروشیۆ باس لە سەرکەوتنە لەناکاوەکەی دەکات لە بەدەستهێنانی کاتاریناد‌ا: «چ سەیرە، چۆن ژن و پیاو تەنیا دەبن، قوڕبەسەرێکی سەرژنانی دەتوانێت دڕترین چەقاوەسوو ماڵی بکات» (٢: ١، ٣١٣-٣١٥). **~گ.س.**

[575] **ئۆتۆنتیمۆرومێنۆس**: گریکییە، واتە خۆئازاردەر {یان وەک مامۆستا ئەحمەدی مەلا دەڵێت: «خۆجەلدکەر»}؛ وەک *ئیاڤتۆن تیمۆرومینۆس Ἑαυτὸν τιμωρούμενος* کە ناونیشانی شانۆنامەیەکی تێرێنتیوس (بە نزیکی ١٩٠- بە نزیکی ١٥٩ پ.ز.)ی لاتینییە، کە بە واتای «خۆئازاردەر» دێت. ئەم شانۆنامەیە لەسەر شانۆنامەیەکی مێناندرۆس (بە نزیکی ٣٤٢-٢٩١ پ.ز.)-ی گریکی بونیاد نراوە کە ناونیشانەکەی هاوشێوەیە و تەنها هەندێک بەشی لێ بە جێ ماوە. ئاخێوەرەکەی نێو «خۆجەلدکەر»ی شارل بۆدلێر لە نێو دیوانی *گوڵی خراپە*دا (١٨٥٧) دەڵێت: «بە بێ تووڕەیی لێت دەدەم بە بێ قین هەر وەک قەسابێ، وەک چۆن مووسا لە کەرتەشاخی دا وا دەکەم برژانگەکانیشت ساراکەم ئاو بدەن، لە ئازاریشەوە ئاو فچقە بکا... من خوێنمژی دڵی خۆمم. یەکێکیشم لەو پەراوێزخراوە مەزنانەی مەحکوومی پێکەنینی ئەبەدین. کە هەرگیز نازانن ماناکانی پێکەنین چییە!» {(*گوڵی خراپە*، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، چاپی دووەم، غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٨، لا. ١٨٠-١٨١)}. **~گ.س.**

[576] **بۆوس ستیفانۆمێنۆس**: وشەیەکی گریکیی دروستکراوی قوتابییەکانی پاری چوارەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*یە کە لەو کاتەدا بە ستیفنی دەڵێن کە بەرەو کەنار دەڕوات و بڕیار دەدات ببێت بە هونەرمەند. وشەکە بە واتای: «گیانگا» دێت، واتە ئەوەی گا گیانیەتی. هاوڕێکانی ستیفن لەگەڵیدا دەڵێن: «بۆوس ستیفانیفۆرۆس»، واتە: «گای گوڵبەندلەمل» (بۆ قوربانی). **~گ.س.**

[577] **کوا جێبەندییەکەت**: بە ئینگلی *configuration*، **جێبەندی**: لە فەلەکناسیدا پەیوەندیی نێوان شوێنی ئەستێرە و هەسارەکانە لە کاتی لەدایکبوونی کەسێکدا؛ جێبەندیی ئەستێرەکان پێشتر کەسێتیی کەسێک دیاری دەکەن. **~گ.س.**

[578] **ستیفن... فنەفن**: وەرگێڕانی ئەم ڕستەیە وەک دەقە ماکەکە نییە، بەڵکو ئەمە دەربڕینی خۆمە. لەبەر ئەوەی ئەوەندەی سەرواکە مەبەستە، ئەوەندە واتاکە مەبەست نییە. لە دەقە ماکەکەدا بەم جۆرەیە: *Stephen, Stephen, cut the bread even.* واتە: ستیفن، ستیفن، نانەکە بە یەکسانی ببڕە. گیفرد لە بارەیەوە دەڵێت: «ئایۆنا و پیتەر ئۆپی، کە دوو فۆلکلۆرناسن، ئەمەیان وەک وتەیەکی باوی منداڵانی نێو قوتابخانە تۆمار کردووە، دەڵێن گۆڕاوێکی تریشی هەیە دەڵێت: "کولێرەکە بە یەکسانی ببڕە".». **~ن.م.**

[579] **سە دە... ئاماریۆ سە دە**: {سە دە دوو پیتی کوردیی س و د-ن.} ئەمە ئیتالییە، واتە: س. د. ژنەکەی. ئا، بێگومان – هی وی. جێلیندۆ [ناوی پیاوە] بڕیاری داوە خۆشەویستی نەکات س. د. دووەم «س.د.»یان لەوانەیە وەک سەرەپیتی ناوی ستیفن دێدالۆس بخوێنرێتەوە، بەڵام دەشێت *سوا دۆنا*-ش بێت، واتە «ژنەکەی وی»؛ واتە: دەکرێت ستیفن وەک ئەو کەسە بخوێنرێتەوە کە ساردوسڕە و خۆشەویستی ناکات. **~گ.س.**

[580] **بە ڕۆژ ستوونێکی هەور**: «یەزدانیش لەپێشیانەوە دەڕۆیشت، بە ڕۆژ لە ستوونێکی هەوردا لە ڕێگا ڕابەرایەتی دەکردن، بە شەویش لە ستوونێکی ئاگر هەتا ڕووناکییان بۆ ببێت، بۆ ئەوەی بە شەو و ڕۆژ بڕۆن» (دەرچوون ١٣: ٢١) (بڕوانە ٧: ٤٠٦). **~گ.س.**

[581] **ستیفانۆس**: گریکییە، واتە: «تاج» یان «گوڵبەند». **~گ.س.**

[582] **پیشەگەرە کارزانەکە**: مەبەست لە دێدالۆسی ئوستوورەی گریکییە (بڕوانە ١: ٢٤). **~گ.س.**

[583] **نیوهەیڤن-دییێپ**: ئەو ڕێیەی نۆکەندی ئینگلییە کە ستیفن لە دەبلنەوە بۆ پاریس پیایدا پەڕییەوە. **~گ.س.**

[584] **زیقاوڵە. ئیکارۆس**: **ئیکارۆس**: بە ئینگلی Icarus، کوڕێکی دێدالۆس-ە. لە ئوستوورەی گریکیدایە، باوکی باڵی بە مۆم لە لەشی بەست، ئامۆژگاریی کرد زۆر بەرز نەفڕێت؛ بەڵام ئیکارۆس کە کەوتە فڕین ئامۆژگارییەکەی باوکی لە بیر کرد و هێندە بەرز فڕی کە خۆر مۆمی باڵەکانی تواندەوە و بەربووەوە و کەوتە ناو دەریاوە، کە دەریاکە بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە دەریای ئیکاری. **~ن.م.**

لەوانەیە ستیفنیش هەر وەک ئیکارۆس-ی کوڕی دێدالۆس وابێت، کە بە پۆزەوە بەرز فڕی و مۆمی باڵەکانی توانەوە و کەوتە خوارەوە بۆ نێو دەریا و مرد، بەڵام ڕەنگە زیقاوڵە-ش بێت. ئۆڤید لە باسی دێدالۆس و کەوتنەخوارەوەی ئیکارۆسدا دەڵێت شیوەنەکەی دێدالۆس و ناشتنەکەی کوڕەکەی بەم جۆرە بووە: «کە لاشەی کوڕە بەدبەختەکەی دەناشتە

نێو گۆڕەوە، زیقاوڵەیەکی زیقەزیقکەر لە نێو چاڵێکی پڕ لە قوڕەوە دەیڕوانی و شەقەی لە باڵەکانی هەڵدەستان و تۆنێکی دڵخۆشکەرەی دەردەبڕی». ئۆڤید زیقاوڵەی وەک داگۆڕاوی خوشکەزا و شاگردەکەی دێدالۆس دەستنیشان کردووە، کە دێدالۆس وردەوردە ئیرەیی بە کارامەییەکەی هاتووە و لە ئاکرۆپۆلیسەوە هەڵیداوەتە خوارەوە. ئەثینا کە ئەوی بە دڵ بووە، گرتوویەتیەوە و کردوویە بە باڵندەیەک و هەر لە ئاسماندا بە پەڕ پۆشیویە، زیرەکییەکەی پێشووی هاتووەتە نێو باڵ و قاچەکانیەوە، بەڵام ناوەکەی پێشووی هەر ماوە، بەڵام باڵندەکە هەر ناتوانێت لەشی زۆر بەرز بکاتەوە... هەر نزیک زەوی باڵەفرکێ دەکات و هێلکەکانی لە نێو پەرژیندا دادەنێت؛ لەبەر ئەوەیشی ئەو کەوتنەخوارەوەیەی لە بیر ماوە، بۆیە لە جێی بەرز دەترسێت». لە *کتێبی پیرۆز*دا لەگەڵ شەمشەمەدا لە نێو ئاژەڵە گڵاوەکاندا دانراوە کە نابێت بخورێن «لەقلەق و هەموو جۆرەکانی شاهۆ و پەپوولەسڵێمانکە و شەمشەمەکوێرە» (لێڤییەکان ١١: ١٩) و «لەقلەق و هەموو جۆرەکانی شاهۆ و پەپوولەسڵێمانکە و شەمشەمەکوێرە.» (دواوتار ١٤: ١٨). ڕۆبێرت گرەیڤس (*خواژنە سپییەکە* [نیو یۆرک، ١٩٤٨]، لا. ٣٦-٣٧) دەڵێت زیقاوڵە لە ئوستوورەی کەڵتیدا «گۆڕەری نهێنی»یە و لەگەڵ نێراسک-دا دانراوە کە «نهێنی دەشارێتەوە» و سەگیش «نهێنی دەپارێزێت».

لە *هاملێت*دا کە ئۆسریک پەیامەکەی لایەرتیس بۆ هاملێت دەهێنێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و شیربازی، هۆرەیشۆ دەڵێت: «ئەم زیقاوڵەیە بە قەپێلکی سەریەوە ڕادەکات [چون تازە سەری جووقاندووە]». ئەم وێنای شیربازییە (جەنگی زیرەکییەکان)ی *سکیلا و کاریڤدیس* تیلنیشانێک بە *هاملێت* دەهێڵێتەوە. **~گ.س.**

**زیقاوڵە:** بە ئینگلی *lapwing* یان *Vanellus vanellus*: ڕەنگە لە ناوەکەیدا فرەڕایی هەبێت. من ناوەکەم لە *فەرهەنگی باڵندە*ی ئەحمەد بەحرییەوە هێناوە، کە بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «٣٠ سانتیمێترە، پشتی ڕەشی ئاماڵ شینە، بەرزگی سپییە، پەڕ و باڵی بریقەی دێ. کاکۆڵی قیت و درێژە، لاجانگ و سەری کلکی بەڵەکە. لە کاتی فڕیندا ڕاست ناڕوا. ناوەکەی لە دەنگی گیراوە. هێلکەی خاڵخاڵ و بۆرە. ئەگەر گیانلەبەرێک لە هێلانەی نزیک بێتەوە دەست دەکا بەزیقەزیق و شاڵاوی بۆ دێنێ و هەتا دووری نەخاتەوە لێی نابێتەوە. لە ناو زەیوزار، قەراغ ئاوگر و تەنکاوان دەبینرێ. هەر لەو شوێنانەش هێلانە دەکا.». بەڵام لە وەرگێڕانی ناوەکە لە گریکییەوە بۆ لاتینی و دواتر بۆ ئینگلی، ڕەنگە یەکنەگرتنەوە هەبێت. هەندێک بە «کەو» دایانناوە، گیفردیش ئاماژە بەم ناڕوونییە دەدات. وشەکەی

ئۆڤید *پێردیکس*-ە، کە دواتر بووە بە *پاتدریدج* واتە کەو. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ «نادروستی»ی ناوی باڵندە لە لاتینیی کۆندا. ئەو پەسنانەی ئۆڤید هەم کەویش دەگرنەوە، هەم زیقاوڵەش. **~ن.م.**

[585] **پاتەر، ئایت**: لاتینییە، واتە: «هاواری کرد: باوکە» ستیفن وێنای هاواری کاتی کەوتنەخوارەوەی ئیکارۆس دەکات لە باوکی. «لێوەکانی، کە دوایین جار هاواری لە باوکی دەکرد، لە نێو دەریا نیلییەکەدا نغرۆ بوو» (*داگۆڕانەکانی* ئۆڤید). لە (لۆقا ٢٣: ٤٦)، عیسا بەسەر خاچەکەوە هاوار لە باوکی دەکات: «عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: "باوکە، ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم." ئەمەی فەرموو و گیانی سپارد». لە ڤولگەیتی لاتینیی ئەم دەقەدا دەڵێت: et clamans voce magna Iesus ait Pater in manus tuas commendo spiritum meum et haec dicens exspiravit. **~گ.س.**

[586] **بەدەریاخوساو**: لە *ڤینوس و ئادۆنیس*دا ڤینوس پەسنی کەروێشکێک دەکات کە لە ڕاودا زۆر ماندوو بووە و دەڵێت: «پاشان ئەو بەدبەختە بەشەوێمخوساوە دەبینیت» (دێڕی ٧٠٣). **~گ.س.**

[587] **تل بووەوە**: لە پەڕتووکی یەکەمی *بەهەشتی لەدەستچووی* میڵتندا هاوەڵەکانی شەیتان دەکەون و بە جۆرێک باس دەکرێن کە لە نێو گێژەڵۆکە و دەریاچەیەکی ئاگردا یەکتر دەبیننەوە:

لەوێ هاوەڵەکانی کەوتنەکەی [شەیتان]
بە لافاو و گەردەلوولی ئاگری تاودەر تێکشکان و
ئەویش زوو ورد بووەوە و یەکێک تل بووەوە بۆ تەنیشتی،
یەکێک بوو لە هێز و تاواندا لە دوای ئەوەوە بوو،
کە زۆر دواتر لە فەلەستین بە بەعلزەبوب ناسرا.

(بەهەشتی لەدەستچوو ١: ٧٦-٨١ {خۆم وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

[588] **ئەو پاڵنەری... دەیاندۆزینەوە**: چیرۆکی سێ برایە کە دووانیان خراپ و بەدکارن و یەکێکیشیان چاکەکار و سەرکەوتووە، لە ئوستوورە و فۆلکلۆری ئایرییدا هەیە. **~گ.س.**

[589] **سێیەم برا... دەباتەوە**: یاکۆب گریم (١٧٨٥-١٨٦٣) و ڤیلهێلم گریم (١٧٨٦-١٨٥٩) دوو بران، چەندین چیرۆکی فۆلکلۆری و ئەفسانەیی سەدەکانی ناوەڕاستیان کۆ کردووەتەوە. پاڵنەری براکان لە چیرۆکەکانیاندا دەردەکەوێت، بەڵام لە *جوانکیلە نووستووەکە*دا دەرناکەوێت، کە میستەر بێست ئاماژەی پێ دەدات. **~گ.س.**

[590] **باشترینی برا بێستەکان**: ڕیچارد بێست برای نەبووە. ڕەنگە ئاماژەکە بە ئێدوین و جەی پاتەرسن بێست بێت: بێست و بێست، بە ناونیشانی ٢٤ی شەقامی فرێدریک، دووان بوون لە بەناوبانگترین پارێزەرە ئایرەکان. **~گ.س./ ~س.ت.م.٢**

[591] **شەلانە**: یان **شەلکە**: بە ئینگلی *stringhalt*، نەخۆشییەکی ئەسپە، وا دەکات پاشوویەکی، یان هەردوو پاشووی لە ڕۆیشتندا تەکان بدات. بە ئەسپە تووشبووەکە دەوترێت «نیوشەل». **~ن.م.**

[592] **بابە دینین**: بابە پاتریس ئێس دینن (١٨٦٠-١٩٣٤)، نووسەر و وەرگێڕ و ئیدیتەر و فیلۆلۆگیستێکی ئایریزمان بوو {زمانی وی ئایری بوو}. پەڕتووکی *وێژەی ئایری* (ئیدیتی جەستن مەککارثی، مۆریس ئیگن، دۆگلاس هاید [نیو یۆرک، ١٩٠٤] لا. ٤٠٢٥) بەم شێوەیە باسی دەکات: «پەرۆشترین نووسەری بزووتنەوەی گیلی بوو». تا ساڵی ١٩٠٤ چەندین ڕۆمان و شانۆنامەی ئایریی هۆنەری مۆدێرنی «کلاسیکی»ی ئایریی کۆ کردبووەوە، فەرهەنگێکی ئایری-ئینگلی دانابوو، لە وەرگێڕانی پەڕتووکی *مێژووی ئایرلاندی* جۆفری کیتینگ (بە نزیکی ١٥٧٠-١٦٤٤)یشدا بەشدار بوو. **~گ.س.**

پاتریک دینین لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٨٦٠ لە کارن لە ڕاثمۆر لە کاونتیی کەری لە ئایرلاند لە دایک بووە. لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا چووەتە کۆمەڵەی یەشووعییەکانی میلتاون پارک لە دەبلن. ساڵی ١٨٨٣ لە زانکۆی کۆلێجی دەبلن خوێندوویە، ئەو کاتە یەشووعییەکان ئەو زانکۆیەیان بە ڕێوە دەبرد و لای جیرارد مانلی هۆپکینس لاتینیی خوێندووە. ساڵی ١٨٩٤ مۆڵەتی قەشەیی پێ دراوە و لە قوتابخانەکانی یەشووعییەکانی مەنگرێت لە کاونتیی لیمەریک و کڵەنگەوز ود کۆلێج لە سالینز لە کاونتیی کیلدێر وانەی وتووەتەوە. ساڵی ١٩٠٠ گەورەکانی خۆی ڕێیان پێی داوە و کۆمەڵەی یەشووعییەکانی بە جێ هێشتووە و ژیانی تەرخانی لێکۆڵینەوەی ئایری کردووە و بە تەواوی بژێویی خۆی لەسەر نووسین بە ئایری پەیدا کردووە. پەیوەندی بە کۆمەڵەی گیلییەکانەوە کردووە و بووەتە هاوڕێی پاتریک پیەرس و خەیاڵکرد و درامایەکی بە ئایری نووسیوە. ئیدیتەری کاری چەندین نووسەری ئایر بووە. فەرهەنگێکی ئایری ئینگلیی داناوە و بەوە زۆر بەناوبانگ بووە. لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٣٤دا لە دەبلن کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گلاسنێڤن نێژراوە. **~ڤ.ئ.**

[593] **ئەو دوو خزمە ناوخاسانە**: *دوو خزمی خانەدان* (بە نزیکی ١٦١٣) شانۆنامەیەکە لە نووسینی جۆن فلێتچەر (١٥٧٩-١٦٢٥) «قوتابی»ی شێکسپیر بووە و «میراتگری فەرمی»ی

ئەو بووە لە شانۆگای گڵەوبدا. بە گشتی وا دانراوە شێکسپیر ڕۆڵی کەمی لە دانانی ئەم شانۆنامەیەی فلێتچەردا هەبووبێت. **~گ.س.**

[594] **کوا براکەت؟ هۆڵی دەرمانسازان:** ستانیسلاوس جۆیس نموونەی کەسێتیی مۆریس-ە لە *ستیفن پاڵەوان*دا (بەڵام لە *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*دا دەرهێنراوە)، کارگێڕی هۆڵی دەرمانسازان بوو بە ناونیشانی ٤٠ی شەقامی ماری، لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٠٤دا دەستی لە کار کێشایەوە. **~گ.س.**

[595] **هەسانەکەم... مەڵیگن:** «هەسان» وا دەکات وێنەی جەنگی زیرەکییەکان درێژ ببێتەوە. ئەم زنجیرەیەی ئێرە نمایشی زنجیرەی هاوەڵە ژیرەکانی ستیفن دەکات: کە یەکەمیان مۆریسە و لە *ستیفن پاڵەوان*دا بەم جۆرە پەسنی دەکات: «ئازایانە یارمەتیی ستیفنی براگەورەی داوە لە دروستکردنی زانستێکی تەواوی جوانیناسییدا... ستیفن پێی وا بوو مۆریس زۆر بەسوودە بۆ خستنەڕووی بەرهەڵستی». پاشان کرانلی ڕۆڵی گفتوگۆکەر لە مۆریس دەستێنێتەوە (پاری پێنجەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*)، دواتر ستیفن لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا گومانی خیانەت لەویش دەکات و دەبێت بە هاوڕێی مەڵیگن، کە ئێستا ئەویش کەوتووەتە ژێر گومانی ستیفنەوە. ستیفن یەکێک لە لیستەکەی دەپەڕێنێت، کە ئەویش لینچ-ی «هەسان»ەکەیەتی (بڕوانە پاری پێنجەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* و بەشی چواردەیەم و پازدەیەمی *ئولیس*). ئەم دێڕە بە وتەکەی سێلیا-ی *چۆنت پێ خۆشە* (١: ٢، ٥٤-٥٥) بەراورد بکە کە دەڵێت: «چون هەمیشە کولیی گێلەکان هەسانی زیرەکەکانە» {بە دەربڕینێکی تر: گەمژەیی گێلەکان هەمیشە هەسانی بیری زیرەکەکانە}. **~گ.س.**

[596] **دەنگەکەی عیسۆ... خواردنەوەیەک:** شا ڕیچاردی سێیەم کە لە ئەسپەکەی دەگلێت، سوپاکەیشی بە دەستی تیودەرەکان دەبەزێت، لەم تەنگانەیەدا هاوار دەکات: «ئەسپێک! ئەسپێک! شانشینەکەم بە ئەسپێک!» (ڕیچاردی سێیەم ٥: ٧، ١٣). پاشان ئەمە وابەستە بە عیسۆی کوڕە گەورەی ئیسحاقەوە، کە لە بەرانبەر «نان و نیسک»ێکدا نۆبەرەیەتیی خۆی بە یاقوبی برا بچووکی فرۆشت. (پەیدابوون ٢٥: ٢٧-٣٤) یاقوبیش بە هاوکاریی دایکی خۆی وەک عیسۆ لێ کرد و چووە بەردەم باوکە کوێرە پیرەکەی، تا بەرەکەتی ئەو وەربگرێت و ببێت بە پێغەمبەر، کە مافی عیسۆی نۆبەرە بوو. «یاقوبیش لە ئیسحاقی باوکی چووە پێشەوە، ئەویش دەستی لێدا و گوتی: "دەنگەکە دەنگی یاقوبە، بەڵام دەستەکان دەستی عیسۆن."» (پەیدابوون ٢٧: ٢٢). **~گ.س.**

پاش ئەوەی یاقوب پێغەمبەرایەتییەکە لە عیسۆ دەفڕێنێت، عیسۆ دەگەڕێتەوە لای باوکی: «عیسۆ کە قسەکانی باوکی بیست هاواری کرد، هاوارێکی بەرز و زۆر خەمبار، بە باوکی گوت: "باوکە، دە داوای بەرەکەت بۆ منیش بکە!"» (پەیدابوون ٢٧: ٢٢). **~ن.م.**

[597] **ئەو ناوانە... وەرگرتووە**: زانیاریی زۆربەی شانۆنامە مێژووییەکانی شێکسپیر (بە *مەکبێث* و *شا لییەر* و *سیمبێلین*-یشەوە) لە *ڕووداونامەکان* (١٥٨٧)ی ڕافاییل هۆڵینشێد-ەوە هێناونی، کە مێژووی ئینگلتەرا و سکۆتلاند و ئایرلاندە. **~گ.س.**

[598] **ڕیچارد... زۆڵی شاد**: لە شانۆنامەی *ڕیچاردی سێیەم*دا ڕیچاردی قەموور دوکی گلۆستەیە و برای ئێدواردی چوارەمە، وا پیشان دەدرێت بووەتە هۆی مردنی ئێدواردی شازادەی وێلز، کە مێردی خاتوو ئانە، هەروەها خەزووریشی، کە هێنریی شەشەمە. ئان لە پەردەی یەکەمدا وەک پێشڕەوی پرسەباران دوای تەرمەکەی هێنریی شەشەم کەوتووە، بەڵام گلۆستە ڕێی لێ دەگرێت، لە دیمەنێکی تەوسئامێزدا کە تیایدا هەڵگەڕانەوەی هەژێنەر ڕوو دەدات، «ڕقە ئێجگار زۆرەکەی نێو دڵی» هەڵدەگرێت و بەڵێن دەدات شووی پێ بکات، لە کۆتایی دیمەنەکەدا ڕیچارد خۆی دەدوێنێت و دەڵێت: «ئایا هەرگیز هیچ ژنێک لەم مەزاجەدا ساز کراوە؟ ئایا هەرگیز هیچ ژنێک لەم مەزاجەدا بە دەست هێنراوە؟» (١: ٢، ٢٢٨-٢٢٩). بێگومان ئان هەموو شتێک بووە «بێوەژنێکی شاد» نەبێت. شێکسپیر بە جۆرێک وێ دەردەخات کە لە پرسەبارییەکەیدا ڕاستگۆیە و لە ڕقی گلۆستەدا ژیانی لێ تاڵ بووە؛ بۆیە «هەڵگەڕانەوە»کەی کاردانەوەیە، نەک نابەرپرسیارێتیی نەریتییانەی بێوەژن. بۆ «ناو چیی تێدایە» (بڕوانە ٩: ٥٥٣). کوڕەقەحبە بە واتای زۆڵ دێت؛ بە خوازەییانەش واتە کەسێکی بەدکار. «بێوەژنە شادەکە» وەرگێڕراوی ئینگلیی ناونیشانی ئۆپێرایەکی شادە بە ناوی *Die lustige Witwe* (١٩٠٥)، فرانز لێهار (١٨٧٠-١٩٤٨) دایناوە، کە موزیکدانەرێکی هەنگارییە. بێوەژنەکە بە ڕاستی شادە و ئۆپێراکەش دوای یەکەم نمایشی لە جیهاندا دەنگی دایەوە و بوو بە ئۆپێرایەکی دڵخوازی خەڵک. **~گ.س.**

[599] **ڕیچاردی... داگیرکراو هاتووە**: یاریکردنێکە بەو سەربردەیەی نێوان شێکسپیر و ڕیچارد بۆربج (بڕوانە ٩: ٣٩٤). ڕیچاردی سێیەم بچووکی سێ برا بووە. برا ناوەنجییەکەی ناوی کلارنس بووە و بە فیتی ئەو کوژراوە، دوای مەرگی ئێدواردی چوارەمیش، کە برا گەورەکەی بووە، خۆی تەخت دەگرێتە دەست. ڕیچارد شێکسپیر-یش هەر «برای سێیەم» بووە (چون ستیفن گیڵبێرت-ی لابردووە)؛ ئان هاثەوەییش ویلیەم شێکسپیری داگیر کردووە. **~گ.س.**

[600] **چوار پەردەکەی... هەڵواسراون**: مەبەست لەوەیە کە تەقینەوەی بەدکاری و سەرچڵیی سەرەتای ڕیچاردی سێیەم لە پەردەی یەکەمدا (ئان ساز دەکات، کە بە خیانەتی ئەم بێوەژن بووە، براکەیشی دەکوژێت) ئەو بەدکارییانەی تری دەشارنەوە کە بە دوایاندا دەیانکات – کە نیمچەڕەخنەیەکی باوە لە شانۆنامەکە. **~گ.س.**

[601] **لە هەر هەموو... بێبەرییە**: ئەمەش ڕەخنەیەکی تری باوە. ئارگومێنتەکە ئەوەیە کە شێکسپیر *ڕیچاردی سێیەم* (و مەکبێث) نەبێت، دەنا زۆر بە دەگمەن پاشاکانی نێو شانۆنامە مێژووییەکانی لەهەڵەبەدەر پیشان دەدات و لە کرۆکدا بە چاوێکی هاوسۆزانەوە وێنەیان دەکێشێت. **~گ.س.**

[602] **فریشتەکەی جیهان**: لە شانۆنامەی *سیمبێلین*دا بێلاریوس لەگەڵ ئارڤیراگوس و گویدێریوس-ی کوڕانی سیمبێليندا لە بارەی ناشتنی کلۆتین-ەوە دەدوێت، کە کلۆتین زڕکوڕی سیمبێلینە و گەمژەیەکی بەدکارە، دەڵێت:

کوڕی شاژنێک بوو،
گەرچی بوو بە دوژمنمان، بەڵام لە یادتان بێت کە
باجی ئەوەی دا: گەرچی سەنگین و سووک
پێکەوە دەگەنن و یەک خاکیان دەبێت، بەڵام ڕێز،
ئەو فریشتەیەی جیهان، جیاوازیی
نێوان بەرز و نزم دەستنیشان دەکات. نەیارەکەمان پاشایی بوو،
گەرچی ئێوەیش ژیانتان لێی سەندەوە، بەوەی کە نەیارمان بوو،
بەڵام وەک شازادەیەک بینێژن.

(سیمبێلین ٤: ٢، ٢٤٤-٢٥١). **~گ.س.**

[603] **بۆچی لاگرێچنەکەی... کۆنترە**: **لاگرێچنە**: واتە گرێچنەی لاوەکی. بۆ *گرێچنە* (بڕوانە ١: ١). **~ن.م.**

شێکسپیر کە لە *ڕووداونامە*کەی هۆڵینشێددا چیرۆکی فەرمانڕەوایەتیی شا لییەری پێش مەسیحێتیی دۆزییەوە، لەگەڵ چیرۆکی دوکێکی ئابڕوومەنددا تێکەڵی کردووە کە هەڵدەخڵەتێنرێت بۆ ئەوەی نکۆڵی لە کوڕە سەرڕاستەکەی بکات لە پێناو کوڕێکی بەدکاردا کە تووشی بەدبەختی و کوێربوونی دەکات. شێکسپیر ئەو چیرۆکەی دووەمیانی لە پەڕتووکی *ئارکادیا* (١٥٩٠)ی سێر فیلیپ سیدنی-یەوە وەرگرتووە، پەڕتووکی دووەم، پاری ١٠: «باری نالەبار و چیرۆکی پاشا پافلاگۆنییە بێئەمەگەکە». براندێس (لا. ٤٥٣) و لی

(لا. ٢٤١) هەردووکیان ئاماژە بە سوپاسگوزاریی شێکسپیر دەدەن بۆ سیدنی، بەڵام تەنها براندێس ئاماژە بەوە دەدات کە چیرۆکەکەی لییەر «شەقڵێکی دیاری کەڵتیی پێوە دیارە» (لا. ٤٥٢). **~گ.س.**

**پافلاگۆنیا:** ناوچەیەکی دێرینی ناوەڕاستی باکووری ئەنادۆڵە، دەکەوێتە تورکیای ئەمڕۆوە. **~ن.م.**

[604] **لاوک:** بە ئینگلی *saga*، پێناسەی وشەی لاوک-ی کوردی لە *فەرهەنگی شێخانی*یەوە: «جۆرێکە لە مقامی کوردی کە داستانی قارەمانییەتی و خۆشەویستی و سەر و سەربردەی شەڕ و شۆڕ و کردەوەی ئازایەتی پیاوە بەناوبانگەکانی کوردەواری دەگێڕێتەوە، ئەو لاوکانەش شۆڕەسوارە بەناوبانگەکان و پیاوە ئازاکان هەڵدەبژێرن بەسەر ئەو ڕووداوانە گوتراون کە قارەمانەکان ناویان پێ دەرکردووە و ئازایەتییان تێدا نواندووە، لە خەیاڵەوەش هەرچی ڕەوشی پەسندی ئەو سەردەمی خۆی هەبووە داویانەتە پاڵی و ناوی لاوک لە قارەمانی ڕووداوەکەوە هاتووە، وەک لاوکی چەتۆ، مەمێ زەر، سوارۆ، میرزاغا، عەمێگۆزێ، شێخ مەحموود، و سمایلاغە». پێناسەی وشەی *ساگا* لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی وێژەییەوە: «جۆرە گێڕانەوەیەکی بێڕتووشی ئایسلاندی و سکەندیناڤیی سەدەکانی ناوەڕاستە، بە گشتی لە بارەی پاڵەوانی ناودار و پاشا و داگیرکاری و جەنگاوەرەوەیە.». **~ن.م.**

[605] **جۆرج مێرێدیث:** ڕۆماننووس و هۆنەرێکی ئینگل بووە (بڕوانە ٩: ٣٥٣). **~گ.س.**

[606] **کێ ڤوولێ... دەڵێت:** فەڕەنسییە، واتە: «چی دەخوازیت [کە یەکێک لە بارەیەوە بیکات]؟». بۆ موور (بڕوانە ٩: ١٨٤)؛ یەکێک لە کاریگەرییە لاوەکییەکانی سەردەمی پاریس لەسەر موور ئەوە بووە کە وشەی فەڕەنسیی زۆر خستووەتە نێو گفتوگۆکانیەوە. **~گ.س.**

[607] **بۆهیمیا دەخاتە سەر کەناردەریا:** ئەمە هەڵەیەکە لە شانۆنامەی *سەربردەکەی زستان*ەوە هاتووە، زۆر جار مشتومڕی لەسەر کراوە. وا دیارە شێکسپیر لە *پاندۆستۆ* (١٥٨٨)ی ڕۆبێرت گرین-ەوە هێنابێتی، کە گرێچنەی شانۆنامەکە لەسەر ئەم نامیلکەیەی ئەو بەندە. **~گ.س.**

هەڵەکە ئەوەیە کە شێکسپیر سنووری جوگرافیی بۆهیمیای گەیاندووەتە سەر کەناری دەریا، کە وا نییە. **~ن.م.**

[608] **وا لە ئولیس... بڵێتەوە:** ئەمەش یەکێکی ترە لە ناکۆککاتەکانی شێکسپر، بەڵام ئێکتۆر-ە نەک ئولیس کە لە *ترۆیلۆس و کرێسید*ادا (٢: ٢، ١٦٦) گوتەی ئەریستۆتێلیسی

هێناوەتەوە. نوکتەکە ئەوەیە کە ئەریستۆتێلیس چەند سەدەیەک دوای جەنگی ترۆیا ژیاوە، کە گرێچنەی گوماناویی شانۆنامەکەیە. **~گ.س.**

609 **هەمیشە لەگەڵیدا... لەگەڵی نەبووە**: لە وتەیەکی عیساوە هێنراوە کە لە سێ *ئینجیل*دا هاتووە: «هەژاران هەمیشە لەگەڵتانن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم.» (مەتا ٢٦: ١١)؛ «هەژاران هەمیشە لەگەڵتانن، کەی ویستتان دەتوانن چاکەیان لەگەڵ بکەن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم.» (مەرقۆس ١٤: ٧)؛ «چونکە هەژاران هەمیشە لەگەڵتانن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم.» (یۆحەنا ١٢: ٨). **~گ.س.**

610 **نۆتەی تاراندن... نوقم دەکات**: قورسە بزانین کەی *دوو خانەدانەکەی ڤێرۆنا* نووسراوە، بەڵام بە یەکێک لە کارەکانی سەرەتای شێکسپیر دانراوە کە پێش ١٥٩٨ نووسرابێت و نمایش کرابێت. لە ڕاستیدا بەشێکی گرێچنەی شانۆنامەکە پشت بە تاراندنی ڤالێنتین دەبەستێت کە یەکێک بووە لە دوو خانەدانەکە و سیلڤیا-ی کچی دوکی میلانی خۆش ویستووە و باوکی سیلڤیاش ڤالێنتین دەتارێنێت. بە گشتی وا دادەنرێت *زریانەکە* دوایین شانۆنامەی شێکسپیر بووبێت، لەویشدا تاراندن هەیە کە پرۆسپێرۆ-ی دوکی ڕەوای میلان بە دەستی ئەنتۆنیۆ-ی برای خۆی دەتارێنرێت. جادووە سپییەکەی پرۆسپێرۆ دوورگەی تاراوگەکەی دەگۆڕێت بە دیمەنی سزایەکی داشۆرین و سووتانی ئەنتۆنیۆ و ئەلۆنسۆ-ی پاشای ناپۆلی کە دەستی لە تاراندنی پرۆسپێرۆدا هەبووە. لە کۆتاییدا پرۆسپێرۆ لەگەڵ ئەلۆنسۆی نوێبووەوەدا ئاشت دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ دوکنشینەکەی خۆی. لە کۆتاییدا دەست لە جادووەکەی هەڵدەگرێت:

گاڵۆکەکەم دەشکێنم،
چەند قەدێک لە نێو زەویدا دەینێژم،
پەڕتووکەکەشم قووڵتر لە هەر لەنگەرێک
نوقم دەکەم.

(زریانەکە ٥: ١، ٥٤-٥٧). **~گ.س.**

611 **پرۆتاسیس، ئێپیتاسیس، کاتاستاسیس، کاتاسترۆف**: زاراوەی ڕەخنەیین، ئاماژە بە شوێنی جیاجیای شانۆ دەدەن بە گوێرەی ئەوەی قوتابخانەی ئەلێکساندریا (چاندێکی گریکی بوو دوای کەوتنی ئەسینا لە ئەلێکساندریا بڵاو بووەوە و تا سەردەمی ڕۆم درێژەی کێشا) دایمەزراندبوو. *پرۆتاسیس*: دێڕەکانی سەرەتای درامایە کە تیایدا کەسێتییەکان دەناسێنرێن و مژارە سەرەکییەکە ڕوون دەکرێتەوە؛ *ئێپیتاسیس*: ئەو بەشەی درامایە کە کردە

سەرەکییەکە پەرەی پێ دەدرێت؛ *کاتاستاسیس*: هەڵچوون و لووتکەی کردەکانن، کە بە دوایدا *کاتاستڕۆف* دێت، کە دوایین ڕووداوی درامایە، وەک مەرگی تراژیدی، یان هاوسەرگیرییەک لە کۆمیدیادا. **~گ.س.**

[612] **کاتێک سوزانی... تۆمەتبار دەکرێت**: لی (لا. ٢٦٦-٢٦٧) تاکە سەرچاوەی ستیفنە کە ئاماژە بەم ڕووداوە دەدات. سوزانا شووی بە دکتۆر جۆن هۆڵ کردووە «خاتوو هۆڵ بە هاوکاریی باوکی لە ١٥ی تەمموزی ١٦١٣دا ویستی لە دادگای کڵێسای وۆڕستە بە تۆمەتی نەگە (بوختان) داوایەک لەسەر لەین ناوێک تۆمار بکات؛ وا دیارە تۆمەتبارەکە تۆمەتی ئەوەی خستووەتە پاڵ خاتوونەکە کە پەیوەندیی ناشەرعیی ڕاڵف سمیث ناوێکدا هەبووە، بەڵام دەرنەکەوت و بێبەری کرا». **~گ.س.**

[613] **بەڵام گوناهە... ماینووثمانن**: ناوەندی دینیی ئایرلاند لە کۆلێجی سانت پاتریک بوو لە شارۆچکەی ماینووث، پازدە میل لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوەندی دەبلنەوە دوورە. ئەوەی ستیفن دەیڵێت گوتەیەکی *کاتەکیزمی ماینووث*-ە (دەبلن، ١٨٨٢)، وانەی ٦ «لە بارەی گوناهی ماکەوە». **~گ.س.**

دەقی پرسیار و وەڵامەکەی نێو سەرچاوەکە بەم جۆرەیە:

پ/ چ کاریگەرییەکی دیاریکراوی تر لە گوناهەکەی یەکەم دایک و باوکمانەوە دێت؟

و/ بە گوناهەکەی یەکەم دایک و باوکمان تەواوی سرووشتمان گەندەڵ بووە، تێگەیشتنمانی تاریک کردووە، ویستمانی لاواز کردووە، ئارەزووێکی بەتینی بۆ نەگریسی تێماندا بە جێ هێشتووە. **~ن.م.**

[614] **گوناهێکی ماک... گوناهی کردووە**: لە کاتەکیزمی ماینووثەوە (وانەی ٦، لا. ١٤): پ/ لە ئەنجامی ناگوێڕایەڵیی یەکەم دایک و باوکمانەوە چ نەگریسییەک بە سەرماندا کەوت؟ و/ هەمووومان وامان لێ هات بەشدار بین لە گوناه و سزای یەکەم دایک و باوکمان، هەر وەک چۆن هەمووومان لە بێتاوانی و دڵخۆشیشیاندا بەشمان بەردەکەوێت. هەر وەک چۆن دەبێت هەمووومان گوێڕایەڵی خودا بین (ڕۆما ٥: ١٢): «لەبەر ئەمە، چۆن لە ڕێگەی مرۆڤێکەوە گوناه هاتە جیهان، لە ڕێگەی گوناهیشەوە مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد.». **~گ.س.**

[615] **ئەوە لە نێوان... نووسراوەکانیدایە**: ئاماژەیە بەوەی کە سەرەتا لە دواسپاردەکەی شێکسپیردا ئان هاتەوەی پشتگوێ خرابوو، دواتر خرابووە نێوان دێڕەکانەوە (بڕوانە ٩: ٤٣٤). **~گ.س.**

[616] **لەسەر کێلی... نەنێژرێت**: ئەو دێڕانەی لەسەر کێلی شێکسپیر نووسراوە بەم جۆرەیە:

هاوڕێی باش، بۆ ڕێی عیسا، مەهێڵە
ئەو خۆڵەی نێو ئێرە هەڵبکەنرێتەوە.
ڕێژەن لەو کەسەی لەم بەردانە دەگەڕێت،
نەفرەت لەو کەسەی ئێسکەکانم دەجووڵێنێت.

هاریس (لا. ٣٦٢) پێی وایە «شێکسپیر ئەم دێڕانەی نووسیوە بۆ ئەوەی ڕێ لە ژنەکەی بگرێت لەگەڵیدا بنێژرێت» (کە بە ڕێکەوت لەگەڵیدا نەنێژرا). «چوارپەل» {کە بە کوردیش واتاکەی نزیکە} دەربڕینێکی ئایرییە، واتە چوار بەشە سەرەکییەکەی لەشی مرۆڤ: سنگ و سک، سەر، دەستەکان، قاچەکان؛ بە دەربڕینێکی تر: تەواوی لەش. **~گ.س.**

[617] **تەمەن نەیڕاکاندووە... بێکۆتادایە**: ئینۆباربوس پەسنی کلیۆپاترا هەڵدەدات و دەڵێت:

تەمەن ناتوانێت وێ بڕاکێنێت، نەریتیش
ناتوانێت گۆڕانە بێکۆتاکانی ڕەق بکات.

(ئەنتۆنیوس و کلیۆپاترا ٢: ٢، ٢٤٠-٢٤١). **~گ.س.**

[618] **لە هەراوزەنای... بە پێوانەدا**: وا دیارە ئەوەی تەمەن «نەیڕاکاندووە» «تاوانێکی ماکە... کە یەکێک کردوویە، کە ئەویش هەر گوناهی کردووە» کلاودیۆ لە *هەراوزەنای زۆر لەسەر هیچ*دا یەکێکە لە پاڵەوانەکان، نیوبرا بەدکارەکەی دوکی ئاراگۆن بەوە هەڵیدەخڵەتێنێت کە هێرۆ-ی دەستگیرانی لە شەوی هاوسەرگیرییەکەیاندا دڵسۆزی وی نەبووە؛ لە ئاکامدا (بە تاراندنی خودی هێرۆ) گومان و سەرگەردانی دێنە پێش و شانۆنامەکە بەرەو لێواری تراژیدیا دەبەن، دواتر دەبێتەوە بە کۆمیدیا. لە *چۆنت پێ خۆشە*دا (پێش دەستپێکی شانۆنامەکە) فرێدریک-ی برای دوک دەستی بەسەر فەرمانڕەوایەتییەکانی دوکدا گرتووە و دەیتارێنێت؛ پاشان ڕۆزالیند-ی کچی دوک (١: ٣) بە دەستی مامی دەتارێنرێت؛ لە پەردەی دووەمدا ئۆرلاندۆ، کە پاڵەوانێکی گەنجە، ئیرەیی براکەی دەورووژێنێت و ناچار دەبێت هەڵبێت بۆ تاراوگە. بۆ *زریانەکە* (بڕوانە ٩: ٦١٠). لە *هاملێت*دا کوشتنی پاشا هاملێتە بە دەستی کلاودیۆسی برای و داگیرکردنی تەختی فەرمانڕەوایی و ژنەکەی، کە کاریگەریی زۆر لەسەر هاملێتی گەنج و جیهان دادەنێت. لە *پێوانە بە پێوانە*دا «گوناهە ماک»ە ناوەندییەکە لادانی ویژدان و خاکێتیی ئەنجێلۆ-ی جێنشینی دوکی ڤیەننایە. کاتێک ئەنجێلۆ سزای مەرگ بەسەر کلاودیۆدا دەدات، ئیزابێلای خوشکی کلاودیۆ دێتە نێوانیان و بۆ براکەی دەپاڕێتەوە، بەڵام ئەنجێلۆ ئارەزوو لە ئیزابێلا دەکات لەگەڵی جووت بێت. دواتر

ئەنجێلۆ سەودایەکی لەگەڵدا دەکات، ئەویش ئەوەیە ئیزابێلا لە بەرانبەر ژیانی کلاودیۆدا «ئابروو»ی خۆیی پێ بدات. ئەو وێرانییەی دەشێت لەم دووڕییانەوە ڕوو بدات تا ڕادەیەک بە ڕێکەوت و کۆمیدیای «ڕەش» چارە دەبێت. **~گ.س.**

619 **هەموو شتێکە**: ئەمە لەرەلەری ئەو وتەیەی هاملێتی تێدایە کە لە بارەی باوکیەوە دەڵێت: «پیاو بوو، لە هەموو شتێکدا؛ هاوشێوەی نابینمەوە.» (١: ٢، ١٨٧-١٨٨). کە ستیفن دەستەواژەکەی ئێگلنتن دووبارە دەکاتەوە ئەوەمان نیشان دەدات کە شێکسپیر خودای دروستکراوەکانی خۆیەتی، یان سەهویری پیرۆزە (بڕوانە ١٥: #). **~گ.س.**

620 **لە سیمبێلین... ژنگایراوە**: بەدگومانیی ئیرەبەرانەی ئێجگار زۆر لە هەردوو شانۆنامەکەدا هەیە: بەدگومانیی بکوژی ئۆتێللۆ لە دێزدەمۆنا لە شانۆنامەی *ئۆتێللۆ*دا و بەدگومانیی پۆستهوموس لیۆناتوس لە ئیمۆجین لە شانۆنامەی *سیمبێلین*دا، کە لە کۆتاییدا دەڕەوێتەوە. لە هەردوو بارەکەدا «گەواد» (گەواد کەسێکە ژن بۆ مەبەستی خراپ بە کار دەهێنێت) ئەو بەدگومانییانە لەسەر ئەو ژنانە دروست دەکات، کە لە *ئۆتێللۆ*دا یاگۆ-یە و لە *سیمبێلین*دا یاکیمۆ-یە. **~گ.س.**

621 **وەک خۆسێ... دەکوژێت**: ئەوەی بە «نموونەیی» وەرمگێڕاوە وشەی ئایدیال-ە. **~ن.م.** دۆن خۆسێ پاڵەوانی ئۆپێرای *کارمێن*-ی (١٨٥٧)ی ژۆرژ بیزێ-یە (١٨٣٨-١٨٧٥)، دەکەوێتە ئەوینی کارمێن-ی قەرەجەوە، بەڵام کە کارمێن لێی دوور دەکەوێتەوە و دەکەوێتە ئەوینی ئێسکامیلۆ-ی گابازەوە، خۆسێ لە ئیرەییدا کارمێن دەکوژێت. **~گ.س.**

622 **یاگۆ قۆچلێڕواوەکەیە**: قۆچلێڕواو کەسێکە ئیرەیی زۆر بە ژنەکەی ببات. خۆی دەبوو ئۆتێللۆ بە قۆچلێڕواو پەسن کرابا، بەڵام یاگۆش هەر بەربژێریکە بە نەخۆشییەکە، چون بێ هیچ بەڵگەیەک بەدگومانی هەم لە ئۆتێللۆ دەبات، هەم لەوەی کە کاسیۆ لەگەڵ ژنەکەی ویدا جووت بووە. **~گ.س.**

623 **مەغریبییەکەی ناو وی**: واتە ئۆتێللۆکەی ناخی. گەرچی ئۆتێللۆ لە بەرانبەر ئەو بەدگومانییە تراژیدییەی بەسەریدا دێت لە پیاوەتی دەکەوێت، بەڵام یاگۆ بەم چەشنە پەسنی هەڵدەدات: «خاوەن سرووشتێکی خۆشەویست و ناوخاسی هەمیشەییە». (٢: ١، ٢٩٨). **~گ.س.**

624 **کوکوو!... ترسناک**: ئەم وشەیە لە دەقە ماکەکەدا *Cuckoo*ە، کە نزیکە لە *cuck* بە واتای قووقەی کەڵەشێر، هەروەها نزیکیشە لە وشەی *cuckold* بە واتای ژنگایراو. بۆیە

زیاتر لە واتایەک دەگەیەنێت، جگە لەوەی ئاماژەشە بە دەقێکی شێکسپیر، کە ئەوەیان لە ڕاڤەکەی گیفردا دەخوێنیتەوە. **~ن.م.**

وەک *کوک cuck* کرداره، واته قووقەی کەڵەشێر. مەڵیگن ئەم دەقە لە گۆرانییەکی نێو شانۆنامەی *ڕەنجی بەباچووی ئەوینی* شێکسپیرەوە دەهێنێت (٥: ٢، ٩٠٤-٩٢١)، کە دەڵێت:

جا کەڵەشێر لەسەر هەر درەختێک
گاڵتە بە پیاوی ژندار دەکات و وا دەبێژێت:
کوکوو!
کوکوو، کوکوو! ئەی وشەی ترسناک،
بۆ گوێی هاوسەردار ناخۆشە.

*کوکوو* نزیکیشە لە *کەکۆڵد cuckold*، بە واتای کەسێکی ژنگایراو. **~گ.س.**

[625] **دەنگی دایەوە**: ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا بە کار هاتووە وشەی ***reverbed***ە، کە شێکسپیر جارێک بە کاری هێناوە (شا لییەر ١: ١، ١٥٤-١٥٦). **~ن.م.**

[626] **دووما فی... ئافراندووە**: {دووما *فی* واتە دووما-ی کوڕ، دووما پێغ واتە دووما-ی باوک} دووەمیان ڕاستە، واتە دووما-ی باوکە؛ ئەلێکساندەر دووما (١٨٠٢-١٨٧٠) لە وتارێکدا بە ناونیشانی «چۆن بوومە شانۆنامەنووس» دەڵێت: «بۆم دەرکەوت کە تەنها کارەکانی شێکسپیر بە هێندەی هەموو شانۆنامەنووسێکی تر جۆراوجۆریی تێدایە. لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت کە ئەو تاکە کەسە کە دوای خودا زۆرترینی ئافراندووە». **~گ.س.**

[627] **نە پیاو... نە ژنیش**: هاملێت باس لە خەمەکانی دەکات بۆ ڕۆزێنکرانتز و گیڵدنستێرن و دەڵێت: «پیاو دڵخۆشم ناکات؛ نەخێر ژنیش نا، گەرچی لەوە دەچێت بە بزەتان پێم بڵێن دەیکات.» (هاملێت ٢: ٢، ٣٢١-٣٢٢ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[628] **بە کوڕێنی و پیاوێنی**: گۆڕهەڵکەنی یەکەم لە شانۆنامەی *هاملێت*دا دەڵێت: «بە درێژایی تەمەنی کوڕێنی و پیاوێنیم لێرە سی ساڵە جانکوشم.» (هاملێت ٥: ١، ١٦١-١٦٢ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[629] **ڕێی ژیانی کۆتایی هات**: لە دەقە ماکەکەدا دەڵێت «گەشتی ژیانی»، بەڵام لەبەر ئەوەی تیلنیشانە بە وەرگێڕانی ئینگلیی دێڕی یەکەمی *دۆزەخ*ی دانتێ، کە بە کوردییەکەی دەبێت بە «ڕێی ژیانی»، بۆیە ڕێم بە خۆم دا لەگەڵ وەرگێڕانە کوردییەکەدا بیگونجێنم (بڕوانە ٩: ٥١٥). **~ن.م.**

[630] **دارشاتووەکەی لە زەویدا دەچێنێت**: براندێس (لا. ٦٨١) و لی (لا. ١٩٤) دەڵێن (جێی گومانە؟) شێکسپیر دارشاتوویێکی لە باخەکەی خۆی لە نیو پلەیس چاندووە. **~گ.س.**
[631] **کۆتایی بە جووڵەکە هات**: جولیێت کە بە هەڵە باوەڕ دەکات ڕۆمیۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ تیبالت-دا کوژرابێت، دەڵێت:

ئای، ئەی دڵ، بشکێ! ئەی نابووتی هەژار، خێرا بشکێ!
ئەی چاوان بۆ زیندان، هەرگیز لە ئازادی نەڕواننەوە.
ئەی خاکی پیس، بۆ خاک بگەڕێوە. کۆتایی بە جووڵەی ئێرە بهێنە،
تۆ و ڕۆمیۆ لە دوودارەیەکدا ڕابکشێ

(ڕۆمیۆ و جولیێت ٣: ٢، ٥٧-٦٠). **~گ.س.**
[632] **هاملێتی پێغ و هاملێتی فی**: فەڕەنسین: *فی*: کوڕ؛ *پێغ*: باوک. لە *فی* و *پێغ*ەکەی دووما-وە هاتوون (بڕوانە ٩: ٦٢٦). **~گ.س.**
[633] **هەموو دڵە... بگێڕن**: سەرچاوەکەی نەزانراوە. **~گ.س.**
[634] **بەهات... پاداشت دەکرێت**: لە کۆتایی *زریانەکە*دا پڕۆسپێرۆ دەگەڕێنرێتەوە بۆ دوکنشینەکەی خۆی و هەموو شت بە ئەرێیی تەواو دەبێت. بەڵام ستیفن لەسەر ئەو نەریتە یاری دەکات کە شێکسپیری شانۆنامەنووسی جادووگەر لەگەڵ پڕۆسپێرۆی جادووگەردا یەکسان دەکات، چون هەردووکیان فێڵی درامی دەکەن. بۆیە زۆر جار دواوتەی پڕۆسپێرۆ (کە لە ٩: ٦١٠ دا ئاماژەی پێ دراوە) وەک ماڵئاوایی شێکسپیر لە بینەر و خوێنەرانی دانراوە. **~گ.س.**
[635] **لیزی... باپیرە**: ئەلیزابێث هۆڵ کچەزا گەورەکەی شێکسپیرە و ساڵی ١٦٠٨ لە دایک بووە. بۆ «کڵۆی خۆشەویستی» بڕوانە ئەڵقەی سێیەم {لە نێوان ڕاڤەی ٧٣ و ٧٤دا}. **~گ.س.**
[636] **خاڵە ڕیچی**: تەنها برای شێکسپیر نییە کە ساڵی ١٦١٣ مردووە (بڕوانە ٣: ٦٧). **~گ.س.** وشەی *ئەنکڵ uncle* لە ئینگلیدا هەم واتە *خاڵ*، هەم واتە *مام*. گەرچی ڕیچاردی برای شێکسپیر دەبێتە مامی منداڵەکانی شێکسپیر، بەڵام ڕیچاردی برای دایکی ستیفن دەبێتە خاڵی ستیفن؛ ئەمە لە وەرگێڕاندا ون دەبێت. **~ن.م.**
[637] **بۆ ئەو جێیەی... دەچن**: ئەمە لە کۆڕی گۆرانیی *مامە نێد*-ی پیرەوە هێنراوە لە دانانی ستیفن فۆستەر (١٨٢٦-١٨٦٤)، دەڵێت:

دەی بێڵ و پاچتان دانێن

کەمانچەتان هەڵبڕن
نێدی پیری داماو چیتر کار ناکات
چوو بۆ ئەو جێیەی پیاوە باشەکان بۆی دەچن.

لە گۆڕاوێکی تریدا دەڵێت:

نێدی پیری داماو چیتر بێگاری ناکات
چوو بۆ ئەو جێیەی قولەکان [قولەڕەشە] باشەکان بۆی دەچن. **~گ.س.**

[638] **پەردەیەکی بەهێز:** ئەم دەربڕینە لە نەریتی«شانۆی باشنووسراو»دا واتە پەردەیەک یان دیمەنێک لە شەبەیخوونێکدا (هەژەند، *سەرپرایز*) کۆتایی دێت و ئاوهاش دڵەڕاوکەیەک بۆ دیمەنی داهاتوو دروست دەکات. **~گ.س.**

[639] **مایتەرلینک... یەهوزای دەبەن:** مۆریس مایتەرلینک (١٨٦٢-١٩٤٩) درامانووس و هۆنەرێکی هێماگەری بەلجیکی بوو، لە پەڕتووکی *دانایی و چارەنووس*-دا (*لا ساژێ ئێ لا دێستینێ La sagesse et la destinée*) (پاریس، ١٨٩٩) دەڵێت: «با هەرگیز لە یادی نەکەین کە هیچ شتێکمان لێ ڕوو نادات ئەگەر لە هەمان سرووشتی خۆمان نەبێت... ئەگەر یەهوزای ئەسخەریوتی ئەم ئێوارەیە بچێتە دەرەوە، بەرەو یەهوزا دەچێت و هەلی خیانەتی بۆ دەڕەخسێت؛ بەڵام ئەگەر سۆکراتیس دەرگاکەی بکاتەوە، سۆکراتیس دەبینێت کە لە بەردەرگاکەیدا نووستووە، هەلی ئەوەی دەبێت ببێت بە دانا». **~گ.س.**

[640] **ئەو شانۆنووسەی... دوو ڕۆژ دواتر):** (بڕوانە ٩: ٦٢٦). پەڕتووکی *پەیدابوونی تەورات* لە گێڕانەوەی بەدیهێنانی گەردووندا ئاماژە بەوە دەدات کە خودا لە یەکەم ڕۆژدا ڕووناکیی بە دی هێناوە، بەڵام خۆر و مانگی لە ڕۆژی چوارەمدا بە دی هێناوە. **~گ.س.**

**ئەمە دەقی سەرچاوەکەیە:**

> لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا. زەویش بێ شێوە و بەتاڵ بوو، تاریکیش لەسەر ڕووی قووڵاییەکان بوو. ڕۆحی خوداش لەسەر ڕووی ئاوەکان دەجوڵایەوە. خودا فەرمووی: «با ڕووناکی ببێت.» ئینجا ڕووناکی بوو. خوداش بینی کە ڕووناکییەکە باش بوو. ئیتر خودا ڕووناکییەکەی لە تاریکی جیا کردەوە. خودا ڕووناکییەکەی ناونا «ڕۆژ» و تاریکییەکەی ناونا «شەو.» ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی یەکەم بوو. خودا فەرمووی: «با بۆشاییەک لەنێوان ئاوەکاندا ببێت، بۆ جیابوونەوەی ئاو لە ئاو.» خودا بۆشاییەکەی دروستکرد و ئاوەکەی ژێر بۆشاییەکەی لە ئاوەکەی سەر بۆشاییە کراوەکە جیا کردەوە. جا ئاوا بوو. خودا

بۆشاییەکەی ناونا «ئاسمان.» جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی دووەم بوو. خودا فەرمووی: «با ئاوەکانی ژێر ئاسمان لە یەک شوێن کۆببنەوە و وشکانی دەربکەوێت.» جا ئاوا بوو. خودا وشکانییەکەی ناونا «زەوی». ئاوە کۆبووەوەکەشی ناونا «دەریا». خوداش بینی کە ئەمە باش بوو. ئینجا خودا فەرمووی: «با زەوی سەوزایی بدات: ڕووەکی تۆودار و داری بەردار لەسەر زەوی، ئەوەی تۆوەکەی لەناو خۆیەتی، لە جۆری خۆی.» جا ئاوا بوو. زەوی سەوزایی دا: ڕووەکی تۆودار لە جۆری خۆی و دار کە بەر دروستبکات و تۆوەکەی تێدابێت لە جۆری خۆی. خوداش بینی کە ئەمە باش بوو. جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی سێیەم بوو. ئینجا خودا فەرمووی: «با لە بۆشایی ئاسماندا ڕووناکییەکان هەبێت بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ لە شەو، هەروەها بۆ نیشانکردنی وەرز و ڕۆژ و ساڵ. با ڕووناکییەکان لە بۆشایی ئاسماندا بن، تاکو سەر زەوی ڕووناک بکەنەوە.» جا ئاوا بوو. هەروەها خودا دوو ڕووناکییە مەزنەکەی دروستکرد، ڕووناکییە گەورەکەیان بۆ فەرمانڕەوایەتی ڕۆژ، ڕووناکییە بچووکەکەشیان بۆ فەرمانڕەوایەتی شەو، هەروەها ئەستێرەکانیش. خودا لە بۆشایی ئاسماندا بۆ ڕووناککردنەوەی سەر زەوی داینان، بۆ فەرمانڕەوایەتی ڕۆژ و شەو و جیاکردنەوەی ڕووناکی لە تاریکی. خوداش بینی کە ئەمە باش بوو. جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی چوارەم بوو. (پەیدابوون ١: ١-١٩)

641 **دیۆ بۆیا**: ئیتالییە، واتە: «خودای میرغەزەب»؛ بە خوازەییانە واتە خودایەکی دڵڕەق (یان خودای تووڕەیی)، دەربڕینێکی ڕۆمیی باو بوو بۆ ئەو هێزەی هیوا و چارەنووسی مرۆڤ تێکدەدات. **~گ.س.**

642 **لە ئابووریی... بە ژنی خۆی**: دوو تیلنیشان گرێ دەدات، یەکێکیان بە *هاملێت* و ئەوی تریان بە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*. هاملێت بە ئۆفیلیا دەڵێت: «بە پێی پێویست لە بارەی ڕەنگکارییەکانیشتان شتم بیستووە. خوا ڕوخسارێکی پێتان بەخشیوە و ئێوە دانەیەکی تر بۆ خۆتان دروست دەکەن. ئێوە سێجرتەکی دەکەن، پێ دەخشێنن، پستەپست دەکەن، ناتۆرە لە بوونەوەرەکانی خوا دەدەن و وای دەردەخەن بەئاڵۆشیتان لە ساویلکەییتانەوەیە. دە لاچۆ، هیچی ترم نییە لەو بارەوە؛ ئەمە شێتی کردووم. دەڵێم هیچ هاوسەرگیرییەکی ترمان نابێت. ئەوانەی ئێستا هاوژینن، تەنیا یەکێکیان دەمێنێتەوە، ئەوانی تر وەک خۆیان دەمێننەوە. برۆ بۆ ڕەبەنگا» (هاملێت ٣: ١، ١٥٣-١٥٧ {وەرگێڕانی

من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). لە *مزگێنی بە پێی نووسینی مەتا*دا سەدوقییەکان «کە بڕوایان بە زیندووبوونەوەی دوای مردن نییە» (٢٢: ٢٣)، هەوڵ دەدەن تەڵە بۆ عیسا بنێنەوە بەوەی لێی دەپرسن گەر ژنێک حەوت مێردی هەبێت، کامیان لە دوای هەڵستانەوەی دوای مەرگەوە دەبێتەوە بە مێردی؟ عیسا دەڵێت: «لە هەستانەوەدا خەڵکی نە ژن دەهێنن و نە مێرد دەکەن، بەڵکو وەک فریشتە لە ئاسمان دەبن» (٢٢: ٣٠). **~گ.س.**

643 **ئێڤریکا! ئێڤریکا!**: گریکییە، واتە: «دۆزیمەوە!» ئەوەیە کە گوایە ئەرخەمیدس وتوویەتی ئەو کاتەی لە نێو بانیۆکەیدا پاڵکەوتووە و نهێنیی دەستنیشانکردنی هێزی کێشکردنی دیاریکراو-ی دۆزیوەتەوە. **~گ.س.**

644 **خودا لەگەڵ مەلاخیدا دووا**: درکەیەکە بە (مەلاخی ١: ١) کە دەڵێت: «ئەمە فەرمایشتی یەزدانە بە سروش بۆ ئیسرائیل لەسەر زاری مەلاخی». **~گ.س.**

645 **ئەوانی تر وەک خۆیان دەمێننەوە**: (بڕوانە ٩: ٦٤٢). **~گ.س.**

646 **بەکالۆریۆس لە هونەردا**: لێرەدا ڕەگەزدۆزییەک لەسەر وشەی «بەکالۆریۆس» هەیە کە بە واتایەکی تر بە کاری هێناوە، ئەویش سەڵت-ە: بە واتاکەی تر وای لێ دێت: «سەڵت لە هونەردا»، بەڵام وەرناگێڕرێت. **~ن.م.**

647 **هەریەکەیان... پەنجەوردبوونەوە دەکات**: واتە پشکنینی ورد دەکەن بۆ ئەوەی بزانن ئایا بە شانۆنامەیەکی دژەژنانە دابنرێت یان نا. ئەم ئاماژەیە بیری ئەو هێرشەی سوینبۆرنیشمان دەخاتەوە بۆ سەر فرێدریک جەی فۆرنیڤاڵ (١٨٢٥-١٩١٠) و کۆمەڵەی نوێی شێکسپیر-ەکەی (١٨٧٤): «کێشباز، ڕاڤەباز، پەنجەژمێر، وشکەمامۆستا، شێوەوەشێن» (سێ قۆناغی شێکسپیر، *فۆرتنایتلی ڕیڤیو* ٢٤ [١٨٧٥]: ٦١٥). **~گ.س.**

648 **سێگۆشەیەکی فەڕەنسی**: پەیوەندیی نێوان سێ کەس کە لە داوێنپیسیدا بەشدارن: مێرد و ژن و دۆست. **~گ.س.**

649 **ئایا خۆت بڕوات... نەخێر**: (بڕوانە ٩: ١٤٥). **~گ.س.**

650 **وەک گفتوگۆ... نووسیونی**: دوو وتار لە چوار وتارەکەی *نیازەکان* (لەندەن، ١٨٩١)ی ئۆسکار وایلد «پووکانەوەی درۆ» و «ڕەخنەگر وەک هونەرمەند» بە شێوەی گفتوگۆ (دیالۆگ) دارێژراون. *وێنەکەی میستەر دەبلیو ئێچ* (بڕوانە ٩: ٣٤٢) بە شێوەی پەخشان و گێڕانەوە نووسراوە کە گفتوگۆیەک دەگێڕێتەوە، ئەمیان لێکۆڵینەوەیەکی مامکییانەی وایلدە لە بارەی شێکسپیری نێو سۆنێتەکانەوە. وایلد توانستی گفتوگۆکە بە شێوەی

هەڵگەڕانەوەی مامکی و زیرەکانە بە کار دەهێنێت، بەڵام گفتوگۆکانی تەنها بە شێوەیەکی زۆر ڕووکەشانە وەک «گفتوگۆکانی پلاتۆن»ن. **~گ.س.**

651 **تێکەڵەنتن**: لە دەقە ماکەکەدا ڕەگەزدۆزییە لەسەر ناوی ئێگلنتن لەگەڵ ئێکلێکتیک-دا، واتە: «شتی بژاردە لە سەرچاوەی زۆر و جیاوازەوە»، کە بە کوردی لە «تێکەڵە» نزیکە، بۆیە وەها ڕەگەزدۆزییەکەم لە کوردیدا دروست کرد. «ڕەگەزدۆزییەکە ئاماژە بەوە دەدات کە بیروبۆچوونەکانی جۆن ئێگلنتن تێکەڵەیەکن لە هەندێک دید و بۆچوونی نوێی ئەو سەردەمە». **~ن.م./گ.س.**

652 **داودن بڕوای... هاملێتدا هەن**: ئێدوارد داودن (*شێکسپیر و لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە بیر و هونەرەکەی* [لەندەن، ١٨٥٧]، لا. ١٢٦) {لە بارەی شانۆنامەی *هاملێت*ەوە} دەڵێت: «ڕاز و لێڵییە سەرلێشێوێنەرە زیندووڕاگرەکەی نێو شانۆنامەکە، بە تایبەتتر هی کەسێتیی کەسە هەرە گرنگەکە، بەڵگەی ئەوەیە کە شێکسپیر دەمێکە ئەو قۆناغی پەرەپێدانەی تێپەڕاندووە کە تیایدا هونەرمەند نیازەکانی دادەسەپێنێت، یان متمانەی بە خۆی نییە ئاگای لە یەکێتیی نەخشەکەی بێت و بە ئەنقەست و بە زەحمەت ئەو نەخشەیەی بەردەمی سەرومڕ بهێڵێتەوە... ڕەنگە زۆر ئاسان بووبێت *هاملێت* بکرێت بە مامک، یان بە مەتەڵ؛ پاشان ئەگەر هەوڵی باش لەگەڵ مەتەڵەکەدا بدرێت دەکرێت بە تەواوی بکرێت بە چەند بەشێکەوە و ڕوون بکرێتەوە. بەڵام شێکسپیر وەک ڕاز دروستی کردووە، بۆیە تاتایە هەر بەتوێکڵ دەبێت، هەرگیزیش بە تەواوی ڕوون ناکرێتەوە». **~گ.س.**

653 **هێڕ بلایبتغۆ... شارراوەتەوە**: کارل بلایبتغۆ (١٨٥٩-١٩٢٨) هۆنەر و ڕەخنەگر و درامانووسێکی ئەڵمانی بوو، لە پەڕتووکی *وەڵامی پرسی شێکسپیر* (*Die Lösung der Shakespeare-Frage* [بەرلین، ١٩٠٧])دا دەڵێت کە ڕۆجەر مانەرز (١٥٧٦-١٦١٢)ی پێنجەم ئێرلی ڕوتلاند شانۆنامەکانی شێکسپیری نووسیوە. بلایبتغۆ یەکەم کەس نەبووە لەو بوارەدا، بەڵام لە دەدجسن هامیلتن مادن (بڕوانە ٩: ٣٦٩) ڕوونگۆتر بووە. سەرەتا بەیکنییەکان دەیانوت نووسینی سەر کێلەکەی شێکسپیر «ئەوەی سەلماندووە» کە لە مۆنومێنتەکەی ستراتفۆرددا نووسەرێکی نهێنی لەگەڵ ئەودا نێژراوە (بڕوانە ٩: ٦١٦). بۆ ڕێکەوتێک لەسەر ناوی بلایبتغۆ (بڕوانە ٤: ٧٩). **~گ.س.**

کارل بلایبتغۆ لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٨٥٩ لە بەرلین لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. بیردۆزی ئەوەی داناوە کە ڕۆجەر مانەرز (١٥٧٦-١٦١٢)ی پێنجەم ئێرلی ڕوتلاند

شانۆنامەکانی شێکسپیری نووسیوە. بلایتغۆ لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٨ لە لۆکارنۆ لە سویسرا مردووە. **~ڤ.ێ.**

654 **دوکەکەی ئێستا**: جۆن جەیمز ڕۆبێرت مانەرز (١٨١٨-١٩٠٦)، حەوتەم دوکی ڕوتلاند بوو (١٨٨٨-١٩٠٦) (ساڵی ١٧٠٣ دوکنشینەکە دروست کرا)، ئەندام پەرلەمان و دەوڵەتمەدارێکی ئینگل بوو، چەند بەرهەمێکی بڵاو کردووەتەوە. **~گ.س.**

655 **باوەڕم هەیە... بێباوەڕییم بدە**: (مەرقۆس ٩: ٢٤) «یەکسەر باوکی منداڵەکە هاواری کرد: "باوەڕم هەیە، یارمەتی بێباوەڕیم بدە!"». دوای ئەوەی عیسا بە پەرجوو کوڕێکی لە «گیانی پیس» چاک کردووەتەوە، باوکی کوڕەکە وای پێ وتووە. **~گ.س.**

656 **ئێگۆمێن**: گریکییە، واتە: «منیش». لەم بەستێنەدا «ئێگۆمێن» ڕەگەزدۆزی لەسەر ناوی گۆڤاری *ئێگۆیست* دروست دەکات، کە لە ٢ی شوباتی ١٩١٤ەوە بەشبەش *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*-ی تێدا بڵاو کرایەوە، ئاوهاش یارمەتیی جۆیسی دا «باوەڕ» (بە خۆی بهێنێت). ئەمەش وا دەکات «کابراکەی تر» (بڕوانە ٩: ٦٥٦) جۆرج ڕۆبێرتس بێت، کە بڵاوکار و پەڕتووکفرۆشێکی دەبلن بوو و نەیدەویست *دەبلنییەکان* بڵاو بکاتەوە (بڕوانە ٤: ١٨٩). دۆرا مارسدن ساڵی ١٩١١ *ئێگۆیست*ی دامەزراند، ئەو کاتە ناوی *ژنی ئازاد* بوو؛ ساڵی ١٩١٣ ناونیشانەکەی کرد بە *ژنی ئازادی نوێ*، پاشان ئەزرا پاوند و هەندێک پیاو داوایان لێی کردبوو: «وا لە گۆڤارەکەت بکە بۆ تاکگەراکانی هەردوو ڕەگەز بێت، هەروەها بۆ بنەمای تاکگەرایی بێت لە هەموو بوارێکی ژیاندا»، بۆیە ناوەکەی گۆڕی بە *ئێگۆیست*، یان ئێگۆمێن. **~گ.س.**

657 **تاکە نووسەری دانا**: جۆیس لە چوارەم ژمارەی *دانا* (ئابی ١٩٠٤)دا بە ناوی خۆیەوە هۆنراوەیەکی بە ناونیشانی «گۆرانی»یەوە بڵاو کردەوە، دواتر ئەم هۆنراوەیە لە دیوانی *موزیکی ژوور*دا بوو بە ژمارە ٧. **~گ.س.**

ئەمە دەقی وەرگێڕراوی هۆنراوەی ژمارە ٧ی *موزیکی ژوور*ە، کە خۆم وەرمگێڕاوە:

دڵدارەکەم لە نێو دارسێوەکاندایە و
جلێکی تەنکی پۆشیوە،
هەر لەوێ شادەباکانیش زۆر تامەزرۆن
وەک یاوەر و هاوشان ڕاکەن.

شادەباکان لەوێ هەر دەمێننەوە

بۆ خوازبێنیی گەڵای گەنج کە تێدەپەڕن،
دڵدارەکەشم بە خاوی دەڕوات و دەنوشتێتەوە
بۆ سێبەرەکەی خۆی لەسەر گژوگیاکە؛

بۆ ئەو جێیەی ئاسمان جامێک شینی کاڵە
بەسەر خاکی پێکەنیودا،
دڵدارەکەم هێواش دەڕوات،
کراسەکەی بە دەستی ناسکی هەڵدەکات. **~ن.م.**

[658] **فرێدرپین... پێم داوە**: فرێدرپین لاسایی خوێندنەوەی ناوی فرێد ڕایان-ە (بڕوانە ٢: ٦٦)، ستیفن بیری دێتەوە کە دوو شڵنگی بە قەرز لێ وەرگرتووە. **~گ.س.**

[659] **شەقامی مێکلێنبورگ**: شەقامی تایرۆنی سەرووی ساڵی ١٩٠٤؛ ئێستا ناوی شەقامی شەمەندەفەرەکەیە – کە ساڵی ١٩٠٤ چەقی ناوچەی سۆزانیخانەکان بوو. **~گ.س.**

[660] **سوما کۆنترا جێنتیلێس**: ناوە کورتکراوەکەی پەڕتووکەکەی سانت تۆماسی ئەکوینۆییە: *Summa de Veritate Catholicae Fidei contra Gentiles* *سوما دێ ڤێریتاتێ کاثۆلیکای فیدێی کۆنترا جێنتیلێس* (پەڕاوی ڕوونکەرەوە لە بارەی ڕاستێتیی باوەڕی کاسۆلیک لە بەرانبەر بێبڕواکاندا). **~گ.س.**

[661] **فرێش نێلی... خەڵووزەکە**: دوو کەسێتیین کە ئۆلیڤەر سانت جۆن گۆگەرتی پێشکەشی فۆلکلۆری ئایریی کردوون؛ ناسنامەکانیان لە بابەتی بڵاونەکراوەدا دامەزرابوو، «فرێش نێلی، ورگێکی دڕندانەی هەبوو» لە هۆنراوە کۆکراوەکانی گۆگەرتی (نیو یۆرک، ١٩٥٤)دا هەیە. **~گ.س.**

[662] **ئێنگوسی گەڕۆکی باڵداران**: ئێنگوس کوڕی داگدا-یە، کە خودای گەورەی تواثا دێ دانان-ە (واتە هۆزی دانا؛ بڕوانە ٩: ٢٥٥)، خودای گەنجی و جوانی و خۆشەویستیی ئایرەکان بووە. وەک باڵداری سرووش وێنەی کێشراوە کە بەسەر سەری خەڵکەوەیە. بەردەوام بە دوای هاوژینێکی نموونەییدا دەگەڕێ کە لە خەونێکدا دیویەتی، لە هەندێک گێڕانەوەی ئەفسانەکەدا لە شێوەی قووێکدا دەیدۆزێتەوە و ئەویش خۆی دادەگۆڕێت بە قوو و لەگەڵیدا دەفڕێت. ئەم دەستەواژەیەی مەڵیگن هۆنراوەی *گۆرانییەکەی ئێنگوسی گەڕۆک*ی یەیتسمان بە بیر دەهێنێتەوە کە لە دیوانی *بای نێو قامیشەڵانەکان* (١٨٩٩)دایە: هەروەها دەستەواژەیەکی یەیتسمان لە هۆنراوەی *پیریی شاژن مێڤ* (١٩٠٣)دا بە بیر

دەهێنێتەوە، کە دەڵێت: «ئەی ئێنگوسی باڵداران» (دێڕی ١٠١)، مێڤ (ئەفسانەیەکی نەپاوە) بەڵێن بە ئێنگوسی بانسرووشتی دەدات لە هەڵگرتنی ئەوینە ڕاستییەکەیدا یارمەتیی بدات، کە کچی «ماڵە زەمینی»یەکەی کەیر-ە. **~گ.س.**

[663] **چەق و پزۆر**: بۆ پزۆر (بڕوانە ٥: ١٢). چەق و پزۆر بە گشتی دوو بەشی گۆشتن کە ناخورێن. **~ن.م.**

[664] **نۆتخ ئامی مووغ**: دەستەواژەکە ئەو دژەهێرشەی ئێدوارد مارتنمان بە بیر دەهێنێتەوە لە دژی جۆرج موور کە دەڵێت: «*مۆنامی مووغ*، دەیەوێت *لو ژێنی دو لامیتیێ* بێت، بەڵام بە داخەوە هەرگیز ناتوانرێت وەک هاوڕێ سەیر بکرێت. چون تووشی... سکچوونی مێشکیی درێژخایەن بووە». **~گ.س.**

*مۆنامی مووغ* واتە موور-ی هاوڕێم؛ *لو ژێنی دو لامیتیێ* واتە باشترینی هاوڕێکان. **~ن.م.**

[665] **وێژەی فەڕەنسی**: لە ڕووکەشدا واتە *وێژەی فەڕەنسی*، بەڵام دەربڕینێکی بازاڕیشە، واتە *کۆندۆم*، واتە: کۆندۆمی فەڕەنسی. **~گ.س.**

[666] **بادەنۆشین تا یازدە**: کاتژمێر ١١ی شەو کاتی داخستنی هەموو مەیخانەکانی دەبلن بوو. بەڵام شێوازی داڕشتنی ئەم دێڕە وەک دەربڕینی هەواڵی کەشناسی وایە، کە دەڵێت: «لە دوای حەوتەوە تا یازدە باران دەبارێت». **~گ.س.**

[667] **کەیفوسەفای شەوە ئایرییەکان**: لە ناونیشانی پەڕتووکی *کەیفوسەفای شەوە فینییەکان* (١٨٩٧)ی پاتریک جەی مەککۆل (١٨٦١-١٩١٩)ەوە هێنراوە، کە کۆکراوەی هەندێک ئەفسانەی ئۆشینی بوو بە شێوەزاری لادێییانە و کەمێکیش لەسەر شێوەی *هەزار و یەک شەو* دارێژرابوو. **~گ.س.**

*هەزار و یەک شەو* (ألف ليلة وليلة) لە کۆمەڵە چیرۆکێک پێکهاتووە کە گێڕانەوەیان بەسەر هەزار و یەک شەودا دابەش کراوە. کەسێتییەک بە ناوی شەهرەزاد بۆ شەهرەیار-یان دەگێڕێتەوە. گوایە لە سەردەمی هاروونە ڕەشیددا کۆ کراونەتەوە. کە هەندێک لەم چیرۆکانە بۆ زمانی ئینگلی وەرگێڕراون، ناونیشانی پەڕتووکەکە کراوە بە *ئەرەبییەن نایتس* *Arabian Nights*، واتە *شەوە عەرەبییەکان*. بۆیە «شەوە ئایرییەکان» و «شەوە فینییەکان»یشی لەسەر بونیاد نراوە. **~ن.م.**

[668] **قلیشی پاژنەیم ڕووشاند**: هاملێت لە بارەی گۆڕهەڵکەنەکەوە بە هۆرەیشۆ دەڵێت: «ئەم خوێڕییە چەند ڕەهایە! پێویستە بە ڕێکی بدوێین، دەنا دووواتایی لە ناومان دەبات. هۆرەیشۆ، بە خودا، ئەم سێ ساڵە سەرنجی ئەوەم داوە؛ سەردەمەکە وا پێشکەوتووە کە

پەنجەی پێی لادێیی زۆر لە پاژنەی دەرباران نزیک بووەتەوە، قڵیشی پاژنەی دەڕووشێنێت» (هاملێت ٥: ١، ١٥١-١٥٤ {وەرگێڕانی من و کاک ڕێبوار قارەمانی}). **~گ.س.**

[669] **زۆر مردووانە**: {لە دەقە ماکەکەدا *amort*ە} دەربڕینێکی سەردەمی ئەلیزابێثە، واتە «دەستەوئەژنۆ، خەمبار». لە *ماڵیکردنی چەقاوەسووەکە* (٤: ٣، ٣٦) و *یەکەم هێنریی چوارەم* (٣: ٢، ١٢٤)دا هاتووە. **~گ.س.**

[670] **جوانداهێنراو**: ئەوەی بە «جوانداهێنراو» وەرمگێڕاوە، لە دەقە ماکەکەدا وشەی لێکدراوی *wellkempt*-ە؛ بەڵام بە ڕای سلەوت و هاوڕێکانی تیلنیشانێکی ڕەگەزدۆزییانەیە بە ویلیەم کێمپ (بە نزیکی ساڵی ١٦٠٣ مردووە)، سەماکەر و کەسێکی جەفەنگیی نێو تاقمەکەی شێکسپیر بووە. **~ن.م.**

[671] **لە ژوورە... بێ بیر**: واتە لە تاریکییەکەی ناو پەڕتووکخانەکە بۆ داڵانە کراوەکەی پشت مێزە خولاوەکەی پەڕتووکخانەی نیشتمانی دەرچوون. **~گ.س.**

ئەوەی لە کۆتاییدا دەڵێت «بێ بیر» بۆم ڕوون نەبووەوە مەبەستی لە چییە، ئایا ڕووناکییەکە بیری نییە؟ یان هەردووکیان بێ بیرکردنەوە چوونە نێو ئەو جێیەی تر؛ یان ڕووناکییەکە ئەوەندە زۆرە کە بە بیر وێنا ناکرێت؟ هەردوو وەرگێڕانە ئیتالییەکە دەڵێن: «ڕۆژی بێباک»، یان «ڕۆژی بێبیر»؛ عەرەبییەکەی دکتۆر تەها و فەڕەنسییەکە دەڵێن «بەرەو ڕۆشنیی زۆری بێبیری». **~ن.م.**

[672] **کاشل... فارل**: (بڕوانە ٨: ١٥٨). **~گ.س.**

[673] **واژۆنەخش**: بە ئینگلی *paraph*، نەخشێکی جوانکارییە دوای واژۆ دادەنرێت، لە بنەچەدا بۆ ئەوە بووە ڕێ لە ساختە بگرێت. **~ن.م.**

[674] **قەشۆچکە**: قەشەیەکی بچووک. دەربڕینەکە لە *priesteen*ی ئایرییەوە هاتووە، بە هەمان واتا. **~ن.م.**

[675] **بنێکی دڵخۆش**: لە دەقە ماکەکەدا *A pleased bottom*ە، *بەتم* (یان *بۆتم*) واتە قن، یان دوا، یان بن، یان ژێر؛ هەروەها پارچە تەختەیەک بووە کە جۆلایی لەسەر کراوە، ئەڵقەیەک بووە تەنینی لەسەر کراوە. لە شانۆنامەی *خەونی شەوێکی چلەی هاوین*دا کەسێتییەکی تێدایە بە ناوی: بەتم-ی جۆلا. **~ن.م.**

ئایا مەڵیگن بە گاڵتەوە لیستەر دەخاتە شوێنی بەتەمی *خەونی شەوێکی چلەی هاوین*؟ کە لەگەڵ تیتانیا (شاژنی پەرییان)دا دەدوێت «دڵخۆش» دەبێت، بەڵام بێئاگایشە لە قنی خۆی. **~گ.س.**

[676] **دەرگا سووڕاوەکە**: بە نێو مێزە بازنەییەکەی ژووری سەرەکیی خوێندنەوەوە دەچێتە سەر نووسینگەکانی پشتەوەی پەڕتووکخانەکە. **~گ.س.**

[677] **شەبقە شریتشینەکە**: ئایا ئەمە ئەو ئێما کلێری-یەیە کە لە *ستیفن پاڵەوان*دا هەیە، کە دواتر لە *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا*دا بووە بە «ئی سی» و «وێ»؟ بەهەرحاڵ، شین ڕەنگێکە کە دراوەتە پاڵ مریەمی پاکیزە. **~گ.س.**

[678] **مینچوسی خۆشخز**: وێرگیلیوس (*سروودە شوانکارەییەکان*، نووسینی وێرگیلیوس، ٧: ١٢) ئاماژە بە ڕووباری مینچوس دەدات کە نزیک ئەوێ لە دایک بووە، کە بە نێو زەلەکانی دەشتی لۆمباردی-دا ڕۆییوە. میلتن لە *لیسیداس*دا دەڵێت:

ئەی فوارەی ئەرێثوسا، ئەی شەپۆلی ڕێزلێنراو،
مینچوسی خۆشخز، کە بە زەلی دەنگبێژ تاجت لەسەر نراوە،
بیستوومە ئەو خەمە لە دۆخێکی بەرزتردایە
بەڵام ئێستا شمشاڵەکەم بەردەوام دەبێت
گوێ لە جاڕدەری دەریاکە دەگرێت
کە لەسەر داوای نیپرۆن هاتووە

(جاڕدەری دەریاکە تریتۆن-ە، هاتووە بۆ ئەوەی بڵێت کە خنکانی لیسیداس لە ئەستۆی نێپتوندا نییە). **~گ.س.**

[679] **پەک**: یان ڕۆبن گودفێلۆ، خزمەتکارە ئاژاوەگێڕەکەی ئۆبیرۆن-ی پاشای پەرییانی نێو *خەونی شەوێکی چلەی هاوین*ە، بەڵام بەدکار نییە. **~گ.س.**

[680] **بە کێشی ئایامبی**: ئایامب جۆرە کێشێکی هۆنراوەی ئینگلییە، هەر پێیەکی لە دوو بڕگە پێک دێت، بڕگەی یەکەم بێهێز و دووەم هێزدار. **~ن.م.**

[681] **جۆن... ژن ناهێنیت**: لە هۆنراوەی «جۆکەم، جۆن ئاندێرسن» (١٧٨٩-١٧٩٠)ی ڕۆبێرت بەیرن-ەوە هێنراوە، هۆنراوەکە لە زاری خۆشەویست (ژن)ێکەوە بۆ مێردەکەی نووسراوە کە ناوی «جۆ»یە (یان ئاندێرسن) کە پیر و کەچەڵە، پێشنیار دەکات دوای چەند ڕۆژێک لە هەڵگەڕان بەسەر «گردەکە پێکەوە... دابگەڕێین، جۆن، دەست لە دەست بڕۆین، لە دامێندا پێکەوە بنووین، جۆن ئاندێرسن، جۆکەم!». **~گ.س.**

[682] **چین چۆن ئێگ لن تۆن**: له گۆرانیی «چین چین چینی»ی ئۆپێرای *گەیشا*کەوە هێنراوە (بڕوانە ٦: ١٣٢). کۆڕەکە لە زاری خاوەن دوکانێکی چاوە دەڵێت:

چین چین کاکی چینی

زویر زویر خەمبیرە!

ئیتیرسم

لە هیموو کاریک

زویر زویر خریپە!

گاڵتە نیکیم

نیبووت نیبووت

دوکانەکەم داخەم

چین چین کاکی چینی. **~گ.س.**

جۆن بی یەیتس (شێوەکارێکی ئایرە ١٨٣٩-١٩٢٢) لە تەمموزی ١٩٠٥دا وێنەیەکی ئێگلنتنی کێشاوە، تیایدا دەردەکەوێت کە ئێگلنتن چەناگەی تەواوە. **~س.ت.م.٢**

[683] **شانۆقتوو**: گۆگەرتی وشەی «قتوو»ی بەرانبەر هۆڵی کۆبوونەوە و باڵەخانەی گشتی بە کار دەهێنا (بڕوانە ٩: ١٨٨). **~ن.م.**

[684] **هۆڵی بۆریچییەکان**: بە پەیمانگای میکانیکییەکانی ٢٧ی شەقامی ئابەیی خواروو دەوترا. هاوینی ساڵی ١٩٠٤ نۆژەن کراوەتەوە و پایز بە ناوی شانۆگای ئابەی-یەوە کرایەوە، کە بنکەی نوێ (و هەمیشەیی) کۆمەڵەی شانۆکارە ئایرە نیشتمانییەکان بوو. **~گ.س.**

[685] **شانۆکارانمان... مایتەرلینک**: ئەمە ئەو ئاماژەیەمان بە بیر دەهێنێتەوە کە لەیدی گرێگری و یەیتس و هاوەڵەکانیان لە بارەی کۆمەڵەی شانۆکارە ئایرە نیشتمانییەکانەوە دەیانوت **~گ.س.**

[686] **بۆنی ئارەقەی... دەکەم**: کۆمەڵەی شانۆکارە ئایرە نیشتمانییەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرهەڵستیی کاسۆلیک (و ناسیۆنالیستەکاندا) دەجەنگان کە هەوڵیان دەدا شانۆنامەکانیان سانسۆر بکەن. **~گ.س.**

[687] **لووسیی... ویی هەڵداوە**: لی (لا. ٢٧-٢٨) و براندێس (لا. ١١) و هاریس (لا. ٣٥٤-٣٥٥) هەرسێکیان ئەو گێڕانەوەیە پشتڕاست دەکەنەوە کە سێر تۆماس لوسی لەسەر دزینی ئاسک شێکسپیری دادگایی کردووە و قەمچیکاریی کردووە و ڕەنگە زیندانییشی کردبێت. ڕەنگە شێکسپیر بۆ ڕزگاربوون لە هێرشی بەدەوامی لوسی ڕایکردبێت بۆ لەندەن.

بەندوبالۆرەکان دەڵێن گوایە شێکسپیر هۆنراوەیەکی لەسەر لوسی نووسیوە، یەکێک لە دێڕە دووبارەبووەکانی ناوی دەڵێت: «لوسیی پیس هەرچیت بۆ دێت بیبێژە». **~گ.س.**

688 **فام دو تغۆنت ئان**: فەرەنسییە، واتە: «ژنێکی سی ساڵ»؛ بە خوازەییانە واتە ژنێکی بەئەزموون. ناونیشانی ڕۆمانێکی ئۆنۆرێ دی بالزاک (١٧٩٩-١٨٥٠)ە. **~گ.س.**

689 **بۆچی... لە دایک نەبوون**: یەکێکی تر لە بەندوبالۆرەکان ئەوەیە کە شێکسپیر ئەو ساڵانەی لە لەندەن بووە (١٥٩٢؟ - ١٦١٣) لانیکەم ساڵی جارێک سەری لە ستراتفۆرد داوەتەوە. بەڵام پرسیارەکە هەر ماوە کە: ئەی دوای لەدایکبوونی سێ منداڵەکەی (سوزانا ١٥٨٣، لەگەڵ دووانەی جودیث و هامنێت لە ١٥٨٥، کە ئان هاثەوەی شێکسپیر ٢٩ ساڵ بووە) و وپێش ئەوەی بچێت بۆ لەندەن لە کوێ بووە؟ ئەگەر لە ستراتفۆرد یان نزیکی ئەوێ بووە، بۆچی منداڵی تری نەبووە؟ **~گ.س.**

690 **دانایی پاشوەخت**: ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا بە کار هاتووە وشەی *afterwit*ە، گیفرد لە بارەیەوە دەڵێت: «وشەیەکی لەکارخراوە بە واتای داناییەک، یان دەرککردنێک کە زۆر درەنگ دێت و سوودی لێ نابینرێت». **~گ.س.**

691 **هێشتا... هەرەدایە)**: دوورەپەرێزە کەللەڕەقەکە جۆن ئێگلنتنە. ستیفن لێرەدا لەسەر ئەو پەندەی ئێگلنتن بونیاد دەنێت کە پێشتر وتی، دەقەکە دەڵێت: «جۆنی نەگۆڕ مرومۆچانە وەڵامی دایەوە: پزیشکەکە دەتوانێت پێمان بڵێت ئەو وشانە واتایان چییە. هەم هەرە و هەم وەرە پێکەوە نابن.» (بڕوانە ٩: ٤٤٩). **~ن.م.**

692 **نۆکەری چێژ**: لە سۆنێتی ١٢٦ی شێکسپیرەوە هێنراوە (کە هەندێک جار وەک سۆنێتی نێردەی «گەنجە جوانەکە» دادەنرێت): «بەڵام ئەی نۆکەری چێژی ئەو، لێی بترسە» (دێڕی ٩). **~گ.س.**

693 **قژە جوانە لیستۆکەکەی فایدۆن**: لە *فایدۆن*ی پلاتۆندا سۆکراتیس ئەگریجەی فایدۆن دەلاوێنێتەوە و دەڵێت: «فایدۆن، پێم وا بێت سبەی ئەم قژە جوانە دەتاشیت» (دێڕی ٨٩). ئەم تیزپێوەکردنەی سۆکراتیس ئاماژە بەوە دەدات کە ئارگومێنتە گەنجانەکانی فایدۆن لەگەڵ قژی گەنجێتییەکەیدا دەڕوات. **~گ.س.**

694 **لۆنگوۆرث و مەکۆردی ئاتکینسن**: بۆ لۆنگوۆرث (بڕوانە ٩: ٢١٤). ئێف مەکۆردی ئاتکینسن یەکێک بوو لە وێژەوانە کەمناسراوەکانی دەبلن؛ لەگەڵ لۆنگوۆرثدا جێیەکیان لە «بازنە ناوەکی»یەکەی جۆرج مووردا گرتبوو و لە کەناری کۆمەڵەی شانۆکارە ئایرە نیشتمانییەکاندا بوو. **~گ.س.**

فرێدریک مەکۆردی ئاتکینسن لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٨٧٨ لە دایک بووە، نووسەرێکی *دانا* بووە. ئایرێکی باڵابەرزی لەسەرخۆ بووە کە شێوە دەرەکییەکەی شۆخی و لێهاتووییەکەی ناخی شاردبووەوە. لە کۆلێجی ترینیتیی دەبلن بووە بە هاوڕێی ئێرنست ڤیکتۆر لۆنگوۆرث، هەردووکیان ڕۆشنبیر بوون و هاوڕێی جۆرج میووریش بوون. چەند ساڵێک لە ١٢ی شەقامی برایانستۆن لە ماربل ئاڕچ ژیاوە. لە ١٩ی ئاداری ١٩٧٣ لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا لە ٩ی ئیتن تێرەس لە لەندەن مردووە. **~ڤ.ئ.**

695 **پەک... کوتی**: «پەک» ئارییێل-ی ئاژاوەگێڕی شانۆنامەی *زریانەکە*یە، ئەو کاتەی فێردیناند بەرەو خانەکەی پرۆسپێرۆ دەبات ئەم گۆرانییە دەبێژێت:

وەرە سەر ئەم خۆڵە زەردە
دەستم بگرە
کە بە کڕنۆش و ماچ
شەپۆلە کێوییەکانت بێدەنگ کرد
بەسەر ئێرە و ئەوێدا گورج پێ بکوتە
جا، ئەی گیانی شیرین، بارەکە هەڵبگرە
گوێ بگرە، گوێ بگرە!

(زریانەکە ١: ٢، ٣٧٦-٣٨١) فێردیناند سەری سووڕ ماوە و دەڵێت: «ئەم موزیکە لە کوێوە دێت؟ لە هەواوە، یان لە زەوییەوە؟» (دێڕی ٣٨٦). **~گ.س.**

696 **بە ئاستەم... دەسپەڕ دەکەن**: لاسایی یەکەم کۆپلەی هۆنراوەی *بێیل و ئالین*ی یەیتس-ە (١٩٠٣):

بە ئاستەم دەنگی ئەحمەدڕاوکەر دەبیستم
یان دەنگی بۆرەزەل کە با قایمە،
پێش ئەوەی بیرەکانم دەست بکەن بە ڕاکردن
لەسەر میراتگرەکەی ئولەیگ، کوڕەکەی بووەن
کە بێیل-ی دەمهەنگوینی بوو؛
لەگەڵ ئەو ژنە هێمنەی باشوور
ئالین، کە میراتگری لووئا بوو،
ئەوینەکەیان هەرگیز
لەم شتە و ئەو شتەدا نوقم نەببوو، ساردیش نەببووەوە

چون لەشیان پیر ببوو.
هاوسەرگیرییان لەسەر زەوی لێ قەدەغە کرابوو
پشکووتن و بوون بە شادیی نەمر. ~**گ.س.**

[697] **هەر گەپچاڕی بکە. خۆت بناسە:** بۆ «هەر گەپچاڕی بکە» (بڕوانە ٩: ٣٢٩). «خۆت بناسە» یەکێک بوو لە دوو دروشمەکەی پەرستگاکەی ئاپۆلۆن لە دێلفی؛ ئەوی تریان: «زیادەڕەوی لە هیچدا مەکە» بوو. بۆ ئاپۆلۆن (بڕوانە ٦: ٣٣٦) ~**گ.س.**

[698] **سینگ... وا بێت:** هیچ کام لە ژیننامەنووسانی سینگ لەم بڕیار و خووگۆڕانە ئاگادار نەبوون. گەرچی سینگ کاتی سەردانەکانی بۆ دوورگەکانی ئاران سەرسام ببوو بە ڕەنگی جلی سادەی ژنانی ئەوێ و بلووزە ملدارە شینەکانیان و پانتۆڵە بۆرە سادەکان و یەلەگی پیاوان. سارا ئۆڵگود ئەکتەرێکی شانۆگای ئابەی بووە لەو کاتەی سینگ لەوێ کاری کردووە، وتوویەتی لە بیری دێت سینگ کەوایەکی ڕەش و شەبقەیەکی ڕەشی لە سەر کردووە، وەک ئەوەی جاک بی یەیتس لە کاتی پرۆڤەی ساڵی ١٩٠٧دا وێنەی کێشاوە. ~**گ.س.**

[699] **دوای ئەوەی... تێی بەردەبیت:** لەیدی گرێگری ناوی ئیزابێللا ئاوگوستا پێرس بووە و لە ١٥ی ئاداری ١٨٥٢ لە ڕۆکسبەرە هاوس لە کاونتیی گۆلوەی لە دایک بووە. بچووکترین کچی دەدلی پێرس و فرانسێز (پێش شوو: *باری*) بووە، کە ژنی دووەمی وی بووە. بە وانەی تایبەت خوێندوویە و لە ماوەی ٢٧ ساڵی یەکەمی ژیانیدا لە ماڵی خۆیان زۆر دوور نەکەوتووەتەوە و زۆربەی کاتەکانی بە سەردانی کرێنشینانی ناوچەکەوە بە سەر بردووە، لەو کاتەشدا خۆی فێری ئایری کردووە و لە قوتابخانەی یەکشەمماندا وانەی وتووەتەوە. لە ٤ی ئاداری ١٨٨٠ شووی بە سێر ویلیەم گرێگری کردووە، کە بێوەمێردێک بووە و ٣٥ ساڵ لە خۆی گەورەتر بووە، موڵکێکی لە کوول پاڕک نزیک گۆرت لە کاونتیی گۆلوەی هەبووە، خانووێکیشی لە لەندەن هەبووە و کە لە دەرەوە نەبوون لەوێ ژیاون. تاکە کوڕی گرێگری ناوی ویلیەم ڕۆبێرت بووە، ساڵی ١٨٨١ لە دایک بووە و لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا کوژراوە. لەیدی گرێگری ساڵی ١٨٩٢ دوای مەرگی مێردەکەی چووە بۆ خانووەکەی کوول پاڕک و لەوێ ژیاوە و ساڵی ١٨٩٤ خودژیننامەی مێردەکەی بڵاو کردووەتەوە. لە ١٨٩٠کاندا چیرۆکی فۆلکلۆری و ئەفسانەی کاونتییەکەی خۆی کۆ کردووەتەوە. چاپی ئینگلیی لاوکە پاڵەوانێتییە کۆنەکان بە ناونیشانی *کووخۆلینی مویرهیمنە* (١٩٠٢) و *خوداکان و پیاوە شەڕوانەکان* (١٩٠٤)ی بڵاو کردووەتەوە. پەڕتووکەکانی تری لە بواری چیرۆکی فۆلکلۆری و مێژووی فۆلکلۆریدا ئەمانەن: پەڕتووکی

*سانت و سەویروسەمەرەکان* (١٩٠٦)؛ *مێژووی کیلتارتان* (١٩٠٩)؛ *سەیروسەمەرەی کیلتارتان* (١٩١٠)؛ هەروەها دوو بەرگی *نیگا و باوەڕەکانی ڕۆژئاوای ئایرلاند* (١٩٢٠). ساڵی ١٨٩٦ یەیتسی ناسیوە، کە زووزوو سەردانی کردووە بۆ کوول پاڕک و ماوەی بیست ساڵ هەموو ساڵێک دوو یان سێ مانگی لەوێ بە سەر بردووە، ئەو کاتە بووژاندنەوەی وێژەی ئایری تازە سەری هەڵدابوو و هەندێک لە کەسێتییە گەورەکانی ئەو بوارە لە کوول پاڕک بە میوانداریی وێ شاد بوون. ساڵی ١٨٩٧ لەیدی گرێگری و یەیتس و ئێدوارد مارتن لە ماڵی کۆمتێ فلۆریمۆند دو باستیرۆت لە کاونتیی گۆلوەی کۆ بوونەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا بوو کە ئەو بزووتنەوەیە دامەزرا کە دواتر گەیشت بە شانۆگای ئابەی، ساڵی ١٩٠٤یش لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵەی شانۆگای وێژەیی ئایری و بەشگەی درامیی نیشتمانی شانۆگای نیشتمانیی ئایرلاند دامەزرا، دواتر شانۆگای ئابەی لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٤ کرایەوە. لەیدی گرێگری لە نێوان ١٩٠١ و ١٩٢٨ زیاتر لە ٤٠ شانۆنامەی نووسیوە، کە زۆربەیان لە شانۆگای ئابەی نمایش کراون. هەر لە دامەزراندنی شانۆگاکەوە تا ساڵی ١٩٢٨ دەرهێنەرێکی چالاکی شانۆگاکە بووە و ئەو کاتە خراپیی تەندروستییەکەی ناچاری کردووە واز بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆ کوول پاڕک، گەرچی تا ساڵی ١٩٣٠ش لە سەردانی دەبلن بەردەوام بووە تا ئاگاداری شانۆگاکە بێت. لە ٢٢ی ئایاری ١٩٣٢ لە کوول پاڕک کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی نوێی بۆهرمۆر لە گۆلوەی نێژراوە. **~ڤ.ئ.**
جۆیس ڕاپۆرتێکی لەسەر *هۆنەران و خەونبینانی* لەیدی گرێگری نووسیبوو بە ناونیشانی *گیانی ئایرلاند*-ەوە، لە *دەیلی ئێکسپرێس*ی ٢٦ی ئاداری ١٩٠٣ی لۆنگوۆرثدا بڵاو کرایەوە؛ تیایدا گرێگریی سەرکۆنە کردووە چون کەوتووەتە کنەکردن «لە خاکێکدا کە لە خەم و زورهانیدا بە نزیکی ئەفسانەییە»، لە کۆتاییشدا دەڵێت خەونی زورهانییانە بە ڕابردووەوە بەس نییە بۆ وێژەیەکی نەتەوەیی گرنگ. لۆنگوۆرث لە کۆتایی وتارەکەدا سەرەپیتی «جەی جەی» {جەیمس جۆیس}ی دانابوو بۆ ئەوەی خۆی بەرپرسیارێتییەکەی هەڵبگرێت؛ لەیدی گرێگریش ئەمەی بە بێڕێزی لێکدابووەوە، ناحەقیشی نەبوو، چون ئەو پێشنیاری جۆیسی بۆ لۆنگوۆرث کردبوو. **~گ.س.**

[700] **ڕووی لێ مۆن کرد**: ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا بە کار هاتووە وشەی *mopping*ە، گیفرد لە بارەیەوە دەڵێت: «وشەیەکی دەگمەن یان لەکارخراوە، واتە دەموچاو-لێ-ناشیرینکردن. ئێدگار لە *شا لیە*ردا خۆی وەک شێت پیشان دەدات، دەڵێت یەکێک لە

پێنج هاوڕێکەی دەستیان لێی وەشاندووە، ئەو کەسە هەژدەهەژدەڵێیە و دەموچاوی خۆی ناشیرین دەکات» (شا لییەر ٤: ١، ٥٧-٦٣). **~گ.س.**

ئەو وشەیەی بە «هەژدەهەژدەڵێ» وەرمگێڕاوە وشەی ***flibbertigibbet***ە، واتە کەسێک نابەرپرسیارانە و گەمژانە خەریکی غەیبەت و باسی پاشملە بێت. شێکسپیر ناوی یەکێک لە دەستوەشێنەکانی هەر بەم ناوەوە ناو ناوە، کە دکتۆر سەڵاح بابان لە وەرگێڕانی *شا لییەر*دا هەر بە «فلیبەرتیگیبەر» هێناویەتیەوە. **~ن.م.**

[701] **نەتدەتوانی... هۆمیرۆس دەکاتەوە**: یەیتس، کە لەیدی گرێگری پشتیوانیی لێ دەکرد و هاوڕێ بوون، سوپاسگوزارانە ستایشی کارەکەی وێی دەکرد. پێشەکیی بۆ *کووخۆلینی مویرهیمنە: چیرۆکی پیاوانی لقە سوورەکەی ئۆڵستەر* (لەندەن، ١٩٠٢)ی گرێگری نووسیوە و تیایدا نووسیویە: «پێم وایە ئەمە باشترین پەرتووکێکی سەردەمی منە لە ئایرلاند دەرچووبێت». ئەم پەرتووکەی لەگەڵ هەندێک بەیتی تردا بەراورد کردووە، وەک *مابینۆگییەن*، کە ئەوەی گرێگریی بە باشتر زانیوە؛ بەڵام هۆمیرۆس زیادەی مەڵیگن خۆیەتی بۆ پێشەکییەکەی یەیتس. **~گ.س.**

[702] **هۆڵە... ئاڵۆسکاون**: لە ڕاستیدا هۆڵی ناوەڕاستی قاتی زەمینیی پەرتووکخانەی نیشتمانی شێوەیەکی مەغریبی و ئەلحەمڕایی هەیە، بەڵام لە ڕووی زاراوەی تەکنیکییەوە: پەیوەستیی ئەم شێوەیە بە تێکەڵەییەکەی باڵەخانەکەوە لەسەر ئەو شێوازی ڕێنیسانسەیە کە قوتابخانەی هونەرە جوانەکانی پاریس (بۆزاخ) برەویان پێ دەدا. ئەوەی ئەم پەرتووکخانەیە لەسەر شێوازی لۆمباردۆ-ڤینیسیایی دروست کرابوو کە شێوازی تۆماس دین بوو. بۆ دین (بڕوانە ٨: ٦٢٧). **~گ.س.**

[703] **نۆخانێن... نەما**: **نۆخانێن**: بە ئینگلی *nine men's morrice*: یارییەکە لە دامە دەچێت، بە توول و لەسەر خشتەیەکی کێشراو دەکرێت، لە سێ چوارگۆشە پێکهاتووە کە لە نێو یەکدا دەکێشرێن و بە هێڵ بە یەکەوە بەستراون، نۆ خانە پێکدەهێنێت بۆ هەر یاریکەرێک. تیتانیا لە *خەونی شەوێکی چلەی هاوین*ی شێکسپیردا (٢: ١، ٩٨) بە ئۆبیرۆن دەڵێت: «نۆخانێنەکە پڕ بووە لە قوڕ». دکتۆر ئازاد حەمەشەریف لە وەرگێڕانی شانۆنامەکەدا بە *نۆڕیزکێن* وەریگێڕاوە، بەڵام پێم وایە نۆخانێن گونجاوترە. ستیفن بە بۆنەی ناوە ئینگلییەکەی ئەم یارییەوە (کە بە واتای وشە بێت دەبێت بە: *سەمای مۆریسی نۆ پیاوەکە*) بیری سەمای مۆریس-ی دەکەوێتەوە، کە لە ئەڵقەی دووەمیشدا بیری لێ دەکردەوە (بڕوانە ٢: ٤٠). «کڵاوی هێمایی» (بڕوانە ئەڵقەی دووەم کە دەڵێت: «کڵاوی

ئەنتیکەی چوارگۆشە و شەشپاڵوویان لە سەر دەکرد») ئەوە دەگەیەنێت کە ستیفن هەندێک گۆڕانکاریی پەڕتووکخانەکە دەخاتە شێوەی هۆنراوە، بەڵام نازانرێت چ شتێکی دیاریکراوی پەڕتووکخانەکەیە. **~ن.م./گ.س.**

704 **بەک... خوێندەوە:** لەبەر ئەوەی «خودا لەگەڵ مەلاخیدا دووا» (بڕوانە ٩: ٦٤٤)، بۆیە ئەمە ئاماژەیە بەوەی مەڵیگن ڕۆڵی موسا دەبینێت کە شاخی سیناوە دەگەڕێتەوە و «هەردوو تەختەکەی پەیمانی لەدەست بوو» (دەرچوون ٣٤: ٢٩) و (دواوتار ١٠: ٥). **~گ.س.**

705 **قەشمەر:** ئەو وشەیەی لە دەقە ماکەکەدا هاتووە وشەی *patch*ە، گیفرد لە بارەیەوە دەڵێت: «وشەیەکی سەردەمی ئەلیزابێثە، واتە گەمژە، یان قەشمەر، یان گەپجاڕ». **~ن.م.**

706 **مارکاتۆ:** ئیتالییە و زاراوەی موزیکە: واتە دەبێت هەر تۆنێک دەربخرێت. **~ن.م.**

707 **تۆبی دەسپەڕۆف... بەندەری خەڵووزەکە):** تۆبی و چنگنە {لە دەقە ماکەکەدا: *کراب*} دوو ناوی نەریتییانەی هەرزەگۆییانەی زانکۆن؛ بۆ دوو پزیشکییەکە (بڕوانە ٩: ٥٥٥)؛ بۆ نێلی و ڕۆزالی (بڕوانە ٩: ٦٦١)؛ بۆ دایە گرۆگن (بڕوانە ١: ١٢٥). دەسپەڕۆف {لە دەقە ماکەکەدا: *تۆستۆف Tostoff*} ڕەگەزدۆزییە لەسەر وشەی *تۆس ئۆف toss off* کە بە شێوەی بازاڕییانە واتە دەسپەڕ؛ چنگنە {لە دەقە ماکەکەدا *کراب crab*} ئەو ئەسپێیەیە کە دەداتە تووکەبەر (جەنگەڵ) و جەنگەڵوان-یش {لە دەقە ماکەکەدا: *بوشرەینجەر bushranger*} وشەیەکی بازاڕیی ئوسترالییە واتە چەتە. **~گ.س.**

708 **هۆڵی کامدن:** کۆگایەکی بچووک بوو لە پشت دوکانێکی شەقامی کامدن لە باشووری ناوەڕاستی دەبلن. بنکەیەکی کاتیی کۆمەڵەی شانۆکارە ئایرە نیشتمانییەکان بوو، پێش ئەوەی بچنە شانۆگای ئابەی. **~گ.س.**

709 **ئەگەر ئەمڕۆ... بچێتە دەرەوە:** (بڕوانە ٩: ٦٣٩). **~گ.س.**

710 **دەریاگەل لە نێواندا:** درکەیە بەوەی مەڵیگن و ستیفن وەک سکیلا و کاریڤدیس وان کە بلووم (ئۆدیسێفس) بە نێوانیاندا تێدەپەڕێت. **~گ.س.**

711 **لێرە بوو... ئێنگوسی باڵداران:** لە بەشی پێنجەمی ڕۆمانی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* دەڵێت کە ستیفن لەسەر پلیکانەکانی پەڕتووکخانەی نیشتمانییەوە بۆ مەبەستی پێشزانی گەشتەکەی بۆ ئەوروپا تەماشای باڵندەی کردووە. بۆ ئێنگوس (بڕوانە ٩: ٦٦٢). **~گ.س.**

[712] **دوێشەو... پێشکەش کردم**: ستیفن بیر لە خەونەکەی دوێشەوی دەکاتەوە؛ لەم بارەدا ڕۆڵی دێدالۆس یان ئیکارۆسی دیوە کە بەو شێوەیەی ئۆڤید باسی دەکات فڕیوە، پێش ئەوەی هەڵەکەی ئیکارۆس بیکوژێت: «ئێستاش هەندێک ماسیگر... یان شوان... یان کشتیار... دییانن و سەریان سوورِ مابوو، پێیان وا بوو ئەوانە خودان، کە دەتوانن بە هەوادا بفڕن» (داگۆڕانەکان). بۆ کاڵەکی میوەکرێم (بڕوانە ٣: ٢٨٥). **~گ.س.**

[713] **جووە وێڵەکە**: جوویکی ئەفسانەییە کە ناچار بووە تا ڕۆژی هەڵستانەوە لەسەر زەوی وێڵ بێت. چەند گێڕانەوەیەکی جیاوازی مەسیحییانە و پێش مەسیحییانەی ئەم ئەفسانەیە هەیە، بە گوێرەی یەکێک لە گێڕانەوە باوە مەسیحییەکان: کاتێک عیسا بەرەو «کاسەسەر» دەڕۆیشت و خاچەکەی بە شانیدا دابوو، وەستا پشوویەک بدات، بەڵام جوویێک لەوێدا گاڵتەی پێ دەکرد و دەیوت: «بڕۆ، بۆ ماویتەتەوە؟» عیساش وەڵامی داوەتەوە: «دەڕۆم، بەڵام تا دەگەڕێمەوە تۆیش دەمێنیتەوە» و ئاوها جووەکە نەمر بوو، تا کۆتایی هەموو کات ئازاد دەچێژێت و نەخۆشی سەرلەنوێ گەنجی دەکاتەوە و دەیکاتەوە بە سی ساڵ. چارەنووسیشی بە تەواوی کەسێتیی ویی گۆڕیوە؛ دڵڕەقییەکەی بوو بە تۆبە، دانایی بانئاساییشی پێیە (بڕوانە ٢: ١١٧). **~گ.س.**

[714] **بە هەوەسبازییەوە سەیری کردیت**: لەو وتەیەی عیساوە هێنراوە کە دەڵێت: «بیستووتانە گوتراوە: "داوێنپیسی مەکەن" بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوەسبازییەوە سەیری ئافرەتێک بکات، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسیی لەگەڵ کردووە. ئەگەر چاوی ڕاستت بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە و فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو لەشت فڕێبدرێتە ناو دۆزەخ. ئەگەر دەستی ڕاستت بۆت بووە کۆسپ، بیبڕەوە و فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو لەشت بچێتە دۆزەخەوە.» (مەتا ٥: ٢٧-٢٨). **~گ.س.**

[715] **لێت... دێرینەکە**: {ناخودا: کەشتیوان}. لە هۆنراوەی *هەڵبەستی ناخودا دێرینەکە* (١٧٩٨)ی کۆلێریدجەوە هاتووە، ڕوونکردنەوەی بەشی چوارەم دەڵێت: میوانی زەماوەندەکە لەوە ترسا کە گیانێک لەگەڵی دەدوێت؛ بەڵام ناخودا دێرینەکە ئەرخەیانی کرد کە جەستەی ژیانیی هەیە، پاشان لە گێڕانەوەی پاشگەزبوونەوە ترسناکەکەی بەردەوام بوو... پێی وت: «لێت دەترسم، ئەی ناخودا دێرینەکە! لە خۆت و چاوە ورشنەکانت دەترسم». **~گ.س.**

[716] **ڕەوشتی ئۆکسنفۆرد**: ئۆکسنفۆرد درکەیە بەوەی هاوڕەگەزخوازی، وەک جۆیس دەڵێت: بەرهەمی لۆجیکی و ناچاریی سیستمی نهێنی و کۆتوبەندەکانی کۆلێج و زانکۆکانی ئینگلی-ساکسۆنە. (*ئۆسکار وایلد، هۆنەری سالۆمێ*، نووسینی جەیمز جۆیس) **~گ.س.**

[717] **یەکچەرخەی خۆر**: بیری پەیوەندیی جۆن ڕەسکین (١٨١٩-١٩٠٠) و ئۆکسفۆردمان دەخاتەوە. ڕەسکین ڕەخنەگرێکی ئینگل بوو، جۆیس لە بارەیەوە وتوویە: «پرۆفیسۆرێکی ترزلی ئۆکسفۆرد هەیە ناوی ڕەسکینە، لە پشت یەکچەرخەیەکەوە پێشڕەویی قەرەباڵغییەکی گەنجانی ئینگلیساکسۆنیی کردووە بەرەو خاکی بەڵێندراوی کۆمەڵەی ئاینده». تیلنیشانەکە بەوەیە کە ڕەسکین لە بری وەرزشی بێسوودی وەک ڕاکردن و بەلەمەوانی و ئەمانە، قوتابییەکانی ناردووە بۆ دروستکردنی ڕێوبان بۆ ئەوەی پەرە بە شارەکە بدەن و بڕێک کرێکاریی بەرهەمدارییان فێر بکات. **~گ.س.**

[718] **هەنگاوی وێزئاسا**: وێز لە ئاژەڵنامەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بە جۆرێک پەسن کراوە کە جوانترینی هەموو ئاژەڵە چوارپێکانە. دەوترێت گوایە ناوەکەی {ناوە ئینگلییەکەی: *pard*} لە پان-ی گریکییەوە هاتووە، واتە هەموو، وەک کەوا درێژە ڕەنگاوڕەنگەکەی یوسف (پەیدابوون ٣٧: ٣). «وێز وا خۆی ڕاهێناوە خواردنی جۆراوجۆر بخوات و شیرینترین گیا بخوات»؛ دوای ئەوەی دەخوات سێ ڕۆژ دەنوێت و بە نەڕەیەکەوە ڕادەبێت (بۆیە بە شێوەیەکی هێمایی: مەسیحە). سرووشتی میانڕەو و باشە، هەمووئاژەڵەکان خۆشیان دەوێت جگە لە ئەژدیها (بۆنی دەمی ناخۆشە، بە پێچەوانەی وێزەوە). لە ئەڵقەی پازدەیەمیشدا ڕۆیشتنەکەی بلووم وەک «بە هەنگاوی خێرای وەک هی وێزەوە» پەسن کراوە. **~گ.س.**

[719] **چوقڵەکانی دەرگازرێکەوە**: **دەرگازرێ**: بە ئینگلی *portcullis*، دەرگایەکی تەیمانکراوی پۆڵایە و لە تۆڕی ئاسن دەچێت، وەک دەرگا یان پارێزەری دەرگا بە کار دەهێنرێت، بە تایبەتی لە کۆشکە کۆنەکانی ئەوروپادا. لە دامێنەکەیەوە چوقڵەی هەیە، بۆ ئەوەی لە کاتی هێرشدا بەسەر سەری دوژمناندا دابدرێتەوە و بیانکوژێت. وشەکە لێکدراوی خۆمە. **~ن.م.**

دەرگایەکی ئاسنی تۆڕییە لە سەرەتای شەقامی کیلدێر کە دەچێتە سەر پەڕتووکخانەی نیشتمانی. **~گ.س.**

[720] **هەوای... لێ نییە**: کە دەنکن و دەربارەکانی لە قەڵاکەی مەکبێث نزیک دەبنەوە، بە جوانییەکەیدا هەڵدەدەن، بانکۆ دەڵێت:

ئەم میوانەی هاوین، ئەم پەڕەسێلکەی پەرستگاگەڕە
بە ئەوینی قوڕکارییەکەی پیشانی دەدات
کە بۆنی هەناسەی ئاسمانەکان لێرەدا سازکەرانەیە.
هیچ کون و دەرپۆقیوییەک و
بەرهەڵێخێک و قوژبنێکی چاودێریکردنی ئەم قەڵایە نییە کە ئەم باڵندەیە
نەیکردبێت بە هێلانە و لانکەی هێلکەکانی،
تا تیایدا زاووزێ بکەن و بیکات بە مۆڵگەی خۆی.
هەوایەکی فێنکە.

(مەکبێث ١: ٦، ٣-١٠). هەستەکانی بانکۆ پێشبینییەکی کوشندەی هەڵەن لە بارەی دۆخی نێو قەڵاکەوە. *باڵندەی لێ نییە*: واتە ئەمڕۆ پێشزانیی تێدا ناکرێت، وەک لە پاری پێنجەمی *وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا* پێشزانییەکە مژدەبەخش نەبوو. **~گ.س.**

721 **لە جەنگ بوەستە:** بڕوانە هۆنراوەی «جا ئەو قاچانەی سەردەمی دێرین»ی ویلیەم بلەیک کە بۆ پێشەکیی *مێڵتن*ی نووسیوە: «لە جەنگی زەینی ناوەستم، شیرەکەشم لە دەستمدا نانوێت: تا ئۆرشەلیم بونیاد نەنێین، خاکی خۆش و سەوزی ئینگلتەرا».
لە *ئۆدیسە*دا کیرکی ئامۆژگاریی ئۆدیسێفس دەکات و دەڵێت کە بە نێو سکیلا و کاریڤدیسدا تێپەڕ دەبیت «لە کۆشش بوەستە». ئۆدیسێفس دەپرسێت چۆن لەگەڵ سکیلادا بجەنگێت و کیرکیش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: «ئەرێ دەبێت هەمیشە جەنگ لە نێو دڵتدا بێت؟... ئەی کۆنەنەیار، ئایا بۆ خودا نەمرەکانیش خۆت نادەیت بە دەستەوە؟ ئەو مۆتەکەیە نامرێت، کە خۆی نەگریسیی تاتاییە... هیچ هێزێک ناتوانێت لەگەڵی بجەنگێت» (ئۆدیسە ١٢: ١١٦-١٢١ {لەوەی فیتزجێرەڵدەوە وەرمگێڕاوە}). **~گ.س.**

722 **ئاشتیی... سیمبێلین:** لە دوایین دیمەنی *سیمبێلین*دا پێشزانەکە (فیلارمۆنوس) پێشگۆییەک دەخوێنێتەوە: «کە بەچکەشێرێک، کە خۆی ناناسێت، بێ ئەوەی بگەڕێت پارچەیەک هەوای نەرمی دۆزییەوە و باوەشی پێدا کرد، هەروەها کە لق لە کوناری شکۆمەند داپاچرا و پاش ساڵانێک مردن ژیایەوە و نووسایەوە بە درەختە کۆنەکەوە و سەرلەنوێ گەشایەوە، ئەو کاتە کۆتایی بە چەرمەسەرییەکانی پۆستهوموس دێت، بەریتانیا بەختەوەر دەبێت و بە ئاشتی و تەبایی خۆشگوزەران دەبێت» (سیمبێلین ٥: ٥، ٤٣٥-٤٤٢). پاشان پێشزانەکە ئاشکرای دەکات کە لیۆناتوس «بەچکەشێرەکە»یە، ئیمۆجین

«پارچە هەوا نەرمەکەیە»، سیمبێلینیش درەختی کونارەکەیە؛ ئاوهاش پێشگۆیی ئاشتییەکە دێتە دی. **~گ.س.**

**کونار**: یان **کوناری لوبنانی**: بە ئینگلی *Lebanonian cedar*، درەختێکە لە ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست و هیمالایا دەڕوێت، لە ٣٠ تا ٤٠ مەتر بەرز دەبێتەوە، دارێکی تیژ و جەویداری بۆنداری هەیە و لقی گەڵای درێژی هەیە. هەندێک جار بە ناوە بێگانەکانی (سدەر، سیدار، ئەرز، ئورز) ناوی دەهێنرێت، بەڵام من ناوەکەم لە *فەرهەنگی فارسی-کوردیی* زانکۆی کوردستانەوە هێناوە کە بەرانبەر *سدری* فارسی دایانناوە. لە *گلگامێش*یشدا ناوی براوە و وێنەی کێشراوە بەوەی کە لە شاخی لوبنان هەیە. ئێستاش هێمای نەتەوەیی لوبنانە. **~ن.م.**

[723] **ستایشی خواکان... پیرۆزەکانی ئێمەوە**: دوایین دێڕەکانی *سیمبێلین*ە (بڕوانە ٧: ٣٨٧). **~گ.س.**